**ابن الوقت:** ماساو کەر، خۆفرۆش، جاش، کەسێ لە هەرلایەکەوە با بێت شەن بکات
**ابن ذكاء:** بەرەبەیان، بەیانی، سپێدە، ئەودەمەی خۆر تازە هەڵدێت
**ابن عم:** ئامۆزا، کوڕە مام، کچەمام
**ابنه:** کچ، مێینە، کیژ، منالی مێینە
**ابنيه:** خانوبەرە، ماڵ، دەرگا
**ابو:** باوك، باوکە، گەورەی ماڵ
**ابواب:** دەرگاکان، دەرگاگان
**ابوالارواح:** جیوە، زیندو، زیوە، بەزمانی کیمیا ناسەکان
**ابو الهول:** ترس هێنەر، ترسێنەر، زات بەر، هەیکەلێك لای مصرییە کۆنەکان کە سەری شێوەی مرۆڤە و جەستەی شێرە و لەبەر ترسناکی وای پێدەڵێن
**ابواليقظان:** کەڵەشێر، کەڵەباب، قالەك، دیقل، کەلەکوول
**ابوحباحب:** کرمی هاوریشم، کەکڵی، هاڵیە، هاریە
**ابوحديج:** لەقلەق، حاجی لەقلەق
**ابوقلمون:** بۆقلە، قەلەمون، بۆقەلەموون،
**ابه:** خێوەت، چادری سپی‌تاووك، بارەگا
**ابهام:** ئەسپێ گرژ، قامکە گەورە
**ابهام:** شاراوە، نهێنی، ماناداز، ناموکردن و ئالۆزکردنی قسە
**ابهت:** شکۆ، گەورەی، مەزنی، مەزناهی
**ابهر:** دیارتر، ڕونتر، ئاشکراتر
**ابهي:** جوانتر، درەخشان تر، پرشنگدار، تروسکە دار
**ابي:** حاشاکەر، سەرپێچی کەر، لادەر
**ابيات:** دێڕەکان، بەستەکان، ڕستەکان
**ابيض:** سپی، سفی، چەرموگ
**ابين:** دیارتر، ڕوونتر، ئاشکراتر
**ابيو:** ئاوی، شین، ئاسمانی، بەڕەنگی ئاسمان
**ا پتي ميسم:** خۆش بینی، گەش بینی، بیر و باوەڕی ئەوکەسانەی پێیان وایە هەمو شتێك باشە یان لانی کەم باشە زۆرترە لەخراپە
**ا پرويز:** سەرکەوتوو، بەمراز گەیشتوو، جیر، جیرە
**ا پسان:** هەسان، ئەستان،هەستان، سەوهان، بەردێکە تیغی پێ تیز دەکرێت
**ا پشك:** شەونم، ئاورنگ، شەفنەم، خوناو
**ا پل:** شان شانە، باسك، باڵ، تیرشان

**اپه:** شمشێر، کێرد

**اتا:** باوك، بانه

**اتابەت:** باوەگەورە، بابەگەورە

**اتاق:** ژوور، دیو، وەتاخ، چاو، هۆدە ناو

**اتالیق:** ڕاهێنەر، پارێزگار پاسەوان، لەلە نەنە

**اتـــاق:** ئێستر، هەسپ، وەڵاخێکی چوار پەلی بەرزە دایکی ماینەو باوکی کەرە

**اتاوە:** باج، ڕیشوە، سەرانە، کەرنە

**اتباع:** لایەنگران، ڕێڕەوان، شوێن کەوتوان

**اتباع:** بەدواداچون، پشت گوێ نەخستن

**اتباع:** لایەنگیری کردن، شوێن کەوتن

**اتجاز:** ئاڵوگۆڕ، بازرگانی، سەندن و دان، کڕین و فرۆشتن

**اتحاد:** یەك کەوتن، یەك گرتن، پێکەوەبوون، یەکێتی

**اتحاف:** پێشکەش کردن، دیاری ناردن،

**اتخاذ:** گرتن، وەرگرتن، بەدەست هێنان، چنگ خستن

**اتراب:** هاوتەمەن، هاو ساڵ

**اترار:** زرشك، دارێکی کورتە تێکوڵ و دارەکەی زەردن گوڵیشی زەرد دەنوێنێ هێشوی هەیە میوەی گچکەو سوورە و مزرە بۆ مرەبا و پلاو باشە لەپزیشکیدا بەکاردێت

**اتراق:** پشودان، مانەوە، ئاسودەبوون، وچان، شەکەتی دەرکردن و حەسانەوە

**اتراك:** تورکەکان، تورکان، نەتەوەی تورك

**اتربە:** خاك، زەوی، عەرز، عەرد

**اتساع:** بلاوبوونەوە و کێشران، داکێشرن، پان بوونەوە

**اتساق:** ڕیکی و پێکی، ڕێك کردن و ئامادەکردن، حازرو بزر کردن،

**اتشاج:** پێکەوەلکان، پەیوەندیدار، پەیوەست بەیەکەوە

**اتصال:** چەسپاندن، پێکەوەلکاندن، لکین، چەسپین

**اتعاب:** ئازاردان، رەنجاندن، توش کێشەکردن

**اتعاظ:** ئامۆژگاری وەرگرتن، گوێڕایەڵی

**اتعب:** ماندوکەرتر، پڕکێشەتر، ئازاردەرتر، هیلاك کەر

**اتفاق:** یەکسانی، هاوپەیمانی، هەڤبەری، هاودڵی، ئێکێتی، پرسدان هەڤ

**اتقاء:** خۆپاراستن، دوری گرتن، دورەپەرێز، خۆبەدورگرتن

**اتقان:** بەهێزکردن، جێگیرکردن

**اتقن:** بەهێزتر، جێگیرتر

**اتقي:** پارێزکەران، خۆپارێزان، خاوێنان، دڵپاکان

**اتقیاء:** پارێزکاران، خۆپارێزان

**اتکاء:** پاڵدانەوە، پشت بەستن، پشت سووری، بڕواکردن

**اتکال:** پشت پێ بەستن، باوەرپێکردن، کاری خۆخستنە ئەستۆی کەسانی تر

**اتلاف:** لەناوبردن، بەفیڕۆبردن، کوشتن، وێران کردن

**اتم:** ئەتۆم، بەش، بچوکترین بەشی هەرشتێك کەلەخۆگری تایبەتمەندییەکانی ئەو شتەیە

**اتمام:** تەواوکردن، بڕانەوە، کۆتای پێ هێنان، بڕاندنەوە ئەنجامدان

**اتو:** نووتو، ووتو، ئامرازێکی کارەبایی بەئاور یان کارەبا گەرم دەکرێت جل وبەرگی پێ ئوتودەکەن

**اتوبوس:** نەفەرهەڵگر، جۆرێکە لە ترومبێل تایبەت بەنەفەر کەتواناى هەڵگرتنی ژمارەیەکی زۆرتری هەڵگرتنی هەیە بەبەراورد لەگەڵ ترومبێلە ئاساییەکاندا

**اتوبیوگرافی:** بەسەرهات، ژیان نامە، نوسینی باروودۆخی ژیان، سەرگوزەشتە، سەراووڕد

**اتومات:** خۆکەر، یەکسەرە، کاری خۆیی، دەستکرد

**اوتوماتیك:** بڕوانە اتومات

**اتومبیل:** ترۆمبیل، ئوتول، ئامرازێکی گواستنەوەیە بەڕێگای دەستکردی مرۆڤدا دەڕوات

**اتون:** توون، توونخانە، ئەتوون، توونی گەرماوی هەرچی

**اتهام:** تاوانبارکردن، تانەلێدان، تۆمەتبارکردن، ناونیتکە

**اتیان:** هێنان، هانین، ئاوردەن، ئەنجامدان

**اثاث:** کەلوپەل، شت و مەك، کەرستەکانی ناو ماڵ

**اثاره:** بزواندن، هاندان، دنەدنەدان

**اثافي:** سێکوچکە، سەرناگرە، گووچالە، سێپای سەر ناوری

**اثبات:** باوەرپێکراو، کەسێ بڕوای پێکرابێت

**اثبات:** سەلماندن، دان پیانان، دەرخستن

**اثر:** نیشانە، شوێن پێ، دیاردە، هێما، بەجێماو

**اثراء:** ساماندداربوون، دەوڵەمەندبوون

**اثراب:** لۆمەکردن، بەچاودا دانەوە، سەرکۆنەکردن،کۆڕاننەوە، راوێژکردن

**اثرار:** زرشك

**اثفیه:** سێکوچکە، سێ پایە، گووچالە

**اثقال:** قورس کردن، قورساندن

**اثقال:** گران بایی، بەنرخ، بایێدار

**اثلق:** فلفل، بیبەر، دەلوبیبەر، دەرمانگەرم

**اثم:** گوناح، تاوان

**اثمار:** بەرهەمەکان، میوکان

**اثمار:** بەرهەم هێنان، پێگەیاندن، ڕنیو هێنان، بەروبۆهێنان

**اثمد:** سورمە، سوورمە، کل

**اثمه:** تاوانداران، گوناحکاران، تاوانباران

**اثناء:** لاکان، نێوەنج، نێوڕاست، ناوراست، لەبەین

**اثناء:** وەسفکردن، پیاهەڵدان، پیاهەڵگوتن

**اثناعشر:** دوانزە، دوانزە گری

**اثنان:** دوو، دوان، جووت

**اثوار:** گاکان، گاو، نێرەی مانگایە

**اثیر:** بەرز، هەڵکەوتوو، هەڵبژێردارو، دیار، ناسراو، ناودار

**اثیم:** گوناحکار، تاوانبار

**اج:** کوولەکە، کەدوو، کوولەکی، کونەك، کولنە

**اجابت:** قوبوڵکردن، ڕازی بوون، وەرگرتن، وەلامدانەوە

**اجاج:** سوێر، تاڵ

**اجاده:** کرداری باش، باشەکردن، چاکە

**اجاره:** کری، مز، پێمزك، جەمەکە، کراهە

**اجاره:** ڕزگارکردن، ئازاد کردن

**اجاره بندي:** دیاری کردنی کری، کری دیاری کردن

**اجاره بها:** کری بایی، کری خانوو، کری ماڵ

**اجاره دار:** کرێچی، کەسێ کەلەخانووی کرێدابێت

**اجاره نشین:** کرێچی

**اجاري:** بۆ کرێ، کرێدان، زەوی یان خانوو یان دووکانێك بۆ کرێدان دانرابێت

**اجازه:** ئیزن، دەسەلات، زوان

**اجاق:** (١) کوانوو، کوانگ، کوورە (٢) بنەماڵ، تایفە، ڕەگەز

**اجاق کور:** وەجاخ کوێر، وەجاق کوێر، بێدواندن، دارکۆر، بێدوای، بێ منالّ

**اجانب:** بێگانەکان، بیانییەکان، تاجیك، هافی، کەسێ کەخزمت نەبێت و یان لە نەتەوەی تۆ نەبێت

**اجانه:** تەشت، سوێنەی مەسینە، گەرکە، دەست، تەسە، تەس، تاس

**اجبار:** زۆر، زۆرەملێ، هەڵ نان، ملهوڕی

**اجتباء:** دیاری کردن، هەڵبژێردن، هەڵبژاردن

**اجتثاث:** هەڵکەندن، دەرکێشان، هەڵکێشان، هەڵکەنین

**اجتذاب:** ڕاکێشان، بەرەو لای خۆکێشان

**اجتراء:** نازابوون، بەغیرەت بوون، نەترسان

**اجتلا:** کێشان، ڕاکێشان بەرەو لای خۆت

**اجتماع:** کۆبوونەوە، کۆما، کۆگا، کۆمەڵ بەستن، خڕبوونەوە

**اجتناء:** کۆکردنەوە، میوە کۆکردنەوەڕنینەوە

**اجتناب:** دوری کردن، خۆپاراستن، خۆدزینەوە، دوری لێ کردن، مل نەدان

**اجتهاد:** هەوڵدان، تێکۆشین، خەبات کردن، تەقەلادان، قەپچاندن

**اجتیاز:** تێپەڕین، تێپەڕاندن، ڕۆشتن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر

**اجحاف:** دەس درێژی، زۆر ووتن، تەنگ هەڵچنین، مل هوڕی، زۆر بۆ هێنان

**اجداد:** نەژداد، ئابا ءباوە گەورێکان

**اجدع:** لوت بڕان، کەسێ لوتی بڕابێت، کەپۆبڕاو

**اجذم:** دەست بڕاو، دەست قرتاو، كەسێك دەست یان قامكێكی بڕا بێت و توشی نەخۆشی گولی بوبێت

**اجر:** مز، پێمز، كرێكار، حەقدەست

**اجرام:** هەسارەكان، ئەستێرەكان

**اجرت:** كری، پێمز، مز، حەق دەست، بایيكار

**اجزا:** بەش، لەت، كوت

**اجساد:** لاشە، جەستە، لەش، بەیەن

**اجسام:** ١- لەش، لاشە، جەستە، ئەندامانی لەش، بەیەن.٢- جسم، مادە، ماك، لەناو زانستی فیزیك و كیمیادا جسمەكان لەدوبەش پێكدێن: یەكیان تاك و ئەوی دیكەیان كۆ. جسمی تاك بەو شتە دەڵێن كە نەتوانرێت هیچیتری لێ بەدیبهێنرێت بەپێچەوانەی كۆ كە دەكرێت چەن جسمێكیتری لێ دروست بكرێت

**اجفان:** پلكەكان، پێڵوو، پێڵە، پێڵوەكان

**اجل:** هەل، دەرفەت، دوایین دەرفەت بۆئەنجام دان كارێك، دوایین هەناسە

**اجل:** بەرزتر، لەپێش تر، گەورەتر، مەزنتر

**اجلاء:** ئاوارەبوون، دوركەوتنەوە، دەربەدەری، لەماڵ و وڵەتەن دووركەوتنەوە

**اجلاس:** دانیشتن، كۆبوونەوە، خڕبوونەوە

**اجلاف:** سەرسەرییەكان، تڕۆكان، هیچ و پووچ، دەمەدەمی

**اجلال:** ڕێزدانان، ڕێزلێگرتن، پەرایيكردن، بەگەورەدانان، ڕاژەكردن

**اجلي:** ڕووناكتر، ڕۆشناتر، دیارتر، بەرچاوتر

**اجم:** بێشەلان، دارستان، شەخەڵ، لێڕ، لێڕەوار

**اجماع:** كۆبوونەوە، خڕبوونەوە، كۆگابەستن، كۆمەڵ بوون، بەرهەمبوون

**اجمال:** بەكورتی، كورتی، كۆتا، وتەكورت كردنەوە، لەكورتی

**اجمال:** (كۆی وشتر )، حوشترەكان، وشترەكان

**اجمع:** گشت.، هەمووو، هەموان

**اجمل:** جوانتر، دەلالتر، شۆختر، پەریزادە، نەشمیل، قۆزتر

**اجمه:** دارستان، لێڕەوار، لێڕ

**اجناد:** لەشكرەمان، سوپاكان، كۆی لەشكر

**اجناس:** كەل و پەل، شتومەك، كەرەستە، دەفرودۆن

**اجنب:** بێگانە، نامۆ، بیانی

**اجنبي:** بێگانە، بیانی، نامۆ

**اجنبي پرست:** بێگانە پەرست، بیانی پەرست

**اجنحه:** باڵەكان، لاكان

**اجنه:** كۆرپەلە، مناڵێك لە ناوسك یان لەناو منداڵدانا بێت

**اجواد:** بەزەییدار، دلۆڤان، میهرەبانەكان

**اجواف:** ناخ، ناوسك

**اجوبه:** وەڵامەكان، بەرسیڤەكان، بەرسفەكان، پەرچەكان

**اجود:** بەبەزەیتر، دلۆڤانتر، میهرەبانتر، پیاوتر

**اجور:** ئەم وشەیەكۆنەو بەمانای كۆی (مز، پێمز، حەقدەست... ) دێت

**اجوف:** ناو بۆش، ناو خاڵی، ناو پووچ

**اجهاد:** هەوڵدان، تەقەلادان، تێكۆشین، خەبات كردن

**اجهل:** جیازی، ناماڵ و كەلوپەلێكە لەگەڵ بووك دا دەینێرنە ماڵی زاوا، جیازی بووكان، جیازی وەیوی

**اجیال:** جیل، ڕەگەز، ڕچەڵەك، بنەچە

**اجیر:** بەكرێگیراو، كرێكار، ڕەنجەبەر، سەپان، كەسێك بە پارە گیرابێت بۆ كاركردن

**اچه:** برا گەورە، ئابرا

**احابش:** ڕەش پێستەكان، بەمانای كۆمەڵێك لە ڕەش پێستەكان دێت

**احاسن:** باشەكان، چاكەكان، ڕەندەكان

**احاطه:** دەورانەدور، بەرانپەر، گرداگرد، گردوپەڕ، دەورە، دەوری شتێكدان

**احاله:** پێسپاردن، ڕائەسپاردن، ڤەوێنی لێكرن، كارێك خستنە ئەستۆی یەكێكی تر

**احب:** خۆشەویستر، بەدڵتر، دەلالتر، خۆشەویست

**احباء:** هاوڕێكان، دۆستان، ناسیاوەكان، هاوەڵ، برادەر

**احباب:** بڕوانە احباء

**احبار:** زاناكان، داناكان، تێگەیشتوان، فەرزانەكان، شارەزا

**احباط:** بەتاڵكردنەوە، پوچكردنەوە، بێكەڵك كردن، لەكاریگەری خستن

**احبه:** هاورێكان، دۆستان، برادەران

**احتباس:** بەندكران، قۆڵبەس كران، بەخسیركران

**احتجاب:** داپۆشران، داپۆشیان، تەفزان، سەتمین

**احتجاج:** بەڵگەهێنانەوە، رونكردنەوە

**احتجام:** خوێن سەندن، حەق سەندن، تۆڵەسەندن

**احتراب:** شەڕكردن، جەنگ كردن

**احتراز:** خۆپاراستن، خۆبەدوور گرتن، دووركەوتنەوە لە شتێك یان كارێك

**احتراس:** خۆپاراستن، پارێزگاری كردن لە خۆ

**احتراق:** سووتان، ئاگرتێ بەربوون، گڕگرتن، سوتیان

**احترام:** رێزگرتن، رێزدانان، سوپاس كردن، بەرێزگیری

**احتریز:** خۆپاراستن، دووری كردن

**احتساب:** ژماردن، حەسێب كردن، رژكردن

**احتشاد:** كۆبوونەوە، خڕبوونەوە، بەكۆمەڵ بوون

**احتشام:** (١) شەرم گرتن، شەرمەزاربوون (٢) دەوڵەمەندبوون، ساماندابوون

**احتضار:** (١) ئامادەبوون، حازربوون (٢) دواهەناسە، سەرەمەرگ، سەرەمردوو

**احرار:** رزگار، ئازاد (بەكۆ)

**احراز:** تێگەشتن، پێگەشتن، بەدەست هێنان، چنگ خستن

**احراس:** قەراوڵچیەكان، پاسەوانەكان، كێشكچیەكان

**احراق:** سووتاندن، گرتێبەردان، ئاوردان

**احري:** شیاوتر، شایانتر، گونجاوتر

**احزاب:** حزبەكان، ئەحزاب، پارتەكان، كۆمەڵە سیاسیەكان

**احزان:** پەژارە، خەم، كەسەر، دەرد، ئازار

**احزم:** خەمبارتر، دڵگرانتر، دڵپرتر

**احساس:** هەست كردن، پێزانین، تێگەشتن،

**احسان:** خەیرات، چاكەكردن، باشەكردن، چاكە

**احسن:** باشتر، چاكتر، بەدڵتر

**احسنت:** ئافەرین، دەست خۆش، دەستت نەرزێت، ووشەیەكە لەكاتی كردنی كاری چاكە دەوترێت

**احشام:** مەڕومالات، ئاژەڵەمالییەكان وەك مەڕ و بزن مانگا

**احصاء:** ژماردن، تۆماركردن، سەرژمێری

**احصائیه:** سەرژمێری، سەرژماردن، سەرژمێرە

**احصار:** رێ لێگرتن، تەنگ پێ هەڵچنین، تەنگەتاوكردن، دەورەگرتن

**احضار:** بانگ كردن، بانگهێشت كردن، داوا كردن، ویستن

**احضارنامه:** بڕوانە احضاریه

**احضاریه:** داوا نامە، شكایەت نامە، داواكردن، نامەیەك كەتیایدا كەسێك بۆ لێكۆڵینەوە بۆ دادگا بانگ دەكەن

**احطاب:** چیلكە، چووكڵ، هزرۆك، داری سووتاندن

**احطب:** لاواز، لەر، داڵ گۆشت، راژی، چەكاڵ، بێ تینی، جیقاڵ، لاواهی

**احق:** شیاوتر، شایانتر، گونجاوتر، لەپێشتر

**احقاء:** شیاو، گونجاو، شایان

**احقاد:** رق، كینە، قین، كین،كجگ، پرووشە

**احتفاظ:** پاراستن، پاسەوانی كردن، راگرتن، چاودێری كردن

**احتفال:** كۆبوونەوە، خڕبوونەوە، كۆڕ دروست كردن

**احتقار:** بەكەم زانین، نەژماردن، بچوك كردنەوە

**احتكار:** شاردنەوە، شت و مەك هەڵگرتن، وەشاردن، قەشاردن، پەنام كردن، قەنزین، وون كردنی شتێك

**احتكاك:** خوراندن، هەڵكراندن، شەرمخاندن، كركاندن، ووریاندن، بەنینۆك شوێنێك لەلەش هەڵكراندن كەئاڵۆشی لێ پەیدا بووبێت

**احتلام:** شەیتانی بوون، شەیتان پێكەنین، لەخەودا جووت و رەحمەت بوون، خۆناسین

**احتماء:** خۆپاراستن، دووری كردن، خۆلێ شاردنەوە

**احتمال:** (١) هەڵگرتن، كۆڵكێشان، كۆڵ بردن (٢) ئەگەر، گومان بردن، شك بردن، وا زانین

**احتواء:** لەخۆگرتن، کۆکردنەوە، فێربوون لە هەرلایەك، خڕکردنەوە

**احتياج:** پێویستی، نیاز، دەس کورتی، کەمایەتی

**احتياط:** تێ بینی، دووربینی، پارێز کردن

**احتيال:** گزی کردن، فێڵ کردن، کەڵەك لێدان، درۆ کردن

**احجار:** بەردەکان، کووچك، کووچ، سەنگ

**احجام:** وەستان، وازهێنان، لە جوڵە کەوتن، وازهێنان لە کارێك لەبەر ترس

**احد:** یەك، دانە، تاك، بەرانبەری کۆ

**احد:** خۆشڕەوتر، باڵەبان، چاپوکتر، هەڵمشەتر

**احداث:** دارژاندن، بەدیهێنان، دارێژاندن، چتی تازە وە دیهێنان

**احدب:** کۆم، پشت کۆم، قوڕ، چەماوە، پشت کورتان، چەمیو، کەسێك سکی چووبێت بەناواو پشتی هاتبێتەدەر

**احدوثه:** هەواڵی تازە، خواسی تازە، قسەی گەرم و نوێ

**احذر:** دووربین، دوور ئەندێش، دوور نوار، کەسێك بیری لای داهاتووە

**احقاق:** ڕاست بێژی، ڕاست حوکم دان، داواکردنی حەق، بەدەست هێنانی ماف

**احقر:** بێ بایی، بێ نرخ، بچوکتر

**احكام:** بەهێزکردن، جێگیرکردن

**احكام:** فەرمانەکان، دەستورەکان، ئەمرەکان

**احكم:** زاناتر، عاقڵتر، داناتر، فەرزانتر

**احكومه:** داوەری، هەڵسەنگاندن، خودایەتی، خۆلایەتی، دادپرسی

**احلاف:** سوێندان، قسەمەدان

**احلال:** ئازاد کردن، ڕەوازانین، حەلاڵ کردن

**احلام:** شەیتانی، خەوی شەیتان پێکەنین، گانکردن لە خەودا

**احلي:** شیرنتر

**احليل:** (١) گۆی مەمك، سەرگۆی مەمك کەشیری لێ دێتەدەر (٢) کونی کێر، کونی گمێز کردنی نێرینە

**احماء:** خەزورە، باوکی ژن، خووە زوور

**احماضي:** ترش کردن

**احمال:** بارەکان، کۆڵەکان، کۆڵ

**احمر:** سوور، سۆر، ڕەنگی خوێن

**احمرار:** سوربوونەوە، سوور هەڵگەڕان

**احمض:** ترشتر، مزرتر، مەیخۆشتر

**احمق:** نەفام، نەزان، کەم عەقڵ، گەوج، شێت و وێت، کەر

**احمقانه:** بێ عەقلانە، نەفامانە، کەرانە، گەوجانە، نەزانانە

**احنف:** پێ خوار، قاچ خوار، کەسێك قاچی خواربێت

**احوال:** ئەحواڵ، بارودۆخ، دۆخەکانی ژیانی ڕۆژانە، هاڵ، ئەحواڵ

**احوال پرسی:** چاك و چۆنی، هاڵ و ئەحواڵ پرسی، خۆشی و باشی کردن

**احوج:** هەژارتر، نەدارتر، بەنیاز تر

**احور:** چاوڕەش، چاو گەش، چاو جوان، چاو ئاسك، کەسێك چاوی جوانی هەبێت

**احول:** خێل، خل، چاو لەحەوا، چەپخون، ماکاش، تیل، کۆچەر، خێلەسات، کەسێك چاوی خوار بڕوانی

**احول:** گزیکەر، فێڵزانتر، بەگزی، کەڵەك باز، تەشقەڵەچی

**احياء:** زیندوکردنەوە، ژیاندنەوە، ژیانەوە

**احياء:** هۆز، تیرەکان، تایفەکان

**احيان:** کات و ساتەکان، زەمەندەکان

**احيل:** فێڵباز، بەگزی، تەشقەڵەچی

**اخ:** ئاخ، داخ، حەیف، ووشەیەك لە بێزاریدا دەیڵێن

**اخ:** ئۆخەیش، ئۆخەی، شکور، لەکاتە خۆشیدا دەوترێت

**اخ:** برا، نێرینە لە دایك و باوك، برالە،

**اخاء:** دۆستایەتی، هاوەڵایەتی، هاوڕێیەتی، برادەری کردن

**اخابث:** پیسەکان، گڵاوەکان، ناپاکەکان

**اخادع:** فێڵباز، تەشقەڵەچی

**اخادید:** بڕوانە اخدود

**اخاذ:** باجگیر، ڕەشوەگیر، باجگر، کەسێ بەزۆر شتێك لە خەڵك بسەنێت

**اخافە:** ترساندن، زراوبردن، زراوتۆقاندن، زات بردن

**اخ الزوجە:** ژن برا، برای ژن

**اخامص:** بەری پێ، ژێر پێ، ئەو بەشەی قاچ لە نێوان پەنجەو پاژنە کە لە زەوی نادرێت

**اخبات:** ئاسودەیی، ئارامی ناخ، ئارام گرتنی دڵ، ئۆقرەگرتن

**اخباث:** گلاو، پیس، خراپ، ناپاك

**اخبار:** خەبەر دارکردن، ئاگادارکردن، بەئاگاهێنان، پێ ڕاگەیاندن

**اخبار:** هەواڵ، پرس، خواس، دەنگ و باس

**اخباري:** مێژوونوس، دیرۆك نڤیس، کەسێك کەچیرۆك و بەسەرهاتەکان کۆن دەگێڕێتەوە

**اخبث:** ناپاکتر، گلاوتر، پیستر

**اخبیە:** خێوەت، چادر، ڕەشماڵ

**اخت:** خوشك، خۆچك، خووالە، والە، مێینەك لە دایك وباوکێك بووبێ

**اختاچی:** ئاخوڕدار، تەویلەدار، گونبڕی ئاژەڵەکان

**اختباء:** خۆشاردنەوە، خۆحەشاردان، لەبەر چاوونبوون

**اختتام:** کۆتایی، دوایی، بڕینەوە، کۆتایی هێنان

**اختتان:** خەتەنەکردن، ختێنەکردن، گوون بڕین، پێش چووی کوڕان بڕین

**اختداع:** فێڵ کردن، کلاوسەرکردن، هەڵ خەڵەتاندن

**اختر:** ئەستێرە، هەسارە، هەستارە، چتارە، ئەختەرە، ئاسیرە، ئەو چتە ڕووناکانە کەشەوان بە ئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە

**اختراع:** داهێنان، وەدی هێنان، نۆژەن، بەدی هێنانی شتێکی تازە

**اختراف:** میوەچنین، میوەچنینەوە، میوە تەکاندن

**اختراق:** دڕان، دادڕین، داتلیشان، دەرزین، چڕان، پارچە پارچەبوون

**اخترام:** بڕین، پچڕین، کەرتکردن، بڕهین، قەتاندن، قەزیلاندن، پساندن

**اختربین:** (١) ئەستێرەناس، هەسارەناس (٢) فالگیر، جادوگەر، ڕەمڵچی

**اخترشبگرد:** مانگ، هیڤ، کاون، مۆنگ، هەڤی، مانگی ئاسمان

**اخترشمار:** ئەستێرەناس، ئەستێرە ژمێر، ئەختەر ژمار، هەسارە ژمار

**اخترشمر:** ئەستێرەناس، ئەستێرە ژمێر

**اخترشناس:** ئەستێرە ژمێر، ئەختەرناس، هەسارەناس

**اخترگر:** فالچی، فالگر، ئەستێرەناس

**اخترگرای:** بڕوانە اخترشناس

**اخترمار:** بڕوانە اخترشناس

**اخترمە:** دەسکەوت، دەسکەفتن، قازانج، ئەوە لەشەڕدا دوژمن بگرێت

**اختزال:** (١) تەنیابوون، تاقانەبوون،(٢) بڕین، لێکردنەوە، قرتاندن، لەت کردن، پارچە لە شتێك کردنەوە

**اختصار:** کورت بڕی، کورت کردنەوە، کوڵ و کۆتا، بەکورتی، لەکورتی

**اختصاص:** تایبەت، تایوەتی، بەتایبەتی، تایەبەتی

**اختصام:** دوژمنایەتی، ناحەزی، نەیارێتی، دوژمناتی

**اختطاب:** (١) وتارخوێندنەوە، گوتارخوێندنەو، (٢) خوازبێنی کردن، خوازگێنی کردن، داواکردنی کچی خەڵك بۆکوڕی خۆت

**اختطاف:** دزین، ئەبابۆزی کردن، دزین بەخێرایی

**اختفاء:** خۆشاردنەوە، خۆحەشاردن، خۆدزینەوە، فیکەکونی

**اختفاض:** هاتنە خوار، دابەزین، نزم بوونەوە، شۆڕبوونەوە

**اختلاب:** خەڵتاندن، کلاوسەرکردن، هەڵخەڵتاندنی کەسێك بەزمانی چەوری

**اختلاج:** (١) هەڵکێشان، دەرهانین، (٢) لەرزین، پەڕین

**اختلاس:** دزین، دزی، ئەبابوزی، لە ماڵی دەوڵەت دزی کردن

**اختلاط:** تێکەڵاو بوون، پاڵۆش، ئاوێتە، تێکەڵ بوون، هەڵچکاندن

**اختلاف:** کێشە، مشت ومڕ، کێشمەکێش، گەڕ، گێچەڵ

**اختلال:** تێکچون، شێواوی، تووچیان، شپرزەیی، پەرێشانی

**اختناق:** تاساندن، خنکاندن، کپ کردن، پشوو، هەناسە برین، فەوتاندن

**اختە:** خەساو، خەسیاگ، خەسیاو، خەساندی

**اختە بگ:** خەساس، خەسەك، پێکوڵ، ئەو کەسەیە ولاخان دەخەسێنێ

**اختە چی:** بڕوانە اختەبیگ

**اختیار:** هەڵبژاردن، دەسەڵات، دیاری کردن، ووژاندن، لێژماردن

**اختیارات:** دەسەڵاتەکان، توانایيەکان

**اختیار دادن:** دەسەڵات پێدان، ئازاد کردنی کەسێك لە ئەنجامدانی کارێکا

**اختیار داشتن:** دەس ڕۆشتن، دەسەڵات داربوون، ئازادبوون لە ئەنجامدانی کارێك

**اختیارکردن:** هەڵبژاردن، دیاریکردن، بژاردن، هەڵبژانن

**اختیال:** نازکردن، لارولەنج، خاوخاو ڕۆشتن بەحیشوەو خۆبەزل زانین

**اخشم:** لوت پان، کەپۆپان، کەسێك لوتی پان بێت

**اخدر:** شەوەزەنگ، تاریکە شەو، تاریکە شەوی ئەنگوستە چاو

**اخدود:** کەلێن، قڵش، مکۆ، قەڵەنت، کەلەبەر، جێگای بەلاو

**اخدع:** فێڵبازی، بەنازتر

**اخذ:** گرتن، ساندن، وەرگرتن، فێربوون

**اخراب:** وێران کردن، لەناو بردن، کاولکردن، داڕماندن

**اخراب:** بچوك، دەلاقەیەکی بچوك یان گەورە لە جتێك

**اخرات:** کونی دەرزی، گونی سوژن

**اخراج:** دەرکردن، وەدەرنان، تۆراندن، دورخستنەوە، پاسدان، فەوراندن

**اخرب:** وێرانتر، کاول تر

**اخرب:** گوێ قڵشاو، گوێ کون، گوێ بڕاو، پیاوێك گوێیان کون یان بڕیبێت

**اخرس:** لاڵ، بێ زمان، زمان بەستراو، کەسێك نەتوانێت قسەبکات

**اخرم:** لوت بڕاو، کەپۆ بڕاو، کەسێك لوتیان بڕیبێت

**اخروش:** خرۆش، جۆش، هەراوهویا، خورۆش

**اخروشیدن:** خرۆشان، خردوشان، ووروژاندن، هووروژاندن

**اخروي:** ئەودنیا، ڕۆژی سڵە، پەسلاَن، ئەوەی پەیوەندی بە دنیاوە هەبێت

**اخري:** ئەوی تر، ئەوی دی، ئیکە

**اخریان:** کالاَ، قوماش، شت ومەك

**اخزر:** چاوبچوك، چاو چکولە، چاو کونە دەرزی، کەسێك چاوی چکولە بێت

**اخزل:** پشت شکاو، کەسێك پشتی شکابێت

**اخس:** پەست تر، چاوچنۆکتر، بەتەماح، ڕژد

**اخسر:** زیان دەر، زیان هێن، ماڵ وێرانکەر

**اخسمە:** ئابجۆ، ئاوی جۆ، بیرە

**اخش:** بایی، نرخ، پلە. شوێن، ڕێز، پێگە

**اخشب:** تورە، توند، تیژ، کرژ

**اخشن:** تورە، توندوتیژ، کرژ

**اخص:** تایبەت، تایبەتی، لەپێش

**اخصاء:** خەساندن، خەسانن، دەرهێنانی هێلکە گونی پیاو

**اخضر:** سەوز، کەسك، سەبز، ڕەنگێکە

**اخضرار:** سەوزبوون، مەبەست لە سەوزبوونی گیایە، شین بوون

**اخضع:** سەرکز، خۆبەکەم زان، دڵنەرم، سەرچەماندن، خۆ کەم گر

**اخطاء:** هەڵەکردن، چەلەکردن

**اخطار:** ڕاگەیاندن، پێ ووتن، هەواڵدان، بیرەوەر کردن

**اخطب:** وتاربێژ، وتاردەر، کەسێك لە وتار خوێندنـەوەدا لێهاتووبێت

**اخطبوت:** هەشت پێ، جۆرە ئاژەڵێکی بـەهێزی دەریـایی مەترسیدارە

**اخطل:** گوێ درێژ، کەم فام، نەزان، زۆربلە، زۆربێژ

**اخطم:** (١) لوت درێژ، کەپۆباریك (٢) رەش، سیا

**اخف:** کەم کێش،، سوکتر

**اخفـاء:** شـاردنەوە، حەشـاردان، لـە بەرچـاو وونکـردن، فەشاردن

**اخفـار:** بـەڵێن شـکان، پـەیمان شـکان، زوڵـم کـردن لەکەسێك، گفت شکاندن

**اخفـاف:** سـووك بـوون، قورسـای نـەمان، هـەرەزبوون، لەبەرچاو کەوتن

**اخفش:** کـەم سـو، چاوکز، چـاو کـول، چـەم کـز، کەسـێ بەجوانی نەتوانێت ببینێت

**اخفض:** سووکتر، کوم کێش، هـەرزەیی، بـەدناوی، حیـزە بەخۆی

**اخکوچـه:** دوگمـه، قۆپـچە، پـشگۆك، پرزانـك، لەپکـە، قۆلۆقچی

**اخکـوك:** کـاڵ، نەگـەیوو، نەگەشـتوو، تـازەی، تـەهلك، میوەیەك هێشتا نەگەشتبێت

**اخگر:** سکڵ، پشکۆ، سکڵی ئاور

**اخگرستان:** کوانو، ئاتەشدان

**اخگل:** دەسك، گورز، قوڵچە چەپکەن، دەسـە، بەرچـەق، دەسکی گوڵ و گژوگیای تر

**اخگوژنە:** بروانە اخگوچە

**اخلاو:** خەڵوەت کێشان، خەڵوەکێشان، شانشینی، لابیان

**اخلاء:** بێوە، بیـوە، رەبـەن، بێـوە پیـاو، بێـوە ژن، بێـوە مێرد، پیاو یان ژن کە ژن یا مێردی نەمابێت

**اخلاء:** هاورێ، دۆست، یار

**اخلاص:** (١) پاکی، دڵپاکی، یەك دڵی، دڵساف (٢) تایبـەت کردن بە

**اخلاص کیش:** دڵپاك، نیەت پاك

**اخلاط:** تێکەڵ وپێکەڵ، گێرەوفێرە، جتی بەیەکاچـووی نارێك و نالەبار

**اخـلاف:** جێگـر، جێنـشین، بنـەدار، بنـدار، شـوێن گـر، وێرت

**اخلاف:** بەڵێن شکاندن، درۆکردن

**اخلاق:** خووخدە، رەوشت، شێوەی رەفتار، ئەخلاق

**اخلال:** چوکڵەشـکێنی، فیتنـەی، ئـاژاوە گێـری، دوزمـانی کردن

**اخلالگر:** گێرەشێوێن، ئاژاوە چی، دوزمان

**اخلص:** پاك، بێگەرد، بێ ریا

**اخلـف:** چـەپە، چـەپ دەسـت، کەسـێك بەدەسـتی چـەپ کاردەکات

**اخم:** گـرژی، مـۆن کـردن، ناوچـاوتاڵ کـردن، رەزا گـران کردن، ترشان

**اخم الود:** تـورە، گـرژ، مـۆن، نـاو چـاو تـاڵ، کەسـێك لـە تورەیدا چرچی ناوچاوانی کۆبێتەوە

**اخـم رو:** ناوچـاوتاڵ، گـرژ، مـۆن، روگـرژ، تـوش، دوومێرەکی

**اخمص:** بـەری پێ، لـەپی پێ، ئەوشـوێنەی قـاچ کـە لـە ئەرز نادرێت

**اخمـو:** مرومۆمـۆچ، مـزمۆر، رچـوگرژ، رەزاتـاڵ، ئێـسك قورس

**اخـم و تخـم:** گـرژو تـورەیی، مـج و مـۆری، مرومـۆچ، روگرژی

**اخوات:** خوشکەکان

**اخوال:** خاڵەکان، براکانی دایك

**اخوان:** (١) دووبرا، دووبرالە (٢) براکان

**اخوانیات:** نامەدۆستانەکان، ئەو نامانەی لە نێوان دوو برادەری خۆشەویستدا ئاڵو گۆر دەکرێت

**اخون:** برادەری، دۆستایەتی، هاورێیەتی

**اخـوص:** چـاو قـووڵ، چـاو چـاڵ، کەسـێك چـاوی لـە قوڵیدابێت

**اخوف:** ترس هێنەر، ترسێن ترسناك،

اخوق: (١) بلاّو، بەرین، دەرەن دەشت، پان و بەرین (٢)یەك چاو، تەك چاو، كەسێك چاوێكی هەبێت
اخونه: سفرە، خوان، تەبەق، تەشپی، مێزێكی درێژكە نانی لەسەر دەرخورێت
اخیار: باشەكان، چاكەكان، پیاو ماقوولاّن
اخیاط: رشتەكان، بەندە، رستەك، زنجیرە
اخیر: دوایین، ئاخرین، دوماهی
اخیل: خالّدار، نیشانەدار، دلّبەر، بنكدار، كەسێك بەیەنی خالّی پێوەبێت
اخیل: لەخۆرازی، خۆبەزل زان
ادا: نازە، لەنجەولار، حیشوە
اداد: بەجێ هێنان، ئەنجامدان، پێ هەستان، دانەوە
ادات: ئامێر، كەرەسە، ئامراز
ادارە: (١) سوراندن، خولاندنەوە، زڤراندن، خول پێدانی جت بەدەوری خۆیدا (٢) ئیدارە، دامەزراوە، دەزگا، دایرە، ئەو شوێنەی كاری حوكمی تیا دەكرێت
اداك: دوورگە، ژێراف، لەن، گراوە، نافرۆ، بەپارچە زەوی یان وولاتێك دەلّێن چوار دەوری ئاوبێت
ادام: خۆرشت، پێخووران، یەخنی، پێخورە، جۆرە چێشتێكی شل و ئیترە، شلە
ادامە: بەردەوام بوون، درێژە پێدان، لەسەر رۆشتن، درێژ كردنەوە، لێ نەبرینەوە
ادانی: (١) خزم، كەس و كار، خوێش (٢) سەرسەری، ترۆكان، هیچ و پوچەكان
اداوە: مەسینە، ئافتاوە
ادب: ژیری، فام، زانین، ماقولی، مەعریفە، زانست و فەرهەنگ
ادبار: ترشی، بەخت رەش، نەگبەتی، چارە رەش
ادب اموز: (١)مامۆستا، راهێنەرفێركار، هیرموان، (٢) خوێندكار، فێرخواز، زانست خواز
ادب پرور: ئەدیب دۆست، ئەدەب دۆست، هونەر دۆست
ادب پرورده: فێركراو، راهێنراو
ادبخانە: (١)خوێندنگە، فێرگە، شوێنێ جتی تیا فێربیت (٢)مستەراو، سەرپێشاو
ادب دادن: پەروەردەكردن، راهێنان، بەخێوكراو، بەناو هاووریاگ، راهانین، پەرمنگانەوە
ادبستان: خوێندنگە، فێرگە
ادب سنج: راهێنەر، فێركەر، مامۆستا، رامكار
ادب سنج: مامۆستا، مامۆسا، فێركار
ادب كده: خوێندنگە، ڤوتابخانە، فێرگە، مەكۆی فێربوون
ادب كردن: رام كردن، هۆگر كردن، سزادان
ادبیر: چارە رەش، بەدبەختی، خاكەساری، شەلشی
ادخار: پاشەكەوت كردن، كۆكردنەوە، هەلّگرتن
ادخال: تێكردن، كردنەناو، برۆنە ناو، تێكران
ادرار: میز، پێشاو، گمیز، مێز
ادرار: موچەخۆر، جیرە خۆر، مزدەوەر
ادراك: تێگەشتن، حالّی بوون، هەست پێكردن، فێربوون
ادرد: بێددان، دیان نەماو، ددانت نەماو، كەسێك دانی لە دەما نەمابێت
ادرك: هەلّوژە، هەلّووچە
ادرم: زین، مارەكە، جتێكە ڤایش و تەختە لە پشتی وولاّخی بەرزە دەكرێت
ادرم: (١)بەرابەر، هاوسان، هاوتا (٢) بێدیان، دیان نەماو
ادعاء: داوا، شكات، تۆماركردنی سكالاّ لەسەر كەسێك (٢) خۆهەلّكێشان، دەمار، راگەیاندن
ادعانامە: داوانامە، شكات نامە، سكالاّنامە
ادغام: تێكەلّ كردن كەرچلاّندن، جەمجقاندن، ئاوێتەكردنی چەند جتێك پێكەوە
ادغر: كلاّو رۆژنە، رۆچن كولانە، كونەباجە، رۆژەن، رۆژین، كولەنگ
ادغم: منگن، بەمنگەمنگ، منجر، خمخم، گن
ادفر: گەنیو، ئاوتێزاو، بۆگەن
ادق: دوورتر، دوور ئەندیشتر، باریكتر، ناسكتر
ادكن: رەش باو، تەلّخ، تار، هەرشتێك رەنگی لە رەشییەوە نزیك بێت
ادلاء: رێنشاندەر، رێ نوێن، رێنوێنكەر

**ادلال:** (١)نازكردن، نازونوز، لەنجەولار (٢) ئازایەتی، زاتداری، بەجەرگی

**ادله:** بەڵگە، رابەر، نیشانە، دەستاوێژ

**ادماج:** پێچانەوە، تاپان، لوولدان، قەدكردن، كردنە بوخچە

**ادمان:** بەردەوامی، درێژەپێدان، بەردەوام بوون

**ادن:** كوڕ، چەماوە، چەمیو، پشت كوڕ

**ادناء:** نزیك بوونەو، لێ هاتنە پێش

**ادناء چاو چنۆك**، بەرچاوتەنگ، ڕژد

**ادناس:** چڵكن، قرێژاوی، بسپكێر، چەپەڵ، چەكی، ناشوور

**ادنیاء:** لاواز، سەرشۆر، تێك شكاو، ژاكاو

**ادوات:** ئامێر، ئامراز، كەرەستە

**ادوار:** سوڕانەوە، سەدەكان، سوڕانەوەكانی فەلەك

**ادویه:** دەرمان، دەرمانی گەرم، ئسیوەت

**ادهال:** ڕیاكاری، گزی كردن، كەڵەك لێدان

**ادهم:** ڕەش، ڕەشباو، سیا

**ادیال:** بەتانی، پەتو، بەتانیە

**ادیان:** دین، ڕەسمەكان، ئاینەكان، ئەدیان

**ادیب:** زانا، درێژەدان، هەڵبەستن، قسە زان، وێژەر، هونەر، شاعیر

**ادیبانه:** شاعیرانە، وێژەییانە، وەك وێژە وانەكان

**ادیم:** چەرم، گووێن، پێست، سەختیان، پێستی خاراو، پێستی خۆشكراو

**اذابه:** تواندنەوە، تافاندنەوە، تاوپاندنەوە، خێوراندنەوە، ماشاندن، بفەشاندن

**اذات:** ڕەنجاندن، ئازاردان

**اذاعه:** ئاشكراكردن، دەرخستن، دركاندن، ئاشكراكردنی نهێنی

**اذاقه:** چەشتن، تام كردن، چێشن، تام كردنی شتێك بە كەسێك

**اذاله:** بچوك كردن، ڕام كردن، دەستەمۆ كردن، قورسای نەهێشتن

**اذان:** (١)ڕاگەیاندن، ئاگادار كردن، (٢)بانگ، پێش نوێژ لەمزگەوتەكانەو دەوترێت

**اذخار:** پاشەكەوت، پاشەكەفت، وەرام، نەكەپوز، نیاتە، نووتە، پەسەناز

**اذعان:** دان پیانان، لە ئەستۆگرتن، دەربڕین

**اذكار:** زیكر، پاڕانەوە، دۆعا، وێرد

**اذكار:** فێركردن، بیرخستنەوە، بیرهێنانەوە

**اذكي:** زیرەك، زانا، لێهاتوو

**اذكیاء:** زیرەكەكان، زاناكان، بەهۆشەكان

**اذل:** زەلیل، سووك، بێ قورسای، بێ نرخ

**اذلال:** زەلیل كردن، داماو كردن، قورسای نەهێشتن، سووك كردن

**اذمه:** ماف، حەق، پێگە، ڕێز، شوێن

**اذن:** (١)ڕێگەدان، مەیداندان، ڕێگاكردن، شەلەگەدان (٢)دەستور، فەرمان، خوڵك

**اذن:** گوێ، گوێچكە، گۆ

**اذناب:** (١)كلك، دوم، دو، دوچكە، دولك، قلیچكە، قلیچەك (٢)ماستاوچی، زمان لووس، كلكەسوتە

**اذناب:** گوناح كردن، تاوان كردن

**اذهاب:** بردن، دورخستنەوە

**اذهاب:** ئاڵتون، تەلا، زێڕ

**اذي:** ئازار، دەرد، ڕەنج، كەسەر، مەینەتی

**اذي:** موزی، ملۆزم، ئازاردەر، بە كەسێك دەوترێت ئازاری كەسانی تر بدات

**اذیال:** داوێن، دامان، دامێن، دانگە

**اذیت:** جەزرەبە، ئازار، دەرد، جەرمەسەری، ناڕەحەتی

**ار:** ئەگەر، ئەر

**ار:** مشار، باگۆزە، بڕهەك، بڕهۆی، منشار

**ارائك:** تەختی شایی

**ارائه:** نیشاندان، پیشاندان، نواندن

**ارابه:** گالیسكە، عەرەبانە، فایتون، پایتونە

**ارابه ران:** عەرەبانەچی، گالیسكە چی

**اراجیف:** قۆڕیات، قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت

**ارادت:** بەڕێزگیری، لایەنگیری، كوڕنوش

**اراده:** ئیراده، خواست، ویستن، داواکردن

**اراذل:** پەست، هیچ و پوچ، بێ قورسای، سووك، ڕووت، سەرسەری

**اراضي:** زەوی و زار، کێڵگە، کانگەر، دەشت و دەر

**اراقت:** ڕژاندن، ڕشتن، ڕشتنی ناو یان هەرشتێکی تراو

**ارامل:** بێوەژنەکان، بێوە پیاوەکان

**ارانب:** ئەم ووشیە کۆیەو بەمانای کەروێشکەکان، کەڕۆشك، هەورۆشە

**ارب:** نیاز، پێویست، مەبەست

**ارباب:** خاوەن، خاوەند، خێو، ماڵخۆ، ئەرباب، خوداندار

**اربع:** چوار، چهار، چار، چوار ژنە

**اربعين:** چلە، چلەمین، چلهەمین

**اربك:** ڕەشباو، سیا، ڕەش

**اربو:** هەرمێ، هەرمۆ، کرۆستك، مرۆی، کارچك

**اربون:** پێشەکی، پێشین، دەسپێشین، ووتن یان کردن یان دانی پارە لە پێش کاتی خۆیدا

**ارتاق:** بازرگان، مامڵەچی، سەوداگەر، بنەکدار

**ارتباط:** پەیوەنی، ئاشنایی، سەروکار، بەندیواری

**ارتجاء:** هیوادار، بەئومێد، ئارەزومەند، مەهدەرفان، دڵگەرم

**ارتجاج:** لەرزین، جەمیین، جوڵان

**ارتجاع:** گەڕانەوە، وادانەوە، بادانەوە، پەشیمان بوونەو

**ارتجال:** هەڵیت و پڵیت، لە خۆوە قسەکردن، بێ بیرکردنەوە ئاخافتن

**ارتجك:** هەورەتریشقە، هەورە بروسکە، تەش بریق

**ارتحال:** کۆچکردن، گیاندان، گیان ئەسپاردن، بڕانەو، مردن

**ارتداد:** گەڕانەوە، بادانەوە، پەشیمان بوونەوە لە دین، لادان، بێدین، هەڵگەڕانەوە

**ارتداع:** وەستان، کپ بوون، گەڕانەوە، لەجووڵەکەوتن، وازهێنان لەکارێك

**ارتسام:** لایەنگیری، پەیڕەوی کردن، فەرمان بردن

**ارتش:** سوپا، لەشکر، هێز، ئەرتەش، قۆشەن

**ارتشاء:** بەرتیل، ڕەشوە، ڕشفەت، وەڵیفەت، ژێرزووان، زوان گوشادانە

**ارتشاف:** مژین، مژیای، مژتن، مێتن، مێژەکردن

**ارتصاء:** چاوەڕێ، چاوەڕوان، چاوەنواڕ، چاو لە ڕێگا

**ارتضاء:** خۆشحاڵ بوون، بزە کەوتنە سەر لێو، دڵشاد، کەیف خۆش

**ارتضاع:** شیرخواردن، شیر مژین، مژتن، مژینی مەمکی دایك بۆ خواردنی شیرەکە

**ارتعاب:** ترسان، تۆقان، زراو چوون

**ارتعاد:** ئارام لێ بڕان، لەرزین، نیگەران بوون

**ارتعاش:** لەرزین، لەرزان، ڕاچڵەکان، هەژان، داچڵەکان، ڕاچەنین

**ارتفاع:** بەرزی، بەرزایی، سەرکەوتن، بڵندایی

**ارتفاع سنج:** بەرزی پێو، ئەو ئامێرەی ڕادەی بەرزی دیاری دەکات

**ارتفاق:** (١)شان دادان، کەوتنە سەرلا، پشت بەستن بەنەنیشك (٢)هاوڕێیەتی، دۆستایەتی، سازان

**ارتقاء:** سەرکەوتن، بەرزبوونەوە، پلەی سەر

**ارتقاب:** چاودێری کردن، چافنێری ژێرمفانی، ئاگاداری

**ارتکاب:** دەسپێکردن، پێوەبوون، توشبون، تاوان کردن، سووچکردن

**ارتکاز:** پشت پێ بەستن، پشت ئەستوری، پشت قایم، جێگیر

**ارتماس:** مەلەکردن، مۆبایکردن، چوونە ژێرئاو

**ارتنگ:** ئەرتەنگ، ئەرژەنگ، ناوی کتێبەکەی مانیە کە پڕ لەنەخش و نیگار بوە و بەهۆیەوە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد

**ارتهان:** گرێوکردن، لەگرێودانان

**ارتياب:** گومان، دوو دڵی، کەوتنە شك، دوردۆنگی

**ارتياح:** ئاسودەبوون، ئۆقرەگرتن، ئۆخژنگرتن

**ارتياش:** چاکبوونەوەباشتر بوون، بەدەست هێنانەوەی تەندروستی

**ارتياض:** خەلوەکێشان، خەڵوەت کێشان

**ارث:** میرات، سەربەش، پاشماك

**ارج:** پلەو پایە، بایی، ڕێز، شوێن، پێگە، قورسایی

**ارج:** (١)هاندان، بزواندن (٢)بۆن خۆش، ئەوەی بۆنی خۆشی هەبێت

**ارجاد:** (١)پشت گوێ خستن، بەدواداخستن، درەنگ کردن (٢)ناوچە

**ارجاع:** گەڕانەوە، ناردنەوە، گێڕانەوە، زڤراندن

**ارجاف:** فشەکردن، هەڵیت و پڵیت ووتن، درۆکردن، کێشەنانەوە

**ارجح:** لەپێشتر، باشتر، بەرزتر، چاکتر

**ارجل:** (١)قاچ گەورە، پێ زل (٢)هەنگاو، شەقاو، شاقاو، لۆق، ئەنگاو

**ارجمند:** پایە بەرز، بەڕێز، خۆشەویست، حورمەتدار، ڕێزدار

**ارچە:** ئەگەر چی، هەرچەندە، هەرچەن، گەرچی

**ارچین:** پلە، پایە، پاپلقە، جێگای پێ، نێردیوان و پلەکان

**ارحام:** خزمایەتی، خزمان، تێکەڵاوی، خنامی، لێزمی، نزیکی و کەسایەتی یەکێك لەگەڵ کەسێدا

**ارحم:** بەبەزەیی، میهرەبان، دڵ باش، بەڕەحم

**ارخاء:** سستکردن، نەرمژاندن، بنەرمژینە، نەرم کردن

**ارد:** پاکی، بەهێزی، ڕاستی

**ارد:** دەستور، یاسا، فەرمان، نەزم، ڕێکی

**ارداء:** (١) لەناوبردن، پیسکردن، گلاوکردن (٢)هێمن کردن، ئارام کردن، یارمەتی دان

**ارداد:** فێڵباز، گزی کەر، درۆزن، تەشقەڵەچی

**ارداف:** لایەنگیری، لایەنگری، لاگیری، قایشکێشی

**اردام:** بوون، هەبوون، ئارام و بێدەنگ جێگیر بوون

**اردب:** شەڕ، کێشە، هەرا، جەنگ

**اردشیران:** دەوا، دەرمان

**اردك:** مراوی، سۆنە، مەراقی، ئۆردەك، قاز

**اردلان:** ئەردەلان، هۆزێکی کوردە لە هۆزەکانی نیشتەجێی شاری سنە

**اردم:** پیشە، کار، هونەر، کاری باشە

**اردم:** کەشتیوان، پاپۆڕەوان، گەمیەوان، خەفتان

**اردناس:** داوەر، نەزم، ڕێکی، یاسا، دەستور، فەرمان

**اردنگ:** لەقە، جووتە، جفتە، لەقە هاویشتن

**اردو:** ئوردو، لەشکرگە، هۆردوبەز، لەشکرگا

**اردوگا:** لەشکرگە، ئوردو، هۆردوبەز، لەشکرگا، شوێنی کۆبوونەوەی سوپا

**اردیبهشت:** گوڵان، مانگی دووەمی بەهار، بانەمەڕ، شەستەباران

**اراذل:** سەرسەرییەکان، هیچ و پوچەکان، کەسە هیچەکان، ملۆزمەکان

**ارذل:** پەست، بێ قورسایی، هیچ و پووچ، سەرسەری، کەم نرخ، بچوك، هەرزە، دلسفك

**ارز:** دراوەدراوی دەرەوە، دراوی بیانی

**ارز:** ڕێز، پێگە، شوێن، پلەو پایە، نرخ

**ار زاق:** ڕزق ورۆزی، وردەدان، دەغڵ و دان

**ارزان:** هەرزان، ئەرزان، کەم نرخ، کەم بایی، خۆڕایی، بادی هەوا، هەرزۆن

**ارزان خرید:** هەرزان کڕیار، ئەرزان کڕیار، بەرانبەر گران کڕیار

**ارزان فروش:** هەرزان فرۆش، بەرانبەر گران فرۆش

**ارزاني:** هەرزانی، ئەرزانی

**ارزني:** (١) شیاو، شایستە، شایان (٢)هەژار، نەدار، دەست کورت

**ارزانیدن:** هەرزان کردن، هەرزانی کردن هەرزان کڕین یان فرۆشتنی چتێك

**ارزش:** نرخ، بای، قیمەت، ئەرزش

**ارزن:** هەرزن، ئەرزن، گاوس، گاڵ

**ارزنده:** بەنرخ، ژیان، بابیدار، بەکەڵك

**ارزنین:** هەرزن، گاڵە، جۆرێك لە هەرزن کە دەبێت جۆ بدرێ ئەوجا لە ئاش بکرێت

**ارزە:** گەچ، گێچ

**ارزەگر:** گەچکار، گێچکار، کەسێك کاری گەچ کاریە

**ارزیاب:** هەڵسەنگین، بەراوردکەر، لێکۆڵەر، داوەر

ارزيدن: (١)شياوى، گونجاوى، شايانى (٢)گونجان، قيمەت داربوون، شتێك نرخى هەبێت لە بەرانبەر ئەو پارەى پێيدراوە

ارس: فرمێسك، ڕۆندك، ئەشك، دلۆپە ئاوى چاو

ارس: ڕوس، ڕوسى، خەڵكى ڕوس

ارسال: بەڕێ كردن، ناردن، هەناردن

ارسن: كۆڕ، كۆدێر، ئەنجومەن، دانيشتن

ارسنال: جبەخانە، زەڕادخانە، كارگەو دامەزراوەى چەك و تەقەمەنى، دروست كردن

ارسنيك: مەرگەمووش، ژەهر، زەهر

ارسي دوز: پێڵاوكەر، كەوشكەر، كەسێك پێڵاو دروست بكات، پينەچى پێڵاو

ارش: ديە، تاوان، سزا

ارشاء: ڕەشوەدان، ڕشفەت دان

ارشاد: ڕێنوێنى، ڕێنمايى، ڕێنيشاندان، ڕێگاى ڕاست نيشاندان

ارشد: گەورە، بەرزتر، لەپێشتر

ارشك: ڕژد، بەرچاو تەنگى، قرنووسى، چەپخوسى، چكۆسى، چرووكى، بەدخوازى

ارشكين: بەرچاو تەنگى، قرنووس، دەست ووشك، بێچەڵم، لەچەر

ارصاد: نيشانەگرتن، چاوەڕوانى، پاسەوانى، لە حەشارگە دانيشتن بۆ شتێك، ئاگاداربوون

ارض: زەوى، ئەرد، هەرد، عەرد، دونيا، سەر زەوى، خاك، ئەرز

ارضاء: ڕازى كردن، تێركردن، جێ نيازكردن، پێدانى شتێك بە كەسێك بۆ ڕازى كردن و خۆشحاڵ كردن

ارضاع: شيردان، شير پێدانى دايك بە مناڵ

ارضه: مۆريانە، ئەسپێ، سپێ، ژەنگ، زيندەوەر، ئەبوێر

ارطاب: كۆپى خورما، خورماى تازە، خورمە

ارعاء: (١)لەوەڕاندن، چراندن، چەرپاندن، چەلا ندن، ڕاچەرندن، ڕاچراندن (٢)گوێ گرتن، جێبەجێ كردن، گوێ شل كردن بۆ قسەى كەسێك

ارعاب: ترساندن، تۆقاندن، زراوبردن

ارعاد: (١)ترساندن، هەڕەشەلێكردن (٢)لەرزين، كەوتنە لەرزە

ارعن: گێژ، نەزان، كەم فام، حۆل، وڕ، بێ ئاوەز

ارغ: كەڕو، كەرەكێفە، كەڕەشين، كەڵەكێف، كۆفنگ، كەرواڵ، كەڕۆڵ، پەرگ، شتێكى سەوزى بۆن ناخۆشە لەسەر ڕووى نان و كولێرە و هيتر كە شێ هەڵبێنێ

ارغاب: ڕوبار، جۆم، جۆگە، چەم

ارغام: گەوزاندن، گماندن، پلكاندن، پەرخاندن، تلانەوە لە ناو خۆڵ، بەماناى بچوك كردن و لووت دان لە ئەرزى كەسێكيش دێت

ارغاو: بڕوانە ارغاب

ارغج: لاولاو، لاولاوە، ڕيزە، ڕيزەكەر، گوڵێكە بەدارو ديواردا هەڵدەگەڕێت

ارغد: دلگير، دڵخۆشكەتر، فراوانتر، بەربلاوتر

ارغشتك: سەما، چەقەنە، چەقان، چەقەچەقە، چەقەنەى سەماو هەڵپەركێ

ارغند: تورە، قاوس، جارز، ڕوگرژ

ارغنده: بڕوانە ارغنە

ارغوان: ئەرخەوان، ئەرغەوان، دارێكە گوڵى سوور دێنێ و شێوەى گەڵاكانيشى پانن

ارغون: خۆشڕەو، بەزا، ئەسپێك خۆش وخێرا بە ڕێگادا بڕوات

ارغه: زرنگ، زيرەكى، فێڵباز

ارغيدن: (١)تورەبوو، جارز بوون، قەڵس بوون (٢)ئاژاوە نانەوە، فيتنە نانەوە

ارفاق: چاوپۆشى، دڵنەوايى، لێ بوردن، قازانج گەياندن بە كەسێك

ارفاه: حەوانەوە، پشودان، حەسانەوە، حاوانەوە، بە ماناى ئاسودەى بەردەواميش دێت

ارفش: گوێ پان، گوێ خەپلە، كەسێك گوێشكەى پان بێت

ارفع: بەرزتر، بڵندتر، خاوەن شان و شكۆ

ارق: ئاسكتر، ڕونتر، ديارتر

ارقام: ژمارەكان، هێڵەكان

**ارقــان:** خەنــە، خنــە، خــەنێ، هنــە، گیایــەكی ســەوزە دەهاڕدرێ و ژنان بۆ جوانی لەسەر و دەست و پــێ یــان دەگرن

**اركاك:** وردەباران، نمەباران

**اركان:** پایەكان، ئەستونەكان، ستوونەكان

**اركستر:** ئۆركێستر، دەستەی مۆسیقا

**ارك:** قــەلاّ، دیوەخــان، قــەلاّی شــایی، قــەل، دژ، قــەلاّت، سەنگەر، خانوویەكی قایمە بە شوێنێكی بەرزەوە

**ارگان:** ئەندام، زوان كۆمەڵە، لایەنگر، لایەنگیر، ئۆرگان، لایەنگیری یان ئەندام لە حزبێكی سیاسیدا

**ارگانیسم:** ئۆرگانیسم، جەستە، ئەندام، لەش

**ارمال:** ئارمان، ئامانج، ئارەزوو، هیوا، مەبەست

**ارمر:** خۆڵەمێشی، بەرەنگی، خۆڵی چتی سووتاو

**ارمزد:** ئەورمەزد، ئاهورامەزدا، ئاهورامەزد

**ارمغان:** دیاری، خەلاّت، دیاردی، پێشكەش، شتێك ببرێت یان بنێرێت بۆ كەسێك، سەوقات

**ارمگان:** ڕاهێنەر، مامۆستا، فێركەر

**ارمل:** بێوە پیاو، پیاوی بێ ژن كە ژنەكەی مردبێت یان تەلاّقی دابێت

**ارملە:** بێوە ژن، بیوە، ژنی بێ مێرد

**ارمند:** بڕوانە ارمندە

**ارمندە:** ئارم گرتوو، ئۆقرەگرتوو، هێمن، بێدەنگ، ئارام

**ارمود:** هەرمێ، هەرمێ كێویلە

**ارمون:** پێشەكی، پـێش، بێعانـە، پوڵێك لـە پێشەوە بـە كرێكار یان كەسێكی تر درابێت

**ارمیدن:** ئارام گـرتن، ئـۆقرەگرتن، هـێمن بـون، ئۆخـژن گرتن

**ارنب:** كەروێشك، هەروێشك

**ارندان:** حاشا، گوێدان، بە پشت داكەوتن، هیچ كاتێكی

**ارواث:** شــیاكە، تــڵ، ســەنێر، ریتاڵــە، ڕیــخ، پیــسای ڕەشەووڵاخ

**ارواح:** ڕۆح، گیان، هەناو

**ارواح:** با، هەوا، وا، فا

**ارواز:** شــەویلە، شــەویلكە، ئێــسكی چــەنەیە كــە ددانــی لەسەر دەڕوێ، كاژێر، كاچێر، ئاروو، ئارگووشك

**اروانە:** تەرمتیزە، تەرە توور، بەمانی تـەرمتیزەو گوڵی بنەوشی هێشوویی دێت

**اروج:** عەرعەر، سپیدار، چنار

**اروح:** دڵخۆش، دڵرفێن، دڵگیر

**اروس:** كەرەستە، شتومەك، ماك، هیمان

**اروس:** ئەروس، خوای ئەشق لای یۆنانیە كۆنەكان

**اروش:** دیە، تاوان، سزا

**اروغ:** ڕەگەز، ڕەچەڵەك، عەشیرەت، تایەفە، بچینە

**اروم:** بنج، بنك، بنی دار، بن، ڕیشە

**ارومە:** ڕیشەی دار، ڕەگی دار، بنی دار

**ارونە:** تاقی كردنەوە، هەڵسەنگاندن، ئەزموون

**اروی:** بزنە كێوی

**اروین:** ئەزموون، تاقیكردنەوە، هەڵسەنگاندن

**ارە:** مــشار، مەنــشار، هــەرە، ئــەوئامرازەی داری پــێ ئەبڕنەوە

**ارهاب:** ترساندن، تۆقاندن

**ارهاص:** خانوو دروست كردن بە گڵ، گڵكاری كردن

**ارە كـش:** دارتــاش، دار تــەراش، خێزارچــی، وەســتایەك دارو تەختەە ببڕێت وشتی لێ دروست بكات

**ارياح:** نەسیم، سروە، بای فێنك

**اريب:** عاقڵ، دانا، ووشیار، زانا، بەتوانا، ئاگا

**اريب:** خوا ر، خێچ، چەماوە، چەمیو

**اريج:** بۆنی خۆش، بڵاوبوونەوەی بۆنی خۆش

**اريحي:** خۆشڕوو، پیاوچاك، دڵپاك، دڵباش

**اريحيت:** دڵباشی، پیاوچاكی، دڵپاكی

**اريس:** زیرەك، زانا، بەتوانا، ووشیار

**اريس:** جووتیار، فەلا، كەسێك كاری كشتوكاڵ دەكات

**اريش:** بڕوانە اريس

**اريكـە:** تــەخت، كورســی، دەســەلاّت، تــەختی پاشــایی و شانازی

**از:** لە

**ازاء:** ڕودەروو، بەرانبەر، ڕووبەڕوو، بەردەم، لەباتی، لە جیاتی

**ازاحت:** لەناوبردن، بەفیڕۆدان، دورخستنەوە

**ازار:** جلوبەرگ، پۆشاک، هەرشتێك لەش داپۆشێت وەك پانتۆڵ و کراس

**ازاربند:** بەنەخوێن، دۆخینە، دۆخین، بەنشەرواڵ، هۆجە

**ازارپا:** شەرواڵ، شاڵوار، پانتۆڵ دەرپێ، پاوارە

**ازاله:** فەوتاندن، دوورکردن، لەناوبردن

**ازان پس:** لەوەدوا، لەوەدواتر

**ازان رو:** چونکە، بەوهۆیە، لەبەرئەوە، لەو ڕووەوە

**ازانك:** بەهۆی، لەبەر، چونکە

**ازانجا که:** لەبەرئەوەی، بۆئەوەی، چونکە

**ازاهیر:** شکۆفەکان، غونچەکان، خونچەکان

**ازبر:** لەبەر، بێ چاو لێکردن

**ازبرم:** چوار شانە، پان و پۆڕ

**ازبس:** بەهۆی زۆر، بە بەڵگەی زۆر

**ازبن:** لەبن، لەریشە، لەڕەگ، لەبنچینەدا، لە بنەڕەتدا

**ازبنه:** بڕوانە ازبن

**ازپادرامدن:** هیلاك بوون، شەکەت بوون، لە جێکەوتن، بەمانای تێکشکانیش دێت

**ازخ:** زیپکە، فنچکە، ئاگرۆی، بیرۆزکە، زیرکە، گرمۆزە، وردە کولکێکی سەر تیژە لە لەش دەردێت، تشپۆك

**ازخودشدن:** لەخۆچوون، لەهۆش چوون، بێهۆش کەوتن، بورانەوە

**ازخود گذشتن:** گیان بازی، گیان بەخت کردن، لەخۆبوودن، دەست لە ژیان بەردان بۆ ئامانجێك

**ازدحام:** قەرەباڵغ، جەنجاڵ، سەرقاڵی، سەر نەپرژان، جیوکوت، کۆبوونەوەی خەڵك لە شوێنێکدا بە زۆری و ناڕێکی

**ازدر:** شیاو، شایان، گوڕ، بەژمێر، وەشاوە، ستیلهە، شیانە، شان، لێدەوەشێتەوە

**ازدست:** لەلایەن، لەلای، لای، بەهۆی، لە ئەستۆ

**ازدست دادن:** لەدەست دان، وونکردن، فەوتان، لەناوچوون

**ازدست رفتن:** لەدەستدان، لەکیس چوون، بەفیڕۆچوون، لەناوچوون

**ازدلاف:** پێشکەوتن، پێشچڤەچوون، کەتن پێش

**ازدواج:** جووت بوون، مارەبڕین، شووکردن، ژن خواستن

**ازدهار:** درەوشانەوە، بروزکانەوە، تروسکان، چەسکانەوە، ڕووناکیدانەوە

**ازدیاد:** زیادە، پڕبوون، زۆربوون، فراوان بوون

**ازرق:** شین، ئاسمانی، ئاوی، کەوە، کەوور، وەك ڕەنگی ئاسمان و دەریا

**ازرق پوش:** شین پۆش، کەسێك جلوبەرگی شین لەبەر دەکات

**ازرق چشم:** چاو شین، چاڤ هەشین، کەسێك ڕەنگی چاوی ئاسمانی بێت

**ازرق فام:** ئاسمانی، کەوە، کەوور، بەرەنگی ئاسمانی

**ازسر:** لەسەرەتا، لەدەسپێك، دووبارە، دەسپێکردنەوە

**ازسربازکردن:** دوورکردن، دوورخستنەوە

**ازسر بدرکردن:** لەبیرکردن، فەرامۆش کردن، لەسەردەرکردن

**ازسرواکردن:** لەخۆدورخستنەوە، ڕەت کردنەوە، دوورکردن بەکەڵەك یان بیانویەك بەرێکردن

**ازعاج:** بزواندن، هاندان، بێ ئارام کردنهێتدان، بزاوتن، جماندن

**ازقضا:** بەرێکەوت، لەخۆوە، بێ چاوەڕوانی، شتێك یان کارێك چاوەڕوانی ڕوودانی نەبووبێت

**ازکی:** خۆپاریزتر، داوێن پاکتر، پاکتر، زیرەکتر

**ازکیا:** پاکەکان، چاکەکان، خۆپارێزەکان

**ازگات:** دڵ ڕەش، ناپاك، دەغەڵ، تەپرەش، دڵڕەق

**ازل:** هەمیشەیی، بێ کۆتایی، بەردەوام، شتێك کۆتایی و سەرەتایی نادیاربێت

**ازل:** خێرا، بەپەلە، بەلەز، چووست، تەردەست، بەتاڵووکە، چەسپان، بەدەست و برد، چالاکانە

**ازلال:** هانـدان بـۆ گونـاح، دهسـت پێـشكردن، تـووش تاوانكردن

**ازلیت:** ههمیشهیی، زیندوو، بهردهوام، نهمر، جاویدان

**ازمابهتران:** حۆری، پهری، بهخت، فریشته، گۆیابهندهی تایبهتی خودان

**ازمان:** كاتهكان، زهمهنهكان، ڕۆژگارهكان

**ازمان:** كۆن، كۆنهبوو، ڕابووردوو، تێپهڕیو، بهسهرچوو

**ازمه:** جلهو، ههوسار، لخاو، قهوچه، قهراسه، سهركهلله

**ازمیل:** چهكوش، چهكوچ، تهشوێ ئاسنێكه كه دار یان ئاسنی تێدهكرێت و بزمار و شتێتری پێ دادهكوترێت

**ازناكه:** كتاوپڕ، كتوپڕ، لهپڕا، كوتوپڕ

**ازواج:** جـووت، جفـت، دووتـاك، دوولـنگ، شـتێك تـاك نهبێت

**ازواد:** توێـشو، تۆشـه، تووشـه، زاد، زهواد، تێـشووی ڕێبواران

**ازهار:** شكۆفه، خونچه

**ازهد:** خۆپارێزتر، پارێزگارتر، ئیماندار

**ازهر:** سپی و ڕوون، درهوشاوه، بریقهدار، ڕووناك

**ازیاء:** شكڵ، شێوه، چۆنیهتی جل وبهرگ

**ازید:** زۆرتر، زیاتر، فراوان تر

**ازیرا:** چونكه، چوون، لهبهرئهوهی

**ازیـز :** قووڵـت دان، كـوڵانی شـتی ناوهنجـهڵ، زڵقـه، قوڵتـهقوڵت، فلقـهفلق، قوڵپـهقوڵپ، دهنگـی كـوڵانی شلهمهنی لهسهر ئاگر بهبێ پسانهوه، ههڵپهڕو داپهڕ

**اژدر:** (١)ئـهژدهر، هـهژدیها، ئـهژدیها (٢) ئـهژدهر، تـۆپی ئاوی

**اژدرافكن:** ئهژدهرهاوێژ، كـهمی و پاپۆڕ، تـۆپ و گولله هاوێژهكان

**اژدرها:** ماری گهوره، ئهژدیها، ههژدیها، حهڤ

**اژدها:** ئهژدیها، عهڤ، حهڤ، ههزیا، ئهژدیها

**اژدهاخو:** ڕوگرژ، تاڵ، قسهڕهق، ڕووتاڵ

**اژدهـا دل:** دڵ ئـازا، بـهزات، بهجـهرگ، زاتـدار، ئـازا، چاونهترس

**اژدها سر:** سهرئهژدها، سهرههزیا، سهر ههژدیها

**اژدهـاك:** ئاژدهـاك، اژدیهـاك، ئازدیـاك، ئهسـتیاكس، دوایین پاشای دهوڵهتی ماد

**اژگان:** بڕوانه اژكهان

**اژكهان:** تهمبهڵ، لاواز، بێ هێز، دهست و پێ سپی

**اژكهن:** بڕوانه اژكهان

**اژنگ:** بڕوانه اژنگ

**اژه:** ئاههك، قسڵ، ههك، ئهههك، جاڕوو

**اژهان:** لاواز، بێ هێز، دهست و پێ سپی

**اژی:** ئهژدیها، عهڤ، ماری گهوره

**اژی دهاك:** بڕوانه اژدهاك

**اژیر:** ووریا، زانا، زرنگ، بزێو، ووشیار، دانا

**اژیراك:** بانگ، ههرا، هاوار، دهنگ

**اژیریدن:** ووشیاركردن، ووریا كردن، بهئاگاهێنانهوه

**اس:** بوریـنـه، بناغـه، بناخـه، ڕیـچهڵهك، ڕهچـهڵهك، بنچینه، ڕهتهوه

**اسانه:** لهناوبردن، بهفیڕۆدان، خراپ كردن

**اسابیع:** حهوتهكان، ههفتهكان

**اساتذه:** مامۆستا، ڕاهێنهر، مامۆستاكان

**اساتید:** مامۆستاكان، فێركهران، ڕاهێنهران

**اسار:** دیل كردن، قۆڵبهست كردن، خستنه بهندینخانه، بهخسیركردن

**اسارت:** ئهسیركردن، بهخسیركردن، زیندانی كردن

**اساري:** دیلهكان، ئهسیرهكان، بهندیهكان

**اساس:** بناخه، بنچینه، ڕهتهوه، بونیه، بناغه

**اساس:** پیاوكوژ، قاتڵ، مرۆڤ كوش، ڕهش كوژ

**اساس نامه:** ئهساس نامه، پرۆگرام

**اسـاطیر:** چـیرۆك، چرچـرۆنك، حهبرۆشـك، چـیرۆنك، داستان، چیڤانۆك، قهواتی

**اسالیب:** ڕهوشت، چۆنیهتی، ڕێگه، شێواز، شێوه

**اسامه:** شێر، پاشای جهنگهڵ

**اسامي:** ناوهكان، نێوهكان

**اساور:** دهست بهنـد، دهستهوانه، دهستێنه، پهنجهوانـه، دهزبهند، دهسوێنك

**اساوره:** سوار، سوویار، کەسێك بەسەر پشتی وولاخەوەبێت

**اسب:** ئەسپ، هەسپ، شەودێز، ڕەخت، ڕەخش، چارپا، نێری چارەوایە بۆ سواری و باری کشتوکاڵ بەکاردێت

**اسبآبي:** ئەسپی ئاوی، جۆرێك ئەسپە بەجوانی ئەتوانێت لە ئاودا مەلە بکات، ئەسپی دەریایی

**اسباب:** (١)شتومەك، کەلوپەل، پێداویستی ناوماڵ (٢)هۆکار، سەبەب، بەڵگە

**اسباب بازي:** بووکەڵە، بووکۆکە، بووکی یاری منداڵان

**اسباب چيني:** ئامادەکاری، بیانو ئامادەکردن بۆ تووش کردنی کەسێك

**اسباب كشي:** گواستنەوە، ماڵو کۆچ گواستنەوە، گوازینەوە

**اسبال:** باراندن، داباراندن، بارانن

**اسباناخ:** سپەناخ، ئەسپەناخ، ئەسپیناغ، سپێناخ، سپەناخ، جۆرە سوزەیەکە چێشتی پێ لێ ئەنرێت

**اسبانخ:** بڕوانە اسباناخ

**اسب چوبي:** ئەسپەدارێنە، چەروەی دار، ئەسپێکە منالان لە دار دروستی دەکەن و سواری دەبن

**اسب دواني:** غاردان، خاردان، ڕاکردن، هەڵێنگدان، غارکردن، غارغارێن، تاوودانی وولاخی سواری

**اسبق:** پێشتر، لە پێش، پێشترلە، بەرتر، زوتر

**اسبوع:** حەوتە، هەفتە، حەفتە

**اسپ:** بڕوانە اسب

**اسپاس:** سوپاس، شوکر، سپاس، ستایش

**اسپاسدار:** سوپاس کەر، سپاس کەر، شوکور گوزار

**اسپانخ:** بڕوانە اسباناخ

**اسپاه:** سپا، سوپا، لەشکر

**اسپاهبد:** سوپاسالار، سەردار، لەشکردار

**اسپردن:** سپاردن، ئەسپاردن، سپارتن

**اسپ رز:** بڕوانە اسپريس

**اسپرسپ:** بڕوانە اسپريس

**اسپرغم:** ڕیان، ڕێون، مۆر، ڕووخانۆکە، ڕێحانە

**اسپرلوس:** کۆشك، تەلار، سەرا، تالار، باڵەخانە، سەراپەرو، بانهەڵبان، خانوی بەرزو خۆش

**اسپرم:** بڕوانە اسپرغم

**اسپرهم:** بڕوانە اسپرغم

**اسپری:** کۆتایی، کۆتاهاتن، بڕانەوە، هەرمدوایی، دوای هەمووشتێك

**اسپريس:** ئەسپرەس، گۆڕەپانی غاردانی ئەسپ، مەیدان

**اسپيسيال:** تایبەت، خۆسەر، دانستە، خاسما، نەخازەلا، تابێتی، ڕادایی

**اسپسياليته:** تایبەتی، تایەبەتی، ڕادایی

**اسپناج:** سپەناخ، سپیناخ، ئەسپەناخ

**اسپنج:** بڕوانە اسپند

**اسپند:** ئەسپەندەر، ئەسپەنەر، گیایەکی خۆرسکە بۆ چاوەزار لە ئاگری دەکەن وبۆنێکی تایبەتی هەیە لای هەندێ کەس خۆشە

**اسپندان:** خەردەل، خەرتەلە، خرتەلە، گۆرمزە، گیایەکی خۆرسکی دەشتیە

**اسپوتنيك:** مانگی دەسکرد، یەکەم مانگی دەسکردی ڕوسیا کە لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ بۆ ئاسمان نێردرا

**اسپه:** سپا، سوپا، لەشکر

**اسپهبد:** سپادار، سوپادار، سالار، لەشکردار

**اسپهسالار:** سالاری سوپا، سوپا سالار

**اسپيد:** سپی، سفی، ڕوون

**اسپدار:** چنار، چەنار، پەلك، پەڵکە، دارێکی شووش و گەلاپانە

**اسپده:** سپێنە، سپێنەی هێلکە

**اسپيل:** ئەسپ دز، کەسێك ئەسپ بدزێ

**است:** ئێسقان، ئێسك، هێسك، سنجان، سووقان

**است:** بنچینە، بناغە، ڕەگ، پایە، بنەڕەت

**استا:** کورتکراوەی ئاڤێستا، کتێبی پیرۆزی زەردەشت

**استا:** وەستا، پیشەزان، پیشەگەر، مامۆستا

**استانيستيك:** سەرزمێری، سەرژمێرە، سەرژماردن

**استاخ:** ئازا، نەترس، زاتدار، بەجەرگ

**استاد:** مامۆستا، فێرکەر، زانا، پیشەزان، کەسێك بتوانێت شت فێری خەڵك بكات

**استادانه:** وەستایانە، لێهاتوانە، زانایانە، ئەنجامدانی کارێك بە لێهاتووی وەك زاناکان

**استادکار:** وەستا کار، پیشەزان، پیشەگەر، کەسێك لە پیشە یان کارێك لێهاتووبێت

**استادن:** وەستان، ڕاوەستان، وێستان، بە پێوەبوون

**استادیوم:** یاریگا، گۆڕەپان، یاریگە، گۆڕەپانی یاری کردن

**استار:** پەردەکان، کەمەرچین، کەتان، سەرووك، پۆشار

**استارت:** دەست پێکردن، دانەبەر، تێوەچوون، مل لەبەرنان، پێداکێشان

**استارتر:** دەست پێشکەر، دەست پێشخەر، دەست پێکەر، کەسێك بەر لە کەسانی تر کارێك دەست پێ بكات

**استاره:** ئەستێرە، هەسارە، هەستێرە

**استاره:** چارپۆش، سەرووك، پۆشارە، پەردە، ئەوەی شتی پێداپۆشن

**استاژ:** خولی فێرکاری، دەوری فێرکاری‌ئەو ماوەی خوازیاری پیشە یان فەرمانگە بۆ فێربوون بەسەری دەبات

**استاژێر:** فێرخواز، کەسێك لە خولی فێرکاریدا بەشداری کردبێت

**استاسیون:** نێستگە، وێستگە، وێستگا، نێستگا، شوێنی وەستان

**استاغ:** نەزۆك، نازا، بێچەڵ، ئەوەی منالی نەبێت

**استافیل:** ترێ، تری، هەنگوور، ئەنگوور، بەری داری مێو کە بەهێشوو دەیگرێت

**استام:** جڵەو، هەوسار

**استام:** ماشە، ڤاش، پەنگر، پەنگرگر، کلافە، شتێکە ئاگری ناوتەندورو تونی پێ ئەم دیواو دیوو دەکەن

**استامپ:** مۆر هەڵقەندن، نیشانە، واژۆ، دەواتی مۆر

**استان:** پارێزگا، ناوچە، مەڵبەند، بەشێ لە وولات

**استاندار:** پارێزگار، فەرمانڕەوای پارێزگا

**استاندارد:** یاسا، گونجاوی، پێوانە، پەسەندکراو، دیاردە، ڕادەی تەواوی بۆشت

**استاندن:** سەندن، وەرگرتن، لێ سەندن

**استانه:** بڕوانە استانە

**استانیدن:** وەستاندن، ڕاگرتن، ماندووکردن،

**استایدن:** وەستان، ڕاوەستان، وێستان، چك بوون

**استئمال:** پەنابردن، هۆمەن هێنان

**استباق:** کێبڕکێ، پێشکەوتن

**استبانه:** دەرکەوتن، ئاشکرابوون

**استبداد:** مل هوڕی، بێ یاسایی، زۆرملێ، زۆرکردن، تاك ڕەوی، ئەنجادامدانی کارێك بە پێی حەزو ویستی خۆ بێ لەبەر چاو گرتنی کەسانی تر، خۆویستن، خۆپەرستی، خۆبەزل زانی و جۆرێکیشە لە حکومەت تیایدا دەسەڵاتداران پابەندی یاساکان نەبن

**استبداع:** نۆی ژمارتن، تازەدانان، بەتازەزانین

**استبدال:** گۆڕینەوە، گوهرین، هەرامە، ئاڵوگۆڕکردن

**استبر:** ئەستور، کوڵفت، زۆر، تیر، قەوی، قانج، کڵفت، ستوور، شتێك تەنك نەبێ

**استبرق:** حەریر، هەریر، خارا، ئەتافتە، کووتاڵی، زەڕدار

**استبرك:** بڕوانە استبرق

**استبسال:** دڵ دان مەرگ، شەرکەرێك خوازیارانە بەشداری شەڕ بكات، بۆ ئەوەی بکوژرێت یان بکوژێت، گیان نەویستن

**استبشار:** بەختەوەری، کامەرانی، خۆشحاڵ بوون، بزەکەوتنە سەرلێو

**استبطاء:** پشت گوێخستن، بەدواداخستن، درەنگ کردن

**استبعاد:** بەدوور زانین، خۆپارێزی، دوورکەوتنەوە

**استبقاد:** هێشتنەوە، بەجێهێلان، دانان، حەزکردن بەمانەوەی شتێك

**استپ:** مێرگ، چیمەن، گیاجار، دەشت (دەشت)

**استتابه:** تۆبەکردن، پەشیمان بوونەوە، پاشگەزبوونەوە

**استتار:** خۆشاردنەوە، خۆحەشاردان، خۆ وون کردن، لەبەرچاونەمان

**استتباع:** لایەنگری کردن، بەدواداڕۆشتن، پەیرەوی کردن

**استتمام:** تەواوکردن، ئەنجام گەیاندن، کۆتایی پێهێنان

**استثقال:** قورس بوون، لاوازبوون،بەگران ژمارتن، لەش گرانی

**استثمار:** بەرهەم بردن، داگیرکردن، دەستخەرۆکردن، داهاتی کەسانی تر بردن، خوێن مژین

**استثناء:** تایبەت، جیاواز، جیاکردنەوە، شاز، جوێ کردنەوە

**استجابت:** وەڵامدانەوە، ڕازی بوون، لێوەرگرتن، بەشیاوزانین

**استجاده:** بەباش زانین، چاك ژمارتن

**استجاره:** مۆڵەت ویستن، مۆڵەت خواستن، ئیزن خواستن

**استجلاب:** ڕاکێشان، بزوان بەرەوشتێك(بزوان بەرەوشتێك)

**استجهال:** بەسورك زانین، بێ نرخ، بچووك، بێ قورسایی ژمارتن

**استحاضە:** خوێنبەربوون، خوێنبەربوونی ژن دوای تەواوبوونی نەخۆشی مانگانە

**استحاله:** گۆڕان، گۆڕین لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر

**استجباب:** بەشیاوزانین، ڕەوادیتن، خۆش ویستن، بەشایان زانین

**استحداث:** نوێ کردن، تازەکردنەوە، تازەگەری

**استحسان:** بەچاك زانین، پەسەند کردن، ڕازی بوون، قایل بوون

**استحصال:** بەدەست هێنان، ئەنجام گرتن، بەئەنجام گەشتن

**استحضار:** بانگ کردن، خواستن، داواکردن، ویستن، لەبیرچوون، بیرهێنانەوە

**استحفاظ:** پارازتن، ڕاگرتن، پاراستن، چاودێری کردن

**استحقار:** بەبچووك زانین، بێ نرخ سەیرکردن، قورسایی نەهێشتن

**استحقاق:** شیاو، شایانی، گونجاو

**استحلاف:** سوێندان، سوێندخواردن، قەسەمدان، کەسێك ناچارکردن بۆ ئەوەی سوێندبخوات و یان سوێند بۆ کەسێك خواردن

**استحلال:** بەحەڵاڵ زانین، ڕەوادیتن، حەڵاڵ

**استحمام:** خۆشۆردن، خۆشوستن، خۆدانە بەرئاو، حەمامکردن

**استحواذ:** دەسەڵات، زاڵبوون، کۆنترۆڵ کردن

**استحیاء:** شەرم کردن، شەرمێونی، شەرمنی

**استخاره:** خێرخواستن، خێرخوازی، حەسانەوە، فاڵ، داخووت کردن

**استخباء:** خێوەت لێدان، خێوەت هەڵدان

**استخبار:** دەنگ و باس، هەواڵ پرسین، خواس ویستن

**استخدام:** دامەزراندن، داکوتاندن، تاقەتکردن، دابین کردن، چەقاندن، دامەزراندن، بجێ کردن، جێگیرکردنی شتێك لە شوێنێك

**استخر:** ئەستێر، چاڵ، گوم، ستێر، ئاوگیر، ئەستێل

**استخراج:** دەرهێنان، دەرخستن، دەرهانین، دەرهاوردن، هەڵێنجان، جەلیاندن، دەرانین

**استخصاص:** تایبەت کردن، تایبەتی کردن، دەست بەسەراگرتن، شتێك بەتایبەت زانین بۆ خۆ

**استخفاء:** خۆشاردنەوە، خۆدزینەوە، خۆپەنهان کردن، چاو شیلکانێ

**استخفاف:** سوك کردن، قورسای نەهێشتن، بەبچووك زانین

**استخلاص:** (١)ڕزگارکردن، ئازادکردن، بەرەلاکردن (٢)ڕزگاری، ڕەهایی، ئازادی، سەربەستی

**استخوان:** ئێسقان، سقان، ئێسك، هێسك، پێشە، پەلان، پلان، هەستی، هێستك، سووقان

**استخوان:** ناوك، ناوکە، چەقاڵە، هانێوك

**استخوان بندي:** ئێسکەپەیکەر، ئێسقان پەیکەر، کۆمەڵێ ئێسقانی مرۆڤ یان ئاژەڵ کە پێکەوەلکابێت

**استخوان خوار:** ئێسقان خۆر، هێسك خۆر، ئاژەڵێك ئێسقان بخوات وەك سەگ

**استخواندار:** ئێسقاندار، هێسکدار، ئێسکدار، ئەو گیانلەبەرەی لەشی ئێسقانی هەیە

**استخوان شناسي:** ئێسقان ناسی، ئێسك ناسی، زانستێك كە لە چۆنیەتی ئێسقان دەكۆڵێتەوە

**استداره:** خڕ، بازنەیی

**استدامه:** بەردەوامی، هەمیشە، هەتاهەتایی، پایدار

**استدبار:** دوور ئەندێشی، چاوەنواڕی، بەتێ بینییەوە

**استدراج:** نزیك كردنەوە، بەهێمنی، لەسەرخۆ، هێواش هێواش نزیك كردنەوە

**استدراك:** تێگەشتن، پێزانین، هەست پێكردن، لێحاڵی بوون

**استدعاء:** داواكردن، پاڕانەوە، پاڕیانەوە، شاكەشاك، واریانەوە، لالانەوە

**استدلال:** سەلماندن، بەڵگەهێنانەوە، هۆدۆزینەوە، بەڵگەویستن

**استدن:** وەرگرتن، گرتن، سەندن، لێ سەندن

**استذكار:** بیرهێنانەوە، بیرخستنەوە، خستنەیاد

**استذلال:** زەلیل كردن، زاڵبوون، كۆنترۆڵ كردن، سووك كردن، قورسای نەهێشتن، دەستەمۆكردن

**استر:** ئێستر، هەستر، هێستر، هەسەرە، ووڵاخێكی چوار پەل قەوی و باربەرە دایكی ماینەو باوكی كەرە، نە نێری بۆ كەڵ و نە ماچەی بۆ زاوزێ دەست نادەن

**استراتژی:** ستراتیژی، لەشكركێشی، زانستی بەڕێوەبردنی چالاكیەكانی لەشكر لە شەڕدا

**استراتژیك:** ستراتیژیك، كاروباری پەیوەندیدار بە لەشكرەوە

**اقراض:** قەرزدان، وامدان، دانی شتێك بەکەسێك

**اقراع:** (١)پاڵاوتن، هەڵبژاردن (٢)نەهێشتن، ڕێگرتن لە کەسێك بۆ ئەنجامدانی کارێك

**اقران:** (١)نزیك کردنەوەی دووشت، کۆکردنەوەی دووشت یان دوو کەس (٢)خزم و کەسوکار، هاوەڵ، هاوچاو

**اقرب:** نزیك، نزیکتر

**اقرباء:** خزم، کەسو کار، هاوەڵان نزیکەکان

**اقرع:** کەچەڵ، بێ مو، کەسێك مووی بەسەرەوە نەمابێت

**اقرن:** برۆپەیوست، کەسێك برۆی پەیوست بێت

**اقساط:** بەش بەش، برکەبرکە، دادگەری، دادیاری، یەکسانی

**اقسام:** (١)سوودەکان، قازانجەکان (٢)سوێند، قەسەم

**اقسام:** سوێندخواردن، قەسەم دان

**اقشر:** پاك کراو، هەرشتێك پێستەکەی لێ کرابێتەوە

**اقشعرا:** سیخ بوون، ڕاست بوون، ڕاست بوونەوەی مووی لەش لە ترسا یان لە سەرما

**اقصاء:** دوورکردن، دەرکردن، ناردن بۆ شوێنی دوور

**اقصر:** کورتتر، کوڵتر، کورتر، کۆتاتر

**اقصي:** دوورتر، جێگا دوورەکان، ئەوپەڕ، ئەوسەری دونیا

**اقط:** کەشك، پەنیر

**اقطار:** ناوچە، هەرێم، مەڵبەند

**اقطاع:** لۆمەکردن، سەرکۆنەکردن

**اقطع:** (١)دەست قرتاو، دەست بڕاو (٢)دز، جەردە

**اقعاد:** خزمەتکردن، دانیشاندن، دامەزراندن

**اقعس:** سەرفراز، ڕێزدار، بڵند پایە، ئەرجوومەن

**اقفال:** (١)قوفڵ کردن، داخستن، درگا داخستن (٢)گەڕانەوە، هێنانەوە

**اقفس:** خواروخێچ، درێژی خوار

**اقفع:** سەربەرژێر، کز، شەرمێون

**اقل:** کەم، تۆز، مسقال، کەمێك

**اقلاع:** دەست کێشانەوە، دەست هەڵگرتن، وازهێنان

**اقلاق:** جووڵاندن، بزواندن، بێ ئارام کردن

**اقلال:** نەداری، هەژاری، دەست تەنگی، کەم کردن

**اقلیت:** کەم، کەمینە، بەرانبەری زۆرینە

**اقلیم:** ناوچە، مەڵبەند، وولات، هەرێم

**اقماع:** سست کردن، لاوازکردن، قورسایی نەهێشتن

**اقمر:** سپی، سپی ڕەنگ، بەرەنگی مانگ

**اقمشه:** ئەم ووشەیە کۆیە و بەمانایی قوماش دێت، کووتاڵ

**اقناع:** قەناعەت پێکردن، قانع کردن، ڕازی کردن

**اقنوم:** لەش، جەستە، لاشە، بەیەن

**اقواء:** نەداری، پێویستی، هەژاری، داماوی، نیازمەندی

**اقوات:** خۆراکەکان، هێز، توشێو

**اقواس:** ئەم ووشەیە کۆیە بەمانای پەلکەزێڕینە دێت

**اقوال:** ووتەکان، ووتارەکان، قسەکان، پەیڤەکان

**اقوس:** کۆم، چەماوە، پشت کۆم، پشت خوار

**اقوم:** ڕاست تر، ڕێکتر، هەلکراوتر

**اقوي:** جێگیرتر، بەهێزتر، قەویتر

**اقهر:** زاڵتر، بەدەسەلاتتر، زۆربا، چیرەت، قاندەر

**اقیاد:** کوت و بەند، بەندوباد، بەند، داو، تەلەزگە

**اقیال:** گەورە، سەرۆك، سەروەر

**اقیانوس:** ئۆقیانووس، دەریای گەورە، دەریا لووش

**اکابر:** گەورەکان، سەروەران، سەرۆکەکان

**اکاذیب:** درۆکان، فشەکان، قسەی هەڵیت و پڵیت

**اکار:** جووتیار، جووتێر، جووتبەندە، جووتکار، کەسێك بۆخۆیی یان بەکرێ یان بە ساڵانە جووت بکات

**اکارس:** کارگ، قارچ، قارچك

**اکاف:** کورتان، شبری، پاڵان، کۆپان، سەکار

**اکال:** خورا، زۆر خۆر، چڵەك، مزەومر، زگبرسی، بخۆر، نان کوژ، زاخۆراکی، تێرنەخۆر

**اکابد:** جگەر، جەرگ، ڕۆڵەی مرۆڤان

**اکبر:** گەورە، بەتەمەن، پیر، بەساڵاچوو

**اکبیر:** دزێو، ناحەز، ناشرین

**اکتتاب:** نوسین، دانان، تۆمارکردن، کتێب نوسین

**اکتحال:** چاوڕشتن، کل کێشان، سورمە کێشان

**اکتراء:** بەکرێ گرتن، کرێ دان، بەکرێ دان

**اکتساء:** پۆشین، لەبەرکردن، جلوبەرگ لەبەرکردن

**اکتساب:** بەدەست هێنان، وەرگرتن، چنگ خستن، خستنەگیر، بەدەست هاوردن

**اکتشاف:** دۆزینەوە، داهێنان، ئاشکرا کردن، دەرخستن، ڕووت کردن

**اکتفاء:** بەس بوون، دڵنیابوون، دڵ تەخت بوون

**اکتناز:** کۆبوونەوە، پڕبوون، پاشەکەوت کردنی ماڵ

**اکثر:** زۆرتر، زیاتر، پتر

**اکثم:** سك تێر، سك گەورە، تێر لە خواردن

**اکحل:** چاو ڕشتوو، چاو ڕەش، کەسێك چاوی ڕشت بێت

**اکدر:** لێڵ تر، ڕەشتر، تاریکتر

**اکذب:** درۆزنتر، فشەکەرتر، فرفرۆ، دەرەوکێر، کەسێك زۆر درۆ بکات

**اکذوبه:** درۆ، قەوان، هەلات، هەڵبەست، دەلەسە، قسەی ناڕاست

**اکرام:** ڕێزگرتن، بەڕێزگیری، گەورەیی

**اکران:** پەردە، پەردەی سینەمایی کە وێنەی لەسەر دەکەوێت

**اکراه:** زۆرەملێ کردن، ناچار کردن، کارێك بەزۆر بە کەسێك کردن

**اکرم:** ڕێزدار، بەڕێز، گەورە، مەزن

**اکفاء:** چەمانەوە، ئاوەژووکردن، خوارکردنەوە

**اکفس:** پێ خوار، قاچ خوار، کەسێك قاچی خوار بێت

**اکل:** خواردن، خارن، خووارن، هەردەك، کزوەت

**اکلیل:** تاج، تانج، سەرتاج

**اکمال:** کامڵ کردن، تەواوکردن، بەئەنجام گەیاندن

**اکمش:** لۆق کورت، پێ کورت، هەنگاو کورت، کەسێك هەنگاوەکانی کورت بێت

**اکمه:** گرد، گردۆکە، خڕ، تەپە، تەپلاك

**اکمه:** کوور، کوێر، کوێری سکما

**اکناف:** ئەم لاولا، دەوروبەر، لاکان، کەنارەکان، قەراغەکان، گردووپەر

**اکنون:** ئێستا، ئێستاکە، هەنووکە، ئیسە

**اکواب:** گۆزە، کۆتك، سووالەت، ئافلینە

**اکوان:** ئەرخەوان، ئەرغەوان (٢)گوناحکار، تاوانبار

**اکول:** زۆرخۆر، سکبرسی، زگبرسی، چڵێس، تێرنەخۆر، زکەرۆ

**اکونومي:** دەست پێوەگرتن، ئابوری

**اکونومیست:** ئابوری ناس، ئابووری زان، کەسێك شارەزایی بواری ئابوری بێت

**اکیاس:** زاناکان، داناکان، بیرمەندان

**اکیپ:** دەستە، گروپ، دەستەیەك کە بەکارێکەوە سەرقاڵن
**اکید:** جێگیر، بەهێز، قایم
**اکیس:** ووریاتر، داناتر، ووشیارتر، زاناتر
**اکیل:** زۆرخۆر، زکن، چاوبرسی، تێرنەبوو
**اگر:** ئەگەر، گەر، ئەر، هەگە، مەرازی بەندیواری و مەرجە
**اگرچه:** ئەگەرچی، ئەرچی، هەرچەندە، هەرچەن
**اگو:** ئاوەڕۆ، ئاوەروو، ئاوڕێژ، ئاووەڕێ، شوێنی ئاوەڕێ لە ماڵێدا کە ئاو پیا بچێتە دەرەوە، دەراو
**الا:** وریابە، هەی، بزانە، ئاگاداربە
**الا:** بێجگە، جگە
**الاخن:** دەربەدەر، ئاوارە، سەرلێ شێواو، سەرگەردان
**الاغ:** وەلاخ، کەر، گوێ درێژ، بارەبەر، گوێرێژ
**الاغدار:** وەلاخدار، کەدار، چاروێ دار
**الاکلنگ:** حەقلی مەقۆ، حەقلیمەقان، گەمەی کاڵەمستێ بە حەلقامەلەق
**الاله:** گوڵاڵە سوورە، گوڵەنیسان، گوڵە مێلاقە
**الامان:** پەنا، پشت، ئەمان، حەشارگە
**الان:** ئێستا، هەنووکە، ئێستە
**الاو:** بڵێسە، کڵپە
**الاهه:** پەرستن، عیبادەت کردن
**الباء:** زاناکان، عاقڵان، ژیرەکان، بیرمەندان
**الباب:** عەقڵ، هزر، زەین، مێشك
**الباد:** هەلاج، حەلاج، پەرەکەر، کەمانژەن
**البته:** هەڵبەتە، ئەڵبەتە
**البسه:** جل، جلوبەرگ، پۆشاك، جلك، پۆشەمەنی
**البر:** زرنگ، ووشیار، ووریا، ژیر
**التباس:** تێکەڵاوی، ئاوێتەبوون، تێك پرژان
**التئام:** زاربەست بەستن، دەمبێن بەستن
**التجا:** پەنابردن، هۆمەن بردن، خۆخستنەبەر
**التجاج:** هاژەهاژ، تێك چرژان، تێکەڵ بوونی دەنگەکان، تێکەڵ بوونیهاژەوهاواری شەپۆلەکانی دەریا
**التحاء:** ڕیش هێشتنەوە، ڕیش دانان
**التحاد:** وەرگەڕان، گەڕانەوە، لە دین هەڵگەڕان
**التحاق:** پەیوەست بوون، ئاوێتەبوون لەگەڵ کەسێك
**التحام:** پەیوەست بوون، پێکەوەنووسان، ئاوێتەبوون
**التذاذ:** چێژوەرگرتن، تام بینین، خۆشی بینین
**التزام:** زواندن، بڕیاردان، لە ئەستۆگرتن، بەرئۆدەبوون
**التصاق:** پێکەوەنووسان، پەیوەست بوون، پێکەوەلکان
**التفات:** سەرنج، ڕووتێکردن، ڕوانین، سەرنج دان بە کەسێك
**التفاف:** پێچان، لەخۆپێچان، پێچران، پێچرانەوە
**التقاء:** یەکتربینین، چاوپێکەوتن، بەیەك گەشتن
**التقاط:** کۆکردنەوە، هەڵگرتن، بڵندکردن، قەتاندن
**التماس:** داواکردن، پارانەوە، لالانەوە، داواکردنی شتێك بە پارانەوە و لالانەوە
**التماع:** ڕۆشن بوون، ڕەنگ پەڕین، فراندنی شتێك، درەوشانەوەی کارەبا
**التواء:** باخواردن، پێچ خواردن، تێك چرژان
**التون:** ئاڵتوون، زێڕ
**التهاب:** هەڵگیرسان، کڵپەساندن، بڵێسەساندن، داگیرسان
**التیام:** سارێژبوونەوە، تیمار، دەمی بڕین هاتنەیەك، چاك بوونەوە
**التیام یافتن:** چاك بوونەوە، سارێژبوونەوە
**الجخت:** تەماع، چاوەڕوانی، هیوا، چاوەنواڕی، ئومێد، هۆمێو
**الحاح:** سووربوون، پێداگرتن، خواستن، ویستنی شتێك بە پارانەوە
**الحاد:** هەڵگەڕانەوە، بێ دینی، حاشاکردن، هەڵگەڕان، گەڕانەوە
**الحاق:** گەشتن، پێ گەشتن، پەیوەست بوون، پەیوەندی
**الحال:** ئێستا، ئەم کاتە، هەنووکە، هەرئێستا
**الحان:** ئاواز، ئاهەنگ،
**الحذر:** خۆپاراستن، خۆپارێزی
**الحق:** بێ گومان، لەڕاستیدا، بێ شك
**الحن:** (١)دانا، زیرەك، ووشیار، لێهاتوو (٢)خۆش دەنگ، خۆش ئاواز

**الدنگ:** بیکار، مفتەخۆر، بەرەڵا، وێڵ، سەپۆڵ

**الذ:** بەتامتر، بەچێژتر، خۆشتر

**الرد:** ڕەشکە، خەرارێکی کون کونی گرێچنە لە موو دروست دەکرێت کا و کلۆسی پێدە گوێزرێتەوە

**الزام:** لە ئەستۆنان، لە ئۆدەنان، کارێک خستنەبەر شانی کەسێکیتر

**الزم:** پێویست تر، گەرێ، پێداویستە

**الساعە:** هەرئێستا، ئێستاکە، هەنووکە (٢)ڕۆژی پەسلان، ڕۆژی دوایی

**الس:** زمان، زمانەکان، زبانەنەکان، هەزمان، زبوون

**السنە:** زبانەکان، زمانەکان، هەزمانەکان

**الصاق:** پێکەوەنووسان، پێوەلکان

**العاب:** گەمەکردن، یاری کردن، گاڵتەکردن

**العطش:** تینویەتی، تینوەتی

**العوبە:** گەمەی منالان، بووکەڵە، یاری منالان

**الغ:** سەرومر، سەرۆک، گەورە، بەرێز

**الغاء:** هەڵوەشاندنەوە، پووچ کردنەوە، هەڵتەکاندن، فەرستیای

**الغاز:** بە ڕاز قسەکردن، مەتەڵ ووتن

**الغیان:** یارمەتی دان، فریاکەوتن، فریادەرسی

**الف:** هەزار

**الف:** خوگرتن، عادەت کردن، هۆگرکردن، خوپێوەگرتن

**الفباء:** ئالفابێت، ئالفبا، پیتەکان لە ئەلف تا ی

**الفت:** خوگرتن، هۆگربوون، هۆگری، عادەت کردن، هاودەمی

**الفختن:** کۆکردنەوە، بەرهەمکردن، دان بەرهەمف، زحێف کردن، گرد کردنەوە، خڕکردنەوە

**الفخدن:** بڕوانە الفختن

**الفرار:** ڕاکردن، هەڵاتن، خۆدەربازکردن

**الفخدن:** بڕوانە الفختن

**الفنجیدن:** بڕوانە الفختن

**الفندن=الفیدن:** بڕوانە الفختن

**القاء:** خستن، تێ ئاوێژتن، تێنان، فکرێک یان شتێک لە مێشکی کەسێکدا دروست کردن

**القاح:** زگپڕکردن، ئاوس کردن، سك پڕکردن

**القارعە:** ڕۆژی پەسلان، ڕۆژی دوایی، قیامەت

**القاص:** ووتاردەر، ووتار بێژ، چیرۆك بێژ

**الك:** بێژەنگ، بێژنگ، بێژن، سەرەند

**الك دولك:** هەلوکێن، پەلیکانی، هەلوێکان، یاریەکی منالانەیە، کە دارێکی چکوولە لەسەر زەوی دادەنێن و بەدارێکی بەرزتر لێی دەدەن

**الكن:** پسك، مەنگ، لاڵەپەتە، زمان فس

**الكي:** فیڕۆ، خۆڕایی، بێ هۆ، کارێك هیچ ئەنجامێکی نەبێت

**الگو:** نموونە، ئۆناگ، تیپ، سەرمەشق، نمینە

**الم:** دەرد، ئازار، ئێش، مەینەتی

**الماس:** ئەڵماس، هەڵماس، ڕووژە، بەردێکی نرخدار و زۆر ڕەقە و شوشەی پێدەبڕێت

**الم شنگە:** هاوار، قیروقاو، دادو کێشە، هەراو جەنگا، قاوقیل

**المح:** زرەنگ، بەبیر، هۆشمەند

**المعي:** زرەنگی، هۆشمەندی، ووریایی

**المناك:** بە ئازار، کەسەراوی، بە دەرد، مەینەتاوی

**النگ:** سەوزەڵان، چیمەن، مێرگ، شیناوەری

**النگ دولنگ:** خرت و پرت، چت و مت، کەلو پەلی بە دەرد نەهاتوو

**النگو:** دەستبەند، دەسبەند، دەستەوانەی ئافرەتان

**الو:** بڵێسە، کڵپە، زمانە ئاگر

**الواد:** نافەرمان، سەرکێش، یاخی، خۆبین، خۆسەر

**الوار:** باهو، تەختە، تەختەی داری تاشراو

**الواط:** بێکارە، بەرەڵا، سەرسەری، هیچ و پووچ

**الوان:** ڕەنگ، ڕەنگەکان

**الود:** سەرکێش، یاخی، نافەرمان

**الوداع:** ماڵ ئاوایی، خواحافیزی

**الوف:** هۆگر، ئۆگر، هاواڵ، دەستەمۆ

**الیوە:** بەپیداخەکان، عەلەمەکان، ئالاکان

**الهاء:** سەرقاڵ کردن، سەر گەرم کردن

**الهام:** لە دڵ خستن، تەلقین کردن، لە دڵ کەوتنی بابەتێك لەلایەن خواوە لە دڵی مرۆڤ

**الیز:** جووتە، جفتە، جووت لەقە

**الیزیدن:** جووتە خستن، جووتلە وشاندن، جفتەك خستن

**الیغ:** نەزان، گێژ، وێژ، کەم فام

**الیف:** خۆگرتوو، هۆگر، یاوەر، هاواڵ، دۆست

**الیم:** مەینەتاوی، ئازاردەر، خەفەت هاور، پرئێش

**الین:** لەسەرخۆ، هێدی، هێمن، نەرم

**الیوم:** ئەمڕۆ، ئەمڕۆژ، ئەمڕۆکە

**ام:** دایك، دایە

**اما:** بەڵام، بەڵان، بلام، تەنانەت، ئەمان، وەلی

**اماته:** کوشتن، کوژین

**اماثل:** شەریف، بەڕێز، پاك داوێن

**امارات:** نیشانەکان، هێماکان

**امارت:** فەرمان ڕەوایی، دەسەڵات رانی

**اماره:** نیشانە، هێما، نیشان

**اماره:** فەرماندەر، دەستوردەر، فەرماندار، چەترمان

**اماره:** ئامار، حسێب، ژمارە

**اماکن:** شوین، شوێن گشتیەکان

**ام الاجساد:** جیوە، مۆرانە، زێوی زیندوو، زیبو، دەرمانێکی شلی جوولە جووڵ کەر و بزووره

**ام الخبائث:** شەراب، مەیی، بادە، عەرەق

**امالي:** دارژتن، ئیملا، بابەتێك کە کەسێك دەیڵێت و ئەوانی تر دەینووسنەوە

**امام:** ڕێبەر، پێش نوێژی، پێشەوایی، مەلای مزگەوت

**امام:** پێش، بەرانبەر، ڕووبەڕوو

**امامت:** ڕێبەری، پێش نوێژی پێشەوای

**امان:** پەنا، بێ ترس، ئارامی، ئاسوودەی، دڵنیایی

**امانت:** ئەمانەت، ڕاستی، دەسپاکی، دژی خیانەت و دەست پیس

**اماني:** ئارەزووەکان، هیواکان، مەبەستەکان

**امبرباریس:** زرشك

**امبرود:** هەرمێ، هەرمۆ، کرۆستك

**امپراتریس:** شاژن، مەلیك، ژنی شا

**امپراتور:** ئیمپراتور، شا، پاشا

**امتثال:** فەرمانبەرداری، لایەنگری، فەرمانبردن

**امتحان:** تاقی کردنەوە، هەڵسەنگاندن

**امتداد:** درێژە پێدان، درێژ کردنەوە، کێشراوی، درێژی

**امتزاج:** تێکەڵاوی، تێکەڵ بوون، ئاوێتە بوون

**امثاك:** گرتنە دەست، چنگ لێدان، ڕاگرتن، پاراستن

**امتصاص:** مژین، مژپای، مژتن، مێتن

**امتعه:** کاڵا، کەل وپەل، شتومەك

**امتلاء:** پڕبوون، لێوان لێو، لیپاولیپ

**امتناع:** خۆدوور کردن، سەرپێچی، خۆدزینەوە، مل پێچکی، خۆنەدانە دەست

**امتیاز:** ئیمتیاز، جیابوونەوە، لەپێشی، پلە، شیاوی، جیاوازی

**امثال:** نموونە، هاوشێوەکان، وەك یەکەکان، چوون یەکەکان

**امثال:** پەند، ئامۆژگاری، مووچیاری، تەڕن، مۆچ، قسەی پێشینان

**امثل:** لەپێش، پاکتر، باشتر، چاکتر

**امجاد:** سەرومران، هێژاکان، گەورەکان

**امجد:** جوامێر، دڵ گەورە، سەرۆك

**امحاض:** ڕاست کردنەوەی قسە، هاوڕێیەتی بێ ریا

**امد:** (١)کۆتای، دوای، دووهای (٢)تووڕەی، قەڵسی، جارزی

**امداد:** یارمەتیدان، هاریکاری، یاریدان، هاوکاری کردن

**امر:** فەرمان، دەستور، ئەمر

**امرار:** ڕابواردن، بەسەربردن، تێپەڕکردن، گوزەراندنی ژیان

**امراض:** نەخۆشیەکان، ئازارەکان

**امرد:** لووس وبوس، کۆلکەپیاو، لاوێك هێشتا مووی لێ نەهاتبێت

**امرداد:** گەلاوێژ، میوەگەیاندن، ناوەڕاست مانگی هاوین، تیرمباران، سەرسیانگ

**امرش:** ناپاك، دەست پیس، خراپکار

**امرود:** هەرمێ، هەرمۆ، کرۆستك

**امروز:** ئەمڕۆکە، ئەمڕۆ، ئەمڕۆژەی کەتیایداین

**امروزه:** ئەمڕۆکە، ئەم سەدە، ئەم ڕۆژگارە

**امروزي:** ئەمڕۆیی، بابی ڕۆژ

**امزاج:** سرشت، دەم، مەزاجەکان

**امس:** دوێ، دوێنێ، دوێکە

**امساء:** شەوکردنەوە، شەوبەسەربردن

**امساك:** (١)خۆگرتنەوە، خۆپاراستن لە خواردن (٢)ڕژدی، دەست ووشکی

**امسالين:** ئەم ساڵی، هی ئەم ساڵ، پەیوەندیدار بەم ساڵەوە

**امشب:** ئەم شەو، ئەم شەوی کیتیایدان

**امضاء:** واژۆ، نیشانە یان هێمایەك کە لە خواروی نووسراوێدا دەنووسرێت

**امطار:** باران، بارانەکان

**امطار:** باراندن، گردنەخوار، داباراندن، داباڕین

**امعاء:** ڕیخۆڵە، ڕیخەڵۆ، ناوزك

**امعان:** دوور ئەندێشی، دوورنواری، تێبینی، بیاچوونەوە

**امعيه:** ڕیخۆڵە، ڕیخۆڵەکان

**امغر:** موو سوور، سوور پێست، قژ سوور، ئەوی ڕوخساری سوورو سپی بێت

**امكان:** (١)بەدەسەلاتی، دەس هاووردن، جێگیر بوون (٢)ئەگەر، دەرفەت، هەل

**امكن:** بەتواناتر، بەهێزتر، بە دەسەلاتتر

**امكنه:** شوێن، جێگە، جێگەکان

**امل:** ئارەزوو، هیوا، مەبەست، چاوەڕوانی، چاوەنواڕی، ئامانج، ئارمان

**امل:** کۆنەپەرست، کەسێك حەز لەداب و نەریتی کۆن بکات یا ناڕەواش بن

**املاح:** خوێ، سوێری، سوێریەکان

**املاق:** داماوی، نەداری، دەست کورتی

**املال:** بێزارکردن، هیلاك کردن، ماندووکردن، دڵگرانکردن

**املت:** هێلکەوڕۆن، تاواهێك، هێك ڕۆن

**املح:** سوێرتر، خوێدارتر، زۆرسوێر

**املس:** نەرم، یەکسان، هاوسەنگ، هێمن

**امم:** نەتەوە، نەتەوەکان، ڕەگەزەکان

**امن:** بێ ترس، دڵنیا، ئاسوودە، ئارام، بێ خەم، ئەمن

**امنع:** جێگرتر، سەقامگیرتر، بڵندپایەتر

**امنيت:** هێمن، دڵنیایی، بێ ترس، ئاسوودەیی، بێ خەمی، ئەمنیەت

**امنيه:** ئارەزوو، هیوا، مەبەست، چاوەڕوانی

**اموات:** مردو، مردوەکان، بێ گیانەکان

**اموات:** کەنیز، کەنیزەك، کارەکەر، کڵفەت، قەرەواش، کەنیش

**امواج:** شەپۆلەکان، بەیار، لیپە، سیپەڵ تەکانی ئاو بەهۆی شتێکەوە، تێڵچوك

**امور:** کار، پیشە، ئیش، کارەسات، ڕووداو

**امومت:** دایکایەتی، بوون بە دایك

**امه:** کەنیز، کەنیش، کارەکەر، قەرەواش، کڵفەت

**امه:** نەتەوە، ڕەگەز

**امهار:** بەشوودان، شیربای سەندن، کچ بەشوودان لە بەرانبەر شیربایی

**امهال:** دەرفەت پێدان، هەل بۆ ڕەخسان، مۆڵەتدان

**امي:** (١) دایکی، دایکایەتی (٢)نەخوێنەوار، کوێر، عەشایر

**اميال:** حەزەکان، ئارەزوو مەندیەکان

**اميد:** هیوا، ئارەزوو، مەبەست، ئومێد، هومێد، چاوەڕوانی، چاوەنواڕی

**اميدبستن:** هیوا بەستن، چاوەنواڕ بوون، ئارەزوو مەندبوون

**اميد داشتن:** ئارەزوو مەندی، هیواداری، هومێدداری، چاوەنواڕی

**اميدوار:** هیوادار، ئومێدار، چاوەڕوان، ئارەزوومەن

**امير:** فەرماندە، فەرمانڕەوا، فەرماندار، میر

**اميرزاد:** میرزادە، لە میربوو، منداڵی میرەکان

**اميره:** خاتوو، خاتوون، ئەمیرە، ژنی ئەمیر،

**امیل:** خوار، خێچ، چەماوە، کۆم، نارێك

**امیم:** پێشەوا، ڕێبەر، پێش نوێژ

**امین:** دەست پاك، دەسپاك، جێی بڕوا، باوەڕپێکراو، دڵنیا

**اناب:** بڕوانە انابت

**انابت:** گەڕانەوە، پەشیمان بوونەوە، تۆبەکردن، دەست هەڵگرتن لە گوناح

**اناث:** مێ، مێینە، ژن

**انار:** هەنار، هنار، دارێکە بە بەرەکەشی دەڵێن

**انار:** دار هەنار، داری هەنار

**اناره:** (١)دەرخستن، ڕوون کردنەوە، ئاشکراکردن (٢)چرۆکردن، شکۆفیانەوە

**اناس:** خەڵك، خەڵق

**اناشید:** نەشید، نەشیدەکان

**اناطه:** هەڵواسین، هەڵواسراوی، خستنەدوا، بەدواداخستنا بە فتگاخستن

**انمل:** سەرپەنجە، سەر قامکە

**انان:** گرینۆك، بەجووکە، کەسێك زۆر بگری و بناڵێنێت

**انانیت:** ئەنانی، خۆپەسەند، لەخۆڕازی بوون، خۆبیخی

**انباء:** خەبەر، دەنگوباس، خواس، هەواڵەکان

**انباء:** هەواڵدان، ئاگادارکردنەوە، پێ ڕاگەیاندن

**انبات:** چاندن، ڕواندن، ڕوانن، سەوزبوونی گیا

**انباخوون:** قەلا، قەڵات، خانوویەکی بەرزوو قایم، دژ

**انباذ:** تۆز، تۆزێك، کەم، مسقاڵ

**انبار:** هەمار، هەنبار، ئەنبار، جێی کۆگا

**انباردار:** ئەنباردار، هەمباردار، کەسێك کاروباری ئەنباری لەسەر شان بێت

**انباردن:** کۆکردنەوە، پڕکردنەوە، هەنبارکردن

**انبارش:** بڕوانە انباردن

**انباریدن:** بڕوانە انباردن

**انباز:** شەریك، هاوتا، ڕکەبەر، هاوکار

**انباشتن:** خڕکردنەوە، کۆکردنەوە، کەڵەکەکردن، پڕکردن

**انباغ:** هاوتا، هاوکار، شەریك

**انبان:** هەنبانە، هەمبانە، هەمیانە

**انبر:** مقاش، مەقاش، پەنگرکێش، پەنگرك

**انبروو:** بڕوانە امروو

**انبره:** بڕوانە انبر

**انبساط:** کرانەوە، ئاوەڵابوون، فراوان بوون، بەربڵاوی، فراوان

**انبست:** یەکگرتن، پێکەوەلکان، پێکەونووسان، نووسانی شتێك کە خۆی گرتنێت وەك ماست و پەنیر، خۆگرتن

**انبوئیدن:** بڕوانە انبوییدن

**انبوب:** فەرش، ڕاخەر، هەشتێك ڕابخرێت

**انبودن:** بەدی هێنان، دروست کردن، داهێنان خوڵقاندن

**انبودن:** لێکردنەوە، گووڵ چنین،

**انبوسیدن:** (١) خەلق کراو، بەدی هاتن، دروست بوون (٢)کەنان، ڕزان، خراپ بوون

**انبوه:** پڕ، لێوان لێو، ئاڵۆز، تێك چرژاو

**انبوییدن:** بۆنکردن، بۆ کردن، بۆن کێشان

**انبیاء:** پێغەمبەران، پێمبەران، ئەوانەی لەلایەن خواوە نێرابێت

**انتاج:** بەرهەم هێنان، ئەنجام گرتن، داهێنان و دروست کردن

**انتباه:** ووشیاری، بەئاگایی، هەستان، بەئاگابوون

**انتحار:** خۆکوشتن، خۆلەداردان

**انتحال:** گەڕانەوە بۆ خۆ، بەخۆ بەستنەوە

**انتخاب:** دیاری کردن، هەڵبژاردن، دەست نیشان کردن

**انتر:** عەنتەر، مەیموونی بچووك کلك داری بێ موو، ئەنتەر

**انترسان:** سەرنج ڕاکێش، سوودمەند، سەرقاڵکەر، بەکەڵك

**انترناسیونال:** نێونەتەوەیی، جیهانی

**انتریك:** بوختان، دەسیسە، ئاژاوە، فیتنە، سیخوڕی، دوو زمانی، شۆفاری

**انتزاع:** هەڵکەندن، هەڵکێشران، لەبن دەرهاتن

**انتساب:** خزمایەتی، قەومایەتی، خۆبەستن بە کەسێکی ترەوە

**انتساق:** ڕێکی، ڕێك بوون، ڕێکخستن، سازدان، ئامادەکردن

**انتسال:** منالدار بوون، بوون بە باوك

**انتشار:** بلاوکردنەوە، ڕاگەیاندن، بلاوە پێدان، پژاندن، پەخشکردن

**انتصاب:** جێگیر بوون، دامەزران، سەقامگیری، دانان، پێ سپاردن، دیاری کردن

**انتصار:** زاڵبوون، سەرکەوتن

**انتصاف:** تۆڵە سەندنەوە، ماف سەندنەوە، وەرگرتنەوەی ماف لە کەسێك

**انتطاق:** ووتاردان، قسە کردن، پەیڤین

**انتظار:** چاو لە ڕێگا بوون، چاوەڕوانی، چاوەچاو، چاوەنواڕی، چاوەڕێی

**انتظام:** سازدان، ڕێکخستن، ڕێکوپێکی، پوختی

**انتعاش:** سەرزیندوو بوون، هەستان، بڵندبوونەوە، خۆشحاڵ بوون

**انتفاء:** دوورکەوتنەوە، لەناوچوون، نەمان

**انتفاخ:** باکردن، ئاوسان، هەلاوسان، ماسین،

**انتفاع:** کەلك بردن، سوود وەرگرتن، بەهرەمەند بوون

**انتقاء:** هەڵبژاردن، دیاری کردن، خاوێن کردنەوە، دەرهێنانی مێشك لە ئێسقان

**انتقاد:** ڕەخنە، ڕەغنە، ڕەخنەگرتن

**انتقاش:** ژیانەوە، بووژانەوە، چاکەوە بوون، بەهێزبوون

**انتقاص:** کەم کردن، کەم کردنەوە، کەمی، کەم وکوڕی، ئیراد

**انتقاض:** شکان، شکاندن، پەیمان شکان، دەم کردنەوە، دەم کردنەوەی برین دوای قەتماغە بەستن

**انتقال:** گواستنەوە، گوێزانەوە، جێبەجێکردن، گۆزانەوە، کۆچ هەڵ کۆچ

**انتقام:** تۆڵە، سزا، تۆڵەسەندنەوە،

**انتکاس:** سەروخوار بوون، ئاوەژۆ بوون، پێچەوانەیی، هەڵگەڕانەوە، سەروژێری، ئاوەژوویی

**انتهاء:** دووای، دووماهی، تەواو بوون، بنەبڕ، بڕانەوە، بڕیانەوە، کۆتایی هاتن

**انتهاز:** بەهەل زانین، چاوەڕوان بوون، لەهەل گەڕان

**انتیاب:** یەك لەدوای یەك، بەدوای یەك، بێ پچڕان، یەك لەسەریەك

**انثلام:** کەلێندار بوون، قەڵش پەیاکردن، ڕەخنەتێ بوون

**انثي:** ژن، مێ، مێینە

**انجاء:** (١)ڕزگار کردن، ئازاد کردن، نەجات دان (٢)ئاشکرا بوون، دەرکەوتن

**انجاب:** بەڕێزی، ڕێزدار بوون

**انجاح:** سەرکەوتن، سەرکەفتن، چیرەبوونە، پیرۆزی

**انجاد:** هاریکاری، یارمەتیدان، ڕازی بوون، هاوکاری کردن

**انجاز:** بەڵێن بردنە سەر، بەجێ گەیاندن، پەیمان نەشکاندن

**انجاس:** گلاوییەکان، ناپاکیەکان، پیسیەکان

**انجاس:** ناپاك کردن، پیس کردن، بە فیڕۆدان

**انجال:** نەوەکان، نەبیرەکان، نەتیژەکان

**انجام:** کۆتایی، دوایی، ئاخری، دووماهی، ئاکام، ئەنجام

**انجام دادن:** ئەنجامدان، دوایی هێنان، بە ئاکام گەیاندن

**انجامش:** بڕوانە انجامیدن

**انجام شدن:** دوایی هاتن، بە ئاکام گەشتن، ئەنجامدران

**انجام یافتن:** بڕوانە انجام شدن

**انجامیدن:** کۆتای هاتن، ئەنجامدران، ئاخری، دوای هاتنی هەر کارێك

**انجذاب:** کێشران، ڕۆشتن بەرەو لای شتێك

**انجره:** گەزنە، ئەگزیما، گەزنەك، بیرۆ

**انجك:** بڕوانە انجوجك

**انجلاء:** ڕوون بوونەوە، دەرکەوتن، ئاشکرابوون

**انجم:** هەسارە، ستێرە، ئەستێرە، هەسێرە

**انجماد:** بەستران، ساردبوونە، چیان، بەستن، سەهۆڵ کردن، گرژبوونەوە

**انجمن:** کۆما، کۆڕ، کۆمەڵ، کۆمەڵ بەستن

**انجمن شدن:** کۆڕبەستن، کۆبوونەوە، ئاپۆرە بەستن

**انجوخ:** چرچ، لۆچ، چەکال، چوورچەمەن، بێ تووک

**انجوخدن:** سیس بوون، لۆچ بوون چرچ بوون، ژاکیان

**انجیدن:** پلپل کردن، ووردکردن، چنین، توچاندن، بڕین

**انجیر:** هەنجیر، ئەنجیر، هەژیر، هێژیر، داریکە بە بەرەکەشی دەڵێن

**انجیر:** کون، دلاقەیەکی گەورەیە یان گچکەیە لە چتێك، وولە

**انجیرین:** دار هەنجیر، دار ئەنجیر

**انجیدن:** کون کردن، سمین

**انجین:** بڕاو، ووردوورد کردن، پەلەپل کردن

**انچوچك:** هەجووجەك، دەنکی هەرمێ

**انچوچك:** وورد، بچووك، گچکە، کورتە بالاّ

**انحاء:** ڕێگاکان، شێوازەکان، شێوەکان، ڕەوشەکان

**انحدار:** هاتنە خوار، دابەزین، داهاتن، شۆڕبوونەوە، کیژێن، داگەڕان

**انحراف:** لە ڕێی دەرچوون، خواربوون، لەڕێ ترازان، لاری، لە ڕێی لادان

**انحسار:** (١)کورت کردنەوە، کورت بوونەوە (٢)تایبەتی، خۆماڵی، تابەتی

**انحطاط:** کۆنەپەرستی، دواکەوتووی، دابەزین، بەرەودوا چوون

**انحلال:** (١)کرانەوە، توانەوە، ناوەلاّبوون (٢)بەتالکردنەوە، هەڵوەشانەوە، پوچکردنەوە، تێکدان

**انحناء:** خواربوونەوە، چەمینەوە، دانەوین، داچەمیان، خواری

**انخداع:** هەڵخەڵەتان، تەفرە خواردن، خاپین، خران

**انخراد:** لاوازبوون، لەربوون، سیس بوون

**انخزال:** ئاڵۆزی، پەرێشانی، داماوی، شیچواوی

**انخساف:** نقووم بوون، دیار نەمان، کوێر بوونەوە، گیران وداپۆشانی مانگ

**انخفاض:** دابەزین، پەست بوون، دانەوین

**انخناق:** خامۆش بوون، خەفەبوون، خنکێن، هەناسەبڕان، فەتسان، فەتسین

**انداختن:** خستن، فڕێدان، خەوخەندن، ئێخستن، کەواندن، هاویشتن

**انداد:** وەك، هاوتا، هاوشێوە

**اندار:** کەم کردن، کەم کردنەوە

**انداز:** بڕوانە اندختن

**اندازه:** ئەندازە، پاچان، هەند، چەندێتی، پارست، تیەن، پێوانە، سێو

**اندام:** ئەندام، پەل، بالاّ، بەژن، ئادگار، ئەنام، تەلە، تەن

**انداوش:** بڕوانە اندابیدن

**انداوید -اندایش -اندایشگر:** بڕوانە اندابیدن

**اندابیدن:** قوڕکاری، خەریك بوون بە کاروو باری قووڕەکاریەوە

**اندخس:** پشت و پەنا، پشتیوانی، پشتەفان، چاڤ چار، دەرقیل، هەڤگەل، چاو سوور، یارمەتیدەر

**اندخسواره:** قەلاّ، دز، قەلاّت، پاڵ پشت، پەناگا

**اندخسیدن:** پەنادان، پیشتیوانی کردن، یارمەتیدان، پاڵ گرتن، هەڤ گەلی

**اندر:** ناو، لەناو، لەنێوان، هۆندور، ناوخۆ

**اندر:** کەم وێنە، بێ هاوتا، بێ وێنە، نادر

**اندراس:** گووم بوون، کۆن بوون، لەناوچوون، کۆنی

**اندربای:** پێویست، پێداویستی، گەرەك، پێویا

**اندربایست:** بڕوانە اندربایی

**اندرخور:** ڕەوا، شیاو، گونجاو، بژمێر

**اندرز:** ئامۆژگاری، ئامۆشیاری، مۆژگاری، مۆچیاری، ئامۆژیاری، گور، پەند

**اندرزگر:** ئامۆژگار، مۆچیار، مۆژیار، ڕامژگەر، مۆژیاری، پەندادەر، ئامۆژار

**اندرزنیوش:** ئامۆژگاری وەرگرتن، پەند وەرگرتن

**اندروا:** هەلاّوسراو، هەلّواسراو، پێدار، ئاوێزان کردن، هەلّوێسراو

**اندرون:** بڕوانە اندرونە

**اندرونە:** ناوسك، ناوزك، ناوخۆ، هوندور، ناوەکی

**اندروني:** ناوی، ناوەکی، نێوخۆیی

**اندك:** کەم، کەمێك، چکێ، تۆزی، برێك، تۆزقاڵێ، مسقاڵێ

**اندك خور:** کەم خۆر، زوو تێر، دژ خۆر، کەم وەر

**اندكس:** دۆشاو مژە، پەنجەی شایەتمان، قامکی تەنیشت قامکە گەورەی دەست

**اندماج:** (١)تێکەڵ بوون، خۆتێ هەڵ قوورتاندن (٢)جێگری، سەقامگی، ری، بە هێزی

**اندمال:** باش بوونەوە، چاك بوونەوە، سارێژ بوونەوە، ساغ بوونەوە

**اندو:** بڕوانە اندرون

**اندوختن:** پاشەکەوت، کۆکردنەوە، بەرهەڤ کردن، خڕ کردنەوە، گرت کردنەوە

**اندودن:** مالّین، ساوین، داپۆشین، هەلّساوین، تێهەلّساوین

**اندوزیدن:** بڕوانە اندوختن

**اندوه:** خەم، پەژارە، کەسەر، خەفەت، مەینەتی، دڵ تەنگی، تەم

**اندوه خوار:** خەمخۆر، خەمبار، خەفەتبار، خەمۆك، خاکەسەر

**اندوه زدا:** خەم ڕەوێن، خەفەت پەڕین، ئەوەی خەم و خەفەت لادەبات

**اندوهگسار:** خەم خۆر، خەفەت بار، دڵتەنگ، بەخەم، دڵ پڕ خەم، خاکەسەر، مامە خەمە

**اندوهگین:** دڵ تەنگ، بە خەم، دڵ پڕخەم، خەفەتبار

**اندوهمند = اندوهناك:** بڕوانە اندوهگین

**انده:** خەم، خەفەت، کەسەر، ئازار، مەینەتی

**اندهان:** خەمەکان، ئازارەکان، مەینەتیەکان، پەژارەکان

**اندهگسار:** بڕوانە اندوهگسار

**اندهگن:** بڕوانە اندهگین

**اندي:** هیوا، ئومێد، چاوەڕوانی، چاوەنواری

**اندیدن:** حەپەسان، واق وڕمان، سەرسووڕمان

**اندیشمند:** بیرمەند، ئەندێشەمەند، ئەوەی لە فکرو ئەندێشەدا ڕۆچوو بێت

**اندیشناك:** بیرمەند، زانا، بە ئەندێشە، ترسێنەر

**اندیشه:** ئەندێشە، هزر، فکر، بیر، گوومان، شك، خەیاڵ

**اندیشگر:** ئەندێشە کەر، بیرمەند، دوورمندێش

**اندیشیدن:** خەیاڵ کردن، بیر کردنەوە، گوومان بردن، فکر کردن

**اندیك:** بڕوانە اندی

**انذار:** ترساندن، تۆقاندن، داچڵەکاندن، بە ئاگاهێنانەوە

**انر:** دزێو، ناحەز، ناشرین، ترسێنەر

**انرژی:** پڕکاری، هێز، توانایی، ووزە

**انزار:** کەم کردن، دەست پێوەگرتن

**انزال:** ناردنە خوار، دابەزاندن، داباربن، ڕژاندنە خوار

**انزجار:** ئازار کردن، وەڕەس کردن، جەرمەسەری، بێزاری، دووری کردن

**انزعاج:** بێ ئارامی، بێ ئۆقرەی، پەشۆکاوی، شڵەژاوی

**انزواء:** گۆشە گیری، سووچ گیری، قوژبن، خەلّوەت کێشان

**انس:** خووگرتن، هاودەمی، هاوڕازی، هاو دەنگی، هاوەڵی، هۆگری

**انساء:** بە دواداخستن، درەنگ کردن، بەقن داخستن

**انساب:** خزمایەتی، کەس و کاری، قەومایەتی، نزیکایەتی

**انسان:** ئینسان، مرۆڤ عینسان، حینسان، بەشەر، خەڵك

**انسان العین:** بیلبیلە، بیبیلە، بەبەلەی چاو

**انسانیت:** مرۆڤایەتی، پیاوەتی، خووڕەوشتی باش، چاکە

**انسب:** شیاوتر، شایەنتر

**انسیاك:** توانەوە، تاواندنەوە، تاوپانەوە، تواندنەوە

**انسداد:** بەستران، پێچدران، پێخواردن، بادران، پێوەدران

**انسدار:** ڕۆشتن، ڕۆیشتن، ڕۆین، ڕەوان بوون، وەرسیان، لوای، چوون

**انسراح:** (١)ڕووت بوونەوە، شەلیان، ڕووپاڵ، داکەندنی پۆشاکی بەر (٢)ساناى، ئاسانی، ڕەوانی

**انسکاب:** ڕشان، ڕژان، مجیایی، قڵپ بوونەوە، پەرش و بلاو بوونەوەی دانەوێڵە یان شتی شل

**انشاء:** دەست پێکردن، داهێنان، بەدیهێنان، دارشتن

**انشاد:** (١)ڕێ نیشاندان، ڕێنوێنی کردن (٢)خوێندنەوە، هۆنراوە خوێندنەوە

**انشار:** زیندو کردن، ژیانەوە، زیندو کردنەوەی مردووەکان

**انشراح:** ئاوەلا بوون، کرانەوە، فەکریان، بەربلاوی

**انشعاب:** جیابوونەوە، جیاوەبوون، جووێ بوونەوە، لقلق بوون

**انشقاق:** قڵشان، قڵشاندن، دەم کردنەوە، داقڵشان، پەرچڤین

**انصات:** خامۆش بوون، کپ کردن، بێ دەنگ کردن

**انصار:** هاوڕێکان، دۆستان، یاران، یاوەران

**انصاف:** نیوە، نیمچە، نیو، نیڤ

**انصاف:** مرۆڤایەتی، ویژدان، دادگەری، دادپەروەری

**انصداع:** تەرەکیان، قڵش بردن، کەلێن تێکەوتن

**انصراف:** گەڕانەوە، هەلگەڕانەوە، بەجێهێشتن، وازهێنان، دەست لێ هەلگرتن

**انصرام:** بڕان، پچڕان، کەرت بوون، قرتان، پسان، تێل

**انضاج:** کولان، کولین، پلخین، کەلزین، پوختە بوون، پیچگەشتنی چێشت لەسەر ئاگر و جۆش هاتنی ئاو و شلەمەنی لەسەر ئاگر

**انضباط:** جێگیر بوون، ڕاگرتن، ڕازاوەی، ڕێك و پێکی

**انضمام:** ئامادەکردن، پێوەلکان، پێوەلکانی شتێك بە شتێکی تر

**انطاق:** ئاخاوتن، هێنانە قسە

**انطباق:** یەکسانی، بەرابەری، هاوسەنگی، بەرابەر بوونی دوو شت

**انطفاء:** کوژانەوە، دامرکان، دامرکیان، کوژانەوەی ئاگر

**انطلاق:** کرانەوە، ڕزگار بوون، ڕەوان بوون، ڕووخۆش بوون

**انطماس:** ونبوون، دیار نەمان، داپۆشران، لەبەر چاو نەمان

**انظار:** (١)گوێگرتن، گوێرایەڵی (٢)دەرفەت، مۆڵەت پێدان، ڕەخساندن

**انعام:** چوار پێ کان، وولاخ

**انعام:** بەخشیش، بەخشین، پێدان و بەخشینی شتێك لەلایەن کەسێکی گەورەوە بۆ بچووکتر لە خۆی

**انعدام:** نەمان، لەناوچوون

**انعزال:** گۆشە گیر کران، دوورخستنەوە، لابران

**انعطاف:** ڕاهاتن، دوولا بوونەوە، مل دان، چەمانەوە، گەڕانەوە، لاربوون

**انعقاد:** مەین، قەرساندن، قەرسین، بەستن

**انعکاس:** دەنگدانەوە، ڕەنگدانەوە، ڕووناك کردنەوە، ئاوژبوون

**انغاص:** بەدبەخت کردن، چارە ڕەش کردن

**انغاض:** لەرزین، بزوان، ترسان، بزواندنی سەر لە ڕووی سەر سووڕمان یان گاڵتەوە

**انغمار:** چوونە ناو ئاو، خۆستنە ناو ئاو

**انغماس:** ژێر ئاو چوون، چوونە ژێر ئاو

**انغماض:** داخران، بەستن، چاو نانە سەر یەك

**انف:** لووت، کەپۆ، کەپوو

**انفاد:** (١)لە ناوبردن، بەفیڕۆدان (٢)بەئەنجام گەیاندن، تەواو کردن (٣)دوای هاتن، تێپەڕبوون

**انفاذ:** ناردن، ڕەوانە کردن، جێبەجێکردن، ئەنجامدان

**انفاس:** نەفەس، هەناسە، سۆزە، بهن، نزە

**انفاق:** دەسگرۆیی، بەخشین، پێدانی شتێك بە کەسانی تر

**انفتاح:** کرانەوە، ئاوەلایی

**انفتاق:** قڵشاوی، دەم کردنەوە، قڵشان

**انفجار:** تەقینەوە، کرانەوە، دەمە بەیان

**انفراد:** تەنیا، تەنیایی، یەکبوون، بۆخۆیی

**انفس:** بەنرختر، گرانتر، پڕ بەها

**انفساخ:** هەڵوەشاندنەوە، هەڵ پشکاوتن، پشکوتاندن، شەقاندن، لێك جوێ کردن

**انفست:** تاری جاڵجاڵۆکە، پەت و تەنراوی جاڵجاڵۆکە

**انفصال:** جیابوونەوە، لێك پچڕان، لێك پاشان، جیایی

**انفصام:** شکان، قڵشان، بڕان، شکاوی، بڕیاوی

**انفطار:** قڵشبردن، درزبردن، قڵشاوی، قڵیشاوی

**انفع:** سوودمەند، بە سوود

**انفعال:** سەر شۆڕی، شەرمەزاری، پەشیمانی، ڕووزەردی، ڕووساردی

**انفکاك:** جیابوونەوە، جوێ بوونەوە، جیاوازی، ئازاد بوون، ڕزگار بوون

**انفلاق:** قەڵیش، قڵشان، قڵشان

**انقاذ:** ڕزگار کردن، نەجات دان، ئازاد کردن

**انقباض:** بەسران، گیران، تێکچوون، تڕەنجان، ئاڵۆزی، تێك چرژاوی

**انقد:** ژیشك، ژووشك، ژیژك، ژیژوو، گیاندارێکی خڕی درواویە

**انقراض:** لەناوچوون، نەمان، بڕانەوە، دوای هاتن، فڕتێکەوتن، تەفروتوونابوون، دوای هاتن، دوایی بڕان

**انقسام:** دابەش بوون، بەشبەش بوون

**انقص:** کەمتر، نوقسان تر، عەیبدار

**انقضاء:** بەسەرچوون، دوای هاتن تێپەڕ بوون، لەناوچون

**انقضاض:** ڕمان، داڕمان، کەوتن، ڕووخان، داڕووخان، کاول و کەمباغ بوون

**انقطاع:** پچڕان، کەرت بوون، پسان، پچکڕان

**انقلاب:** شۆڕش، هەڵگەڕانەوە، شێواوی، شڵەژان، ڕاپەڕین، تێکچوون، ئاژاوە

**انقلاع:** نەمان، لەبن هاتن

**انقیاد:** سەرشۆڕی، مل کەچی، مل دان، دەستەمۆ بوون

**انك:** مەرەکەب، دان، دوێت، ئەوی شتی پێ دەنووسن

**انکار:** حاشا، حاشا کردن، گووپدان، باوەڕ نەکردن، هیچ کاتێکی، پێ ڕازی نەبوون، مل نەدان

**انکر:** نامۆ، دزێو، ناحەز، نەناسراو، ناخۆش

**انکسار:** شکان، شکەستن، شکیان، دەرزین، تووتوخێن

**انکساف:** گیران، گیرانی مانگ و خۆر، مانگ گیران، خۆر گیران، گرتن

**انکشاف:** هاتنە ڕوو، دەرکەوتن، ڕووت بوون، ئاشکرا بوون

**انکیس:** ئاوەژوو، هەڵگەڕاوە، سەرو ژێر

**انگ:** هەنگ، مێش هەنگوین، مێشەنگ

**انگار - انگاردن:** بڕوانە انگاشتن

**انگارده:** چیرۆك، داستان، بەسەرهات

**انگارش:** بڕوانە انگاشتن

**انگاره:** (١)گوومان، شك، دوو دڵی (٢)فکر، بیر، خەیاڵ، هزر (٣)بەسەر هات، داستان، چیرۆك (۴)پێویست، ئەندازە، ڕادە

**انگاریدن:** بڕوانە انگاشتن

**انگاز:** ئامراز، کەرەستە، ئامێر، دەوات

**انگاشتن:** گوومان کردن، وازانین، بیر کردن، هەست کردن، خەیاڵ کردن، واتێگەشتن

**انگام:** بڕوانە هنگام

**انگامه:** بڕوانە هنگامە

**انگبین:** هەنوین، هەنگوین، هەنگفین، کۆمەڵگا، تە فر، هنگف، هنگوف، کاریت

**انگختن:** بڕوانە انگیختن

**انگروا:** ئاخوور، تەویلە، شوول

**انگرو:** بێن، بێلاسن، خاکەناز، پێمەرە

**انگژوا:** بڕوانە انگروا

**انگشت:** قامك، پەنجە، ئەنگوست، ئەنگووس، کلك، تبل، تل

**انگشت:** خەڵوز، زوغاڵ، ڕەژی

**انگشتال:** نەخۆش، ناساغ، ناخۆش، ناتەندروست

**انگشتان:** ئەنگووسانە، قووچکە، دەق، سەرتلیك، هنگوتۆك، ئەنگوستیلەی دووروومانی

**انگشت پیچ:** پەیمان، بەڵێن، مەرج، دەستا وێژ

**انگشتر:** ئەنگووستیلە، ئەنگوشتەر، ئەنگووشتەویلە، نگین، کلکەوانە، مینەکە، پەنجەوانە

**انگشت شمار:** کەم، تۆز، ئەوەی ژمارەی لە ژمارەی قامکەکانی تێ نەپەڕێت

**انگشت شهادت:** دۆشاو مژە، قامکی شایەتوومان

**انگشت کش:** بڕوانە انگشت نما

**انگشگر:** زوغاڵ فرۆش، خەڵوز فرۆش

**انگشت نشان:** بڕوانە انگشت نما

**انگشت نما:** ئەنگووشتنما، ئەنگوشت نیشان، ئەنگووستنما، کەسێك لەبەر ناو و ناوبانگی بە قامك نیشان بدرێت

**انگشته:** شەن، شەنە، دارێکی پێنج پەنجەیە خەرمانی گێرە کراوی پێ بە با دەکرێت

**انگل:** قامکە، پەنجە، تل

**انگل:** دووگمە، قۆپچە

**انگور:** ترێ، ئەنگۆر، هەنگوور

**انگورستان:** ڕەز، باخی ترێ، باخی مێواو

**انگول:** دووگمە، قۆپچە

**انگول:** قاکم، پەنجە، تل

**انگیختن:** هاندان، جووڵاندن، پاڵ پێوەنان، چۆکلەختێ، بزواندن هەڵ خراندن

**انگیر:** هەنجیر، ئەنجیر

**انگیزاندن:** هاندان، بزواندن، جووڵاندن، هەڵخراندن

**انگیزش:** بڕوانە انگیختن

**انگیزه:** هۆ، هۆکار، بانی، بەڵگە، هۆی بزواندنی کەسێك بۆ کارێك

**انماء** (١)گەشەپێدان، پەرە پێدان (٢)دەرخستن، ئاشکرا کردنی ووتە

**انمله:** سەر تل، سەر قامك، سەر پەنجە

**انموذج:** نموونە، شێوە، شێواز

**انواء:** بەخشش، کەرەم، باران

**انوار:** نوارەکان، ڕووناکیەکان، ڕۆشناییەکان

**انوار:** شکۆفە، چرۆ

**انواع:** شێوەکان، جۆر، چەشنەکان

**انور:** ڕوونتر، ڕووناکتر، درەوشاوەتر

**انوشه:** (١)باویدان، نەمر، هەمیشە زیندوو (٢)تازە زاوا

**انوف:** لووت، لووتەکان، کەپۆکان

**انوق:** هەڵۆ، کۆلالە مار، ئەیلق، ئەڵهۆ

**انوك:** گێژ، نەزان، حۆل، کەر، بێ ئاوەز

**انهاء:** گەیاندن، پێ ڕاگەیاندن، ئاگادار کردن، هەواڵدان

**انهاب:** تالاّن کردن، تاراج کردن، فەرهوود کردن، کەل و پەل و سامان کە بەزۆر لە مرۆڤ دەبرێت

**انهاج:** ڕوون بوون، دەرکەوتن، دەرخستن، ئاشکرا بوون

**انهار:** ڕووبارەکان، جۆگەکان، چۆمەکان

**انهاض:** بزواندان، هەڵ خراندن، جووڵاندن، هاندان

**انهباط:** هاتنە خوار، دابەزین، داکەوتن، نزم بوونەوە

**انهتاك:** ڕسوایی، ئابڕوو چوون، شەرمەزاری

**انهدام:** ڕمان، تەپین، کاول بوون، ڕووخان، وێران

**انهر:** ڕووبارەکان، چۆمەکان

**انهزام:** شکان، تێك شکان، هەلاّتن، شکانی لەشکر

**انهظام:** هەرس کردن، دابەزینی خواردن

**انهمار:** تێك شکان، کاول کاری، داتەپین، دارمان، ڕووخان

**انهماك:** هەوڵ دان، سەرقاڵ بوون بەکارێك، تێکۆشین خەبات دان، بێ ووچان

**انیب:** دیان سەوڕە، کەسێك دانی گاز گرتنی وەك دانی سەوڕە گەورە بێت

**انیس:** هۆگر، ئۆگر، خووگرتوو، هاوڕێ، دۆست، یار

**انیسان:** ئەفسانە، هەڵبەستراو، قسەی ناڕاست

**انیق:** عەنیق، سەرنج ڕاکێش، جوان، بەدڵ، گونجاو، لەبار

**انین:** هاوار، ئاخ و داخ، گریانی بەسۆز

**اوا:** ئاواز، ئاهەنگ، گۆرانی

**اوائل:** سەرەتاکان، دەسپێك

**اواب:** تۆبە کەر، پەشیمان، کەسێك بۆلای خوا بگەڕێتەوە

**اوابد:** ئاژەڵی وەحشی، ئاژەڵی درندە، گۆشت خۆر

**اواخر:** دووماهی، دواییەکان، کۆتاییەکان

**اوار:** گەرما، گەرمی، تا، تینویەتی

**اوارون:** پێچەوانە، خوار، ئاوەژوو، ناڕاست، نارێك

**اوارونە:** ڕێ ناڕاست، ئاوەژۆ، ڕێ لار، لاڕێ

**اواسط:** بێوەڕاست، ناوەڕاست

**اوام:** ڕەنگ، جۆنیەتی ڕەنگ

**اوام:** توونی بوون، گێژی، تینویەتی

**اوامر:** دەستورەکان، یاساکان، فەرمانەکان

**اوان:** کات، وەخت، سات، دەم

**اواني:** دەفرەکان، دەفرەکان، ئامان، قاپ، ئیربار

**اواه:** گرینۆك، چاو بە فرمێسك، کەسێك لە ترسی خوا زۆر بگری

**اوب:** هاتنەوە، گەڕانەوە، ئەگەڕیان

**اوباردن:** بڕوانە اوباریدن

**اوباریدن:** قووت دان، کردنە خوار، قووت دان بێ جاووین

**اوباش:** لاتوو لووت، لاتوو پووت، سەرسەری، خوێڕی، بەڕەلا، هیچ و پووچ، شارلاتان

**اوباشتن:** کۆکردنەوە، پڕکردن، لێوان لێو کردن

**اوبردن:** بڕوانە اوباریدن

**اوبە:** خێمە، ڕەشماڵ، چادر

**اوثان:** بت پەیکەر، هەیکەلی دروست کراو بۆ پەرستن

**اوثق:** بەهێز، جێگر، سەقام گیر

**اوج:** بڵندی، بەرزی

**اوجاع:** ئێش، ئا زارەکان

**اوجال:** ئەم وشە کۆیەو بەمانانی ترس، سام، باك، پەروا، هەراس، دێت

**اوجب:** شیاوتر، پێویست تر، شایان تر

**اوجە:** بەرێز، بەنرخ، گەورە، گرنگ

**اوحال:** قوڕو چڵپاو، گڵ و ئاو، قووڕاو

**اوحد:** تەنیا، یەك، تەك، بێ وێنە، بێ هاوتا

**اوداء:** دۆستان، هاوڕێکان، لایەنگران

**اودر:** مام، برای باوك، ئاپۆ

**اودیە:** ڕووبارەکان، چۆمەکان

**اور:** مست، مشت، مستە کۆڵە

**اور:** جنێو، قسەی ناشرین، جوێن، پژمین

**اورا:** قەلا، قلات، دژ، دیوار ی گەورە و بەرز

**اوراد:** دۆعا، زیکر، پاڕانەوە، لالانەوە

**اوراشتن:** بڕوانە افراشتن

**اوراق:** بەرگەکان، لاپەڕەکان

**اورام:** ئەم وشەیە کۆیەو بەمانانی هەلاوسان، ماسین، ئاوسان دێت

**اورت:** : کراوە، ئاوەلا، بلاوی

**اورع:** : پارێزکار، خۆ پارێز، داوێن پاك، خواناس

**اورك:** : جۆلانێ، جۆلانە، هەرمزانێ، هەلوورك، دیلانە، لەلووە هێلان، هێفرۆی، هەلواسینی گووریس بە دارو هات و چۆ کردن پێی

**اورمزد:** : ئاورامەزد، ئەهورامەزد، خوای تەنیا، خوای زەردەشتیان

**اورند:** : پێگە، شان، پلە، بلندی

**اورند:** : (١)زیر، هزرو ئاوەز (٢)فێل، تەلەکە، کەلەکە

**اورندیدن:** : فریودان، هەڵ خەلەتان، کلاوسەر کردن، گرەی کردن

**اورنگ:** : تەخت، کورسی، کورسی پاشایەتی، کەت

**اورنگ:** : ئاوۆڕەنگ، بەرەنگی ئاو، ئاوو ڕەنگ

**اوزار:** : ئامراز، ئامێر

**اوزار:** تاوان، گوناحەکان، هەلە، چەوتیەکان

**اوژندن:** کەواندن، بەزەویدان، خستن

**اوس:** (١)بەخشیش، پێدان (٢)گورك

**اوساخ:** ئەم وشەیە کۆیەو بەمانای چلك، ناپاکی، پیسی دێت

**اوستا:** ئەوستا، ئاڤێستا، ئاوێستا، کتێبی پیرۆزی زەردەشت

**اوستاخ:** ئازا، چاو نەترس، بێ باك، زاتدار، بەجەرگ

**اوستاد:** وەستا، کارزان، فێرکەر، مامۆستا

**اوستام:** زین، مارەکە، شتێك لە چەرم و دار دروست دەکرێ و لە پێش وولاخی بەرزە دادەنرێ

**اوسخ:** چلکن، ناپاك، پیس، گلاو

**اوسط:** نێو ڕاست، نێوەنج، ناوە ڕاست

اوسع: بەربلاو، کراوە، ئاوەلا

اوشاق: بەردە، کۆیلە، کوڕ

اوشال: گۆم، چالاو، زەلکاو، زەق، شوێنی کۆبونەوەی ئاو

اوشاندن: بڕوانە افشاندن

اوضاع: بارو دۆخ، چلۆنایەتی، چۆنیەتی

اوضح: روونتر، ئاشکرا تر، دیارتر، بەر چاو

اوطار: پێویست، پێداویستی، نیاز

اوعیه: دەفر ە دەفر، قاپ، هیر بار

اوغاد: بێ ئاوەز، کەم فام، کەر، گێژ، وڕ، حۆل

اوفتادن: بڕوانە افتادن

اوقات کاتەکان، ساتەکان، وەختەکان، دەمەکان

اوکندن: بڕوانە انکندن

اوگ: بەرزایی، بڵندی، بڵندایی

اول: یەکەم، سەرەتا، دژی ئاخری

اولاد: منالەکان، نەوەکان

اولاغ: وولاخ، کەر، گوێرێژ

اولیتماتوم: دوایین قسە، ئۆلیتماتۆم، ئاخرین، مەرج، وتەی ئاخر، بڕیاری کۆتایی، دوایین پشنیار

اولجامیش: کورنۆش بردن، سەر دانەواندن، ملکەچی، لایەنگیری

اولسر: برین، زام، ئاسور، زامی دەم کراوە لە جەستە

اولو: خاوەنەکان، ماڵخۆکان، خواوەندەکان

اولوالامر: پێشەوا، ڕێبەر، فەرمانڕەوا

اولویت: لە پێشی، سەرکەوتن، پێش کەوتن

اولی: شیاوتر، شایانتر، لە پێشتر

اولی: یەکەمی، سەرەتایی

اولیاء: دۆستان، هاوڕێیان، یاران

اومانیسم: مرۆڤ دۆستی، یاسای مرۆڤایەتی

اومید: بڕوانە امید

اوهام: خیاڵ، گومان، بیرکردنەوە

اویراه: لاڕێ، ڕێگەی ناڕاست

اویژه: تایبەت، پاك، بژاردە، خاسما، دانستە

اویس: گورگ، فەرڤ، وەرگ، گورگوری

اویماق: تایەفە، خێڵ، عەشیرە، بنەماڵە

اهابت: هاوار کردن، بانگ کردن، بانگ کردنی شوان بۆ مەڕ، ترساندن، تۆقاندنە

اهاله: خۆڵ کردنە سەر، داپۆشینی مردوو بە خۆڵ

اهالی: خەڵك، دانیشتوان

اهانت: نیهانە کردن، سووك کردن، قورسایی نەهێشتن، ڕسوا کردن

اهباط: هێنانە خوار، دابەزاندن

اهبه: پێداویستی، پێویستی، کەل و پەلی ژیان

اهتداء: ڕێ دۆزینەوە، ڕێ نوێنی کران، ڕێ نیشاندران

اهتـزاز: شـەکانەوە، لـەران، شـەکاندنەوە، لـەرزین، لەرینەوە، جوولانەوە

اهتمام: هەوڵدان، خەبات کردن، تێکۆشین، خەمخۆری، بەتەنگەوە بوون

اهداء: پێشکەش کردن، بەدیاری ناردن، خەلات کردن

اهدار: بەفیڕۆدان، لەناوبردن، پێشێل کردن

اهداف: نیشانەکان، ئامانجەکان، مەبەستەکان

اهرامن: بڕوانە اهریمن

اهران: تەشوێ، تێشە، تەوشێ

اهرم: نووێـڵ، بـاری، ڕنگلیـزە، ئاسنێکی درێـژو قورسـە شتی قوورسی لە زەویدا پێ دەجووڵێنن

اهرمن: بڕوانە اهریمن

اهرمن لاخ: ئەهریمەن جێ، وولاتی شەڕو ناپاکی

اهرن: بڕوانە اهریمن

اهریمن: ئەهریمەن، شەیتان، دیاردەی خراپە، دووژمنی چاکە

اهـریمن خـوی: شـەیتانی، شـەیتان خـوو، کەسـێك تایبەتمەندی شەیتانی هەبێت

اهریمه: بڕوانە اهریمن

اهـل: (١)شـیاو، شـایان، گونجـاو، (٢)خێـزان، بنەماڵـە، ئەندامانی عەشیرەت و بنەماڵ

اهلاك: کوشتن، لەناوبردن، مراندن

اهـل بـاطن: ڕۆشـنبیر، ڕۆشـن دڵـی، پـیرۆز، کەسـێکی ڕووناك بیر

**اهل بصيرت:** زانا، بیرمەند، دوور ئەندێش

**اهل تقوي:** پارێزکاران، خۆپارێز، کەسانی

**اهل حال:** دڵ زیندوو، خۆش ڕابووێر، دڵخۆش

**اهل حق:** خواناس، خۆپارێز، لە خواترس

**اهل دل:** ڕووناکبیر، ڕۆشن دڵ، دڵ زیندوو، خواناس

**اهل زوق:** خۆش گووزەران، دڵخۆش، خۆش زەوق

**اهل ردە:** بێ دین، خوا نەناس، هەڵگەڕاوە

**اهل شقاق:** شەڕەنگێز، شەڕانی، ئاژاوەچی

**اهل طمع:** کەسنی چاو چنۆك، ڕژدەکان، بەتەماحەکان

**اهل کتاب:** زەردەشت و جوولەکەو مەسیحی کە کتێبیان هەیە

**اهل کرم:** دڵباش، بەبەخشش، پیاو چاکەکان

**اهل نفس:** خۆبین، خۆپەرست، شاوەت پەرست

**اهل وقوف:** بەتوانا، لێهاتوو، کەسانی کارزان

**اهلي:** ڕام، دەستەمۆ، دەسەڵێن، دەس گرۆ

**اهليت:** شایانی، شیاوی

**اهل يقين:** دینداران، خواناسەکان

**اهم:** گرنگتر، بەنرختر، پێویست تر، لە پێش تر

**اهمال:** بەفتنگاخستن، بەدوادا خستن، کەمتەرخەمی، پەك خستن، پشت گوێ خستن، گوێ نەدان

**اهمام:** (١)ناارام کردن، خەمبار کردن (٢)پیر بوون، لاواز بوون

**اهميت:** بایەخ، گرنگی، بایی

**اهـواء:** هەوەسەکان، خواستەکان، نەفس، حەزە بێ نرخەکان

**اهوار:** شێواو، پەرێشان، شەیدا، عاشق

**اهوج:** خاو، کەم فام، بێ ئاوەز

**اهـورامز دا:** ئەهورامەزد، خوای تەنیا، خوای زەردەشتەکان، ئاورامەزد

**اهون:** لاوازتر، سست تر، سووکتر، نزمتر، کەم نرختر

**اهيب:** ترسێنەر، تۆقێنەر تر، پڕ مەترسی

**اهيف:** کەمەر باریك، ناوقەد باریك

**ايائم:** بێوە، بێوەژن، بێوە پیاو، پیاو یان ژن کە ژن یان مێردی نەمابێت

**اياب:** گەڕانەوە، وەرگەڕیان، فەکریان، هاتنەوەی دوو بارە

**ايـاد:** (١)پشتیوان، پەنا، پشت (٢)پەردە، بووشار (٣)دژ، کێو، کوو

**اياره:** دەستەوانە، دەست بەند، دەستێنە،

**اياره:** حسێب، ژماردن، دەفتەری حسابات

**ايارەگير:** ژمێریار، حسێبدار، حسابدار

**اياز:** سرووە، سریوەی با، سرتە، چەتە، شنە، جریوە

**ايازي:** پەچە، پێچە، ڕووبەندی ئافرەتان

**اياغ:** جام، پێك، بادە، پەرداخ، بیاڵە

**ايالت:** ناوچە، مەڵبەند، ویلایەت، بەشێك لە وڵات

**ايام:** ڕۆژ، ڕۆژەکان، ڕۆژگار

**ايـامن:** ئەم ووشەی کۆیە و بەمانای ڕاست، بەرانبەر دژی چەپ دێت

**ايامين:** بڕوانە ایامن

**ايبك:** مانگ، مانگی تەواو

**ايتام:** ئەم ووشیە کۆیەو بەمانای هەتیوو، بێ باوك دێت

**ايتكين:** خاوەن ماڵ، خانە خوێ، خاوەندار

**ايتوك:** مزگێنی، مژدە، خەبەری خۆش

**ايثار:** خەبات، گیانبازی، خۆنەویست، بەخشین

**ايجاب:** پێویست کردن، ڕازی بوون، وەرگرتن

**ايجاد:** دروست کردن، دامەزراندن، خولقاندن، داهێنان

**ايجاز:** کورتی، کورت کردنەوە، لە کورتی بڕانەوە

**ايجاع:** ئازاردان، ئێش پێگەیاندن

**ايچ:** هەچی، هیچ، توو، چوو، ئاشتە با، ئاس و پاس

**ايحاء:** دابەزاندن، لە دڵ نان، ئیلهام کردن، خستنە دڵ

**ايدر:** ئێرە، لێرە، هەنووکە، ئێستا

**ايدون:** ئێستا، هەر ئێستا، لێرە، ئێرە، ئەم کاتە

**ايده:** فکر، بیر، هزر، گوومان، ئەندێشە، نیەت، باوەڕ

**ايدئال:** دوا پلەی ویست، شیاو

**ايـدي:** ئەم ووشەیە کۆیە بەمانای دەست دێت، دەستەکان

**ایـذاء:** ئـازار دان، چەوسـانەوە، بـن پـەنج کـردن، تەرپلانەوە
**ایر:** کیر، کێر، گوون،عەیبی پیاو
**ایرا:** لەبەر ئەوەی، چونکە، بۆیە
**ایراء:** رەخنە گرتن، رەخنە، بیانوو، ئیراد، رەغنە
**ایرمان:** میهمان، میوان، مەهوان
**ایرمان سرا:** میوان خانە، مێمان خانە، میوانگە
**ایز:** شوێن پێ، جێگە پێ
**ایزد:** یەزدان، خودا، خودێ
**ایـزون:** هەمیـشە بـەهار، هەمیـشە سـەوزە، گـوڵێکی نارنجی و زەردی هەیە لە هەموو چلخێکدا گوڵی هەیە
**ایسار:** بەهێز بوون، دەسەلاتداری، ئاسان بوون
**ایستادن:** وێسان، راوەستان، وەستان، بەپێوە بوون
**ایستانیدن:** وەستاندن، راوەستاندن، وێساندن، بە پێوە راگرتن
**ایستگاه:** وێستگە، ئێستگە، شوێنی وەستان
**ایستیدن:** بروانە ایستادن
**ایسر:** چەپ، لای چەپ، دژی راست
**ایشە:** جاسوس، سیخوڕ، هەواڵدەر
**ایصاء:** ئامۆژگاری کردن، پەند دادان
**ایصال:** پەیوەند کـردن، پێکـەوە لکان، پێکەوەنووسـان، بەیەك گەیاندن
**ایضاء:** بۆ جارێکی تر، هەروەها
**ایضاح:** ئاشکرا کرددن، دەرخستن، روونکردنەوە
**ایطاء:** پێشێل کردن، پاماڵ کردن، پایەماڵ کردن
**ایعاد:** ترساندن، تۆقاندن، داچڵەکاندن
**ایغر:** نێر، نێرە، کەڵ، ئەسپی نێر
**ایفاء:** وەفا کـردن، بـەڵێن بردنـە سـەر، لەسـەر پـەیمان مان، پەیمان نەشکان
**ایفاد:** ناردن، هەناردن، رەوانە کردن
**ایقاد:** داگیرساندن، ئاور ئایساندن، تێکردن
**ایقاظ:** وشیار کردنەوە، بە ئاگاهێنانەوە، تێ رۆکـردن، تێ خستن
**ایقاع:** گیرۆدەکردن، کەواندن، خستن، بەرپاستی کردن

**ایقان:** دڵنیایی، بێ گوومان، باوەڕ
**ایل:** خێڵ، تایەفە، عەشیرە، بنەماڵە
**ایـلاج:** خـستنە نـاو، دەرهێنانـەوە، تـێ رۆکـردن، تـێ خستن
**ایلاد:** زان، زك بوون، نزیك بوونەوەی کاتی مناڵ بوون
**ایلاف:** (١) دۆستایەتی، گونجاوی، سازگاری (٢) پەیمان، بەڵێن، ئەمەك
**ایل بیگ:** ریش سپی، سەرۆك عەشیرە
**ایلچی:** نێردراوو، نێراوو، کەسێك بەتایبەتی بـۆ کارێك بنێرێت
**ایلخان:** بروانە ایل بیگ
**ایم:** بێوە پیاو، بێوە ژن، ژن یان پیاوێك کە مێـرد یـان ژنی نەمابێت
**ایماء:** (١)ئیشارە، ئاماژە (٢)تەوس، نهێنی، راز
**ایمد:** گاسن، گێسن، گاو ئاسن، ئاسنێکی سـەر تیژە کە بەدار بە گایەوە دەبەستن زەوی پێ دەکێڵن
**ایمن:** (١)راسـت، لای راسـت (٢)دڵنیـا، ئاسـوودە، پـشت سوور، دڵ قایم
**ایمە:** ئێستا، هێستا، هەنووکە
**ایناس:** (١) خووگرتن، عادەت گرتن (٢) هـۆگر بـوون، ئۆگری
**ایناغ:** دوو زمـان، تـەلاقرەش، ئـاوری بـن کـا، گـای بنـە، پێکوڵچین
**ایوار:** دەمەو ئێواری، ئێوارێ، رۆژ ئاوا بوون
**ایواز:** رازاوە، رازاو، لووس کراو، جوان کراو، رازێنراو
**ایوان:** هەیوان، تارمە، ئەیوان، ئێوان، دووبانکۆك
**ایهام:** گوومان، شك، دوودڵ بەهەڵە بردن، شك خـستنە دڵ، تووشی دوو دڵی کرد

# ب

**باآبرو:** بە ئابڕوو، ئابڕوودار، بەحەیا

**بائت:** بەیات کتووت، شەوماوە، نان و چێشتی شەوماوەی شەوێیە

**بائر:** بەیارە، چۆڵ، بایە، باهێر، با بێر، بۆرە، هۆر

**باارز:** بەهادار،گران، بەنرخ، بەرێز

**بائرە:** بڕوانە بائر

**بائس:** هەژار، نەدار، دەست کورت، کەنەفت، چارە ڕەش، خاکە سەر، لارەمل، کزۆک

**بااصل:** خانەوان، خانزاد، تۆرن، گەورە ماکڵ، کابۆش، هێر، کەسێک لە بنەماڵەی گەورەو دیار بێت

**بائن:** بەرچاو، دیار، ڕوون، ئاشکرا

**باب:** باوکە، باوك، بابە

**باب:** گونجاو، شیاو، دەزی، شاباو

**باب:** دەرگا، دەروازە، درگە

**بابا:** بابە، باوك، باوکە، باوەگەورە

**بابت:** لەبارە، دەربارە، بابەت، بۆنەوەی باوەت

**بابزن:** شیش، سیخ، سیخودار، شیشی کەباب و ئیتر

**باب طبع:** بەدڵ، گونجاو، دڵخواز، شتێك بەدڵی مرۆڤ بێت

**بابك:** ڕاهێنەر، فێرکار

**بابلس:** خەشخاش

**بابوتە:** گۆزە، ئافلینە، سووالەت

**بابونج - بابونك:** بڕوانە بابونە

**بابوونە:** بابوونە، گوڵە فەقێ، گوڵە چاو نێشە، گیایەکی بەهاری بۆن خۆشە و لە پزیشکی دا بەکار دەهێنرێت

**بابیزان -بابیزن:** بڕوانە بادزن

**باتالیون:** بەتالێون، دەستە گروپ، هێز، لق

**باترە:** دەف، دەفە، دایرە، دەفك، ئامرازێکی ئاهەنگ و بەزمە

**باتك:** برە، تیژ، شمشێری تیژ

**باتلاق:** زق، زلقاو، زەلکاو، لەرزۆك

**باتنگان:** باینجان، بادینجان، باجان، گیایەکە بەری وەك کوولەکەی دێنێ بەلام ڕەش و قاومییەو بۆ چێشت بەکاردێت

**باتون:** گۆچان، دارە دەست، قەلانگ، هەچك، چەوگان، هەچی، گالۆکە

**باج:** باج، میری، رادانە، سەرانە، سەرانەی زۆرەکی

**باج:** ووتە، قسە، ووتار، پەیڤ

**باج بگیر:** باجگر، باج ئەستێن باجەوان، رادار

**باجخانە:** باجگە، شوێنی باج لێوەر گرتن

**باجربزە:** بەجەرگ، شیاو، زاتدار، شایان، لێهاتوو، بەتوانا

**باج ستان:** بڕوانە باج بگیر

**باجگاە:** باجگە، شوێنی باج سەندن

**باجناق:** هاو زاوا، ئاوەڵ زاوا، هاوەڵ زاوا

**باجە:** باجە، ڕۆچنە، کولانە، واجە، کوناواجە، کەناوەجە، قەفەزێکە لە بانك و سینەما و شەمەندەفەردا یەکێکی تیا دادەنیشێت و بلیتی تیا دەبڕێ

**باجی:** خوشك، خوێشك

**باحث:** لێکۆڵەر، پشکنەر، کەسێك بەدوای شتێکدا بڕوات و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات

**باحور:** چلە، گەرمای تیژی هاوین، چلەی هاوین

**باخبر:** ئاگا، خەبەر دار، ئاگادار

**باخت:** دۆڕان، زیان کران، لە دەست چوونی شتێك بە قوومار یان گرێو

**باختر:** ڕۆژ ئاوا، خۆر ئاوا، خۆرنیشن

**باختن:** دۆڕاندن، زیان کردن، تەرەوە، دارنان، لەکیس چوون، تێشکان، خەچان، خرچان، لە دەست چوونی شتێك بە قوومار یان شتێکی تر

**باخل:** رژد، قرنووس، چەپخوس، چرووك، سپکە

**باخە:** کووسی، کیسەڵ، کووسەڵ

**باد:** با، وا، ڤا، هەوا کە بایی بێت کە لقی داران و سەری گیاکانیش دەبزوێنێ، بای زریان، بای ڕۆژ ئاوا، بای شەماڵ

**بادابـاد:** قـیرو سـیا، بەتوون، بەجەهەننـەم، هەچی دەبێت با ببێت

**باداد:** دادپەروەر، دادپەرست، دادپەرس، کەسێك دژی زوڵم و ستەم بێت، دادپرسیار

**بادافراە:** دادپرسی، داد پرسیاری، لێپرسینەوە، سزادان، تۆڵە، جەزرەوە، بویژاردن

**بادام:** باهیڤ، بادام، بایەم، چەقالە، بە دار و بەرەکەشی دەڵێن چووالە

**بادام بن:** داری بایەم، دار بادام

**بادام چشم:** چاو بایەمی، کەسێك چاوی لە بایەم بچێت

**بادام سیا:** چاو بایەم، چاو ڕەش، مەبەست لە چاوی خۆشەویست کە ڕەش و لە بایەم بچێت

**بادام کاغذي:** چووالە کاغەزی

**بادام کوهي:** چووالە کێوی

**بادامي:** بادامی، ئەوەی شێوەی بادام بێت، بایەمی

**بادا نجیر:** باهەنجیر، هەنجیرێکی بێ تامە کە لە پێشدا پێدەگات

**باد آور:** بارامـاڵ، باهێنراو، باهێنـەر، ئـەوەی بـا لەگـەڵ خۆی ڕاپیماڵێت و بیهێنێ

**باد آهنگ:** دەلاقـە، ڕۆچـنە، بـەرکارە، کۆڵێتـان، کولانـە، کونی گەورە لە دیوار

**بادبادك:** بازی هەوای، بافرکە، حەوایلە، بەرزە

**بادبان:** چارۆکەی کەشتی

**بادبدست:** بـەمراز گەشـتوو، چـارە ڕەش، بـایی هـەوا، بابدەست

**بادبر:** بابڕ، بۆن بڕ، هەر دەرمانێك بای سك نەهێڵێت

**بادبر:** خۆهەڵکێش، فشەکەر

**بادبر:** بڕوانە بادبادك

**بادبروت:** بـای هـەوا، خـۆ بـەزل زانـین، خـۆبینی، خۆپەسەندی

**بادبز:** پاییز، پەهیز، پەییز، چری، سەردووا

**بادبهاران:** بـای بـەهاران، بـای بـەهار بایـەك کـە لـە بەهاردا بێت

**بادبیز =بادبیزن:** بڕوانە بادبزن

**باد پا:** بەلەز، خۆشڕەو، خێرا

**باد پر:** بڕوانە بادپر

**باد پیچ:** جوولانە، جۆلانێ، هەرزانێ

**باد پیمـا:** باپێو، بەلـەز، خۆشـڕەو، باگـار، ئەسـپ یـان ووشتر ێك خێرا بڕوات

**باد پیمودن:** لاوازی، تەنبەڵی، هەتیو چەیی، باپێڤانی

**بادخانە:** باگیر، باگا، شوێنی باگر، باخوون

**بادخن:** بڕوانە بادخانە

**بادخون:** بڕوانە بادخانە

**باددست:** بابەدەست، هەژار، نەدار، دەست کوورت

**بادرم:** فیڕۆ، بێ وەج، بەدەرد نەخواردوو

**بادزن:** باوەشێن، بارووشە، باوەشینك، باشێن، باژەن

**بادسار:** کەم نرخ، سووك، بێ قوورسایی

**بادسام:** بای گەرم، بایی سوتێنەر، بای ژاراوی

**بادسایي:** خۆبەزل زانین، خۆهەڵکێش

**بادسبلت:** خۆبەزل زانی، خۆهەڵکێشی

**بادسر:** لەخۆڕازی، ملهوڕ، خۆبین، خۆپەرست

**بادسرد:** کزە با، بای فێنك، بایەك سەرمای لەگەڵ بێت

**بادسنج:** خۆبین، لەخۆڕازی، خۆبەزل زان

**بادسنج:** باپێو، ئامرازێکە بۆ ئەنـدازە گرتنـو فشاری با بەکاردێت

**بادشکن:** بڕوانە بادبر

**بادصر:** بای سەرسەر، بای توندو تیژ

**بادغر:** بروانە بادخانە

**بادفر:** فرفرە، فرفرۆك، گڤگڤە، تەختەیەكی ناسكە لە دەزووی قایم دەكەن و بای دەدەن

**بادفراه =بادفرە:** بروانە بادافراه

**بادفرە:** بروانە بادفر

**بادكردار:** توندو تیژ، باگار، خێرا، بەلەز

**بادكردن:** باكردن، هەلآسان، پاچڤین، پووم، فزێن، ئاووسان، پەیدا بوونی با لە زگدا، باكران، پەدمین

**بادكش:** باگیر، باكێش، بادگیر، باكەش، واكەش، گلۆێنە

**بادكنك:** میزەلآن، میزدان، كیسەیەكی بچووكی لاستیكە، بای تێدەكەن و بەرزی دەكەنەوە

**بادگرد:** تیژ، خێر، بەلەز، خۆشرەو

**بادگشتن:** بەفیرۆ چوون، لەناوچوون، بەباچوو، بایی هەوا

**بادگلو:** قرپ، قرقێنە، بای قورگ

**بادگنگ:** با گوونە، جۆرە نەخۆشیەكە لە گوونی مرۆڤان دەدات و ئەی ئاوسێنێت

**بادگیر:** بادگیر، باگیر، باكێش، گلۆێنە

**بادل:** بەجەرگ، زاتدار، بەدڵ، چاونەترس، ئازا

**بادمفاصل:** با لە رۆماتیزم، نەخۆشیەكە لە لەبەر چەند هۆیەك لە ئەژنۆو پشت و شان و قۆڵ دەدات

**بادن:** قەڵەو، قەلەو، گۆشتن، زل، چەوور، چاخ، بەزدار، دژی لەر، خەپە

**بادنجان:** باینجان، بایەنجان، بامجان

**بادە وام:** جێگیر، سەقام گیر، بەردەوام

**بادوبود:** خۆبینی، خۆپەرستی، خۆپەسەندی

**بادوبید:** فیرۆ، بێ هۆ، خۆرایی

**بادە:** شەراو، شەراب، مەی، بادە، عەرەق، ئەوەی پیاو سەرخۆش دەكات

**بادە:** واق، سەرسوورمان، پەشۆكاو

**بادە پالا:** كەرەڤ گیر، ئارەڤ گیر، ئەوەی عارەقی پێدەپاڵێون

**بادە پیما:** عەرەق خۆر، مەی خۆر، شەراو خۆر

**بادە فروش:** بادە فرۆش، مەی فرۆش، عەرەق فرۆش

**بادەگسار:** بڕوانە بادەپیما

**بادە نوش:** مەی خۆر، شەراب خۆر

**بادي:** بایی، وایی، هەرچی پەیوەندی بە باوە هەبێت، ئاشی بایی

**بادي:** (١)دەسپێكەر، خولقێنەر (٢)سەرەتا، دەست پێك، پێشەكی

**بادیە:** دەشت، چۆڵ، چۆڵەوانی، بایە، بیابان، بیاران

**بادیە پیما:** سارا پێو، بیابان پێو، كەسێك لە بیاباندا بگەرێت

**بادیە نشین:** خێوەت نیشین، چادر نشین، گەرۆك، كۆچەری

**باذل:** لێبوور، بەخشەر، چاو پۆش، هشازا

**بار:** بار، بەندەك، هەشتێك بە پشتی وولآخی هەڵگیرێ پێ دەڵێن بار

**بارافكن:** بروانە باراندار

**باران:** باران، واران، وەشت، ڤاران، ئەو تنۆكە ئاوانەیە هەور بەسەر زەویدا دەیبارێنێت

**بارانداز:** خانوو، بارخانە، هەیوان یان هەر شوێنێك باری تێ بخرێت

**باراندن:** دابارایین، باراندن، بارانن، بارانـدنی هەرشتێك وەك باران

**باران سنج:** باران پێو. شتێكە ئەندازەی بارانی پێدەكرێت

**باران گیر:** بارانگر، هەرشتێك رێگر بێت لە بەركەوتنی باران

**باراني:** (١)بارانی، رۆژێكی بارانی، هەرشتێكی پەیوەندیدار بە باران (٢)بارانی، سەرپۆشێكە لەبەر دەكرێت بۆ ئەوەی باران تەڕی نەكات

**باراە:** راست رۆ، كەسێك بە رێگای راستدا بڕوات، رێ راست

**باربر:** باربەر، بارەبەر، گووێزێر، گووێ لەمست

**باربردار:** باربەر، بار هەڵگر، بارەبەر

**باربردن:** بابرن، باربردن، بار هەڵگرتن، بار گووێزتنەوە

**باریستن:** بارکردن، بار بەستن، قۆناغ گۆڕین، لێ پێترکردن

**باریند:** باربەند، باربەست، شوێنی بار لەسەری سەیارە بۆ بار

**باریندي:** باربەنی، باربەندی، بار بەستن، بارکردن

**بارپیچ:** بارپێچ، باربەست، ئەوەی باری پێ تونگ و شەتەك دەدەن

**بارج:** زەریا پێو، دەریا پێو، مەلەوانی لێهاتوو

**بارجا:** بڕوانە بارگاه

**بارخانە:** تفاق، بارخانوو، بارخانە، تفاقی گەشت

**بارخیز:** تێرئاو، پڕئاو، پڕداهات، بەپیت، زەوی بەپیت و خێر

**باردادن:** بەردان، بەروبەرهەم دان

**بادار:** ئاووس، سك پڕ، بێ گران، دوو گیان

**باردان:** بارگە، خورجێکی گەورەیە کەل و پەلو تفاقی تایبەتی تێ بکەن

**باردل:** خەم، پەژارە، خەفەت، ئازار

**باردە:** سارد، فێنك

**باردە:** بەبار، بەبەر، بەبەرهەم، بەسوود، پڕ داهات

**بارزاني:** بارزانی، ناوی خێڵێکی کوردە کەوتۆتە نێوان ڕەواندزو زێبار

**بارسنج:** بار پێو، قەپاندار، کەسێك کێشی بارەکان دەکات لەسەر قەپان

**بارفروش:** کۆفرۆش، بار فرۆش، کەسێك شت بە بارو بە کۆ بفرۆشێت

**بارق:** درەخشان، نووارنی، درەوشاوە

**بارك:** جەلەم، باریك، لەوەند، جیلاز، زراو

**باركدە:** بڕوانە باراندار

**باركش:** باربەر، بارهەلگر، وولاخێك بۆ باربردن بەکاربینن، گوویرێر

**باركش:** خەمخۆر، خەمبار، غەمبار

**بارگاه:** بارەگە، بارەگا، قۆناغ، خێوەت، خەرگا، کۆشك و سەرای گەورە

**بارگی:** ئەسپ، بارگیر، یابوو، چارەووێ

**بارگیر:** بارگیر، باربەر، بار هەڵگر

**بارگین:** گۆم، چالآو، حەوز، زەلکاو

**بارلیف:** دیار، بەرچاو، هەڵکەنراوی سەر بەرد کەدیار و بەرچاوبێت

**بارمایە:** کەل و پەل، کالاً، کالە، چتمەك، کالآو

**بارو:** دیوار، حەسار، پەرژین، حەووش

**باروا:** شیاو، شایان، ڕەوا، شان، وەشاوە، زێهاتی

**باروبندیل -بارونبە:** کەل وپەل، چتومەك، چتمەك، تفاقی گەشت، شتومەك

**باروت:** باروت، دەرمانی تفەنگانە، تۆزی هەڵگردنێتەوە

**باروح:** دڵ تەڕ، دڵ کراوە، دڵخۆش، دڵ زیندوو، سەرحاڵ، دەم بە خەندە

**باروح:** گیاندار، زیندەوەر، بوونەوەر، ڕۆح لەبەر

**بارور:** بەبەرهەم، بەبەر، بەبەرووبوم

**باروق:** سپیاو، سفیاو، تۆزێکە ئافرەتان لە دەم و چاوی دەدەن بۆ جوانکردن

**بارە:** دیوار، حەسار، حەووش، پەرژینی قەڵا کۆنەکان

**بارە:** ئەسپ، بارگیر، یابوو

**بارە:** چۆنیەتی، شێوە، یاسا، شێواز

**بارە:** جار، دەفعە، کەرەت، دەفعە

**بارە بند:** تەویلە، ئاخوور، شوول

**باري:** باری، پەیوەندیدار بە بار، ئەوەی بۆ بار هەڵگرتن بێت لە ڕەشە وولاخ و ترۆمبێل

**بارياب:** بەراو، ئاوی، ئاوەنیا، پاراو، بەراف، ئاوێزە، زەوی میوەیەك بەراو بێت

**باریدن:** بارین، بارش، وارین، وەشت، بارشت

**باریك:** باریك، لەوەند، لاواز، فین، جیلاز، بێ تین، زیداڤ

**بایك انداز:** کەمان کێش، تیر هاوێژی لێهاتوو

**باریك اندام:** باریکەلە، باریکەلانە، بێ تین، لاواز

**باریك بین:** بەهۆش، ووریا، فەرزانا، زیرەك، ووردبین

**باریك میان:** کەمەر باریك، ناوقەد باریك، ناوقە شمشاڵ

**باز:** پشگرێکە بەمانی جارێکی تر، دووبارە، کەرەتێکی تر دێت

**باز:** ئاوەڵا، کراوە، بەرەڵا، وەتاك، سەرنەپۆشراو

**باز:** باز، تەوار، ئاخاڵۆك، باڵندەیەکی دەنووك خواری گۆشت خۆرە، چاوی جوان و کونجرکونجرە بۆ ڕاوە کەو بەخێو دەکرێت.

**بازار:** بازاڕ، بازێر، وازار، چەند دووکانێکە شوێنی کڕین و فرۆشتنی تیا بێت

**بازارتیزي:** بازاڕ گەرمی، بازار تیژی، زۆری و زەوەندەی کڕین و فرۆشتن لە بازاڕدا

**بازارگان:** بازرگان، بنەکدار، سەوداگەر

**بازاري:** بازاڕی، وازاڕی، تایبەت بە بازاڕ پیاوی بازاڕ

**بازآمدن:** گەڕانەوە، هاتنەوە، فەگەڕیان

**بازآورد:** دیاری، خەلات، پێشکەشی، سەوقاتی

**بازآوردن:** گەڕاندنەوە، هێنانەوە، فەگەڕاندن، وەگەڕاندن، بردنەوە

**بازایستادن:** وێستان، کپ بوون، لەجووڵە کەوتن، فەستیان

**بازپرداختن:** تەواوبوون لە ئەنجامدان، تەواو کردن، گەشتنە کۆتایی

**بازپرس:** دادپرس، داد پرسیار، لێکۆڵەر، پشکنەر، پرسیارکەر

**بازپس:** دوا، پشتە سەر، بەدوای، لەدوای، پشت

**بازپسین:** کۆتایی، دووماهی، دوایی، ئاخر

**بازتاب:** ڕەنگدانەوە، درەوشانەوە، درەخشانەوە

**بازجست:** لێکۆڵینەوە، گەڕان، گەڕان بەدوای، پشکنین

**بازجو:** پشکنەر، لێکۆڵەر، پرسیارکەر، بپرس

**بازچیدن:** چنینەوە، هەڵگرتن، کۆکردنەوە

**بازخواست:** پرسیار، لێ پرسین، پرسینەوە، لێ پێچین

**بازداشت:** بەندی، زیندانی، گیرۆدە، حەپس، گرتن

**بازداشت گاه:** زیندان، بەندیخانە

**بازداشتن:** بەرگرتن، ڕێگرتن، نەهێشتن، ڕێ لە کەسێك گرتن بۆ ئەنجامدانی کارێك

**بازدانستن:** جیاکردنەوە، جیاکاری، فەکۆلین، لێکۆڵین

**بازده:** دەسهات، دەسکەوت، داهات، ئەنجام، دەرهات

**بازدید:** گەڕان، سەرلێدان، چاو پێکەوتن

**بازرس:** پشکنەر، پشکنێر، پشکێنەر

**بازرستن:** ڕزگاری، ڕزگاربوون، نەجات بوون

**بازرگان:** بازرگان، سەوداکەر، مامڵەچی

**بازستدن:** وەرگرتنەوە، سەندنینەوە، لێ سەندنەوە

**بازشدن:** کرانەوە، ئاوەڵا بوون، واڵا بوون

**بازشناختن:** ناسینەوە، جیاکاری، جیاوازی دانان

**بازغ:** ڕۆشن، ڕووناك، درەخشان، تابان

**بازکاریدن:** پشکنین، لێکۆڵینەوە، گەڕ بەدوای

**بازکردن:** کردنەوە، واڵاکردن، ئاوەڵاکردن، فەکردن

**بازکشیدن:** کێشان، ڕاکێشان، لە جووڵە کەوتن، جڵەوگرتن

**بازگرد:** گەڕانەوە، بادانەوە، فەرەڤین، گێڕانەوە

**بازگرد:** گەڕاوە، گەڕاو، پەشیمان، بازدەرەوە

**بازگرداندن:** گەڕاندنەوە، گێڕانەوە، ناردنەوە، نەفراندن

**بازگشاو:** فەبوون، کرانەوە، ئاوەڵابوون

**بازگفت:** ووتنەوە، دووبارەکردنەوەی قسە، دووپات کردنەوە

**بازگو:** ووتنەوە، دووبارە کردنەوە، دووپات کردنەوە

**بازمالیدن:** سەرکوت کردن، تێك شکاندن، لەناوبردن

**بازمان:** وێستان، وەستان، درەنگ کردن

**بازماندن:** بەجێمان، جێمانەوە، دواکەوتن، پەك کەوتن، شەکەت بوون

**بازنشاندن:** دانیشاندن، دامرکاندن، خامۆش کردن، کپ کردن

**بازنشتن:** جێگیربوون، لەکارکەوتن، پەك کەوتن، لەکاردانان

**بازغودن:** شیکردنەوە، لێکدانەوە، نیشاندان، ڕاڤەکردن

**بازنهفتن:** حەشار کردن، شاردنەوە، فەشاردنەوە

**بازو:** بازوو، بازۆڵە، قۆل و باسکی قەڵەو

**بازوبند:** بازووبەند، باز بەند، باهوو بەند، قۆڵەوانە، چتێکە لەچەرم و زێڕ و زیوو دروست دەکرێ و لە قۆڵ دەخرێ

**بازودان:** قۆڵ گرتن، یارمەتیدان، هاوکاری

**بازوگشادن:** قۆل لێ هەڵکردن، قۆل هەڵماڵین

**بازە:** بڕوانە بازە

**بازە:** دەربەند، دەروەند، خرتەنگ، گەروێکە لە نێوان دوو کێو یان دوو گرددا

**بازي:** یاری، کایە، گاڵتە

**بازیار:** جووتیار، جووتبەندە، جووتکار، جووتەنێر

**بازیافت:** دەست کەوتن، بەدەست هێنان، دۆزینەوە

**بازیافتن:** بەدەست هێنانەوە، چنگ کەوتنەوە، دەسکەوتنەوە

**بازیچە:** (١)بووکەڵە، کایە کڵی، شتومەکی یاری (٢)شۆخی، گاڵتە، گەمە

**بازیدادن:** گاڵتە پێکردن، کڵاو سەرکردن، هەڵخەڵەتان

**بازیدن:** زیان کردن، دۆڕاندن، دانان، لەکیس چوون، دارنان

**بازیکردن:** گاڵتەکردن، گەمەکردن، یاری کردن

**بازیگاە:** یاریگە، یاریگا، گۆرەپانی یاری کردن

**بازیگر:** شانۆیی، شانۆکار، کەسێك لە شانۆدا دەوربیبینێت

**بازیگرخانە:** شانۆ، شانوو، شوێنێکی بەرزە هونەرمەندان لەسەری نواندن دەکەن

**بازگوش:** گاڵتەچی، بێ کار، کەسێك بەردەوام لەبیری یاری کردندا بێت

**باژ:** بڕوانە باج

**باژبان:** بڕوانە باجدار

**باژخواە:** بڕوانە باجگیر

**باژدار:** بڕوانە باجدار

**باژرنگ:** (١)بەربەخە، بەرێخە، پێش بەند (٢)مەمك بەند، تووڕەکەی مەمکان، شاماکی، مەمکەڵۆس

**باژگاە:** شوێنی باج، باجگە

**باژگون:** سەروخوار، سەروژێر، ئاوەژوو

**باستان:** کۆن، کۆنە، ڕابردوو، شوێنەوار، زەمانی کۆن

**باستان شناس:** شوێنەوار ناس، پسپۆڕو زانا لە بواری زانستی شوێنەوار

**باستان شناسي:** زانستی شوێنەوار، شوێنەوار ناسی

**باستیل:** قەڵا، قەلات، ناوی زیندانێکی ناسراوی فەرەنسا بوو

**باسق:** بڵند، درێژ، سەربەرز

**باسکول:** شایان، قەپان، قەپانی گەورە بۆ کێشانی باری قورس

**باسل:** ئازا، چاونەترس، زاتدار

**باسم:** ڕوخۆش، دەم بەخەندە، ئەوکەسەی کە پێدەکەنێت

**باسنگ:** (١)قورس، بەکێش (٢)لەسەرخۆ، ئارام، مەزن، هێزا، پایە بڵند

**باسواد:** خوێنەوار، خوێندەوار، ئەوەی بتوانێت بخوێنێت و بنوسێت

**باشام:** پەردە، کەتان، پووشا، کەژ، پەیە، چارشەف

**باشامە:** لەچك، ڕووسەری، چارشێو، دەسماڵی سەری ژنان

**باشتین:** میوە، بەرهەم، بەروبوومی دار

**باشکوە:** بەرێز، ڕێزدار، بەشان دیوو

**باشگاە:** یانە، هۆڵ یان ساحەیەك کە کۆمەڵێك وەرزشی تیادا دەکەن

**باشگون - باشگونە:** پێچەوانە، سەروخوار، ئاوەژوو، وەرگێڕاو، بەرەواژ، فەرسە، هۆکدار، قەلەواژێ، هەڵگەڕاوە

**باشماق:** کەوش، پێڵاو، سوول، سەوڵ

**باشنگان:** بۆستان، بێستان، کشتوکیاڵ، مەحتی، مخمخك، سەوزیخانەیەکە کە کاڵك و شووتی و خەیارو ترۆزی.... تیابەرهەم دەهێنرێ

**باشومە:** بڕوانە باشامە

**باشە:** واشە، باشق، باشۆکە، باشوو، باڵندەیەکی گۆشت خۆرە

**باشيدن:** بوون، مانەوە، وێستان، سەقامگیری، جێگیر بوون

**باصر:** (١)بینەر، بینا، کەسێك توانای بینینی هەبێت (٢)چاو تیژ

**باصفا:** پاك، دڵ گیر، دڵ ڕفێن

**باصلابت:** سەنگین، بەشکۆ، بەشان، بەڕێز، فوورس

**باطل:** پووچ، خۆڕایی، بێ سوود، بێ هۆ، هیچ، بێخود

**باطله:** بڕوانە باطل

**باطن:** ناوەوە، هەناو، دەرون، ناوی هەرشتێك، شاراوە، دوورە، هەندوڕ، ناوزك

**باطني:** ناوەکی، دەروونی

**باطيه:** پیاڵە، پەرداخ، کاسە، جام، پێك

**باعث:** بۆنە، هۆ، بزوێنەر، دۆز، هۆکار

**باعثه:** بزوێنەر، هۆکار، هۆ

**باعوث:** نوێژە بارانە، نفێژە بارانە، ئەو نوێژەی بۆ بارینی بارانی دەکەن

**باغ:** باخ، باغ، دەهڵ، شینایی

**باغبان:** باخەوان، باخڤان، باغەوان، هۆلکڤان، دار کولی، کەسێك کاروباری باخ هەڵسوڕێنێت، باخچەوان

**باغ پيرا:** بڕوانە باغبان

**باغتره:** بێستان، کشتوکیاز، بۆستان

**باغچه:** باخچە، باخی چکوولە، پاریز، لاتك، پالیر

**باغچه بان:** باخچەوان، باخچەڤان

**باغ خدا:** باخدار، خاوەن باخ

**باغ خلد:** بەهەشت، ئاو و هەوا خۆش

**باغدار:** باخدار، خاوەن باخ

**باغك:** بڕوانە باغچە

**باغند =باغنده:** ڕیس، ڕێسراو، خوری، لۆکە یان موویەك بەتەشی یان بەخەوەك ڕێسرا بێت، چەند گلۆلە بەنێکە بۆ جاجم و هیتر ئامادە کرابێت

**باغ وحش:** باخچەی ئاژەڵان، باخی وەحش، جۆرە باخێکە تیایدا جۆرە جیاوازەکانی ئاژەڵی ماڵی و وەحشی تیا ڕادەگرن

**باغوش:** چوونە ئاو، خۆفڕدانە ئاو

**باغي:** داواکەر، ملهوڕ، سەرکێش، یاخی، مل نەدەر

**باف:** بڕوانە بافتن

**بافت:** (١)ڕستن، چنین (٢)ئاریۆ

**بافتکار:** جۆلا، کەسێك بەدەست شتێ بتەنێ لە پێچاڵاندا، کۆرسکەر، جوولی

**بافتن:** ڕستن، ڕێسان، پەستن، هۆنینەوە، چنین، هەڵ پێچان، بادانی لۆکەو خوری و موو بەتەشی ویان بەخەرەك تا بکرێتە دەزوو یان بەن

**بافلم:** دووماهی، کۆتایی، ئەنجام، دوای هەر کارێك

**بافر:** بەڕێز، بەشکۆ، بەشان

**بافراست:** زانا، بەهۆش، زیرەك، وریا

**بافروغ:** ڕۆشن، ڕووناك، نوورانی، درەوشانەوە

**بافر هنگ:** عاقڵ، تێگەشتوو، زانا، ڕاهێنراو

**بافرهي:** بەڕێز، بەشان، بەشکۆ

**بافرين:** شیاو، شایان، بەزمێر، وەشاوە

**بافضل:** بیرمەند، زانا، لەپێش لە کرداری چاکەو زانست

**بافكار:** بڕوانە بافتکار

**بافيدن:** بڕوانە بافتن

**باقعه:** زیرەك، بەتوانا، لێهاتوو، کەسێکی بیر تیژ کە کەس نەتوانێت کڵاوی سەر بکات

**باقلاو:** پاقلە، باقلە، کاکرۆس، جۆرە گیایەکی بەهارییە دەچێنرێت و بۆ چێشت بەکاردەهێنرێت

**باقي:** پایدار، پایەدار، بەردەوام، بەرگەگر، هۆگر، ڕاوەستاو، بیلەبت

**باقي گذشتن:** پایەدار هێشتنەوە، بەجێ هێلان

**باقي ماندن:** مانەوە، بەرگە گرتن، ڕاوەستان

**باك:** باك، پەروا، ترس، هەراس، سام، ئەنیش، ساف

**باكتري:** بەکتریا، میکرۆب

**باكر:** بەرەبەیان، تاریك ولێڵ

**باكره:** کچ، کەنیشك، کچێك کە هێشتا شووی نەکردبێت، دەز، شەقڵ نەشکاو

**باكفايت:** بەتوانا، لێهاتوو، بەهێز، زاتدار

**باكي:** گرینۆك، چاو بە فرمێسك، ئەو کەسەی دەگری

**باگذشت:** بەخشەر، لێبووردە، چاو پۆشی کەر، چاو پۆش

**باڵ:** (۱)باڵ، قۆڵ، نێوانی شان و ئەنیشکان (۲)باڵ، باڵی باڵندان، شاقەڵ

**بالا:** (۱)بەرز، ژوورو، بان، بانتر، سەرەوە، بەرزایی، بلند (۲)بەژن، بالاّ، ئەندام، ئەدگار، قەد، تمتیل

**بالابان:** تەپڵ، دەهۆڵ، دابریم

**بالابلند:** بالاّ بەرز، کەڵەگەت، شیکە، شاگە، بالاّبڵند

**بالا پوش:** (۱)بالاّ پۆش، بالّتۆ، قاپووت، عابا (۲)پێخەف، سەرەخەرە، لێفە، لێف، ساجل

**بالاخره:** سەر ئەنجام، لە ئەنجامدا، ئەنجام، کۆتایی

**بالادست:** سەرەوە، زاڵ، بالاّدەست، دەسەلاّتدار

**بالار:** نێرگە، کاریتە، نیرگە، ڕاجە، دیرەگ، تەراح، خەسارە، نێڵە مل دارێکی ئەستوورو درێژە بە نێوە ڕاستی ژوورێکدا ڕایەڵ دەکرێت و دارەکانی دارە ڕایش سەرێکیان لە سەرەو سەرەکەی تریان دەخرێتە سەر دیوار

**بالاکشیده:** بالاّ بەرز، کەڵەگەت، شیکە

**بالاگر:** بڕوانە بالار

**بالان:** دالاّن، سیپک، نێو دەرکە، لێوان، ناڤدەر، نێڤکۆ، کەلەگی، بێلایی، ڕارەو، جێگایەکی سەر گیراوەبەدەم دەرگای حەوشەوە

**بالاندن:** (۱)گەشەپێدان، داچاندن، بەهێزکردن (۲)بزواندن، جووڵاندن

**بالانس:** کێشانە، قەپان، شایان

**بالرین:** سەماکەر، سەماکار، ژنێک تەنیا کاری سەما کردن بێت

**بالش:** پاڵ پشت، ژێرسەرە، بالێف، سەرین، سەرێك

**بالشت:** بڕوانە بالش

**بالشتك -بالشچه -بالشك:** بالووفك، سەرینی چکوولە

**بالغ:** گەشتوو، پێگەشتوو، بالق، بلۆقەت، سەر، قراسە، قرامێر، شووکام، لیفکام، شەیتانی بوون

**بالکانه:** پەنجێرە، دەلاقە، بەرکاز، ڕەوزەنە

**بالکن:** هەیوان، بەربانك، تارمە، دووبانکۆك

**بالو:** بالۆکە، بالووك، گەنمە، بالوویك، بالووکێ، بالووکە

**بالوایه:** بڕوانە پرستو

**بالودن:** بڕوانە بالیدن

**بالوس:** کافوور، کافووری تێکەلاّو

**بالوعه:** چاڵ، چالاّو، ئاوڕێژ، چاڵی ناوماڵ، کە ئاو پیسایی و شتی تری تێدەکرێت

**بالون:** بالۆن، بالوون، بالاّفڕ

**باله:** باڵ، بال، باڵی چکوولە

**بالي:** کۆنە، کۆن، کوونە، کەڤین، پرتان، ڕندۆڵ، تیتۆڵ، پرتۆك، پرتۆکاو

**بالیدن:** گەشەکردن، گەورەبوون، نەشونماکردن، شانازی کردن، لەخۆڕازی بوون

**بالین:** بالێف، سەرین، ژێر سەر

**بالین پرست:** تەنبەڵ، تەوەزەل، بێکار، بۆ کەسێك کە کارنەکات بە کاردەبرێت

**بام:** سڤیك، میچ، ساپیتە، زکێ خێنێ، ئارزێنج، سەراپیتە، ڕووکاری ژێرەوەی بانیە

**بامداد:** بەرەبەیان، تاریك و ڕوون، تاریکەوور، تاریك و لێڵ

**بامدادان:** بڕوانە بامداد

**بامره:** پێ پلیکانە، پلیکانە، پلەکان، پلیك، پەرسە، پێلیکە، ئەو پلیکانەی دەچێتە سەربان

**بامزه:** بەچێژ، بەتەم، خۆش

**بامس:** پێبەند، پابەند، تووش، گیرۆدە

**بام غلتان:** باگردێن، شەو لەبان، بانتلیز، بانتلێن، باگوردن، بانگردێن

**بامگا:** بڕوانە بامداد

**بام گلان:** بڕوانە بام غلتان

**بامیه:** بامێ، بامیە، جۆرە گیایەکە بەرەکەشی بۆ خواردن دەبێت

**بان:** بان، سەربان، دیوی سەرەوەی بانی

**بانه:** گرووپ، دەستە، کۆمەڵ

**بانك:** بانق، بانك، دەزگایەکی دەوڵەتی یان ئەهلی کە خەڵك پارەی تیادائەنێت

**بانك خوێن:** بانکی خوێن، ئەو شوێنە ساردەی کە خوێنی خەڵکی تیا ڕادەگرن و لە جەستەی کەسانی تری دەکەن

**بانكیه:** بانکدار، بانقدار، کەسێك بانکی هەبێت و یان لەبانکدا کاربکات

**بانگ:** ئاواز، فەریاد، فریاد، قیژاندن، هاوار کردن، دەنگ هەڵێنان

**بانگ نماز:** بانگ، بانگی نوێژ

**بانه:** بەر، تووکە بەر، شوێنی ڕوانی موو لای شەرمی نێرینەو مێینە، مروارەبەر، بیرۆف مووچك

**باني:** دامەزرێنەر، دروست کەر، دابنکاری، هێورانەر

**باور:** باوەڕ، دڵنیایی، بڕوا، بایق، بەقا، چەسپاندنی شتێك لە دڵدا

**باورچی:** چێشت لێنەر، ئاشپەز، کەیبانوو

**باوقار:** بێدەنگ، ئارام، لەسەرخۆ

**باه:** جووت بوون، خەوتنی نێرو مێ پێکەوە، هێزی شاوەت

**باهار:** دەفر، قاپ، کاسە دەوری، ئەو دەفرەی خواردنی تیا دەخۆن

**باهر:** ڕوون، دیار، ئاشکرا، ڕووناك، بەرچاو

**باهك:** ئەشکەنجە، ئازار، چەرمەسەریدان، لێدان

**باهكیدن:** ئازاردان، ئەشکەنجەدان، تێهەڵدان، لێدان

**باهل:** بەرتەوازە، بێکا ر، شوانی بێ دارو دەست، پیاوی بێ چەك

**باهله:** بێوە، بێوە ژن، ژنی بێ پیاو

**باهم:** پێکەوە، لەگەڵ یەك، هاودەنگ، پێکەوە، هاوڕێ

**باهنر:** هونەرمەند، هونەروەر، کارزان، جەرجەبە، ئاخوموند، پاڵەمێر، جەوهەردار

**باهو:** بازوو، بازوولە، لەسەر شان تا ئەنیشك

**باهه:** ساحە، گۆڕەپان، مەیان، مەیدان

**باهه:** (١)زەلکاو، ئاوگر، زەق (٢)ڕووبار

**باهیبت:** بەشان وبۆ، بەشکۆ، مەزن، گەورە

**باي:** ساماندار، دەوڵەمەند، پووڵدار، بەدەسەلات

**بایا:** ئەبێ، پێویست، جێداخواز، پێنفی

**باید:** دەبێت، ئەبێت، ئەشێ ببێت

**بایر:** بڕوانە بائر

**بایست:** دەربایست، پێویست، جێداخوازی، پێویس، گەرەك، پێداویستە

**بایستن:** پێویست بوون، پێتفی بوون، ئاتاجی، گەرەك بوون

**باي:** فرۆشیار، فرۆشەر، کەسێك شت دەفرۆشێت بە خەڵك

**بایقوش:** بوو، بایە قووش، کوندەبەبوو، کونەپەپوو

**بایكوت:** دوورخستنەوە، هەڕەشەکردن بۆ کوشتن، نارەواکردن

**بایگان:** پارێزەر، بەڕاگر، کەسێك نامەو بەڵگە نامەکان لە شوێنێکدا تۆمار دەکات و ڕایان دەگرێت

**بابیدن:** بڕوانە بایستن

**بئد:** چاڵ، چاڵی ئاو، قۆرت، کۆرت، قووڵکە، چاڵ، جێگەی نزم لە زەویدا

**بأس:** چاونەترسی، ئازایەتی، زاتداری، بوێری، هێز

**بؤس:** هەژاری، نەداری، دەست کورتی، داماوی

**ببر:** بەبر، بەور، دڕندەیەکی وەك پڵنگ وایە لە گەرمێندا دەژی

**ببسودن:** دەست پیاهێنان، شێلان، هەڵشێلان، داشێلان

**ببغاء:** تووتی، باڵندەیەکە دەکرێت وتاکەش فێری ووشە دەکرێ

**بت:** بووت، بت، پووت، مرۆڤی بەردین یان ئاژەڵی بەردین کەبۆ پەرستن بەکاردەهێنرێت

**بتانیك:** گیاناسی، ڕووەك ناسی، زانستی لێکۆڵینەوەی گیاو ڕووەك

**بتاوار:** ئەنجام، کۆتایی، دووماهی، دوایی کار

**بتاییدن:** بەجێهێلان، دانان، وازهێنان، دەست لێکێشان

**بت پرست:** بت پەرست، بووت پەرست، کەسێك بت دەپەرستێت

**بتخانه:** بتخانە، بووتخانە، شوێنێك بتی تیا ڕادەگرن

**بتستان:** بووتخانه، بتخانه

**بتفوز:** پۆزه، پووزه، لمبۆزی چارەوی

**بتكده:** بڕوانه بتخانه

**بتگر:** بت ساز، بووت تاش، کەسێك کە پیشەی بووت دروست کردنه

**بتو:** خۆرهەلات، هەتاوگر، شوێنێك ڕووی لە هەتاو بێت

**بتول:** خۆپارێز، کەسێك بۆ خواوازی لە ژیانی دنیا هێنابێت، پاکداوێن

**بتون:** شفته، چیمەنتۆ، گیراوەی چیمەنتۆ و ئاو، سیمان

**بتون آرمه:** کۆنکرێت، چیمەنتۆو لم و چەوی گیراوەیە کە بەکارهێنرابێت، خانووی بە ئاسن و چیمەنتۆ

**بته:** بڕوانه بوته

**بتيار:** ئازار، مەینەتی، ئێش، ژان، برك، دەرد

**بثور:** زیپکە، قنچکە، دشپۆکە، ئاگروك، زیتکە، وردە کوتلێکی سەر تیژە لە بەش دەردێ

**بج:** ئاودەم، ئاو زار

**بجا:** گونجاو، لە شوێنی خۆی، شیاو

**بجا آوردن:** بەجێهێنان، جێبەجێ کردن، ئەنجامدان

**بجا آمدن:** بێزار بوون، هیلاکی، شەکەت بوون

**بجان آوردن:** بێزار کردن، شەکەت کردن، ماندوو کردن

**بجده:** ناخ، ناوەڕۆك، ئاوکی ڕاستەقینەی هەر کارێك

**بجز:** بێجگە، جگە

**بجلم:** ئەیوان، هەیوان، بارەگە، هاوێنە هەوار

**بچم:** ڕازاوە، ڕێك، ساز، تەیار، ئامادە

**بچه:** منداڵ، زارۆك، بەچکە، بێچوو، کۆرپە، ڕۆڵە

**بچەخوار:** منداڵ خۆر، زارۆخۆر، دڕندەیەکە کە منداڵەکەی خۆی بخوات

**بحاث:** لێکۆڵەر، پشکنەر، کەسێك تێبینی زۆر دەکات

**بحار:** ئەم وشەیە کۆیە و بەمانای زەریاکان و دەریاکان دێت

**بحبوحه:** ناوەڕاست، نێوە ڕاست، نێوەنج، نێوان، نێوان و نێوڕاستی هەر کارێك و یان هەر شتێك

**بحت:** سادە، پاك، ساکار، بێ ڕیا، بێ فێڵ

**بحت:** سادە، پاك، ساکار، بێ ڕیا، بێ فێڵ

**بحث:** (١)باس، لێدوین، لێکۆڵینەوە، پرسیار، پشکنین (٢)تێبینی کردن

**بحر:** زێ، دەریا، زەریا، دەلیا

**بحران:** قەیران، شلەژاوی، قورنە، تێکچوون، گێژاو

**بحراني:** قەیرانی، شلەژان، گێژاوی

**بحري:** دەریایی، زەریایی، پەیوەندیدار بە دەریا

**بحيره:** زەریاچە، دەریاچە، زرێچە، پەرم، زرێبار، گۆل، گۆم

**بخار:** هەڵم، هلم، هێلم، هیلم، هەڵماتك

**بخاري:** سۆپا، زۆپا، کوورە، زۆپە

**بخال:** ڕژد، چاوچنۆك، تەماحکار، ژگ برسی

**بخت:** چارە، ناوچاو، شانس، بەش، هات، کۆس، نگین

**بخت أزمايي:** بەخت تاقیکردنەوە، شانس تاقیکردنەوە بەهۆی کڕین بلیت یان شتێکی تر

**بختك:** شەوە، شەووگ، بەو گرانایەنە دەڵێن کە بە قوورسی لە کاتی نووستندا دەکەوێتە سەر لەشی گیانلەبەران

**بختو:** هەورە تریشقە، هەورە بروسکە، هەورەگرمە

**بختور:** بەختەوەر، بەختیار، خودان بەخت، بەخت کەنۆك، کامەران

**بختە:** قەڵەو، زل، زەلام، بەختە، بەران و سابرێن، خرت

**بختيار:** خاوەن بەخت، بەختیار، کامران، خۆش بەخت

**بخچد:** (١)چلك، چرك، قرێژ، زیرگ (٢)ئاسن، وردە ئاسن کە لە دوای توانەوە لەناو کوورەدا دەمێنێتەوە

**بخرد:** زیرەك، عاقڵ، ووشیار، بیرمەند، دانا، زانا

**بخس:** کەم و کوڕی، کەم، کەم و کوورت

**بخسان:** سیس بوون، ژاکاندن

**بخسانيدن:** ژاکاندن، سیس کردن، بێزار کردن، ئازاردان

**بخسيدن:** ژاکین، سیس بوون، ژاکیان، دڵ گران بوون

**بخشايش:** بڕوانه بخشودن

**بخشايشگر:** بڕوانه بخشاينده

**بخشاييدن:** بڕوانه بخشودن

**بخشش:** بروانه بخشیدن

**بخشودن:** چاوپۆشی، لێبووردن، لێ خۆش بوون، بەخشین، خۆکردنە قوربانی

**بخشیدن:** بەخشین، پێدان، بەخشاندن، بەخشیش، بەخشان، بووردن، وشکردن، چنەویەر، دڵی خۆشکردن، بواردن، خەلاکردن، یارمیان شتێك پێشکەش کردن، بە کەسێك بە خۆڕایی

**بخل:** ڕژدی، بەخیلی، چاوچنۆکی، زگرسی، بەرچاوتەنگی

**بخلاء:** ڕژدەکان، چاوچنۆکەکان، بەرچاو تەنگەکان

**بخنو:** گرمە، لرمە، گرم، بلێچ، گۆلە، دەنگی گەورە

**بخنودن = بخنویدن:** گرماندن، دەنگی بەرز لێهاتن، هەورەتریشقە لێدان

**بخو:** پێ بەست، پێوەنە، پاچەبەند، سمەم، سندم، مەربن، ئەو زنجیرەیە لە پێی گرتوو وولاخانی دەکەن

**بخوبر:** تەشقەڵەچی، کۆنەکار، فێڵباز، گزی کەر

**بخور:** بخور، بخودر، هەرمادەیەك کە لە ئاوری بکەن و بۆنی خۆشی لێ بێت

**بخوردان:** بخوردان، بخۆردان، ئەو دەفرەی بخۆری تیا هەڵدەگیرێت

**بخورونمیر:** بخۆ مەمرە، خواردنی کەم، ئەو برە لە خواردن کە کەسێك بخوات و لە برسان نەمرێت

**بخون:** مەریخ، هەسارەی مەریخ

**بخیدن:** کەمانکێشی، کەمانژەنی، هەلاجی کردن

**بخیل:** خەسیس، چاوچنۆك، ڕژد، بەرچاو تەنگ، چلێس

**بخیه:** دنکە دروومانێك، کۆك، دوورین، تەقەڵ

**بخیه زدن:** تەقەڵ لێدان، تەقەڵ تێهەڵدان، دروومانی بەدەرزی

**بد:** خراپ، نارەوا، خراپە، دزێو، ناحەز، ناشرین، قێزەون

**بداء:** دەرکەوتن، ڕوون بوون، ئاشکرا بوون

**بداختر:** بێ ناوچاو، چارە ڕەش، بەخت ڕەش، قۆشمەڕ

**بداختر:** بێ ناوچاو، چارە ڕەش، بەخت ڕەش، قۆشمەڕ

**بداخم:** گرژ، ناوچاو تاڵ، تورش، ڕووتاڵ، مۆن، ناوچاو ترشاو

**بداوا:** گرژومۆن، نەخلاق ناشرین، ڕووتاڵ

**بداغر:** بروانە بداخم

**بدال:** تەرە فرۆش، بەقاڵ، دێومرە، چەچی

**بدا نجام:** عاقیبەت شەڕ، ئەوەی ئەنجامەکەی شەڕ و خراپە بێت، ئاخر شەڕ

**بداندیش:** ناحەز، خراپە ویست، بەدخواز

**بداوت:** چادر نشین، گەڕۆك، کۆچەری، سارانیش

**بداهت:** لەناکاو، کتوپڕ، چاوەڕوان نەکراو، لەناکاو پەیابوونی ووتە یان شتێك

**بدآهو:** خراپ، ناحەز، گومڕا، لەڕێ دەرچوون

**بدایت:** سەرەتا، دەسپێك، پێشەکی

**بدایع:** نوێکان، تازەکان، داهێنراوە تازەکان

**بدآیین:** بێ دین، کافر، لەڕێ دەرچوون،

**بدباطن:** دڵ خراپ، ناپاك، سرشت پیس

**بد بخت:** چارە ڕەش، کلۆڵ، ڕۆژ شەڕ

**بدبو:** بۆگەن، بۆن ناخۆش، گەنیاو، گەنیوو، هەر شتێك بۆنی ناخۆشی لێ بێت

**بدبین:** ڕاڕا، دوو دڵ، دڵ پیس، دڵ چەپەڵ

**بدپسند:** گەن پەسەن، دڵ خراپ، دژوار پەسەن، کەسێك خراپ بۆ کەسانیتر بخوازێت

**بدپوز:** بروانە بتفوز

**بدپیله:** کینەی، پێداگر، سوور، بوغزاوی

**بدجنس:** هیچ و پووچ، دڵ پیس، سرشت پیس، ناپاك

**بدچشم:** چاو حیز، کەسێك حزیەتی خۆی، بەچاوان بنوێنێت

**بدحال:** نەخۆش، خەمبار، خەمۆك، نارەحەت

**بدخرد:** کەر، گێژ، بێ ئاوەز، نەزان، حۆل، کەم فام

**بدخوا:** ناشرین، دوژمن، ناحەز، کرێت، کەسێك خراپەی کەسانیتری بووێت

**بدخوراك:** دژخۆراك، پیسخۆر، دژ خۆر

**بد دل:** ترسەنۆك، دڵ خراپ، بووغزاوی

**بد دهان:** دەم پیس، جنێو فرۆش، زمان پیس

**بلر:** مانگ، مانگی تەواو، مانگەی شەوی چواردە، مانگە شەو

**بد رأسا:** روناك، رۆشن، درەوشاوە وەك مانگە شەوی چواردە

**بد رام:** سەر كێش، یاخی، تۆس، پێشرەو، پەتیر، سەر چەڵ، پەت پیس، ئاژەڵێك كە بەئاسانی دەستەمۆ نەكرێت

**بد رفتار:** گرژ، رووتاڵ، نەخلاق ناشرین، مۆن، كەسێك هەڵسوكەوتی جوان نەبێت

**بد رقـه:** (١) رێبەر، رێنیشاندەر (٢)بەرێ كردن، رێ نیشاندان، رێ خستن، رێنوێی كردن

**بدرگ:** سەركێش، سەر رەق، خۆدەرخەر، یاخی

**بد رود:** ماڵئاوای، ماڵیاو، ماڵاوا، ماڵاڤا

**بدروزگار:** چارە رەش، بەخت رەش، زاڵم، رۆژ رەش

**بدریخت:** ناشرین، دزێو، ناحەز

**بدزبان:** قسەڵ تاڵ، دەم پیس، جنێوفرۆش، دڵ رەنجێن، تاڵ وێژ

**بد زندگانی:** رۆژ رەش، خاكە سار، بەخت رەش

**بد زهره:** ترسەنۆك، دڵ خراپ

**بد ساز:** ناسازگار، ناساغ، كەسێك نەتوانێت لەگەڵ دەوروبەردا خۆی سازگار بكات

**بد سالي:** ووشكە ساڵی، قات و قڕی، ساڵی نەبار

**بدست:** بست، بنست، بهۆست، بۆست، بنگوست، پانی دەستەی كراوەیە لەسەری قامكە تووتە لەوە تا قامكە گەورە

**بدست آمدن:** ئامادەكران، بەدەست هێنان، چنگ كەوتن

**بدست آوردن:** بەدەست هێنان، ئامادەكران، چنگ كەوتن

**بدست بدودن:** بەدەست بوون، ئاگاداربوون، وشیاربوون

**بدست شدن:** چنگ كەوتن، دەست كەوتن

**بدسرشت:** بودخوو، لاسار، پلەمرو، مەندەمۆو، قزۆك، نەفاچڵ، مەجووجە، بەدڕەوشت، بێماد

**بدسفان:** بڕوانە بدسگال

**بدسگال:** بەد دڵ، بەد نیهاد، بود خووا، بەد ئەندێش، خووازۆك، چەسپخووسن

**بدشگون:** شووم، بەدفەڕ، دۆبڕ، دوومۆڕ، سەرەخۆر، قەشان، قەشقە، بزۆز، سەرشین، ناپیرۆز

**بدطعم:** بێ تام، ناخۆش، بێ مەزە

**بدطینت:** بەدڕەفتار، پلەمرو، سكوم، بود ڕەوشت، مادەكری

**بدع:** نوو، نوێ، تازە، نووچە، نقار، نقت

**بد عادت:** سكووم، پرووز، بەدخوو

**بد عاقبت:** رۆژ رەش، ئاخر شەڕ، كلۆڵ، بەد ناوچاو، ناكام رەش

**بدعت:** تازەگەری، تازەیی، تازە داهاتوو، تازە پەیدابوو

**بد عمل:** بڕوانە بدكار

**بدعن:** بەدخوو، لەخۆڕازی، خۆبەزل زانین، پامەڕوو

**بدعهد:** بێ بەڵێن، پەیمان شكێن، بێ وەعد

**بدغلغ:** بەدخوو، لاسار، بەدڕەوشت

**بد فرجام:** بڕوانە بد عاقبت

**بد فعل:** بڕوانە بدكار

**بد قدم:** پێ ڕەش، شووم، كەسێك كە بچێتە هەر شوێنێك بەد بەختی لەگەڵ خۆیدا بێنێت

**بد قیافه:** ناحەز، ناشرین، خوێن تاڵ، دزێو، ئێسك قوورس

**بد كار:** بەد كار، حیز، سووتە، داوێن پیس، تاوانبار، كار خراپ، سووتك، دز، كردەوە بەد

**بد كام:** بەد ئەندێش، بەد خواز

**بدكردار -بد كنش:** بڕوانە بدكار

**بد كینه:** دڵ پیس، بوغزاوی، كینەیی

**بدگفت:** جنێو، قسەی ناخۆش، ووتەی ناشرین

**بدگل:** ناشرین، ناحەز، ئێسك قوورس، بەدفەساڵ، رەزا تاڵ

**بد گمان:** دڵ پیس، دڵ بۆگەن، بەد بین

**بد گو:** دەم بەجنێو، دەم پیس، جنێو فرۆش

**بدل:** گۆڕینەوە، گۆڕین، جێ گۆڕكێ

**بدلگام:** پەت پسێن، پەتیر، یاخی، سەركێش، پڕ كێش، بەدلغاو، چەمووش، كۆزن

**بلمز:** بڕوانە بد طعم

**بد مست:** بەد مەست، بەد مەس، سەرخۆشێکی بێهۆش

**بد منش:** بەد سرشت، بەد گەوهەر، بەد سروشت

**بد مهر:** بەد ئەندێش، بەد خواز، ناپاك

**بدن:** لاشە، جەستە، بەیەن، بەین، قەلافەت

**بدنام:** بەد ناو، بەد نێو، بەد نام، ناقۆلا

**بد ندان بو دن:** شیاوی، شایانی، گونجاو بوون

**بد نژاد:** بەد گەوهەر، بەد نیهاد، بەد سرشت

**بد نشان:** بڕوانە بد کار

**بدغا:** بەد غا، ناحەز، ناشرین، دزێو

**بد غود:** بڕوانە بدغا

**بدنە:** جەستە، پەیکەر، چوارچێوە

**بد نهاد:** بەد نیهاد، بەد سرشت

**بدنیت:** بەد ئەندێش، بەدخوواز

**بدو:** بەلەز، بەپەلە، تیژڕەو

**بدو:** سەرەتا، دەسپێك، پێشەکی

**بدو:** سارا، بیابان، چۆڵەوانی

**بدهکار:** قەرزار، لەسەر، قەرزدار

**بدهي:** قەرز، کالاّ، کالا یان پارەیەك کەلە شوێنێك یان کەسێك قەرز کرابێت

**بدیع:** تازە. نوێ، نەو، سەرسوڕهێنەر

**بدیعە:** تازە، تازە داهاتوو، تازە پەیدابوو

**بدیل:** جێگیر، جێگر، جێنشین

**بدیهە:** کتوپڕ، کتاوپڕ، چاوەڕوان نەکراو

**بدیهي:** دیار، ئاشکرا، روون، بەر چاو، ئەوەی تێگەشتنی پێویستی بە بیرکردنەوە نەبێت

**بذاذت:** شڵەژان، پەرێشان بوون، پەشۆکاو

**بذال:** بەخشندە، لەخۆبووردو، بەخشەر

**بذر:** توو، تۆو، تۆم، توێم، تۆڤ، توێمە، توخم

**بذل:** بەخشین، خەلات کردن، پێدان، بەخشان، بووردن

**بذلە گو:** قسە نەستەق، قسە خۆش، دەقسەك، کەسێك قسە خۆش و قووت بێت

**بذي:** دەم پیس، جنێو فرۆش، جنێو دەر، زمان تاڵ

**بذیم:** (١) هێز، توانا، ووزە (٢)دەم بۆگەن، زار بۆگەن، کەسێك بۆنی دەمی ناخۆش بێت

**بر:** بەر، بەرهەم، بەروبووم دار

**بر:** باوەش، کۆش، سینگ

**بر:** چاکە کار، ڕاست وێژ

**بر:** سارا، بیابان، چۆڵەوانی

**برا:** بڕوانە بریدن

**برابر:** بەرانبەر، یەکسان، هاوسەنگ، هاوکێش، هاوشان

**برادر:** برا، کوڕێك کە لەگەڵ کچێك یان کوڕێکی تر لەیەك دایك و باوك بێت، برادەر، براله

**برادرانە:** برایانە، وەك برا، دۆستان، ئاوەڵانە

**برادر خواندە:** زڕ برا، برا کە تەنیا لە باوکو بێت یان تەنیا لە دایك بێت

**برادر زادە:** برازا، منداڵی برا، کچی برازا (برازێ) کوڕی برا لە برازێ

**برادە:** ووردە، خووردە، خاکە ئاسن، ووردەی ئاسن کە لەکاتی سارد بوونەوە یان کوتان و یان سماتە کێشان لێی دەبێتەوە

**براري:** ئەم ووشەیە کۆیەو بەمانای بیابانەکان دێت، ساراکان

**براز:** (١) شیاکە، کارنگ، تڵ، سەنێر، ریتالە، پیسای ڕەشەووڵاخ (٢) گوو، پیسای مرۆیان

**براز:** بەرازە، دارێکە و بەچتی قوورس بدرێت و هەرچیتێك چتێکی تری پێ بەرز بکرێتەوە بەرازی پێ دەڵێنی

**براز - برازا - برازش - برازیدە:** بڕوانە برازیدن

**برازیدن:** شایاوی، شایانی، شایستەبوون، گونجان، ڕەوا بوون، پێشان

**برآسودن:** ئۆقرەگرتن، ئارام گرتنە، حەسانەوە، پشوودان، حەوانەوە

**برآشفتن:** تووڕەبوون، قەلس بوون، هەڵچوون، جارزبوون

**براعت:** گەورەیی، لەپێش، مەزنی، مەزنایەتی، بڵندی

**برافتادن:** نەمان، لەناوچوون، فەوتان

**برافراشتن:** بڕوانە برافراختن

**برافکندن:** بڕوانە برانداختن

**براق:** بەبریقە، نوورانی، ڕووناك، درەوشاوە

**برآمدن:** هاتنەسەر، دەرکەوتن، ئاشکرابوون

**بران:** بڕوانە بریدن

**برانداختن:** لەناوبردن، فەوتانـدن، هەڵوەشـانـدن، داب و نەریت یان یاسایەك لەناوبردن

**برانداز:** بەراوەرد، هەڵسەنگاندن، گریمان

**برانداف:** بڕوانە برنداف

**برانکار:** گوێزەرەوە، ئەو فەرموێڵە یـان تەختانـەی کە نەخۆش یان بریندارى لەسەر ڕادەکێشن و بۆ شوێنێکی دیکەی دەگوێزنەوە

**برانگیختن:** بزواندن، جووڵاندن، هاندان، ناچار کـردن، هێنانە سەر زەوی

**براني:** ڕووکەش لە هەرشتێك، ڕواڵەت

**برآورد:** بەراوەرد کردن، هەڵسەنگاندن، نرخاندن

**برآوردن:** بەرزکردنەوە، هێنانە سەر، هەڵکێشان، بردنـە سەر

**برآويختن:** پێك هەڵپڕژان، شاخ بـە شاخ بـوون، دەرگـیر بوون

**براه:** بەجێ، گونجاو، باش، چاك

**براي:** چونکە، لەبەر ئەوەی، بەهۆی

**برايا:** زیندەوەران، ڕوح لەبەران، خەڵق کراوەکان

**برء:** چاکبوونەوەی تەندروستی دوای ناساغی

**بـرء:** دروسـت کـردن، بـەدیهیـنـان، خـەلق کـردن، خولقاندن، لەنەبووە دروست کردن

**برباد:** خراپ، وێران، لە ناوچوو، فیڕۆ

**برباد دادن:** بەبادان، بەفیڕۆدان، لەناوبردن

**بربادرفتن:** بەفیڕۆچوون، نەمان، لەناوچوون

**بربست:** دەستور، فەرمان، یاسا، شێواز

**بربستن:** پێ بەندکردن، پابەندکردن، بەستنەوە

**بربند:** مەمك بەند، سینە بەند، توورەکەی مەمکان

**برپا:** وەستان، ڕاوەستان، لەسەر پێ

**بر پيچيدن:** کەوتنەیەك، بەربوونەیەك، پێك هەڵپڕژان

**برتـــافتن:** ڕووهەڵگـــەڕان، پـــشت تێکـــردن، پێـــچان، پێچانەوە، بادان

**برتر:** بەرزتر، لەپێش، بڵندتر، سەروتر

**برتن:** یاخی، سەرکێش، خۆبین، لەخۆڕازی، خۆپەرست

**برثن:** پەنجە، چنگ، چنگاڵ، چنگورك، چەنگاڵی باڵندە و جانەوەران

**برج:** کۆشك، قەڵا، قەڵات، بورج، بینایەکی چوار گۆشـە و بەرزە کە لای قەڵا بۆ چاودێری و پاسـەوانی دروسـتی دەکەن

**برج:** برج، بوورج، کۆنگرە، بوورگ، بورجی ئەستێران

**برجا:** سەقامگیر، جێگیر، لەسەر پێ، ڕاوەستاو

**برجاس:** ئامانج، نیشانە، نیشانەی تیر

**برجستن:** پەڕین، بازدان، باڵگرتن، قەڵەمبازدان

**برجوشيدن:** کوڵان، هەڵچوون، تووڕەبوون

**برچـخ:** نـیزەی بـچووك، وەـچە، کوڵـە ڕم، قەڵـە ڕمـب، کورتە نێزە

**برچدن:** بڕوانە برچيدن

**برچيدن:** چینەوە، هەڵبژاردن و هەڵگرتن

**برخ:** بەش، بشك، بەهرە، بەر، مـل، بـڕ، بژە، مووچـە، قسن، پارچەیەك لە کۆی کۆمەڵێکی

**برخاسـتن:** هەسـتان، بەرزبوونـەوە، ڕاپـەڕان، ووێـرزان، هلبوون، ڕبوون، هەسان

**برخج:** پیس، ناپاك، دزێو

**بــرخفج:** کـابووس، شـەوە، مۆتـە، گـابووس، خـەونی پەرێشچان، گرانی و قوورساییەك لـە خـەودا دەکەوێتـە سـەر لـەش کەلەسـەر پـشت نوسـتبێتی ئـەویش هێـزی ڕاکێشەری زەوییە

**برخوابە:** دۆشەك، دۆشەکە، دۆشەگ، ژێر ڕایەخێکی پڕ لـە لۆکـە یـان خـوری یـان پـەڕۆ چـتی تـرە بـۆ لەسـەر نوستن

**برخور:** شەریك، هاوبەش، هاوپشك

**برخورد:** چاو پێکەوتن، پێك گەشتن، پێکدادان

**برخوردار:** بەختەوەر، کامەران

**برخە:** بەش، بەهرە، پشك

**برخي:** هەندێ، کەمێ، بڕێك، بەشێك لەشتێك

**برخيزانيدن:** هەستاندن، هەسانن، ڕاپەڕاندن، هەڵسان

**برد:** سەرما، ساردی، دژی گەرمی

**بردابرد:** پشێوی، ئاژاوە، گێژاو، فیتنەوە هەرا

**بردابرد:** بڕوانە بردیدن

**بردادن:** میوەدان، بەردان، بەرهەم دان

**بردار:** هەڵگر، کەسێك کە شتێك دەبات

**برداشت:** بڕوانە برداشتن

**برداشتن:** بەرز کردنەوە، هەڵگرتن، بەرزکردنەوە، بڵندکردنەوە، ڕاکردن، فەتاندن

**بردبار:** خۆگر، هێمن، بەرگەگر، هەناسە، دڵفرە، بەرگر، شازا

**بردك:** مەتەڵ، مەتەڵۆك، تشتانۆك، مەتەڵە، مامك

**بردمیدن:** بڕوانە دمیدن

**بردن:** (١)بردن، هەڵگرتن، بەردەی، چتێك یان گیانلەبەرێك لەگەڵ خۆبردن، برن (٢)بردنەوە، قازانج کردن، لەقوماریدا سوودکردن

**بردنگ:** تەپە، تەپۆلکە، کۆسپای ناو زەوی، تەپ

**بردون:** بارگیر، بارگین، یابو، بەرگیر، کادانە

**بردە:** بەردە، کۆیلە، غولام، بەندەی زێڕی کرێ ج نێر ج مێ

**بردیدن:** لەرێ دەرچوون، لەرێ ترازان

**برذون:** بڕوانە بردون

**بر رستە:** شینایی، گیا، گییوا، گەیا

**بر رسي:** بڕوانە بررسیدن

**بررسیدن:** لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە، لێ پرسینەوە، بەدواداچوون

**بررفتن:** سەرکەوتن، بەرزبوونەوە، بڵندی چوون

**برە:** چاکەکاران، خۆپارێزان

**برز:** قەد، بالا، بەرزی، بەژن، قیافە

**برز:** کار، چنین، فەلایی، جووتیاری

**برزدن:** (١)شان لێدان، (٢)یەکسانی، (٣)سووك کردن

**برزکار:** جوتیار، فەلا، جووتێر، جووت بەندە، جوتکار

**برزگاو:** بڕوانە برزەگاو

**برزگر:** جوتیار، جووت بەندە، جووتێر، جووتکار، ئەوەی لەسەر زەوی کاری کشتوکاڵ دەکات

**برزم:** ناز، عیشوە، مەکر، خۆبادان

**برزن:** بڕوانە بریجن

**برزن:** کۆڵان، گەرەك، کووچە، کووە، بەشێك لە شار

**برزە:** کشت، چاندن، داچەندن، شاندن، وەشاندن، تۆو کردن

**برزەگاو:** گاجووت، گاهیت، گای نێر کە بۆ کێڵانی زەوی بەکاری دێنن

**برزەگر - برزیگر:** بڕوانە برزگر

**برس:** هەوسار، لخاو، جڵەو، قەوچە، قەراسە

**برس:** پەمە، لۆکە، پەمبە

**برسات:** باران بارین، وەرزی باران بارینی هیزی

**برسان:** ئەژدیها، ماری گەورە، حەزیا

**برسان:** دۆشاو، دۆشاوی ڕەش

**برسختن:** بڕوانە سختن

**برسر:** (١)لەسەر سەر، بەسەرسەر (٢)گەورە، سەردار، سەروەر

**برسرآمدن:** پێشکەوتن، سەرکەوتن، زاڵبوون، چیرە بوون

**برش:** بڕوانە بریدن

**برش:** خاڵ، نیشانە ڕەش یان سپی لەسەر نینۆك یان پێستی مرۆڤ

**برش:** شلە، خۆرش، خۆرشت، خواردەمەنی شل

**برش:** درز، کەلێن ترەك، تلیش، قەڵشت، زەنگ

**برشتن:** برژاندن، برشاندن، برژیاندن، براشتن، سوورکردنەوەی هەندێ چت بە ئاوور، برژانن، ورژانن

**برشدن:** سەرکەوتن، بەرز بوونەوە، چوونە بڵندی

**برشم:** ڕووبەند، ڕووپۆش، ڕووبەنە، چارە پۆش، پێچە، پەچە، خافك

**بر:** ژماردن، هەژماردن، دووبارە ژماردن

**برطیل:** بەرتیل، وەڵیفەت، ژێر زووان، زووان گوشادانە

**برعکس:** بە پێچەوانەوە، بەرواژی

**برغلانیدن:** هاندان، بزواندن، ناچار کردن، دنەدنەدان

**برغمان:** ئەژدیها، ماری گەورە، حەزیا

**برغول:** برویش، گەنمی نیوە کوتراو

**برف:** بەفر، بەرف، فەوور، وەروە، فەرفە، بەوور، وەفر

**برفاب:** بەفراو، بەرفاو، ئاوێکە بە بەفر سارد کرابێت

**بـرف پـاك کـن:** بـەفرەلوو، بـەفرماڵ، بێڵ‌وەرووەرەی بەفری

**برفـر:** شـان، گـەورەی، مـەزنی، پێگـە، بەشـان و شـکۆ، بەفەر، بەپیت و فەر

**بـرفنج:** دزوار، تـوولـەی رێـی باریـك و دزوار، کاپـان، رێگەی تەسك و تەنگ بەر

**بـرق:** کارەبـا، بـرق، هێزێکـە بـەمرازی تایبـەت وەر دەگیرێ زووری پێ روونـاك دەکـرێ و ماکینەیشی پێ دەخرێتـە کـار و بـەکاری هـەزاران جـت دێـت، کـارنێن، کاروبا

**برق آسا:** وەك کارەبا، خێراوتوند وەکی کارەبا

**برقـع:** پەچـە، روبـێن، پەرچـەم، ئـەو قوماشـەی ژنـان رووی خۆیانی پێ دادە پۆشن

**برکا پوز:** قەپۆز، لۆز، لبۆز، دەوراندەوری دەم و لووت

**برکار:** بایەخدار، برەو، بازاری

**برکار کردن:** خستنەگەر، بەگەرخستن، هێنانە سەرکار

**برکت:** زیادی، زۆری، فراوانی، بەختەوەری، کامەرانی

**برکـــشیدن:** (١)هەڵکێـشان، دەرهێنـان، هێنانەســەر (٢)راهێنان، پەروەردەکردن

**برکنـدن:** هەڵکەنـدن، هەڵقەنـدن، کـەنای، بـۆت کـردن، وورکەنن، کۆلێن، لەریشە دەرهێنان

**برکە:** گۆلاو، گۆل، رفکە، پەنگاو، پەنگاف، گۆلی ئاوی

**برگ:** بەرگ، گەلا، پەلك، وولك، بەن، ولگ

**برگ:** سامان، توێشە، توێشوو

**برگاشتن:** پشت تێکردن، قن تێکردن

**بـرگـذار کردن:** ئەنجامـدان، کۆتـایی پێهێنـان، بەئـەنجام گەیاندن

**برگـذشتن:** بەسەرچوون، تێ پەرین

**برگردانـــدن:** گەراندنـــەوە، گێراندنـــەوە، ناردنـــەوە، زفراندن

**برگردیدن:** گەرانەوە، بادانەوە، وادانەوە، زڤران، زڤرین، پەشیمان بوونەوە

**برگــرفتن:** هـەلگرتن، بلنـدکردن، هلگـرتن، فـەنهرین، وێران، هۆرگێرتەی، قەتاندن

**برگریــزان:** گـەلارێزان، بـارێزان، جرپاپێشی، تـشرینی یەکەم، باوەر، خەزەلوەران، مانگی نێوە راستی پاییزە

**برگزار کردن:** بەرێوەبردن، ئەنجامدان، بەجێ هێنان

**برگزیدن:** دیـاری کـردن، هەڵبـژاردن، هەڵبـژانن، دیـاری کردن و هەڵبژاردنی کەسێك یان شتێك لە نێوان چەند کەس یان چەند شتێك

**برگستان:** بروانە برگستوان

**برگـــستوان:** زرە، زرێ، ســینگ زەر، کراسـی ئاسـنین، بەرگی ئاسنین کە بۆ شەر دەپۆشـراو لـە زریـزەی ئاسـن دروست دەکرا و شمشێرو خەنجەر نەیدەبری

**برگشت:** گەرانـەوە، بادانـەوە، زڤـران، زڤـرین، پەشیمان بوونەوە

**برگشتن:** گەرانەوە، بادانەوە، پەشیمان بوونەوە، زڤران

**برگماردن - برگماشتن:** بروانە گماردن

**برگند:** بروانە بکفد

**برگە:** گەلا، وەن، پەلك، هەرشتێك لە گەلا بچێت

**برلیان:** درەخشان، درەوشاوە، تروسکەدار، بەبریقە

**برم:** لەبەر، یادگە، لەبیر

**برماسیدن:** بروانە پرماسیدن

**برمالیــدن:** نوشـتانەوە، قـەد کـردن، نوشـتاندنەوە و هەڵکردنی قۆڵی کراس یان دەرلینگی پانتۆڵ

**برماە -برماهە:** بروانە پرماە

**برمایون:** بروانە پرمایە

**برمج:** بەرکەوتن، دەست بەرکەوتن، دەست پیاهێنان

**برمچیدن:** دەست پیا کێشان، دەست پیا هێنان

**برمخیدن:** نافەرمانی، سەرپێچی، تووڕەبـوون، نەڕانـدن و گرماندن بەسەر دایك و باوك

**برمر:** چاوەروانی، چاوەنواری، هیواداری

**برملا:** ئاشکرابوون، دەرکەوتن، روونبوونەوە

**برمنش:** لەخۆرازی بوون، خۆپەرست، خۆبین

**برمنشي:** خۆبینی، خۆپەرستی، خۆپەسەندی

**برمە:** بروانە پرما

**برنا:** گەنج، لاو، جەهێڵ، تازە پێگەشتوو

**برناس:** خەوالوو، حۆل، گێژ، نەزان

**نرناك:** بڕوانە برنا

**برنامە:** بەرنامە، بارنامە، كارنامە، پرۆژە، ڕێباز، پرۆژە، پرۆگرام

**برنج:** برنجە، مسی زەرد، پرنج، كانێكی زەردە شتی لێ دادەجەرێژرێت، برنجە

**برنج:** برنج، دانەوێڵەیەكی سپی و زەرد و ناسراوە وە لە گەنم دەچێ

**برنجار:** برنجاڕ، شوێنی مەرەزە

**برنج زار:** برنجار، شوێنی مەرەزە

**برنجن:** پاوانە، دەستەوانە، دەستبەندبرور ئەوەی ژنان لە دەست یان قاچی دەكەن

**برندك:** گردۆڵە، گردۆكە، تەپە، كێوی بچووك

**برنز:** برۆنز، زەرد، مسی زەرد، كانێكی سەماوەر و هەندێ ئامرازی تری پێ دروست دەكرێت

**برنشاندن:** دانیشاندن، ڕۆنیشاندن، روونشاندن

**برنشستن:** سواربوون، دانیشتن، نیشتن، ڕۆیین، قوون داندنەوە لەسەر زەوی یان جتێكی تر

**برو:** سمێڵ، سمبێڵ، سمبڵ، تووكی سەر لێوی سەرەوەی پاوان

**بروبوم:** سارا، بیابان، چۆڵەوانی

**بروت:** بڕوانە برو

**برودت:** ساردی، فێنكی، سەردی

**برودرماندن:** شەرم كردن، لەڕوودامان، لەشەرما كارێك گرتنە ئەستۆ

**برور:** بڕوانە بارور

**بروز:** دەركەوتن و ئاشكرابوون، ڕوونبوونەوە، دیاركەوتن

**بروشك:** خۆڵ، تەپوتۆز، تۆز و گەردی زۆر

**بروفە:** پشتێن، پشتوێن، بیبەن، ناشكێل، پشتك، كەمبەر، هەفتاك و كەمەر بەست

**برومند:** بەبەرهەم، بازدار، میوەدار، بەبەروبۆ

**برومند:** بەئابروو، بەحەیا، ئابڕودار

**برون:** دەر، دەرەوە و بەرانبەری ناوەوە

**برون بر:** توێكڵ، ئەو پێستەی ڕووی دەرەوەی میوە دادەپۆشێت

**برون سو:** ڕووی دەرەوە، لای دەرەوە، ڕووی دەرەوەی هەرشتێك

**برون شو:** شوێنی چوونە دەرەوە، ڕێی دەرەوە

**برە:** برخ، بەرخی ساوا، وەرك، وەرە، بێچووی مەڕانە ج مێ بێت ج نێر، تا تەمەنی دەگاتە ٥ تا ٦ مانگی و هەتا بەرگنەكەی بۆ دەبڕنەوە هەر پێی دەڵێن بەرخ

**برە:** گونجاو، باش، چاك و ڕازاوە

**برهات:** سات، هەندێ كات

**برهان:** بەڵگە، دەستاوێز، ڕابەر، ڕێ نیشاندەر

**برهختن:** بڕوانە برهیختن

**برهلیا:** ڕازیانە، ڕەزیانە، ڕەزیانكە

**برهم:** چرووپر، تێكەڵاو، لێوان لێو، لیپاو لیپ

**برهم برآمدن:** دان بەیەك، خەمباری، دڵتەنگی، نیگەرانی

**برهم خوردن:** بەیەكادران، پەرێشان بوون پرژوبڵاوبوون

**برهم شدن:** شڵەژان، پەرێشان بوون، شێواوی، پەرێشانی

**برهم نهادن:** خستنە سەریەك، لەسەریەك دانان

**برهنە:** ڕووت، بێ پەردە، كۆت، پەتی، قووت، ڕەوسی، ڕووتەڵ، بێ پۆشاك، خاووس، زەلووت

**برهوت:** ووشك و بێ ئاو، هەر شوێنێك گەرم و ووشك و بێ ئاو بێت

**برهە:** زەمینە، ڕۆژگار، سات، كات

**برهیختن:** دەركێشان، ڕاهێنان و ئەدەب كردن، پەروەردەكردن

**بریء:** پاك، بێ گوناح، بێ تاوان

**بري:** بیابانی، سارای، هەرشتێك پەیوەندی بە بیابان و ساراوە هەبێت

**بریان:** برژاو، برشاو، سفتە، برشیا، جتێك لەسەر ئاگر برژابێت

**بریان کردن:** برژاندن، برژیاندن، برشاندن، براشتن، برژاندن به ئاوور

**بریجن:** تەنوور، تەندوور، کەنوێکە لە قوور دروستی دەکەن و ئاگری تیادەکەنەوە و نان و کولێرەی پێ دەکەن

**برید:** نامەبەر، تەتەر، پەیک، چەپەرچی

**بریدن:** بڕین، پساندن، پچڕین، کوتکردن، کەرتکردن، بڕهین و بڕاندن، قەتاندن، بەچەقۆ و شتی تیژ شت بڕینەوە

**بریدە دم:** کلك بڕاو، کلك قرتاو، ئەوەی کلکی بڕاو یان قرتاوبێت

**بریزن:** بێژنگ، وێچنە، ویژنگ، مرازێکە دەغڵو دانی پێ دادەبێژرێت

**بریزن:** بڕوانە بریجن

**بریشم:** ئاوریشم، هاوریشم

**بریغ:** بۆڵ، بۆڵە ترێ

**برین:** بەرزتر، بڵندتر، لەپێشتر

**برین:** قاش، کووزی کاڵەك و شووتی و ئیدی

**برینش:** (١)بڕاوی، بڕدراوی، بڕیاوی (٢)سکچوون، زکچوون

**بریە:** خەڵك، خەلق

**بریە:** سارا، بیابان، چۆڵەوانی

**بز:** ڕەسم، ئایین، شێواز، یاسا، نەریت

**بز:** گردۆکە، بەرزای زەوی، تەپە

**بز:** بزن، بز و بووزە، پەرەی ڕەش، کاریلەی سێ ساڵانەیە کە چوار بەهار ببینە دەبێتە بزن

**بز:** کووتاڵ، قوماش، پارچە

**بزاز:** بەزاز، قووماش فرۆش، کووتاڵ فرۆش

**بزاق:** ئاوی دەم، لیك، تف، خۆریس، تفلیك، خوزی

**بزباش:** خۆرشت سەوزی، ئەو شلەی کە گۆشت و سەوزەوات تیایدا بەکاردێت

**بزبچە:** بڕوانە بزغالە

**بزخو:** بۆسەدانان، خۆحەشاردان و چاوەڕوانی دەرفەت بوون، کەمین کردن

**بزداییدن:** بڕوانە زادابیدن

**بزدل:** بزدۆك، بزدۆنەك، ترسەنۆك، بێ غیرەت

**بزدوونن:** بڕوانە زدودنن

**بزر:** تۆو، تۆم، توو، ئەوەی بچێنرێت

**بزرکار:** بڕوانە برزگر

**بزرگ:** (١)گەورە، مەزن، زل، زەلام (٢)گەورە، بەگ، ئاغا

**بزرگ تن:** قەڵەو، زل و زەلام

**بزرگ داشت:** ڕێزدانان، ڕێزلێگرتن و یادکردنەوە

**بزرگ سال:** بەساڵاچوو و بەتەمەن

**بزرگ منش:** بەڕێز، ڕێزدار، گەورە

**بزرگدار:** ڕێزدار، گەورە

**بزغالە:** کاژیلە، کاریلە، بزڵە، بووزلە، کارژۆڵە، کارە

**بزکوی:** بزنە کێوی، بزنە کێفی، پەرەکوف، وەك ئاسك وایە بەلام شاخەکانی لکلکن

**بزم:** بەزم، کەیف، گۆبەن، گۆبەند، لۆخان، جەفەنگ، کۆڕگرتنی تاك یان چەند کەسێکە بەخۆشی و یاری ڕابوێرن

**بزم آرا:** بەزم ساز، بەزم گێڕ

**بزمان:** (١)حەز، خواست، داواکاری (٢)مەست و خەمبار، کەساسی

**بزماورد:** بابۆڵە، قەپاڵە، بابۆرە، بالوولە، پاروی نانی درێژو پێچراو

**بزمجە:** بزن مژە، شینەشینك، قۆڕی، قومقومە، قومقومۆکە، بزن مژۆك، زیندەوەرێکە لە جەشنی مارمێلکەیە و هێندەی پشیلەیەك گەورەیە و لەڕووی ئەوەی کە بزنان دەمژێت ناویان لێناوە

**بزمگا:** بەزمگا، بەزمگە، شادیگە، شوێنی بەزم و ڕەزم

**بزن بهادر:** چاونەترس، بەهێز، ئازا، بەجەرگ

**بزوش:** بڕوانە بزوشم

**بزوشم:** مووی بزن

**بزوغ:** هەلاتن، هەلاتنی خۆر، تیشك بڕژاندن، دەرکەوتنی خۆر

**بزە:** گوناح، تاوان، هەڵە، سزا

**بزه کار:** گوناحکار، گوناحبار، تاوانبار

**بزمگر -بزمند:** بروانه بزەکار

**بزيچه:** بروانه بزغاله

**بزيدن:** وەزين، هەڵبەزين، هەڵکردن، هەڵکردنی با

**بژ:** وورده بەفر، بەفری ووردو سووك كه شەوانی زستان دەبارێت

**بژکول:** بروانه شکول

**بس:** (١)زۆر، زیاد، فره، زیاتر (٢)بەس، تەواو

**بسا:** زۆرتر، زیاتر، فرەتر

**بسايتن:** بێستانەکان، بۆستانەکان

**بساردادن:** بروانه بساردن

**بساردن:** کێلان، خەورکردن، جووتکردن، کاڵاَن هەڵگێڕانەوەی زەوی بە گاسن

**بساره:** هەیوان، باڵەخان، تارمه، دووبانکۆك

**بساط:** داخەر، ڕاخەر، ژێرهەجەر، ڕاپێخەر، ڕایەخ، هەرشتێك بلاّوبکرێتەوه و ڕابخرێت وەك فەرش و گلیم

**بساطت:** سانایی، سادەیی، هاسانی، ئاسانی

**بسالت:** ئازایی، چاونەترسی، بەجەرگی، زاتداری

**بسام:** دەم بەبزه، ڕووخۆش، ڕووگەش

**بسامان:** باش، ڕێك، ڕازاوه، چاك و ڕێك

**بسامد:** دووباره، زۆری، چڕی، چڕوپڕی

**بس آمدن:** تەواوبوون، بەس بوون

**بسان:** هاوشێوه، وەك، شێوه

**بساوايي:** بەرکەوتن، یەکێك لە پێنج هەستەوەرەکان

**بساويدن:** دەست پیاهێنان، دەست پیاکێشان، دەست لێدان، دەست بەرکەوتن

**بسباس:** هەڵیت و پڵیت، پووچ، بێ ناوەرۆك، قسەی بێ ماناو پووچ

**بست:** لەمپەر، بەربەست، بەربەند، بەرهەڵستێکه لەپێش ئاو یان لەسەر ڕێگا دادەنرێت بۆ نەڕۆین و هات و چۆنەکردن

**بست:** باخ، بێستان، گوڵزار، بۆستان

**بستاخ:** بروانه گستاخ

**بستار:** سست، لاواز، ناسەقامگیر، ناجێگیر

**بستان:** بۆستان، گوڵستان، گوڵزار، گوڵجار

**بستان آرا:** باغەوان، باخەوان

**بستانبان:** باخەوان

**بستانسرا:** باخچه، باخی بچووکی ناوماڵ

**بستانكار:** داواکار، کەسێك قەرزی بەلای یەکێکەوه بێت و داوای بکات

**بستاوند:** پشته، هەوراز، زەوی کەمێك بڵند

**بستدن:** بروانه بستاندن

**بستر آهنگ:** لێفه، مەلافه، پێخەف

**بستردن:** بروانه ستردن

**بستر رود:** ڕووبار، جۆگه، چۆم، چەم، ڕووار

**بستري:** خەواو، کەوتوو، کەسێك لە نەخۆشخانه لەبەر نەخۆشی خەوا بێت

**بستن:** (١)بەستن، داخستن دایەخستن، گاڵەدان، کلۆم کردن (٢)بەستن، سەهۆڵ، ڕچیان، قەرسین، قەرساندن (٣)پێچان، پێچانەوه، جەرد، ڕادان، فزاندن، گرێدان بۆ پێچ و مێزەرو هەموو شتێك

**بستني:** بەستەنی، دۆندرمه

**بستو:** گۆزه، کووزەی گڵ، گڵێنه

**بسته:** بەستراو، بادراو، پێچ خواردوو، گەمراوه بەسەهۆڵ، مەییوو، پێوەدراو

**بستي:** باخ، بێستان، بۆستان

**بسد:** مەرجان، جۆره زیندەوەرێکی دەریاییه وه گیاو دارو باری دەچێ و بەبنی دەریاوه نووساوه

**بسدكه:** مەلۆ، مەلوو، باقەی دەخڵ وگیا

**بسدين:** مەرجانی، سوور ڕەنگ، بەڕەنگی سوور و مەرجان

**بسر:** (١)تازه، نەو، نوێ، هەرشتێکی تازه (٢)خورمای نەگەییوو، خورمای زەرد کە هێشتا نەگەییبێت

**بسر آمدن:** تەواو بوون، سەرهاتن، بەئەنجام گەشتن

**بسربردن:** بەسەربردن، سازان

**بسردرآمدن:** کەوتن، بەسەرا کەوتنە خوار، خلیسکان و بەسەرا بەزەویدا دران

**بسردويدن:** ڕاکردن، غارکردن بەخێرایی

**بسر رسيدن:** تەواو بوون، گەشتنە کۆتایی، بەسەرهاتن

**بسرشدن:** بڕوانە بسر رسيدن

**بسزا:** شایان، شیاو، لێوەشاوە

**بسط:** ڕاخستن، بڵاوکردن، پانکردن، فراوان کردن

**بسطت:** بڵاوی فراوانی، ئاوەڵای، بەربڵاوی

**بسفليدن:** ئامادەبوون، تەیار بوون، سازبوون

**بسك:** مەڵۆ، مەلوو، باقەی دەغڵ وگیا

**بسكتبال:** باسکە، جۆرەیارییەکە بە کۆمەڵە لە نێوان دوو تیپی ٥ کەسی لە گۆڕەپانێك بە گەورەی ١٥*٢٨

**بس كردن:** وازهێنان، دەست هەڵگرتن، دەست کێشانەوە

**بسكله:** کلۆم، کلۆمك، کولۆم، کلیل و کلۆمی دار

**بسل:** ڕووگرژ، ڕووترش، ناوچاو مۆن لە تووڕەی یان لە زاتداری

**بسلاء:** ئازاکان، چاونەترسەکان، دلێران

**بسم:** بەناوی، بەناڤی

**بسنج:** پەڵە، لفکۆك، لوکە، نیشانە، پڵ، خاڵ، چینك، پنك، فنك

**بسند:** بەس، تەواو

**بسنده:** بڕوانە بسند

**بسودن:** دەست لێدان، دەست پیاهێنان، بەرکەوتن

**بسور:** بڕوانە بشور

**بسوريدن:** بڕوانە بشوريدن

**بسوقي:** شانازی کردن، گەشەکردن، سەرکەوتن، بەرزبوونەوە

**بسيار:** زۆر، زیاد، فرە، فراوان

**بسيارخوار:** زۆر خۆر، زکبرسی، تێرنەخۆر، خۆرا، خوارا، چڵك، مزەوەر، بخۆر، چل

**بسياردان:** بیرمەند، زانا، فرەزان، کەسێك زۆربزانێت

**بسيارگو:** زۆر بڵە، زۆر بێژ، قەرەچەناغ، چەنەباز، چاوەش، چەوچەو، دەمدڕاو، چەقەچنە

**بسيج:** ئامادەکردن، تەیار کردن، سازدان

**بسيجيدن:** ئامادەکردن، تەیار کردن، سازدان

**بسيط:** بڵاو، بەربڵاو، ئاوەڵا، بێ ریا، سادە، پاك

**بسيل:** ڕووگرژ، ڕووترش، ناوچاوتاڵ، مۆن لە تووڕەی یان لە چاو نەترسی

**بسيم:** ڕوخۆش، دەم بەبزە

**بش:** بەست، بەند

**بش:** یاڵ، یاڵ و بژ، مووی سەر ملی ئەسپ و شێر

**بش:** ڕووگەش، ڕووخۆش، دەم بە خەندە، دەم بەبزە، خۆشحاڵ

**بشارت:** مژدە، مزگێنی، هەواڵی خۆش

**بشاش:** ڕووخۆش، دەم بەخەندە، دەم بەبزە، کەسێك بەردەوام پێبکەنێت

**بشاعت:** قێزەوون، دزێو بوون، ناخۆش بوون

**بشاك:** درۆزن، ناڕاست، فرفرۆ، فرۆکەر، فرکەر، دەرەوەجین، دەرەوکێوو کەسێکە زۆر درۆیان بکات

**بشاورد:** هەوراز، تەپە، پشتە، بڵندای زەوی

**بشتك:** گۆزە، کووزە، گلێنە

**بشخوار:** پاشماوە، پاشخووان، پاشماوەی ئاوی ناو پەرداخ

**بشر:** مرۆڤ، مرۆ، حینسان، ئینسان، مەردووم، مرۆك، مێرهۆڤ

**بشر:** ڕووخۆشی، ڕووگەشی، کراوەیی

**بشره:** پێست، ڕووکەشی پێست، ڕووخسار، ڕوو

**بشري:** (١)مژدەدان، مزگێنی دان (٢)مژدە، مزگێنی

**بشريت:** مرۆڤایەتی، مرۆڤاتی

**بشقاب:** دەوری، تەبەق، ئامانێکی پەلی نێودارە

**بشك:** شەونم، ئاورنگ، ئاوونگ، خووناو، شەڤنەم

**بشك:** فکوول، پەرچەم، پیچووکە، تووکی کورت کراوەی سەر ڕوو کە بەقەف ڕادەوەستێ، بەرچاوگە، پێچە، ڕووبەند

**بشك:** بڕوانە بشکنن

**بشكاري:** کشتوکاڵ، زەراعەت، کشتوکێڵ

**بشكليدن:** شکار کردن، ڕاو کردن، نێچیر کردن

**بشكستن:** بڕوانە شکستن

**بشكفه:** بڕوانە بشکوفه

**بشكليدن:** ڕووشاندن، درز تێکردن، کوون کردن

**بشكم:** باڵەخانە، هەیوان، بەربانك

**بشكن:** پله، چەقەنە، چەقان، چەقچەقە، چەقەنەی هەڵپەڕین و سەما

**بشكوفه:** شکۆفە، خونچەی هەموو جۆرە ڕووەکێك

**بشكوليدن:** چالاکبوون، بەدەست وبرد ی، تووندو تۆڵی، چەلەنگی، بەتەماع بوون بۆ ئەنجامدانی کارەکان

**بشكوه:** ڕێزدار، بەشان وبۆ، بەهەیبەت

**بشكه:** بەرمیل، بۆشکە، جوورە، سندوقێکی گردی قووڵە لە لەوح یان لە تەختە

**بشل:** پێکەوەلکان، پێکەوە نووسان، نووساوی، تێکەڵاوی

**بشليدن:** پێوەکەوەلکان، پێکەوەنووسان، تێکەڵاوبوون لەگەڵ شتێك لکان، چەسپان

**بشم:** (١)شەونم، خووناو (٢)ووردە بەفر کە شەوانی زستان بەسەر زەویدا دەبارێت و سپی دەکات

**بشم:** خەمبار، خەمۆك، دلگران، غەمبار

**بشم:** نەخۆش، ناساغ، بێزار

**بشمه:** پێست، پۆست، چەرم، لۆنگ، ووڵك

**بشن:** بەژن، باڵا، قیافە، جەستە، سینگ، بەرۆك

**بشنجيدن:** ڕژتن، ڕشتن، ڕژاندن، پاشین، ڕشتنی ئاو یان هەر شلەمەنییەك

**بشور:** جنێو، بیسکاری، بیسکانی، جوێن

**بشوريدن:** جنێو پێدان، گەزارە کێشان، جوێن دان، فیببین

**بشون:** بڕوانە بشوليدن

**بشولانيدن:** هاندان، بزاوتن، بزواندن، زل کردن، جووڵاندن، تاودان، ئافراختن، ئاران

**بشولش:** بڕوانە بشوليدن

**بشوليدن:** کارزانی، کاردانی، لێهاتووی، چالاکبوون، کارێك بەووشیاری ئەنجام بدرێت

**بشوليدن:** پەرێشان بوون، تێك چرژان، پەشۆکاو و شڵەژان

**بشير:** مزگێنی دەر، مژدەدەر، کەسێك هەواڵی خۆش بێنێت

**بصارت:** زانایی، دانایی، بینایی، بیرمەندی، وشیاری

**بصاق:** تف، ئاوی دەم

**بصر:** بینین، هەستی بینین

**بصل:** پیواز، پیاز

**بصير:** زانا، دانا، کارزان، وووریا، بەتوان، کارناس

**بصيرت:** (١)زانایی، دانایی، ووشیاری (٢)عەقڵ، هزر، بەڵگە، شایەت

**بضاعت:** ماڵ، سامان، دارای، خووەدیتی، پەڕوبۆ

**بضع:** جووت بوون، لەگەڵ ژندا نووستن، تەڵاق، مارەی، مارەبڕین

**بضعه:** لەت ٬ لەتی گۆشت، پل، پلی گۆشت

**بط:** مراوی، مامراوی، مراقی

**بطال:** بێکارە، دەستە پاچە، چرۆ، ئەوارە

**بطالت:** ئازایەتی، چاونەترسی، بوێری، زاتداری

**بطاء:** (١)درەنگ کردن، بەدواداخستن، پشت گوێ خستن (٢)هێواش، بێ خێرای

**بطحاء:** ڕووبار، جۆم، چەم

**بطر:** بڕین، قەڵیش، قەڵشاندن

**بطر:** بڕوانە بطري

**بطري:** بتڵ، بوتری، شووشەی دەم باریك بۆ ساردی یان هەر تراوێکی تر

**بطش:** هێرش کردن، دژواری، سەخت گرتن، توندی، توند و تیژ

**بطل:** ئازا، دلێر، چاونەترس، بوێر

**بطل:** گەنیین، لەناوچوون، خراپ بوون، لوکولك کەوتن

**بطلان:** بڕوانە بطل

**بطن:** سك، ناوسك، ناوەوەی هەرشتێك

**بطن:** وورگن، تێر نەخۆر

**بطن:** سك ئێشە، زك ئێشە، ئازاری سك لەبەر گەورەی یان زۆر خۆری

**بطوء:** درەنگ کردن، بەدواداخستن، پشت گوێ خستن، بەفتگا خستن

**بطون:** خۆشاردنەوە، خۆحەشاردان، خۆقایم کردن، لەبەر چاو وونبوون

**بطيء:** لەسەرخۆ، بێ پەلە، هێواش

**بطيخ:** كاڵەك شوتی، کەدوو

**بطين:** وورگن، سکن، زکن، زگ زل، سك زل

**بعث:** هاندان، بزواندن، ناردن، وەگەڕخستن، بزاوتن

**بعثت:** هاندان، ڕەوانەکردن، ناردن

**بعد:** دوای، پاش، دواتر، لەدوای

**بعد:** دووری، جیایی، دژی نزیك

**بعر:** پشکل، پشکوڵ، قشپل، بوشکوول، پیسای ئاژەڵ و کەروێشك و ئاسك و ئاژەڵانی کێوییە کە خڕو ڕەشە

**بعض:** هەندێ، هەندێ کات، هەندێجار، بڕێك

**بعل:** هاوسەر، مێرد، خاوەن، خواوەند

**بعيد:** دوور، دژی نزیك

**بعيد:** ووشتر، حوشتر

**بغ:** خوا، پەروەردگار

**بغا:** حیز، ڕووسپی، داوێن پیس، گاندەر

**بغات:** ئەم ووشەیە کۆیە و بەمانای سەرکێش و یاخی دێت

**بغاز:** پوواز، هۆرە، زووانە، زەمۆمە

**بغال:** ئێستر، هێستر

**بغامه:** دێو، درنج، دەهۆ، دڤ

**بغپور:** بغپور، کوڕی خوا، نازناوێکە لە کۆندا بۆ پاشاکانی چین بەکارهاتووە

**بغته:** کتوپڕ، کتاوپڕ، کوتوپڕ، لەپڕدا

**بغچه:** بوغچە، بوخچە، شاڵماشتە، بەسە، بەستە، بەستەیەکی گەورە، کەجل و کەلوپەلی تیاهەڵدەگرن و هەروەها بۆ هەڵگرتنی نان بەکاری دێنن

**بغرا:** بەراز، خووك، پەکانە، بەرازە کێوی، بەرازێ کەدی

**بغرنج:** ئاڵۆز، دژوار، شێواو، قوورس، گران، تێکەڵ و پێکەڵ

**بغستان:** بوتخان، بوتکەدە، شوێنی هەڵگرتن و دانانی بوت

**بغض:** بوغز، کینە، نەیاری، دوژمنی

**بغضاء:** دوژمنی قوورس، نەیاری توند، ڕقی زۆر

**بغ كردن:** مۆن کردن، ڕوگرژکردن، ڕووترش، ناوچاوان بەیەکدادان

**بغل:** ئامێز، لا، بەر، کۆش، باوەش

**بغل:** ئێستر، کەر، بارەبەر، گوێرێژ

**بغل زدن:** باوەش کردن، لە ئامێز گرتن

**بغل كردن:** باوەش کردن، لە ئامێز گرتن

**بغل گشودن:** باوەش کردنەوە، ئامێز کردنەوە

**بغمه:** کەمەر بەند، حوناوکەی ژنان

**بغند:** چەرم، پێست، پۆست، چەرمی ئاژەڵان

**بغي:** (١)زووڵم کردن، ناحەقی داگیر کاری، ستەم کردن (٢)یاخی گەری، سەرکێش، سەرپێچی

**بغياز:** بەخشیش، شاگردانە، دەسەند، دەسوازی، شاخصی

**بغيض:** دوژمن، دوشمن، نەیار، ناحەز

**بغيه:** گونجاو، دڵخواز، دڵگیر

**بفج:** تف، لیك، ئاوی دەم

**بفخم:** زۆر، زیاد، فرە

**بفنج:** ماری سڕ، ماری بێژار، مارێك گاز لە کەس نەگرێت

**بفور:** خێرا، دەس بەجێ، بێ درەنگ

**بق:** ساس، مێشوولە، پێشکە، پیشۆ، مەشوولە، هوردە، پەخشە

**بقاء:** (١)ژیان، مانەوە، پایەدار بوون (٢)بەردەوامی، هەمیشەی، پایەداری

**بقال:** تەڕە فرۆش، بەقاڵ، دێومرە، چەرچی

**بقايا:** بەجێ ماوەکان، پاشماوەکان

**بقر:** گا، مانگا

**بقل:** میوە، سەوزی، دەخڵ ودان، هەشتێك لە چاندنەوە بڕوێت

**بقيه:** ماوەوە، پاشماوە، بەجێ ماوە، پێما، پاشەڕۆك

**بك:** پشتیوان، پشت

**بكاء:** گریان، گری، کارەکار، کالین، گریستن

**بكارت:** کچێنی، کچیەتی، کەچێنی، بن

**بکـتر:** زرێ، زره، بـهرگی ئاسـنین کـه لـه کـاتی شـهڕدا دهیان پۆشی

**بکر:** (١)کچ، کیژ، قیز، کهنیشك (٢) تازه، نوێ، دهست لێنهدراو

**بکره:** بهرهبهیان، تاریك و ڕوون، بوومه لێڵ

**بکسه:** پل، لهت، پلی گۆشت

**بکم:** لاڵی، بێ زمان، لاڵمان

**بکم:** لاڵ، بێ زمان، لهعل، لال

**بکنـك:** کلـك بـڕاو، کلـك قرتـاو، هـهر ئاژهڵێـك کلکی قرتابێت

**بکونك:** شمشێره دارینه، شمشێری دار

**بکي:** چاو بهفرمێسك، گرینۆك، کهسێك که زۆر دهگری

**بکیم:** لاڵ، بێ زمان، لهعل

**بگاه:** بهرهبهیان، لهکاتی خۆیدا، خێرا

**بگـردن گـرفتن:** خـستنه سـهر شـان، لـه ئهسـتۆ گـرتن، ئۆدهدار بوون

**بگماز:** شهراب، مهی، باده، عهرهق

**بگیربگیر:** ڕهش بگیر، بگره و بهره، گرتن و قۆڵ بهست کردنی یهك لهدوای یهکی خهڵك

**بگیروببنـد:** بگرهوبگـره، بگـرهو بـهره، گـرتن و قـۆڵ بهست کردنی خهڵك

**بل:** نهزان، کێژ، حۆل، کهر، بێ ئاوهز

**بل:** پاژنه، پاژنهی پێ، پاشنه

**بل:** بهڵکو، بهڵکم

**بل:** شهفا، دهرمان، چارهسهر

**بلاء:** خهم، پهژاره، کهسهر، ئازار، گرفتاری، مهینهتی

**بلاجین:** بڕوانه بلاگردان

**بلادت:** نهزان، زهین کوێری، حۆلی، بێ ئاوهزی

**بلاده:** خراپ کار، داوێن پیس، دووڕوو، نابهکار

**بلادیده:** ئازار دیتوو، سهختی کێشاوی، بهلاّ چێژتر

**بلارج:** لهقلهق، لهگلهگ

**بلازده:** بڕوانه بلادیده

**بلاغ:** بهئهنجام گهشتن، گهشتن به مهبهست

**بلاغت:** چاکی ووتار، ههواڵدان، گهشتنی دهنگ

**بلاغي:** دهنگ بهرز، بهتوانا، کهسێك بتوانێت بـه باشی و جوانی قسهبکات

**بلاکش:** بـهلاّ کێش، بـهلاّ چێژ، کهسـێك مـه بـهردهوام تووشی بهلاّو ناخۆشی بێت

**بلاگـــردان:** بـــهلا وهگـــهردان، قوربـــانی، گـــۆڕی، دهردومرگهڕێن

**بلال:** بهلال، گهنمهشامی، بهرههمی گیای، گهنمهشامی که لهسهر ئاوور دهبرژێنن و دهخورێت

**بلاهت:** نهزانی، گێژی، بێ ئاوهزی، کهم فام

**بلایه:** حیز، داوێن پیس، گاندهر، نابهکار، ڕووسپی

**بلبال:** هاندان، بزاوتن، بزواندن، جووڵاندن

**بلبان:** بڕوانه بالابان

**بلبل:** بولبول، بلبل، باڵندهیهکی دهنگ خۆشی بچووکه

**بلبله:** هاندان، بزاوتن، جووڵاندن، بزاوتن

**بلبلي:** شهراب، مهی، باده، پیاڵه پهرداخ

**بلج:** دهم بهخهنده، دهم بهبزه، ڕووخۆش، ڕووگهش

**بلجم:** بڕوانه بلخم

**بلح:** خورمای نهگهشتوو، خورمای کاڵ

**بلخ:** دار بهڕوو، داری بهڕوو

**بلخ:** خۆبین، لهخۆڕازی، گهوره، مهزن

**بلخ:** گهورهیی، مهزنی، لهخۆڕازی

**بلد:** شار، بازێڕ، شارستان، بازاڕ

**بلد:** ڕێبهر، ڕێنما، ڕێ نیشاندهر

**بلدیه:** شارهوانی، شارهداری، بهڕێوهبردنی شار لـهڕووی پاکی و خاوێنی

**بلسك:** بڕوانه پرستو

**بلسك:** بڕوانه بلشك

**بلسن:** نیسك

**بلشك:** سیخ، شیش، شیشی کهباب و گۆشت

**بلع:** جاوین، جوین، قووتـدان، کردنـه نـاوهوهی چێشت بۆ ناو قوورگ

**بلعجب:** سهر سووڕهێنهر، سهرنج ڕاکێش، زۆر عـهجیب، ههر شتێك ببێته هۆی سهر سووڕمان

**بلعم:** زۆرخۆر، تێر نهخۆر، زك برسی، وورگن

**بلعیــدن:** جــاووین، جــووین، جــاوینی چێــشت و خواردمەنی لە ناو دەم

**بلغاك:** کێشە، هەرا، ئاژاوە، پەشێوی، بگرەوبێنە

**بلغد =بلغده:** بڕوانە بلغندە

**بلغم:** بەڵغەم، بەلقەم، چڵم، ئاوی لـووت کـە لـەکاتی نەخۆشیدا لە لووت دێتە خوار

**بلغندر:** بێ بەندوبار، کەمتەرخەم، لەش گران، بێ دین

**بلغنده:** کەڵەکە کراو، کۆکراوە، لەسەر یەك دانراو

**بلغور:** ڤلۆشە، بڕوێش، هوڵۆشە، بڕۆش

**بلغونە:** سووراو، سووراو کە ژنان لەدەمو چاوی خۆیانی هەڵدەسوون

**بلفرخج:** ناپاك، دزێو، ناشرین، قێزەوون

**بلفضول:** زۆر بلە، زۆر وێژ

**بلق:** ئەبڵەق، باری، بارە، دوورەنگی پەڵەپەڵەییە بە لەشەوە

**بلقاء:** ڕەش و سپی، هەر شتێکی ڕەش و سپی

**بلقع:** بێ بار، بێ بەر، زەوی ووشك و بێ ئاوو گیا

**بلك:** دیاری، پێشکەش، خەڵات

**بلك:** زمانە، مەلاشە، بلێسە، زواونەی گڕ

**بلکامە:** هوسباز، پـڕ ئـارەزوو، ئـارەزوودار، تامـەزرۆ، بەهیوا

**بلکفت:** بڕوانە بلکفد

**بلکفـد:** ڕەشـوە، بـەرتیل، وەلێـفـەت، ژێـر زووان، شـتێك کەبیدەی بە کەسێك تا کارێکت بۆ بکات

**بلکك:** شیلەتێن، شیلە و گەرم، ئاوی نیوە گەرم

**بلکنجك:** سەرسوورهێنەر، عەجیب، پێکەنینی

**بلکە:** بەڵکو، بەڵکە، بەڵکی

**بـل گــرفتن:** بەهــەل زانــین، هــەل قۆســتنەوە، بەدەست هێنانی شتێك بێ کێشەو نارەحەتی

**بلمە:** ڕیـش پـڕ، ڕیـش درێـژ، پیاوێـك کـە ڕیـشی پـڕو درێژی هەبێت

**بلنج:** ڕادە، ئەندازە، ڕێژە، ئاست

**بلند:** بـەرز، بڵنـد، درێـژ، دژی کورت، سـەر بـۆ ئاسمان کێشاو

**بلنداختر:** خۆش شانس، بەختەوەر، کامەران

**بلنـدارکان:** (١)ڕێـزدار، بڵنـد پایـە (٢)بینایـەك کـە لەسەر پایەی بڵندبینا کرابێت

**بلند آستین:** دەست درێژ، بە زەبروزەنگ، دەسەڵاتدار

**بلنـد آواز:** دەنـگ زل، دەنـگ گـەورە، کەسـێك دەنـگ و ئاوازی گەورەی هەبێت

**بلند آوازه:** ناسراو، ناودار، بەناوبانگ

**بلند بالا:** بالآبەرز، بەژن بەرز، بەژن بڵند

**بلند پایە:** بڵند پایە، خاوەن پلە، بەشان و بۆ

**بلندشدن:** هەستان، بەرزبوونەوە، درێژبوون

**بلند قامت -بلند قد:** بڕوانە بلند بالا

**بلنـدکردن:** هەسـتاندن، بـەرز کردنـەوە، هەڵگرتنـەوەی شتێك لەسەر زەوی

**بلند گرای:** بەرزە فـڕ، کەسـێك زیـاتر لـە توانـا و پێگـی خۆی دەوێت

**بلنـد گـو:** بەرزکـەرەوە، دەزگایەکـە بـۆ بەرزکردنـەوەی دەنگ

**بلند مرتبە:** بڕوانە بلند پایە

**بلند نام:** بەناوبانـگ، ناسراو، ناودار

**بلنـد:** ڕوونـاك بـین، ڕوون بـین، کەسـێك مەبەسـت و ئامانجی بەرزی هەبێت، دوور ئەندێش

**بلندنوا:** بڕوانە بلند آواز

**بلنــدین:** چوارچـێوەی دەرگــا، داری ســەر دەرگــا، چوارچێوەی دەرگای ماڵەوە

**بلوا:** هەرا، کێشە، بەڵا، بشێوی، ئاژاوە

**بلــوچ:** پۆپنــە، گۆشـتێکی سـووری برگەبرگەیـە لـە سەرسەری کەڵەباب و مریشك و قەلەموون

**بلور:** بللوور، بەلوور، مینا، بلۆر

**بلـوط:** بـەروو، بـەروو، بـەلوو، بەرەکـەی لەسـەر ئـاوور دەبرژێت و دەخورێت

**بلوغ:** بلۆق، بالق، پێگەشتن، بلووق، پێگەیین، ژن کانی، شووکانی

**بلـوف:** تانـەو تەشـەر، بـێ نـاوەرۆك، هەرەشـەیەك کـە تەنیا قسە بێت و کردەوەی لەگەڵ نەبێت

**بلوك:** پیاڵە، پەرداخ، ئەو پیاڵەی شەرابی تیا دەخۆن

**بلونك:** شمشێرە داینە

**بله:** بەڵێ، بەلێ، ئەرێ، ئارێ، ها، با، هەرێ، ئەم، واسە، وایە، بۆ وەراست گێرانە بۆ وەڵامدان و وەڵامدانەوی پۆزەتیف بەکاردێت

**بلهاء:** گێژو وور، بێ ئاوەز، دەست و پێ سپی، بۆ ژن بەکاردێت

**بلهوس:** هوسباز، کەسێك تەنیا بەدوای تاسەو هەوەسی خۆیدا بێت

**بلي:** بڕوانە بله

**بليارد:** بیلیارد، بلیارد، جۆرە یارییەکە لەسەر مێزێکی تەخت کە ۶ کونی تێدایە دەکرێ

**بليت:** بلیت، بارنامە، تێپەڕ نامە، پارچە نوسراوێکە دەدرێت بە کەسێك کە بەهۆیەوە دەتوانێت بچێتە ناو سینەما و شوێنانی تر کە بە پارەیە

**بليد:** وڕ، گێژ، زەین کوێر، بێ هۆش، بێ ئاوەز

**بليغ:** زمان تیژ، بەزمان، کەسێك بتوانێت بە جوانی قسەبکات

**بليه:** ئازار، سەختی، بەژان، دەرد، کەسەر

**بمب:** بۆمب، بۆمبا، تۆپ، بۆمب کە پڕی دەکەن لە تەقەمەنی و لە فرۆکەوە دەیخەنە خوار و لە کاتی دان بە ئەرزا دەتەقێتەوە

**بمب اتمی:** بۆمبی ئەتۆمی

**بمباران:** بۆمباران، فڕێدانە خوارەوەی بۆمب لە فرۆکەوە بەسەر شارو پێگە نیزامیەکان

**بمباردمان:** بڕوانە بمباران

**بمب افكن:** بۆمب هاوێژ، مەبەست لەو فرۆکانەیەکە بۆمب هەڵدەگرن و بەسەر شوێنە مەبەستەکاندا فڕی دەدەن

**بن:** بن، بنج، بناوان، کۆتای، بێ هەرشتێك، بێخ، ژێر

**بناء:** بینا، ماڵ، خانوو

**بناء:** وەستا، پیشەزان، کەسێك کاری دروست کردنی خانوو بەرمیە، وەستای دیوار

**بناب:** بنی ئاو، بناو، ژێر

**بناخواست:** نەخوازراو، بێ ئیرادە، لائیرادی، بە پێچەوانەی حەز

**بنادر:** لەنگەرگەکان، لەنگەرگە

**بناخ:** هەوێ، هەوە، هەوی، دوو یان چەند ژن کە ژنی پیاوێك بن

**بناگاه:** کتاوپڕ، کت وپڕ، لە پڕدا

**بناگوش:** بن گوێ، پشت گوێ لاجانگێ

**بنام:** ناودار، بەناوبانگ، ناسراو

**بنام ايزد:** بەناوی خوا

**بنان:** پەنجەکان، سەرپەنجە، سەرقامکە

**بنانج:** هەوێ، هەوە، دوژن کە هی پیاوێك بن

**بنانهادن:** دروست کردن، بنیادنان، بینا دروست کردن

**بناور:** بەبن، بنجدار، قوول

**بن بست:** دەرنەچوو، کۆلانێك کەدواییەکەی بەستڕا بێت و ڕێ بۆ هیچ شوێنێکی تر نەبێت، داخراو

**بنت:** کیژ، کچ، ڤیژ، کەنیشك

**بنجاق:** تاپۆ، بنچاخ، تاچك، قەواڵە، تووێڵ، جۆرە قەباڵەیەکی، دەوڵەتیە دەدرێ بەخاوەن زەوی و خانووبەرە

**بنجشك:** بڕوانە گنجشك

**بند:** (١)بەند، پەت یازنجیر ێکە دەست و پێ مرۆڤ یان وولآخی پێ دەبەستن (٢)بەند، بەستە کاغەزێکە برتییە لە ٥٠٠ تەبەقە، بەند لە چاپەمەنیدا ١۶ لاپەرەیە

**بند آب:** بەنداو، ئاوو بەند، لەمپەر، سەد

**بنداو:** بڕوانە بنیاد

**بنه دار:** ماڵدار، ساماندار، دەوڵەمەند، دەست ڕۆشتوو

**بندآمدن:** بەستران، بەندبوون، مەیین، بەند کردن

**بنداندختن:** پەت لێدان، دەم چاو هەڵگرتن، مووەدەرهێنان

**بندآوردن:** بەستن، ڕێگە گرتن، نەهێشتن

**بندباز:** تەناف باز، بەند باز، تەفباز، دارباز، تەناباز

**بندبودن:** بەندبوون، گیربوون، گرفتاربوون

**بندخانه:** زیندان، بەندیخانە، گرتووخانە

**بندر:** بەندەر، دەرەگە، پەسار، پەسارگە، ستڕینگە، مینا، ڕۆخی دەریا جێگایەکە لە کەنار زێیان، کەشتی لێ ڕادەوەستێ

**بندرگاه:** بەندەرگە، لەنگەرگە، شوێنی لەنگەر خستنی پاپۆڕ و کەشتی

**بندشدن:** چەسپان بە، لکان بە، تێکەڵاوبوون، پێوەنووسان

**بندشناسي:** جومگەناسی، جومگەناسی،

**بندق:** فندق، بندق، وەکو پستە وایە بە سوێر کراوی دەخورێ

**بندك:** بەنك، بەن، دەزوو، بەنی ڕستراو

**بندكردن:** (١)گیر کردن، بەند کردن، گرتن، خستنە بەندخانە (٢)نووساندن، چەسپاندن، لکاندن

**بندكشيدن:** لەبەندابوون، ژیان لە زیندان بەسەربردن، زیندانی کێشان

**بندگاه:** جومگە، جمگە، خرتك، جومشکە، شوێنی پێکەوەلکانی دوو ئێسقان لە جەستە

**بندناف:** وێلاش، کۆرپەلە لە سکی دایکی لە ڕێگەی وێلاش خۆراك وەردەگرێت

**بن دندان:** بن دان، بن دیان، ژێر پووك، پووك

**بندنه:** بڕوانە بندیمە

**بندوبست:** پیلان، پلان، کەین و بەین، دۆلاب، فرلداغ

**بندوز:** جەواڵ دوور، کەسێك جەواڵ دەدوورێت

**بنده:** بەندە، کۆیلە، کۆلە، نۆکەر، کۆل، خولام مزوورو کارکەرێکە کە کڕابێت

**بنده وار:** بەندانە، بەندەیانە، بەندەوار، کۆیلانە، وەکو بەندان، کۆلانە

**بندي:** گرفتار، گیرۆدە، زیندانی، بەندی، توشبو

**بنديبان:** بەندەڤان، زیندان بان، زیندانڤان

**بنديخانه:** بەندیخانە، گرتووخانە، زیندان، گرتیخانە

**بنديدن:** بڕوانە بستن

**بنديمه:** دوکمە، قۆپچە، دۆگمە

**بنديوان:** بڕوانە بندیبان

**بنساله:** کۆن، بەتەمەن، بەساڵاچوو، پیر

**بنست:** بڕوانە بن

**بنشاختن:** بڕوانە نشانیدن

**بنشن:** قەرەبارە، وەك نۆك و نیسك و فاسۆلیا

**بنفش:** بنەوش، وەنەوش، بنەفش

**بنفشه:** وەنەشە، بنەوشە، گیایەکی کورت و لاسك باریکە

**بنفشه زار =بنفشه سان:** وەنەوشە جار، ئەو زەوییەی وەنەوشەی زۆری تیا بڕوێت

**بنفشه مو:** موو وەنەوش، ئەوەی ڕەنگی قژی وەنەوشەی بێت

**بنفوز:** بڕوانە بتفوز

**بنك:** نیشانە، نیشان، شوێن پێ

**بنك:** بنەما، بناغە، بنچینەی هەر شتێك

**بنكدار:** بنکدار، کۆ فرۆش، کەسێك کەلو پەل گشتی هەیە و کۆ دەیفرۆشێت، بە پێچەوانەی تاك فرۆش

**بنكران:** بنکڕ، کرکڕ، بنکلاشك، چێشتێکە بە بنی مەنجەڵەوە نووسابێت

**بنگان:** پیالە، پەرداخ

**بنگاه:** بڤیسینگە، نوسینگە، شوێنی کڕین و فرۆش، دامەزراوە، دەزگا

**بنگره:** لایلایە، لایەلایە، لالایی، ئەو ئاوازەی دایك لە کاتی خەواندنی کۆرپەکەی خۆی دەیلێت

**بنگش:** قووتدان، قووتاندن، بێ جاوین شتێك کردنە ناو قوورگ

**بنگلك:** قەزوان، قەسخووان، وەنەتەق، وان، کەروان، وەنی، قەنی، قەزقەوان، بنەوشۆکە

**بنگه:** بڕوانە بنگاه

**بنلاد:** بوونیاد، بناغە، بنچینە

**بنو:** خرمان، خەرمان، بێدەر، کۆی سووری گەنم، بەسەر یەکدا کراوی میوە

**بنوره:** بڕوانە بنلاد

**بنوسرخ:** نیسك

**بنوسياه:** ماش

**بنوه:** بڕوانە بنە

**بنه:** بنك، شوێن و مەكان، كەلوپەل

**بنه:** بناغە، بنج، ژێر، بناوان، بنەتار

**بنه:** دار قەزوان، دار قەسخوان، بێدەر، قەزقەوان

**بنه كن:** كۆڕەو، كۆچی بە كۆمەڵ یان خێزانی بە هەموو ملك و ماڵیانەوە لە شارێكەوە بۆ شارێكی تر

**بنەگاه:** بنەگە، هەوارگە

**بني:** كوڕەكان، منالآن

**بني نوع:** هاوڕەگەز، هاوجۆر

**بنیاد:** بناغە، بنیاد، پایە، بنچینە

**بنیاد كردن:** بیناكردن، پایەدانان، دەسپێكردن، بناغە دارژتن

**بنیادگر:** وەسا، وەستا، وەستای دیوار

**بنیان:** بونیان، بناغە، بنچینە

**بنیه:** سروشت، سروشت، ناخ، بونیە

**بوته:** بۆتە، دەفرێكە كانزای تیا دەتاوێننەوە

**بوجهل:** نەزان، گێژ، حۆل، كەم فام و بێ ناوەز

**بوخلاف:** مەلەك تاوس، شەیتان، بنەمای خراپە

**بودادن:** بۆن لێهاتن، بۆن دان

**بودار:** خاوەنی بۆنی خۆش، بۆندار

**بودايي:** بودایی، بوزایی، لایەنگرانی بودا، یەكێك لە زاناكان و فەیلەسوفەكانی سەدەی شەشی پێش زایین بوو

**بودجه:** بووجە، بۆجە، داهات و خەرج، كۆی گشتی داهات و خەرجی دەوڵەت، بۆ ماوەیەكی دیاری كراو

**بودش:** بڕوانە بودن

**بودن:** بوون، بەرامبەری نەبون، وجوود، بەرچاو زیندوو

**بور:** (١)ئالتونی، ڕەنگی ئالتونی (٢)بۆر، ڕەنگی خۆڵەمێشی، (٣)بۆر، یەكسمی، پنۆك پنۆكی ڕەش و سپی

**بورابرش:** بۆر، یەكسمی، پنۆكپنۆكی ڕەش و سپی

**بوران:** بۆران، تۆف، كرێوەو با

**بوربیجادەرنگ:** خۆر، هەتاو

**بورژوا:** بورژاو، دەوڵەمەند، سەرمایەدار، ئەرباب، شار نشینی خۆش رابوێ

**بورشدن:** شەرمەزار بوون، شەرمەساربوون، شەرمەندە بوون، خەجاڵەت بوون

**بورك:** برش، كەروو، توێژاڵێكی شین كە لە نانی كۆن دەنیشێ

**بورياء:** حەسیر، ڕایەخی لە جەكەن و قامیش

**بورياباف:** حەسیر چن، وەستای حەسیر دروست كردن

**بوزكند:** هەیوان، هەویان، بەربێلایی، سەكۆی سەر داپۆشراو لە بەردەركی ماڵ

**بوزنه =بوزنينه:** بڕوانە بوزینە

**بوزينه:** مەیمون، عەنتەر، مەیمونی لۆتی

**بوژ:** گۆم، گێزاو، گێژاف گێجاو

**بوژنه:** چرۆ، شكۆفە، گوڵی دار

**بوس:** ماچ، ڕاموس، ڕاموسان، پاچ

**بوسبل:** ڕێگاناس، ڕێ نیشاندەر، چەتە، ڕێ بر

**بوستان:** باغ، باخ

**بوستان بان:** باخەوان، باخەبان

**بوسلیمان:** شانە بەسەر، پەپوسلێمانكە

**بوسه:** ماچ، ڕاموس، ڕاموسان، كرداری دانانی هەردوو لێو لەسەر لێو یان كوڵم

**بوسیدن:** ماچ كردن، پاچ كردن

**بوش:** (١)ووجود، بوون، (٢)بەخت، چارەنووس

**بوش:** خۆنواندن، خۆجوان كردن، خۆدەرخستن

**بوش:** لێوار، زار

**بوشاد:** شێلم

**بوشاسب:** ڕوئیا، خەون، خەوی خۆش

**بوشپاس:** بڕوانە بوشاسب

**بوشناس:** بۆن ناس، كەسێك بە جوانی بۆنەكان لەیەك جیاكاتەوە

**بوغ:** بڕوانە بوق

**بوف:** بایەقووشی، كونەپەپو، كوندەپەپوو

**بوفالو:** گامێش، گامووش

**بوفروش:** بۆن فرۆش، عەتر فرۆش، ئەوەی شتی بۆن خۆشی بفرۆشێ

**بوق:** بۆق، کە لە شاخ بۆ تێ تۆراندن

**بوقتب:** کمر، وولاخ

**بوقلمون:** بۆقله، قەلەمون، عەلەشیش، قەل، بەقله

**بوکردن:** بۆنکردن، بۆن پێوەکردن، هەلمژین بە لووت

**بوکس:** بۆکس، شمرە مشت

**بوکشیدن:** بۆن کردن، هەلمژین بە لووت

**بوگان:** منالدان، جێگەی پیزە لە سکدا

**بوگرفتن:** بۆن گرتن، بۆندار بوون، بە بۆنی خۆش یان ناخۆش، بۆ گرتن

**بوم:** شوێن، وولات، ناوچە، شار، سەر زەوی

**بوم:** کوندەپەپوو، بایەقووش

**بومره:** ئیبلیس، شەیتان

**بومهن:** بومەلەرزە، بولەزە، زەلزلە

**بومهین:** بڕوانە بومهن

**بومي:** ناوچەیی، دانیشتوی شوێنێك بۆ ماوەیەکی زۆر کە خووی پێ گرتبێت

**بون:** منالدان، جێگەی پیزە لە ناوسکدا

**بون:** بەش، پاشەکەوت

**بون:** بنج، بناوان، دوماهی، کۆتایی هەرشتێك

**بون:** دوری، جیایی، جیاوازی و ماوە لە نێوان دووشت

**بوناك:** بۆگەن، گەنیو، بۆن ناخۆش

**بوهمان:** بڕوانە بوگان

**بويا:** بۆن کردن، بۆن کێشان

**بويان:** بڕوانە بوییدن

**بويايي:** بۆن کردن، یەکێك لە هەستەوەرەکان کە هەست بە بۆن دەکات، هەستی بۆنکردن

**بويحيي:** ئیزرائیل، مەلکەمون، فریشتەی گیان کێشان، پێمێود

**بويدار:** بۆندار، بۆن ناخۆش، بەبۆن، بۆگەن

**بويدان:** بۆندان، بۆدان

**بويژه:** بەتایبەت، تایبەتی، خسوسی، تاویەتی

**بوي سوز:** ئاگردان، بخوردان، ئەو دەفرەی ئاگری تێ دەکەن و بخوری تیا دەسوتێنن

**بويگان:** بڕوانە بوگان

**بويناك:** بڕوانە بوناك

**بويه:** خواست، ئارەزوو، ئارەزومەندی، هیواداری

**بوييدن:** بۆن کردن، بۆن کێشان، هەلمژینی بۆنێك بە لووت

**به:** باش، چاك، بەدل، گونجاو

**بە:** بەهێ، جۆرەدارێکە هاوشێوەی سێو بەرەکەی دەخورێت و بۆن و تامێکی تایبەتی هەیە

**بها:** بهێ، بایی، نرخ، بەها

**بهاء:** جوانی، رووناکی، ڕۆشنی، درەوشاوەیی

**بهائم:** چوار پێکان، چاروێ کان

**بهـات:** بوختـان چـی، قسەهەلبەست، کەسێك تۆمەت دەخاتە پال کەسانی تر بە ناڕەوا

**بهادار:** نرخدار، بەهادار، بایی دار، بەنرخ

**بهادر:** ئازا، چاونەترس، دلێر، بوێر، بوێرانە

**بهار:** بەهار، بوهار، وەهار، بوار، لە نەورۆزەوە سێ مانگ

**بهار:** بت، بتخانە، شوێنی دانانی بتەکان

**بهار:** بەهار، جوان، بەدل، هەرشتێکی بە دل

**بهاران:** بەهاران، دەکژی بەهاردا، لە چاخی بە هاردا، بەهارستان

**بهاربند:** بەهار بەند، ئەویل سەردانە پۆشراو لە بەهاردا

**بهارخانه:** بتخانە، هەربینایەکی جوان دلگیر

**بهاره:** بەهارە، بەهارو، پەیدابوو لە بەهاردا

**بهاري:** بوهاری، هەرچی سەربە بەهارە، بەهاری

**بهاگير:** گرا بایی، نرخدار، هەرشێتێکی گران و با پیدار

**بهامين:** بەهار، وەهار، بوهار

**بهانه:** بیانو، پەلپ، گرو، بیانگ، بەهانە

**بهانه آوردن:** بیانو هێنانەوە، پەلپ گرتن، بۆ نەکردنی کارێك پەلپ گرتن

**بهانه تراش:** بەلپ گر، بەهانە گر، بیانوو گر، فیرسیچمە
**بهانه جو:** پەلپ گر، کەسێك لە بیانوو بگەڕێت
**بهانه ساز:** بڕوانە بهانە تراش
**بهانه کردن:** بیانوو گرتن و نەنجام نەدانی کارێك، فێڵ کردن
**بهانه گیر:** بیانوو گر، پەلپ گر، عەیب دۆزەرەوە
**بهاور:** بایدار، بەنرخ، گران بایی
**بهایي:** بڕوانە بهاور
**بهبود:** باش بوونەوە، تەندروستی، سەلامەتی، لەش ساغی
**بهت:** درۆ، تۆمەت، فڕ، قسەی ناڕاست
**بهت:** واق وڕمان، سەرسوڕمان
**بهتان:** بوختان، درۆ، تۆمەت، قسەی ناڕاست، فڕ
**بهتر:** باشتر، چاکتر
**بهجت:** سرور، شادمانی، تازەیی
**بهداشت:** پاك ڕاگرتن، خاوێنی، تەندروستی
**به دان:** فرەزانتر، زاناتر، باش زان
**بهدین:** دینی باش، ئاینی باش
**بهر:** بەش، پار، بێش، بەهرە
**بهرام:** بارام، بەهرام، ئەستێرەی مەریخ
**بهرامه:** هەوریشم، ئاوریشم
**بهرك:** پینە، قرتماغەی بەری دەست کە لە کاری زۆرەوە پەیدا بو بێت
**بهرم:** خەنە، گیای ڕەنگی دەست و پێ و سەری ژنان
**بهرمند:** بڕوانە بهرەمند
**بهرمه:** بەهرەمە، مەتکەو، دار کونکەری دارتاشان
**بهروز:** (۱)ڕۆژی خۆش، ڕۆژی باش (۲)کامەران، خۆشبەخت
**بهدومند:** بڕوانە بهدەمند
**بهره:** بەش، پار، پەیا، بەهرە، پشك
**بهره بر:** هاوبەش، شەریك، هاویشك
**بهره بردار:** کەڵك گر، کەڵك وەرگر، سوودار
**بهره برداري** کەڵك وەرگرتن، سوودبینین، قازانج دیتن
**بهره بهره**
بەش بەش، جیاکراوە، لەت لەت
**بهره مند:** کەڵك وەرگر، سوود بەر، کەسێك لە کارێك یان لە شتێك کەڵك یان قازانجی بەرکەوێت
**بهره ور:** بە کەڵك، بە بەهرە، شتێك یان کارێك قازانجی تیابێت
**بهساز:** دەست ڕەنگین، کەسێك کەشتێك باشتر دروست بکات
**بهش:** ڕوخۆش، دەم بەبزە
**بهشت:** بەهەشت، ئاو وهەواخۆش، باغاتی خودا لەو دنیا
**بهشتي:** بەهەشتی، دیندارو پیاوی خوا
**بهشتي رد:** جوان، شۆخوشەنگ
**بهق:** پنك، چیك، پەڵە، لەك، نتك
**بهك:** بڕوانە بهق
**بهل:** بێڵە، ڕێگە بە
**بهلول:** باڵەڵ، پیاوی دەم بەبزە، گەورەی قەوم
**بهم:** لەگەڵ یەك، پێکەوە
**بهم افتادن:** دەزگیر بوون، پێك هەڵپڕانی دوو یان چەند کەس
**بهم آمدن:** پەیوەست بوون، پێکەوەلکانی دوو یان چەند شتێك
**بهم آميختن:** تێکەڵ بوون، تێکەلاّوبوون
**بهم آوردن:** پێکەوە بەستن، بەیەك گەیاندن، ئامادەکردن
**بهم برآمدن:** غەمباربوون، جارزبوون، توڕەبوون
**بهم پيوستن:** لکانی دووشت، پەیوەست بوون، چەسپان
**بهم خوردن:** بەریەك کەوتن، پێکدادران
**بهم رسانيدن:** گەیاندنە یەك، گەیاندنی شتێك بە شتێك و یان کەسێك بە کەسێکی تر
**بهم رسيدن:** پەیوەست بوونی دوو شت، گەشتنەیەك
**بهم زدن:** خراپ کردن، شێواندن، ئاڵۆزکردن، هەڵوەشاندنەوە

**بهمن:** مانگی پانزەیەم لە ساڵی هەتاوی، مانگی دووەمی زستان، ڕێبەندان

**بهمن:** هەرمس، رنوو، رنی، کڵێڵە، شاپە، کەوی، کەویە بەفر

**بهمنش:** پیاو چاك، ڕوخۆش، پیاو سروشت

**بهنام:** بێهانم، بەنام، ناو خۆش

**بهنانه:** عەنتەر، مەیمون

**بهو:** هەیوان، کۆشك، باڵە خانە

**بهوش:** وریا، زیرەك، هۆشیار، هۆشمەند

**بهي:** گەشاوە، ڕوخۆش، باش، جوان

**بهيج:** خۆشحاڵ، شادمان، بەختەوەر

**بهيمه:** چار پێ، چوار پێ، ئاژەڵی چوار پێ وەك گا و مەڕو بزن و ئەسپ و ووشتر......

**بهين:** باش، جوان، ڕازاوە، هەڵبژاردە

**بي آب:** بێ ئاو، شوێن یان زەوییەك کە ئاوی نەبێت

**بيابان:** چۆڵەوانی، بیابان، دەشت و سارا

**بيابـان گـرد:** خێـومت نـشین، قـەرەج، کەسێك لـە نـاو بیاباندا بژی و لە بیاباندا بگەڕێت

**بيابـان نـشين:** سـارا نـشین، خێـومت نـشین، کەسێك لـە بیابان و لە ژێر خێومتدا بژی

**بي ابر:** سایەقە، ساماڵ، بێ هەور

**بي آبرو:** بێ ئابڕوو، پەست، ڕسوا، بێ حەیا

**بيات:** بەیات، کتوت، نان و چێشتی ماوەی شەوێیە

**بي ادب:** بێ زانست، بێ ئەدەب، پڕروو

**بي آزرم:** بێ شەرم، بێ حەیا، بێ حیسمەت

**بياستو:** باوێشك، ژاژن، ئاروشك، هۆنژین

**بياض:** سپی، سپیەتی

**بياع:** بایع، فرۆشیار، دەلاڵ

**بي امان:** بێ ئەمان، دڵ بەر، بێ ڕەحم، بێ بەزەیی

**بەيان:** ئاشکرابوون، دەرکەوتن

**بي اندازه:** زۆر، فرە، زیاد، بێ ئەندازە، لە ڕادەبەدەر

**بـي انـدام:** ناشـرین، نارێـك، بـە کەسـێك دەوتـرێـت کـە قیافەی ناشرین و نارێك بێت

**بي انصاف:** ستەمکار، زاڵم، بێ ویژدان

**بياوار:** کار، ئیش، پیشە

**بي اهميت:** بێ نرخ، نە گرینگ

**بي ايمان:** بێ دین، بێ باوەڕ

**بيباك:** نەترس، ئازا، بوێر، بەجەرگ

**بيباكانه:** ئازایانە، چاونەترسانە

**بـي بـر:** بـێ بـەر، بـێ بەرهـەم، دارێـك بـەرو بەرهـەمی نەبێت

**بي بضاعت:** هەژار، دەست کورت، بێ مایە، نەدار

**بـي بنـدوبار:** سەرسـەری، تـڕۆ، هیـچوپوچ، جینکەنـە، بەدخوو، بەرەڵا

**بي بنياد:** بێ ئەساس، شتێك کە ئەساسی نـەبێت واتـە درۆ یان فشە بێت

**بي بها:** بێ نـرخ، شـتێك قیمەت یـان نرخی ئـەو تـۆی نەبێت

**بي بهره:** بێ بەش، هەژار، نەدار

**بـي بـي:** (١)خـاتوون، ژنـی بـاش، کـەیبانوو (٢)دایـە گەورە

**بی پا:** بێ قاچ، بێ لاق

**بی پاياب:** قووڵ، بێ بن، مەبەست زەریـای قـووڵ وبێ بنە

**بی پايان:** بـێ کۆتـایی، بـێ سـنور، هـەر شـتێك کۆتـایی دیار نەبێت

**بی پايه:** بێ ئەساس، ڕاست نەبوو

**بی پروا:** دلێر، ئازا، چاونەترس

**بی پناه:** بێ کەس، بێ پـەنا، بێ یـار کەسـێك دۆسـت و خزم و کەسوکاری نەبێت

**بی پول:** هەژار، بێ مایە، دەست کورت، نەدار، نەبوو

**بيت:** ماڵ، خانوو

**بـي تـاب:** بێقـەرار، بـێ تاقـەت، کەسـێك پڕبێـت لـە جموجۆڵ

**بي تجربه:** بێ ئەزموون، تازەکار

**بي تمييز:** نەزان، بێ عەقڵ، بێ ئاوەز

**بيتوته:** مانەوە، شەو مانەوە لە شوێنێ

**بيجا:** بێشەوێن، بێ جێگە

**بي جهت:** بێ هۆ، بێ دەلیل، لەخۆوە

**بیچاره:** (١)داماو، ناتەواو، دۆش داماو (٢)دەست کورت، نەدار، هەژار

**بی چشم ورو:** بێ حەیا، بێشەرم، بێ چاو و ڕوو

**بیچون:** بێ هاوتا، تەك، کەم وێنە

**بی چون و چرا:** بێ چەند و چۆ، بێ سێ و دوو لێ کردن، بە بێ قسە

**بی چیز:** نەدار، هەژار، دەست کورت

**بي حال:** سست، لاواز، نەخۆش

**بي حجاب:** بێ حیجاب، ژن یان کچ کە سەر پۆش یان چارشێوی پێ نەبێت

**بي حد:** بێ ئەندازە، بێ ژماری، بێ کۆتای، بێ سنوور

**بي حس:** بێ هەست، لاواز، سست

**بي حوصله:** بێ تاقەت، نائارام، خۆرانەگر

**بي حيا:** بێ شەرم، بێ حەیا، پەڕو

**بيخ:** بنج، بن، ڕیشە

**بي خانمان:** ئاوارە، دەربەدەر، کەسێك کە ژن و ماڵو منالێب نەبێت

**بيختن:** بێژان، بێژانن، دابێژتن، دابێژان بە هێڵەك و بێژنگ کردن

**بي خرد:** بێ ئاوەز، بێ عەقڵ، نەزان

**بيخكن:** لەبن دەرهاتوو، لە ڕیشە نەمان

**بيخواب:** بێ خەو، کەسێك کە نەتوانێت بخەوێت

**بيخود:** بێهۆش، لە هۆش چوو، بێ حاڵ، دەرچوون لە حاڵەتی سروشتی

**بيخويشتن:** هۆش نەمان، بێ هۆش، لە خۆدوورکەوتنەوە

**بي خيال:** بێخەم، بێ خەیاڵ

**بيد:** بی، داری بی کە بێ میوەیەو سێبەردارە

**بيداء:** بیابان، سارا،دەشت

**بيداد:** زوڵم، ستەم، زۆر

**بيداد كردن:** ستەم کردن، زوڵم کردن

**بيدا گر:** ستەمکار، زاڵم

**بيدار:** بەئاگا، بێدار، دژی خەوتوو

**بيدار بخت:** خۆشبەخت، کامەران، کەسێك شانسی بەردەوام لەگەڵیدا بێت

**بيدار دل:** دڵ ئاگا، وشیار، وووریا

**بيدار شدن:** هەستان، بەئاگاهاتنەوە، لە خەو هەستان

**بيدار كردن:** بەئاگاهێنانەوە، هەستاندن

**بيدار ماندن:** بەئاگامانەوە، نەخەوتن

**بيدار مغز:** عاقڵ، ووشیار، ووریا، زیرەك

**بيداشت:** نەزان، گێژ، وڕ و کاس

**بيد برگ:** گەڵای بی، گەڵای داری بی

**بيد بن:** دارە بی، بی

**بيدرد:** بێ ئازار، بێ غەم

**بيدرمان:** بێ دەرمان، بێ چارەسەر، نەخۆشیەك چارەسەری بۆ نەکرێت

**بيدرنگ:** بەپەلە، خێرا، بێ دواکەوتن

**بيدريغ:** لێبووردن، جوامێری

**بی دست وپا:** (١)بێ دەست و پێ، کەس یان ئاژەڵێك دەس و پێ نەمابێت (٢)دەست و پێ سپی بە کەسێك دەوترێت توانای ئەنجامدامی هیچ کارێکی نەبێت

**بيدل:** ترسەنۆك، دڵتەنگ، خەمۆك، دۆڕاو

**بيدلا:** هەڵیت و پڵیت، قسەی پڕوپووچ

**بي دوام:** ناسەقامگیر، ناپایەدار، بێ دەوام

**بي دين:** بێ باوەڕ، بێ دین، هەر کەسێك دینی نەبێت

**بي ذوق:** بێ زەوق، بێ سەلیقە، بێ هەست

**بير:** قەرەوێڵە، جێگەی خەو، جلی خەو

**بير:** هەورە تریشقە، هەورەبروسکە، تۆفان

**بيران:** پروانە ویران

**بيردانه:** بروانە ویرانە

**بيراه:** لارێ، کەسێك ڕێگەی وون کردبێت، نەزان، گومڕا

**بي ربط:** نارێك، بێ پەیوەندی

**بي رحم:** دڵ ڕەق، بێبەزەیی، بێ ڕەحم

**بيرق:** ئاڵا، پەرچەم، بەیداخ

**بيرگ:** بێ غیرەت، کەسێك کە غیرەت و دەمارگیری نەبێت

**بيرم:** نوێل، ئاسنێکە بۆ جووڵندنی شتی قوورس یان کون کردنی زەوی بەکاردێت

**بيرنگ:** بێ ڕەنگ، مەبەست کەسێکی سادە دەگەیەنێت

**بيرو:** بێ ڕو، ڕودار، بێ ئابڕو

**بي روزي:** بێ بەش، هەژار، دەست کورت

**بيرون:** دەر، دەرەوە، ڕواڵەتی هەرشتێك

**بيرون آمدن:** هاتنە دەر، دەرکەوتن، ئاشکرابوون

**بيرون آوردن:** دەرهێنان، ئاشکراکردن، دەرخستن

**بيرون شدن:** چوونە دەر، دەرچوون

**بيرون كردن:** دەرکردن، وەدەرنان

**بيروني:** دەرەکی، بەرامبەری ناوەکی

**بي ريا:** سادە، بێ ریا، کەسێك درۆ و ریا لە کاریدا نەبێت

**بي ريب:** بێ گومان، بێ شك، بە دڵنیاییەوە

**بيريخت:** ناشرین، قوڵم

**بي ريش:** بێ موو، بێ ڕیش، کوڕ کە هێشتا ڕیشی دەر نەهاتووە، بێ تووك

**بيز:** بڕوانە بیختن

**بيزار:** بێزار، وەڕەس، جارس، جاڕز

**بيزيدن:** بڕوانە بیختن

**بي سامان:** بێ سامان، نارێك، دەست کورت، هەژار

**بيستون:** بێ ستوون، بێ پایە، ناوی کێوکیشە لە ۲۴ کیلومەتری کرماشان

**بي سخن:** بێ قسە، بێ گومان

**بيسراك:** ووشتر، حوشتر

**بی سروپا:** بێ سەر و پێ، لاواز، سست، ناتەواو

**بی سەروتە:** (۱)پان و بەرین، بێ کۆتایی (۳)هەڵیت و پڵیبت، پڕوپوچ

**بي سروصدا:** بێ دەنگ، ئارام، هێمن، هێدی

**بي سليقە:** بێ سەلیقە، بێ زەوق، ئەوەی شتی خراپ لە جیاتی باش پەسەند دەکات

**بـی سـنگ:** بێ کێش، سووك، شتێك یان کەمێك قوورسایی ئەو تۆی نەبێت

**بي سواد:** نەخوێندەوار، کوێر، بێ سەواد

**بي سيرت:** بێ ناموس، بێ شەرمف، بێ ئابڕو

**بي سيم:** بێ تەل، ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی دەنگ بەبێ تەل

**بيش:** زۆر، زیاد، فرە، فراوان

**بي شبهە:** بێ شك، بێ گومان، بێ دوو دڵی

**بيشتر:** زۆرتر، پترتر، زیاتر، فراوان تر

**بيشترين:** زۆرترین، فراوانترین، زیاترین

**بي شرف:** بێ شەرم، بێ حەیا، بێ ناموس، بێ شەرمف

**بي شعور:** نەزان، بێ ئاوەز، بێ عەقڵ

**بي شك:** بێ گومان، بێ شك، بێ دوو دڵی

**بي شكيب:** ناسەقامگیر، ئائارام، بزۆر

**بيشمار:** زۆر، لەڕادەبەدەر، فراوان، زیاد

**بي شوي:** بێوەژن، ژنێك کە مێردەکەی مرد بێت

**بيشە:** جەنگەڵ، دارستان، لێر، لێرەوا، نزار، چڕە، بێشەلان

**بی شیلە پیلە:** سادە، بێ ریا، ساکار، بێ کەڵەك

**بيشينە:** زیاترین، زۆرترین

**بيص:** کێشە، گرفتاری، تەنگ و چەڵەمە

**بي صبر:** ئائارام، بێ ئارام

**بي صرفە:** بێسوود، بێ سووج، بێ کەڵك، بێ فایدە، شتێك قازانجی تیا نەبێت

**بي صفت:** ناسپاس، ناشکور، بێ نەزان

**بيض:** هێلکە، هێك، خایە، زەبرەقوونە، هێلە

**بيض:** سپی

**بيضە:** (۱)هێلکە، زەبرەقوونە (۲)هێلکەی گوون

**بيطار:** دوکتوری ئاژەڵان

**بي طاقت:** ئائارام، ناسەقامگیر، بێ ئارام

**بي طالع:** چارە ڕەش، بەد بەخت، بێ بەش

**بي طرف:** بێلایەن، کەسێك کە لە نێوان دوو کەس یان دوو شت یان.... لایەنگری لە لایەنێك نەکات

**بي طعم:** بێ تام، ناخۆش، بێ مەزە

**بـي طمع:** بێ تەماح، کەسێك تەماح و چاوچنۆکی نەبێت

**بيع:** کڕین، فرۆشتن، کڕین و فرۆشتن

**بیعار:** بێ شەرم، بێ عار، بێ حەیا

**بیعانە:** پێشەکی، بیعانە، پوڵێك لە کاتی کڕینی شتێکدا بەفرۆشیار دەدرێت پێش وەرگرتنی شتەکە

**بیعت:** بەڵێن، پەیمان

**بي عدیل:** بێ وێنە، بێ هاوتا

**بي عرضه:** بێکارە، نەشیاو، دەست و پێ سپی

**بي عصمت:** بێ ناموس، بێ شەرەف، گەواد

**بي عقل:** کەم ئاوەز، بێ عەقڵ

**بي عیب:** بێ ئیراد، بێ کەم و کورتی

**بیغار:** لۆمە، تانە، سەرزەنشت

**بیغال:** ڕم، نێزە، ڕەب، نێزەی بچووك

**بیغله:** بڕوانە بیغوله

**بي غم:** بێ خەم، بێ خەفەت

**بیغوله:** سووچ، قوژبن، کونج، گۆشە

**بي فایده:** بێ کەڵك، بێ بەرهەم، بێ قازانج

**بي فرجام:** بێ ئەنجام، شتێك یان کارێك ئەنجامی نادیار بێت

**بي فرمان:** یاخی، سەرکێش

**بي فكر:** بێ بیر، بێ ئەندێشە

**بي قاعده:** ناڕێك، بێ بنەما

**بي قدر:** بێ نرخ، بێ ڕێز

**بي قرار:** ئاارام، بێ ئۆقرە

**بي قیاس:** بێ سنوور، زۆر، بێ ئەندازە

**بي قید:** بێ بەندوبار، سەرسەری

**بیكار:** بێکار، کەسێك کار یان پیشەیەکی نەبێت

**بیكاره:** بێکارە، بەرەڵا، بێ کەڵك

**بیكدان:** بێ سنوور، بێ ئەنجام، بێ کۆتایی

**بیكس:** بێ کەس، تەنیا، بێ یار

**بي كیار:** خێرا، ئازا، توند و دەست ڕەنگین

**بیگ:** بەگ، سەرکردە، ئەمیر، گەورە

**بیگار:** بێگار، سۆخرە، فەزحە، جزار، کارێکە بە زۆرداری بە کەسێك بکرێت

**بیگانه:** بێگانە، بیانی، تاجك، تاجك، کەسێك لە خزم و کەسو کار یان نەتەوەی تۆ نەبێت، نەناسراو

**بیگانه پرست:** بێگانە پەرست، کەسێك حەز لە ڕاژەو پیش کەوتنی بێگانان بکات

**بیگاه:** بێکات، درەنگ، بێ وادە، ناکات

**بي گزند:** بێ زەرەر، بێ زیان

**بي گمان:** بێ گومان، بێشك، بێ دوو دڵی

**بي گناه:** بێ گوناح، بێ تاوان

**بیل:** بێڵ، بێلاسن، خاکەناز

**بیله:** دوورگە، ووشکانی، نێوان دەریا یان ڕووبار

**بیم:** ترس، خۆف

**بیمار:** نەخۆش، دەردەدار، ناتەندروست

**بیمارسان:** وەك نەخۆش، دەردەدارانە

**بیمارستان:** نەخۆشخانە، خەستەخانە

**بیمار غنج:** نەخۆش، زەلیل، پەك کەوتە

**بیمانند:** بێ وێنە، بێ هاوتا

**بي مثال:** بێ وێنە، بێ هاوتا

**بي محابا:** ئازایانە، بێ ترس، دلێرانە

**بیمرز:** بێ ئەندازە، بێ سنور

**بیمناك:** ترسێن، زەهلەبەر، ترسەدر، سامدار، زاروبەر

**بي مهر:** بێ سۆز، بێ بەزەیی، کەسێك بەرانبەر کەسانی تر سۆزو بەزەیی نەبێت

**بین:** بەین، نێوان، نێوەنج

**بین:** ئاشکرا، دیار، بەرچاو

**بینا:** بینەر، دیتیار، بینیار، دژی کوێر

**بینادل:** ووشیار، زیرەك، ئاگا

**بیناس:** دەلاقە، پەنجەرەی ماڵ

**بي نام:** بێ ناو، بێ ناو

**بي ناموس:** بێ ناموس، بێ شەرەف

**بینایي:** بینین، یەکێك لە هەستەوەرەکان

**بي نماز:** بێ نوێژ، نوێژنەکردن

**بي نمك:** بێ خوێ، خواردن یان شتێك کە خوێی تیا نەبێت یان کەم خوێ بێت

**بیننده:** بینەر، دیتیار

**بي ننگ:** ڕسوا، بێ شەرم، بێ ئابڕوو

**بینوا:** بێچاره، بێ سامان، نەدار، دەست کورت، لاواز، هەژار

**بینونت:** جیایی، جیابوونەوە، جوودایی

**بینه:** ساردی حەمام، شوێنی دەرهێنانی جل و بەرگ له حەمامدا

**بي نهایت:** بێ کۆتایی، بێ سنور، بێ ئەنداز

**بیني:** لووت، کەپۆ، دەفن، بێفل، بێڤل

**بي نیاز:** بێ نیاز، دارا، بە توانا، دەست ڕۆشتوو

**بیواره:** غەریب، ئاواره، دەربەدەر

**بیواز:** شەمشە، شەمشەمە کوێره، شەفکۆر، چەکچەکیله

**بي وجود:** سەرسەری، پەست، هیچ و پوچ

**بیوس:** هیوا، ئارەزوو، ئومید، چاوەڕوانی

**بیوسان:** بڕوانه بیوسیدن

**بیوسیدن:** هیوادار بوون، چاوەڕوان بوون، چاوەڕێ کردن

**بیوك:** گەوره، مەزن

**بیوگ:** وەیوه، وەوی، وەیوی، بووك

**بیوند:** بێ وەفا، خیانەت، کەڵەك، درۆ

**بیوه:** بێوه، بێوەژن، ژن که مێردەکەی مردبێت

**بیهده:** بڕوانه بیهوده

**بیهمال:** بێ هاوتا، بێ شەریك، کەم وێنه

**بي همتا:** بێ هاوتا، کەم وێنه

**بی هنگام:** ناوەخت، بێ کات

**بیهوده:** بێ هۆ، ناحەق، ناڕەوا، بێ کەڵك، هەڵیت و پڵیت

**بیهودەگو:** چەنەباز، فره بێژ، زۆربڵه

**بیهوش:** دەماغ سست، زەین کوێر

# پ

**پ:** پ، سێیەم پیتی ئاڵفابێتی فارسی و کوردی

**پا:** پێ، لاق، قاچ، ئەندامەی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ کە پێی بە ڕێگادا دەڕۆن

**پا:** بەرپێ، خوارەوە، بەردەم، بەشی خوارەوە هەر شتێك

**پا:** پێ، پێوانەی درێژی بەرابەر بە ٣٠.٤٨ سانتیمەتر

**پا افزار:** پێلاو، سەوڵ، کەوش، ئەوەی لەپێ دەکرێت

**پا انداز:** ڕاخەر، بەرپێ، ئەوەی لەبەردەم پێدا ڕایدەخەن و یا دیارییەك کە بیخەنە بەردەم پێی کەسێك

**پا اورنجن:** خەڵخاڵ، بازنەی قۆل،

**پائیز:** بڕوانە پاییز

**پائین:** براونە پایین

**پاپا:** پێبەپێ، هەنگاو بەهەنگاو، یەکسان، بەرابەر

**پاپا کردن:** پێبەپێ بردن، هەنگاو بە هەنگاو بردن، دەست گرتنی کەسێك و بردنی لەگەڵ خۆت

**پاپا کردن:** ئەم پێ و پێ کردن، دوودڵ بون، ساخ نەبونەوە لەسەر کارێك

**پا بدامن کشیدن:** گۆشەگیری، چاوەڕێ بون، چاوەڕوانی، قەناعەت کردن

**پابرجا:** بەهێز، سەقامگیر، لەسەر پێ وەستاو، پایەدار

**پابرچین:** خشپە، بەخشپە ڕۆشتن، شێوەیەك لەڕۆشتن بەلام بێدەنگ

**پابرنجن:** بڕوانە پارنجن

**پابرهنە:** پێخاوس، پێپەتی، بە کەسانی هەژار و نەداریش دەڵێن

**پابند:** پێبەست، گرفتار، دیل، پێبەند

**پابلند:** لاق درێژ، قاچ درێژ، لۆق درێژ. ئاژەڵێك کە لۆقی درێژ بێت وەك ئەسپ و وشترو هتد

**پابماه:** مانگی منداڵبون، ژنی سکپڕ کەلەمانگی خۆیدا بێت.

**پابند:** پێبەند، ئەوەی لە قاچی ئاژەڵی دەبەستن. هەروەها بە مانی گرفتار و دیل دێت

**پابند شدن:** پێبەند بون، گرفتار بون. دیلبون، عاشق بون

**پابوس:** پێبوس، ماچ کردنی پێی کەسێك

**پاپ:** پاپا، پاپ، سەرۆکی ڕۆحانی شوێنکەوتوانی مەزهەبی کاتولیکی

**پاپا:** باوە، باوك، بابە

**پاپاسی:** پوڵی ڕەش، پوڵی کەم بەها

**پاپتی:** پێپەتی، پێخاوس

**پاپژ:** برانە پژ

**پاپس کشیدن:** خۆکێشانەوە، دوور کەوتنەوە لە شتێك یا کەسێك

**پاپوش:** ١ - پێپۆش، پاپوش، پاپوچ ٢- بۆختان، درۆهەڵبەستن بۆ کەسێك

**پاپی:** شوێنکەوتو، دواکەوتوو بە دوای کار یا کەسێك

**پاپیچ:** پێپێچ، ئەوەی لەپێی دەبەستن

**پاپیون:** ١- پەپولە، پەپو، پەروانە ٢- پاپیون، جۆرێکە لە بۆینباخ

**پات:** تەخت، مەبەست تەختی پاشایەتی و سەڵتەنەتیە

**پاتر:** سەماکەر، گۆرانیبێژ بۆ ژن

**پاتریس:** پاتریس، ئازناوی ڕاوێژکارە تایبەتەکانی ئیمپراتۆری ڕۆم

**پاتیلی شدن:** مەست بون، سەرخۆشی ورەتەڵ بردن

**پاتیل درڕفته :** بەتەمەن، پیری چەماوە،

**پاجامه :** بیجامە، ژێرشەرواڵ، دەرپێ

**پاچاڵ :** چاڵ، چاڵی ژێر پێ

**پاچاه :** بڕوانە پاچاڵ

**پاچایه :** پیسایی، میز، گمیز، پیشاو

**پاچیله :** پێڵاو، سەوڵ، کەوش

**پاچراغ :** شوێنی چرا

**پاچك :** شیاکە، پەین، پیسایی مانگا کە وشك بوبێتەوە

**پاچنبری :** پێخوار، گێر، قاچ خوار

**پاچنگ :** دەڵاقە، ڕۆچن، کون، ڕۆچنە

**پاچه :** پێ، لاق، قاچ

**پاچیدن :** بڕوانە پاشیدن

**پاخاره :** بەردی پێ، بەردە پێ، بەرد یا هەر شتێکیتر کە چڵکی پاژنەی پێ پاك دەکەنەوە

**پاخره :** سەکۆ، نشینگەیەك لەناو ماڵ

**پاد :** ١ــ پاسەوانی، کێشك، ئێشکگری ٢ــ پاسەوان، ئیشکگر، کێشکچی

**پاد :** تەخت، ئەورەنگ

**پا دادن :** هەڵ رەخسان، دەرفەت دەست کەوتن

**پا دادن :** پشتیوانی کردن، هێزبەخشین بەکەسێك

**پادار :** پایەدار، لەسەر پێ

**پاداش :** پاداشت، پاداشت، کرێ، جەزا، سزا

**پاداش :** بڕوانە پاداشت

**پاداشن :** بڕوانە پاداشت

**پادتن :** دژە ژەهر

**پادراز :** پێدرێژ، جۆرە مەلێکی پێ درێژە زیاتر لە میسر دەست دەکەوێت و لای ژۆنکاوەکان دەژیت

**پا درختی :** بندار، میوەی بن دار کە لەدار کەوتبێت

**پادرد :** قاچ ئێشە، ژانی پێ، ئازاری قاچ

**پا درگل :** پێ قووڕاوی، کەسێك قاچی لە قووڕدا ڕۆچوبێت

**پا درهوا :** فیڕۆ، بێ بنەما، بێ هۆ، هەڵیت و پڵیت

**پا دری :** بەرپێ، پارچە یا ڕاخەرێك لەبەردەم درگای ژوورەکاندا دایدەنێ

**پادری :** قەشە، موژدەدەر، ڕۆحانی مەسیحی

**پادزهر :** دژە ژەهر، تلیاك، تریاك، هەر دەرمانێك دژی ژەهر بەکار ببرێت

**پادشاه :** پاشا، شا، فەرمانڕەوای بەدەسەڵات

**پادشاهانه :** پاشایانە، شایانە، تایبەت بە پاشا

**پادشه :** بڕوانە پادشا

**پادگان :** پادگان، بنکەی سەربازی، دەستەیە سەرباز کە لەشوێنێکدا وەستابن و چاودێری و پاسەوانی ئەو شوێنە بکەن

**پادگانه :** سەربان، بان، پشت بان

**پادو :** پادۆ، یابو، بەردەست لەکارە سەرپێییەکان

**پاده :** ڕانەمەڕ، گایەل

**پادەبان :** شوان، شڤان،

**پادیاب :** دەست نوێژ، شۆردنی دەست و پێ و ڕوخسار

**پادیز :** بڕوانە پاییو

**پار :** پار، ساڵی ڕابردو، پارساڵ

**پاراو :** پیرێژن، ژنی پیر

**پاراوان :** تیغە، شتێکی وەك دیوارکە لەتەخت دروست دەکرێت و بەشەکانی دوکان یا ژوورێکی پێ لەیەك جیادەکەنەوە

**پارتی :** پارتی، تایبەت بە پارت، لەنەتەوەی پارت

**پارتی :** تیکە، بەش، لەت، دەستە، تاقم

**پارتیزان :** پێشمەرگە، گەریلا، چریك، گیانفیدا

**پارچ :** تۆنگ، سوراحی، دەفرێکی گەورەی ئاو خواردنەوە لەگڵ یا کانزا یا شوشە

**پارچه :** پارچە، قوماش، هەر شتێکی چنراو لە پەشم یا هەوریشم

**پاردم ساییده :** بێ شەرم، کۆنەکار و زرەنگ، ڕودار

**پاردن :** بەخشین، لێخۆشبون، بوردن، لێبوردن

**پارس :** پارس، فارس، نەتەوەیەکن لەکۆنەوە لە بەشی باشوری ئێران نیشتەجێ بون

**پارس :** وەڕین، وەڕەوەڕی سەگ، عەوعەو

**پارسا :** پارێزکار، لەخوا ترس

**پارسایانه :** پارێزکارانە، لەخواترسانە

**پارسك:** پارسك، پێوانەی دووری زەوی لەئەستێرە

**پارسنگ:** کێشانە، کیلۆ، بەردی کێش

**پارسە:** پرسە، تازیە، شیوەن،

**پارسی:** پارسی، فارسی، تایبەت بە پارسەکان

**پارسی زبان:** پارسی زامن، فارس

**پارسی گو:** فارس زمان، ئەوەی بە فارسی قسە دەکات

**پارشمن:** پێستی ئاسك

**پارك:** پارك، شوێنی حەوانەوە

**پارك:** پارك، راگرتنی ترۆمبێل لە شوێنێکدا

**پارکە:** هۆڵی دادگا، خانەی داد

**پارکینگ:** گاراژ، گاراج، شوێنی راگرتنی ترۆمبێل

**پارگین:** گۆلاو، قووڕاو، شوێنی کۆبونەوەی ئاوی پیس و بۆگەن

**پارلمان:** پەرلمان، ئەنجومەن

**پارلمانتار:** پارلمانتار، ئەندامانی پەرلمان

**پارنج:** شاباش، شاواش، پووڵێك کە بە گۆرانیبێژی دەدەن

**پارنجن:** خرخاڵ، بازنی پێ لە زێر و زیو، پێبەند

**پارو:** بێڵ، ومرومرە، ئامرازێکی داری هاوشێوەی خاکەناز کە بەفری پێ کۆدەکەنەوە. سەوڵ بۆ بەلەم

**پاروزن:** سەوڵ لێدەر، ئەوەی سەوڵی بەلەم وشتی تر لێدەدات

**پارو کردن:** رامالێن، پاککردنەوەی بەفر و هەر شتێکیتر لەسەر زەوی بە ومرومرە

**پارە:** بەش، بەت، تیکە، و بەشێك لە هەر شتێك، پینە

**پارە:** دراو، بڕاو، هەڵقلشاو، دڕیاو

**پارە:** ریشوە، بەرتیل، پووڵ یا شتێترکە بە دادوەری دەدەن تا بەناڕەوا حوکم بکات

**پارە پارە:** لەت لەت، تیکە تیکە، بەش بەش، پچڕ پچڕ

**پارەخوار:** بەرتیلخۆر، رشوە خۆر

**پارەدوز:** پینەچی، کەسێك پیشەی پینە لێدان لە پێلاو و شتی هاوشێوە بێت

**پارەسنگ:** لەتەبەرد

**پاریدن:** بڕوانە پریدن

**پاریز:** بڕوانە پاییز

**پارینە:** پارساڵ تایبەت بە پار

**پازاچ:** ماما، ژنێك کە لە زاندا ئاریکگاری دایك دەکات

**پازارگاد:** بڕوانە پاسارگاد

**پازخ:** بڕوانە پاژخ

**پازن:** بزنە کێوی، کۆوی، بزنە کێفی

**پازهر:** بڕوانە پادزهر

**پازهری:** سەوزی تۆخ، هەر شتێك بە رەنگی سەوزی تۆخ بێت

**پاژخ:** ئازار، شێلان، ئێش، پێ شێل

**پاژنگ:** دەلاقە، رۆچن، رۆچنە

**پاژە:** بڕوانە پاچە

**پاس:** پاسەوانی، کێشك، ئێشك، چاودێری

**پاس:** تێپەڕین، رۆشتن، گوزەر کردن

**پاسار:** لەقە، شەق، جوتە، راوەشاندنی پێ

**پاسارگاد:** پاسارگارد، ناوی یەکەم پایتەختی ئێرانیان و فارسەکان

**پاساژ:** تێپەڕین، رێڕەو، دالآنی سەرداپۆشراو، پاساژ

**پاساوان:** پەساپۆت، بەلگەونامەی تێپەڕین

**پاسبان:** پاسەوان، پازگر، ئێشکگر

**پاسبز:** پێ رەش، رەشپێ. کەسێك هاتنی خۆشی بە دواوە نەبێت

**پاسپورت:** پاسپۆرت، بەلگەنامەی تێپەڕین

**پاسخ:** وەلآم، پەرسف، وەرام، پاسوخ

**پاسخانە:** پاسگا، شوێنی پاسەوان

**پاسخ دە:** وەلآمدەر، کەسێك وەلآمی پەرسف بداتەوە

**پاسخ گزار:** بڕوانە پاسخ دە

**پاسدار:** پاسدار،پازگر، پاسەوان

**پاس داشتن:** پاسەوانی، پازگرتن، ئێشك گرتن

**پاسك:** باوێشك، باوشك

**پاسگاە:** پاسگا، پازگە

**پاسیدن:** پاسەوانی دان، ئێشك گرتن

**پاشا:** پاشا، شا، سوڵتان

**پاشاندن:** پرژاندن، بلاو کردنەوە، پاشاندن

**پاش دادن:** بلاو کردنەوە، پرژاندن

**پا شدن:** هەستان، بەرزبونەوە و لەسەر پێ وەستان

**پا شکستە:** پێ شکاو، قاچ شکاو، ناتەوان و پەک کەوتە

**پاشنا:** بروانە پاشنە

**پاشنە:** پاشنە، پاژنە، پاشنی، پانیە

**پاشنەکش:** پاژنە کێش، پاشنەهەڵکێش

**پاشویە:** پێشۆر، گیراوەیەک لەخوێ یا دەرمانەکانیتر کە بۆ شۆردنی قاچ کەڵکێ لێوەردەگرن

**پاشیب:** پێپلیکانە، قاردمە، پلە

**پاشیدن:** پرژاندن، پژاندن، بلاو کردن

**پاغرە:** پێخرە، نەخۆشیەک لە پێ دەردەکەوێت و پێی مرۆڤ لە ئەژنۆ تا قولاپەی دەئاوسێت

**پاغند:** گلۆڵە، بەنی لێکهاڵدارو و گلۆڵە کراو

**پافشاری:** پایەداری، خۆراگری، سوربون، پێداگرتن

**پافشردن:** پێداگرتن، سوور بون و خۆراگری

**پاک:** پاک، خاوێن، پاقژ،

**پاک:** پاک، جەژنی فەصح، جەژنێک کە جولەکەکان هەر ساڵ بەیادی دەرچونی بەنی ئیسرائیل لە میسر دەیبەستن

**پاکار:** خزمەتکار، نۆکەر۔ کارەکەر

**پاک اصل:** رەسەن، نەژاد پاک، نەجیب

**پاک اندرون:** سرشت پاک، دڵپاک

**پاک اندیشە:** بیرپاک، هزر پاک

**پاک باختن:** دۆڕان، دانانی هەمو شتێک لە قومار

**پاکباز:** دۆڕاو، کەسێک لە قومار هەمو شتێکی خۆی دۆڕاندبێت

**پاکبوم:** زەوی پیرۆز، زەوی پاک

**پاک بین:** گەشبین، دڵڕوون

**پاکت:** پاکەت، زەرف کە نامە یاشتێکی تیا هەڵدەگرن

**پاک تن:** لەش پاک، کەسێک لەشی پاک و خاوێن بێت

**پاک دامن:** پاک داوێن، خۆپارێز، لەخوا ترس، داوێن پاک

**پاک جان:** رۆح پاک، گیان پاک

**پاک جفت:** داوێن پاک، ژنێک کە خیانەت لە هاوسەرەکەی خۆی نەکات بەرابەری داوێن پیس

**پاک چشم:** چاوپاک، کەسێک بە تەماخەوە لە ناموسی خەڵک نەروانێت

**پاک چهر:** جوان، قەشەنگ، سپی، دەلال

**پاکخو:** روخۆش، خۆش خولق، کەسێک نەخلاقی شیرین بێت

**پاک داد:** دادوەر، دادپەروەر، دادگەر

**پاک دامن:** داوێن پاک، کەسێک داوێنی بە گوناح پیس نەکردبێت

**پاک درون:** دڵپاک، نیهاد پاک

**پاک دست:** دەسپاک، راست کردار، بەرابەر بەدەسپیس

**پاکدل:** دڵپاک

**پاکدین:** دین پاک، خاوەن بڕوا، راست دین

**پاک رای:** زانا، دانا، زانەر،

**پاکردن:** لەپێ کردن، لەبەر کردن

**پاکرو:** جوان، جوانکەلە، دەلال

**پاکزاد:** نەجیب، نەژاد پاک

**پاکزن:** ژنی پاک،

**پاک شدن:** پاک بونەوە، پاقژ بونەوە، لەپیسی دەرهاتن

**پا کشیدن:** پێ خشاندن، پێ راکێشان، پێ کێشان لەسەر زەوی و بە هێواشی رۆشتن

**پاک کردن:** پاک کردنەوە، خاوێن کردنەوە، پاقژ کردنەوە

**پاک مغز:** بیرمەند، زیرەک، وشیار

**پاکنام:** نێو پاک، خۆشنێو، خۆشناو

**پاکنویس:** پاکنوس، نوسینەوە بابەتێک لە روی مسۆدەکانەوە

**پاکوب:** پێ شێل، پاشێل، بەپێ شێلدراو

**پاکوبیدن:** بروانە پاکوفتن

**پاکوتاه:** پێ کورت، قاچ کورت، مرۆڤی پێ کورت

**پاکوفتن:** پێ کوتان، پێ لەزەوی دان، سەما کردن، هەڵپەرین

**پاکی:** پاکی، پاقژی

**پاکی:** موس، گوێزان، تیغ

**پاکیدن:** بڕوانە پاك کردن

**پاکیزە:** پاك، بێگەرد، خاوێن، پاقژ،

**پاکیزە بوم:** بڕوانە پاکبوم

**پاکیزەتن:** لەشپاك، لەخواترس، خۆپارێز

**پاگاە:** بڕوانە پایگا

**پاگرفتن:** بەهێز بون، پێ گرتن، خۆ گرتن، سەقامگیر بون

**پاگشا:** سێ ڕۆژانە، پۆیلە، میوانداری کردنی خزم و کەس و کاری بوك یا زاوا چەند ڕۆژێك دوای زەماوەندیان.

**پاگودا:** بوتخانە، بتخانە

**پاگیر:** پێگر، هەر شتێك پێی لێ گیر بکات، و ئەوەی مرۆڤ پێی پابەند دەبێت

**پالا، پالای:** بڕوانە پالاییدن

**پالاپال:** گەڕان، لێکۆڵینەوە، پشکنین و گەڕان لەناو شتە بەربڵاو و هەڵڕژاوەکان

**پالار:** نیرگە، شاکۆڵەکە، دیرمگ، کاریتە

**پالاری:** بڕوانە پالار

**پالاش:** پیس بون، قوراوی بون

**پالان:** پاڵان، کۆپان، کورتان

**پالانچە:** پالان، کۆپان

**پالاندوز:** کورتاندرو، کەسێك کورتان و کۆپان دروست دەکات

**پالانگر:** بڕوانە پالاندوز

**پالانیدن:** گوشین، پاڵاوتن

**پالوانە:** پاڵوێنکە، پاڵوێنە، ساف، ڕاوك،

**پالاهنگ:** هەوسار، جڵەو، هەفسار، ئەوسار

**پالایش:** بڕوانە پالاییدن

**پالایشگاە:** پاڵاوگە، شوێنی پاڵاوتن

**پالایشگر:** پاڵێوکەر، ئەوکەسەی پیشەی پاڵاوتنە

**پالایە:** بڕوانە پالونە

**پالاییدن:** پاڵاوتن، پلاڤتن، ساف کردن

**پالدم:** بڕوانە پاردم

**پالش:** بڕوانە پالیدن

**پالشگا:** پاڵاوگە، پاڵاوگە

**پالغ:** بڕوانە بالغ

**پالکانە:** بڕوانە بالکانە

**پالکی:** کەژاوە، کەژاوەی بێ سەقف

**پالوانە:** بڕوانە پرستو

**پالودن:** پالافتن، پاك کردن، ساف کردن، پاڵاوتن

**پالودە:** فالودە، پاڵودە، شەربەتێك لەبەفر و سەهۆڵ و نیشاستە وسێوی لە ڕەندە دراو دروستی دەکەن

**پالونە:** کەوگیر، کەفگیر

**پالهنگ:** بڕوانە پالاهنگ

**پالی:** پاڵی، لە زمانە کۆنەکانی خەڵکی هیندستان

**پالیدن:** گەڕان، پشکینن، لێکۆڵینەوە. گەڕان بۆ شتێك لە ژێر خاك یا شتیتر

**پالیز:** بێستان، کێڵگەی کاڵك و خەیار و ترۆزی

**پالیزبان:** بیستان وان، کەسێك ئاگاداری بێستان دەکات

**پالیزکار:** بێستانکار، کەسێك کاری چاندنی بێستانە

**پالیزکار:** بڕوانە پالیز

**پالیزوان:** بڕوانە پالیزبان

**پامال:** پێ شێل، پاماڵ، پایەماڵ

**پامال شدن:** پێشێلدران، شێلان بە قاچ

**پامال کردن:** بەلەقە کوتان، شێلان

**پامرد:** بڕوانە پایمرد

**پامزد:** بڕوانە پایمزد

**پامس:** داماو، گرفتار، پێبەند

**پاندول:** پاندۆڵ، ئاوێزەی کاتژمێر کەبۆ چەپ و ڕاست دەجووڵێت

**پانزدە:** پانزە، ژمارەی پانزە

**پانسمان:** برین پێچان، شۆردنەوەی برین و مەڵهەم لێدان و بەستنی

**پانصد:** پێنسەد (٥٠٠)

**پانوراما:** دیمەن، چاوەنداز

**پانی:** ئاو

**پانیذ:** شەکر، قەند، شیری قامیشی شەکر

**پاوپر:** هێز، توانایی، وزە

**پاومرچین:** بڕوانە پابرچین

**پاوند:** بڕوانە پابند

**پایا:** پایەدار، سەقامگیر، خۆڕاگر

**پایاب:** قوڵایی ئاو، بەشێك لە ڕووبار کە قوڵایی کەم بێت و قاچ بە زەوی بگات

**پایاب:** توان، هێز، خۆڕاگری، توانایی

**پایا پـای:** کاڵابەکاڵا، ئاڵو گۆڕ لەسەردەمی کۆن کە کاڵایان دەدا و کاڵایان وەردەگرت

**پایار:** بڕوانە پار

**پایان:** کۆتایی، ئەنجام، دوماهی، دومایی، سەرئەنجامی هەر کارێك

**پایان بین:** دوورئەندێش، بیرمەند

**پایان پـذیر:** شیاو بۆ کۆتایی هاتن، تەواوو بو، ئەوەی کۆتایی هەبێت و کۆتایی پێبێت

**پایان نگر:** دورئەندێش، کۆتایی بین

**پـای بـاز:** سەماکەر، ئەوکەسەی سەما و هەڵپەرکێ دەکات و پێ لەزەوی دەدات

**پای باف:** جۆلا، بوزوتەن، شاڵ باف

**پای بست:** بڕوانە پابست

**پای بند:** بڕوانە پابند

**پایتخت:** پایتەخت، شارێك کەشوێنی پاشا و سەرۆك و نوێنەرانی دەوڵەت بێت

**پایچە:** بڕوانە پاچە

**پایدار:** پایەدار، خۆڕاگر، جاویدان

**پادام:** تەڵە، داو

**پایدان:** پێلاو، کەوەش

**پایرنج:** بڕوانە پارنج

**پای افزار:** بڕوانە پاافزار

**پای زهر:** بڕوانە پادزهر

**پایستن:** خۆڕاگرتن، مانەوە، جاویدانی

**پایشنە:** بڕوانە پاشنە

**پایکار:** بڕوانە پاکار

**پای کشان:** بڕوانە پاکشیدن

**پای کوفتن:** بڕوانە پاکوفتن

**پایگاه:** پێگە، ڕێز، شوێن، پلە، جێگە

**پایگیر:** پێگر، پێبەند، گرفتار

**پای ماچان:** کەوشکەن، لای درگا لە ژووری ماڵەوە

**پایمال:** بڕوانە پامال

**پـــایمرد:** جـوامێر، هاوکـار، یاریـدەدەر، دەسـگر، یارمەتیدەر، نێوەنجیکەر، ڕزگارکەر

**پایمزد:** کرێ، ئەو بەر پارە یا هەر شتێك کە لەبەری کاری ئەنجام دراو وەردەگیرێت

**پای موزە:** جزمە، چەکمە

**پایندان:** زامن، کەفیل، دەسەبەر

**پایندە:** پایەدار، هەمیشەیی، جاویدان

**پایور:** خاوەن پلە، ڕێزدار

**پایون:** زێرو زیو، خشڵ و موورو

**پایوند:** بڕوانە پابند

**پایە:** پایە، بناغە، بنەما،

**پایەدار:** پایەدار، ڕێزدار

**پایەور:** خاوەن پلە، پایەدار، پایەبەرز

**پاییـدن:** پاسەوانی دان، خستنە ژێـر چاو، چـاودێری کردن

**پـاییز:** پـاییز، گەڵاڕێزان، یـەکێك لەچوار وەرزەکـەی ساڵ

**پاییزی:** پاییزی، تایبەت بە پاییز

**پایین:** خوار، لای ژێرەوە

**پایین پرست:** خزمەتکار، کەنیز، کۆیلە

**پیتك:** بۆڵ، بۆڵی ترێ

**پت:** پرز، ریشۆڵەی پارچە

**پتت:** تۆبە، تۆبەنامە

**پترول:** نەوت، بەنزین

**پتك:** ئاسن کوت، پیك، چەکووشی گەورە

**پتك:** بێ پێچ، ئەوی قاچی پێ دەبەستن

**پتگر:** ئاسنگەر، وەستا خاڵە، وەستای ئامرازی ئاسن

**پتو:** بەتانی، پەتو، عەدیاڵ، ئەبیاڵ، پێخەوف چنراوی بێ بەر و پشت

**پتو:** هەتاوگر، بەرابەری نسێ

**پتواز:** وەڵام، پەرسف، جواب

**پتواز:** هێلانە، لانە، هێلین. ماڵی باڵندەکان

**پت و پهن:** درێژ، پان و بەرین، بەربڵاو

**پتی:** رووت، بەتاڵ، خاڵی، پەتی

**پتیار:** بڕوانە پتیارە

**پتیارك:** بڕوانە پتیارە

**پتیارە:** ئافەت، ژنی پیری ناحەز، دەڕاشو، شەڕاشۆ

**پتیرە:** قێزەون، ناخەز، دزێو

**پتیله:** بڕوانە فتیله

**پچ:** پەچ، بێ ناومرۆك، پوك

**پچ پچ:** پچ پچ، چپە چپە، بەهێواشی قسە کردن، سرکە، سرکە سرك

**پچشك:** بڕوانە پزشك

**پچشك:** پشکەڵ، پشقل، پیسایی بزن و مەڕ و وشتر و...

**پچکم:** هەیوان، ئەیوان

**پچل:** چەپەڵ، پیس، گلاو

**پخ:** تەنیشت، قەراغ، لا و شتێك لێوارەکەی خڕ بێت و تیژی نەبێت

**پخپخو:** ختوکە، خوتیلکە

**پخت:** کوڵان، کوڵاندن، کوڵین

**پختن:** کوڵانـدن، کۆلیـان، کـوڵین. خواردەمـەنی خستنە سەر ئاگر بۆ کوڵاندن و خواردنی

**پختە:** کوڵاو، کوڵیاو، ئامادە کراو بۆ خواردن

**پختە خوار:** مفتەخۆر، لاشخۆر، ئەنگەڵ، سواڵکەر

**پختە رای:** بە ئەزموون، عاقڵ، هزرمەند

**پخج:** پلیش، پان، پلیشاو

**پخچیدن:** کوتران، پانبونەوە، شێلدران

**پخس:** بڕوانە بخس

**پخسانیدن:** بڕوانە بخسانیدن

**پخسیدن:** بڕوانە بخسیدن

**پخش:** بڵاو، پانبو، پلیشاو

**پخش و پلا:** پرژو و بڵاو،هەڵرژاو

**پخشیدن:** پرژاندن، هەڵرژاندن، پان کردنەوە

**پخلوچە:** بڕوانە پخپخو

**پخلیچە:** بڕوانە پخپخو

**پخمە:** نەزان، کەر، گێژ، بێ مێشك

**پخنو:** هەورەبروسکە، هەورە تریشقە

**پد:** داری بێبەر

**پدر:** باوك، سەرپەرەستی خێزان

**پدرام:** سەرسەوز، پیرۆز، مەیمون

**پدرکش:** باوك کوژ، کەسێك بکوژی باوکی بێت

**پدر کشتە:** باوك کوژراو، کەسێك کە باوکیان کوشتبێت

**پدر مردە:** باوك مردو، هـەتیو، بـێ بـاوك، ئـەو کەسـەی باوی نەمابێت

**پدروار:** باوکانە، هاوشێوەی باوك

**پدرود:** ماڵئاوایی، جیابونەوە، خواحافیزی

**پدواز:** بڕوانە پتواز

**پدوند:** بڕوانە پیوند

**پدە:** داری بێبەر، دارێك میوە نەگرێت وەك چنار

**پدید:** دەرکەوتن، بەرمەلا، رون، ئاشکرا، دیار

**پدید آمدن:** دەرکەوتن، ئاشکرابون، هاتنە دروست بون.

**پدید آوردن:** دەرخستن، ئاشکرا کردن

**پدیدار:** دەرکەوتو، ئاشکرا، دیار، بەرچاو

**پـذرفتار:** کەفیل، دەسبەر

**پـذرفتکار:** بەڵێندەر، رازی بو، دەسەبەر، فەرمانبردار

**پـذرفتن:** بڕوانە پزیرفتن

**پـذیرا:** پێشوازیکەر، بە پیرەوە چون

**پـــذیـرش:** وەرگـرتن، پـێ رازیـوبن، هـەویان، پەسـەند کردن

**پـذیرفتن:** رازی بون، لەئەستۆ گـرتن، دەسـەبەر کـردن، میواندارى کردن

**پـذیرە:** پێشواز، پیر، بەپیرەوە چون

**پر:** سەر رێژ، پڕ، لێوانلێو، بەرابەر خاڵی

**پـــر:** پـەڕ، تـوك، باڵنـدەکان، ئـەوەی بـە جەسـتەی مریشکەوەیە

**پراب:** ئاودار، پڕئاو، میوەیەك ئلوی زۆری هەبێت،

**پراب و تاب:** بە وردەکاریەوە، شیکردنەوە و باس کردنی بابەتێك بەهەمو وردەکاریەکانیەوە

**پراتیك:** ئەنجامدان، ئەزمون، تاقی کدنەوە، راهێنان، عادەت

**پر ارز:** بەهادار، گرانبایی

**پر آرزو:** هیوادار، هەڵگری ئارەزوی زۆر

**پر آزار:** بەئێش، بەئازار، زۆربەداخ، رەنجاو

**پرازه:** گونك، گونتك، ئەنگوتك

**پرآزرم:** بەشەرم، بەحەیا، حەیادار

**پرآژنگ:** چرچ و لۆچ

**پر آسیب:** پڕدەرد، بەئازار، بەئێش

**پر آشوب:** ئاژاوە، هەراوهوریا، قەرەباڵغی زۆر

**پراشیدن:** پەرێشان کردن، بڵاوکردنەوە، پرژاندن

**پر افت:** بڕوانە پر آسیب

**پرافشاندن:** بڕوانە پرافکندن

**پر افکندن:** کوڵك وەراندن، پەڕ وەراندن، فرخ بون

**پراکندن:** بڵاو کردنەوە پرژاندن، پرژاندن

**پراکندەدل:** دڵ پەرێشان، نیگەران، پەرێشان حاڵ، پەشێو

**پراکندە روز:** چارە رەش، بەدبەخت، رۆژ رەش

**پراکندە رزی:** کەم رۆژی، هەژار، نەدار، دەست کورت

**پراکندەگو:** زۆربڵە، فرەبێژ، درێژدادر، چەنەباز

**پراکنیدن:** بڕوانە پراکندن

**پراکوه:** سەرکێو، لوتکە، بەرزایی کێو

**پراگندن:** بڕوانە پراکندن

**پرآمد و شد:** پڕهاتوچۆ، قەرباڵغ، شوێنێك قەرەباڵغی زۆری بەسەرەوە بێت

**پرامید:** هیوادار، ئومێداوار

**پران:** باڵندە، ئەوەی بپەرێت لەمەل و باڵندە

**پرانتز:** کەوانە، ئەم هێمایە()

**پراندن:** هەڵفراندن، هاویشتن، فرێدان بۆ دوور

**پراندوه:** خەمبار، خەمۆك، خەفەتبار

**پراندیشه:** خەمبار، نیگەران، پەرێشان

**پــراوازه:** ۱- قەرەباڵغ، ژاوەژاو، پەردەنگ ۲- ناودار، بەناوبانگ، ناسراو

**پرباد:** ئاوساو، هەڵاوساو، شتێك بایان تێکردبێت و ئاوسا بێت

**پربار:** بەبەرهەم، بەبار، بەبەر، دارێك میوەی زۆری گرتبێت

**پربر:** بڕوانە پربار

**پربر:** پان، درێژ، بەربڵاو

**پربرکت:** بەبەرهەم، بە پیت

**پربرگ:** گەڵادار، پربەرگ، دارێك کە گەڵای زۆری بێت

**پربو:** بۆنخۆش، بۆندار

**پربها:** بەهادار، گرانبایی، بەنرخ

**پربیم:** مەترسیدار، ترسناك، شتێك یا کارێك کەترسی زۆری بەدواوە بێت

**پرپا:** هەزار پێ زیلۆ، هەزارپا

**پرپایە:** زیفزیفە، هەزار پێ

**پرپر:** پەرپەڕ، گوڵێك کە پەرەکانی زۆر بێت

**پرپرکردن:** هەڵوەراندن، پەرپەڕ کردن، داوەراندن

**پرپرە:** فرفرە، فرفرۆکە، فرفرۆك، لەیستۆکی لە قاقەز کە با دەیسووڕێنێ

**پرپشت:** پرپشت، گیا یا مو کە زۆر نزیك لە یەك روابێتن

**پرپشم:** توکن، کوڵکن، بەتوك، بە کوڵکە

**پرپهنا:** بەرفراوان، ئاوەڵا، درێژ، پان و بەرین

**پرپیچ و تاب:** پێچاوپێچ، ئەوەی پێچی و خواری زۆری هەبێت

**پرت:** دوور، کەنار، رەخ، لارێ، خوار

**پرت:** لەنگەرگە، شوێنی وەستان و بار کردنی کەشتی

**پرتاب:** هاویشتن، هاڤێتن، هاویتن، فرێ دان

**پرتاب کردن:** هاویشتن، فرێ دان، هاویشتنی تیر و گوللە و تۆپ و هەرچی...

**پرتاب و توان:** بەهێز، خۆڕاگر، بە وزە،

**پرتابی:** هاوێژراو، فرێدراو

**پرتابیان:** کڤاندار، تیرهاوێژ، کەواندار

**پرتابیدن:** فرێدان، هاویشتن

**پرتره:** دیمەن، وێنە، نەقاشی روخسار، روخسار

**پرت شدن:** کەوتنە خوار، هاوێژران، فرێدران

**پرتقال:** پرتەقاڵ، جۆرێکە لە میوە

**پرت کردن:** هاویشتن، فرێدان

**پرتگا:** هەڵدێر، فرەك، رزدە، جێگەی زۆر بەرز و ڤین لەی شاخ و کێودا

**پرتو:** رۆناهی، تیرۆژك، تیشك، روناکی

**پرتو افکندن:** روناك کردنەوە، تیشکدانەوە، درەوشانەوە

**پرت و بلا:** هەڵیت و پڵیت ڤۆریات، قسەی بێ مانا

**پر پەر:** بەبەرهەم، بە بەر

**پر جرات:** بوێر، چاونەترس، ئازا

**پرجفا:** ستەمکار، بێ ویژدان، زاڵم

**پرجگر:** بەجەرگ، بوێر، چاونەترس

**پرجنب و جوش:** بە جم و جۆڵ، پڕ جووڵە، نەسرەوتو، دانەمرکاو

**پرجور:** ستەمکار، بێ ویژدان

**پرچ:** پەرچ، بزمار یا مێلەیەکی کانزایی کە تیژیەکەی سەریان کوتابێتەوە و پانیان کردبێت

**پرچارە:** فێڵباز، فێڵاوی

**پرچانە:** زۆربلە، فرەبێژ، چەنەدرێژ، کەسێك کە زۆر قسە بکات

**پرچم:** ئاڵا، بەیداخ، پەرچەم

**پرچیدن:** بروانە پرچ

**پرچین:** بروانە پرچ

**پرچین:** پەرژین، چیل، شورەی بە درۆ، پێزان، پەرژان

**پرحاصل:** بەبەرهەم، بەبەر

**پرحافظە:** بیرتیژ، زەین روون، ئەوی یادگەی بەهێز بێت و شتەکانی بیرنەچێتەوە

**پرحوصلە:** خۆڕاگر، بەتاقەت، پشودرێژ

**پرحیلە:** فێڵباو، فێڵاوی، مەکراوی

**پرخار:** چقلاوی

**پرخاش:** شەڕ، شەڕەدەم، شەڕەنیخ، جڕە، تونـد و تیژی

**پرخاشگر:** توند و تیژ، شەڕکەر

**پرخاشخر:** شەڕکەر، ئەوەی خوازیاری شەڕ بێت، شەڕفرۆش

**پرخاش کیش:** شەڕ فرۆش، ئەوەی بەر دەوام لەشەڕ و توند وتیژیدا بێت

**پرخاشگا:** شەڕگە، شوێنی شەڕ، گۆڕەپانی شەڕ

**پرخرد:** زیرەك، وشیار، وریا، زانا

**پرخروش:** بەئاژاوە، بەهەرا و هوریا

**پرخش:** شیاکە، پەین، رانێت ئەسپ و هێستر و...

**پرخش:** شمشێر، تیغ، موس

**پرخشم:** تووڕە، بەرق

**پرخگر:** مەترسیدار، هەر کارێك کە ترسی هاوڕێ بێت

**پرخمار:** خومار، وەسفێکیە بۆ چاو، چاوی خومار

**پرخندە:** دەم بەبزە، ئەوەی پێکەنین لەلێوی دور ناکەوێتەوە

**پرخو:** کوار، کەزاخە، ئادە، دەفری گەورەی گڵینی دەخڵ و ئارد

**پرخو:** هەرس کردن، بڕینی لق و چڵە زیادیەکان لەدار و هەروەها هەڵکەندنی گژ و گیا زیادی لەناو دانەوێڵە

**پرخواب:** خەواڵو، کونەخەو، ئەو کەسەی زۆر دەخەوێت

**پرخوار:** زۆرخۆر، سکبرسی، تێرنەخۆر، ئەوەی زۆر دەخوات

**پرخوارە:** بروانە پرخور

**پرخواست:** ساماندار، دەوڵەمەند

**پرخواە:** تەماحکار، چاو لەدو، چاو لەدوا، ئەوەی تەماحی زۆری بێت

**پرخور:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر

**پرخون:** خوێناوی، خەڵتانی خوێن، خوێنین

**پرخیدن:** گەڕان، گەڕانی کەسەکان لە شوێنە گشتیەکاندا

**پردا:** بروانە فردا

**پرداخت:** رازاندنەوە، خۆ جوان کردن، بە کاروباری بانقدا بە مانای (دان)یش دێت، دانی پارە

**پرداختن:** ١ـــرازاندەوە، جوان کردن، رێك و پێك کردن، ئەنجامدان، فەهوسوین، لێکدان، دان، پێدان

**پرداد:** دادپەروەر، ئەوکەسەی لێوانلێوە لەداد و راستی

**پردادن:** بواردان، رەخساندنی دەرفەت و ئازادی بۆ کەسێك بۆ ئەنجامدانی کارێك

**پرداز:** برزانە پرداختن

**پرداغ:** بەداخ، داخ لەدڵ، خەمبار، بەحەسرەت

**پردان:** فرمزان، زانا، کەسێك کە زۆری لە هەگبەدا بێت

**پردانش:** بیرمەند، زانا، فرمزان

**پردختن:** بروانە پرداختن

**پردرآمد:** بەداهات، کەسێك داهاتی مانگانە یا سلانەی زۆر بێت

**پردرخت:** دارستان، پڕدار، ئەو شوێنەی داری زۆری لێبێت

**پردروغ:** درۆزن، فشەکەر، پڕدرۆ، پڕلەدرۆ

**پردشمن:** دوژمندار، کەسێك دوژمنی هەبێت

**پردك:** مەتەڵ لیچار، لەگەز، مەتەڵۆك

**پردل:** بەجەرگ، بوێر، ئازا، رەشید

**پردوام:** خۆراگر، بەرگەگر، هەرشتێك سەقامگیری زۆر لەخۆی نیشان بدات

**پردوش:** دوێ شەو، شەوی رابردو

**پرده:** پەردە، روپۆشی دەرگا و پەنجەرە لە قوماش

**پردەباز:** لۆتی ـ گۆرانیبێژ، ئەوی لە زەماوەند و ئەو شوێنانە گۆرانی دەخوێنێت.

**پرده برداشتن:** پەردە هەلگرتن، پەردە هەلگرتن لەسەر کەسێك یا کارێك، ئاشکرا کردن

**پرده پوش:** پارێزەری نهێنی، کەسێك نهێنی نادرکێنێت

**پردەدار:** پەردەدار، درگاوان، لەکۆندا لەدەرباری پاشا و گەورەکان ئاگاداری هاتنە ناوەوەی کەسەکەنی دەکرد

**پردەدریدن:** ئابروو بردن، ئاشکرا کردنی نهێنی کەسێك، سرهەڵماڵین.

**پردەدیر سال:** ئاسمان، عاسمان

**پردەسرا:** خێوەت، چادر، خەیمە، کۆن

**پردەسرای:** گۆرانیبێژ، لۆتی

**پردەشناس:** گۆرانیبێژ، لۆتی، موتریب

**پردەگر:** پەردەدرو، ئەوکەسەی کاری دروست کردنی پەردەیە

**پرده نیلگون:** ئاسمان، مەبەست لە ئاسمانە

**پردیس:** باخ، باغ، بێستان

**پررنگ:** پڕڕەنگ، ئەوەی رەنگی زەق و تۆخی هەیە، بەرامبەری کەم رەنگ

**پررو:** بێ حەیا، بێ شەرم، بێ ئابرو، رودار، زڕشەرم

**پرریختن:** پەر وەراندن، هەلوەرنی پەری باڵندەکان

**پرز:** پرز، ریشۆڵەی پارچە

**پرزادورود:** منالدار، خاوەن منالی زۆر

**پرزحمت:** رەنجدار، پڕڕەنج، ئەرکی زۆر و قورس، قەرەبالغی

**پرزدار:** پرزدار، پارچە یا هەر شتێك کە پرزی هەبێت

**پرزدن:** باڵ لێدان، باڵ راوەشاندن بۆمەڵ و ئەوەی دەتوانێت بفڕێت

**پرزور:** بەهێز، توانا، زۆردار

**پرزه:** بروانە پرز

**پرزیان:** زیانبار، هەر شتێك کەزیانی زۆر بێت

**پریزیدنت:** سەرۆك کۆمار

**پرزین:** بروانە پرزدار

**پرژك:** گریان، شیوەن، شین

**پرس:** پرس، پرسیار

**پرس:** پەردە، پۆشش، حیجاب

**پرس:** پرێس، ئامرازێکە بۆ زەخت کردن لە شتێك و بەزۆری لە کارگە پیشازیەکاندا بەکار دەروات

**پرسا:** پرسین، پرسیار کردن

**پرساله:** پیر، بەتەمەن، دنیادیتو

**پرسان:** پرسیارکەر، پرسکەر، لەکاتی پرسین

**پرستار:** پەرستار، خزمەتکار، ئەو کەسانەی خزمەتی نەخۆش دەکەن و یا چاودێری منالان دەکەن

**پرستش:** پەرستین، پەراستن

**پرستشکده:** بروانه پرستشگا

**پرستشگا:** پەرسگە، پەرسگا، شوێنی پەرستینی خوا و هەرچی

**پرستك:** بڕوانه پرستو

**پرستك:** خزمەتکار، ئەو کەسەی کاری خزمەت کردنە

**پرستنده:** بەندایەتی، ئەو کەسەی کاری پەرستین دەکات، پەرەس

**پرستو:** حاجی رشك، پەرسێلکە، پەرسلێرە، پەرسوێلکە

**پرستوك:** بروانه پرستو

**پرسته:** پەرستراو، ئەوکەسەی دەپەرسترێت

**پرستیدن:** پەرستین، پەرسین

**پرستیژ:** نەفسون، سیحر، خەیاڵی پوچ، فریودانی سیحراوی

**پرسخن:** زۆربلۆ، چەنەباز، زۆربێژ

**پرسش:** پرسیار، پرس، پسیار

**پرسشنامه:** پرسیارنامە، ئەو کاغەزەی پرسیارەکانی لەسەر نوسرابێت، پرسنامە

**پرسنگ:** بروانه فرسنگ

**پرسنل:** کەسیەتی، تایبەتی، پەیوەندیدار بەکەسێك

**پرسو:** پڕنور، درەوشاوە، روناك

**پرسوز:** کزانەوەی زۆر

**پرسه:** ، پرسیار، پرسە، سەردانی نەخۆش، سەرەخۆشی

**پرسه:** بەرەڵایی، سواڵکەری، خوێریەتی

**پرسیدن:** پرسیار کردن، پرس کردن، لە چۆنیەتی یا چەندایەتی شتێك پرسین

**پرش:** پەڕین، فڕین، خۆهەڵاڤێتن، خۆ هاویشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بازدان

**پرشاخ و برگ:** گەڵادار، دارێك کەلق و چڵی زۆری پێوە بێت

**پرشتاب:** چالاك، تیژپێ، خێرا، بێ ئارام، بێ ئۆقرە

**پرشدن:** زۆربون، فراوان بون، سەرڕێژ بون، لێوانلێوی

**پرشرم:** بەشەرم، خاوەن ناموس، بەحەیا، حەیابەخۆ

**پرشروشور:** بەئاژاوە، ئاژاوەچی، بەدەنگە دەنگ

**پرشکسته:** باڵشکاو، باڵندەیەك کە پەڕوباڵی شکابێت

**پرشکیب:** خۆڕاگر، بەتاقەت، بەرگەگر

**پرشوخ:** چڵکن، چڵکاوی

**پرشیر:** پڕشیر، هەر شیردەرێك کەگەوان یا مەمکی شیری زۆری تیابێت

**پرطاقت:** بەتاقەت، خۆڕاگر، بەرگەگر

**پرطاوسی:** سەوز رەنگ، لەرەنگی پەری تاوس

**پرطمع:** تەماحکار، چاولەدوا

**پرغرور:** مەکراوی، بەناز، ئەوەی ناز و مەکری زۆر دەکات

**پرغصه:** خەماوی، خەمهێنەر، بەخەم

**پرغونه:** ناشیرین، قێزەون، دزێو، هەشتێکی ناشیرین و ناجوان

**پرفایده:** بەسود، بەئەنجام، پڕداهات

**پرفریب:** فێڵباز، مەکراوی

**پرفسور:** مامۆستا، پرۆفسۆر، زانا، بیرمەند

**پرفسوس:** مەکراوی، بەمەکر

**پرفسون:** فێڵباز

**پرفن:** مەکراوی، فێڵاوی

**پرفند:** بروانه پرفن

**پرفیکس:** پێشگر، پیت یا وشەیەك کەلەپێش وشەیەکیترەوە زیادی دەکەن

**پرقبیله:** عەشیرەدار، تایەفەدار، ئەوەی خزم وکەس و کاری زۆر بێت

**پرقیمت:** پربەها، گرانبایی، بەنرخ

**پرك:** بڕوانه پلك

**پرك:** سوهەیل، ئەستێرەی سوهەیل

**پرکار:** چالاك، بەکار، تێکۆشەر، زەحمەتکێش

**پرکاش:** وردەمشار، ئەو وردەدارەی دوای کارکردن بەمشار بەجێ دەمێنێت

**پرکام:** پرزانگ، مناڵان

**پرکردن:** پڕکردن، کەڵەکە کردنی شتێك لەسەر یەك، سەرڕێژ کردن، کردنی شتێك لەناو دەفر بەشێوەیەك لێوانلێو بێت

**پرکرشمە:** بەناز، مەکراوی، پرعەیش و ناز

**پرکشیدن:** فڕین، هەڵفڕین، باڵ گرتن

**پرکم:** بێکار، بێکارە، لەکارکەوتو

**پرکندە:** پەرداماڵدراو، مەلێك کەتوك و پەڕیان لێ داماڵیبێت

**پرکندە:** بڕوانە پراکندە

**پرکوك:** کۆشك، تەلار، بینای گەورە

**پرکیمیا:** فێڵباز، مەکراوی

**پرکین:** ڕقاوی، بەڕق، بوغزاوی، داخ لەدڵ

**پرگار:** پەرگار، جەغزینگ، ئالەتێکە لەکاروباری هەندەسیدا بەکاردەبرێت

**پرگالە:** بەش، باهخر، پارچە، لەت لەشتێك

**پرگر:** بڕوانە پرگار

**پرگرام:** بەرنامە، پەیڕەو، پلان، نەخشە

**پرگزند:** زیانبار، بەزیان، ئەوشتەی زیانی زۆری لێبکەوێتەوە

**پرگستردن:** باڵ کردنەوە، بۆ مەبەستی خۆبچوك کردنیش بەکار دەبرێت.

**پرگفتن:** زۆروتن، زۆر ئاخاوتن، فرەبێژی

**پرگناە:** گوناحبار، تاوانبارئەوەی گوناحەکانی زۆر بێت

**پرگند:** گەنیو، بۆگەن، ڕزیو

**پرگنە:** بڕوانە پرگناە

**پرگنە:** ناوچە پارێزگا، ویلایەت، بەشێك لەوڵات

**پرگو:** زۆربڵە، زمان درێژ

**پرگوشت:** قەڵەو، گۆشتن، دژی لاواز

**پرگیاە:** پرگیا، ئەو زەویەی گیا وروەکی زۆربێت

**پرلاف:** فشەکەر، چاخانچی، ئەو کەسەی حەزی لە خۆ دەرخستنە

**پرما:** پەرمە، پرما، ئەسکەنە، ئەو ئامرازەی دارتاش دار و تەختی پێ کون دەکات

**پرماس:** دەست لێدان، دەست پیاهێنان، دەست بەرکەوتن بەر شتێك، پەرخاندن، دەست کرن

**پرماش:** بڕوانە پرماسیدن

**پرماسیدن:** دەست پیاهێنان، دەست لێدان، دەست هێنان بەشتێك، سوان، ساوین

**پرمان:** بڕوانە فرمان

**پرمایە:** ساماندار، دەوڵەمەند، ئەوەی سامانی زۆری هەبێت

**پرمشقت:** بەئازار، ئەوکارەی ڕەنج و ئازاری زۆری لەگەڵ پابەدواوە بێت

**پرمعنی:** پرمانا، بەمانا، ئەو وتەی کەمانای زۆری هەیە و شتی زۆری لەهەڵدەهێنجرێت

**پرمکر:** مەکراوی

**پرملال:** بەئازار، بەداخ، ئەوشتەی دەبێتە هۆی داخ وکەسەری زۆر

**پرمنش:** لەخۆبایی، لەخۆڕازی، خۆپەسەند

**پرمنفعت:** پڕسود، بەداهات، هەر شتێك داهات و سودی زۆری لێبکەوێتەوە

**پرمودن:** بڕوانە فرمودن

**پرمیو:** سوزاك، نەخۆشی سوزاك

**پرمیوە:** بەبەرهەم، پرمیوە

**پرن:** پەروین، ئەستێرەی پەرویت، سورەیا

**پرن:** بڕوانە پرنیان

**پرن:** ڕابردو، دوێنێ، ڕۆژی ڕابردو

**پرناز:** بەناز، مەکراوی

**پرنخوت:** بەناز، لەخۆڕازی، خۆبین، خۆپەسەند

**پرند:** هەوریشم، حەریر، پارچەی چنراو لەهەوریشمی سادە. هەروەها بەمانای تیغ و شمشێریش بەکار دەبرێت

**پرندك:** تەپۆلکە، تەپۆکە، گردۆلکە، تەپکی نەزۆر بڵند

**پرندوار:** بڕوانە پرندوش

**پرندوش:** دوێ شەو، شەوی ڕابردو

**پرندە:** باڵندە، فڕندە، مەڵ، تەیر

**پرنس:** شا، شازادە

**پرنسس:** شازدە، کچی شا، شاژن

**پرنسیب:** پاسا، بنەما، سەرەتا، دۆخ، شێواز

**پرنشاگ:** شادمان، خۆشحاڵ

**پرنشیب:** سەرەوخواری، نشێو، ئەو شوێنەی نشێوی زۆر بێت

**پرنم:** نمدار، ئەوەی تەڕی زۆری هەبێت

**پرنور:** روناك، نورانی

**پرنهیب:** پڕترس، مەترسیدار، هەرشتێك یا کارێك کەترسی زۆری لێبکەوێتەوە

**پرنیاز:** نیازمەند، ئەوکەسەی پێویستی بەشتێکە

**پرنیان:** هەوریشم، ئاوریشم، حەریر، پارچەی ناسك

**پرنیخ:** تاشەبەرد، تەختەبەرد، بەردی رێك و ساف

**پرو:** کورتکراوەی پەروین، ئەستێرەی پەروین

**پرو:** بەڵگە، سەنەد، نیشانە

**پروا:** خۆڕاگری، ئارام، نۆقەریی، سەبر، سەرنج، ترس، حەز، چاقدان، تێبینی

**پروار:** قەڵەو، دابەستە، مەڕو مانگای دابەستەو و قەڵەو، پەروار، بەختە

**پروار:** ئاگردان، کوچکاور. ئاگردانك

**پرواز:** هەڵفرین، فرین، کاری باڵندە لە ئاسمان، پەرفە کردنا باڵندە یا فرۆکە لە ئاسمان

**پروازە:** ١- ئەو خواردنەی بۆ سەیران و راو دەیبەن. ٢ــئەو ئاگرەی لەبەردەم پێی بوك و زاوا دەیکەنەوە. ٣ــئەو زریقە و بریقانەی لەشەوی زاوایەتی بەسەر بوك و زاوای دەپرژێنن

**پرواس:** ١ – دەست لێدان، دەست هێنان بەشتێکدا ٢ــرزگار بون لە شتێك

**پرواسیدن:** دەست لێدان، دەست پیاهێنان، ساوین

**پروانچە:** حوکم، فەرمان، نامە، شایەتی

**پروانك:** بڕوانە پروانە

**پروانە:** پەروانە، پەپولە، نمنمۆك

**پروانە:** پەروانە، ئامرازێکە لەناو ترۆمبێل کەلەکوردیشدا پێی دەڵێن پەروانە

**پروانە:** بەڵگەنامە، مۆڵەت، روخسەت، ئیزن

**پروبال:** پەروباڵ، باڵ و پەڕی باڵندە

**پروپاگاند:** پروپاگەندە، بانگەشە، هەوڵدان بۆ بڵاو کردنەوەی شێواز و رێچکەیەك

**پروراندن:** فێرکردن، بەخێو کردن، پەروەردە کردنن راهێنان

**پرورە:** کورتراوەی پەروەردەیە، بە مانای فێرکردن و پەروەردە کردن دێت

**پروردگار:** فێرکەر، راهێنەر، مامۆستا، ئەو کەسەی پەروەردە دەکات و یەکێك لەناوەکانی خوا

**پروردگان:** پەروەردەکراوەکان، راهێنراوەکان، فێرکراوەکان

**پروردن:** فێرکردن، راهێنان، پەروەردە کردن، قەڵەو کردن، ئامادە کردن

**پروردین:** بڕوانە فروردین

**پرورش:** راهێنان، پەروەردە کردن

**پرورشگا:** دایانگە، شوێنێکی تایبەت بۆ پەروەردە کردن و راهێنانی منالان

**پرورە:** پەرواری، قەڵەو، دابەستە، بەختە

**پروریدن:** بڕوانە پروردن

**پروز:** نەژاد، رەگەز، رەسەن، رەچەڵەك، بنچینە

**پروز:** پەراوێز، قەراغ، پینە، لێوار، پارچەیەکی بارێك و درێژ کە لەقەراغ جل و بەرگ یا هەر درواوێکیتر لەهەمان رەنگ یا رەنگێکیتر بدورن

**پروزن:** ئاردبێژ، هێلەك، موخەل، بێژینك

**پرۆژە:** پرۆژە، پلان، نەخشە، مەبەست

**پروند:** دیوار، حەسار

**پروندە:** ١ــبەستەی قوماش، پارچەیەك کە قوماش یا شتێکیتری تێوە دەئاڵێنن. ٢ــئەم وشەیە لە زامنی فارسیدا بەمانای دۆسیە بەکار دەبرێت

**پروە:** بڕوانە پروین

**پرویختن:** بێژان، لەهێلەکدان، بێژانی شتێك بە بێژەنگ

**پرویز:** سەرکەوتو، سەرکەفتی، بەکام گەیشتو

**پرویز:** بڕوانە پرویزن

**پرویزن:** ئاردبێژ، هێلەك، بێژەنگ، بێژینك

**پرویش:** ئیهمالی، سستی، کەمتەرخەمی

**پروین:** پەروین، چەند ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمان کە ژمارەیان زۆر بەلاّم تەنیا چەند لەوان بە چاو دەبینرێت و بە عەرەبی پێی دەوترێت سورەیا

**پرە:** پەڕ، ەنار، رەخ، پەر وەك پەری ئاش

**پرهازە:** وشکەدار، ئەو دارەی بۆ سوتان دەبێت و زو گڕدەگرێت

**پرهختن:** بڕوانە پرهیختن

**پرهراس:** مەترسیدار، ترسناك

**پرهنر:** هونەرمەند، کەسێك کە هونەری زۆری بێت

**پرهیختن:** خۆبەدور گرتن، دووری کردن، خۆپاراستن و هەروەها بەمانای راهێناندن و پەروەردە کردنیش دێت

**پرهیز:** دووری، خۆپاراستن، خۆپارێزی، وشیار بون

**پرهیزانیدن:** دوور خستنەوە، وشیار کردنەوە، ناچار کردنی مسێك بۆ خۆ دورخستنەوە لەکارێك

**پرهیز جستن:** بڕوانە پرهیز کردن

**پرهیزکار:** خۆپارێز، پارێزکار، داوێنپاك، ئەوی خۆی لە خراپەکان دور دەخاتەوە

**پرهیزکارانە:** پارێزکارنە، خۆپارێزانە، ئەنجامدانی کارەکان وەك پارێزکاران

**پرهیزکردن:** خۆپارێزی، خۆ دوورخستنەوە، نەخواردنی هەندێ لەخواردەمنیەکان بۆ مەبەستێکی تایبەت

**پرهیزیدن:** بڕوانە پرهیز کردن

**پری:** کورتکراوەی، پەریر بەمانای دوێ وەك دوێ شەو، دوێنێ

**پری:** پەری، فریشتە، جوانی باڵداری خەیاڵی

**پری:** پاداشت، خەلاّت، دیاری، پووڵ یا شتێکیتر کەلەکێبڕکی و یاریەکاندا بەکەسێك دەدرێت

**پری افسا:** جنگیر، پەری بەند، کەسێك کەبۆ گرتنی جنۆکە و پەری سیحر و فسون دەخوێنێت

**پری پیکر:** پەری پەیکەر، کەسێك کە ئەندامێکی رێك و پێکی هەبێت

**پریچهر:** روخسار جوان، پەری روخسار، جوانێك کەروخساری هاوشێوەی پەریە

**پریخوان:** بڕوانە پری افسار

**پریدن:** پەڕین، بازدان،خۆهەلاّفێن، خۆهەڵدان

**پریدن:** پڕبون، سەرڕێژبون، کەڵەکەبون

**پریدوش:** پێرشەو، شەوی پێرێ

**پری دیدار:** بڕوانە پریچهر

**پریر:** پێرێ، سێ رۆژ پێش

**پریرخ:** جوان وەك پەری

**پریرو:** بڕوانە پریچهر

**پریروز:** پێرێ، رۆژێك پێش دوێنێ

**پریز:** هاوار، فیزە، نەعرەتە

**پریزاد:** پەریزاد، جوانچاکی مێیینە

**پریسا:** کورت کراوە پری افسا، بڕوانە پری افسا

**پریش:** پەرێشان، شپرەزە، پرژ و بلاّو

**پریشان:** پەرێشان، شلەژاو، شێواو، تێکەڵ و پێکەڵ

**پریشان حال:** دلگیر، دڵتەنگ، خەمبار، پەرێشان حاڵ، نیگەران

**پریشان خاگر:** دڵتەنگ، خەمۆك، شپرزە، نیگەران

**پریشان خیال:** بیر پەرێشان، بیربلاّو

**پریشان دل:** دڵتەنگ، خەمبار

**پریشان روزگار:** چارەرەش، بەدبەخت، رۆژ ڕەش، کەسێك کە لەژیانی خۆش بێ بەشە

**پریشان شدن:** پەرێشان بون، شلەژان، نیگەران بون

**پریشان کردن:** پەرێشان کردن، نیگەران، کردن، خەمبار کردن

**پریشانیدن:** بڕوانە پریشان کردن

**پریشب:** پێرشەو، شەوی پێرێ، پێش دوێ شەو

**پریشن:** بڕوانە پریشان

**پریشیدن:** پەرێشان بون، شلەژان، نیگەرانی

**پری فش:** بڕوانە پریوش

**پریوش:** پەری ئاسا، هاوشێوەی پەری

**پز:** بڕوانە پختن

**پز:** هەیکەل، قیافە، روخسار، پەیکەر

**پزا:** کەلەك، کولەك، ئەو شتەی زو دێتە کوڵین

**پزاوه**: کوره، ئەو شوێنەی خشتی کاڵی تیا سوردەکەنەوە

**پزش**: بڕوانە پختن

**پزشك**: دوکتۆر، نوژدار، تیمار کەر، ئەو کەسەی کاری تیمار کردنە

**پزشکیار**: یاریدەدەری دوکتۆر، ئەو کەسەی بەردەستی دوکتۆر دەکات

**پزیدن**: بڕوانە پختن

**پژ**: کێو، کەژ، کێو، زەوی بەرز و نارێك

**پژ**: کێم، پیساتێ، جەراحەت

**پژاگن**: چڵکن، پیس، پۆخڵ

**پژاوند**: شینك، تێلای گەلاکوت، ئەو دارەی دەیخەنە پشتدەرگا تا نەکرێتەوە

**پژمان**: خەمبار، خەمۆك، خەمگین

**پژمراندن**: خەمبار کردن، ژاکاندن

**پژمردن**: خەمۆك بون، ژاکان، سیس بون

**پژمریدن**: بڕوانە پژمردن

**پژواك**: دەنگ، دەنگدانەوەی دەنگ لە کێو و دۆڵ

**پژول**: بڕوانە بجول

**پژولاندن**: ژاکاندان، سیس کردن، خەمبار کردن

**پژولش**: بڕوانە پولیدن

**پژولیدن**: پەرێشان بون، ژاکان، سیس بوون و هەڵوەران، خەمگین بوون

**پژوم**: دەروێش، هەژار، نەدار، دەست کورت

**پژوه**: بڕوانە پژوهیدن

**پژوهش**: بڕوانە پژوهیدن

**پژوهش خوانده**: بڕوانە پژوهیدن

**پژوهش گەر**: لێکۆڵەر، پشکنەر، ئەو کەسەی لە شتێك یا بابەتێك دەکۆڵێتەوە و گەڕان و بەدواداچونی بۆ دەکات

**پژوهنده**: بڕوانە پژوهیدن

**پژوهیدن**: لێگەڕیان، لێکۆڵینەوە، گەڕان و بەدواداچون، هەڵکۆڵین

**پژوین**: چڵکن، چڵکاوی، پیس و پۆخڵ

**پژهان**: ئارەزو، حەز، هیوا

**پژهش**: بڕوانە پژوهش

**پس**: ١ - دوا، پشت سەر، پشتەوە ٢ — ئامرازی پەیوەندی بەمانای کەواتە، لەپاش دوای ئەوە

**پس**: کوڕ، پس، منالی نێرینە

**پساپیش**: پێش و دوا، پاش و پێش، بەرودوا

**پسادست**: قەرز، ئاڵ وگۆڕ و ئەوەی پارەکەی دوای ماوەیەك بدرێت

**پس افت**: دواکەوتو، قەرز یا وامێك کە لە کاتی خۆیدا نەدرێت

**پس افتادن**: دوا کەوتن، بەپشتا کەوتنی کار یا شتێك یا پارە

**پس افکندن**: دوا خستن، پشت گوێ خستن، پاشەکەوت کردن

**پسان پریروز**: سێ ڕۆژ پێش دوێنێ

**پسان پریشب**: سێ شەو پێش دوێ شەو

**پس انداختن**: دوا خستن، پاشەکەوت کردن

**پس انداز**: پاشەکەوت، پاشەکەفت، گلدریاوە، پاشقل، گێڕانەوە، کۆوە کردن

**پساوند**: پاشگر، لەرێزماندا بەو وشانە دەڵێن دەکەونە دوای وشە و ماناکەیان دەگۆڕن

**پس پریروز**: دو ڕۆژ پێش دوێنێ

**پس پریشب**: دو شەو پێش دوێ شەو

**پس پشت**: دوا، پشت سەر

**پس پیرار**: ساڵێك پێش پێرار ساڵ

**پست**: ١ - کورت، نزم، نشێو، دژی بەرزی، پەست ٢— رەزیل، پەست، هیچ نەدیو ٣—سوکی، ناکەسی، هیچ و پوچی

**پست**: ئار، ئارد، دەغڵی هاڕیاوی ئامادەی نان

**پستا**: ١ - پاشماوە، کۆکراوە، پاشەکەوت ٢—کەرت، جار، نۆرە

**پستان**: مەمك، گوان، ئەندامی مێ و ئاژەڵ کە منالی پێ شیردەدەن. دومەمکی ژن دو غودەی گەورەیە کە دوای زان شیری لێ دێتەدەر

**پستان بەند:** مەمکەبەند، ستیان، مەمکەلۆس، ئێلەك، زەخمە، توورەکەی مەمکان، ئەو پەڕۆیەی ئافرەتان مەمکی خۆیانی پێدەبەستن

**پستان بەند:** مەمکەبەند، ستیان، مەمکەلۆس، ئێلەك، زەخمە، توورەکەی مەمکان، ئەو پەڕۆیەی ئافرەتان مەمکی خۆیانی پێدەبەستن

**پستاندار:** مەمکدار، گواندار، ئەو ئاژەڵانەی شیر دەدەنە بێچوی خۆیان

**پستانك:** مەمکەمژ، مەمکەمژە، مەمکەی منداڵ خافڵاندن

**پستایی:** پاشەکەوت، پاشەکەفت، گلدراوە

**پست تر:** خوارتر، نزمتر، پەستتر، سوکتر، ریسواتر

**پستچی:** نامەبەر، پۆستچی

**پستر:** دواتر، پشت سەر

**پستر:** پۆستێر. بەیانیە، راگەیەندراو کە لە شوێنەکاندا بڵاوی دەکەنەوە یا دەیچەسپێنن

**پست شدن:** سوك بون، ریسوا بون

**پست شمردن:** سوك هەژمار کردن، بە کەم زانین، بەچاوی سوك سەیر کردنی شتێك یا کەسێك

**پست فطرت:** هیچ و پوچ، ناکەس، خوێڕی

**پستك:** پەستە، پەستەك، پۆغەی بێ قۆڵ لە لباد، چوخك

**پستو:** ژوورێکی بچوك لەپشت ژوورێکیتر، صنوقخانە

**پستە:** پستە، فستق

**پستە زمینی:** پستە بادام، بایەمی کاغەزی، باوی تێکوڵ ناسك

**پستیش:** دروسکراو، دەسکرد، ناسروشتی

**پس خوردە:** پاشماوە، پاشخور، ئەوەی دوای خواردن لە خواردن دەمێنێتەوە

**پس دادن:** دانەوە، فەگەرپانی شتێك بۆ خاوەنەکەی

**پسر:** کوڕ، منداڵی نێرینە

**پسراندر:** زڕ کوڕ، کوڕێك ە ژن لە مێردەکۆنەکەی و یا پیاو لە ژنەکۆنەکەی هەیبێت

**پسرانە:** کوڕانە، تایبەت بە کوڕان

**پسربچە:** مناڵ، مێردمنداڵ، مناڵێك کەقۆناغی مناڵی پشتسەرناوە بەلاَم هێشتا نەگەشتۆتە تەمەنی بلۆق

**پسردایی:** کوڕە خاڵ، کوڕی برای دایك

**پسرعم:** کوڕە مام، ئامۆزا، کوڕی برای باوك

**پسر عمە:** کوڕە پور، کوڕی خوشکی دایك یا باْوك

**پسرك:** کوڕی بچوك

**پس رو:** شوێنکەوتو، لایەنگیر، ئەوەی بەدوای شتێکدا دەڕوات

**پسروار:** وەك کوڕ، هاوشێوەی کوڕ

**پسرینە:** کوڕانە، لەرەگەزی کوڕ

**پس زانو:** پشت ئەژنۆ

**پس زدن:** دور خستنەوە، دور کردنی شتێك لە شتێکیتر

**پس ستدن:** وەرگرتنەوە، سەندنەوە

**پس سر:** پشت سەر، دوا

**پسغدە:** ئامادە، تەیار، حازر، چێکری

**پس فردا:** دوسبەی، رۆژێك دوای بەیانی، دوبەیانی

**پس فردا شب:** دوسبەی شەو، شەوێك دوای سبەی شەو

**پس فرستادن:** ناردنەوە، گێڕانەوە، گەڕاندنەوەی شتك کەسێك ناردویەتی

**پس کشیدن:** گەڕانەوە بۆ دواوە، پاشکشێ کردن

**پسکك:** تەرزە

**پس گردنی:** پشتەملی، لێدانێك کەبەدەست لە پشت ملی دەدەن

**پس گرفتن:** وەرگرتنەوە، سەندنەوە

**پس ماندن:** مانەوە، دواکەوتن

**پس ماندە خور:** پاشماوە خۆر، بەرماوە خۆر، ئەوەی بەرماوەی کەسانیتر دەخوات

**پسند:** هەڵبژاردن، قبوڵ، پەسەند

**پسندداشتن:** پەسەن کردن، بەدڵ بون، هەڵبژاردن

**پسند کردن:** بڕوانە پسندیدن

**پسندیدن:** پەسەن کردن، هەڵبژارتن، رازی بون بە

**پس نشاندن:** پاڵپێوەنان، دورکردنەوەی کەسێك

**پس نشستن:** پاشەکشێ کردن، فەگەڕیان، لەشەڕدا شکەست خواردن و گەڕانەوە بۆ دواوە

**پستگك:** بڕوانه تگرگ

**پس و پیش:** پێش و دوا، پاش و پێش

**پسوند:** پاشگر، بڕوانه پساوند

**پسین:** دواهەمین، دوماهی، کۆتایی

**پسین فردا:** دو ڕۆژ دوای بەیانی، سێ سبەی بەیانی

**پسینیان:** داهاتوان، ئەوانەی لەداهاتودا دێن

**پش:** یاڵ، توکی ملی ئەسپ

**پش:** کونده بەبو، کونده بو، کوندی زل، بوم

**پشام:** ڕەنگ تاری، لێڵ، ڕەشباو، هەر شێك ڕەنگی لێڵ بێت

**پشت:** ١- دوا، پشت، پشتەسەر ٢- پشت، ئەندامی مرۆڤ و ئاژەڵ ٣ — پشت، پەنا، یار، هاوکار

**پشتا پشت:** پشتاوپشت، بابەڵباب، بەرە لەدوای بەرە، بەدوای یەك، پشت سەری یەك

**پشتبان:** بڕوانه پشتیبان

**پشت بند:** پشتبێن، پشبێن، پشتوێن

**پشت پا:** پشته پێ، پشتەپا

**پشت پازدن:** پشت تێکردن، گوێ پێنەدان، مەبەست پشت کردنە شت یا کەسێکە

**پشتپایی:** حیز، گاندەر، مەبەست لەنێرینەیە کە گان بدات، کونی

**پش پرده:** پشت پەردە، هەر کارێك بەنهێنی و دور لەچاوی کەسانیتر ئەنجام بدرێت

**پشت خم:** پشتکۆم، چەماوە، پشت کورتان، پشت خوویل، پشت کووڕ

**پشت دادن:** پاڵ دانەوە، پشت لێدانەوە، مەبەست لە حەوانەوەیە

**پشتدار:** پشتیوان، پشت و پەنا، جێگەی بانگ و هاواران

**پشت دوتا:** چەماوە، پشت کور، پشت کۆم

**پشت رو:** پێچەوانەوە، بەراوەژو

**پشت ریش:** پشترێزە، پشت ڕێشە، پشت ڕیزە، ئەوەی پشتی بریندارە

**پشت سر:** پشت سەر، دوا، پشتەمڵ

**پشت سرهم:** پشت سەری یەك، بەدوای یەك، بێ پچڕان، بەدوای یەکداهاتن

**پشتك:** ١- پشتەك جووڵەیەکی وەرزشیە لە یاری زۆرانبازیدا بەکار دەبرێت، ٢— قولیپانك، چۆخە، قولپینك، جۆرێکە لە جل و بەرگی بێ قوڵ کە لەکۆندا شەرکەران و سواران لەبەریان دەکرد

**پشتکار:** پشتکار، دلگەرمی لەکار و ماندو نەبون لێی

**پشت کردن:** ١- پشت تێکردن ٢- پاڵدانەوە

**پشت کوژ:** پشتکووڕ، پشت کۆم، پشت خوویل، پشت کورتان، پشت قلۆز، پشت قوز

**پشت گرمی:** دلگەرمی، پشت ئەستوری، پشت قایمی، دلنیایی، پشت بەستن بەکەسێك یا شتێك

**پشتلنگ:** هەرزە، سست، دواکەوتو، کەم ئەندام، پەك کەوتە

**پشت ماهی:** پشت ماسی، هەر شتێك کە کێراو و دیار وەك پشتی ماسی بێت

**پشت نمودن:** پشت تێکردن، پاڵدانەوە، پشت دانەوە

**پشتوار:** پشت و پەنا، پشتیوان، هاریکار، یاریدەدەر

**پشتواره:** کۆڵەپشت، ئەو بارەی بە پشت یا بەکۆڵ هەڵدەگیرێت

**پشتوان:** بڕوانه پشتیبان

**پشتوانه:** بڕوانه پشتیوان

**پشت و پناه:** پشت و پنا، جێگەی بانگ و هاوران، فریادرەس لەکاتی تەنگانە

**پشته:** کۆڵە پشت، ئەو بار یا کۆڵەی بە پشت هەڵدەگیرێت

**پشت هم انداز:** فێلباو، تەشقەڵەچی، فێلاوی

**پشتی:** پشتی، پاڵپشت، هەشتێك بیخەنە پشت و پاڵی پێوە بدەن

**پشتیبان:** پشتیوان، هاریار، یاریدەدەر، پشت و پەنا

**پشتی گر:** یاریدەدەر، پشتیوان

**پشتیوان:** پشتیوان

**پشك:** پشکەڵ، پشقل، پشکۆڵ، پیسایی مەڕ و بزن و وشتر و...

**پشك:** پشك، بەش و یار، پسولەی خۆ و بەخت، قورعە

**پشك:** شەونم، خونابە، خوناڤ، ئاوەنگ

**پشك:** پشیلە، کێتك، پشی، پشیك، پوشك، پیشیك، ئاژەڵێکە لە تیرەی پڵەنگ بەڵام بچوك

**پشكل:** پشکڵ، پشقل، پشکۆڵ

**پشلنگ:** بڕوانە پشت لنگ

**پشلنگ:** قەڵات، قەڵا، قەڵایەك کەلەسەر کێو دروست دەکرێت

**پشم:** پەشم، هری، خوری، ئەوو مەی لەسەر پێستی وشتر و بزن دەروێت و جل و بەرگی پەشمی پێ دروست دەکەن

**پشماگند:** کورتان، کۆپان، پاڵان، پالان

**پشمالود:** توکن، کۆڵکن، ئەوی سەر و جەستەی توك و موی زۆری پێوە بێت

**پشمك:** پەشمەك، جۆرێ شیرینی کە لەشکەر دروست دەکەن و لە موی سپی دەچێ

**پشمین:** پەشمین، دروست کراو لە خوری

**پەشمینە پوش:** پەشمینە پۆش، ئەوەی جل و بەرگی پەشمی لەبەر دەکات. هەروەها مەبەست لە صۆفیە

**پشنجیدن:** پرژاندن، پیاهەڵپرژاندن، پیا کردن، کردنی ئاو یا تراو بە کەسێکدا

**پشنگ:** دڵۆپە، تنۆکەی ئاو کە لەبانەوە دەتکێ

**پشنگ:** پێشرەو، سەرگەلە سەرجەلە، رەمکێش، پێشاهەنگ

**پشە:** پێشی، مێشولە، پێشکە، پەخشە

**پشە بند:** کوولە، پێشکە گێرەوە، پارەچەیەکی زۆر ناسك کە بە شێوەی تۆڕ دروست دەکەن و لەسەر زەوی یالەسەر جێگەی نوستن بڵاوی دەکەنەوە بۆ رێگرتن لە ئازاری مێشولە

**پشیز:** پوولەك، فلس، پویلەك، پارەیەکی کەم بەها

**پشیزە:** پولەکە، پولك، بریقە، نۆییە، ەو پولەکە وردانەی بە جل و بەرگیەوە دەدورن، پیلەکە

**پشیم:** بڕوانە پشیمان

**پشیمان:** پەشیمان، پەژیوان، پاشگەز، پۆژوان

**پشیمانی خوردن:** پەشیمان بوونەوە، پاشگەز بونەوە

**پغنە:** پلە، پایە، پێپکێن، پلەی پەیژە

**پف:** پف، فو، ئەو بایەی لە نێوان دو لێو دێتەدەر بۆ کوژانەوەی مۆم و چراو...

**پفالود:** ئاوساو، باکردو، هەڵاوساو، ئاوسیاگ، پەنەمان، پەنەمین، هەڵمساو

**پفك:** ١ــــپفدراو، ئاوساوی کەم، پەنەمان٢- هەروەها جۆرێکە لە شیرینی کە لە شەکر و سپیایی هێلکە دروست دەکەن، کفەك، جیبس

**پفو:** پف، ئەوبایەی لەبەینی دو لێو دەری دەکەن، فو

**پفیدن:** ئاسوان، پەنەمین، هەڵاوسان، ئەستور بون

**پفیوز:** پفیو، لەش گران و تەمبەڵ

**پك:** پوك، ناو بەتاڵ، خاڵی

**پك:** زل، زەلام، ئەستور، قەڵەو، ناڕێك

**پك:** قرپۆك، بۆق،

**پك:** کورتکراوەی (پتك) بەمانای پیك و چەکوشی قورسی ئاسنی

**پك:** مژ، هەناسەی قوڵ، ملق، مێژ

**پكر:** گێژ، وڕ، سەرگەردان، حەیران، خەمبار، پەشێو، بێزار

**پكند:** نان بە زاراوەی خوارەزمی

**پكنە:** پتن و پۆر، قەڵەو، زەبەلاح، زەلام، زل، گۆشتن، کورتە بالا، خڕ

**پك و پوز:** دەم و فلق، لچ و لێو، قەپۆز، بەمەبستی سوك کردن و ئیهانە کردنی کەسێك بەیم شێوەیە دەوترێت

**پكوك:** پیك، چەکوشی ئاسنگەران، ئاسنکوت

**پكیدن:** پەنەمان، پەنەمین، ئەستور بون، باتێکران، ئاوسان

**پگاە:** بەرەبەیان، بومەڵێل، بەیانی زوو، سپێدە

**پگە:** بڕوانە پگاە

**پل:** جسر، پرد، رێگەیەك کە بە دار یائاسنم یاخشت لەسەر روبار یا لەنێوان دۆڵێك دروستی دەکەن بەمەبەستی کارئاسانی بۆ پەڕینەوە خەڵك

**پل:** پاشنە، پاژنە

**پلاس:** پەلاس، گلیم، راخەری چنرلاو لە پەشم بە رەنگە جیاوازەکان، بەرەی دەزو

**پلاساندن:** ژاکاندن، سیس کردن، وشك کردن و هەلۆمراندن

**پلاستیك:** پلاستیك

**پلاس گر:** گلیم باف، بەرە دور، ئەوەی کاری دروست کردنی بەرە و گلیمە

**پلاسیدن:** سیس بون، ژاکان بۆ گول

**پلاك:** پلاك، وەرەقەیەکی کانزایی کە ناو یا ژمارەیەکەی لەسەر هەلدەکۆلن یا دەینوسن و بە مال یا کەرستەکانی گواستنەوە هەلایدەواسن

**پلان:** پلان، نەخشە، پیلان، بەرنامە

**پلپل:** بیبەر

**پلخ:** قورگ، گەوری، حەفك، زوورەوەی نەستۆ لەپێشەوە، گەروو

**پلخته:** ساق، سافینك، دەفرێکی کون کون کە کەپەنیری تێدەکەن بۆ ئەوەی ئاوەکەی بروات

**پلشت:** پیسی، چلکنی، گلاوی، ناپاکی، قرێژی، دژین

**پلغ پلغ:** قولتە قولت، قولتە، دەنگی کولانی شلەمەنی لەناو دیگ

**پلغده:** گەنیو، رزاو، خراپ بو

**پلك:** پێلو، پیلە، پەلکی چاو، هەریەك لە پێستی سەرەوە و خوارەوەی چاو کە پاو دادەپۆشن و مژۆلەکانی لەلێویدایە

**پلکان:** پلیکانە، قادرمە، پێ پلیکانە، پێسترك، پەییسك، دەرەجك

**پلکیدن:** خۆخافلاندن، بەهێواشی بەرێگادا رۆشتن و خۆ سەرقال کردن بە شتێکەوە، کات بەسەر بردن نەبەشێوەی گونجاو

**پلگان:** بروانە پلکان

**پلم:** خاك، تەپ و تۆز، تۆز، خۆل

**پلمس:** بوختان، تۆمەت، درۆ، دلەڕاوکێ، هێجەت، بێبەختی، نەومیی

**پلنگ:** پلنگ، درەندەی بەناوبانگ

**پلنگانه:** پلنگ ئاسا، هاوشێوەی پلەنگ، وەك پێستی پلەنگ

**پلو:** پلاو،چێشتی برنجی بە پالۆێنە پالێوراو

**پلوس:** زمانچەوری، زمانخۆشی، مەلاقی، بەخێرهێنان و فریودان

**پله:** ١ -کورتکراوەی پیلەیە، بە واتای پیلەی کرمی هاوریشم ٢— دەست کورت، نەدار

**پله:** ١ - پایە، پلە، پێگە، ٢- پلە، پێپلیکانەی پەیژە و قادرمە و.... پێپلیکە

**پلیته:** پلێتە، پتیلە، بەنی بادراو کەلەناو چرای نەوتی دەکەن

**پلید:** پیس، ناپاك، گلاو، چلکن، پیس و پۆخل

**پلیدازار:** زیناکار، داوێن پیس، ئەوەی چاوی لەدوای ژنی خەلکانەوەیە

**پلید زاده:** حەرامزا، زۆل

**پلید زبان:** زمان پیس، جنێوفرۆش، دەم پیس، دەم بۆگەن، ئەوەی خووی بە جنێودان و قسەی ناشیرین گرتوە

**پلیس:** پۆلیس، رێکی، نەزم

**پلیکان:** میسخۆر، ماسیگر، مەلێکی گەورەی ماسیخۆرە کە لەناوچەکە گەرمەکان دەست دەکەوێت

**پماد:** مەلهەم، مەلحەم، رۆنێك کە بوسون لەسەر برین دروست دەکەن

**پمپ:** پەمپ، تورومپا، ئامرازێکە بۆ گەیاندنی شلەمەنی یا هەوا بە زەخت بۆ ناو شتێك و یا بەپێچەوانەوە

**پناباد:** پەناباد، سکەی زیو بەکێشی نیو مسقال

**پناغ:** ئاوریشم، هاوریشم، ئارمویش، داڤ یا داوی هەوریشم

**پنالتی:** پەنالتی، سزا، لە یاری دوگۆلی، لێدانی بەئەنقەست لە نزیك گۆلی خۆ سزای پەنالتی لێدەکەوێتەوە

**پنام:** چاوەزار، ئەو دۆعا یا نوشتەی بۆ چاوە زار دەینوسن و لای خۆ هەڵیدەگرن

**پنام:** شاراوە، نهێنی، داپۆشراو، نەبینراو

**پناە:** پەنا، پشت، پشتیوان، پاراستن، پارێزگاری، زێرەڤان

**پناە آوردن:** پەنا هێنان، هۆمەن هێنان، پەنا بردن، داوای هاریکاری و پشتیوانی لەکەسێك کردن

**پناە بردن:** پەنا بردن، هۆمەن بردن، پەنا بردن بۆ کەسێك بەمەبەستی هاریکاری

**پناە جای:** پەناگاشوێنی خۆ تێدا حەشاردان

**پناە جستن:** بروانە پناە بردن

**پناە دادن:** پەنادان، دالدەدان، هاریکاری کردنی کەسێك کە پەنای هێناوە

**پناهگاە:** پەناگا، شوێنی خۆشاردنەوە

**پناهیدن:** پەنا بردن، هۆمەن بردن

**پنبە:** پەممە، پەمو، پەمۆ، پەمبی، پەمبۆ، پەم، گیای لۆکە

**پنبەزن:** هەلاج، حەلاج، ئەوەی بە کوتك وکەوان کولکە و خوری شی دەکاتەوە

**پنبە غازکردن:** هەلاجی، ئەو کارەی هەلاج دەیکات

**پنبەکار:** پەمۆ کار، جوتیاری پەمۆ، ئەو فەلایەی کاری چاندن و هەلگرتنی پەمۆیە

**پنبەوز:** بروانە پنبەزن

**پنج:** پێنج، دوای چوار(٥)

**پنج انگشت:** پێنج پەنجە، پێنج قامك

**پنج انگشت:** شەن، شەنە، داری چوارچنگی خوویان بەبادان

**پنج پا:** پێنج پێ، قرژاڵ، قرژانگ قارژنگ

**پنج حس:** پێنجە هەستەکە، هەستەوەرەکان کە مەبەست لێیان بیستن و بینین و بۆن کردن و بەرکەوتن و تام کردنە

**پنجر:** کورتکراوەی پەنجێرەیە و بە هەر شتێکی کون کون دەوترێت

**پنج روزە:** پێنج رۆژە، بۆماوەی پێنج رۆژ، هەر کارێك کە ماوەی پێنج رۆژ بخایەنێت

**پنجرە:** پەنجێرە، پەنجەر، شباك

**پنجشنبە:** پێنج شەممە، بەدوای چوارشەممەدا دێت و شەشەم رۆژی حەوتەیە

**پنج صد:** پێنسەد، (٥٠٠)

**پنجگان:** پێنج پێنج، پێنج پێنجی

**پنجول:** چنگ، چنگاڵ، چمك، چنگاڵی درندەکان

**پنجە:** پەنجە، قامك، ئەنگوست، پێنج ئەنگوستی دەست یا پێ لە مرۆڤ

**پنجە زدن:** دەست لێدان، پرنوق گرتن، بە پەنجە ئازاردانی کەسێك

**پنچر:** پەنچەر، کون، ئەو کونەی لە تایەی ترۆمبێل و هاوشێوەکانی دروست دەبێت و بای تیاناهێڵێت

**پنچە:** پرچ، ناوچاو، قژ یا موی ناوچاو

**پند:** پەند، ئامۆژگاری، شیرەت

**پند:** حیز، گاندەر بۆ پیاو

**پندار:** گومان، ئەندێشە، خەیاڵ، غرور، لەخۆبایی بون، سەرسوورمان، هزر، دالغە

**پندارە:** گومان، خەیاڵ، بیر، ئەندێشە

**پنداری:** وەك بڵێی، دەڵێی، گومان بکەیت

**پنداری:** گومانی، گوماناوی، خەیاڵی،

**پنداریدن:** گومان کردن، خەیاڵ کردن، وازانین

**پنداشت:** گومان، خەیاڵ، گریمانە، هەست کردن

**پنداشتن:** گومان کردن، وازانین، خەیاڵ کردن، گریمانە کردن

**پندام:** پەنەم، ئاوساو، ئاوسیاگ، پەنەماو

**پندآموز:** ئامۆژگاری کەر، ئەو کەسەی ئامۆژگاری خەڵكان دەکات

**پند پذیر:** گوێڕایەڵ، ئەوکەسەی گوێ لەئامۆژگاریەکان دەگرێت و بەکاریان دەبات

**پندك:** بروانە فندق

**پندگو:** ئامۆژگاریکەر

**پنس:** گیرە، گازر، پلایز

**پنس:** پێنس، یەك لەسەر دوانزەی شیلینگ. بیست شیلینگ یەك لیرەیە

**پنك:** وەجەب، بست، قولانج

**پنکه:** پەنکە، باوەشێنی کارەبایی

**پنگان:** پیالە، پیالەیەکی مسینە کە ژێرەکەی کونە و جوتیاران لە کۆندا وەك پێوانە بۆ دابەش کردنی ئاو بەکاریان دەبرد

**پنه:** پەنا، پشت، پشت و پەنا

**پنهان:** نادیار، ون، شاراوە، دوور لەچاو، ئەپەن

**پنهان داشتن:** شاردنەوە، داشارین، ون کردن، نادیار کردن

**پنهان شدن:** خۆحەشاردان، خۆ شاردنەوە

**پنهان ماندن:** نادیار مانەوە، نەهاتنە بەرچاو، خۆدەرنەخستن

**پنیر:** پەنیر، کەلە شیری مانگا یا مەڕ دروست دەکرێت

**پنیر آب:** ئاوی پەنیر، پەنیراو

**پنیر تراش:** رەندە، ئامرازێکە پەنیر پێ دەتاشن و لە رەندەی دەدەن

**پوان:** پۆینت، خاڵ، پلە، دەرەجە، ئەو دەرەجەی بە خوێندکار دەدرێت

**پوپ:** پۆپ، پۆپکە، پۆپڵ، پۆپە، هێتکەی سەر، کاکوڵ، گۆشتی سەری کەڵەشێر و مامر

**پوپك:** شانەبەسەر، پەپو سلێمانکە، پەپو سلێمانی

**پوپو، پوپوك:** بڕوانە پوپك

**پوتین:** پۆتین، جزمە، پێڵاوی ساق درێژ کە لێوارەکەی تا قولاپە دەگات

**پوچ:** پوچ، بێ ناوەرۆك، بەتاڵ، ناوبەتاڵ، میوە یا شتێك کەناوەکەی بەتاڵ و پوچ بێت

**پود:** ریشاڵ، ریشو، ریشۆك، بزگوڕ، بادروای هەڵوەشاوی کەنارەی پارچە

**پودر:** تۆزتۆزێکی سپی بۆنخۆشە ژنان لە روخساری خۆیانی دەدەن

**پوده:** رزاو، رزیو، وشکهەڵاتو، بۆ دار و تەختە بەکار دەبرێت

**پور:** کوڕ، منالی نێرینە، بەرامبەری کچ

**پوران:** پوران، ناوێکە بۆ ژنان

**پورمند:** کوڕدار، خاوەن کوڕ

**پوره:** کوڕ، منالی نێرینە

**پوره:** کولە، بێچوی کولە

**پوز:** پۆزە، لۆز، دەوراندەوری دەمی ئاژەڵ و چوارپێ

**پوزبند:** دەمبێن، زاربێن، تەسمە پێکدرواوەکان هاوشێوەی کیسە کە دەمی ئاژەڵە گازگرەکانی تێدەکەن بۆ ئەوەی نەتوانێتن گاز بگرێت

**پوزخند:** بزەی تاڵ، پێکەنین لە رق یا بۆ گاڵتە پێکردن

**پوزش:** داوای لێبوردن، لێخۆشبون، بەخشین، لەخۆبوردویی

**پوزش آراستن:** داوای لێخۆشبون، لێبوردن هێنانەوە

**پوزش آوردن:** داواکاری بۆ بەخشین و لێخۆشبون

**پوزش گر:** تکاکار، داواکار، ئەو کەسەی داوای لێخۆشبون و لێبورین دەکات

**پوزش گفتن:** تۆبە کردن، پەشیمان بونەوە، داوای بەخشین کردن

**پوزیدن:** داواکاری بۆ بورین

**پوزینه:** مەیمون، بڕوانە بوزینە

**پوساندن:** رزاندن، داڕزاندن، شتێك لەشوێنێکدانان بۆ پەلە کردن لە رزاندنی

**پوسانه:** کاسەلێسی، مەلاقی، زامن چەوری بۆ هەڵخەڵەتاندنی کەسێك

**پوست:** پێست، پویست، چەرم، پێس

**پوست انداختن:** پێست فڕێدان، گۆڕینی پێست وەك کراژ دانانی مار

**پوست پیرا:** پێستە خۆشکەر، دەباغ، ئەوکەسەی پێستی ئاژەڵەکان خۆش دەکات

**پوست فروش:** پێست فرۆش، کەسێك کە کاری فرۆشتنی پێستەیە

**پوست کلفت:** پێست ئەستور، مەبەست لەکەسێکە کە خەم و ئازارەکان کاریگەری لەسەر دانەنێت

**پوست کن:** کەوڵ کەر، ئەو کەسەی لە کوشتارگا پێستی ئاژەڵەکان دادەماڵێت

**پوست کنده:** پاککراو، خۆشکراو، میوە یا ئاژەڵ کە توێکل یا پێستەکەیان داماڵیبێت

**پوستگر:** دەباغ، کەولکەر، پێستەخۆشکەر

**پوستین:** دروست کراو لەپێست، هەر شتێك لە پێستی ئاژەڵ دروست کرابێت

**پوسیدن:** رزان، پوسیان، دارزانـدن، تێکچوون بـەهۆی تەمەنی یابەسەرچونی کات

**پوش:** ١- خێوەت، خەیمە، چادر ٢- زرێ، قەڵغان

**پوشاك:** پۆشاك، جـل و بـەرگ، هـەر شـتێك کەلەبـەر بکرێت، پۆشەن

**پوشال:** پووشال، پـویش و پەلـەخ، پـووش، پوشـو، پوشکە، پوش و پەلاشـ پیلەکە، داروکەی سوتەنی

**پوشاندن:** داپۆشـین، داشـارین، فەشـارتن، پۆشـان، پۆشاندن

**پوشش:** پۆشین، داپۆشین، فەشارتن، لەبەر کردن

**پوشك:** پشیلە، کتك،، پشی

**پوش کردن:** شـاردنەوە، پاشـەکەوت کـردن، داشـارین، هەلگرتن

**پوشنی:** پوشین، سەرپێی رەشی ژنان

**پوشی:** پوشی، روبەندی ژنان

**پوشیدن:** پۆشـین، دەبـەرخۆکردن، لەبـەر کـردن، شاردنەوە، قایم کردن، فەشارتن

**پوشیده چشم:** کوێر، نابینا، ئەو کەسەی چاو نابینێت

**پوشیده چهر:** رووداپۆشـراو، شـاراوە، ئـەوەی رووی داپۆشراو بێت

**پوشیده داشتن:** شاردنەوە، فەشارتن، نهێن کردن

**پوشینه:** سەرپۆش، پەردە، پوشینە

**پوك:** پوك، بێ ناوەرۆك، بێ مێشك، رزاو

**پوكر:** پۆکەر، جۆرێك قومار بەپەرانە

**پوكه:** پوکـە، قـەوان، قـاپوغی کـانزایی فیـشەك کـە بارووت و فیشەکی تیا نەمابێت، قالکا فیشەکێ

**پول:** پوڵ، دراو، پارە، دروست کراو لـە ئاسـن یـا کاغـەز کە لەلایەن دەوڵەتەوە لێدەدرێت

**پول:** پرد، رێبازێك لەبان ئاو، پر

**پولاد:** پۆلا، لە ئاسن رەقتر، پیلا

**پولاد بازو:** بـەهێز، مەبەسـت لەکەسـێکە هێـز و زۆری زۆری بێت

**پولاد بست:** پۆلابەست، بەهیج. کراو بە پۆلا، قایم کراو لە پۆلا وەك دیوار یا لەمپەر

**پولاد پوش:** پۆلاپۆش، زرێ پۆش، شەرکەرێك کە زرێـی پۆلایینی لەبەردایە

**پولادسا:** پۆلاسو، ئەوەی پۆلا بسوێت

**پولاد سم:** پۆلاسم، کەبەست لە ئەسپێکە سمی سـەخت و رەقی وەك پۆلا بێت

**پولاد سنب:** پۆلاسـم، کونکـەری پـۆلا، هـەر شـتێك لـە تواناییدا بێت پۆلا کون بکات

**پولاده:** پۆلا، چێ کراو لە پۆلا

**پولادین:** پۆلایین، پۆلائاسا، ئەوەی لە پۆلا دروست کـرا بێت، بەرەنگی پۆلا

**پولاو:** بروانە پلو

**پولپ:** مێـشك، ناوسـك، گۆشـت، و لـەروەك ناسـیدا مەبەست لە بەشی ناودار یا گۆشتنی میوەیە

**پول پرست:** پارەپەرەست، پـوڵ پەرست، ئـەوەی بـۆ کۆکردنەوەی پوول تەماحکار بێت

**پول خرد:** پووڵی ورد، پووڵی رەش، پووڵی کانزایی کـەم بەها

**پولدار:** پارەدار، پوڵدار، دەوڵەمەند، سامانداد

**پول زرد:** پارەی زەرد، پوڵی زێر، سکەی ئاڵتون

**پولساز:** پوڵساز، ئەوەی کاری دروست کردنی پارەیە

**پول سفید:** پارەی سپی، پـوڵی سـپی، پارەیـەك کەلـەزیو دروست کرابێت

**پول سیاه:** پارەی رەش، سکەی مسی، ئەو پارەی لەکۆندا لە مس دروست دەکرا

**پولك:** پولەکە، ئۆپیە، پویلەك، پولەکە ناسکەکان بە رەنگە جیاوازەکان کە ژنان بۆ جوانی بە جل و بەرگەکانیانەوە دەدرون

**پولك دوزی:** پولەکە چنین، دورینی پولەکە بە جل و بەرگ و هاوشێوەکانی

**پولکی:** پوڵ پەرست، پارە خۆشەویست، بەرتیل خۆر

**پوم:** بەری دەست، لەپی دەست

**پوند:** پۆند، لیرەی ئینگلیسی ئاڵتون یا کاغەز

**پونگ:** کەرو، کیفکو، کیفکویی، بڕش، توێژاڵێکی شین کەلەنانی کۆن دەنیشێ

**پویا، پویان:** بڕوانە پوییدن

**پویانیدن:** غاردان، بلەز بردنی چوارپێ، بە چارناڵە بردنی چوارپێ

**پوییدن:** بەزین، غاردان، لێگەڕیان و قەکۆڵین

**پـە:** پـەح، وشـەی سەرسووڕمان بۆجـوانی وەك پـەح کەجوانە

**پەر:** بەش، پارە، بەهرە

**پەرو:** پینە، وەسڵە، پینەپەڕۆ، دورینی پارەچەیەك بەسەر پارچەیەکیتر

**پەرە:** پاسەوانی، پارێزگاری، زێرەڤانی، چاڤدان

**پەرەدار:** پاسەوان، زێرەڤان، پارێزەر

**پەلو:** کەنار، رەخ، ئالی، تەنیشت، لا، کێلەکك

**پەلو:** پەهلو، پارت، نەتەوەی پارت

**پەلو:** شار، بەناوچەکانی ئیصفەهان و رەی و هەمەدان و نەهاوەندیشیان وتوە

**پەلو:** ئازا، شەڕکەر، بوێر، چاونەترس

**پەلواکندە:** قەڵەو، زل، لاناوساو

**پەلوان:** پاڵەوان، بەهێز، قارەمان

**پەلوان پنبە:** پاڵەوان پەممە، پاڵەوانی درۆینە، کەسێك کەنەنـدامی گـەورە و ماسـولکەی زلـی هەیـە بـەڵام ترسەنۆکە و بوێری نیە

**پەلوانی:** پاڵەوانی، قارەمانی

**پەلوبندی:** هاریکاری کردن، یارمەتیەدان

**پەلوتهی کـردن:** خۆبەدوور گـرتن، شـان خـاڵی کـردن، نەچونە ژێربار

**پەلودادن:** یارمەتی دان، هاریکاری کردن، دەسگیرۆیی

**پەلوزبان:** زمانی پەهلو

**پەلو کردن:** خۆبەدوور گرتن، خۆکێشانەوە

**پەلوگا:** تەنیشت، لا، کەنار، قەراغ

**پەلوگرفتن:** لەنگر گرتن، وەستان

**پەلونشین:** هاونشین، هاودەم

**پەلوی:** پەهلەوی، پاڵەوی، تایبەت بەپەهلو بەمانای شار یا پارت. ناوی زامن و رێنوسی ئێرانیـەکان لەسـەردەمی ئەشکانیەکان و ساسانیان

**پەلـوی:** پەهلـەوی، نـاوی بـچوکی بنەماڵـەی رەزاشـای پەهلەوی

**پەمزك:** سیخوڕ، سیخ چولە

**پەن:** پان، بەربلاو، فراوان، بڵاو، بەرین

**پەـن:** پـەین، سـەنیر، شـیاکە، پیـسایی ئەسـپ و ولاغ و ئێستر

**پەنـا:** فراوانـی، بـەرینی، پـانی، بـڵاوی، بـەربلاوی، بەرامبەر بە درێژیژی

**پەنادار:** بەرفراوان، درێژ

**پەنانە:** بوزینە، مەیمون، عەنتەر

**پەناور:** فراوان، بەربەرین، بەربلاو، بەرین بون

**پەند:** داو، تەڵە، تـەلی، ئـەو داوەی نێـچیری پـێ نێـچیر دەکەن

**پەنە:** پانتایی، گۆڕپان، بەرینی، بەرفراوانی

**پی:** دەمار، رەگ

**پی:** پێ، پا، قاچ، لاق، دوا، پشت سەر

**پیا پی:** بەدوای یەك، بەردەوام، یەك لەدوای یەك

**پیادە:** پیادە،، پەیا، کەسێك کەبـەپێ سـەفەر دەکات یا بەرێدا دەڕوات. بەرامبەر بە سوارە

**پیـادەرو:** پیـادەڕێ، رێگەیەکـە تـەنیا تایبـەت بەوانـەی پیادەن و سوار روی تێناکات، شۆستە، رەسیف

**پیـادەرویی:** پیاسـە، قـەدەم لێـدان، راوێـچکە، گەشـت و گەڕان بەپێ

**پیاده شدن:** دابەزین، هاتنە خوار لە ئەسپ یا هەر کەرستەیەکی گواستنەوەی تر

**پیادەکردن:** دابەزاندن، دابەزاندن لەهۆکارەکانی گواستنەوە یا هەر شتێك

**پیاز:** پیاز، پیڤاز، پیواز

**پیازاب:** پیازاو، جۆرێك خواردنە

**پیازی:** پیازی، پیوازی، تایبەت بە پیاز، تێکەڵ بە پیاز یا بە بۆنی پیاز، بەرەنگی پیاز

**پی افشردن:** پسور بون، خۆڕاگری، مانەوە لەسەر هەڵوێست

**پی افکندن:** بناغەدانان، بناغەی بینایەك دارشتن و دانانی

**پیالە:** پیاڵە، پەیمانە، قەدەح، دەفقری بچوك کە تیایداباده یا هەر خواردەمەنیەکیتر دەخۆن، جام

**پیا پیما:** مەیخۆر، شەرابخۆر

**پیالەدار:** ساقی، مەیگێر

**پیالەفروشی:** پیاڵەفرۆشی، دوکانێك کەپیاڵە دەفرۆشێت

**پیالەکش:** مەیخۆر، شەرابخۆر

**پیالە گردان:** ساقی، مەیگێر، ئەوەی لەناو بەزم و کۆڕدا پیاڵەی مەی بۆ هەموان دەگێرێت

**پیام:** پەیام، راسپێری، وڵام. هەواڵ یا بابەتێك کەلەلایەن کەسێکەوە بەدەم یا بەنوسراو بۆ کەسێکیتر دەنێردرێت

**پیام اور:** پەیام هێنەر، راسپێردراو، هەڵگری پەیام

**پیامبر:** پەیامبەر، پەیامهێنەر، پێغەمبەر و ئەمە زۆرتر بۆ کەسێك بەکاردەبرێت کە نێردراو لە لایەن خوای ئاینەکانەوە بێت

**پیام گزاردن:** پەیام گەیاندن، بەئەنجام گەیاندنی راسپێردراوی

**پیان:** مەست، سەرخۆش، کەلەلا

**پیانو:** پیانۆ، یەکێکە لە ئامرازەکانی مۆسیقا کەلەساڵی ١٧٠٩ لە لایەن داهێنەرێکی ئیتالیایی دۆزرایەوە و دواتر داهێنەرێکی ئاڵمانی بە ئەنجامی گەیاند

**پیانیست:** پیانۆژەن، ئەوەی پیانۆ دەژەنێت

**پی برداشتن:** بەدواداچون، بەدوای کەسێکدا رۆشتن

**پی بردن:** هەست کردن، پێ زانین، تێگەشتن، فەدیتن

**پی بریدن:** پێ بڕین، بڕینی رەگی پێی کەسێك یا ئاژەڵێك

**پی بستن:** بناغەدانان، بنیاتنان

**پیپ:** پیپ، سەبیلە، قەندە، قەنگە

**پیت:** پوت، دەفرێکی کانزاییبۆ هەڵگرتنی رۆن و نەوت و...

**پیجامە:** بیجامە، ژێرشەرواڵ، جلی ناسك و شەرواڵی ناسك کەلەماڵەوە لە پێ دەکەن

**پیچ:** ١- پێچ، چەماوەیی، خواری، لاری ٢- بورغو، جۆرێك بزمارەکە دیانەی پێچاوپێچی هەیە و بە ئیسپانە توند دەکرێت و دەبەسترێت

**پیچاپیچ:** پێچاوپێچ، هەرشتێك پێچی زۆر بێت، لۆفەی زۆر

**پیچاندن:** پێچدان، بادان، سوراندنی شتێك لەناو شتێکیتردا

**پیچپا:** قرژاڵ، کێفژاڵە، قرژانگ، قارژنگ

**پیچ پیچ:** پێچ پێچ، پێچاوپێچ

**پیچ خوردن:** پێچ خواردن، بادران، چەمانەوە، لاربون

**پیچ دادن:** پێچدان، بادان، چەماندنەوە، لار کردن، سووڕاندن لەناو

**پیچش:** بڕوانە پیچیدن

**پیچك:** پیچکە، پیچك، جۆرە گیایەیەکی سارایيە کە دەخورێت

**پیچك:** پێچك، گلۆڵە بەنی خاوی هێشتا بانەدراو

**پیچ و اپیچ:** پێچاوپێچ، پێچ پێچ

**پیچە:** پێچە، پەچە، رووبەند، پۆشی، خێلی

**پیچیدگی:** بڕوانە پیچیدن

**پیچیدن:** پێچدان، بادان، هەڵپێچان، پێچان، باوپێدان،

**پیچیدە چشم:** چاوخێل، چاو ووڕ

**پیخ:** پیسایی، ریقنە، پیسایی مریشك و مەل

**پیخال:** چلك، پیاسیی مریشك، ریقنە

**پیختن:** پێدان، بادان، باودان

**پی خجسته:** پێ پیرۆز، خۆش پێ، کەسێك کە هاتنی خێر و خۆشی بەدواوە بێت

**پیخست:** پێخوست، شێلدراو، پێماڵ کراو، کوتراو بەپێ

**پیدا:** دیار، ئاشکرا، رون، لەبەرچاو، دژی شاراوە

**پیدا امدن:** دەرکەوتن، ئاشکرابون، هاتنەدی، دروست بون

**پیداشدن:** ئاشکرابون، دۆزینەوە، دەرهێنان، دەرکەوتن

**پیدا کردن:** دۆزینەوە، دەرخستن، ئاشکراکردن

**پیداگر:** ئاشکراکەر، دەرخەر، داهێنەر، دۆزەرەوە

**پیداوار:** ئاشکرا، دەرکەوتە، دۆزراوە، رون بو

**پیدایش:** دەرکەوتن، دروست بون، بەدی هاتنی کەون و مەکان

**پی در پی:** بەدوای یەك، یەك لەدوای یەك، هەمیشە، پشت سەری یەك

**پیر:** پیر، بەتەمەن، کۆنساڵ، بەساڵاچو

**پیرار:** پێرار، سێ ساڵ لەمە پێش

**پیرارسال:** پێرارساڵ، دوساڵ پێش ئەمساڵ

**پیراستن:** رازاندنەوە،، خەملاندن، خەملان، جوان کردن

**پیراشکی:** پیراشکی، جۆرێکە لەنان شیرینی

**پیرامون:** دەوراندەور، دۆرماندۆر، دەوروبەر، دەوراندەوری کەسێك یا شتێك

**پیرامید:** هیرەم، هەر شتێك خوارەوەی پان و سەرەوەی باریك بێت

**پیران سال:** رۆژگاری پیری، تەمەنی پیری

**پیران سر:** رۆژگاری پیری، تەمەنی پیری

**پیرانە:** پیرانە، تایبەت بە پیران، وەك جل و بەرگی پیران

**پیراهان:** بڕوانە پیراهن

**پیراهش:** بڕوانە پیراستن

**پیراهن:** کراس، قەمیس،کراز، پارچە جلێکە لەسەرەوە لەبەر دەکرێ و جۆری و شێوە و رەنگی جیاوازی هەیە و تایبەتە بە پیاو و ژن

**پیراهه:** بڕوانە پیرایە

**پیراهیدن:** بڕوانە پیراستن

**پیرایش:** رازاندنەوە، جوان کردن

**پیرایشگا:** ئارایشگا، سەرتاشخانە، شوێنی بڕینی قژ و موی سەر و ریش

**پیرایشگر:** ئارایشگەر، سەرتاش، ئەوەی لەسەرتاشخانە کار دەکات

**پیرایە:** ئارایش، رازاندنەوە، زیوەر، زینەت، بەمانای تۆمەت و بوختانیش بەکاری دەبەن

**پیراییدن:** رازاندنەوە، جوان کردن، خەملاندن

**پیرپاتال:** پیریپ پاتاڵ، پیری پەك کەوتەوە

**پیرپنبە:** سەرسپی، بەساڵاچو

**پیرجادو:** جادوگەری پیر، ئەوەی تەمەنی خۆی لە سیحر و جادوگەریدا بەسەر بردێت

**پیرخر:** کەری پیر، کەری بەتەمەن، پەککەوتە، بۆ پیری نەزانیش بەکار دەبرێت

**پیرخرابات:** پیری خەرابات، پیری مەیفرۆش

**پیرخرد:** عەقڵ پیر، زانا، مەبەست لە مرۆڤی پێگەشتوو و زانایە

**پیردل:** بەئەزمون، وریا، بەئاگا، دوورئەندێش

**پیردوتا:** پشت چەماوە، پشتکۆم، پشتکور

**پیردومو:** ماش و برنج، مەبەست لەپیاوێکی پیرەکە موی سەری بەدورەنگی رەش و سپی بێت

**پیردهقان:** جوتیاری پیر، فەلای بەتەمەن. مەبەست لە شەرابی ترێی کۆنیشە

**پیرزا:** پیرزا، ئەوەی لەدایك و باوکێکی پیر و پەك کەوتە لەدایك بوبێت

**پیرزال:** پەککەوتە، بەساڵاچو، ناتەوان، پیری بێهێز

**پیرزن:** پیرێژن، ژنی پیرژنی بەساڵاچو

**پیرسر:** پیر، بەتەمەن

**پیر طریقت:** شێخ، ئەو کەسە یا رێبەری قوتابیەکانی بۆ رێگەی عیرفان رێنویی دەکات

**پیرکفتار:** کەمتیاری پیر، مەبەست لە ژن یا پیاوێکی پیرە کە لە پیریدا ئەخلاقیان توند و ناشیرین بێت

**پیرکنعـــان:** پـیری کـەناعن، مەبەسـت لـە یـەعقوبی پێغەمبەرە

**پیرکهن:** پیری کۆن، پیری بەتەمەن

**پیرگرگ:** گورگی پیر، مەبەست لەشەڕکەری بە ئەزموون

**پیرمرد:** پیرەپیاو

**پیر میخانە، پیری میکـدە:** پـیری مەیخانـە، پـیری مـەی فرۆش، ئـەوەی زۆربـەی تەمـەنی لـە مەیخانـەدا بەسـەر بردبێت

**پـیرو:** لایـەنگر، شـوێنکەوتو، ڕێـڕەو، ئـەوەی بـەدوای کەسانیتردا دەڕوات

**پیروز:** سەرکەوتو، سەرکەفتی، کامەران، بەختەوەر، زاڵ

**پیروزاختر:** خۆش شانس، بەبخت، بەخت بەرز

**پیروزبخت:** بەشانس، بەخت بەرز

**پیروزجنگ:** سەرکەوتوو، سەرکەفتی لەشەڕدا

**پیروز روز:** کامەران، بەختەوەر

**پیروزگار:** سەرکەوتوو، هاریکار

**پیروزمنـد:** سـەرکەوتوو، ئـەوەی سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنابێت

**پیروزمندانە:** سەرکەوتووانە هاوشێوەی سەرکەوتووان

**پیروزە:** فیروزە، یەکێك لەبەردە بەنرخەکان

**پیروزە چادر:** ئاسمان، عاسمان

**پیروزەفام:** فیروزە ڕەنگ، بەرەنگی فیروزە

**پیروزەگون:** فیروزە ڕەنگ

**پیرەزن:** پیرێژن، ژنی بەساڵاچو

**پیرەمرد:** پیرەپیاو

**پیرهن:** بڕوانە پیراهن

**پیرهند:** بڕوانە پیراهن

**پی ریزی:** بناغە داڕشتن، بناغەدانان

**پـی زدن:** شـەلان، شـەلینی چـوارپێ بـەهۆی ئـازار یانەخۆشیەوە

**پی زدن:** پێ بڕین

**پی زدن:** پیاسە کردن، قەدەم لێدان، ڕۆشـتن بـەرێگا بـۆ کەیف و خۆشی

**پیـــزر:** پوشـاڵ، قامیـشی باریـك، ئـەوەی کـە کورتـانی ئەسپ یا کەری پێ دەئاخنن

**پی سپار:** ڕێڕەو، ڕێبوار، بەرێکەوتو

**پی سپار:** شێلدراو، پێماڵ کراو، کوتراو بە پێ

**پیست:** پیست، گۆڕەپانی یاری، یا ئەو شوێنەی بۆ سەما یا بۆ یاریەك ئامادەیان کردبێت

**پی سفید:** پێ سپی، سپی پێ، خۆش پێ، پیرۆزپێ

**پی سودە:** بەپێ شێلدراو، بەپێ کوتراو

**پیسە:** پەڵە، خاڵ، خاڵی ڕەشی و سپی تێکەڵ بەیەك، ئەبڵەق

**پیش:** بەردەم، پێش، ڕوبەڕو، بەر، هەمبەر، بەرامبەر

**پیشاب:** پێشاو، میز، گمیز

**پیـــشا پیش:** لـەپێش، پـێش، پـێش هـەموان، زوتـر لەهەموان

**پیشادست:** پێشەکی، پێش دەست، ئەو کرێ یـەی پـێش ئەنجامدانی کار وەردەگیرێت

**پـــیش آمـــد:** پێـشهات، ڕووداو، ڕووداوێـك کەلـەناکاو ڕوویدات

**پیشان:** پێشینە، پێشینیان، پێشتر لەهـەموان، سـەرەتا، دەسپێك

**پیشانە:** پێشینە، تایبەت بە پێشتر، ڕابردوو، کۆن

**پیشانی:** ناوچاو، تەوێڵ، نێوچاوان، تێوڵ

**پیـــشانی:** شـانس، بـەخت، شیاوی، هێـز، بـێ شـەرمی، ڕوداری

**پیشانی بلند:** بەشانس، خۆشبەخت

**پیشانی سفید:** گای ناوقەشـان، ناوچاو سپی، مەبەسـت لە کەسێکی ناودار و ناسراویشە

**پیشاوند:** پێشگر، وشەیەك کە خۆی بەتەنیا مانا نادات و دێتە پێش وشە بۆ یاریدەدەری

**پیشاهنگ:** پێشەنگ، سەرجەلە، بەرقەتار

**پیشاهنگی:** پێشەنگی

**پیش ایوان:** بەرهەیوان، پێش هەیوان، پێشخان

**پیشباز:** بڕوانە پیشواز

**پیش برد:** بەرەو پێش بردن، بۆ پێشەوە بردن، لەئەنجام نزیك کردنەوە

**پێشبند:** پێش بەند، بەریەخە، ئەو پارچەیەی لەکاتی کار کردن بەسینە و داوێنی خۆیانی دەبەستن

**پیش بها:** پێش بایی، بێعانە، پارەیەك کە پێش کرین بە فرۆشیاری دەدەن تا لەکاتی کرین هەموی پارەکە بدەن

**پیش بین:** پێش بین، دورئەندێشە، ئەو کەسەی بیر لەکۆتایی و ئەنجامی کارەکان دەکاتەوە

**پیش پا:** پێش پێ، بەردەم پێ، بەرپێ و هەروەها مەبەست لە شتێکی کەم بایی و کۆن و سواوە

**پیشتاز:** پێشتر لەهەمووان، سوارێك کەلەپێش هەمووانەوە غار بدات

**پیشتر:** نزیکتر، پێشتر، پێش لەمە، رابردو، کۆن

**پیشخانه:** پێشخان، هەیوان، ئەیوان

**پیشخدمت:** پێشخزمەت، نۆکەر، خزمەتکار، کەسێك کەلەماڵ یا دەزگایەك کارەکان ئەوێ ئەنجام دەدات

**پیش داشتن:** پێشکەش کردن، بەدیاری دان بەکەسێك، خەڵات کردن

**پیش درامد:** پێشەکەی، سەرتا، دەسپێك، ئاهەنگێکە کە ژەنەران پێش دەسپێکردن بە تار یا کەمناچە یا فیۆلۆن دەیژەنن

**پیشدست:** پێشدەست، یاریدەدەر، هاریکار و ئەو کەسەی خێراتر لەکەسێکیتر دەست بەکارێك بکات

**پیشدستی:** دەسپێشخەری، دەسپێشی، دەست درێژ کردن بۆ ئەنجامدانی کارێك یا وەرگرتنی شتێك، پێشکەوتن، پێشدەستی، بەراەخەڵك هەل لێ هێنان

**پیشدستی:** دەوری، قاپ، قاپی پەل، دەوری بەتاڵ کەلەسەر سفرەدایدەنێن تا هەر خواردنێك کە خوازیار بن پێی تێبکەن وتیایدا بیخۆن

**پیش راندن:** بۆ پێشەوە بردن، بردنە پێش

**پیشرفت:** پێشکەوتن، بەرەو پێشەوە، پێشکەتی، پێشڕەوی، لەپێش خەڵکەوە رۆشتن

**پیش رفتن:** رۆشتنە پێش، لە شتێك یا کەسێك نزیك بونەوە

**پیشرو:** پێشڕەو، رێنیشاندەر، رێبەر، رێبەر، کەسێك کەلەپێشەوە بڕوات و کەسانیتر بەدوایدا بڕۆن، پێشەنگ

**پیش رو:** بەردەم، بەرامبەر، بەرچاو، بەرپێ

**پیش شدن:** رۆشتنە پێش، پێش کەوتن

**پیش فرستادن:** لەپێشدا ناردن، ناردن پێش کاتی دیاریکراو

**پیش فروش:** پێشفرۆش، فرۆشتنی کاڵایەك یا شمەکێك کەهێشتا لەبەردەستا نیە و فرۆشیار پارەکەی وەردەگرێت و دواتر تەسلیمی دەکات

**پیشقدم:** پێشڕەو، ئەوەی زوتر بۆ کارێك هەنگاو هەڵبگرێت و کەسانیتر بەدوایدا برۆن

**پیشقراول:** پێش قەراوڵ، پێش قەرەوڵ، سەربازێك کە لەپێشتر لە کەسانیتر بۆ پاسەوانی یا زێرەڤانی دەڕوات

**پیش قطار:** پێش قەتار، سەرچەەل، وشترێك کە لەرێگا رۆشتندا لە پێش هەمو وشترەکانەوە بێت

**پیشکار:** پێشکار، کاربەدەستی خان و ئاغا

**پیشکرایه:** پێش کرێ، پارەیەك کە لەپێشەوە بە خاوەن کەرەستەیەکی گواستنەوەی بدەن

**پیش کردن:** بردنە پێش، پێشخستن و پاڵ پێوەنان، خستنەبەردەم

**پیشکش:** پێشکەش، خەڵات، دیاری، شتێك کەکەسێك بەدیاری بەکەسێکیتری پێشکەش بکات

**پیش کشیدن:** هێنانە پێش، کەسێك یا شتێك بۆ لای خۆی راکێشان، پێشکەش کردن

**پیشگی:** پێشەکی، کارێك کە زوتر لەکاتی خۆی ئەنجام بدرێت

**پیشگاه:** بەرتەخت، بەرهەیوان، بەردەم تەختی پاشا، بەردەرگا، دەرازینك

**پیش گرفتن:** ۱- وەرگرتن لە پێش، وەرگرتنی شتێك پێش کاتی خۆی ۲- خستنە پێش و لە پێشەوە بردن ۳- دەسپێکردن ۴- لەمپەر بون، رێگر بون

**پیش گفتار:** پێشەکی، سەرەتا، دەسپێك

**پیشگو:** پێشگو، پێشگۆ، ئەوەی لە پێش کەسانیترەوە قسەبکات، داهاتو بین، ئەو کەسەی توانای خوێندنەوە و بینینی داهاتوی هەیە، غەیبزان

**پیشگە:** بڕوانە پیشگاه

**پیشگیر:** لەمپەر، ڕێگر، ئەوەی دەبێتە ڕێگر لە کەسێك یا ئەنجامدرانی کارێك

**پیش ماندە:** پاشماوە، بەردەم، ماوە، پاشماوەی خواردن

**پیش مرگ:** پێش مەرگ، چەکداری ڕزگاری خواز، ئەوەی مەرگی خۆی پێش کەسانیتر دەخات

**پیش مزد:** پێش کرێ، بێعانە

**پیش میر:** بڕوانە پیش مرگ

**پیش ناسی:** ڕەگ ناسی، دەمارناسی، زانستێك کە لە بینا و کردەوە و نەخۆشیەکانی دەمار دەدوێت

**پیشنماز:** پێشنوێژ، مەلا، کەسێك کە نوێژ دادبەستێت و کەسانیتر لە پشت سەری ئەو

**پیشنویس:** پێشنوس، نامە یا بابەتێك کە دەینوسن و دوای چاکسازی پاکنوسی دەکەن

**پیشنهاد:** پێشنیار، پێشنیاز، پێشنیهاد

**پیش نهادن:** خستنە پێش، هێنانە پێش و خستنەبەردەم خۆ، لەبەرچاودا دانان

**پیشوا:** پێشەوا، گەورەی گشت، ڕێبەر

**پیشواز:** پێشواز، پیر، بەپیرەوچون

**پیشوند:** پێشگر، ئەوەی بەتەنیا خۆی مانا نادات و لەسەرتای وشە بەکار دەبرێت

**پیشە:** پیشە، کار، سنعات، کردەی هونەری. هەر کارێك کە کەسێك بۆ بژێوی ژیان بیگرێتەبەر. شۆل

**پیش ساختن:** کردنە پیشە، کردن کار، وەك کاری خۆ هەڵبژاردن یا دیاری کردن

**پیشەکار:** پیشاز، پیشەکار، سنعات کار، پیشەگەر

**پیشەگانی:** پیشەگەری، پیشەکاری

**پیشەگر:** پیشەگەر، سنعاتکار، پیشەکار

**پیشە گرفتن:** پیشە کردن، کردنەپیشە یا کاری خۆ

**پیشەور:** پیشەگەر، پیشەساز

**پیشەورز:** پیشەگەر

**پیشیار:** خزمەتکار، بەردەست، یاریدەدەر، هاوکار

**پیشی جستن:** پێشکەوتن، هەوڵدان بۆ پێش کەوتن لە شتێك یا لەکەسێك

**پیشی دادن:** دەرفەت دان، مۆڵەتدان بۆ پێش کەوتن بە کەسێك

**پیشی گرفتن:** پێشکەوتن

**پیشین:** پێشین، کۆن، پێشتر، لەرابردوودا، تایبەت بەپێش

**پیشینگان:** پێشینیان، پێشینان، ڕابردووانی زوو، لە مێژینەکان

**پیشینە:** پێشینە، لە مێژینە، کۆن، قەدیمی

**پیشینیان:** پێشینان، پێشینیان، ڕابردووان

**پیغارە:** تانە، سەرکۆنە، تەشەر، لۆمە

**پیغال:** ڕم، ڕمی بچوك، تیر، پەیکان

**پیغالە:** پیاڵە، قەدەح، جام، کاسە، پیاڵەی شەرابخۆری

**پیغام:** پەیام، وتەیە کە لەلایەن کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بنێردرێت

**پیغامبر:** پێغەمبەر، ئەوەی پەیامی لە لایەن کەسیچکەوە بۆ کەسێکیتر پێیە و زیاتر بەکەسێك دەڵێن کە نێردراوی خوا بێت

**پیغامدار:** پەیامدار، هەڵگری پەیام، کەسێك کە پەیامی پێیە

**پیغام رسان:** پەیام هێنەر، پەیام گەیەنەر، ئەوکەسەی پەیام دەگەیەنێت

**پیغان:** پەیمان، بەڵێن، مەرج، شەرت و بەقا، سۆز

**پیغمبر:** بڕوانە پیغامبر

**پیغون:** بڕوانە پیغان

**پی فراخ:** تونەڕەو، زێدەڕۆ، ئەوەی لە سنور تێدەپەڕێت

**پی فشردن:** سووربوون، پێ داگرتن

**پیك:** نامەبەر، پەیك، ئەوکەسەی نامەکان دەگەیەنێت

**پیکار:** شەڕ، جەنگ، هەرا

**پیکارپرست:** شەڕکەر، ئەوەی خوازیاری شەڕکردنە، شەڕپەرست

**پیکارجو:** شەڕکەر، شەڕفرۆش، ئەوەی بەدوای شەر و هەرادادەگەڕێت

**پیکارخر:** شەڕفرۆش، جینگن

**پیکارخواە:** شەڕخواز، ئەوەی زۆر حەزی لە شەڕە

**پیکارسان:** گۆڕەپان، شەڕگە، گۆڕەپانی شەڕ

**پیکارکرد:** شەڕکردن، جەنگ کردن، پێك هەڵپرژان

**پیکارگر:** شەڕکەر، شەڕڤان، چەکداری بەشدار لەشەڕ

**پیکر:** جەستە، لەش، قالب، پەیکەر، هەیکەڵ، وێنەیەك کە نەقاش بیکێشێت، کەلەخ، کەڤال

**پیکرتراش:** پەیکەرتاش، هەیکەڵ ساز، ئەوەی پەیکەر دروست دەکات

**پیگرد:** شوێنکەوتن، بەدواداچون

**پیکردن:** شوێن کەوتن، بەدواداچونی کار یا کەسێك

**پیکرشناس:** پەیکەر ناس، ئەوەی بە باشی لە وێنە و چۆنیەتی پەیکەر تێبگات

**پیکرنگار:** نەقاش، وێنە کێش، پەیکەر ساز

**پیکره:** پەیکەر، وێنەی روخسار، هەیکەڵ

**پی کندن:** هەڵکەندن، قوڵ کردنی ژێر دیوار یا شوێنێك لە بینا بۆ شفتە رشتن

**پیك نیك:** میوانی، سەیران، میوانی یا سەیران کەهەر کەس بەشی خۆی لە خەرجیەکانی بدات

**پی کوب:** پێکوتراو، بەپێ شێلدراو، پێماڵ کراو

**پی کور کردن:** سرینەوەی شوێن پێ، ون کردن

**پـی گـزار:** بونیـانگوزار، بناغەدانـەر، ئـەوەی بناغـەی شوێنێك دادەڕێژێت

**پیگرد:** گەڕان بەدوای شتێکدا، گەڕان و لێکۆڵینەوە

**پی گیر:** شوێنکەوتو، بەدواداچو، ئەوەی بەدوای کارێکدا بڕوات یا دەچێت

**پیل:** بڕوانە فیل

**پیـل:** پیـل، بـاتری، یـەکێك لەسەرچـاوەکانی کارەبـا، دەفرێـك کەتیایـدا دو مێڵـەی کـانزایی پـۆزێتیڤ و نگەتیڤ هەیە و بەهۆیەو کارەبا دروست دەکەن

**پیل افکن، پیل اوژن:** بـەهێز، زۆردار، کەسێك ئەوەنـدە هێزی بێت بتوانێت فیلیش بخات

**پیل بـالا:** بالآفیل، هاوبالآی فیل، لەبالآدا وەك فیل

**پیلبان:** فیلدار، پاسەوانی فیل، ئەو کەسەی لەسەر فیـل دادەنیشتێت و فیل بۆ پێشەوە دەبات

**پیلپا:** نێگرە، کۆڵەکە، ستونێك کە لـە ژێـر سـەقفەوە لێی دەدەن تا سەقفەکە بکەوێتە سەری

**پیل پیکر:** گەورە زەبەلاح، زەلام، زل، فیل ئاسا

**پیلتن:** بڕوانە پیل پیکر

**پیل زور:** زۆردار، بەهێز وەك فیل

**پیلسا:** فیل ئاسا، وەك فیل

**پیلسته:** ئێسکی فیل، ئێسقانی فیل، عاج

**پیل سم:** سم فیـل، ئـەوەی سمی وەك فیـل بـە هێـز و ئەستورە

**پیلگوشك:** ڕێواس

**پیل مرغ:** بۆقلە، بۆقلەمون

**پیلوار:** فیل ئاسا، وەك فیل

**پیلون:** بڕوانە پیلبان

**پیلور:** بڕوانە پیلەور

**پیله:** پیلە، شیلە، پەردەیەکی ناسك کە کرمی هاوریشم لە ناوی دەمی خۆی بەدەوری خۆی دەیتەنێت

**پیله کردن:** پیلـە کـردن، گـرو گـرتن، پـێ داگـرتنی زۆر لەسەر شتێك

**پیلـەور:** پیلـەوەر، هاوریـشم فـرۆش، کەسـێك کـە پیلـە دەکڕێت و هاوریشم دەڕێسێت، چەرچی

**پیمان:** پـەیمان، بـەڵێن، سـۆز، شـەرت، مـەرج، شـەرت و بەقا

**پیمان بستن:** پەیمان بەستن، بەڵێندان، شەرت کردن بـۆ ئەنجامدانی کارێك

**پیمان شکن:** پەیمانی شکێن، بێ بەڵێن، پەیمان شکاندن

**پیمانکـــار:** پـــەیمانکار، قۆنتـــەرات چی،کەســـێك کـــە ئەنجامدانی کارێك لەبەرابەر پارەیەکی دیاری کـراو لـە ئەستۆ دەگرێت

**پیمان کردن:** پەیمان بەستن، بەڵێندان، مەرج بەستن

**پیمان گرفتن:** پەیمان سەندن، بەڵێن وەرگرتن

**پیمان گسل:** پەیمان شکێن، بێ بەڵێن، ئەوەی لەسەر پەیمانەکەی خۆی نەبێت

**پیمان نامە:** پەیمان نامە، رێکەوتن نامە

**پیمانـە:** پێوانـە، پەیمانـە، دەفرێـك کـە شـلەمەنی یـا دانەوێڵەی پێ پێوانە دەکەن

**پیمانە پرست:** مەی پەرەست، شەرابخۆر، بادەپەرەست

**پیمانەکش:** مەیخۆر، شەرابخۆر

**پیمانەگسار:** مەیخۆر، بادەخۆر

**پیمایش:** بڕوانە پیمودن

**پیماییدن:** بڕوانە پیمودن

**پیمبر:** بڕوانە پیامبر

**پیمودن:** پێوانە کردن، پێوان

**پینکی:** باوێشك، سوکە خەو، باقێشك

**پی نوشـت:** نوسـین بـەدوای شـتێکدا، ئـەوەی لـەکۆتایی بابەت یا نامەیەکدا دەینوسن، پاشکۆ

**پینـە:** پینـە، ئـەو پارچـە یـا چـەرمەی بەسـەر جـل و بەرگی یا پێڵاوی دڕاو دەیدورن

**پینە بـستن:** پینـە گـرتن، پینـە کـردن، ئەسـتور بـونی بەشێك لە پێستی دەست بە هۆی کارکردنی زۆر

**پینەدوز:** پینەچی، پینەگەر، ئەوەی کاری پینە کردنە

**پینەدوز:** خاڵخاڵۆکە

**پینە زدن:** پینە کردن، پینە لێدان

**پینەکار:** پینەچی، پینەکار

**پیواز:** شەمشەمەکوێرە، شەفرەفینك، چەکچەکیلە

**پیوسـت:** پەیوەسـت، بـەردەوام، هەمیـشەیی، شـتێك کـە لەگەڵ شتێکیتردا بێت

**پیوستن:** پەیوەسـت کـردن، پەیوەنـد دان، پێـك گەشـتن، پێکەوە بەستران

**پیوند:** ١- پـەیوەنـد، خزمایـەتی، نزیکی، ٢- پـەیوەنـد، پێکەوە لکانی دوشت بە یەکتر

**پیوندانیدن:** پەیوەند دان، پێچکەوە بەستن

**پیونـد بریـدن:** بـڕینی پەیوەنـدی، لێکپـچڕاندنی پەیوەندی

**پیوند خوردن:** پەیوەند دران، پێکەوە بەستران

**پیە:** رۆن، چەوری، دوگ، سپیەتی سەر گۆشت، دەهن، بەز، دینگ

**پیە اکند:** پڕ چەوری، تێکەڵ بەچەوری زۆر

**پیەسوز:** رۆن سوز، چرای پلیتەدار کە لـەجیاتی نـەوت بە چەوری دەسوتێنێت

# ت

**ت:** ت، پیتی چوارەم لە ئالفابێتی فارسی و کوردی کە بەتا دەخوێنرێتەوە

**تـا:** تـا، ئـامرازی پەیوەندیـە، وەك لـە سلێمانیەوە تـا هەولێر

**تا:** تا، نیوەی بارتابار، لۆیەکی قوماش، بەمانای تاك و تەنیا بەکار دەبرێت. تا، دژی جوت

**تـا:** تـاڵ، وەك تاڵێـك قـژ. تـار، سیمی تـار یـا هـەر ئامرازێکیتر

**تائب:** تۆبەکەر، پەشیمان، گەڕاوە لە گوناح

**تاب:** پێچ، پێچ و تا

**تاب:** رووناکی، گەرمی، رۆشنی

**تاب:** توانایی، ئۆقرە، بەرگەگرتن، ئارامی

**تاب:** جۆلانە،، دەمیدیك، لانکێ لە گوریس و پەڕۆ

**تاباك:** تا، ناڕاحەتی، دلقوتك

**تاباك:** بڕوانە تنباکو

**تابان:** درەوشاوە، تابان، بەردرەوشین، شەوقدەر

**تاباندن:** رووناکیدەر، درەوشاوە، تابان

**تاب اوردن:** بەرگە گرتن، خۆڕاگری

**تاب برداشتن:** بادران، پێچدران، لاربون

**تاب خوردن:** جۆلانێ، لەسەر گوریس دانیشتن و جۆلانێ کردن

**تاب دادن:** بادان، پێچدان، خوار کردن

**تابدار:** بادراو، پێچدراو، لول خواردوو

**تابدان:** دەلاقە، پەنجەر یا دەلاقەیەك کە بۆ رووناکی یا تیشکی خۆر لە تاقی دیواردا دروستی دەکەن

**تابستان:** هاوین، هافین، وەرزی هاوین. یەکێك لەچوار وەرزەکەی ساڵ

**تابش:** بڕوانە تابیدن

**تابع:** لایەنگر، شوێنکەوتوو، رێڕەو

**تابعیت:** لایەنگری، لایەنگری، شوێن کەوتن، دواکەوتن

**تابل:** مێز، مێزی نان خواردن

**تـابلو:** تـابلۆ، نوسـراو یـا بـە قەڵـەم کێـشراوێك بـۆ هەڵواسین، نمایشت، پەردە، دیمەن

**تابناك:** تابان، درەوشاوە

**تابنده:** بڕوانە تابیدن

**تابوت:** تابوت، دارەبەستی مردو گوێزانەوە

**تاب و تب:** تاوتێ، لەرز و تای نۆبەتی

**تاب و توان:** هێز، وزە، خۆڕاگری، توانایی، تین

**تاب و توش:** بڕوانە تاب و توان

**تـــابوك:** پاشمــەزەلك، زوور، زۆرێکـــی بـــچوك کەلەسەرەوەی ماڵ دروستی دەکەن

**تابه:** تاوە، مەنجەلۆکەی بچوك بۆ سوور کردنەوە

**تابیدن:** درەوشانەوە، درەوشین، شەوقدانەوە، تەییسین، روناکی دان، گەرم کردن

**تابیدن:** بادان، پێچدان، لول کردن، خوار کردن

**تابین:** ژێردەست، گوێڕایەڵ، فەرمانبەردار، سەربازێك کەپلەو پایەی نیە

**تا پال:** تەپاڵە، شیاکە، پیسایی مانگا

**تـاپ تـاپ:** تـەپ تـەپ، دەنگێکە لەبەریـەك کـەوتنی دوشت دروست دەبێت

**تـاپو:** خـومرە، دەفـری گڵینی گـەورە کـە دانەوێڵە یـا ئاردی یا هەڵدەگرن، تاپو

**تاتا:** لالوتە، لاڵەپەتە، تورتوری، زمان گیران

**تاتار:** ناوێك كەلەكۆندا لە ڕۆژئاوای ئێران بە مەغۆڵەكان دەوترا

**تاتلی:** سفرە، خوان، سوفرە

**تاتول:** دەم خوار، كەسێك كەدەمی خوار و خێچ بوبێت، دەڤ خوەهر

**تاج:** تاج، كڵاوی پاشاكان

**تاج الملوك:** تاجی پاشاكان، ئەو تاجەی پاشاكان لەسەری دەكەن

**تاج خروس:** تاج خورس، گوڵێكە سور لە پۆپەكەڵەشێر دەكات

**تاجدار:** تاجدار، خاوەن تاج، پاشا

**تاجر:** تاجر، بازرگان، مامڵەكەر، سەوداگەر، بازرگان، مامڵەچی

**تاجرانە:** بازرگانانە، تاجرانە

**تاج گزاری:** تاج دانان، تاج لەسەر كردن، ڕێ و ڕەسمی لەسەرنانی تاج

**تاجوار:** تاج ئاسا، هەر شتێك لەتاج بچێت

**تاجور:** تاجدار، خاوەن تاج، پاشا

**تاچە:** تاچە، جەواڵی بچوك

**تاخت:** ڕاكردن، غاركردن، غار

**تاخت آوردن:** هێرش كردن، پەلاماردان

**تاخت كردن:** غاردان، ئەسپ غاردان

**تاختن:** ڕاكردن، غاردان، پەلاماردان، بەزانـدن، چارەوێ لنگدان، ڤیرقاج

**تاختە:** غاردراو، بەزێنراو، هێرش سەركراو

**تاخیرە:** بەخت، شانس، ناوچاو، چارەنوس، سەربوردە، بەش، قەدەر

**تار:** ڕشتە، بەن، داو، تاڵی مو و هاوشێوەكانی، بەنك، دەزی، داڤ

**تار:** تار، یەكێك لە ئامرازەكانی موسیقایە

**تار:** سەر، تەوقی سەر

**تارا:** ئەستێرە، هەسێرە، ستێر

**تاراج:** تاڵان، یەخترمە، چەپاو، پوڕ، پویر، تاڵو

**تاراجگر:** تاڵانچی، كەسێك كەتاڵان دەكات، تاڵانگەر

**تاران:** لێڵ، تار، ڕەشباو، تاریك

**تاراندن:** تارنان، دوورخستنەوە، تارانجن، تۆراندن، دەركردن، هاژوتن، بزالە كردن، تەرە كردن، تارانن

**تارت:** كات، جار، كەڕەت

**تارتار:** بەش بەش، لەت لەت، وردە وردە، كەركەر، ڕیتاڵ ڕیتاڵ، پرت پرت

**تارتن:** جارجاڵۆكە، داپیرۆشك، تەڤنپیرك

**تارتنگ:** بڕوانە تارتن

**تارزدن:** تار لێدان، تارژەنین، ژەنینی تار

**تارشدن:** لێڵ بون، تاریك بوون، ڕەش بوون

**تارك:** تەپڵی سەر، تەوقی سەر، ملاژگ

**تار كردن:** تاریك كردن، لێڵ كردن

**تارم:** تارمە، گونبەد، گومەز، داڵوت، بەرهێوانی

**تارمیغ:** مژە، مژەوی، تەم و مژ، هەوری زۆر چڕ كە لە زستاندا هەوا تاریك و لێڵ دەكات

**تارو پود:** تاروپۆ

**تاروتور:** ڕەش و لێڵ، تیرەو تار، زۆر تاریك

**تاروتور:** وردە وردە، بەش بەش، لەت لەت، ڕیتاڵ ڕیتاڵ

**تارومار:** تارومار، هەڵاداد، تێك و پێك، لەناوچو، تەفر و تونا، داغان

**تارون:** ڕەش، تاریك، لێڵ

**تارە:** بڕوانە تارم

**تارە:** تاڵ، بەن، دەزو، تاڵی مو

**تارە:** بڕوانە تارك

**تارە:** تاریك، ڕەش، لێڵ

**تاری:** تاریك

**تاریخ:** مێژوو، دیرۆك، بەسەرهاتەكانی كۆن، دێریك، دیاری كردنی ڕودانێك، پاراستنی سەردەمێكە كە ڕوداوێكی گرنگ تیایدا ڕوویداوە

**تاریك:** تاریك، لێڵ، شەوەزەنگ، شەوە، تاری، جێگەی پێوار لەخۆر، ڕەشایی هەوا

**تاریك بخت:** بەدبەخت، چارەڕەش

**تاریك جان:** گومڕا، دڵ كرمۆڵ، ڕەشبین، دڵڕەش

**تاریك چشم:** کوێر، کەسێك بینایی چاوی نەبێت

**تاریکخانـــە:** تاریکخانـە، ژوورێکـی تاریـك تایبــەت بەوێنەگران بۆ شۆردینەوەی فیلم و وێنەکانیان

**تاریك دل:** دڵڕەش، رەشبین

**تاریك رای:** بەدگومان، دڵپیس

**تاریك روز:** رۆژی تاریك، رۆژێ کە هەوا بەتـەواوی رون نەبێت

**تاریـك روشـن:** تاریـك و روون، بەرەبـەیان، بومـەلێڵا، سپێدە، تاریك و رونە، تاریك و رونی

**تاریك شب:** نەنگوستەچاو، شەوی تاریك، تاریکەشەو

**تاریك مغز:** کەم عەقڵ، نەزان، بێ ئاوز

**تاریك میغ:** هەوری رەش

**تارین:** تاریك، تاری، رەش

**تاز:** بروانە تاختن

**تاز:** پەست، پـوچ، بـێ بـەها، سـوك، حیـز، کوڕێك کە حەزی لە جوت بون لەگەڵ نێردا بێت

**تازان:** بروانە تاختن

**تازاندن:** غاردان، بەزاندن، لنگدانی چارەوێ

**تازانە:** بروانە تازیانە

**تازش:** بروانە تاختن

**تازە:** تازە، نوێ، نەفار، نۆچە

**تازە بتازە:** تازە بەتازە، شتی تازە کەیەك لـەدوای یـەك دێت

**تــازە بـدوران رسـیدە:** تـازە پێگەشـتو، کەسـێك کـە بـە تـازەیی بـە سـامان یـا پێگەیـەکی بـەرز گەشـتبێت و لەخۆی بایی بوبێت، تازە پیاکەوتو، تازە کیسە

**تازە بهار:** تازەبەهار، بەهاری تازە، پرۆ کردنی تازە

**تازە جوان:** مێردمنداڵ، تازە لاو

**تازە چرخ:** تازەکار، کەسێك کەتازە بە کار یـا پێگەیـەك گەشتبێت

**تازە چهر:** جوان، زیبا، روخسار گەش، دەم بەبزە

**تازە داماد:** تازە زاوا، زاوای یەکەم شەو

**تـــازە درآمــد:** تـــازە دەرکـــەوتو، شـــتێك بـــەتازەیی داهێنرابێت، تازە داهاتگ

**تازەدم:** تازەدەم، چایی کە تازە دەمی کێشابێت

**تازەدماغ:** شادمان، خۆشحاڵ، دڵتەڕ، دڵخۆش

**تازە رس:** تازە پێگەشتو، تازە پیاکەوتو

**تازە ساز:** تازە ساز، تازە داهاتو

**تازە نهال:** نەمام، داری پێنەگەیشتو

**تـــازە وارد:** تـازە هـاتو، ئـەوەی تـازە هاتبێتـە زور یـا شوێنێك

**تازی:** تازی، عەرەب، تاژی

**تازیان:** عەرەبەکان، تازیان

**تازیانـــە:** تازیانـە، قامـچی، شـەلاق، شـەلاخ، جەلـدە، قەمچی

**تازیدن:** بروانە تاختن

**تازی نژاد:** تازی نەژاد، ئەوەی لە نەژادی عەرەب بێت

**تاژ:** خێوەت، چادر، تاوڵ تنوك، کوین

**تاژ:** ناسك، جوان، هەستی سفك، خـوێن شـیرین، خـوێن گەرم

**تاس:** تاسولکە، بایە، کاسەی مس، تاس

**تاس:** تاس، کەم مو، کەچەڵ، توکی سەرومریو

**تاس:** تاسە، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی، پەرێشانی، بێ ئارامی

**تاسانیدن:** تاساندن، خنکاندن، تاسانن، خەنقاندن

**تاسع:** نۆ، نۆیەم، نۆهەمین

**تاس ماهی:** سەگ ماسی

**تاسوعا:** تاسوعا، رۆژی نۆیەم مانگی موحەڕەم

**تاسە:** تاسە، دووری، ئیشتیا، عەزرەت، ئارەزو، تامەزرۆ، پەزارە، داودڵ، مەهبیران

**تاسە:** مزدی، ئەو حاڵەی ژنی دوگیان تێـی دەکەوێت و بۆ هەندێك لە خواردنەکان تامەزرۆییەکی تایبەت پەیا دەکات

**تاسیدن:** تاسین، گێژبون، وربون، خەمبار بون، دڵگیران، خەمۆکی

**تاش:** پەڵە، خـاڵ، ئـەو خاڵـە رەشـانەی لەسـەر پێـستی روخسار و جەستەی مرۆڤ دەردەکەوێت

**تاش:** یار، هاوڕێ، دۆست، خاوەن

**تاشدن:** چەمانەوە، دولابون، چەمینەوە

**تاشك:** ١- كەرە، ماستی چکاو، ٢- چالاك، ئازا،

**تاشكل:** زیپکە، جۆش

**تاغ تاغ:** تەق تەق، دەنگی بەریەك کەوتی بەردەوامی دو شت

**تافتان:** سەوکێت، تەنویریّ، کولێرە، جۆرێك نانی ئەستور کە لەتەنووردا دەیکەن

**تافتن:** بادان، هەڵپێچان،

**تافتن:** درەوشانەوە، هەڵگیرسان، رۆشن کردن، روونکردنەوە

**تافشك:** مۆریانە، مۆرانە

**تاك:** مێو، داری مێو کەتریّ دەگریّ، مەیو، داڵوت

**تاكتیك:** تەكتیك، تاكتیك، ریزبەستن، رێکخستنی سوپا بۆ شەڕ

**تا كردن:** چەماندنەوە، نوشتانەوە

**تاكردن:** هەڵكردن، سازان، گوناجن لەگەڵ کەسێکدا

**تاكس:** بەها، بایی، نرخ، بەهای فەرمی کەلەلایەن دەوڵەتەوە لەسەر شتێك دیاری دەکرێت

**تاكستان:** رەز، باخی تریّ، ئەو شوێننەی مێوی زۆری لێبێت

**تاك نشان:** مێوکار، رەزوان، کەسێك داری مێو بچێنێت

**تال:** بڕوانە تالاب

**تالاب:** ئاوگیر، حەوز، ئیستەخر، ئەستێر، ئەستێلك، گۆم، زلکاو، زق، حەود، چاڵاو، شوێنێك کە ئاوی باران یا رووبارێکی تیا کۆببێتەوە

**تالار:** تالار، هۆڵ، تەلار، ژووری گەورە بۆ ریّ و رەسم و بۆنەكان

**تالان:** تالان، یەخترمە، چەپاو

**تالواسە:** تاسە، خەم، نیگەرانی، دوری

**تال و مال:** بڕوانە تار و مار، بەربلاو، پەرێشان، پرژ و بلاو

**تالی:** لایەنگر، شوێنکەوتو، رێڕەو، ئەوەی لەدوایيدا بێت

**تام:** تەواو، گشتگیر، گشت، هەمو

**تان:** تار، راهێلّی تەون

**تانك:** تانك، دەبابە، ترۆمبێلّی شەڕ

**تانكر:** تانكەر، بارهەڵگر، لۆری، نەوتكێش بۆ كەشتی و ترۆمبێلّ

**تانە:** تار، راهیلّی تەون

**تاو:** توانا، هێز، دەسەلاّت، خۆڕاگری، بەرگە گرتن، بادراو، لێهاتویی

**تاواتاو:** دەسەلاّت، هێز، خۆڕاگری،

**تاوان:** تاوان، باردن، تۆڵە، گوناح، خەتا، سوچ

**تاول:** تۆقلە، ئاولچە، هلاّوسان بە هۆی سووتان یا سوان لە پێستی جەستە

**تاول:** گوێلك، جوانە گا، گوێرەکە، گۆلك

**تاوە:** تاوە، دەفری سوور کردنەوە بۆ خواردن

**تاویدن:** بەرگە گرتن، خۆڕاگری، رازی بوون بە

**تاهو:** عەرەق، شەراو، مەی

**تئاتر:** شانۆ، تیاتر، شوێنێك کە شانۆ لەلایەن شانۆكارانەوە پێشكەش دەكرێت

**تابی:** گەردنكێشی، یاخی بون

**تابید:** هەمیشەیی كردن، جاویدان هێشتنەوە، جاویدان كردن

**تابین:** لۆمە كردن، سەرکۆنە كردن، تانە لێدان، ئیراد گرتن

**تاثر:** خەمبار بون، كاریگەری وەرگرتن، رازی بون

**تاثر انگیز:** خەمبزوێن، خەماوی، خەمهێنەر

**تاثل:** بەهێزبون، خۆارگرتن، قایم بون

**تاثم:** خۆپارێزی، خۆبەدور گرتن لە گوناح، تۆبە كردن

**تاثیر:** كاریگەری، كارتێكەری، كاریگەری دانان

**تاجیل:** مۆڵەت دان، ماوە بۆدیاری كردن، كات دانان، دواخستن، دواخستنی كارێك بۆ ماوەیەكی دیاریكراو

**تاخر:** دواكەوتن، مانەوە، درەنگ بون، درەنگ كردن

**تاخیر:** دواخستن، درەنگ كردن، بەدواداخستن

**تادیب:** پەروەردە كردن، راهێنان، تەمێ كردن

**تادیە:** بەجێهێنان، دان، دانەوەی پارەی یا قەرزێك

**تاذی:** ئازار بینین، ئازار چەشتن، رەنجان

**تاسف:** ئەفسوس خواردن، داخ خواردن، بەداخ بون

**تاسف اور:** خەم بزوێن، داخ بزوێن، ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی داخ و ئەفسوس بۆ شتێك بخورێت

**تاسی:** لایەنگیری کردن، لاسایی کردنەوە، شوێن کەوتن

**تاسیس:** بنیات نان، دامەزراندن، بناغەدانان

**تاکید:** بەهێز کردن، قایم کردن، بەڵێن یا قسەی خۆ بەهێز کردن

**تالف:** هاورێ بون، هاودەم بون، کۆبونەوە، پێکەوە بون

**تالم:** ئازار،دەرد، کەسەر، دەردەداری، ئازاردران

**تالیف:** دانان، کۆکردنەوەی شتەبەربڵاوەکان، نوسین و ئامادە کردنی کتێبێك کە بابەتەکانی لە کتێبەکانیتر وەرگیرابێت

**تامل:** بیرکردنەوە، تێفکرین، درەنگ کردن، وردبونەوە لە کارێکدا

**تامیل:** هیوادار کردن، ئارەزومەند دار کردن

**تامین:** دابین کردن، بە ئەمین زانینی کەسێك، دڵنیایی

**تانس:** خو گرتن، بون بەهاودەم، هاودەمی، عادەت پێگرتن

**تانی:** درەنگ کردن، بە ئارامی کارێك ئەنجامدان، هێواشی

**تئوری:** تیۆری، بیرۆکە، بابەتێکی زانستی کە شیاو سەلماندن بێت و نەبێت

**تئوکراسی:** تیۆکراسی، حکومەتی ئایینی، حکومەتی ئیلاهی

**تاویل:** گەڕاندنەوە لە شتێك، گەڕاندنەوە

**تاهب:** ئامادە بون، ئامادە کردن و تەیار بون

**تاهل:** هاوسەرگیری، ژن هێنان، بەستینی پەیوەندی ژن و مێردایەتی

**تایید:** هێزدان، پشت ڕاست کردنەوە، هاریکاری کردن، جەخت کردنەوە

**تب:** تا، تاو، نەخۆشیەکە کە بەهۆی بەرزبونەوە گەرمی پلەی مرۆڤ دەردەکەوێت

**تباب:** کوژران، زیان پێ گەشتن، زیان بەرکەوتن

**تبادر:** پێش کەوتن، پێشدەستی کردن، خێراکردن و پەلە کردن بۆ پێش کەوتن لەکارێك

**تبادل:** گۆڕینەوە، ئاڵ و گۆڕ کردن

**تبار:** ڕەچەڵەك، نەژاد، ڕەسەن، ڕەگەز، بنەماڵە، عەشیرە، تایەفە

**تبارز:** شەڕ کردن، پێك هەڵپڕژان، جەنگ کردن

**تبارك:** پیرۆز، مەیمون، پاك، بێ بەری لەتاوان

**تباسیدن:** لەخۆچون، بێهۆش بون، لەتاو گەرما لەخۆچون

**تباشر:** مزگێنی دان، مژدە دان بە یەك

**تباشیر:** مژدە، مزگێنی، هەواڵ یا خەبەری خۆش

**تباع:** لایەنگیری کردن، شوێن کەوتن، بەدوای کەسێکدا ڕۆشتن

**تباعت:** لایەنگیری کردن، بەدوای کەسێکدا ڕۆشتن، شوێنکەوتویی

**تباعد:** دوور کەوتنەوە، جیایی، فیراق، دورکەوتن لەیەك

**تباغض:** دوژمنایەتی، ڕق کێشان

**تباکی:** گریانی درۆینە، بەدرۆ خۆخستنە گریان

**تبانی:** ڕێکەوتن، سازان، پێکەوە سازان لەگەڵ یەك، هاودەست بون لەسەر کارێك

**تباه:** فیرۆ، لەناوچو، ڕزیو، بۆگەن، گەنیو، پەست، سوك

**تباهانیدن:** بەفیرۆدان، لەناوبردن، خراپ کردن، ڕزاندن، گەناندن

**تباهکار:** خراپەکار، وێرانگەر، لەناوبەر، بەفیرۆدەر، ئەوەی شتەکان لەناو و فیرۆدەکات

**تباهی:** فیرۆیی، خراپین ڕزیوی، لەناوچون

**تباهیدن:** ڕزین، گەنین، خراپ بون، بێ کەڵك بون

**تبایع:** ١-کرین و فرۆش، مامڵە، سەودا پێکەوە، پەیمان بەستن ٢- جیاوازی، جیاوازی لەنێوان دوشت

**تباین:** جیابونەوە، جیاوازی، دژبون، دژایەتی، تەوفیر

**تب بر:** تا بڕ، هەر دەرمانێککە تا نەهێڵێت

**تبتل، تبتیل:** بڕین، لەدینا بڕین و ڕو کردنە خوا، پشت کردنە دنیا

**تبجح:** شانازی کردن، نازین بەخۆ، شادمان بون، شادان

**تبجیل:** ڕێز گرتن، بەرێز زانین، ڕێزدار کردن

**تبحر:** شارەزایی، پسپۆری، لێهاتویی، شارەزابون بەتەواوی لە زانست یا کارێك

**تبخال:** یاونیشان، هەڵزریان، هەلآزران، زیپکەیەك کە بەهۆی گەرمی لە دەوربەری لێوی مرۆڤ دەردەکەوێت، تامێسك، شەڤترسك

**تبختر:** خەرامان ڕۆشتن، بەلەنجە و ناز بەرێگاڕۆشتن

**تبخیر:** کردنە هەڵم، بەهەڵم کردن، گۆڕینی شێوەی شلەمەنی بە هۆی گەرمیەوە

**تبدد:** پەرێشان بون، پرژوبلآو بون، بەشە بەش کردنی شتێك

**تبدل:** گۆڕین، گۆڕان، گۆڕیان

**تبدیل:** گۆڕین، گۆڕینەوە، فەگۆڕیان، فەگۆڕین

**تبذل:** دۆڕان و بەجێ هێشتنی شتێك، ڕووگەشی، ڕووخۆشی

**تبذیر:** دەست بلآوی، بوفیڕۆ خەرج کردن، بێ هۆ خەرج کردن

**تبر:** تەور، بیور، بەڵتە، ئامرازێکی ئاسنی بە دەسکی دار کە بۆبڕین دار کەڵکی لێوەردەگیرێت، تەفر، تەبەرك

**تبرئه:** پاك کردن لە گوناح، ڕزگاریبون، سەلماندنی بێ تاوانی، خاوێن کردن، پاك کردن

**تبرج:** دەرخستن، خۆنیشاندن، دەرخستنی زێر و زیو لەبەرابەر بێگانەدا، نیشاندانی جونی و زیورەکان ژنی لە لایەن ژنەوە بۆ پیاو

**تبرزین:** تەورزی، جۆرێك کەرستەی شەڕ لە شێوەی تەور بە دەسکی ئاسنی کەلەکۆندا بەکاریان دەبرد

**تبرع:** بەخشین، کارێك لە ڕێگای خوادا ئەنجامدان، چاکەکردن، چاکەکاری

**تبرك:** حەسار، دیوار، قەلآ، دز

**تبرك:** پیرۆز، زۆربون، بەرەکەت تێکەوتن

**تبرم:** خەمۆکی، خەمباری، دڵتەنگ بون، بێزاری

**تبری:** دوری کردن، خۆپاراستن، خۆپارێزی، بێزاری

**تبرید:** سارد کردن، فێنك کردن، ساردکەر، فێنککەرەوە بۆ ناو ترۆمبێل و هەرچی

**تبریزی:** چنار

**تبریك:** پیرۆزبایی کردن، شاباش کردن، پیرۆز کردنی شتێك لە کەسێك

**تبست:** فیرۆ، لەناوچوو، گەنیو، ڕزیو

**تبستغ:** زمان تیژ، شیوا، پاراو لە قسە کردن، کەسێك کە خێرا قسە بکات

**تبسگ:** بەرین بون، فراوان بون، بەربلآوی. گەڕان و پیاسە

**تبسم:** بزە، بزە گرتن، زەردەخەنە، زەردەخۆ، زەردە

**تبسیدن:** لەخۆچون، گەرم بون، لەهۆش چون بەهۆی گەرما

**تبش:** گەرما، گەرمی، روناکی، ڕۆشنی، نور

**تبشی:** سینی، تەبەقی کانزا

**تبشی:** مزدە دان، مزگێنی دان،

**تبصبص:** کلك بادان، کلك ڕاوەشاندنی سەگ، کاسەلێسی، ماستاو کردن

**تبصره:** بینا کردن، ئاشکرا کردن، ڕونکردنەوەی بابەتێك، زیاد کردنەوەی ڕونکردنەوەیەك لە ژێر بەندێکی یاسایی

**تبطل:** ۱- ئازابون، چاونەترسی، ۲- سستی، تەمەڵی، لاوازی، بێکاری

**تبطیل:** هەڵوەشاندنەوە، پوچ کردنەوە

**تبع:** شوێنکەوتن، لایەنگیری کردنی کەسێك

**تبع:** لایەنگر، شوێنکەوتو

**تبعه:** لایەنگران، شوێنکەوتوان

**تبعیت:** لایەنگری کردن، شوێنکەوتن

**تبعید:** دوور خستنەوە، شاربەدەر کردن، شەڵپاندن، کەسێك لە ماڵ و شاری خۆی دەرکردن و گواستنەوەی بۆ شوێنێکیتر

**تبعیض:** بەش بەش کردن، جیاوازی کردن، جیا کردنەوەی هەندێك لەوانیتر

**تبغیض:** ڕق لەدڵ هەڵگرتن، ڕق کێشان، بوغز خواردن

**تبل:** کینه، رق، دوژمنی، نەیاری

**تب لازم:** سیل، سل، نەخۆشی سیل

**تبلج:** پێکەنین و شادمان بون، رون بونەوە، هەلآتنی خۆر و روناك بونەوەی بەرەبەیان

**تب لرز:** تاو و لەرز، مالاریا

**تبلیغ:** گەساندن، پێگەیاندن، راگەیاندن، ئاگادار کردنەوە، گەیاندنی پەیام یا بابەتێك

**تبند:** مەکر، فریو، ناز، کەڵەك، بەمانای فێڵبازیش بەکار دەبرێت

**تبنگ:** زەمبیل، سەوەتە، سەلەك، زەمێلە

**تبنی:** هەلگرتنەوە، بەمناڵی خۆ هەلگرتنەوەی مناڵێك، زڕ کوڕی

**تبوراك:** دەف، دایرە، بازنە، دەهۆڵی بچوك

**تبویب:** بەش بەش کردنی کتێب یا نوسراوە، بەند بەند کردن

**تبه:** فیرۆ، لەناوچو، رزیو، گەنیو

**تبه روزگار:** رۆژگار رەش، رۆژ رەش، بەدبەخت

**تبهکار:** تاوانبار، گوناحکار، سوچدار

**تبیان:** روون بونەوە، ئاشکرابون، دەرکەوتن

**تبیره:** دەهۆڵ، کەرەنا، تەپڵ

**تبیرەزن:** دەهۆڵ ژەن، تەپڵ لێدەر، ئەو کەسەی تەپڵ یا کەرنا لێدەدات

**تبییض:** سپی کردن

**تبیین:** وتن، باس کردن، رون کردنەوە، ئاشکرا کردن

**تپ:** بڕوانە تب

**تپاك:** تا، بێ قەراری، بێ ئارامی، پەرێشانی، شڵەژاوی

**تپاله:** تەپاڵە، شیاکە، پیسایی مانگا

**تپانچه:** زیان، شەقەزللە، شەپازللە، وەروەر

**تپانچه:** دەمانچە، سیلاحی بچوکی دەستی لە هەر جۆرێك بێت

**تپاندن:** تەپاندن، ئاخنین، تێ ترەنجان، تێکردن بەزۆر، تێ تەپان

**تپ تپ:** تاپ تاپ، تەپ تەپ، دەنگێ کە لەکوترانی دەست بەسەر شتێکی ناوبەتاڵ بەرز دەبێتەوە

**تپش:** بڕوانە تپیدن

**تپنگوز:** نەزان، کەر، بێ ئاوز، ئەحمەق، گێژ، وڕ، دەبەنگ، حوتك

**تپه:** تەپۆلکە، گر، تل، کەل، ملە، کێوی بچوك

**تپیدن:** لەرزین، لەرین، لێدان، بێ ئارام بون، ئۆقرە لێبڕان، لێدانی نەبز و دڵ

**تتابع:** بەدوای یەك هاتن، یەك لەدوای یەك

**تتبع:** بەدواداچون، گەڕان، پشکنین، گەڕان بەدوای شتێك یا بابەتێك، لێکۆڵینەوە، فەکۆڵین

**تتربو:** گاڵتە، گەپ، شۆخی

**تتره:** بڕوانە تتربو

**تتق:** خێوەت، رەشماڵ، خەیمە، خێوەتی گەورە، کوین، خێڤەت

**تتمه:** پاشکۆ، پاشماوە، دوایی، ئەوەی شتێك پێی تەواو بێت

**تتمیم:** تەواو کردن، گشتگیر کردن، کامڵ کردن، بە ئەنجام گەیاندن، کۆتایی پێهێنان

**تثأوب:** باوێشك، باوشك، دەم داچەقاندن لەبەر خەو هاتن

**تثاقل:** قورس بون، سەنگین بون، دڵ قورسی، دڵرەشی، گرانباری

**تثبت:** درەنگ کردن، خۆراگرتن، سەقامگیربون لەسەر کارێك

**تثبیت:** سەلماندن، پایەدار کردن، سەقامگیر کردن، بەهێز کردن

**تثریب:** سەرکۆنە کردن، لۆمە کردن، تانە لێدان

**تثقیب:** کون کردن، سمین

**تثقیل:** قورس کردن، گرانبار کردن، سەنگینی

**تثلیث:** سێ بەش، سێ بەش کردن، کردنە سێ

**تثمیر:** چنینەوە، بەبەرهەم گەیاندن، بەهرە گرتن، زۆر کردنی ماڵ و بەهرە گرتن لێی

**تثمین:** نرخ دانان، دیاری کردنی بەهای شتێك، بایی کردن

**تثني:** چەمینەوە، چەمانەوە، دولابون

**تجا:** تیژ، توند و تیژ، چالاك

**تجادل:** شەڕکردن، هەرانانەوە، ئاژاوە، جەنگ کردن

**تجاذب:** ڕاکێشان، لەیەك ڕاکێشان، یەکتر کێشان

**تجار:** بازرگانان، تاجرەکان

**تجارب:** ئەزمونەکان

**تجارت:** مامەڵە کردن، بازرگانی، کڕین و فرۆش، سەوداگەری

**تجاره:** جوانێکی هەسپێ، بێچوی ئەسپ کە هێشتای زینی سەر نەخرابێت

**تجاسر:** بوێری، بێ شەرمی، نەترسی، چاوکراوەیی، گەردنکێشی

**تجافی:** دووری کردن، خۆپارێزی، خۆدورخستنەوە

**تجالد:** لەیەك دان بە شمشێر، شەرەشمشێر

**تجانب:** دوورکەوتنەوە، دوربون

**تجانس:** هاورەگەزی، هاوپەرایی، لەیەك ڕەگەز بون

**تجاوب:** وەڵامدانەوە بەیەکتر، وەڵامی پرسیاری یەك دانەوە

**تجاوز:** دەستدرێژی، پێ لێ هەبرین، شوول لێ هەڵکێشان، تێپەڕین لە ئاستی خۆی، سنور بەزاندن، ڕابردن، ترازیان

**تجاوزکار:** دەستدرێژکەر، کەسێك ەکە سنوری خۆی نەناسێت و لێی تێپەڕێت

**تجاهر:** ڕیاکاری، ئاشکرا کردن، بەبێترس و بە ئاشکرا ئەنجامدانی کارێك

**تجاهل:** خۆگێل کردن، خۆ لێ خافلان، ڕاگومکێ، خۆدان لەنەزانی

**تجبر:** غروور، لەخۆبایی بون، نیشاندانی خۆ بە گەورەیی

**تجبیر:** شکەستە بەندی، گرتنەوە یا هێنانەجێی ئێسقانی شکاو

**تجدد:** تازەبونەوە، تازەبون، تازەخوازی

**تجدید:** دووبارە کردنەوە، تازە کردن، دەسپێکردنەوەی کار یا بابەتێك

**تجزیر:** ١- بڕین، لە بن دەرهێنان ٢- کەرت کردنی ژمارەیەك لە خودی هەمان ژمارە وەك ٢ کەرت ٢+ ٤

**تجربه:** ١- تاقی کردنەوە، ئەزمون کردن ٢- ئەزمون، دەسهات، دەسکەوت

**تجرد:** ڕوتی، ڕوت و قوتی، تەنیایی، بێ ژنی، زوگوردی، تەنیا بون، سەڵتی، ڕەبەن

**تجرع:** قوم قوم خواردن، قوم قوم خواردنی ئاو و هاوشێوەکانی، خۆخواردنەوە لە ڕق

**تجری:** بوێری، ئازایەتی، چاونەترسی، سەرپێچی، نافەرمانی، یاخی بون

**تجرید:** ڕوت کردنەوە، پێست دامالین، داپڵۆساندن، داپلۆسان،گۆشەگیری، دوری کردن، خۆپارێزی

**تجریع:** قوم قوم خورادنەوە ئاو و هاوشێوەکانی

**تجزیه:** بەش بەش کردن، لەت لەت کردن، دابەش کردن، جوێ کردنەوە، جیا کردنەوە

**تجسس:** گەران، پشکین، لێکۆڵینەوە، فەکۆڵین، پەیجۆری، بشکاندن

**تجسم:** وێنە کردن، وێنەکران، گەورەبون

**تجشم:** ئازار کێشان، خۆڕەنجاندن، بەدژواری کارێك لە ئەستۆ گرتن

**تجصیص:** گەچکاری گەچ پیاساوین، گەچ تێهەڵسوون بە دیوار و شتیتر

**تجعد:** لوول بون، بژ بوون، ئالۆسکان، ئالۆزکانی قژە سەر

**تجعید:** بژ کردن، لوول کردن، ئالۆسکاندنی قژسەر

**تجفاف:** وشك کردنەوە

**تجفف:** وشك بون، زەرد هەڵگەڕان، وشك کردن

**تجفیف:** وشك کردن، زەرد کردن، وشکاندن

**تجلد:** چالاکی، خۆڕاگری، بەهێزی

**تجلی:** ڕوون کردنەوە، دەرکەوتن، ئاشکرابوون، بروکانەوە

**تجلیل:** ڕێزگرتن، ڕێزدارکردن، ڕێزلێنان، گەورە کردن، بە گەورەیی هێشتنەوەی شتێك یا بابەتێك

**تجمع:** کۆبوونەوە، خڕبوونەوە، کۆمەڵ بەستن، کۆما، مۆڵدان

**تجمل:** خۆڕازاندنەوە، جوانکاری، خۆتاسدان

**تجميش:** گەمە کردن، رابواردن، دەسبازی، گاڵتەو گەف کردن لەگەڵ ژنان

**تجميل:** جوان کردن، جوانکاری، رازاندنەوە

**تجنب:** دوور کەوتنەوە، دوورەپەرێزی، خۆلادان، تەوسانەوە

**تجنيب:** دوور کردن، دور خستنەوە کەسێك لە کەسێکیتر یا لە شتێك

**تجنيد:** لەشکر کۆکردنەوە، رازاندنەوە بۆ لەشکر، رێکخستن

**تجوز:** ئاسان گرتن، بەسانایی گرتنی کارێك و بەرگە گرتن، چاوپۆشین، لێخۆشبون

**تجوع:** برسیەتی کێشان، خۆبەبرسیەتی هێشتنەوە

**تجويد:** چاکە کردن، چاکەکاری، وتنی وشەکان لە قۆرگەوە لە خوێندنەوەی قورئان

**تجويز:** بەرەوا زانین، رەوا بینین، مۆڵەت دان، رێگە پێدان

**تجويف:** ناو بەتاڵ کردن، ناو خاڵی کردن

**تجهز:** ئامادەبون، خۆڕێکخستن، تەیاربون، سازدان، رازاندنەوە، کۆبونەوە

**تجهم:** روگرژی، رو گرژ کردن، مۆن کردن، دەم و چاو تاڵ کردن

**تجهيز:** ئامادە کردن، تەیار کردن، کۆکردنەوە، سازدان

**تجهيل:** بەنەزان زانینی کەسەکان، گێل هەژمار کردن

**تحادث:** ئاخاوتن، دوان پێکەوە، گفتوگۆ

**تحارب:** شەڕ کردن، جەنگان

**تحاسد:** رژدی بردن، چاولەدوا بون، حەسودی

**تحاشى:** خۆدوور خستنەوە دوورە پەرێزی، دوور کەوتنەوە، تەوانگ

**تحالف:** هاوپەیمان، هاوبەڵێن، سوێند و پەیمان بەستی چەند کەس یا چەند وڵات پێکەوە

**تحامق:** خۆگێل کردن، خۆلەنەزانی دان

**تحامى:** خۆپارێزی، خۆبەدوور گرتن لە شتێك یا کەسێك

**تحاور:** ئاخاوتن، گفتوگۆ کردن، دوان، قسە کردن لەگەڵ یەك

**تحبب:** دەربڕینی خۆشەویستی، نیشاندانی خۆشەویستی و هاوڕێیەتی بۆ یەکتر

**تحبير:** رازاندنەوە، چاك کردن، نوسنی خەتی جوان، رازاندنەوەی وتە

**تحبيس:** بەند کردن، زیندانی کردن، گرفتار کردن

**تحت:** ژێر، خوار، نزم، نزمایی

**تحت الارض:** ژێرزەوی، شتی ژێر زەوی، هەر شتێك لە ژێر زەویدا دەربێت

**تحت البحرى:** ژێردەریایی، ژێردەریا، کەشتی بچوکی شەڕکەر کە بەژێر ئاودا دەروات

**تحت الحمايه:** پەنادان، خستنە ژێر چاودێری خۆ، پاراستنی کەسێك، پارێزگاری

**تحت الحفظ:** چاودێری کردن، پارێزگاری کردن لە کەسێك، پاراستنی

**تحت الحنك:** ژێر چەنە، ژێر چەناکە

**تحت اللفظي:** وەرگێڕانی وشە بەوشە

**تحتاني:** ژێرین، ژێرو، تایبەت بە ژێر، هەر شتێك لە ژێرەوە بێت

**تحتم:** پێویست کردن، پێویست بون، خستنە سەرشانی کارێك، لە ئەستۆ گرتن

**تحجب:** رۆشتنە ناو پەردە

**تحجر:** بونە بەرد، رەق بون، بونە بەرد

**تحجيب:** گەراندنەوە، رێگە گرتن

**تحجير:** رەق بون، بەرد بون، هاوشێوەی بەرد رەق و سەخت بون

**تحدب:** پشت کۆمی، چەماوەیی، پشت کووری، بەرزبونەوەی نێوان شتێك

**تحدث:** قسە کردن، ئاخاوتن، دوان، گفتوگۆ

**تحدى:** زاڵبون، سەرکەوتن بەسەر، مەبەست کردن، بەرابەری، یەکسانی لەکارێك

**تحديد:** دیاری کردن، سنوردانان، نیشانە کردن بۆ شتێك، دانانی سنور و ڕادە بۆ شتێك یا شوێنێك

**تحديق:** چاوتێبڕین، زەق ڕوانین، ڕوانین، سەیر کردن

**تحذير:** دوور خستنەوە، ترساندن، تۆقاندن، دوور کردنەوە

**تحرج:** خۆپارێزی، خۆدورخستنەوە لە گوناح

**تحرز:** خۆپارێزی، خۆ گرتن، دوری کردن، خۆ دورخستنەوە

**تحرس:** خۆپارێزی، خۆبەدوور گرتن

**تحرق:** سوتان، گڕگرتن، ئاگر تێکەوتن

**تحرك:** جوولە، بزوتن، جمان، جولآن، ئاخیز کردن، جم و جۆڵ

**تحرم:** ڕێزگرتن، ڕێزدانان

**تحری:** درەنگ کردن، بیرکردنەوە، قنەقن کردن، گەڕان، لێکۆڵینەوە، گەڕیان بەدوای ڕاستیدا

**تحرير:** ١- ئازاد کردن، ڕزگار کردنی بەندە کۆیلە ٢ – نوسین

**تحريز:** پاراستن، پارێزگاری، ڕاگرتن، تێکۆشان بۆ پاراستنی شتێك

**تحريش:** هاندان، ئاژاوە نانەوە، ئاژاوە گێڕی، خستنە گیانی یەك، شەڕ توشی چەند کەسێك کردن

**تحريص:** هەڵنان، تەماحکار کردن، ئارەزومەند کردن، هاندان

**تحريض:** ناچار کردن، هاندان، بزواندن، خستنە سەرحەز

**تحريف:** خوار کردن، گۆڕاندن، گۆڕین، گۆڕینی شێوە و ناوەرۆکی بابەتی کەسێك و جێبەجێ کردنی هەندێ لە وشە و ڕستەکان

**تحريق:** سوتان، سوتاندن، گڕتێبەردان

**تحريك:** هاندان، بزواندان، ناچار کردن، دنەدنەدان، خستنە جوولە، هەڵخڕاندن، جۆکڵەختێ

**تحريم:** حەرام کردن، ڕێگرتن، یاساخ کردن، ناڕەوا کردن

**تحزب:** دەستە دەستە بون، حزبایەتی، کۆبونەوەی خەڵك و لایەنگری کردنی لەبیروڕای کەسێك

**تحزن:** خەمبار بون، مەلولی، خەمۆکی

**تحزين:** مەلول کردن، خەمبار کردن، خەمین کردن

**تحسر:** داخ خواردن، ئاخ هەڵکێشان، هەناسە هەڵکێشان

**تحسير:** ئازاردان، خەمبار کردن، مەلول کردن، بونە هۆکاری ئازاردانی کەسێك

**تحسين:** دەسخۆشی کردن، جوان کردن، ئافەرین کردن

**تحشف:** کۆنەپۆشی، جلی کۆنە و دڕاو لەبەر کردن

**تحشيه:** پەراوێز، پەراوێز دانان، دووریـنی قەراغەکانی جل و بەرگ

**تحصل:** هاتنە بەرهەم، کۆبوونەوە، سەقامگیربوون

**تحصن:** گەمارۆدان، مان کردن، مانگرتن، دەست کێشانەوە لە خواردن و خورادنەوە، لە شوێنێکی بەهێز و قایمدا نیشتەجێ بون

**تحصيل:** بەرهەم هاتن، کۆکردنەوە، خوێندن، بەدەس هێنان

**تحضر:** حازر بون، ئامادە بون لە شوێنێکدا

**تحضير:** ئامادە کردن، حازر کردن

**تحضيض:** هاندان، بزواندن، هەڵخڕان

**تحف:** دیاری، پێشکەشی، خەلاتی

**تحفظ:** خۆپاراستن، خۆپارێزی، وشیار بون، بەئاگابون، دەست پێوە گرتن

**تحفل:** قەرەباڵغی، کۆبونەوەی زۆری خەڵك لە شوێنێك یا لە کۆڕێکدا

**تحفه:** دیاری، پێشکەشی، خەلاتی، پەروو، سەوقات، وەلیفەت

**تحفيل:** کۆکردنەوە، ڕازاندنەوە، خڕ کردنەوە

**تحقد:** ڕق هەڵگرتن، قین کێشان، کینەی کەسێك لە دڵ گرتن

**تحقق:** هاتنەدی، بەدیهاتن، بونە ڕاست، پەیا کردنی ڕاستی یا بینین ڕاستی

**تحقير:** سوك کردن، بە کەم زانین، ئانوت

**تحقيق:** لێکۆڵینەوە، فەکۆڵینـ تووژانەوە، توێژینەوە، پەیجۆری، شوێن کەوتن، پیاچون

**تحکر:** هەنبار کردن، داشارین، فەشارتن، هەنبار کردنی کالآیەك بەمەبەستی گران فرۆشتنی

**تحکم:** حوکم کردن، فەرمان دان، حکومەت کردن بەسەر خەڵکا بەزۆر

**تحکیم:** بەهێز کردن، پایەدار کردن، کەسێك کردنە فەرمانڕەوا لەکار یا بابەتێك

**تحلق:** ئاڵقە ئاڵقە دانیشتنی خەڵك، ئاپۆرە

**تحلی:** رازانەوە، رازیانەوە، جوان بون

**تحلیف:** سوێند دان، قەسەم دان

**تحلیل:** ١- حەلاڵ کردن، بەڕەوا زانین، رەوا کردن ٢- شی کردنەوە، چارەسەر کردن، هەرس کردنی خواردن لەناو گەدە

**تحلیه:** خۆڕازاندنەوە، خۆدەرخستن

**تحمق:** خۆگێل کردن، خۆدان لەنەزانی

**تحمل:** خۆڕاگری، خۆگرتن، دڵفەریی، راوەستاوەیی، بەرگە هێنان

**تحمید:** وەسف کردن، بە گەورە زانین

**تحمیر:** سور کردن، بەڕەنگی سور دەرهێنان

**تحمیق:** بەگێل زانین، بە کەر زانین، کەسێك بە نەحمەق ناوبردن

**تحمیل:** سەپاندن، سەپانن، بەزۆر ملنان، ناچار کردنی کەسێك بۆ لە ئەستۆ گرتنی کارێك

**تحنن:** بەزەیی پیاهاتنەوە، میهرەبانی کردن، شادمان کردن

**تحنی:** ١- کەچ بون، لار، خوار بون ٢- چاکە کردن، چاکەکاری

**تحول:** گۆڕانکاری، گۆڕین لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکیتر، جێبەجێ بون، جێگۆڕین، هەڵگەڕانەوە

**تحویل:** گواستنەوە، فەگۆزین، گوێزانەوە، دانەوە، تەسلیم کردن، دانەوەی شتێك بە خاوەنەکەی

**تحیت:** سلاو کردن، ردود ناردن، بەخێرهێنان، رێز، شوکرانە

**تحیر:** حەیران بون، سەرگەردان بون، سەرگەشتە بون، حەیرانی، پەرێشانی، سەرگەردانی

**تحیز:** جێگە گرتن، جێگوزین بون، گەمارۆدران، ئابڵۆقە دران لە شوێنێك

**تحیض:** بێنوێژی، ژن کە دەکەوێتە نەخۆشی مانگانە، قاعیدە، حەیز

**تخ:** هەویر ترش

**تخادع:** فریودان، هەڵخەڵەتاندن، فێڵ کردن لەیەك

**تخاذل:** ١- هاوکاری نەکردن، دەست نەگرتنی یەك، هاریکاری نەکردن ٢- سست بون، بێ هێز بون، شل بونی پێ

**تخاریب:** کون، هێلانەی هەنگ، کونە زەردەواڵە

**تخاشع:** لەخۆبووردویی، چاوپۆشین لەخۆ

**تخاصم:** دوژمنایەتی، رقەبەری، بەربەرەکانێ، وەستانەوە لەروی یەك، بەگژ یەکدا چون

**تخالط:** تێکەڵ بون، خزمایەتی، دروست بونی پەیوەندی، هاتوچۆ

**تخالف:** خیلاف کردن، تاوان کردن، لاڕێ رۆشتن، ناکۆکی، بەرهەڵستی

**تخبر:** ئاگاداربون، بەخەبەر بون، زانین، پێ زانین

**تخبط:** لاڕێ رۆشتن، بێ ئاوزی

**تخبیر:** خەبەردار کردن، ئاگادار کردن، بەئاگا هێنانەوە

**تخت:** ١- تەخت، کەت، جێی دانیشتن، تەختی پاشاکان ٢- رێك و پێك، ساف، شوێنێك بەرزی و نزمی تیا نەبێت، تەخت

**تخت ابنوسی:** شەو، مەبەست لە شەوە، بەرابەری رۆژ

**تختانی:** پسکن، فسکن، زمانگر، ئەو کەسی زمانی دەیگرێت

**تختخواب:** تەختی خەو، قەرەوێلە، تەختێ نفستنێ، تەختێکی دار یا کانزایی کەلەسەری دەخەون

**تختخه:** فسکی، پسکی، گیرانی زمان

**تختدار:** خاوەن تەخت، پاشا

**تختگاه:** پایەتەخت، شوێنی دانیشتنی پاشاکان

**تخته:** تەختە، چێوی تاشراو، دەپێ دارێ، هەر شتێکی پان و ڕێك و تەختە فەرش، بەمانای تابوتیش بەکار دەبرێت

**تخته پل:** پردی داریـن، پردێك کەلەدار و تەختە دروست کرابێت

**تخته‌قاپو:** نیشتەجێ کردن، دامرکان، جێ نشین کردن

**تخجم:** ناپیرۆز، شوم، تەماحکار، پیچ برمشك

**تخجيل:** شەرمەزار کردن، شەرمێون کردن

**تخدر:** خۆشاردنەوە، خۆڤەشارتن، خۆداشارین، لەبەرچاودا نەمان

**تخدير:** سڕ کردن، بێ هەست کردن، سست کردن، بەنج کردن

**تخديش:** رووشاندن، رووشانن، بریندار کردن

**تخروب:** کون، کونی زەردەواڵە، هێلانەی هەنگ و زەردەواڵە

**تخريب:** وێران کردن، لەناوبردن، رووخاندن، رماندن، تێکدان

**تخريج:** دەر کردن، دەرهێنان، ڤەدەرهاویشتن

**تخريق:** دڕاندن، لەت کردن، کوت کوت کردن، هەڵدڕانن

**تخس:** گەرمی، تا، دڵە تەپە لەتاو ئازار

**تخسير:** گومڕا کردن، لەڕێ دەرکردن، کوشتن، زیان پێگەیاندن

**تخش:** تیر، تیری کەوان، کەوان

**تخش:** سەرەوە، لای سەروو، شوێنی گەورەکان، لای سەروی ماڵ یا هەر شوێنێك

**تخشا:** بزافکەر، تێکۆشەر، هەوڵدەر، کۆشاو

**تخشع:** پاڕانەوە، گریان و شین، لەخۆبورین، چاوپۆشین لەخۆ

**تخشيدن:** هەوڵدان، تێکۆشین، کۆشان

**تخصص:** شارەزایی، لێهاتویی، توانایی، پسپۆڕی، شارەزای لە کار یا هەرچی

**تخصيص:** تایبەت کردن، بۆ دانان، دیاری کردن، تایبەت کردنی شتێك بۆ شتێکیتر

**تخضع:** گریان، شین کردن، لەخۆبورین، نیشاندانی لەخۆبوردویی

**تخضيب:** رەنگ کردن

**تخطي:** هەڵە کردن، تێپەڕین لە سنور، پێ لێ ڕاکێشان

**تخطيط:** خەت کێشان، خەتدار کردنی شتێك

**تخفر:** ١- پەنا بردن، هۆمەن بردن، داوای هاریکاری کردن لەکەسێك ٢- شەرمەزار بون، شەرم کردن

**تخفي:** خۆومشارین، خۆداپۆشین، خۆشاردنەوە

**تخفيف:** سوك کرن، کەم کردنەوە، کەم کردن

**تخلج:** جولە و لەرزین، پەرێشان بون

**تخلخ:** جیابونەوە، پەرت پەرت بونی بەشەکانی شتێك

**تخلص:** رزگار بون، ئازاد بون، ولە ئەدەبیاتدا ئەو نازناوەیە کە شاعیر بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، نازناو

**تخلف:** ١- نافەرمانی کردن، سەرپێچی، بەڵێن شکاندن ٢- دواکەوتن، مانەوە

**تخلق:** خو گرتن، لاسایی کردنەوەی کەسێك عادەتی کەسێك وەرگرتن

**تخلل:** کارتێکەری، کاریگەری دانان، دەرهێنانی شتێك لەنێوان دیان

**تخلي:** تەنیایی، گۆشە گرتن، گۆشەگیری

**تخليد:** جاوید کردن، هەمیشەیی کردن، پایەدار کردن، سەقامگیر کردن

**تخليص:** تایبەت کردن، دانان بۆ، دیاری کردن، ئازاد کردن، بەرەلا کردن، کورت کردنەوە، کورت بێژی یا وتن

**تخليط:** تێکەڵ کردن، ئاوێتە کردن، تێکەڵدان

**تخليع:** جیا کردنەوە، لەیەك کردنەوە، جوێ کردن

**تخليف:** بەجێ هێشتن، دانان لەدوای خۆ، کەسێك کردنە جێگر لەدوای خۆ

**تخليق:** بۆندار کردن، خۆشبون کردن

**تخليل:** دیان ئاژەنین، دەرهێنانی شتێك لەناو دیان

**تخليه:** خاڵی کردن، چۆڵ کردن، بەتاڵ کردن

**تخم:** ١- تۆو، توێم، تۆم، دەنك، دانە، ناوك، ناوكە ٢- هێلكە، هێلكەی مریشك، هێلكەی گونی پیاو یا ئاژەڵی نێر

**تخمدان:** تۆمەدان، تۆودان، تومرە، منالْدان، منالدان، زێدان

**تخم گذار:** هێلكەكەر، هەر ئاژەڵێك كە هێلكە بكات و بەو هۆوە منالْ یا بێچو بەرهەم بێنێت

**تخم مرغ:** هێلكە، هێك، هێگ، خا، هێ

**تخم مرغی:** هێلكەیی، هاوشێوەی هێلكە

**تخمە:** نەژاد، بنەڕەت، بنچینە، ڕەگەز، بەرە

**تخمە:** توو، گوڵەبەڕۆژە، دەنكی كەدو یا گوڵە بەڕۆژە كە سوری دەكەنەوە و چەرەسی لێ دروست دەكەن

**تخمیس:** پێنج بەش كردن، پێنج لا كردن، پێنج لایەنی، پێنج خشتەكی

**تخنیق:** خنكاندن، زەخت كردن لە قورگ بۆ خەفە كردن، قورگ گوشین

**تخویف:** ترساندن، تۆقاندن، زیرە پێكردن، ورە بردن

**تخیر:** هەڵبژاردن، دیاری كردن، هەڵبژارتن

**تخیل:** بیركردنەوە، خەیاڵ كردن، گومان كردن

**تداخل:** خۆتێهەڵقورتاندن، ناویەك كردن، دەست تێومردان، خۆتێ هەڵقوتان

**تدارك:** گەشتنە یەك، ئامادە كردن، گۆڕینەوە، قەرەبو كردنەوە،

**تداعی:** بیرهێنانەوە، كەوتنە بیر، یەكتر بان كردن و كۆبوونەوە

**تدافع:** بەرگری كردن، خۆراگری، دوادانەوە

**تدانی:** نزیك بونە، نزیك كەوتن

**تداول:** لەدەستی یەك وەرگرتن، بەسەرە شتێك لە یەك وەرگرتن، باو بون، بڵاوبونەوە

**تداوی:** تیمار كردن، چارەسەر كردن، دەرمان كردن

**تدبر:** تێفكرین، ئەندێشە كردن، وردبونەوە، وردبینی، بیركردنەوە، چارەئەندێشی

**تدبیر:** وردبونەوە، تێفكرین، ئەندێشە كردن، بیركردنەوە لە ئەنجام و دوماهی كارێك

**تدخین:** دووكەڵ كردن، دوكەڵ كێشان، جگەرەكێشان

**تدرب:** خوو گرتن، عادەت گرتن، عادەت كردن

**تدرج:** پلە پلە، هێدی هێدی، هێمن هێمن، هێمن و لەسەر خۆ لە شتێك نزیك كەوتنەوە

**تدریب:** ڕاهێنان، ئاشنا كردن، عادەت دان

**تدریج:** پلە پلە، هێواش هێواش، هێدی هێدی ئەنجامدانی كارێك

**تدریس:** وانە وتنەوە، وتن، وانەبێژی

**تدفق:** شیرجە، پەڕین بۆناو ئاو، گوزم، خێرایی و گوشاری ئاو لە كاتی ڕۆشتنی

**تدقیق:** وردبونەوە، باریك بینی، چارەئەندێشی، لێكۆڵینەوە

**تدلس:** خۆشاردنەوە، داپۆشین، فەشارتن، حەشاردان،

**تدلك:** خۆشۆرین، دەست پیاهێنان بە جەستە لەكاتی خۆشۆرین، بۆنی خۆش لەخۆدان

**تدلی:** هەڵاواسران، هەڵواسران، خەرمان، ڕاكردن ونزیك بوونەوە

**تدلیس:** داپۆشین، فەشارتن، فریودان، داپۆشنی عەیبی خۆ یا كاڵا، خەڵك هەڵخەڵەتاندن

**تدمیر:** لەناوبردن، وێران كردن، بەفیڕۆدان، كاول كردن، تێكدان

**تدنی:** بەرەبەرە نزیك كەوتنەوە، هاتنەخوار، نەوین

**تدنیس:** چڵكان كردن، پیس كردن، چڵكاوی كردن

**تدویر:** دەوردان، خڕ دروست كردن، بازنەیی

**تدوین:** كۆكردنەوە، دانان، نوسین، شێعر یاپابەتێك لە دەفتەرێكدا كۆكردنەوە و نوسینیان، تۆمار كردن

**تدهین:** ڕۆن پیاساوین، ڕۆن لێدان، چەور كردن

**تدین:** دینداری، دینداربون، باوەڕداربون

**تذاكر:** بیرخستنەوە، ئاگادار كردنەوە، گفتوگۆ كردن،

**تذبذب:** دوودڵی، دڵنیگەرانی، دوردونگی، دوورویی، دودڵبون

**تذرو:** قرقاوڵ، كەڵەشێری سارایی، باڵندەیەكە حەلاڵ گۆشت، چۆڕ

**تذكار:** زیكر كردن، بیرهێنانەوە، بیركەوتنەوە

**تذكر:** بیرخستنەوە، ئاگادار کردنەوە شەرپۆتانە

**تذکرە:** بیرەوەری، هەرچی ببێتە هۆی بیرهێنانەوە، یادداشت

**تذكير:** بیرهێنانەوە، فێرکردن، پەنددان

**تذكيه:** هەلایساندن، خۆش کردنی ئاگر، قورگ برین بۆ ئاژەڵی حەلاڵ گۆشت

**تذلل:** سوك نیشانیدانی خۆ، سوکی، پەستی، نزمی، هیچی

**تذليل:** زەلیل کردن، زەلیل هەژمار کردن، سوك کردن

**تذمم:** ئیراد گرتن، عەیب لێدۆزینەوە

**تذميم:** سەرکۆنە کردن، تانەلێدان، لۆمە کردن

**تذنيب:** درێژە پێدان، بەدواداچون

**تذهيب:** ئاویزێردان، زێرکاری، رازاندنەوەی کتێب و نوسراوە

**تذييل:** پەراوێز، نوسینی پەراوێز لە خوارەوەی لاپەرە

**تر:** تەڕ، تاز، ئاودار، نمدار، دژی وشك، تلیس، تلیسك

**ترا:** دیوار، لەمپەر، ڕێگر، سکر

**تراب:** خاك، زەوی، ئەرد، ئەرز، بەژ، هەرد

**تراب:** دلۆپە، تەرەشوح، چکە، دلۆپە کردنی ئاو یا شلەمەنیەکیتر لە دەفرێك

**ترابش:** بڕوانە ترابیدن

**ترابيدن:** دلۆپە کردن، دادان، تکان، تنۆکە کردن

**تراجع:** گەڕانەوە، فەگەڕیان، گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆ

**تراجم:** شەڕبەرد، بەرد گرتنە یەك، بەرد بۆ یەك هاویشتن

**تراجم:** وەرگێر، وەرگێرەکان

**تراخم:** درەنگ کردن، درەنگی، سستی، درەنگ، دواخستن

**تراز:** زینەت، ئارایشت، نەخش و نیگار، خەمڵ

**تراز:** تراز، ئامرازێکە کە بەهۆیەوە بەرزی و نزمیایی شوێنێك دیاری دەکەن

**ترازو:** شایەن، کێشانە، تەرازو، میزان، ترازی، ئامرازی کێشانە کردن

**ترازوی زر:** خۆر، هەتاو

**تراژدی:** تراژیدیا، تراژدی، نمایشتی خەمبزێن، کارەسات، روداوی دڵتەزێن، بەبەختی

**تراس:** پشت بان، سەربان، هەیوان،

**تراش:** بڕوانە تراشیدن

**تراشکار:** تراشکار، کەسێك کە کاری تاشین و تراشی کانزاکان بە کەرەستە کارەباییەکانە

**تراشیدن:** تاشین، تراشە، تراشین، لێکردنەوەی مو لە جەستە بە گوێزان، جیاکردنەوەی توێکڵ یا وەرەقە ناسکەکان لە دار یا کانزا بە سۆهان یا هەر شتێکیتر

**تراضي:** رازی بون، رەزامەندی، شادمانی لەیەك

**ترافق:** هاوڕێ یەتی، هاوڕایی، پێکەوە بوون، بوونە هاوڕێ ی یەك

**ترافیك:** ترافیك، قەرباڵغی، هاتوچۆ، هاتوچۆی کەرەستەکانی گواستنەوە

**تراك:** رەخنە، کەڵێن، کەلێن، قەڵشت، درز

**تراکتور:** تراکتۆر، مەکینە، جۆرێك ترۆمبێل کە لەکاری کشتوکاڵدا بەکار دەبرێت

**تراکم:** کەڵەکە بون، لەسەر یەك دانرا، خڕبونەوە، کۆگابون، بەسەر یەکا کەوتن

**ترانه:** گۆرانی، ئاواز، دیلانە، باڵۆرە، سرود

**تراوش:** بڕوانە تراویدن

**تراویدن:** چکە کوردن، پۆرە کردن، تکەتك، دلۆپە کردن، دەلانن، دەڵیان

**تراهي:** تازە پێگەشتو، میوەی تازە گەشتو

**ترب:** تور، ترپ، تفر، تفرێت مەزن

**ترب:** فێڵ، فریو، مەکر، ناز، زمانچەوری، زۆربڵەیی

**ترب:** خاك، زەوی، عەرد، هەرد

**ترب:** هاوتەمەن، هاوساڵ، هاوزا

**تربار:** بڕوانە ترەبار

**تربت:** گڵکۆ، ئارامگا، مەزار، گۆڕ، قەبر، خاك

**تربچه:** تور، ترفیتی بچوك، ترپ

**تربز:** شوتی، هەنی

**تربسه:** رەنگین کەوان، پەلکە زێرینە، کۆڵکە زێرینە، کەسکوسور

**تربص:** چاوەڕوانی، چاوەنواڕی، چاولەڕێ بون

**تربی:** پەروەرد کردن، ڕاهێنان، ڕاهێناندن

**تربیت:** پەروەردە کردن، ڕاهێنان، بارهێنان، نیشاندان، فێرکردنی باشە

**تربیع:** چواربەش کردن، چوارسوچی، چوار لایەنی، چواری، چواردانەیی

**ترپیاز:** تەرە پیاز، تەڕەپیواز، پیازی گەڵا

**ترپیل یا ترپی:** ئەژدەر، جۆرێك سیلاحی شەڕە دژی ژێردەریایی

**ترتب:** ڕاستی، ڕێك و پێكی، ڕاست و دروستی، پشت سەری یەك هاتن

**ترت و مرت:** تارومار، لەت و پەت، لەناوچو

**ترتیب:** ڕیز، سەقامگیر کردن، ڕێکخستن، دانان لەشوێنی خۆ، ساماندان

**ترتیزك:** تەرەتیزە، تەرەتوورە، گیایەکی یەك ساڵەیە و لە ژماری سەوزیەکاندا هەژمار دەکرێت و شیاوە بۆ خواردن

**ترجح:** لەپێشی، پێش کەوتن، پێشی گرتن

**ترجمان:** وەرگێڕ، پاچڤەکەر، کەسێك کە دوزمان بزانێت و بابەتێك یا کتێبێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر بگۆڕێت

**ترجمە:** وەرگێڕان، پاچڤە، هەڵگەڕاندنەوە، پاچڤە کردن

**ترجی:** هیواداربون، هیواداری، ئومێدواری، ئومێد

**ترجیح:** بەباش زانین، لەپێشی، سەرخستن، هەڤیان کردن

**ترح:** خەم، کەسەر، پەژارە، خەفەت، دڵتەنگی

**ترحال:** کۆچ کردن، گواستنەوە، بارکردن، کۆچان، کۆچین

**ترحل:** کۆچ کردن، گواستنەوە، کۆچان

**ترحم:** بەزەیی، بەزەیی پیاهاتنەوە، دڵسوتان، پێ سوتان، دڵنەوایی، چاکە کردن

**ترحیب:** سڵاو کردن، بەخێرهێنان

**ترحیل:** کۆچدان، کۆچاندن، ناچار کردن بە کۆچ

**ترحیم:** چاکە کردن، سڵاو ناردن، داوای بەخشین

**ترخان:** بڕوانە ترخون

**ترخص:** مۆڵەت، مۆڵەت وەرگرتن، ئیزندان، ڕەوا بون

**ترخوانە:** ترخێنە، شەلین، شێلم، چێشتی شێلم و دان

**ترخون:** تەرخون، جۆرێك سەوزی خواردن

**ترخیص:** مۆڵەتدان، ئیزندان، بەردان، ڕێگە پێدان، هەرزان کردن

**ترخیم:** نەرم کردنی وتار یا دەنگ، کلك بڕین، پچڕاندنی قسە

**ترخینە:** بڕوانە ترخوانە

**ترد:** زو شکێن، ناسك، تەروتازە، هەر شتێك کە زو بشکێت، تەنك

**تردامن:** داوێن پیس، ژنباز، مێباز، کەسێك کە داوێنی بە گوناح و خراپەکاری پیس بکات، فاسق

**تردد:** ١- دودڵی، گومان، دردونگی ٢- هات و چۆ، هاتن و چون ٣- ئیسهالی، سك چون، بە مانای نەخۆشی سك چونیش بەکار دەبرێت

**تردست:** چالاك، دەست ڕەنگین، زرەنگ، شارەزا، وەستا، کەسێك کە شتێك یا کارێك بە سانایی و خێرایی ئەنجام بدات

**تردماغ:** لوت بەرز، خۆشحاڵ، شادمان، دەم بە بزە

**تردید:** ١- گەڕاندنەوە، بەرپەرچ دانەوە، وەگەڕیان ٢- دودڵ بون، گومان، دوردونگی

**ترزبان:** زمان تەر، پاراو، شەیدا، کەسێك کە بە پاراوی وتەکان دێنێتە سەر زمان

**ترزدە:** قەباڵە، قەواڵە، تاپۆ، قەواڵەی ماڵ و مڵك و باخ و هاوشێوەکانی

**ترزفان:** بڕوانە ترزبان

**ترس:** ترس، زات چون، سام، باك، ساف، زاور، دژی بوێری و چاونەترسی

**ترس:** سپەر، قەڵغان، سپێری پۆڵایین

**ترسا:** ترساو، ترسەنۆك، ڕاهیب، مەسیحی، لایەنگرانی عیسا

**ترسان:** ترساو، زاتچو، ترسەنۆك

**ترساندن:** ترساندن، تۆقاندن، زات بردن، زراو خستن، دڵ خستن

**ترسکار:** لەخوا ترس، خۆپارێز، پارسا

**ترسل:** نامەنوسین، نوسین

**ترسناك:** ترسناك، پرترس، ترسێنەر، بەربجاڤ

**ترسنده جان:** ترسەنۆك، ئەوەی لەگیانی خۆی بترسێت

**ترسو:** ترسەنۆك، ترسۆنەك، ئەوەی دەترسێت، بێ زات

**ترسه:** کۆلکە زێرینە، پەلکە زێرینە

**ترسیدن:** ترسان، ترسیان، زراوچون، زات نەمان، دڵ لەدەست دان، نەوێران

**ترسیم:** کێشان، رەسم کێشان، نەخشە کێشان

**ترش:** ترش، مزر، تورش، تون، هەر شتێك تامی ترش بێت، چێژی دەم کۆوەکەر، بەرابەری شیرین

**ترشا:** ترشاو، ترشین

**ترشابه:** سماق، توتم

**ترشح:** دڵۆپە کردن، دادان، دەلاندن، دەڵیان، بارینی کەم، چۆڕە کردن

**ترشرو:** روو گرژ، ناوچاومۆن، ناوچاوتاڵ، گرژ، رووتاڵ، تاڵ

**ترشش:** چکان، دەلان، دەڵیان، دڵۆپە، چکەکردنی ئاو یا هەر شلەمەنیەکیتر

**ترشك:** ترشۆکە، ترشەلۆك، ترشۆك، گیایەکە ترش لە دەشت و دەر دەڕوێ

**ترش و شیرین:** ترش و شیرین، مێخۆش

**ترشه:** بڕوانە ترشك

**ترشی:** ترشی، ترشیات، چێژی ترش، سەوزی و میوەی وەك بایەنجان و خەیار و ترۆزی و سیر و پیاز کە لەناو سرکە دایدەنێن تا تامەکەیان ترش بێت و بۆ بزواندنی ئشتیا کەڵکی لێوەردەگرن

**ترشی پالا:** ترش پاڵێو، ترشی پاڵێف، دەفرێکی کون کونی کانزایی کە شتی تیا دەپاڵێون

**ترشیدن:** ترشان، ترشیان، ترشین، ترش بون

**ترشینك:** بڕوانە ترشك

**ترصد:** چاوەڕێ بون، چاودێری کردن، چاو بڕینی کەسێك یا شتێك، پاسەوانی کردن

**ترصیع:** زێر نیشان کردن، زێڕدار کردن،

**ترضي:** رەزامەند کردن، رازی کردنی کەسێك

**ترضیه:** رازی کردن، رەزامەند کردن، شادمان کردن، خۆشحاڵ کردن

**ترطب:** نمدار بون، تەڕی، تلیسی، تەربون

**ترطیب:** تەڕ کردن، نمدار کردن، تلیسان، تلیساندن

**ترع:** بڕوانە ترعە

**ترعه:** درگا، قەراغ، دەم، زار، باخچە، دەمی جۆگە یا حەوز، روبارێکی گەورە و قوڵ کەلەنێوان دو دەریا دروست دەکرێت، کاناڵ، کارێز

**ترعیب:** ترساندن، زات بردن، تۆقاندن

**ترغ:** ئەسپی سور رەنگ

**ترغازه:** سەرکێش، زاڵ، یاخی

**ترغاك:** پاسداری، پاسەوانی، کێشك دان، ئێشك گرتن

**ترغده:** ترەنجاو، پلیشاو، دەردەدار، ئەندامێك لە جەستە کە ئازاری هەبێت

**ترغیب:** هاندان، هەڵنان، دەست لە پشت نان، پاڵ پێوەنان

**ترف:** رابواردن، شادمانی ژیان، بەختەوەری،

**ترفان:** بڕوانە ترزبان

**ترفت:** نیعمەت، ئاسایش، ئارامی، ژیان لەو پەڕی خۆشیدا

**ترفض:** شکان، پرژ و بڵاوبون، پەرێشان بون

**ترفع:** بەرزبونەوە، پێشی گرتن، پێشکەوتن، سەربەرزی، سەرفەرازی، غروور، لەخۆبایی بون

**ترفق:** نەرمی کردن، نەرمی نواندن، هاوڕێیەتی کردن

**ترفل:** خەرامین، خەرامان، بەناز رۆشتن بە رێگادا

**ترفنج:** سەخت، دژوار، رەق، رێگەی باریك و دژوار

**ترفند:** فێڵ، پیلان، تەشقەڵە، داو، تەڵە، گزی، گەمڕ، فروفێڵ، درەو، سەختە

**ترفه:** ئاسوودەی، ئارمی، لە ئاسودەیدا ژیان بەسەر بردن

**ترفیع:** بەرز کردنەوە، بەرز بونەوە، هەلگرتن، دوور کردنەوە

**ترفیل:** گەورە کردن، درێژ کردنی داوێن

**ترقب:** چاوەڕێ بون، چاودێری کردن، چاوەڕوانی، چاوەنواڕی

**ترقص:** سەما، هەڵپەڕین، سەما کردن، هەڵبەز و دابەز بەخێرایی

**ترقی:** بەرزبونەوە، پێشکەوتن، گەشتنە پێگەی بەرزتر

**ترقیع:** پینە کردن، پێوە دورین، لکاندن، پینەپەڕۆ

**ترقیم:** ژمارە لێدان، هێڵ کێشان، نوسین

**ترك:** کلاخود، کلاوی ئاسنی کە بۆ شەڕ لەسەری دەکەن

**ترك:** تەڕ، نمدار، تەر و تازە، هەروەها بە مانای کچێ مێرد نەدیتویش دێت

**ترك:** زرمە، دەنگی کە لە کەوتنی یا شکانی شتێك بەرز دەبێتەوە

**ترك:** بەجێهێشتن، دەست لێهەلگرتن، واز لێهێنان

**ترك:** تورك، تایەفەیەکی گەورە لە نەژادی زەرد کە لە کۆندا لە تورسکتان و باکوری چین نیشتەجێ بون و نەتەوەی مەغۆڵیش بەشێك لەوان بون و لە سەدەی شەشەمی زایین بەرەو ئێران و ئاسیای بچوك و هەندێکیان بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد وەك عوسمانیەکان وتورکمەنەکان

**ترکان یا ترکن:** خاتون، خاتو، بانو، نازناوێکە کە بۆ ژنە بەرێز و گەورەکان بەکار دەبرێت

**ترکاندن:** ترەکاندن، تەقاندن، درز تێکردن، قەڵشتان، قەڵشان

**ترکب:** لەسەر یەك سوار بون، پەیوەست بون بە یەکتری، بەهێزبون

**ترك جوش:** گۆشتی نیوە کوڵاو، ئاوگۆشت یا خواردنێك کە گۆشتەکەی بە تەواوی نەکوڵێت

**ترکش:** تیردان، تیردانك، شوێنی هەلگرتنی تیر لە کۆن کە کیسە یا شتێکی هاوشێوە بو

**ترکمان یا ترکمن:** تورکامن، تورك ئاسا، هاوشێوەی تورك. و هەروەها ناوی تایەفەیەکی گەورە کە زیاتر لە گورگان تورکمەن سارا دا نیشتەجێن

**ترکن:** بڕوانە ترکان

**ترکند:** بڕوانە ترفند

**ترکە:** پاشماوە، میرات، هەرشتێکی ماوە یا بەجێماو

**ترکیب:** سوار کردن، پەیوەست کردنی دوشت، تێکەڵ کردن

**ترکیدن:** ترەکیان، ترەکین، تەقان، تەقین، درز تێکەوتن، درز بردن

**ترلان:** تەڕلانت، بازی سپی، بازی ئازا و ڕاوچی

**ترلك یا ترلیك:** ١- قۆل کورت، نیوقۆڵ، هەر کراسێکی نیوقۆڵ ٢- دەم پێ یی، نەعال، نەعل، سەرپێیی

**ترلیون یا تریلیون:** ترلیۆن، هەزار میلیارد، هەزار بلیۆن

**ترم:** گەرماپێو، پێوانیەك کە لە بەرهەمهێنانی گاز بۆ پێوانە کردنی گەرمی بەکار دەبرێت

**ترم:** کۆتایی، دوماهی، سەرئەندام، مۆڵەت، ماوە، کات، بەش، سنور، ئاست، ڕادە

**ترمب ترمب:** زرم زرم، دم دم، دمبەك دمبەك، دەنگی دەهۆڵ

**ترمز:** تورمز، ئیستۆپ، وشەیەکە وەرگیراو لە ڕوسی، ئامرازێکە لە ترۆمبێل و ماتۆر و پاسکیل کە بە زەخت لێکردنی جووڵە و خێرایی کەم دەکەنەوە یا دەیوەستێنن کە چەند جۆرێکی هەیە و زیاتر بە هەوا یا ئاو یا ڕۆن کار دەکات

**ترمس:** تەرمۆس، تەرمۆز، فلاسك، قومقومەی ئاو، دەفری هەلگرتنی ئاو بۆ ڕێگای دوور یا لە کاتی شەڕدا

**ترمیم:** چاك کردنەوە، سەرلەنوێ دەسکاری کردنەوە، ساغ کردنەوە

**ترمینال:** کۆتایی، دوماهیی، ئاخریی

**ترن:** شەمەندەفەر، قەتار، قیتار، قیتاری سەر ڕێی ئاسن

**ترنانه:** تریت، تشریب، هەر شتێك كەبەنان بیخۆن وەك ماست و شیر و دۆشاو

**ترنجیدن:** ترمنجان، گرژ بون، قرژ بون، هەڵقرچان، گوشرانت، خەمۆك بون

**ترنج:** رەتەڵ بردن، بەم لاولادا کەوتن لەبەر مەستی یا شەرخۆشی

**ترنم:** خوێندن، ئاواز خوێندن بە دەنگی خۆش

**ترنیــان:** سەوەتە، سەبەتە، سەوەتە کە لە توول دورستی دەکەن

**تروال:** شڤك، لقی ناسكی دار- تول، چلی ناسكی دار، گەلای گیا

**تروپ:** دەستە، گروپ، کۆمەڵ، تاقمێك لەخەڵك كە هاوکار یا لەسەر پیشە بن

**ترور:** ترسی زۆر، و لە سیاسەت دا بەمانای کوشتنی نەیاران بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی کەسێك یا شێوازێك

**تروریست:** تیرۆریست- ئەو کەسەی کاری تیرۆر ئەنجام دەدات

**تروریسم:** ترۆریسم، شێوەی ئەو کەسانەی بە کوشت و بڕ خەڵك دەترسێنن و ناچار دەکەن بۆ سەر ڕێگای ئەوان یا باوەڕ بە باوەڕەکەی ئەوان بێنن

**تروند:** بڕوانە ترفند

**تروند:** تەرمبار، میوەی تازە، نۆبەرە، میوەی تازە پێگەشتو

**تروی:** ئەندێشە کردن، تێفکرین، بیرکردنەوە، رامان، تێ رامان

**ترویج:** پەرەپێدان، بڵاو کردنەوە، باو پێدان، باودان، گەشە پێدان

**ترویح:** ئاسانکاری، ئارامی گەیاندن، باوەشێن کردنی کەسێك بۆ حەوانەوەی

**ترویحه:** کۆڕ، دانیشتن

**ترویه:** تێرئاو کردن، ئاودان، ئاو هەڵگرتن بۆ سەفەرە

**ترهات:** قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت، بێهۆ، فیرۆ، قسەی بێ بنەما و دوور لە راستی

**ترهب:** راهیبی، بونە راهیب، پەرستین، پاڕانەوە لە خوا

**ترهبار:** تەرمبار، عەلوەکە، شوێنی فرۆشتنی جۆرەکانی میوە و سەوزی

**ترەتیزك:** تەرەتیزە

**ترهه:** قسەی هیچ، پوچ، هەڵیت و پڵیت، بێ مانا

**ترهیب:** ترساندن، تۆقاندن، زات بردن، زراو خستن

**ترياق:** تریاق، دژە ژەهر، دەرمانێکە دژی ژەهر کە لە وندا لە پزیشکیدا بەکار دەبرا

**تریاك:** تلیاك، تلیاك، تریاك، ئەفیون، سرکەرشیرەیەك کە لە پێستی خەشخاش دەگیرێت. پێستی سەوزی خەشخاش بە ئامرازێکی تایبەت دەقڵیشێنن و لەو قەڵشانە شیرەیەکی سپی رەنگ دێتەدەر کە لەبەر هەوا رەق و بۆ قاوەیی رەنگ دەگۆڕێت. تامەکەی زۆر تاڵە و بۆنێکی تایبەتی هەیە، لە ئاودا دەتوێتەوە و لەبەر گەرما نەرم دەبێت. بۆ ئازار و ژانە سك و سك چون کاریگەرە.. ریخۆڵە و گەدە سڕدەکات. کاری هەرس کردن دژوار و تینویەتی لەگەڵ خۆیدا دێنێت. خواردنی زۆر کوشەندەیە

**تریاکی:** تلیاکی، تریاکی، کەسێك کە بەکێشانی تریالك عادەتی گرتوە، خوو گرتو

**تریبون:** تریبۆن، کورسی وتاردان، کورسی قسە کردن کە لەشوێنێکی بەرز لە هۆڵی قسە کردن دایدەنێن

**تریت:** تریت، تێکوشرا، تێکوشین، نان کردن ناو ئاوگۆشت، نانێك کەلەناو هەر جۆرە خورادنێك تریتی دەکەن و دەیخۆن، تلیت

**ترید:** بڕوانە تریت

**تریز:** داوێن، داوێنی جل و بەرگ، دەهمنا جلکێ، دانگ

**تریك:** پاشماوە، بۆڵە تری یا خورما کە دنکەکانیان خواردبێت

**تریکه:** قەیرە، پیرەکچ، بێوە کچ، کچێك کە لەماڵی باوکدا مابێتەوە و کەس نەیهێنابێت

**ترین:** تر، ترین، وشەیەکە کە لەدوای هەندێ وشەوە دێت و نیشانەی لە پێشی و لەپێشی زیاتری

پێدەبەخشێت، وەك باش ترین، چاك ترین، یا چاك تر، باش تر

**تریـوە:** ڕێگەی پڕهەوراز و نشێو، ڕێگایەك بەرزی و نزمی زۆری تیا بێت، ڕێگای پڕکەند و کور

**تز:** تاس، کەچەڵ، بێ مو

**تز:** باس، لێکۆڵینەوە، نامە، بابەتێکی پێشنیار کراو بۆ باس و سەلاندن، ئەو باس یا نامەی خوێندکارانی زانکۆ لە کۆتایی زانکۆ دەبێت پێشکەش بکەن

**تزاجر:** ڕێگە گرتن لەیەك بۆ ئەنجامدانی کارێك

**تزاحم:** کۆبونەوە، خڕبونەوە، قەرەباڵغی، کۆما بون، قەرەباڵغی خەڵك و پاڵ نان لەیەك

**تزار:** تزار، قەیسەر، نازناوی پاشاکانی کۆنی ڕوسیە کە تا شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەو وڵاتەدا پاشایەتیان دەکرد

**تـزاوج:** جـوت بـوون، نزیکی کـردن، هاوسەرگیری، بەستنی پەیوەندی ژن و مێردایەتی

**تزاید:** زیاد بوون، فراوان بوون، فەریی، زیا کردن، زیادی، فراوانی

**تزبیب:** وشك کردن، وشك کردنی ترێ یا کردنی بە کشمیش

**تزجیە:** ڕۆژگار بەسەر بردن، لەسەر خۆ کات بەسەر بردن

**تزریق:** لێدان، وەشاندن، فەشانن، کردنە ناوی دەرمانی گیراوە بۆ ژێر پێست بە هۆی شرینقەوە، دەرزی لێدان

**تزعـزع:** جووڵە، بزاوتن، ڕاتەکاندن، لە شوێنی خۆ جولان، بزوتنەوە

**تزك:** پەوەردە کردن، ڕاهێنان، ساماندان، ڕازاندنەوە

**تزکی:** پاك بون، خاوێن بون، بەخشین، زیاد کردن، زۆر بون

**تزکیە:** پاك کردن، خاوێن کردن، پاقژ کردن، بێ گەرد کردن، زەکات دان

**تزلـزل:** لەرزین، سست بـون، لـەرین، دڵـەراوکێ، پەرێشانی

**تزمیل:** پێچان، شاردنەوە، نهێن کردنی شتێك

**تـزوج:** جـوت بـون، ژن هێنـان، مێرد کـردن، لە یەك هاڵان

**تزود:** توێشو هەڵگرتن، دروست کردنی توێشو

**تزویج:** ژن هێنان بۆ پیاو، کچ بە شودان، هاوسەرگیری، پەیوەندی ژن و مێردایەتی بەستن

**تزویـر:** درۆ، درۆ کـردن، مـەکر کـردن، ڕازاندنـەوەی کەلام یا وتار بە شتێکی درۆینە، درۆینە، فریودان، دووڕوویی، هەڵخەڵەتاندن، چاچەقول، چاچۆڵە

**تزهد:** خۆپارێزی، خواترسی، لە خوا ترسیان

**تزهیـد:** نائارەزومەنـد کـردن، ئامـەزرۆی کارێـك لـە کەسێك سەندنەوە، هان نەدان، دژی هان دان

**تزیدن:** کێشان، دەرکێشان، دەرهێنان

**تزین:** ڕازانەوە، ڕازیانەوە، خەملاندن

**تزیید:** زیاد کردن، زۆربون، فراوانی، فەریی، زیادی

**تـزیین:** ڕازاندنـەوە، خەملانـدن، نەخـشاندن، جـوان کردن، ڕازیان

**تس:** تس، بایەکی بێدەنگ کە لە قن دەردەچێت، بای بۆندار

**تس:** شەقازلە، شەقەزللە، شەپازلە

**تـسائل:** لەیـەك پرسین، پرسیار کـردن، داوار کردنـی شتێك لەیەك

**تسابق:** پێشی گرتن، پێشکەوتن، پێش گرتن لەیەك

**تساحة:** کرۆکۆدیل، تمساح، نەهەنگ

**تـسارع:** پەلـە کـردن، بەلـەز بـون، هەسـتان و پێـشی کەوتن لە کارێك

**تـساقط:** یـەك لـەدوای یـەك کـەوتن، خۆخـستنە سـەر شتێك، خۆ هەڵدان، کەوتن

**تسالم:** ئاشتی کـردن، ئاشتی، سازان، گونجان، پێکەوە هەڵکردن

**تـسامح:** ئاسـان گـرتن، هـسانکاری بـۆ یـەك، لـە خۆبوردوویی، چاولێ پۆشین

**تسامع:** لەیەك بیستن، لە یەك گێڕانەوە و بیستن

**تـساوی:** یەکـسان، بەرابـەر، هاویـەکی، لێکـچونی، بەرابەری

**تساهل:** ئاسانكاری، ئاسانگیری، بە سانایی وەرگرتن، کەمتەرخەمی، زەخت نەکردن لەیەك، گوشار نەهێنانە سەر یەکتر
**تسبب:** سەبەبکار، هۆکار، بەدوای هۆ وهۆکاردا گەران
**تسبیب:** سەبە دروست کردن، کردنە سەبەب، داتاشینی هۆکار بۆ شتێك یا کارێك
**تسبیح:** تەزبێح، سبحان اللە وتن، بیرهێنانەوەی خوا بەپاکی
**تسبیع:** حەوت بەشی، حەوت لایەنی، حەوتی، حەوت بەش کردن
**تسبیغ:** منداڵ خستنەوە، منداڵ خستنی وشترێك کە نزیك لە زانە
**تسبیل:** بەخشن لە رێگای خوا، ئاو بە خۆرایی دان بەهەموان
**تست:** تاقی کردنەوە، ئەزمون، هەڵسەنگاندن
**تستر:** داپۆشران، خۆحەشاردان، خۆداشاردن
**تستیر:** داپۆشین، فەشارتن، داشارین
**تسجیع:** بە پاراوی ئاخاوتن
**تسجیل:** تۆمار کردن، بەهێز کردن، سەقامگیری، مۆر کردنی قەواڵە، بەڵێن و پەیمان دان
**تسحب:** ١- ناز کردن، مەکرد کردن٢- زێدەرۆیی کردن لە خواردن و خواردنەوە
**تسحر:** ناشتایی، خواردنی ناشتایی، نانی بەیانی خواردن
**تسحیر:** ناشتایی دان، نانی بەیانی دان بە کەسێك یا بە ئەندمانی ماڵەوە
**تسخر:** رام بون، دەستەمۆبون، کاری بێ کرێ کردن. بەمانای گاڵتە و قەشمەری کردن بە کەسێکیش دێت
**تسخط:** رق هەڵگرتن، نارەزامەندی، پێ ناخۆش بون، ناشادمانی
**تسخیر:** داگیر کردن، فەرمانبرداری کردن، گوێڕایەڵی، تێکشکان، ناچار کردن بە کاری بێ کرێ، زاڵ بون بەسەر
**تسخین:** گەرم کردن، دژی سارد و فێن کردن

**تسدد:** راست بوونەوە، وەستان، بەهێزی، سەقامگیری
**تسدید:** راست کرد، رێك و پێك کردن، رێنوێنی کردنی کەسێك بۆ رێگای راست
**تسدیس:** شەش بەش کردن، شە لا کردن، شەشی، شەش دانەیی
**تسرع:** پەلە کردن، خێرایی، بەلەز بون و پەلە کردن لە ئەنجامدانی کارێك
**تسریح:** واز لێ هێنان، بەرەڵا کردن، ناردن، رەوانە کردن، لە لەوەرگا بەرەڵا کردنی مەڕ و ماڵات، تەڵاق دانی ژن
**تسریع:** خێرایی، پەلە کردن، هەڵەداونا بون لە کارێکدا
**تسطح:** پان بون، بەرین بون، راخران، بەربڵاوبون
**تسطیح:** راخستن، بەربڵاوکردن، بەرین کردن،
**تسطیر:** هێڵ کێشان، نوسین، ریز کردنی دێرەکان
**تسع:** یەك لەسەر نۆ، نۆیەکی شتێك
**تسع:** نۆ، ٩، ژمارەی نۆ
**تسعون:** نەوەد، ٩٠
**تسعیر:** نرخ دانان، بەهادانان، بایی دانان لەسەر شتێك
**تسفل:** پەست بون، نەوی بون، کەوتنە خوار، بۆ نشێو دابەزین
**تسفە:** خۆ بە گێلی نیشاندان، حۆڵی، نەزانی
**تسفیە:** بە نەزان زانینی کەسێك، بە حۆڵ و گێژ هەژمار کردنی کەسێك
**تسقط:** دوزمانی، بوختان، درۆ هەڵبەستن بۆ کەسێك، بە دوای هەڵە و تاوانی کەساندا گەڕان
**تسقف:** ئوسقۆف، قەشەیی، بونە قەشە
**تسقیف:** ١- سەقف دروست کردن٢- کەسێك کردنە قەشە
**تسقیم:** نەخۆش کردن، نەخۆش خستن
**تسقیە:** ئاودان، تێراو کردن
**تسکن:** ١- هەژاری، نەداری، دەستکورتی ٢- نارامی، ئۆقرەیی، ئۆخژن گرتن، حەوانەوە
**تسکین:** ئارام کردن، ئۆقرە پێدان، ئۆخژن گرتن، دڵنەوایی کردنی کەسێك

**تسلسل:** ریز لە دوای ریز، پەیوەست بون، یەك لە دوای یەك هاتن، پەیوەست بون وەك زنجیر

**تسلگ:** زاڵبون، سەرکەوتن بەسەر، دەست گرتن بەسەر کەسێك یا شتێك

**تسلف:** قەرز کردن، وام وەرگرتن

**تسلم:** وەرگرتن، رازی بون، باوەرهێنان بە ئیسلام

**تسلی:** ئارام بونەوە، رەزامەندی، دڵخۆشی، شادمان و بێ خەم بون، بێ خەمی، نۆخۆزن گرتن لە خەم و پەژارە

**تسلیت:** سەرەخۆشی، شادمان کردنی کەسێك، دڵخۆشی دانەوە، دڵنەوایی کردن، کەسێك لە خەم و ئازار دەرهێنان

**تسلیح:** چەکدار کردن، تەیار کردن بەچەك

**تسلیط:** زاڵ کردن، دەسەلات بەخشین بە کەسێك، دیاری کردنی کەسێك بۆ فەرمانرەوایی لەسەر کەسانیتر

**تسلیم:** تەسلیم، ملکەچی، رام بون، دەستەمۆ بون، سەر سپاردن

**تسمن:** قەڵەو بون، زڵ بون، رۆندار بون، بونی چەوری زۆر

**تسمه:** تەسمە، قایشی چەرمی کە لە پشتی خۆ یا شتێکی دەبەستن

**تسمی:** ناوبران بە...، گەرانەوە یا پەیوەست بون بە کەسێك یا تایفەیەك

**تسمیط:** بێدەنگ بون، هەڵاوسین، هەڵواسینی شتێك بە گەردن

**تسمین:** قەڵەو کردن، رۆندار کردن، دابەستن

**تسمیه:** ناونا، ناولێنان، بەناو بانگ کردن

**تسنن:** رازی بون بە سونەت، پەیرەوی سونەت بون، شێوازی ئەهلی سونەت کە دوای پێغەمبەر ئەبوبەکر بە یەکەم خەلیفە دەزانن بە پێچەوانەی شیعەکان کە عەلی بە خەلیفە دەزانن

**تسنیم:** پڕ کردن، سەرڕێژ کردن، لێوانلێو کردن، لیپاولیپ کردن، بەرز کردنەوە و هێنانە سەری شتێك. وە دەڵێن ناوی کانیەکە لە بەهەشت

**تسو:** یەك کاتژمێر، یەك بەش لە بیست و چارە بەشی شەوانە رۆژ

**تسوق:** بازاڕ گەرمی، گەڕان بەناو بازاڕدا بۆ کڕین و فرۆش

**تسوید:** رەش کردن، رەش کردنەوەی کاغەز، نوسین

**تسویغ:** بەخشین، بەرەوا زانین، رەوا کردن

**تسویف:** ئەمرۆ سبەی کردن، بەڵێنی ئەمڕۆ و بەیانی دان، سەرکار خستن

**تسویل:** رازاندنەوەی شتێك بۆ فریودان و گومڕا کردن، فریوکاری

**تسویه:** یەکسان کردن، بەرابەری کردن، راست کردن، راست کردنەوە

**تسهل:** ئاسان بون، سانایی، راحەتی

**تسهیل:** ئاسان کردن، سانا کردن، سووك کردن

**تسهیم:** بەش بەش کردن، پرتکە پرتکە کردنی شتێك

**تسیع:** نۆ لەسەر یەك، نۆ یەك

**تسییر:** دوور خستنەوە، راونان، بەرێخستن

**تش:** ئاگر، ئاور، گڕ، ئاتیش

**تش:** تەشوێ، چەکوش

**تش:** تینو، تونی، تێهنی

**تشائم:** رەشبینی، پێچەوانەی گەشبینی، بەدگومانی

**تشابه:** لێکچون، هاویەکی، هاوشێوەیی، هاوشێوە بون، وەك یەکی

**تشاجر:** شەڕ کردن، پێك هەڵپرژان

**تشارك:** بوونە شەریك، شەریکایەتی، هاوبەشی، هاوپشك بون

**تشاغل:** خۆسەرقاڵ کردن، خۆخافڵاندن، سەرقاڵ بون بەکارێك بە رواڵەت

**تشاکل:** هاوشێوەیی، لێکچون، وەك یەك بون

**تشاکی:** گلەیی، گازندە کردن لەیەك، شکات کردن لە یەك، بە پرتە و بۆڵە

**تشاور:** راوێژ، راوێژ کردن، پرس کردن

**تشبث:** تەشەبوز، خۆهەڵاواسین بە شتێك

**تشبه:** هاوشێوە بون، لێکچون، هاویەکی، وەك یەك بون

**تشبیب:** بیرهێنانەوە دەورانی گەنجیەتی، بیرەوەری

**تشبیه:** تەشبی، شوبهاندن، هاوشێوە کردن بە شتێك، هاویەکی کردن لەگەڵ شتێك، بەراوەرد کردن، لێ چواندن

**تشت:** تەشت، تاس، تەشتە، دەفری گەورە بۆ جل شۆرین، تەست

**تشتت:** بلاوبون، پرژ وز بلاو بون، پەیریشانی، بەربلاوی

**تشتك:** تەشتی بچوك

**تشتیت:** پرژ و بلاو کردن، پەخشان کردن،

**تشجیع:** وره پێدان، زات بەرنان، بوێر کردن، دڵ پێدان، وره بەرنان، بەڵشاندن، گاڵدان

**تشحیذ:** تیژ کردن، توند کردن، تیژ کردنی کارد و چەقۆ و هاوشێوەکانی

**تشخص:** رێزدار بون، گەورە بون، دیار بون، ناوپەیا کردن، فیز، هەوا

**تناکث:** بەڵێن شکاندن، پەیمان شکاندن

**تناكح:** هاوسەرگیری، شو کردن، ژن هێنان، بەستنی پەیوەندی ژن و مێردایەتی

**تناکر:** نەزانی، گێژی، وڕی، خۆلەگێژی دان

**تناوب:** نۆرە، سەرە، بە نۆرە کردنی کارێك، یەك لە دوای یەك

**تناور:** بەهێز، زل، زەلام، زەبەلاح، گەورە، قەڵەو

**تناول:** گرتن، هەلگرتن، دەست کێشان، خواردن، دەست گەیاندن

**تناوم:** خەوتن، خۆ لەخەودان، خۆ بە خەوتو نیشاندان، خەواڵویی

**تناهی:** بەکۆتا گەشتن، کۆتایی هاتن، بە ئەنجام گەشتن

**تنباکو:** توتن، تەماکۆ، ئەو گیا تاڵەی دووکەڵەکەی هەڵدەمژن

**تنبان:** بیجامە، ژێر شەرواڵ، دەرپێ، شەلوال، شەواڵ

**تنبسه:** فەرش، راخەر، قاڵی، مەحفویر

**تنبك:** تمبلەك، تەپڵ، زەرب، یەکێك لە ئامرازەکانی مۆسیقا کە لە کانزا یا دار دروستی دەکەن

**تنبل:** تەمەڵ، تەوەزەڵ، بێکارە، لاواز، دەست و پێ سپی، تەلار

**تنبور:** تەنبور، یەکێك لە ئامرازەکانی مۆسیقایە، تەمبویر

**تنبه:** کێلون، کیلۆن، داری پشت درگا

**تنبه:** بەئاگاهاتنەوە، هەستان، وشیاربون، هاتنە خۆ، وشیاری، وریایی، ئاگایی

**تنبیدن:** لەرزین، هەرفین، دلقوتك رمان، دارمین، دارمان، روخانی بینا

**تنبیه:** وشیار کردن، بەئاگا هێنانەوە، راچڵەکاندان، ژیر کردن، تەمێ، سزادان

**تن پرست:** تەنبەڵ، خۆش رابوێر، تەوەزەل، بێکارە

**تن پرور:** بروانە تنبل

**تن پوش:** پۆشاك، جل و بەرگ، هەر شتێك جەستە داپۆشێت

**تن تن:** گۆرانی، ستران، ئاواز

**تن تنن/ تن تننا:** بروانە تن تن

**تنتور:** رەنگ، تەمتور، شلەمەنیکی کحولی کە لە هەندێ لە روەکەکان دەگیرێت

**تنته:** داو، داڤ، داوی جارجاڵۆکە

**تنجس:** پیس بون، گلاوبون، پیسی

**تنجم:** ئەستێرە ژماردن، ستێر بژاردن

**تنجیدن:** ترمنجان، ترمنجین، گوشران، ناڵان لە خۆ، کێشران

**تنجیز:** رەوا کردن، بە دیهێنان، نیاز بەراوەرد کردن

**تنجیس:** پیس کردن، گلاو کردن

**تنجیم:** ئەستێرە ناسی، زانستی ئەستێرە ناسی

**تنحنح:** قورگ ساف کردن، نحححح، هێنانە دەری ئەو دەنگە لە قۆرگ و سینە بۆ ساف کردنی دەنگ

**تنحی:** ١- دڵنیایی، باوەڕ کرد، پشت بەستن٢- دوورەپرێزی، دوورکەوتنەوە

**تنحیه:** لابردن، دوورخستنەوە، لەسەر کار لابردن

**تنخواه:** پوول، زێڕ و سیم، کلا، شتەومەك

**تند:** ١- تیژ، توند، چالاك، بەپەلە، خێرا، بلەز، تیژ و برەك٢- تیژ، توند، جۆرە تامێك کە دەم دەسوتێنێت وەك بیبەر ٣- گرژ، مۆن، روتاڵ، نەترس، شەڕانی. ۴- بەرازیی، ترۆپ، بەمانایەش بەکار دەبرێت

**تنداب:** گێژاو، ئاوێك کە بەخێرایی و گوژم بەسەر زەویدا برِوات، گێژاڤ، ئەو بەشە لە رووبار کە بەهۆی بەرزی زۆر لە بەشەکانیتر خێراتر و بە گوژمترە، بزەك ٢ — تیژاب، تێزاو

**تن دادن:** مل دانەبەر، ملنان

**تندباد:** تۆفان، گێژەڵوکە، گەردەلوول، باهۆز، گێجەلووکە، هرەبا، باتەزوو

**تندبار:** درندە، گازگر، هەر ئاژەڵێك کە ئاژەڵیتر بخوات وەك شێر و پڵنگ

**تندخو:** تورە، رق ئەستور، سەرکێش، توند و تیژ، بەدفڕ

**تندر:** هەورەبروسکە، هەورە تریشقە، بروسکەی هەور

**تندرای:** نەترس، بێ بیر، چاونەترس

**تـن دردادن:** ملنان، مل بەرنان، رازی بون بە کارێك، ئامادەبون بۆ ئەنجامدانی کارێك

**تندرست:** تەندروست، ساغ، سلامەت، کەسێك کە نەخۆشی نەبێت، ساخلەم، لەنەخۆشی بەدوور

**تندرفتار:** تیژپێ، تیژڕەو، ئەو کەسەی بە خێرایی دەڕوات

**تند رفتن:** پەلە رۆشتن، خێرایی لە رۆشتندا

**تندرو:** - تیژڕەو، تیژپێ، مرۆڤ یا ^١^ ئاژەڵ یا کەرستە گواستنەوە کە بە خێرایی بڕوات ^٢^- بوێر، چاونەترس، ئازا

**تندرو:** روگرژ، مۆن، ناوچاوتاڵ

**تند زبان:** ^١^- زمان تیژ، زمان پاراو، کەسێك بە جوانی و سانایی بتوانێت قسە بکات ^٢^- دەم پیس، زمان شەڕ، کەسێك قسەی ناشیرن بێنێتە سەرزمان

**تندس:** بڕوانە تندیس

**تند گذر:** زو تێپەڕ، ئەوەی خێرا تێپەڕ دەبێت

**تندم:** پەشیمان، پەزیوان، پاشگەز، پەشمیان بونەوە، تۆبە و پەشیمانی

**تند مزه:** تام تیژ، ئەوەی تامەکەی توند و تیژ بێت

**تند نویسی:** خێرا نووسین، پەلە کردن لە نووسیندا

**تندوتیز:** توند و تیژ، چوست و چالاك، و هەرچی تامەکەی توند و تیژ بێت

**تندوخند:** تارومار، ژێرورو، لەت و پەت، لەت و کوت

**تندور:** بڕوانە تندر

**تنده:** نشێو، سەرەوخواری، بەرەو خواری، سەرەوار، سەربەژێر، لێژ، لێژگە، لاولێژ

**تنده:** غونچە، شکۆفە، شکۆفیان، چرۆ

**تندیاز:** توند و تیژ، چالاك، ئەوەی خێرا تێپەڕ دەبێت

**تندیدن:** توندی کردن، تووڕە بون، رق هەستان، بە توندی قسە کردن و دوان

**تندیدن:** چرۆ کردن، شکۆفە کردن، غونچە دەرکردن

**تندیس:** پەیکەر، تەندیس، هەیکەڵ، پەیکەر، وێنە، جەستە، قالب، بوت، ئابیدە

**تـن زدن:** خۆڕاگری و بێدەنگی، خۆخواردنەوە، شان خاڵی کردن، لە ژێر دەرچون

**تنزل:** دابەزاندن، ناردنە خوار، داباردن، هاتنە خوار

**تنزه:** ^١^- پاکبونەوە، پاقژی، خاوێن بونەوە ^٢^- داوێن پاکی ^٣^- گەڕان، گەشت و گوزار

**تنزیب:** قانیلە، کراس، ژێر کراس

**تنزیر:** کەم کردن، کەم کردنەوەی بەخشین

**تنزیل:** ناردن، هێنانەخوار، ریز کردن، بردنە خوار، دابەزاندن، رێك کردن ^٢^ قورئان، بەمانی قورئانیش دێت، دابەزێنراو

**تنسته:** داو، داڤی جارجاڵۆکە

**تنسخ:** بێ وێنە، بێ هاوتا، کەم وێنە، هەر شتێك کەم وێنە

**تنسق:** بڕوانە تنسخ

**تنسق:** رێکی، نەزم و رێکی، رێك وپێکی

**تنسك:** خواپەرستی، خۆپارێزی، گۆشەگیری، لەخواترسی

**تنـسم:** ^١^ ـهەناسە کێشان، هەناسە لێدان ^٢^- نەسیم، هەڵکردنی کەمی با

**تنسوخ/تنسوق:** بڕوانە تنسخ

**تنسیق:** نەزمدان، رێك کردن، چاك کردن، رازاندنەوە، رازاندن

**تنش:** بڕوانە تنیدن

**تنشط:** هاتنە سەر زەوق، شادمانی کردن، خۆشحاڵی

**تنشیر:** شادمان کردن، بزە هێنانە سەر لێو، خۆشحاڵ کردن

**تنشیف:** وشك کردن، وشکاندن، وشك کردنی ئاو یا تەڕی شوێنێك، وشك بون، تیا نەمان، وشك کردنی مەمکی دایك

**تنصر:** بون بە مەسیحی، باوەر هێنان بە عیسا

**تنـصیر:** مەسیحی کردن، کەسێك بردنە سەر دینی مەسیح

**تنصیص:** ئاشکرا کردن، رونکردنەوە، لێکدانەوە

**تنصيف:** بەش كردن، كردنـە دوكەرت، گەشتنە نيـوە، بە نيوەيی

**تنضيد:** رێك و پێك كردن، لەسەر يەك چنين بە رێكی

**تنطق:** دوان، ئاخاوتن، پەيڤين، قسە كردن

**تنظيف:** پاك كردن، خاوێن كردن، گەرد گرتن و لە ناو شارەوانيەكاندان مەبەست لە گسك دان پا كردنـەوەی شەقام و كۆڵانەكانە

**تنظيم:** رێكخستن، رێك كـردن، كـۆك كـردن، ئاراستە كردن

**تنغض:** رەش بون، تاريك بونی ژيان، لێڵ بون كەرستە و بژێويەكانی ژيان

**تنغـيص:** رەش كـردنن تاريـك كردنـی ژيـان، ژيـان شێواندن، فەوتان، فەوتاندن

**تنفخ:** با كردن، ئاوسان، پەنەمان، پەنەمين، هەڵاوسان

**تنفـر:** بێـزاری، دووری، قـين لـێ هـاتن، رق لـێ بـون،، وەرزی، جارزی، قەڵسی، جارِسی

**تنفس:** هەناسە، پشو، پشی، فويـەك كـە گيانـدار هـەڵی دەمژێ و دەيداتەدەر

**تنفيـذ:** ١- تێپـەڕين، لـێ رەت بـون، رەخنـە تێكـردن، تێپـەڕينی شـتێك لـە شـتێكيتر ٢- جێبـەجێ كـردن، ئەنجامـدانی فـەرمان، واژۆ كـردن نـاردنی حـوكم يـا فەرمان

**تنقب:** دەمامك بەستن، روبەند بەستن، روداپۆشين

**تنقل:** ١-جێبـەجێ بـوون، جێگۆڕكێ، لە شوێنێك بـۆ شوێنيكرت رۆشتن، شوێن گۆڕكێ ٢- چـەرەس خواردن، ئاجيل خواردن

**تنقيح:** پـاك كـردن، خـاوێن كـردن، پـاك لـەناپاك جيـا كردنەوە

**تنقيص:** كەم كردن، كەم كردنەوە، لێ دەركردن

**تنقيە:** پاك كردن، پاقژ كردن

**تنك:** تەنك، پان، ناسك، نازك، شتێك قەبارە ئەستوری كەم بێت

**تنك آب:** تەنكاو، كەم قووڵ، ئاوی تەنك

**تنك دل:** دڵ ناسك، دڵ نازك، كەسێك دڵی ناسك بێت و زوو بشكێت

**تنكر:** نەناسران، نامۆ بون، خۆ بە نەناسياو نيشان دان

**تنكە:** دەرپێ كورت، ژێر شەرواڵی كورتی پياوان و ژنان

**تـنكير:** نـامۆ كـردن، بـە نەناسـراو ناسـاندنن، بـە نـامۆ كردن

**تنكيس:** ئاوەژۆ كـردن، پێچەوانـە كـردن، سـەرەو خـوار كردن

**تنكيـل:** گەڕاندنـەوە، گەڕانـەوە، قەگـەڕيان، پۆسـت كـردن، سـزادان، سـەركوت كـردن و كـردن وانـە بـۆ كەسانيتر

**تنگ:** باريك، كەم پانايی، تـەنگ، تەسـك، شـوێنێك كە كەسێك يا شتێك بـە دژواری تيايـدا جێگەی دەبێتـەوە، تەنگەبەر، تيوار

**تنگ:** دۆڵ، گەلی، شيو، دەرە

**تـەنگ:** تەنگـە، تەسمـە، قايـشێكی چـەرميە كـە لـە كەمەری ئێستر يا گوێ درێژی دەبەستن

**تنگ:** جەواڵ، بار، تابار، بارو خەروار لە هەر شتێك

**تنگ:** تۆنگ، سوراحی،، تۆنگە، دەفری ئاوی مل باريك

**تنگاتنگ:** تـەنگ، تـەنگنا، تەنگەبـەر، شـتێك كـە دوری نێوان زۆر كەم بێت، گوشراو بە يەكەوە لكاو، دناڤێكرا، دبنێكرا

**تـنگ آمـدن:** بەتـەنگ هـاتن، بێـزار بـون، قـەڵس بـون، جارسی، خەمباربون، خەمۆكی، تەنگ پێ هەڵچنران

**تنگ آوردن:** تەنگ پێ هەڵچنين، بێـزار كـردن، خـەمبار كردن، ئازاردان

**تنگبيز:** بێژەنگ، ئاردبێژ، بێژينك

**تنگ چشم:** بەرچاو تەنگ، لەچەر، رژد، دەس وشك

**تنگ حوصلە:** خۆڕانگەر، كەم تاقەت، كەم توانا

**تنگ خو:** رو گرژ، مۆن، ناوچاوتاڵ

**تنگدست:** هەژار، نەدار، دەست كورت، كەساس، رەبەن

**تنگدل:** دڵتەنگ، خەمبار، خەمۆك، خەمگين

**تنگ روزی:** هەژار، لارەمل، نەدار

**تنگسال:** وشكەساڵ، ساڵی كەم باران، بێ باران، ساڵێك كە باران نەبارێت و دانەوێڵە كەم بكات

**تنگنا:** تەنگانە، شوێنی تەنگ، رێگای تەنگ، كۆڵانی تەسك و تەنگ، تەنگەبەر

**تنگە:** دربنال، خرتەنگ، دركە، كانال، لقێك لە زەریا لەنێوان دو وشكی كە دودەریان بەیەكەوە پەیوەند دەدات

**تنگیاب:** كەم وێنە، بێ هاوتا

**تنگی نفس:** تەنگی نەفەس، ئازاری سینە كە مرۆڤ بە دژواری هەناسە دەكێشێت

**تنمر:** پلنگ ئاسا، هاوشێوەی پڵەنگ

**تنمیە:** ١- گەشە پێدان، برەو پێدان، ئاگر هەڵایساندن، پێ كردن ٢- دوزمانی، ئاژاوەگێری

**تنند:** بروانە تنندو

**تنندو:** جارجاڵۆكە، كاكڵەموشان، پس پسە كوڵە، پیرۆشك، داپیرۆشك

**تنندە:** بروانە تنیدن

**تنو:** وزە، هێز، توانایی

**تن و توش:** هێز و گوڕ، تین، توانایی، گوڕو تین

**تنودن:** بروانە تنیدن

**تنور:** تەنور، تەندور، قوڵكە ئاگری سورەوە كراو بۆ نان كردن، ئارتون، ئارگون، تەنویر

**تنور:** رۆشن بون، روناك بون، لە دورەوە ئاگر بینین

**تنورە:** دوكەڵكێش، دود گیر، دوكەڵ گیر، ئەو لولەی لەسەر سەماوەر یا لە ناو كارخانەكاندا دادیدەنێن بۆ ئەوەی دوكەڵ لێی بڕواتە دەر

**تنوز:** درز، قەڵشت، قڵش، كەلێن، شكەن

**تنوع:** جۆراوجۆری، رەنگاوڕەنگی، جۆربەجۆر بون

**تنومند:** زل، زەلام، زەبەلاح، گەورە، قەڵەو، بەخۆ، گۆشتن، كەلگەت، ئازا

**تنوە:** بەرزبون، پێشكەوتن، پێش گرتن، پایەبەرز بون

**تنویم:** خەواندن، خەو لێخستن، خەوتن

**تنویە:** بەرز كردنەوە، هەڵگرتن، رێزگرتن، بە باشی ناوی كەسێك بردن، وەسف كردن

**تنە:** ١- لاشە، جەستە ٢- قەد، بەژن، باڵای دار

**تنە:** تەنراو، داو، داڤی داپیرۆشك

**تنها:** تەنیا، تاق، تاك، تەك، تاقانە، بێ كەس، سەڵت، رەبەن، زوگورد، ئێكانە، یەكانە، تنێ

**تنیا:** كرمی كەدو، كرمێكی درێژ كە لەناو ریخۆڵەی مرۆڤدا دروست دەبێت

**تنیدن:** چنین، رستن، تەنین، داو تەنینی كرمی هاوریشم یا جارجاڵۆكە

**تنیز:** داوێن، دامێن، دامان، داوێنی دەشت و بەر، دەهەمەن

**تنیس:** تێنس، تنیس، جۆرێك یاریە كە لە گۆڕەپانێك بە پانی ٨ مەتر و درێژی ٢٤ مەتر كە بە پەردەیەكی تۆری بەشی دەكەن، لەنێوان دوكەسدا ئەنجام دەدرێت كە بۆ یەكەم جار لە ساڵی ١٨٧٣ بڵاوبوەوە

**تنین:** ماسی، ماری گەورە، ئەژدیها، حەژدیها

**تو:** تۆ، راناوی دوەم كەسی تاك، راناوی بەرابەر

**تو:** لەناو، لەنێوان، ناو، ناڤ، ناوی شتێك

**تو:** تاڵاو، زۆرنكاو، زەلكاو

**تواب:** تۆبە وەرگر، ئەو كەسەی تۆبە وەردەگرێت و لە گوناح خۆشدەبێت و یەكێك لە ناوەكانی الله

**توابع:** لایەنگران، شوێنكەوتوان، پەیڕەوان

**توابل:** بەهارات، ئەو دەرمانانەی دەیكەنە ناو خواردن بۆ ئەوەی تام و بۆنەكەی خۆش بێت وەك بیبەر و زەردەچێوەو....

**تواتر:** یەك لەدوای یەك، پشت سەری یەك، لەدوی یەك

**تواجە:** بینین، چاوپێكەوتن، روبەروبونەوە

**توارث:** بە میرات بردن، بە میرات بۆمانەوە

**تواری:** خۆحەشاردان، خۆداشارین، خۆقایم كردن، ئاوارە بون، دەربەدەری

**توازن:** هاوسەنگی، هاوكێشی، بەرابەری، یەكسانی

**توازی:** بەرابەری، یەكسان بون، وەك یەكی

**تواسی:** فەرشی پڕ نەخش و نیگار، قاڵی

**تواصل:** پەیوەست بون، بە یەك گەشتن، پێك گەشتن

**تواصی:** ئامۆژگاری کردن، وەسیەت کردن

**تواضع:** لەخۆبوردویی، خۆبەخشین، لەخۆبەخشین، خۆلەبەرچاو نەبون، خۆبەکەم زانین، کورنوش بردن

**تواطو:** سازان، هەلکردن، گونجان، هاورابون، سازگاری

**تواعد:** بەلێندان، پەیمان بەستن

**توافر:** فراوانی، زۆری، فراوان بوون، فەریی

**توافق:** هاورایی، سازان، هاوبروایی، گونجان، رێک کەوتن، لێك نزیك بوونەوە، ساچیان، هاودەنگ بوون

**تواقف:** بۆ یەك وەستانەوە، رووبەرووی یەك وەستان، شەر کردن، دژی یەك وەستان

**توالت:** کەرستەکانی ئارایشت، مێزی تەوالێت، ئارایشت کردن

**توالد:** زان، زا، سك و زا، زاوزێ، منال هێنانە دونیا

**توالی:** بەردەوام، یەك لەدوای یەك، لەدوی یەك، بەدوای یەك، پشت سەری یەك

**توان:** هێز، وزە، گور، تین، توانایی، تاقەت، برشت، زاخ

**توانا:** توانا، بەهێز، خۆراگر، بە وزە، بە تین

**توانچە:** بروانە تپانچە

**توانستن:** توانایی، توانین، لە ئۆدەی کارێك هاتن، ئەنجامدانی کارێك بێ کێشە، کارین

**توانگر:** بەتوانا، بەهێز، زۆردار، دارا، دەولەمەند، مالدار، ساماندار

**توانی:** سست بون، لاوازبون، کەمتەرخەمی، بێ هێزی

**تواهب:** بەخشین، لێخۆشبون، بەیەك بەخشین

**تواهی:** بروانە تباهی

**توأم:** جمك، دوانە، پێکەوە، دوقلو، دو منال کە پێکەوە لە یەك سك بن

**توأمان:** بروانە توأم

**توبرتو:** لەناو یەك، لەناڤ ئێك

**توبرە:** توبەرە، تورەکە، تورك، جۆرك، ئەو تورەکەی راوچی یا رێبوار کەرستەکانی خۆی یا توێشوی تیا هەلدەگرێت

**توبە:** تۆبە، پەشیمانی، پەژیوانی، پاشگەزبونەوە، پەشیمان بونەوە لە گوناح و داوای لێخۆشبونکردن، گەرانەوە، بادانەوە

**توبە:** کەسکوسور، رەنگین کەمان، کۆلکە زێرینە، پەلکەزێرینە

**توبەتو:** لەناو یەك

**توبیخ:** سەرکۆنە، لۆمە، سەرزەنشت، تانەلێدان، لۆمە کردن

**توپ:** [١]-تۆپ، خرێکی پلاستیکی یا چەرمی کە یاری پێدەکەن[٢]- تۆپ، قوماشی بەسەریەکدا قەد کراو بە لولە یا لەسەر تەختە[٣]- تۆپ، یەکێکە لە کەرستەکانی شەر کە بۆتەقە کردن لە دووری بەکار دەبرێت

**توپچی:** تۆپچی، ئەوەی راسپێردراوە بۆ تەقاندنی تۆپ لەکاتی شەردا، تۆپ تەقێن

**توپخانە:** تۆپخانە، شوێنی راگرتنی تۆپ و تۆپەکان

**توپر:** ناوپر، ئەوەی ناوەکەی پوچ و بەتال نەبێت، سکپر مەبەست لەکەسی شارەزا و پسپۆرە

**توپوگرافی:** تۆپۆگراڤ، نەخشە هەلگرتن، نەخشە کێشان، نەخشە هەلگرتن لە شوێنێك بە وەسف کردنی چۆنیەتیەکەی

**توپیدن:** تانە لێدان، تشەر لێدان

**توت:** تو، توو، تفێ، جۆرە میوەیەکە ورد و ئاودار کە چەند جۆرێکی هەیە و رەنگەکانیشی سپی و سورە، توە سورە، توی سپی، تفە، توی

**توتالیتر:** تۆتالیتار، حکومەتێك کە تەنیا لە بەرژەوەندی چینێك فەرمانرەوایی بکات و لە هەولی کەسەکان بۆ وەرگرتن مافەکانیان بە شێوە جۆراوجۆرەکان رێگری بکات وەك بە دامەزراندنی دەزگاکانی سیخوری پۆلیسی نیهێنی و تیرۆر

**توتزار:** باخی تو، ئەو شوێنەی داری تووی زۆری لێبێت

**توتستان:** بروانە توتزار

**توت سه گل:** توترك، توترکە، تۆرك، بەری درکێکە وەك گاتو دەچێ لە تام و رەنگا

**توت سیا:** توە رەشە، شاتو

**توت فرنگی:** توتفەرەنگی

**توتون:** توتن، تەماکۆ، گیایەکە بە بەرگی پان و گەورە و گەڵای سەز رەنگ یا سور رەنگ و بەرزی قەدەکەی تا یەك مەتر دەگات. گەڵاکانی دوای وشك کردن بە جۆرە جیاوازەکان دەکێشن

**تـوتی:** تـوتی، مـەلێك لـە قـسە کـردن دا لاسایی مـرۆ دەکاتەوە

**توثیق:** بەهێز بون، سەقامگیری

**توجبە:** سەیل، لافاو، لاخێز، لاپاو، سێلاو

**توجـع:** دەردەداری، بـە ئـازاری، ناڵانـدن، گلـەیی کـردن لەتاو ئازار

**توجـە:** سەرنـج، سـەرنجدان، روتێکـردن، ئاوڕبۆدانـەوە، وردەوە بون

**توجیە:** بەڵگە هێنانـەوە، قەبوڵانـدن، بەڵگـەدار کـردن، رو تێکردن، ئاور بۆدانەوە

**توچـال:** کونەبـەفر، سـەهۆڵی سرشـتی کـە لـە شـوێنە بەرزەکان و لە دۆڵەکان کە لەبـەردەم هەرەشـەی بـادان دروست دەبێت. و هەروەها توچال نـاوێ رشـتە کێوێکە لـە بـاکووری تـاران لـە کێوەکـانی شـەمیران لـە سیلـسیلە کێوی ئەلبورز

**توحـد:** تـەنیایی، تـەنیا بـون، تـاك و تـەرا، تاقانـەیی، تەنیامانەوە

**تـوحش:** وەحـشی گـەری، وەحـشی ئاسـا، درنـدەیی. رەمینەوە، پەشیمان بونەوە، خەمباری

**توحید:** بە تاق زانین، بە تەنیا زانینی خوا

**توختن:** دورین، دوران، تێشکێشان، تێهەڵکێش کردن، لە لایەك تێکردن و لەو لا دەرهێنانی

**توخچە:** تاقچە، شوێنێك کە لە دیوار بـۆ دانـانی شـتێك دروستی دەکەن، تاق

**توخم:** هەرس نەکردن، خـراپ هـەرس کردنـی خـواردن لە ناو گەدە

**تودار:** خۆراگر، رازپارێز، ئـەو کەسـەی نهێنـی خـۆی یـا هی یەکیتر دەپارێزێت و نایدرکێنێت

**تودد:** خۆشەویستی، دەربڕینی هاوڕێیەتی، چاکە کـردن لەگەڵ کەسانیتردا

**تودرتو:** لەناو یەك، لەناڤ ئێك

**تودە:** گرد، تەپۆڵکـە، تـل، گردۆلکە. و هـەر شـتێك کە لەسەر یەك بە شێوەیەکی نارێك کەڵەکە کرابێت، کۆگا، لۆیە

**تودهنی:** مشت، ئەو لێدانەی دەکێکێشن بە نـاوی دەمـا. وەك بکێـشم بـەناوی دەمتـا. و هـەروەها وەلامێکـی سەرراسـت ورەق کـە بەکەسـێك دەوترێـت بـۆ بێـدەنگ کردنی

**تودیـع:** ماڵئـاوایی کـردن، خواحـافیزی، جیابوونـەوە، بەڕێکردن، بە خواسپاردن

**تور:** تـۆڕ، تـوڕ، پارچـەیەکی کـون کـون کـە لـە بـەن یـا شـتیتر دروسـت دەکرێـت بـۆ پـەردەو هاوشـێوەکانی. و هەروەها ئەوەی لە بەنی ئەستور دروست دەکەن بۆ راو کردنی ماسی و هر چی کە بە تۆڕ راو بکرێت

**تور:** بڕوانە تبر

**تـور:** گـەران، گەشـت و گـوزار، پیاسـە کـردن، دەوران، چەرخ

**تـورات:** تـەورات، کتـێبی پـیرۆزی جولەکەکانـە کـە لـە موسی بە جێ ماوە.

**تـــوران:** تـــوران، لـــە داســـتانە ئێرانیەکانـــدا نـــاوی سەرزەمینەکانی تورکستان و وڵاتانی نزیك جەیحون کە فەرەیدون پاشـای پێشدادی لـە نێـوان کورەکـانی خـۆی سەلەم و ئیرەج و تور دابەشی کرد. ئەو بەشەی بە تـور بڕا بە توران ناوی دەکرد

**تورط:** کەوتنە قوراو، کەوتنە ناو لیتـاو، دروسـت بـونی کێشە، کەوتنە گێژاوێك کە رزگار بون لێی دژوار بێت

**تورع:** خۆپـارێزی، خۆبـەدور گـرتن، خۆپاراسـتن، دوری کردن لە کارە خراپەکان

**تـورفتگی:** چاڵ، قـوولی، چـاڵی کەبـەهۆی کـوتران یـا لێدانێکی قورس دروست بوبێت

**تورگە:** چەقەڵ، تۆری، تۆرك، جۆرێك ئاژەڵە

**تورم:** هەڵاوسان، ئاسوان، پەنەمین، پەنەمان، فوتێکران، باکردن

**تورنگ:** قرقاوڵ، کەڵەشێری سارایی

**تورە:** جوت، ژن و مێرد، نێر و مێ، جفت

**تورە:** چەقەڵ، تۆری

**توریث:** بە میرات بردنن بە میرات بۆمانەوە، میرات بەجێ هێشتن

**تورید:** ١- گوڵ کردن، گوڵ دەرکردن، گوڵ دەرکردنی دار ٢- سوربون، سورکردنی روخسار، بە رەنگی گوڵ دەرهاتن

**توریدن:** شەرمەزار بون، شەرم کردن، رەم کردن، دورکەوتنەوە

**توریست:** دنیاگەر، گەشتیار، دنیاپێو، ئەو کەسەی بە جیهاندا دەگەرێت

**توریە:** داپۆشین، پۆشاندن، شاردنەوە، داشارینی راستیەکان

**توز:** بروانە توختن

**توزر:** وشیاربون، وەزیری، وریایی

**توزع:** پەرێشان بون، پرژ و بڵاوبون، لەنێوان خۆدا بەش کردن

**توزیدن:** بروانە توختن

**توزیع:** بەش کردن، بەشینەوە، بڵاو کردن، پرژاندن، پرژ کردن، پەرێشان کردن، پشاندن

**توزین:** خۆئامادە کردن لە ئەستۆ نان، لە ئۆدە گرتنی کارێك

**توسخ:** پیس بون، گلاوبون

**توسد:** سەرین لەژێر سەردانان، سەر خستنە سەر سەرین

**توسط:** بەهۆی، لە لایەن، نێوەنجیگەری، نێوەنجی، نێوەنجی کردن لە نێوان دو شت یا دوکەس

**توسع:** فراوانی، بەربڵاو، بەرین، پان

**توسعە:** فراوان بون، پەرەپێدان، بەربڵاوی، فەریی، بەرینی، گەشە پێدران

**توسل:** پشت بەستن، پاڕانەوە، کردنە ئامراز، کەسێك یا شتێك کردنە کەرەستە و پشت بەستن پێی، خۆنزیك خستنەوە

**توسن:** رام نەبوو، وەحشی، دەستەمۆنەکراو، ئەسپی سەرکێش و چەموش

**توسیط:** بەنێوەنجی دانان، نێوەنجیگەری، بەش کردن، کردنە دولەت

**توسیع:** پەرەپێدان، فراوان کردن، گەشە پێدان، بەرین کردن

**توش:** توانایی، هێز، گور، تینن تاقەت، وزە

**توش:** توێشو، توێشە، بری خۆراکی پێویست، تفاق، ئازۆخە

**توشەدان:** توێشودان، شوێنی هەلگرتنی توێشو، توێشوبەرە

**توشك:** دۆشەك، تۆشەك، دۆشك، ژێر رایەخی ناو تێخراو

**توشکان:** ئاگردان، تونی حەمام

**توشە:** توێشە، زاد، توێشو، تفاق، ئازۆخە، ئازووقە، بری خواردنی پێویست بۆ ناو رێگا

**توشەدان:** توێشوبەرە، توێشودان، ئەو تورەکە یا پەرۆیەی توێشوی تیا هەڵدەگرن

**توشیح:** رازاندنەوە، خەملاندن، تاس کردن، جوان کردن

**توشیم:** کوتان، کوتانن، بە دەرزی یا هەر شتێکیتر لە سەر پێستی جەستەخاڵ کوتان. خاڵ کوتان

**توصل:** گەشتن، پێك گەشتن، پەیوەست بون، پەیوەستی

**توصیف:** وەسف کردن، باس رکدن، خەملاندن، ناوبردن بە چاکی

**توضو:** دەستنوێژ گرتن، شۆردین دەست و دەم و چاو بۆ دەس نوێژ گرتن

**توصیە:** پێشنیار، راسپاردن، راسپێری، وەسیەت کردن، ئامۆژگاری کردن

**توضیح:** روونکردنەوە، شی کردنەوە، ئاشکرا کردن، لێکدانەوە، راڤە کردن، راڤە کردن، باس کردن

**توطئة**: ئامادەکاری، ئاسانکاری، پێشەکی چنین بۆ کارێك، پیلان، پیلان گێڕی، نەخشە دانان

**توطن**: نیشتەجێ بون، جێگیر بون، لە شوێنێکدا مانەوە، دامەزران، دامەزرین

**توظیف**: راسپاردن، لەسەر کارێك دانان، موچە بۆ برینەوە

**توعد**: ترساندن، تۆقاندن، بەڵێنی درۆدان بە کەسێك، زراو بردن

**توغ**: ئاڵا، بەیداخ، پەرچەم، عەلەم

**توغل**: دمغەڵکاری، زێدەرۆیی، رۆشتنە ناو شارێك و هاتنەدەر لێی، رۆچونی زۆر لەناو زانستێکدا

**توف**: تۆف، هەراوهوریا، هاوار، قاوەقیژ

**توفان**: بڕوانە توفیدن

**توفان**: تۆفان، خرۆشان، گێژەلۆکە، باهۆز، گێجەلووکە

**توفر**: زۆربون، زیاد کردن، فراوان بون. ڕێز گرتن، ڕێز بۆدانان

**توفق**: سەرکەوتن، بەدەست هێنان، زاڵ بون، دەست بەسەردا گرتن

**توفی**: ١-مراندن، میراندن ٢- ماف وەرگرتنەوە بە تەواوی، تۆڵەکردنەوە

**توفیدن**: خرۆشان، قاوەقیژ کردن، دەنگە دەنگ کردن، هەراو هوریا نانەوە

**توفیر**: ١-زۆر کردن، فرەکردن، فراوانی،٢- جیاوازی، جیایی، تەوفیر

**توفیق**: سەرکەوتن، دەست بەسەر کارێکدا گرتن، زاڵبون، رازی کردن، هاریکاری ویستن

**توفیه**: مافدانەوە، قەرەبو بۆ کردنەوە

**توقد**: بڵێسە سەندن، کڵپە سەندن، خۆش بونی ئاگر، درەوشاوەیی، پێکردن، ئاگر دایساندن

**توقر**: لەسەرخۆیی، خۆڕاگری، هێمنی، هێدی بون. ڕێز، سەنگینی، بەڕێزی

**توقع**: چاوەڕوانی، چاولەرێ بون، چاوەنواڕی، هیواداری، پونگاڵی. هیوا، ئارەزوو، خواست

**توقف**: وەستان، لە جووڵە کەوتن، درەنگ کردن، نەڕۆشتن، وەستان لەکارێك یا لە رۆشتن

**توقی**: خۆپارێزی، خۆپاراستن، خۆبەدوور گرتن

**توقیت**: کات دیاری کردن، بۆ ئەنجام دانی کارێك کات دیاری کردن

**توقیر**: بە گەورە زانین، رێز لێ گرتن، بەڕێز کردن، کورنوش، رێز

**توقیع**: مۆر، واژۆ، واژۆ کردنی نامە و فەرمان، نیشان دانان لەسەر شتێك

**توقیف**: گرتن، بەند کردن، لە شوێنك وەستاندن، لە جووڵە خستن، راگیر کردن

**توکد**: دڵنیابون، خاترجەمی، باوەڕپێکردن، جەخت کردنەوە

**توکل**: پشت بەستن، دڵنیا بون، باوەڕپێکردن، پشت گەرمی، پشت ئەستوری

**توکید**: جەخت کردنەوە، دڵنیایی، بەهێز کردن، قایم کردن

**توکیل**: پارێزەر گرتن، کەسێك کردنە پارێزەری خۆ بۆ بەرگری کردن لە داواکاریەکان

**تول**: رەم، هەڵاتن، راکردن، رەڤین

**تولد**: لەدایك بون، هاتنە دنیا، بەدیهاتن، چاو بە دنیا هەڵهێنان

**تولع**: تەماحکاری، رژدی بردن، تەماحکار بون، چاوچنۆکی

**تولك**: ١- زیرەك، وشیار، وریا ٢- ئاوەروت کراو، مریشکی پەڕ و پۆ لێکراوە

**تولکی**: گۆلاو، پیساو، زەلکاو، زەوی پڕ قور و لیتە، لیتاو

**توله**: تولە، بێچوی سەگ، بێچوە سەگ

**تولە**: حەیران بون، سەرگەردانی، لەخۆچون، لەتاو ئازار لە هۆش چون

**تولی**: سەرپەرستی، کردنە سەرپەرست، کەسێك کردنە وەلی و گەورەی خۆ

**تولید:** بەرهەم هێنان، زاو زێ، شتێك لە شتێكیتر دروست كردن، رەنێو هێنان، پێگەیاندن

**تولیدن:** رەمكردن، هەلاّتن، راكردن، بۆ لایەك رۆشتن

**تومار:** تۆمار، قاقەزی نوسراوی لول دراو

**تومان:** تـوامن، تمەن، ئەم وشە لە سەردەمی مەغۆلەكاندا لە ئێران بلاّو بویەوە و لەسەردەمی قاجاریەكاندا بوە پولی ئێران كە بەرابەر بە دەهەزار قران یا دە هەزار دینار بو و ئێستایش لە ئێراندا بە مانای ریالّ بەكار دەبرێت

**تومر:** تومۆر، غودە، ئاوساویەكی نائاسایی لە جەستە

**تون:** تون، ئاگردانی حەمام

**تونتاب:** تونچی، ئەو كەسەی لە ئاگردانی حەمام یا لە تونی حەمام كاردەكات

**تونل:** تونێل، دالاّن، دالاّنێك كە لە ژێر كێودا دروستی دەكەن بۆ تێپەڕینی كەرستەكانی گواستنەوە

**تونی:** ۱- تونچی، ۲- ئاوارە، مالّ بەكۆلّ ۳- دز، چەتە، رێگر

**تووە:** جوت، نێر و مێ

**توە:** فیڕۆ، لەناوچو، بە بادراو

**توهم:** گومان كردن، گومان بردن، خەیالّ كردن، وەهم

**توهیم:** گومان دروست كردن، خستنە ناو خەیالّ، وەهم دروست كردن

**توهین:** ئیهانە، جنێو، جوێن، بچوك كردنەوە، سەركز كردن، بەسست زانین، سوك كردن

**توی:** ناو، ناڤ، نێوان، لەناو شتێك

**تویل:** تاس، بێ مو، كەچەلّ، كەسێك كە موی پێش سەری وەری بێت

**تویل:** توێل، تەوێلّ، ناوچاو، ناوچاوان، سەر، تەوقی سەر

**تویە:** كۆلّكە زێڕینە، پەلكە زێڕینە

**تە:** خوار، قوولاّی، بن، ژێر

**تهاجر:** لێك دابڕان، جیابونەوە، لێك پچڕان

**تهاجم:** هێرش كردن، پەلاّمادان، هێرش كردن سەر یەك

**تهاجی:** شەڕە جنێو، شەڕ بەدەم

**تهادی:** دیاری نادرن، پێشكەشی ناردن، بۆ یەكتر خەلاّت ناردن

**تهافت:** ۱- كەوتن، تل بونەوە، خلۆربونەوە، یەك لە دوای یەك كەوتن ۲- قەرەبالّغی، كۆبنەوەی خەلّك لای ئاو ۳- رزانە سەریەك، لەسەر یەك كەلّكەكە بون

**تهالك:** لەجێ دا كەوتن، خۆ نخۆش خستن، خۆ مراندن

**تهاون:** بە سوك زانین، ئابرو بردن، هیچ بۆ نەهیشتنەوە، بە سانا زانین، ئاسان گرتن

**تهیج:** ئاوسان، پەنەمان، پەنەمین، هەلاّوسان، با تێكران

**تهبط:** هاتنە خوار، دابەزین، سەرەوخوار بون، تلۆربونەوە

**تە پر:** تاپر، جۆرێك سیلاحی راو كردن كە گولەكەی لە فنگیەوە تێی دەخرێت بە پێچەوانەی سیلاحەكانیتر

**تە پیالە:** بن پیالّ، كەمێك لە شەراب یا ئارەق كە لەبن پیالەدا مابێتەوە

**تەتغاری:** پاشەبەرە، دوایین منالّ دایك و باوك

**تهتك:** ۱- پەردە دران، ریسوایی، ئابروو چون، پرژانی كچێنی ۲- بێ شەرمی، زمان پیسی، زمان شەڕی

**تهجد:** خەوتن، خەوتن لە شەودا، هەستان لەشەو

**تهجی:** حینجە، حونجە، حونجی، وشە خوێندنەوەو لە یەك جیا كردنەوەی

**تهدی:** رێگە دۆزینەوە، رێنوێنی كران

**تهدید:** هەڕەشە، گوڕەشە، تاپالّ، ترساندن

**تەدیگ:** بنكڕ، بن مەنجەلّ، نان یا شیر یا هەر شتێك كە بە بنی مەنجەلّەوە دەسوتێ و دەمێنێت

**تهدیم:** وێران كردن، خاپوور كردن، لەناو بردن

**تهذیب:** پاك كردن، بێ گەردی، گەرد گرتن، ساف كردن

**تهریب:** راونان، دانەدو، دانەپەی، شوێن كەوتن بۆ گرتن، راونیان

**تەریش:** بن ریش، یشی كەم و كورت، ریشی تازە دەرهاتو

**تەریش:** ئاژاوە نانەوە، ئاژاوە گێری، فیتنە نانەوە، شەڕ هەڵگیرساندن

**تەززز:** جـوولان، جوولـە، بزاوتن،تـەکان خـواردن، لەرینەوە

**تەزیل:** لاغر کردن، لەڕ کردن، لاواز کردن

**تەشم:** ١- شکان، تێکشکان، شکەست خـواردن٢- خۆشویستن، میهرەبانی، چاکەکاری

**تەك:** خاڵی، بەتاڵ، فاله، روت، رووت و قووت، بێ بەش

**تەك:** عەرد، ئەرز، تەپ و تۆز، زەوی، زەمین

**تەکەم:** ١- گاڵتـە پێکـردن، رق لـێ گـرتن، لـەخۆبایی بوون٢- داخ خواردن، بۆ مردنی شتێك خەمبار بوون

**تەلکە:** لەناوچوون، مردن، بەفیرۆچوون، خاپوربوون

**تەلل:** درەخشانی، درەوشاوەیی، بریقە دانەوە

**تەلیك:** لەناوبردن، مراندن

**تەلیل:** وتنی لا اله الا الله

**تەم:** بەهێز، زۆردار، گەورە، زل، زەلام، بێ وێنە

**تەم:** رزان، گەنان، خـراپ بـون، گـەنین، رزیـن، بۆگـەن بونی رۆن یا گۆشت

**تەم:** گەنیو، رزیو، بۆگەن

**تە ماندە:** ماوە، پاشماوە، بەرماوە، کەمێکی بـەجێ مـاو لە هەر شتێك

**تەمت:** تۆمەت، بۆختان، شلتاخ، بۆختیان، تۆمانج، دەس هەڵبەس، درۆ و دەلەسە

**تەمتن:** بـەهێز، زەلام، زەبـەلاح، گـەورە، زل، چوارشانە، دلێر

**تەهنیت:** پیرۆزبایی کردن، شاباش کردن

**تەور:** ١- وێـران بـون و دارمـانی بینـا٢- نەترسـی، ئازایـەتی، دلێـری و بـەهۆی دلێریـەوە توشـی روداو یـا کارەسات بون

**تەوع:** هێلنج، دڵ بەیەکا هاتن، دڵ هەڵشێوان، رشتنەوە، رشانەوە

**تەوم:** باوێشك لێدان، خەو هاتن، دەك داچەقاندن، شـل بونی سەر بە هۆی خەو هاتنەوە

**تەویل:** ترساندن، تۆقاندن، زات بردن

**تەویم:** سەرخەو شکاندن، خەوی کەم

**تەویـە:** گـۆڕینی هـەوا، فێنـك کـردن، هـەوای شـوێنێك گۆڕین

**تەی:** خاڵی، بەتاڵ، دەفرێك کە هیچی تیا نەبێت

**تەیوء** ئامادەبون، ئامادەیی، حازربون

**تەیج:** گرژبون، بزواندن، هاندران

**تەیدست:** هەژار، دەست کورت، نەدار

**تەیگا:** قەبغگە، لا، تەنیشت، لای راست یا چەپی سك

**تەیە:** ئامادە کردن، حازر کردن

**تەییج:** گرژ کردن، بزواندن، هاندان، گاڵدان، تاودان

**تیـار:** ئامـادە، تـەیار، حـازر، کـۆك و بـەمانای شـێلان دەست پیا هێنانیش دێت

**تیار:** شەپۆل، هەڵشکان و داکشانی دەریا

**تیاسر:** ئاوڕدانەوە بۆ چەپ، بۆ لای چەپ سووڕان

**تیامن:** ئاوڕدانەوە بۆ لای راست، بۆ لای راست سووڕان

**تیان:** مەنجەڵی گەورە، دیگی دەم گەورە

**تیب:** سەرەگەردان، سەرگەشتە، حەیران، بێ قەرار، بـێ هۆش، بێ ئۆقرە

**تیبا:** ناز، عیشوە، کریشمە، لەنجە و لار

**تیپ:** تیپ، دەستەیەك، گروپێك، تاقمێك لە خەڵك

**تیپ:** نمونە، وێنە، نمونەیەکی زۆر باش و دیار

**تیپا:** نوکە پێ، لیدانێك کە بەنوکی پەنجە لـە شـتێکی بدەن

**تیتال:** ریاکاری، کلکەسوتە، کاسەلێسی

**تیتان:** پاڵەوان، قارەمان، گەورە، زل، کەسێك یـا شـتێك کە هێزێکی تایبەتی بێت

**تی تی:** تی تـی، زمـانی منـاڵان، قـسە کـردن هاوشـێوەی مناڵان

**تیج:** چرۆ، شکۆفە

**تیجان:** تاج، کڵاوی پاشاکان

**تیر:** تیر، دارێکی راست و باریك کە ئاسنێکی نوك تیژی پێوە دەکەن و بە کەوان دەیهاوێژن

**تیر:** بەش، پار، قیسمەت

**تیر:** چوارەمین مانگی ساڵی هەتاوی، پوشپەر

**تیر:** لێڵ، ڕەش، تاریک

**تیراژ:** تیراژ، ژمارەی ئەو کتێب یا ڕۆژنامە یا گۆڤارانەی لە یەکجار دا چاپ دەکرێن

**تیراژە:** کۆڵکە زێرینە، پەلکە زێرینە

**تیرانداز:** تیرهاوێژ، ئەو کەسەی تیر دەهاوێژێت، کەواندار

**تیرباران:** تیرباران، کوشتنی کەسێکە کە بە ئیعدام حوکم دراوە و لە هەمو لایەکەوە تەقەی لێدەکەن

**تیردان:** تیردان، تیردانک، شوێنی هەڵگرتنی تیر

**تیرزن:** تیرهاوێژ

**تیرست:** سێسەد، ژمارەی ٣٠٠

**تیرك:** تیر، نێرگە، کۆڵەکەی خێوەت

**تیرکش:** تیردان، تیردانک

**تیرکمان:** تیروکەوان، تیروکەفان

**تیرگر:** تیرچی، دروست کەری تیر، تیرساز

**تیرم:** خاتون، شاژن، ژنی گەورەی حەرەمی پاشاکان

**تیرە:** بنەماڵە، عەشیرە، تایەفە، ڕەچەڵەك، تیرە، ڕەگەز

**تیرە بخت:** بەدبەخت، بەخت ڕەش

**تیرە پشت:** تیرە پشت، ستونی فەقەرات

**تیرەدل:** دڵ ڕەش، دڵ تاریك، ڕەشبین

**تیرەرنگ:** ڕەش ڕەنگ، ڕەنگی ڕەش، ڕەگی تاریك

**تیرە روان:** دڵ ڕەش، ڕەشبین، دڵپیس

**تیرەروز:** ڕۆژڕەش، بەدبەخت، بەخت ڕەش

**تیز:** تیژ، هەر شتێك کە نوك یا لێوارەکەی زۆر تیژ بێت وە کارد و چەقۆ، بڕەك، تێژ

**تیزاب:** تێزاو، تێزاب

**تیزبین:** وردبین، دوورئەندێش، زیرەك، وشیار، باریك بین

**تیزپا:** تیژ پێ، چالاك، بلەز

**تیزبال:** باڵ تیژ، باڵندەیەك کە بە خێرایی هەڵدەفڕێت

**تیزتاو:** ناوچاومۆن، گرژ، تورە، توند و تیژ

**تیزچشم:** چاوتیژ، ئەو کەسەی چاوی بە جوانی دەتوانێت شتەکان ببینێت

**تیزدست:** چالاك، دەست ڕەنگین، فرز، شارەزا

**تیزدم:** دەم تیژ، هەر شتێك کەنوکەکەی تیژ بێت وەك شمشێر و چەقۆ

**تیزدندان:** دان تیژ،دیان تیژ، هەر دڕندە یا ناژەڵێك کە دیانی تیژ بێت و مەبەست لە کەسی چاوبرسی و تێر نەبوە

**تیزرفتار:** بلەز، تیژپێ

**تیززبان:** زمان تیژ، زمان وك، ئەوەی دەتوانێت بە پاراوی قسە بکات

**تیزکردن:** ١- تیژ کردن، بڕەك کردن ٢- بزواندن، هاندان، دەنەدەنەدان

**تیزگام:** تیژپێ، توندپێ، ئەسپێ کە خێرا دەڕوات

**تیزویر:** وشیار، بیرتیژ

**تیزهش:** بڕوانە تیزهوش

**تیزهوش:** وشیار، بیرتیژ، زیرەك

**تیس:** تیس، گیسك، بزنی نێر

**تیسر:** ئاسان بوون، سانایی، هاسان بوون

**تیسیر:** سان کردن، هاسان کردن

**تیشە:** تەشوێ، ترێشتە، داربڕ، تەوشو، تەفرك، کەرستەیەك لە شێوەی چەکوش کە دەمەکەی پان وتیژ و لە دارتاشی و بەرد تاشین بەکار دەبرێت.

**تیغ:** شمشێر، شێر، هەر شتێکی تیژ، تێغ، تیغ، ئەو ئامرازەی موی ڕوخساری پێ دەتاشن، گوێزان، موس

**تیغال:** هێلانە، لانە، هێلانەی باڵندەکان

**تیغ زن:** شمشێروەشێن، تیغ وەشێن

**تیغە:** تیخە، تیغە، دیواری نێوان ماڵ بۆ جیا کردنەوەی ژوورەکان

**تیف:** خەوش، پوش و پەڵاش

**تیقظ:** بە ئاگاهتنەوە، هەستان لە خەو، وشیاری

**تیقن:** دڵنیایی، دڵنیا بون، باوەر پێکردن، بێ گومان زانین، شیاوی بە دیهاتن

**تیك تاك:** تیك تاك، دەنگی دوبارەی میلەکانی کاتژمێر

**تیل:** خاڵ، نوقتە

**تیله:** تیله، کەلا شوشە، هەلْمات. ئەوەی منداڵان یاری پێدەکەن

**تیم:** کاروانسەرا، شوێنی گەورە کە بازرگانەکان ئاڵ و گۆڕی تیا دەکەن

**تیم:** خەم، پەژارە، کەسەر، داخ، دڵتەنگی

**تیم:** تیم، دەستە، تیپ، دەستەیەك یاریزان لە جۆرێك وەرزشدا کە پێکەوە یاری دەکەن

**تیم:** بەندە، عەبد، بەندەی خوا

**تیماء:** دەشت، بیابان، زەمینێکی گەورەی بێ ئاو و گیا کە رێگەی تیا ون کەن و لەناو بچن

**تیمار:** تیمار، پەرستاری و چاودێری کردنی کەسی نەخۆش، خەمخۆری، دڵسۆزی

**تیمار خوردن:** خەم خواردن، دلسۆزی، خەمخۆری کردن

**تیماردار:** خەم خۆر، تیمارکەر، دڵسۆز

**تیمارداشتن:** تیمار کردن، پەرستاری کردن، خەم خواردن

**تیمارستان:** شێتخانە، تیمارستان، ئەو شوێنەی شێتەکانی بۆ چارەسەر کردن لێ کۆدەکەنەوە

**تیمار کردن:** تیمار کردن، چاودێری کردن، پەرستاری کردن

**تیمارکش:** خەم کێش، رەنجدەر، خەمبار

**تیماس:** جەنگەڵ، دارستان، بێشە، بێشەلان

**تیمم:** مەبەست کردن، بە ئەنقەست کارێك کردن و دەستەواژەیەکی شەرعیە کە لەنەبونی ئاودا بە خۆڵ دەست نوێژ دەگرن

**تیمن:** پیرۆزبون، مەیمون بون، مشبینی بەرامبەر بە کار یا بابەتێك

**تیموك:** روترش، مۆن، ناوچاوتاڵ، ترش

**تین:** هەنجیر، ئەنجیر

**تینه:** ١ـ ناوی دەم، تف، لیك ٢ـ داو، داڤی جارجاڵۆکە

**تیو:** برشت، هێز، وزە، تاقەت، توانایی

**تیه:** گومرایی، سەرگەردانی، حەیرانی و بیابانێك کە رێبوار تیایدا ون بێت و رێگە بۆ هیچ شوێنێك نەبات

**تیهان:** لەخۆرازی، خۆبین، خۆپەسەند، لەخۆبایی

**تیهو:** سوێسك، سۆسك، سوێسکە، سوسکە، جۆرێك باڵندەیە

# ث

**ث:** ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا بە کار نابرێت و لە جیاتی ئەم پیتە پیتی س بەکار دەبرێت، پێنجەم پیتی ئالفابێتی فارسیە

**ثائر:** رق هەلگر، تۆڵەسێنەر، ئەو کەسەی ئارام نەگرێت تا تۆڵە دەکاتەوە

**ثابت:** سەقامگیر،جێگیر، راوەستاو، موکوم، بنەجە، خۆگر، بەرگەگەر

**ثابت رأي:** بەهێز، باوەڕ قایم، کەسێك کەلەسەر باوەرەکەی خۆی سور بێت

**ثابت شدن:** سەقامگیر بون، جێگر بون

**ثابت قدم:** لەسەرخۆ، هێمن، بەهێز، بەبڕشت، بنەجە

**ثابت کردن:** جێگیر کردن، سەقامگیر کردن، راوەستاندن

**ثاقب:** ١- کونکەر، رەخنەکەر،٢- درەوشاوە، درەخشان، تابان

**ثاقل:** قورس، سەنگین، بەکێش

**ثالث:** سێهەم لە سێ، یەك لەسێ

**ثالوث:** سیانی، سێ دانەیی، ئەوەی لە سێ شت پێکهاتبێت

**ثامر:** بەبەر، بەبەرهەم، میوەدەر

**ثامن:** هەشتەم، هەشتەمین

**ثانوي:** دووەم، دووەمین

**ثانیه:** چرکە، یەك شەستەمی خولەك

**ثاوي:** نیشتەجێ بو لە شوێنێك، مانەوە لە شوێنێك بۆ ماوەیەکی درێژ

**ثأر:** تۆڵەستێن، خوێن سەندنەوە، خوێن وەرگرتن، کوشتنەوەی بکوژ

**ثؤلول:** زیپکە، جۆش، دومەڵ

**ثبات:** جێگیربون، جێگیری، سەقامگیری، راوەستاوی

**ثبات:** ئازار، ئازاری لە پێخەر، دەردی کوشەندە

**ثبت:** تۆمار کردن، نوسین، جێگیر کردن

**ثبت:** بەڵگە، بورهان، باوەرپێکراو، دڵنیا

**ثبوت:** بەهێز بوون، خۆڕاگرتن، سەقامگیری، بەرگەگرتن، راوەستان، مانەوە

**ثبور:** لەناوچون، مردن، کوژران

**ثبیت:** دلێر، شەرکەر، چاونەترس، ئازا، دوورئەندێش

**ثخانت:** ئەستوربون، رەق بون، ئەستوری

**ثخن:** رەق بون، ئەستوری، ئەستوربون

**ثخونت:** ئەستور بون، رەق بون

**ثخین:** چڕ، سەنتگین، ئەستور، سەخت

**ثدي:** مەمك، گوان، مەمە، مەمکی ژن

**ثراء:** ماڵدار بون، دەوڵەمەند بون، ساماندار بون

**ثرب:** چەوری، بەز، پیە، رۆنی زیادەی لەش

**ثرم:** دیان شکاندن، شکاندنی دانی کەسێك

**ثروان:** دەوڵەمەند، ساماندار، دەست رۆشتو

**ثروت:** سامان، ماڵ، دارایی

**ثروتمند:** دەوڵەمەند، ساماندار، خاوەن پوڵ و پارەی یا ملکی زۆر

**ثري:** خاکی تەڕ، نمدار، ئەرزێك کە تڕ یا نمدار بێت

**ثري:** ساماندار، دەوڵەمەند

**ثریا:** سورەیا، چل چرا، چرایەکی چەند لق کە بە سەقفی ماڵ هەڵیدەواسن

**ثرید:** تریت، تشریب، خوراندێك کە نانی تێ دەگوشن و دەیخۆن وەك تریتی ئاوگۆشت

**ثعابین:** ئەژدیهاکان

**ثعبان:** مار، ماری گەورە، ئەژدیها، حەژدیها

**ثعلب:** رێوی، رێوی نێریا مێ

**ثعلبه:** ڕێوی مێ، دەڵە ڕێوی

**ثعلبي:** ڕێوی فرۆش، کەسێك کە پێست یا ڕێوی دەفرۆشێت

**ثغر:** ١- دیان، دان، دانەکانی پێشوی دەم٢- کەلێن، درز، ڕەخنە، کون، قەڵشت٣ مەرز، سنور، ئاست، ڕادە

**ثغرە:** ڕێگەی ساف و تەخت، کەلێن، درز

**ثفال:** بەردی ژێرەوەی ئاش

**ثفل:** گوشراو، گوشراوە، ئەوەی لە شلەمەنیەك لە بنکدا دادەنیشێت

**ثقاب:** ئاگرگر، ئەوەی ئاگری پێ چێ دەکەن

**ثقاب:** کونکەر، سمکەر، هەرشتێك کونی پێ بکرێت

**ثقاف:** ژنی زیرەك و کارزان، ژنی لێومشاوە

**ثقافت:** چالاکی، شارەزایی، مامۆستایی، کەڵك وەرگرتن لە زانست و ئەدەب و پەروەردە کران

**ثقالت:** قورسی، سەنگینی، بارگرانی، بە کێشی، قورس بون، سەنگین بون

**ثقب:** کون کردن، سمین

**ثقب:** کون، کەلێن، درز، قەڵشت

**ثقبە:** کونی بچوك

**ثقف:** چالاکی، وشیاری، وریایی

**ثقل:** قورس بون، سەنگین بون، قورسی

**ثقل:** بارگران، بارقورس

**ثقل:** باروبنە، شتومەك، کاڵا، جت و مەك

**ثقلان:** جنۆکە و مرۆ، جن و پەری

**ثقلت:** ١- سەنگینی، قورسی خواردن لەسەر گەدە٢- دەم داچەقاندن، خەو هاتن، سستی، بێ هێزی

**ثقوب:** پێ کران، داگیرسان، هەڵایساندن، هەڵایسان

**ثقوب:** وشکەدار، داری وشك کە ئاگری پێدەکەنەوە، هەر شتێك زو ئاگر بگرێت

**ثقە:** باوەڕ کردن، دڵنیابون، خاترجەمی

**ثقە:** باوەڕپێکراو، دڵنیا، ئەوەی باوەڕ پێکراو بێت

**ثقیف:** زیرەك، وشیار، چالاك، وریا

**ثقیل:** قورس، سەنگین، بارسایی، ڕەزا تاڵ، ئێسك قورس

**ثکل:** بێ منالی، منالّ مردن، لەدەستدانی زارۆ

**ثکلي:** منالّ مردو، ژنێك کە منالّەکەی لەدەست دابێت، جەرگ سوتاو، جەرگ بڕاو

**ثلاث:** سێ، ژمارە ٣

**ثلاث:** سیان، سێ دانە، سێ لایەن

**ثلاثاء:** سێ شەممە، ڕۆژی سێ شەممە

**ثلاثون:** سی، ژمارە سی

**ثلاثي:** سیانی، سێ دانەیی، سێ لایەنی

**ثلاثین:** سی، ٣٠

**ثلاج:** بەفر فرۆش، سەهۆڵ فرۆش

**ثلاجي:** زۆر سی، سپی ڕەنگ

**ثلب:** عەیب کردن، ئیراد گرتن، خراپە وتن لەکەسێك، پشتە ملە قسە کردن

**ثلث:** سێ یەك، یەك لەسەر سێ ی شتێك

**ثلج:** بەفر، بەرف

**ثلم:** شکاندن، شکانن، درز تێ کردن

**ثلمە:** ڕەخنە، کون، درز، قەڵش، قەڵشت

**ثلوج:** بەفر

**ثم:** دوای، دوای ئەمە، پاش ئەمە

**ثمار:** بەرەکان، میوەکان، بەرهەمەکان

**ثمالە:** ماوە، سەرشیر، بنکڕ

**ثمان:** هەشت، ژمارەی هەشت

**ثمانون:** هەشتا، ژمارەی هەشتا، ٨٠

**ثماني:** هەشت، ژمارە ٨

**ثمر:** میە، بەر، بەرهەم، بار، بەری دار

**ثمراء:** داری بەبەر، داری بەبار

**ثمرات:** میوەکان، بەرەکان

**ثمرە:** بەر، بار، بەرهەم، میوە

**ثمن:** هەشت یەك، یەك لەسەر هەشتی شتێك

**ثمن:** بەها، بایی، نرخ

**ثمود:** سەمود، ناوێ هۆزێك لە عەرەبەکان پێش ئیسلام کە لەنێوان حیجاز و شام نیشتەجێ بون و خواوەند صالحی وەك پێغەمبەر بۆ ناردن

**ثمین:** گرانبایی، بەهادار، باییدار

**ثناء:** وصف كردن، بە چاكی ناوبردن، سوپلس كردن، سلاّو ناردن

**ثواب:** پاداشت، جەزا، قەرەبووی كای باشە

**ثواب:** پۆشاك فرۆش، جل فرۆش

**ثواقب:** ئەستێرە درەوشاوەكان

**ثوب:** جل و بەرگ، پۆشاك

**ثوبان:** گەڕانەوە، چاكبوونەوە، شیفا دران، هەڵەوی دوای لاغربون

**ثور:** گای نێر، كەڵ

**ثور:** هاندران، بزوێندران، ئاژاوە دروست بون، فیتنەكەوتنەوە

**ثوران:** گرژی،گرژبون، تەپوتۆز، بزوێندران، فیتنە كەوتنەوە

**ثورە:** مانگا، مێچكە گا

**ثول:** هێلانە زمردەواڵە، كونە زمردەواڵە

**ثول:** ئەحمەق بون، شێت بون، شێتی، نەزانی

**ثولاء:** ئەحەق، گێژ و وێژ، نزان، كەر

**ثوم:** سیر، گیایەكە هاوشێوەی پیاز

**ثیابي:** بەزاز، كوتاڵ فرۆش

**ثیب:** بێوە، بێوەژن، ژنی مێرد مردو و ژنێك كەلەمێردەكەی تەلاّقی وەرگرتبێت

# ج

**ج:** جلال الدين، پیتی شەشەم لە ئاڵفابێتی فارسی کە بە جیم دەخوێندرێتەوە

**جا:** جێ، شوێن، جێگە، پێگە، مەکان، پایە، پە. هەر شوێنێك کە کەسێك یا شتێکی تیا جێگیر بێت

**جائر:** ستەمکار، بێ ویژدان، زاڵم

**جائز:** جایز، رەوا، کاریگەر، سزا

**جائزه:** خەلات، پاداشت، دیاری، دەسخۆشی

**جائع:** برسی، پیاوی برسی

**جاافتادن:** جێگیر بون، جێ کەوتن، جێ خستن، لەشوێنی خۆیادانان

**جا افتاده:** جێ کەوتوە، سەقامگیر، جێخراو

**جا انداختن:** ١-بەجێ هێشتن، جێ خستن، جێ کەوتن، لێ بەجێ مان ٢- راخستن، داخستنی جێگەی خەو

**جا بجا:** جێ بەجێ، شوێ، بە شوێن، خاڵ بە خاڵ. دەستبەجێ، بە خێرایی، بە زوترین کات، د دەم دا، دەملدەست

**جا بجا شدن:** جێبەجێ بون، لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر رۆشتن، ترازیان، ترازان، دەرچون، دەرچونی ئێسك لە شوێنی خۆی

**جا بجا کردن:** جێبەجێ کردن، جێ گۆڕین، ترازاندن، خستنە جێگە

**جابرانه:** زۆردارانە، ستەمکارانە، هاوشێوەی ستەمکاران

**جابلس:** بڕوانە جابلسا

**جابلسا:** رۆژئاوا، خۆرئاوا، یا شارێکی خەیاڵی لە خۆرئاوا

**جابلقا:** رۆژهەلات، خۆرهەلات، یا شارێکی خەیاڵی لە رۆژهەلات

**جابلوس:** بڕوانە چاپلوس

**جابی:** جابی، کۆکەرەوەی باج، ئەو کەسەی باج کۆدەکاتەوە، باج وەرگر

**جابیه:** حەوز، ئەستێر، شوێنی کۆبونەوەی ئاو

**جا پا:** شوێن پێ، شوێنەوار، نیشان، ئەو شوێنەی پێی لێ دادەنێن

**جاثلیق:** جاسلیق، پێشەوای قەشەکان لە ئاییني مەسیحی

**جاثوم:** مۆتەکە، شەوە، خەوی ناخۆش

**جاثي:** چوارمەشقی، کەسێك کە لەسەر ئەژنۆ دانیشێت

**جاجم:** بڕوانە جاجیم

**جاجیم:** جاجم، جاجیم، پەلاس، پێخەف، سەرخەر، بەرك

**جاچراغی:** جێ چرا، ئەو شوێنەی بۆ دانانی چرا دروستی دەکەن

**جاحد:** حاشاکەر، حاشاکردن لە ماف کەسێك لەگەڵ بەراست زانینی

**جاحظ:** چاوزەق، چاوبۆق، کەسێك کە چاوەی زەق و دەرهاتو بێت

**جاخسوك:** داس، شالوك، ماڵەغان، ئامرازێکە گژ و گیای پێ دروێنە دەکەن

**جاخوردن:** راچڵەکان، تەکان خواردن، سەرسووڕمان، حەیران بون، سەرسووڕمان لە بیستنی هەواڵێك یا لە بینینی شتێك

**جاداد:** جێگە، توانایی، ئاست، رادە

**جادادن:** شوێ، کردنەوە، شتێك یا کەسێك لە شوێنێك دانان، جێ کردنەوە

**جادار:** جێ دار، بەربلاو، پان و بەرین، شوێن یا ماڵێك کە جێگەی زۆر بێت

**جاداشتن:** جێ بوون، شوێن بوونەوە، فراوانی، بەربلاوی

**جادنگو:** نێومنجیکەر، ناوبژیوان، ناوبژی

**جادو:** جادو، سیحر، فێڵ، تەڵەکە، ئەفسون، چاچوڵ، باربەژن

**جادوآفرین:** جادووگەر، سیحرباز، ئافرێنەری جادو

**جادوان:** ساحیر، جادووگەر، جادوباز، جادوکار

**جادوانە:** سیحرانە، جادوئاسا، ئەفسونانە

**جادوبند:** جادوبەست، ئەوەی جادوی جادوگەر بەتاڵ دەکاتەوە، جادوبەن، نوشتەی جادو بەتاڵ کردنەوە

**جادوپرست:** جادو پەرەست، ئەو کەسی جادوگەری خۆش دەوێت، کەسێك کەباوەڕی بە سیحر و جادو هەیە

**جادوپیشە:** جادوگەر، سیحرباز

**جادوحنبل:** جادو، سیحر

**جادوخیال:** خەیاڵپەرداز، خەیاڵاوی، مەبەست لە شاعیرێکە لە شێعرەکانی خۆی مەلی خەیاڵ زۆر هەڵدەفرێنێت

**جادوخیز:** جادوگەر، جادوچی، جادوباز

**جادوزن:** ژنی جادوگەر، ژنی جادوباز

**جادوستان:** شوێنی کۆبونەوەی جادوکەران، بە هیندستانیش دەڵێن

**جادوسخن:** خۆش قسە، زمان شیرین، پاراو

**جادوفریب:** جادو فریو، هەرشتێ: یا کەسێك کە جادوگەر بفریوێنێت

**جادوفش:** جادوئاسا، سیحراوی

**جادوکار:** جادوکار، جادوباز

**جادوکش:** جادوکوژەر، بکوژی جادوکەر، هەرکەسێك جادوگەر بکوژێت

**جادوگر:** جادوگەر، جادوکەر

**جادونژاد:** جادونەژاد، ئەوەی لە رەچەڵەك و نەژادی جادوگەران بێت

**جادوی:** سیحری، جادویی، سیحراوی، سیحر کردن، جادو کردن

**جادویی:** جادووی، ساحیری، سیحربازی

**جادویی ساز:** جادوگەر، جادوباز

**جادە:** جادە، شەقام، کاروانە رێ، رێگەی پان و پێکوت کراو

**جادەسازی:** جادە سازی، دروست کردنی رێگا و بان

**جادی:** زەعفەران

**جاذب:** راکێشەر، بەرچاوگیر، سەرنج راکێش، رفێنەر، فرێنەر

**جاذبە:** راکێشان، سەرنج راکێشان، بۆلای خۆ بردن، بەرچاو گرتن

**جاذبیت:** راکێشی، سەرنج راکێشان، رفێنەری، فرشێنەری، کێشەری

**جار:** چلچرا، لۆستێر، چرایەکی بلوری چەند لقی کە لە سەقفەوە هەڵیدەواسن

**جار:** جارش، بانگ، هاوار، راگەیاندن بە دەنگی بەرز

**جار:** ١-جارچی، بانگدەر، ئاگادارکەرەوە ٢- دراوسێ، جیران

**جارچی:** جارچی، جاردەر، کەسێك کە جار دەدات، قاوکەر، راگەیەن

**جارح:** ١- کاسب، بەدەست هێنەر، ٢-برەك، تیژ، لۆمەکەر، سەرکۆنەکەر

**جارختی:** جێ لباس، جلگیر، ئامرازێکە بە دیوارەوە هەڵیدەواسن جلی پێوە دەکەن

**جارف:** تاعون، مەرگ و مێر، بەلا، ئەوەی خەڵکان دەکوژێت

**جارفتن:** رۆشتنە سەر شوێنی خۆ، لە شوێنی خۆ دانیشتن

**جارکشیدن:** جاردان، قاوکردن، جارکێشان، جار راهێشتن

**جارو:** گسك، گێزك، گزك، ئەوەی ناو مالی پێ دەماڵن

**جاروجنجال:** هەراوهوریا، ئاژاوە، دەنگە دەنگ، قەرەباڵغی

**جارود:** ١-شووم، پیاوی شوم، بێ شانس ٢- وشکەساڵی، ساڵی بێ باران

**جارور:** رێرەوی ئاو، جۆگەلە، جۆگەیەکە لە لافاو دروست بوبێت

**جاروف:** رەشبین، زۆرخۆر، بەرچاو تەنگ

**جاروکش:** گسك لێدەر، گزك لێدەر، کرێکاری شارەوانی کەکاری گسك دان لە شەقام و کۆڵانەکانە، گسك بەدەست

**جاری:** براژن، ژنی برای مێرد، هێوەرژن، ژنی هێوەر

**جاری:** ١-رەوان، شەپ، لەبەر رۆشتو، ئاوێك کە وشك نەکان ٢- باو، لەئارادا

**جاری مجری:** جێگر، جێگیر، قایم مقام

**جاریە:** ١- کەنیز، کەنیزە، کچی کۆیلە ٢- هەتاو، خۆر ٣- کەشتی، بەلەم، پاپۆڕ ٤ - مار

**جاز:** جاز، یەکێك لە ئاهەنگەکانی مۆسیقی کە لە سەدەی ١٩ لەناو رەشەکانی ئەمریکا بڵاو بویەوە و دەرخەری هەستی توندی ئەوان لە کوت و بەندەکانی کۆیلایەتی و ژێردەستی بو و دواتر لە هەمو ئامریکا و وڵاتە ئەوروپیەکان گەشەی کرد

**جازع:** گرینۆك، چاوبەگریان، ناڵان، خۆڕانەگر

**جازم:** بەمەبەست بەبڕشت، بەئیرادە، کەسێك کە لەمەبەستەکەی خۆی گومانی نەبێت

**جاسر:** بوێر، ئازا، دلێر، چاونەترس

**جاسنگین:** جێ کەوتو، قورس، سەنگین، سەلار، برێز، رێزدار

**جاسوس:** جاسوس، دوزمان، سیخور، شۆفار، شۆفار، دیدەوان، ژێرمەقان

**جاش:** خەرمان، خەرمانی بەباکراو، دانەوێڵەی سور کراو لەسەر خەرمان

**جاشدان:** هەمار، هەماری دانەوێڵە، شوێنی هەڵگرتنی دانەوێڵە

**جاشدن:** جێبونەوە، جێگا بونەوە، جێگیر بونی شتێك یا کەسێك لە شوێنێك

**جاشو:** مەلەوان، کرێکاری کەشتی، کەسێك کە لە کەشتیدا کار دەکات

**جاعل:** بڕوانە خولقێنەر، دروست کەر، ئافرێنەرسورێنەر

**جاغر:** جیکەڵدان، چیقڵدان، کیسەیەك کە لەنێوان قورگ و گەدەی مریشکدایە، جیقڵدان

**جاف:** قەحبە، حیز، ژنی گاندەر، ژنی داوێن پیس، ژنێك کە بەمێردێك رازی نابێت و قەناعەت ناکات

**جاف:** جاف، ناوی هۆزێکی گەورەیە لە کوردستان

**جافی:** ستەمکار، زاڵم، دەستدرێژ کردن بۆ سەر ماف کەسانیتر

**جاکردن:** جێ کردنەوە، جێگە کردنەوە، تێ ئاخنین

**جا گذاشتن:** بەجێ هێشتن، لە شوێنێك دانان، خستنە جێ

**جا گرفتن:** جێ گرتن، جێ کەوتن، تێ ئاخنران، گونجان، شوێن گرتن، شوێنێك لە شوێنێکدا بۆ خۆ گرتن

**جا گرم کردن:** شوێ، خۆش کردن، قن نانەوە، ژێر قن گەرم کردن، لەشوێنێك دانیشتن و حەوانەوە

**جاگزین:** بڕوانە جایگزین

**جاگە:** بڕوانە جایگاە

**جاگیر:** بڕوانە جایگیر

**جال:** داو، تەڵە، ئەو تەڵەی بۆ راو کردن ئاژەڵەکان بەکاری دەبەن

**جال:** مەبەست، ئیرادە، عەزم، خواست، ئاهەنگ

**جالب:** سەرنج راکێش، سەرنج بزوێن، سەرسورهێنەر، رفێنەر، دڵگیر، دڵرفێن

**جالس:** دانیشتو، نشین

**جالی:** رەنگ پەڕێن، ئەوەی رەنگ لادەبات، ئاوارە، دەربەدەر، لە وڵات دورکەوتو، ئەو کەسەی لە وڵاتی خۆی دورکەوتبێتەوە

**جالیز:** بێستان، بێستانی گرکە و چوتی و... بێسان

**جالیزبان:** بێستانکار، بێسانچی، بێسانکار، ئەو کەسەی سەرقاڵی کاری بێستانە، بێستانوان

**جام:** پیاڵە، پێك، جام، گلاس، دەفرێك لە زێڕ یا زیو یا هەرچی کە شەرابی تیا دەخۆن

**جام:** شووشە، شیشیە، شوشەی هێشتا نەبڕاو، بە مانای ئاوێنە و شوشە رەنگاورەنگەکانیش دێت

**جامخ:** لەخۆبایی، لەخۆرازی، خۆبین، خۆپەسەند

**جامد:** وشك بەستو، دژی تراو، سفت، رەق، سەخت، بەردین، بێ گیان

**جامدار:** پیاڵەدار، ساقی، شەرابگێر

**جامس:** وشك، بێ گیان، بەردین، سەخت، بەستو، خەمۆك، سیس، ژاکاو

**جامع:** تەواوکەر، کۆکرەوە، ئامادەکەر، هەر شتێکی تەواو، مزگەوتی گەورە کە نوێژی هەینی تیا دەخوێنن

**جامعە:** ١- کۆکرەوە، ئامادەکەر بۆ ژن٢- قەرەباڵغی، کۆمەڵ، کۆمەڵگا٣ زانکۆ، شوێنی خوێندنی باڵا

**جامعە شناسی:** کۆمەڵناسی، زانستی ناسنی کۆمەڵ و ئاکارەکانی

**جامعە ملل:** رێکخراوی نەتەوەکان کە لە دوای شەری یەکەمی جیهانی بە پێی رێکەوتن نامەی وەرسای لە ٢٨ ژوئەنی ١٩١٩ لە کۆبونەوەی ژمارەیك لە وڵاتان بۆ پاراستنی ئاشتی جیهانی دروست بو. ئەندامانی دامەزرێنەری بریتی بون لە ٢٩ وڵاتی واژۆکەری رێکەوتن نامەی وەرسای. یەکەم دانیشتنی لە نۆڤەمبەری ١٩٢٠ لە ژنێو بەسترا. ئەم رێکخراوە بە دەسپێکردنی شەری دوەمی جیهانی لەناوچو و شوێنی خۆی بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دا

**جامکاری:** ١ـئاوێنەکاری٢- بەردەام پیاڵە وەرگرتن و سەرکێشانی

**جام کشیدن:** خواردنەوە، شەراب خواردن

**جاموس:** گامێش، گامووش، ئاژەڵێکی شیردەر شاخداری زەلامە، مێینەی کەڵ

**جامە:** پۆشاك، جل و بەرگ، لیباس، کوتاڵ، سیپاڵ

**جامە:** پیاڵە، پێك، گۆزە، پێوانەی شەراب

**جامەخواب:** جلی خەو، جلی راحەتی، جلێك کە لەکاتی خەوتن لەبەری دەکەن

**جامەدان:** چەمەیان، جامەدان، سنوقێکی چەرمی یا کانزایی کە جل و بەرگی تیا رادەگرن

**جامەشو:** جلشۆر، کارەکەر، ئەو کەسەی جل و بەرگی خەڵك بە پارە دەشوات

**جامەکن:** سارد، زووری سارد لە حەمام کە پێش ئەوەی برۆنە ناو حەمام لەو ژورەدا خۆیان دەگۆرن و جلەکانیان دادەنێن

**جامەکوب:** جلشۆر، جل کوت، کارەکەر، ئەو کەسەی لە کاتی شۆردن جل و بەرگەکان دەکوتێت و دەیانشوات

**جان:** گیان، رۆح، نەفس، رەوان، ئەوەی جەستە پێی زیندوە. هێزێکە لە هەر بونەوەرێکدا هەیە و بەمردنی کۆتایی پێدێت

**جانا:** گینە، گیان، بۆ کەسێك کە وەك گیان ئازیز بێت

**جان ازار:** گیان ئازار، ستەمکار، زاڵم

**جان آسا:** گیان ئاسا، هاوشێوەی گیان، وەك گیان

**جان آفرین:** گیان ئافرێن، ئافرێنەری گیان و یەکێك لەناوەکانی الله

**جان آهنج:** گیان برش، گیان کێش، ئەوەی گیانی مرۆڤ دەگرێت

**جان افشاندن:** گیان بەخشین، گیاندان، گیان پێش کەش کردن، مردن، گیان سپاردن

**جانان:** گیان، دڵبەر، خۆشەویست، دەزگیران، دەنك، مەعشوق

**جان اوبار:** گیان بر، گیان کێش، گیان ستێن

**جاناور:** بروانە جانور

**جانب:** لا، تەنیشت، قەراغ، رەخ، کەنار، لایەن، ناوچە، کن

**جان باختن:** گیان دان، گیان بەخشین، گیان سپاردن، لە رێگەی شتێك یا کەسێکدا گیان بەخشین

**جانباز:** گیانباز، لە گیان گوزەر، دلێر، چاونەترس، کەسێك کە گیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە

**جان بخش:** گیان بەخش، بەخشەری گیان، یەکێك لەناوەکانی الله

**جانبدار:** لایەنگر، شوێنکەوتو، لایەنگیر، هاریکار، یاریدەدە

**جان برد:** رزگاری، رەهایی، رزگاربون، گیان بەدەربردن

**جان بردن:** گیان بەدەر بردن، رزگار بون

**جانبوز:** گیان پەنا، ئەشکەوت یا شوێنێك کە ببێتە پەناگا، پەناگا، پەناگە، حەشارگە، ئەو شوێنەی لە دەشت و دەر یا کێو کەسێك لە تاو سەرما پەنای بۆببات

**جان بول:** جان بوڵ، کەسێکی داستانی کە وەك تایبەتمەندیە ئەخلاقیەکان هێمای پیاوی ئینگلیسی یا نەتەوەی ئینگلیسە

**جان پرور:** گیان پەروەر، ئەوەی ببێتە بەهێزی و شادمانی گیان

**جان پناه:** گیان پەنا، سەنگەر، پەناگە، شوێنێك کە کەسێك پەنای تیا بگرێت و گیانی خۆی لە مەترسی رزگار بکات

**جانخ:** لا، تەنیش، قەراغ، رەخ، کەنار، کن

**جانحه:** دەندە، هەر یەك لە ئێسقانەکانی تەنیشت

**جانخراش:** گیانبڕ، گیان ئازار، هەر شتێك ببێتە هۆی ئازاردنی گیان، گیان پروك

**جان دادن:** گیان دان، مردن، گیان سپاردن

**جان دادن:** گیان بەخشین، گیان پێ دان، ژیانەوە، ژیاندنەوە، هێز بە کەسێك بەخشین و دوبارە زیندو کردنەوە

**جاندار:** گیاندار، ئەوەی گیانی بێت، بونەوەر

**جاندار:** گیانباز، پێشمەرگ، گیان لەسەر دەست، پارێزەر کە لە کۆندا لە پێش پاشاکانەوە دەرۆشتن

**جاندارو:** نوشدارو، تریاق، دژە ژەهر، دەرمانی دژی ژەهر

**جاندانە:** مەلاشو، پێشە سەر، ملاشك، بن میچی دەم

**جان در بردن:** رزگار بون، گیان بەدەربردن

**جان سپار:** گیان بەخش، گیانبازو، فیدایی، پێشمەرگ، کەسێك کە لە رێگەی کەسانیتردا گیانی خۆی بخاتە مەترسیەوە

**جان سپاردن:** گیان سپاردن، گیان دان

**جان سپردن:** گیان دان، گیان سپاردن، مردن

**جان ستان:** گیان ستێن، گیان کێش، گیان بڕ، ئەوی گیان دەگرێت

**جان ستدن:** گیان گرتن، گیان سەندن، کوشتن، مراندن

**جان سخت:** گیان سەخت، خۆڕاگر، کەسێك لە دژواریەکاندا خۆڕاگر بێت و ئە و کەسەی بە دژواری گیان دەدات

**جانسوز:** گیانبڕ، جەرگبڕ، گیان سوتێن، سوتێنەر، ئەوەی یا ئەو کەسەی گیان دەسوتێنێت

**جانشین:** جێگر، جێنشین، جێگە نشین، شوێنی کەسێك گرتنەوە، قایم مقام، خەلیفە

**جان فرسا:** بەئازار، گیانبڕ، بێزارکەر

**جان فشاندن:** گیان بەخشین، گیان دان، فیدا کردنی گیان لە رێگەی کەسێك یا شتێك

**جانقی:** راوێژ، بیرورا گۆڕینەوە، بە باش زانین

**جانکاه:** گیانبڕ، کەم کەرەوەی گیان، ئازاردەر، ئەوەی هەم گیان کەم بکاتەوە وهەم تەمەن

**جان گداز:** سستکەر، بەئازار، گیانبڕ، گیان ستێن

**جان گرفتن:** چاکبونەوە، گیان گرتن، باشبونەوە

**جانگزا:** گیانگر، هەر شتێك ببێتە هۆی ئازاردانی گیان

**جان گسل:** کوژەر، بکوژ، گیان بڕ، ئەوەی دەکوژێن و گیان دەگرێت

**جانماز:** بەرماڵ، دوگرد، مەوەی نوێژی لەسەر دەکەن، مافورە، مازڵوخ

**جانور:** بونەوەر، گیاندار، رۆح لەبەر، ئاژەڵ، زیاتر بۆ ئاژەڵ و چوارپێکان بەکار دەبرێت

**جانور شناس:** ئاژەڵ ناس، ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵ و بونەوەرەکان دەکات

**جانور شناسی:** ئاژەڵ ناسی، زانستی لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵ

**جانورکش:** ئاژەڵ کوژ، بکوژی ئاژەڵەکان

**جانورگویا:** مرۆڤ، ئینسان، بەشەر، حەیوانی قسەکەر

**جانه:** ١- گیان، رۆح، نەفس، ٢-سیلاحی شەڕ، زرێ ٣- جوانە و بەمانی گەنج بۆ هەر ئاژەڵێك

**جانی:** گیانی، ئازیز، خۆشەویست، بەرێز، گیانی گیانی

**جانی:** شێت، جەنایەتکار، تاوانبار، گوناحکار، کەسێك گیرۆدەی تاوان و توشی هەڵە بێت، خوێنمژ، مرۆڤکوژ

**جانیه:** ژنی جەنایەتکار، ژنی گوناحکار

**جاود:** بڕوانە جاوید

**جـاودان:** جاویـدان، هەمیشەیی، بـەردەوام، سـەقامگیر، پایەدار، بەرقەرار

**جاودانــە:** هەمیــشەیی، هـەموکاتی، بـۆ هەمیــشە، سەقامگیر، پایەداری

**جاوید:** لەناونەچو، هەمیشەیی، بۆ هەتایە، پایـەدار، نەمر

**جاویدان:** هەمیشە، بەردەوام، بێ بڕان، بێ کۆتایی

**جاویدن:** بڕوانە جویدن

**جا:** پێگە، شوێن، جێ، جەلاڵ، جێگە، مـەزنی، شکۆ، شان، پلە، پایە

**جاهد:** کۆشەر، تێکۆشەر، هەوڵدەر، ماندونەناس، کۆشا

**جاهل:** نەزان، گێژ، وێژ، حۆل، بـێ مێشک، بـێ ئـاوز، ناشارەزا دژی زانا

**جاهلانە:** نەزانانە، گێژانە، ناشارەزایانە

**جـاهلی:** نـەزانی، سـەردەمی نـەزانی و تـاریکی کـە بـە سەردەمی پێش ئیسلامی عەربـەکان دەوترێت کـە لـەو پەری نەزانیدا ژیانیان بەسەر دەبرد

**جاهلیت:** نەزانی، دۆخی نەزانی و نەشارەزایی

**جای:** بڕوانە جا

**جای باش:** شوێنی نیشتەجێ بـون، مـاڵ کۆشـك، تـەلار، خانو

**جایز:** بڕوانە جائز

**جایزە:** بڕوانە جائزە

**جایع:** بڕوانە جائع

**جایگا:** پێگە، شوێن، پلە، پایە، مەزنی، شکۆ، فەڕ، مـاڵ، خانو، هەر شوێنێك کە کەسێك یا شتێك تیایـدا جێگیر بێت

**جایگزین:** جێگر، جێگیر، کەسێك کە شوێنێك بۆ خـۆی دیاری دەکات، کەسێك یا شتێك کـە لـە شـوێنێك جێگیر دەبێت، دامەزراو، جێ گرتو، جێگە گرتو

**جایگە:** بڕوانە جایگاه

**جایگر:** جێگر، جێگیر، دامەزراو، کەسێك یا شتێك کەلە شـوێنێکدا جێگیر و شـوێنی خـۆی قـایم کردبێـت، جـێ قایم

**جای مند:** تەمەڵ، تەوەزەل، بێکارە

**جـایی:** مەسـترەوا، ئاودەسـت، شـوێنی پێـشاو ڕشـتن، دەسشۆری،

**جاییدن:** بڕوانە جویدن

**جب:** چاڵاو، چاڵی پڕئاو، چاڵی قووڵ، بیر

**جب:** بڕین، پچڕاندن، پچڕان، زاڵبون، سەرکەوتن

**جبا:** حـەوز، چاڵاو، ئیستەخر، شوێنێك کە ئـاوی تیـا کۆببێتەوە

**جباء:** سست مبون، خاوبونەوە، لاواز بون، دودڵی، ترسان، زراوچون، وەستان لەتاو ترس

**جباب:** وشکەساڵی، ساڵی کـەم بـاران ۲- فـیرۆ، خـۆڕایی، بێهۆ ۳ – سەرشیر، توێژ، توێژاڵی شیر، کەفی شیر

**جباجب:** تەپڵ، تەپڵەکان

**جباخانــە:** جبەخانـە، سـیلاح خانـە، شـوێنی ڕاگـرتنی سیلاح وتەقەمەنی

**جبار:** جەبار، یەکێك لەناوەکانی اللە و بـەمانای دەست ڕۆشتو، لـەخۆرازی، سـەرکێش و لـەخۆبایی و سـتەمکار دێت

**جبال:** کێوەکان

**جبان:** ترسەنۆك، حیزەڵە، بێ غیرەت، بێ ورە

**جبان:** ترسەنۆك، بێ ورە، دڵ ڕزیو

**جبان:** پەنیر فرۆش، ئەوەی پەنیر دەفرۆشێت

**جبان:** سارا، گۆڕستان، زەوی بێ دار و تەخت

**جبانــت:** ترسـەنۆکی، بـێ زاتـی، بـێ دڵـی، ترسـان، ترسەنۆك، حیزەڵە

**جبانە:** دەشت، سارا، زەوی تەخت و بێ دار

**جباوت:** کۆکرانەوە، کۆبونەوەی باج و خەراج

**جبایت:** کۆکردنەوەی باج و خەراج

**جبت:** ۱- بت سەنەم، ۲- سیحر، ساحیر، ۳- بێ خێـر و بێر، کەسێك کە خێری نەبێت

**جبجاب:** ئاوی زۆر

**جبرائیل:** جبرەئیل، وەرگراو لە وشەیەکی عیبری بە مانای بەندەی خوا، نێردراوی خوا یەکێك لە فریشتە نزیکەکان لە خوا هەلگری وەحی بۆ پێغەمبەران

**جبران:** قەرەبو، تۆڵە، بژاردن، بۆ بژاردن

**جبرئیل:** بڕوانە جبرائیل

**جبروت:** هێز، دەسەلات، گەورەیی، مەزنی، پایەبەرزی، شکۆداری

**جبریل:** بڕوانە جبرائیل

**جبس:** ١- ترسەنۆك، بێ زات، تۆقیو،٢- بێچوە ورچ٣ – گەچ

**جبسین:** گەچ، گەچی سپی کە لە بیناسازیدا بەکار دەروات

**جبفوت:** پەشم، پەمو، لۆکە، ئەوەی دۆشەك و باڵشت و هاوشێوەکانی پێ دەئاخنن

**جبل:** کێو، چیا، کەژ، کۆ، بەرزایی سەردەشت ودەر، شاخ، کێف، چیا

**جبالاج:** پیسکە، هەتیومچە، ڕەزیل، بەخیل، پەست

**جبلت:** سروشت، سرشت، ناخ، هێز، وزە

**جبلی:** کێوی، کوێستانی، تایبەت بە کێو، گەورە بو لە کەژ و کێو

**جبلی:** سروشتی، سرشتی، زاتی

**جبن:** پەنیر

**جبن:** ترسان، زات نەمان، وەرە نەمان، ڕوخان، ترس، زات، وەرە

**جبه:** جبە، عابا، جلێکی بلاو و درێژە کە لەسەر جلی تر لەبەری دەکەن

**جبهات:** ناوچاو، نێوچاو

**جبه‌خانه:** جبە خانە، سیلاح خانە، شوێنی ڕاگرتن و هەلگرتنی سیلاح، جبەڵخانە

**جبهه:** پێش، ناوچاو، سەر بڕۆکان و ژێر موی پێشەسەر٢ خەڵك، قەرەباڵغی خەڵکان٣- گەورە، سەرۆکی خێڵ٤ بەرە، پێش، پێشەوەی گۆڕەپانی شەڕ

**جبیره:** تەختە بەند، تەختە بەس، ئەو تەختانەی لەسەر ئێسکی شکاو دەیبەستن

**جبیز:** نانیو وشك، وشکە نان

**جبیس:** ١- بێچوە ورچ٢- نامرۆڤ، ناپیاو، ناکەس، پەست، هیچ و پوچ

**جبیل:** قێزەون، ناحەز، دزێو، ناشیرین، ئێسك قورس، ڕەزا تاڵ، خوێن تاڵ

**جبیل:** تەپۆڵکە، کێوی بچوك، گردە

**جبین:** ناوچاو، پێشچاو، نێوچاو

**جبین:** ترسەنۆك، بێ وەرە، حیزەڵە، نەوێر، نائازا، کەم زات بۆ پیاو و ژن

**جت:** فوارە، فشفشە، کونێکی بچوك کە شلەمەنی یا گاز بە فشار لێی دێتەدەر

**جثام:** کابوس، مۆتەکە، خەوی پەرێشان وناخۆش

**جثمان:** جەستە، لەش، پەیکەر، قالب، ئەندام

**جثه:** بەدەن، جەستە، لەش

**جحاش:** جاش، جاشولکە، بێچوی کەر

**جحاف:** ژانە سك، سکچون، زکچون، تەقە فیرە

**جحاف:** شەڕ، کوشت و بڕ، یەکتر کوشتن

**جحد:** حاشا کردن، بە درۆ کردنەوە، حاشا کردن لەبابەتێك لە گەڵ زانینی ئەو بابەتە

**جحر:** کولانە، کون، لانەی ئاژەڵەکان

**جحش:** جاش، جاشولکە، بێچوی کەر، بێچوی ماین و ئێستر، جاشك، جاشکۆڵە، جەحشك، دەحشك

**جحش:** ڕوشان، ڕوشیان، برینداربونی سەرچڵ، ڕوشین

**جحف:** ١- ئامادە کردن، حازر کردن ٢- تویخ لێکردنەوە، پێست داماڵین

**جحفل:** سوپا، سپا، لەشکری زۆر. و بەمانای پیاوی گەورە و جوامێریش دێت

**جحل:** ١- مارمێلك، مارمولك٢- هەنگ، هەنگی هەنگوین

**جحم:** پێ کردن، هەلایساندن، دایساندنی ئاگر

**جحود:** ئینکار کردن، حاشا کردن، بەدرۆ خستنەوە

**جحیم:** دوزەخ، دۆزەخ، جەهەننەم، شوێنێکی زۆر گەرم، ئاگرێکی بەهێز کە لەناو چاڵێکدا پێ کرابێت

**جخ:** شەڕ، هەرا

**جخاف:** شانازی کەر، لەخۆرازی، لەخۆبایی، ئەو کەسەی شانازی زۆر بەخۆی دەکات

**جخج:** بڕوانە جخش

**جخش:** گواتر، غودەیەکی گەورە کە لە ژێ مل و گەردنی مرۆڤ دەردەکەوێت و ئازاری نیە

**جخیف:** ١- لە خۆڕازی، لە خۆبایی ٢- زۆر، فراوان، زیاد، لەشکری زۆر ٣- نەفەس، رۆح، گیان ٤- قۆڕەقور، دەنگی سکی مرۆڤ- پرخە، پرخەپرخ، دەنگی خەوتو

**جد:** ١- تێکۆشین، تێکۆشان، هەوڵدان، خەبات کردن، ماندو بون، کۆشان ٢ هەوڵ، کۆشش، تێکۆشین، خەبات ٣- راستی، رەوایی، دروستی

**جد:** باوەگەورێ، باوکی باوك، باوکی دایك

**جد:** ١- بەهرە، بەش، رۆزی، بەخت، شانس- رەخ، کەنار، قەراغ روبار یا هەرشتێك

**جدا:** جیا، سەوا، دور لەیەك، جیا لەیەك، تەنیا، تایبەت، جوێ، جیاواز

**جداء** بەخشین، دان، سود، قازانج، بەرژەوەندی

**جداجدا:** یەك یەك، جیا جیا، دانە دانە، دنکە دنکە، تایبەتی

**جدار:** دیوار، حەسار

**جدا شدن:** جیابونەوە، لێك پچڕان، لێك هەڵبڕان، پێکەوە نەمان

**جدا کردن:** جیا کردنەوە، لێك دابڕان، لێك پچڕاندن، لێك دوورخستنەوە

**جداگانە:** تایبەتی، جیاواز، بەتەنیا، تەنیا

**جدال:** شەڕ، دوژمنایەتی، نەیاری، شەڕش کردن، نەسازان، نەگونجان، هەڵنەکردن

**جدال:** مریشك فرۆش، کاسب، ئەو کەسەی مریشك دەفرۆشێت

**جدب:** ١-ئیراد گرتن، عەیب گرتن ٢- وشك بون، وشك و بێ گیا بونی زەوی ٣- وشکەساڵی ساڵی کەم باران ٤- عەیب، ئیراد

**جدت:** ١- تازە بونەوە، نوێ بونەوە ٢- تازەیی، نوێی، نۆیی، دژی کۆنی

**جدجد:** جیرجیرە، جیرجیرم، مەشکەدڕە، سیسرك، سیسرە

**جدر:** وشتری مێی چوار ساڵە

**جدر:** دیوار، دیڤار، حەسار

**جدران:** دیوارەکان، حەسارەکان

**جدری:** ئاوڵە، خوریکە، خوروکە، هاوڵە

**جدع:** بڕین، پچڕاندن، پچڕانن، بڕینی گوێ یا لوت یا لێو ٢- رێگرتن، بەند گرتن، نەهێشتن، گرفتار کردن

**جدعاء** لوت بڕاو، کەپو بڕاو، گوێ بڕاو، بێ گوێ

**جدکارە:** بیروڕا جیاوازەکان، ئەندێشە جیاکان، شێوازە جۆراوجۆرەکان

**جدل:** شەڕ، دوژمنایەتی، نەیاری، نەسازان، هەڵنەکردن، بگرە و بێنە، مشت و مڕ

**جدوا:** بەخشین، بەخشش، دان، پێدان

**جدول:** ١-جۆگە، جۆگەلە، روباری بچوك،جۆگا ٢- یەکتر بڕ، جۆرێك سەرقاڵیە بۆ تاقی کردنەوەی ئاستی زانیاری و وشیاری کە بریتیە لە کێشانی دو هێلی ئاسۆیی و ستونی و ناوەکەی وەك خانەکانی شەترەنج کە هەندێکیان رەش دەکرێنەوە و ئەوانەیتر بە سپیەتی دەهێڵدرێنەوە. دواتر پرسیارەکان لەملایەوە دەنوسرێت و دەبێت وەڵامە راستەکان لەناو خانە سپیەکاندا دابنرێت. بۆ یەکەم جار فیساغورس دایهێنا و بە یەکتر بڕی فیساغورس بەناو بانگە

**جدە:** دایەگەورێ، دایە پیرە، دایکی دایك، دایکی باوك

**جدی:** ١- کۆشا، هەوڵدەر، تێکۆشەر، خەباتکەر، پشت گەرم ٢- و هەروەها بە مانای راستی و یا بەراست بون دێت دژی گاڵتە و شۆخی. وەك بەراستمە

**جدیت:** هەوڵی زۆر، تێکۆشان، ماندونەبون

**جدید:** تازە، نوێ، تازە داهاتو، نو

**جدید الاحداث:** تازە داهاتو، تازە دروست بو، تازە بنیات نراو

**جدیدان:** شەو ورۆژ، تازەکان، چونکە هیچ کات کۆن نابن

**جدیر:** شیاو، شیان، لێوەشاوە، زێهاتی

جـدیر: چـواردیواری، شـوێنێك كـه دەورەكـەی دیـوار كێشرا بێت
جدیرە: شیاو، شایان، هەڵگر
جذ: بڕین، هەڵكەندن، لەبن دەرهێنان، قرتاندن
جذاب: سەرنج ڕاكێش، ڕاكێشەر، دڵڕفێن، گیرا
جذاذ: وردكە، پرتكە، وردە و پردەی هەر شتێك
جذاع: چوارپێی بچوك، چارویی بچوك
جذال: قەد، باڵای دار
جـذام: گـولی، نەخۆشـی پیـسی، خـۆرەوی كـەتو، فایرۆسـەكەی هاوشـێوەی فایرۆسـی سـیلە و لـە سـاڵی ١٨٧٠ لە لایـەن هانـسنەوە دۆزرایـەوەو لـە ئامریكا و ئافریقا و ئاسیادا بلاوە
جذب: ڕاكێشان، بۆ لای خۆ كێشان، كێشان، ڕفاندن
جذبە: دوری، مەودایەكی دوری نێوان دو شت
جـذر: ١- ڕەگ، ڕیـشە، بـن و لـە وانـستی بیركاریـدا بـە مانی ڕەگ دێت
جذر: وشتری چوار ساڵە
جذع: چارویی بچوك، چوار پێی بچوك، مەڕ، بـزن، گا، گوێرەكە
جذل: بن، ڕەگ، ڕیشە، ڕەگی دار یا قەدەكەی بێ گەلا و چڵ
جـذل: شـادمان بـون، ڕازی بـون، خۆشـحاڵ بـون، شـادی، خۆشی، شادمانی
جذم: بڕین، قرتاندن، قرتانن، پچڕاندن
جذوب: ڕاكێشەر، بكێشی شتێك
جذور: ڕەگ، ڕیشە
جذوع: تەنە، قەد باڵای دار
جذول: ڕەگ، ڕیشە، بن
جر: جیرە، جرِ، جێر، دەنگی دڕانی شتێك، جیرەجیر
جر: زین، زین ئەسپ
جر: كێشران، درێژبونەوە، بەردەوام بون
جرا: ئەكر، موچە، مانگانە، لێپرسراویەتی
جراء لاوی، گەنجی، هەرتی لاوی، منالی كچان، خورتانی
جرائد: ڕۆژنامەكان، گۆڤارەكان

جرائر: گوناح، سوچ، تاوان، هەڵە، خەتا، بزە
جرائم: جەریمە، تاوانی بژاردن، سزا، باڵبەز
جراب: ١- هەنبان، هەنبانە، توێشودان ٢- كالان، بـەرگی شمشێر
جراب: كەشتی خالی، كەشتی بێ بار
جراجر: جیرجیر، جیرە جیڕ، دەنگی دڕانی شتێك
جـراح: جـەراح، نەشـتەرگەر، تیمارکـەر، ئـەو كەسـەی برین و ناسۆرەكان چارەسەر دەكات
جراحـت: بـرین، زەخـم، ناسور، كوان، شـوێنی تـیخ لـە لەشدا، زام
جراد: كولە، كلۆ، كوللۆ، كوللە
جرار: ڕاكێشەر، ئەوەی بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت، بكێش
جرارە: دوپشكی زەرد، كۆلاژدەم، جۆرێكە لـە دوپـشكی زەرد كـە كلكی بەسـەر زەویـدا دەكێـشێت و ژەهرێكی كوشەندەی هەیە
جراز: تیخ، كێرد، شمشێری تیژ
جراسیا: هاڵەبلاڵوك، ئاڵەبلاڵوك
جراف: ١- لافاو، ئەو لافاوی هەمو شتێك لەگەڵ خۆیـدا ببات ٢- زۆر خۆر، تێرنەخۆر
جرامیـز: ئەنـدام، ئەندامـەكانی دەسـت و پێـی ئـاژەڵ و مرۆڤ
جرأت: بوێری، زات، ورە، دڵ، دلێری، بوێری
جرب: گەڕی، جۆرێكە لە نەخۆشی، گەرۆڵی، توك ڕزان، گاڵ
جربـاء ١- ئاسمـان، ئەسـتێرەكان ٢ زەوی وشـك و بـاران نەدیتو
جربـزە: زیرەكـی، شـیاوی، بـوێری، توانـایی، ژیهاتویی، لێهاتویی، فریو، فێڵ، توانایی بۆ ئەنجامی كارێك
جرثقیـــل: ســـەنگ، جەرســـەقیل، جووڵانـــدن و گواستنەوەی بارە قورسەكان و ناوی ئامرازێكە كە باری قورس جێبەجێ دەكات
جرجر: جیرەجیڕ، دەنگی دڕان یا لەت بوونی شتێك
جرجر: خەرمان كوت، ئامرازی خەرمان كوتان

**جرح:** بریندار کردن، خراپە وتان، عەیبدار کردن، نوقسان کردن، سەقەت کردن، رەد کردنەوەی شایەتی شایەتی دەرەکان

**جرح:** زەخم، زام، برین، ناسۆر

**جرد:** زەخمی، بریندار، زامدار

**جرد:** تەخت، تەختی پاشاکان

**جرد:** کۆنە، جلی کۆن، پەرۆکۆن

**جرده:** روتی، روت و قوتی، پێخاوسی

**جرده:** خەسێنراو، ئەسپی خەسێنراو و ئەسپێك کە باوکی عەرەبی و داکی لە رەچەڵەکێکیتر بێت

**جرده:** زەردە، زەردباو، ئەسپی زەردباو

**جرذ:** مشکەکوێر، مشکی سارا

**جرز:** دیاور- پایەی بینا، پایە کە لەبەرد یا لە خشت دروست بکرێت

**جرز:** وشکەساڵی، ساڵی نەهات، ساڵی کەم باران

**جرس:** وتن، دوان، ئاخاوتن، قسە کردن، پەیڤین، گۆرانی وتن

**جرس:** بەش، لەت، پار، بەشێك لە شتێك

**جرس:** بنەما، ئەسڵ، بن، رەگ

**جرس:** بەند، زیندان، ئەشکەنجە، ئازار

**جرس:** زەنگ، زەنگۆڵە، ئەو زەنگۆڵەی لە ملی چوارپێکانی دەبەستن

**جرعە:** قوم، ئەو برە ئاوەی بە یەکجار دەخورێتەوە، چۆڕ، قۆڵپ، قلپ، فرەك

**جرم:** ١- رەنگ٢- جەستە، لەش، لەشی ئاژەڵ

**جرم:** گەرم، گەرمی، تا

**جرم:** گوناح، سوچ، تاوان، هەڵە، بزە

**جرم پوش:** گوناح پۆش، خەتا پۆش، ئەوەی هەڵە یا تاوانێك دادەپۆشێت

**جرمزه:** ١- بەستران، کۆبونەوە، خۆبنەوە، مەیین٢- هەڵاتن، راکردن

**جرمشناسی:** تاوان ناسی، ئەو زانستەی لەبارەی تاوان و سوچەکان لێکۆڵینەوە دەکات

**جرموز:** ١- حەوزی بچوك، ماڵی بچوك، بێچوە گورگی نێر

**جرندە:** کرۆزنە، کرۆزەڵە، کرۆزە، کرکراکە، ئێسکی ناسکی کرۆشتنی

**جرنگیدن:** جرینگ جرینگ، دەنگی بەریەك کەوتنی شمشێر

**جرو:** بێچوە سەگ، توتەڵە سەگ، توتەڵە، توتە، هەر شتێکی بوچك تەنانەت خەیار و ترۆزیش

**جرواسك:** جیرجیرە، مشەکەدرە، سیسرك

**جروح:** برینەکان، زامەکان

**جرور:** یابو، سەرکێش، ئەسپی یاخی

**جروز:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر، سك برسی

**جرە:** سەبو، گۆزەی گەورەی دەسکدار، دەفری ئاو لە سواڵەت، گۆزکە، کوپەڵە، جەرە

**جرە:** بونەوە، گیان لەبەر بە هەمو جۆرەکانیەوە وەك ئاژەڵ و باڵندە و مێرو

**جریان:** ١- رەوان بون، زەوت، رۆشتنی ئاو یا هەر شتێکیتر٢-روودان روودانی بابەت یا کارێك

**جریح:** بریندار، زامدار، زەخمی

**جریحە:** برین، زام، ناسور، رێش

**جریحەدار:** بریندار، زامدار

**جرید:** تاك، تەنیا، تاقانە،تەك

**جریر:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار، هەوساری وشتر

**جریرە:** بزە، تاوان، سوچ، گوناح

**جریش:** بروێش، بروێشین، پەرشە، دەنکی دەغڵی پەرش

**جریم:** ١- گەورە، ئەستور، زل، زەلام٢- تاوانبار، سوچدار، گوناحکار٣ خورمای وشك

**جریمە:** جەریمە، سزا، قەرەبو، بژاردن، بۆ بژاردن

**جرین:** خرمان، خرمەنگە، شوێنی خرمان

**جز:** بێجگە، جگە، جیاوازلە

**جز:** جیز، جیزەحیز، دەنگی ئاوکاتێك بەرئاگر دەکەوێت

**جز:** دوورگە، جزیرە

**جز:** برین، لێکردنەوە، برینی مو یا پەشم یا گیا

**جزاء** پاداش، سزا، پاداشت، قەرەبووی چاکە، کرێ

**جزار:** قوربانی کردن، سەربرین، سەربرینی مەڕ یا وشتر

**جزار:** وشتر کوژ، بکوژی وشتر

**جزاز:** دروێنە، درمو، وەرزی دروێنە

**جزاز:** وردە، ورتکە، وردە و پردە، ئەوەی لە کاتی برین شتێك بکەوێتە سەر زەوی

**جزاف:** ناڵوگۆڕ، کڕین و فرۆش، سەودا کە بە بێ کێش کرد و ژماردن ئەنجام بدرێت

**جزاف:** ماسیگر، راوچی، ئەوەی ماسی راو دەکات

**جزالت:** گەورەبون، بەهێز بون، پشت ئەستوری، گەورەی، جوانی، فراوانی، بەهێزی

**جزاندن:** جزاندن، سوتاندنن برژاندن، دڵی کەسێك سوتاندن، خەمبار کردن

**جزء** بەش، لەت، پار، کوت، کوتێ، لە شتێ کوتێ

**جزئی:** کەم، وردە، کەمێك، برێك، بە پێچەوانەی زۆر و گشتی، تۆزێك، تۆسقاڵێك

**جزئیات:** وردەکاری، شیتەڵکاری

**جزئیە:** وردە، وردەکاری، بە پێچەوانی گشتی

**جزد:** بروانە جراوسك

**جزر:** سەربرین، قوربانی کردن، سەربرینی ئاژەڵ

**جزر:** گەڕانەوەی ئاوی دەریا، داکشان، رۆشتنە خوارەوەی ئاوی دەریاو و دامرکانەوە

**جزر:** گێزەر، گزەر، گزر

**جزع:** بێ ئارامی، خۆڕانەگری، بێ ئۆقرەیی، ناڵاندن، دڵتەنگ بون

**جزع:** رێڕەو، شوێنی رۆشتن، رێگەی ئاو، شوێنی هۆز یا نەتەوە

**جزغال:** جزلیك، جزییلك، دوگی سورەوە کراوە، جزیلە

**جزل:** گەورە، مەزن، زۆر، فراوان، فرە

**جزم:** برین، پچڕاندن، مەبەست کردنی کارێك، مەبەست کردن بێ گومان

**جزمە:** رانەمەڕ، ران، مێگەلە مەڕ

**جزو:** بروانە جزء

**جزور:** وشتر، یا مەڕێك کە بۆ کوشتن بێت

**جزوع:** خۆڕانەگری، بێ ئۆقرەیی، بێ ئارامی، بێ تاقەتی، ناڵاندن، دڵتەنگی کردن

**جزوع:** خۆڕانەگەر، بێ ئارام، ئۆقرە لێبڕاو

**جزوە:** مەلزەمە، بەشێك لە کتێبێك، کتێبی بچوك

**جزیرە:** دوورگە، زێراف، لەن، گەڕاوە، نافرۆ، زەویەك لە ناوەڕاستی دەریا کە ئاو لە هەر لایەکەوە گەماری دابێت

**جزیل:** گەورە، مەزن، بەشکۆ، زۆر، فراوان، قسە پاراو

**جزیە:** گزیت، جەزیە، ئەو سەرانەی ناموسوڵمانان دەبێت بیدەن بە موسوڵمانان لەسەردەمی خەلیفەکان

**جس:** دەست پیاهێنان، دەست لێ سون، دەست لێدان

**جساد:** زەعفەران

**جساد:** سکەئێشە، ژانەسك، زکێشە، ئازاری ناوسك، پێچی سك

**جسارت:** بوێری، ئازایەتی، وێران، نەترسی، زاتداری

**جساس:** سیخوڕ، لێکۆڵەر، ئەوەی زۆر بە دوای شتەکاندا دەگەڕێت

**جسامت:** ئەستوور بوون، زل بوون، ئەستوری، کلۆفتی

**جست:** پەڕین، بازدان، قەڵەمباز، بەمانای بەرزی و بەرزایش دێت

**جست:** گەڕان، لێکۆڵینەوە، پشکنین، فەکۆڵین

**جستان:** بازدەر، ئەوەی قەڵەمباز یا باز لێدەدات

**جستجو:** گەڕان، لێکۆڵین، فەکۆڵین، توێژینەوە، پشکنین، کروکاش، لێگەڕیان

**جستن:** گەڕان، بەدودا گەڕان، لێکۆڵینەوە، لەدوو بون

**جستن:** پەڕین، باوزدان، قەڵەمباز دان، رزگاربون، هەڵاتن، راکردن

**جسد:** جەستە، لەش، قالب، بەیەن

**جسد:** ١- خوێن، قەتماغە، خوێنی وشك هەڵاتو ٢- زەعفەران

**جسر:** پرد، پر، رێباز لە بان ئاو

**جسك:** ئازار، بەلا، مەینەتی، خەم، کەسەر، پەژارە

**جسم:** جەستە، لەشن تەن، بەیەن، هەر شتێك کەدرێژی و پانی و قوولّی هەبێت

**جسمان:** جەستە، لاشە، بەیەن

**جسمانی:** جەستەیی، پەیوەندیدار بە جەستە

**جسور:** چاونەترس، بوێر، دلێر، ئازا، بەجەرگ

**جسورانە:** ئازایانە، چاونەترسانە، دلێرانە

**جسید:** قەتماغە، خوێنی وشك هەلاّتو

**جسیم:** گەورە، زلّ، زەلاّم، بەهێز، ئەندام رێك، چوارشانە

**جش:** چاومزار، مورووە شینە، ئەو موورووەی بۆ دور بون لە چاوی پیس بە لاملی منالّەوە هەلّیدەواسن

**جش:** بەردەلاّن، زەوی پڕبەرد

**جشاء** قرقێنە، قرپ، قولّپینە، ئەو بایەی بەقورگ دەردەچێت

**جشان:** گەزر، ئەو دارەی زەوی پێ دەپێون، داری گزیجار

**جشن:** جەژن، جەشن، بۆنە، شادی، شادمانی، خۆشی کردن، رێ و رەسمێکی شادی هێنەر، گێژن، جێژنە

**جشن:** تا، گەرمی، بەرز بونەوەی پلەی گەرمی جەستە

**جشنوار:** فیستیفال، جەژنێکی گشتی بۆ نیشاندانی بەرهەمە هونەریەکان

**جشە:** قۆلّ، قۆلّی کراس و هەرچی، جومگە پۆش لە کراس و کەوا

**جشیر:** جۆلاّ، بوزوتەن، شالّباف

**جشیش:** بروێش، چێشتی بروێش

**جشیم:** ئەستور، قورس، بەکێش، درشت

**جصاص:** گەچکار، وەستای گەچ

**جعال:** تەزویرکەر، درۆزن، درۆکەر، فشەکەر

**جعبوب:** کورتە بالاّ، قەزەم، گول، پیاوی کورتی ناحەز

**جعبە:** ١- تیردان، تیردانك ٢- سنوقی بچوك، هەر شتێکی سنوق ئاسا کە لە کارتۆن یا لە هەرچی دروست بکرێت

**جعد:** قژی ئالۆسکاو، موی فر، بژ

**جعد:** رەزیل، چاوچنۆك، بەخیل، رژد

**جعشوش:** باریکەلە، لاغری درێژ، ناحەزی ناقولاّ

**جعفر:** ڕووبار، جۆم، چەمی گەروە، شەت

**جعفری:** جەعفەری، جۆرە سەوزیەکەی خواردنە

**جعل:** دروست کردن، جێگیر کردن، دانان، خولقاندن، ئافراندن، دروست کردنی بەلگە یا قەوالّە یا پارە کە دوور لە راستی و تەزویربێت

**جعل:** کرێ، موچە، ئەو کرێ یەی بۆ کردنی کارێك دیاری دەکەن

**جغ:** نیر، دارێ کەدەخرێتە سەر ملی گاجوتان لە کاتی زەوی کێلاندا

**جغجغە:** جیقجیقە، جقجقە، جۆرێکە لە بوکەلاّنەی منالاّن یاری پێدەکەن و لە کاتی زەخت کردنی لێی دەنگی جیقە لێوە دێت

**جغد:** کوندەبەبو، باوەقوش، بایەقووش، بوو، کوندە بەبو، کوندەبو، بوومی زل، لە بالّندە وەحشیە حەرام گۆشتەکانە

**جغرافی:** جوگراڤ، جوغراف، زانستێکە تایبەت بە هەسارەی زەوی و باروودۆخی سروشتی و ولاّتەکان و چۆنیەتی ژیانی نەتەوەکان و فەرهەنگە جیاوازەکان کە لە خۆگری چەند بەشە: سروشتی، ئابووری، مرۆیی، و سیاسی

**جغلە:** بێ مو، لوس، تاس و لوس، لوس و پوس، کوری بێ موی ئاسك

**جغە:** تاج، کلاّوی پاشاکان، نیوتاج

**جف:** ژمارەیەکی زۆر، دەستەیەك لە خەلّك، قەرەباڵغیەك لە خەلّکان

**جف:** ١- کۆنەسالّ، پیر، پیری پەك کەوتە ٢- هەر شتێکی ناو بەتالّ وەك قامیش

**جفاء** بێهۆ، فیرۆ، هەر شتێك یا کارێك کەسوودج و بەرژەوەندی تیا نەبێت

**جفا** پشت تێکردن، خۆ لێ دوورخستنەوە، ناخۆشەویستی بەرامبەر بە کەسێك، بێ وەفایی، جەفا

**جفا پیشە:** ستەمکار، ئازاردەر، دۆست و دەزگیرانی بێ وەفا

**جفاخ:** لەخۆرازی، خۆپەسەند

**جفاف:** وشك بون، سیس بون

**جفال:** ١- کەفی شیر، سەرشیر ٢- پەشمی زۆر و فراوان ٣- ئەوەی لافاوی لەگەڵ خۆیدا هێنابێتی، لافاوی

**جفالە:** کەف، کەفی شیر، ئەوەی لەسەر مەنجەڵ بە کەوگیر دەگیرێت

**جفت:** جوت، دوان، بەرابەری تاك، دوان لە شتێك، وەك یبەك، ژن و مێرد

**جفت شدن:** جوت بون، پەیوەست بون بەیەك، وەك یەکی، لێك نزیك کەوتنەوەی نێر و مێ

**جفتك:** جوتە، لەقە، جوتکە، لووشك، توند ناویشتنی پێ

**جفت کردن:** جوت کردن، پەیوەست کردن، لێك نزیك کردنەوە، وەك یەکی، نێر و مێ خستنە نزیك یەك

**جفت گیری:** جوتبون، جوتبونی نێر و مێ بۆ وەچە خستنەوە

**جفتە:** ١- جوت، نزیك، شەریك، هاوبەش ٢- سمت، پشت قن، سمتۆڵ، لاقون، کەفەڵی مرۆ، ئەستورایی بەر کەمەر

**جفتە:** چەماوە، خوار، لار

**جفر:** بیر، چاڵی قووڵ

**جفن:** پێڵو، پێلوی چاو. کالان، بەرگی شمشێر

**جفنگ:** هیچ، پوچ، خۆڕایی، بێهوٚ، فیڕۆ، بادی هەوا، هەڵیت و پڵیت

**جفیر:** تیردان، تیردانك

**جك:** بەرات، شەوی پانزەیەمی شەعبان، شەوی جەژنی بەرات

**جك:** جەك، بەرز کەرەوە، ئامرازێکی بچوکی نوێڵی ەك بەبەرز کردنەوە و ڕاگرتنی شتە قورسەکان وەك ترۆمبێل و هتد بە کار دەبرێت

**جگر:** جەرگ، جگەر، کەزەب، یەکێك لە ئەندمەکانی ناوسکی مرۆڤ و هەندێ لە ئاژەڵەکان کە ڕەنگی سوری ڕەشباوە

**جگرآور:** ئەترس، بوێر، ئازا، دلێر

**جگرخای:** جەرگبڕ، جگەرخۆر، خەمۆك، ئەوەی خەم و خەفەتی زۆر بخوات

**جگرخستە:** دڵ بێزار، دڵتەنگ، پرێشان

**جگرخوار:** ١- جگەر خۆر، ئەو کەسەی جەرگ دەخوات ٢- خەمخۆر، خەمبار، کەسێك کە خەمی زۆر بخوات

**جگر داشتن:** ئازایەتی، بوێری، بەجەرگ بون

**جگرسوز:** جەرگبڕ، جەرگ سوتێن، ئەوەی ببێتە هۆی خەم و کەسەری زۆر

**جگرگوشە:** ١- بەشێك لە جگەر ٢ = منداڵ، ئازیز، خۆشەویست

**جگرگون:** بەڕەنگی جگەر، سوری پڕرەنگ

**جل:** پاڵان، کۆپان، کورتان، پۆشاکی چوارپێ

**جلاء:** ئاوارەبون، لە ماڵ دورکەوتنەوە، کۆچ کردن، بار کردن

**جلاء:** سورمە، سرمە، سورمەی چاو

**جلاب:** ڕاکێشەر، کۆیلە فرۆش، کەسێك کە بەندەیەك لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر بۆ فرۆش ببات

**جلاجل:** زەنگ، زەنگۆڵە

**جلاد:** جەلاد، مرۆڤکوژ، ئەو کەسەی لێپرسراوی کوژتن و ئازاردانی زیندانیەکان و تاوانبارنە، میرغەزەب، سەربڕ، جەلاب

**جلادت:** چالاکی، بەهێزی، چوستی، دلێری، خۆراگری

**جلافت:** ١- توندو تیژ، تورە ٢- ناوبەتاڵ، ناوپوچ ٣- بێ مێشکی، سوکی، نەزانی، گێژی

**جلال:** ڕێزداربون، گەورە بون، پایەبەرزبون، گەورەیی، مەزنی، ڕێزداری

**جلالت:** گەورەیی، مەزنی، گەورەبون، پایەبەرز بون

**جلالە:** ئاژەڵی حەڵاڵ گۆشت کە شیاکە بخوات، گای شیاکەخۆر

**جلب:** هەرا، هوریا، ئاژاوە، فیتنە

**جلب:** ناپاك، ناکەس، درۆزن، فێڵباز

**جلب:** کێشان، ڕاکێشان، ڕاکێشان لە لایەك بۆ لایەکیتر

**جلب:** جەڵەب، کۆمەڵی مەر و بزن و هەرچی کە لە شارێ؛ دەوە بۆ شارێکیتری دەبەن بۆ فرۆش
**جلباب:** چارشێو، عابا، جلی گەورە و بەربلاو
**جلجل:** زەنگ، زەنگۆڵە
**جلجلان:** گژنیزە، گژنیز، گشنیز، گژنێژ
**جلد:** بەهێز، چالاك، زۆردار
**جلد:** بەرگ، پێستە، توێکڵ، توێژاڵ، پێستی مرۆڤ یا ئاژەڵ. بەرگ، ئەوەی بەسەر شتێکیتردا دەیکێشن وەك بەگری کتێبە یا دەفتەر
**جلد:** لێدان، قامچی لێدان
**جلز:** جیز، جیزەجیز، دەنگی برژنی گۆشت
**جلساء** هاودەمەکان، هاونشینەکان
**جلسه:** دانیشتن، کۆڕ، کۆبوونەوە، دانیشتن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر شتێك
**جلعاء** لێوشۆڕ، لچ شۆرن ژنێك کە نەتوانێت لێوەکانی کۆبکاتەوە و هەمو دیانەکانی بەدەرەوە بێت
**جلف:** جلف، سوك، سەرسەری، خوێری، ئەحمەق، بێ مێشك
**جلق:** تاشین، سەرتاشین،
**جلق:** دەسپەر، مشتاو، دەستپەر، ئاوهێنانەوە بەدەست خۆراحەتکردن بە دەستی خۆ، جلق
**جلگه:** دەشت و دەر، دەشتی بەرز
**جلل:** کاری گەورە، فەرمانی گەورە
**جلمد:** بەرد، تاشەبەرد
**جلنار:** گوڵنار، گوڵی هەنار
**جلنبر:** کۆنەپۆش، کەسێك کە جل و بەرگی دڕاو لەبەر بکات یا لەبەریدا بێت
**جلنبه:** گارز، جلشۆر، قەسار، ئەو دارەی جلی پێدەشۆن
**جلو:** پێش، بەردەم، بەرابەر، بەرانبەر، بەر. بەمانای هەوسار و جڵەویش دێت
**جلواد:** خوشڕ، ئەخلاق شڕ، رەوشت ناشیرین
**جلواز:** پاسەوان، پاسەبان، ئێشکچی
**جلوخان:** پێشخان، پێشگای ماڵ، بەردەم ماڵ و تەلار
**جلودار:** جڵەودار، پێشەنگ، نۆکەر یا خزمەتکارێك کەلەپێش خاوەنەکەی خۆی بەرێوە بڕوات، پێشرەو، پێشەنگ
**جلوس:** نیشتن، دانیشتن، نیشتنەوە
**جلوگیر:** رێگر، لەمپەر، بەرگر، ئەوەی رێ یابەر لە شتێك یا کەسێك بگرێت
**جلوند:** چرا، قەندیل
**جلوه:** ١- دەرخستن، دیار خستن، ئاشکرا کردن، رون کردنەوە ٢ — ئاشکرا، بەرچاو، دیار، رون
**جلوەکنان:** ئاشکرا، رون، دیار، بەرچاو
**جلوەگر:** ئاشکرا، بەرچاو
**جله:** سەبەتە، سەوەتە، زەمبیل، زەمێلە، زەمێڵە کە لە گەڵای خورما یا لقە ناسکەکانی دار بێت
**جله:** گرێ، گرێپوچکە
**جلی:** رون، دیار، رۆشن، روناك، بەرچاو، ئاشکرا
**جلیب:** جەڵەب، ئەوەی لە شارێکەوەبۆ شارێکی دیکەی ببەن بۆ فرۆش
**جلیتقه:** جیلقە، جلێقە، نیوقۆڵێکی کورت کوڕی لە ژێر جلەوە لەبەری دەکەن
**جلید:** بەهێز، زۆردار، گازۆر، خۆڕاگر، وشیار
**جلید:** سەهۆڵ، ئاوی بەستو. بەمانای جەلادیش بەکار دەبرێت
**جلیس:** هاودەم، هاونشین
**جلیف:** جلف، سەرسەری، بەرەڵا، گێژ و وڕ، نەزان
**جلیفه:** وشکەساڵی، ساڵی کەم باران، ساڵی نەهات
**جلیل:** جەلیل، گەورە، مەزن، بەشکۆ
**جلیله:** گەورە، مەزن، ژنی رێزدار، ژنی بەشکۆ، سەلار
**جلیه:** رون، ئاشکرا، دیار
**جم:** فراوان، فرە، زۆر، زیاد
**جماء** ژنی قەڵەو، ورگ زل، پڕگۆشت
**جماح:** چەموشی، سەرکێشی، یاخی بون ئەسپ
**جماد:** بێگیان، بەردین، هەرشتێکی بەستو و بێ گیان
**جمار:** جەماعەت، ئاپۆرە، دەستە، قەرەباڵغی خەڵك
**جماز:** راکەر، غارکەر، تیژپێ

**جمازه:** تیژپێ، بلەز، چالاك، بۆ وشتر بەكار دەبرێت

**جماش:** شۆخ، مەست، غەزەڵخوێن، شانۆكار، فریودەر، بەناز و مەكر

**جماع:** جوت بون، نزیكی كردنی ژن لە پیاو، گان كردن بۆ پیاو، گان دان بۆژن

**جماعت:** جەماعەت، دەستە، تاقمێك، ژمارەیەك، ئاپۆره

**جمال:** جوان بون، رازیانەوە، جوانی، رازاوەیی، قۆزی، شەنگی

**جمال:** ١- وشترەكان ٢- وشتەرڤان، وشتردار

**جمان:** لۆلۆ، مراوری

**جمجمه:** كاسەی سەر، كاژێر، كامیره

**جمد:** یەخ، سەهۆڵ، بوز

**جمری:** قەست، سولكەر، درۆزەكەر، هیچ و پوچ

**جمشاك:** كەوش، پێلاو، سەوڵ، پێپۆش

**جمع:** كۆكردنەوە، خڕكردنەوە، برهاڤ، كردنەسەریەك، كۆكردنەوەی شتە بەربلاوەكان

**جمع آوردن:** كۆكردنەوە، خڕ كردن، سەریەك كردن

**جمع كردن:** كۆكردن

**جمعه:** ١-كۆبوونەوە، پێكەوەبوون ٢ هەروەها بە مانای حەفتە یا حەتویش دێت

**جمعه:** هەینی، حەوتەمین رۆژی حەوتە، رۆژی پشوی موسوڵمانان، جومعە، جمعە، هەینو

**جمعیت:** دانیشتوان، كۆبونەوە، یەك گرتن، قەرەباڵغی خەڵك و هەروەها بە مانی دەستەیەك خەڵك كە لە شوێنێكدا كۆبوبێتنەوە

**جمل:** دەستە، خەڵك، گروپ، تاقم

**جمل:** وشتر، حوشتر، حویشتر، دەڤە، هێشتر

**جمل:** : گوریس، گوریسی ئەستور، تەناڤ كەشتی

**جملگی:** تێكرا، هەمو، هەموان، هەموی، گشتی

**جمله :** ١- هەمو، گشت، تێكرا، پێكەوەهەموی ٢- رستە، پێكهاتوە لە چەند وشەیەك كە هەڵگری مانایەكی دیاری كراو بێت

**جمند:** بێكارە، تەمەڵ، تەوەزەڵ، ئەسپی تەمەڵ

**جموح:** سەركێشی، رەم كردن، رەمین، رەم كردنی ئەسپ

**جموح:** سەركێش، یاخی، ئەو كەسەی ناتوانێت رێگە لە هەوا و هەوەسی خۆی بگرێت

**جمود:** ١- بەستران، بەستن، مەیین، وشك بونەوەی خوێن٢- وشكی، خەمۆكی، خەمباری

**جموم:** زۆربون، فراوانی، زیاد كردنی شتێك

**جموم:** پڕاو، لێوانلێو لە ئاو، سەرڕێژ

**جمهره:** كەڵەكە كردن، لەسەر یەك دانان، كۆكردنەوە، هەڵچنین لەسەر یەك

**جمهور:** كۆمار، خەڵك، تاقمێك لە خەڵكان، كۆما

**جمهوری:** كۆماری، تایبەت بە كۆماركۆمایی. بەمانای شەرابی كۆنیش دێت

**جمهوری:** كۆماری، رژیم و شێوەیەكە لە حكومەت كە لە جیاتی یەك پاشا یەك كەس لە لایەن خەڵكەوە بۆ ماوەیەكی دیاری كراو دیاری دەكرێت و پێی دەڵێن سەرۆك كۆمار

**جمهوری خواه:** كۆماری خواز، لایەنگری رژێمی كۆماری

**جمیع:** كۆما، خەڵكان، جەماعەت

**جمیل:** باش، چاكە، جوان، روخسار جوان، بەدڵ، رازاوە

**جمیله :** جەمیلە، رازاوە، جوان، دڵپەسەند

**جن:** ١- چرۆ، شكۆفە ٢- لاوی، هەرەتی لاوی

**جن:** جن، جنۆكە، بونەوەرێكی خەیاڵی و نەبینراوە لەنێوان مرۆڤ و رۆحەكان

**جناب:** گرێ، قومار، جۆرێكە لە گرێ، كردن و قومار كردن

**جناب:** ١- ناوچە، بەردەرگا، هەیوان٢- بەرێز، رێزدار، وشەیەكە بۆ رێز لێنان لە گەورەكان بەكاری دەبەن، ئاغا، گەورە

**جنابت:** پیس بون، گلاو بون، پۆخڵی، لەش پیسی، ئەوحاڵەی مرۆڤ دوای راحەت بون و ئاو هاتنەوە تێی دەكەویت

**جنات:** بەهەشت

**جناح:** باڵ، دەست و بازوی مرۆڤ، باڵی مریشك، لا

**جناح :** گوناح، بزە، سوچ، تاوان

**جنازه:** جەنازە، لاش، مردو، جەستەی مردو، مەیت

**جناس:** هاوجنس بون، هاوڕەگەزی

**جنان:** بەهەشت باخی خوا

**جنان:** ١- دڵ، قەلب ٢- شەو، تاریکی، شەوی نەنگوستە چاو

**جنان:** سپەر، قەڵغان، سپێر

**جنایات:** کۆی جنایت، بڕوانە جنایەت

**جنایت:** گوناح کردن، تاوان کردن، هەڵەکردن، سوچ کردن، بزەکاری، جەنایەت، سوچ، خەتا، کەتن

**جنب:** لا، تەنیشت، قەراغ، کەنار، ناوچە، پاڵ، بن، بندەست

**جنب:** ١- دوور، بێگانە، نامۆ، غەریب ٢- لەش پیس

**جنبان:** بڕوانە جنباندن

**جنباندن:** تەکاندان، بزواندن، بزوانن، هەڵتەکاندن، شتێك لە شوێنەکەی خۆیدا هەڵتەکاندن

**جنبش:** ١- جووڵە، تەکان، بزوتن، بزوتنەوە، تەکانران[٢] بەمانای بزوتنەوەیش دێت، بزاڤ لڤین

**جنبە:** لا، تەنیشت، کەنار، گۆشەگیر، دوورەپەرێزی

**جنبیدن:** تەکان خواردن، بزوتن، بزاوتن، خستنەگەڕ، تەکانران، هەژاند، لڤاندن

**جنت:** بەهەشت، باخی خوا، باخی خوا لەو دنیا کە شوێنی چاکەکارانە بە پێی پاساکانی ئایینە ئاسمانیەکان

**جنتلمن:** ڕاهێنراو، پەروەردە کراو، جوامێر، ئازا، گەورە

**جنج:** قیژە، نەڕە، گرمە، هاوار، هەراوهوریا

**جنجال:** قەرەباڵغی، هەراوهوریا، ئاژاوە، فیتنە، دەنگەدەنگ

**جنح:** ١- ناوچە، پەنا، قەراغ ڕێ، ٢- بەشێك لەشەو

**جنحە:** بزە، کەتن، تاوان، خەتا

**جند:** سوپا، لەشکر

**جندار:** پاسەوان، ئێشکگر، ئێشکچی، دیدەوان، زێرەڤان

**جندر:** جل و بەرگ، پۆشاك، جل، جلك

**جندل:** بەرد، کلۆبەرد، تاشەبەرد

**جندە:** جندە، حیز، ژنی گاندەر، ڕوسپی، قەحبە

**جندی:** سەرباز، یەك لە سوپا

**جنرال:** ژنرال، جنراڵ

**جنس:** کەل و پەل، شتومەك، چتومەك، کاڵا، چت

**جنس:** ١- بەستن، بونە سەهۆڵ ٢- بەستو، سەهۆڵ، بەفر، بوز

**جنف:** ستەم، زۆڵم، کاری ناڕەوا بەرامبەر بە کەسێك

**جنگ:** شەڕ، کوشتوبڕ، مشتومڕ، جەنگ، کوشت و بڕ لە نێوان چەند کەس یا سوپای دوو وڵات

**جنگ آزما:** شەڕکەر، بە ئەزموون لە شەڕدا، شارەزا لەشەڕدا

**جنگ آزمودە:** شەڕکەر، بە ئەزمون، دلێر- چاونەترس، شەڕ دیتو

**جنگاور:** شەڕکەر، دلێر، چاونەترس

**جنگجو:** شەڕکەر، شەڕانی، ئازا، ڕەشید، شەرڤان

**جنگل:** جەنگەڵ، دارستان، بێشە، بێشەلان، زەویەکەی بەربڵاو کە پڕ بێت لە جارە جۆراوجۆرەکان

**جنگیدن:** شەڕ کردن، جەنگ کرن

**جن گیر:** جن گیر، جنۆکەگر، سێخ، مەلا، ئەو کەسەی کاری نوشتە نوسینە بۆ لەناو بردنی جن یا گرتنیان

**جنم:** شێوە، ڕواڵەت، قیافە، ڕوخسار

**جنوب:** باشوور، یەکێك لە چوارلای باکوور و باشوور و ڕۆژئاواو و ڕۆژهەلات، جنوب

**جنود:** لەشکرەکان، سپاکان

**جنون:** شێتی، لەناوچونی عەقڵ، نەمانی ئاوز، جنداری، حاڵەتی شێتی کە هەندێ کات لە مرۆڤ دەردەکەوێت و هەندێ کەس بۆ هەمیشەلە گەڵیاندایە

**جنە:** جن، جنۆکە

**جنە:** سپەر، قەڵغان، سپێر

**جنیس:** ڕەسەن، پاك، هەرشتێك لە جۆری خۆیدا ڕەسەن بێت

**جنین:** داپۆشراو و شاراوە بۆ هەر شتێك. کۆرپەلە، مەلۆتەکە، منالی ناو سکی دایك کە هێشتا لە دایك نەبوبێت

**جو:** جۆ، جە، دەغلی هاوەڵی گەنم کە زیاتر دەبێتە خۆراکی ئاژەڵەکان

**جو:** جۆگە، جۆگەلە، روباری بچوك

**جو:** جەو، فەزا، نێوان زەوی و ئاسمان

**جواب:** وەڵام، ولام، پەرسف، پەرج، برپەرج، جواب

**جواب گفتن:** وەڵام دانەوە، بەرپەرج دانەوە

**جواد:** بەخشەر، بەخشەندە

**جواد:** تیژبێ، ئەسپی تیژبێ

**جـــوار:** ١- ئامـان، بـەڵێن، پـەنا، پـەیمان ٢- جیرانـی، دراوسێیەتی، هاوسێیەتی

**جواری:** بەلال، گەنمە شامی، کابە

**جواری:** ١- قەرەواش، کەنیز، کەنیزی کچ ٢- کەشتی ٣- هەتاو، خۆر ٤ — مار

**جواز:** ١- تێپەرین، لێ رەت بون، رۆشتن لە شوێنێك بۆ شوێنێکیتر ٢- مۆڵەت، رەوا، سزا، ئیزن و هەروەها بە مانای پاسەپۆرتیش دێت

**جواسیس:** سیخوڕ، جاسوس

**جوال:** جـەواڵ، جـوال، جـواڵ، جەواڵە، کیسەی دەغڵی گەورەیی یەك لایی لە خوری چندراو، تیر، تایچە، هۆر، گۆاڵە

**جوال:** گەرۆك، ئەوەی زۆر دەگەرێت

**جوال دوز:** سوژن، دەرزی گەورە کـە بـۆ دوریـنی جـەواڵ بە کار دەبرێت

**جوالقی:** جەواڵ فرۆش، ئەو کەسەی جەواڵ دەفرۆشێت

**جوامع:** کۆمەڵگاکان

**جوامیس:** گامێش، گامێشەکان

**جـوان:** گـەنج، جـەوان، لاو، مـرۆڤ یـا ئـاژەڵ یـا دار کـە گەشـتبێتە تەمـەنی لاوی کـە لـە تەمـەنی ١٨ تـا ٣٥ ساڵیە، جەحێڵ

**جوان بخت:** خۆشبەخت، بەختەوەر، کامەران

**جوانمرد:** جوامێر، بەخشندە، رێزدار

**جوانمرگ:** جوانەمەرگ، ئەو کەسەی لە هەرەتی لاویدا مردبێت

**جوانــه:** ١- لاو، گـەنج، جـەحێڵ ٢- چـرۆ، شـکۆفە، غونچە

**جوانی:** لاوی، هەرەتی لاوی، گەنجی، جەحێڵی

**جواهر:** جەواهیر، گەوهەرەکان، ئەو بەردە گرانباییانـەی بۆ رازاندنەوە و خەمەڵاندن بە کار دەروات

**جوبال:** بڕوانە جوال

**جوبه:** چاڵ، بیر، چاڵی قوڵ

**جوبـــه:** گۆڕەپـان و شـوێنێك لـە شـارەکە سـەوزە و میوەکانی بۆ دێنن بۆ فرۆشتن

**جوجگك:** جوجکە، جوجەڵە، جوجکی بچوك، جوچکەڵە

**جوجه:** جوجە، جوجچك، جوجکەڵە، جوجکی مریشك، بێـچوی هـەر باڵندەیـەك کـە تـازە لـە هێلکـە سـەری دەرهێنابێت

**جوجـه‌تیغی:** ژیشك، ژژو، ژیـژۆ، ژیـژو، ژیـژی، ژوشـك، ئاژەڵێکی بوچکە پێستی پڕە لە درك

**جوخه:** دەستە، تاقم، دەستەیەك لە خەڵك یا ئاژەڵەکان

**جوخه:** چۆخە، کەوا، چۆغە، سەرکەوای لە بووزو

**جوخه:** چاڵ، چالاچو، بیری قوڵ

**جود:** جوامێری، بەخشین، پێدان

**جودان:** چیکەڵدان، چینەدان، جیقەڵدان

**جودت:** جوانی، رازاوەیی، خەملێنراوی

**جودر:** گۆلك، گوێرەکە

**جودرو:** جۆ دروێنە، وەرزی دروێنە کردنی جۆ

**جـــودو:** جـۆدۆ، کوشـتی ژاپـۆنی، زۆرانبـازی ژاپـۆنی، جۆرێکە لە یاری

**جور:** جۆر، شێوە، شێواز، وەك

**جور:** بەرزی، بەرزایی، و هـەروەها بـە مانـای مـاف پـش دێت

**جور:** ستەم کردن، ماف خواردن، زوڵم کردن

**جوراب:** گۆرەوی، جۆرەوی گۆرەوا

**جـوره:** سـتەمکاران، مـاخۆران، ئەوانـەی مـاف کەسـانیتر پێشێل دەکەن

**جوز:** گوێز، قۆز، گوز، جوز

**جوزاك:** خەم، پەژارە، کەسەر، داخ، خەفەت

**جوزی:** گوێز فرۆش، ئەوەی سەرقاڵی کـڕین و فرۆشـتنی گوێزە

**جوژك:** بڕوانە جوجه

**جوژگك:** بڕوانه جوجگك

**جوسان:** گەڕان، پشكنین، گەڕان لە ناو ماڵەكان بۆ تالانی

**جوسق:** كۆشك، تەلار، باڵەخانە،

**جوسە:** كۆشك، تەلار، باڵەخانە

**جوش:** زیپكە، جۆش، ئەو وردانەی لە سەر پێستی مرۆڤ دەردەكەوێت بە تایبەت لە هەرەتی لاوی و بالق بووندا

**جوش:** كوڵان، قوڵتدان، كوڵین، گەرمی، كوڵانی ناو بە هۆی ئاگر ٢- شۆرش، ئاژاوە، قەرەباڵغی، دڵەڕاوكێ، نیگەرانی

**جوشاك:** كوڵین، قوڵتدان، كوڵانی ناو یا هەر شلەمەنیەكیتر

**جوشان:** بڕوانە جوشیدن

**جوشاندن:** كوڵاندن، قوڵت پێدان، كوڵانن

**جوش خوردن:** پێكەوە لكان، پەیوەست بونی دوشت، لكان، لەحیم كردنی دو تیكە ئاسن بەشێوەیەك لە یەك جیانەكرێنەوە

**جوش دادن:** لەحیم كردن، جۆش كردن، پەیوەست كردن، پێكەوە لكاندن

**جوش زدن:** كوڵان، قوڵتدان، تووڕە بون، پەرێشانی، نیگەرانی

**جوشش:** بڕوانە جوشیدن

**جوشكاری:** ئاسنگەری، جۆشكاری، لەحیمكاری، كاری لەحیم كردنی ئاسن بە یەكتر

**جوشن:** زرێ، قەڵغان

**جوشن پوش:** زرێ پۆش، شەڕكەرێك كە زرێ لەبەر كردبێت

**جوشن ور:** بڕوانە جوشن پوش

**جوشیدن:** كوڵان، قوڵتدان، قڵت دان، كوڵان،گەرم كردن

**جوع:** برسیەتی، برسی بون

**جوغ:** نیر، ئەو دارەی لە ملی گاجوتی دەبەستن لە كاتی زەوی كێلاندا

**جوف:** سك، ناوسك، ناڤ، ناو هەر شتێك

**جوق:** دەستە، گروپ، تاقمێك لە خەڵك

**جوگك:** جوجكە، جوجەڵە، بێچوی مریشك، جیجك، جوجك

**جوگندمی:** ماش و برنجی، مەبەست لە سەرو ریشێكی سپ و رەشی تێكەڵاوە

**جوگی:** یوگی، یۆگا، یەكێك لە دەستە هیندوەكان لە هیند، مورتازی هیندی

**جول:** ١- گەڕان، سووڕان، تەواف كردن ٢- مێگەڵە مەڕ، ران، رانە مەڕ، گاگەل

**جولا:** بڕوانە جولاە

**جولان:** سووڕان، گەڕان، دەوردان، بۆ هەرلا ئەسپ غاردان

**جولاە:** جۆلا ــ بوزوتەن، شاڵ باف. بە مانای جارجاڵۆكەیش بە كاردەبرێت

**جولە:** تیردان، تیردانك، شوێنی هەڵگرتنی تیری كەوان

**جولە:** مەڵ، مریشك

**جولیدن:** بڕوانە ژولیدن

**جون:** رەش یا سپی یا سور، سەوزی رەشباو

**جونە:** ١- هەتاو، خۆرئاوابون، دەمەو ئێوارە ٢- زوغاڵ، خەڵوز

**جوهر:** ١- گەوهەر، گۆهەر، رەسەنی هەر شتێك

**جوی:** جۆگەلە، جۆگە، روباری بچوك

**جویا:** گەڕان، لێكۆڵینەوە، پشكنین

**جویبار:** جۆگەی ئاو، جۆگەڵە، چەمی ئاو، رووبار، جۆبار، چەمۆگ

**جویدن:** جوین، جاوین، جووتن، لەژێر دیاندا نەرم كردن، جوون

**جویك:** جۆگە، جۆگەلە، چەمی بچوك

**جوینده:** پشكنەر، لێكۆڵەر، ئەوەی بە دوای شتێكدا دەگەڕێت

**جوییدن:** گەڕان، لێكۆڵینەوە، لەدوی شتێك بون، بە دوای شتێك گەڕان

**جهات:** لا، لایەنەكان، ناوچەكان، ئەم لاولاكان

**جهاد:** هەوڵدان، تێکۆشین، خۆماندو کردن، شەڕ کردن لە ڕێگەی خوا

**جهار:** ئاشکرا کردن، دەرخستن، هێنانەبەرچاو

**جهاز:** جیازی، جیاز، کەل و پەلی بووک بۆ ماڵی زاوا. بە مانای کورتنانی وشتریش دێت

**جهالت:** نەزانین، نەزان بون، بێ مێشکی، بێ ئاوزی

**جهان:** دنیا، جیهان، گەردوون، عالەم، هەستی، کەیهان

**جهان آفرین:** ئافرێنەری جیهان، ئەو کەسەی دنیا یا جیهانی ئافراندوە

**جهان افروز:** جیهان رونکەرەوە، نازناوی هەتاوە، خۆر

**جهان بین:** جیهان بین، نازناوە بۆ چاو، چاوی جیهان بین

**جهان پهلوان:** پاڵەوانی گەورە، پیاوێکەك کە لە هەمو پاڵەوانەکانیتر بەهێزتر و گەورەتر بێت

**جهانتاب:** هەتاو، خۆر، رۆژ

**جهاندن:** بازدان، پەڕین، فەڵەمبازدان، خۆکێشانەوە و بازدان

**جهاندیده:** دنیادیتو، جیهان بینیو، ئەو کەسی دنیای بینیبێت. بە ئەزمون

**جهانسوز:** ستەمکار، پاشای زاڵم و جیهان سوتێن

**جهانی سوم:** جیهانی سێیەم، دنیای سێیەم، لە دەستەواژە سیاسیەکاندا مبەو ولآتانە دەوترێت کە لەنێوان ولآتانی پیشەسازی رۆژئاوا و ولآتانی پیشە سازی کۆمۆنیست جێگیرن و بێ پشت بەستن بەوان خوازیاری سەربەخۆیی و پێشکەوتنی خۆیانن

**جهانگرد:** گەشتیار، گەشتۆك، دنیاگەڕ، گەڕیدەی شاران

**جهان نما:** جیهان نما، نەخشەیەکی گەوە کە شوێن و بارودۆخی هەمو ولآتانی تیا بێت

**جهان نورد:** گەشتۆك، گەشتیار

**جهانی:** جیهانی، تایبەت بە جیهان

**جهانیان:** جیانیان، ئەوانەی لەم جیهانەدا دەژین

**جهت:** لا، ناوچە، سو، لای، شەش لا کە بریتین لە، ژێر، سەر، راست، چەپ،پێش، پاش

**جهد:** هەوڵدان، تێکۆشین، رەنج بردن، خەبات کردن، کۆشان

**جهد:** تاقەت، خۆڕاگری، توانایی، هێز، وزە

**جهر:** ئاشکرا کردن، دەرخستن، نیشاندان

**جهش:** بڕوانە جهیدن

**جهش:** گریان، گرین، شین و رۆ رۆ، فرمێسك لە چاودا قەتیس مان

**جهل:** نەزانین، نەفامی، بێ ئاوزی، نەزان، نەفام

**جهم:** روگرژ، ناوچاوتاڵ، مۆن، نێسك قورس

**جهمرز:** قەحبە، گاندەر، روسپی، ژنی حیز، زینا، جوت بون لە گەڵ ژنی روسپی

**جهن:** بروانە جهان

**جهنم:** جەهەننەم، جەحەنەم، دۆزەخ، شوێنی تاوانباران لەو دنیا

**جهود:** زەحمەتکێش، کۆشا، تێکۆشەر، خەباتکەر

**جهود:** یەهود، یەهودی، جولەکە، گاور

**جهوری:** بەرز، ناودار، بەناوبانگ

**جهول:** نەزان، نەفام، بێ مێشك، بێ ئاوز

**جهوم:** ناتەوان، لاواز، سست، بێ هێز

**جهیدن:** پەڕین، بازدان، فەڵەمبازدان، لەسەر زەوی بەرزبونەوە و پەڕین

**جهیر:** جوان، رازاوە، بێ عەیب، ناسك، ناودار

**جهیز:** چالاك، تیژپێ، ئەسپی تیژپێ

**جهیز:** جیازی، جیاز، ئەوەی بووك لە گەڵ خۆی بۆ ماڵی زاوای دەبات

**جیاد:** باش، چاك، بەدڵ، پەسەند

**جیار:** ئاهەك، ساروج

**جیاش:** بزۆك، سەربزێو، پەرێشان

**جیاع:** برسی، تێرنەبو، برسیەتی

**جیب:** گیرفان، جیو، بەریك، بەرك، یەخەی کراس،

**جیبا:** چیلکە، چیلکە و چەوێل

**جیب بر:** گیرفانبڕ، دز، ئەوەی دەست دەکات بە گیرفانی خەڵکدا بە دزیەوە

**جیــپ:** جیـپ، جۆرێکـه لـه ترۆمبێـل کـه لـه جـاده نارێکەکەکاندا باشتر لەوانیتر دەتوانێت بڕوات

**جید:** باش، زۆرباش، چاك

**جیر:** جیقه، قیژه، زیقه، دەنگی هاواری کورت

**جیر:** گەچ

**جیران:** جیران، هاوسێ، دراوسێ

**جیره:** موچه، رۆژانـه، ئـەو بـڕه خواردنـه یـا پـارەی بـه بڕێکی دیاریکراو رۆژانه به کەسێکی دەدەن

**جیرەخوار:** جیرەخۆر، موچه خۆر، ئـەوەی لـه کەسـانیتر به رۆژانه وەردەگرێت

**جیزگر:** سوخۆر، بەرتیلخۆر، ریشوەخۆر

**جیش:** جەیش، سوپا، لەشکر

**جیش:** کوڵ هاتن، قوڵتدان، قڵتدان، کوڵان

**جیغ:** قیژه، زیقه، هاوار، قیره، دەنگی ناسك و بەرز

**جیف:** بڕوانه جیفه

**جیفه:** لاشه، مـردار، مرداروبـو، مـەیت، جەسـتەی بـۆن گرتوی مردو

**جیك:** جیك، جیکه، دەنگی باڵنەکانی وەك چۆلەکه

**جیل:** سەدە، قەرن

**جین:** جن، جۆرێکه له مەشروبات

**جیوه:** جیوه، بزۆك، زیوه، زیندو

# چ

**چ:** چ، پیتی پێنجەم لە ئالفابێتی فارسی

**چابك:** چالاك، فرز، چوست، چەلەنگ، بەكار، لەش سوك، چابوك، چابك

**چابك دست:** شارەزا، چالاك، دەست ڕەنگین، زرنگ

**چابك سوار:** سوار چالاك، سوارکاری شارەزا، چاك سوار، سوکەڵە سوار

**چاپ:** چاپ، هونەری نوسینی ووشەکان و وێنەکان لەسەر کاغەز بە دەزگا و ئامرازەکانی تایبەت بەم کارە. لە ئێران و چین و هەندێ لە وولاتەکان چاپی بەردین باو بووە. لەسەرەتاکانی سەدەی پانزەیەم لە هۆڵەندا لەسەر دار ئەم کارەیان دەکرد. لە ساڵی ١۴٥٥ گۆتەنبێرگ پیتە سوربیەکانی دروست کرد و ئەو بە داهێنەری چاپ هەژمار دەکرێت

**چاپار:** چەپەر، نامەبەر، پۆست، بەپەیام بەر، پۆستەچی، شاتر

**چاپار خانه:** پۆستخانە، پۆستە

**چاپچی:** چاپچی، چاپکەر، کرێکاری چاپخانە، ئەوەی لە چاپخانە کاردەکات

**چاپخانه:** چاپخانە، ئەو شوێنەی کتێبی لێ چاپ دەکرێت

**چاپلوس:** ریاکار، مەراییکەر، ماستاوچی، زمان لووس، کاسە لێس، خۆڵتکەر، زمان چەور، مەلاق

**چاپیدن:** تاڵان کردن، تاڵانی، بردنی دارایی خەڵك بەتاڵان

**چاتلانقوش:** چاتلانقەش، قەزوان، قەسقوان، وەنەتەق، قەزخوان، قەزقوان، بەری داری دارەبەن

**چاچله:** کەوش، پێڵاو، سەوڵ، پێپۆش

**چاچول:** فریو، کەڵەك، فێڵ، مەکر

**چاخان:** چاخانچی، درۆ، هەڵبەستە، چاپچی، زمان باز، فشەکەر، مەرایی کەر، کاسەلێس، بەیتەشە، بافڕۆ

**چادر:** ١- چارشێو، چارشۆ، ئەو عەباییەی ژنان بۆ دەرەوە لە خۆیانی دەپێچن ٢- خێوەت، سایەوان، سەیوان، خەیمە، ڕەشماڵ، کۆن، تاوڵ

**چادر احرام:** بەفر، مەبەست بەفرە کە لەسەر زەوی بێت. سپێتی بەفر لەسەر زەوی

**چادر شب:** چارشۆ، ئەو جاجمەی نوێنی تێ دەپێچن

**چادر کبود:** شەو، ئەنگوستەچاو، مەبەست لە شەوی تاریکە

**چادرنشین:** چادرنشین، خێوەت نشین، کۆچەر، خێڵەکی، گەرمێن، کوێستان کەر، کەسێك

**چادر نیلی:** ئاسمان، ئاسمانی شین

**چار:** چوار، ژمارە چوار

**چار:** کورە، کورەی خشت سور کردنەوە

**چار ابرو:** مێرد منداڵ، تازە پێگەیشتو، گەنج کە تازە پشت سمێڵی ڕەش بوبێت

**چارپا:** بڕوانە چهارپا

**چارپا:** بڕوانە چهارپایه

**چارپهلو:** ورگ زا، سك زا، قەڵەو، گۆشتن

**چارچار:** چاوچاوی، لاسایی کردنەوە، وتووێژ، گفتوگۆ، شەڕەقسە، بۆڵەبۆڵ

**چارچوب:** بڕوانە چهارچوب

**چارزانو:** بڕوانە چهارزانو

**چارسو:** بڕوانە چهارسو

**چارشنبه:** بڕوانە چهار شنبه

**چارشنبه سوری:** بڕوانە چهارشنبه سوری

**چارغ:** پاتاوە، پێتاوە، پاپێچ، پالاّ، کالّە، کالّك، جۆرێکە لەپێلاو کەقەیتانەکانی درێژ و بە قولاپەی پێ دەبەسترێت

**چارقد:** بڕوانە چهارقد

**چارك:** چارەك، چواریەك، چارەگ، چاری

**چارگامە:** چوارنالّە، چوارنالّ، ئەسپی لنگدانی تونــد، پڕتاو

**چارگا:** لەوەرگا، شوێنی لەوەڕینی مەڕ و مالاّت

**چارگوشە:** بڕوانە چهارگوشه

**چارمغز:** بڕوانە چهارمغز

**چارمیغ:** بڕوانە چهارمیغ

**چاروا:** چارەوا، چارەوێ، چاروا، ولاّخی سواری باری، چوارپێ، دەوار

**چاروادار:** چارەودار، ولاّخدار، ولاّخار، چاروێدار

**چاروناچار:** بتەوێت و نەتەوێت، ناچار، بەناچاری

**چارە:** چارە، دەرمتان، دەرمان، راوێژ، چارسەر، رێگەچارە، مەکر، فریو، فێلّ و تەلّەکە

**چارەاندیش:** چارسەرکەر، دوورئەندێش، ئەوەی لەبیری چارسەر کردندا بێت

**چارەبردار:** چارەهەلّگر، شیاوی چارسەر بون، چارەوەرگر

**چارەپذیر:** چارسەرکراو، شیاو بۆ چارسەر کردن، ئەوەی بتوانرێت دەرمان یاچارسەری بۆ بدۆزرێتەوە

**چارەپرداز:** چارسەرکەر، ئەوەی لە ئۆدەی کارێك یاچارسەرکردن بەربێت

**چارەپژوە:** چارسەرکەر، چارەخواز، ئەوەی بەدوای چارسەر کردنەوە بێت

**چارەجو:** چارسەرخواز، چارسەرکەر، ئەوەی بەدوای چارسەر کردنەوە بێت

**چارەدان:** چارەزان، چارسەرکەر، ئەوەی چارسەری لابێت

**چارەسگال:** چارسەرکەر، چارەخواز، چارساز، دوورئەندێش

**چارەسنج:** چارەئەندێش، چارسەرکەر، چارەخواز، دووربین، ئەوەی لەداهاتوی کارەکان دەڕوانێت

**چارەشنا:** چارەزان، چارەناس، دەرمانکەر، ئەوکەسەی رێگە چارە و دەمان بزانێت

**چارەگر:** چارسەرکەر، دەرمانکەر، چارەویست، کەسێك کە بەئەندێشە رێگە چارە بۆ شتێك یا کارێك بدۆزێتەوە

**چاریار:** بڕوانە چهاریار

**چاریك:** بڕوانە چهاریك

**چاش:** جۆخین، خەرمان، بێدەر، بێدەراقۆتای، خەرمانی پاك کراو

**چاشت:** بومەلێل، سەرەتای رۆژ، دەسپێکی رۆژ، قاوەتون، چێشتەنگا، قاوەلّتی، ناشتایی، ئەو خواردنەی دوای هەستان لەخەو دەیخۆن

**چاشت:** چێشت خۆر، ئەو کەسەی نانی بەیانی دەخوات، و مەبەست لەکەسێکە جارێك نانی خۆرایی بەتامی خواردبێت و دوبارە لەتەماحی ئەوەدابێت. مفتەخۆر

**چاشتگا:** چێشتەنگا، قاوەتان، قاوەلّتی، کاتی خواردنی قاوەلّتی

**چاشتەبند:** سفرە، ئەو سفرەی قاوەلّتی لەسەر دادەنێن

**چاشنی:** تام، چێژ، رۆح، چەشنی، ئەوەی تەنیا بۆ تام کردن بێت

**چاشنی چش:** بڕوانە چاشنی گیر

**چاشنی خور:** مفتەخۆر، ئەوەی جارێك تامی خواردنی خۆرایی کردبێت و دوبارە لەتەماحی ئەودابێت

**چاشنی گیر:** تامکەر، ئەو کەسەی لە خواردن دەچێژێت

**چاق:** قەلّەو، گۆشتن، پڕ گۆشت، تەندروست، ساز، چاخ، ساخلەم

**چاقو:** چەقۆ، کێرد، ئامرازێکی بچوکە بۆ بڕین و تاشین

**چاقوتیز کن:** چەقۆتیژکەر، ئەو کەسەی چەقۆ و هاوشێوەکانی تیژ دەکات

**چاقوکش:** چەقۆکێش، شەڕانی، کەسێکە بەچەقۆ کێشان هەڕەشە لەخەلّك دەکات

**چـاك:** قەڵـشت، درز، تلّیش، قـەڵش، كـەڵێنن شـەقار، قلّیش، تلّیش

**چاكاچـاك:** لـەت لـەت، قلّش قلّش، شـتێك كـە قلّش و تلّیشی زۆری تیابێت

**چـاك چـاك:** لـەت لـەت، كـوت كـوت، قلّش قلّش، پـڕ لەقلّش، شەقار شەقار

**چاك خوردن:** قلّشان، درز بردن، شەقار بون، شەق و شـڕ بون

**چـاك دادن:** قلّشاندن، شـەقار كـردن، تلّیـشاندن، لـەت كردن، بڕین

**چاكر:** نۆكـەر، فـەرمانبردار، گوێڕایـەڵ، بەنـدە، كۆیلـە، خزمەتكار

**چاكروار:** نۆكەرئاسا، بەندە ئاسا، وەك بەندەكان

**چاكوچ:** بڕوانە چكش

**چـال:** چاڵ، قـولایی، قـوڵی، قوڵیـەك كـە قولاییەكـەی زیـاتر لەیـەك مـەتر نـەبێت، قۆڵكـە، قـۆرت، قۆقـك، كەندال

**چال:** ئەسپ، ئەسپێك كـە مـووی سـور و سپی تێكـەڵ بێت

**چالاك:** چالاك، چوست، چەلەنگ، زرنگ، زیرەك، كـرژ، قۆچاخ، گورج، گورج و گۆل، بزێو

**چالش:** ١- نـاز، مكـر و نـاز، خـەرامان ڕۆشـتن بـەرێگادا بـەهۆی لـەخۆرازی بـون ٢- شـەڕ، جـەنگ، هێـرش، پەلامار

**چالشگر:** ١- نازكـەر، مـەكراوی، بەمـەكر، ئـەو كەسـەی بەمەكر و ناز بەرێگادا دەڕوات ٢- شەڕكەر، دلێر، ئازا

**چالو:** بڕوانە چال

**چالیش:** بڕوانە چالش

**چـالیك:** هـەلوكێن، هـەلوكان، گەمەیـەكی منداڵانـە بەدارێكی گەورە لەدارێكی بچوكتر دەدەن

**چام:** ناز، مەكر، عیشوە، خەرامانی، ناز و مەكر

**چام:** شێعر، غەزەل، هۆنراوە، هەڵبەست، هۆزان

**چـامەزن:** ژەنـەر، ژەنیـار، كەسـێك ە هۆنراوەیـەك یـا ئاوازێك بەساز بژەنێت، گۆرانیبێژ، سترانبێژ

**چامەسرا:** شاعیر، هەڵبەست وان، هۆزان وان

**چامیدن:** میز كردن، گمیزتن، پێشاو ڕشتن، میزتن

**چامین:** میز، گمیز، پێشاو، میزتن

**چـانە:** چـەناكە، چـەن، ئـەرزینگ، چـەنە، چـەناگە، ئارزەن، ئارچەن

**چانە:** گونك، گونكە، گونجر، ئەنگوتك

**چـاو:** نالـە، گریـان، گـرین، شـین و ڕۆڕۆ، داد و بێـداد، بانگ و هاوار لەتاو ئازار

**چاوان:** بڕوانە چاویدن

**چـاودار:** چاودار، گیایەكـە وەك گـەنم و لـەناو گەنمـدا دەڕوێت بەرزیەكـەی تـا دومـەتر دەگـات و وەك گـەنم دەیكـەن بـە ئـارد و لەدروسـت كردنـی ویـسكی و جـن بەكار دەڕوات

**چاولە:** گوڵی سەد پەڕ، گوڵی سوری سەد پەڕ

**چاولە:** خوار، گێر، ئارێك، چەماوە، خوەهر

**چاووش:** چاوەش، پێشرەو، پێشەنگ

**چاویدن:** بانگ كردن، گریان، ناڵاندن، شین كردن

**چاە:** چاڵ، بیر، ئەو چاڵەی لەزەوی دروستی دەكەن بۆ هێنانەدەری ئاو، چاڵاو

**چاە بن:** بن چاڵ، قولایی چاڵ

**چـاهجو:** چاڵهەڵكەن، بـیر هەڵكـەن، كەسـێك كـەكاری هەڵكەندنی چاڵ و هاوشێوەكانیەتی

**چاهچە:** چاڵۆكە، قۆڵكە، چاڵی كەم قولایی

**چاهخانە:** چاڵ، بن چاڵ

**چاهخو:** بڕوانە چاهجو

**چاە زنخ:** چاڵی چەنە، چاڵی چەناگە

**چاهسر:** سەرچاڵ، لێواری چاڵ

**چاە كن:** چاڵ هەڵكەن، چاڵی، بیر هەڵكەن

**چـاە كنعـان:** چـاڵی كـەناعن، ئـەو چـاڵەی یوسـفی پێغەمبەریان تێخست

**چاهی:** چاڵی، تایبەت بەچاڵ، زیندانی، گرفتار لەچاڵ

**چاهیدن:** بڕوانە چاییدن

**چای:** چایی، چای، چا، تۆچا، دەرمان چا

**چـایدان:** چـاییدان، ئـەو دەفـەری چـایی وشـکی تیـا هەڵدەگرن

**چایش:** بڕوانە چاییدن

**چـایکار:** چـاییکار، ئـەو کەسـەی سـەرقاڵی چـنین و کۆکردنەوەی چاییە

**چاییدن:** سەرماخواردن، نەخۆش کەوتن لەسەرماوە، سەرما بردن

**چـپ:** ١- چـەپ، پێچەوانەی ڕاست ٢- هەڵە، ناڕاست، نارێك

**چپات:** شەقەزللە، شەپازللە

**چپار:** چەپەر، هەر شتێکی دورەنگ، ئەسپێك کە پەڵە و خاڵی جیاوازی لەڕەنگی خۆی پێوە بێت

**چپ افتادن:** دوژمنایەتی، هەڵنەکردن، نەیاری، نەسازان لەگەڵ کەسێکدا

**چپان:** کۆنە، شەق و شڕ، جلی کۆنە و دڕاو

**چـپ انـداز:** ١- چـەپ دەسـت، ئـەوەی بەدەستی چـەپ کارەکانی ئەنجام دەدات

**چپاندن:** تێ ئـاخنین، تـێ تەپانـدن،ئاخنین، پـڕ کـردن، تەپاندن، تێخستن، تێ خنین، شتێك بەزۆر خـستنە نـاو شتێکیتر

**چپاول:** تالان، تالان و بڕۆ

**چپاولچی:** بڕوانە چپاولگر

**چپاولگر:** تالانچی، ئەو کەسەی تالانی دەکات

**چپ بـودن:** ١- ناڕاسـت بـون، درۆزنـی ٢- چـەپ مـستین عادەت گرتن بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەدەستی چەپ ٣- خێل، چاوتاکەوتاك

**چپچاپ:** چلپە چلپ، شلپە شلپ، شلقە مـاچ، مـاچ کـردن بەدەنگی بەرز

**چپچل:** کەوش، پێلاو، قۆندەرە، پێ پۆش

**چپچیلە:** خلیسك، خز، زەوی خلیسك و خـز کـە قاچی لەسەر بخلیسکێت، تەحیسانك، تەحس

**چـپ دادن:** لـەڕێ دەرکـردن، گـومڕا کـردن، فریـودان، هەڵخەڵەتاندن

**چـپ دسـت:** چـەپە، چـەپ دەسـت، ئـەوەی کارەکـانی بەدەسـتی چـەپ ئـەنجام دەدات بەپێـچەوانەی دەسـت ڕاستەکان

**چپر:** چەپەر، کەپر، تەیمان، پـەرچ، پـەرژین، پەرچـین، تامان، دەرگا و دیوای لەشوول

**چپر:** چەپەر، نامەبەر

**چـپ رفـتن:** لاڕێ ڕۆشـتن، گـومڕایی، بـەرەو لای چـەپ ڕۆشتن، نەسازان، هەڵنەکردن، نەگونجان، نەیاری

**چـپ رو:** گـومڕا، لاڕێ، سـەرلێ شـێواو، لـەنا دەسـتەواژە سیاسـیەکاندا بـەمانای تونـدڕەو دێـت و مەبەسـت لەکەسێکە نەیاری ڕژێمی وڵاتەکەی بکات

**چپسیدن:** بڕوانە چسپیدن

**چپش:** بزن، بزنی نێری یەکساڵە، گیسك، گێسك،بەچکە بزنی لەشیر بڕاوە

**چپ شدن:** ١- وەرگـەڕان، ئـاوەژۆبون، هەڵگـەڕان، چـەپ بـون ٢- گـومڕا بـون، ڕێ ون کـردن ٣- دوژمنایـەتی، نەیاری، نەگونجان، کەوتنە سەر ڕق

**چپ کردن:** ١- وەرگەڕانن، ئاوەژۆ کردن، چەپ کردن ٢- بـەرەو لای چـەپ ڕۆشـتن، گەڕانـەوە و بـەرەو لایـەکیتر ڕۆشتن

**چـپ گـرا:** چـەپ خـواز، چـەپ، چـەپ دەسـت، کەسـێك کەلەگـەڵ سیاسـەت و شـێوازی بـەڕێوبردنی وڵاتەکـەی نەیار

**چپل:** چـەپەڵ، پـیس، پۆخـڵ، چـڵکن، ئـەوەی بـەردەوام خۆی و جل و بەرگەکانی پیس و چڵکنە

**چپلك:** چەپەڵ، پیس و پۆخـڵ، گڵاو، چـڵکن، بـەمانای مرداروەوە بویش بەکار دێت

**چپلوس:** مەلاق، مەرایی کەر، کاسەلێس، ماستاوچی

**چپلە:** زللە، شەقازللە، شەپازللە

**چپو:** تالان، بردن بەزۆر

**چپە:** سەوڵ، سەوڵی بەلەم لێخوڕین

**چپە:** ١- وەرگەڕان، هەڵگەڕان، سەرنوخون، سەرنوخین ٢- چەپە، چـەپ دەسـت، ئـەوەی زیاتر بەدەسـتی چپە کارەکانی دەکات

**چپیدن:** تێ ئەپین، تێ ئاخنین، ڕۆشتنە ناوشوێنێك بەزۆر، خۆ تێ خزانن، خۆ تێ خستن، خۆ تێ فرێدان

**چپیره:** کۆ، کۆما، کۆمەڵ، ئاپۆرە، کۆمەڵێك خەڵك کەبۆ کارێك لەشوێنێکدا کۆبوبێتنەوە

**چپین:** سەلە، سەوەتە، سەبەتە، سەلك، ئەو دەفرەی لەتووڵی باریك دروستی دەکەن

**چتر:** چەتر، سەیوان، شتێك کە بۆ پارێزگاری کردن لەبەفر و سەرما و باران بەکاری دەبەن

**چتر آبگون:** ئاسمان، عاسمان

**چتر آبنوس:** شەو، شەوی ئەنگوستە چاو

**چترباز:** چەترباز، پەڕەشوت وان، ئەوانەی بەچەتر خۆیان هەڵدەدەن

**چتردار:** چەتردار، هەلگری چەتر، ئەو کەسەی چەتر بۆ چاشاکان دەگرێت

**چترزر:** هەتاو، خۆر، ڕۆژ

**چترساز:** چەترساز، چەترچی، ئەوەی چەتر دروست دەکات

**چتر سیمابی:** مانگ، مانگی شەوی چواردە

**چتر سیمین:** مانگەشەو، مانگی شەوی چواردە

**چترشام:** شەو، تاریکی، شەوی ئەنگوستە چاو

**چتر عنبری:** شەوی تاریك، شەوی ئەنگوستە چاو

**چتر کحلی:** ئاسمان، عاسمان، مەبەست لەئاسمان و هەوری ڕەشە

**چترنج:** شەرەنج

**چترنور:** هەتاو، خۆر، ڕۆژ، خۆرتاو

**چتری:** چەتری، تایبەت بەچەتر، لەشێوەی چەتر، ئەوەی لەچەتر بچێت

**چتلاقوچ:** بڕوانە چاتلانقوش

**چتو:** پەردە، داپۆش، پۆشەر، ئەو پەردەی بەسەر کەسێك یا شتێکیا دەدەن بۆ ئەوەی لەچاو دوری بەنەوە

**چته:** چریك، فیدایی، پێشمەرگ، گەریلا

**چچ:** شەن، شانە، ئەو چوارشانەی خەرمانی پێ بەبادەدەن

**چچك:** ١- خاڵ، ئەو خاڵە ڕەشانەی لەسەر پێستی مرۆڤ دەردەکەوێت، نوختەی سەرپێست ٢- ئاوڵە ٣- گوڵ ٤- ڕو، ڕوخسار، ڕواڵەت

**چچله:** بڕوانە چچول

**چچو:** مەمك، مەمکۆڵە، مەمە، گوانی ژن، چچك

**چچوله:** تیتلك، قیتك، قیتکە، ئەو تیکەی گۆشتەی ناوشەرمی ژن کە دەکەوێتە سەرەوە و لەکاتی خەتێنەکردندا دەبڕن

**چخ:** کاڵا، بەرگی شمشێر، کافلان

**چخ:** شەڕ، جەنگ، هەرا، هەوڵدان

**چخ:** چلك،کێم، پیسی، کیم، قرێژ

**چخ:** چخ، چخە، وشەیەکە لەکاتی دوورکردنەوەی سەگ بەکار دەبرێت

**چخان:** تێکۆشەر، شەڕکەر، خەباتکەر

**چخت:** سەقف، سەقفی خانو، بان

**چخماخ:** چەخماخ، چەخماغ، ئامرازی ئاگر پێکردن، چەرخ. بەمانای ئەو کیسەش دێت کەدەرزی و بەنی تیا هەڵدەگرن

**چخماق:** ١- چەخماغ، مقەنزی، تفەنگ ٢- چەخماخە، ئامرازی ئاگر پێکردن

**چخیدن:** هەوڵدان، تێکۆشین، شەڕ کردن، خەبات کردن

**چخین:** چلکن، پلکن، پیس، پۆخڵ، چلکاوی، برینێك کە چلك و تەڕی هەبێت

**چدار:** پێبەند، پێ بەست، ئەو تەنافەی دەست وپ ێی ئەسپی پێ دەبەستن

**چدر:** چارە، ڕێگە، چارەسەر، دەرمان

**چدن:** چنینەوە، جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە و لێکردنەوەی گوڵ یا میوە لەدار، هەڵگرتنەوە

**چر:** کێ، کیر، گون، شەرمی پیاو، نێرینەی پیاو

**چرا:** لەوەڕین، لەوەڕان، لەوەڕیان، چەرین، ئالف خواردنی ئاژەڵ

**چرا:** بۆ، لەبەرچی، بە چ هۆیەك

**چرابه:** سەرشیر، قەیماغ، قەیماق، سەرتیك، توێژی سەرشیر و ماست

**چراخ:** بڕوانە چراغ

**چـــراخور:** لـەوەرگا، جـێ لـەوەڕ، ئـاڵف زار، شـوێنی لەوەڕینی ئاژەڵ

**چرازار:** بڕوانە چراخور

**چرازن:** لەوەڕخۆر، لەوەڕکەر، ئەو ئاژەڵەی دەلەوەڕێت

**چراغ:** چرا، چراو، لامپا، لەمپە، روناکیدەر لەتاریکی

**چـراغان:** چـراخان، چـراغان، چـرای زۆر کەلەبـەزم و بۆنەکاندا ڕۆشنی دەکەن

**چراغ پرهیز:** چراتۆڕ، لەنتەر، ئەوەی چاری تێدەکەن بۆ ئەوەی بەبا یا شتیتر نەکوژێتەوە

**چراغ توری:** چراتۆڕ، چراتۆڕی، جۆرە چرایەکی نەوتیە کـە بـەزەختی هـەوا نـەوت بەلولـەی سـەرەوە دەگـات و لەشوێنی ئاگرکە تۆڕێـك هەیـە کەناسـوتێت و رونـاکی لەچراکانیتر زیاترە

**چراغچی:** چراچی، نۆکەر، خزمـەتکارێك کـە لەماڵێکدا لێپرسراوی هەڵکردنی چراکانە

**چـراغدان:** چـرادان، شوێن، یادەفرێـك کـە چـرای تیـا هەڵدەگرن

**چراغ روز:** ١- هـەتاو، خـۆر، ڕۆژ ٢- چـرای ڕۆژ، چـرای کەم نور وەك چرایەك کەلەڕۆژدا هەڵیبکەن

**چراغساز:** چراساز، چراچی، ئەوەی چرا دروست دەکات

**چراغـــسنگ:** مۆمیـا، مۆمیـایی، مادەیەکـە لەهەنـدێ لەئەشکەوتەکان و درزی بەردەکان دێتەدەر

**چـــراغ کـــش:** چـــراکوژ، ئـــەوەی چـــراجەکوژێت و دەیکوژێنێتەوە

**چراغله:** ستێر ستێرۆك، ئەستێرۆکە، گوڵ ئەستێرە

**چراغوار:** چرائاسا، وەك چرا

**چـراغوارە:** قەنـدیل، فـانۆس، فـانۆز، لەنتـەری، فەنـەر، شـوێن چـرا کەلەشوشـە دروسـتی دەکـەن و چـرای تیـا دادەنێن

**چراغورە:** بڕوانە چراغوارە

**چراغینە:** ستێرۆك، گوڵ ئەستێرە

**چراگاه:** لەوەرگە، لەوەرگا، شوێنی لەوەڕینی ئاژەڵ

**چراگر:** لەوەڕکەر، ئەو ئاژەڵەی دەلەوەڕێت

**چراگە:** بڕوانە چراگاه

**چرام:** بڕوانە چراگاه

**چرامین:** بڕوانە چراگاه

**چراندن:** چەراندن، لەوەڕاندن، ئاڵفدان

**چرایی:** چەرێن، لەوەڕخۆر، ئاژەڵێك کەدەلەوەڕێت

**چـرب:** ١- چـەور، ڕۆنـاوی، دهۆن، هـەر شتێك تێکـەڵ بەڕۆن بێت ٢- زۆر، زیادە، فراوانی

**چرب آخور:** چەورخۆر، زۆری خواردن و ناسودەیی ژیان

**چرباندن:** چەورکردن، قەڵەو کردن، فراوان کردن، زیاد کردن

**چرب بالا:** ئەندام ڕێك، بالاّ بەرز، ڕێك و قۆز

**چرب پهلو:** قەڵەو، گۆشتن، بە گۆشت

**چربتر:** چەورتر، ڕۆناویتر. زیادتر، فراوانتر

**چرب خونی:** چەوری خـوێن، زۆر بـونی ڕێـژەی چـەوری خوێن

**چرب دست:** شارەزا، لێزان، چالاك دەست، زیرەك، دەست ڕەنگین، کارکوشتە

**چرب زبان:** زمان چەور، شیرین زمان، ڕیاکار، کاسەلێس، خۆش قسە

**چرب سخن:** قسە خۆش، زمان شیرین

**چربش:** بڕوانە چربیدن

**چربك:** ناوساجی، زرووبی، نانی ناو ڕۆن، جۆرێك لەنان کە هەویرەکەی لەناو ڕۆندا سور دەکەنەوە

**چربك:** سەرشیر، قەیماغ، سەرتیك

**چربك:** درۆ، هەڵبەستە، بوختان

**چربك:** مەتەڵ، لیچار، لەگز

**چرب گفتار:** زمان چەور، قسە خۆش، خۆش دو

**چربگو:** بڕوانە چرب گفتار

**چربو:** بڕوانە چربی

**چربوز:** مشکەکوێر، مشکی سارایی

**چربە:** بڕوانە چربی

**چربی:** ١- چـەوری، ڕۆنـاوی، ڕۆنـدار بـون، ٢- نـەرمی، هێمنی، هێدی بون، سازان، گونجان

**چربیدن:** زیاد بون، فراوان بون، مشه بون، زاڵوبن، سەرکەوتن، قورس بون، زیاد کردنی کێش و قورسایی

**چرت:** باوێشك، وەنەوز، پینەکی، خەوەکوتکە، هێنشکێن خەوێ، نوقرسکێن، سەرخەو، سوکەخەو

**چرت:** هەڵیت و پڵیت، پوچ و بێ ناوەڕۆك، قسەی بێ مانا

**چرتکە:** چۆرت، چوارچێوەیەکی بچوکە کەدوکانداره‌کان لەکۆندا بۆ حسێب کردن کەڵکیان لێوەردەگرت، چۆرتکە

**چرخ:** چەرخ، هەر شتێك سووڕانی دەورانی خۆی هەبێت و بەدەوری چەقی خۆیدا بسورێتەوە وەك تایەی ترۆمبێل و گاری و هاوشێوەکانی

**چرخ:** ئاسمان، فەلەك، رۆژگار، زەمانە، گەردون

**چرخ:** کەمان، کەوان

**چرخ:** دەور، دەوران، سووڕان، شوڕین، سوڕان بەدەوری کەسێك یاخۆ هەرشتێکیتر

**چرخ:** دەف، دایرە، بازنە

**چرخان:** چووڕاو، خول خواردو، خولانەوە، سوڕیانەوە

**چرخ انداز:** کەواندار، تیرهاوێژ، کەمڤاندار

**چرخاندن:** ١- چەرخاندن، زڤراندن، چەرخیان، سوڕاندن، خولدان، سوڕانن، سوڕپێدان، خول خول پێدان، جوڵاندنەی چەرخ بەدەوری چەقەکەی خۆی ٢- بەڕێوە بردن

**چرخ چاه:** چەرخ، ئامرازی ئاوێ هەڵکێشان لەبیر

**چرخچی:** ١- چەرخچی، سوڕێنەری چەرخ ٢- تۆپهاوێژ، تەڤەکەر، تیرهاوێژ، کەواندار

**چرخ خوردن:** سوڕخواردن، خول خواردن، چەرخ خواردن، زڤڕین، سوڕان، سوڕشان بەدەوری خۆ یاشتێك

**چرخ دادن:** سوڕاندن، چەرخ دان، خولاندنەوە، زڤراندن

**چرخ دوار:** ئاسمان، فەلەك، گەردون، رۆژگار

**چرخ ریسی:** چەرخ، فڕقڕە، غەرغەرە، داروکەی دەزو لێپێچان

**چرخ فلك:** ئاسمان، گەردون

**چرخلە:** چەرخەلە، فڕقڕە، غەرغەرە، داروکەی دەزو لێپێچان کە ژنان کاری پێدەکەن

**چرخوك:** خولە، خولخولۆکە، سەبیلەی شەیتان، دارێکی لەخەرت دراوی نوکداره بەکلك دەیسوڕێننەوە

**چرخە:** چەرخە، هەر شتێکی هاوشێوەی چەرخ، تەشی، نەتەرە، ئامرازی ساکاری بەن بادان

**چرخیدن:** خولانەوە، سورشخواردن، زڤراندن، سوڕان

**چرد:** بەردەرگا، پێشگا، پێشدەر، بەرهەیوانە، دەرازینك

**چردە:** روخسار، رو، رواڵەت، رەنگی روخسار، رەنگی پێست و جەستەی مرۆڤ سەوزە، ئەسمەر، گەنم رەنگ

**چرس:** بەند، زیندان، ئەشکەنجە، ئازار، گرفتاری

**چرس:** سواڵ، درۆزە، ئەوەی دەروێش و سواڵکەران بە سواڵ کۆیدەکەنەوە

بڕوانە چریدن: **چرغ**

باشە، واشە، باڵەوان، ترومتە، باڵندەیەکی راوکەرە بەرەنگی خۆڵەمێشی کە باڵەکانی ڕەش و سپیە

**چرك:** ١- چڵك، پیسی، مادەیەکی سپی رەنگە لەدومەڵ و برین دێتەدەر، کێم، کیم، جەراحەت ٢- چڵك، قرێژی، پیسی، پەڵەی پیسی لەسەر جل و بەرگ و هەرچی

**چرکاب:** چڵکاو، ئاوی پیس و ناپاك، چڵکاوی،چڵکن، گلاو، پۆخڵ

**چرك آلود:** چڵکن، چڵکاوی، پیس، گلاو

**چرکین:** ناپاك، پیس، گلاو، پیس وپ ۆخڵ، قرێژاوی

**چرم:** چەرم، پێستە، پێستەی گا پاوشتر کە خۆشیان کردبێت. گوین، پێسە، گەفل

**چرمدان:** هەمیانە، هەمانە، ئەو کیسەی پارەی تێدەکەن و لەکەمەری دەبەستن

**چرمگر:** چەرمچی، پێستەخۆشکەر، ئەوەی کاری خۆش کردنی پێستەیە

**چرمە:** چەرمو، ئەسپ، بەتایبەت ئەسپی سپی

**چرمین:** چەرمین، تایبەت بەچەرم، هەرچی لەچەرم دروست کرابێت

**چرند:** هەڵیت وچڵیت، قسەی بێ مانا، فیرۆ، بێ ناومرۆك

**چرندو:** کرۆژە، کرۆژنە، کرۆژەلە، ئێسکی نەرم، کرکرك

**چرنه:** لوولە، لولوی مەسێنە یا ئافتاوە

**چروك:** چرچ و لۆچ، لۆچ کەلەناو جل و بەرگدا دەردەکەوێت

**چروکیدن:** چرچ بون، لۆچ بون، کرژ بون، چرچ و لۆچ بون

**چروند:** فانۆس، فانۆز، لەنتەر، جۆرێك فانۆس کە چرا لەناویا دادەنێن بۆ ئەوەی لەبەر هەرەشەی بادا نەکوژێتەوە

**چرونس:** چرونس، دراوی باو لەناو وڵاتی روسیا

**چرویدن:** چارەسەر کردن، چارە کردن، دەرمان کردن، بەدوای چارەوە بون، چارەئەندێشی

**چریدن:** لەوەڕین، لەفەڕین، ئالف خواردن، ئالیك خواردنی ئاژەڵ

**چریدنگا:** لەوەرگە، لەوەرگا، جێ لەوەڕ

**چریدنی:** ئالف، ئالیك، ئەوەی بۆ لەوەڕ شیاو بێت

**چریك:** چریك، خۆبەخش، پێش مەرگ، گەریلا، ئەو کەسەی خۆبەخشانە لەشەڕدا بەشداری دەکات

**چز:** مەیمون، عەنەتەر

**چزد:** چرچرك، چرچیرۆ، دەعبایەکە لەکولە دەچێت رەنگی سەوزە و لەهاویندا بەزۆری لەمەزراکاندا دەردەکەوێت و هەمیشە دەنگی لێوە دێت

**چزغ:** بڕوانە چزك

**چزك:** ژیشك، ژیژو، ژیژك

**چسان:** چۆن، چلۆن، بەچ شێوەیەك، چۆنی، چۆن چۆنی

**چسب:** چەسپ، نوسەك، سرێش، مادەیەکە کە دوتیکە کاغەز یا شوشە یا هەرشتێکیتر بە یەکەوە دەلکێنێت

**چسباندن:** چەسپاندن، لکاندن، پێوە نوساندن، پێکەوە لکان، پێکەوە لکاندنی دوشت بەشێوەیەك جیاکردنەوەیان دژواربێت

**چسبیدن:** لکان، لکین، نوسان، پێکەوە لکان، پێکەوە نوسان

**چست:** ١- چوست، چالاك، فرز، زیرەك، زرنگ ٢- بەهێز، خۆراگر، قایم ٣- توند، خێرا، بلەز ٤- تەنگ، لکاو، تەسك، ٥- جوان، قیت وقۆز

**چسته:** ئاواز، ستران، گۆرانی، ئاهەنگ

**چسته:** شیردان، شیردانك، گوان، گوانی مەڕ

**چسنگ:** ١- کەچەڵ، تاس، بێ مو، ئەو کەسەی سەری توکی پێوە نەبێت ٢- قەشان، داخی ناوچاوان

**چش:** چاو، چەڤ

**چش:** چێژ، تام، چێشتن

**چشاندن:** چێشتن، تام کردن، تام و خوێ کردن، کەمێك لە خواردنێك خواردن بۆ تام کردنی

**چشایی:** چێشتن، تام کردن، یەکێکە لەهەستەوەرەکان

**چشفر:** شوێن پێ، ئەو شوێن پێ یەی لەمرۆڤ و بەتایبەت لە ئاژەڵەکان بەجێ دەمێنێت

**چشك:** ١- زۆری، فراوانی، فرەیی، زیادی، ٢- زۆر، فرە، مشە، فراوان

**چشم:** چاو، چەڤ، چاڤ، ئەندامی بینین لەمرۆڤ و ئاژەڵ، چەم، دیدە، چەو

**چشم آرو:** چاومزرا، شتێك کە بۆپاراستن لەچاوی پیس دەینوسن و یابەماڵەوە هەڵیدەواسن یاخۆیان هەڵیبگرن

**چشم آغیل:** مۆرە، خێسە، سەیر کردنی چاو بەتوڕەیی

**چشم انداز:** دیمەن، بەشێك لەکێو یاسارا کەچاو هەموی ببینێت، ئەوەی یەك جار بەرچاو بکەوێت، چاوگە

**چشم باز کردن:** چاو کردنەوە، چاو هەڵێنان، بەئاگا هاتنەوە، هەستان لەخەو، بێداربونەوە

**چشم بد:** چاوی پیس، چاوی رەش، چاوێك کەکاریگەری خراپ بەجێبهێڵێت

**چشم براه:** چاوەروان، چاولەرێ، چاومنوار، چاوەرێ، ئەوەی چاوەروانی شتێك یا کەسێك بێت

**چشم برداشتن:** چاو هەڵگرتن، چاولەسەر لابردن، سەیر نەکردن، لێ نەروانین، سەیر نەکردن

**چشم بستن:** چاو بەستن، چاولەسەریەك نان، پێڵو خستنەسەریەك و نەروانین، چاولێقوچان، چاو نوقان

**چشم بلبلی:** فاسۆلیا، فاسۆلیایی سپی کەخاڵێکی ڕەشی تیایە

**چشم بند:** چاوبەست، چاوبێن، چاوبەند، ئەوپارچە یا پەڕۆیەیی کەچاوی کەسێك یاتاژەڵێکی پێدەبەستن

**چشم بندانك:** چاوشارکێ، قەراقەرا، قەرەقەرێ، گەمەی چاوشارکێ کە کەسێك چاوی دەبەستێت و ئەوانی تر خۆیان دادەشارن

**چشم بندی:** چاوبەستن، چاوبەندی، جادو کردن، ئەفسونگەری

**چشم بی آب:** چاوحیز، بێ شەرم، بێ حەیا، بێ ئابرو

**چشم بیمار:** خوماراوی، چاوی نیوە بەستراو کە شاعیران بەجوانی وەسفی دەکەن

**چشم پزشك:** پزشکی چاو، ئەوەی نەخۆشیەکانی چاو چارەسەر دەکات

**چشم پناه:** چاوەزرا، شتێك کەبۆ پارێزگاری لەچاوی پیس دروستی دەکەن

**چشم پوش:** چاوپۆش، لێبوردە، ئەوەی چاوپۆشی بکات و شتێك یاکارێك بەنەکران لەبەرچاو بگرێت یالەشتێگ خۆش بێت

**چشم پوشیدن:** چاوپۆشین، لێخۆشبون، بەخشین، لێبورین، لێبوردن

**چشم پیش:** چاوشۆڕ، سەرشۆڕ، شەرمێون، شەرمەزار

**چشم تنگ:** بەرچاوتەنگ، بەخیل، ڕژد، چاوچنۆك

**چشم چران:** چاوحیز، پیاوێك کەبۆ هەوەس لەکچان و ژنان بروانێت، ئەزەرکەر، چاوچەرێن

**چشم خواباندن:** چاوپۆشین، لێبوردن، لێنەگرتن

**چشم خوردن:** چاولێدران، چاوبەرکەوتن، بەرچاوی پیس کەوتن، مەبەست لەکەسێکە چاوی پیس کاری تێکردبێت

**چشمداشت:** چاولەرێ بون، چاوەنواری، چاوەڕێی، چاوەڕوانی بۆگەشتن بەکەسێك یا شتێك

**چشم داشتن:** چاوەڕێ بون، ئارەزوداری، ئارەزومەندی، خواستن، چاولەدوبون، چاوەنۆڕ، چەمەرا، چاڤنێر

**چشم دریده:** بێ حەیا، بێ شەرم، بێ ئەدەب، ئەوەی هیچی پێ عەیب نەبێت

**چشم دل:** چاوی دڵ، چاوی عەقڵ

**چشم دوختن:** چاوتێبرین، چاولێبرین، تێروانین، چاولێهەڵنەگرتن

**چشم رسیدن:** بەرچاو کەوتن، چاوی پیس لێدان، کاریگەری دانانی چاوی پیس لەسەر کەسێك

**چشم روشنی:** چاورونی، پۆیلە، ئەو دیاریەی بۆ بوك و زاوا دەیبەن

**چشم زد:** مورووە شینە، ئەو مورووە ڕەش و سپیەیی بۆ نەهێشتنی کاریگەری چاوی پیس بەملی منداڵەوە هەڵیدەواسن، چاوەزار

**چشم زد:** چاوتروکان، چاولەسەریەك دانان، مەبەست لەکاتێکی زۆرکەمە

**چشم زدن:** چاولێدان، بەچاوی پیس لەکەسێك روانین و زیان گەیاندن پێی، چاوچڵە، چاوێنی، توشی بەلا بون لەچاوی پیسەوە

**چشم سپید:** چاوشپی، بێ شەرم، بێ حەیا، پێداگر، چاوسور، چاوقایم

**چشم شور:** چاوپیس، چاڤینۆك

**چشم غره:** مۆڕ، خێسە، بە تورەییەوە لەکەسێك یا شتێك روانین، چاو لێ بز کردنەوە

**چشم: فروبستن:** چاوبەستن، چاو لەسەریەك دانان، سەیر نەکردن، چاو لێك نان

**چشمك:** چاو داگرتن، سوچی چاو داگرتن بۆ تێگەیاندنی مەبەستێك، ئیشارە کردن بە پێڵوی چاو، چاو قرتاندن، چاوقرتکێ

**چشم کردن:** بەچاوەوە کردن، چاولێدان، زیان گەیاندن

**چشم گرداندن:** چاوە چەراندن، زەق ڕوانین، بەمۆڕەوە لەکەسێك ڕوانین، خێسە کردن

**چشم گرم کردن:** چاو گەرم کردن، سەرخەو شکاندن، کەمێك خەوتن

**چشم گشته:** خێل، چاو خوران، خوێل، خوویل، کەسێك ڕەشکێنەی چەپ و چیرە و یەك بەدو دەبینی

**چشم نهادن:** چاو تێبڕین، چاو خستنە سەر، چاوەدێری کردن

**چشم و دل پاك:** داوێن پاك، ڕاستگۆ، ڕاست کردار، ئەمین، ئەوەی خیانەت لەماڵ و ناموسی خەڵك نەکات

**چشم و دل سیر:** چاوتێر، ئەوەی چاوی تەماح نابڕێتە ماڵ و سامانی کەسانیتر، بی نیاز، بی تەماح

**چشم و گوش باز:** چاو گوی کراوە، زانا و بینا و ئاگا

**چشم و همچشمی:** ڕکەبەرایەتی، چاو چاوی کردن، چاولێکەری، ڕزدی بردن، چاو لێکردن، دەمە لاسکە، لاسایی کردنەوە

**چشمه:** سەرچاوە، سەرچاوگ، چاوگە، چاوە، کانی، کانیاو، ئەو شوێنەی ئاو لێی هەڵدەقوڵێت

**چشمه:** کون، هەرکونێکی ورد وەك کونی دەرزی

**چشمه:** سەرچاوە، سەرەتا، سەرەتای هەر شتێك، و مەبەست لە خۆرە

**چشمه چشمه:** کون کون، هەر شتێك کە کونی زۆری بێت

**چشمه حیات:** کانی ژیان، ئاوی حەیات، ئاوی ژیان، کانی خزر

**چشمه حیوان:** کانی ژیان، ئاوی ژیان

**چشمه خضر:** کانی خزر، ئاوی خزر یا ئەلیاس، ئاوی ژیان، دەڵێن کانیەکە لەتاریکیدا کە هەرکەس لێی بخواتەوە تەمەنی هەمیشەیی پی دەبڕێت، ئەسکەندەری گەورە بەدوایدا ڕۆشت بەلام پێی نەگەشت و خزری پێغەمبەر لەو ئاوەی خواردۆتەوە و تەمەنی بۆتە هەمیشەیی

**چشمه خیز:** زەوی پڕ ئاو، کانیاو، زەویەك کە هەر شوێنێکی هەڵکەنن ئاو بێتەدەر

**چشمه سیماب:** هەتاو، خۆر، چاوی خۆر

**چشمه گاه:** سەرچاوە، چاووگ، شوێنی هەڵقوڵینی ئاو لەزەوی

**چشمه وار:** چاوگە ئاسا، هاوشێوەی سەرچاوە

**چشید:** چەشتی، تامی کرد، خواردی

**چشیدن:** چێشتن، تام کردن، خواردن، خواردنی کەم لە چێشت بۆ تام کردن

**چغ:** پەردە، پەردەی حەسیری، پەردەیەك یاکەپڕێك کە لە تووڵی باریك یا قامیش دروستی دەکەن

**چغته:** لیان، لاکان، جۆرێك لەپیلاو کە لەسەر بەفر لەپێی دەکەن

**چغز:** قرپۆك، بۆق

**چغز:** دومەڵ، قونێر، کوان، دمەڵ، برینێك کە ناوەکەی پڕ لە کیم بێت

**چغرواره:** قەوزە، قۆزە، جلە شینەی سەرئاو

**چغریدن:** ناڵاندن، شین و ڕۆڕۆ، گریان

**چغك:** چۆلەکە، پاساری، سف

**چغل:** چەق، هەرشتێکی ڕەق و سەخت، شتێك کە لەژێر ددانندا جوان نەجورێت وەك گۆشتی کاڵ

**چغل:** زری، جل و بەرگی شەڕ

**چغل:** دوزمان، قسەبەر، قسەهێنەر، سیخوڕ، کەسێك کە هەرکات ئیرادێك لەکەسێك ببینێت سەروتر لەخۆی ئاگادار بکاتەوە

**چغند:** زل، ئەستور، زەبەلاح، گرێی گەورە

**چغندر:** چەوەندەر، چۆنەر، گیایەکە گەڵای پان و گەورە کە سی جۆری هەیە بۆ خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ و دروست کردنی شەکر کەڵکی لێ وەردەگیرێت

**چغندرکار:** چۆنەرکار، جوتیاری چۆنەر، ئەو وەرزێرەی کاری ئاشتن کۆکردنەوەی چۆنەرە

**چغو:** چۆلەکە، پاساری

**چفت:** داربەندی لەژێردار، ئەو دارەی مێو و یا کەدوی لەسەر دەخەوێنن، دارمێو

**چفت:** سەقف، تاق، هەرشتێکی سەقف ئاسا

**چفت:** ئاڵقە و زنجیری درگا، کیلۆن، چەفت، پشت درگا، ئەوەی پشتی درگای قایم دەکەن

**چفته:** چەماوە، کۆم، چەمیو

**چفته:** درۆ، هەڵبەستراو، بوختان، گومانی خراپ، ڕەشبینی

**چفته پشت:** پشت کۆم، چشت چەماوە

**چفتیدن:** چەمانەوە، چەمین، پشت کۆم کردن، نوشتانەوە، خواربوونەوە

**چفده:** چەماوە، نوشتاوە، چەمیو، خواربوو

**چفساندن:** بڕوانە چسپاندن

**چفسیدن:** بڕوانە چسپیدن

**چك:** چەك، حەواڵە، نوسراوێك کە بەهۆیەوە پوڵێك لە لابنگ یا لای دراو گۆڕەوە وەردەگیرێت

**چك:** شانە، شەن، چوارچەنجە، ئەو ئامرازی خەرمانی پی بە بادەکەن

**چك:** دڵۆپە، چکە، تکە، چۆرە، ئاو کەلەشوێنێك یا لەشتێکە بتکێت

**چك:** چەنە، چەناکە، چەناگە

**چك:** زللە، شەپازلە، شەقازلە

**چك:** ئەژنۆ، شێوەیەك دانشتن، چوارمەشقی

**چکا چك:** چیك چیك، چاك چاك، دەنگی بەریەك کەوتنی شمشێر و هەرچی

**چکا چك:** بڕوانە چکا چك

**چکا چك:** چپە چپ، پرتە پرت، وتە یا هەواڵێك کە بکەوێتە سەر زمانی خەڵك و خەڵك بە یەکی بڵێن

**چکاد:** ١- ناو چاو، سەر، تەوقەسەر ٢- لوتکە، ترۆپك، بەرزایی کێو

**چکاره:** چکارە، چکارەیە، پرسیارە لە کاری کەسێك وەك دەڵێن فلان کەس چکارەیە

**چکامه:** شێعر، غەزەل، قەسیدە

**چکامه سرا:** شاعیر، قەسیدە هەڵبەست، هۆزانڤان

**چکان:** بڕوانە چکاندن

**چکاندن:** دڵۆپە دڵۆپە ڕشتن، چکە چکە ڕشتن، ڕژاندنی ئاو یا شلەمەنی بە شێوەیە چکە چك، قەترە قەترە، چکاندن، چۆڕاندن، تکانن

**چکانه:** چکە، دڵۆپە، تکە

**چك چك:** چك چك، دەنگی بەریەك کەوتن ددان لەسەرمادا

**چك چك:** چپە، چپە چپ، وتە یا قسەیەك لەناو خەڵکدا بلاو ببێتەوە

**چکره:** دڵۆپە، چکە، تنۆکە

**چکری:** ڕێواس، ڕێڤاس

**چکس:** هێلانە، هێلانەی باڵندە ڕاوچیەکان وەك شاهین و باز

**چکسه:** بڕوانە چکس

**چکش:** چەکوش، چەکوچ، گزینە، ئامرازێکی ئاسنی بەدەسکی دار هاوشێوەی تەشوی کە بۆ بزمار داکوتان یا کاری هاوشێوە کەڵکی لێوەردەگرن

**چکش خور:** چەکوش، خۆر، ئەو کانزایەی بەرگەی لێدانی چەکوش بگرێت

**چکش کاری:** چەکوش کاری، چەکوچ کاری، کارکردن بە چەکوچ

**چکك:** چۆلەکە، سفیانك، پاساری

**چکله:** چکە، تنۆکە، تکە

**چکمه:** چەکمە، جزمە، جۆرێك پێلاو کە تاسەر ئەژنۆ دێت و لە زستان بۆ تەڕی و قوڕی لە پێی دەکەن، جەزمە

**چکمه پوش:** چەکمە پۆش، ئەوەی چەکمە لەپێ دەکات

**چکمه دوز:** چەکمە دور، چەکمە دروستکەر، ئەوەی کاری دروست کردنی چەکمەیە

**چکمیزك:** میزە چرکە، نەخۆشیەك کە مرۆڤ ناتوانێت میزی خۆی ڕابگرێت و تکە تکە دەیکا بەخۆیا، میزە چرکی، چرتکە میزە، میزە چۆرکی

**چکندر:** بڕوانە چغندر

**چکوچ:** چەکوش، چەکوچ

**چکوك:** چۆلەکە، پاساری، سفیانك

**چکه:** ورد، بچوك، کەم، سووك

**چکه:** چکە، دڵۆپە، تنۆکە، قەترە، تکە

**چکی:** ئاڵ و گۆڕی یەك جی، گری و فرۆشی بە یەکجار

**چکیدن:** چکە کردن، چوڕ کردن، چکان، دڵۆپە کردن، تنۆکان

**چکیده:** گوشراوە، ئاوی میوە یا هەرچی کە دەیگوشن و کەڵکی لێوەردەگرن

**چگونە:** چۆن، چلۆن، چۆنی، بە چ شێوەیێک

**چل:** چ، ٤٠، ژمارەی چل

**چل:** بەنداو، سەد، بەنداوێك کە لەبەردەم ئاوی ڕووبار لەهەر جێ دروستی بکەن

**چل:** چل، ئەسپێکە کە دوو دەستی یان دەستی ڕاستی و پێی چەپی سپی بێت

**چل:** نەزان، گێژ، ورش، حۆل، بی ئاوز، کەم مێشك

**چلاس:** چلێس، چاو چنۆك، نەوسن، چلێز، چەورە، چاوچنۆك بۆ خواردن

**چلاغ:** شەل، ئەو کەسەی پێی نوقسان بێت و نەتوانێت بەجوانی بەڕێدا بڕوات

**چلاندن:** گوشین، زەخت کردن لە شتێك، گوشینی شتێکی ئاودار تا ئاوەکەی بێتەدەر، فەگوشین، گوشیان

**چلاو:** بڕوانە چلو

**چلب:** ئاژاوە، هەرا، فیتە، قەرەباڵغی، دەنگە دەنگ

**چلبلە:** بێ ئۆقرەیی، پەلە، بێ ئارامی، پەرێشان، نیگەران

**چلبی:** چەلەبی، نازناوێکە لە سەردەمی عوسمانیەکان بە شاعیران و نوسەران دەدرا

**چلپاسە:** مارمێلك، مارملیك، مارمێلۆك

**چلپ چلپ:** شڵپە شڵپ، چلپە، شڵپە، دەنگی بەریەك کەوتنی ئاوی بەردەوام بەدەست و پێ

**چلپك:** ئاوساجی، جۆرێك لەنان کە لەناو ڕۆندا سوری دەکەن و دروستی دەکەن

**چل تاج:** چل تاج، کەڵەشێری چل تاج، کەڵەشێرێك کە تاجی گەورە و لق لقی لەسەردایە

**چل تکە:** چل تیکە، پارچە جلێك کە لەتیکە جۆراو جۆرەکانی دروست کرابێت

**چلتوك:** چەڵتوك، شەڵتوك، برنج بە تێکوڵەوە

**چلچراغ:** چل چرا، جۆرێك چرایە کە چەندین لقی هەیە لەناو هەر لقێك شوێنی مۆم هەیە کە بەسەقفیماڵەوە هەڵدەواسرێت بۆ جوانکاری

**چلچلە:** ١- پلیسرك، پەرەسێلکە، پەلەسێرکە، حاجی رەشك، پەرەسلێنکە، پەرەسوێلکە، پەرەسلێرکە ٢- کیسەڵ، کیسۆ، کسڵ

**چلچلی:** ڕابواردن، ڕابوێری، هەوەسبازی، مێبازی بەتایبەت لە چل ساڵیدا

**چل ستون:** بڕوانە چهل ستون

**چلش:** ترشۆکە، مزرۆکە

**چلغوز:** ریقنە، پیسایی باڵندەکان، جیتق، ریتق، ریخنە

**چلفتی:** دەست و پێ سپی، کارنەزان، گێژ و حۆل، پەخمە، بێکارە

**چلك:** گلۆڵە بەن، تەناف هەوریشمی

**چلك:** کەوگیر، کەفگیر، ئامرازێکی کانزایی کون کونە بۆ گرتنی کەف لەسەر چێشت، هسکیف، مفسك

**چل کلید:** بڕوانە چهل کلید

**چلم:** توت فەرەنگی

**چلملە:** مفت، خۆڕایی، بایی هەوا

**چلنگر:** کلیل ساز، ئەو کەسەی کاری دروست کردنی کلیل و قوفڵ دەکات

**چلو:** پلاوە، پەلاو، چێشتی برنجی بە پاڵوێنە پاڵێوراو

**چلە:** چل، چل ڕۆژە، ڕۆژی چلەمی ڕوودانی کارێك یا مردنی کەسێك

**چلە تابستان:** چلەی هاوین، چل ڕۆژی سەرەتای هاوین و چەقی گەرما

**چلە زمستان:** چلەی زستان، چل ڕۆژی سەرەتای زستان کە بە چلەی گەورە و بیست ڕۆژی دواتر کە بە چلەی بچوك ناو دەبرێت

**چلە گرفتن:** چلە، چلە گرتن، چونە نەشکەوت یا شوێنێکی چۆڵ بۆ ماوەی چل ڕۆژ

**چلە نشین:** چلەگیر، چلە نشین، کەسێك کە بۆماوەی چل ڕۆژ لە سوچێکدا دابنیشێت و سەرقاڵی پەرستین و خواپەرستی بێت

**چلیپا:** چلیپا، خاچ، ئەو دارەی عیسای پێغەمبەری پی لەخاچ درا

**چلیپاوش:** خاچ ئاسا، هاوشێوەی خاچ

**چلیدان:** گوشین، گوشران، گوشیاك، گوشراو، گوشینی شتێکی ئاودار بۆ گرتنی ئاوەکەی

**چلیك:** جلیکانە، دەبە، دەفرێکی گەورە کە ڕۆن یا نەوتی تیا هەڵبگرن

**چلینگر:** بڕوانە چلنگر

**چم:** چەم، ناز، خەرامانی، عیشو، مەکر، ڕێگە ڕۆشتن بە نازەوە

**چم:** ڕێکی، نەزم، یاسا، ڕازاوەیی

**چم:** مانا، راڤە، ناوەڕۆك، ناوك، پوختەی کەلام

**چماق:** گورز، تۆپز، کوتەکە، نوخماخ، داردەستی گەورە و ئەستور

**چمان:** خەرامان، بەلەنجە و لار، کەسێ کە بەناز و لەنجە و لار بەرێدا بڕوات

**چمان:** بڕوانە چمن

**چماندن:** بڕوانە چمانیدن

**چمانە:** پیاڵە، جام، قاپ، ئەو دەفرەی شەرابی تیا دەخۆنەوە

**چمانە:** ئاژەڵ، گیانلەبەر، بوونەوەر جگە لەمرۆڤ گیانەوەر

**چمانی:** مەیگێڕ، ساقی

**چمانیدن:** نازدان، خەرامان کردن، عیشوە پێدان، شاد کردن

**چمباتمە:** شێوەیەك دانیشتن کە دوبەری پی لەسەر یەك دادەنێن و ئەژنۆکان لای یەك، دەست لەئەژنۆ، دەستەوئەژنۆ

**چمپا:** گردە، برنجی گردە

**چمتاك:** کەوش، پێڵاو

**چمچاچ:** چەماوە، پشت کۆم، -چەمیو

**چمچم:** کڵاش، گیوە، کەڵاش، جۆرێك پێڵاو کە سەرەکەی بە بەن دروست دەکەن و بەکێکە لە دەسکردەکانی کورد بەتایبەت لە ناوچەی هەورامان کە زۆرتر بەکڵاشی هەورامی بەناوبانگە

**چمچم:** سم، سمی چوارپێ، سەربەری ڕەقی پەلی ئاژەڵ و وڵاخی بەرزە

**چمچم:** ناز کردن، عیشوە کردن، لەنجەولار

**چمچمە:** شکەشك، دەنگی پێی ڕۆشتنی مرۆڤ چمچم

**چمچە:** کەوگیر، مەلاقە، کەوچکی گەورە

**چمدان:** چەمەیان، جانتا، سنوقی لەپەڕۆ یان چەرم، شوێنی هەڵگرتنی جل و بەرگ

**چمش:** چاو، چاڤ

**چمن:** چەمەن، سەوزەڵان، چیمەن، مێرگ

**چمن پیرا:** باخەوان، باخەبان، ئەوەی کار لەناو چیمەندا دەکات

**چمنزار:** مێرگ، مێرگەلان، چیمەنستان، سەوزەڵایی، هەر شوێنێك کە چیمەن و سەوزەڵانی لی زۆر بێت

**چمنی:** چیمەنی، چەمەنی، سەوز ڕەنگ، کەسك ڕەنگ، هاوشێوەی چیمەن

**چموش:** چەموش، یاخی، سەرکێش، جووتە وشێن، سڵ، ڕەوەك، ئەسپی لەقەهاوێژ

**چمیدن:** لەنجە کرد، ناز کردن، بە لەنجە و لار بەرێگادا ڕۆشتن، خۆ چەمانەوە بەلایەك بۆ ناز

**چمین:** میز، گمێز، پیسی، گوو، شیاکە

**چنار:** چنار، لە دارە بێ بەرەکانە، سورە چنار

**چنان:** بەوشێوە. هاوشێوەی فلان شت، بەو جۆرە، وەك ئەوە

**چنانچە:** بەشێوەیەك کە، بەجۆرێکە کە، ئەگەر وابێ

**چنانکە:** وەك، بەوشێوەی کە، بەوجۆرەی کە

**چنب:** سونەت، کاری باش، کردەوە بەرێز

**چنبر:** چەق، ناوەند، ئاڵقە، بازنە، بازنە ئاسا

**چنبر زدن:** ئاڵقەکرد، قەف خواردن وەك قەف خواردنی مارچنبە

**چنبە:** دارێکی گەورە و ئەستورە، تۆپز، کوتەك، کەز، بەمانای هەرشتێکی زلیش بەکاردێت وەك پیاوی زل و زەبەلاح

**چنتە:** تۆبەرە، توێشودان، کیسە، تورەکە، ئەو کیسەی دەروێش و ڕاوچیان خواردنی تیا هەڵدەگرن

**چـند:** چەن، چەند، چەندە، ژمارەیەکی نادیار و نەزانراوە لەسێ تا نۆ. و ئامرازی پرسیار لەکاتی پرسینی ژمارە یا بایی کردنی نرخ

**چندال:** پەست، سەرسەری، خوێری، هیچ و پوچ

**چندبر:** چەندلا، چەند توێ، توێ توێ

**چندر:** بروانە چغندر

**چندش:** بێزکردنەوە، پاڤێز کردنەوە، بێزهاتن، ئەو حاڵەتی لەبینینی شتێکی پیس لەمرۆڤدا دروست دەبێت

**چندین:** بروانە چند

**چنگ:** پەنجە، قامك، ئەنگوست، پەنجەی مرۆڤ. چنگ، چنگاڵ، بەمانای چنگی باڵند و درندەکانیش بەکاردێت

**چـنگ:** چەماوە، خوار، چەمیو، قولاب، هەرشتێکی سەرچەماوە

**چنگ:** چەنگ، جۆرە سازێکی موسیقایە کەبەپەنجەی دەست دەژەنرێت

**چنگ:** نوك، دەنود، دەندوك، دەنوکی باڵندەکان

**چنگار:** قرژاڵ، قرژانگ، ناوی نەخۆشیەکیشە کەئاوسان و برینەکەی لە پێی قرژاڵ دەچێت، چنگار

**چنگال:** ١- پەنجە، ئەنگوست، چنگ، چنگاڵ، خرموش، خرموشەك ٢- چنگاڵ، چەتاڵ، ئامرازێکی چواردیانەیە کە خواردن و میوەی پێ دەخۆن و لەکەوچك دەچێت

**چنگ پشت:** پشت کوڕ، پشت کۆم، پشت کورتان

**چنگ زدن:** چنگ لێدان، دەست خستنە ناو شتێك

**چـنگك:** چەنگڵ، قولاب، چەنگە، چنگە، ئامرازێکی ئاسنی سەرخوارە بۆ گۆشت هەڵواسین و ماسی گرتن کەلکی لێوەردەگیرێت

**چنگل:** چنگاڵ، چنگی باڵندە و درندە

**چنگلوك:** چەنجەخوار، مرۆڤ یاناژەڵ کە پەنجەی دەستی خوار بێت، پەنجەلار، چنگ خوار

**چنگوك:** بروانە چنگلوك

**چـنگی:** چەنگ ژەن، ئەو کەسەی ئامرازی چەنگ دەژەنێت

**چنو:** وەك ئەو، هاوشێوەی ئەوە، هاوتای ئەوە

**چـنه:** چینە، ئەو دانەی مریشك لەسەر زەوی هەڵیدەگرێت

**چنه:** چەنە، چەناکە، چەناگە

**چنیدن:** چنین، کۆکردنەوە، لێکردنەوە و کۆکردنەوەی میوە لەدار

**چنین:** بەمشێوە، بەم جۆرە، ئاوەها

**چو:** وەك، هاوشێوەی، هاوتای، وەکی، وەکو

**چـوب:** دار، بەشە ڕەق و تەقەکانی دار، چێو، ئەوەی لەداری ببڕن و بۆ سوتاندن کەلکی لێوەربگرن

**چوب بست:** داربەست، داربەندی

**چوب پا:** دارشەق، داری بن باڵی پێ شکاو

**چوب خوار:** مۆریانە، مۆرانە

**چـوبدار:** شوان، شڤان، چێودار، پەرواربەند، مەڕدار، ئاژەڵدار

**چوبدست:** داردەست، گۆچان، چەمك، گالۆك، گاڕام

**چـوب زدن:** ١- دارکاری، بەدار لێدان، دارکاری کردنی کەسێك ٢- حەراج کردن، تالان فرۆشی

**چوبکاری:** دارکاری، بەدار لەکەسێك دان

**چـوبك زن:** تەپڵ ژەن، تەپڵ لێدەر، ئەوەی بەدارە بچوکە تایبەتەکان تەپڵ دەکوتێت

**چوپان:** شوان، شڤان، چوانکارە،

**چـوخا:** چۆخە، کەوا، جلێکی ئەستورە کەشوان و وەزیرەکان لەبەری دەکەن

**چوخیدن:** خزان، خلیسکان، کەوتن

**چوزه:** جوجك، جوجکە

**چوشك:** مژین، مژتن

**چوك:** کێر، کیر، گونی پیاو

**چوگك:** جوجکە، جوجك، بێچوی مریشك

**چول:** چۆڵ، چۆڵەوانی، بیابانی بێ ئاو و گیا

**چولگان:** گۆچان، داردەستی پاشایەتی

**چوله:** خوار، لار، چەماوە، چەمیوە

**چون:** چون، وەك، وەکی، هاوشێوەی، وەکو، هاوتای

**چون:** گاسن، گێسن

**چونه:** گونك، گونکە، گونتك

**چه:** چونکە، لەبەر ئەوەی. هەروەها ئامرازی پرسیار کردنە بەمانای چۆن، چی دەڵێی، چەندە

**چهار:** چوار، ژمارەی چوار، ٤

**چهارپا:** چارپێ، چوارپێ، چارەوێ، هەر ئاژەڵێک کەبەچوارپێ ( دودەست و دو پێ بەرێدا بڕوات)

**چهارپایه:** چوارپا، چوارپایە، کورسی بچوک کەلەسەری دادەنیشن

**چهارچرخ:** چوارچەرخ، چوارچەرخە، گاری یاعارەبانەیەک کەلەسەر چوارچەرخ دەڕوات

**چهارچوب:** چوارچێوە، چوارداری کەنار دەرگا و هتد...

**چهارده:** چاردە، چواردە، ژمارەی چواردە

**چهاردیواری:** چواردیواری، ماڵ، خانو

**چهارراه:** چوارڕێ، چوارڕیان، شوێنێک لەکۆلان یا شەقام کەبەکۆلان یاشەقامێکیتر ببڕێت

**چهارزانو:** چوارئەژنۆ، چوارمەشقی، چوامیلکە، چوارمەشقان

**چهارسمت:** چوارلا، خۆرهەلات وخۆرنشین و باکور و باشور

**چهارشانه:** چوارشاخ، شەن، ئەو ئامرازەی ئاسنیەی کەخەرمانی گێرەکراوی پێ بەبادەدەن

**چهارشنبه:** چوارشەممە، ڕۆژێک دوای سێ شەممە

**چهارصد:** چوارسەد، ژمارەی ٤٠٠

**چهارفصل:** چوار وەرز، چوار وەرزی ساڵ یانی بەهار، هاوین، پاییز، زستان

**چهارگامه:** چوارناڵ، ئەسپی بلەز و تیژپێ کەچوارناڵە بڕوات

**چهارگوش:** چوارگۆشە، چوارسوچ، هەرشتێک کەچوارگۆشەی هەبێت

**چهارمغز:** کاکڵ، ناوک، کاکڵی گوێز و فستەق و هاوشێوەکانی

**چهارموج:** گێژاو، تۆفانی ناودەریا

**چهارمیخ:** چوارمێخ، چوارمێخە، چوارمێخەیەکی کانزایی یادارین کەلەسەر دیوار یازەوی دایدەنێن و چوارگۆشەی شتێکی پێوەدەبەستن. هەروەها جۆرە ئەشکەنجەیەکە کە چوار دەست وپێی کەسێک بەچوار مێخ دەبەستن و ئازاری دەدەن

**چهارنعل:** چوارناڵە، چوارناڵ، جۆرێک لەڕۆشتنی ئەسپ بەخێرایی

**چهاريك:** چواریەک، یەک لەسەر چواری شتێک

**چهچه:** چەهچەهە، ئاوازی بولبول و هەندێ لەباڵندە دەنگ خۆشەکان

**چهر:** ڕوخسار، دەم و چاو، ڕواڵەت، ڕو، قیافە

**چهره پرداز:** نەقاش، وێنەکێش

**چهل:** چل، ژمارەی چل

**چی:** چی، چ شتێک

**چیالك:** توت فەرەنگی

**چیچك:** خاڵ، ئاولە، نیشانەکانی سەرپێست

**چیدن:** ١- چنین، کۆکردنەوە، لێکردنەوەی میوە یا گوڵ لەدار و گیا ٢- بڕین یا تاشینی قژە سەر ٣- نینۆک گرتن، نینۆک کردن ٤- جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە، هەڵ بژاردن

**چیر:** زاڵ، سەرکەوتو

**چیره:** زاڵ، سەرکەوتوو، دلێر، بوێر، چاونەترس، ئازا

**چیره:** جامانە، دەستارئەو پەڕۆیەی لەسەری دەپێچن

**چیره‌دست:** شارەزا، دەست ڕەنگین، پسپۆڕ، لێهاتوو، ژیهاتی

**چیز:** شت، شتومەک، هەرشتێکی بێ گیان

**چیستان:** مەتەڵ، لیچار، لەگز

**چیلان:** شیلان

**چیلك:** توتفەرەنگی

**چین:** چرچ، لۆچ، چرچی ناوچل و بەرگ

**چین خوردن:** چرچ بون، ژاکان، چرچ ولۆچ بونی بەرگ یا پێست

**چینه:** چینە، دانە هەڵگرتنەوەی مریشک لەسەر زەوی

**چینه:** چین، ڕیز، ڕیزێک لەدیوار بەقوڕ

**چینه:** چین، توێ،لا، چینی زەوی

**چینەدان:** چینەدان، جیقەڵدان، جیکەڵدان، جیکەڵانە، کیسەیەکە لەناو قورگ و گەدەی مریشك کەچینە دەچێتە ناوی

**چینی:** چینی، تایبەت بەچین، هەر شتێکی دروست کراو لەچین

**چینی:** چینی، جۆرە دەفرێکە لەخاکێکی تایبەت دروست دەکرێت و چونکە یەکم جار ئەم خاکە لەچیندا دۆزرایەوە بە چینی ناوی دەرکرد

# ح

**ح:** پیتی هەشتەم لە ئالفابێتی فارسی کە بە حاء دەخوێنرێتەوە

**حائر:** سەرگەردان، حەیران، سەر لێشێواو

**حائر:** باراناو، شوێنی کۆبوونەوەی ئاوی باران، چالاو، چاڵ

**حائره:** سەرگەردان، سەرلێشێواو، بۆ ژن بەکار دەبرێت. مەبەست لە ژنی حەیران و سەرلێشێواوە

**حائز:** لەخۆگر، کۆکەرەوە، ئامادەکەر

**حائض:** حەیز، بێ نوێژی، مەبەست لە ژنێکە لە نەخۆشی مانگانەدا بێت

**حائط:** دیوار، حەسار

**حائك:** جۆلا، بوزوتەن، شاڵباف

**حائل:** ١- رەنگاورەنگ، رەنگ بەڕەنگ، ٢- لەمپەر، ڕێگر لەنێوان دوشتدا

**حابس:** ڕێگر، زیندانیکەر، حەبسکەر

**حابط:** فیڕۆ، رزیو، گەنیو، خراپ

**حابل:** ١-راوچی، شکارچی ٢- ساحیر، جادوگەر

**حاتم:** ١- داوەر، حاکم، و ناوی پیاوێك لە هۆزێکی تەی لە عەرەب کە لە بەخشین جوامێریدا بەناوبانگە

**حاج:** حاجی، حەجکەر، ئەو کەسەی رۆشتۆتە مەککە و حەجی کردوە

**حاجب:** برۆ، ئێسك و مو و گۆشتی سەر چاو

**حاجب:** پەردەدار، دەربان، دەرگاوانی سەرای پاشا و میرەکان

**حاجت:** نیاز، پێویستی، پێداویستی، شتێك کەپێویست بێت، ئاتاجی، دەستکورتی

**حاجت روا:** ١- بەدیهێنەری نیاز، دابینکەری پێویستی ٢- کامەران، ئەوەی نیازەکەی هاتبێتەدی

**حاجتمند:** نیازمەند، ئاتاج، ئەوەی پێویستی و نیازی هەبێت

**حاجتومند:** بڕوانە حاجتمند

**حاجر:** ڕێگر، لەمپەر، و بەمانای زەویەك کە دەورەکەی بەرز و ناوەکەی چاڵ بێت

**حاجز:** ١- راگر، بەرهەڵست، جیاکار، بەربەست، ٢- دۆزەخ ٣- ستەمکار، زاڵم

**حاجم:** خوێنگیر، تۆڵەستێن، ئەوەی لە خوێنی خۆی خۆش نابێت و دەیسەنێت

**حاجه:** حاجیژن، ئەو ژنەی چوبێتە حەج و حەجی کردبێت

**حاجی:** حاجی، ئەو کەسەی چوبێتە حەج

**حاجی لك لك:** حاجی لەق لەق، حاجی لەك لەك، لەق لەق، باڵدارێکی قاچ و دەنوك درێژی بەڵەك بەڵەکە

**حاجیه:** حاجی ژن، ئەو ژنەی چوبێتە حەج و حەجی کردبێت

**حاد:** ١- توند، تیژن بڕان، بڕرەر، بەکاریگەر، ٢- تیژ وەك کێرد و تیغ ٣- زمانگەز، توند و تیژ لە تام کردندا

**حادث:** تازە، ئەو، ئەفار، ئەوەی تازە داهاتبێت

**حادثه:** ڕووداو، پێشهات، قەومان، قەومیان، ڕودانی شتێك یا کارێك، زیان و بەلا،

**حادثه جو:** ئەوەی بەردەوام بەدوای ڕووداوی تازەوەیە و ترسی نیە

**حاده:** توند، تیژ

**حاذق:** شارەزا، لێهاتو، بەتوانا، پسپۆڕ، زیرەك و دانا لەکارێك

**حار:** گەرم، سوتێنەر، دژی ساردی

**حارث:** جوتیار، وەرزێر، فەلا، ئەو کەسەی لەسەر زەوی کاردەکات و دەیکێڵێت

**حارس:** پاسەوان، گزمە، حەسحەس، ئێشکگر، ئێشکچی

**حارە:** گەرم، سوتێنەر

**حازم:** زانا، دانا، وشیار، زیرەك، بەتوانا، دوورئەندێش، کەسێك کە کاری خۆی بە رێکی و بەهێزیەوە ئەنجام دەدات

**حازی:** فاڵچی، فالگر، فالگرەوە، ئەوەی لەبەر دەست دەڕوانێت و فاڵ دەگرێتەوە

**حاس:** هەست پێکەر، تێگەشتو، پێزانیو

**حاسب:** ژمێریار، حسێب زان، ژمارەکەر

**حاسد:** بەخیل، رژدیبەر، چاوچنۆك، تەماحکار، کەسێك کە نەتوانێت بەختەوەری و سامانی کەسانیتر ببینێت و خوازیاری لەناوچونی بێت

**حاسر:** سەرڕووت، پیاوێك کە جامانەی لەسەر نەبێت. ژنێك کە سەرپۆشی لەسەردانەبێت

**حاسە:** هەست، مەبەست لە توانای شاراوەی ناو ناخی مرۆڤە. پێنج هەست لە هەستەکانی مرۆڤ ناسراون کە بریتین لە چێشتن، بۆنکردن، بینین، بیستن، بەرکەوتن کە بە پێنج هەستەوەرەکە دەناسرێن، بەلام هەندێك لە هەستەکان هەرچەند لە هەمو مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە بەلام بە هۆی شاراوە بوونیان و کەمتەرخەمی مرۆڤ بۆ کەلك وەرگرتن لێیان بە ئاسانی لە هەمو کەسێکدا دەرناکەوێت وەك هەستی شەشەم کە لەرێگەی ئەم هەستەوە دەتوانرێت بە شوێنەوار و کاریگەری شتەکان هەست بکرێت

**حاشا:** حاشا، دوربێ، پەرژینێکی قایم بێ، دوورلە. و بەمانای مەگەر، هەرگیز، جیا جگە بەکار دەبرێت

**حاشاك:** دوورلەتۆ، دوربێت لەتۆ، تۆی لێی دەرچیت

**حاشا و کلا:** هەرگیز، بەهیچ جۆرێك، الا و بیلا

**حاشیە:** قەراغ، پەراوێز، خواری کتێب یا جل و بەرگ و رونکردنەوەیەك کە لە خوار لاپەرەکانی کتێب دەنوسرێت جیاواز لەدەقە سەرەکیەکە

**حاشیە نشین:** گۆشە نشین، گۆشەگیر، ئەوەی لەناو کۆڕێکدا لە کۆتایی یا لە قەراغەوە دانیشتبێت

**حاصد:** درەوکەر، دروێنەکەر، ئەو کەسەی کاری دروێنە دەکات

**حاصر:** گەمارۆدەر، رێگەر، بەربەست، بەرهەڵست

**حاصل:** بەدەست هاتو، پاشماوەی شتێك، بەرهەم، بەر، ئەنجام

**حاصل جمع:** کۆ، کۆکراوە، ئەو ژمارەی لە کۆکردنەوە یا کەرەت کردنی دوژمارە بەدەست دێت

**حاصلخیز:** بەپیت، بەبەرهەم، زەویەکی بە پیت کە بەرهەمی ساڵانەی زۆر بێت

**حاصل کلام:** کورتەی وتە، بە کورتی

**حاصن:** داوێن پاك، رووسور، مەبەست لە ژنی داوێن پاکە کە ئەمەکدارە بەرابەر بە هاوسەرەکەی

**حاضر:** ئامادە، هاتو، پەرداخ، ساز، تەیار

**حاضرجواب:** حازر وەڵام، کەسێك کە بەردەوام وەڵامی ئامادەی پێبێت، ئامادە بۆ وەڵام دانەوە

**حاضرە:** ١- حازر، ئامادە بۆ ژن ٢- بەمانای شاری گەورەیش بە کار دەبرێت

**حاطب:** داربڕ، دارکۆکەرەوە، ئەو کەسەی چیلەکە و چەوێل بۆ مەبەستێکی تایبەت کۆدەکاتەوە، چەقڵ هەڵکەن

**حافد:** خزمەتکار، هاریکار، یاریدەدەر، لایەنگر، هاوڕێ، یار

**حافر:** هەڵکەنەر، چاڵ هەڵکەن، ئەوەی چاڵ یا زەوی قووڵ دەکات

**حافظ:** پارێزەر، هەڵگر، راگر، پاسەوان، حافز، ئەو کەسەی قورئانی لەبەربێت

**حافظە:** یادگە، بیر هۆش، هزر، هێزێکە لە مرۆڤ و هەندێك لە ئاژەڵەکان کە رووداوە و بابەتکانت دەپارێزێت و هەڵیاندەگرێت

**حافل:** پڕ، لێوانلێو، لیپاولیپ، سەرڕێژ، فراوان، قەرەبالغ

**حافی:** پێرووت، پێ خاوس، پێ پەتی، کەسێك کەبەبێ پێلاو بە ڕێگادا بڕوات

**حاق:** ناوەڕاست، نێوەنج، ناو، ڕاستی، ڕەوایی بابەتێك

**حاقــد:** ڕقـاوی، بـوغزاوی، تۆڵەسـتێن، ڕەشـبین، خراپەخواز

**حاقە:** ١- قیامەت، ڕۆژی کۆتایی، پەسلان ٢- ناو، نـاوی شتێك

**حاکم:** فەرمانده، فەرمانڕەوا، حاکم، میر، داوەر

**حاکمیــت:** فـەرمانڕەوایی، حـاکم بـوون، مافێکـە نەتەوەیـەك گرتوەکـان بـۆ هـەر نەتەوەیـەکی دیـاری کردوە کە دبێت فەرمانڕەوایی خۆیان بن

**حاکی:** وێژەر، بێژەر، گێرەوە، باسکەر، چیرۆك بێژ، ئەو کەسەی چیرۆك یا حەقایەت باس دەکات

**حــال:** ١- چـەندایەتی، چـۆنایەتی، دۆخ، بـارووودۆخ، بـارووودۆخ و چۆنیەتی ژیـانی مـرۆڤ و،،، ٢- حـاڵ، حـاڵ لێهـاتن، لـە عیرفانـدا ئـەو کاتـەی کـە عـارف لـە دۆخـی ئاسایی خۆیدا نامێنێت دەڵێن حاڵی لێهاتوە

**حالا:** ئێستا، هەنوکە، هەمێستاکە، هەمێستا، ئێستاکە، ئەو کاتەی کە تیایداین، نۆکە، نهۆ، گاڤێ، ڤێ

**حالب:** شیردۆش، دۆشەر، بێری

**حال بحال شدن:** گۆڕان، لەم حاڵ بۆ ئەو حاڵ بوون

**حالت:** حاڵ، چۆنیەتی، چەندایەتی، دۆخ، بارودۆخ، ئەو بارودۆخەی لە کەسێك یا شتێکدا هەیە

**حالق:** حەلاق، سەرتاش، ئارایشگەر، ئەوکەسـەی مـوی سەر دەتاشێت

**حالك:** ڕەش، زۆر ڕەش، تاریك، ئەنگوستەچاو

**حــال کــردن:** شـادی کـردن، چـێژ بـردن، کەیفخۆشـی، شادمانی کردن، ڕابواردن، حاڵ کردن

**حالی:** ڕازاوە، خەملاچو، ئەو ژنەی خۆی بە زێڕ و زیو ڕازاندبێتەوە

**حالی:** ئێستا، لەم کاتەدا، هەنوکە

**حالیا:** لەئێستادا، هەنوکە، هەمێستاکە

**حالی شدن:** تێگەشـتن، حـاڵی بـوون، وەرگـرتن، هەسـت کردن

**حالی کردن:** تێگەیاندن، حاڵی کردن، وتنی بابەتێك بـە کەسێك بۆ تێگەشتنی، تێگەهاندن

**حامد:** وەسفکەر، سوپاسکەر، پەرستشکەر، ئەو کەسەی وەسف دەکات و سوپاس

**حامض:** ترش، مزر، تام ترش

**حامــل:** ١-هـەڵگر، بارهـەڵگر، کۆڵبـەر، کۆڵـچی، ئـەو کەسـەی بـارێکی بـە کۆڵـەوە بێـت و بیبـات ٢- دوگیـان، سکپڕ، ژنی سکپڕ

**حامله:** سکپڕ، زکپڕ، دوگیان، بارشوشە، ئاوس، ئاڤس، زگپڕ، پێگران

**حامورابی:** یاسا، حیاسای حامورابی، ئەو کۆمەڵە یاسایە کە حامورابی یـەکێك لـە پاشاکانی بابل لەسـەدەی ١٨ پ. ز بۆ ڕێك خستنی کاروباری وڵاتەکەی خـۆی دایـنا و بەیەکەم یاسای دانراوی مرۆڤایەتی دەزانن

**حامی:** پشتیوان، پشت، پارێزەر، پشت و پەنا

**حامی:** حامی، تایبەت بە حام کووڕی نـوح، تایەفەیـەك لە منداڵەکانی حام کووڕی نوح

**حانات:** مەیخانە، مەیکەدە، نادی، شوێنی خواردنەوە

**حانوت:** دوکان، مەیفرۆشی، مەیکەدە، مەیخانە

**حانە:** مەیخانە، مەیفرۆشی، شوێنی فرۆشـتنی عـارەق و شەراب و هەرچی

**حاوی:** دەوردەر، دەورەگر

**حب:** دانە، دانەی گەنم، دانەوێڵە، دەنك

**حباب:** بڵق، پـۆرگی ئـاو، ئـەو بڵقانـەی بـە هـۆی بـاران بارینـەوە و یاهەڵـدانی شـتێك بـۆ نـاو ئـاو لەسـەر ئـاو دروست دەبێت

**حبــاب:** ١- هاوڕێیـەتی، خۆشەویسـتی،عەشق ٢- دڵدار، دەزگیـران، خۆشەویسـت ٣- بـەمانای شـەیتان و مـاریش بەکار دەبرێت

**حبال:** تەناف، گوریس، بەن

**حبال:** تەناف باف، بەن فـرۆش، گـوریس فـرۆش، گـوش فرۆش

**حباله:** داو، تەڵە، بەندحباب

**حبحاب:** گول، نابوت، ناحەز، پیاوی گولی ناحەزی ناشیرین

**حبر:** پاندان، قەڵەم، حیبر، جەوهەر یا مرەکەب کە بۆ نوسین بە کاردەبرێت

**حبر:** زانا، بیرمەند، دانا، مەلا، پێشەوای رۆحانی لە مەسیحی و یەهودیەکان

**حبر:** شادمانی، سروور، نیعمەت، فراوانی

**حبس:** رێگرتن، گرتن، زیندانی کردن، هەبس کردن و هەروەها بە مانی حەبس و زیندان و بەندیخانە بەکار دەبرێت

**حبسخانە:** بەندیخانە، زیندان، حەبس

**حبسگاە:** بروانە حبسخانە

**حبسە:** زمان گیران، لاڵە پەتە، گیرانی زمان لە کاتی قسە کردن

**حبسی:** زیندانی، بەندی، بەندکراو

**حبل:** بەن، تەناف، گوریس، گوش، پەت، وەریس

**حبلی:** دووگیان، ژنی سکپڕ، ئاوس

**حبن:** ۱- مەیموون، عەنتەر ۲- دومەڵ، دومەڵێک کە کیمی تەڕی هەبێت

**حبن:** ۱-گەورەبوونی سک، ورگ زلی، ئاوسانی ورگ ۲- تینویەتی، دەم وشکی، جۆرە نەخۆشیەکە

**حبوب:** دنکەکان، دانەکان، دانەوێڵەکان

**حبوە:** ۱- بەخشین، پێدان ۲- دان، بەخشین

**حبە:** یەک دنک، یەک دانە، یەک دنگ گەنم یا جۆ

**حبیب:** حەبیب، یار، هاوڕێ، دڵدار، دولبەر، خۆشەویست

**حبیبە:** خۆشەویست، دڵدار، دولبەر، دەزگیران، دڵداری ژن یا کچ

**حبیس:** زیندانی، بەند کراو، گیراو

**حتف:** مەرگ، مردن، نەمان، کۆچ کردن بۆ ئەو دونیا، مردنی ئاسایی و سورشتی

**حتم:** قایم کردن، بەهێز کردن، فەرمانـدان، پێویست کردنی شتێک

**حتم:** سادە، ساکار، بێ ریا، پاک، بێگەرد و ئەوەی بە دیهێنانی پێویست بێت

**حتمی:** دڵنیایی، پێویست، ئەوەی دەبێت رووبدات، ئەوەی بەناچاری روودەدات

**حتی:** تا، تا ئەوەی، بە ئەندازەی، بە توانایی، تەنانەت، تا ئەو شوێنەی بکرێت، تا ئەوەی ئەگەری بێت، تاکوو

**حث:** هاندان، دنەدان، هاندانی بۆ ئەنجامدانی کارێک یا بەردەوام بوون لەسەری

**حث:** وردەکا، نانی وشک، زیخی وشك

**حثر:** ئاوقۆرە، خورمای نەگەیو

**حج:** حەج، مەبەست کردن، ئاهەنگ کردن، نیەت هێنان، بە بەڵگەوە بەسەر کەسێکدا زاڵبوون، هات وچۆ کردن لە گەڵ کەسێك، تەواف کەعبە کردن، رۆشتنەمەکە بۆ زیارەتی بیت الله

**حجاب:** پەردە، چارشێو، روپۆش، ئەوەی شتێکی تری پێ دابپۆشن، و شتێك کە ببێتە لەمپەر لەنێوان دوشت، لەمپەر، رێگر

**حجاب:** حاجیان، پەردەداران، درگاوانان

**حجابت:** پەردەداری، درگاوانی

**حجاج:** بەڵگە هێنانەوە، بورهان، بەبەڵگەوە لە گەڵ یەك قسە کردن، دوژمنایەتی کردن، نەیاری

**حجاج:** حاجیان، ئەوانەی دەچنە حەج

**حجاج:** زۆر حەج کەر، کەسێك کە زۆر حەج بکات و ناوی یەکێك لە میرەکانی عبدالملك کووڕی مەروان کە بە خوێنرێژی و ستەمکاری ناسراوە

**حجار:** بەرد، بەردەکان

**حجاز:** ۱- مەودا، دووری نێوان دوشت، ئەو پەت یا تەنافەی کە قاچی وشتری پێدەبەستنەوە ۲- و ناوی سەرزەمینێك لە عەرەبستانی سعودی کە لە شارە گرنگەکانی مەککە و مەدینەیە

**حجام:** خوێنگر، خوێنبەردەر، کەسێك کە کاری خوێن گرتنە

**حجامت:** خوێن گرتن، خوێن دەرهێنان لەجەستە

**حجب:** داپۆشین، شاردنەوە، قایم کرد، حەشاردان، فەشارتن، رێگرتن

**حجب:** شەرم، حەیا، ئابروو، ناموس

**حجت:** بورهان، بەڵگە، دەلیل، ئەوەی بە پاڵپشتی ئەو بابەتێك یا وتەیەك دەسەلێنن

**حجه:** یەك حەج، یەك جار حەج كردن

**حجر:** رێگرتن، نەهێشتن، رێگرتن لە كەسێك بۆ دەست خستنە نا سامانی خۆی بە فەرمانی دادوەر یا بەهۆی پیری و شێتیەوە

**حجـر:** كەنار، لا، تەنیشت، داوێن، باوەش، ئامێز و هەروەها بە مانای حەرام

**حجر:** بەرد، كوچك، كەڤر، سەنگ، تەوەن، بەڕ، شتێكی رەق كە لە زەوی و كێو و كانەكان بە رەنگ و شێوە جیاوازەكان هەیە و هەندێكیان بە نرخن وەك یاقوت

**حجرالاسود:** بەردی رەش، بەردێكی رەش كە بە دیواری كەعبەوە هەڵیانواسیوە و حاجیەكان لە كاتی حەج كردن دەستی لێ دەدەن

**حجر موسی:** خەڵوز

**حجره:** ژوور، هۆدە، ژور لە ماڵ یا كاروانسەرا

**حجز:** رێگرتن، بەرگرتن، نەهێشتن

**حجل:** كەو، كەڤ، زەرەز

**حجله:** پەردە، ژوورێكی رازاوە بۆ بوك و زاوا بۆ یەكەم شەویان

**حجم:** قەبارە، بارستایی، ئەستوری، ئەوەی ئەندازە و بارستایی هەبێت

**حجی:** عەقڵ، ئاوز، زیرەكی، وشیاری

**حجی:** ۱- شیاو، شایان، هەڵگر، ژێهاتی ۲- تەماحكارن، ئارەزوومەند، خوزایار

**حجر:** بەردەلان، شوێنی پڕ بەرد، بەرداوی، زەوی پڕ بەرد و رەقەن

**حجیم:** ئەستور، قەبە، زل، گەورە

**حد:** جیا كردنەوە، دەرخستنی قەراغی شتێك، دیاری كردنی سنور و ئاست بۆ زەوی و زار، ئاست، رادە، سنور

**حـد:** ۱- قەراغ و كۆتایی شتێك، سنور، ۲- رادە، بڕ، ئاست۳- توندی، توند و تیژی ۴- قامچی لێدان، سزادانی پیاوی شەرابخۆر لە ئیسلامدا

**حدائق:** باخ، باخەكان

**حداثت:** نوێ بوونەود، تازەبوونەوە، نەفار، تازەداهاتو، تازە، سەرەتا، دەسپێك، پێشەكی شتێك، هەرەتی لاوی

**حداجـه:** كەژاوە، كەجاوە، ئەوەی لە سەر وشتر دەیبەستن و ژنان لە كاتی سەفەركردندا سواری دەبن

**حداد:** رەش پۆشی، رەش پۆشین لە پرسە و شیندا

**حداد:** ۱-ئاسنگەر، ئاسن فرۆش۲- زیندان بان، دەرگاوان

**حدب:** پشت كووری، پشت چەمینەوە، پشت كۆمی، كۆم بوونی پشت

**حدب:** زەوی بەرز، تەپۆڵكە، گرد، گردۆلكە، تەپە

**حدباء:** پشت كۆم، پشت كورتان، بۆ ژن بە كار دەبرێت

**حدبه:** ۱- كۆمی، كووری، دەرپەڕینی پشت ۲- دژوار، سەخت، گرات، كاری دژوار

**حدت:** تیژی، توندی، بڕەی، تووڕەیی، رق، غەزەب

**حدث:** ۱- نەفار، داهێنان، داهێنراو، داهێنانی بابەتێك كە ئاشنای سونەت و شەریعەت نەبێت ۲- لاو، گەنج، ۳- میز و پیسایی و ئەوەی دەستنوێژ بەتاڵ دەكاتەوە

**حدثان:** سەرەتا، دەسپێكسەرتای كار یا بابەتێك

**حدثان:** هەواڵ، خواس، باس، دەنگ و باس

**حدج:** كەژاوە، كەجاوە

**حدس:** گومان بردن، وا هەست كردن، وا زانین، خێرا تێگەشتنی كار یا بابەتێك پێش وتن یا باس كردنی

**حدس زدن:** گومان كردن، پێ زانین، خێرا هەست كردن

**حدقه:** رەشێنە، رەشایی چاو، گلێنە، گلێنە، كەنیشكی چاو، رەشكێنە، بیبیلەی چاو

**حـدوث:** روودان، دەركەوتن، تازە دەركەوتن، رودانی شتێكی تازە

**حـدوثت:** تازەیی، نوێیی، سەرەتایی، هەرەتی لاوی، گەنجی

**حـدور:** ۱- سەرەوخوار بوونەوە، خل بوونەوە، تل بوونەوە، دابەزین، لەبەرازیی بۆ سەرەوخواری هاتنە خوار۲- ئاوسان، هەڵاوسان، پەنەمان

**حدور:** سەرەوخواری، خواری، لێژی، نشیو

**حديث:** ۱- تازە، نوێ، نەو، شتی تازە ۲- وتار، قسە، باس، خواس، هەواڵ

**حديج:** لەق، لەق، حاجی لەك لەك

**حديد:** ١- ئاسن، ئاهن، ٢- توند، توند و تيژ، بڕان

**حديقه:** باخ، باخچە، بێستان، ئەو باخەی دەورەكەی بە ديوار گيرا بێت

**حذ:** بڕين، لە بن دەرهێنان، لە ڕەگ دەرهێنان، بڕاندن

**حذاء:** بەرابەر، ڕوبەڕو، لەبەرابەر، لەبڕی

**حذاء:** كەوش، پێلاو، نال، نالی ئەسپ

**حذافير:** هەمو، تێكڕا، گشت، سەرپاكی، گشتی

**حذاقت:** زيرەكی، شارەزايی، پسپۆری، لێهاتويی، بەتوانای لە ئەنجامدانی كارێك

**حذذ:** ١-دەست سوكی، چالاكی٢- كوڵی، كلك كوڵی، كورتی كلكی وشتر

**حذر:** خۆپاراستن، خۆپارێزی، ترسان و دوری كردن لە شتێك، ئاگاداربوون، ترس

**حذر:** ترسەنۆك و خۆپارێز، زيرەك، وشيار،

**حذف:** بڕين، سڕينەوە، پچڕاندن، فڕێدان، دورخستنەوە، لەناوبردن

**حذفار:** لا، تەنيشت، ڕۆخ، كەنار، هەمو، سەراسەر، گشتی، سەرپاكی

**حذفور:** ١- لا، تەيشت، ڕەخ، كەنار ٢- شەريف، نەجيب٣- دەستەيەكی زۆر، ژومارەيەكی زۆر

**حذق:** فێربوون، باش فێربوون، شارەزايی، زيرەكی، لێهاتويی، پسپۆڕی، وەستايی

**حذو:** بەراوەرد كردن، ڕووبەڕووبونەوە، ڕوبەڕوی كەسێك يا شتێك دانيشتن، شاخ بە شاخ بوون، لاسايی كردنەوە، لايەنگيری، بەرامبەر، ڕووبەڕوو

**حذور:** خۆپارێز، پارێزكار

**حذير:** پارێزكەر، خۆپارێز

**حر:** گەرما، گەرمی، دژی ساردی

**حر:** ئازاد، ئازادە، ئازاد پياو، دژی بەند و كۆيلە

**حر:** شەرمی ژن، قوز، كوز

**حرا:** ناوچە، پانتايی، بەربلاوی و هەروەها ناوی كێوێكيشە لە باكووری ڕۆژهەلاتی مەككە كە پێغەمبەر پێش هەڵبژاردنی بۆ پێغەمبەری لەو ئەشكەوتەدا پەرستينی دەكرد

**حراب:** شەڕ كردن، جەنگ كردن

**حراث:** وەرزێر، جوتيار، فەلا، جوتكەری زەوی، ئەو كەسەی لەسەر زەوی كشتوكاڵی كار دەكات

**حراثت:** كێلان، كێلانن، زەوی كێڵان بۆ كاری جوتياری

**حراج:** هەراج، تالان فرۆشی، فرۆشتنی كالايەك بەبەرچاوی ژمارەيەكی زۆر كە هەركەس نرخی ياتری لەسەر دابنێت بەوەی دەدەن

**حرار:** ئازاد، ئازادە، پياوی يا ژنی ئازاد

**حرار:** تينو، لێو وشك، ئەوی زۆری تينو بێت

**حرار:** ١- ئازاد بوون، ئازاد كردنی كۆيلە٢- ئازادی، ڕزگاری

**حرارت:** ١- گەرم بوون،٢- گەرمی، گەرما، بەرابەری ساردی، تين، تاو، نۆبەتی

**حراره:** وتە، گێڕانەوە، ئاواز، ئاهەنگی حاڵ لێهاتنی سۆز و دەروێش

**حراس:** پاسەوانەكان، كێشكچيەكان، ئێشكچيەكان

**حراست:** پاسەوانی كردن، زێرەفانی، ئێشك گرتن، پاسەوانی، پارێزگاری

**حرافت:** توندی، تيژی، تامی توند كە زمان بكزێنێتەوە

**حراق:** سوێر، ئاوی زۆر سوێر

**حراق:** بلەز، تيژپێ، ئەسپی زۆر تيژپێ

**حراق:** سوتێنەر، سوزان، بڕژێنەر

**حراك:** بزاڤ، جووڵە، بزاوت

**حرام:** ناڕەوا، نەشياو، حەرام، كارێك كەكردنەكەی گوناح بێت. هەروەها ئەوەی خواردنەكەی لە ئيسلامدا گوناح بێت

**حرامخور:** حەرامخۆر، كەسێك كە بەشی ڕەوای خەڵكيتر دەخوات

**حرام روزى:** حەرام ڕۆژی، حەرام ماڵ، ئەوەی بە سامانی حەرام ژيان بەسەردەبات

**حرامزاده:** حەرامزا، ناپاك زا، زۆڵ، بیژو، بیچ، مناڵێك كە بە ناشەرعی لە دایك بوبێت. و بە فێڵباز و ئاژاوەچیش دەوترێت

**حرام كار:** حەرامخۆر، دز، ڕێگەر، چەتە، ئەوەی گوێ بە حەرام و حەلاڵ نەدات

**حرام گوشت:** حەرام گۆشت، خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵەی لە ئیسلامدا حەرام بێت

**حرام نمك:** سپڵە، پێنەزان، نمەك بڕوانە حەرام، ناسوپاس

**حرامی:** حرامكار، حەرامخۆر، دز، چەتە

**حران:** لێووشك، تینو

**حرب:** شەڕ، جەنگ، كێشە، كۆماند

**حرب:** بەدبەختی، هیلاكی

**حربگاه:** شەڕگە، گۆڕەپانی شەڕ

**حربه:** سیلاح، ئامرازی شەڕ كردن وەك شمشێر و خەنجەر و ڕم

**حربی:** شەڕكەر، ئەو كەسەی لە حاڵی شەڕكردندا بێت

**حرث:** زەوی كێلاّن، شێف كردن، جوت كردن

**حرج:** ١-تەنگی، تەسكی، شوێنی تەنگ و بەرتەسك٢- گوناح، تاوان، سوچ، هەڵە

**حرج:** ١- گوناح، سوچ، تاوان، هەڵە٢- داو، تەڵە، ئەو تەڵەی بۆ ڕاو كردنی دڕندە بەكاری دەبەن٣- جل كە بە تەنافەوە هەڵیدەواسن بۆ وشك بوونەوە

**حرز:** پاراستن، پارێزگاری كردن، هەلگرتن، ڕاگرتن، كۆكردنەوە، ئێشكدان

**حرز:** پەناگە، پەناگا، شوێنی بە هێز و قایم، شوێنێك كەشتێكی تیا هەڵبگرن٢- بەش، پار، بەهرە٣- نوشتە، ئەو دۆعایەی لەسەر كاغەز دەینوسن و لە گەڵ خۆدا هەڵیدەگرن

**حرز:** ١- پارێزراو، هەلگیراو، ئەوەی هەڵیدەگرن ٢- كەلا، هەڵمات، تیلە، ئەو خڕی منالاّن یاری پێدەكەن

**حرزدان:** توێشودان، كیسەی

**حرس:** ڕاگرتن، هەلگرتن، زێرەڤانی، كێشكدان

**حرس:** ڕۆژگار، زەمانە

**حرشف:** ١- پولەكە ماسی ٢- پیر و پەك كەوتە، ناتەوان

**حرص:** تەماحكاری، ئارەزوداری، ئارەزومەند بوون، هیواداری٢- تەماح، چاونەزێری، چاوچۆنكی، ڕژدی

**حرصا:** چاوچنۆكان، ڕژدان، تەماحكاران

**حرض:** ناتەوان، بوون، پەك كەوتن، سوتان لە خەم یا لە عەشق، بە فیڕۆچون. فیڕۆیی، خراپی، ڕزان، گەنین

**حرف:** پیت، هەركان لە پیتەكانی ئالفبا، حەرف، دانەدانەی ئالف و بێ

**حرف:** پیشە، كار، ئیش

**حرف راندن:** ئاخاوتن، پەیڤین، قسە كردن، دوان، ئاخفتن

**حرف گیر:** ئیرادگر، عەیب گر، ئیراد گرتن لە قسە كردن

**حرفه:** پیشە، كار، سنعات

**حرق:** ١- سوتاندن، سوتیانن، گرتێ بەردان ٢- سوتاوی، سوتیان، گرتێ بەربوون

**حرقت:** گەرمی، نۆبەتی، تا، تین، گەرما

**حركات:** ئەم وشە كۆیە و بە مانای جوولە و بزاوت دێت

**حركت:** جووڵە، بزووتن، تەكان خواردن، جمان، جووڵان

**حرم:** حەرەم، دەوراندەوری ماڵ، ناو ماڵ، ناو كەعبە، مەزاری پیاوچاكان

**حرم:** حەرام بوون، ناڕەوا بوون

**حرمان:** ڕێگرتن، نەهێشتن، بەرگرتن، بێ بەش كردن، بێ بەهرە كردن، بێ هیوایی، نائۆمێدی

**حرمت:** ڕێز، ئابڕوو، شەرەف، بەرێزی، ئەوەی شكاندنی ڕەوا نەبێت

**حرمت داشتن:** ڕێز گرتن، بەرێز دانان، ڕێز بۆ دانان

**حرمخانه:** حەرەمسەرا، ناو ماڵ

**حرمسرا:** حەرەمسەرا، ناو ماڵی گەورەكان كە شوێنی ژنانە

**حرمل:** ئەسپەندەر، ئەسپەندەر

**حروب:** شەڕ، شەڕەكان

**حرور:** گەرما، گەرمی، گەرمی هەتاو یا ئاگر

**حرور:** گەرم بوون

**حرورێت:** ئازادی، جوامێری، ئازادبوون

**حـــروف:** پیتــەکان، پیتــەکانی ئالفابێــت وەك ا، ب، پ، ت،....

**حروفـــچین:** پیتــچن، پیتلێــدەر، ئــەو کرێکــارەی لــە چاپخانەدا نوسراوەکان بۆ چاپ کردن ئامادە دەکات

**حرون:** یاخی، چەموش، سەرکێش، ئەسپی رام نەبو

**حرە:** ئازاد، ژنی ئازاد، ئازاد ژن

**حری:** شیاو، شایان، ژیهاتی، هەلگر

**حریب:** دزلێــدراو، ئــەو دز سامان یا ماڵەکــەی بــە تــالآن بردبێت

**حریبە:** دزی، دزراو، ئەو ماڵەی دزرابێت

**حریت:** ئازادی، ئازادیی، سەربەستی

**حریر:** حەریر، هەوریشم، پارچەی هەوریشمی

**حریری:** هەوریشم باف، حەریر باف، هەوریشم فرۆش

**حـــریش:** ١-هــەزارپێ، هزارپــا، زیلۆ ٢- کەرگــەدەن ٣- و جۆرێك ماری رەش و سپی

**حـــــریص:** تــەماحکار، چاوچــنۆك، ئارەزومەنــد، رژد، هیوادار، بەرچاوتەنگ، رەچاوکەر، چاولەدوو

**حریف:** رکەبــەر، هاوکار، هاونــشین، هاوشــەڕ، خــەنیم، بەرابەری کەس لە یاری یا لە شەڕدا

**حریـــــق:** ئاگرکەوتنـــــەوە، ســـووتان، گڕتێبـــەربوون، ئاورتێبەربوون

**حـــریم:** دەورانــدەوری مــاڵ، چواردیواری، شــوێنێك کــە پاراستن و بەرگی کردن لێی پێویست بێت

**حزام:** شەتەك، تەنگدانی ئەسپ. و هــەر شتێك شــتێکی پێ ببەستن

**حزب:** حزب، دەستە، گروپ، بــەرە، کەفــەل، ژومارەیــەك لە خەڵك کە هاوبیروراین

**حزر:** ئەندازە گرتن بە گومان، بەراوەرد کردن

**حزقل:** رووگرژ، مۆن، ناوچاوتاڵ، رووترش، و هــەروەها ناوی یەکێك لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیلە کــە لــە ساڵی ۵۹۵ تا ۵۷۳ لە ئورشــەلیم پێغەمبــەری کــردەوە و لەناو ئەواندا پێگەو پایەیەکی بەرزی هەیە

**حزم:** قایم کاری، وشیاری، دوور ئەندێشی، وردبوون

**حزمە:** دەســتە، بەســتەن بــاوەش، کــۆڵ، چــەپك، دەســتە گوڵ یا کاغەز یا هەر شتێکیتر

**حـــزن:** خــەم، خەفــەت، کەســەر، داخ، پــەژارە، دڵتــەنگی، کزی، داماوی، پەرۆش،

**حزن الود:** کز، بەپــەرۆش، دامــاو، دڵتــەنگ، پــەژارەدار، خەمۆك

**حزن اور:** خەم بزوێن، خەم هێنەر، پەرۆشاوی، بەخەم، بەداخ، ئەوەی ببێتە هۆی خەم و خەفەت

**حـــزیم:** دوورئەنــدێش، وشــیار، زانــا، دانــا، بــە ئــەزمون، وردبین

**حزین:** خەمبار، خەمۆك، خەفەتبار، سەرکز، کز، داماو، دڵتەنگ

**حـــس:** ١- هەســـت، جووڵــە و دەنگێکــی نادیــار کــە لــە تێپـــەڕینی شـــتێك بـــەرگوێ بکـــەوێت ٢- وەرگـــرتن، تێگەشتن، حاڵی بوون

**حساب:** حــسێب، ژومــاردن، بــژاردن ٢- ژومــارە، هــەژمار، ئەنــدازە.. و هــەروەها زانــستێکە لەســەر ژومارەکــان و یاساکانی ژوماردن دەدوێت

**حـــسابدار:** ژمێریــار، ژمارەگــەر، ئەوکەســەی ئــاڵوگۆڕ و قەرز و دانەکانی لە دەفتەرێکدا دەنوسێت

**حسابدان:** ژومارەزان، حسێب زان، کەسێك کە یاساکانی زانستی ژومارە دەزانێت

**حـــسابی:** ١- حـــسێب زان، زانــای ژومــارە ٢- بــێ کــەم و کووڕی، سەرپاك، تەواو، بێ عەیب

**حساد:** چاوچنۆکان، رژدان، تەماحکاران

**حساد:** بەرچاوتەنگ، رژد، بەخیل

**حسادت:** بەرچــاوتەنگی، رژدی بــردن، خوازیــاربوون بــۆ لەناوچــوونی ســامانی کەســێك، بــەدخوازی، قڕنوســی، چاوتێبڕین

**حـــساس:** هەســتیار، وەرگــر، کەســێك بــە زوتــرین کــات هەست بە شتێك یا بابەتێك بکات

**حسام:** شمشێر، شمشێری تیژ

**حسان:** زۆرباش، چاکەکار، چاکەخواز

**حسب:** ژمارتن، ژماردن، هەژمار کردن، بژاردن. و هەروەها بە مانای بەس بوونیش دێت

**حسب:** ژمارە، ئەندازە، رادە، ئاست، شەرەف، گەورەیی، گەوهەر، رەچەڵەک. و هەروەها بە مانای بەرابەر و یەکسانیش دێت

**حسبان:** ژمارتن، ژماردن، بژاردن، هەژمار کردن

**حسبان:** گومان بردن، وازانین، هەست کردن

**حسب حال:** بەپێی رۆژ، وەهەروەها شێعرێك کە شاعیر بۆ وەسف کردنی بارووەدۆخی خۆی بیڵێت

**حسبە:** کرێ، پاداشت، مزد، چاوەڕوانی پاداشت لە خوا

**حسد:** چاوتێبڕین، رژدی بردن، قرنوسی، چاو لەدوویی

**حسد بردن:** رژدی بردن، چاوتێبڕین

**حسد پیشە:** رژد، چاوچنۆك، بەرچاو تەنگ

**حسر:** رووت کردن، خۆ رووت کردنەوە، جل لەبەر داکەنینی خۆ

**حسر:** داخ خواردن، پەرۆش بوون، خەمبار بوون

**حسران:** خەمخۆر، داخۆر، بەناوات، بەپەرۆش

**حسرت:** ١- داخ خوادن، بەپەرۆش بوون، خەم لێ خواردن، جەخاری، پەشیمان بوون ٢- داخ، کەسەر، جەخار، پەرۆش، ناوات، هێڤی

**حسك:** رق هەڵگرتن، قین لێ بوون، قەڵس بوون لە کەسێك، جارِسی

**حسل:** مارمێلکە، بێچوی مارمێلك

**حسم:** بڕین، پچڕاندن، قرتاندن، رەگی بڕاو بە ئاسنی سوورەوە بو داخ کردن بۆ پچڕاندنی خوێن

**حسن:** جوان، باشی، چاکی، روخسار جوانی، رووگەشی، شەنگی، چەلەنگی

**حسناء** ژنی جوان، مانگ روخسار، شۆخ، شەنگ

**حسنە:** چاکی، باشی، کاری چاك و رەوا

**حسنی:** باشتر، چاکتر، و هەروەها بە کانای ئەنجامی باش و سەرکەوتو

**حسنیان:** سەرکەوتن، زاڵبوون، شەهید بوون

**حسود:** رژدی بەر، چاوچنۆك، چاولەدو، درژ، خومزۆك، بەرچڵ

**حسی:** هەستی، ئەوەی بە هەست هەستی پێ بکرێت بە پێچەوانەی عەقلی

**حسیب:** ١- ژمێریار، ژمارەگەر ٢- بەرێز، رێزدار، گەورە و بەخشەر

**حسیب:** ژومار، ژومارە

**حسیر:** داخخۆر، بەپەرۆش، پەشیمان، هیلاك، ماندوو، ناتەوان

**حسیکە:** دوژمنایەتی، نەسازان، نەگونجان، هەڵنەکردن، نەیاری

**حسین:** باش، چاك. و ناوی سێیەم ئیمامی شیعەکان

**حسینیە:** حسینیە، شوێنێك کە لە مانگی محرم بەیادی ساڵرۆژی کوژرانی حسین پرسەی تیا دەگێڕن(تایبەتە بە شیعەکان)

**حشا:** ناو، ناوزك، ناوسك، ئەوەی لەناو سکدا بێت

**حشاشین:** حەشیش خۆر، حەشیش فرۆش

**حشر:** حەشر، کۆکردنەوەی خەڵك، هەستاندنەوە، رۆژی هەستانەوە، رۆژی پەسڵان

**حشر:** سپای بەکرێ گیراو، چریك، بەکرێ گیراو، جاش

**حشرە:** میرولە، جانەوەر، زیندەوار، بزۆر، کەزك، ئاژەڵە وردەکان وەك مێرولە و مێش و کولە و...دەعبا

**حشرەخۆر:** میرولەخۆر، زیندەوار خۆر، ئەو ئاژەڵانەی خواردنیان مێرولەکان بێت، دەعبا خۆر

**حشرەناس:** مورونیاس، مێرولەناس، ئەو کەسەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر زیندەوارەکان دەکات

**حشرەکش:** مێش کوژ، میرولە کوژ، هەر دەرمانێکی ژەهراوی بە شێوەی گیراوە یا تۆز کە بۆ کوشتنی مێش و مێرولەو دەعبا وردەکان بەکار ببرێت

**حشفە:** ١- هەویری وشك ٢- سەری کێر، سەری زەکەری پیاو

**حشم:** خزم و کەس و کار، نزیکەکان، کۆیلە و بەنداکانی کەسێك

**حشمت:** شەرم، حەیا، ئابرو، گەورەیی، بەرێزی

**حشو:** پەشت، هیچ و پوچ، خوێری، سەرسەری. و هەر شتێك ناو شتێکی پێ پڕ بکەن وەك خوری و پەشم و لۆکە

**حشوه:** ١- گەدە، ریخۆڵە ٢- خراپ و پەست لە هەر شتێك

**حشیش:** حەشیش، هەشیش، شادانە، گیای وشك، شادانە کە دوای وشك کردن و ئامادە کردنی بۆ کێشان بە کاری دەبەن

**حشیه:** دۆشەك، پشتی، پاڵپشت، سەرین

**حصاة:** وردەبەرد، زیخ، بەردی گورچیلە. بە مانای ئاوز و بیریش دێت

**حصاد:** دروێنە کردن، بڕینی بەرهەمی مەزرای کشت و کاڵی بە داس

**حصاد:** دروێنەکەر، داسگێر، ئەو کەسەی کاری دروێنە دەکات

**حصار:** دیوار، حەسار، دژ، دیواری دەوری قەلا، و شوێنێك کەلەدوژمن پەنای بۆ ببەن

**حصافت:** دوورئەندێشی، وردبینی لە کار، سەقامگیری عەقڵ و بیر

**حصان:** ئەسپی دەستەمۆ، نەجیب و بەهێز بۆ ئەسپ

**حصان:** ژنی خۆپارێز، پاکداوێن، داوێن پاك، ژنی لە خوا ترس

**حصانت:** بەهێزی، خۆڕاگری، داوێن پاکی، ژنی مێرددار

**حصباء** وردەبەرد، زیخ، چەو

**حصد:** دروێنە کردن، درەو کردن، درونە، درونەوە، بڕین بە داس

**حصر:** لە حەسار کردن، تەنگەتاو کردن، تەنگ پێ هەڵچنین، دەور گرتن، گەمارۆدان

**حصر:** دڵتەنگی، تیامانەوە، نەتوانین لە ئاخاوتن

**حصرم:** ١- ئاوقۆرە، میوەی نەگەیو، خورمای پێنەگەشتو ٢- بەخیل، چاوچنۆك

**حصص:** بەشەکان، لەتەکان، بەهرەکان

**حصن:** قەلا، دژ، پەناگا، شوێنێکی بەرز و بەهێز

**حصناء** داوێن پاك، ژنی مێرددار

**حصور:** دڵتەنگ، خەمۆك. و پیاوێك کە لە تێکەڵ بوون لە گەڵ ژنان خۆی بپارێزێت

**حصول:** بەدەست هاتن، بەرهەم هاتن، مانەوە لە شتێك

**حصه:** بەش، بەهرە، پار، پشك، قسن،

**حصی:** وردەبەرد، وردەچەو

**حصید:** دروێنە کراو، درەوکراو، ئەوەی لە کێڵگە دروێنە کرابێت

**حصیر:** حەسیر، ڕایەخی لە جەگەن و قامیش

**حصیف:** چاکەکار، بیرمەند، دوورئەندێش

**حصین:** قەلا، دژ، قەلای بەهێز و خۆڕاگر

**حض:** هاندان، دنەدان، بزواندن، کەسێك بۆ کارێك هاندان

**حضار:** ئامادەبوان، بەشداربوان

**حضارت:** شارنشینی، دانیشتن لەشار، شارستانیەت

**حضانت:** ١ لەژێر باڵ گرتن، لەسەر هێلکە خەوتنی باڵندە تا جوجکە بێتەدنیا ٢- لەلەیی، پەرستاری منال

**حضر:** ١- نزیك، دەرگا، شوێنی ئامادەبوون ٢- شار، ماڵ، بە پێچەوانەی بیابان و سارا

**حضر:** مفتخۆر، مفتەخۆر، ئەوکەسەی ئاگای لە کاتی نان خواردنی کەسانیتر بێت تا لەگەڵ ئەوان بێتە سەر سفرە

**حضرت:** نزیکی، ئامادەبوون، و وشەیەکە کە پێش ناوی کەسێکی گەورە دەوترێت و دەنوسرێت

**حضري:** شلرنشین، ئەوەی لە شاردا ماڵی هەیە، شارستانی

**حضن:** باوەش، ئامێز، سینە، لەژێر باڵ تە کەلەکە

**حضور:** ١- ئامادەبوون، حازر بوون ٢- لا، لەبەردەم، لەبەردەم کەسێکدا، لەبەرچاوی کەسێکدا، بە ئامادەبوونی کەسێك

**حضیرة:** ١ پێشەنگ، ژمارەیەکی کەمی سوپا ٢- چڵك، کێم و پیسی کەلەناو برین کۆدەبێتەوە

**حضیض:** پەستی، نشێو، سەرەوخواری، شوێنی پەست لە زەوی یا خوارەوەی کێو

**حط:** دابەزین، داشکان، هاتنە خواری بەهای شتێك

**حطاب:** چیلکه فرۆش، دارفرۆش، ئەوەی چیلکه و چەوێل کۆدەکاتەوە

**حطام:** لەت و پەت، وردە، وردە و پەردە، شکاو و لەت لەهەر شتێك. وشکە، پوش و پەلاش

**حطام:** شێر، شێری درندە چونکە هەر ئاژەڵێکی بەردەست کەوێت هەڵی دەدرێت

**حطوم:** شکێنەر، تێکدەر، بایی توند کەهەر شتێك بشکێنێت

**حظ:** بەش، پشك، پار، بەهرە

**حظار:** دیوار، حەسار، و شوێنێك کە بۆ مەڕ و ماڵاتی دروست دەکەن تا لەسەر ما بیانپارێزن

**حظر:** رێگرتن، بەرگرتن، نەهێشتن

**حظیره:** چواردیواری، حەوشێ، شوێنی خورما وشك کردن، تەویلە

**حظیظ:** خاوەن بەش، پشکدار، بەختیار، بەختەوەر، کامەران

**حظیسه:** بەختەوەر، ژنی کامەران لای مێرد، خۆشەویست

**حف:** دەورەدان، دەورە گرتن، گەمارۆدان

**حفار:** چاڵ هەڵکەن، گۆڕهەڵکەن، ئەو کەسەی کاری هەڵکەندنی و چاڵ کردنی زەویە

**حفاظ:** پاراستن، پارێزگاری کردن، هەڵگرتن، چاودێری، ئاگا لێ بوون

**حفاظت:** پارێزگاری، ئاگاداری، چاودێری، ئاگا لێ بوون، پاسەوانی

**حفاوت:** چاکە کردن، هەواڵ پرسین، ئاگا لێ بوون، رێز گرتن، رێز بۆدانان

**حفد:** هاوڕێ، یار، دۆست، مناڵ زاکان،

**حفده:** هاوڕێکان، دۆستان، خزمەتکاران، مناڵ زاکان، نەوە و نەبیرە

**حفر:** هەڵکەندن، چاڵ لێدان، هەڵکەنن، قووڵ کردنی زەوی

**حفره:** کون، چاڵ، قووڵی، و بە مانای گۆڕ یا قەبریش دێت

**حفص:** زەمبێل، زەمێلە، سەوەتەی بچوك

**حفصه:** کەمتیاری مێ و ناوی کچی ئیمام عومەر کەماره بڕی پێغەمبەر بو

**حفظ:** پاراستن، راگرتن، چاودێری کردن، رێگرتن، بەرگرتن لە لەناوچوونی شتێك

**حفظه:** پاسەوانەکان، ئێشکگران، کێشکگران

**حفل:** کۆبوونەوە، کۆمابوون، خڕبوونەوە، قەرەباڵغی، کۆبوونەوەی خەڵکان

**حفله:** کۆڕ، دانیشتن، قەرەباڵخی

**حفید:** کوڕەزا، کوڕی کوڕ

**حفیره:** چاڵ، کون، قووڵی لە زەوی، گۆڕ، قەبر

**حفیظ:** پارێزەر، چاودێریکەر، پاسەوان، و ناوێك لەناوەکانی خوا

**حفیظه:** رێگرتن لە ناڕەوا، بەرگرتن، رق، تووڕەیی

**حق:** پێویست کردن، ئاگاداربوون، لەراستی ئاگاداربوون

**حق:** راست، رەوا، ماف، بەراستی گەشتن، و کارێك کە دەبێت بکرێت، دژی پوچ و فیڕۆ

**حقا:** بەراستی، بە دروستی، بە دڵنیاییەوە

**حقائق:** راستیەکان، دروستیەکان، رەواکان، مافەکان

**حقارت:** پەستی، بچوك بوون، سوك بوون، نزمی، پەستی، سووکی، ریسوایی

**حق الزحمه:** کرێ، رۆژانە، ئەو بڕە پارەی لەبری ئەنجامدانی کارێك دەیدەن یا وەری دەگرن

**حق السکوت:** بەرتیل، پارە بۆ بێدەنگ بوون، ئەو پارەی بە کەسێکی دەدەن بۆ ئەوەی لەسەر بابەتێك کە ئاگادارە لێی قسە نەکات

**حقانی:** راستی، مافداری، رەوایی، راست و رەوا

**حقانیت:** مافداربوون، خاوەن ماف، راستی و دروستی

**حق پرست:** خوا پەرست، لایەنگری راستی و دروستی

**حق پسند:** خوا پەسەند، ئەو کارەی خوا لێی رازی بێت

**حق جو:** مافخواز، ئەوەی بە دوای راستیدا دەگەرێت، راستی خواز

**حقد:** رق هەڵگرتن، کینە لە دڵ گرتن، بوغز کێشان

**حقد:** رق، کینە، بوغز، تورەیی، دوژمنی، نەیاری

**حقدار:** خاوەن ماف، ئەو کەسەی ماف بەوە

**حـق شـنـاس:** خوانـاس، کەسـێك بـاوەڕی بـە راسـتی و رەوایی هەیە

**حـق گـزار:** دادپـەروەر، دادخـواز، ئـەوەی بـە راسـتی و رەوایی حوکم دەکات

**حق گو:** راستی بێژ، راستگۆ، ئەوەی تەنیا راستی دەڵێت

**حقن:** رێگرتن، نەهێشتن، بەرگرتن

**حقود:** بوغزاوی، رق ئەستور، رقاوی، تووڕە، بوغزکێش، رق لەدڵ

**حقوق:** یاسا، ماف

**حقوق دان:** یاسا ناس، ماف ناس، زانا لـە زانـستی یاسا و ماف

**حقه:** راستی، مف، رەوایی بابەتێك

**حقه:** قتو، قاپ، دەفرێکی بچوك کە زێـڕ و خـشڵی تیا هەڵدەگرن

**حقه‌باز:** فێڵباز، فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر، فریوکار

**حقیـــــده:** رق، تـــووڕەیی، رق و بـــوغز کـــە لەدڵــدا هەڵیدەگرن

**حقیر:** بچوك، زەلیل، ناتەوان، کەم

**حقیق:** شیاو، شایان، ژێهاتی، هەڵگر

**حقیقت:** مـاف، بنـەڕەت و کۆتـایی هـەر شـتێك، راسـتی، رەوایی، دروستی، راستەقینە

**حقیقة:** بەراستی، بە تەواوی، بەدروستی

**حقیقت بین:** راستی بین، راستی خواز، ئـەوەی لـە راسـتی هەر شتێك بڕوانێت

**حقیقـت جـو:** راسـتیخواز، ئـەوەی بـەدوای راسـتی دا دەگەڕێت

**حقیقت شناس:** راستی نـاس، ئەوکەسـەی لـە راستیەکان ئاگادار و دەیانزانێت

**حقیقت گو:** راس بێژ، راستگۆ، راستی بێژ، ئـەوەی تـەنیا راستی بێنێتە سەرزمان

**حقیقی:** راستەقینە، راستین، راستینە

**حك:** تاشین، روشانن، لێکردنەوە، هەڵکۆڵین

**حکاك:** هەڵکەنـەر، هەڵکۆڵـەر، ئـەو کەسـەی نوسـراو یـا وێنەیەك لەسەر کانزا یا شتێکی تر هەڵدەکەنێت

**حکاکه:** وردە و پەردە، خەوش و خۆڵ، ئەوەی لـە کـاتی داتاشینی شتێك لێ دەوەرێت و دەکەوێتە خوار

**حکام:** فەرمانڕشەوایان، ئەمیران، میرەکان

**حکایـــت:** حەقایــەت، حەکایــەت، گێڕانــەوە، داسـتان، چیرۆك، راز، چیچەرۆك. گێڕانەوەی هەواڵ یا قسەیەك لە کەسێك

**حکره:** هەنبار کردن، داشارتن، وەشاردن، هـەڵگرتن بـۆ گران کردن

**حکم:** حوکم، فەرمان، ئێشکیل، دەسنوس، ئەمر

**حکَم:** داوەر، کەسێك کەبۆ کێشەیەك دیاری دەکرێـت تـا کۆتایی پێ بێنێت و حوکم بدات

**حکـم انـداز:** تیرهاوێـژ، سـەگفان، ئـەو تیرهاوێـژەی تیرەکانی بە هەڵەدا ناڕوات

**حکمـت:** حکمـەت، زانـست، هـزر، بـیر، ئـاوەز، عـەقڵ، خۆڕاگری، سەبر، راستی و دروستی بابەتێك، رەوایی

**حکمت آمیز:** پەنداوی، مۆجیاری، پڕحیکمەت

**حکمران:** فەرمانڕەوا، میر، حاکم، بەرێوبەر

**حکـم روا:** فەرمانــدەر، فەرمانــدە، ئەوکەســەی فــەرمان دەدات و فەرمانەکانی جێبەجێ دەبێت

**حکم فرما:** فەرمانڕەوا، فەرماندە، بەرێوبەر

**حکمنامه:** دادنامەن، ئەو کاغەزەی فەرمانی دادگای تیا نوسرابێت

**حکمیـــت:** داوەری، دادگـەری، داوەری کـردن لـە نێـوان دوکەس یا چەند کەسێك

**حکومـــت:** حکومــەت، حــوکم کــردن، فــەرمان دان، فـەرمانڕەوایی، فـەرمانڕەوایی بەسـەر شـار یـا چـەند شارێك

**حکه:** خورین، نەخۆشیەکە دەبێتـە هـۆی خـورو هـاتنی لەش

**حکیم:** حەکیم، زانا، بیرمەند، دانا، تێگەشتو، فەرزان

**حــل:** کردنــەوە، کردنــەوەی گــرێ، تێکــەڵ کــردن، تواندنەوە، تاواندنەوە، تێکەڵ ردنی شتێك لەگەڵ ناو، شێ کردنەوە

**حل:** حەلاڵ بوون، رەوا بوون، دژی حەرامی

**حلاج:** هەلاج، حەلاج، ئەو کەسەی کاری جیاکردنـەوەی پەمۆ لە پەمۆ دانەیە

**حلاجت:** هـەلاجی، حـەلاجی، کۆڵکە و موشـیکرەوە بـە کوتەك و کەوان

**حلاجی:** هەلاجی، حەلاجی

**حلاحل:** سەرۆك، گەورە، رابەر، پێشەوا، گەورەی نەتەوە یا عەشیرەیەك، ئازا، بوێر. گەورە، زڵ، قەڵەو

**حــلاف:** ســوێندخۆر، ئەوکەســەی بـەردەوامی لەســەر هەمو شتێك سوێند دەخوات

**حلاق:** هەلاق، حەلاق، سەرتاش، ئەوکەسەی موی سەر و ریش کەسانیتر دەتاشێت

**حلاقت:** سەرتاشی، کاری حەلاق

**حـــلال:** حــەلاڵ، راســت، رەوا، ئــەوەی خــواردن یــا خواردنەوەی یا ئەنجامـدانی لـە شـەرعدا حـەلاڵ و رەوا بێت

**حلال:** چارەسـەرکەر، چارەسـەرە کـەری کێشەکان و لـە کیمیادا مەبەست لە مادەیەکە کە مادەیەکیتر لە خۆری دا بتوێنێتەوە

**حلال خور:** حەلاڵخۆر، ئەو کەسەی حەرام ناخوات

**حلال زاده:** حەلاڵ زا، حەلاڵ زادە، کور یا کچێك کە لـە دایك و باوکێك بە رێگەی شەرعی لە دایك بوبێت

**حلاوت:** شیرینی، شیرین بوون،

**حلب:** شیردۆشین، دۆشین شیر لە گوانی مانگا و مەڕ

**حلبوب:** رەشباو، زۆر رەش، رەنگی رەش

**حلبی:** ١- حەلەبی، تایبەت بە حەلـەب، لـە دانیشتوانی حەلـەب٢- تەنەکـە، پـوت، بـەو وەرەقەیـەکی ئاسـکی کانزایی دەوترێت کە لەتێکەڵ کردنی دو کانزای ئاسن و روی دا دروست دەکرێت

**حلبی ساز:** تەنەکەچی، تەنەکساز، وەستای تەنەکە

**حلج:** هـەلاجی کـردن، حـەلاجی کـردن، جیاکردنـەوەی کوڵکە و خوری

**حلزون:** شـەیتانۆکە، قەپۆچکە، نـاخون شـەیتان، قاقڵە جنۆکە، قەپۆشکە، گیانـدارێکی بـچوکی نـەرم و شـلە و لـەناو قـاپیلکێ سـەدەفیندا، بـەهاران پـاش بـاران دەرژێیتەوە

**حلف:** سوێند خواردن، قەسەم خواردن

**حلف:** سوێند، قەسەم، پەیمان، بەڵێن، هاوڕێ یەك کەبۆ هاورێکەی سوێند بخوات کە غەدری لێ ناکات

**حلفاء** هاوپەیمانان، سوێند خواردوان، هاوبەڵێنان

**حلفاء** بێ شەرم، ئاژاوەچی، مەبەست لـە کچی کـەنیزی بێ شەرمە

**حلق:** قـورگ، گـەروو، قـۆرگ، قورقوراچك، خرخـرۆك، شوێنی خواردن لە کۆتایی دەم

**حلق:** تاشین، لێکردنەوە، تاشینی موی سەر

**حلق:** ئەنگوستیلە، کلکەوانەی پاشا، سامانی زۆر، وشـر و مەر و ماڵاتی فراوان

**حلقوم:** قورگ، گەرو، قورقوراچکە

**حلقه:** قـەف، بازنـە، ئاڵقـە، هـەر شـتێکی بازنـەیی، وەك ئاڵقـەی ئەنگوسـتیلە، و هـەروەها بـەمانای تاقمێـك کـە لەدەوری یەك کۆدەبنەوە

**حلقه بگوش:** ئاڵقە لـە گـوێ، گوێڕایـەڵ، فـەرمانبردار. و ئەو کەسەی کە ئاڵقە یا گوارەی لە گوێدایە

**حلم:** سەبر، خۆڕاگری، دژی توند و تیژی، ئارامی

**حلم:** خەو، ئەوەی لە خەودا دەیبینن

**حلواء** هەڵوا، حەڵوا، شیری، خواردنێکە بـە ئـاردی گـەنم یا برنج و رۆن و شـەکر دروستی دەکەن، هەلیل

**حلوان:** مژدانە، مژدە، ئـەوەی مب دەلاڵ یـا کەسـێك کـە خزمەتی کردبێت و یا هەڵگری هـەواڵێکی خـۆش بێـت، بیدەن

**حلـوانی:** هـەڵوا فـرۆش، ئـەو کەسـەی هـەڵوا دروسـت دەکات

**حلـول:** هاتنـەخوار، دابـەزین، بـەرەوژێربوون، رۆشـتنە لای کەسێك

**حلـــوی:** شـیرینی، میـوه شـیرین، هـەروەها بـە مانـای هەڵوایش بە کار دەبرێت

**حله:** جل و بەرگ، جلی نوێ، جلێکی درێژ کە جەستە دابپۆشێت

**حله:** گەڕەك، کۆڕ، شوێنی کۆبوونەوەی خەڵك

**حلی:** زێڕ، زیوەر، خشڵ

**حلیب:** شیر، شیری دۆشراو لـە مانگا یـا مـەڕ، شـەرابی خورما

**حلیت:** حەلاڵ، حەلاڵ بوون، ڕەوایی

**حلیف:** هاوسوێند، هاوپەیمان، هاوبەڵێن

**حلیل:** ١- حەلاڵ، ڕەوا ٢- هاوسەر، مێرد

**حلیله:** هاوسەر، ژنی شەرعی پیاو

**حلیم:** خۆڕاگر، بەرگەگر، بە تاقەت

**حلیمه:** خۆڕاگر، بەرگەگەر، ژنی بەتاقەت

**حلیه:** ١- زێڕوزیو، خشڵ، ٢- ڕوخسار، ڕو، دەم و چاو، قەلافەت

**حمــا:** چاودێری کردنـی کەسـێك، پشتیوانی، بـەرگری کردن

**حمائد:** باشیەکان، چاکیەکان

**حمائـــل:** کـالان، بـەرگی شمـشێر، ئـەوەی بـە شـان یـا بەتەنیشتیەوە هەڵواسن

**حماد:** وەسفکەر، کەسێك کە زیاد لە ڕادە وەسفی شتێك یا کەسێك و یا خوا دەکات

**حمار:** کەر، گوێدرێژ، گوێرێژ، ولاخ

**حماســه:** بـوێری، ئازایـەتی، دلێـری. و لـە ئەدەبیاتـدا جۆرە شێعرێکە بۆ وەسف کردنی پاڵەوانان، حیماسی

**حماض:** ترشۆك، ترشۆکە

**حماقت:** نەزانی، بێ ئاوزی، فریو خواردن، بەفیڕۆچونی عەقڵ، گێلی، گەوجی، نەفامی، هێریی، ساویلکەیی

**حمال:** بار، کۆڵ

**حمال:** حەماڵ، کۆڵهەلگر، باربەر، کەسێك بار بـە پـشتی خۆی دەگوێزێتەوە

**حماله:** کالان، بەندی شمشێر، بەرگ

**حماله:** دیە، تاوان، قەرەبو، خوێنبایی

**حمـــام:** قـومری، پاکـەریم، باڵدارێکـە لـە تـیرەی کۆتـرە باریکە

**حمـــام:** حـەمام، گـەرماو، گـەرماڤ، کراسـۆ، شـوێنی خـۆ شۆرین

**حمامی:** گەرماوچی، حەمامچی، خاوەنی حەمام

**حمایت:** پشتیوانی، پـشت گـرتن، پاراسـتن، پارێزگاری، بەرگری کردنی لە کەسێك

**حمـــایتگر:** پـشتیوان، پـشتیوانکەر، چـاودێر، پـارێزەر، پاسەوان

**حمد:** وەسـف کـردن، پەرسـتین، هـەڵنان، پـێ هـەلگوتن، شوکرانە، شوکرانە بژێری

**حمدان:** کێر، زەکەر، گون، پیاوەتی پیاو

**حمدونه:** مەیمون، عەنتەر

**حمــــراء** ١- سـورباو، سـوور، بـە ڕەنگـی خـوێن ٢- وشکەسالی، سالی نەهات

**حمــرت:** ١- سووری، ڕەنگـی سور ٢- سورێژە، باسوور، جۆرە نەخۆشیەکە

**حمزه:** ١- شێر، شێری درنـدە ٢- نـاوی مـامی پێغەمبـەر ٣- تەرتیزە

**حمص:** نۆك، نخە، نوخوت، نوخۆ

**حمض:** تـاڵ، سـوێر، هـەر شـتێك تامەکـەی تـاڵ و سـوێر بێت

**حمق:** بێ عـەقڵی، بێ ئاوزی، نەزانی، ئـاوز لـە دەسـتدان، گێژی، حۆلی، ساویلکەیی

**حمقاء** ژنی کەم عەقڵ، ژنی گێژ و وێژ

**حمل:** هەلگرتن، بار هەلگرتن بە پشت، گواستنەوە

**حمل:** بەر، بەری دار، بەری سکی دایك یانی منال کە لە سکی دایکدایە

**حمل:** بار، ئەوەی هەلگیرێت، کۆڵ، شیاوی گواستنەوە

**حمله:** ١- هێرش، پـەلامار، شـالاو، هەڵمـەت، پێـدادان ٢- ڤی، نەخۆشی ڤی لێهاتن

**حمله اوردن:** هێرش بردن، پەلاماردان، هەڵمەت بردن

**حمله بردن:** هێرش کردن، پەلاماردان

**حمله کردن:** شالاو بردن، هێرش بردن

**حملەور:** هێرشبەر، هەڵمەت بەر

**حمود:** وەسف کراو، پەسەند، بە دڵ

**حموضت:** ترشی، ترشبوون، ترشان

**حمول:** خۆراگر، بەتاقەت، بەسەبر

**حمولــــە:** چـوارپێ، چـاروێ، وڵاخـی بـەرزە، ئـاژەڵی بارهەڵگر

**حمی:** تا، گەرمی جەستە، نۆبەتی

**حمیت:** پیاوەتی، غیرەت، بوێری، ئـەنگ و شـەرم، شـەرم و شورەیی

**حمیت:** پارێز کردن، پارێزدانی نـەخۆش لـە خـواردنی ئەوەی زیانی بۆ هەیە

**حمید:** وەسفکراو، پەسند، بە دڵ

**حمیدە:** وەسف کراو، بە دڵ، دڵ پەسەند

**حمیراء** ژنی سوور، سوورە ژن، ژنێـك کـە ڕەنگی پێستی سوور بێت

**حمیم:** خزم، کەس و کار، نزیکەکان، هاوڕێ، یار

**حمیم:** ١- ئاوی گـەرم، ئـاوی سـارد ٢- ئـارەق، عـارەق ٣- ئەو بارانەی لەگەرمای زۆردا دێت، تاوە باران

**حنــــاء** خەنـە، خنـە، هەنـە، هنـە، دارێکـە بـچوك، بەرزاییەکەی تا دومەتر دەگات و گەڵاکانی هاوشێوەی گەڵای هەنارە، گوڵەکانی سپی بۆنخۆشن. گەڵاکانی نەرم دەسون و بە شێوەی تۆز دەردەهێنن و بۆ ڕەنگ کردنی مو و دەست و پێ بەکاری دەبەن

**حنادس:** شەوی تاریك، شەوی ئەنگوستە چاو

**حناط:** گەنم فرۆش

**حناطي:** گەنم فرۆش، ئەوەی کاری گەنم فرۆشتنە

**حنان:** بەخشین، ڕۆزی، ڕزق، میهرەبانی

**حنان:** بەخشەر، دەست کراوە، یەکێك لە ناوەکانی خوا

**حنبل:** لوبیا، فاسۆلیا

**حنبل:** کورتە باڵا و ورگ زل، پیاوی قەڵەو

**حنبلــی:** حەنبـەلی، یـەکێك لـە چـوار مەزهەبەکـەی سـونیەکان پەیوەندیـدار بـە ئـەبو عبداللـە ئەحمـەد کـوورِی محەمـەد کـوورِی حەنبـەل کـە لـە سـاڵی ٢٤١ کۆچی کۆچی کردوە

**حنث:** گوناح، سوچ، تاوان، هەڵە

**حنجرە:** قورگ، قورقوراچکە، قوراچکە، قورقوراگە

**حندس:** شەوی تاریك، شەوی ئەنگوستە چاو

**حندقوق:** درێژی بێ هونەر، پیاوی درێژی کەم عەقڵ

**حنش:** مار، هەر گیانلەبەرێکی خشۆك

**حنطە:** گەنم

**حنظل:** گوژاڵك، گووژاك، گیاتاڵە

**حنفاء** خواری، چەماوەی، کەوان، کەڤان

**حنفاء** پێخوار، قاچ خوار، ژنێك کەپێی خوار بێت

**حنفــــی:** حەنـەفی، یـەکێك لـە چـوار مەزهەبەکـەی سونیەکان پەیوەندیدار بـە ئـەبو حەنیفـە ئـەعمان بـن سابت کە یەکێك لە چوار ئیمامەکەی سوینەکان بوە و لە ساڵی ١٥٠ کۆچی کۆچی کردوە. شوێنکەوتوانی بـە حەنفیەکان ناودەبرێن

**حنق:** ڕق، تووڕەیی، قەڵسی، جارسی

**حنك:** ژێرچەنە، ژێرچەناکە

**حنك:** تاقی کردنەوە، ئەزمون

**حنکە:** ئەزمون، تاقی کردنەوە

**حنون:** میهرەبان، نازکێش، یاریدەدەر

**حنیف:** ڕاست، ڕاستەوخۆ، خۆڕاگر، سەقامگیر

**حنین:** گریان، شین و ڕۆرۆکردن، کروزانـەوە، کروزیـان، لاڵانەوە، پاڕانەوە

**حنیــە:** کـەمان، خـواری، چـەماوەیی، ئـەوەی لـە بینـا هاوشێوەی کەوان خوار بێت

**حــواء** ئەسمـەر، گـەنم ڕەنـگ، سـوری ڕەشـباو، ڕەشی سەوزباو. ناوی ژنی ئادەم و دایکی هابیل و قابیل

**حواء** مارگیر، مارگر، ئەو کەسەی مار دەگرێت

**حوائج:** نیازەکان، پێویستیەکان

**حواجب:** برۆ، برۆکان

**حوادث:** ڕووداو، ڕووداوەکان، کارەساتەکان

**حواری:** گازر. یار، یاریدەدەر، هاریکاری پێغەمبەر

**حواریــون:** یاریـدەدران، هـاوەڵان، ژومارەیـەك لـە شـوێن کـەوتوانی عیـسا مەسـیح کـە بـە پاکیـەوە یارمـەتیان دەدان

**حواس:** هەست، هەستەوەر، مەبەست لە هێزی نەفسانی و دەرونی کە هەست بە شتەکان دەکات

**حواله:** حەواڵە، ئەوەی دەخرێتە ئەستۆی کەسێك، پوڵ یا شتێك کەبەپێی نوسراوێك وەردەگیرێت

**حوالەدادن:** حەواڵە کردن، دانی پارە یا شتێك خستنە ئەستۆی کەسێك

**حوالی:** دەوروبەر، ئەملاولا

**حوت:** حوت، ماسی، ماسی گەورە

**حوج:** نیازمەندبوون، هەژاربوون

**حوجاء** نیاز، پێویستی

**حوجن:** گوڵی سوور

**حوذان:** لالە، گوڵی لالە، رەبەنۆك، مێلاقە

**حور:** چاورەش، چاوجوان، ئەوانەی چاویان جوانە، بە مانای ژنی زۆر جوان یا ژنی بەهەشتیش بە کار دەبرێت، حۆری

**حوراء** ژنی چاورەش، ژنی چاوجوان، حۆری

**حوروش:** جوان، حۆری ئاسا، ژنی زۆر جوان

**حوزه:** ١- ناوچە، لا، بنکە ٢- سروشت

**حوش:** دەوروبەر، حەوش، حەسار، چواردیواری

**حوصل:** ١- تاقەت، خۆڕاگری، ٢- جیقەڵدان، جیکڵدانەی مریشك

**حوصله:** ١- خۆڕاگری، سەبر، تاقەت ٢- جیکەڵدانە، جیقڵدان

**حوض:** تالآو، ئاوگیر، حەوزز، ئیستەخر، ئەستێرك، ئەستێرە

**حوقل:** کۆنساڵ، بەتەمەن، پیر، پە کەوتە

**حوقله:** ناتەوانی، پەك کەوتەیی، پیری

**حول:** قووەت، هێز، وزە، جووڵە. بە مانای ساڵیش بە کاردەبرێت. هەروەها بە مانای دەوروبەر

**حول:** خێلی، خێل بوون، خواری، خوێل، چاوخوار

**حولاء** ژنی خێل، چاوخوار، خوێل

**حومه:** فراوانی، بەربڵاوی، فراوانی لە گۆرەپانی شەڕ یا دەریا یا هەر شوێنێك

**حی:** ١- زیندو، گیانلەبەر، دژی مردوو ٢- گەڕەك، ئاوەدێ، هۆز، نەتەوە

**حیا:** شەرم، حەیا، ئابڕوو

**حیات:** ژیان، ژین، زیندوبوون، زیندویی

**حیات:** مار، مارەکان

**حیازت:** کۆکردنەوە، ئامادە کردن، تەیار کردن، بەدەست هێنان

**حیاض:** خوێن، خوێنی نەخۆشی مانگانەی ژن، حەیز

**حیاط:** حەوش، حەوشە، حەوشێ، هەوش، هەسار، دەوردار

**حیاطت:** پاراستن، راگرتن، بەڵێندان، پاسەوانی، چاودێری

**حیاکت:** چنین، رستن، دوورین

**حیتان:** ماسی، ماسیەکان

**حیثیت:** پێگە، ئابڕوو، شوێن، جێگە، مەزنی، شکۆ

**حیدر:** ١- کول، کورتە بالآ ٢- شێر، ئازا، شێری دارستان

**حیران:** حەیران، سەرگەردان، سەرگەشتە، ئاوارە، دەربەردەر، سەرلێشێواو

**حیرت:** سەرسووڕمان، واقوڕمان، سەرسامی، سەرگەردانی

**حیرت انگیز:** سەرسووڕهێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی سەرسووڕمان

**حیز:** ١- شوێن، جێگە، لا، کەنار

**حیص:** فەراغ کەوتن، پەك لابوون، گەڕانەوە

**حیض:** حەیز، بێ نوێژی، نەخۆشی مانگانەی ژنان

**حیطه:** پاسەوانی کردن، پارێزگاری کردن، پاراستن، راگرتن، لە پەنا گرتن

**حیف:** ١- ستەم کردن، زوڵم کردن، ناحەقی کردن ٢- زوڵم، ستەم، ناحەقی ٣- حەیف، بە داخەوە، حەیفە

**حیله:** فریو، فێڵ، تەڵەکە، مەکر، درۆ

**حیلەگر:** فێڵباز، فریوکار، هەڵخەڵەتێنەر، درۆزن

**حین:** کات، سات، دەم، چاخ، وەخت

**حین:** مردن، مەرگ، بەڵا، شەڕ، بەدبەختی

**حیـــــوان:** گیانلەبـــەر، زینـــدەوەر، بوونـــەوەر، هـــەر بوونـەوەرێك رۆحـی لەبـەردا بێـت چ قـسەکەر چ قـسە نەکەر، ئاژەڵ

**حیوانی:** ئاژەڵی، تایبەت بە ئاژەڵ، وەك ئاژەڵ

**حیە:** مار، ماری گەورە و مەترسیدار

**حیی:** بەحەیا، حەیابەخۆ، بەشەرم، ڕێزدار، بەڕێز

# خ

**خ:** خ، پیتی نۆیەم لە ئالفابێتی فارسی

**خـا:** ١- شـان، شانە، پیـل، نێـوانی سـەرقۆل و مـل٢- چالاو، چالاو، زێـراو، ئـەو چاڵەی ئـاوی پـیس یـا ئـاوی حەمام و چێشتخانەی تێ دەرژێت

**خا:** بڕوانە خاییدن

**خائب:** بێ هیوا، نائومێد، بێ بەش، هیوابڕاو

**خائبە:** بێ هیوا، هیوابڕاو، نائومێد، بـۆ مێینـە بـەکاری دەبەن

**خـائف:** ترسـاو، تـرسـیاو، زراوچـو، تۆقیـو، زات نـەماو، ترسێنەر

**خـائن:** خیانـەتکار، دەسـبڕ، دەسـپیس، دەغـەڵ، ناپـاک، ناڕاست

**خائنانە:** خیانەتکارانە، ناپاکانە، دەغەلانە

**خابنە:** سەبو، گۆزە، خومرە

**خابە:** ئاگا، زانا، وشیار، دانا

**خابز:** نانەوا، خاوەن نان، نان پەز

**خابس:** شێر، شێری دڕەندە

**خابط:** بێ بیر، ئەوەی بێ تێفکرین کارێك دەکات یا بـە لاڕێدا دەڕوات

**خابـل:** شـەیتان، خـراپ، ناپـاك، فـیڕۆ، ئەهریمـەن، جنۆکەو بەمانای ڕێگر و بەرگریش دێت

**خاتام:** ئەنگوستیلە، کلکەوانە، ئاڵقەی پەنجە

**خاتل:** فریوکار، فێڵباز، دەغەڵکار

**خاتم:** خەتم کەر، تەواوکەر

**خاتم:** ١- کلکەوانە، ئاڵقـە، ئەنگوشـتـرەی، ئەنگوسـتیلە، ٢- ئەنجام، دوماهی، کۆتایی

**خـاتم سـلیمان:** ئەنگوسـتیلە سـلێمان، مـۆری سـلێمانی پێغەمبـەر کـە دەڵـێن بەهۆیـەوە بەسـەر دێـو و پەریەکاندا زاڵبوە

**خاتمە:** کۆتایی، ئەنجام، سەرئەنجام، دوماهی

**خـاتمی:** مۆرساز، ئەنگوسـتیلە سـاز، ئاڵقـە سازی، ئـەو کەسەی کاری دروست کردنی ئەنگوستیلە و مۆرە

**خاتولـە:** فریـو، فێـل، دەلەسـە، تەڵەکـە، دودڵـی، دوردونگی،

**خاتون:** خـاتوون، خـاتو، خـانم، کـەیبانو، ژنـی ناومـاڵ، ژنی ڕێزدار

**خاتون جیهان:** خۆر، هەتاو، ڕۆژ

**خاج:** خاچ، ئەو دامری عیسایان پێ لە خاچ دا

**خاج:** نەرمەی گوێ، شلکەی گوێ، ئەو نەرماییەیی گوێ کەکونی گوارەی تێدەکەن

**خاخـام:** خاخـام، ڕەبـەن، نـاوی پێـشەواکانی نەتـەوەی یەهود

**خادر:** سـست، ناتـەوان، لاواز، سـەرگەردان، سەرگەشـتە، حەیران

**خـادع:** ١- دوڕوو، فریوکـار، دەغـەڵ، فێڵبـاز، تەڵەکەچی،٢- دیناری کـەم، زێـڕی دڕۆینـە٣- ڕێگـە کـە هەندێ کات دەرکەوێت و هەندێ کات نا

**خادم:** خزمەتکار، نۆکەر، بەردەست، کارەکەر، دەرماڵ

**خادمە:** قەرەواش، کولفەت، کوڵفەت، کـەنیز، کارەکـەری ناو ماڵ بۆ ژن

**خـادە:** داری ڕاسـت، چـناری سـێ تـا شـەش سـاڵ کـە توێکڵەکەی لێ بکەنەوە و بیبڕن

**خار:** دڕك، چقڵ، دڕو، تیغی دار، تیغی نوك تیژ کە لـە هەندێ لە دار و گیاکان دەڕوێت، دڕگ

**خارا:** خارا، بەرد، جۆرێك بەردی رەقە

**خارا:** حەریر، پارچەی هەوریشمی،

**خاراستیز:** رەق، بەهێز، سەخت، رەقتر لە بەردی

**خاراندن:** خوراندن، خوارنن، نینۆكدان، نینۆك بەسەر پێستی جەستەدا هێنان، خارشت لە جەستە كردنەوە

**خارانو:** سیخوڕ، ژویژی

**خاربست:** پەرژین، چیل، شوولەی بەدرۆ

**خاربن:** دڕكاوی، چقلاوی، دڕگاوی

**خاربند:** بڕوانە خاربست

**خارپشت:** ژیشك، سیخور، ژیژو، ژیژك

**خارج:** ١- دەرەوە، هەندەران، دەرەڤە، دەشت

**خارج اهنگ:** ناسازگار، ناهاوئاهەنگ، نارێك

**خارجە:** دەرەوە، دەرەڤە، لەدەرەوەی وڵات، هەندەران

**خارجی:** بیانی، هەندەرانی، بێگانە، ئەوەی لەدەرەوە هاتبێت

**خارچین:** بڕوانە خاربست

**خارچینە:** موكێش، مگیر، ئامرازێكی بچوكە بۆ دەرهێنانی موی زیادی روخسار

**خارخار:** خورین، خارشت، خوران، دڵ نیگەرانی، دڵە راوكێ، پەرێشانی

**خاردار:** دڕكاوی، چقلاوی، هەر دار یا گیایەك كە دڕكی هەبێت

**خارراه:** موی بن لووت، رێگر، مەبەست لە كەسێكە ببێتە رێگر و لەمپەر لە بەردەم كەسێك یا كارێدا

**خارزار:** دڕكستان، چقلستان، ئەو شوێنەی دڕك و چقلی زۆری لێ بێت

**خارسان:** بڕوانە خارزار

**خارستان:** بڕوانە خارزار

**خارش:** خورین، خوران، خارشت، خورینی لەش

**خارشك:** خارشت، خورین، نەخۆشیەكە دەبێتە هۆی خورانی لەش

**خارطە:** نەخشە، خەریتە، نەخشەی جوگرافیا

**خارق:** دڕێنەر، لەت و پەت كەر، شكێنەر، هەڵشێنەر، ئەوەی داب نەریتی ئاسایی كۆمەڵگا بشێوێنێت، تێكدەر

**خارك:** چقڵ، دڕك، دڕكی بچوك

**خارك:** وشكە خورما،خورمای زەرد، جۆرێك خورمای زەرد و وشكە

**خاركش:** چقڵ هەڵكەن، دڕك كەن، ئەو كەسەی لە بیابان چقڵ هەڵدەكەنێت و بۆ فرۆش دەیبات

**خاركن:** دڕك كەن، چقڵ هەڵكەن

**خارمند:** چقلاوی، دڕكاوی، پەست وسوك وەك چقڵ

**خارناك:** دڕكاوی، چقلاوی، پڕدڕك، شوێنێك چقڵ و دڕكی زۆری بێت

**خاوخسك:** پوچ و پەلاش، گیا وشكە، پوش

**خاروخو:** هەرزە، گیایی زیادی لە ناو مەزرا وكێڵگە كە هەڵیدەكەنن بۆ ئەوەی گیاكانیتر گەشە بكەن

**خارور:** بڕوانە خاردار

**خارە:** پیكی ئاسنگەران، چەكوچی ئاسنگەری، ئەو پیكەی ئاسنگەران ئاسنی پێ دەكوتنەوە

**خاریدن:** خارشت پەیا كردن، خوران، خوراندن، خورین، بە خارشت هاتنی پێستی جەستە

**خاز:** چڵك، پیسی، تەڕی برین، كێم، چڵكی جەستە یا جل و بەرگ، قرێژ و قیڤار، عەداڤ

**خاز:** كەتان، پارچەی كەتانی

**خازن:** خەزێنەدار، پاسەوانی خەزێنە، خەزێنەوان، هەروەها ئامرازێكە لە هەندێ لە ئامرازە كارەباییەكان كەوزە بۆ ماوەیەك لە خۆیدا هەڵدەگرێت

**خازنە:** ژن خوشك، خوشكی ژن

**خازە:** قوڕ، حەرێ، خۆڵی تەر، ئەو قوڕەی لە دیواری دەساون

**خاست:** ویستن، خواستن، هەستان، هەستانە سەرپێ

**خاستگاه:** شوێنی هەستان، شوێنی بەرزبونەوە

**خاستن:** هەستان، بەرزبونەوە، هەستانە سەرپێ، هەڵسان، راوەستان، رابوون

**خاسر:** زیان دیتو، زیان بەركەوتو، زیانكار، ئەوەی زیانی بەركەوتبێت

**خاسف:** ١- لاواز، لاغر، لەر، كەم گۆشت ٢- هەروەها ئەو كانیەی ئاوەكەی دابەزیبێت و كەمی كردبێت

**حاسیء** دوورخراوه، دەرکراو، سەگ و بەرازی دورکراوه
**خاش:** خەوش، ورده، ورده پرده، وردەی هەر شتێك
**خاش:** خەسو، دایکی مێرد
**خاش:** عاشق، شەیدا، دڵ پەرێشان
**خاشاك:** خەوش، پوش و پەلاش، ورده و پرده، پوار، گیای وشك
**خاشع:** لەخۆبوردویی، چاوپۆشنی لە خۆ، خۆ بە کەم زانین لە رێزدا
**خاشك:** بڕوانه خاشاك
**خاشه:** بڕوانه خاشاك
**خاص:** تایبەت، هەڵبژێردراو، جیاواز، تاقانه، تاق
**خاصره:** تەنیشت، کەلەکه، خاڵیگه، برگ، بڕك
**خاصـه:** تایبەتی، تایبەت، دیاریکراو، دانراو، هەڵبژێردراو، ئەوەی تایبەت بە کەسیك یا شتێك بێت
**خاصیت:** تایبەتمەندی، کاریگەری، سروشتی تایبەتی کەسێك یا شتێك، بەرهەم و ئەنجام، سوود
**خاضع:** لەخۆبوردو، چاوپۆش لەخۆ،
**خاطئه:** خەتاکار، گوناحکار، سوچدار، تاوانبار
**خاطـب:** ۱- خوتبە خوێن، ئەو کەسەی خوتبە دەخوێنێتەوه ۲- خوازبێنیکەر، داواکار
**خاطر:** خاتر، بیر، هزر، ئەندێشە، دڵ، ئەوەی بە دڵدا تێپەرێت، زەین
**خاطر افروز:** شادی بەخش، شادمان کەر، ئەوەی دەبێتە هۆی شادی و شادمانی
**خاطر پذیر:** دلگیر، دڵ پەسەند، ئەوەی بە دڵ بێت
**خاطر پریش:** پەرێشانکەر، ئەوەی ببێتە هۆی پەرێشانی، خەم هێنەر، خەفەت بزوێن
**خاطر پسند:** دڵپەسەند، بەدڵ، دڵگیر
**خاطرجمع:** دڵنیا، ئاسووده، بەرابەری پەرێشان، ئاسوده بیر
**خاطرخواه:** عاشق، ئەویندار، ئەڤیندار، دڵداده
**خاطرداشت:** لایەنگری، شوێنکەوتن، پشت گرتن
**خاطر فریب:** دڵڕفێن، دڵگیر، دڵ پەسەند
**خاطرنشان:** بیرهێنانەوه، ئامازه پێدان، بیرخستنەوه

**خاطر نواز:** دڵدانەوەدەر، نازکێش، ناز هەڵگر،
**خاطره:** ئاخ، ئەندێشە، خەیاڵ، بیر، هزر
**خاطف:** رفێنەری، فڕێنەری، درەوشاوەیی کەچاو زەق بکات
**خاطل:** فیڕۆ، بێ هۆ، وتەی پوچ و بێ ناومرۆك
**خاطي:** خەتاکار، تاوانبار، گوناحکار، سوچدار
**خافض:** پەست کەر، سووك کەر، ریسواکەر
**خافق:** لەرزان، لەرزۆك، لەرەکەر، جوڵەر
**خافقان:** رۆژهەلات و رۆژئاوا، باکوور و باشوور
**خافقین:** رۆژهەلات و رۆژئاوا
**خافی:** ۱- شاراوه، داپۆشراو، شارپاوه ۲- جن، جنۆکه، پەری
**خاقان:** خاقان، لە کۆندا نازناوی پاشاکانی تورکستان و چین بوه بەمانای خانی خانەکان یا شای شاکان
**خاك:** خاك، خۆڵ، ئاخ، ئەرد، ئەوەی روکەشی زەوی لێ دروست بوه
**خاك الـود:** خۆلاوی، تۆزاوی، تێکەڵ بە تەپ و تۆز، خاکاوی
**خاك انداز:** خاکەناز، بێلی بچوك بە دەسکەی کورت کە لە ئاسن یا لە شتیتر دروستی دەکەن و بۆ هەلگرتنەوەی خەوش و خۆڵ کەلکی لێوەردەگرن، خۆڵڕێژ
**خاك انـداز:** خۆڵڕێز، خۆڵدان، ئەو شوێنەی خۆڵ و خەوەشی تیا فڕێدەدەن
**خـاك بـرداری:** هەلگرتنی خاك، کاری هەلگرتن و لابردنی خاك و خۆڵ، لابردنی خۆڵ بۆ تەخت کردنی زەوی
**خـاك برسـر:** خاکەسار، قوربەسەر، خاکبەسەر، بەدبەخت، زەلیل، ناتەوان. وەك جنێویش بەکار دێت وه دەڵێن قوربەسەرت
**خـاكبوس:** پێ بۆس، رێز گرتن، ماچ کردنی زەوی لەبەردەم کەسێك بۆ رێز گرتن لەو
**خاكبيز:** خۆڵبێژ، بێژەنگ، بێژنگ، قەلبیر، کەو، سەرند
**خاك پرویز:** بڕوانه خاکبیز

**خاك توده:** تەپە، تەپۆلکە، گردۆلکە، گرد، تەپەی بە خاك و خۆڵ

**خاكدان:** خۆڵدان، خۆڵرێژ، شوێنی رشتنی خۆڵ

**خاك رند:** تەپ و تۆز، تۆز، تۆز و غومار

**خاكروب:** خۆڵرێژ، کەناس، ئەوەی خەوش و خۆڵ لەسەر زەوی هەڵدەگرێت و پاکی دەکاتەوە

**خاكروبەدان:** خۆڵدان، خۆڵرێژ، شوێنی رشتنی خۆڵ و خەوش

**خاكروبەكش:** کەناس، خۆڵ رێژ، ئەو کەسەی کاری هەڵگرتنی خاك و خۆڵ لەسەر زەویە

**خاكریز:** خۆڵرێژ، شوێنی رشتنی خۆڵ

**خاكزاد:** خۆڵزا، خاك زاد، خاکی، سادە، مرۆڤ کە لە خاك ئافرێنراوە

**خاكسار:** خۆڵ ئاسا، خاکی، هاوشێوەی خاك و خۆڵ، بۆ کەسی لە خۆبوردویش بەکار دەبرێت، سادە و ساکار، بەلنگاز

**خاكسان:** خۆڵ ئاسا، هاوشێوەی خاك، زەلیل، ناتەوان، پەك کەوتە

**خاكستر:** خۆڵەمێش، سوتو، سوتك، بوول، مشکی، خۆڵەکەوە، خوەلی، خاکسەر

**خاكسترگون:** خۆڵەمێشی، بەرەنگی خۆڵەمێش،

**خاكستر نشين:** هەژار، داماو، دەست کورت، نەدار

**خاكستری:** خۆڵەمێشی، بە رەنگی خۆڵەمێش، هاوشێوەی خۆڵەمێش

**خاك سرخ:** خۆڵی سوور، جۆرێکە لە خۆڵ بە رەنگی سور

**خاك شناس:** خاك ناس، خۆڵ ناس، کەسێك کە جۆرەکانی خاك و خۆڵ و تایبەتمەندیەکانیان بناسێت

**خاكشور:** خۆڵشۆر، خاکشۆر، ئەوکەسەی خۆڵی زەوی یا کانێك دەشوات بۆ ئەوەی گەردیلەکانی زێری دەست کەوێت. بە مانای جوتیار و وەرزێریش بەکاردەبرێت

**خاكمال:** خۆڵماڵ، شتێکە کە خۆڵی پێ کۆبکەنەوە. و هەروەها هەر شتێك لە خۆڵ ساورابێت. بە مانای زەلیل و ناتەوان و پەك کەوتەیش دێت

**خاك نشين:** خاکەسار، بەدبەخت، پەك کەوتە، ناتەوان، چارەرەش

**خاكە:** وردە، خاکە، خۆڵ، هەر شتێکی ورد وەك خۆڵ،وەك وردە شەکر

**خاكی:** ١- خاکی، زەمینی، خۆڵی، بە رەنگی خاك٢- خەڵکی، مرۆڤی، سادە، تێکەڵ، ساکار

**خاكين:** بڕوانە خاکی

**خاگينە:** هێلکەورۆن، هێ رۆن، هێك و رۆن. خواردنی هێلکە کە زەردێنە و سپێنە تێکەڵ دەکەن و لەناو رۆندا سوری دەکەنەوە، خاورۆن

**خال:** خاڵ، خال، نیشانەی سەر پێست. خاڵێکی رەشی بچوك کە لەسەر پێست دەردەکەوێت

**خال:** خاڵ، خاڵۆ، برای دایك، لالۆ،

**خالب:** فریوکار، فێڵباز، تەڵەکەچی

**خالبە:** ژنی فێڵباز، ژنی دەغەڵ، تەڵەکەچی

**خالد:** پایەدار، هەمیشەیی، بەردەوام، جاویدان

**خالدار:** خاڵدار، خاڵاوی، کەسێك یا هەر شتێك کەخاڵی هەبێت

**خال زدن:** خاڵ کوتان، خاڵ لێدان

**خالص:** سادە، پاك، بێ گرێ، بێگەرد، تایبەت، پاك، بێ ئارایش

**خالصە:** بێ ئارایش، بێ گەرد، پاك، بێ گرێ و گۆڵ

**خالق:** ئافرێنەر، خولقێنەر، دروستکەر، یەکێك لەناوەکانی خوا

**خالكوب:** خاڵکوت، ئەوەی پیشەی خاڵ کوتانە

**خالكوبی:** خاڵ کوتان، خاڵ لێدان

**خالم:** مار، ماری گەزۆك

**خالناك:** خاڵدار، خاڵاوی

**خالو:** خاڵ، لالۆ، برای دایك

**خالو:** زڕنا، ناوی ئامێرێکی موسیقیە

**خالودار:** هەڵوژە، هەڵوچە

**خالە:** پوور، پلك، خوشکی دایك، میمك، تیتك

**خالی:** خاڵی، بەتاڵ، ئازاد و رەها، بێ ناوك، بێ ناوەڕۆك

**خالی الذهن:** بێ ئاگا، نائاگا، کەسێك کە لە هەواڵ یا شتێك ئاگادار نەبێت

**خالی السیر:** ڕێبواری تەنیا، تەنیا ڕەو، کەسێك کە بە تەنیا بۆ لایەك بڕوات

**خالیه:** ژنی بێکار، و بە مانای ڕابردوویش دێت

**خام:** نەگەییو، نەگەشتو، کاڵ، خاو، تەی نەبو، نەکوڵاو

**خام اندیش:** بێ بیر، نەندێشە کاڵ، ئەوەی بە جوانی بیر نەکاتەوە

**خام جوش:** نەکوڵاو، نەبرژاو، ئەوەی جوان نەبرژابێت، بێ ئەزمون، خاو

**خامد:** بێدەنگ، بێ جووڵە، ئارام، خامۆش، کوژاوە

**خام درایی:** هەڵیت و پڵیت بێژی، هەرزە بێژی، وتنی قسەی پوچ و بێ مانا

**خامدست:** تازەکار، بێ ئەزمون، ئەوەی هێشتا لە کارەکەیدا بێ ئەزمون بێت

**خام ریش:** نەزان، گێژ، نەحمەق، گەوج، حۆل، وڕ

**خامس:** پێنج، پێنجەم

**خامسر:** بێ مێشك، ئەوەی ئەندێشەی فیرۆی لەسەردایە

**خامش:** خامۆش، کوژاوە، بێدەنگ، سرەوتو

**خام شدن:** فریو خواردن، فێڵ لێکران، هەڵخەڵەتان

**خامشو:** نیومشۆر، پشیلە شۆر، جل یا قوماشێك کە بەجوانی نەشۆرابێت

**خام طبع:** نەزان، گێژ، وڕ، حۆڵ، بێ مێشك

**خام طمع:** تەماحکار، چاوچنۆك، ئەوەی بێ هۆ تەماحی لە شتێك بێت

**خامکار:** بێ ئەزمون، ناکار، لێنەهاتو، ناچالاك

**خامل:** بێ ناو، بێ نیشان، پەست، بێ ڕێز،

**خامن:** بێ ڕێز، سووك، بێناو نیشان

**خام نوش:** شەراب خۆر، مەی خۆرە

**خاموش:** ١- بێدەنگ، ئارام، سرەوتو، هێدی، هێمن، لەسەرخۆ، ئەو کەسەی کەم قسە بکات، کەمدو ٢- کوژاوە، خامۆش، چرا یا ئاگرێك کە گڕش و بڵێسەکەی لەناو چوبێت، تەمراندنن، فەمریای

**خاموش سار:** بێدەنگ ئاسا، کپ، بێ قاوە قیژ

**خاموش شدن:** بێدەنگ بون، کپ بون، کوژانەوە، نەدوان، قسە نەکردن

**خاموشکاری:** بێدەنگی، کپی، کوژاوەیی

**خاموش کردن:** بێدەنگ کردن، کپ کردن، کوژاندنەوە

**خامه:** ١- خامە، خاو، هەوریشمی نەڕێسراو. ٢- قامیش یا شتێکیتر کە پێی بنوسن ٣- چەوری کەلەسەر شیر کۆدەبێتەوە، تۆژگ، سەرتوێژ، تۆژوو

**خامه:** تەل، تەپۆڵکە، گردۆلکە، تەپە

**خامیاز:** بڕوانە خمیازە

**خان:** ١- ماڵ، خانو، ٢- کەنو، کەندوو، هێلانەی هەنگ ٣- خان، شوێن شوێنی ناو لولەی چەکی گەرم

**خان:** دکان، مەیخانە، مەیفرۆشی

**خان:** خان، میر، سەرۆك، گەورە، نازناوی دەسەڵاتدارانی تورك و تاتار

**خان بالغ:** خان بالغ، خان بالیغ، ناوی کۆنی شاری پەکینی پایتەختی چینە

**خان خانان:** خانی خانان، خانێ کە گەورەی خانەکان بێت

**خاندان:** خانەدان، بنەماڵە، ڕەتەوە، باوان، بابان، ڕێچکەڵە

**خانسالار:** خان سالار، گەورەی جوتیاریانی دێهاتێك

**خانق:** ١- خنکێنەر، خەفەکەر، ٢- تەنگەربەر، ڕێگەی تەسك و باریك

**خانقاه:** خانەقا، سۆفیگە، تەکیە، درویش دان

**خانگاه:** ماڵ، خانو، خانە، دیوانی گەورە پیاوان و سەرۆك عەشیرەتەکان. خانەقا، تەکیە

**خانگی:** ١- ماڵی، تایبەت بە ماڵ، ژنێك کەژنی ماڵەوە بێت و کاروباری ماڵ بەڕێوە ببات ٢- ماڵی، هەر شتێکی دەستەمۆ کراو لە ماڵ وەك کۆتر و مەل و مریشك ٣- ماڵی، هەر شتێك لە ماڵەوە دروست کرابێت

**خانم:** خانم، خاتون، خاتوو، ژنی گەورزا، ژنی ڕێزدار

**خانمان:** خان و مان، ماڵ، ژن و منداڵ

**خانمانسوز:** لەناوبەر، ماڵ وێران کەر، ئەوەی ببێتە هۆی فەوتان و لەناو چونی ماڵ و منداڵ

**خانواده:** بنەماڵە، خێزان، تیرە، تایفە، ژن و منداڵ، کەس و کار

**خانوار:** ئەندامانی خێزان، خێزان، ئەوانەی پێکەوە لە یەک ماڵدا بەسەر دەبەن

**خان ومان:** خان و مان، ماڵ، ژن و منداڵ، کەل و پەلی ناو ماڵ

**خانە:** ماڵ، خانو، چواردیواری، ژوور، هۆدە، ئەو شوێنەی مرۆڤ تیایدا دەژیێت

**خانەباد:** باگیر، باخانە، ئەو شوێنەی بای تێکەوێت، ماڵی هاوینە، هاوین هەوار

**خانە بدوش:** ماڵ بە کۆڵ، هەژار، نەدار، لێ قەوماو، بێچارە، داماو، سەرگەردان، رەبەن،

**خانە بیزار:** لەماڵ بێزار، ئەوەی لە ماڵ و ناو خێزان بێزار بێت و لێیان رابکات، خانە بێزار

**خانە تکانی:** ماڵ پاککردنەوە، تۆزگیری، تۆز تەکاندن، پاک کردنەوەی ماڵ

**خانە خانە:** خانە خانە، شێوە چوارگۆشە وەک شەترەنج کە خانە خانە بێت، خان خان

**خانە خودا:** خاوەن ماڵ، خانەخوێ، خوای ماڵ

**خانە خدا:** کەعبە، ماڵی خوا

**خانەدار:** ماڵدار، ژن یا پیاوێک کە کاروباری ماڵەکەی خۆی بە جوانی بەڕێوە دەبات

**خانەداماد:** زاوا ڕێوی، زاوای سەر ماڵ، زاوایەک کە لە ماڵی دایکی ژنەکەی یا باوکی ژنەکەی بەسەر ببات

**خانەزاد:** خانەزا، نۆکەر کە لە ماڵە ئاغاکەی لە دایک بوبێت، خانە زاو

**خانەسوز:** ماڵ وێرانکەر، ئەوەی ببێتە هۆی لەناو چونی ماڵ

**خانە عنکبوت:** داو، داڤ، تاری جارجالۆکە، ماڵی جارجالۆکە

**خانە فروش:** ماڵ فرۆش، ئەوەی ماڵەکەی خۆی بفرۆشێت. بە مانای ستەمار و دڵڕەقیش دێت

**خانەکن:** ماڵ وێرانکەر، ماڵ روخێن

**خانە نشین:** خانە نشین، بێکار، گۆشەگیر

**خانەوار:** خێزان، ئەندامانی خێزان، ئەوانەی پێکەوە لە ناو یەک ماڵدا ژیان بەسەر دەبەن

**خانی:** حەوز، ئەستێر، ئەستێلک، چاڵاو، شوێنێک کەئاو تیایدا کۆببێتەوە

**خاو:** خاو، پرز، ریشۆڵەی پارچە

**خاور:** رۆژهەڵات، خۆرهەڵات، شوێنی هەڵاتنی خۆر

**خاور:** درک، چقڵ

**خاور:** مێرو، مێروله

**خاوران:** رۆژهەڵات، خۆرهەڵات

**خاورخدا:** پاشای رۆژهەڵات

**خاورخدیو:** پاشای رۆژهەڵات

**خاوردور:** رۆژهەڵاتی دور، بەشێک لە ئاسیایی رۆژهەڵات کە وڵاتانی چین و ژاپۆن و کۆریا و ئەندۆنیزیا دەگرێتەوە

**خاورزمین:** رۆژهەڵات زەمین، لە کۆندا بە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانیان دەوت. ئەمرۆکە بەوڵاتانی کیشوەری ئاسیا و ئەم کیشوەرە دەڵێن

**خاورشناس:** رۆژهەڵات ناس، ئاگا و زانا لەبارووودۆخی وڵاتانی رۆژهەڵات

**خاورمیانە:** رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسایی خۆرئاوا کە پێکهاتوە لە وڵاتانی ئێران و عێراق، عەرەبستان، فەلەستین و ئەفغانستان و پاکستان

**خاورنزدیک:** رۆژهەڵاتی نزیک، ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا کە وڵاتانی تورکیە و لوبنان و ئەردەن و ئیسرائیل لە خۆ دەگرێت

**خاول:** مێرو، مێروله

**خاوند:** خوا، خاوەند، خواوەند

**خاویە:** زەوی بەتاڵ، زەوی خاڵی

**خای:** بڕوانە خاییدن

**خایان:** بڕوانە خاییدن

**خایستن:** بڕوانە خاییدن

**خایسک:** چەکوش، چەکوشی ئاسنگەران، پیک

**خایش:** بڕوانە خاییدن

**خایگینە:** بڕوانە خاگینە

**خایه**: هێلکه، هێلکەگون، هێلکەی مریشك و هەرچی
**خایەریز**: هێلکەوڕۆن، خاوڕۆن
**خایه غلامان**: هەڵوژه ڕەشه
**خاییدن**: جون، جویین، ملژاندن، ملقاندن، جاوین، شتێك له ژێر دیان نەرم کردن
**خۆون**: خیانەتکار
**خب**: دلڕفێنی، فریودان، مەکر و ناز کردن بۆ فریودان، فێل، تەڵەکه
**خب**: فریوکار، فێڵباز، تەشقەڵەچی، تەڵەکەباز
**خباء** خێوەت، چادر که له پەشم یا مو دروست کرابێت
**خباب**: جۆشان، هەڵقولان، خرۆشان، جۆش و خرۆشی دەریا
**خباب**: فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر، فێڵباز
**خباثت**: پیسی، ناپاکی، گڵاوی، قرێزی، پیس بون، گلاوبون
**خبار**: زەوی سست نەرم که قاچ تیایدا بچەقێت
**خباره**: چالاك، چوست، زرنگ، زیرەك، وشیار
**خباز**: نانەوا، نانکەر، نانپەز، نان پات، نان برژێر، نان پێژ
**خبازخانه**: نانەواخانه، شوێنی نان دروست کردن
**خبازی**: نانەوایی، نان کردن، کاری نانەوا
**خباط**: شێتی، حاڵەتێکی نزیك له شێتی
**خباك**: خان، گەور، چواردیواری که مەر و مالاتی تیا جێ بکەنەوه
**خبال**: فەساد، گەندەڵی، فیرۆیی، بێهۆیی، رەنج، ژەهری کوشەندە
**خبب**: ڕاکردن، بلەز ڕۆشتن، به تیژی ڕۆشتن
**خبث**: پیس بون، گڵابون، ناپاك بون، ناپاکی، گڵاوی، پیسی
**خبر**: خواس، هەواڵ، گێڕانەوه، وته، خەبەر، پەیام، دەنگ و باس، ئەوەی له وتار یا کرداری کەسێك بیلێن، ئەوەی بۆ ئاگاردار کردنەوەی گشتی بیلێن یا بینوسن
**خبرت**: ئاگاداربوون، دانایی، زانایی، زانینی ڕاستی بابەتێك
**خبرچین**: سیخوڕ، خەبەردز، جاسوس، کەسێك که باس و خواسی کەسانیتر بگێڕێتەوه
**خبردادن**: هەواڵدان، ئاگادار کردنەوه، بابەتێك به گوێی خەڵکان گەیاندن
**خبردار**: ئاگادار، زانا، ئاگا، ئەوەی هەواڵەکان دەزانێت
**خبرداشتن**: ئاگادربون، زانین، له شتێك یا له هەواڵێك ئاگاداربون و زانینی
**خبرشدن**: ئاگادارکرانەوه، پێ وتران، له بابەتێك یا هەواڵێك ئاگادار کرانەوه
**خبرکردن**: ئاگادار کردنەوه، پێ ڕاگەیاندن، به ئاگا هێنانەوه، هەواڵ به گوێی کەسێك گەیاندن
**خبرکش**: خەبەر دز، سیخوڕ، جاسوس، دوزمان، ئەوەی هەواڵ له کەسێك بۆ کەسێکیتر ببات
**خبرگزار**: پەیامنێر، هەواڵنێر، ئەوەی هەواڵێك له کەسێك بۆ کەسێکیتر ببات
**خبرگزاری**: هەواڵدەری، پەیامنێری، گەیاندنی هەواڵ. شوێن یا ناوەندێك که هەواڵەکانی دنیا به ئامرازه جۆراوجۆرەکان کۆدەکاتەوه و به هۆی ڕۆژنامەو و دامەزراوەکانیتر بۆ دنیای دەنێرێت
**خبرنگار**: هەواڵدەر، هەواڵ نوس، وێژەر، بێژەری دەنگ و باس
**خبره**: کارزان، کارناس، شارەزا، پسپۆڕ، به ئەزمون
**خبز**: نان، ناردی به ئاو شێلدراوی پانەوەکراوی به ئاگر برژاو
**خبز**: نان دروست کردن، نان کردن، نان پاتن، نان براژتن، نان برژاندن
**خبط**: به لاڕێدا ڕۆشتن، هەڵەکاری
**خبل**: شێت بون، بێ مێشکی لەتاو خەم و خەفەت، له دەستدانی عەقڵ
**خبل**: شێت بون، مەجنونی
**خبن**: قارس کردن، لێگرتن، دورینی جل و بەرگ، نوشتانەوەی جل و بەرگ و دوورینی بۆ کورت کردنەوه
**خبوك**: بەهێز، قایم، خۆڕاگر
**خبي ء**: شاردراوه، داشاریاو، قایم کراو، نهێنی

**خبینه**: داشاراو، نهێنی، فەشارياو، قايم کراو

**خبيث**: ناپاك، پيس، گلاو، چەپەڵ

**خبير**: زانا، دانا، ئاگادار، لێزان، شارمزا، پسپۆڕ، بە ئەزموون، لێهاتوو

**خبيز**: نان، نانی برژاو

**خبيص**: خورماورۆن

**خپچه**: تووڵ، شووڵ، لقی راست و باریکی دار

**خپك**: خەفەیی، خنکان، خەفە، گوشرانی قورگ

**خپله**: خەپە، قەڵەوی کورتە بالا، قەزەم، ناحەز، ناقۆڵا

**خپيدن**: خنکان، خەفەبون، کوژانەوە، کپ بون

**ختار**: فێڵباز، فریوکار، ناکار

**ختال**: مەکرباز، فریوکار، مەکراوی

**ختام**: کۆتایی، دوماهی، سەرئەنجام، ئەنجام

**ختل**: مەکر کردن، فریودان فێڵ کردن

**ختلان**: فریودان، هەڵخەڵەتاندن، فێڵ لێکردن

**ختم**: بەئەنجام گەیاندن، کۆتایی هێنان، گەیاندنە کۆتایی. مۆر کردن، مۆر کردنی نامە یا شتێکیتر

**ختن**: زاوا، مێردی کچ. بە مانای خەزوور و ژن برایش دێت

**ختن**: برین، پچڕاندن، خەتێنە کردن، خەتنە کردن، گون برین، برینی چەرمی زیادەی سەر زەکەری نێرینە

**ختبنر**: فشەکەر، قسە زل، خۆبەزل زان، نەدارێك کە بە هاشەو هوشە خۆی بە دارا نیشان بدات

**ختنه**: خەتێنە، خەتەنە، سوننەت، کێر برینی منال، رەسمی خەتەنە کردن پێش ئیسلام لە ناو میسریەکان و جولەکەکان باو بوە بەلام لەناو مەسیحیەکاندا باو نیە. بە رێو رەسمی خەتەنە کردنی منال و میوانی بۆ ئەم بەزمە خەتەنە سوران دەڵێن

**ختور**: فریودەر، ستەمکەر

**خثعم**: شێر، شێری درەندە. و پیاوێك کە پێستی روخساری چرچ و لۆچ بوبێت

**خثم**: لوت پان، لوت زل، گوێ پان، گوێ گەورە، کەسێك کە لوت یا گوێچکەی پان و گەورە بێت

**خثماء**: لوت پان، گوێ پان، بۆ ژن بەکاری دبەن

**خثیم**: شەرمی ژنێکی کەگەورە و پان بێت، قوزگەورە، قوز پان

**خجاره**: کەم، تۆز، برێك، تۆزقاڵێك، کەمێك، ماوەیەکی کەم

**خجالت**: شەرم، حەیا، شەرمەزاری، شەرمێونی، تەریقی

**خجالت کشیدن**: شەرم کردن، شەرمەزاربون، شەرمێون بون، تەریق بونەوە

**خجسته**: پیرۆز، مەیمون، پاك، چاك و باش

**خجسته**: هەمیشە بەهار، گوڵی هەمیشە بەهار

**خجسته پی**: پێ پیرۆز، ئەوەی هاتنی ببێتە هۆی خێر و بێر

**خجسته رو**: جوان، روگەش، روکراوە، روخسار جوان

**خجستەروز**: کامەران، بەختەوەر، رۆژ باش، شادمان

**خجسته گالع**: بەختەوەر، بەبەخت، بەشانس، خۆشبەخت

**خجسته فرجام**: ئەنجام خێر، کۆتایی خێر، هەر شتێك کۆتاییەکەی بەخێرو خۆشی کۆتایی بێت

**خجك**: خال، پەڵە، نیشان، نیشانە، خاڵی رەش کە لەناو چاو پەیا دەبێت

**خجل**: شەرمەزار، تەریق، شەرمێون، شەرم، شەرمەزاری، سەرشۆڕی، کەم روویی

**خجلان**: شەرمەزار، شەرمێون،

**خجلت**: شەرمەزاری، شەرمێونی، شەرم کردن

**خجلت آور**: شەرم هێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی شەرم و تریق بونەوە

**خجلت زده**: تریق، تریقبو، شەرمەزار، شەرمێون، فەدیکار، فهێتکار

**خجل رو**: تەریق، تریق، فەدیکار، شەرمەزار

**خجل سار**: بروانە خجلت زده

**خجیدن**: کۆبونەوە، خڕبونەوە، ئامادەبون، تێك ترنجان، تێکەڵ بون

**خجیر**: هەژیر، جوان، مانگ روخسار، روگەش، پەسەند، دلگیر، دەلال

**خد**: روخسار، رو، کولم، گۆنا، گۆنە

**خدا:** خوا، خواوەند، ئافرێنەری هەمو هەستی. بەمانای خاوەن و مالیکیش بەکار دەبرێت

**خداب:** درۆزن، درۆکەر

**خدابیامرز:** خوا لێخۆشبو

**خدا پرست:** خواپەرەست، دیندار، باوەڕدار، ئەوەی باوەڕی بە خوا هەیە و دەیپەرەستێت

**خدا پسند:** خوا پەسەند، کاری باشە، هەر کارێك ببێتە هۆی ڕەزامەندی خوا

**خدا پسندانە:** خوا پەسەندانە، ئەو کارەی دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوا

**خداترس:** لەخوا ترس، ئەوەی لە خوا بترسێت و لە خراپە خۆی بەدوور بگرێت

**خداجو:** خواناس، ئەوەی بە دوای خوادا دەگەڕێت

**خداحافظ:** خوا حافیز، ماڵئاوایی، بەسلامەت، وشەیەکە لە کاتی جیابونەوەی یا ڕۆشتن لای کەسێك دێتە سەرزمان

**خداداد:** خوادادە، خوایی، ئەوەی خوا بەخشەرەکەیەتی

**خداشناس:** خواناس، خواپەرەست، باوەڕدار، ئەوەی خوا دەناسێت و دەیپەرەستێت

**خداع:** فریودان، هەڵخەڵەتاندن، فێڵ لێکردن، فێڵ، مەکر، ناز

**خداع:** فریوکار، فێڵباز، تەڵەکەچی

**خداگیر:** خواگیر، ئەوەی گرفتاری ڕق و تووڕەیی خواوەند بێت. کەسێك بە هۆی ڕقی خواوە گیرۆدە بووبێت

**خدا نخواستە:** خوا نەخواستە، خوانەیەوێت، خوانەخوازە، وشەیەکە بۆ دووربوون لە خراپە بەکاری دەبەن

**خدانگهدار:** ماڵ ئاوا، خوا حافیز

**خداوند:** خواوەند، خوا، ئافرێنەر، خاوەن، گەورە

**خداوندگار:** خوا، خوای تاقانە، الله. خاوەن، گەورە، پاشا، دەسەڵاتدار

**خدایا:** خوایە، ئەی خوا

**خدایگان:** خواوند، خوا، پاشای گەورە

**خدر:** پەردە، خێوەت، ڕەشماڵ، پەردەیەك کە بۆ ژنان و کچان لە لایەکی ماڵ هەڵیدەدەن

**خدر:** ١- سست بون، تەزین، سڕبون، سڕبونی ئەندامێکی جەستە ٢- سستی، تەزین، سڕی، بێ هەستی

**خدر:** سست، بێ هەست، تەزیو

**خدر:** تاریکی، تاریکی ئەو، شوێنی تاریك

**خدرت:** تاریکی چڕ، ئەنگوستە چاوی

**خدرك:** چڵۆسك، بزوتی ئایساو، داری نیوە سوتاوی بەگر

**خدره:** وردە و پردە، ورتکە، وپرتکە. بڵێسەی ئاگر

**خدش:** ڕووشاندن، ڕووشانن، سەرچڵ بریندار کردن، ڕووشاندنی پێست

**خدش:** شوێن، شوێنەوار، نیشانە، شوێنەواری برین یا ڕووشان کە لەسەر پێست مابێتەوە

**خدشه:** بڕوانە خراش

**خدعه:** فێڵ، تەڵەکە، فریو،مەکر

**خدمت:** خزمەت، کارکردن بۆ کەسێك، نۆکەری، بەردەستی

**خدمتانه:** خزمەتانە، کرێ، ئەوەی لە بری خزمەت بە کەسێکی دەدەن

**خدمتكار:** خزمەتکار، نۆکەر، قەرەواش، کۆڵفەت، ژن یا پیاوێك کە لە ماڵێکدا کار دەکات

**خدمتگر:** بڕوانە خدمتکار

**خدمه:** ١- خەڵخاڵ، بازنەی پێ، پێوانە ٢- ئاڵقەی خەڵك، ئاپۆرە

**خدن:** هاوڕێ، یار، دۆست، هاودەم

**خدو:** تف، ئاوی دەم، گلیز، لیك

**خدود:** ڕوخسار، کولم، گۆنا

**خدور:** پەردە، خێوەت، ڕەشماڵ

**خدوش:** شوێن، شوێنەواری برین

**خدوع:** فێڵباز، فریوکار، تەڵەکەچی

**خدوك:** شپرزە، شێواو، شڵەژاو، پەرێشان، دڵشکاو، دڵتەنگ

**خدیج**: بێچوە وشتر یا هەر چوارپێیەکیتر کە پێش کاتی خۆی لەدایك بوبێت

**خدیش**: ۱- کوێخا، کەیخوا، گەورەی ماڵ ۲- کەیبانو، ژنی ماڵ

**خدیعه**: فریو، فێڵ، مەکر

**خدیو**: خواوەند، خاوەن، میر، ئەمیر

**خذلان**: داماوی، بێ بەشی، بێ بەهرەیی

**خذول**: بێ بەش، داماو، سەرکز، لێقەوماو، بێ بەهرە

**خر**: کەر، گوێرێژ، گوێدرێژ، ولاخ

**خر**: خرخرۆکە، قورگ، قورقوراگە

**خرائب**: وێرانە، خاپوورکراو

**خراب**: وێران، خاپوور، تێکدراو، بێ فەڕ، خەراو

**خراب اباد**: دنیا، ئەم دنیایە، جیهان

**خرابات**: مەیخانە، نادی، شوێنی خواردنەوە

**خراب شدن**: خراپ بون، وێرانبون، بەفیڕۆچون، خاپووربون

**خرابکار**: وێرانەکەر، خاپوورکەر، تێکدەر، بەفیڕۆدەر

**خراب کردن**: خراپ کردن، وێران کردن، خاپور کردن، بەفیڕۆدان

**خرابه**: کون، کونی دەرزی، هەر کونێکی بچوك و نەبینراو

**خراج**: خەراج، ماڵیات، ئەو ماڵیاتەی لەزەوی و زار وداهاتەکانیتر وەربگیرێت

**خراج**: دومەڵ، ئاوسان، جۆش، زیپکە

**خراج**: زیرەك، زرەنگ، فێڵباز

**خراجگزار**: باجدەر، ماڵیاتدەر

**خراره**: هۆقە، لوشکە، لوشەکەلوش، ئەو دەنگی لە کاتی گریان لە قورگ دێتەدەر

**خراس**: کەری ئاش، ئەو کەرەی ئاش دەگێرێت

**خراسانی**: خوراسانی، تایبەت بە خوراسان، خەڵکی خوراسان و رێبازێکە لە ئەدەبیاتی فارسی

**خراش**: روشان، روشیان، شوێنەوارێکە لەسەر پێست کە بە هۆی نینۆك یا چەقۆ لەسەر پێست دروست دەبێت، سەلخین

**خراشاندن**: روشاندن، روشانن، روشیانن

**خراشیدن**: روشاندن، روشیاندن، پێست بە نینۆك روشاندن، سەلخین، کەلداچۆن

**خراص**: درۆزن، درۆکەر

**خراطیم**: لوت، لوتە فیل

**خرافه**: خورافات، قسەی پوچ و بێ ناوەرۆك، قسەی دوور لە راستی، هەڵیت و پڵیت

**خرام**: خەرامان، ناز کردن، عیشوە کردن لە رۆشتندا. بە مانای مژدە و مزگێنیش بەکار دەبرێت

**خرامان**: خەرامان، نازکردن لە رۆشتندا

**خرامش**: بڕوانە خرامیدن

**خرامیدن**: ناز کردن، عیشوە کردن، بەنازەوە هەنگاو هەڵگرتن، خەرامان خەرامان بەرێگاد رۆشتن

**خرامین**: مێرگ، لەوەڕگە، مێرگەلان، شوێنی لەوەڕینی چوارپێ، چەروان

**خرب**: وێران کردن، خاپوور کردنی ماڵ، تێکدان

**خرب**: وێران، وێرانە، خاپور

**خربـاء** گوێ سمراو، ژنێك کە گوێچکەی سمیبێت یا کونی کردبێت

**خربات**: وێرانە، وێران

**خربار**: کەربار، باری گەورە، ئەو بڕە بارەی لە پشتی کەری دەدەن، خەروار، خەرار

**خربان**: کەردار، خاوەن کەر

**خربز**: بڕوانە خربزه

**خربزه**: کاڵەك، کاڵك، گرکە، قەرپوز، گندۆرە. میوەیەکە شیرین و ئاودار لە خۆگری ڤیتامین A, B, C گوندۆر

**خربزه روباه**: کاڵە مارانە، گیایەکە بەرێکی خڕی بچوك لە بیچمی شەمامە دەگرێ، بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە و زۆر تاڵە و بۆدەرمان بەکار دەبرێت

**خربزهزار**: بێستان، کاڵکەجار،

**خربگ**: قازباڵدارێکی سپی گەورەیە گۆشتی دەخورێ

**خربله**: دۆلاب، چەرخی چاڵ

**خربنده:** کەردار، خاوەن کەر، پاسەوانی کەر، ئەو کەسەی کەر بەکرێ دەدات

**خربواز:** بڕوانە خربیواز

**خربوز:** شەمشەمەکوێرە، شەفرەفینك، شەمشەلە، شەمشە

**خربە:** کون، کونی دەرزی و هەرچی

**خربە:** وێرانە، کەلاوە، کەلارێ

**خربیواز:** شەمشەمەکوێرە، شەمشە

**خرپا:** نێرگە، کۆڵەکە، نیرگە، دیرەك، کاریتە

**خرپشتە:** تەپۆڵکە، گردۆلکە، تەپە

**خرت:** کون، کونی دەرزی

**خرت و پرت:** خرت، خرتوپرت، وردە حاجەتی کەم بایی، وردە و پردە

**خرج:** باج، خەراج، سەرانە، ماڵیات

**خرج:** خورجین، خورج، هەگبەی لەبن، جەواڵی بچوك، چەنتەی لەبەن تەنراو

**خرجستە:** گەلەمراوژە، قەربالغی، هات و هاوار، هەراوهوریا، شەڕ، ئاژاوە، هوسەوهەرا

**خرجی:** خەرجی، بژێوی رۆژانە، ئەو پارەی بۆ بژێوی رۆژانە خەرج دەکرێت

**خرجین:** خورج، خورجین، جەواڵی بچوك

**خرچال:** مراوی گەورە، قاز، باڵدارێکی سپیە گۆشتەکەی دەخورێت

**خرچنگ:** قرژاڵ، قرژانگ، قارژنگ، جانەوەرێکی ئاوی بەند بەندە بە دوسەر دەڕوات

**خرچنگ:** قرژاڵ، کیفژاڵە، یەکێك لە بورجەکان

**خرخجیون:** مۆتەکە، شەوە، خەوی پەرێشان، کابویس

**خرخر:** مرخە، مرخ، پرخە پرخ، مرخە، ئەو دەنگەی لە کاتی خەوتن لە قورگی هەندێ کەس دێتەدەر

**خرخرە:** خرخرۆکە، قرگ، قورقوڕاگە

**خرخشە:** گەلەڕاوژە، شەڕ، هەراوهوریا، ئاژاوە

**خرد:** ئاوز، عەقڵ، هزر، بیر، هۆش

**خرد:** ورد، بچوك، کەم، هەر شتێکی کەم و بچوك، هویر

**خرد:** قوڕاو، لیتاو، لیتە

**خرداد:** جۆزەردان، سێیەم مانگ لە ساڵی هەتاوی، دوایین مانگی بەهار

**خردانگارش:** وردبین، باریك بین، دورنەندێش، ئەوەی لە کارەکانیدا خاڵە بچوکەکانیش پشت گوێ ناخات

**خرد پیشە:** بیرمەند، عاقڵ، خاوەن هزر

**خردسال:** ساوا، کەم تەمەن، مناڵ، بچوك، کچ یا کوڕ کە تەمەنی لە پێنج کەمتر بێت

**خردك:** کەم، کەمێك، برێك، تۆزێك، کەم کەم

**خردل:** خەرتەلە، تۆوێکی تیژە لە تایەفەی ئیسیومت و ئالات

**خردل:** ترسەنکۆ، بێ دڵ، بێوره، کولافە، ناتەوان، بێ زات

**خردمند:** خاوەن بیر، بیرمەند، زانا، هوشیار

**خردمندانە:** بیرمەندانە، وشیارانە، زانایانە، دانایانە

**خردنگرش:** ورد بین، باریك بین، وشیار

**خردور:** بیرمەند، خاوەن هزر، وشیار

**خردومند:** بڕوانە خردمند

**خردە:** ١- وردە، وردە و پردە، کەم، تۆز، ٢- بڵێسەی ئاگر، ٣- بەمانای عەیب و ئیراد کە لە کەسێکی دەگرن

**خردەبین:** وردبین، بیرتیژ، باریك بین، زیرەکی، زرنگی

**خردە حساب:** وردە حسێب، قەرزێکی کەم و مەبەست لە ئازارێکە لە لایەن کەسێکەوە کە ببێتە هۆی رەنجان و دڵ ئێشان

**خردە ریز:** وردە و پردە، وردە و پرتکە، شتی کەم بایی و بێ بەها

**خردەکار:** وردە کار، ئەوەی کاری وردە و پردە ئەنجام دەدات

**خردە گرفتن:** عەیب گرتن، ئیراد گرتن، عەیب دۆزینەوە

**خردەگیر:** عەیب گیر، وردە گیر، رەخنە گر

**خرز:** پێڵاو دورین، پێڵاو دور، چەرمچی

**خرزە:** نێرینە، کێر، کیری پیاو کە زل و ئەستور بێت

**خرس:** ورچ، هەرس، هەشە، هرچ، ئاژەڵێکە زل و بەهێز، جەستەی توکنە و بەرەنگی زەرد یا قاوەیی یا سپی و بەداردا سەردەکەوێت، لە وەرزی زستاندا بە

زۆری دەخەویت. خواردنەکەی گۆشت و مردار و هەنگوینە. لە پیریدا زیان بە ئاژەڵەکانیتر دەگەیەنیت
**خرست:** سەرخۆش، مەست، زۆر مەست، خەیاڵ
**خرستە:** زالو، زیرۆ، زیری
**خرسك:** ورچ، ورچی بچوك. و جۆرە قالیەکە
**خرسند:** شادمان، رازی، خۆشحاڵ، شادان، بەدەماغ
**خرسنگ:** خرە بەرد، بەردی زەق و ناقۆلا
**خرش:** بڕوانە خروش
**خرش:** رووشاندن، رووشانن
**خرش:** خەوش، خرت و پرت، حاجەتی کەم بایی ناو ماڵ
**خرشوم:** لوتکە، کەپك
**خرشید:** بڕوانە خورشید
**خرص:** درۆکردن، درۆ وتن، بە گومانەوە شتێك وتن
**خرط:** تاشین، داتاشین، داتاشینی دار
**خرطبع:** کەر، پێداگر، ئەحمەق، نەزان، خۆسەر
**خرطوم:** لوتی درێژ، بەتایبەت لوتی فیل
**خرف:** چنین، هەڵگرتن، لێکردنەوەی میوە
**خرف:** لەناوچوون بەهۆی پیری، منداڵبونەوە، خلەفان،
**خرف:** خلەفاو، پیاوی پیری کەم ئاوز، نەزان
**خرفستر:** مار، دوپشك، کوڵاژدەم، کوللە، هەر گیانلەبەرێکی بە زیان
**خرق:** ١- دڕاندن، لەت کردن، لەت و کوت کردن، هەڵشاندن، ٢- دڕاوی، هەڵشاوی، لەت و کوت
**خرق:** کەلێن، درز، کون، هەڵشت، هەڵش
**خرق:** کەم ئاوزی، نەزانی، گێژی، وڕی،
**خرقاء** زنی گێژ، نەزان، ئەحمەق، کەم ئاوز، بێ عەقڵ
**خرقە:** پەڕۆ، کەوا، پاتە، پاچك، سەرکەوا، جل و بەرگی تایبەت بە دەرویش و سۆفی
**خرك:** کەرە، کەری بچکۆلە، کەری چکۆل. چوارپایەیەکی بچوك لە شێوەی کەر کەلە جۆرە وەرزشێکدا لەسەر دەپەڕن
**خرك:** جۆرێك خورمای زەرد و وشك

**خرکچی:** چاروێدار، خەردار، کەردار، کەروان، خاوەن کەر، ئەو کەسەی کەر بە کرێ دەدات
**خرکرە:** کوڕی کەر، بەچکەکەر،
**خرکوف:** کوندە، کوندەبەبو، کونەبەبوی گەورە
**خرگاە:** خێوەت، رەشماڵ، دەوار، چادر، خەیمە
**خرگوش:** کەروێشك، کیفرویشك، کەروێ، هەروشە، خەروێ، گیانلەبەرێکە گیاخۆر بە قەدە پشیلە دەبێت و گوێچکەی درێژە. دەستەکانی لە قاچی کورتترە و زۆر بەخێرایی رادەکات. مێکەی لەسەر سکێکدا شەش تا هەشت منالی دەبێت و ساڵی چەند جار سکی پڕ دەبێت و ئەگەری هەیە لە ساڵێکدا شەست بێچوی ببێت
**خرگە:** بڕوانە خرگاە
**خرم:** بڕین، قرتاندن، هەڵشتن، کون کردن، سمینی گوێ یا لوت
**خرم:** زیندو، سەرسەوز، کەیف خۆش، بەدەماغ، سەرحاڵ، شاد، شادمان، شادان، تازە
**خرما:** خورمام، قەسپ، بەری دارێکە گەرمەسێری بە گۆشت کە پێستە و ناسك و ناوکی هەیە و شیرینە و بە بۆڵی گەورە لە دارەوە شۆڕدەبێت، خورمە
**خرمابن:** دار خورما، داری خورما
**خرمالو:** خورمالو، بەری دارێکە لە تەماتە دەکا
**خرمدان:** چەنتە، هەمیان، کیسەی دروست کراو کە پارە و شتی تێدەکەن و بەکەمەرەوە دەیبەستن
**خرم دل:** شادمان، شاد، شادان، کەیف خۆش، بەدەماغ، دڵخۆش
**خرمگاە:** خێوەت، رەشماڵ، خەیمەی گەورە
**خرمگس:** کەرمێش، مێشی گەورە، شینەمۆزە، کەرمۆز، مێشێکی جزوداری درشتە بە ماڵاتەوە
**خرمن:** خەرمان، خرمان، کۆگا، کۆ، بێدەر، بەسەریەکدا کراوی زۆر لە میوە، ئاخلە
**خرمن پا:** پاسەوانی خرمان، ئەو کەسەی لە دەشت و بیابان ئاگاداری خرمان دەکات
**خرمنج:** بڕوانە خرمگس

**خرمن کوب:** جەنجەر، هەباشە، ئامرازی لە دار و ئاسن بۆ گێرە کردنی کلۆش

**خرمنگاه:** خرمان، ئەو پارچە زەویە لە ناو دەشت کە گەنم و جۆی درواوی تیا کۆدەکەنەوە و دواتر بە هۆی جەنجەرەوە گێرەی دەکەن

**خرمن گدا:** سوالکەری سەرخرمان، ئەو کەسەی بۆ سوالّ دەرواتە سەر خرمانەکان

**خرموش:** مشکەکوێر، مشکی سارا، جۆرە مشکێکی گەورەیە

**خرمهره:** مووروە شینە، جۆرە موورویێکە بە رەنگی سپی یا شین کەبەملی ئەسپیەوە دەبەستن

**خرناس:** مرخاندن، مرخە مرخ، پرخە پرخ، ئەو دەنگەی لە قوڕگی کەسی خەوتو دێتەدەر

**خرنای:** کەرەنا، جۆرێك شەیپوری زل

**خرنبار:** ١- ئاپۆرە، قەرەباڵغی و کۆبونەوە خەڵك لە شوێنێك- ئاژاوە، هەراو هوریا، فیتنە،٣- بە تاوانبارێکیش دەڵێن بۆ ترساندنی خەڵك و مۆجیاری کردنیان سوار کەری دەکەن و لەناو بازاردار دەیسووڕێننەوە

**خرند:** ریز، بەتەنشت یەکەوە، سەف

**خرنش:** بڕوانە خرناس

**خرنق:** کەروێشك، بێچوە کەروێشك، خرنك، خرنەق

**خرو:** بڕوانە خروس

**خروار:** خەروار، خەربار، کێشێکە بەرابەر بە سێ سەد کیلۆ

**خروار:** وەك کەر، کەرئاسا، هاوشێوەی کەر، کەرانە

**خرویف:** مرخە مرخ، پرخە پرخ

**خروج:** رۆشتنەدەر، رۆیشتن، چونەدەشت

**خروچ:** بڕوانە خروس

**خرور:** کەردار، خاوەن کەر

**خروس:** کەڵەشێر، کرمشێل، کەڵەباب، دیکل

**خروس خوان:** بەرەبیانی، ئەو کاتەی کەڵەشێر دەخوێنێت

**خروسك:** خروزەك، جۆرێ نەخۆشی زارۆکانە و دەبێتە هۆی ئاوسان و گیرانی قوڕگ و نەخۆش بە توندی دەکۆکێت و دەنگێك وەك دەنگی کەڵەشێر لە قوڕگی دێتەدەر

**خروسك:** قالۆنچە سورە، جۆرە دەعبایەکە زیاتر لە حەمام و شوێنە تەڕەکاندا دەردەکەوێت

**خروسە:** قیتکە، قیتك، تیکەییەك گۆشتی بچوك لە ناو قوزی ژن، تیتلکە

**خروش:** هات و هاوار لەتوڕەییدا، ئاژاوە، خرۆش، هاوار، هەراوهوریا

**خروشان:** خرۆشان، خرۆشاو، تێکەڵ و پێکەڵ بونی خەڵکان

**خروشیدن:** هەورا راهێلان، خرۆشان، هاوار کردن، هات و هاوار نانەوە، قیقی هەدان، گریان، ناڵاندن

**خروع:** دارهەنجیر

**خروع:** نەرمە، نەرملەش، ژنێك کەجەستەی نەرم بێت و بە ئاسانی بچەمێتەوە و راست بێتەوە

**خرف:** بەرخ، بەرخۆلە

**خروق:** رەخنە، درز، قەڵشت، کەلێن

**خروه:** دیکل، کەڵەشێر

**خرویله:** هاتو هاوار، شین و رۆۆ، دەنگی گریانی بەرز، هۆقە، بۆرەبۆر

**خره:** لیتە، لیتاو، قوراو

**خره:** ریز، سەف، بە تەنیشت یەك

**خره:** روونـاکی، رۆشنی، درەوشاوەیی، نور، تیشك، روناکی کە لە لایەن خواوە بە هەندێك لە خەڵکان بگات، تیرۆژك، تیرۆژ

**خره:** مرخە مرخ، پرخە پرخ

**خره:** کەڵەباب، کەڵەشێر

**خرید:** کڕی، سەندی، سەنی

**خریدار:** کڕیار، ئەو کەسەی شت دەکڕێت، بکر، شت سێن، مشتەری، بسێن

**خریدن:** کڕین، سەندن، شتێك لەکەسێك وەرگرتن و بەهاکەی دان. بە پێچەوانەی فرۆشتن

**خریده:** کچ، کچی پێنەگەشتو، شەرمن

**خریر:** ١- خورخوڕ، دەنگی ڕژانی ئاو ٢- مرخە، پرخە، دەنگی قورگی کەسی خەوتو ٣- دەشت، نزمایی، شوێنێکی نزمی نێوان دوبەرزایی

**خریش:** رووشان، رووشیان، سەلخ

**خریش:** گاڵتە کردن، پێ ڕابواردن، بزەی تاڵ، و کەسێکە کە خەڵك پێی پێبکەنن و گاڵتەی پێبکەن

**خریشیدن:** رووشاندن، رووشیانن، رووشانن، برینـدار کردنی بە ناستەمی پێست

**خریطە:** نەخشە، نەخشەی جوغرافیا

**خریع:** لاواز، لەڕ، سست، ناتەوان، بێ هێز، ئێسك نەرم

**خریف:** پاییز، گەڵاڕێزان، خەزان، سێ مانگەی نێوان هاوین و زستان، یەکێکە لە چوار وەرزەکەی ساڵ

**خریق:** ١- بای سارد، رەشەبا ٢- ناوەڕۆ، رێڕەوی ناو ٣- فراوانی، بەربڵاوی ٤- زەوی نزم، نەوی، پەست

**خز:** کویزك، جانەوەرێکی بچوکی کلك درێژی بە گوانە، پێستی قاوەیی یا خۆڵەمێشی ڕەنگە، ژێر قورگی سپیە و بە زۆری شەوانە دێتەدەر و باڵندە بچوکەکان دەخوات هەروەها مشك و ماریش ڕاو دەکات

**خز:** حەریر، هاوریشم، پارچەی هاوریشمی

**خزائن:** خەزێنە، گەنجینە

**خزاز:** کوتاڵ فرۆش، هاوریشم فرۆش، پیلەوەر

**خزاع:** مەرگ، مەرگ و میر، مردن

**خزاعە:** کوت، لەت، پارچە، لەتی بڕاوە لە هەر شتێك. ناوی هۆزێك لە عەرەب کە لە نەزد جیابونەوەو لەنزیك مەککە نیشتە جێ بون

**خزاف:** گۆزەچی، گۆزەکەر،

**خزامە:** لوتەوانە، ئەو ئاڵقەی لە لوتی وشتر دەکەن جڵەوی هەوساری پێوە دەبەستن. ئەو ئاڵقەی ژنان بۆ جوانی بە لوتیەوە دەکەن

**خزان:** خەزان، گەڵاڕێزان، پاییز، خەزەڵوەر، خەزەڵ، وەرزی پاییز

**خزان:** خزین، خشین، خلیشکان

**خزان:** خەزنەدار، گەنجینەوان

**خزانە:** خەزنە، خەزێنە، گەنجینە، ئەو شوێنەی کە پارە و شتە گرانباییەکانی تیا هەڵدەگرن

**خزانەدار:** خەزنەدار، خەزێنەدار

**خزر:** تەنگی چاو، و شێوەیەك لە ڕوانین کەبەرامبەر وا هەست دەکات بە تووڕەیـەوە سەیری دەکرێت. ناوی تایەفەیەکەی ئاریایی کە کەۆن لە ترکستان و ناوچەکانی ڕۆژئاوای دەریای خەزەر بەسەریان دەبرد لە ساڵەکانی ٦٠٠ تا ٩٥٠ ز.

**خزرا:** چاوتەنگ، چاوتەسك، ژنی چاوتەنگ. ژنێك کەبەسوچی چاو سەیردەکات

**خزرجع:** بای سارد، بای باشوور ٢- شێر، شێری دارستان ٣- ناوی هۆزێکە لەعەرەب کە لەیەمەنەوە بۆ مەدینە کۆچیان کرد و لە هاوەڵانی پێغەمبەر بون

**خزرك:** ترس، تۆقیان، ورەنەمان، بێ زاتی

**خزعبل:** هەڵیت و پڵیت، قسەی پڕوپوچ، وتەی بێ ناوەڕۆك

**خزعبلە:** گاڵتە، گەپ، شۆخی، قسەی پێکەنین هێنەر

**خزعل:** کەمتیار، قەمتار

**خزف:** گۆزە، سواڵەت

**خزفی:** گۆزەچی، گۆزەکەر

**خزل:** بڕین، پچڕاندن، قرتاندن

**خزم:** سمینی لوتی وشتر و تێکردنی لوتەوانە

**خزن:** پاشەکەوت کردن، وەلاخستن. داپۆشین، داشارتن. نەدوان، قسە نەکردن

**خزنـدگان:** خشۆکەکان، لە تیرەی خشۆکەکان، هەر گیانلبەرێك کەبەهۆی دەست و پێی کورتی بخزێت. هەندێ لە خشۆکەکان دەست و پێیان نیە

**خزی:** پەست بون، ڕیسوا بون، ڕسوایی، سوکی، پەستی

**خزیدن:** خزین، خزان، خشان، خلیسکان، هەڵخلیسکان، خشین. لەسەر سك ڕۆشتن وەك مار

**خزیر:** خۆڵەمێشی گەرم، ئەو خۆڵەمێشەی لەناو وردە ئاگردا بێت، خۆڵی گەرم

**خزینە:** خەزێنە، خەزنە، گەنجینە

**خزیە:** خووی شڕ، خو یا عادەتێك كە مرۆڤ ریسوا بكات

**خس:** وردەكا، پوش وپەلاش، گیای وشك، پویش و پەڵەخ

**خس:** پەست، هیچ و پوچ، ریسوا، سوك

**خس:** كاهو

**خسائس:** نامرۆیی، ناكەسی، ناپیاوەتی، ناجوامێری

**خسار:** خەسار، زیان، گومڕابون، زیان دیتن، زیانكاری، زیان بینین

**خسارت:** زیان بەركەوتن، زیان بینین، زەرەر كردن، خەسار كردن، زیان

**خساست:** ١- خەسیس بون، رەزیلی، بەرچاوتەنگی، پەستی، نزمی، ناپیاوەتی

**خسانە:** وردەبایی، ماڵی كەم و كەم بایی

**خسالە:** پەست، ناپەسند لەهەر شتێك

**خسان:** ئەو ئەستێرانەی هیچ كات ئاوا نابن

**خسانیدن:** جاوین، جوین، گازگرتن، گازگرتن و ئازاردان، لەق دانان

**خسبانیدن:** خەواندن، نقاندن، خەو لێ خستن

**خسبیدن:** خەوتن، نوستن، خەولێ كەوتن، چونە خەو، نقستن

**خست:** ١- خەسیس بون، دەست وشكی، بەخێڵی، بەغیلی٢- پەستی، سوكی، ریسوایی

**خستن:** ئازادان، دڵ ئێشاندن، دڵتەنگ كردن، برینداركردن، دڵتەنگی، دڵ ئازاری، برینداری

**خستو:** دان پیانەر، ئەوەی دان بە راستیەكاندا دەنێت

**خستو:** ١- هیلاك، ماندو، مانك، مانگ، شەكەت ٢- ناوك، دەنو، دەندون ناوكی خورما و هەڵوژە و هاوشێوەكانی

**خستوان:** دان پیانەران، ئەوانەی دان بە راستیەكاندا دەنێن

**خستوانە:** سەركەوا، جل و بەرگی دەروێشان

**خستە:** بڕوانە خستن

**خستە:** ناوك، دەنو، دەندوك، ناوكی میوە

**خستەجگر:** جگەرخوێن، دڵ خوێن، ئەوكەسەی جەرگی لە خەم و خەفەت بریندارە

**خستەدل:** دڵ ماندو، دڵ شكاو، دڵ پەرێشان، خەم بینیو

**خستیدن:** بڕوانە خستن

**خس خس:** خیسە خیس، دەنگی هەناسەی ئەوانەی هەناسەیان توند دەبێت

**خسر:** خەزورە، باوكی ژن، باوكی مێرد، خەسورە

**خسر:** زیان بینین، زەرەر كردن، زیانكاری

**خسران:** زیان بینین، زیان بەركەوتن، خەسار كردن

**خسرو:** خوسرەو، پاشا، شا، نازناوی چەند لە پاشاكانی ساسانی

**خسرواختران:** هەتاو، خۆر، خۆرەتاو

**خسروانجم:** هەتاو، رۆژ، خۆر

**خسروانە:** شایانە، وەك پاشاكان

**خسروخاور:** هەتاو، رۆژ، خۆر

**خسف:** ١- رۆكردن، لە زەوی چەقاندن، ون كردن، لەزەوی رۆكردن ٢- كەمی، كووڕی، كەم و كووڕی، نوقسانی، خەش، كەمایەسی

**خسف:** گوێز، قۆز، گوز، گوویز

**خسودن:** دروێنەكردن، درەو كردن، بڕینی گیاكان لەسەر زەوی بەداس، دروین

**خسور:** خەزوور، خەسور، باوكی ژن یا باكی مێرد، خەزویر

**خسوف:** رۆچون، رۆشتنە ناو زەوی و دیار نەمان. مانگ گیران، یا دیار نەمانی مانگ لەو شەوانەی دەبێت دیار بێت

**خسیر:** زیانبار، زیان بینیو، زەرەر كردو، خەسار دیتو

**خسیس:** خەسیس، بەخیل، دەست وشك، بەغیل، رژد

**خسیسە:** پەست، بەخیل، سوك، بێ رێز، بەغیل

**خسیف:** چاڵی پڕئاو، هەوری پڕباران

**خش:** خەسو، دایكی ژن، دایكی پیاو

**خش:** روشان، روشانی بچوك، روشانی بچوك لەسەر هەر شتێك

**خش:** ١- کەلێن، درز، قەڵشت لەهەر شتێك ٢- نمە باران، بارانی کەم، تاوە باران

**خشاب:** خەشاب، مەخزنی فیشەك لە چەکە ئاگرینەکان، ساجۆرێ فیشەك

**خشاب:** دارفرۆش

**خشار:** پەست، ناپەسند، نابەدڵ لەهەر شتێك، پاشماوەی خواردن لەسەر سفرە

**خشارم:** ١- دەنگی زل، دەنگی گەورە ٢- لوتی زل، کەپۆی زل و ئەستور

**خشانیدن:** جاوین، خوساندن بەدەم، گازگرتن، بەدەم بریندار کردن

**خشب:** دار، داری زل و ئەستور

**خشت:** خشت، کەرپوچ، کەرپیچ، لبنە

**خشتامن:** خەسو، دایکی ژن یا دایکی پیاو

**خشت خشت:** خشە خش، خشپە خشپ، خشە خشەی زۆر

**خشت زن:** خشت دروستکەر، خشتچی، ئەوەی خشت دروست دەکات

**خشتکار:** خشتکار، کرێکار، کرێکاری بینا کەکاری دانانی خشتە لەسەر یەك

**خشتگر:** بڕوانە خشتمال

**خشتمال:** کەرپوچکەر، خشت لێدەر، ئەو کەسەی کاری دروست کردنی خشتە

**خشته:** هەژار، دەست کورت، نەدار، کز، داماو

**خشتی:** خشت ئاسا، وەك خشت، تایبەت بە خشت، دروست کراو لە خشت. و هەر شتێکی چوارگۆشە

**خشخاش:** خەشخاش، خاشخاش، ڕەبەنۆك، خاشخاشك، گیایەکە ساقەتەکەی باریکە گەڵاکانی پان و درێژ و گوڵەکانی سپی و بەرزاییەکەی تا یەك مەتر دەگات. میوەکەی دوای هەڵوەرینی گەڵاکانی دەردەکەوێت

**خش خش:** خش خش، خشپە خشپە، دەنگی کاغەز یا ڕۆشتنی هێواشی دەعبا و جرش و جانەوەر

**خشخشە:** خشخشە، دەنگی سیلاح کاتی بەریەك کەوتن، دەنگی بەریەك کەوتنی خشڵ و زیوەرەکان

**خشرم:** هێلانەی زەردەواڵە، مەلەکەی هەنگ، و ئەو بەردەی گەچی لێ دروست دەکەن

**خشك:** ١- وشك، بێ ئاو، نێشك، هشك، چەرمسی ٢- دەس وشك، بەخیل، خەسیس، ڕەزیل

**خشك اخور:** وشکاخۆر، ئەو ئاخورەی کای تیا نەبێت و مەبەست لە کەسێکە کە هیچی نەبێت بۆ خواردن

**خشك افزار:** وشکە، دانەوێڵەی خواردن وەك نۆك و ماش و نیسك و فاسۆلیا

**خشکناج:** وشك و ڕەق، لاغر، لاواز، لەڕ، بێ گۆشت

**خشك اندام:** وشك و ڕەق، بێ گۆشت، لەڕ و لاواز

**خشکاندن:** وشك کردن، وشکاندن، ئاو یا تڕی شتێك گرتن، هشکاندن، چرمساندن

**خشکبار:** وشکەبار، وشکە، میوەی وەك قۆخ و قەیسی و هەنجیر و تو

**خشك پهلو:** وشك، وشك و ڕەق، لاغر، لەڕ

**خشك پی:** پێ وشك، پێ ڕەش، شوم، بەدفەڕ، ئەوەی هاتنی ببێتە هۆی بەدبەختی

**خشك جان:** بێ هەست، بێ گیان، دڵ ڕەق، مەبەست لەکەسێکە علشق نەبوبێت و تامەی عەشقی نەکردبێت

**خشك دامن:** داوێن وشك، داوێن پاك، بەرامبەر داوێن تەڕ یا داوێن پیس

**خشك دست:** دەست وشك، ڕژد، خەسیس، بەخیل

**خشك دماغ:** خەمبار، خەمۆك، کز، مەلول

**خشك رود:** ڕووباری وشك، وشکە ڕووبار، ڕووبار یا دەریاچەیەك کە ڕەوتی ئاوەکەی پچڕابێت

**خشك ریش:** ١- بڕینی وشك، قەتماغە، قەتماخە ٢- ڕیا، درۆ، بیانو، پەڵپ و پیاوی نەزان و نەحمەق

**خشکزار:** بڕوانە خشکسار

**خشکسار:** وشکە زەوی، زەوی ڕەق و تەق و بێ ئاو و گیا

**خشکسال:** وشکەساڵی، ساڵی نەهات، ساڵی بێ باران یا کەم باران

**خشکستان:** وشکانی، وشکەڵان، شوێنێکی وشك کە ئاوی تیا دەست نەکەوێت

**خشکسر:** بێ مێشك، کەم عەقڵ، خۆپەسەند، خۆبین، هەڵیت بێژ، زۆربڵە

**خشك کن:** وشك کەرەوە، مژۆك

**خشك مغز:** مێشك وشك، کەلە پوت، بێ عەقڵ، نەحمەق

**خشکنانج:** وشکە نان، نانی وشك

**خشکنای:** قورگ، قورقوراگە، خرخرۆکە

**خشکە:** ۱- وشکە، هەر شتێکی وشك ۲- برنجی بی رۆن ۳- ناسنێکە کە ناوەکەیان گرتبێت و سەقتر و رەقتر بەلام ناسکتر و شکێنەرتر بوبێت

**خشکی:** وشکانی، وشکایی، وشکی، زەوی وشك و بێ ناو

**خشکیدن:** وشك بون، وشکەوە بون، لەناوچونی تەڕی و نمی

**خشل:** خەشەڵ، خراپ و ناپسەند لەهەر شتێك

**خشم:** رق، تورەیی، قین، قەڵسی، جارسی، وەرسی، گرژی، قەهر

**خشما:** لوت پان، ژنی لوت پان، نەو ژنەی توانایی بۆن کردنی لەدەست دابێت

**خشماغیل:** چاوخێل، چاو چەپ و چیر

**خشم آلود:** رقاوی، تووڕە، گرژ، قیناوی، رق هەستاو

**خشمگر:** بڕوانە خشمگین

**خشمگن:** بڕوانە خشمگین

**خشمگین:** تورە، رق هەستاو، جارز، قەڵس، تووڕە، گرژ، قەهری، دەهری

**خشمن:** بڕوانە خشمگین

**خشمنکا:** بڕوانە خشمگین

**خشن:** ۱- توند، زبر، نارێك، ناساف، گر، زفر ۲- تووڕە، گرژ، دەهری

**خشنگ:** ۱- داخ، برینی داخ، ۲- کەچەڵ، تاسی، بێ مویی ۳- سەرکەچەڵ، سەرتاس، بێ مو، حوچ، حوت

**خشنو:** بڕوانە خشنود

**خشنود:** رازی، شادمان، بەکەیف، شادان، شاد، خۆشحاڵ، رەزامەند

**خشنی:** روسپی، ژنی داوێن پیس، قەحبە

**خشو:** خەسو، دایکی ژن یا پیاو

**خشودن:** برین، قرتاندن، هەرس کردن، رازاندنەوەی دارن برینی لق و چلە زیادیەکانی دار

**خشوع:** لەخۆبوردویی، فەرمانبرداری کردن، گوێڕایەڵی

**خشوك:** زۆڵ، حەرامزا، مناڵی ناشەرعی

**خشونت:** ۱- توندی، توند و تیژی، بەتوندی هەڵس و کەوت لەگەڵ کەسێکدا کردن ۲- زبری، گەری، زفری، نارێکی

**خشی:** سپی، سپێنە، سپی یا کەورە رەنگ

**خشی:** ۱- ترساو، ترسیاو، زات نەماو، تۆقاو ۲- گیای وشك

**خشیت:** ترسان، تۆقان، زات نەمان، وره لەدەستدان، ترس، زات

**خشیج:** دژ، پێچەوانە، نەیار

**خشین:** تووڕە، گرژ، قەڵس، جارز، توند تیژ

**خشینە:** بڕوانە خشین

**خصاء** خەساندن، گون دەرهێنان، خەسانن

**خصاف:** ۱- پینەچی، پینەدور ۲- درۆزن، درۆکەر

**خصام:** ۱- دوژمنایەتی، دوژمنی کردن، نەیاری، هەڵنەکردن ۲- شەڕ، ئاژاوە، بگرەو بێنە، مشت و مڕ

**خصام:** دوژمنان، نەیاران، دژەکان

**خصان:** تایبەتیەکان، وێژەکان، هەڵبژێردراوان، دیاری کراوان، گەورەکان

**خصل:** برین، درین، هەڵدرین، برین و جیاکردنەوەی شتێك لەیەك

**خصل:** نیشانە گیری، گرێو، مەرج بەستن لە تیر هاویشتن

**خصلت:** تایبەتمەندی، خوو، عادەت چاك یا خراپ، رەوشت

**خصلە:** ۱- دەستەمو، قژی زۆر، باوەشە قژ ۲- بۆڵ، بۆڵە ترێ

**خصم:** دوژمن، نەیار، دژ، رکەبەر لەشەڕدا

**خصماء** دوژمنان، نەیاران، دژەکان

**خصمان:** دوژمنەکان، نەیاران

**خصمانە:** دوژمنانە، نەیارانە، دژانە، هاوشێوەی دوژمن

**خصوص:** تایبەت کردن، هەڵبژارتن، دیاری کردن، لەپێشی دان، پێش خستن، تایبەت، جیا، جیاواز
**خصوصیت:** تایبەت کردن، هەڵبژاردن، جیا کردنەوە، تایبەتمەندی، تایبەتی، دیاری کراوی و هەڵبژێردراو
**خصوم:** ناحەز، دوژمن، نەیار، پیلەباز، دژ
**خصومت:** دوژمنی، ناحەزی، شەڕ فرۆشتن، نەیاری
**خصی:** خەسێنراو، گون دەرهێنراو، خەساو، ئەو پیاوەی گونیان دەرهێنابێت و لە پیاوەتیان خستبێت
**خصیم:** دوژمن، نەیار
**خصیه:** گون، هێلکە گون
**خضاب:** رەنگ، خەنە، ئەوەی سەر و روخسار یا پێستی جەستەی پێ رەنگ دەکەن
**خضارم:** گەورە، رێزدار، خۆڕاگر
**خضر:** سەوز رەنگ، کەسك، سەو بون، وەك رەنگی گەڵا
**خضر:** سەوز، سەوزە، سەرسەوزی، لقی دار
**خضر:** خزر، ناوی یەکێك لە پێغەمبەرەکان کە لە کتێب داستانەکان ئامـاژەی پێدراوە. لـەبارەی سـەردەمەکەی بیروراکـان جیـاوازن. هەنـدێك ئـەو بـە هاوسـەردەمی ئیـبراهیم و هەنـدێك بـە هاوسـەردەمی موسای دەزانـن و هەنـدێك دەیگێڕنـەوە بـۆ سـەردەمی ئەسـکەندەری مـەزن کـە وتوویانـە هـاوڕێ لەگـەڵ ئەسکەندەر بـە دوای ئـاوی حەیاتـدا گـەڕاون و تـەنیا خـزر پێـی گەشـتوە و لەبـەر ئەمـە تەمـەنی بۆتـە هەمەیشەیی. ناوی خۆی ئالیا یا ئیلیا یوهن بوە و بۆیە پێی دەڵێن خزر چونکە بەردەوام لە شوێنی سەرسـەوز دادەنیشێت
**خضراء:** سەوز، کەسك، سەوز رەنگ
**خضرت:** سەوزی، سەرسەوزی، تازەیی، نەرمی ناسکی
**خضرم:** ١- چاڵی پڕئاو، دەریایی گەورە ٢- بەخشەر، پیاوی دەست کراوە و بەخشەر
**خضوع:** لەخۆبوورین، لەخۆبوردویی، چاوپۆشی کردن لەخۆ، خۆبەکەم زانین، سەردانەواندن
**خضوع:** خۆبەکەم زان، لەخۆبوردو
**خضیب:** رەنگین، خەنە لێدراو، رەنگ کراو

**خضیر:** سەوز، کەسك، بەرنگی سەوز، سەرسەوزی
**خط:** خەت، نوسین، شوێنەواری قەڵەم لەسەر کاغەز یا هەر شتێکیتر، نوسراو، رێگەی راست و درێژ، دوری نێوان دو نوختە، ئەوەی نێوان دو نوختە پەیوەندی دروست بکات
**خطاء:** هەڵە، خەتا، ناڕاست، تاوان و گوناحێك کەبە ئەنقەست نەبێت و لەڕوی نەزانیەوە بێت
**خطاب:** قسە کردنی روبەڕوو لەگەڵ کەسێك، ئاخاوتن لەڕو
**خطاط:** نوسەر، خۆشنوس، خەتات، ئەو کەسەی شتی زۆر دەنوسێت
**خطاف:** رفێنەر، فڕێنەر، دز، شەیتان
**خطـاف:** ١- پەرەسێلکە، پەرەسوێلکە، ٢- ئاسنی سەرخوار، ٣- چنگاڵ، چنگی درندەکان
**خطاکار:** خەتاکار، هەڵەکار، سوچدار، تاوانبار
**خطام:** هەوسار، جڵەو، ئاوسار
**خطب:** شکۆ، قەڕ، مەزنی، گەورەیی، کاری گەورە
**خطبه:** خوتبە، وەعز، مۆجیاری، وتە، وتاری ئایینی
**خطبه:** خوازبێنی، مارەبڕان، داواکاری، خوێندنەوەی وتاری مارە بران، ئەو ژنەی خوازبێنی لێکرابێت
**خطر:** ١- نزیك بونەوە لە لەناوچون، مەترسی، ترس، ئەوە بێتە هۆی ترس و لەناوچون، خەتەر، پەتەر، سامدار ٢- شەرەف، گەورەیی، رێز
**خطرناك:** پڕمەترسی، مەترسیدار، خەتەر
**خطرة:** دەفعە، جار، کەڕەت، بار، دەفعە
**خط سبز:** گوگرە، زەردە مو، موی تازە رواو لە پشت لێوی کرانی تازە پێگەشتو
**خطف:** رفاندن، فڕاندن، رفاندنی شتێك بە خێرایی
**خطفه:** دزی، فراندن، رفاندن
**خط کش:** راستە، خەت کێش، ئەو ئامرازەی خەتی راستی پێ دەکێشن
**خطل:** نەزانی، گێژی، وڕی، قسەی هەڵێت و پلێت، پوچ و بێ مانا
**خطمأ:** لوت درێژ، کەپۆ باریك، رەش

**خطو:** هەنگاو هەڵگرتن، بەرێدا ڕۆشتن

**خطوب:** شان، گەورەیی، شکۆ، مەزنی

**خطـور:** بیرهاتـەوە، بیرکەوتنـەوە، بـە زیەنـدا هـاتن، بیرکەوتنەوەی بابەتێك دوای لەبیرچونەوە

**خطوە:** شەقاو، هەنگاو، قـەدەم، دووری نێـوان دوپێ لـە کاتی ڕۆشتندا

**خطـە:** خـەت کێشراو، زەوی سـنوردار، زەویـەك کـە بـۆ دروست کردنی خانو تیایدا بەدەوریـدا خـەت دەکێشن. ناوچە، شاری گەورە، وڵات

**خطە:** ١- کاری گەورە، کاری دژوار ٢- نـەزانی، گێژی، حۆلی، وڕی

**خطي:** خەتی، کتێبێك کەبەدەست نوسرابێت، دەسنوس

**خطیئە:** خەتا، تاوان، سوچ، گوناح، هەڵە، کاری شەڕ

**خطیب:** وتار خوێن، وتاربێژ، ئەو کەسەی وتاری ئـاییني دەخوێنێتەوە

**خطیر:** گەورە، پایەبەرز، ڕێزدار، خاوەن شکۆ، شـەریف، بەرێز

**خف:** ئـاگرگرە، پـوش و پـەلاش، هـەر شـتێك کـە خێـرا ئاگر بگرێت

**خف:** کەم، سوك، دەستەیەکی کەم، جەماعەتێکی کەم

**خف:** پێ پۆش، پێلاو، کەوش، سەوڵ

**خفاء** داشریاو، نهێنی، شاراوە، داپۆشراو

**خفاجە:** خەفاجە، هۆزێکی عەرەب کە لە مەدینـەوە بـۆ سنورەکانی عێراق کۆچیان کرد و بە زۆریـان دز بـون و حاجیەکانیان روت دەکردەوە

**خفــــاش:** چەکـچەکیلە، جیلجیلـی، چەکـچەکولە، شەمـشەمەکوێر، شەمــشە، شەقـشەقۆك، گوانداریکـە هاوشـێوەی مـشك و ڕەش ڕەنـگ، دەسـت و پێـی بـە پەردەیـەکی ئاسك پێکـەوە پەیوەست کـراوە و بۆتـە هاوشـێوەی بـاڵ کـە دەتوانێـت وەك باڵنـدەکان پێـی هـەڵفڕێت، پۆزەیـەکی باریـك و دو گوێـچکەی قـولاغ و دیانی زۆر تیـژی هەیـە، چاوەکانی کزە و لەبـەر ئەمـە ناتوانێـت لەهـەتاودا بێتـەدەر. ڕۆژەکـان لـە تاریکیـدا بەسەردەبات و شەوانە دێتەدەر

**خفاف:** پێلاو فرۆش، کەوش فرۆش

**خفت:** گرێ، ئاڵقە، گرێی تەناف

**خفت:** خەوت، نوست، خەوی لێکەوت

**خفت:** سوك بونن ریسوا بون، سوکی لـە جەسـتە یـا کـار یا مێشك

**خفتانیدن:** خەواندن، خەو لێ خـستن، تلانـدن، تلانـن، نڤانـدن، گەڤزانـدن، گەوزانـدن، گرێلکـرن، پـاڵ خـستن، نوساندن

**خفتك:** کابوس، مۆتەکە، شەوە، خەوی ئاڵۆز و پەرێشان

**خفتن:** خەوتن، نوستن، نڤستن، دەخەو چون، خەفتن

**خفتو:** بڕوانە خفتك

**خفتیـدن:** خـەوتن، نوسـتن، خـەفتن، خـەو لـێ کـەوتن، دخەو چون

**خفج:** شەوە، مۆتەکە، خەوی ئاڵۆز و پەرێشان

**خفچە:** شمش، شوشەی ئاڵتۆن یا زیو

**خفدە:** چەمیای، خوەهر، خوار، چەماوە، لار

**خفرق:** بڕوانە خفرگ

**خفرگ:** سست دەمار، بێ زات ناحەز، ڤێزەون، ئەحمەق

**خفرنج:** کابویس، مۆتەکە، شەوەی، خەوی پەرێشان

**خفش:** کەم سویی، کەم بینایی، نەخۆشی کەم بینین لـە سك وماوە

**خفش:** شەوکوێر، شەڤ کور، شەڤکوێر، ئەوەی بە شـەودا جوان ناتوانێت ببینێت

**خفقـان:** تـەپین، لێدان، لێـدانی دڵـە تەپـە، دڵەڕاوکێ، پەرێشانی

**خفگـی:** ١- تـەنگی نەفـەس، خنکـان، خەفـەبون، ئـەو حاڵەتـەی بـە هـۆی تونـد بـونی هەناسـەوە لـە مرۆڤـدا دروست دەبێت٢- کـەمی ئۆکسیژن لەهـەودا٣- گـۆڕینی باروودۆخی هەوا

**خفنج:** ناز وەکەر، عیشوە، سود، بەرژەوەندی

**خفە:** خفە، خنکاو، خەندەقی

**خفی:** داپۆشراو، شاریاوە، نهێنی، گۆشەگیر، ئەو کەسـەی لە خەڵك خۆبەدوور دەگرێت

**خفیدن:** ١- هەناسە لێدان، هەناسە کێشان، پژمین، ٢- تەپین، خەفە بون، خنکان

**خەفیر:** پاسەوان، زێرەڤان، دیدەوان، پشت و پەنا، پشتیوان

**خفیف:** سوك، سڤك، نەرم، دژی قورس، چوست و چالاك لە کاردا

**خفیە:** ١- داپۆشۆران، خۆشاردنەوە، خۆ حەشاردان، نهێنی، شاریاوی

**خفیە:** شاراوە، داپۆشراو، شاریاو،

**خل:** گێژ، حۆل، وڕ، کەم عەقڵ، بێ ئاوز، هەبلە، خوەلی، پەتیارە

**خل:** خۆڵەمێش، سوتو، سوتك، وردە ئاگر کە لە ژێر خۆڵەمێشدا مابێتەوە

**خل:** چڵم، ئاوی خەستی کەپۆ کە لە لوتی مرۆڤ یا ئاژەڵ بێتەدەر

**خل:** سرکە

**خل:** هاوڕێ، یار، دۆست، هاوڕێی یەکدڵ

**خلاء** بۆشایی، شوێنی چۆڵ، شوێنێك کەکەسی لێ نەبێت. بە مانای مەستەراو و شوێنی دەست بە ئاو گەیاندنیش دێت

**خلائق:** ئافرێنراوان، دروست کراوان، خولقێنراوان، خەڵك، خەڵکان

**خلاب:** قوڕاو، زەوی قوڕاوی، لیتاوی، ئەو زەویەی پێی تیا بچەقێت، زۆنکاو

**خلاب:** فریودان، هەڵخەڵەتاندن، بە زمانی خۆش کەسێك هەڵخەڵەتاندن

**خلاب:** زمان چەور، زمان لوس

**خلاش:** ئاژاوە، هەراوهوریا، فیتنە، هاتو هاوار

**خلاشە:** پوش و پەڵاش، پوشکە، پوش

**خلاص:** رزگاربون، رزگاری، ئازاد بون، دەربازبون، پەرینەوە، دەرچوون

**خلاص:** پاك، بێ ڕیا، بێگەرد، زێڕ یا زیوی بێ غەل و غەش

**خلاصە:** هەڵبژێردراو، دیاری کراو، جیاواز، پاك، پاقژ

**خلاعت:** سوکی، بێ سامانی، هەوا و هەوەس، پیری، نەترسی، نەترسیان

**خلاف:** ١- پێچەوانە، دژ، نەیار، ناسازگار، ناڕەزامەندی

**خلافت:** خەلافەت، جێگرتنەوەی کەسێك، جێ نشین بون، جێگری، جێگری پێغەمبەر

**خلافکار:** تاوانبار، هەڵەکار، ناسازگار، ئەوەی کاری نەشیاوو ناڕەوا ئەنجام بدات

**خلاق:** بەش، پشك، پار، بەهرە

**خلاق:** ئافرێنەر، داهێنەر، دروست کەر، بەدیهێنەر، خولقێنەر

**خلال:** دان پاکەرەوە، چیلکەیەکی باریك کە دیانی پێ پاك دەکەنەوە، خلال، خلال دیان

**خلال:** فیرۆیی، رەخنە، ویرانی، خاپوری

**خلال:** سرکە فرۆش، ئەو کەسەی سرکە دروست دەکات

**خلالوش:** هات و هاور، هەرا، هەراو هوریا، دەنگە دەنگ

**خلان:** قوڕا، لیتاو، گڵ و ئاو

**خلان:** هاوڕێکان، یاران، هاوەڵان

**خلاندن:** رۆکردن، تێ چەقاندن، کردنە ناو، تێکردن، رۆکردنی شتێکی باریك وەك دەرزی و چەقڵ و هاوشێوەکانی لە جەستەدا، تێراکردن

**خلاوە:** سەرگەشتە، سەرگەردان، ئاوارە، شپرزە، شێواو، پەرێشان

**خلایا:** کەنو، کەندو، هێلانە زەردەواڵە، کونە زەردەواڵە

**خلبان:** فڕۆکەوان، فڕوکەبەر، فڕۆکڤان

**خلپلە:** ناڕاستی، خواری، لاری، مەکەر، تێکەڵ و پێکەڵ

**خلت:** هاوڕێیەتی، برادەری، هاوەڵی

**خلجان:** پەڕین، فڕین، چاوفڕین، فڕینی پێڵوی چاو، دڵ ناشۆ بوون، دڵەتەپێ، شڵەژاوی

**خلخال:** پاوانە، پێبەند، خەڵخاڵ، ئەو ئاڵقەی کە ژنان بۆ جوانکاری لە قاچی خۆیانی دەبەستن

**خلد:** خۆڕاگری، هەمیشەیی، سەقامگیری، دایمی

**خلد:** مشکەکوێر

**خلدستان:** بەهەشت، شوێنی سەرسەوز و ئاو و هەوا خۆش

**خلس:** رفاندن، فراندن، بردن

**خلسه:** ١- رفاندن، رفێنراوی، ٢- هەل، دەرفەتی گونجاو، ٣- خەڵسە، حاڵەتی نێوان وخەو و وشیاری لە کەسی عارف و سۆفیدا، لەخۆچون، بێخۆبون

**خلش:** تێچون، رۆچون، تێراچون، پیاچون، چونە ناوەوەی شتێکی باریکی وەك دەرزی بە پێستی جەستە

**خلص:** هاورێ، دۆست، یار، هاورێی گیانی بە گیانی

**خلصاء** هاورێیان، دۆستان، ئازیزان

**خلصان:** هاورێی گیانی بە گیانی

**خلط:** تێکەڵ کردن، تێکەڵاو کردن، ئاوێتە کردن، تێکەڵ کردنی شتێك لە گەڵ شتێکیتر

**خلط:** تێکەڵ کراو، ئاوێتە کراو، قاتی کراو، ئەوەی تێکەڵ بە شتێکیتر بوبێت

**خلطه:** بەشداری هاوپشکی، هاتوچۆ، تێکەڵبون، نزیکی

**خلع:** هەڵکەندنن لابردن، لەسەر کار لابردن، لابردنی کەسێك لەسەرکار و پیشەی خۆی

**خلع:** تەلاَق دان، تەلاَق دانی ژن بە وەرگرتنی ماڵێك لەو یا بەخشینی مارەییەکەی

**خلعت:** دیاری، خەلاَت، پێشکەشی، جل وبەرەگی دوراو کە لە لایەن کەسێکەوە پێشکەش بە کەسێکیتر دەکرێت

**خلف:** درۆ، بوختان، نارەوا، قسەی ناراست، پێچەوانەی بەڵێن

**خلف:** دوا، پشت، پشتەسەر، سەدە لەدوای سەدە، و ژمارەیەك کە دای ژومارەیەکیتر دێن، پاشکۆ

**خلف:** مناڵ، مناڵی باش و صالح. ئاڵە گۆر، سەودا

**خلفاء** ئەم وشەیە کۆیە و بە مانای خەلیفەکان دێت. جێگرانی پێغەمبەر

**خلق:** ئافراندن، بەدیهێنان، خولقاندن، دروست کردن،

**خلق:** ئافرێنراو، خولقێنراو، بەدیهێنراو، دروست کراو

**خلق:** خو، عادەت، رەوشت، داب، خولق

**خلق:** کۆنە، شرە، دراو، رزاو،

**خلقان:** کۆنە، دراو، رزاو و شڕ

**خلقت:** ئافراندن، سرشت

**خلل:** رەخنە، ئیراد، عەیب لەکار، فیرۆیی لە کار، کراوەیی نێوان دوشت، درز، کەلێن، قەڵشت

**خلل پذیر:** رەخنەوەرگر، شیاو بۆ بۆفیرۆبوون لەناوچون، هەر شتێك بتوانرێت بە فیرۆ بدرێت یالەناو بچێت

**خلم:** چلم، کەمێلە، ناوی لوتی مرۆڤ و هەندێ لە ئاژەڵەکان

**خلم:** ١- یار، هاورێ، دۆست، ٢ - شوێنی خەوی ئاسك ٣- چەوری، بەز، چەوری و ریخۆڵەی مەڕ

**خلن:** چلمن، ئەوەی لوتی هەمیشە بە چلمە و لوشەی دێت

**خلنج:** دوورەنگ، ئەبلەق

**خلنج:** نقوچك، نقووچ، نقورچك

**خلنگ:** ئەبلەق، دوورەنگ، هەر شتێك رەش و سپی بێت، رەش وسپی

**خلو:** خاڵی، بێ ناو، بەتاڵ، تاك، تەنیا، تەك

**خلو:** خاڵی بون، بەتاڵ بون، تەنیابون، تەنیایی، تاکیەتی

**خلوت:** تەنیایی، تاقانەیی، شوێنی چۆڵ، چۆڵەوانی، جێگای تەریك

**خلوت گزین:** گۆشەگیر، تەنیا، ئەو کەسەی تەنیایی و گۆشەگیری هەڵبژێرێت

**خلوت نشین:** گۆشەگیر، ئەوەی بەتەنیا لە شوێنێکدا دادەنیشێت بە مەبەستێکی تایبەت

**خلوتی:** تەنیا، گۆشەگیر، ئەوەی بە تەنیا دادەنیشێت

**خلود:** هەمیشە بون، هەمیشە مانەوە، هەمیشەیی، بەردەوامی، دایمی، جاویدانی، نەمر، هەتاهەتایی

**خلوص:** ١- پاك بونەوە، بێ رازانەوە، پاقژبونەوە ٢- سادەیی، ساکاری، پاکی

**خلوق:** بۆنی خۆش، تێکەڵەیەکی بۆنخۆش کە بەشی زۆریەکەی زەعفەرانە

**خلولیا:** ١- مالیخۆلیا، نەخۆشیەکی دەماغیە نزیك لە شێتی ٢- بێ شەرمی، بێ حەیایی، نەترسی

**خله:** سەوڵ، سەڵپ، سەڵپی، بێڵی کەڵەك لێخورین

**خلـه:** هـەڵیت و پڵیـت، بێهـۆ، فـیرۆ، هـەرزە، ئـاژاوە، دەنگەدەنگ، قەرەباڵغی

**خله:** کارگ، قارچ

**خله:** چڵم، ئاوی لوت

**خله:** ١- کون، تونێل، ٢- خوا، عـادەت، داب، سرشت ٣- سرکە، شەراب، ٤- نیازمەندی، هەژاری، دەست کورتی

**خله:** کالآن، کالآنی شمشێر کەبـە پێست داپۆشـرابێتز و بەمانای هاوڕێەیتی و برادەریش دێت

**خله:** ١- هاوڕێیەتی، پاکی، دۆستایەتی، ٢- خو، عـادەت، رەوشت

**خلـیج:** شـاخاو، ئـاودڕ، کوریـان، دەلاف، کەنـد، کەنـداو، بەشێك لە دەریا کە لە وشکانیدا رۆشتبێتە پێش

**خلیدن:** تێچون، پیاچون، تێراچون، تێـچەقین، رۆشـتنە ناوەوەی شـتێکی باریـك وەك دەرزی و بزمـار لـە پێست یا لە شتێکیتر

**خلیس:** سەرسپی، پیاوێك کـە مـوی سـەری سپی و رەش بێـت، سـەر مـاش و برنجی. بـەمانای وشیار و دلێریـش دێت

**خلیش:** قوراو، لیتاو، قوڕ و چڵپاو، گڵ و ئـاو، بـە مانـای شەڕ و ئاژاوەیش دێت

**خلیط:** هاوپشك، بەشدار، شەریك، هاوبەش. و بە مانـای هاوسەر یا مێردیش دێت

**خلیع:** دەرکراو، دورکـراوە، منالێك کە بـاوکی لـە خـۆی دووری کردبێتەوە. لەسەر کارلابراو، لابراو، دەرکراو. و کەسێك کە لەسەر کارەکەی دەرکرابێت

**خلیعه:** هەرزە، ژنی خۆسەر، ژنی بێ حەیا

**خلیعـــه:** رسـوایی، ئابڕووچـون، نەترسـی لەهــەوا و هەوەس، بێ شەرمی

**خلیفه:** خەلیفە، جێنشین، جێگر، شوێنگر

**خلیق:** شیاو، شایان، ژێهاتی، خوگیر، هاوخوو

**خلیقه:** سرشـت، عـادەت، خولق، سروشـت. ئـەوەی خـوا ئافراندبێتی

**خلیل:** دۆست، هاوەڵ، هاوڕێی گیانی بە گیـانی، راستگۆ، راست

**خلیه:** کەندوو، کەنو، کونی زەردەواڵە

**خلیه:** بێوەژن، ژنی بێ پیاو و منالّ

**خم:** خوار، لار، چـەماوە، دژی راسـت، پـێچ، لـولی لەقـژ، خوەهر

**خم:** خوم، دەفری سواڵەتی گەورە کە شـەراب یـا سـرکە یا شتیتری تیا هەڵدەگرن

**خم:** کولانە، هێلانە، کون، مریشکدان، ئەو شوێنەی بـۆ هێلکە کردنـی مریـشك دروسـتی دەکـەن. و نـاوی چـاڵی ئاوێکە لە مەدینە

**خمار:** چارشێو، رووبەنـد، پەچـە، سـەرپۆش، روپۆشـی ژنان

**خمار:** خومار، خەیاڵ، ئەو ژانە سەر و بـێ حاڵـەی دوا نەمانی سەرخۆشی لە مرۆڤدا دروست دەبێت

**خمار:** مەی فرۆش، شەراب فرۆش

**خمـار آلـود:** خومـاراوی، غـەمزە، چاوێکە کەحاڵـەتی خوماری تیا دەرکەوتبێت

**خماسی:** پێنجی، پێـنج دانـەیی، هـەر شـتێك لـە پێـنج بەش یا لەت پێکهاتبێت

**خماشه:** خەوش، بێ کەڵك، هـەر شـتێکی بـێ کـەڵك بـۆ فرێدان

**خمان:** کەوان، کەمان، کەڤان

**خمـان:** ١- پەسـت، سـوك، بـێ ئـابڕوو، ریـسوا، خـەڵکی سەرسـەری ٢- پەسـت، بـێ کـەڵك، هـەر شـتێکی شـیاوی فرێدان

**خماندن:** خـوار کـردن، چـەماندن، چـەمانن، لار کـردن، خوەهر کرن، لارکردنـی دار یـا شـتێکیتر، نوشـتاندنەوە، موچاندنەوە

**خمانیدن:** لاسا کردنەوە، دەمەلاسکێ، لاسایی کردنەوەی وتار و کرداری کەسێك بۆ گاڵتە کردن

**خمپاره:** خومپـارە، گولـە تـۆپی گـەورە، ئـەو گولـەی بـە خومپارەهاوێژ دەهاوێژرێت

**خمپاره انـداز:** خومپـارە هاوێـژ، ئـامرازێکی ئاگرینـەوە وەك تۆپ کە لولەیەکی باریك و دەمێکی گەورەی هەیە و خومپارەی پێ دەهاون

**خمخانه**: خومخانه، ماڵ یا ژێرزەمینێك كه خومی شەرابی تیا هەڵدەگرن. مەیخانه، شەرابخانه

**خم خوردن**: چەمانەوه، نوشتانەوه، چەمیانەوه، لاربون، خوار بون

**خم دادن**: چەماندنەوه، نوشتاندنەوه، لار كردن، خوار كردن

**خمدار**: لار، خوار، گێڕ و خوار

**خمر**: گوشراوی ترێ یا خورما كه كرابێته شەراب. هەرخواردنەوەیەك كه مەستی بە دواوه بێت. شەربا، ئارەق، مەی

**خمس**: پێنج یەك، یەك لەسەر پێنج

**خمستان**: مەیكەده، مەیخانه

**خمسه**: پێنج، ژماره پێنج

**خمسین**: پەنجا، ژماره پەنجا

**خمش**: : بڕوانه خاموش

**خمش**: رووشاندن، بریندار كردن، رووشانن

**خمك**: دایره، دەف، بازنه

**خمكده**: مەیخانه، شەراب خانه

**خمل**: ریشاڵ، پرزه، ریشۆڵه، ریشاڵ یا پرزی پارچه و هەرچی

**خم و چم**: عیشوه، ناز، مەكر، فێڵ و فەن، هونەر

**خمود**: ١- كوژانەوه، دامركانەوه، كوژیانەوەی ئاگر ٢- بێدەنگی، ئارامی، بێ هۆشی

**خموش**: بڕوانه خاموش

**خموشانه**: بێدەنگانه، بێقرانه

**خمول**: بێ ناو نیشان، ون، نامۆ، نادیار، ئەوەی ناو نیشانی دیار نەبێت

**خمیاز**: بڕوانه خمیازه

**خمیازه**: باوێشك، باێیشك، ژاژك، باوشك، دەم داچەقاندن لەبەر خەو هاتن

**خمیدن**: نوشتانەوه، خواربون، چەمانەوه، چەمینەوه، لاربون

**خمیر**: هەویر، هەڤیر، پات، خەمیرن، ئاردی تەركراوی شێلدراو

**خمیر ترش**: هەویر ترش، هەویره، ئامیانی هەویر

**خمیرگیر**: هەویر شێڵ، ئەو كرێكارەی لە نانەواخانه هەویر دەشێلێت

**خمیر مایه**: هەویره، هەویر ترش

**خمیره**: هەویر ترش

**خمیس**: پێنج شەممه، رۆژی پێنج شەممه

**خمیص**: ناوقەد باریك، پیاوێك كه سكی باریك و كێشراو بێت

**خن**: هەنبار، هەنباری كەشتی. بە مانای كون و دەلاقەیش دێت

**خنازیر**: غوده، ئاوساوی ژێر مل و قورگ، غودەی لیمفاوی

**خناس**: شەیتان، پیاوی بەد زات و پیس، خراپەكار

**خناق**: قورگێشه، ژانی قورگ

**خنبانیدن**: لاسایی كردنەوه، دەمەلاسكێ

**خنبیدن**: تەپڵ لێدان، دەست لەدەست دان، چەپڵە لێدان

**خنثي**: نێرەمۆك، ئەو كەسەی نه پیاو بێت نەژن، بێ مەترسی، كەسێك كه هەم كێری هەبێت و هەم قوز. ئەوەی ژن بون یا پیاو بونی دیار نەبێت

**خنج**: ١- ناز، عیشوه، مەكر، شادی، خۆشحاڵی ٢- سود، داهات، بەرژەوەندی، قازانج

**خنجر**: خەنجەر، خەنجێر، خەنجۆك، كێردی درێژی خواری دەسكدار كه پیاوان دەبەر خۆیانی رادەكەن

**خنجر گذار**: خەنجەر وەشێن، خەنجەردار، ئەو كەسەی به خەنجەر پەلاماری یەكێتر بدات و برینداری بكات

**خنجه**: شادی، شادمانی، خۆشحاڵی، كەیف، خۆشی و دەنگێك كەلەكاتی شادی و خۆشی له قورگ دێتەدەر

**خند**: بڕوانه خنده

**خنداخند**: دەم بە بزه، دەم بە پێكەنین، پێكەنینی بەردەوام و بەرز، قاقا

**خندان**: دەم بەبزه، دەم به پێكەنین

**خنداندن**: هێنانه پێكەنین، بزه هێنانه سەر لێو، دەمی كەسێك بە پێكەنین كردنەوه، ناچار كردن بە پێكەنین، كەناندن

**خندخند:** قاقا، پێکەنینی بەرز و بەردەوام، لیرقە

**خندریس:** شەراب، شەرابی کۆنە

**خندق:** خەندەق، خەنەك، خەندەك، خەرەند، کەندالی هەڵکەندراو

**خندمین:** پێکەنیناوی، کەنینی، پێکەنینی، ئەوەی بۆ پێکەنین بێت

**خندناك:** بڕوانە خندەناك

**خند و تند:** ژێرورو، تارومار، لەت و پەت، شەق و شڕ، پرژ و بلاو

**خندە:** خەندە، پێکەنین، کەنین، لێو بۆ پێکەنین کردنەوە، خەنین، خەنە

**خندە آور:** پێکەنیناوی، کەنیناوی، هەر شتێك پێکەنین دروست بکات

**خندە خریش:** گاڵتەجاڕ، قەشمەر، ئەوەی خەڵك پێی پێبکەنن

**خندەدار:** پێکەنیناوی، کەنیناوی، ئەوە پێکەنین دروست بکات

**خندەرو:** دەم بەبزە، روخۆش، رووگەش، کراوە، ئەوەی بەردەوام بزە لەسەر لێویەتی

**خندەناك:** شاد، دەم بەپێکەنین، بزە لەسەر لێو

**خندیدن:** کەنین، خەنین، خەنە کردن، پێکەنین

**خنساء** لوت قیت، لوت قنج، ژنێك کەسەری لوتی قنج و باریك بێت

**خنشان:** درەخشان، پیرۆز، موبارەك، مەیمون

**خنصر:** پەنجەی بچوکی دەستی مرۆڤ، توتە

**خنفساء** قالۆنچە رەشە، دەعبایەکەی رەش رەنگی بۆن ناخۆشە

**خنك:** فێنك، سارد، هۆنك، چیاگ، چاییگ، هین، سار

**خنگ:** سپی، هەر شتێکی سپی بەتایبەت ئەسپ

**خنگ:** گێژ، کاس، وڕ، حوڵ، نەزان، بێ هەست، بێ مێشك

**خنگسار:** سەرسپی، ئەوەی هەموی موی سەری سپی بێت

**خنگ گردون:** خۆر، هەتاو، رۆژ

**خنگل:** زرێ، جلّ و بەرگی شەڕ لە کۆندا

**خنوس:** داشارین، وەشاردن، قەشارتن، حەشاردانن لەبەرچاو ون کردن

**خنیا:** سروود، گۆرانی، ئاواز، ستران،

**خنیاگر:** سترانبێژ، گۆرانیبێژ، ژەنەر

**خنیدن:** ١- دەنگدانەوە، دەنگدانەوەی دەنگ لە دەشت و دۆڵ و لەناو حەمام٢- ناوداربون، ناسران، ناودەرکردن

**خو:** خو، سرشت، عادەت، خولق، خدە

**خو:** داربەست، داربەند، ئەوە دارانەی کرێکار بۆ کارکردنی لەبینای بەرز بەکاری دەبەن

**خواب:** خەو، خەڤ، نوستن، حاڵەتی حەسانەوە لە مرۆڤ و ئاژەڵ کە هاوڕێ یە لەگەڵ ئارامی و لە کارکەوتنی هەستەوەرە رووکەشەکان

**خواب آلود:** خەواڵو، چاوبەخەو، ئەوەی لە خەو هەستابێت بەلام خەو بەری نەدابێت

**خواباندن:** خەواندنن خەو لێخستن، خەفاندن، نواندن، دەخەو کردن، نڤاندن

**خواب آور:** خەو هێنەر، خەڤ هێن، هەر شتێك ببێتە هۆی خەو هاتن

**خواب دیدن:** خەو بینین، خەو دیتن، لەخەودا بینینی شت

**خواب رفتن:** ١- خەو لێکەوتن، خەو بردنەوە، دەخەو راچون ٢- تەزین، سڕبون، تەزین و بێ هەست بونی دەست یا پێ بە هۆی زەختێك کە لێی دەکرێت

**خوابستان:** بڕوانە خوابگاه

**خوابگاه:** نوستنگە، خەوگە، ژووری خەوتن، تەختی خەو، قەرەوێڵە

**خواب گزار:** خەو لێکدەرەوە، ئەوەی خەو لێك دەداتەوە

**خوابناك:** خەواڵو، چاو بەخەو، دەخەو راچو

**خوابنامه:** خەونامە، کتێبی خەون لێکدانەوە

**خوابنیدن:** خەواندن، نواندن، دەخەو کردن

**خوابی:** گۆزە، کوزو، دەفری سواڵەت

**خوابیدن:** خەوتن، نوستن، خەفتن، خەو لێکەوتن، خەو بردنەوە، نڤستن

**خوابیده:** خەوتو، خەو لێکەوتو، خەفتو، نوستو

**خواجه:** گەورە، خاوەن، ئاغا، سەروەر، خودان، خواوەند، شێخ، ماڵدار، دەوڵەمەند. و پیاوێک کە گونیان دەرهێنابێت، خەساو

**خوار:** زەلیل، کەساس، ناتەوان، پەست، سوک، ریسوا، هیچ

**خوار:** خۆر، هەتاو، رۆژ

**خوار:** بۆرە، دەنگی مانگا و گوێرەکەو و مەڕ

**خوار:** سست، لاواز، نەرم، بێ هێز، نەرم و لاواز لە خەڵك و هەرچی

**خواروبار:** شتومەکی خواردن، ئەوەی خەڵك دەیخوات، رزق، خواردەمەنی، ئازوخە، ئازوقە

**خوارتن:** زەلیل، لەخۆبوردو

**خوارج:** خەواریج، ناوی دەستەیەك لە موسوڵمانان. ژومارەیەك لە سوپاکەی خەلیفە عەلی کە لە شەڕی صەفیندا لەو خەلیفەیە جیابونەوە و دژایەتیان لەگەڵدا دەست پێکرد

**خوارسار:** زەلیل، سوك، ناتەوان، بێ هێز، پەست، ریسوا

**خوارکار:** سوککەر، ستەمکار، جنێوفرۆش، دەم پیس، جوێندەر

**خوازە:** تکا، داواکاری، خواست، مەبەست، داخواز

**خوازەگەر:** خوازیار، داواکار، تکاکار، داخوازکەر

**خواست:** خواست، مەبەست، حەز، ئیرادە

**خواستار:** خوازیار، داواکار، داخوازکەر، داواکەر

**خواستگار:** خوازیار، داواکەر، داخوازکەر، خوازبێنی کەر، ئەوەی کچێکی بۆ پەیوەندی ژن و مێردایەتی بوێت و خوازبێنی بکات

**خواستن:** ویستن، داوا کردن، داخواز کردن، خوازیاربون، تکا کردن، ئارەزو کردن، ئیرادە کردن، خۆش ویستن، کەسێك بۆ لای خۆ بانگ کردن، حەز، ئارەزوو

**خواستە:** زێڕ و ماڵ، سامان، دارایی

**خواص:** ١- کەس و کار، نزیکەکان، خزم، ئاشناکان ٢- سەرۆك و هەڵبژێراوانی نەتەوە یا تایەفەیەك

**خواص:** ئەو کەسەی گەلای خورما دەفرۆشێت، گەلا فرۆش

**خوافی:** داپۆشراو، شاریاوە، داشاریاو، داشاریاگ

**خوالیگر:** چێشتلێنەر، ئاشپەز، زادچێکەر

**خوامش:** جۆگە، رێڕەوی ئاوی بچوك، جۆگەلە

**خوان:** خوان، سفرە، خوانچە، مەجمەعە، تەشپی، سینی، ئادە

**خوان:** خیانەتکار، ئەوەی خیانەت پیشەیەتی

**خوان پایە:** سفرە، مێزی نان خواردن،

**خوانچە:** خوانچە، سفرەی بچوك

**خواندن:** خوێندن، خوەندن، خواندن، خوێندنەوەی رۆژنامکە یا کتێبێك

**خوان سالار:** خوان سالار، سەرپەرستی سفرەی ماڵ، چێشت لێنەر

**خوانین:** خنا، خانەکان، میرەکان

**خواو:** خەو، خەف، نوستن

**خواهان:** خوازیار، داواکەر، داخوازکەر

**خواهر:** خویشك، خوشك، والە، خێشك، خوە، هاوشیرە، کچێك کە لەگەڵ کورێك یا لەگەڵ کچێکیتر لەیەك دایك و باوك بێت

**خواهر اندر:** زڕ خوشك، ئەو خوشکەی لەگەڵ یەکیتر لە یەك دایك و باوك نەبێت

**خواهش:** ویستن، ئارەزوو، حەز، ئامەزرۆیی، تکا

**خواهشگر:** تکاکار، پاڕێرەوە، ئەوەی داوای شتێك دەکات و دەپاڕێتەوە

**خواهشمند:** تکاکار، داواکار، ئارەزدار

**خواه ناخواه:** بفێت نەفێت، خازراو و نەخوازارو، بتەوێت یا نەتەوێت، پێت خۆش بێت یا پێت خۆش نەبێت

**خواهە:** بڕوانە خواهش

**خواهیدن:** بڕوانە خواستن

**خوب:** باش، چاك، پەسەند، بەدڵ، دژی خراپ. و بەمانای جوان و روگەش دێت

**خوبرو:** جوان، روخسار مانگ، روگەش، ئەو کەسەی روخساری جوانی هەبێت

**خوپخێن:** مۆمیا، مۆمیایی

**خوپـذیر:** خوگیر، عادەتگر، ئەوەی بروانەسەر خو و خولقی کەسێکیتر

**خوپله:** نەزان، گێژ، وڕ، کاس، حۆڵ، کەم عەقڵ

**خوج:** تاج، پۆپە، پۆپکەکەڵەشێر، ئە تیکە گۆشتە سور رەنگەی لەسەر سەری کەڵەشێر دەروێت، کوفیکا دیکلی

**خوخ:** قۆخ، هەشتالو، خۆخ، هەشتاوی

**خـود:** خـودە، کـڵاوی ئاسـن، ئـەو کـڵاوەی ئاسـنیەی لەشەڕدا لەسەری دەکەن، کومزری

**خود:** خۆ، خودی من، خۆم

**خـودارا:** خۆڕازێنـەرەوە، ئـەوەی زۆر گرنگـی بـە جوانیکاری روخسار و جل و بەرگی خۆی دەدات

**خود بخـود:** لـەخۆوە، هەرلـەخۆوە، بـێ هـۆ، بـێ حـەز و ئیرادەی کەسیتر

**خودبین:** خـۆبینن خۆپەرەست، لـەخۆڕازی، لـەخۆبایی، ئـەوەی تـەنیا خـۆی ببینێـت و سـەرنج بـە کەسـانیتر نەدات

**خود پرست:** خۆپەرەست، خۆبین، لەخۆبایی

**خود پسند:** لەخۆبایی، لەخۆڕازی

**خودتراش:** گوێزان، موس، مەکینەی ریش تاشین

**خودخروه:** پۆپە، پۆپەکەڵەشێر

**خودخواه:** لەخۆڕازی، لـەخۆبایی، خـۆبین، بـەفیز، بـایی هەوا

**خودخـور:** خۆخـۆر، خـەمۆك، ئـەوەی خەفـەتی زۆر دەخوات و لەخەم خواردنی زۆر لاواز و کز دەبێت

**خوددار:** خـۆڕاگر، بەسـەبر، خۆپـارێز، ئـەوەی خـۆی لـە کارە نەشیاوەکان بەدوور بگرێت

**خودرایی:** لـەخۆبایی، هـەوادار، بـایی هـەوا، ئـەوەی بـێ تێفکرین و راوێژ کردن لەگەڵ کەسانیر کارەکانی بکات

**خودرو:** خۆرسك، گیایەك کە تۆوەکەیان نەچاندبێت و خۆی روا بێت

**خودرو:** ترۆمبێل، ئەوەی خۆی بڕوات

**خودســـتا:** لـەخۆبایی، کەسـێك کەشـانازی بـە کـارو کردەوەکانی خۆی بکات

**خودسر:** خۆسەر، سەرەخەر، لاڕێ، ئەوەی تەنیا بە حەز و ئیرادەی خۆی کاردەکات

**خودسرانه:** خۆسەرانە، لەخۆباییانە

**خودفروش:** خـۆفرۆش، فشەکەر، قەحبـە، روسـپی، ژنـی گاندەر

**خودکار:** خۆکار، خۆکرد، دەزگا یا ئامرازێك کەخۆی کار بکات و بەدەست هەڵینەسووڕێنن

**خودکام:** بایی هەوا، هەوادار، بەفیز، خۆبەزل زان

**خودکرده:** خۆکرد، ئەوەی کەسێك بـێ راوێـژ کـردن بـە کەسانیتر کردبێتی

**خودکشی:** خۆکوژی، خۆکوشتن، بە ژەهر یـا بەخەنجەر یا بەهەر شتێکیتر کوشتنی خۆ

**خودگزین:** خۆپەرەست، خۆبەزل زان، بایی هەوا

**خودمانی:** خۆمانە، وەك خۆ، بەتایبەتی، خۆیی

**خود مختار:** خودموختار، کەسێك کە لە کارەکانی خۆیدا ئـازادی تـەواوی هەیـە. و لـە فەرهـەنگی سیاسـیدا بـە سـەرزەمین یـا پارێزگـا یـا وڵاتێـك دەوترێـت کـە لـە بـەڕێوبردنی کاروبارەکـانی خـۆی سەربەسـتی تـەواوی هەیە

**خود نمـا:** خونـوێن، ئـەوەی بـەکارو کردەوەکـانی خـۆی دەنوێنێت

**خودی:** خۆیی، ئاشنا، دژی بێگانە

**خور:** تاف، هەتاف، خۆر، رۆژن تیشك

**خور:** خوارادن، خواردەمەنی، خۆراك

**خور:** سستی، لاوازی، بێهێزی، ناتەوانی

**خورا:** شیاو، ژێهاتی، ژ هەژی

**خورا:** بڕوانە خوراك

**خوراك:** خواردن، زاد، خۆراك، خواردەمەنی، ئەو بڕە لە خـوارۆدن کـە یـەك کـەس بیخـوات، چێـشت، شـیاوی خواردن

**خورانـدن:** دەرخـواردان، پـێ خـواردن، ناچـار کردنـی کەسێك بۆ خواردن

**خورخجيون:** كابويس، مؤتەكە، خەوى پەريشان

**خورد:** خواردن، خواردەمەنين چيشت، نان

**خوردپز:** چيشت لينەر، زادچيكەر

**خوردن:** خواردن، قوتدان، خواردن، بردنە ناوەوەى خواردن لە قورگ، شتيك خستنە ناو دەم قوتدانى

**خوردەپز:** چيشت لينەر

**خوردى:** خوارن، خواردن، خواردەمەنى

**خورسند:** بږوانە خرسند

**خورش:** خۆرشت، خۆرشت، شلە، هەر شتيك كە بەنانەوە بخوريت

**خورشگر:** چيشت لينەر، زاد چيكەر

**خورشيد:** هەتاو، تاڤ، خۆر، رۆژ، تيشك، يەكيك لە همسارەكان كە زەوى و ئەستيرەكانى ديگە بە دەوريدا دەسووريّن. قەبارەكەى ١٣١٠٠٠٠ بەرابەرى قەبارەى زەويە و دووريەكەى لە زەوى ١٤٩ كيلۆمەتر و نزيكيترينى همسارەكان بە زەويە و تيشكەكەى لەماوەى ٨ خولەكدا بەزەوى دەگات. گەرمى ناو خۆر نزيكەى ٢٠ ميليۆن پلەى سانتى گرادە

**خورشيد پرست:** هەتاو پەرست، خۆرپەرست، رۆژ پەرست، ئەوكەسەى خۆر بپەرستيت

**خورشيد وش:** خۆرئاسا، وەك خۆر

**خورند:** شياو، شايان، ژيهاتى، ز هەژى

**خورنگاه:** خواردنگە، خارنگە، شوينى نان خواردن

**خورنگە:** بږوانە خوارنگاه

**خورە:** خۆرە، ئەوەى شتيك بخات و لەناوى ببات. نەخۆشى گولى

**خورە:** نور، تيشك، رونكاى، رۆشنايى، شكۆ، فەر

**خوز:** دوژمنى كردن، نەيارى، هەڵنەكردن، نەسازان، نەگونجان

**خوزى:** كوتراو، پانكراوە، گۆشتى كوتراو

**خوسانيدن:** بږوانە خيساندن

**خوست:** دورگە، وشكى نێوان دەريا. و بە ماناى شێلدراو و پاشێليش ديت

**خوستن:** ورد كردن، كوتان، شێلان،

**خوش:** خۆش، شاد، سەرسەوز، چاك، باش

**خوشاب:** خۆشاو، تێراو، ئاودار، تەرو تازە

**خوش اخلاق:** ئەخلاق شيرين، روگەش، روكراوە، خۆش خولق

**خوش اقبال:** خۆشبەخت، بەشانس، بەختەوەر

**خوش الحان:** دەنگ خۆش

**خوشامد:** ئەوەى بێيتە هۆى شادمان بون، پيرۆزبايى كردن، خولق كردن، بەخێرهێنان

**خوش اندام:** ئەندام رێك، بێ عەيب، ئەوەى ئەندامى رێك و جوان بێت

**خوش آواز:** دەنگ خۆش، خۆش خوێن

**خوشايند:** بەدڵ، پەسەند، دلگير، وتە يا شتێك كە كەسێك پەسەندى بكات

**خوش باور:** خۆش باوەڕ، ساويلكە، سادە، ئەوەى بە خێرايى باوەڕ بە شتەكان دەكات

**خوش بخت:** خۆش شانس، خۆش بەخت، بەشانس، بەختەوەر

**خوشبو:** بۆن خۆش، خۆش بون، هەر شتێك كە بۆنى خۆشى هەبێت

**خوش بودن:** شادمان بون، خۆشحاڵ بون، بە كەيف بون

**خوشبين:** گەشبين، روناك بين، ئەوەى بۆ هەر كار و پێشهاتێك بە گومان و رەشبينيەوە لێی ناڕوانێت

**خوش پوش:** شيك پۆش، خۆش پۆش، ئەوەى جل و بەرگى جوان لەبەر بكات

**خوش تركيب:** ئەندام رێك، بەژن رێك

**خوشحال:** خۆشحاڵ، شاد، شادمان، بەكەيف

**خوش حساب:** خۆش حسێب، خۆش حساب، ئەوەى حسێب و كتێبى خۆش بێت

**خوش خدمت:** خۆش خزمەت، ئەوەى بە جوانى خزمەت بكات ئەوەى فەرمانى گەورەكەى خۆى بە جوانى ئەنجام بدات

**خوش خط:** خەت خۆش، ئەوەى نوسين و خەتى جوانى هەبێت، خۆش نوس

**خوش خلق:** خولق خۆش، رووگەش، كراوە

**خوشخو:** بروانه خوش خلق

**خوشخوار:** خۆشخۆر، ئەوەی خواردن بە تام و چێژەوە دەخوات. زۆر خور و هەوەها ئەوەی زۆر بخوات

**خوش خوان:** دەنگ خۆش، خۆش خوێن

**خوشخوراك:** خۆشخۆر، ئەوەی بەتام و چێژەوە خواردن بخوات

**خوش خوشك:** هێدی هێدی، هێواش هێواش لەبەر خۆشی

**خوش خیم:** رووگەش، کراوە، خۆش خو

**خوشدامن:** خەسو، دایکی ژن یا دایکی مێرد

**خوشدل:** دڵخۆش، بە کەیف، شادمان، شادان

**خوش راه:** خۆش رێ، ئەسپ یا چاروێ کە جوان بە رێگادا بڕوات

**خوش رفتار:** ئەخلاق شیرین، ئەوەی بە خۆشی لە گەڵ خەڵك هەڵس و کەوت بکات

**خوشرنگ:** خۆشڕەنگ، ئەوەی رەنگ و رووی جوانی هەبێت

**خوشرو:** رووگەش، رووکراوە، جوان، روخسار مانگ، ئەوەی روخساری جوانی هەبێت، دەم بە بزە

**خوش ریخت:** ئەندام رێك، بەژن رێك

**خوش زبان:** زمان خۆش، زمان شیرین، قسە خۆش،

**خوش سخن:** بڕوانە خۆش زبان

**خوش سرای:** خۆش خوێن، دەنگ خۆش

**خوش سودا:** خۆش مامڵە، ئەوەی سەودا و مامڵە کردن لە گەڵی خۆش بێت

**خوش سیما:** جوان، روخسار مانگ، ئەو کەسەی روخساری جوانە

**خوشکل:** جوان، رازاوە، بەدڵ، روخسار جوان

**خوش صحبت:** خۆش قسە، خۆش دو، زمان خۆش

**خوش صورت:** روخسار جوان، جوان

**خوش طالع:** بەبەخت، بەشانس، خۆش شانس

**خوش طعم:** تام خۆش، ئەوەی تام و چێژی خۆش بێت

**خوش ظاهر:** رازاوە، ئەوەی روخساری جوان بێت و ناخی نا

**خوش عاقبت:** ئەنجام خێر، ئەو کەسەی ئەنجامەکەی خێر بێت

**خوش علف:** خۆش ئالف، ئەو ئاژەڵەی ئالف بە جوانی دەخوات

**خوش قامت:** بەژن رێك

**خوش قدم:** پێ پیرۆز، ئەوەی هاتنی خێری لەگەڵدا بێت

**خوش قلب:** دڵپاك، دڵ ساف، خێرخواز، چاکەخواز

**خوش قول:** خاوەن بەڵێن، ئەوەی بەڵێنەکەی خۆی بباتە سەر

**خوش قیافه:** جوان، روخسار مانگ

**خوش کلام:** قسە خۆش، وتە خۆش، ئەوەی قسەکانی بەدڵ و پەسەند بێت

**خوش گام:** خۆش پێ، ئەسپی خۆش پێ

**خوش گذران:** خۆش رابوێر، ئەوەی بەخۆشی ژیان دەباتە سەر

**خوشگل:** بڕوانە خوشکل

**خوشگو:** خۆشدو، قسە خۆش، خۆش وتە

**خوشگوار:** شیرین، بەتام، بەچێژ، خواردنێك کە بەخێرایی هەرس بکرێت

**خوش لباس:** شیك پۆش، ئەوەی جل و بەرگی جوان و رازاوە لەبەر بکات

**خوشمزه:** بەتام، خۆش، بەچێژ

**خوش منش:** بڕوانە خوشخو

**خوش منظر:** جوان، رازاوە، دڵپەسەند

**خوشنام:** خۆشناو، خۆشناڤ، خۆشنێو، ئەوەی بە چاکە ناوی دەرکردبێتن

**خوش نگرش:** گەشبین، خۆشبین

**خوشنوا:** دەنگ خۆش، خۆش خوێن

**خوشنواز:** ژەنەر، لێدەر، ژەنەری باش

**خوشنود:** بڕوانە خشنود

**خوش نویس:** خۆش نوس، خەت خۆش

**خوشوقت:** خۆشحاڵ، شادمان، شاد

**خوشه:** بۆڵ، ئویشی. چەندین دەنك میوەی پێکەوە پەیوەست. وەك بۆڵە ترێ، یا بۆڵی خورما

**خوشه چین:** نەدار، هەژار، دەست کورت، مەبەست لە ژن یا پیاوێکی هەژارە کە دوای دروێنە کردن لە ناو مەزاری گەنم وجۆدا بگەڕێت و سەقاتە بەجێ ماوەکان بۆ خۆی کۆبکاتەوە

**خوشیدن:** وشك بون، وشك هەلاتن،

**خوش یمن:** پرێوز، موبارەك، مەیمون و هەر شتێك بۆ مرۆڤ شانسی بە دواوە بێت

**خوصاء** چاو بەقوولاچو، مەبەست لە ژنێکە چاوی بە قوولدا چوبێت. بای گەرم کەلە چاو بدات

**خوض:** خۆخستنە ناو ئاو، خۆهەلدانە ناو ئاو، رۆشتنە ناو ئاو. رۆچون و تێفکرین لە کارێکدا

**خوف:** ترسان، زات نەمان، تۆقین، ترس، زات، ورە

**خوك:** بەراز، خو، خوگ، گاکوڵ، ئاژەڵێکە مالی و قەلەو، پێستی جەستەی ئەستورە و توکن، دەست وپێی بوچکە و چاوی بچوك، مێینەکەی لە تۆمانگیەوە ئامادەی جووتبون دەبێت و سالی دوجار دەزێت، ماوەی سکپڕی ئەو ١١٤ رۆژە و هەر جار شەش تا دوانزە بێچو بە دنیا دێنێت. هەر جۆرە خواردنێك دەخوات وەك پەتاتە، گێزەر، چۆندەر، ئالف، شەوەر، گۆشت و خوێن. لە زۆربەی ولاتەکان گۆشتەکەی دەخۆن بەلام لە ئیسلامدا حەرامە

**خوگر:** خوگر، خوگیر، عادەت گرتو، مرۆڤ یاناژەڵێك کە بە شتێك یا کەسێکەوە خوی گرتبێت، هۆگر

**خول:** پەرەستاری کردن، سەرپەرەستی کردن

**خول:** دیاری و بەخشینە خواییەکان وەك کەنیز و مەڕ و مالات

**خوله:** تیردان، شوێنی تیری کەوان

**خوله:** خالی، بەتاڵ، بێ ناو، دژی پڕ

**خون:** خیانەت کردن، دەغەلی، ناراستی

**خون:** خوێن، خێن، ونی، هوون، خوین. شلەمەنیەکەی سور رەنگە کە لە هەمو دەمارەکاندا هەیە و جستە لێی دەخوات و بۆنێکی تایبەتی هەیە. بڕەکەی لە ئاژەڵەگیاندارەکان یەك لەسەر سیانزەی کێشی جەستەی ئەوانە. مرۆڤێك کە کێشی ٦٥ کیلۆ بێت نزیکەی پێنج کیلۆ گرام خوێنی هەیە

**خونابه:** خوێناو، خوێن و ئاو، خوێنی تێکەڵ بە ئاو، فرمێسکی خوێنین

**خون آشام:** خوێنخۆر، دڵ رەق، بێ بەزەیی، خوێنڕێژ

**خون آکند:** خوێناوی، پڕخوێن، پڕلەخوێن

**خون آلود:** خوێناوی، خوێنی، تێکەلاو بە خوێن، هەر شتێك کە خوێنی لەسەر رژابێت و خوێناوی بوبێت

**خونبها:** خوێنبایی، بەهای خوێن، ئەو بڕە پارەی کوژەر بە پاشماوەکانی کوژراو دەدات تا لە گوناحەکەی خۆش ببن، دیە، قەرەبوی تاوانی کوشتنی کەسێك

**خونخوار:** خوێنخۆر، خوێنمژ، ستەمکار، دلڕەق، بێ بەزەیی

**خونخواه:** تۆڵەستێن، خوێنخواز، ئەوەی تۆڵەی دەوێت

**خون خوردن:** خوێن خواردن. مەبەست لە خەم و خەفەت خواردنی زۆرە

**خوندگار:** خاوەن، خاوەند، سەرومەر، گەورە

**خون دل:** خوێنی دڵ، خوێنی جگەر، خوێناو، مەبەست لە خەم و مەینەتی زۆرە

**خون رز:** شەراب، شەرابی دروست کراو لەترێ

**خون ریختن:** خوێن رشتن، خوێن رژانن، کوشتن، کوشتاری خەڵك

**خونریز:** خوێنڕێژ، خوێنخۆر، خوێنمژ، ئەوەی خوێن دەرێژێت و خەڵك دەکوژێت

**خونسرد:** ١- خوێن سارد، گیانلەبەرێك کە خوێنی ساردە و پلەی گەرمی ئەو بەرابەرە لە گەڵ پلەی گەرمی شوێنەکەی وەك مار و هەندێ لە خشۆکەکان ٢- خوێنسارد، خۆڕاگر، بەسەبر

**خونفشان:** خوێن پرژێن، خوێن پژێن، ئەوەی خوێنی لێ بچکێت

**خونکار:** خوێنخۆر، خوێنمژ، خوێنڕێژ

**خونکار:** خاوەن، خاوەند، گەورە، سەرومر

**خون کردن:** کوشتن، خوێن رشتن، خوێن رژانن

**خون گرفتن:** خوێن گرتن، گرتنی خوێن لە جەستەی کەسێك بەهەر شێوەیەك

**خونگرم:** ١- خوێنگەرم، هەر ئاژەڵێك کە خوێنەکەی گەرم بێت وەك گوانداران و باڵندەکان ٢- خۆشەویست، خوێنگەرم، میهرەبان، چاك

**خونگیر:** خوێنگر، خوێنگیر، رەگ زەن، ئەو کەسەی کاری خوێن گرتنە

**خونی:** خوێنی، تایبەت بە خوێن، خوێناوی، تێکەڵ بە خوێن و ئەوەی کەسێکی کوشتبێت

**خونین:** خوێنین، خوێنی، خوێناوی، تێکەڵ بەخوێن

**خونین جگر:** دڵ پڕ خوێن، جگەرخوێن، دڵخوێن، کەسێك کەدڵی پڕخەمی هەیە

**خونین دل:** بڕوانە خونین جگر

**خوهل:** خوەهر، خوار، چەماوە، نارێك، چەمیو، لار

**خوی:** خو، عادەت

**خوی:** ئارەق، عارەق، ئەو ئارەقەی لە لەش دێتەدەر

**خویش:** خزم، کەس و کار، نزیك

**خویش:** راناوێکی هاوبەشە بۆ یەکەم کەس و دووەم کەس و سێیەم کەسی تاك و کۆ، خۆ،

**خویشاوند:** خزم، کەس و کار، ئاشناکان، ئەوانەی بەهۆی دایك و باوکەوە بە خزمایەتی دەگەنەوە یەك

**خویش بین:** خۆبی، لەخۆبایی

**خویشتن:** خۆ، راناوێکی هاوبەشە بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ

**خویشتن بین:** خۆبین، خۆپەسەند

**خویشتن دار:** خۆراگر، بەسەبر، بەرگەگر، خۆپارێز، ئەوەی لە کارە نەشیاوەکان دووری دەکات

**خویشکار:** خۆکار، ئەرك ناس، ئەو کەسەی خۆی کار بکات و هەوڵ بدات

**خویشکام:** خۆپەرەست، لەخۆرازی، ئەوەی تەنیا بە دوای حەزەکانی خۆیەتی

**خه:** باش، وشەی دەسخۆشی کردن، ئافەرین، زۆرباش

**خی:** مەشکە، مەشك، پێستی ئاژەڵی گووراو کە ماستی تیا دەژەنن

**خیابان:** شەقام، خیابان، جادە، رێگەیەکی پان و فراوان لەشار کە خەڵك و کەرەستەکانی گواستنەوە هاتوچۆی لەسەر دکەن

**خیابان بندی:** شەقام لێدان، رێگا دروست کردن، جادە لێدان، نەخشە دارشتن بۆ دروست کردنی خیابان لەناو شار یا لەناو باغ

**خیابان سازی:** جادەسازی، جادە دروست کردن

**خیابان گرد:** شەقام پێو، ئەوەی بێ هۆ لەناو شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە و پیاسەدەکات

**خیار:** خەیار، خەیاڵ، ئەنجامدانی کارێك بە پێی حەز و ئیرادەی خۆ

**خیار:** خاوەن ئیختیار، هەڵبژێردراو لە هەر شتێك

**خیار:** خەیار، هاروێ، هارۆ، ئارۆ، خیار، میوەیەکە سەوز و درێژ و گەورە کە بە کاڵی دەیخۆن و ڤیتامینی A, B, C تیایە

**خیارچنبر:** ترۆزی، ترێزوو، چەمەرەخەیار،

**خیارشور:** خەیارشۆر، خەیاری سەوز کە لەناو ئاو و خوێ دا رایدەگرەن و وەك ترشی بە خواردنەوە دەیخۆن

**خیاره:** ١- یەك خەیار، خەیارێك ٢- ناسك، نازك، نەرم

**خیاط:** دەرزی، دەرزی کە جل و بەرگی پێ دەدورن

**خیاط:** خەیات، بەرگدور، بەرگ درو، ئەوەی جل و بەرگ بۆ خەڵك دەدورێت

**خیاطت:** دوورین، درومان، بەرگ دورین، جل دوورین

**خیال:** خەیاڵ، گومان، وەهم، هەست، حاڵەتێك کە لەخەون یا بێداری لە مرۆڤدا دروست دەبێت. هێزێکە کەبەهۆیەوە ئە و شتانەی کە لەسەردەمێکدا بینراون دەژێنینەوە، بیر، هۆش، کەڵکەڵە، رامان

**خیال اندیش:** بڕوانە خیالباف

**خیالباف:** خەیاڵ باف، ئەوەی بەردەوام لە دنیای خەیاڵدا دەژیت، خەیاڵاوی، خەیاڵی

**خیام:** خێوەت نشی، چادرنشین، چادر فرۆش، خێوەت فرۆش

**خیانت:** خیانەت، دەغەڵی، ناڕاستی، ناپاکی

**خیانت پیشە:** خیانەتکار، دەغەڵ، ناڕاست، خایین

**خیانتکار:** بڕوانە خیانت پیشە

**خیبت:** زیانکاربون، بێ هیوا بون، هیوا بڕان، بێ هیوایی، نائومێدی، بێ بەشی

**خیتال:** گاڵتە، شۆخی، گەمە، یاری، درۆ

**خیدع:** ١- ناڕاست، بێ باوەڕ، ئەوەی شیاوی باوەڕ پێکردن نەبێت ٢- گورگ، گورگی فێڵباز ٣- لاڕێ، ڕێگەی دژی مەبەست ٤- تراوێلکە

**خیر:** ١- حەیران، سەرگەردان ٢- بێهۆ، خۆڕایی، هەرزە

**خیر:** چاکە، خێر، باشی، دژی خراپی

**خیر:** چاکەکار، خێرخواز، چاکەخواز، خێرۆمەند، هەڵبژێردراو

**خیرات:** خێرات، کاری خێر، ئەو کارانەی سود و بەرژەوەندی بەخەڵك بگەیەنێت

**خیراندیش:** خێرخواز، خێرۆمەند، ئەوەی بیر لە خێر و خۆشی کەسانیتر بکاتەوە

**خیرخواە:** خێرخواز، خێرۆمەند، چاکەخواز

**خیرو:** ١- شەوبۆ، گوڵی شەوبو ٢- هەمیشە بەهار، گوڵی هەمیشە بەهار

**خیرە:** چاکەخوازتر، خێرخوازتر، هەڵبژێردراوتر

**خیرە:** نەترس، بێ شەرم، سەرکێش، یاخی، پێداگر، بێ حەیا

**خیرەچشم:** چاونەترس، پێداگر، بێ شەرم

**خیرەداری:** هەڵیت و پڵیت بێژ، زۆربڵە

**خیرە رای:** کەم عەقڵ، چاونەترس، بێ شەرم، پەست، نەزان

**خیرەرو:** بێ شەرم، ئەوەی بێ شەرمانە هەڵس و کەوت بکات

**خیرەسر:** پێداگر، بێ شەرم، بێ ترس، پەرێشان، شێوا، شپرزە،

**خیرەکش:** ستەمکار، زاڵم، خوێنڕێژ، ئەوەی بێ هۆ خوێن بڕێژێت

**خیری:** ١- شەوبو، گوڵی شەوبۆ ٢- هەمیشە بەهار، گوڵی هەمیشە بەهار

**خیری:** هەیوان، تاق، ڕەفە

**خیریت:** باشی، چاکی، لە پێشی

**خیز:** ١- خۆشکانەوە، گوژم دان، خۆکشانەوە بۆ پەڕین و بازدان ٢- بەرزی، بەرزایی، بەرزایی تاقی یا دیوار لە بینا

**خیزاب:** شەپۆل، پێل، مۆنج

**خیزان:** بڕوانە خیزیدن

**خیزبرداشتن:** پەڕین، بازدان

**خیزران:** خەیزەران، حەیزەران، دارێکە لە شوێنی گەرم دەڕوێ و لە قامیشی ناوپڕ دەچێ

**خیزیدن:** ١- خلیسکان، خزین، هەڵخلیسکان ٢- پەڕین، بازدان، بازبردن، لەزەوی هەستان و لەسەر پێ وەستان

**خیس:** تەڕ، تلیس، خوساو، شل، شتێك کەلەئاودا بوبێت و ئاوی لەخۆیدا هەلگرتبێت

**خیساندن:** خوساندن، تلیساندن، تەڕ کردن،

**خیسە:** کولانە شێر، لانەی شێر

**خیسیدن:** تەڕبون، تلیسان، خوسان

**خیش:** گاسن، گاوسن، هەفجار، ئاسنی نوك تیژ کە لەدەندەی ئامور دەخرێ و زەوی پێ دەکێڵن

**خیطل:** ١- سەگ ٢- پشیلە ٣- ڕەوە کولە

**خیك:** مەشك، مەشکە، پێستی گوراو کە ماست یا دۆی تیا دەژەنن

**خیل:** خێڵ، ڕەوە، ڕەوە ئەسپ

**خیلاء:** خاڵدار، ژنی خاڵدار

**خیلتاش:** هاودەستە، هاوگرو، دو سوپایی یا سەرباز کە پێکەوە لە یەك دەستەدا بن

**خیلخانە:** بنەماڵە، تایەفە، عەشیرە

**خیلی:** زۆرێك، بڕێکی زۆر، فراوان، زۆر، ژومارەیەکی زۆر، فرە

**خیم:** خو، عادەت، سرشت، سروشت

**خیم:** ١- برین، ڕووشان ٢- ئاوی دەم یا لوت، لیك، چڵم ٣- ڕیپۆق، ئەو چڵمەی لە سوچی چاودا کۆدەبێتەوە

**خیمە:** خێوەت، چادر، دەوارن ڕەشماڵ، تاوڵ

**خیو:** ئاوی دەم، تف، گلیز، لیك، لیکاو

# د

**د.د.ت:** دی. دی. تی. جۆره دەرمانێکی مێش کوژه بە شێوەی تۆز یا گیراوه

**د:** دال، دەیەم پیت لە ئالفابێتی فارسی کە بە دال دەخوێنرێتەوه

**دا:** نەخۆشی، ناخۆشی، دەرد، هۆ

**دائر:** ١- گەڕۆك، دەورلێدەر ٢- ئاوەدان، ئاڤا، ئاوەیان

**دائـره:** بازنـه، ئاڵقـه، قـەف، خـەتێکی خـڕ کـە دەوری شتێکی گرتبێت

**دائرەالمعـارف:** فەرهـەنگ نامـه، دایرەالمعارف، زانیـاری گـشتی، کتێبێـك کـە هـەمو دەسـتە واژه ئـەدەبی و زانـستیەکانی زمانێـك بـە پێـی پیتـەکان تیایـدا نوسـرا بێت، کۆگای زانست

**دائم الخمر:** هەمیشه مەست، ئەوەی بەردەوام بخواتەوه و سەرخۆش بێت

**دائم السفر:** گەڕۆك، ئەوەی بەردەوام لە سەفەردا بێت

**دائـم:** ١- دایـم، هەمیـشه، پایـەدار، بـەردەوام، هـەتا هەتایی، هەمو کات، هەمو دەمێك

**دائن:** قەرزار، قەرزدەر، وەرگر

**دائی قزی:** کچه خاڵ، خاڵۆزا

**دائی:** خاڵ، خاڵۆ، برای دایك، لالۆ

**داالبطن:** ژانه سك، ئازاری سك

**داالبقر:** سکچون، ئیسحاڵی، زکچون

**دأب:** عادەت، شان، خو

**دابر:** لایەنگر، شوێنکەوتو، دوماهی، کۆتایی هەر شتێك

**داه:** دە، ژمارەی دە،

**داه:** کەنیز، پەرستار، لەلە،

**داثر:** ١- بێ ئاگا، ناوشیار، ئاناگا ٢- کۆن، شڕ، دڕاو

**دا پرزه:** پەرسێلکه، پەرسوێلکه

**داج:** باربـەر، کۆڵبـەر، نۆکـەر، خزمـەتکار، بارەبـەر و نۆکەر بەتایبەت ئەوانەی لە گەڵ ڕێبوارانـدا دەڕۆن

**داحض:** خلیسك، لوس، خز، دورکەوەره، فیرۆ

**داحول:** داهـۆڵ، داوەڵ، ئـەوەی بـۆ لـە داو خـستی نێچیر دروستی دەکەن

**داخل:** ناو، ناوەڕۆك، نێوان، ناوەوه، دژی دەرەوه

**داخله:** ناو، ناوڕۆك، نێوان

**داخم:** ڕزق، ڕۆژی، خۆرشت، شله

**داخیـدن:** ١- جیـا کردنـەوه، پـرژ و بـڵاو کـردن، بـڵاو کردنەوه، ٢- ڕوانین، سەیری کردن، بە زەقی لە شتێك ڕوانین

**داد قال:** بڕوانه داد و فریاد

**داد باختـــه:** داد دۆڕاو، لـە خانـەی داد بـەو کەسـەی دەوترێت کەحوکم لە زیانی ئەو دەرچوبێت

**داد خواست:** داد خواز، شکایەت کردن، گلەیی کردن

**داد کردن:** دادپەروەری، داد دان، لـە ڕوی وێژدانـەوه داد کردن

**داد کردن:** هاوار کردن، ڤیژاندن، هاوار، ڤیژانن

**داد کیش:** ئەوەی ئایین و دینەکەی لەسەر ڕاستی و داد

**داد و دهش:** دان و بەخشین

**داد و ستاد:** ئاڵ و گۆڕ، دان و ورگرتن، مامڵه

**داد و ستان:** دان و وەرگرتن، ئاڵ و گۆڕ

**داد و ستد:** ئاڵ و گۆڕ، دان و سەندن، مامڵه

**داد و فریاد:** هات و هاوار، داد و بێداد، ڤاوەڤیژ، ڤیـژ و ڤاو

**داد:** داد، ماف، یاسا، وێژدان، حوکمی ڕەوا

**دادا:** ١- لەلـــه، دادا، دایـــه، خزمـــەتکاری پـــیر ٢- باوەگەورێن، باوەپیره

**دأداء** شەو، شەوی زۆر تاریك، ئەنگوستە چاو

**دادائیسم:** دادایسم. ڕێبازێکە لە ئەدەبیات کە لە ساڵی ١٩١٧ لە ئەوروپا دەرکەوت و شوێنکەوتوانی لە نوسراو و شێعرەکانی خۆیان وشەکانیان بە پێچەوانەی مانای ڕاستەقینەی خۆی بە کار دەبرد

**دادار:** دادگەر، بە ویژدان، دادپەروەر، بەخەشەر، ئافرێنەر، یەکێك لە ناوەکانی خوا

**داداش:** برا، کوڕی لە یەك دایك و باوك

**دادافرین:** داد ئافرێن، ئەوەی داد ماف ئافراندبێت

**داد بخش:** بە ویژدان، دادیار، دادپەروەر، دادخواز

**دادبردە:** داد براوە، براوە، لە خانەی داد بەو کەسە دەوترێت کە حوکم لە بەرژەوەندی ئەو دەرچووبێت

**دادبیرە:** دادنامە، وەرقەی حوکم لە ئێران پێش ئیسلام

**داد پاك:** دادپەروەر، دادیار، دادگەر

**داد پرس:** دادبەر، دادخوا، دادخواز، ئەوەی پەنا بۆ داد دەبات، داخوازیکەری داد

**داد پرور:** دادپەروەر، دادیار، دادگەر، بە ویژدان

**دادجو:** دادخواز، دادخوا، دادبەر،

**دادخواستن:** داد خوازی، دادبەری، دادخوایی، گلەیی کردن، شکایەتی کردن

**دادادن:** داد دان، ماف دانن بۆ خاوەن ماف گەڕاندنەوە، بەو شێوەی کە شیاوە دەرکردنی حوکم

**دادر:** برادەر، دۆست، هاوەڵ، یار، هاوڕێ کە وەك برا بێت، دەستەبرا

**دادراست:** دادگەر، دادپەروەر،دادیار، داد ڕاست

**دادرس:** دادڕەس، فریاد ڕەس، هانا، ئەوەی هاوکاری ستەم لێکراوێك بکات

**دادرك:** برابچوك

**دادرند:** براگەورە

**دادستان:** دادستێن، داوەر، دادڕەس، داواکاری گشتی،

**دادستان:** دادگە، دادگە، خانەی داد

**دادگاه:** دادگاه، دادگە، خانەی داد شوێنی داد، شوێنی کە دادی ستەملێکراو وەردەگێڕێتەوە، دادخانە

**دادگە:** دادگە، دادگا، خانەی داد

**دادگــــر:** دادگەر، خاوەن ویژدان، دادڕەس، یەکێك لەناوەکانی خوا

**دادگستر:** دادپەروەر، دادڕەس، دادیار

**دادگیر:** دادگر، دادستێن، تۆڵە ستێن، ئەوەی دادی بێ تاوان لە تاوانبار دەستێنێت

**دادفرما:** دادگەر، یەکێك لەناوەکانی خوا

**دادك:** دادە، دەدە، لەلە، تایەن، ژنی پیری خزمەتکار

**دادکار:** خاوەن داد، داد پیشە، ئەوەی کاری جێبەجێ کردنی داد و ڕاستیە

**دادن:** دان، پێدان، داین، بەخشین، بە دەستی خۆ شتێك خستنە ناو دەستی کەسێك

**دادنامە:** دادنامە، ئەو کاغەزی حوکمی دادگای تیا نوسرابێت

**دادو:** دادا، تایەن، خزمەتکاری پیر، لەلە

**دادوبیداد:** هات و هاوار، داد و بێداد، هەراو هوریا، قەرەباڵغی

**دادور:** دادوەر، دادگێڕ، دادگەر، دادپەروەر

**دادورز:** دادڕەس، دادگەر

**دادوند:** یەکسان، بەرابەر، وەك یەك، میانڕەو

**دادیار:** دادیار، داواکاری گشتی

**دار عیسا:** خاچ،داری عیسا، ئەو دارەی عیسای پێ لە خاچ درا

**دار:** دار، درەخت، داری بێ بەر یا بەردار

**دار:** دار، سێدارە، داری ئیعدام

**دار:** دیار، شار، وڵات

**دارا:** دارا، ساماندار، دەوڵەمەند، ماڵدار

**دارا:** گەڕەك، ناوچە، هۆز

**دارائی:** دارایی، سەرمایە، دەسهات، ماڵ، سامان

**دارائی:** دارایی، وەزارەتێك کە کاروباری ماڵیات و باجی لە ئەستۆدایە

**دارات:** شان، شکۆ، مەزنی، فەڕ

**دارادار:** خۆڕاگری، سەقامگیری، گیرودار

**دارافزین:** پەناگا، پاڵپشت، پەنا، پشت و پەنا، سەکۆ، بەرهەیوان

**داربام:** نێرگە، شاتیر، کۆڵەکە، ئەوە دارە ئەستورانەی لەسەقفی ماڵدا بەکاری دەبەن

**داربڕ:** دارکونکەرە

**داربست:** داربەست، داربەند

**داربند:** داربەست، داربەند

**دارە:** شوێن، گەڕەك، هۆز، ماڵ، خانو

**دارتوك:** بڕوانە دارکوب

**داردار:** هات و هاوار، شیرە شیر، قاوەقیژ

**دارزرد:** داری زەرد، زەردەچێوە

**دارس:** ونبو، لەبەرچاو نەماو

**دارسنب:** بڕوانە دارکوب

**دارشکنك:** بڕوانە دارکوب

**دارچین:** دارچین، دارچینی، توێکڵە دارێکە تیژ و بۆنخۆش

**دارعقبی:** ئەو دنیا، ڕۆژی کۆتایی، پەسڵان

**دارغرور:** دنیا، جیهان، شوێنی لەخۆبایی بون

**دارفانی:** دنیا، جیهان، ئەم دنیا تێپەرە

**دارفنا:** مەبەست لەم دنیاییە

**دارقرار:** بەهەشت، ئاخیرەت، ڕۆژی کۆتایی

**دارکوب:** دارکونکەرە، دارمتەقێنە، دارکوکە، دارتورکنەك، دارکوت، باڵندەیەکە بچوك، پەڕەکانی سپی و ڕەش و زەرد و سەوز، بە پەنجەی لە دارەکان دەڕواتە سەر و دەعبا وردەکان بە دەنوکی لە ناو پێستی دارەکان دەکێشتێتەدەر

**دارمازو:** داری بەڕو

**دارمکافات:** دنیا، مەبەست لەم جیهانەیە

**دارو:** دەرمان، دەوا، داروو٢- دەرمانێك، هەروەها دان تۆزە خۆش بونە و خۆش تامەکان وەك زەردچێوە و بیبەر و هتد

**داروبرد:** بگرە و بێنە، هات و هاوار، هەراو هوریا لەشەڕ و ئاژاوە

**داروخانە:** دەرمانخانە، داروخانە، دەوا خانە، شوێنی فرۆشتن دەرمان بە نەخۆشەکان

**دارودرمان:** دەوا و دەرمان، ئەو دەرمانە گیایانە کە بۆ چارەسەر کردن بە کار دەبرێن، دەرمانی گیایی

**دارودستە:** دارودەستە، لایەنگرانی کەسێك، خزم و کەس و کاری کەسێك

**داروساز:** دەرمان ساز، ئەو کەسەی دەرمان دروست دەکات

**داروسازی:** دەرمان سازی، شوێنی دەرمان دروست کردن

**داروسای:** هاوەن، هەر دەفرێك کەدەرمانی تیا بکوتن

**داروشناس:** دەرمان ناس، دەرمان زان، ئەو کەسەی جۆرەکانی دەرمان دەناسێت و دەزانێت

**داروگر:** دەرمان ساز، ئەو کەسەی دەرمان دروست دەکات

**داروغە:** کوێخا، کەیخوا، گەورەی هەر دەستە و تیرەیەك. لە کۆنەدا بەسەرۆکی پاسەوانانی شاریان دەوت

**داروفروش:** دەرمان فرۆش، ئەو کەسەی دەوا و دەرمان دەفرۆشێت

**داروکدە:** دەرمانخانە، دەوا خانە

**دارونادار:** دارونەدار، هەمە و نیە، نەوەی کەسێك لەبەر دەستیایەتی لە سامان و دارایی

**داروینیسم:** داروینیسم، لایەنگرانی داروین، بیرۆکەی چارلز ڕۆبێرت داروین سروشت ناس و فەیلەسوفی گەورەی ئینگلیسی سەبارەت بە گەشە کردنی ئاژەڵەکان کە پێی وابو هەمو بونەوەرەکان لە یەك بونەوەری سەرەکیەوە لە چەندین ملیۆن ساڵ پێش بە هۆی بارودۆخی سروشتی دروست بون

**داری:** ١- کەشتیوان، دەریاپێو، دەریاپێوێك کە لێپرسراوی چارۆکەکان بێت٢- چۆپار، خاوەن مەڕ و ماڵات٣- بۆنفرۆش

**دارین:** دودنیا، مەبەست لەم دنیا و ئەو دنیایە

**داس:** داس، داسك، کەڵەندو، گیابڕ، کەرەنتو، شالوك، ئامرازێکی ئاسنی و سەرخوار بە دەسکی دارین کە دەمەکە تیژە و گیا و بەرهەمی مەزراکانی پێ دروێنە دەکەن

**داسار:** بڕوانه داستار

**داستار:** وردەواڵه فرۆش، کۆنه فرۆش، دەلاڵ

**داستان:** داستان، حەقایەت، چیرۆك، حەکایەت، بەسەرهات، چیڤانوك، سەرهاتی، ئەفسانه، سەربورده

**داستانسرا:** چیرۆك بێژ، حەقایەت بێژ، ئەوەی حەکایەت یا بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە

**داسخاله:** بڕوانه داسگاله

**داسگاله:** داس، داسك، گیابڕ، کەرەنتو، شالوك

**داش:** ئاگرخانه، کووره، کوورەی خشت سوورکردنەوە، کوورەیەك کە خشتی کاڵ یا دەفری سواڵەتی تیا سووردەکەنەوە

**داش:** کورتکراوەی دادشا بە مانای برا

**داشاد:** دان، بەخشین، پێدان، پاداشت

**داشبرد:** داشبوڵ، داشبورد، شوێنێك لە پێشی ترۆمبێل لای ڕاستی سوکان کە بەشێوەی صنوق دروست کراوە و پوڵ یا شتی تیری تیا هەڵدەگرن

**داشتن:** ۱- بون، هەبون، دارا، کەسێك کە شتێکی هەبێت ۲- پەروەده کردن، پاراستن، ڕاگرتن

**داشگر:** کورەپەز، گۆزەکەر، گۆزەچی، ئەوەی کورەی خشت یاسواڵەت سورکردنەوەی هەیه

**داشن:** دان، بەخشین، پێ بەخشین، پاداشت، سزا

**داشناك:** یەك گرتو، هاوپەیمان، و ناوی حزبێکە کە ژومارەیەك لە لاوە شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەنستان دروستیان کرد و مەبەستیان سەربەخۆیی ئەرمەنستان بو

**داچك:** گواره، خشڵێك کە لە گوێ دەکرێ، گوهارك

**داعی:** دۆعاکەر، خوازیار، داواکەر، بانگەشەکەر، ئەو کەسەی خەڵك بۆ سەر دین و باوەڕی خۆی بانگ دەکات

**داعیه:** هۆکار، هۆ، سەبەب، بزوێنەر، خواست، ئیراده، ئارەزو

**داغ شدن:** داغ بون، گەرم بون، سوربونەوە

**داغ کردن:** گەرم کردن، سورکردنەوە، داغ کردن، بە ئاسنی سورکارو شوێنێك لە جەستەی مرۆڤ یا ئاژەڵێك داغ کردن

**داغ:** گەرم، زۆرگەرم، سور، داغ، داخ، هەر شتێك کەدەست بسوتێنێت

**داغ:** نیشان، پەڵه، شوێنی سوتان بە ئاسنی سورەکراو، ئەو نیشانەی بە ئاسنی سورەکراو لە جەستەی مرۆڤ یا ئاژەڵ دروستی دەکەن، داغ

**داغان:** داغان، پرژ، بلاو، پەرێشان، شپرزه، بلاو کردنەوە، تەفروتونا، تەرت و تونا، بژاله، پەلاته

**داغدار:** داغدار، داغ دیه، بەلابەسەرهاتو، خەفەتبار، خەمبار

**داغدل:** دڵشکاو، دڵ ڕەنجاو، خۆشەویست مردو، جەرگ براو، ئەو کەسەی مەرگی ئازیزێکی بینیبێت یا لە ڕوداوێك خەمبار بێت

**داغستان:** کوێستان، کێو. و ناوی یەکێك لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت

**داغسر:** کەچەڵ، بێ مو، تاس، ئەوەی توك بەسەریەوە نەبێت

**داغگاه:** شوێن داغ، شوێنی داغ لەسەر جەسته

**داغمه:** وشك هەلاتن، وشك بون، قرنجان، هەلاززان، وشك بونی لێو لەنەخۆشی و تا. تامێسك

**داغول:** دەغەڵ، فێڵباز، فریوکار

**دافع:** دورکەروە، دورخەرەوە، نەهێڵ، لەبەر، لادەر، بەگر، بەربەست

**دافعه:** بەرگر، لادەر، لابەر، نەهێڵ، دوورخەرەوە

**دال:** داڵ، داڵاش، خەرتل، باڵندەیەکی ڕاوکەر هاوشێوەی هەڵۆ

**دال:** ڕێنوێنی کەر، ڕێ نیشاندەر

**دالان:** داڵان، ڕاڕەو، ڕێڕەو، گوزەر، ناو دەرگا، ڕێگەی بە دیواری سەرداپۆشراو

**دالانه:** بڕوانه دالان

**دالاندار:** داڵاندار، پاسەوانی ماڵه گەوره و کاروانسەرا

**دالبر:** داڵبڕ، بڕشتی کەوانەی لە جلکدا

**دالبوز:** حاجی رەشك، پەرەسێلکە، پەرەسوێلکە

**دالتونیسم:** دالتۆنیسم، رەنگ کوێری، نەخۆشیەکی چاوە کە رەنگەکان بە جوانی لێك جیا ناکاتەوە

**دالیز:** دالآن، رێڕەو، رێگەی سەرگرتی، رێگەی سەر بە دیوار داپۆشراو

**دام:** ١- خانم، خاتون، خاتوو. ٢- دامە، جۆرە یاریکە بە سی و دو داش دەکرێ

**دام:** ئاژەڵ، مەڕومالآت، ئاژەڵی بێ ئازاری وەحشی وەك ئاسك و کەڵە کێوی

**دام:** داو، تەڵە، تۆڕ، بەرمەت، تەلهە، هەر شتێك بۆ نێچیر دابنرێت، داوی مەڵ راو کردن

**دأماء** دەریا، زەریا

**داماد:** زاوا، زاما، زاڤا، پیاوێك کەتازە ژنی هێنابێت

**دامان:** داوێن، داو، دامان، دامێن، بەشی خوارەوەی جل و بەرگ. پاشماوەی شتێك وەك داوێنی سارا یا داوێنی کێو، دانگ، دەهمەن

**دامپرور:** ئاژەڵدار، ئاژەڵ بەخێوکەر، پەروەردە کردنی ئاژەڵە خۆماڵیەکان

**دامپزشك:** پزشکی ئاژەڵ، دوکتۆری مەر و مالآت

**دامدار:** چۆپار، ئاژەڵدار، چێودار، دەوڵەت دار، ئەوەی پیشەی کڕین و فرۆشتنی مەر و مالآتە

**دامدار:** نێچیرڤان، راوچی، شکارچی، دامیار، ئەوەی ئاژەڵەکان بە داو راو دەکات

**دامساز:** داوساز، تەڵە ساز. مەبەست لەو کەسەیە کە داو یا تەڵە دروست دەکات

**دامگاه:** داوگە، کۆلیت، حەشارگە، جێ داو، ئەو شوێنەی داوی بۆ راو لێ بنێنەوە

**دامغ:** سەرشکێن، سەرشۆڕکەر، فیرۆدەر، سوك کەر، ریسواکەر

**دامك:** ١- داوی بچوك، تەڵەی بچوك ٢- سەرپۆش، رووسەری، لەچك

**دامن الوده:** تەرداوێن، داوێن پیس، مەبەست لە کەسی خراپەکار و ناو زراوە

**دامن کشان:** خەرامان، ئەوی بە ناز و مەکرەوە بە رێگا دا بڕوات

**دامن:** داوێن، خوارەوەی جل و بەرگ، دامان

**دامنه:** داوێن، لێوار، قەراغ، داوێنی کەژ و کێو

**دامنەدار:** فراوان، بەربلآو، پان، شتێك بە پانی و درێژی زۆر

**دامنگیر:** داوێن گیر، داوێن گر، مەبەست لە شتێك یا کەسێك کە ببێتە هۆی گرفتار بون لە شوێنێك

**داموز:** ١- سەلە، زەمێلە، سەوەتە، سەلك، سەفی ٢- بەفرماڵ، وەروەرە، ئەوەی بە فری پێ دەماڵن

**دامی:** خوێنین، خوێناوی، ئەوەی خوێنی لێ بچۆڕێت

**دامیار:** داودار، نێچیرڤان، راوکەر، راوچی، ئەوەی بە داو ئاژەڵەکان راو بکات

**دامیه:** سەرشکان، برینێك کە خوێنی لێ بڕوات

**دامیدن:** ١- رۆشتنەسەر، سەرکەوتن، بەرز بونەوە، رۆشتنە سەر شتێك ٢- بادان، بە بادانی شەن کردن، خەرمانی گێرە کراو شەن کردن ٣- تۆوپرژاندن، چاندن، تۆوپاشین

**دان:** دان، پاشگرێکە لە کۆتایی وشەدا دێت و مانای شوێن و جێگە دەگەیەنێت وەك ئاودان، ئاگردان

**دان:** دان، دانە، دانەوێڵە، تۆو، تۆوی گیا، ناوك، دەنوە میوە یا ئەوەی بە باڵندەکانی بدەن

**دانا دل:** دڵ ئاگا، ئاگا، وشیار،

**دانا:** دانا، زانا، فرەزان، زیرەك، وشیار، زرنگ، ئاگا

**داناج:** زانا، بیرمەند، زانا

**داناسر:** عاقڵ، بەئاوز، بیرمەند

**دانه:** دان، ناوك، دەندك، بەرك، دەنو، دەنوك، دەنوی هەندێ لە میوەکان. دنك، وەك دنکێ نۆك یا ماش یا نیسك...

**دانەخوار:** دانەخۆر، دانخۆر، هەر گیانلەبەرێك کە دان بخوات، چینەکەر

**دانەدار:** دانەدار، دەنودار، هەرمیوەیەك کەدەنوی هەبێت

**دانس:** دانس، سەما، هەڵپەرکێ، پێ کوتان، ئاهەنگی سەما

**دانستن:** زانین، تێگەشتن، ئاگاداربون، زانا بون، زانایی، هەست کردن و حاڵی بون لە بابەتێك

**دانش اموز:** خوێندکار، قوتابی، ئەوەی دەخوێنێت و زانست فێر دەبێت، زانست خواز،

**دانش اندوز:** زانست خواز، خوێندکار، خوێنەر، ئەوەی زۆر دەخوێنێتەوە و زانست کۆدەکاتەوە

**دانش اور:** زانا، بیرمەند، دانا

**دانش پژوه:** زانست خواز، بیرمەند، زانا، خوزایاری زانست

**دانش پرور:** زانست پەروەر، ئەوەی بەرەو بە زانست دەدات

**دانش پسند:** زانست پەسەند، ئەوەی لایەنگری زانست و زانین بێت

**دانش سگال:** بیرمەند، ئەوەی بیر لە زانست و زانین بکاتەوە

**دانش سنج:** زانست پێو، تاقیکەرەوە، ئەوەی ئاست و رادەی زانست و زانینی کەسێك هەڵسەنگێنێت

**دانش:** زانست، زانین، زانایی،

**دانشجو:** خوێندکار، زانستخواز، خوێندکاری پەیمانگا و زانکۆکان

**دانشرا:** پەیمانگای مامۆستایان، شوێنێك کە مامۆستا بۆ خوێندنگاکان پەروەردە دەکەن

**دانشگاه:** زانکۆ، شوێنێك کە هەمو زانستەکانی تیا بوترێتەوە

**دانشگر:** زانا، بیرمەند، دانا

**دانشکده:** پەیمانگا، خوێندنگای باڵا

**دانشمند:** بیرمەند، زانا، فرزان، دانا

**دانشمندانه:** بیرمەندانە، دانایانە، هاوشێوەی زاناکان

**دانشومند:** بیرمەند، زانا، دانا

**دانشی مرد:** پیاوی زانا، پیاوی بیرمەند، پیاوی زانست

**دانشی:** بڕوانە دانشمند

**دانگ:** بەش، پشك، پار، بەهرە، بەشێك لە شتێك، بەشێك لە شەش بەش، دانگ

**دانگك:** دانە، دان، دانی ورد

**دانق:** دان، یەك شەشی درهەم

**دانك:** دانە، دان، هەرجۆرە دانەیەك وەك ماش و نیسك

**دانی:** نزیك، هەروەها بە مانای پەست و سوك و ریسوا

**داها:** کێو، چیا، کەژ، دۆڵ، دەربەند، ئەشکەوت، شکەن، شکەفت

**داهل:** داهۆڵ، داوەڵ، داوڵ، ئەوەی راوچی بۆ لە داو خستنی ئاژەڵی وەك ئاسك و کەڵە کێوی دروستی دەکەن

**داهی:** زیرەك، وشیار، دانا، بیرتیژ

**داو:** سەرە، نۆرە، نۆرەی یاری، دۆر، گەڕ

**داودار:** داواکار، خوازیار، داواکەر

**داودی:** داودی، تایبەت بە داودی پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل. هەروەها جۆرە گوڵێکیشە

**داور:** داوەر، حاکم، نێوەنجیگەر، کەسێك لە نێوان چاك و خراپ حوکم بکات، دادفان

**داورستان:** دادگا، دادگە، خانەی داد

**داوریخانه:** بڕوانە داورستان

**داوریگاه:** بڕوانە داورستان

**داوطلب:** خوازیار، خۆبەخش، خوازیار، کەسێك کە بە حەز و ئیرادەی خۆی کارێك لە ئەستۆ بگرێت

**داویافتن:** دەرفەت پەیا کردن، هەل بە دەست هێنان

**داویدن:** داوا کردن، خوازیار بون

**دای:** دیواری گڵین، تیغە، هەر چین و قاتێك لە دیواری گڵی

**دایه:** دایە، تایەن، لەلە، داین. ژنێك کە شیر بە منداڵی خەڵك دەدات یا بەخێوی دەکات، دادۆك، داین

**دایر:** بڕوانە دائر

**دایره:** بڕوانە دائره

**دایگان:** دایە، لەلە، ئەو ژنانەی شیر بە منداڵان دەدەن، تایەن، دایەن، ئەو ژنەی شیر بە منداڵی خەڵك دەدات، داین

**دایگانی:** تایەنی، دایەنی، شیردان و پەرستاری کردنی منالّ، کار و پیشەی تایەن
**دب:** خزین، خشین، خزان لەسەر سک وەك مار. بە دەست و پێ رۆشتن وەك منالّ
**دب:** ورچ، حورچ، حش، حەش، خرس
**دباء** کەدو، کدو، کولەکە
**دبابە:** دەبابە، تانك، ترۆمبێلی شەڕ
**دباغ خانە:** دەباخ خانە، شوێنی چەرم خۆش کردن، دەباغ خانە، دەباغدان
**دباغ:** چەرمچی، دەباغ، پێستە خۆشکەر، دەباخچی
**دباغت:** پێستە خۆش کردن، چەرم خۆش کردن، پاك کردنی و گۆڕینی پێستی ئاژەڵەکان، دەباخدان
**دباغی:** دەباخی، چەرم خۆش کردن، هەلاڵدانی چەرم، خۆش کردنی چەرم بە تالّ و مازو
**دبە:** دەبە، دەفری چەرمی یا کانزایی کە رۆن یا شتیتری تیا هەڵدەگرن
**دبەخایە:** گون ئاوساو، کەسێك کە گیرۆدەی نەخۆشی فیتق بێت و گونی ئاوسا بێت
**دبداب:** تەپڵ، دەهۆڵ، داهۆڵ
**دبر:** پشت، پشتەسەر، دواوە، پاش، پێچەوانەی پێش
**دبس:** دۆشاو، روب، گوشراوی ترێ یا تو یا خورما
**دبستان:** قوتابخانەی سەرەتایی، خوێندنگای سەرتایی
**دبنگ:** کەر، بێ مێشك، گێژ، حۆلّ، وڕ، بێ ئاوز
**دبوس:** گورز، گوتەك، گورزی ئاسنین، دادەستێکی ئەستور کە سەرەکەی ئەستور و گرێ دار بێت
**دبیب:** خزین، نەرم رۆشتن، خەرامان رۆشتن، خوزان، خشان لەسەر زەوی وەك مار، لەسەر دەست وپێ رۆشتن
**دبیر:** نوسەر، نفیسەر، سکرتێر، ئەو کەسەی لە ئامادەیدا دەرس بە خوێندکاران دەڵێتەوە
**دبیرستان:** دواناوەندی، ئامادەیی، ئەو خوێندنگایەی کە خوێنکاران دوای تەواو کردنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ درێژە بە خوێندن دەدەن
**دە کیا:** کەدخودا، کەیخوا، کوێخا
**دە و دار:** شان و شکۆ، ئاژاوە، قەربالغی
**دە و گیر:** شەڕ، بگرە و بێنە، ئاژاوە، هەرا
**دە یك:** دە یەك‌یەك بەش لە دە بەشی شتێك
**دە:** دە، ژومارە دە، ژومارەیەك دوای نۆ
**دە:** دێ، ئاوەدانی، لادێ، دێهات، گوند
**دەدلە:** بێ وەفا، هەوسباز، ئەوەی هەر ساتەوە دلّ بە یەکیتر بدات
**دەدهی:** دەدەیی، دە دانە دەدانە
**دەرگە:** بوێر، چاونەترس، ئازا، رەشید، دلێر، شەڕکەر
**دەروازبان:** دەرگاوان، پاسەوانی دەروازە
**دەست آب:** سەرئاو، ئاودەست، شوێنی دەست بە ئاو گەیاندن، مەستەراو
**دەست افشاندن:** سەماکردن، هەڵپەڕین
**دەست گردان:** دەست گەڕان، دەست بە دەست کردن وگەڕاندنی پولّ یا شتێك لە دەستی کەسێك وەرگرتن و بەدەستی کەسێکیتر دان
**دەستمالی:** دەسمالّی، دەستپیاهێنان، دەس لێدان، دەس لێ سون
**دەیودە:** دە یەك، یەك بەش لە دە بەشی شتێك
**دثار:** روپۆش، بالاپۆش، جل و بەرگێك کە لەسەر جل و بەرگی ژێرەوە لەبەری دەکەن
**دپارتمان:** پارێزگا، ویلایەت
**دثور:** ۱- کۆن بون و نەمانی وێنە، ۲- چڵکن بون، قڕێزاوی بون، پیس بونی جل و بەرگ ۳- کۆنەیی، رزاوی، شەق و شڕ
**دثور:** گران گیان، تەمەڵ، تەوەزەڵ، خەوالّو
**دجاج:** مریشك، مریشکی مالّی
**دجال:** ۱- ئاوی زێر، ئاوی زێر کە شتێکی پێ دادەپۆشن ۲- درۆزن، درۆکەر، ناراست و کەسێك کە دەڵێن لە ئاخیر زەمانـدا دەردەکەوێت و زۆر لە خەڵکان فریوی دەخۆن و لەدەوری کۆدەبنەوە
**دجال:** شیاکە، پیسایی ئاژەڵ، پەین
**دجالە:** دەستە، تاقم، ژومارەیەکی گەورە لە خەڵك
**دختر اندر:** زڕ کچ، کچێك کە لە دایك و باوکێکی تر بێت

**دخ:** باش، چاك، پاك، تایبەت. بە مانای دەستە و گروپیش بە کار دێت

**دخ:** بڕوانە دختر

**دخ:** دوکەڵ، جگەر کێشان، دوکەڵ کردن

**دخال:** خۆتێهەڵقورێتن، ئەوەی لە هەر کارێکدا خۆی هەڵدەقورتێنێت، کاسەی ناو کەوچك

**دخالت:** خۆتێهەڵقورتاندن، مایتێکرن، خۆتێهەڵقوتان، خۆ تێهەڵقوتاندن بێ داوا لێ کردن

**دخان:** دوکەڵ، جگەرە کێشان، توتن و تەماکۆ کە بۆ کێشان بە کاری دەبەن

**دخت اندر:** بڕوانە دختر اندر

**دخت:** بڕوانە دختر

**دختر باره:** کچ خۆشەویست، مێ باز، کچ باز، کەنیش باز، ئەوەی بەردەوام بە دوای کچەوە بێت

**دختر خم:** شەراب، شەراو

**دختر خوانده:** زڕ کچ، کچێك کە کەسێك بە منالی خۆی هەڵیگرتبێتەوە

**دختر رز:** شەراب، شەراو، شەرابی ترێ

**دختر:** کچ، کەنیشك، منالی مێینە، کیژ، کناچە، کەچك، دوت

**دخترك:** کچەکە، کچۆڵە، کچی بچوك، کیژۆڵە

**دخترینه:** کچانە، کیژانە، تایبەت بە کچان

**دختندر:** بڕوانە دختر اندر

**دختینه:** بڕوانە دخترینە

**دخش:** سەرتا، پێشەکی، دەسپێك، دەسپێکی کار یا مامڵە

**دخش:** لێڵ، تار، تاریك

**دخل:** دەرهاتن، داهات، سود، دەسکەوت، قازانج، بەهرە

**دخم:** گۆڕ، ساردخانە، قەبرن شوێنی تەنگ و تاریك

**دخمه:** گۆڕ، قەبر، ژێر زەمین، ساردخانە، شوێنێك کە لە ژێر زەمین دروستی دەکەن و لاشەی مردوی تای دادەشارن

**دخمسه:** ۱- فریودان، هەڵخەڵەتاندن، فریو، تەڵەکە، فێڵ

**دخن:** هەرزن، باچیك، دانەوێڵەیەکی سووری زۆر وردە بزیوە دەکرێتە ناو نان و زۆرتر خواردنی مامر و مەلە

**دخنه:** رەش، رەشباو، تار، تاریك

**دخو:** ۱- کەیخوا، کوێخا، دەم راست ۲- نەزان، سادە، ساویلکە ۳- و ناوی پیاوێکی بێ مێشك خەڵکی قەزوێن کە نوکتەی زۆری لێ دەگێڕنەوە

**دخول:** هاتنە ناو، رۆشتنە ناو، چونە ناو شوێنێك یا رۆشتنە لای کەسێك

**دخیل شدن:** پەنا بردن، هۆمەن بردن، پەنا بردنە بەر کەسێك

**دخیل:** دەخیل، دەستەو داوێن، پاناگرتو، پەنا هێنا، هۆمە بردوو

**دد:** درندە، وەحشی، ئاژەڵە دڕندەکان وەك شێر و گورگ و بەور

**دده:** باوەگەورێ، باوەپیارە

**دده:** دڕەندە، وەحشی، ئاژەڵی دڕەندە

**ددر:** کۆڵان، بازار، بازێر، دەرەوەی ماڵ

**دژ آباد:** رقاوی، تووڕە، مۆن، ئەخلاق ناشیرین، توند و تیژ

**دژ آگاه:** تورە، ڤیناوی، رقاوی، رەشبین، دڵ رەش، دڵ چەپەڵ

**دژ:** دز، قەڵا، حەسار

**دژآلود:** رقاوی، ڤیناوی، تووڕە، توند و تیژ

**دژآهنگ:** رەشبین، نیەت چەپەڵ، بەدخواز، خراپە خوازن ناحەز، نەیار

**دژبان:** پاسەوانی دز، دزڤان، پاسەوانی قەڵا و حەسار

**دژبراز:** ناحەز، ناشیرین، دزێو، ڤێزەون

**دژبرو:** مۆن، رووگرژ، ناوچاوتاڵ، تورە، ڤیناوی

**دژه:** تووڕە، رقاوی، ڤیناوی

**دژپسند:** گەن پەسەند، دژپەسەند، ئەو کەسەی بە دزواری شتێك پەسەند بکات

**دژخم:** بڕوانە دژخیم

**دژخیم:** ۱- رووگرژ، مۆن، ناوچاو تاڵ، تووڕە ۲- جەلاد، میرغەزەب، مرۆڤکوژ، پیاو کوژ

**دژدار:** بڕوانە دژبان

**دژگوار:** نەخوراو، دژلەوەر، ناخۆش، هەر خواردنێك كەشیاوی خواردن نەبێت

**دژغالە:** دزغالە

**دژك:** ئاوڵە، تاوڵ، غودە، غودەی بچوك، گرێ

**دژكاك:** لاشخۆر، كەمتیار

**دژكام:** خەمبار، خەفەتبار، دەم تاڵ، بە مانای خەفەتبار و خەمگینیش دێت

**دژم:** خەمۆك، خەمبار، خەمگین، ناڕاحەت، مەلول، رەنجاو، گرژ، پەشێو حاڵ، دامای

**دژمان:** دڵتەنگ، دڵشكاو، خەمۆك، خەمبار

**دژماك:** رەنجاو، خەمبار، دڵتەنگ، خەمۆك

**دژمنش:** بێزار، رەنجاو، دڵشكاو، پەرێشان

**دژن:** تاڵ، تام ناخۆش، توند وتیژ، هەر شتێك تامەكەی توند و تیژ بێت

**دژنام:** بڕوانە دشنام

**دژهخت:** بڕوانە دژهوخت گنگ

**دژهرج:** بڕوانە دژهوخت گنگ

**دژهوخت گنگ:** ئەورشەلیم، بەیت الموقەدەس، قیبلەی مەسیحی و یەهودیەكان

**دژواخ:** بڕوانە دژوان

**دژوار:** بڕوانە دشوار

**دژوان:** داخ، پەشیمانی، حەسرەت

**در:** ١- شیر، فراوانی شیر ٢- باشی و چاكی

**در:** دەر، درگا، دەروازە، ئەو چوارچێوەی لە ئاسن یا لە دار یا لەشتێتر دروستی دەكەن و لە ناو شوێنی هاتنە دەرەوە لە ژوور یا لە ماڵ جێگیری دەكەن، قاپی دەرگانە

**در:** زەنگ، زەنگۆڵە، ئەو زەنگۆڵەی لە ملی ئاژەڵەكانی دەكەن. بە مانای پیكیش بەكار دەبرێت، زەنگڵ

**در:** ناو، نێو، نێوان، دناڤدا، هوندەر

**درابزون:** نەردە، نەردیوان، ئەو پایە رێكانەی لای قادرمە یا لە شوێنێتر دروستی دەكەن بۆ دەست گرتن

**دراز آهنگ:** درێژ دادڕ، زۆربڵە، ئەوەی كارێك درێژە پێ بدات یا بە قنیا بخات

**دراز:** درێژ، كێشراو، بەرز، بڵند

**درازا:** درێژی، كێشراوی، بەرامبەری پانایی

**درازبالا:** بالآبەرز، درێژ، بەژن بەرز

**درازدست:** ١- دەست درێژ، ئەو كەسەی دەستی درێژی هەبێت ٢- زاڵ، سەركەوتوو، تەماحكار، داگیركەر

**درازگوش:** گوێ درێژ، كەر، ولاخ

**درازقد:** بەژن بەرز، بالآ بەرز

**درازكشیدن:** درێژ بون، راكشان، بە پشتا لەسەر زەوی خەوتن و پێ درێژ كردن، خەوتن لەسەر زەوی یا جێگە، رازان

**درازنا:** درێژ، درێژی، درێژایی، بەرز، كێشراوی، راستایی

**دراست:** خوێندن، فێربون، زانست فێربون، روكردنە خوێندن و خوێندنەوە

**دراعە:** عابا، كەوا، چۆخە، جلێك كە پێشەكەی كراوە بێت، ئەو جلە درێژەی كە شێخ و سۆفیەكان لەبەری دەكەن

**درافتادن:** رووبەڕووبونەوە، شەڕ كردن، بەیەكا هەڵپڕژان لە گەڵ كەسێك

**درافشان:** زمان شیرین، زمان پاراو، ئەوەی بتوانێت بە روونی و رەوانی قسە بكات

**دراماتیك:** درامی، داستانی، داستانێكی سەرنج راكێش

**درآمد:** سود، مفا، داهات، دەسكەوت، قازانج

**درآمدن:** چونە ناو، رۆشتنە ژوور، رۆشتنە ناو، چونە ناڤ

**درآمیختن:** تێكەڵ كردن، تێكەلآو كردن، ئاوێتە بو، ئاوێزان بون

**درانداختن:** ١- فرێدان، هاویشتن، دوورخستن ٢- دەسپێكردن

**دراندن:** دڕاندن، لەت كردن، شەق و شڕ كردن، لەت و كوت كردن، دادڕین، دادڕان

**داوردن:** دەرهێنان، دەرخستن، هێنانەدەر ٢- کردنە ناو، خستنەناو، تێ کردن

**داویختن:** پیاهەڵپرژان، پەلاماردان، شەڕ کردن، چنگ گیرکردن، ناوقا بون٢- هەڵاوسین، هەڵواسین، سەرنخون کردن

**درایه:** زانین، ئاگاداربون، تێگەشتن

**درایت:** زانین، تێگەشتن، وەرگرتن، ئاگاداربون

**درابیدن:** وتن، ئاخەفتن، ئاخاوتن، قسە کردن، وتن، دەنگ هەڵێنان، هاوار کردن

**درب:** درگای گەرە، دەروازە، درگا

**دربا:** پێویستی، نیاز، پێداویستی، پێشڤیاتی

**درباختن:** لەدەست دان، دۆڕاندن، لە کیس چون، بە فیڕۆدان

**دربار:** دەربار، کۆشك، کۆشکی پاشایەتی

**درباس:** شێری درندە، سەگی گازگر

**دربان:** درگاوان، پاسەوانی درگا، ئەو کەسەی لەبەردەم درگا و کۆشکی پاشایەتیدا پاسەوانی دەدات، دەرڤان

**دربایست:** ١- پێویست، نیاز، پێداویستی، نیازمەندی، پێ گیر ٢- شیاوی، شایانی، ژێهاتی، هەڵگری

**دربایستن:** پێویست بون، نیازمەند بون، نیاز داری

**دربه:** ١- عاقڵ بون، زیرەك بون، وشیاربون ٢- خو گرتن، عادەت گرتن، ٣- بوێری، دلێری، ئازایەتی و چاو نەترسی لەشەڕ و هەرچی

**دربدر:** دەربەدەر، ئاوارە، سەرگەردان، سەرگەشتە، حەیران، ماڵ بە کۆڵ، ئەوەی لە ماڵ و حاڵی خۆی دورکەوتبێتەوە

**دربر:** لەباوەش، لەسینە، لە ئامێز، لا، تەنیشت، لە قەراغ، ل هەمبێز

**دربردن:** رفاندن، فڕاندن، شتێك یا کەسێك لە گەڵ خۆبردن و رفاندنی

**دربست:** دەربەست، بەتەواوی، ماڵێك کە بەتەواوی و بە هەمو کەل و پەلەکانیەوە لە خزمەت کەسێکدا بێت

**دربستن:** بەستن، پێوەدان، داخستن، پێوەدانی درگا، بەند کردن، گرفتار کردن

**دربند:** ١- دەربەند، دەربەن، گەلی، دەرە، رێگای نێوان دو کێو ٢- قەڵا، دژ

**دربند:** گرفتار، گیرۆدە، دیل بو، تووش بو، ئەسیر، دیل، زیندانی

**دره:** ١- شەلاق، قامچی٢- خوێن. و بە مانای شێر و فراوانی شیر

**دره:** دەرە، دەربەن، دەربەند، رێگەی نێوان دو کێو، دۆڵ

**درپرده:** لەپەردە، داپۆشراو، نهێنی، نێهینی لە پشت پەردە

**درپی:** بە دواداچون، شوێن کەوتن، بەدوادا رۆشتن، شوێن پێ هەڵگرتن، لدویف را، ل پەی

**درپی:** پینە، پینەپەڕۆ، ئەو تیکە پارچەی بەسەر پارچەیەکی تردا دەیدوورن

**درپیش انداختن:** خستنە بەرپێ، بۆ فڕێدان، پێش خستن و بۆ لایەك بردن

**درپیچیدن:** ١- لول کردن، گلۆلە کردن، کۆکردنەوە، پێچانەوە ٢- رووبەڕووبونەوە و شەڕ لە گەڵ کەسێك

**درپیوستن:** پەیوەست بون، پێە لکان، پێ گەشتن،

**درج:** ١- پێچیان، پێچانەوە شتێك بە شتێکیتر، نوسینی بابەتێك لەناو کتێب یا رۆژنامە٢- نامە، تۆمار، ئەوەی شتێکی تیا نوسرابێت

**درج:** نەردیوان، قاردمە، پلیکانە، پێ پلیکانە، پەیژە

**درجا:** لەجێی خۆ، لە جێدا، فەرمانێکە لەسەربازیدا بە سەربازەکان دەدرێت تا لە شوێنەکەی خۆیان بوەستن و پێ لە زەوی بدەن

**درجه:** پلە، پایە، پێگە، خاڵ، ئیمتیاز

**درجەبندی:** خاڵبەندی، ریز کردن، پلە بۆ دانان، دابەش کردنی شتێك بۆ چەند پلە

**درجەدار:** خاوەن پلە، خاوەن پایە. و لەسەربازیدا بەو کەسەی دەوترێت کە پلەی بەرزی هەبێت

**درحال:** لە کاتدا، لەو دەمە، لەهەمان سات، هەمان چرکە

**درخت سنبه :** دارکونکەرە، دارکوت

**درخت:** دار، درەخت، هەر رواوێکی گەورە و ئەستور کە رەگ و ریشەی هەبێت

**درختستان:** دارستان، شوێنی پڕ دار

**درختکاری:** دارڕواندن، نەمام ناشتن، نەمامکاری

**درخش:** رووناکی، نوور، رۆشنی، درەوشانەوە، درەخشانەو

**درخشان:** درەخشان، درەوشاو، بریقەدار، بە بریقە، تابان، رووناکیدەر، تەیسۆك

**درخشش:** درەوشیان، درەوشان، تابان، رووناکی دانەوە

**درخشیدن:** رووناك کردن، درەوشین، بریقەدانەوە، رووناك کردنەوە، تەییسین، درەوشانەوە

**درخف:** ژەنگە سورە، زەنگە سوورە، زەردەواڵەی سور و زەردی گەورەی بە پزو

**درخواه:** بڕوانە درخواست

**درخواست:** داواکاری، تکا، پاڕانەوە، داوخوازی، داوا کردن، هێڤی

**درخواستن:** داوا کردن، داواخوازی، تکا کردن، پاڕانەوە

**درخور:** شیاو، ژێهاتی، شایان، شیاوی کار، گونجاو، هەژی، بە سەرفە

**درد آشنا:** دەردەدار، دەرد ئاشنا، ئەوەی بە دەرد و ئازار خوی گرتبێت

**درد آگین:** بەئازار، پڕ دەرد، دەرداوی، بە ئێش

**درد آلود:** دەردەدار، دەرداوی، بە ئازار

**درد زده:** رەنجاو، ناتەوان، پەکە کەوتە، دەردەدار

**درد:** دەرد، رەنج، ئازار، مەینەتی، ناخۆشی، کەسەر، ئێش

**دردا:** بەداخەوە، دریغ، ئاخ، وشەیەکە لە کاتی پەشیمان بونەوە و داخ خواردن دەیڵێن

**دردا:** بێ دیان، ژنی بێ دیان، ژنێك کە دیانەکانی کەوتبێت

**دردار:** ١- درگادار، هەر شتێك ە درگای هەبێت وەك ماڵ و کۆڵان و...٢- دەرگاوان، دەرڤان

**دردار:** دەنگی تەپڵ، ئاوازی دەهۆڵ

**درداور:** دەرد هێنەر، رەنج هێنەر، ئەوەی ئازاری بە دواوە بێت

**دردبیس:** ١- سەختی، دژواری، بەڵا و کاری سەخت ٢- پیری، کۆنساڵی، بەتەمەنی

**دردخوار:** ١- دەردەدار، بە ئازار، دڵ پڕ ئێش٢- هەژار، دەسکورت، نەدار

**دردستان:** دەردستێن، بەلاگەردان، ئەوەی دەرد و ناخۆشی ناهێڵێت

**دردسر:** ١- ژانە سەر، سەرئێشە، ئەو ئازارەی لەسەردا دروست دەبێت٢- دەردەسەر، دژواری، کێشە، ئەو رەنج و ئەرکەی کەسێك بۆ یەکێتری ئامادە دەکات

**دردچین:** دڵسۆز، خەمخۆر، خەم نەهێڵ، ئەوەی لە خۆشەویستدا ئارەزو بکات دەرد و ئازاری خۆشەویستکەی لەو کەوێت و ببێتە بەلا گەردانی ئەو

**دردکش:** شەرابخۆر، بادەخۆر، شەراب ساز

**دردم:** لە ئێستادا، هەمێستاکە، هەرئێستا، لەم کاتەدا، هەمان چرکە، هەمان کات، دەسبەجێ، بێ درەنگ

**دردمند:** دەردەدار، بەئازار، نەخۆش، ناتەوان، ناساخ، پەککەوتە، ئەوەی نەخۆشی یا ئازارێکی هەیە

**دردمیدن:** فوتێکردن، هەڵکردن، پفکردن

**دردناک:** بە ئازار، بە ئێش، دەرداوی، ئەندامێك لە جەستە کە ئازاری تیا بێت

**دردور:** گێژاو، گێژاڤ، گێجاو، گەرداو، شوێنێك لەدەریا کە ئاو بەدەوری خۆیدا بسوڕێت و شت فوت بدات

**درربودن:** رفاندن، فڕاندن، بە چالاکی شتێك لە شوێنێك هەڵگرتن و بردنی

**دررسیدن:** گەشتن، لە کاتدا گەشتنم، لەناکاو هاتن، لە ناکات هاتن

**دررفتن:** هەلاتن، راکردن، هەرا کردن، دەرچوون، خۆدەرباز کردن. بە مانای پچڕاندن و پچڕانیش دێت

**درز:** درز، کەلێن، قەڵش، قەڵشت، دڕاوی، تلیش، کشەن، کەلشت

**درزه:** بڕوانە درز

**درزمان:** لە کاتدا، دەست بەجێ، بێ درەنگ

**درزن:** دەرزی، سوژن، شویژن، دەرزی کە شتێکی پێ بدورن

**درزی:** خەیات، جلدرو، بەگدور، ئەو کەسەی جل و بەرگ بۆ خەڵك دەدورێت

**درزیگر:** خەیات، بەرگ دور

**درس:** دەرس، وانە، ئەو بابەتەی مامۆستا لە روی کتێبەوە فێری خوێندکارانی دەکات

**درساختن:** هەڵکردن، گونجان، سازان، پێکەوە هەڵکردن، سازگاری

**درسار:** حەسار، دیوار، پەرژین، ئەو دیوارەی بە دەوری ماڵدا دروستی دەکەن بۆ ئەوەی ناو ماڵ نەبینرێت

**درست کار:** راست کار، راست کردار، ئەمین، دەسپاك، کەسێك کارەکانی لە رووی دروستیەوە بێت

**درست کردار:** بڕوانە درست کار

**درست:** راست، رەوا، شیاو، بێ عەیب، تەواو، سەقامگیر، بەهێز

**درسپردن:** سپاردن، بە جێ هێشتن، ئەسپەردە کردن. رێگایەك پێوان و بە کۆتایی گەیاندن

**درسپوختن:** تێکردن، بردنەناو، تێ چەقانن، شتێك بە زۆر و زەحمت کردنە ناو شتێکیتر

**درش:** تەویلە، ئاخوڕ، گەوڕ، پشتێر، گەوڕ، گۆڤ

**درشت:** ناڕێك، زبر، ئەستور، درشت، زرب، ناساف، زڤر، و شتێك کە قەبارەکەی لە خۆی گەورەتر بێت

**درشتخو:** توند، تووڕە، توند و تیژ، رقاوی، ئەخلاق ناشیرین، مڕومۆچ، ناوچاوتاڵ

**درشتگو:** جوێندەر، جنێو فرۆش، ئەوەی قسەی ناشیرین دەڵێت، جنێودان

**درشدن:** هاتنە ناو، چوونە ناو، رۆشتنەناو

**درشکه:** گاری، عارەبانە، ئەو گاریەی بە ئەسپ رادەکێشرێت

**درچە:** درگا، درگای بچوك

**درگا:** ١- درگا، بەردەرگە ٢- پێشگا، بارەگا

**درگذراندن:** تێپەڕکردن، لە ئاست دەرچوون، بەسەر بردن، لەرادە دەرکردن، زێدەکرن

**درگذشت:** مردن، نەمان، مەرگ، تیاچون، مران، مرن

**درگذشتن:** ١- مردن، تیاچون، نەمان، لەناوچوون، رۆح لە جەستەدا نەمان٢- لێخۆشبون، بوێرین، لیبوردن، بەخشین

**درگر:** دارتاش، نەجاڕ، دارتراش

**درگرفتن:** ١- گڕگرتن، سوتان، قەسویتان، ئاگر گرتن ٢- کاریگەری دانان، کارتێکردن

**درگسلانیدن:** لەت کردن، دڕاندن، بڕین، قرتاندن

**درگیر:** ١- گرفتار، گیرۆدە، توش بو٢- سەرەتای شەڕ و پەلاماردان، هەڵایسانی شەڕ، دەرگیری

**درگیرانیدن:** گڕتێبەردان، ئاگرتێبەردان، سوتاندن

**درع:** زرێ، جل و بەرگی شەڕ کە لە ئاڵقە یا تیکە ئاسن دروستی دەکەن

**درغیش:** زۆر، زیاد، فرە، فراوان، گەلەك

**درفش:** ئاڵا، بەیرقە، بەیداخ

**درفش:** درەوش، درێشە، درەوشە، سیخێکی نوك تیژ بە دەسکی دار کە لە پێڵاو دورین بۆ کون کردنی چەرم و دەرزی لێدان بە کار دەبرێت

**درفشان:** درەخشان، تابان، درەوشاوە، رۆشن، رووناك

**درفشیدن:** درەوشین، درەخشین، بریقەدانەوە تیرۆژك دانەوە. بە مانای لەرین و جوولانەوەیش دێت

**درق:** رەق، سەخت، رەق لەهەر شتێك

**درقا:** هەور، عەور، مژی بەرزەوە بوك کە هەندێکیان بارانیان لێ دەبارێت و هەندێکیان نا

**درقە:** سپێر، سپەر، قەڵغان، ئەو سپەرەی لە پێستی گامێش یا کەرگەدن دروستی دەکەن

**درك:** بن، بنج، ئەو پەری قووڵی، بناوان، قوڵایی

**درك:** پێ گەشتن، گەشتن بە شتێك، هەست کردن، پێ زانین، حاڵی بون

**درکار:** پێویست، پێویس، لازم

**درکە:** بن، بنج، قووڵایی

**درکردن:** دەرکردن، کردنەدەر

**درکشیدن:** نۆش کردن، خواردن، خواردنەوە، فەخوارن، فەکرن، راکێشان، هێنانە پێش،

**درم خرید:** کۆیله، کەنیز، بە زێر کراو، غولام، بەندە، نۆکەر

**درم:** بڕوانە درهم

**درما:** کەروێشك، کەرویشك، کیفرویشك

**درمان پـذیـر:** شیاوی چارەسەر، هەر شتێك شیاوی دەرمان چارەسەر بێت، دەرمان وەرگر

**درمان:** دەرمان، چارە، چارەسەر، دەوا،

**درماندن:** تیمانەوە، ناتەوان بون، پەك كەوتن، داماو بون، وەستیان، گیرکەوتن

**درمانگـاه:** دەرمانگە، خەستەخانەی بچوك، بنكەی تەندروستی

**درمق:** ئارد، ئاردی سپی

**درمنـده:** ناتەوان، پەك كەوتە، گیرکەوتو، بێچارە، گرفتار، تیاماو

**درن:** کیم، تەڕی برین، جەراحەت

**درنده:** دڕەندە، ئاژەڵی وەحشی

**درنشاختن:** بڕوانە درنشاندن

**درنشاندن:** جێ کردنەوە، دامەزراندن، سەقامگیر کردن، شتێك یا کەسێك لە شوێنێك یا لە پێگەیەك دانان

**درنـگ:** درینگ، جرینگ، دەنگی بەر یەك کەوتنی دوشتی وەك کانزا

**درنگ:** وەستان، دەرەنگ، دەرەنگ کردن، بە فتا خستن، سستی کردن، هێواشی، پشت گوێ خستن

**درنگریـستن:** ڕوانین، سەیر کردن، تێڕوانین، زەق ڕوانین، لێ ڕوانین، چاو لێکرن

**درنگیدن:** دەرەنگ کردن، بە فتا خستن، وەستان، لە کار کەوتن

**درنوردیدن:** پێچان، پێچانەوە، پێوان، بڕین، بڕینی ڕێگا

**درنوشتن:** بڕوانە درنوردیدن

**درهام:** بڕوانە درهم

**درهشته:** بەخشن، دان، پێدان، کەرەم

**درهم:** ١- تێکەڵ، تێکەڵاو، ئاوێتە ٢- شپرزە، پەرێشان، شێواو

**درهم:** درم، پارەی زیو، پارەی سەردەمی ساسانیەکان

**درو:** دەرەو، دروێنە، دروین، بڕینی گەنم و جۆ یا گیاکانیتر لەسەر زەوی بە داس

**دروا:** پێویست، نیاز، پێداویستی، پێویسی

**دروا:** هەڵواسراو، هەڵاوسراو، سەرنخون، سەرگەردان، سەرگەشتە

**درواخ:** بەهێز، خۆڕاگر، سەقامگیر، تەندروست، بێ عەیب، بێ کەم و کووڕی

**دروازه:** دەروازە، دەرگای گەورە، دەروازەی شار، دەروازەی قەڵا

**دروان:** دەرگاوان، دەرڤان

**درود:** دار، تەختە، داری بڕاو

**درود:** درود، سڵاو، ڕەحمەت، پەرستین، پاڕانەوە، وەسف کردن، سڵاڤ

**درودگر:** دارتاش، دارتراش، نەجار، ئەو کەسەی کاری دروست کردنی کەرەستە و ئامرازە دارینەکانە

**درودن:** دەرەو کردن، دروێنە کردن، دوورین، بڕینی گیاکان لەسەر زەوی بە داس

**دروش:** دەرەوش، دریش، دەرەوشە

**دروگـر:** دەرەوکەر، دروێنەکەر، ئەو کەسەی دروێنە دەکات

**دروگر:** نەجار، دارتراش

**دروغ باف:** بڕوانە دروغ پرداز

**دروغ پرداز:** درۆزن، درۆکەر، ئەو کەسەی کە درۆ دەکات یا دەنەوسێت

**دروغ:** درۆ، قسەی ناڕاست، ئەو قسە یا وتەی ڕاست نەبێت، پۆت، فرکا، دەلەسە، دەرەو، نەومیی

**دروغزن:** درۆزن، درۆکەر

**دروغساز:** درۆزن، درۆکەر

**دروغگـو:** درۆزن، درۆکەر، دەرەوێر، فروکەر، فرکەر، دەرەوین، دەرەوکەر

**دروغین:** درۆینە، تایبەت بە درۆ، درۆیین، هەڵبەستراو، ناڕاست

**درون پـرور:** ناخ پەروەر، ئەو کەسەی ناخی خۆی پەروەردە دەکات. و بە مانای جوامێر و خەڵك خواز

**درون گرایی:** ناخ خوازی، دەرون خوازی، لەخۆدا ڕۆژون. لە ناو دەرون پزیشك، سەرنج دان بە ناخی خۆ لە جیاتی سەرنج دان تێفکرین لە دنیای دەرەوە

**درون نگری:** لەناخ ڕوانین، و لە دەرون پزیشکیدا خوێندنەەی کەس بۆ بارووذۆخ و ئەحواڵی خۆی

**درون:** ١- ناو، هوندەر، ناڤ، نێو، نێوان٢، ژن ناڤدا٢ - ناخ، دڵ

**درونە:** ١- گەڤان، پەلکە زێرینە، کۆڵەزێڕینە، کەسك و ئالاً٢- کەوانی، چەمیای، چەمیو، خوار بو بەشێوەی کەوان

**درونە:** ناو، ناڤ، ناوسك، ناوزك، زك

**دروند:** خراپەکار، داوێن پیس، درۆزن، بێ باوەڕ، بێ دین

**دروند:** قولاب، شۆك، چنگاڵ

**درویدن:** درەو کردن، دوورین، دروێنە کردن

**درویزە:** بڕوانە دریوزە

**درویش:** دەروێش، هەژار، نەدار، قەلەندەر، گۆشەگیر، ئەوەی بە کەمێك لە ماڵی دنیا بەسەندە بکات

**درویشانە:** دەروێشانە، هەژارانە، نەدارانە، وەك دروێشان

**دری وری:** هەڵیت و پڵیت، قسی بێ مان، پوچ، بێ ناوەرۆك

**دریا دل:** بوێر، جوامێر، بەخشەر، دلێر

**دریا:** دەریا، زەریا، دەلیا، زرێ، ئاوی زۆر کە بەشێکی فراوانی لە زەوی داگیر کردوە

**دریابار:** قەراغ دەریا، بەستێن، کەنار دەریا

**دریابان:** دەریاوان، دەریاڤان، دەریاپێو، خاوەن پلە لەهێزی دەریایی

**دریابندە:** زیرەك، هۆشمەند، وشیار

**دریابیگ:** گەورەی دەریا، دەریادار

**دریادار:** دەریادار، خاوەن پلە لە هێزی دەریایی

**دریاسالار:** دەریا سالار، سالاری دەریا، خاوەن پلە لەهێزی دەریایدا

**دریاچە:** دەریاچە، زەریاچە، دەریایی بچوك کە لە هەر چوارلاوە وشکانی دەوری گرتبێت

**دریافت:** وەرگرتن، تێگەشتن، هەست پێکرن

**دریافتن:** ١- گەشتن، پێ گەشتن، گەیین بە شتێك، هەست پێ کردن، حاڵی بون، پێ زانین، فەدیتن، تێگەهشتن٢- هاریکاری کردن، یارمەتی دان

**درياق:** تریاق، تلیاك، تریاك

**دریاکنار:** قەراغ دەریا، بەستێن، کەنار دەریا

**دریانوال:** جوامێر، بەخشەر، دڵ فراوان

**دریانورد:** دەریاپێو، سۆباییکەر، مەلەوان، مەلەڤان، ئەوەی لەسەر دەریا بە کەستی هاتوچۆبکات، کەشتیوان، کەشتیڤان

**دریانوش:** شەرابخۆ، ئەوکەسی زۆربخواتەوە و سەرخۆش نەبێت، دەریاخۆر

**دریدن:** ١- درین، هەڵدرین، لەت کردن، لەتو کوت کردن، شەق و شڕ کردن، قرتاندن، قەڵشاندن، دادڕین، پچڕاندن ٢- هەڵدرین، ئاژەڵی وەحشی کە ئاژەڵێکیتر بگرێت و هەڵیدرێت

**دریچە:** دەلاقە، ڕۆچنە، درگای بچوك

**دریچە:** ڕۆچنە، دەلاقە، کون لە دیواردا، کوناوەچە، کولەك

**دریغ:** درێغ، مەخابن، بە داخەوە، ئاخ، پەشمیانی، پاشگەزبونەوە، خەم، کەسەر

**دریغا:** بەداخەوە، ئاخ، وشەیەکە لە کاتی پەشیمانیدا دەوترێت

**درىواس:** چواردیواری ماڵ، چوارچێوەی درگا، چارچێوە

**دریوزە:** سوالکەر، درۆزەکەر، دەس درێژکەر

**دریوش:** بڕوانە درویش

**دز:** بڕ، ڕادە، ئاست، بڕێکی دیاریکراو لە شتێك

**دز:** دژ، قەلاً، دز

**دزد افشار:** شەریکەدز، ئەوەی هاریکار و یاریدەدەری دز بێت، دزەکە، دەسکیس، دایکەدزە، پاش دز، دزدەسەك

**دزد:** دز، نابابۆر، دەسپێس، ناپاك، دەس چەپەڵ، دزووکەر، دزيکەر، ئەوەی ماڵی کەسانيتر بێ ئاگا و بەدزيەوە ببات

**دزدا بازار:** بازاری دزان، هەر شوێنێك کە دزين و گيرفان برين و کلاوسەرنان زۆر بێت

**دزدانە:** دزانە، وەك دزەکان، بە دزيەوە، دور لە چاوی خەڵك، هێواش و بێ دەنگە دەنگ

**دزدگاە:** دزگا، دزکۆشکە، مەکۆی دزان، شوێنی کۆبونەوە دزان

**دزدگير:** دزگر، ئەو کەسەی دز دەگرێت

**دزديدن:** دزين،، دزی کردن، کاری دز، بردنی ماڵی خەڵك بە نهێنی و بێ ئاگاداربونی خاوەنەکەی

**دزغالە:** ١-ديوار، حەسار، ديواری دەوری شار يا قەلا ٢- سەنگەر، گيان پەنا، حەشارگە

**دزك:** دەستار، دەستماڵ، دەسماڵ

**دزك:** قەلای بچوك، دزەك، دزی بچوك

**دزنديس:** هاوشێوە، لێکچوو، بەرابەر، يەکسان، ئاشکرا، ديار، بەرچاو

**دس:** داشاردن، قەشارتن، حەشاردان، داپۆشين، شتێك لە ژێر خاکدا داشاردن

**دس:** وەك، هاوشێوە، وەکی، لێکچو

**دست آموز:** دەست پەروەردە، ئەو ئاژەڵەی دەستەمۆکرابێت و عادەتی بە خاوەنەکەی کردبێت، راهاتوو، کەوی بون، گرۆ، هۆگر

**دست انداختن:** ئانوت، دەست بۆ شتێ درێژ کردن، گاڵتە پێکردن، تيتاڵی

**دست اندر کار:** دەست لەناو کار، ئەوەی لە کارێکدا بەشداری بکات يا لەسەر کارێك بێت

**دست باز:** دەست بڵاو، بەخشەر، دەسباد، دڵ فراوان

**دست باف:** دەست باف، ئەوەی بدەست چنرابێت

**دست برآوردن:** دەست بەرز کردنەوە، دەست بردنە سەر، دەست درێژ کردن بۆ پارانەوە

**دست برداشتن:** ١- دەست بەرز کردنەوە، دەست هەڵبرين ٢- چاوپۆشی کردن، لێخۆشبون، لێ بورين

**دست بردن:** دەست بردن، دەست بۆ بردن، خۆتێهەڵقورتاندن، گۆرين

**دست برنج:** دەستەوانە، دەسبەند، دەزبەند، ئەو ئاڵەقەی ژنان لە ددست بسر کردنەستی دەبەستن

**دست بسر کردن:** دەسبەسەر کردن، رەوانە کردن، ناردنی کەسێك بە فێڵ و درۆ

**دست بوس:** دەست ماچ کردن، ئەوەی دەستی کەسێکيتر ماچ بکات

**دست تنگ:** دەس تەنگ، نەدار، هەژار

**دست پاك:** دەس پاك، کردەوە راست، راست کردار، ئەمين، بەمانای نەدار و هەژاريش دێت

**دست پرور:** دەست پەروەردە، کەسێك کەلە ژێر دەستی کەسێکدا پەروەردە کرابێت

**دست پيچ:** دەست پێچ، ئەوەی بە دەستەوە پێچرابێت. بە مانای دەساوێز و بيانويش بە کاری دەبەن

**دست پيمان:** جيازی، ئەوەی لە ماڵی بوکەوە لە شت و مەك بۆ ماڵی زاوا دەروات

**دست خوش:** دەسخۆش، دەست خۆش، وشەيەکە دوای ئەنجامدانی کارێکی باشە دەوترێت

**دست دادن:** تەوقە کردن، دەست لێدانەوە، دەست دانەوە، دەست خستنە ناو دەستی کەسێکيتر، پەيمان بەستن

**دست داشتن:** بەشداربون، دسمت لە کارێکدا بون

**دست دراز:** دەس درێژ، ئەو کەسەی دەستی درێژی هەيە

**دست زدن:** چەپڵە لێدان، دەست لێدان، بەيەك داداداني دودەست بۆ دەربرينی شادی و خۆشی

**دست ساز:** دەسکرد، دەستساز، ئەوەی بە دەست دروستکرابێت

**دست شستن:** دەس شۆرين، شۆردين دەستی خۆ. و مەبەست لە بێ هيوابون وچاوپۆشين لە شتێك

**دست چمك:** چالاکی، فرزی، دەست رەنگينی، سەرکەوتن

**دست چوب:** گۆچان، داردەست

**دست چين:** دەسچن، دەستچين، ئەو ميوەی بە دەست کۆکرابێتەوە، دەس بژێن

**دست گزین:** هەڵبژێردراو، تایبەتی، جیاکراوە، دەست بژێر، دەسچن

**دست گشادن:** دەست کردنەوە، خۆئامادە کردن، دەس بلاوی

**دست کشیدن:** دەست پیاهێنان، دەست لێسون، بەرکەوتن، بە دەست دەست لێدان. بو بەمانای دەست هەلگرتن لە کار یا شتێك

**دست کم:** لانی کەم، دەسی کەم

**دست مایه:** دەسمایە، سەرمایە، ئەو پارەی مامڵەی پێدەکەن

**دست موزه:** ئامراز، دەساوێز، کەرستە، ئامرازی کار

**دست نشانده:** دانراو، دەس نیشان، دیاری کراو، کەسێك کە بە ئیرادەی کەسێکیتر لەسەر کارێك دانرابێت و فەرمانبرداری ئەو بێت

**دست نماز:** دەستنوێژ، دەسنوێژ، شۆردنی دەست و دەم وچاو و پێ بۆ دەست نوێژ گرتن

**دست نوشت:** دەس خەت، دەسنوس

**دست یازیدن:** دەست درێژ کردن، دەس بردن بۆ شتێك

**دست یافتن:** زاڵ بون، سەرکەوتن، بەسەر کەسێك یا شتێکدا زاڵبون

**دست:** دەست، دەس، قۆڵ، باڵ، لە جومگە بەرەو ژێر، ئەندامی جەستەی مرۆڤ لە شانە تا سەری پەنجەکان

**دستار:** دەستار، شاڵ، جامانە، دەرسوك، شاشك، ئەو شاڵەی لەدەوری سەری دەبەستن

**دستاربند:** جامانەبەسەر، ئەوەی جامانە لەسەر دەکات

**دستارچه:** دەسماڵ، دەسەسڕ، خاولی

**دستاس:** دەستار، دەساڕ، ئاسیاوی دەستی، دەسیەڕ

**دستاق:** زیندانی، بەند کردن، بەند کردن بە زنجیر

**دستان:** دەستان، مەکر، فێڵ، فریو، دەلەسە، تەڵەکە

**دستان:** دەستەکان

**دستاویز:** دەساوێز، بیانو، پەڵپ، بیانك، هەر شتێك بیکەنە ئامراز و کەرستە

**دستبرد:** دزی، تالانی، داگیرکردن

**دستبند:** ١- دەزبەند، دەسینە، بازنە، ئاڵقە لە زیو و زێر کە ژنان لە جەستی خۆیانی دەبەستن، ٢- دەسبەن، دەستبەند، کەلەپچە، قوفڵی دەستی زیندانی

**دسته:** ١- دەسك، دەستو، دەسکە، دەستە، ئەوەی بە ئەندازەی دەست یا هاوشێوەی دەست بێت، دەستك٢- دەستە، گروپ، ژمارەیەك کە پێکەوە لە شوێنێکدا کارێك دەکەن یا یاری دەکەن

**دسته‌بندی:** ریزبەندی، دەستە بەستن، کۆبونەوەی خەڵك لە شوێنێکدا و هاوڵ بون بۆ ئەنجامدانی کارێك

**دسته‌دار:** دەستکدار، دەسکدار، ئەوەی دەسکی هەبێت وەك گۆزە و هەرچی

**دسته‌چپی:** چەپی، چەپ خواز، ئەوەی لەگەڵ سیاسەتی ولاتەکەی خۆی نەیارە و خوازیاری گۆڕانکاریە

**دستپاچه:** دەستپاچە، شپرزە، شڵەژاو، شێواو، ئەوەی بیەوێت بە خێرایی کارێك ئەنجام بدات

**دستخط:** دەس خەت، ئەو نامەی کەسێك بە دەستی خۆی نوسیبێتی، دەسنوس

**دستخوش:** گاڵتەجار، قەشمەر، ئەوەی ببێتە گاڵتەجاڕی کەسانیتر

**دستره:** مشارهەرە، ئامرازی داربڕینەوەی دەستی

**دسترس:** لەبەردەست، لەبەردەس، ئەوەی لەبەردەستا بێت، دەسپرێژ، دەسەپاو

**دسترنج:** کرێ، کرێی کار و زەحمەت، ئەوەی لە کار کردن و زەحمەت کیشان بە دەست دێت

**دستشویی:** دەسشۆری، دەسشۆ، دەشۆر، شوێنی دەست و دەم و چاو شۆردن

**دستگاه:** دەسگاه، دەزگا، سامان و کەرستە و کەل و پەل، کارگە و کارخانە و هەمو ئامرازەکانی

**دستفروش:** دەسگێر، ئەوەی شت و مەك لەسەر دەست دەگرێت و لە کۆلان و بازاڕدا دەگەڕێت بۆ فرۆشتنیان، وردە فرۆش، چەرچی

**دستك:** دەس ئاسا، هەرشتێك هاوشێوەی دەست یا بە ئەندازەی بەری دەست

**دستكار:** دەسكار دەسكرد، كاری دەست، ئەوەی بە دەست دروست كرابێت

**دستكش:** دەسكێش، لەپك، دەستێنە، دەستگۆرك

**دستمال:** دەسماڵ، دەسەسڕ، ئەو پەڕۆیەی دەست و دەم و لوتی پێ پاك دەكەنەوە، دەسرۆك

**دستمرد:** یاریدەدەر، هاریكار، هاوكار

**دستمزد:** كرێ، ئەو پارەی لە بری كاركردن بە كەسێكی دەدەن، حەقدەس

**دستنبو:** شەمامە، شەماموك، شەماموكە، میوە یا هەر شتێكیتر كە بۆ بۆن كردن لە دەستی دەگرن

**دستوار:** هاودەست، هاوكار، هاریكار

**دستواره:** دەس ئاسا، وەك دەست، هەر شتێك وەك دەست یا بە ئەندازەی دەست بێت

**دستوان:** ١- بازنە، دەسبەند ٢- دەسكێش

**دستور:** دەستور، شێواز، رێ و رەسم، ئایین، مۆڵەت، فەرمان

**دستور:** وەزیر، خاوەن پلە، راوێژكار

**دستیاب:** دەسخەر، دەستخەر، ئەوەی دەستی بە شتێك رابگات. و بە مانای بە دەست هاتو، ئەوەی مرۆڤ بە هەوڵی خۆی بەدەستی دێنێت

**دستیار:** یاریدەدەر، هاوكار، بەردەست، هاودەست

**دستیاره:** بازنە، دەسبەند، قۆڵوانە، دەزبەن

**دستیگر:** دەزگر، دەستگر، هاریكار، هاوكار، یارمەتیدەر، یاریدەدەر. و كەسێك كە بیگرن و زیندانی بكەن

**دستیگره:** دەزگرە، دستیگرە، دەسگرە، ئامرازێكە كە لە پشت درگاوە دایدەكوتن و لەكاتی كردنەوە یا داخستنی درگا دەستی پێوە دەگرن. دەزگرە، ئەو تیكەی پەڕۆیەی لە چێشتخانە بۆ هەڵگرتنی مەنجەڵی سەر ئاگر بەكاری دەبەن

**دستینه:** ١- دەزبەن، دەسبەند، قۆڵوانە، بازنە ٢- دەسكێش، لەپك، دەستێنە

**دسكره:** ١- دێ، لادێ، ئاوەدانی، شار ٢- دێر، خانەقا

**دسم:** چەور، رۆندار، چەوریدار

**دسم:** چەوری، پیە، دوگ، بەز

**دسومت:** چەوربون، چەوری

**دس:** پێشگرێكە بەسەرەتای وشە زیاد دەكرێت، یەك لەسەردە، یەك دە

**دسیس:** ١- سیخوڕ، ئەوەی بە نهێنی بۆ شوێنێك دەنێردرێت بۆ بەدەست هێنانی هەواڵ ٢- ریاكار، ماستاوچی

**دسیسه:** دەسیسە، پیلان، پیلان گێران، ساچیان، نەخشەی كار بۆ فڕ و فێڵ

**دش:** ١- هاوشێوە، لێكچو، وەك، وەكی ٢- خۆدەرخستن، خۆڕازاندنەوە

**دش:** پێشگرێكە لەسەرەتای هەندێ وشە دێت بەمانای قێزون و ناحەز، دژمن، دژوار

**دشت:** دەشت، دەر، چۆڵ، ئاران، بیابان، چۆڵ و دوور لە ئاوایی، سارا

**دشتان:** لەش پیس، بێ نوێژ، ئەو ژنەی لە نەخۆشی مانگانەدایە

**دشتبان:** دەشتەوان، دەشتەبان، پاسەوانی كێڵگە یا لەوەڕگە

**دشتی:** دەشتی، تایبەت بە دەشت، سارایی

**دشتی:** زالو، زیرۆ

**دشخوار:** دژوار، قورس، گران، كێشە، ئەستەم

**دشمن پرور:** دوژمن پەروەر، ئەو كەسەی دوژمن پەروەردە دەكات

**دشمن رو:** دوژمن ئاسا، هاوشێوەی دوژمن

**دشمن شكر:** بڕوانە دشمن شكن

**دشمن شكن:** دوژمن شكێن، ئەوەی دوژمنەكەی خۆی تێك وپێك دەدات

**دشمن كش:** دوژمن كوژ، ئەیاركوژ، ئەوەی دوژمن بكوژێت

**دشمن:** دوژمن، دژمن، نەیار، نەگونجاو، دژی دۆست، ئەوەی خراپە و شەڕی كەسێكی بوێت

**دشمنايگی:** دوژمنایەتی، دوژمنی، نەیاری، هەڵنەكردن، نەسازان، نەگونجان، دژی یەك بون

**دشنام:** جنێو، سخێف، جوێن، قسەی ناخۆش، دژوێن، دوژێن، چیریێن

**دشنە:** دەشنە، خەنجەر، کاردێکی بڕەر و نوک تیژ کە بۆ سەر بڕین و قورگ بڕین کەڵکی لێوەردەگیرێت

**دشنگی:** رۆژگار، دنیا

**دشوار:** دشوار، دژوار، قورس، گران، ئەستەم، کێشە، زەحمەت

**دشوارپسند:** دژوارپەسەند، گەن پەسەند، ئەوەی بە دژواری توانای هەڵبژاردنی هەبێت

**دچار:** گیرۆدە، دوچار، توشبو، گرفتار، بەرکەوتنی لەناکاو، توشیار، ئاوقە

**دگر:** بڕوانە دیگر

**دگردیس:** گۆڕانکاری، گۆڕان، گۆڕاو، ئاژەڵێک کە روخساری و قیافەی گۆڕیبێت

**دگرسان:** گۆڕاو، جۆرێکیتر، شێوەیەکیتر، چەشنێکیتر

**دگرگون:** گۆڕاو، گۆڕیاو، گۆڕانکاری بەسەرداهاتو

**دعا کردن:** دۆعا کردن، پاڕانەوە، نزا کردن، لالأنەوە

**دعاء** دۆعا، پاڕانەوە، وەسف کردن، نزا، لە خوا پاڕانەوە، لالأنەوە

**دعاب:** گاڵتەچی، ئەوەی زۆر گاڵتە و قسەی خۆش دەکات

**دعابە:** گاڵتەکردن، شۆخی کردن

**دعاگو:** دۆعاکەر، نزاکەر، ئەوەی دۆعای خێری بۆ کەسێکیتر دەکات، خێرخواز

**دعامە:** ستون، کۆڵەکە، ستونی ماڵ

**دعب:** گاڵتە کردن، شۆخی کردن

**دعت:** ئارامی، ئاسایش، ئاسودەیی ژیان

**دعوت کردن:** بانگێشت کردن، میوان کردن، بانگ کردن بۆ میوانی

**دعوت:** بانگێشت کردن، میوان کردن، بانگ کردن،

**دعوتگر:** بانگهێشتکەر، ئەو کەسەی بۆ میوانی بانگێشت دەکات

**دعوی:** ١- ویستن، خوازیار بون، داوا کردن، داواخوازی ٢- دادخوازی، داواکاری، خوازیاری

**دعی:** زڕکوڕ، کەسێك کە یەکیتر بە کوڕی خۆی هەڵیگرتبێتەوە

**دغ:** ئەردی وشك و رەق، زەوی کە گیایی لێ نەڕوێت

**دغا:** ناڕاست، دەغەڵ، ناپاك، درۆ

**دغدغە:** ١- ختوکە، ختولکە، ختیکە، بەسەری پەنجە لە شوێنێکی جەستەیکەسێك دان تا بێتە پێکەنین٢- ترس، نیگەرانی، پەرێشانی، شپرزەیی

**دغدو:** کچ، کیژ، کەنیشك، کچەك. هەروەها ناوی دایکی زەردەشتی پێغەمبەر

**دغسر:** کەچەڵ، تاس، بێ مو

**دغل:** دەغەڵ، ناڕاست، فێڵباز، فریوکار، ئەوەی بۆ لەرێ دەکردنی کەسانیتر روخساری دەگۆڕێت

**دغلکار:** دەغەڵ، دەغەڵباز، فێڵباز، فریوکار

**دغول:** فێڵباز، دەغەڵ

**دف:** دەف، یەکێك لە ئامرازەکانی مۆسیقایە

**دفاع:** بەرگری، بەرامبەری، رووبەڕووبونەوە، بەربەرەکانێ، راوەستان، خراپە لە خۆ دوورخستنەوە

**دفاف:** دەف ساز، دەفژەن

**دفە:** بڕوانە دفتە

**دفە:** قەراغ، لا، تەنیشت، کەنارەی شتێك

**دفتە:** ئامرازێکی ئاسنیە کە لە کاتی چنینی پارچە لە دەستی دەگرن و دوای رستنی چەن ریز تاڵەکانی پێ دەکوتنەوە، شانە، کەڵکێت

**دفتر روزانە:** دەفتەری رۆژانە، دەفتەرێك کە سەوداگەر و مامڵەچی کاروباری رۆژانەی خۆیانی تیا دەنوسن

**دفتر:** ١- دەفتەر، تیانوس، ئەو کۆمەلچە کاغەزەی پێکەوە دوراو کە تیایدا دەنوسن٢- دەفتەر، نوسینگە، زووری کار، شوێنی کار و مامڵەی

**دفترخانە:** دەفتەرخانە، ئەو شوێنەی بەڵگەنامەی مامڵە و ژن هێنان و تەڵاقدانی تیا تۆمار دەکەن

**دفتین:** بڕوانە دفتە

**دفزك:** ئەستور، زل، گەورە، هەر شتێکی ئەستور و زل

**دفع:** دور کردن، دوورخستنەوە، پەرچدانەوە، لابردن، دانەوە، تاراندن، راونان

**دفعه :** دەفحە، یەك جار، دەفعـە، كەرەت، جار، كـەرتێ، هەلێك
**دفك:** نیشانە، مەبەست، ئامانج، نیشانەی تیر
**دفن:** دفن، شاردنەوە، فەشارتن، داشارین، خـستنە ژێـر خاك، بە خاك سپاردن، ئەسپەردە كردن
**دفناس:** نەحەق، گێژ، نەفام، بێ ئاوز، حۆل، وڕ
**دفین:** دفن كراو، ژێرخاكی، داشاریاو لە ژێر خاك
**دفینە :** شاراوە، فەشارتو، گەنجینە، پوڵ یـا شـتێكیتر كـە لە ژێر خاك داشاریابێت
**دق :** شكاندن، ورد كردن، نەرم كردن، لـەت لـەت كـردن، كوتان
**دق:** ورد، باریك، ڕێك، ورد و شكاو، كەم، بڕ، تۆز
**دقاق:** ئاردفرۆش،بەمانای كوتەكیش دێت
**دقاق:** ورد، باریك، وردە و پردەی شتێك
**دقایق:** خولەكەكان، دەقیقەكان
**دقـت:** ١- وردبونـەوە، سـەرنج دان٢- بـاریكی، نـەرمی، وردی، ورد بینی
**دقیق:** باریك، ورد، ڕێك، هەر شتێكی نـەرم، ئـارد، تـۆز، كاری داپۆشراو وورد
**دقیقە :** خولـەك، دەقـە، دەقیقـە، یـەك لەسـەر شەستی كاتژمێر كە شەست چركەیە
**دك شـدن:** خۆشاردنەوە، خۆحەشـاردان، بەهێواشـی لـە شوێنێك ڕۆشتنەدەر و ونبون
**دك كردن:** دەركردن، بە بیانوێك كەسێك لـە شـوێنێكدا دەركردن
**دك و دیم:** سەر و ڕو، ڕواڵەت، قیافە، سەروروخسار
**دك وپوز:** قەپۆز، سـەر و پـۆز، لـۆز، دەم و فلـچ، دەم و قەپۆز
**دك:** ١- بـەش، پـار، پـشك، بـەهرە٢- سـواڵ، دروزە٣- زیان، زەرەر، بەلا٤- بناغە، بنچینەی دیوار
**دك:** ١- تـاس، كەچـەڵ، بێمـو، سـەری بـێ مـو٢- زەوی وشك و بێ ئاو، زەوی بێ ئاو و گیا، داری ڕوتەڵە
**دك:** وێران كردن، تێكدان، خاپور كردن، وێـران كردنـی دیوار یا ماڵ و و یەكسان كردنی لەگەڵ خاك

**دكـــان :** دوكـان، سـەكۆ، دك، هۆلـك، شـوێنی كـڕین و فرۆشتنی كەل و پەل
**دكاندار:** دوكاندار، خاوەن دوكان
**دكە :** دەكە، سەكۆ، دوكانی بچوك
**دكـتر:** دوكتـۆر، پزیـشك، پزشـك، حـەكیم. و هـەروەها كەسـێك كـوری بـەرزترین پلـەكانی لـە یـەكێك لـە زانسـتەكان وەك پزیـشكی، یاسـا یـا فەلـسفە بەدەسـت هێنابێت
**دكترس:** دوكتۆرە، ژنی دوكتۆر
**دكترین:** دوكترین، بیردۆز، بیرۆكە، باوەڕ، بیر
**دكل:** دەكەڵ، دێـرەك، تـیری گـەورە، ستونی گـەورە كـە لەسەر زەوی دەیچەقێنن و خێمە و شتی هاوشێوەی پـێ دەوەستێنن
**دكلان:** تەشی، نەتەرە، ئامرازی ساكاری بەن بادان
**دكمە :** دوكمە، قۆپچە
**دكور:** دیكۆ، پەردە، دیمەن، ڕوخساری ڕوكەش
**دل آزردن :** دڵ ئـازاردان، دڵ ڕەنجانـــدن، دڵ شـــكاندن، پەرێشان كردن، ڕەنجانن
**دل آسا :** دڵ ئارام، ئەوەی ببێتە هۆكاری ئارامی دڵ
**دل آگاه:** وشیار، دڵ ئاگا، زیرەك، زانا، ئاگادار
**دل افروز:** شـادمانكەر، دڵ خۆشـحاڵكەر، ئـەوەی دەبێتـە هۆی شادمانی دڵ، دڵ ڕونكەر
**دل افسردە:** خەمبار، خەمۆك، دڵتەنگ، دڵ پەرێشان
**دل افگار:** خـەمبار، دڵتەنگ، پەرێشان، پەشێو، پەشۆكاو
**دل انـدروا :** دڵ نیگـەران، پەرێـشان، نیگـەران، شـڵەژاو، دودڵ
**دل انگیز:** دڵ ئەنگێز، دڵ بـزوێن، ئـەوەی دەبێتـە هـۆی شادمانی لە مرۆڤدا
**دل باختن:** دڵدان، عاشق بون، شەیدابون، عاشقی شـتێك یا كەسێك بون
**دل برداشتن:** چاوپۆشین، دەس هەڵگرتن، لێ بورین
**دل بردن :** دڵ بـردن، دڵ ڕفانـدن، خۆشەویـستی كەسـێك بۆ خۆ ڕاكێشان

**دل برکنـــدن:** دلّ هـەلگرتن، دلّ لـێ گـرتن، چاوپۆشـین، دەست لێ هەلگرتن

**دل بستن:** دلّدان، عاشق بون، شەیدا بون، دلّ بەستن، دلّ پێ خۆش کردن

**دل پیـــچه:** ژانـە سـك، پـێچ هـاتن بەسـك، نەخۆشـی سکچون و پێـی پیاهـاتنی ریخۆڵـەکان، دلّ پێـچە، ژان و برك، دلّ ئێشە

**دل خواسته:** دلّخواز، دلگر، دلّخاز، دلّ پەسەن

**دل دادن:** دلّ دان، عاشق بون، شەیدا بون، دلّ پێدان، دلّ بەستن بە شتێك یا کەسێك

**دل دادن:** وره دان، بەهێز کردن، دلّ دان، وره بەرنان

**دل درد:** دلّ ئێشە، ژانەسك، ژانە زك

**دل دل کـــردن:** دودلّ بـن، دورونگـی، دلّـەڕاوکێ، دلّ دلّ کردن

**دل زنده:** دلّ زیندو، ئاگا، وشیار، سەرحالّ، شادمان، شاد، شادان

**دل ستان:** دلّرفێن، دلّ ستێن، دلّبەر

**دل سیاه:** دلّ رەش، رەشبین، خراپەخواز

**دل شب:** نیوە شەو، قولایی شەو، دلّی شەو

**دل شکستن:** دلّ شـکاندن، رەنجانـدن، ئـازاردان، پەرێـشان کردن

**دل فگار:** رەنجاو، پەرێشان، خەمۆك، خەمبار

**دل کندن:** دەست لێشۆرین، واز لێهێنان، دلّ هەلگرتن

**دل نگران:** دلّ نیگەران، دلّ پەرێـشان، نیگـەران، دلّ لـە دوا، چاوەنوار

**دل نهـــادن:** دلّ دان، دلّ بەسـتن، شـەیدا بـون، عاشـقی شتێك یا کەسێك بون

**دل:** دلّ، قـەلب، ئەنـدامێکی جەسـتە کـە لـەلای چـەپی سینەدایە سەرچاوەی سورانی خوێنـە وەك تورمپـا بـۆ گەیانـدنی خـوێن بـە هـەمو شـوێنەکانی جەسـتە کاردەکات، زێڵ

**دل:** نـاز کـردن، مـەکر کـردن، نـاغز کردنـی ژن بـۆ مێردەکەی، ناز، عیشوە، سەنگینی، رێز، قورسایی

**دلار:** دۆلار، پارەی ویلایەتە یەك گرتوەکانی ئامریکا

**دلارا:** دلّارا، دولبـەر، خۆشەویـست، دەزگـیران، ئـەوەی ببێتە هۆی شادمانی دلّ

**دلارام:** دلّــارام، ئارامکــەرەوەی دلّ، دلّبــەر، دولبــەر، خۆشەویست

**دلازار:** دلّ ئازار، ئەوەی ببێتە هۆی ئازار و رەنجانی دلّ، دلّتەزێن، خەمهێنەر

**دلاك:** کیـسەکێش، حەمامـچی، لفکـەکێش، ئـەوەی لـە حەمادا لفکە و کیسە بۆ خەلك دەکێشێت

**دلال:** دەلال، ناز کردن، ناز، عیشوە

**دلالت:** ١- رێنوێنی کـردن، رێ نیـشاندان٢- رێنـوێنی٣- بورهان، بەلگە، ئەوەی بۆ سەلماندنی بابەتێك پشتی پێ دەبەستن

**دلاله:** دەلالّ، ژنی دەلالّ، ئەو ژنەی ژن بـۆ پیـاوان پـەیا دەکات

**دلام:** ١- رم، رمی کورت٢- ناز، مەکر، عیشوە

**دلاور:** بوێر، دلێر، رەشید، ئازا، چاونەترس، بە زات، بە دلّ، شەرکەر، بەجەرگ

**دلاویـــز:** دلّخـواز، دلّخاز، ئـەوەی دلّ ئـارەزوی دەکـا، دلّ پەسەند

**دلایل:** بەلگەکان، بورهانەکان

**دلب:** چنار، سورەچنار

**دلبـــاز:** دلّخـواز، بەرچـاوگیر، بەرجەوەنـدار، خـۆش، شوێنێك کە دلّ تیایدا بکرێتەوە

**دلـــبر:** دولبـەر، دلّبـەر، یـار، ئـەوەی بـە جـوانی خـۆی کەسێك شێت و شەیدای خۆی بکات،

**دلبنـــد:** دلّبەنـد، دلگـیر، جگەرگۆشـە، ئـەوەی دلّ پێـی بەندە. ئەو کەسەی لە قووڵایی دلەوە خۆشەویستە

**دلـــه:** دەلّە، دەلّەك، جانەورێکە لە رێوی بـچوکتر بـە ئەندازەی پشیلەیەك و کەولّەکەی بە نرخە، پێی کورت و کلکی درێژ و پێستێکی نەرمی هەیـە، رەنگی زەرد یـا قاوەیە و ژێر سـکی سپی، مریشك و کۆتر دەگرێت و خوێنیان دەمژێت

**دله:** چاوچەرێن، چاوحیز، بەرەلا، هەرزە، چلێس، چاوچنۆك، رەشە دز، ئەوەی هەر شتێکی کەم بایی ببینێت بیدزێت

**دلتنگ:** دلتەنگ، خەمبار، پەشێو، پەشۆکاو، خەفەتبار

**دلپـــذیـر:** دلگیر، دلپەسەند، دلخواز، دلخاز، بە دل، ئەوەی مرۆڤ پەسەندی بکات و بە دلی بێت

**دلپسند:** دلپەسەند، دلگیر، دل پەسەن، دلگر

**دلجو:** ١- دلخواز، دل پەسەند، پەسەند، بە دل، شیاو، شایان ٢- دلدانەوە، دلنەوایی، دلجۆیی

**دلخراش:** دل ئازار، دل ئێشە، ئەوەی ببێتە هۆی ئازاری دل

**دلخسته:** دل ماندو، دل شکاو، دل پەرێشان، خەمبار

**دلخواه:** دلخواز، دلخاز، دلگر

**دلخور:** مەلول، رەنجاو، دل ئێشاو، دل شکاو

**دلخوش:** دلخۆش، شاد، شادان، شادمان، خۆشحال

**دلخون:** دل خوێن، دل بریندار، جەرگ خوێن، خەمبار، خەفەتبار

**دلدار:** دلدار، ئەویندار، عاشق، دلدادە، دلبەر

**دلربـــــا:** دل رفـــێن، دلبـــەر، دولبـــەر، ئەویـنـــدار، خۆشەویست، دەزگیران

**دلریش:** ئەنجاو، دلشکاو، پەرێشان، دلتەنگ

**دلسرد:** دلسارد، بێ هیوا، نائومێد، زاهمێ

**دلسوخته:** دل سوتاو، جەرگ براو، ستەم لێکراو،

**دلـــسوز:** دلسۆز، خـەمخۆر، ئـەوەی خـەمی کەسـێکیتر دەخوات

**دلسوزه:** دلسۆزی، بەزەوی، بەزەیی، خەم خواردن، بیر لێکردنەوە

**دلشاد:** دلشاد، شاد، شادمان، خۆشحال

**دلشده:** دلدادە،عاشق، شەیدا، ئەویندار

**دلگداز:** خەمهێنەر، خەماوی

**دلگران:** دلگران، رەنجاو، دلتەنگ، دل ئێشاو

**دلگرم:** دلگەرم، دلنیا، رازی، شادمان، هیوادار، دلنیایی، ئومێدواری

**دلگـــشا:** دلکەرەوە، ئـەوەی دەبێتـە هـۆی شـادمانی و کرانەوە دل، دلگیر

**دلگیر:** دلگیر، دلتەنگ، خەمبار، خەمۆك، پەرێشان

**دلفریب:** دل فریو، دلفرێن، دلبەر

**دلفـین:** دولیفن، جۆرێك ماسی گەورەی گواندارە کە درێژیەکەی تا سێ مەتر دەگات لە ئۆقیانوسی هیند و شـوێنە گەرمـەکان دەردەکـەوێت وبـۆ رۆنەکـەی راوی دەکەن

**دلق:** دلەك، پشیلەی سارایی

**دلقك:** لێبـۆك، گالتـەجار، قەشمەر، ئـەوەی بـە قسە یا کارەکانی خۆی دەبێتە هۆی پێکەنینی خەلك، ئاواوك، تیزەجار، قەشمەرجار، رشقەندەجار. لە بنەرەتدا ناوی کابرایەك بوە لە دەرباری سولتان مەحمودی غەزنەوی

**دلك:** دەست پیاهێنان، شێلان

**دلکش:** دلبەر، دلرفێن، دلگر، دلپەسەند

**دلکور:** دل کوێر، نەزان، گێـژ، ور، حـۆل، بـێ ئاوەز، دل رەش

**دلم:** ئاولە، تاولە، جۆش، زیپکە

**دلماء** ١- رەش، نـەرم، لـوس، خلیسك ٢- شـەوی تاریك، ئەنگوستە چاو

**دله:** دۆلمە، یاپراخ، ئیپراخ، جۆرە خواردنێکە کە برنج و گۆشت و سەوزی لە گەلای مێـو یـا کەلـەم یـا سلقەوە دەپێـچن و دەیکـولێنن. هەنـدێجار تەماتـە و پیـاز و باینجانیش بۆ ئەم مەبەستە بە کار دێنن

**دلرده:** دلمردو، خەمۆك، خەمبار، دلتەنگ

**دلل:** پێنەگەشتو، کال، نەگـەییو، سـەو، نـۆك و فاسۆلیا کە هێشتا سەوز بن، فەریك

**دلنشین:** دلنشین، دلپەسـەند، دلگر، دلگیر، گونجاو، بـە دل

**دلنگ:** ١- هەلواسـراو، هەلاوسـاراو، شـۆرەوەبو، ئـاوێزان ٢- بە مانای بۆلە خورما

**دلنگان:** هەلواسراو، هەلاوساراو، ئاوێزان

**دلنواز:** دلارام، دلگر، دل دانەوە، دل نەواز، خەمخۆر

**دلهام:** شێر، چالاك، پیاوی بوێر

**دلهره:** نیگەران، دڵەتەپە، دڵەخورپە، دڵەڕاوکێ، ترسی لەناکاو

**دلهم:** ١- رەش، لێڵ، تاریک ٢- گورگ

**دلو:** سەتڵ، دەفری ناو هەڵێنجان، دەفرێکی گانزایی یا چەرمی کە ئاوی پێ لە چاڵ دەکێشن

**دلواپس:** نیگەران، دڵ نێگەران، پەرێشان، چاوەنواڕ، چاوەنوڕ

**دلوار:** دلێر، بوێر، چاونەترس، ئازا

**دلیر:** دلێر، ئازا، بوێر، چاونەترس، بە ورە، بە جەرگ، رەشید

**دلیرانه:** دلێرانە، شێرانە، ئازایانە، چاونەترسانە

**دلیك:** بەئەزمون، کەسێك کە زەختی رۆژگار ئەوەی بەئەزمون و پێگەیاندبێت

**دلیل:** رێبەر، رێنیشاندەر، رێنوێنیکەر، و بەمانای بورهان و بەڵگە و ئەوەی بۆ سەلماندنی بابەتێك بە کاری بیەن

**دم بەدم:** سات بە سات، چرکە بە چرکە، گاڤ بە گاڤ، بەردەوام

**دم برآوردن:** ١- هەناسە دانەوە، هێنانەدەرەوەی هەوا لە سیەکان ٢- دەم بۆ قسە کردنەوە، دوان، ئاخاوتن

**دم بریده:** کلك بڕاو، ئاژەڵێك کە کلکیان بڕیبێت، بێ کلك. و مەبەست لە کەسی فێڵباز و زرنگیشە

**دم پخت:** پلاو، پلەو، جۆرێك خواردنە

**دم درکشیدن:** بێدەنگ بون، نەدوان، قسەنەکردن، کوژانەوە

**دم زدن:** ١- هەناسە کێشان، هەناسە لێدان ٢- لێو بۆ قسە کردنەوە، دوان، ئاخاوتن، قسەکردن

**دم سرد:** هەناسە سارد، هەناسەی سارد، ئەو ئاخەی لە بێ هیواییدا لە سینەوە دەیکێشن

**دم سیا:** کلك رەش، کۆترێك کە کلکی رەش بێت

**دم گرگ:** بومەلێڵ، بەربەیانی درۆینە، شە و گورگ، رۆشنایەك کە لە کۆتایی شەو لە لای رۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێت

**دم گرم:** هەناسە گرەم، وتاری گیرا و پاراو، ئەو وتەی لە بیسەردا کاریگەری دابنێت

**دم فروبردن:** هەوا هەڵمژین، هەناسە کێشان، بردنە ناوەوەی هەوا بۆ ناو سیەکان

**دم فروبستن:** بێدەنگ بون، کپ بون، نەدوان، قسە نەکرد، لە قسەکەوتن

**دم کردن:** با کردن، پەنەمان، پەنەمین، ئاوسان

**دم کردن:** دەم کردن، ئامادە کردنی چایی، چایی لێنان

**دم کشیدن:** دەم کێشان، رەنگدانەوە یا ئامادەبونی چایی یا شتێکیتر کە دەمیان کردبێت

**دم لابە:** کلك لەقاندن، ماستاو کردنی سەگ بۆ خاوەنکەی، مەرایی کردن، کلکەسوتە، کلکەسوتکێ

**دم نگار:** هەناسە پێو، ئامرازێکە کە جووڵە و کردەوەی ریەکان تۆمار دەکات

**دم و دستگاه:** دام و دەزگا، دەم و دەزگا، مەبەست لە کەل و پەلی ناو ماڵ یا ئامرازەکانی کار کردنە

**دم و دود:** چەقە دوکەڵ، دوکەڵ کردن، مەبەست لە ئامادەبونی سفری چایی و نێرگەلە....

**دم:** خوێن، خون

**دم:** دەم، لێوار و قەراغی شتێك، دەمی چەقۆ و شتیتر

**دم:** سات، چرکە، گام، دەڤ، وەخت، هەرکات، هەرخولەك، هەر کاتژمێر

**دم:** کلك، کووڕی، دویڤ، ئەندامی جەستەی چوارپێکان کەلە پشتیانەوەیە

**دم:** نەفەس، هەوا، ئەو هەوایەی لە کاتی هەناسە کێشان لە لوت و دەم دەڕواتە ناو سیەکان

**دما:** نەفەس، هەوا، گەرما، پلەی گەرمی، ئەندازەی گەرمی یا ساردی بە پێی پێوانەکان

**دمادم:** سات بە سات، گاڤ بەگاڤ، چرکە بە چرکە، هەرسات، بەردەوام

**دمار:** ١- لەناوچون، فەوتان، رزان ٢- فیرۆیی، لەناوچون

**دماسنج:** دەماپێو، ئەو ئامرازی پلەی گەرمی دیاری دەکات

**دماگوژی:** فریودان، خەڵك فریودان

**دماغ پرور:** بۆنخۆش، بۆندار، هەر شتێکی بۆنخۆش

**دماغ:** دەماغ، مێشك، مێشکە سەر، مادەیەکی نەرم و خۆڵەمێشی رەنگ کەلەناو کاسەی سەردایە. لوت، کەپۆ

**دماغە:** لوتکە، لوتە، پێشت هاوتوی شتێك لە شێوەی لوت. و لە زانستی جوگرافیا پارچە زەویەکی باریك کە لە دەریا رۆشتبێتە پێش

**دمامە:** بلول، شەیپور، زڕنا

**دمامت:** ناحەزبون، ناشیرین بون، قێزەونی، سوك بون، پەست بون، ناحەزی، ناشیرینی

**دمان:** مەست و غەزبە گرتی، بە نەڕە، بە گورە، خرۆشاو، نەڕەکەر

**دمانگار:** گەرماپێو، جۆرێك دەماپێوە کەگۆڕانکاریەکانی پلەی گەرما بە شێوەیەکی خۆکار تۆمار دەکات

**دمبە:** بڕوانە دنبە

**دمە:** بۆران، بای توند بە بەفرەوە، زوقم، با و بەفر و سەرما

**دمە:** دەم، قەراغ و لێواری هەرچی، قەراغی شمشێر و چەقۆ...

**دمخور:** هاودەم، هاوڕێ، هاوەڵ هاودو، هاوقسە

**دمدار:** کلکدار، هەر ئاژەڵێك کە کلکی هەبێت

**دمدە:** کۆن، لە مۆد کەوتو، باونەماو، ئەوەی ئیتر پەسەندی نەکەن

**دمدمە:** ١- ئەفسون، مەکر، فێڵ، فریو ٢- ناوبانگ، ناسراوی، ناوداری٣- دەهۆڵ، دەنگی دەهۆڵ

**دمدمە:** بۆڵە بۆڵ، بە توڕەییەوە قسە کردن

**دمدمی:** دەمدەمی، ڕاڕا، ئەوەی بەردەوام باوڕی بگۆڕێت و لەسەر قسەیەك نەبێت

**دمساز:** هاودەم، هاودو، هاوقسە، هاوڕێ، هاوەڵ، هاونشین

**دمسە:** بڕوانە دمسق

**دمسرد:** دەم سارد، ئەوەی وتەکەی کاریگەری لەسەر کەس دانەنێت

**دمسق:** هەورێشمی سپی

**دمگاە:** شوێنی کلك، ئەو شوێنەی کلکی ئاژەڵی لێ دەڕوێت

**دمع:** ئەسرین، فرمێسك، ئەسر، ئەشك، دڵۆپە ناوی چاو

**دمغ:** سەرشکاو، سەرشۆڕ، شەرمێون، بۆربون، شەرم کردن

**دمق:** بۆران، تۆفان، بای توند کە بەفری پێوە بێت

**دمکش:** دەمکێش، ئەوەی بۆ دەم کێشانی برنج دەیخەنە سەر مەنجەل

**دمل:** دومەڵ، قونێر، بیرۆڤ، کونێر، زام برینێکە لە پێستی جەستە پەیا دەبێت و چڵك و خوێناوی لێ دێتەدەر

**دمن:** خۆڵدان، ئەو شوێنەی خەوش و خۆڵی لێ دەڕێژن

**دمن:** داوێن، دامێن

**دمندان:** دۆزەخ، جەهەنەم

**دمندە:** خرۆشاو

**دمور:** فەوتان، فیڕۆیی، لەناوچون، بە فیڕۆچون

**دمور:** ورتە، ئاوازی نەرم و هێواش

**دموع:** ئەسرینەکان، فرمێسکەکان

**دموکرات:** دیمۆکرات، دمۆکرات، لایەنگری حکومەتی نەتەوەیی، ئازادیخواز

**دموکراسی:** دیمۆکراسی، حکومەتی خەڵك، فەرمانڕەوایی کردنی خەڵك بەسەر خەڵك، شێوازێکە لەبەڕێوەبردن کە جڵەوی کاروبارەکانی وڵات و خەڵك لە دەست نوێنەرەکانیاندایە. ئەم ناوە سەرەتا لە یۆنان دەرکەوت و بەو شێوزاە لە حکومەتیان دەوت کە زۆرینەی خەڵك لە هەڵبژاردندا بەشدار بن

**دموی:** خوێنی، تایبەت بەخوێن، خونی

**دمی:** خوێنی، تایبەت بە خوێن

**دمیاء:** خێر و بەرەکەت، خێر و خۆشی، فراوانی

**دمیە:** پەیکەر، هەیکەل، پەیکەر لە بەرد یا شتیتر، بت، بوکەڵە

**دمیدن:** ١- فوو کردن، با تێکردن، با کردنە ناو شتێك ٢- ڕووان، ڕوین، سەر لە خاك هێنانە دەر، چرۆ کردن

٣- دەرکەوتن، هەڵاتنی خۆر، دەرکەوتنی رۆژ ٤- خرۆشان، خۆ تووڕە کردن، خۆ ئاوساندن

**دمیغ:** سەرشکاو، ئەوەی زیان بە مێشك و سەری گەشتبێت

**دمیم:** ناشیرین، ناحەز، قێزەون، سوك، پەست

**دمیمە:** ژنی ناشیرین، ناحەز، روخسار ناشیرین

**دنائت:** پەست بون، ریسوا بون، پەستی، ریسوایی، سوکی

**دنان:** خەرمان، خەرامان بە رێگادا رۆشتن

**دنانیر:** دینار، دینارەکان

**دناوت:** ١- نزیك بونەوە، لە کەسێك یا شتێك نزیك بونەوە٢- خزمایەتی، ناسیاوی، ئاشنایەتی

**دنایت:** لاواز بون، پەست بون، سست بون

**دنب:** کلك، ئەندامی دواوەی ئاژەڵەکان

**دنبال کردن:** بە دوادا رۆشتن، شوێن کەوتن، درێژە بە کارێك دان

**دنبال:** دوا، کلك، پشت، کوری، لدویف، لە پەی، پشت سەری کەسێك یا شتێك، شوێن، دوو

**دنبالەدار:** کلکدار، ئەوەی کلکی درێژی هەبێت، هەر شتێك پاشماوە و درێژی هەبێت

**دنبالەرو:** شوێن کەوتو، لایەنگر، لایەنگیر، ئەوەی پشت سەری کەسێکیتر بڕوات

**دنبە:** دوو، دووگ، چەوری، بەشێك لە جەستەی مەڕ کە لە پاشیەتی و لە جیاتی کلکیەتی و هەموی چەوریە و رۆنەکەی زیاتر و باشتر لە رۆنی جەستەیەتی

**دنبلان:** گونە بەران، کدادك، کدارك، گونە بەران کە لەسەر ئاگر کەبابی دەکەن یا لەناو رۆندا سووری دەکەنەوە و دەیخۆن

**دنە:** ورتە، ئاواز، شادی و خۆشحاڵی

**دنج:** شوێنی چۆڵ، قوژبن، سوچ، گۆشە. و هەروەها جەژنێکە لە جەژنەکانی مەسیحیەکان

**دند:** نەزان، گێژ، وڕ، حوَل، کەم ئاوەز، هەبلە

**دندان تیژ کردن:** ددان تیژ کردن، تەماح کردن بۆ رفاندنی شتێك

**دندان پزشك:** ددان پزیشك، دانساز، پزیشکی دان و نەخۆشیەکانی

**دندان داشتن:** دوژمنبون، دژمنایەتی لە گەڵ کەسێك

**دندان درد:** دان ئێشە، ئازاری ددان، ئازارێك کەبە هۆی رەشبونەوە یا کرم لێدان لە یەکێك لە دانەکاندا دەردەکەوێت

**دندان زدن:** گاز گرتن، قە گرتن، قەپاڵ، دان لە شتێك گیر کردن

**دندان شکن:** ددان شکێن، دان شکێن، ئەوەی ددان بشکێنێت. و مەبەست لە وەڵامێکی پڕ و بە برشتە

**دندان شو:** دان شۆر، دان پاك کەرەوە، ئامرازێك کە دانەکانی پێ پاك دەکەنەوە، فلچەی دان

**دندان گیر:** گازگر، قەپ گر، ئەو جانەوەرەی قەپاڵ دەگرێت. و هەرچی ددان لێی گیر بکات و شیاوی جاوین بێت

**دندان کروچە:** ددانکرۆژە، ددان لەیەك گیر کردن، لە یەك سونی ددانەکان لەبەر تووڕەیی زۆر

**دندان:** دان، ددان، دەدان، دگان، ددان

**دندانە:** ددانە، هەر شتێك هاوشێوەی ددان، ئەوەی ددانەی هەبێت وەك مشار

**دندانساز:** دانساز، ددانساز، دروست کەری ددان، ئەوەی دانی دەسکرد دروست دەکات

**دندە:** ١- پەراسو، دەنك، دەنکە، پارسوو، پارخان، پاروخان، پەراسی٢- گێر، دەندە، گێری سەیارە و هەرچی

**دندنە:** چرپە، سرکە، وتەی ژێر لێو کە کەس حاڵی نەبێت٢- ویزە، دەنگی مێش یا مێشولە

**دندیدن:** بۆڵە کردن، ورتە کردن، لە ژێر لچەوە قسە کردن، بۆڵە بۆڵ کردن

**دنس:** چڵك، پیسی، قرێژی، ناپاکی

**دنس:** چڵکن، ناپاك، ناحەز، قێزەون، گلاو

**دنگ و فنگ:** دەم و دزگا، شان و شکۆ

**دنگ:** برنج کوت، ئەو ئامرازەی چەڵتوکی پێ دەکوتن تا برنج لە توێکڵکەی جیا ببێتەوە

**دنــگ:** دەنــگ، دەنگێك كــە لەبەریــەك كــەوتنی دوشــت بەرز دەبێتەوە

**دنگ:** نەزان، گێژ، وڕ، حۆل، نەفام، كەم ئاوەز

**دنگاله:** گلیلە، لویلاق، شیشلتوك،گلیزە، چلورە، شوشـە سەهۆڵ، ئاوێك كە لە زستاندا لە شوێنێكدا بەستبێتی و شۆڕ بوبێتەوە

**دنگداله:** بڕوانە دنگاله

**دنگل:** ئەحمەق، نەزان، گێژ و حۆڵ

**دنقــه:** گەنمــە تاڵــە، تاڵــە، مــرۆر، دەنكێكــی تــاڵ لــەناو گەنمدا

**دنن:** پشت كۆم، چەماوە، پشت كووڕ، پشت كۆمی، پشت كووڕی

**دنو:** نزیكبونەوە، نزیك بون

**دنی:** زەلیل، رەزیل، رژد، پەست

**دنی:** ناكەس، پەست، سوك، ریسوا، بەدفەڕ

**دنیئه:** دژ، رەخنە، كەم و كوڕی، تایبەتمەندی ناحـەزی و فێزەونی

**دنیا خوردن:** دنیا خواردن، رابوردن، كەڵك وەرگرتن لە ماڵ و سامانەكانی دنیا

**دنیا:** دنیا، دونیا، ژیانی ئێستا

**دنیاپرست:** دنیا پەرەست، ئـەوەی دنیـا و مـاڵی دنیـایی زۆر خۆش دەوێت

**دنیادار:** دونیادار، دنیا پەرەست، دنیا خۆشەویست

**دنیاوی:** دونیایی، دنیایی، تایبەت بەم دنیا

**دنیدن:** ناز كردن، خەرامان بە رێگادا رۆشتن

**دنیوی:** دنیایی، دونیایی، تایبەت بە دونیا

**دنیی:** بڕوانە دنیوی

**دهاء** زیرەكی، كارزانی، وشیاری، هۆشمەندی

**دهات:** زیرەك، هۆشمەند، وشیار

**دهار:** غار، ئەشكەوت، دۆڵ، نێوان دوكێو

**دهاز:** بانگ، هاوار، نەڕە، نەعرەتە، هەوار

**دهاق:** لێوانلێو، پڕ، لیپاولیپ

**دهان بند:** دەمبێن، زاربێن، دەڤبێنك، ئەوەی لەبـەردەم دەمدا دەیبەستن

**دهــان بــین:** دەمــبین، لاسایكەرەوە، دەڤ بــین، ئــەوەی سەیری دەمی خەڵك بكات و باوەڕ بە وتەكانیان بكات

**دهان دره:** باوێشك، باوشك

**دهان:** ١- پێست، چەرمی سور رەنـگ ٢- خلیـسك، خـو، شوێنی خز

**دهـــان:** دەم، زار، دەڤ، دەو، دەڤ، ئەنــدامی جەســتەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەناو سەر كە دانە كانی تێدایە

**دهان:** رۆن فرۆش، چەوركەر

**دهان:** رۆن، چەوری، بەز

**دهانه:** دەم، ئەوەی لەشێوەی دەم بێت، دەمی ئەشكەوت

**دهانه:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**دهبان:** دێدار، پاسەوانی دێ، كەیخوا، كوێخا

**دهه:** دەیە، دە بەش لە شتێك

**دهخــدا:** خواوەنــدی دێ، خــاوەنی دێ، كــەیخوا، كوێخـا، كەدخودا

**دهـــــدار:** دێـــدار، خـــاوەنی دێ، دەخـــودا، كوێخــــا، سەرپەرەستی خەڵكی دێ

**دهر:** رۆژگار، زەمان، چاخ، زەمانە، رۆژگاری بێ كۆتـایی كەسەرەتا و كۆتایی نیە

**دهری:** دەهری، بێ باوەڕ بە خوا، ئەوەی باوەڕی بە خوا نەبێت

**دهستان:** لادێ، گوندەكان، چەند دێی نزیك لە یەك كە سەر بەیەك قەزا بن

**دهش:** دان، بەخشین، پێدان، كەرەم

**دهـش:** سـەرگەردانی، سەرلێشێوان، نـەمانی عـەقڵ لـە عەشق یالە بێ خۆبوون

**دهشت:** بەخشین، دان، پێدان، كەرم

**دهشت:** سەرگەردانی، سەر لێشێواوی، شڵەژان لە تـرس یا لە شەرم

**دهگان:** خاوەن دێ، خودانی دێ، گەورەی دێ، جوتیار

**دهگان:** دەیی، دەدانەیی

**دهقــان:** جوتیـار، وەرزێـر، خـاوەن دێ، ئـەوەی لەسـەر زەوی كشتوكاڵی كاردەكا

**دهقنت:** جوتیاری، وەرزێری، كاری جوتیار

**دهكده:** گوند، دێ، لادێی بچوك

**دهل دریده:** بێ ئابڕوو، ریسوا، بێ شەرم، ریسواکراو

**دهل زدن:** دەهۆڵ لێدان، دەهۆڵ ژەنین

**دهل:** دەهۆڵ، داهۆڵ، تەپڵی گەورە

**دهله:** پرد، جسر، پردی دارین یا پردێك كە بە ئاسن و خشت دروست کرابێت

**دهله:** گەوەن، گیایەکی چقڵدارە

**دهلیـز:** دالآن، رێـڕەو، رێگـەی تـەنگ و درێـژ، رێـڕەوی باریك

**دهلیزه:** بڕوانە دهلیز

**دهم:** دەیەم، دەیەمین

**دهماء** ١- رەش، تاریـك ٢- قـازان، مەنجـەڵ ٣- دەسـتە، گـروپ، قـەرەباڵغی خـەڵك ٤- شـەوی بیـست و نۆیـەم مانگی کۆچی

**دهن دره:** باوشك، باوێشك، دەم داچەقاندن لەبـەر خـەو هاتن

**دهـــن کجـــی:** دەم خـــوار کـــردن، دەم لار کـــردن، بەپێچەوانەی حـەزی کەسـێك هـەڵس و کـەوت کـردن، پێداگرتن

**دهن:** دەم، دەڤ، زار، دەو

**دهناء** بیابان، سارا، فەلات

**دهناد:** نەزم، رێکی، رێك وپێکی، نیزام

**دهی:** عاقڵ، بیرمەند، زانا، وشیار

**دهین:** ١- چەورکراو، چەور ٢-لاواز، سست

**دهیو:** بەش، ناوچـە، قـەزا، بەشـێك لـە وڵات، بـە مانـای دێ و ئاوەدانیش دێت

**دهیوبد:** قایم مقام، فەرماندار، بەڕێوبـەری بەشـێك یـا ناوچەیەك لە وڵات

**دو آتشه:** دو ئاگرە، هەر شتێك کەدوجار خرابێتە سـەر ئاگر

**دو:** دو، ژومارە دو

**دو:** راکردن، هـەڵاتن بـە خێرایـی، رۆشـتن بـە خێرایـی، غاردان، بەزین

**دواء** دەرمـــان، دەوا، ئـــەوەی نەخۆشـــی پـــێ چارەســـەر دەکەن

**دواب:** چوارپێ، چاروێ، ئاژەڵە بارهەڵگرەکان

**دوات:** مەرکەبـــدان، دەفرێکـــی بـــچوك کەمەرکـــەب یـــا جەوهەری تێدەکەن بۆ نوسین

**دواج:** بالآپۆش، بەتانی

**دواخانـــه:** دەرمانخانـــە، دەواخانـــە، شـــوێنی فرۆشـــتنی دەرمان

**دواد:** ١- کرمە وردە، کرمی ورد ٢- بلەز، پیاوی چـالاك و خێرا، تیژپێ

**دوار:** سەرگێژە، سـەرگێجە، حاڵـەتێك کـە کـەس گومـان دەکات هەمو شتەکان بەدەوری سەریدا دەسووڕێتەوە

**دوارالشمس:** گوڵە بەڕۆژە

**دواره:** پەرگار، ئەوەی بازنەی پێ دەکێشن

**دوارس:** ونبو، لەبەرچاودا نەماو

**دوازده:** دوانزە، دوانزدە، ژمارەی دوانزە

**دواس:** شێر، شێری درندە، ئازا، چاونەترس

**دواعی:** هۆکارەکان، هۆکان، بزوێنەرەکان

**دوال پـا:** لـۆق درێـژ، لاق درێـژ، ئـەوەی پێـی باریـك و درێژ بێت

**دوال:** قـــایش، کەمەربەنـــد، قامـــچیەك کـــە لەچـــەرم دروست کرابێت

**دوالیـــسم:** دوانـــە، دوهەمینـــە، هـــەر مەزهـــەبێك پـــشت بەستو بە دو سەرتا بێت وەك شەیتان و خوا، یا رۆح و مـادە، هاوپـەیمانی دو دەوڵـەت کـە وڵاتێکـی سـەربەخۆ دروست بکەن

**دوام:** خۆڕاگری، سەقامگیری، پایەداری، هەمیشەیی

**دوانـــدن:** غـاردانی بـۆ راکـردن ناچـار کـردن، مـرۆڤ یـا ئاژەڵێك بە راکردن ناچار کردن

**دوانق:** دانگ، یەك لەسەر شەش

**دواهی:** کاری سەخت، کاری دژوار

**دوایر:** بازنەکان، خرپەکان

**دوباره:** دووبارە، دووجارە، دو کەرەت، دوودفعە

**دوبدو:** دووبەدوو، دوانی، دوکەس بێ کەسیتر

**دوبرادران:** دوبراله، دوبراكه، ناوی دو ئه‌ستێره

**دوبل:** ١- به‌رازی نێر ٢- كه‌ری جه‌سته بچوك

**دوبل:** بێ وه‌فا، په‌یمان شكێن، ناڕاست

**دوبل:** دووتوێ، دووبه‌رابه‌ر، رونوس

**دوبلاژ:** دوانی، دوولا كردن، كردنه دوان

**دوبیتی:** چوارینه، شێوه شیعرێكه پێك هاتو له چوار دێڕ

**دوبین:** چاوخێل، چاوخوار، ئه‌وه‌ی یه‌ك به دوان ده‌بینێت، چاڤ وێڕ، خێلی

**دوتا:** دوان، دودانه، دودنك

**دوتخمه:** دو تۆو، دوڕه‌گه‌ز، مرۆڤ یا ئاژه‌ڵێك كه‌له‌دو ره‌گه‌ز بێت، دوڕه‌گه

**دوتو- دوته:** بڕوانه دوتا

**دوپوسته:** دوتوێ، ئه‌وه‌ی دوتوێكلی هه‌بێت و مه‌به‌ست له قسه‌ی نامۆ و نه‌زانراوه

**دوجین:** دوجین، دوانزه‌دانه، به‌سته‌یه‌كی دوانزه‌دانه‌ی له‌هه‌ر شتێك

**دوحه:** داری گه‌وره، گه‌وره‌دار، سه‌یوانی گه‌وره، دارێكی گه‌وره‌ی پڕ لق و پۆ

**دوخ چكاد:** تاس، بێ مو، ئه‌وه‌ی ناوچاوی روتابێته‌وه، شامی

**دوخاتون:** دو خاتون، مه‌به‌ست له مانگ و خۆره

**دوختن:** بڕوانه دوشیدن

**دوختن:** دورین، درومان، ته‌قه‌ڵ لێدان، دو تیكه پارچه به ده‌رزی و به‌ن به یه‌كه‌وه دورین

**دوخواهر:** دو خوشك، دوانه، جوته خوشك، ناوی دو ئه‌ستێره له ئاسمان

**دود اسا:** دوكه‌ڵ ئاسا، هاوشێوه‌ی دوكه‌ڵ، هه‌رشتێك وه‌ك دوكه‌ڵ

**دود افكن:** ساحیر، جادوباز، جادوگه‌ر كه شتی بۆن خۆش ده‌خاته ناو ئاگر و ئه‌فسون ده‌خوێنێت

**دود الود:** دوكه‌ڵاوی، تێكه‌ڵ به دوكه‌ڵ، له‌ڕه‌نگی دوكه‌ڵ

**دود آهنگ:** دوكه‌ڵ كێش، لوله‌ی زۆپا

**دود زدن:** دوكه‌ڵ كردن، دوكه‌ڵ كردنی شتێك كه ده‌سوتێت یا چرایه‌ك كه به‌نه‌وت كار ده‌كات

**دود:** دود، دوكه‌ڵ، ته‌م، دومان، كادی، دوی، دویكێل، شتێكه ره‌ش ره‌نگ هاوشێوه‌ی هه‌ڵم یا هه‌ور كه‌له كاتی سوتاندنی شتێك به‌رز ده‌بێته‌وه

**دوده:** بڕوانه دودمان

**دوده:** دورنج، ره‌ژه‌ن، دوده، زفیر، هیبس

**دوده:** كرم، ده‌عبای وردی بێ ده‌ست وپێی خزۆك

**دودخانه:** خێزان، بنه‌ماڵه، عه‌شیره، تایه‌فه

**دودستگی:** دودسته‌یی، جیاوازی، جیاوازی بیروڕا له‌نێوان دودسته

**دودگون:** به‌ڕه‌نگی دوكه‌ڵ، دوكه‌ڵاوی، دوكه‌ڵ ئاسا

**دودگین:** دوكه‌ڵاوی، به‌ڕه‌نگی دوكه‌ڵ، دوكه‌ڵ لێدراو

**دودكش:** دوكه‌ڵكێش، لوله یا ده‌لاقه‌یه‌ك كه دوكه‌ڵ لێی بڕواته سه‌ر

**دودكی:** به دزیه‌وه، دزانه، به‌نهێنی، هێواش و بێ ده‌نگه ده‌نگ

**دودل:** دودڵ، دوردونگ، ئه‌وه‌ی بۆ ده‌سپێكردنی كارێك له‌بیر و ئه‌ندێشه‌دا بێت و نه‌توانێت به‌خێرایی بڕیار بدات

**دودم:** دوده‌م، وه‌ك شمشێری دوده‌م، هه‌ر شتێك كه دوده‌م یا دو لێواری هه‌بێت

**دودمان:** بنه‌ماڵه، ماڵ، خێزان، عه‌شیره، تایه‌فه

**دور:** دوور، ئه‌وه‌ی له‌به‌ر ده‌ستی ئێمه‌دا نیه، دژی نزیك، دووره‌ده‌س، دویر

**دور:** سووڕان، گه‌ڕان به ده‌وری شتێكدا، سووڕانی ساڵ و مانگ و رۆژگار

**دوراغ:** دۆ یا ماست كه ناوه‌كه‌یان گرتبێت، تۆرغ، تۆراخ

**دورافتاده:** دوورخراوه، دور، ئه‌وه شته‌ی یا ئه‌و كه‌سه‌ی له شوێنێكی دووردا جێگیر بوبێت. زه‌وی یا ماڵ كه‌له ئاوه‌دانیه‌وه دوور بێت

**دوران:** سوڕان، گه‌ڕان، خول خواردن به ده‌وری شتێك، سووڕانی بازنه ئاسا

**دوراندیش:** دوورئەندێش، دووربین، ئەوەی کۆتایی کارەکەی لەبەرچاو گرتبێت

**دورباش:** دوربە، دوربێستە، دورکەوەرەوە. رمێکی دوشاخە کە لە کۆندا لە پێش پاشاوە دەیانبرد تا خەڵك بیبینن و لەسەر رێگا دورکەونەوە

**دوربرداشتن:** خێرایی، خێرابوون، دەور هەلگرتن

**دوربل:** بێ وەفا، بێ ئەمەك، ناراست

**دوربین:** دوربین، ئەوەی چاوی شتی دور باشتر دەبینێت تا نزیك. دوربین، دورئەندێش

**دوربین:** دووربین، ئامرازێکە بۆ بینینی شتی دور کە لەسەدەی ١٧ دا دروست کرا. بەمانای دووربینی وێنە گرتنیش بە کار دەبرێت

**دوره:** ١- سووڕان، گەڕان بەدەوری شتێك، یەك جار سووڕان٢- دەورە، دەوران، زەمانە، رۆژگار

**دورەگرد:** چەرچی، وردەواڵە فرۆش، ئەوەی لە کۆڵان و بازاردا دەگەڕێت و کاڵای خۆی دەفرۆشێت

**دورداشتن:** دوور کردن، دوورراگرتن، دورخستنەوە

**دوردست:** دوردەست، دورەدەس، شتێك کە نزیك نەبێت، ئەوەی لەبەر دەستا نەبێت

**دورزدن:** دەورلێدان، سووڕان، گەڕان بە دەوری شتێکدا

**دورسنج:** دورپێو، ئامرازی پێوانە کردنی دووری

**دورگە:** دوڕەگە، دوڕەگەز، دو تۆو، مرۆڤ یا ئاژەڵێك کە دایك و باوکی لە دوڕەگەزی جیاوازبن

**دورق:** گۆزە، گۆزەیەکی گەورە کە دودەسکی هەیە

**دورکردن:** دورکردن، دورخستنەوە، شتێك لە خۆدورکردن یا بۆ شوێنێکی دور ناردن

**دورنگ:** دووڕەنگ، هەر شتێك کەدوڕەنگی هەبێت. و مەبەست لە مرۆڤی درۆزن و دوڕوو

**دورنما:** دورنوێن، وێنە یاتابلۆی نەقاشی کە دیمەنێکی دور نیشان دەدات وەك قەراغی ئاسمان، نوێنگە

**دورو:** دوڕوو، پارچە یا شتێکیتر کە پشت و رووەکەی لە رەنگ و شێوە و هتد دا جیاوازبن، دوڕوو، درۆزن

**دوروبر:** دەورووبەر، ئەم لاولا

**دورویە:** دوڕو، لە دووڕوەوە، دوولایەن، لە دوولاوە

**دورویی:** دووڕوویی، ریاکاری، درۆزنی، خۆنیشاندان بە هاوڕێ یەتی و شاردنەوەی رق و دوژمنایەتی

**دوری:** دەوری، قاپی نان خواردن، پێشدەستی

**دوز و کلك:** فێڵ و فریو، تەڵەکە، کەڵەك

**دوزخ:** دۆزوخ، شوێنی زۆر خراپ و گەرم، شوێنی تاوانباران لە رۆژی کۆتایی، سەقەر، دوژە

**دوزنە:** دەرزیشوێژن، دەرزیك، سوژن، دەرزی کەشتێکی پێ درومان دەکەن، ئامرازی تەقەڵ لێدان، بە مانای چزوی زەردەواڵە و دەعباکانیتر دێت

**دوزنە:** دوژن، دوژنە، پیاوی دوژنە

**دوزیدن:** دوورین، دووراندن، تەقەڵ لێدان

**دوس:** ١- پێ شێل کردن، بە پێ شێلان، لەژێ پێدا کوتان ٢- ئاودان تیژ کردنی شمشێر

**دوسانیدن:** لکاندن، چەسپاندن، پێوە لکاندن، نوساندنی شتێك بە شتێکیترەوە

**دوست:** دۆست، هاوڕێ، یار، هاودەم، هەواڵ، هەڤاڵ

**دوستار:** بڕوانە دوستدار

**دوستانە:** دۆستانە، هاوڕێیانە، تایبەت بە دۆست

**دوستدار:** خۆشەویست، یاری ئازیز، دۆستی خۆشەویست

**دوستگانی:** هاوڕێیانە، خواردنەوە لە گەڵ هاوڕێیان و یا بە بیری ئەوان خواردنەوە

**دوستکام:** هاوڕێ پەسەند، دۆست پەسەند، ئەوەی بە حەزی دڵ بێت

**دوستوار:** دۆست ئاسا، هاوڕێیانە، وەك دۆست، دۆستانە

**دوسرە:** دوسەر، ئەوەی دوسەری هەبێت، لە دوولاوە

**دوسری:** خێمە، سەرپۆشی گەژاوە

**دوسیە:** فایل، پەروندە، دۆسیە

**دوسیدن:** چەسپاندن، لکاندن، نوساندنی شتێك بە شتێکیتر

**دوش:** دوێ شەو، شەوی رابردوو، شەوی پێش

**دوش:** شان، شانە، مل، کۆڵ، پشت، بەشی سەرەوەی پشت

**دوشاب:** دۆشاو، گوشراوەی ترێ، گوشراوەی خورما

**دوشاخ:** دوشاخ، هەر شتێك دوشاخی هەبێت هاوشێوەی دوپەنجە

**دوشادوش:** شان بە شان، هاوڕێ لەگەڵ

**دوشانیدن:** بڕوانە دوشیدن

**دوشە:** گادۆش، ئەو دەفرەی شیری تیا دەدۆشن

**دوشق:** ١- تەلار، کۆشك، ماڵی گەورە ٢- وشتری زل و زەبەلاح

**دوشك:** دۆشەك، تۆشەك، ڕاخەر، ژێرخەر، ڕاخەرێك پڕ لە پەشم یا لۆکە کەلەسەر زەوی یا قەرەوێلە ڕایدەخەن

**دوشمال:** دەسەسڕ، خاولی، دەسماڵ

**دوشنبە:** دوشەممە، سێیەم ڕۆژی حەفتە، دوشەمب، دوشەمبی، دوشەممە

**دوشنە:** بڕوانە دوشە

**دوشیدن:** دۆشین، دادۆشین، شیردۆشی، وشین، شیر لە گوان هێنانە دەر، هێنانە خواری شیر لە گوانی مانگا و هاوشێوەکانی

**دوشیزە:** کچ، کچی جەحێڵ، کەنیشك، مێرد نەدیتو

**دوشین:** دوێ شەو، شەوی ڕابردوو، شەوی پێش

**دوصد:** دوسەد، ژمارە ٢٠٠

**دوچرخە:** دوچەرخ، پاسکیل، دوچەرخە، یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوە کە دو چەرخی هەیە و تەنیا یەك کەس دەتوانێت سواری بێت

**دوچند:** دوبەرابەر، دو ئەوەندە

**دوگان:** دوانە، دووبەدوو، دودانە

**دوگانە:** دوانی، هەرشتێك کەلەدو شت پێکهاتبێت

**دوگیتی:** دو جیهان، دودنیا، دنیا و ئاخیرەت

**دوغ:** دۆ، گۆڕاو، ماستاو، ماساو، ماستی تێکەڵ بە ئاو

**دوغاب:** دۆغاو، دۆخاو، ئەوەی ئاوی تێبکەن و وەك دۆ سپی بێت

**دوغبا:** دۆخەوا، دۆغەوا، دۆکلیو

**دوغلو:** دوانە، جمکە، دو منداڵ کەلەیەك کاتدا لە یەك سك هاتبێتنەدەر

**دوك ریسە:** دوك، خەرەك

**دوك:** دەك، خەرەك، ئامرازی پەمۆ ڕستن

**دوك:** دوك، ئەمیر، نازناوی ئەشرافی لە فەرەنسا

**دوکارد:** مقەست، مقەس، تۆرتۆ، مقەستی گەورە کە پەشمی مەڕی پێ لێدەکەنەوە

**دول:** دەرەنگ کردن، پشت گوێ خستن، دەرەنگ کردن لە کارێکدا

**دول:** سەتڵ، ئەو دەفرەی ئاوی پێ هەڵێنجێنن

**دول:** وڵات، وڵاتەکان

**دولا:** دوولا، چەماوە، نوشتاوە، خواربوو

**دولاب:** ١- دولك، دۆڵاو، سەتڵی ئاوکێشان ٢- دۆڵاب، جێگەی جلك لە دیواردا، دۆڵابە

**دولابە:** بڕوانە دولاب

**دولت سرا:** کۆشکی سەڵتەنەتی، تەلاری دەوڵەت

**دولت:** ١- دەوڵەت، سامان، دارایی، ماڵ ٢- و لە ناو سیاسەتدا، کاتی فەرمانڕەوایی کردن بەسەر وڵاتێك، وەهەروەها ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆك وەزیر و وەزیرەکانی

**دولە:** تەپ و تۆز، غوبار، تۆز

**دولە:** تەپە، تەپۆڵکە، چاڵ، زەوی سەربەرەو خوار یا بەرەو سەر

**دولە:** دۆڵچە، سەتڵی ئاوی بچوك

**دولە:** ناڵە، هاوار، فریاد، زوزە، زوزەی سەگ

**دولتخانە:** ماڵی دەوڵەت، بارەگا، کۆشك، تەلار، باڵەخانە

**دولتخواە:** دەوڵەت خواز، خوازیاری دەوڵەت، خێرخواز، چاکەخواز

**دولتمند:** دەوڵەتدار، ساماندار، دەوڵەمەند، ماڵدار

**دولخ:** تەپ و تۆز، تۆز، تۆفان کە تەپ و تۆزی لەگەڵدا بێت

**دولیتار:** بەختیار، بەتوانا، بە شانس، بەختەوەر

**دوما:** دوما، ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکی ڕوسیا لەسەردەمی نیکۆلای دووەم ئیمپراتۆری ڕوسیە کە لە دوای شۆڕشی ١٩٠٥ دروست کرا

**دومان:** تۆفان

**دومان:** هەڵفڕین، فڕین و سووڕانی باڵندە بەدەوری شتێکدا

**دومو:** دومو، ئەوەی موی دەم و چاوی دوڕەنگ یانی ڕەش و سپی بێت

**دون پایە:** پلە نزم، ئەو فەرمانبەرەی پلە و پایەیەکی ئەوتۆی نەبێت

**دون:** ١-پەست، خەسیس، ڕیسوا، سوک ٢- خوا، ژێر ٣- جیا، جیاوازلە

**دوی:** نەخۆش، ناساغ، ئەحمەق، گێژ، وڕ

**دویدن:** ڕاکردن، هەڵاتن، غار کردن، بە خێرای ڕۆشتن، بلەزی

**دویست:** دوسەد، ژمارە دوسەد

**دویی:** دوانە، دوانی، دوان بون، جیایی

**دی:** بەفرانبار، یەکەم مانگی زستان کە دەسپێکی سەختی سەرمایە، سەرماوەز

**دی:** دوێنێ، ڕۆژی ڕابردوو

**دیابت:** شەکەر، نەخۆشی شەکەر، نەخۆشیەك کە بەهۆی زۆربونی شەکری خوێن دروست دەبێت

**دیات:** خوێن بەها، خوێن بایی، ئەو بڕە پارەی لە بری خوێن دەیدەن

**دیار:** دیار، ماڵ، نشینگە، شوێنی دانیشتن نیشتەجێ بون، بەمانای شاری و هۆز

**دیانت:** دینداری، خواناسین باوەڕ بە خوا بون، ئایینی خوا پەرستین، هەر ئایینێك کە بنەماکەی لەسەر خوا پەرستی بێت

**دیباچە:** ١- ڕو، ڕوخسار، ڕواڵەت ٢- پێشەکی، دەسپێکی کتێب

**دیە:** خوێنبایی، دیە، خوێن بەها

**دیە:** دێ، ئاوەدانی، لادێ، گوند

**دیپلم:** دیپلۆم

**دیپلمات:** سیاسەت وان، سیاسی، سیاسەت زان، بە ئەزمون لە کاروباری سیاسی

**دیپلماتیك:** سیاسی، ڕامیاری، پەیوەندیدار بە سیاسەت و کاروباری ڕامیاری

**دیپلوماسی:** دیپلۆماسی، سیاسەت، ڕامیاری، زانستی سیاسەت

**دیجور:** دەیجور، شەوی تاریك، شەوی ئەنگوستە چاو، تاریکی شەو، ڕەشباو

**دید زدن:** بەراوەرد کردن، دیاری کردن، دیاری کردنی بەها و نرخی شتێك بە بەراوەرد، هەڵسەنگاندن

**دید:** نیگا، بینین، سۆمای چاو

**دیدار کردن:** چاو پێکەتن، دیتن، سەردانی کەسێ کردن

**دیدار:** دیدار، چاوپێکەوتن، بینینی کەسێك، دیتن، هەڤدیتن

**دیدان:** خو، عادەت، نەریت، داب

**دیدبان:** دیدەوان، زێرەڤان، سەرباز یا قەراوڵ کە لەبەرزاییدا بێستێت و هەرچی لە دورەوە ببینێت هەواڵ بدات

**دیدە:** چاو، چاڤ، چەو، چەهەف

**دیدەباز:** چاو کراوە، ئەوەی چاوی کراوەیە و دەبینێت. بە مانای چاو چەرێنیش دێت

**دیدەبان:** بڕوانە دیدوان

**دیدەور:** بینەر، دیدەوان، زێرەڤان

**دیدن:** بینین، دیتن، دین، سەیر کردن، چاو پێکەوتن، سەرنج دان، تەماشا کردن، ڕوانین

**دیدن:** خو، داب، نەریت، عادەت

**دیدوان:** دیدەوان، زێرەڤان

**دیر:** دەیر، ئەو شوێنەی ڕاهیبەکان لێی کۆدەبنەوە و پەرستین دەکەن

**دیر:** دور، درەنگ، هێواش، هێدی، هێمن، لەسەرخۆ، لەمێژ، پێشوتر

**دیرانە:** دێرین، کۆنە، پێشینە، زەمانێکی درێژ

**دیرانی:** دێر نشین، ئەوەی لە دێردا دادەنیشێت و خوا پەرستی دەکات

**دیرباز:** درەنگان، ماوەیەکی دوور و درێژ، زەمانی کۆن، سەردەمی کۆن

**دیرپا:** خۆڕاگر، سەقامگیر، جێگیر، جێکەوتو

**دیرجنب:** هێواش، هێمن، خاو، خاو خلیچك، ئەوەی درەنگ لە شوێنی خۆی هەستێت و تەكان بخوات

**دیررنج:** خۆڕاگر، ئەوەی لەبەرابەر ئازار و دژواریەكاندا خۆڕاگر بێت

**دیرسال:** كۆن، كۆنە سالّ، كۆنە، كەفن، كەفنار

**دیرگاە:** درەنگان، سەردەمی كۆن، چاخی كۆن، لە مێژ، جاران، رابوردە

**دیرگهان:** بڕوانە دیرگاە

**دیرك:** نێرگە، شاتیر، ستونی خێوەت

**دیركتور:** بەڕێوبەر، سەرۆك، دەرهێنەر، رێنیشاندەر

**دیركرد:** درەنگ كردن، درەنگ بون

**دیركردن:** درەنگ كردن، پشت گوێ خستن، بە قندا خستن

**دیرماندن:** تەمەن درێژی، مانەوەی زۆر، پیربون

**دیرند:** ١- رۆژگار، تاف، چاخ ٢- درێژ، درەنگان، ماوەیەكی درێژ

**دیروز:** دوێنێ، رۆژی پێش، دوێ، دوێكە، دوهی

**دیروقت:** درەنگان، جاران، رابوردە، لە مێژ، پێشوتر، لە مێژینە

**دیریاز:** درێژ، بەردەوام

**دیریدن:** خایاندن، پێ چون، كات بردن، درێژە كێشان

**دیرین:** دێرین، لە مێژینە، كۆن، كۆنە

**دیرینە روز:** تەمەن درێژ، ئەوەی بۆ تەمەنێكی زۆر ژیانی بەسەر بردبێت

**دیرینە سال:** بڕوانە دیرینە روز

**دیز:** رەنگ، رەنگی ئەسپ و ئێستر، خۆڵەمێشی

**دیز:** قەلاّ، دژ، حەسار

**دیزە:** رەنگ. و بەمانای رەنگی خۆڵەمێشی یا رەش

**دیزە:** قەلاّ، دژ، حەسار، دیوارچ

**دیزندان:** سێ پایە، سێ كوچكە، سێ پایەیی ئاسنی كە مەنجەڵی لەسەر دادەنێن

**دیس:** دیس، بەلەم، ئەو بەلەمی برنج و خواردنەكانی هاوشێوەی سەر دەكەن

**دیس:** شێوە، هاوشێوە، لەیەك چون، لێكچو، هاوتا، وێنە

**دیسیپلین:** رێكی، نیزام، نەزم

**دیشب:** دوێ شەو، شەوی رابردوو، دوێنێ شەو

**دیشلمە:** دژلەمە، دیشلەمە، چای تاڵ، چاییەك كە شەكری تێ نەكەن

**دیگ:** دیگ، مەنجەڵ، قازان، دەفرێك كەشتی تیا بكوڵێنن، تیانە

**دیگپایە:** سێ پایە، سێ كوچكە، ئەو سێ پا ئاسنیەی مەنجەڵ یا دیگی لەسەر دادەنێن

**دیگدان:** سێ كوچكە، سێ پایە

**دیگر:** یەكیتر، ئەویتر، بێگانە، ئیتر، هیتر، ئیدی، ئەوی دیكە

**دیگرساز:** جۆرێكیتر، بە شێوەیەكیتر، بە جۆرێكیتر

**دیگرگون:** ١- بڕوانە دیگرساز ٢- ئاوەژو، سەربەرەوخوار

**دیفتری:** ملەخرە، گەروە خرە، وەناخ، وەناق، نەخۆشیەكە لە قورگ دا دروست دەبێت

**دیك:** كەڵەشێر

**دیكتاتور:** دیكتاتۆر، ملهوڕ، لاڕێ، خاوەن دەسەلاّت، خۆپەسەند، ئەو كەسەی وك رێبەری حزب یا وەك شۆڕش و كودەتا جڵەری كاروبارەكان دەگرێتەدەست و بە فەرمانڕەوایی دیكتاتۆرانەی خۆی بەسەر خەڵكدا فەرمانڕەوایی دەكات

**دیكتە:** ئیملا، دیكتە، بابەتێك كە كەسێك بیلێت و یەكیتر بینوسێت

**دیكسیونر:** فەرهەنگ، قاموس، كتێبی وشە

**دیلم:** نوێڵ، ئاسنێكی بەهێز و رەقە بو كون كردن یابزواندنی شت و مەكی قورس كەڵكی لێوەردەگرن

**دیلماج:** وەرگێڕ، پاچڤان، زمانزان، ئەوەی قسە یا نوسراوە لە زمانێكەوە بۆ زمانێكیتر وەردەگێڕێت، دیمانچ، پاچڤەكار

**دیم:** رو، روخسار، قیافە، رواڵەت

**دیماس:** چاڵی ژێر زەمین، حەمام، گۆڕ، قەبر

**دیمە:** باران، بارانی بێ هەورە بروسكە كە ماوەیەك ببارێت و دەوامی بێت

**دیمه**: رو، روخسار، قەلافەت، قیافە، روالەت

**دیمومت**: خۆڕاگری، هەمیشەیی، پایەداربون

**دین پژوه**: دیندار، دین خواز، لایەنگری دین و باوەڕ

**دین پرور**: دین پەروەر، پشتیوانی دین، ئەوەی بانگەشەی خەڵك بۆ دینداری بکات

**دین پناه**: دین پەنا، پشتیوانی دین، ئەوەی لایەنگیری لە دین دەکات

**دین ور**: دیندار، باوەڕدار

**دین**: دین، ئایین، شێواز، مەزهەب، باوەڕ، پاداشت، سزا

**دین**: دین، ناوی رۆژی بیست و چوارەم لە هەر ساڵێکی هەتاو

**دین**: قەرز، دەین

**دینار**: دینار، پارەی لێدراوی زێڕ کە لە کۆندا باو بوە. کۆنترین دیناری عەرەبی لەسەردەمی عەبد الملك بن مەرواندا بوە لەساڵی ٦٩٥ زایینی

**دینامو**: دینەمۆ، ئامرازی بەرهەم هێنانی کارەبا

**دینامیت**: دینامیت، مادەیەك شیاوی تەقینەوە

**دینه**: دوێ، دوێکە، دوێنێ

**دیندار**: دیندار، باوەڕدار، ئەوەی لایەنگری لە دین و دیانەت بکات

**دیهیم**: تاج، کلاوی پاشایەتی

**دیو**: دێو، جانەرێکی خەیاڵی و ئەفسانەییە کە قیافەی لە مرۆڤ دەکا بەڵام زۆر ناحەز و ناشیرینە، مێردزمە

**دیوار**: دیوار، حەسار، هەوەی لە خشت و قوڕ و بەرد دروستی دەکەن بە دەوری ماڵدا

**دیواره**: دیواری، حەساری، هاوشێوەی دیوار، دیوار ئاسا

**دیوان**: دیوان، دادگا، خانەی داد، دەفتەرخانە

**دیوانه سار**: شێت ئاسا، وەك شێتەکان، بێ عەقڵ، بێ ئاوز

**دیوانه**: دێوانە، شێت، عەقڵ لەدەست داو، پەت بڕ، پەت پچڕێن، بێ ئاوز

**دیوانەوار**: شێت ئاسا، وەك شێتەکان

**دیوانەوش**: بڕوانە دیوانە وار

**دیوباد**: گێژەلووکە، تۆفان، بای توند کە هەوا تاریك و تار بکات

**دیوبند**: دێبەند، دێوبەست، ئەوەی دێو بەند بکات و نازناوی تەهمورس سێیەم پاشای پێشدادی

**دیوه**: کرمی هاوریشم

**دیوث**: بێ ویژدان، بێ ناموس، ئەو پیاوەی دەمارگیری بۆ ژنەکەی خۆی نەبێت، گەواد، قوڕومساخ، ناپیاو، دەبیت، تەرەس

**دیوجان**: شەیتان، دێو ئاسا، وەك شەیتان

**دیودل**: دڵ رەش، رەشبین، دڵ رەق، بێ بەزەیی

**دیوزاد**: بەچکە دێو، بێچوە شەیتان، دێوزا، ئەوەی لە دێو بوبێت

**دیوزد**: شێت، عەقڵ لەدەست داو، ئەوەی شەیتان دەستی لێدابێت و عەقڵی لە دەست دابێت

**دیوسار**: دێو ئاسا، وەك دێو

**دیوسالار**: بوێر، ئازا، نەترس

**دیومنش**: دێو ئاسا، خراپە خواز، شەیتان، گومڕا، لاڕێ

**دیویسنا**: دێو پەرست، لە ئایینی زەردەشتیدا بە شەیتان پەرستەکان دەوترێت

# ذ

**ذ:** پیتی یانزەیەم لەئالفابێتی فارسی. ئەم پیتە لەزمانی کوردیدا نیە و لە جیاتی ئەوە لە زمانی کوردیدا (ز) بە کار دەبرێت

**ذؤابە:** پرچ، کەزی، موی درێژی سەر. و بەرز و درێژ لە هەر شتێك

**ذؤالە:** گورگ

**ذئب:** گورگ، وەرگ، گۆر، فەرق، گۆریی

**ذئبە:** دەڵە گورگ، گورگی مێینە، مێچکە گورگ

**ذائق:** چێژەر، تامکەر، تام گر، ئەوەی تامی خواردن یا شتێکی دیکە دەکات

**ذائقە:** چێشتن، یەکێکە لە پێنج هەستەوەرەکە، تام کردن، چێژتن، مێلاك

**ذائل:** داوێن درێژ، درێژەدار، درێژایی

**ذابح:** قوربانیکەر، قورگبڕ، ئەوەی ئاژەڵ بۆ قوربانی کردن سەردەبڕێت

**ذابل:** سیس بو، ژاکاو، سیس هەڵاتو، وشکبو، قرمنجاو، ترمنجاو، لاغر، لاواز

**ذات الجنب:** برك، برك، دەرد و ژانی خاڵیگە کە دەبێتە هۆی تا و توند بونی هەناسە

**ذات:** ١- خاوەن، نەفس٢- زات، سرشت، سروشت، و بەمانای ناخە وناوەرۆکی شتێك، راستینەی شتێك

**ذاجل:** ستەمکار، زاڵم، ستەمکەر

**ذاخر:** ١- پاشەکەوت، ئەوەی پاشەکەوت دەکات ٢- قەڵەو، گۆشتن

**ذاکر:** وەسفکەر، بیرکەرەوە، بە بیر، بیردار، بیرهێنانەوەی خوا

**ذاکرە:** بیرەوەری، یادگە، هێزی شاراوەی ناخ کەو بابەتەکان لەناو زەیندا رادەگرێت

**ذاهل:** لەبیرکەر، فەرامۆشکار، ئەوەی شتەکان لەبیر دەکات

**ذایع:** پرژ، بلاو، ئاشکرا، دەرخستن، نیشاندان، دەربڕین، درکاندن

**ذب:** بزوك، بزۆز، بێ ئۆقرە، هەر لەگەڕاندا

**ذب:** لادان، دورکردن، دورخستنەوە، لابردن، نەهێشتن، رێ گرتن، رێ پێنەدان

**ذباب:** مێش، مەشە، مەشی، مەش، بۆ مێشولە و زەردەواڵە و هەنگیش بە کار دەبرێت

**ذباح:** ١- سەربڕین، قوربانی کردن، قورگ بڕین، سەربڕینی مەڕ یا مانگا ٢- خنکادندن، خەفە کردن

**ذبالە:** پلیتە، فتیلە، پلیتەی مۆم یا چرا

**ذبح:** سەربڕاو، کوژراو، قوربانیکراو، قورگ بڕاو

**ذبحە:** ئازاری قورگ، ژانی قورگ،

**ذبذبە:** دوودڵ، سەرگەردان، دووردۆنگ، حەیران. بەمانای زمان و هەر شتێکی هەڵاوسراو کە لە هەوادا بجوڵێتەوە

**ذبل:** ١- قاپوغ، قاپوغی کیسەڵ ٢- گوێچکە ماسی ٣- هەرمتی لاوی

**ذبل:** ژاکان، سیس بون، وشك هەڵاتن

**ذبول:** ژاکان، سیس بون، ژاکیان، وشك هەڵاتن، ژاکانی گیا، وشك هەڵاتنی پێستی جەستە

**ذبیح:** سەربڕاو، قورگ بڕاو، قوربانیکراو، ئەو ئاژەڵەی شیاوی قوربانی کردن بێت. هەروەها نازناوی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم

**ذرەبین:** زەرەبین، هوورك بین، شوشەیەك شت لەبەرچاودا گەورەتر دەکات، مەزنکەر

**ذحل:** دوژمنی، دوژمنایەتی، رق، بوغز، قین

**ذخر:** پاشەکەوت، پەسەنداز، گلدریاوە، پاشەکەفت

**ذخیره:** پاشەکەوت، گلدراوە، پاشەکەفت، هەر شتێك کە بۆ رۆژی تەنگانە هەڵیبگرن

**ذر:** مێرو، میروله، میروی زۆر ورد

**ذرء:** ئافراندن، خولقاندن، بە دیهێنان، دروست کردن

**ذرء:** کەم، تۆز، تۆسقاڵ، برێکی کەم، کەمێك لە شتێك

**ذراع:** باسك، باهو، بازۆڵە، چەمپڵ، دەستی مرۆڤ لە هەنیشك تا سەر پەنجە

**ذرت:** گەنمەشامی، بەلال، گەنمۆگ، گوڵە پێغەمبەر، شامی، زوڕات

**ذرخش:** درەوشانەوە، درەوشین، رووناکی، رۆشنایی، تیشك دانەوە، تیرۆژك

**ذرع:** ئەندازە کردن، بە گەز پێوانە کردن. و بەمانای گەز کە پێوانەی درێژی کە هاوتای ۱۰۴ سانتی مەترە

**ذروه:** بەرزایی، ترۆپك، بەرزی، شوێنی بەرز وەك لوتکەی کێو

**ذره:** گەردیلە، گەردیلە بلاوەکانی ناو هەوا کە لەبەر تیشکی هەتاودا دەبینرێن

**ذریحه:** تەپە، تەپۆلکە، بەرزایی سەر زەوی

**ذریع:** خێرا، بلەز، تیژ، تێژ پێ، چوست و چالاك

**ذریعه:** هۆکار، کەرستە، دەساوێز، بیانو

**ذریه:** منالّ، نەوە، نەبیرە

**ذفر:** بۆنی تیژ، بۆنی توند، بۆنی توند چ خۆش چ ناخۆش

**ذقن:** چەنە، چەناکە، ئارچەن، کاکێرك

**ذکاء:** بیرتیژی، وشیاری، بیرتیژبوون، زیرەکی

**ذکاء:** هەتاو، خۆر، رۆژ، هەتاڤ

**ذکات:** قوربانی کردن، سەربرینی مەڕ یا مانگا

**ذکاوت:** بیرتیژی، وشیاری، زیرەکی، زرەنگی

**ذکر:** زیکر، بیرکردن، بیرهێنانەوە، یاد کردن، بابەتێك هێنانە سەر زمان

**ذکر:** نێر، نێرینە، پیاو، دژی مێ

**ذکری:** بیرکردنەوە، بیرهێنانەوە، یاد کردن

**ذکور:** نێر، پیاو، نێرینە

**ذکي:** زیرەك، وشیار، بیرتیژ

**ذل:** ۱- پەست بون، سوك بون، ریسوایی، لەخۆبوردویی، نەرمی

**ذل:** ۱- نەرم بون، رام بون، دەستەمۆبون ۲- نەرمی، شێواز، رێچکە، عادەت، نەریت، خو

**ذلاقت:** زمان تیژی، زمان پاراوی، پاراوی

**ذلالت:** زەلیل بون، سوك بون، سوکی، ریسوایی

**ذلت:** زەلیل بون، سوك بون، پەست بون، کەساسی، کەنفتی، داوەشاوی

**ذلق:** ۱- تیژی، تیژبون، تیژبونی کارد و هاوشێوەکانی ۲- زمان پاراوی، رەوانی لەقسە کردندا

**ذلول:** رام، دەستەمۆ، نەرم، دەسەمۆ

**ذلولي:** روخۆشی، کراوەیی، خۆش ئەخلاقی

**ذلیق:** تیژ، تیز، زمان تیژ، پاراو، دلنیایی لە قسە کردندا

**ذلیل:** زەلیل، کەنفت، سوك، ریسوا، کلۆڵ، پەرێشان

**ذم:** زەم، لۆمەکردن، سەرکۆنە کردن، تانە لێدان، خراپە وتن، خراپە خوازی

**ذماء:** بزوتن، جولان، تەکان خواردن، بزاوتن

**ذماء:** نا، هێز، توانا، پاشماوەی رۆح، پاشماوەی گیان، دواپین هێز لە ناو جەستەدا

**ذمارت:** بوێری، ئازایەتی، نەترسان، چاونەترسی، بە جەرگی

**ذمام:** رێز، ماف، پێویستی

**ذمه:** ئامان، بەڵێن، پەیمان

**ذمیم:** لۆمەکراو، سەرکۆنەکراو، ناحەز، قێزەون، ناشیرین

**ذمیمه:** ناحەز، لۆمە کراو، قێزەون، ناشیرین، بۆ مێینە بەکار دەبرێت

**ذنابت:** خزمایەتی، کەسایەتی، ئاشنایەتی، نزیکی

**ذنابه:** شوێنکەوتوو، لایەنگر، لایەنگیر، کۆتایی، دوماهی

**ذنب:** تاوان، گوناح، سوچ، هەڵە

**ذنب:** کلك، دواپینەی شتێك

**ذو:** خاوەن، دارا، خودان

**ذواد:** بەرگریکەر، پشتیوانی راستی

**ذواق:** چێشتن، چێژتن، تام کردنی شتێك یا خواردنێك

**ذوب:** توانەوە، تواندنەوە، تاویانەوە، هۆمین، بفەشین، حەلاندن

**ذوب:** هەنگوین

**ذوبان:** تاواندنەوە، تواندنەوە، حەلاندن

**ذوجنە:** شێت، عەقڵ لە دەستداو

**ذوحق:** شیاو، شایان، خاوەن ماف، ئەوەی راستی و ماف بەو بێت

**ذوحیات:** گیاندار، زیندەبەرۆح، گیانلەبەر، زیندەوەر

**ذوق:** چێشتن، تام کردن، چێژتن، یەکێك لەهەستەوەرەکان کە بەهۆیەوە تامی خواردنەکان دیاری دەکرێت

**ذهاب:** رۆشتن، تێپەرین

**ذهب:** زێر، ئاڵتون، تەلا

**ذهبي:** زێرین، ئاڵتونی، بەرەنگی زێر

**ذهل:** بەش، پار، بەشێك لەشەو، کاتژمێرێك لەشەو

**ذهل:** لەبیر کردن، فەرامۆش کردن

**ذهلول:** نەجیب، شەریف، پیاوی نەجیب

**ذهن:** زەین، تێگەشتن، یاد، هۆش، بیر، هزر، هێزی ناخ کە بابەتەکان لەناو مێشکدا دەپارێزێت

**ذهوب:** رۆشتن، تێپەرین

**ذهول:** لەبیر کردنن فەرامۆش کردن، ناکاوگیربون

**ذي روح:** گیاندار، زینو، رۆح لەبەر، زیندەوەر

**ذیل:** دامان، داوێن، دافێن، داوێنی هەر شتێك

# ر

**ر:** ر، پیتی دوانزەیەم لە ئاڵفابێتی فارسی کە رێ یا را دەخوێندرێتەوە

**رائد:** سیخوڕ، جاسوس، نێردراو لە لایەن کەسێك

**راب:** زڕباوك، مێردی دایك

**رابح:** سودبەر، قازانجکەر، سودهێنەر، سود گەیەنەر

**رابحە:** سودمەند، بە قازانج، سود گەیەنەر

**رابض:** ١- نیشتەجێ، دانیشتو ٢- شێر، شێری دارستان

**رابط:** پەیوەندیدەر، پەیوەست کەر، نێوەنجی نێوان دو کەس یا دو شت، ئەوەی دو وشە یا دو رستەبە یەکەوە پەیوەند ددات

**رابطە:** پەیوەندی، بەندیواری، ئەوەی دو شت یا دوکەس بە یەکەوە پەیوەندی دەدات

**رابع:** چوارەم، چوارەمین، چوارەمی، ئەوەی لە قۆناغ یا پلەی چوارەمدا بێت

**رابە:** زڕدایك، ژنی باوك کە دایکی خۆ نەبێت، باوەژن

**رابیە:** بەرزایی، بەرزایی، لەزەوی، زەوی بەرز، تەپە، تەپۆڵکە

**راپرت:** راپۆرت، گێڕانەوە، هەواڵ، خواس، دووزمانی، شۆفاری

**راتب:** ١- دایم، هەمیشەیی، پایەدار، جێگیر، سەقامگیر ٢- داهات، کرێ، مانگانە، رۆژانە

**راتبەخور:** جیرەخور، ئەوەی کرێ یا رۆژانە یا مانگانە وەردەگرێت

**راتع:** لەوەڕکەر، لەوەڕ، ئەوەی لە لەوەڕگا دەچەرێت

**راجح:** سەرکەتوو، زاڵ، فراوان، زیاد، زۆر، فرە

**راجع:** گەڕاوە، هاتو، هاتنەوە، گەڕانەوە. هەروەها ژنێك کە مێردەکەی بمرێت و بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە

**راجل:** پیادە، بە پێ، ئەوەی بە پێ بە رێگادا بڕوات و سوار لەسەر هیچ نەبێت

**راجە:** راجە، نازناوی فەرمانڕەواکانی هیندستان

**راجی:** هیوادار، بە ئومێد، ئومێدوار، هومێدوار

**راح:** شاد، شادان، شادمان، خۆشحاڵ، شادمانی، شادی، و بەمانای شەراب و بادە

**راحت:** شادمانی، سروور ٢- ئاسوودەیی، ئاسایش، حەسانەوە، وچان گرتن، پشودان، ئارامی

**راحت طلب:** لەش پەروەر، لەش خۆشەویست، ئەوەی بێکاری و ئارامی لاخۆشە

**راحل:** کۆچەر، کۆچکەر

**راحم:** بەبەزەیی، بەزەیی کەر، بەخشەر، لێخۆشبو، لێبوردو

**راخ:** خەم، کۆفان، قەهر، خەفەت، پەژارە، مەینەتی، گمان و ئەندێشە

**راد:** بەخشەر، جوامێر، نەجیب، شەریف، بوێر، ئازا، دلێر، حەکیم، بیرمەند، فرمزان

**راد:** بەرگر، نەهێڵ، دوورخەرەوە، رێگەنەدەر

**رادار:** رادار، ئامرازێکە بە کەڵك وەرگرتن لە شەپۆلە لەریوەکان پێگە و شوێن و بەرزایی و دووری شتێك لە ئاسمان یا زەوی دیاری دەکات و بەهۆی ئەم ئامرازەوە فڕینی فڕۆکەکان پێگە و ئاستی بەرزی ئەوان لەسەر زەوی دیاری دەکرێت

**رادع:** بەرگر، نەهێڵ، رێگەنەدەر، لەمپەر، رێگر

**رادکار:** بەخشەر، جوامێر

**رادمرد:** بەخشەر، جوامێر، دلێر، بوێر، بیرمەند، زانا

**رادمنش:** بەخشەر، جوامێر، دڵ گەورە، دڵ فراوان

**رادن:** ١- زەعفەران ٢ - سووری تێکەڵ بە زەردی

**راده:** ١- بەرژەوەندی، سوود، دەسکەوت، قازانج، داهات، ئەو قازانجەی بە کەسێك دەبڕێت ٢- ئاست، رادە، ئەندازە

**رادیـاتور:** رادیاتۆر، شوێنی هەڵگرتنی ئاو لەناو مەکینەدا

**رادیکال:** رەگ، رەگی، ریشەیی، بنەڕەتی، پەیوەندیدار بەڕەگی شتێك

**رادیـو:** رادوێ، رادیۆ، دەسگای وەرگری شەپۆلەکانی دەنگ کە لەناوەندی نێرەرەوە بڵاو دەکرێتەوە، بە کارەبا یا پیل کاردەکات. لەسەر دەستی مارکۆنی فیزیسیەنی ئیتالیایی (١٨٧٤ـ ١٩٣٧) دۆزرایەوە و داهێنرا

**راز:** نهێنی، سرِ، راز، قسەیەکی شاراوە لەناو دڵدا، ئەوەی دەبێت بە نهێنی بمێنێتەوە، سرِ

**راز:** وەستا، بەننا، فورکار، ئەوەی کاری دروست کردنی خانوبەرەیە

**رازبان:** رازدارن سرِ پارێز، نهێنی پارێز، خاوەن راز

**راز پوشیدن:** سرِ پۆشین، نهێنی ڤەشارتن، نەدرکاندنی نهێنی

**رازدار:** رازدار، ئەوەی سرِ و نهێنییەکان نادرکێنێت

**رازدان:** راززان، نهێنی زان، ئەوەی لە نهێنی یا رازێك ئاگادارە

**رازق:** رۆزی دەر، رۆزی گەیەنەر، و یەکێك لەناوەکانی خوا

**رازقی:** ١- لاواز، سست، بێهێز ٢- ترێ کشمیشی، جۆرێ ترێ کە دنکەکانی وردە ٣- شەراب، بادە، مەی ٤-جۆرە گوڵێکە

**رازکردن:** نهێنی وتن، سرِ درکاندن، وتنی نهێنی دڵی خۆ لە گەڵ کەسێك، چپە کردن، سرکە کردنن بە هێواشی بە گوێی کەسێکدا چرپاندن

**راز گشادن:** نهێنی درکاندن، سرِ ئاشکرا کردن، دەرخستن و ئاشکرا کرکنی نهێنی

**راز گفتن:** درکاندن، درکانن، وتنی نهێنی کەسێك

**رازنج:** بڕوانە رازیانە

**راز و نیاز:** راز و نیاز، راز و نیازی خۆ لە گەڵ کەسێکدا باس کردن

**رازه:** نهێنی، سرِ، قسەی شاراوەی ناو دڵ

**رازیام:** بڕوانە رازیانە

**رازیانج:** بڕوانە رازیانە

**رازیانه:** رازیانە، رەزیانە، گیایەکی بۆنخۆشە بۆ دەرمان دەشێ

**رازینه:** پلیکانە، پێ پلیکە، قادرمە، رێرەوی ژوور یا سەربان کە پلیکانەی هەبێت

**راژ:** خەرمان، خەرمانی سور کراو، خەرمانی بە بادراو

**راسـت:** ١- راس، راست، دژی خوار٢- راست، وتە یا قسەی راست، دژی درۆ ٣- بەرابەر، یەکسان، بە یەك رادە، بە یەك ئەندازە، تەواو، دروست

**راستا:** راستی، راسا، راستا، پێچەوانەی خواری، ٢- راست، لای راست، دژی چەپ٣- درێژایی، لە راستایی

**راستاد:** موچە، جیرە، کرێی رۆژانە یا مانگانە، هەیڤانە

**راست آمدن:** سازگاری، هاوئاهەنگی، سازان، گونجان، هەڵکردن، یەکسانی

**راست آوردن:** راست کردن، رێکخستن، رێك کردن، سامان دان

**راست انداز:** راست هاوێژ، ئەوەی تیر لە نیشانە بدات، تیرهاوێژی شارەزا، دەست راست

**راست بالا:** بەژن بەرز، بەژن رێك، باڵابەرز

**راست بر:** راست بەر، رێنوێنیکەر، رێ نیشاندەر، ئەوەی یەکیتر بۆ سەر رێگای راست دەبات

**راسـت بـین:** راست بین، راستی بین، ئەوەی راستی دەبینێت و لایەنگیری لە راستی دەکات

**راست پا:** وەستاو، بە پێوە وەستاو، راوەستاو، لەسەر پێ، سەرپێ

**راست پیمان:** خاوەن بەڵێن، بە ئەمەك، ئەوەی پەیمانی راست بێت

**راست رو:** راسترەو، ئەوەی راست دەڕوات، ئەسپێك کە راست غار بدات

**راست داشتن:** راست زانین، به راست گومان کردن، باوەڕکردن به قسەی یەکێك

**راست دل:** دڵپاك، دڵ ساف، سادە دڵ

**راستر:** راست تر، دروستتر

**راست رو:** راست رەو، ئەوەی به رێگای راست دا دەڕوات

**راست ساختن:** راست کردنەوە، لە خواری دەرهێنان کردن، راست کردنەوە

**راست شدن:** راست بوونەوە، هەستان، به پێوە وەستان

**راست شمردن:** بەراست زانین، باوەڕ پێکردن، باوەڕ کردن به قسەی یەکێك

**راستکار:** راست کردار، راست کردەوە، پاك، دەسپاك، ئەمین

**راست کردار:** راست کردار، دەسپاك، چاکەخواز

**راست کردن:** ١- راست کردن، راست کردنەوە، لە خواری دەرهێنان ٢- سەقامگیر کردن، جێگر کردن به هێز کردن، ئامادە کردن، تەیار کردن

**راست گفتار:** راست وتار، راستگۆ، راست بێژ

**راست گفتن:** راست وتن، راست بێژی، راستگۆیی، بەرابەری درۆ کردن

**راستگو:** راستگۆ، راست بێژ

**راستی:** راستی، راست بون، دژی خوار و خێچی

**راستین:** راستی، راستینە، راستەقینە، راسەقانی، راستەقانی

**راسخ:** سەقامگیر، بەهێز، پایەدار، جێگرتو، جێ کەوتو

**راسم:** مۆرکەر، واژۆکەر، رەسم کەر. و به مانای ناوی خوڕ و رەوان

**راسی:** سەقامگیر، بەهێز، پایەدار، جێ کەوتو

**راشی:** ریشوەدەر، بەرتیل دەر، ئەوەی بەرتیل دەدات بۆ ئەنجامدانی کارێك

**راصد:** چاودێر، پاسەوان، ئەستێرەناس کە ئاگاداری و چاودێری ئەستێرەکان دەکات

**راضع:** شیرخۆرە، شیرخۆر، منالی شیرخۆرە. و بەمانای پیاوی پەست و سوك

**راضعه:** شیرخۆرە، شیرخۆر، کچی شیرخۆرە

**راضي:** شادمان، رازی، خۆشحاڵ، رەزامەند

**راضیه:** بەدڵ، پەسەند، خۆش

**راعی:** ١- شڤان، شوان، ئەو کەسەی ئاگای لە مەڕ و ماڵاتە ٢- سەرۆك، سەرپەرست، گەورەی هۆز یا تایەفەیەك

**راغ:** مێرگەلان، چیمەن، سەوزەلان، سەوزایی، دەشت و دەر، داوێنی کێو

**راغب:** خوازیار، ئامەزرۆ، ئارەزومەند

**راف:** مەی، شەراب، بادە

**رافد:** ١- هاریکار، یاردەدەر، بەخشەر، ٢- جێگر، ئەوەی لە نەبوونی پاشا جێگری ئەو بێت

**رافع:** ١- هەڵگر، بەرزکەرەوە ٢- سکاڵاکەر، شکاتکەر

**راقد:** خەواڵو، خەوتو، نوستو، خەو لێکەوتو

**راقص:** سەماکەر، چۆپیکەر، ئەوەی سەما و هەڵپەرکێ دەکات

**راقم:** نووسەر، دانەر، نووسەری کتێب یا نامە

**راقی:** خوێندەوار، بەرزڕۆ، ئەوەی پلەکانی خوێندنی باڵای بڕیبێت، سەرکەوتو، زانا، پێشکەوتوو

**راك:** بەران، پەزی نێر، قۆچ، نێرەمەڕ

**راك:** ئاوخۆری، دەفری دارین بۆ ئاو خواردنەوە

**راك:** بەن، پەت، ئەوەی بۆ درومان بەکاری دەبەن

**راکاره:** قەحبە، داوێن پیس، گاندەر، ژنی حیز

**راکب:** سوار، سوارە، سوار لەسەر ئەسپ یا وشتر

**راکد:** ئارام، بێ جوڵە، بێ بزاوتن، سڕەوتو، هەر شتێك کە لە شوێنێکدا مابێتەوە و لە جووڵەکەوتبێت وەك ئاوی وەستاو، پەنگاو، مەن، راوەستاو

**راکع:** کوڕنوش بەر، سەردانەوێن، لە خۆبوردویی

**راگ:** ئاواز، گۆرانی، رابواردن، خۆشی

**رال:** پرخە پرخ، مرخە مرخ، مرخە

**رام:** رام، ئارام، دەستەمۆ، دەسەمۆ، دەسەڵێن، هێمن، هێدی، ولی، هەڤوت

**رام:** رام، ناوی یەکێك لە خواکان لە ئایینی زەردەشتی ناوی رۆژی بیست و یەکەم لە هەر مانگێکی هەتاوی

**رامح:** رم وەشێن، رمدار، خاوەن رم

**رامش:** ئاسودەیی، ئارامی، ئاسایش، بە مانای ئاواز و گۆرانی و خۆشی بە کار دێت

**رامشت:** بڕوانە رامش

**رامشگاه:** ئاسایشگە، شوێنی حەوانەوە، شوێنی پشودان

**رامشگر:** لۆتی، ستران بێژ، گۆرانی خوێن

**رامشی:** سترانبێژ، گۆرانی خوێن، گۆرانی بێژ، لۆتی

**رامق:** هەژار، چاوچنۆك، بەخیل، رژد

**راموز:** ۱- زەریا، دەریا، دەلیا ۲- نمونە، بنەرەتی هەر شتێك، بنچینە

**رامی:** هاوێژەر، تیرهاوێژ، بەرد هاوێژ

**رامیار:** شوان، شڤانن ئاگاداری ئاژەڵ، رامیار

**ران:** ران، ئیت، کاماخ، لە ئەژنۆ بەرەو ژوور تا سمتن رەهن

**راندمان:** بەهەر، داهات، کارکرد، ئەندازەی کاری بە کەڵکی دەزگایەك لەبەرابەر ئەو وزەی تیا بە کار دەڕوات

**راندن:** ۱- دوور کردنەوە، دەرکردن، دوور خستنەوە، تاراندن، دەرناندن، دەرئێخستن، بەزاندن، دانەغار ۲- لێخوڕین، بەڕێ خستن، بردن، بەڕێ بردنی چوارپێ یا کەرستەکانی گواستنەوە، ئاژوتن

**رانکی:** پاڵو، پاڵیف، کەژ و یان گوریسی بن کلکی بارەبەر، پاڵی

**راننده:** لێخوڕ، ئاژۆ

**راود:** لەوەڕگا، مێرگ، زەوی پەست و بەرز کە گیایی زۆری لێ رواببێت، چەروان

**راورا:** ژیشك، ژیژو

**راوك:** پاڵوێنە، پاڵونە، پاڵوێنکە، ئەو دەفرەی شەرابی تیا دەپاڵێون

**راووق:** بڕوانە راوك

**راوی:** قسەکەر، چیرۆك بێژ، گێڕەوەی قسە یا چیرۆك یا شێعر لە ناو کۆڕ و کۆبونەوەکاندا، گێڕەوە، بێژەر

**راه:** ۱- رێ، را، رێگە، شوێنێ کە خەڵك هاتوچۆی لێدەکەن، جادە، شەقام، خیابان ۲- رێ، رەسم، شێواز، رێباز، یاسا

**را آب:** ئاوڕۆ، رێڕەوی ئاو، رووبار یا جۆگەیەك کە ئاو لێوەی بڕوات

**راه آموز:** رێبەر، رێ نیشاندەر، رێنوێنیکەر

**راه آورد:** دیاری، خەڵاتی، دیاری سەفەر، پێشکەشی

**را آهن:** رێگەی ئاسن، ئەو رێگەی کە تایبەتە بە هاتوچۆ کردنی شەمەندەرفەر

**راه افتادن:** ۱- بەرێکەوتن، رۆشتن، رۆیین، چوون ۲- وەگەڕ کەوتن، بە گەڕ خستن، بەمانای خستنە کاری دەزگا و ئامرازەکان

**راه انجام:** کەل و پەل، کەل و پەلی سەفەر، شتومەکی گەشت

**راه انداختن:** بەڕێ خستن، بەڕێ کردن، کەرستەکانی گەشت بۆ یەکێك ئامادە کردن و ناردنی، خستنە گەڕ، وەگەڕخستن، کار پێکردن

**راهب:** راهیب، ترسەنۆك، ترساو، خواپەرست، خۆپارێز، دێر نشین، ئەوەی لە دێردا دادەنیشێت و خواپەرستی دەکات

**راهبان:** رێدار، پاسەوانی رێ

**راهبر:** رێبەر، رێ نیشاندەر، رێنوێنیکەر، رابەر

**راه بردن:** رێ بردن، رێ دەرکردن، بە رێگە زانین، زانینی شتێك یا شوێنێك

**راه بریدن:** رێ بڕین، رێگە بڕین، رێ پێوان، گەشت کردن، سەفەر کردن. بە مانای رێ بڕین و بونە لەمپەر بۆ کەسێکێکش دێت

**راه بند:** ۱- رێگر، رێدار، رێ بەند، چەتە، دزی سەر رێگا ۲- رێدار، پاسەوانی رێگاوبان

**راهبه:** راهیبە، ژنی خواپەرست، ئەو ژنەی لە ناو دێر دا دادەنیشێت و خوا پەرستی دەکات

**راه پیما:** رێبوار، رێ پێو، گەشتیار، سەفەرکەر، ئەوەی بە رێگایەکاد دەڕوات. و بەمانای بلەز و تیژپێ

**راهتوشه:** توێشو، توشو، ئازووخەی سەفەر و گەشت

**راه جو:** رێبوار، ئەوەی بە دوای رێگادا دەگەڕێت

**راه حاجیان:** کاکێشان، کاکەشان

**راه خفته:** رێی درێژ، مەبەست لە رێگەی دوور و درێژە

**راه دادن:** رێ دان، ڕێگە پێدان، مۆڵەتی تێپەڕین دان، رێ کردنەوە، رێ چۆڵ کردن

**راهدار:** رێدار، پارێزەری ڕێگا، پاسەوانی ڕێگا، باجگر، ئەو کەسەی باج وەردەگرێت

**راهدان:** ڕێزان، ئەوەی ڕێگا دەزانێت، شارەزای ڕێگا، ڕێبەر، ڕێنیشاندەر، ڕێنوێنیکەر

**راهراه:** رێ رێ، راڕا، خەت خەتی، پارچە یا جل و بەرگێك كە خەتی ڕەنگین و باریکی تیا بێت

**راهرو:** ڕێڕەو، گەشتیار، ڕێبوار، ئەوەی بە ڕێگایەکاد دەڕوات، ڕێبار

**راهرو:** ڕێڕەو، دالان، ڕاڕەو، ریفنگ، ڕێگای هات و چۆ

**راهزدن:** رێ بڕین، بڕینی ڕێگا و بان لە دەشت وبیابان و تالانی کردنی گەشتیاران، ڕێگری، دزی، چەتەیی

**راهزن:** دز، ڕێگر، ڕێبڕ، ئەوەی لە دەشت و بیاباندا ڕێگە لە خەڵك دەگرێت و ڕووتیان دەکاتەوە

**راه سازی:** رێ دروست کردن، ڕێگە دروست کردن، دروست کردنی ڕێگا و بان

**راه شناس:** رێ ناس، ڕێزان، رێ بەر، رێ نیشاندەر، ئەوەی ڕێگا بە باشی دەناسێت

**راه کردن:** ١- رێ کردنەوە، رێ چۆڵ کردن، رێ دان، ڕێگە پێدان ٢- ڕۆشتن، ڕێبڕین، رێ پێوان

**راهگان:** خۆڕایی، بەلاشە، مفت، شتێك كە لە ڕێگادا بیدۆزنەوە، و هەرچی كە مفت و خۆڕایی بە دەست بێت

**راهگذار:** بڕوانە راهگذر

**راهگذر:** ڕێبوار، ڕێبار، ڕێبگار، ئەوەی لە ڕێگایەك هاتوچۆ دەکات

**راهگذر:** ڕێڕەو، ڕێگا، ڕێباز، ئەو ڕێگایەی هاتوچۆی لێدەکەن

**راه گرای:** ڕێبوار، گەشیتار، ڕێبار

**راه گستر:** خۆشڕەو، بلەز، ئەسپ یا ئێستری تیژپێ

**راه گشا:** رێ کەرەوە، ئەوەی ڕێگا دەکاتەوە

**راهیگیر:** ڕێگر، دز، ڕێبڕ، چەتە

**راهنامه:** رێ نامە، سەفەرنامە، گەشت نامە، نەخشەی ڕێگا

**راه نشین:** رێ نشین، هەژار، سواڵکەر، بێ ماڵ و حاڵ

**راهنما:** رێ نیشاندەر، ڕێنوێنیکەر، ڕێبەر، پێشەوا، سەرکاروانی، ئەوەی ڕێگا دەناسێت و نیشانی کەسانیتری دەدات

**راهنمون:** ڕێنوێن، رێ نیشاندەر، ڕێبەر، پێشەوا، ئەوەی ڕێگا بزانێت کەسانیتر ڕێنوێنی بکات

**راهنورد:** رێ پێو، نێردراو، پەیك، ڕێبوار، ئەسپ یا ئێستری تیژپێ

**راهوار:** ڕەهوان، ڕەهواڵ، خۆشڕۆ، ئەسپ یا ئێستری ڕەوان و تیژپێ

**راهواره:** دیاری، پێشکەشی، خەلاتی، دیاری سەفەر

**راهی:** بەرێکەوتوو، ڕۆشتو، چوو، رێ نشین، سواڵکەر، لە کۆندا بە مانای نۆکەر و غولام و نێردراو دەهات

**رای:** ئەندێشە، بیر، باوەڕ، دەنگ، بیروڕا، را

**رای:** راجە، نازناوێکە لە کۆندا بە میر و فەرمانڕەواکانی هیندیان دەدا

**رایت:** بەیداخ، ئالا، پەرچەم، نیشانەی هەڵواسراو لە شوێنێك، ئالای سوپا

**رایج:** باو، بلاو، ڕەوا، پوڵ یا کالایەك کەکڕیاری هەبێت

**رایح:** بۆندەر، بۆنکەر، بۆندار

**رایحه:** بۆن، بۆنێك كە بەلوت بگات چ خۆش بێت چ ناخۆش

**رایزن:** راوێژکار، راوێژەر، راوێژیار، راوێژکەر، کەسێك كە لە کارێکدا راوێژی لەگەڵدا بکەن

**رایش:** رایش، ناوێکە خەڵکی ئاڵمان لەسەردەمی ئیمپراتۆری بە وڵاتەکەی خۆیان دەوت

**رایشتاگ:** رایشتاگ، ئەنجومەنی نیشتمانی ئاڵمان لەسەردەمی ئیمپراتۆری تاسەردەمی هیتلەر

**رایض:** رامکەر، دەستەمۆکەر، رام کەری ئەسپ یا ئاژەڵە وەحشیەکان

**رایق:** ساف، پاك، بێ غەش، پەسەند، بەدڵ، دڵگیر، جوان

**رایکـــا:** کـوڕ، کـوڕی جـوان، خۆشەویـست، دەزگـیران، ئەویندار،

**رایگان:** خۆڕایی، مفت، مفتە، بێ پارە، ئـەوەی خـۆڕایی بەدەست بێت، ئەوەی بێ پارە بیدەن بە کەسێك

**رایگان خوار:** مفتەخۆر، مفتخۆر، سوالکەر، درۆزە

**رئالیست:** ریالیست، راستی بین، راستی خواز، لایەنگر و شوێن کەوتووی رئالیست

**رئالیـــــسم:** ریالیـسم، راسـتی خـوازی، راسـتی بـینی، دەرخستنی وێنەکانی ژیان ئاوێنە ئاسا بێ کەم و زیاد

**رأس:** سەر، دانە، بۆ چوارپێکان، یەك ئەسپ، یەك سـەر ئەسپ

**رؤساء** سەرۆکەکان، گەورەکان

**رأفت:** دڵ رەحمی، دڵنەرمی، مێرەبانی، بەزەیی، زك پێ سوتان، خۆشەویستی

**رئوس:** سەر، سەرەکان، بۆ ئاژەڵەکان،وەك دەڵێن دە سەر ئەسپ

**رئوف:** دڵنەرم، بەبەزەیی، بەخشەر

**رأی:** ئەندێشە، بیر، بیروڕا، ڕا، هزر، چارە، باوڕ

**رؤیا:** خەون، ئەوەی لە خەودا دەبینرێت

**رؤیت:** ١- بینین، دیتن، بینین بە چاو ٢- بـینین، دیـتن، چاوپێکەوتن، نیگا، روانین

**رئیس:** سـەرۆك، گـەورە، سـەروەر، پێـشەوا، سەردەسـتە، سەرپەرست گەورەی هۆز

**رئیس الوزرا:** سەرۆك وەزیر، سەرۆکی وەزیرەکان

**رئیس جمهوری:** سەرۆك کۆمار، سەرۆکی کۆمار لە وڵاتـە کۆماریەکان

**رب:** خـوا، اللّـە، ئافرێنـەر، خـالق، خولقێنـەر، خـاوەن، خوادن، خودا، رەب

**رب:** روب، دۆشاو، گوشراوی ترێ، یا هەنار یا تەماتـە یـا هەر شتێکیتر کە بیکوڵێنن تا خەست ببێتەوە

**رباب:** هەور، هەوری سپی

**رباح:** ١- بەچکە بزن ٢- مەیمونی نێر

**رباح:** ١- سود، قازانج، دەسکەوت، دەسهات، ٢- شـەراب، مەی، بادە

**رباخوار:** سوخۆر، پارەخۆر، ئەوەی سودی پارە دەخوات

**رباط:** رشتە، بەند، ئەوەی شتێکی بەی شتێکیترەوە پـێ پەیوەست دەکەن

**رباع:** خانو، سەرا، ماڵ، خانوبەر

**رباع:** باشی، چاکی، ئەحواڵ چاکی

**رباع:** چوارێنە، چوارینە، چواردانەیی

**رباعی:** چوارێنە، ئەوەی لە چوار بەش پێکهاتبێت

**رب الارباب:** خوای خواکان، ئافرێنەر

**ربانی:** خواناس، خواپەرەست، خۆپارێز، پارێزکار

**ربایش:** رفاندن، فڕاندن، بردن بە دزی خاوەنەکەی

**ربایـنــــده:** فڕێنـــەر، رفێنـــەر، ئـــەوەی شـــتێك بـــە دزی خاوەنەکەیەوە دەرفێنێت

**ربابیدن:** رفاندن، فڕاندن، دزین

**ربح:** سود، قازناج، داهات، دەسهات، بەهرە

**ربس:** ١- ناڕەوا، نەشیاو، کـاری خـراپ٢- فـراوان، فـرە، زۆر، زیاد

**ربـــط:** ١- پەیوەنـــد دان، پەیوەســـت کـــرد، بەســـتن ٢- پەیوەندی، پەیوەستی

**ربع:** چارەك، چاریەك، چواریەك، یـەك لەسـەر چواری شتێك

**ربع:** ماڵ، خانو، سەرا، گەڕەك

**ربع:** وەستان، درەنگ کـردن، چـاوڕێ بـون، چاوەنواڕی، چاوەنۆڕی

**ربقە:** ئاڵقەی تەناف، گرێ

**بن:** رەبەن، نازناوی پێشەواکانی جوولەکە

**ربو:** ١- پشتە، تەپە، تەپۆڵکە ٢- تەنگی نەفەس، ئاسم، هەناسە تەنگی

**ربوب:** زڕکوڕ، کوڕ کە لە مێردی پێشوتری ژن بێت

**ربوبت:** خوای، خوایەتی

**ربوخــە:** خۆشـی، چـێژ، شـادی، شـادمانی، خۆشـحاڵی، و چێژێك کە لە جوت بون لە گەڵ ژن بە پیاو دەبڕێت

**ربودن:** رفاندن، فڕاندن، بـردن، قاچاندن، دزیـن، بـردن بە دزی خاوەنەکەی

**ربون:** بێعانە، پێش بایی

**ربوه:** زەوی بەرز، تەپە، تەپۆلکە، تەل

**ربوه:** ژمارەی زۆر، دەهەزاری، ژمارەیەك كە نزیكەی دەهەزار كەس بن

**ربـه:** رەب، خـوای ژن، هـەر بتێـك كـە بـە شـێوەی ژن دروست كرابێت

**ربینه:** دیدەوان، زێرەڤان

**ربیب:** زڕكور، ئەوەی كە كوڕی راستەقینەی پیاو یا لـە تۆوی خۆی نەبێت

**ربیبـه:** پەرسـتار، دایـەن، تایـەن، لەلـە، كـچی ژن لـە مێردێكیتر، زڕكچ

**ربیثه:** ١- بەربەست، لەمپەر، رێگەگر، رێگر، نـەهێل ٢- مەكر، فریو، تەڵەكە، فێڵ

**ربیع:** بەهار، وەرزی بەهار

**ربیعه:** ١- باغچە، گوڵزار، مێرگـەلان٢- توێـشودان، ٣- خـود، كـڵاوی ئاسـنین٤- نـاوی هـۆزێكی عـەرەب لەسەردەمی نەزانی كە لەهۆزە گەورە وناودارەكان بون

**رپتسیون:** دوبارە، دوبارە كردنەوە، دوپات، پیاچونەوە

**رپرتـوار:** پێرسـت، یـەكتربڕ، دەفتـەری نوێنەرایـەتی، دەفترێك كە بەپێی پیتـەكان دابـەش بكرێـت بـۆ تۆمـار كردنی ناو یا حسێب یا بابەتە جیاوازەكان

**رپورتـاژ:** هەواڵنێری، هەواڵدەری، كۆكردنـەوەی هـەواڵ و پەیام لە لایەن پەیامنێرەوە

**رپورتر:** هەواڵنێر، پەیامنێر، هەواڵدەر

**رت:** رووت، قووت، بێ جل و بەرگ، روت و قوت، خـاڵی، چۆڵ، پەتی، كووت، زەلووت

**رتبه:** پلە، پایە، پێگە، شوێن، دەرەجە، شان

**رتق:** بەستن، داخستن، دوورین، دووراندن

**رتم:** شكان، شكاندن، كوتان، لەت لەت كردن، ورد و پرد كردن، باریك كردن

**رتوب:** سەقامگیری، خۆراگری، لەسەر پێ بون

**رتـوش:** دەسـكاری، چاكسازی، دەسـكاری كردنـی شـتێك دوای دروست كردنی

**رث:** كۆن، رزاو، شەق و شڕ، دڕاو، كۆنە

**رثا:** شین، گریان، شین و شەپۆر بەسەر مردو

**رثاثت:** كۆن بـون، رزان، دڕان، كۆنـەبونی جل وبـەرگ، دۆنی، شەق و شڕی

**رج:** ریز، سەف، بەپەنا یەكەوە

**رج:** جووڵاندن، تەكاندن، لەقاندن، تەكاندان

**رجاء** هیواداربون، هیواداری، ئومێدەواری، چاوەنواڕی

**رجاء** ناوچە، بەش، لا

**رجاحت:** ١- زۆربـون، فـراوان بـون، زیـاد كـردن، قـورس بون ٢- زۆری، فرەیی، فراوانی

**رجاف:** ١- بێ ئـارام، بێ ئـۆقرە، ئەسـرەوتو ٢- حەشـر، رۆژی حەشر، پەسلان

**رجال:** پیاو، پیاوەكان

**رجال:** پیادە، بە پێ، دژی سوارە

**رجب:** رەجەب، مانگی حەوتـەم لـە سـاڵی كۆچی مـانگی پێش شەعبان

**رجحان:** زۆربون، فراوان بون، فرەیی، لەپێشی، زۆری

**رجز:** پیسی، بت پەرستی، ئازاب، ئازار

**رجـس:** پیـسی، گـڵاوی، ناپـاكی، گونـاح، تـاوان، كـاری قێزەون و خراپ

**رجع:** گەڕانەوە، فەگەڕیان، هاتنەوە، دووبارە گەڕانەوە

**رجع:** ١- وەڵام نامـە، پەرسـف نامـە ٢- بـاران كـە دوای باران بێت٣- سود، داهـات، قـازانج ٤- سـەوزە، سـەوزەی بەهاری

**رجعت:** گەڕانەوە، فەگەڕیان، گەڕانەوە بەرەو دونیا

**رجـف:** جووڵانـدن، تەكانـدان، لەقانـدن، بزوانـدن، جووڵین، لەرزین، لەرین

**رجفه:** زەوی لەرزە، بومە لەرزە، بولەرزە، زەلزەلە

**رجل:** پیاو، نێرینەی مرۆڤ

**رجـم:** ١- رەجـم، بـەردباران، سەنگـسار كـردن ٢- جنێودان، جوێن دان٣- دەركردن، دورخستنەوە، لـەخۆ دوور كردن

**رجوع:** گەڕانەوە، فەگەڕیان، دوبارە هاتنەوە

**رجولت:** پیاوی، پیاوەتی، ئەوپەری پیاوەتی

**رجولیت:** بڕوانە رجولت

**رجیل:** پیاو بچوك، گردە پیاو، خڕە پیاو، پیاوی چكۆلە

**رجیم:** رەجم کراو، بەردباران کراو، سەنگسارکراو

**رچك:** قرقێنە، قلپێنە، قرپ، ئەو با دەنگدارەی لە قورگەوە دێتەدەر

**رحال:** ۱- کورتان دوور، کۆپان دوور ۲- گەڕۆك، گەشیتار، ئەوەی زۆر دەگەڕێت و گەشت دەکات

**رحاله:** گەشتیار، گەڕۆك، دنیاپێو، ئەوەی بەدنیادا دەگەڕێت

**رحلت:** کۆچ، کۆچی دوایی، مردن، میر، نەمان، گیا دەرچون، سەفەر

**رحم:** بەزەیی، مێرەبانی، دڵنەرمی، زك پیاسوتان، دڵ سۆزی، دڵ ڕەحمی

**رحم:** ۱- منالان، منالدان، شوێنی منال لەناو سك ۲- خزمایەتی، نزیکی، ئاشنایەتی

**رحمان:** ڕەحمان، بەخشەر، یەکێك لەناوەکانی خوا

**رحمت:** بەزەیی پیا هاتنەوە، دڵ بۆ سوتان، زك پیا سوتان، دڵ نەرمی، دڵسۆزی

**رحی:** ئاش، ئاسیاو، بەرداش

**رحیب:** ۱- بەربلاو، بەرین، شوێنی بەربلاو ۲- زۆرخۆر، تێرنەخۆر

**رحیق:** ساف، پاك، بێ غەش، بێ گەرد، شەرابی بێ غەش

**رحیل:** کۆچ کردن، ڕۆشتن، کۆچاندن، کۆچ

**رحیم:** ڕەحیم، مێرەبان، بەخشەر، یەکێك لەناوەکانی خوا

**رخ:** رو، روخسار، ڕواڵەت، دەم و چاو، لایەك لە روخسار تا ژێر چەناکە

**رخ:** ڕەخنە، کەلێن، قەڵش، قەڵشت، کەڵشت، درز

**رخاء** نەسیم، شنە، بای فێنك کە هیچ نەلەرێنێتەوە

**رخام:** مەرمەڕ، بەردی مەرمەڕ

**رخامت:** نەرم بون، سانا بون، هاسان بون، ڕەوان بون، نەرم و سانا بونی دەنگ یا وتار

**رخاوت:** ۱- نەرم بون، سانا بون، هاسان بون، سست بون، لاواز بون ۲- نەرمی، لاوازی، سستی، سانایی

**رخبین:** کەشك، دۆی ترش، شیرێژی بە تەڕی گوشراوی وشکەوە کراو، لۆرك

**رخت:** ۱- جل، جل وبەرگ، لیباس، سیپاڵ، پۆشتەمەنی، پۆشاك، هەر شتێکی شیاوی لەبەر کردن ۲- کاڵا، شتومەك، چتمەك، کەل و پەلی ناو ماڵ

**رخت از جهان بردن:** مردن، نەمان، کۆچی دوایی

**رخت افکندن:** باروبنە خستن، نیشتەجێ بون

**رخت بربستن:** ئامادەبون، خۆ پێچانەوە، خۆ تەیار کردن، سەفەر کردن، مردن

**رخت برچیدن:** کۆچ کردن، کۆچاندن، سەفەر کردن

**رختخواب:** قەرەوێڵە، تەختی خەو،جێگا، ئەوەی لەسەری دەخەون

**رخت شو:** جل شۆر، ژن یا پیاو کەکاری شۆرینی جل و بەرگە، گازر، قەسار

**رختشویخانه:** گازرگا، جلشۆر، ئەو شوێنەی جل و بەرگی تیا دەشۆرن

**رخ دادن:** ڕوودان، ڕوویدان، ڕوودانی کار یا بابەتێك

**رخسار:** روو، روخسار، قیافە، دەم و چاو، روی، ڕواڵەت، سکۆم، بیچم

**رخش:** ڕووناهی، ڕووناکی، ڕۆشنی، درەوشاوەیی، ڕەنگدانەوەی نور

**رخش:** ڕەخش، سوور و سپی تێکەلاو، ئەوەی بە ڕەنگی سوور و سپی بێت

**رخش:** ڕەخش، ئەسپ، ئەسپی رسەن، ناوی ئەسپەکەی ڕۆستەم پاڵەوانی ئەفسانەیی ئێران

**رخشا:** ڕەخشان، درەوشاوە، درەخشان، تابان

**رخشان:** درەخشان، درەوشاوە، تابان، ڕەخشان

**رخشیدن:** درەوشین، درەوشیانەوە، نوردانەوە، تیرۆژك دانەوە

**رخص:** هەرزانی، هەرزان بون، ئەرزان بون

**رخص:** نەرم، ناسك، نازك

**رخصت:** ۱- ئاسانی، سوکی سانایی، هاسانی ۲- ئیزن، مۆڵەت، دەرفەت

**رخ گرداندن:** پشت تێکردن، ئاوڕ دانەوە، روو تێنەکردن

**رخمە:** لاشخۆر، مردارخۆر

**رخنە:** رەخنـە، کون، کەلێنـ قەڵشت، کەڵشت، چاك، دەرز، کەلێن و دەرزی ناو دیوار

**رخنە:** کاغەز، قاقەز

**رخن افکندن:** درز تێکردن، کەلێن تێکردن، قەڵشاندن، کەڵشاندن، دوبەرکی نانەوە، جیاکردنەوە، ئاژاوە نانەوە

**رخنەجو:** رەخنەکەر، چارسەرکەر، دەرمان کەر

**رخنـە کـردن:** رەخنـە کـردن، درزانـدن، قەڵشاندن، لەشتێکدا کون وکەڵێن دروست کردن

**رخو:** نەرم، سست، نەرم و سست لە هەر شتێك

**رخوت:** نەرمی، سستی، هاسانی، سانایی

**رخیدن:** هەناسـەبڕکی، تونـد هەناسـە کێشان، هەناسـە بڕکێ لە تونـد رۆشتن یا هەڵگرتنی شتی قورس

**رخـیـم:** ١- هـەرزان، ئـەرزان، کـەم بـایی، کـەم بـەها ٢- نەرم، ناسك

**رد:** شوێن، شوێن پێ، شوێنەوار، نیشان کـە لەشتێك یـا لەسەر شتێك بمێنێتەوە

**رد:** جوامێر، بەخشەر، ئازا، دلێر، بوێر، چاونەترس

**رد:** گەڕاندنەوە، دانەوە، پێدانەوە، بردنەوە

**رد:** بێکارە، هیچ کارە، فیڕۆ، لەناوچو

**ردا:** عابا، بالاپۆش، هەر جل و بەرگێك کەبەسـەر جل و بەرگی تر لەبەری بکەن

**ردائت:** فیڕۆچون، لەناوچون، فەوتان، فەوتیان، فیڕۆیی، ریسوایی، پەستی

**ردزدن:** شـوێن کـەوتن، شـوێن پـێ هـەڵگرتن، بـەدوای نیشان یا شوێنەواری کەسێك یا شتێك گەڕان

**رد شــدن:** تێپـەڕین، رۆشـتن، چـون، تێپـەڕبون ٢- وەرنەگیران، پێ رازی نەبون، دەرنەچون

**ردع:** رێ گـرتن، نەهێـشتن، رێ لـێ گـرتن، بـەرگرتن، گەڕاندنەوەی کەسێك لە شتێك یا کارێك

**ردف:** لایـەنگیری، شـوێنکەوتن، پـشت سـەری کەسـێك سواربون

**ردف:** لایـەنگر، شـوێنکەوتوو، ئـەوەی پـشت سـەری کەسێکیتر سوار بوبێت یا لەپشت سەری ئەودا بڕوات

**رد کـردن:** ١- ناردنـەوە، وەرنـەگرتن، پـێ رازی نـەبون، گەڕاندنەوە ٢- تێپەڕاندن، دەرکردن، کەسێك یـا شـتێك لە شوێن یا رێگایەك تێپەڕاندن

**ردم:** بەستن، داخستن، پێوەدان، گون بڕین

**ردوکسیون:** کەمی، کەم کردن، کەمبون، دابەزین

**ردە:** ریز، سەف، بەپەنا یەکەوە

**ردە:** هەڵگەڕاوە، گومڕا، گەڕاوە لەدین، بەو خەڵکانـەیان دەوت کـە دوای مردنـی پێغەمبـەر لەسـەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکەر لە دینی ئیسلام پاشگەزبونەوە

**ردەبنـدی:** ریزبەنـدی، ریزکـردن، رێکخـستن، دابـەش کردنی ئاژەڵ و روەکەکان بە ریز

**ردی:** بالاپۆش، عابا

**ردیاب:** شـوێن هـەڵگر. دۆزینـەوە شـوێن پـێ یـا نیشانی کەسێك یا شتێك

**ردیف:** ریز، سـەف، پـشت سـەری یـەك، چـەند کـەس یـا شەند شت کە پشت سەری یەك بن

**رذالت:** ناکەس بون، پەست بون، ریسوا بون، سوك بون، پەستی، ناکەسی، ناپاکی، سوکی، ریسوایی

**رذل:** پەسـت، ناکـەس، ناپـاو، سـوك، ریـسوا، فێـزەون، ناحەز

**رذیل:** رەزیل، پەست، خەسیس، وناکەس، ریسوا

**رذیلت:** پەستی، سوکی، ریسوایی، ناکەسی، نامرۆڤی

**رز:** ١- رەز، بـاغی تـرێ ٢- رەز، تـرێ، بنـە تـرێ، مێـو، داری ترێ

**رزاز:** برنج فرۆش، ئەوەی کاری فرۆشتنی برنجە

**رزاق:** رۆزی دەرن رۆزی گـەیێن، ئـەوەی رۆزی و رسـق دەدات. و یەکێکە لەناوەکانی خوا

**رزان:** رێزان، رەزەکان، داری مێو

**رزانــت:** ١- سـەنگینی، قورسـی، بـەرێزی، رێـزداری ٢- گرانباری، خۆڕاگری، هێواشی، لەسەرخۆیی، بەرێزی

**رز:** بەلا، بەلای گەورە

**رزبان:** رەزبان، رەزڤان، رەزوان، ئـەوەی ئاگاداری رەز و باغی ترێ دەکات

**رزبر:** رەزبڕ، داسێکی بوچکە لقە زیادەکانی مێوی پێ دەبڕن، مێوبڕ

**رزبن:** مێو، دارمێو، نەمامی مێو

**رزداق:** دێ، گوند، ئاوەدانی، لادێ، دێهات

**رزرو:** پاشەکەوت، پەسەنداز، کۆکراوە، خڕکراوە، گلدرياوە، گلدراو

**رزق:** رسق، رزق، رۆزی، هەرچی کە کەڵك و سودی لێ ببەن

**رزم:** شەڕ، جەنگ، هەرا، کۆماند

**رزم آرا:** شەڕکەر، بوێر، نەترس، بەزات، دلێر لەشەڕ و شوڕدا

**رزم آزما:** شەڕدیتو، شەڕکەر، ئەوەی شەڕ و گۆڕەپانی شەڕی بینیبێت

**رزم آزموده:** بڕوانە رزم آزما

**رزم آور:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزم توز:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزمجو:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزمخواه:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزم دیده:** شەڕ دیتو، شەڕکەر، شەڕڤان

**رزم زن:** شەڕکەر، شەڕڤان، شەڕانی

**رزمساز:** شەڕفرۆش، ئەوەی شەڕ هەڵایسێنێت، ئاژاوەگێڕ، فیتنەچی

**رزمکار:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزمگاه:** شەڕگە، گۆڕەپانی شەڕ

**رزمه:** بوغچە، بوقچە، بوخچەی جل و بەرگ، تای باری کوتاڵ

**رزم یوز:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزم یوش:** شەڕکەر، شەڕڤان

**رزنانس:** دەنگدانەوە، دەنگدانەوەی دەنگ

**رزه:** ئاڵقە، ئاڵقەی درگا، ئاڵقەی بزماری شوول

**رزیئه:** بەڵا، بەدبەختی، بەڵای گەورە و دژوار

**رزیدن:** رەنگ کردن، رەنگ تێ ساوین، رەنگ کردنی جل و بەرگ و قوماش

**رزیر:** گرمە، دەنگی هەورەتریشقە

**رزیستانس:** خۆڕاگری، پایەداری، دەوامن سەبر، بەرگری، بەرگە گرتن

**رزین:** بەڕێز، رێزدار، سەنگین، قورس، بەهێز، خۆڕاگر

**رزین:** شیلە، سەقز، جیوە، مادەیەکی لکێنەرە لە قەدی هەندێك لەدارەکان دێتەدەر

**رزیه:** بەڵا، بەدبەختی، کلۆلی، بەڵای گەورە

**رژد:** رژد، چاوبرسی، تێرنەخۆر، چاوچنۆك، زۆرخۆر، تەماحکار

**رژنراسیون:** ژیاندنەوە، بوژاندنەوە، چاکسازی، بەرهەمێنانی دوبارە

**رژه:** ١- ریز، سەف ٢- رێژە، تێپەڕینی ریزی رێکی سوپا لەبەردەم پاشا یا یەکێك لە میر و فەرماندە گەورەکان

**رژیسور:** بەڕێوبەر، سەرپەرست، بەڕێوبەری شانۆکاران لە شانۆدا

**زانیە:** حیز، قەحبە، گاندەر، ئەو ژنەی بە حەرامی تێکەڵ بە پیاوێکیتر دەبێت

**زاو:** بەهێز، توانا، بەتوانا، وەستا، شارەزا، لێهاتوو، ژێ هاتی

**زاو:** کەلێن، درز، قەڵشت، کەڵشت، رەخنە

**زاور:** زۆر، هێز، توانا، قووەت، ئەترەش، زاخ

**زاور:** خزمەتکار، لەلە، پەرەستار، نۆکەر، غولام

**زاورا:** بێچارە، ئاوارە، ماڵ بە کۆڵ، وەیلان، سەرگەردان، دەربەدەر، بێ ماڵ و حاڵ

**زاووق:** جیوە، زیو

**زاویە:** سووچ، گۆشە، قوژبن، قوولینچك، کونج

**زاویە نشین:** گۆشەگیر، گۆشە نشین، ئەوەی لەخەڵك خۆی بە دوور دەگرێت و بەتەنیا دادەنیشێت

**زاهد:** پارێزکار، خۆپارێز، لە خوا ترس، ئەوەی دنیا بۆ ئاخیرەت بە جێ دێڵێت و سەرقاڵی پارانەوە بێت، چلەکێش

**زاهدانە:** پارێزکارانە، خۆپارێزانە، وەك پارێزکاران

**زاهر:** تابان، درەوشاوە، درەخشان، بریقەدار، رەنگی روون و درەوشاوە

**زاهری:** بۆنخۆش، گیای بۆنخۆش

**زاهق:** ١- لەناوچوو، مردوو ٢- فیرۆ، بێهۆ، خۆڕایی

**زاهل:** ١- دوورەپەرێز، ئەوەی خۆی لە شتێك بەدوور دەگرێت ٢- ئاسوودە، دڵنیا، بێ ئاگا، ئاکاوگیر

**زاهی:** درەخشان، درەوشاوە، بریقەدار، تروسکەدار

**زایاندن:** مامانی، مامایی، هاوکاری کردنی ژنی دوگیان لە کاتی زان، کاری مامان

**زایش:** زان، زایین، منداڵ بون

**زایشگا:** منداڵبون، ئەو نەخۆشخانەی ژنانی دوگیان لە کاتی زان لەوێ دەخەوێندرێن

**زایمان:** زان، زایین، منداڵ بوون، منداڵ هێنان

**زاییدن:** زان، زایین، منداڵ بون، منداڵ لە سك کەوتنە خوار، منداڵ هێنانە دونیا

**زئوس:** زیووس، زیۆس، لە خواکان لای یۆنانیە کۆنەکان کە لە شێوەی پیاوێك بە رووخساری گراوە و ریشی ئاڵقە ئاڵقە گومانیان دەکرد و باو بارانیان لە دەسەڵاتەکانی ئەو دەزانی

**زئولوژی:** ئاژەڵ ناسی، حەیوان ناسی

**زئیر:** نەڕین، گووڕین، نەڕاندنی شێر، نەرشە گوورە

**زب:** مفت، خۆڕایی، بێ پارە، سانا، ئاسان، بێ کێشە

**زبارج:** زیوەر، زێڕ و زیو، خشڵ، ئەوەی ئافرەتان خۆی پێ دەرازێننەوە

**زبالە:** ١- ناو، ناوی کەم ٢- خەوش، خۆڵ، خرت و پرت، خەوش و خۆڵ، هەرچی شیاوی فڕێدان بێت

**زبالەدان:** خۆڵڕێز، خۆڵدان، ئەو شوێنەی خەوش و خۆڵی لێ دەرێژن

**زبالە کش:** خۆڵڕێژ، سپوور، گسکدار، ئەو کەسەی خەوش و خۆڵ لە ماڵان کۆدەکاتەوە و دەیرێژێت، کرێکاری شارەوانی کە کاری هەڵگرتنی خەوش و خۆڵ لەبەردەم ماڵانە

**زبان:** ١- زمان، زوان، ئەزمان، زبان، ئەندامی گۆشتی و بزۆك کە لەناو دەمی مرۆڤ و ئاژەڵدایە ٢- زمان، زمان، بە مانای زاراوە و چۆنیەتی قسە کردنی هەر نەتەوەیەك وەك زمانی کوردی، زمانی فارسی

**زبان باز:** زمان باز، ماستاوچی، کاسەلێس، زمان چەور، ئەوی بە زمان چەوری خەڵکانیتر فریو بدات

**زبان بر:** بە برشت، زمانی بەبرشت، بورهان، بەڵگە، بورهان و بەڵ"ەی بەهێز کە بەرامبەر کپ و بێدەنگ بکات، وەڵامێك کەزمانی بەرامبەر ببڕێت و نەتوانێت وەڵام بداتەوە

**زبان بریدە:** زمان بڕاو، زبان بڕاو، ئەوەی زمانی بڕابێتەوە، بێدەنگ، خامۆش، کەسێك کە قسە نەکات

**زبان بستن:** دەم داخستن، بێدەنگ بون، نەدوانن قسە نەکردن، نەئاخاوتن

**زبان بکام کشیدن:** بێدەنگ بون، قسە نەکردن، نەدوان، زمان بەستن

**زبان بند:** زمانگر، ئەوەی زمان ببەستێت و یاکەسێك بۆ بێدەنگ بون ناچار بکات وەك پووڵ

**زبان بند خرد:** شەراب، بادە، مەی

**زبان ترکردن:** زمان تەڕ کردن، قسە کردن، ئاخاوتن، هاتنە گۆ، دوان

**زبان چرب:** زمان چەور، زمان شیرین، ئەو کەسەی قسەکانی دلگیرە، ئەوەی بە قسەکانی خۆی کەسانیتر فریو بدات

**زبان دادن:** بەڵێن دان، پەیمان دان، پەیمان بەستن

**زباندار:** زماندار، وتەبێژ، بێژەر، ئەوەی بتوانێت بە پاراوی قسە بکات

**زبان دراز:** زمان درێژ، دەم درێژ، بێ شەرم، زۆربڵە، چەنە درێژ

**زبان درکشیدن:** بێدەنگ بون، نەدوان، کپ بون، قسە نەکردن

**زبان دل:** زمان حاڵ، زمانی دڵ، قسە یا وتارێك کەباس لەناخی کەسێك دەکات

**زبانران:** زمان پاراو، زۆربڵە، وتەبێژ، چەنە درێژ

**زبان ریختن:** قسە کردن، زۆروتن، زۆربڵەیی، چەنە درێژی

**زبانزد:** سەرزمان، بابەتێك کەبکەوێتە سەر زمان و لەهەمو شوێنێك باسی بکەن، کلکە نما

**زبان زدن:** قسە کردن، دەم درێژی کردن، زماندرێژی کردن، زۆر وتن

**زبان ستدن:** بەڵێن وەرگرتن، پەیمان سەندن، بێدەنگ کردن، کپ کردن

**زبان شناسی:** زمان ناسی، ناسینی زمانە جۆراوجۆرەکان کە لە دنیا پێی دەدوێن

**زبان کوچك:** زمانە چکۆلە، مەلاشو، مەلاشك، ئەندامی گۆشتی بچوك لە شێوەی زمان کە لە کۆتایی قووڕگدا هەڵواسراوە

**زبان گرفته:** بێدەنگ، کپ، لو هەروەها ئەو کەسەی لە کاتی قسە کردن زمانی دەیگرێت لاڵەپەتە،

**زبان گز:** زمانگەز، زمان سوتێن، هەرشتێ: تامی زۆر توند و تیژ یا زۆر شیرینی هەبێت و لەکاتی خواردن زمان بگەزێت

**زبان گشادن:** زمان کردنەوە، دەم کردنەوە، دوان، هاتنە گۆ، ئاخاوتن، ئاخفتن

**زبانگیر:** سیخور، هەواڵدز، جاسوس، ئەوەی لە دەمی کەسانیتر بروانێت و هەواڵەکانیان لێ بدزێت

**زبانگیر:** زمانگر، ئەوە ببێت لەمپەر لەبەردەم قسە کردن و دوانی کەسێك

**زبانور:** زمان پاراو، بێژەر، قسەکەر، وتاردەر

**زبانه:** زمانە، هەر شتێك وەك زمان، گڕ، بڵێسە، گڵپە، کڵپە، شەوڵ، شماڵە، شید، پێت، گڕپە

**زبانەدار:** بڵێسەدار، گڵپەدار،گڕدار

**زبانە زدن:** بڵێسە سەندن، گڵپە سەندن، کڵپە کردن

**زبانی:** زمانی، تایبەت بە زمان، بەدەم، شەفەوی

**زبانی:** هەڵگەڕاوە، بێ دین، خاوەنی دۆزەخ

**زبد:** کەف، کەڤ، کەڤ سەرشیر و هەرچی،

**زبد البحر:** کەڤ دەریا

**زبده:** کەرە، قەیماخ، سەرتوێژ، سەرشیر، چەوری کەلە شیر دەیگرن

**زبر:** زبر، زرب، ناساف، گرژ، گرنج گرنج، دروشت، زفر

**زبر:** کتێب، پەرتووك، نوسراوە

**زبر پوش:** بالاپۆش، عابا، رەدا

**زبرج:** زێر و زیو، خشل، ئەو خشڵانەی ئافرەتان خۆی پێ دەرازێننەوە

**زبردست:** بەتوانا، هێزدار، شارەزا، لێهاتوو، زێ هاتی، زاڵ، خاوەن هێز، دەسەلاتدار، چالاك، چوست

**زبردست:** لای سەرەوە، لای سەرەوەی ژوور یا شوێنی دانیشتن، لاسەروو

**زبر زیر:** خوار و سەر، ئاوەژۆ، سەروژێر، وێران، خاپوور، رووخاو، ژێروژوور

**زبرسو:** لای سەرەو، لاسەروو، سەرەوە، سەرەوەی هەر شتێك

**زبرقـان:** ١- ریش تەنك، تەنكە ریش، ئەو پیاوەی ریشێكی تەنكی دانابێت ٢- مانگ، مانگی تەواو

**زبرمرد:** بەتوان، هەڵبژێردراو، بەناو بانگ

**زبر و زرنگ:** چوست و چالاك، زیرەك، وشیار، زرەنگ، زیتەڵە

**زبره:** ١- پیك، سندان، بەشێكی ئەستوور لە ئاسن ٢- پشت، شان، ناوشان، سەرشان

**زبـره:** زبرە، كەپەك، زبر و درشت لە هەر شتێك، درشتەی لە هێڵەك دراو

**زبرین:** سەروو، لای سەروو، سەرەوە

**زبـل:** شیاكە، ریخ، پیسایی چوارپێكان وكە ئەسپ و وشتر

**زبنیه:** سەخت، رەق، سەركێش، یاخی، پاسەوان

**زبوده:** بێ درەنگ، بێ راوەستان، بێ ماتڵ كردن، بێ بیركردنەوە، كتاوپڕ، لەناكاو

**زبـور:** نوسراوە، كتێب، پەرتووك، زەبوور، ناوی كتێبەكەی داوودی پاشای پێغەمبەر لە پێغەمبەرەكانی بەنی ئیسرائیل

**زبون:** داماو، بێچارە، ناتەوان، لاواز، سووك، بێ هێز، ژێردەستە، كەساس، سەرلێ شێواو

**زبهر:** بێزاری، بێزاری دایك و باوك لە منالی خۆیان

**زبیب:** كشمیش، ترێی وشك كراوە

**زبیل:** ١- زەمبێل، سەوەوتە، هەمانە، دەفر ٢- شیاكە، ریخ، پیسایی چوارپێ

**زجاج:** شیشە، شووشە، جام

**زجاج:** شووشەبڕ، شووشەچی، جام ساز

**زجاجی:** شووشە فرۆش، شیشە فرۆش

**زجاجی:** شیشەیی، شووشەیی

**زجر:** ١- رێگرتن، نەهێشتن، بەربەستن، رێگە لێ گرتن، دوورخستنەوە ٢- دوورخستنەوە، دوور كردنەوە، تاراندن

**زجل:** ١- شادی كردن، گۆرانی خوێندن، شادامانی كردن ٢- شادی، شادمانی، خۆشحاڵی

**زجل:** ناودار، بەناو بانگ، ناسراو

**زجه:** زەیسان، زەیستان، ئەو ژنەی تازە زابێت

**زحافات:** خشۆك، خزۆك، خشۆكەكان، ئەو ئاژەڵانەی لەسەر زەوی دەخزن

**زحام:** تەنگ پێ هەڵچنین، زەخت كردن لەیەكەم، پاڵ بە یەكەوە نان، قەرباڵغی

**زحـف:** قنە خشكێ، گاگۆڵكێ، لەسەر دەست و پێ یا ئەژنۆ خزان و بە رێگادا رۆشتن

**زحـل:** بێزاربون، بێزران، هیلاك بون، شەكەت بون، ماندوویی

**زحم:** تەنگ پێ هەڵچنین، زەخت لێ كردن، گوشار، قەرەباڵغی، كۆمەڵ

**زحمت:** ١- قەرەباڵغی، زەخت لەیەكتر كردن، تەنگ بەیەك هەڵچنین، كۆبوونەوە لە شوێنێك و زەخت لەیەك كردن، پاڵەپەستۆ ٢- رەنج، ئازاردان، زەحمەت، سەخڵەت، كۆسپ، ناڕەحەتی، ڕەنج

**زحمت افزا:** رەنجهێنەر، ناڕاحەتكەر، ئەوەی رەنج وئازار و زەحمەت زیاد دەكات

**زحمت دادن:** زەحمەت دان، رەنجدان، ئازار دان، بەئەركی

**زحمتكش:** زەحمەتكێش، ڕەنجدەر، ڕەنجكێش

**زحمت كشیدن:** زەحمەت كێشان، رەنج كێشان، ئازار چێشتن، ڕەنج بردن

**زحیر:** ١- تەقەفیرە، سكچون، زەحیری، زكەشۆڕە ٢- ئەو دەنگە یاهەناسەی لە كاتی بێزاری و هیلاكی لە سینە دێتەدەر

**زخ:** برین، زام

**زخ:** ناڵە، هاوار، بانگی خەمبار، ئاواز

**زخـار:** لێوانلێو، لیپاولیپ، سەرڕێژ، پڕ، پڕ ئاو و شەپۆلدار

**زخاره:** لق، چڵ، شاخە

**زخـرف:** زێر، زیو، نەخش و نیگار، جوانی و باشی، دەلالی

**زخم:** برین، رووسان، زام، برین یا رووشان له جهسته که خوێن یا چلکی لێبێتهدهر

**زخم بندی:** برین بهستن، زام بهستن، تیمار کردن

**زخم خوردن:** بریندار بون، زامدار بون، زهخمی بون

**زخمدار:** بریندار، زامدار، زهخمی

**زخم زبان:** قسهی ڕهق، قسهی تاڵ، جوێن، تانه، سهرکۆنه، مهبهست لهقسهی ڕهق و تاڵه کهدڵی کهسێك برهنجێنێت

**زخم زدن:** بریندار کردن، زهخمی کردن، زامار کردن، کوڵهوار کردن، زهخمی کردن

**زخم کاری:** برین پێچان، تیمار کردن، چارهسهر کردن، برین بهستن، زام بهستن

**زخم معده:** ئازاری گهده، یهکێکه له نهخۆشیهکانی گهده

**زخمناك:** بریندار، کوڵهواڕ، زامار، زامدار، زهخمی

**زخمی:** بریندار، کوڵهواڕ، زامار، زامدار، زهخمی

**زداییدن:** پاك کردن، پاقژ کردن، سڕینهوه، خاوێن کردن، ماڵین، ماڵشتن، پاك کردنهوهی ئاوێنه یا شمشێر له ژهنگ و ههرچی

**زدن:** لێدان، کوتان، تهپکردن، دهست یا ئهوهی لهناو دهستدایه له جهستهی کهسێك دان یا کوتانی، زیان گهیاندن، تێهه‌ڵدان، دارکاری

**زدوخورد:** شهڕ و پێکدادان، لهیهك دان، لهیهك بهربون، مشت و مڕ

**زدودن:** پاك کردن، سڕین، پاقژ کردن، پاك کردنهوهی کانزا له ژهنگ، پاك کردنهوهی ئاوێنه له تهپ و تۆز

**زر:** زێڕ، ئاڵتون، تهلا، کانزاییهکی زهرد ڕهنگه و گرانبایی

**زراب:** ئاوی زێڕ، زێڕئاو، ئاوزی زێڕ که له نهقاشی و ناسك کاریدا به کاری دهبهن

**زراج:** بڕوانه زرشك

**زراد:** زرێ ساز، زرێ کهر، ئهو کهسهی کاری دروست کردنی زرێیه

**زراد خانه:** جبه خانه، شوێنی چهك و تهقهمهنی، زهراد خانه، کارخانه یاکارگهی چهك دروست کردن

**زارع:** جوتکهر، وهرزێر، فهلا، جووتیار، ئهو کهسهی لهسهر زهوی کشت و کاڵی کار دهکات

**زراعت:** جووتیاری، وهرزێری، فهلایی، کارکردن لهسهر زهوی کشتوکاڵی

**زراغن:** بڕوانه زراغنگ

**زراغنگ:** ڕێگهلان، بهردهلان، زهوی ڕهق و پڕ بهرد

**زراف:** بڕوانه زرافه

**زرافه:** زهڕافه، ئاژهڵێکه گواندار و گهوره و گیاخۆر، ملێکی درێژ و دهست وپێی کورتی ههیه

**زراق:** ڕیاکار، کاسهلێس، تهشهقهڵهچی، فێڵباز

**زراگین:** زێڕین، پڕزێڕ، زهرد ڕهنگ، به ڕهنگی زێڕ

**زراندود:** ئاو زێڕدراو، زێڕکاری کراو، به ئاوی زێڕ داپۆشراو

**زراه:** زهریا، دهریا، دهلیا، بهحر

**زربان:** پیر، بهساڵاچو، بهتهمهن، دانساڵ، کۆنساڵ

**زربفت:** بهزێڕ چنراو، ئهو قوماشهی تاڵی زێڕی تیا بهکار برابێت

**زربی:** پشتی، پاڵپشت، ئهوهی پاڵی پێوه بدهن

**زربین:** سهرو، سهرڤ، سهروی کێوی

**زربیه:** پشتی، پاڵپشت، ههرچی که بۆ پاڵدانهوه بێت له پشتی و هاوشێوهکانی

**زرتشتی:** زهردهشتی، لایهنگرانی زهردهشتی پێغهمبهر

**زرجون:** مێو، داری ترێ

**زرچوبه:** زهردهچێوه، زهردهچۆ، زهردهچهوه

**زرخرید:** بهزێڕ کراو، غولام یا کهنیز که به زێڕ کرابێت

**زرد:** زهرد، ههر شتێك به ڕهنگی زهرد یا بهڕهنگی زهعفهران

**زرد:** زرێ، زرێی چنراو له ئاڵقه پۆلاییهکان

**زرداب:** زهرداو، ئاوی زهرد، شلهمهنیهکهی زهرد ڕهنگ که له برین دێتهدهر

**زردالو:** شێلانه، قهیسی، مژمژه

**زرد پوست:** زهردپێستئهوهی پێستی جهستهی زهرد بێت، له نهژادی زهرد

**زردچـــهره:** رووزەرد، روخـسار زەرد، ئـەوەی روخـساری زەرد بێت، ژاکاو، خەمبار، خەمۆك، دڵشکاو

**زردرخ:** رەنـــگ زەرد، زەردەڵـــە، زەرد روو، شـــەمەزار، شەرمێون، سەرشۆڕ

**زردرو:** بڕوانە زردرخ

**زردشتی:** زەردەشتی، زەرتەشتی، لایـەنگرانی زەردەشـتی پێغەمبەر، ئـەوەی بـاوڕەی بـە ئـایین و دنـی زەردەشـتی هەیـە، ئـەو ئایینـەی زەردەشت لەسـدەی حەوتـەم پ.ز هێنـایی و لەســەردەمی ساســانیەکان ئـاییـنی رەسمـی ئێرانیـەکان بـو. زەردەشـتیەکان ئاهورمـەزادا خـوای تاقانـە دەپەرسـتن و باوەڕیـان بـە زیندووبوونـەوە و رۆژی پەسـلاّن هەیـە. سـێ بنـەمای بنـەڕەتی ئـاییـنی زەردەشت بریتیـە لـە: ئەندێشەی چاك، وتـاری چاك، ئاکاری چاك

**زردفام:** زەردڕەنگ، زەردەڵ، زەردڕو، رووزەرد

**زردك:** ١- زەردەڵـە، بـەرەنگی زەرد، زەردروو ٢- گـێـزەر، هەویج

**زردگوش:** بێکارە، ترسەنۆك، دووڕوو، ترسێنەر، ریاکار، پەشیمان

**زردگون:** زەرد رەنگ، زەردەڵە، بەرەنگی زەرد

**زرده:** زەردە، زەردێنـە، ئـەو زەردێنـەی لـەناو سـپێنەی هێلکەدایە

**زرده:** زەردە، زەردەڵە، ئەسپی زەرد رەنگ

**زردهشتی:** زەردەشتی، لایەنگری ئاییـنی زەردەشت

**زردی:** زەردبوون، رەنـگ زەردی، زەردوویی، زەردیـەتی، نەخۆشی زەردبوونی رەنگ

**زرزار:** بیرتیژ، وشیار، زیرەك، ئاگا، چالاك، رۆح سووك

**زرشك:** زرشك، زریشك، دارێکی بچوکە زیاتر لـە قـەراغ دارسـتانەکان دەڕوێـت و بەرزاییەکـەی تـا سـێ مـەتر دەگات و میوەکەی سوور و ورد و ترشە

**زرشکی:** زرشکی، سووری تۆخ، بەرەنگی زرشك

**زرع:** چاندن، پۆو پاشین، ناشتن، کاری کشتوکاڵی

**زرع:** چێنراوە، نێژراو، ناشتراو

**زرق:** ١- رم لێـدان، بـە رم لـە کەسـێك دان ٢- مـۆڕە کـردن، چاوسـوور کردنـەوە، چـاو زەق کـردن، بـە تووڕەییەوە لە کەسێك روانین

**زرق:** ١- کوێر بون، نابینایی ٢- شین بون، شین بونەوە، کەوەیی ٣- درۆ، فێڵ، فریو

**زرقاء** ١- ئاسمـانی، بـەرەنگی ئاسمان، شـین ٢- ئاسمـان، عاسمان ٣- شەراب، بادە، مەی ٤- وهەروەها ناوی ژنێك لە عەرەب کە دەڵێن بە تیژ چاوی ناسراوە و لـە دووری سێ رۆژ رێگەوە سوارەکانی دەبینی

**زرقه:** شینی، ئاسمانی، بەرەنگی ئاسمان

**زرك:** بڕوانە زرشك

**زرکار:** زێڕنگەر، زێڕ فرۆش

**زرکوب:** زێڕنگەر، ئەوەی کاری لە گەڵ زێڕدایە

**زرگـر:** زێڕنگـەر، زێڕفـرۆش، ئـەو کەسـەی کـە کـاری دروست کردنی خشڵ و موروو لە زێڕە

**زرگون:** زێڕرەنگ، زەرد، بە رەنگی زێڕ

**زرمان:** پیری، بە ساڵاچون، بەتەمەنی

**زرنشان:** زێڕین، زێڕنگار، شمشێر یا شتێك کـە نەخشی بە زێڕ لەسەر هەڵکەنرابێت

**زرنگ:** زرنگ، وشیار، ئاگا، زیرەك، دانا، زانا، چالاك

**زرنـگ:** گاگەڵ، مێگەڵ، ڕان، گایـەل، دەسـتەی مـەڕ و ماڵات

**زرنگار:** زێڕنگەر، ئاڵتونچی، زێڕ نیگار

**زرنیله:** بڕوانە ریواس

**زرو:** زالوو، زیرۆ، زیروو

**زروان:** زەروان، زەمان، ناوی یەکێك لەخواکانە لەئاییـنی زەردەشـتی و بـەباوەڕی هەنـدێ لەزەردەشتیە کۆنـەکان سەرچاوەی ئافراندن یا داهێنەری چاکیە

**زره:** زرێ، زرە، جەوشەن، بەرگی شەڕ، زری و کومزری

**زرەدار:** زرێ دار، زرێ پۆش، ئەوەی زرێی لەبەردایە

**زرەگـر:** زرێ سـاز، ئـەوەی کـاری دروسـت کردنـی زرێ دەکات

**زرەور:** بڕوانە زرەدار

**زری:** زەرپدار، بەزێڕ چنراو

**زرير:** بیرتیژ، وشیار، زیرەك، رۆح سوك

**زریع:** دێمی، ئەو کشت و کاڵەی تەنیا بە ئاوی باران گەش بکات و ئاوی نەدەن

**زریعە:** نێژراو، چنراو، کێڵدراو، زەوی کێڵدراو

**زرین:** زێرین، تایبەت بە زێڕ، ئەوەی لەزێڕ یا بەرەنگی زێڕ بێت، ئاڵتونی

**زرین فام:** زێڕرەنگ، بەرەنگی زێڕ، زەرد

**زریون:** بڕوانە زرگون

**زستن:** بڕوانە زیستن

**زشت:** ناشیرین، دزێو، ماحەز، ئێسك قورس، ڕەزا تاڵ، خوێنسارد، گۆشت تاڵ، کرێت

**زشتار:** بێشەرم، زۆربڵە، چەنە درێژ، ڕوودار، خراپەوێژ، بەدفەڕ

**زشتخو:** روگرژ، رووتاڵ، ئەخلاق ناشیرین، مۆن، ناوچاوتاڵ، گرژ

**زشت رو:** ناشیرین، ناپەسەند، کرێت، ئەوەی روخساری جوان نەبێت، نابەدڵ

**زشت سیرت:** خراپەکار، بەدفەڕ، ناحەزن کردار خراپ

**زشت صورت:** بڕوانە زشت رو

**زشت کار:** کار ناشیرین، خراپەکار، دەست پیس، ناپاك

**زشت گو:** زمان شەڕ، جنێوفرۆش، دژوێندەر، دەم پیس

**زشت نام:** ریسوا، ناو زڕاو، ناوخراپ، ئەوەی ناوی بە خراپە زڕابێت

**زشت یاد:** زەم، ئەوەی قسە ناشیریانەی پشت سەری کەسێك بوترێت، غەیبەت، بوختان

**زعاف:** کوژەر، لەناوبەر، وێرانکەر، بکوژ، ژەهری کوژەر کەمرۆڤ لە پێ بخات

**زعامت:** ١- پێشەوایی، فەرمانرەوایی، گەورەیی، سەرومری، سەرۆکی

**زعبل:** ١-مل باریکی ورگ زل، ئەو کەسەی ملی بارك و ورگی زلی هەیە ٢- حەفیا، ئەفعی، ماری گەورە

**زعرور:** کەمخێر، مۆن، گرژ، ناوچاو تاڵ، رو گرژ

**زعفران:** زەعفەران، زافەران، زەحفەران

**زعم:** گومان بردن، خەیاڵ کردن، وازانین

**زعیم:** دەستەبەر، سەرومر، گەورە، سەرۆك، پێشەوا

**زغار:** پەڵە، پەڵەیەکی رەش رەنگ کە بەهۆی تەڕی یا چەوری لەسەر زەوی دروست دەبێت

**زغار:** جخار، زوخاو، سەختی، بەلاّ، مەینەتی، ئازار، هاوار، شین و رۆڕۆ

**زغارو:** قەحبەخانە، جندە خانە، فاحیشە خانە، ئەو شوێنە یا ئەومالەی ژنانی لەش فرۆش تیایدا دەژین

**زغاك:** لقی مێو، پەلی مێو

**زغال:** خەڵووز، رەژی‌رەژو، زووخاڵ، کۆمر، شتێکی رەق و رەش رەنگ کە لە سوتانی دار و شتیتر بە دەست دێت

**زغالدان:** زوخاڵدان، خەڵووزان، خەڵووزدان، رەژی دان

**زغاو:** قەحبە، گاندەر، لەش فرۆش، داوێن پیس، ژنی داوێن پیس

**زغب:** مووی وردی زەرد، پرز، ریشۆڵەی پارچە

**زغبر:** پرز، ریشوڵەی پارچە

**زغلول:** مناڵ، کۆرپە، ساوا. بلەز، تیژپێ، چالاك

**زغند:** هاور، گرمە، قیژە، دەنگی بڵند، نەڕە

**زغنگ:** نزگەرە، نزرگ، نزگرە، حاڵێکە بەسەر گیانداردادێت و هەناسەی بە پڕی سەردەکوێت و دەنگی هك لە گەرووی دێت

**زف:** وردە پەڕ، وردە مو، پەڕە وردەکانی مریشك

**زف:** ١- گواستنەوەی وەیوی، بوك ناردن بۆ ماڵی زاوا ٢- دەرەوشانەوە، تەیسین، بریقەدانەوە، تروسکانەوە

**زفاف:** خەنەبەندان، بووك ناردنە ماڵی زاوا، شەوی بوکێنی

**زفان:** بڕوانە زبان

**زفت:** ئەستوور، درشت، قەڵەو، زل، گەورە، زۆر

**زفت:** بەخیل، چاوچنۆك، برسی، رەزیل، رژد

**زفت:** قیر، ئەو قیرەی لە نەوت وەردەگیرێت، زفت

**زفر:** دەم، پۆزە، لەوچ، شەویلاك، سووچی دەم

**زفو:** بڕوانە زبان

**زفیر:** هەناسەدانەوە، هێنانە دەرەوەی هەناسە لە سییەکان، دانەوە

**زقاق:** کۆلان، کۆلانی تەنگ و تەسك

**زقاق:** مەشكەفرۆش، مەشكە چی

**زك:** بۆڵە، پرتە، وتەی ژێر لێو، قسەی ژێر لچ

**زكات:** زەكاتە، كورتكراوە و هەڵبژێردراوی هەر شتێك، بەشێك لە سامان كە بە پێی شەرع دەبێت لە ڕێگای خوادا خەرج بكرێت یا بدرێت

**زكارە:** سەرسەری، ئاژاوەچی، شەڕفرۆش، پێداگر، ڕق ئەستوور

**زكام:** هەڵامەت، سەرماخواردن، جۆرە نەخۆشینێكە بە هۆی سەرما خواردن و هەڵمژینی تەپ و تۆز و هەوای پیس بە میكرۆبی كوریزا دروست دەبێت و لە نیشانەكانی خورانی لووت و لوت گیران و ژانەسەر و تا و هاتنە خوارەوەی ئاو لەلووتە

**زكنج:** بڕوانە زكند

**زكند:** سواڵەت، دەفری گڵین

**زكی:** پاك، خاوێن، پاقژ، خۆپارێز، پارێزكار

**زكیدن:** بڕوانە زكیدن

**زگال:** بڕوانە زغال

**زگالاب:** ئاوی ڕەش، مرەكەب، مەركەب

**زگیل:** جۆش، زیپكە، زیتكە، بەهلویلك، بالویلك

**زل:** خلیسكان، هەڵخلیسكان، خزان، هەڵخزان، هەڵخلیسكانی پێ و كەوتن

**زل:** خلیسكە، خلیزگە، شوێنی هەڵخلیسكان

**زلابیە:** بڕوانە زلوبیا

**زلازل:** ئەم وشە كۆیە و بە مانای بومەلەرزە دێت

**زلال:** ١- زوڵاڵ، ئاوی شیرین و خۆش ٢- كرمێك كەلەناو بەفردا دەردەكەوێت و پڕە لە ئاوی پاك

**زلت:** هەڵە، تاوان، سووچ، خەتا، گوناح

**زلزال:** لەرزاندن، جووڵاندن، تەكاندان، جووڵاندنی زەوی

**زلزلە:** بوومەلەرزە، بولەرزە، زەلزەلە، لەرزی و تەكانی توندی زەوی بەهۆی هەندێ هۆكاری تایبەت وەك كەمبونی پلە پلەی مادە ناوەندیەكان و پاڵەپەستۆ بەهۆی تەقینەوەی بوركانەكان

**زلف:** بسك، پرچ، قژ، مووی سەر و بناگوێ

**زلفە:** دەرەجە، پلە، پێگە، شوێن، جێگە، نزیكی، ئاشنایەتی

**زلفە:** تەشت، كاسەی پڕ ئاو، حەوزی پڕ ئاو

**زلفین:** ئاڵقە، گەو، قوڵف، ئاڵقەی پشت درگا یا صنووق

**زلق:** ١- خزان، هەڵخلیسكان، خلیسكان ٢- مشتاو، دەسپەڕ، خۆڕاحەت كردن بە دەست

**زلق:** ١- خلیسكە، خلیزگە، شوێنی هەڵخلیسكان ٢- ڕق ئەستوور، ڕقاوی، تووڕە ٣- ئەو پیاوەی پێش جووت بون دەسپەڕ بكات

**زلل:** هەڵخلیسكان و كەوتن، لە ڕێ دەرچوون ٢- هەڵە، تاوان، سووچ، گوناح ٣- كەمی، كەم و كووڕی، ناتەواوی

**زلو:** بڕوانە زالو

**زلوبیا:** زوولوبیا، زلووبیا، جۆرە شیرینیەكە

**زلول:** زوڵاڵ، ئاوی پاك و شیرین

**زلە:** بڕوانە زلت

**زلە:** زەڵە، چرچرو، سیسرك، چرچڕ، دەعبایەكەی سەوز ڕەنگە هاوشێوەی كولە كە زیاتر لە ناو دانەویلەدا دەردەكەوزێت و دەنگێكی بەرزی هەیە

**زلیف:** بڕوانە زلیفن

**زلیفن:** ترس، زراچون، تۆقان، تۆقین، زات نەمان، هەڕەشە، ڕق

**زم:** سەرما، سەرمای وشك، بای سارد، بای سەخت

**زمار:** بانگ كردنی وشتر مر، بانگی وشتر مر

**زمار:** نەی ژەن، ژەنەری نەی، ئەو كەسەی نەی دەژەنێت

**زمارە:** نەی، شمشاڵ، نەی كە فووی تێدەكەن

**زمام:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**زمامدار:** جڵەودار، هەوساردار، پێشەوای نەتەوەیەك، سەرۆك

**زمان:** زەمەن، كات، زەمان، ڕۆژگار، سات، بەمانای مەرگیش دێت

**زمان:** كات، كاتی زۆر كەم، سات، چركە

**زمانە:** زەمانە، ڕۆژگار

**زمانە**: بەلا، سەختی، عەیب، کەمی، ماوە، پاشماوە

**زمترا**: گاڵتە، بزە، بزە بۆ گاڵتە پێکردن

**زمجرە**: ١- بانگ، هاوار، نەڕە، فریاد، هیزە، هیرە ٢- نەی، شمشاڵ ٣- قەحبە، داوێن پیس، خراپەکار

**زمخت**: ١- ئەستور، درشت، قەوی، نارێك ٢- بەخیل، ڕژد، چاوچنۆك ٣- وەهەر شتێك کە بەهۆی تامەکەی دەم کۆبکاتەوە وەك پێستی هەنار

**زمخك**: بڕوانە زمخت

**زمر**: ١- نەی ژەنین، لێدان یا ژەنینی نەی ٢- دەنگ، هاوار، بانگ

**زمرد فام**: سەوز ڕەنگ، کەسك ڕەنگ

**زمرد گیا**: شادانە، بڕوانە شاهدانە

**زمرە**: دەستە، گروپ، کۆما، کۆمەڵ، تاقم

**زمزم**: زمزمە، وێرد، دۆعایەکە زەردەشتیەکان لە کاتی خۆشۆرین یا نان خواردن بۆ شکرانە بژێری خوا دەیڵێن

**زمزم**: ١- ئاوی زۆر، ئاوی ساف ٢- زمزم، زەمزەم، ناوی چاڵێکە لە مسجد الحرام نزیك کەعبە کە دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئیراهیمی پێغەمبەر

**زمزمە**: خوێندن، گۆرانی خوێندن، وێرد، خوێندنی گۆرانی یا دۆعا لە ژێر لێو. بەمانای نەڕە و هاواری شێریش دێت

**زمستان**: زستان، زسان، سێ مانگەی پاشینی ساڵ، کەژی سەرما و سۆڵە

**زمن**: زەمەن، تاف، چاخ، ڕۆژگار، کات، زەمان

**زمن**: کەم، کەم و کوڕی، زەوی گیر، پەك کەوتە، ماوە، پاشماوە

**زمو**: گڵ، قوڕ، هەرد، گڵی تەڕ یا وشك، و سەقفێك کە بە گڵ و دار دروست بکرێت، گڵەبان

**زمودن**: نەخشاندن، ڕازاندنەوە بە نەخش و نیگار

**زمور**: دەنگ، بانگ، هاوار

**زمهریر**: سەرما، شوێنی زۆر سارد، سەرمای سەخت، وشکە سەرما

**زمی**: بڕوانە زمین

**زمیل**: ڕیز، هاوکار، هاویار، هاوسەفەر، یار، هاوڕێی سەفەر، ئەوەی بە دوای یەکیترەوە سوار سواری بێت

**زمیل**: لاواز، سست، لەڕ، ترسەنۆك، بێ زات

**زمین**: زەوی، زەمین، خاك، هەرد، عەرد، ئەرد

**زمین**: ماوە، کەوتو، پەك کەوتە، زەوی گیر، لە کار کەوتو

**زمین پیما**: زەوی پێو، ئەوەی لەسەر زەوی بڕوات و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکتر بڕوات

**زمین دار**: ١- خاوەن زەوی، زەوی دار ٢- سنوربان، سنوردار

**زمین سنبە**: جۆبڕ، جۆبڕکە، جۆبڕك

**زمین شناس**: زەوی ناس، ئەوەی بەچۆنیەتی پێکهاتە و چنیەکانی زەوی ئاشنایە

**زمین شناسی**: زەوی ناسی، زانستێك کە سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهاتە و چینە جیاوازەکانی زەوی دەدەوێت

**زمین گیر**: پەك کەوتە، زەوی گیر، ئەوەی بە هۆی نەخۆشی و پیری و ناتەوانی نەتوانێت لەسەر زەوی هەستێت

**زمین لرزە**: بڕوانە زلزلە

**زمینە**: پلان، نەخشە، بابەت، دەق، ڕوی، زەمینە

**زمینی**: زەمینی، تایبەت بە زەمین، هەر شتێکی زەمینی

**زن**: ژن، مێینە، بەرابەری پیاو، بەمانای جوتی پیاویش دێت

**زنا**: زینا، گانی ناڕەوا، جووت بونی پیاو لە گەڵ ژنێکیتردا بە شێوەیەکی ناشەرعی

**زنار**: کەمەربەند، پشتوێن، ئەو پشتوێنەی مەسیحیەکان بە زۆری موسوڵمانەکان دەیانبەست تا لە موسوڵمانەکان جیا ببنەوە

**زنازادە**: حەرامزادە، زۆڵ، منداڵێك کەلە جووت بونی ناشەرعی ژن و پیاوێك بەدنیا هاتبێت

**زناشوهری**: ژن و مێردایەتی، هاوسەرگیری

**زناشوئی**: هاوسەرگیری، ژن هێنان، شوو کردن، ژن و مێردایەتی

**زناکار:** زیناکار، ئەوەی بە ناشەرعی لە گەڵ ژنێکدا جووت دەبێت

**زنانە:** ژنانە، ژن ئاسا، وەك ژن، هاوشێوەی ژن، ئەوەی تایبەت بە ژن بێت

**زنبارە:** مێباز، ژن خۆشەویست، ئەو پیاوەی ژنانی زۆر خۆش دەوێت

**زنبر:** دەستەبەرە، سەوەتەیەك كە چوار لاكەی چواردەسکی دارینی هەیە و بەهۆیەوە خۆڵ یا خشت دەبەن و دو کەس هەڵی دەگرن

**زنبر:** شێر، پاشای دارستان

**زنبر:** ناسك، حازر وولام، حازر جواو، بیر تیژ

**زنبری:** [1]-چوارشانە، زلْ، زەبەلاح [2]- کەشتی گەورە

**زن بمزد:** گەواد، ژن حیز، بێ غیرەت، ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی بۆ خەڵکانی دیکە دەبات و کرێ وەردەگرێت

**زنبور:** زەردەواڵە، زەرباڤ، زەردەزیرە، دەعبایەکی بچوکە کەچوار باڵی ناسکی هەیە و زیاتر لە کونی دیواردا دەژیت

**زنبور عسل:** هەنگ، مێشە هەنگوین، مێشەنگڤ، جۆرێکە لە زەردەواڵە بە رەنگی زەرد و قاوەیی کە هەنگوین بەرهەم دێنێت

**زنبور عسل:** شان، شانە هەنگوین، هێلانەی هەنگ

**زنبیل:** زەمێلە، سەوەتە، سەبەتە، سەوەتە کە لە قامیش یا گەلای دارخورما دروستی دەکەن، سەلك

**زنبیل باف:** سەوەتە باڤ، زەمێلە باف، ئەو کەسەی زەمێلە دروست دەکات

**زن پدر:** باجی، زڕ دایك، باوەژن

**زنج:** جەوی، جیوە، سترك، جۆرە مادەیەکەی لکێنەرە کەلە لق و قەدی هەندێ داری میوەدار دێتەدەر

**زنج:** بروانە زنجە

**زنج:** رەش، رەش پێستەکان، نەتەوەیەك لە رەشەکان، زەنج

**زنجره:** چیرچیرۆك، زیرزیرە، جۆرە دەعبایەکە هاوشێوەی کوللە کە دەنگێکی درێژ و بەردەوامی هەیە

**زنجه:** گریان، شین و ڕۆڕۆ، لالانەوە، هاوار و شین، زێمار

**زنجیدن:** گریان، شین کردن، لالانەوە، پاڕانەوە، هاوار کردن، زێمار کرن

**زنجیر:** زنجیر، ئاڵقەی کانزایی ورد یا گەورەی پێکەوە لکاو

**زنجیربان:** زنجیربان، زیندانوان، ئەو زیندانوانەی کاری بەستنی زنجیرە لە دەست وپێی زیندانیەکان

**زنجیرگر:** زنجیرساز، زنجیرچی، ئەو کەسەی زنجیر دروست دەکات

**زنجیره:** زنجیرە، هەر شتێك هاوشێوەی زنجیر

**زنجیری:** زنجیری، تایبەت بە زنجیر، ئەو کەسەی لە بەند و زنجیردایە، شێتێك کە بە زنجیر بەستبێتیانەوە، بەت بچڕێن

**زنجك:** قەحبە، داوێن پیس، روسپی، ژنی داوێن پیس

**زنخ:** چەنە، چەناکە، چەناگە، ئەرزنك

**زنخدان:** ژێرچەنە، ژێر چەناکە، بن کوڕ، ئەرزنك

**زند:** ئاگرگرە، دەستە چیلەی ئاگر، دو تیکە دار کە لەیەکی دەسوون تا ئاگر بگرێت

**زند:** مەچەك، مەچەکی دەست

**زند:** شرۆڤە کردن، شیکردن، لێکدانەوە، شرۆڤە کردنی ئافیستا، لێکدانەوەی ئافیستا کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان

**زند:** زیندو، گەورە، بەهێز، زەبەلاح، زل، مەزن

**زند:** زەند، یەکێك لە هۆزە ئێرانیەکانی نیشتەجێ لە مەلایر

**زندان:** زیندان، حەبس، بەندیخانە، گرتووخانە، شوێنی زیندانیان

**زندانبان:** زیندانوان، زیندانبان، پاسەوانی زیندان، ئەو کەسەی لە زیندان لێپرسراوی ئاگاداری و چاودێری کردنی زیندانیانە

**زندانی:** زیندانی، بەندی، دیل، یەخسیر، گیراو، حەبس کراو

**زنداور:** حەلاڵ، رەوا، دژی حەرام، شیاو

**زندبار:** بێ ئازار، ئاژەڵی بێ ئازار وەك مەڕ و مانگا

**زندخوان:** زەند خوێن، خوێنەری کتێبی زەند(( کتێبی پیرۆزی زەردەشتیەکان))

**زندش:** سڵاو، درووود

**زندقە:** بێ دینی، بێ باوەڕی، کافری، بێ باوەڕبوون لەناخەوە و نیشاندانی باوەڕداری

**زندگانی:** ژیان، ژین، زیندووبون، تەمەن، بژێوی، ژی

**زن دوست:** ژن خۆشەویست، ژن باز، مێباز، ئەو کەسەی ژنانی خۆش دەوێت

**زنـــدە:** زینـدو، زینـدی، سـاخ، گیانلەبـەر، زینـدەوەر، گیانـدار، بوونـەوەر، مـرۆڤ یـا ئـاژەڵ کـە گیـانی لـە جەستەدایە

**زندەبگور:** زیندەبەگۆڕ، زیندەبەچاڵ، ئەو کەسەی بە زیندوویی دەخرێتە ناو چاڵ

**زندە پیل:** فیلی زیندوو، فیلی گەورە

**زندە دل:** دڵ ئاگا، وشیار، دڵ زینـدوو، شـادمان، شـادان، شاد، خۆشحاڵ

**زندیق:** بێ باوەڕ، بێ دین، ئەوەی لە ناخدا بێ باوەڕ و بە رواڵەت خۆی بە باوەڕدار نیشان دەدات

**زنـدیك:** بێ باوەڕ، هەڵگەڕاوە، بـێ ئیمـان، گوناحکار، تاوانبـار، بـێ دیـن، لـە کۆنـدا بـە بـاوەڕداران بـە ئـاینی مانیان دەوت زەندیك

**زنقە:** زەنقە، کۆڵانی تەسك، تەنگەبـەر، رێگەی باریك لەناو دارخورماکان

**زنك:** ژن، ژنی بچوك

**زنگ:** ١- ژەنـگ، ژەنگار، چڵکی ئاسن و کانزاکانیتر ٢- چـڵکی ناوێنـە ٣- بـەمانای درەوشـانەوەی مـانگ و هەتاویش دێت

**زنگ:** زەنگ، زەنگۆڵە، ئەو زەنگەی لـە ملی ئاژەڵەکانی دەبەستن تا لەکاتی رۆشـتن دەنـگ بداتـەوە. ئـامرازێکی کانزایی کەبەهێزی کارەبا یا هەر شتێکی تر کە کاتێك پەنجەی لەسەر دادەنێن دەنگی لێوە دێت

**زنگار:** ژەنـگ، ژەنگار، چڵکی ئاسن و کانزاکانیتر

**زنگارفام:** ژەنگاوی، ژەنگ رەنـگ، سەوز رەنـگ، ئـەوەی بە رەنگی ژەنگ بێت

**زنگارگون:** بڕوانە زنگار فام

**زنگاری:** ژەنگاوی، بـەرەنگی ژەنـگ، تایبـەت بـە ژەنـگ، سەوز رەنگ

**زنگاهن:** ژەنگی ئاسن، ژەنگی ئاسن کە زەرد رەنگە

**زنگدار:** زەنگدار، ئەوەی زەنگی هـەبێت، بـەدەنگ، هـەر شتێك دەنگی زەنگی لێوە بێت

**زنگدان:** زەنگ، زەنگۆڵە

**زنگل:** بڕوانە زنگولە

**زنگلە:** بڕوانە زنگولە

**زنگلیچە:** بڕوانە زنگولە

**زنگنە:** زەنگەنـە، تایەفەیـەك لـە کوردەکانی ئێـران کـە لەناوچەکانی دەوروبەری کرماشان نیشتەجێن

**زنگولـــە:** زەنـگ، زەنگۆڵـە، زەنگـی بـچوك کەلـە ملـی ئاژەڵەکان یا پێی منداڵانی دەبەستن

**زنگی:** زەنگی، تایبەت بە زەنگەکان کـە ناوچەیەکە لـە ئافریقا و خەڵکەکەی رەش پێستن، لە کۆنـدا بـە هـەمو رەشەکانیان دەوت زەنگی

**زنگیچە:** ئەنیشك، ئانیشك

**زنودن:** بڕوانە زنوییدن

**زنویە:** ناڵە، هاوار، شین، گریان، لاڵانەوە

**زنوییدن:** گریان، شین کردن، ناڵاندن، ناڵە کردن، زێمار کرن، رۆرۆ کردن

**زنهـــار:** ئـەمان، پـەنا، دەرفـەت، مۆڵـەت، وادە، بـەڵێن و پەیمان

**زنهارخوار:** بێ بەڵێن، پەیمان شکێن، بێ وەعد

**زنهار خوردن:** پەیمان شکاندن، بەڵێن شکاندن

**زنهـــاردار:** بەبـەڵێن، پـەیمان نەشـکێن، خـاوەن بـەڵێن، سوور لەسەر بەڵێن و پەیمان، وەفادار، ئەمەکدار

**زنینە:** ژنانـە، تایبـەت بـە ژنـان، ئـەوەی بـۆ ژنـان شـیاو بێت و بۆ پیاوان نەشیاو

**زو:** دەریا، دەلیا، زەریا

**زوابع:** بەلا، سەختیەکان، دژواریەکان

**زواج:** هاوسەرگیری، پەیمانی ژن و مێردایەتی

**زواحف:** خشۆك، خشۆکەکان، خزۆکەکان

**زواده:** زەوا، توێشو،تۆشوو، توێشوی ڕێگا، زاد

**زوار:** خزمــەتکار، پەرســتار، ئـەوەی چـاودێری یـا سەرپەرستی نەخۆش و زیندانیەکان دەکات

**زوار:** زیارەتکەر، ئەوەی زۆر دەرواتە شوێنە پیرۆزەکان

**زوال:** لەناوچـون، بـە فـیڕۆ چـون، فڕێـدران، فـەوتان، نەمان

**زوال پـذیرفتن:** لەناوچون، فەوتان، نەمان،

**زواله:** گونك، گونکە، گونتك، ئـەو بـڕە هـەویرەی یـەك نانی لێ دروست دەبێت

**زوان:** بڕوانە زبان

**زوان:** تالك، تالە، جۆرە گیایەکە

**زواه:** زەوا، زاد، ئـەو بـڕە خواردنـەی بـۆ زینـدانیانی ئامادە دەکەن

**زوایا:** سوچەکان، قوژبنەکان، گۆشەکان

**زوبـع:** پەسـت، لاواز، کـورت، سـووك، ریـسوا، شـەیتان، ئیبلیس

**زوبعه:** ڕەشەبا، گێژەڵوکە، تۆفان، تەپ و تۆز

**زوبـین:** ڕم، ڕشمی بـچوك، جـۆرە ڕمێکـە لـە کۆنـدا بـە کاریان دەبرد لە شەڕدا

**زوتر:** زووتر، خێراتر، بەپەلەتر

**زوج:** ١- مێـرد، هاوسـەر، شـوو ٢- نزیـك، جـووت، دژی تاك

**زوجه:** ژن، هاوسەری پیاو، بەرابەری مێرد

**زوجین:** ژن و مێرد، ژن و شوو، جووت

**زود:** زوو، پێـشوەخت، خێـرا، لـەناکات، بەپەلـە، تونـد، حێل، بلەز

**زودبــاور:** ســاویلکە، خۆشـباوەڕ، ئـەوەی خێـرا بـاوەڕ بەشتەکان یا کەسەکان دەکات

**زودتر:** خێراتر، بەپەلە، بەلەزتر، زووتر

**زودخشم:** تووڕشـە، کـەم تاقـەت، بـێ حەوسـەڵە، ئـەوەی لەزووترین کاتدا تووڕە بێت، خۆرانەگر

**زودرنـج:** دڵ ناسـك، ئـەوەی دڵـی ناسـك بێـت و خێـرا بڕەنجێت

**زود گــذر:** زوتێپـەر، ئـەوەی خێـرا تێپـەڕێت و کۆتـایی پێبێت

**زودیاب:** بیرتیژ، وشیار، ئاگا، زیرەك، زرنگ، ئـەوەی بـە خێرایی لە شتەکان یا بابەتەکان بگات

**زور:** ١-زۆر، هێز، دەسەڵات، فشار، گوشار، زەخت، وزە، ٢- زۆڵم، زۆر، ستەم

**زور:** سەرو، ژۆر، ژووری

**زور:** ١- هێز، دەسەڵات، ٢- پێشەوا، سەرۆك، گـەورە ٣- درۆ، بوختان، قسەی ناراست ٤- چێژ، تام

**زوراء** ١- چاڵ، چاڵی قووڵ ٢- کـەمان، کـەوان٣- دیجلـە، بەغداد، شاری بەغداد ٤- پیالە، پەیمانە

**زورازمـا:** هێـز تاقیکـەرەوە، ئـەوەی هێـز و زۆری خـۆی تاقی بکاتەوە، پاڵەوان

**زوراور:** پڕزۆر، زۆردار، بەهێز، ئەوەی لە گەڵ کەسانیتر بەهێز و زۆر هەڵس کەوت بکات

**زوراوردن:** زۆر لێکردن، زەخت لێکردن، گوشار بۆهێنان، فشار هێنان، زەخت کردن لە کەسێك یا شتێك

**زورخانــه:** زۆرخانـە، یاریگـا، شـوێنی تایبـەتی یاریـە کۆنەکان

**زورق:** بەلەم، پاپۆڕی بچوك، بەلەمی بچوك

**زورکردن:** ستەم کردن، زۆرداری، زۆر کردن، داگیرکاری

**زورمند:** زۆردار، بەهێز، پڕ زۆر،

**زورین:** سەرو، لاسەروو، ژوورو، لای ژوورو

**زوزه:** زوزە، ناڵەی سـەگ، لـویرین، وەڕیـنی سـەگ لـەتاو ئازار یاهەرچی

**زوش:** تووڕە، گـرژ، روگـرژ، ناوچـاوتاڵ، بـەهێز، زۆردار، ترشاو، رووترش

**زوش:** بەندە، پەست، سووك، ریسوا

**زوغ:** جۆگە، چەم، چۆم، جۆ، رووبار

**زون:** پشك، بەش، پار، بەهرە

**زون:** بــوت، بــت، و ئــەو شــوێنەی بوتــەکانی لــێ کۆدەکەنەوە

**زون:** کورت، کورتەباڵا، پیاوی کورتە باڵا، گوڵ
**زونج:** کورت، کورتەباڵا
**زونك:** بڕوانە زونج
**زونگل:** بڕوانە زونج
**زە:** وشەیەکە بۆ دەسخۆشی کردن، ئافەرین، دەسخۆش
**زە:** زێ، زە، زێی کەوان
**زە:** دڵۆپە، تکە، تکانی ئاو لە درز
**زە:** منداڵ، کۆرپە، کۆرپەلە
**زەــاب:** ئـافزە، ئـاوزێ، درز و کـەلێنی بـاریکی بـەرد یاسەرچاوە کە ئاو لێی بێتەدەر
**زهاد:** پارێزکار، خاترس، خۆپارێز
**زهادت:** پارێزکاری، خواترسی، خۆپارێزی
**زهار:** تووکەربەر، دەورانـدەوری شـەرمی ژن و پیـاو کـە مووی لێ دەڕوێت، شەرمگە
**زهار:** درەخشان، درەوشاوە، بریقەدار، تروسکەدار
**زهـدان:** منـاڵان، منداڵدان، شوێنی لـەمناڵ لـەناو سـکی دایك، ماڵبچویك، جێگەی پیزە لەناو سکدا
**زهر:** زەهر، ژەهر، دەرمانێکی کوشەندەیە، سەم
**زهر:** چرۆ، شکۆفە، شکۆوە، چرۆی دار یا گیا
**زهراء** درەوشاوە، بریقەدار، تروسکەدار، درەخشان
**زهراب:** زەهراو، ژەهـراو، ئـاوی تێکـەڵ بـە ژەهـر، ئـاوی ژەهراوی
**زهرآبه:** بڕوانە زهراب
**زهرآگین:** ژاراوی، زەهراوی، تێکەڵ بە ژەهر
**زهرآلود:** ژەهراوی، زەهراوی، تێکەڵ بە ژەهر
**زهرامیغ:** بڕوانە زهرآلود
**زهرچشم:** مۆڕە، سەیر کـردن لـەتووڕەیی و رق، خێـسە، چاو بزکردنەوە
**زهرخنــد:** بـزەی تـاڵ، ئـەو بزەیـەی لـەڕووی رق و تووڕییەوە دێتە سەر لێو
**زهردارو:** دژەژەهر، دەرمانی دژە ژەهر
**زهرگیا:** ژەهراوی، گیایی ژەهراوی
**زهرناك:** ژەهراوی، زەهراوی، تێکەڵ بە زەهر
**زهره:** شکۆفە، چرۆ، چرۆی دار یا گیا
**زهــره:** ناهیـد، زوهـرە، نـاوی یـەکێك لـە هەسـارەکانی نزیك هەسارەی زەوی کە دووریەکەی لەزەوی نزیکەی ۴۱۸۰۰۰۰۰ کیلۆمــەترە و پــێش هــەڵاتن و دوای ئاوابونی هەتاو دەبینرێت
**زهــره:** ۱- زەرداو، کیسەی زەرداو ۲- بوێری، ئازایـەتی، چاونەترسی
**زهزاد:** زێ و زا، ژن و مناڵ، مناڵ، وەچە
**زه زدن:** شان خاڵ کردن، لەپێ کەوتن بـەهۆی ناتـەوانی و هیلاکی
**زهشت:** هەناسە، نەفەس
**زهف:** چوستی، چالاکی، بلەزی
**زهك:** فرۆ‌هەرشك، ژەك، یەکەم شیری مانگا یا مەڕ دوای زان
**زهم:** بۆگەن، بـۆنی گـەنیو، بۆگـەنی چـەوری و گۆشـتی ماسی و هەرچی
**زهمت:** بۆگەن، بۆنی گەنیوی گۆشتی چەور
**زهنجه:** ئازار، رەنج، سەختی، مەینەتی، خەڵوە کێشان
**زهو:** ۱- ناز کردن، نـازین، بـەخۆنازین، شانازی کـردن، گەشە کردن، گەورەبونی مناڵ ۲- درەوشانەوە، تەیسین، بریقەدانـەوە، دەرکـەوتنی بەرهـەمی گیـا ۳- فـەخر، شانازی، ستەم، درۆ،
**زهو:** تازەیی، تەڕی، تەڕ و تازە، شکۆفەی گیا
**زهـوار:** زێ ئاسـا، تەسمـە، بەنـد، هەرشـتێك وەك زێـی کەمان بێت
**زەوزاد:** زێ وزا، زێ و زارۆك، ماڵ و مناڵ، وەچە
**زهوق:** رۆشتنەدەر، لەناوچون، فەوتان، نەمان، فیرۆچون
**زهوق:** ۱ فیرۆ، لەناوچو ۲- چاڵی قووڵ
**زهومت:** بۆگەن، بۆنی گەنیو گۆشتی گەنیو
**زهی:** زێ دار، هەر ئامرازێکی موسیقا کە زێی هەبێت
**زهی:** بڕوانە زهیدن
**زهی:** دەسخۆش، بەبە، ئافەرین، چ باش
**زهیدن:** ۱- زایین، زان، مناڵبون، مناڵ هێنانـە دونیا ۲- دڵۆپە کردن، تکە کردن، دەڵاندن، دڵاندنی ئاو لە درزی شتێك

**زێ:** ١- لا، ئال، رەخ، تەنیشت، کەنار، نزیك ٢- ئەندازە، ئاست، رادە

**زێ:** شکڵ، شێوە، جۆر، چۆنیەتی جل و بەرگ

**زیات:** رۆن فرۆش، رۆنچی

**زیاد:** زۆر، فرە، فراوان، زیاد

**زیادە:** ١- زیادە، زۆر بون، فرەبون، فراوان بون٢- زۆری، زیادی، فراوانی

**زیادروی:** زێدەرۆیی، لەرادە دەرچون، پێ لێ کێشان

**زیارت:** سەردان، زیارەت، سەردانی کەسێکی گەورە، رۆشتنە شوێنە پیرۆزەکان

**زیارتگاه:** مەزار، مەرقەد، زیارەتگا، شوێنی زیارەت کردن

**زیاف:** لەخۆبایی، نازکەر، مەکراوی

**زیان:** زیان، زەرەر، کەمی، ئیراد، کەم و کوڕی، دژی سوود و داهات

**زیان:** بڕوانە زیستن

**زیان اور:** یزانبار، زیانەدەر، زیان گەیەنەر، ئەوەی ببێتە هۆی زەرەر و زیان

**زیانکار:** زیانبار، زەرەرکەر، زەرەمەند، ئەو کەسەی لە کاری خۆی زیان پێ ببڕێت

**زیانگر:** زیانبار، زەرەرکەر، زیان گەیەنەر

**زیب:** خشڵ، زیب، زیوەر، زینەت

**زیبا:** جوان، رازاوزە، دەلال، دلگیر، دلۆفان، ئەو کەسەی روخسار و قیافەی جوان بێت، رند، خشکوك

**زیبان:** بڕوانە زیبا

**زیباشناسی:** جوان ناسی، ناسینی جۆرەکانی جوانی و هونەرە جوانەکان

**زیبق:** بزۆك، جیوە

**زیبیدن:** شیاوبون، شایانی، زێ هاتن، زێ هاتی، هێنان

**زیپ:** زنجیر، جۆرێك بەند بۆ دوورین بە جلەوە لە جیاتی قۆپچە

**زیت:** زەیت، رۆن، رۆنی گیایی

**زیتون:** زەیتون، دارێکە و بەری دارێکە

**زیج:** چالاك، چوست، بلەز، خێرا

**زیخ:** ستەم کردن، زوڵم کردن

**زید:** ١- زیادبون، فراوان بون، فرە بونن زۆر بون ٢- زیاد کردن، فراوان کردن ٣- زیادی، زۆری، فراوانی

**زیر:** خوار، بن، ژێر، خوارێ، بەرامبەری سەر

**زیر:** زیرە، فیزە، جیقە، دەنگی باریك

**زیرا:** چونکە، لەبەرئەوەی، چون، لەورا، ژ بەرکو

**زیراب:** زێراو، ژێراو، رێگەی ئاوی ژێر حەوز یا ئیستەخر کە هەر کات بیانەوێت ئاوەکەی بەتاڵ بکەن دەیکەنەوە

**زیرافکن:** راخەر، ژێر راخەر، دۆشەك، فەرش، قاڵی گلیم، ئەوەی لە ژێرەوە رایدەخەن

**زیرانداز:** بڕوانە زیرافکن

**زیربارزفتن:** چوونە ژێر بار، شان بەرنان، لە ئەستۆ گرتن

**زیرپوش:** ژێر کراس، ژێر پۆش، فانیلە، هەر شتێك کە لە ژێر کراسەوە لەبەری بکەن، جل و بەرگی ژێرەوە، ئارەق گر

**زیر پیراهن:** بڕوانە زیرپوش

**زیرجامە:** بیچتامە، ژێر شەرواڵی، دەرپێ، ئەوەی لەژێر پانتۆڵەوە لە پێی دەکەن

**زیرچاق:** ملکەچ، گوێڕایەڵ، فەرمانبەر

**زیر دریایی:** ژێردەریایی، جۆرە کەشتیەکە کە هەم دەتوانێت لەسەر ئاوو هەم لە ژێر ئاودا بڕوات و زیاتر لەشەڕدا بەکار دەبرێت

**زیردست:** ژێردەست، بەردەست، ئەوەی لەژێر فەرمانی کەسێکیتردا بێت، فەرمانبردار، سووك، پەست، زەلیل

**زیردستی:** دەوری، ژێر دەستی، پێش دەستی، دەوری بچوکە کەلەسەر سفرەی نان یا میوە دادیدەنێن بۆ ئەوەی هەر کەس بەشەکەی خۆی بکاتەناوی

**زیرزار:** ناڵە، دەنگی خەمبار، لاواندنەوە

**زیرزمین:** ژێرزەمین، ماڵێك کە لەژێر زەویدا دروست بکرێت، ڤاتێك لە بینا کە نزمتر لە حەوشی ماڵەکە بێت

**زیرزمینی:** ژێـرزەمینی، ئـەوەی لـە ژێـر زەمینـدا بێت، تایبەت بە ژێر زەمین

**زیرسازی:** ژێر سازی، شفتە ڕێژی، شفتە ڕێژی و بەرد چنینی ژێرەوەی جادە و ئامادەکردنی بۆ قیر کردن

**زیرك:** زیرەك، وشیار، زرنگ، وریا، ئاگا، زانا، دانا، زانەر

**زیرکسار:** وشیار، دانـا، زانـا، زانـەر، ئاگا، وریـا، زرنـگ، زیرەك

**زیرگـــاه:** کورسـی، مێـز، تـەخت، چـوارپێ، چـوارپایە، ئەوەی لەسەر دادەنیشن

**زیرلب:** ژێرلێو، ژێـر لـچ، مەبەسـت لەقسی هێـواش و نزمە

**زیروبـالا:** ژێـر و سـەر، خـوار و سـەر، و مەبەسـت لـە قسەیەکی بێ مانا و ناومرۆك

**زیرورو:** ژێرورووە، سەروخوار، تێکدان، ژێروورووکـردن، شێواندن

**زیروزبر:** ژێرخوار، ژێر و سەر

**زیرە:** زیرە، تۆمی گیایەکی بۆنخۆشە لە چێشتی دەکەن

**زیرە:** ژێـری، خـوارین، ژێـرین، بەشـی خـوارەوەی هـەر شتێك

**زیرین:** خوارین، ژێر، تایبەت بە ژێر

**زیز:** زیرزیرە، جۆرە باڵندەیەکە هاوشێوەی کوولـە کـە زیـاتر لەسـەر گـەڵای دادرەکـان دادەنیـشێت و دەنگـی زیرەی لێوە دێت

**زیست:** ژیان، ژین

**زیست شناسی:** بونەوەرناسی، زانستێکە کەلەبونـەوەرە زیندوەکان دەکۆڵێتەوە

**زیستن:** ژین، ژیان، ژین کردن، ژیان کردن

**زیغ:** حەسیر، زیلۆ، پەلاسی لەدەزوی لۆکە، حێسڵ

**زیـغ:** بەلاڕێـدا چـون، گەڕانـەوە لـەڕێی ڕاسـت، لاڕێـی، گومان، دودڵی

**زیغال:** پیاڵە، پەیمانە، پیاڵەی شەراب خواردنەوە

**زیغگر:** حەسیرباف، زیلۆچن، ئەو کەسەی کاری دروست کردنی حەسیر و زیلۆیە

**زیـف:** گوناح، تاوان، سوچ، هەڵە، ناپیاوی

**زیلو:** زیلۆ، پەلاسی بە دەزوو چنراو لە لۆکە، بەڕك

**زیــن:** زیـن، ئـەوەی لـە چـەرم و دار دورسـتی دەکـەن دەیخنە سەر پشتی ئەسب

**زین:** زین، ڕازاندنەوە، خەملاندن، جوان کردن

**زینــب:** ١- ترسـەنۆك، بـێ ورە، بـێ زات ٢- زێنـەب، زەینەب، ناوێکە بۆ ژنان

**زین پوش:** زین پۆش، ئەو جل و بەرگەی بەسـەر زیـنی ئەسپیدا دەکێشن

**زینت:** زینەت، خشڵ، زیوەر

**زین گر:** زیـن ساز، ئـەو کەسـەی کاری دروست کردنی زینە

**زینە:** پلە، دەرەجە، پلیکانە

**زینهار:** بڕوانە زنهار

**زیور:** زیـوەر، خـشڵ، هـەر شـتێك بـۆ ڕازاندنـەوە بـەکار ببرێت

# ژ

**ژ:** ژ، پیتی چواردەیەم لە ئالفابێتی فارسی

**ژابیژ:** ١- پزیسك، پریشكە، پریشكەی ئاگر، دڵۆپەی ئاو كە لەكاتی سوتاندنی داری تەڕ لێی دەتكێت ٢- بڵێسە، كڵپە

**ژاژخاییدن:** لاژاندن، لاژە لاژە، قسەی بێ تام كردن، هەڵیت و پڵیت وتن

**ژاژدراییدن:** لاژاندن، هەڵیپت و پڵیت وتن، قسەی بێ تام و مانا كردن

**ژاژلاییدن:** بڕوانە ژاژ دراییدن

**ژاژە:** لاژە، هەڵیت و پڵیت، قۆڕیات، قسیە بێ هۆ

**ژاژیدن:** هەڵیت و پڵیت وتن، لاژاندن

**ژاغر:** جیقەڵدانە، جیكڵدانە، كیسەیەك كەلەنێوان گەروو و گەدەی مریشكدایە

**ژاڵە:** ژیزك، ژیشك

**ژاله:** ژاڵە، شەونم، ئاونگ، شەقنەم، شەقنم، دڵۆپەی ئاو كەلەسەر بەرگ و گەڵای دار و گیا دەنیشێت

**ژاندارم:** ژاندارم، جەندرمە، لە كۆندا بەو كەسانەیان دەوت كە لەشەڕەكاندا لێپرسراوی هەڵگرتنی سیلاحە قورسەكان بون، ئەمڕۆكە لە زۆربەی وڵاتەكان بەو كەسانە دەڵێن كەلێپرسراوی ئاسایشی ئاوشارن، ئاسایش

**ژانر:** جۆر، شێوە، شێواز، ڕێچكە

**ژانویە:** ژانویە، مانگی یەكەمی ساڵی زایینی

**ژئوپۆلیتیك:** جیۆپۆلۆتیك، ژیۆپۆلۆتیك، زانستی سیاسەت پەیوەندیدار بە زەوی

**ژئوفیزیك:** ژیۆ فیزیك، فیزیایی زەوی، ئەو زانستەی سەبارەت بە هێزە فیزیكیەكانی زەوی دەدەوێت

**ژئولوژی:** جیۆلۆجی، ژیۆلۆژی، زەوی ناسی، ئەو زانستەی لە پێكهاتە و چۆنیەتی دروست بونی چینەكانی زەوی دەكۆڵێتەوە

**ژخ:** ناڵە، بانگ، هاوار، گریان، ناڵەی خەمبار

**ژخار:** جخار، ژخار، بانگ، فەریاد، نەڕە

**ژد:** كەتیرا، شیرەی وشكەوەبوی گوێنی جەباری

**ژرف:** قووڵ، چاڵ، دوور و درێژ، كویر

**ژرفا:** قووڵی، قوڵایی، كویری

**ژرفا سنج:** قووڵ پێو، قووڵی پێو، ئامرازێكە بۆ پێوانە كردنی قووڵی

**ژرف اندیش:** دووربین، دوورئەندێش، ئەوەی بیر لەكۆتایی كاروبارەكان دەكاتەوە

**ژرف بین:** دووربین، دوور ئەندێش، ئەوەی بیر لە كۆتایی كارەكان دەكاتەوە

**ژرفنا:** قووڵی، كویری، قووڵایی، قووڵترین شوێنی دەریا

**ژرف نگر:** دووربین، دورئەندێش

**ژرف یاب:** ١- قوڵ پێو، ئەوەی قوڵایی شتێك بپێوێت ٢- ورد، دوورئەندێش

**ژرمن:** ژرمەن، جێرمەن، ناوی نەتەوەیەكی سپی لە ڕەگەزی ئاریا كە ئاڵمانەكان، ئەنگلۆسەكسۆنەكان، هۆڵەندیەكان و دانیشتوانی ئەسكەندیناوی لەوانن

**ژست:** قیافە، ڕواڵەت، ڕووكەش، چۆنیەتی هەڵسوكەوت وكردەوەكانی كەسێك

**ژغار:** ١- جغار، جخار، سەختی، بەڵا، مەینەتی، توندی، ڕەنج ٢- بانگ، نەڕە، هاوار، فەریاد

**ژغند:** نەڕە، گرمە، بانگی بەرز، هاوار، قاوەقیژ

**ژف:** تەڕ، تلیس، خوساو، دژی وشكی

**ژفــك**: ریپــۆق، ریپۆقــە، چــڵكی چــاو، ئــەو چــڵكەی لەسووچی چاودا كۆدەبێتەوە

**ژفكاب**: بڕوانە ژفك

**ژفكن**: چڵكن، چڵكاوی، ریپۆقاوی، ئەو چاوەی ریپۆق لەسوچەكەیدا كۆبوبێتەوە

**ژفیدن**: تەڕبوون، خوسان، تلیسان

**ژك**: ورتە، بۆڵە، قسەی ژێر لێو، بۆڵە، ئەو قسەی لە تووڕەیی یا لە دڵتەنگیدا لەژێر لێوەوە دەیڵێن

**ژكاره**: پێداگر، سوور، شەڕانی، شەڕخواز، شەڕفرۆش، رفاوی

**ژكفر**: خۆڕاگر، بەتاقەت

**ژكور**: بڕوانە ژگور

**ژكیدن**: بۆڵەكردن، پرتە كردن، لەژێر لچەوە قسە كردن

**ژگــور**: بــەخیل، رەزیــل، رژد، چاوچنۆك، دز، ناپیــاو، ناكەس، قەڵس، چورپك

**ژن**: زن، بۆمــاوە، هۆكــاری بۆمــاوە، بەشــێكی بچوك لــە كرۆمــۆزۆم كــە هۆكــاری گواســتنەوەی تایبەتمەندیــە بۆماوەییەكانە

**ژنتیك**: ژنتیك، بۆماوەیی، زانستی بۆماوە

**ژند**: زیندو، گەورە، مەزن

**ژنده**: كۆن، كەفن، دڕاو، لەت و پەت، بەكەڵك نەماو، خەسپاڵ، شیتاڵ، شڕە

**ژنــده**: زینــدو، گــەورە، مــەزن، زیــاتر بۆنــاوبردنی تایبەتمەندی فیل و وگورگ و شێر بە كار دەبرێت

**ژنده پوش**: كۆنەپۆش، ئەوەی جل و بەرگی كۆنە لەبەر بكات

**ژنراتور**: بەرهەمهێنەر، هۆكــار، ســەبەب، كەرەستەكانی كار، دیگی هەڵم

**ژنرال**: ژنراڵ، جنراڵ، ئەفسەری پایەبەرز لە ئەرتەشدا

**ژنــگ**: چــرچ، لۆچــی، چــرچ و لۆچــی كــە لەپێــستی جەستەدا دروست دەبێت

**ژنگ**: زەنگ، زەنگ، ژەنگی ئاسن و كانزاكانیتر

**ژنگدان**: زەنگ، زەنگۆڵە

**ژنگله**: زەنگۆڵە، زەنــگ، ئــەو زەنگۆڵەی لــە ملــی مــەڕ و ماڵاتی دەكەن

**ژنی**: توانایی، شــارەزایی، كارامــەیی، كــارزانی، لێهــاتویی، شیاوی، ژێهاتن

**ژو**: دەریا، زەلیا، دلیا، زەریا

**ژوئن**: ژوئەن، ژوەن، مانگی شەشەم لە ساڵنامەی زایینی

**ژوئیه**: ژوئیە، مانگی حەوتەم لە ساڵنامەی زایینی

**ژو پیتر**: ژوپیتــەر، خــوای خواكــان لای یۆنانیەكۆنــەكان، هەسارەی موشتەری

**ژور**: رۆژ، روناكی، روناهی، دەلاقە، رۆچنە

**ژوراسیك**: ژووراســیك، دوەم دەورە لــەدەورانی دووەمــی زەوی ناسی

**ژورنال**: رۆژنامە، گۆڤار

**ژورنالیست**: رۆژنامە نــوس، ئــەو كەســەی لــە رۆژنامــەدا كار دەكات

**ژوژه**: زیزك، ژیشك، زیژو

**ژول**: پەرێشان، شێواو، شپرزە، ئاڵۆز

**ژولی**: جوان، باش، بەدڵ، دەلال، رازاوە

**ژولیدن**: پەرێشان بون، شپرزە بون، شێوان، تێكدران

**ژون**: بت، بوت

**ژوهیدن**: دڵۆپە كردن، تكە كردن، دڵۆپە كردنی سەقف و بان

**ژی**: ناوگیر، ئەستێر، گۆل، ئەستێلك

**ژیان**: تووڕە، كیندار، رفاوی، دڕندە

**ژیپس**: گەچ، بەردی گەچ

**ژیر**: بڕوانە ژی

**ژیژ**: مردار، پیس، ناپاك، گلاو

**ژیك**: دڵۆپە، قەترە، تكە، دڵۆپەی باران

**ژیمناستیك**: جیمناستیك، ژیمناستیك، جۆرە وەرزشێكە

**ژیوه**: بڕوانە جیوە

# س

**س:** پیتی پانزەیەم لە ئالفابێتی زمانی فارسی کە بە سین دەخوێندرێتەوە

**سؤال:** ١- داوا کردن، خوازیاربون، خواستن ٢- پرسیار، پرس کردن، پرسین

**سئانس:** دانیشتن، کۆڕ، کۆبونەوە، دەورە

**سؤر:** ماوە، پاشماوە، بەرماوە

**سائب:** ڕەوان، بە پەلە، خێرا

**سائبە:** ئازاد کراو، ڕەها کراو، بەندەی ڕەها کراو، وشترێك کە لەسەردەمی نەزانیدا ڕەهایان دەکرد تا بە حەزی خۆی بۆ کوێ دەڕوات بڕوات

**سائح:** گەشتیار، دنیاگەر، ئەوەی بەدەوری دنیادا دەگەڕێت ٢- مێجێور، پیاوی بە ڕۆژوو و پاسەوانی مزگەوت

**سائد:** سەرۆك، سەروەر، گەورەی هۆز یا عەشیرە

**سائر:** ١- ڕەوان، خۆڕ ٢-بڵاو، باو، قسەی باوو بوڵاو لەناو خەڵك

**سائس:** ڕاهێنەر، پەروەردەکەر، بەخێوکەر، ڕامکەر، ئەو کەسەی کاروباری دەستەیەك بەعەقڵ چارەسەر بکات

**سائغ:** ١- ڕەوا، حەڵاڵ، جایزز ٢- خۆش، بەتام، ئەوەی بەئاسانی لە قوورگ بڕواتە خوار

**سائق:** سایەق، لێخور، ئەوەی لێدەخوڕێت، ئاژۆ، لێخوڕی ترۆمبێل

**سائل:** پرسیارکەر، پرس کەر، خوازیار، ئەوەی داوای خێر دەکات، سواڵکەر، ئەوەی لە ڕێگەی سواڵەوە لە خەڵکان شت وەردەگرێت

**سائم:** ١- لەوەڕخوڕ، لەوەڕکەر، ئەو ئاژەڵەی زۆربەی ساڵ لە بیابانـدا دەلەوەڕێت ٢- شوان، شڤان، ئەو کەسەی ئاژەڵەکان دەلەوەڕێنێت

**ساباط:** داڵان، ڕێڕەو، ڕێڕەوی سەر داپۆشراو لەنێوان دو ماڵ یا دو دوکان

**سابح:** ١- مەلەڤان، مەلەزان، سۆبایی کەر ٢- تیژپێ، ئەسپی تێژ پێ

**سابحە:** سۆبایی کەر، مەلەڤان، مەلەوان

**سابر:** شمشێر، تیغ

**سابع:** حەوتەم، حەوتەمین

**سابق:** پێشکەوتوو، پێشین، ئەوەی پێش دەکەوێت، کۆن، پێش، تایبەت بە پێش

**سابقا:** لەکۆنـدا، لە پێشدات، جاران، لەمەپێش، لەزەمانی پێش

**سابقە سالار:** ١- کاروان سالار، پێشرەوی کاروان، سوپا سالار، ٢- سەرەتا، دەسپێك، پێشەکی

**سابقە:** پێشینە، پێشین، پێش کەوتوو

**سابقەدار:** خاوەن پێشینە، ئەوەی پێشینەی باشی هەبێت

**سابقین:** پێشینان، پێشنینان، ڕابردوان، باو باپیران، کۆنەکان

**سابلە:** ڕێبواران، ڕێڕەوان، ئەوانەی بە ڕێگایەکدا دەڕۆن، هەروەها بەو ڕێگەیش دەڵێن کە پیایدا ڕۆشتون

**سابوتاژ:** خراپەکاری، کارشکێنی، خراپ کاری بە دەست ئەنقەست

**سابوتە:** ژنی پیر، پیرێژن

**سابود:** جۆلانێ، جۆلانە، ئەو تەنافەی دوسەرەکەی بە لقی دار یا بە شتێکترەوە دەبەستن وجۆلانێی پێ دەکەن

**سابورە:** حیز، گاندەر، قووندەر، ئەو پیاوەی حەزی لە هاوڕەگەزەکەیەتی

**سابیدن**: سوون، ساوین، کوتان نەرم کردن، سایین، قوتان، نەرمزاندن
**ساتر**: پۆشەر، داپۆش، حەشاردەر
**ساتراپ**: حاکم، فەرمانڕەوا، بەڕێوبەر، پارێزگار
**ساتگن**: پەیالەْ، پیالە، پەیمانەی شەراب خۆری
**ساتگنی**: بڕوانە ساتگن
**ساتی**: ژنی بەوەفا، ژنی ئەمەکدار، لە کۆندا لە ئایینی هیندو باو بو کە ئەگەر پیاوێك دەمرد ژنەکەیان لە گەڵدا دەسوتان و ئەگەر ژنەکەی پێش دەکەوت لە گەڵ یەکێك لە کەڵ وپ ەلەکانی پیاوەکەی دەیانسوتاند، ئەم رێ و رەسمە ئینگلیسیەکان لە ساڵی ١٨٢٩ هەڵیانوەشاندەوە
**ساج**: ساج، تاوە، دەفرێکی پەلی قوپاوی ئاسنە بۆنان کردن و برێشکە برژاندن
**ساج**: ساج، جۆرە دارێکە دارتاشان بە کاری دەبەن
**ساج**: چارشێو، باڵاپۆش
**ساجد**: کوورنووش بەر، سەر دانەوێن، ئەو کەسەی ناوچاو لە زەوی دەدات و سوجدە دەبات
**ساجگون**: ساج ئاسا، بەرەنگی ساج، رەش، تاریك، لێڵ
**ساجی**: ئارام، ئۆقرە گرتو، هێمن، هێدی، ئۆخژن گرتوو، ئاوەڵنلو بۆ شەو و دەریا و چاو کە بێدەنگ و ئارام بن
**ساجی**: ساجی، تیری، نانی ساجی، ئەو نانەی لەسەر ساج دەبرژێت
**ساحت**: ناوچە، حەوشێ، پانتایی، زەوی کە سەقفی نەبێت
**ساحر**: جادووگەر، جادوباز، ساحیر، ئەفسونگەر
**ساحرانە**: جادووگەرانە، جادووبازانە، بە شێوازی جادووگەران
**ساحرە**: جادوگەر، ژنی جادوباز
**ساحل**: کەنار، رەخ، بەستێن، قەراغ دەریا
**ساخت و پاخت**: گرێ بەست، رێکەوتن، گرێ بەستی کۆتایی لە نێوان دو یا چەند کەس بۆ ئەنجامدانی کارێك
**ساخت**: دروست کردن، ئامادە کردن، تەیار کردن، چێکری، چێکردن
**ساختکاری**: دروست کردن، ئامادە کردن، بناغەدانان، کاری دروست کردن و ئامادە کردنی شتێك
**ساختمان**: ١- بینا، کۆشك، تەلار، باڵەخانە ٢- چۆنیەتی دروست کردن
**ساختن**: دروست کردن، بینا کردن، شتێك ئامادە کردن و دروست کردن
**ساخر**: گاڵتە پێکەر، قەشمەر، گاڵتەچی، ئەوەی گاڵتە بە کەسانیتر دەکات
**ساخط**: توورە، رق ئەستوور، رقاوی، پڕ کین
**ساخلو**: سەربازگە، پادگان، ژمارەیەك سەرباز کەلە شوێنێکدا بۆ پاسەوانی کردن دادەنرێن
**ساخن**: گەرم، تین
**ساد**: بەراز، بەرازی نێر
**ساد**: خۆڕاگر، راست، بەهێز، راست وتار
**ساد**: دەشت، دەر، بیابان، سارا
**ساد**: سادە، بێ ریا، بێ نەخش و نیگار، ساکار
**سادات**: گەورەکان، مناڵەکانی پێغەمبەر
**سادە جگر**: ساویلکە، بێ فێل و تەڵەکە، سادەدڵ
**سادە زنخ**: بڕوانە سادە ڕو
**سادە ضمیر**: سادە دڵ، دڵ پاك، ساویلکە، بێ ریا
**سادە طبع**: بڕوانە سادە دل
**سادە عذار**: بڕوانە سادەرو
**سادە نویسی**: سادە نوسین، نوسینی شتێك بە سادەیی بۆ ئەوەی شیاوی تێگەشتن بێت
**سادە**: سادە، بێگەرد، بێڕیا، ساکار، بێ نەخش و نیگار، بێ رازاندنەوە، یەکسان، هاسان، سانا
**سادە**: سەرۆك، سەروەر، گەورەی هۆز یا عەشیرە
**سادەدل**: دڵ ساکار، دڵ پاك، ساویلکە، سادەدڵ، بێ ریا، خۆشباوەڕ، پاك
**سادەرخ**: لوس، لوس و پوس، ئەو کوڕەی هێشتا موی دەرنەکردبێت، سادە ڕوو

**سادەرو:** سادە ڕووو، ئەو کوڕەی هێشتای مووی لێنەهاتبێت، جوان، قۆز

**سادەلوح:** ساویلکە، سافیلکە، دڵ سادە

**سادس:** شەشەم، شەشەمین

**سادم:** خەمبار، پەشیمان، خەمۆك، پاشگەز

**سادن:** درگاوان، دەرڤان، پاسەوانی دەرگا

**سادیسم:** سادیسم، ئازاردان، شێتی ئازاردانی خەڵك، ئازاردانی بەرامبەر لەکاتی جووت بون

**سار:** ١- ئازار، بەلا، سەختی، مەینەتی، دەرد، ڕەنج، بەدبەختی، خەم، خەفەت ٢- جۆرە باڵندەیەکە

**سارا:** تایبەت، بێ ڕیا، بێگەرد، پاك

**ساران:** سەر، سەرەکان

**ساربان:** وشتردار، وشترڤان، حوشتربان

**سارخك:** مێشوولە، پێشکە، پێشی، تۆفانە

**سارخکدار:** داری مێشوولە، ئەو دارەی نێشوولە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت

**سارشك:** بڕوانە سارخك

**سارغ:** بوخچە، بوقچە، دەستماڵ، دەستماڵی گەورە کە شتێکی پێوە دەبەستن

**سارق:** دز، چەتە، ڕێگر

**سارقە:** دز، ژنی دز

**سارکوم:** شێرپەنجە، نەخۆشی شێرپەنجە، سەرەتان

**سارو:** بڕوانە ساروج

**ساروان:** بڕوانە ساربان

**ساروج:** ساروج، هەویرێك کە لە ئاهەك و خۆڵەمێش دروستی دەکەن و لە بیناکان بە تایبەت لە حەوز و ئاوگرەکاندا بەکاری دەبەن

**ساز امدن:** سازگاری، ساز بون، گونجان، ڕێك کەوتن، ڕاست هاتنەوە

**ساز دادن:** ئامادە کردن، ڕازاندنەوە، خەملاندن، سامان دان

**ساز زدن:** ساز ژەنین، ژەنینی یەکێك لە ئامرازەکانی مۆسیقی، لێدان

**ساز کردن:** ساز کردن، چێکرن، ئامادە کردنن دروست کردن، ساماندان، ڕێکخستن

**ساز وبرگ:** ساز وبەرگ، ئەوەی لە گەڵ و پەلی شەڕ کەبە سەربازێك دەدرێت

**ساز ونهاد:** ڕێ و ڕەسم، ئایین، شێوە، شێواز

**ساز ونوا:** ساز و ئاواز، بەزم و خۆشی

**ساز:** ئامراز، مراز، کەرەستە، ئامرازی کار، ئامرازی شەڕ، کەل و پەلی ژیان

**ساز:** ساز، هەرکام لە ئامرازەکانی مۆسیقی

**سازش دادن:** سازاندن، گونجاندن، ئاشتی دان، ئاشت کردنەوە، هاوئاهەنگ کردن

**سازش کردن:** سازان، گوناجن، ئاشت بونەوە، ڕێك کەوتن

**سازش:** سازان، سازگاری، گونجان، هەڵکردن، تەبابون، هاوئاهەنگی

**سازشکار:** ئاشتی خواز، سازگار، ئەوەی لە گەڵ یەکیتردا ڕێکەوێت و ئاشتی بکات

**سازگار:** سازگار، هاوئاهەنگ، هاوڕا

**سازگر:** بڕوانە سازگار

**سازمان ملل متحد:** ڕێکخراوی نەتەوە یەك گرتوەکان، دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی کە بە پێی ڕێکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزراوە و بنکەکەی لە نیۆیۆرك و ئامانجی هاوکاری نێونەتەوەیی و نەهێشتنی کێشەکان و ڕێگرتن لە شەڕ و خوێنڕێژی و دامەزراندنی ئاشتی لەنێوان وڵاتانە کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دروست بو و بە دەسپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی لەناو چو و لە ناوەڕاستی شەڕی دووەمی جیهانی بیر لە دروست کردنی کرایەوە و لە ساڵی ١٩٤١ بە ئامادەبونی سەرۆکی وڵاتانی ویلایەتە یەك گرتوەکان و ئینگلیس و وڵاتە هاوپەیمانەکان پەیمان نامەیەك بۆ دروست کردنەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئامادە کرایەوە

**سازمان:** سازمان، ڕێکخستن، چۆنیەتی دروست کردن، نەزم و ڕێکی، ڕێکخراو

**سازمند:** ئامادە، ساماندراو، ڕێکخراو، دامەزراو
**سازوار:** بڕوانە سازگار
**سازوباز:** بەند باز، تەناف باز
**سازور:** ئامادە، ڕازاوە، ساماندراو، ڕێکخراو
**سازوسامان:** سەروسامان، ڕێ و ڕەسم
**سازیدن:** دروست کردن، چێکرن، بینا کردن، سازان
**ساسان:** ساسان، دەروێش، هەژار، نەدار، ئەوەی خۆی لە ملك و ماڵ بە دوور بگرێت
**ساستا:** بێ ڕەحم، ستەمکار، زیانگەیەنەر، شەیتان، ئەهریمەن
**ساسی:** دەوریش، هەژار، نەدار، سواڵکەر، درۆزەکەر
**ساچمە:** ساچمە، گوولەی وردی سوربی کە لە تفەنگە ڕاویەکاندا بە کار دەبرێت
**ساچی:** سپی
**ساطر:** قەساب
**ساطع:** تیشکدەر، نوردەر، درەوشاوە، درەخشان، تابان، هەڵکراو، ئاشکرا
**ساطل:** تەپ و تۆز، تەپ و تۆزی بەرزبو، گێژەڵوکە
**ساطن:** پیس، ناپاك، گلاو، قرێژ
**ساطور:** ساتوور، چەپەچاخ، ساتۆر، ئامرازێکی ئانسی پان و دەسکدار هاوشێوە کێرد کە قەسابەکان بە کاری دەبەن
**ساعت ساز:** ساعەتچی، ساعەت ساز، ئەو کەسەی ساعەت دروست بکات یا چاکی بکاتەوە
**ساعت:** کات، ساعەت، کاتژمێر، زەمانی کەم، بەشێك لە زەمان، پێوانەی کات کە بەشێك لە بیست و چوار بەشی شەوانە ڕۆژە و بریتیە لە شەست خولەکە کە هەر خولەکیش بریتیە لە شەست چرکە
**ساعد:** قۆڵ، لەمەچەکی دەست تا ئانیشك، باسك
**ساعور:** ١- ئاگر، تەنوور ٢- سەرۆکی خەستەخانە، یانی ئەو پزیشکەی لە خەستەخانەدا بەرێوبەری پزیشکەکانیترە
**ساعی:** ١- هەوڵدەر، تێکۆشەر، کۆشا، خەباتکەر ٢- دوزامن، فیتنەچی، ئاژاوە چی

**ساغر:** جام، پیاڵە، پەیاڵە، پێك، پیەمانەی شەراب و ئارەق خواردنەوە، دەفرێك بۆ شەراب خواردنەوە کە لە زێڕ یا زیو یاهەرچی دروستی بکەن
**ساغرزدن:** ئارەق خواردن، شەراب خواردن، بادەنۆشین
**سافر:** سەفەرکەر، گەشتیار، گەرۆك، ڕێبوار، ڕێبار، و بەمانایی کاتیب و نوسەریش دێت
**سافل:** خوار، نشێو، نزم، پەست، سووك، ڕیسوا، بێ جێگە و پێگە، داماو، زەلیل
**سافلە:** خوار، بەشی خواروی هەر شتێك، بەشی خواروی ڕوبار یا چۆم
**سافوت:** فیکە، فیقە، ئەو دەنگەی مرۆڤ لە دەمی خۆی دەیهێنێتەدەر، فیتوو، فیت، فیتە
**ساقب:** ١- نزیك ٢- دوور
**ساقە:** ١- ساق، لاسك، لاسکی گیا و دار ٢- پاشەنگ، دوایی لەشکر و سوپا
**ساقط:** ١- کەوتوو، دابەزیو، لەسەرە کەوتوە خوار ٢- پەست، سووك، ڕیسوا، ناکەس
**ساقطە:** کەوتوو، دابەزیو، پەست، سووك. و میوەیەك کە پێش گەشتن لە دار بکەوێتە خوار
**ساقور:** ١- گەرما، گەرمی، تین، تا ٢- و پارچە ئاسنێك کە ئاژەڵەکانی پێ داغ دەکەن
**ساقی:** ساقی، ئاودەر، مەیگێڕ، کەسێك کە ئاو یا شەربا بە یەکیتر دەدات
**ساقیانە:** ساقیانە، مەیگێڕ ئاسا، بە شێوەی ساقیەکان
**ساقیە:** چۆم، جۆگە، جۆگەلە، چەم
**ساقیگری:** مەیگێڕی، شەراب گێڕی، کار و پیشەی مەیگێڕ و ساقی
**ساك:** ساك، کیسە، توێشودان، کیسەی گەورە لە چەرم یا پارچەکە کەل و پەلی تێدەکەن
**ساکاروز:** قەند، شەکر، چەوەندەر، چۆندەر
**ساکب:** ڕژان، ڕێژان، ڕژاو، ڕژانی ئاو یا فرمێسك
**ساکت:** بێدەنگ، هێمن، ئارام، هێدی، بێ جووڵە
**ساکسوفون:** ساکسۆفۆن، یەکێك لە ئامرازەکانی مۆسیقی

**ساکن:** بێ جووڵە، نیشتەجێ، ئارام گرتوو، بێدەنگ، نۆقرەگرتو، نۆخژن گرتوو

**ساکی:** ئارەقی برنج، جۆرە خواردنەوەیەکی ژاپۆنیە کە لە برنجی دەگرن

**سال ازمای:** پیری کۆنسالّ، بە ئەزمون، ئەوەی چەندین ساڵ ئەزمونی هەبێت و تالّی و سوێری ژیانی چەشتبێت

**سال پیموده:** پیر، بە تەمەن، بە ساڵاچو

**سال خرد:** کەم تەمەن، منالّ، بێ ئەزمون، کچ یا کوڕ کە کەمتر لە پێنج ساڵ تەمەنی بێت

**سال گردش:** ساڵانە، دەسپێکردنەوەی ساڵ، سووڕانی ساڵ، دەسپێکردنی ساڵی نوێ، ساڵگەڕ

**سال گشت:** پیر، بەتەمەن، بە ساڵاچو

**سال و ماه:** ساڵ و مانگ، بەردەام، هەمیشە، ساڵ تا ساڵ

**سال:** ساڵ، ماوەی سووڕانی زەوی بە دەوری خۆر کە دوانزە مانگ یا ۳۶۵ رۆژە

**سالاد:** سالاد، زەڵاتە، ترشی تازە کە لە خەیار و کاهوو و تەماتە و پیاز و ئاوی لیمۆ دروستی دەکەن

**سالار جنگ:** فەرماندەی شەڕ، سالاری شەڕ

**سالار:** سالار، سەردار، سەرۆك، گەورە، سەرومر، پێشرەوی کاروان یا لەشکر

**سالارخوان:** سفرەچی، سەرپەرەستی سفرە، سەرۆکی چێشتخانە

**سالاسال:** ساڵ ساڵ، هەمو ساڵێك، ساڵانە

**سالانه:** ساڵیانە، ساڵانە، ساڵی یەکجار، ساڵ بە ساڵ

**سالب:** رفێنەر، فرێنەر، رووت کەرەوە یا پێست داماڵەری شتێك

**سالبه:** ساڵی باش، ساڵی خۆش

**سالخورد:** بەساڵاچو، ساڵ دیتو، بەتەمەن، بە ئەزمون، پیر، کەفتار، دانساڵ

**سالدات:** سەرباز، سوپایی

**سالدار:** بەتەمەن، گەورە، پیر، بە ساڵاچو

**سالدیده:** بڕوانە سالدار

**سالگرد:** بڕوانە سال گردش

**سالغ:** گا یامەڕی شەش ساڵە

**سالف:** رابردوو، کۆن، پێش چوو، پێشین، پێشینە، مێژینە

**سالك:** رێبار، رێبوار، رۆشتو، ئەوەی بە رێگایەکدا دەڕوات، شوێنکەوتوو، خۆپارێز، لەخوا ترس

**سالم:** ساخ، ساغ، تەندروست، بێ عەیب

**سالماه:** بڕوانە سالمه

**سالمه:** ساڵ مانگ، حسێبی ساڵ و مانگ، مێژوو، دیرۆك، تاریخ

**سالمند:** ساڵدار، بەتەمەن، بە ساڵاچو

**سالن:** ساڵۆن، هۆڵ، تالار، تالاری گەورە بۆ میوانداری یا نیشاندانی فیلم و هەرچی

**سالنامه:** ساڵنامە، ساڵ پێو، کتێبێك کەکورتەی هەواڵ و ئامارەکانی ساڵێکی تیا بنوسن

**سالنما:** رۆژپێو، ساڵ پێو، نامیلکە یا کاغەزێك کەحسێبی ساڵ و مانگەکانی تیا چاپ دەکەن

**سالوس:** مەکرباز، فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر، ریاکار، درۆزن

**سالوك:** هەژار، نەدار، دەورێش، دەسکورت. بە مانانی دز و رێگریش دێت

**سالیان:** ساڵیان، ساڵەکان

**سالیانه:** ساڵیانە، ساڵانە، ساڵی یەك جار، کارێك کەساڵی یەکجار ئەنجامی دەدەن

**سام:** ئاوسان، هەڵاوسان، نەخۆشی، دەرد

**سام:** زەهراوی، زەهراوی

**سام:** سام، لە داستانەکانی شانامە کووڕی نەریمان باوکی زاڵ و باوەگەورێی رۆستەمی دەستان

**ساماچه:** مەمك بەند، شاماکی، مەمکەڵۆس، ستیان، ئێلەك، زەخمە

**سامان دادن:** سامان دان، رێکخستن، نەزمدان

**سامان گرفتن:** سامان گرتن، رێکخران، دامەزران

**سامان:** سامان، کەل و پەلی ناو ماڵ، کاڵا، باروبنەی سەفەر، رێکی، نەزم، ئارام و قەرار، ئەندازە و نیشانە

**سامه:** تایومت، تایبەت

**سامه:** پەیمان، سوێند، بەڵێن، ئەمەك، وەفا، پەنا، پەناگا
**سامت:** خەمبار بون، بێدەنگ بون، خەمۆكی، بێزار بون، دڵتەنگی
**سامه:** زەهراوی، زەهردار
**سامح:** بەخشەر، جوامێر، دڵ فراوان
**سامر:** ئەفسانە بێژ، چیرۆك بێژ
**سامع:** بیسەر، ئەوەی دەبیستێت
**سامك:** بەرزو، بڵند، بەرز و بڵند لە هەر شتێك
**سامندر:** بڕوانە سمندر
**سامی:** بەرز، لەپێش، پایەبەرز
**سامی:** سامی، تایبەت بە سام كوڕی نوح
**سامیه:** بەرز، لەپێش، پایەبەرز، بڵند
**سان:** بەش، پشك، پار، بەهرە
**سان:** رەسم، شێوە، عادەت، نەریت، داب
**سان:** سا، وەك، وەكی، هاوشێوەی، وەك چۆن دەڵێن گورگ ئاسا
**سان:** سان، لەناو نیزامدا بریتیە لەبەسەر كردنەوەی سوپا
**سان:** هەسان، سان، بەردەسان
**سانتر:** بنكە، چەق، ناوەند، نێوان، ناوەڕاست
**سانترال:** ناوەندی، بنكەیی، چەق
**سانتی گرم:** سانتی گرەم، یەك لەسەر سەدی گرەم، سەد گرەم
**سانتی متر:** سانتی مەتر، یەك لەسەر سەدی میتر
**سانتی:** سانت، سانتی، یەك لەسەر سەدی هەر شتێك
**سانتیم:** سانتیم، یەك لەسەر سەد
**سانتیمانتال:** هەستیار، پڕهەست، خوێنگەرم، گەرژ، میهرەبان
**سا نحه:** ڕووداو، كارەسات، پێشهات
**ساندویچ:** ساندویچ، لەفە، جۆرە خواردنێكی ساردە
**سانسور:** سانسۆر، ڕەخنە، ئیراد گرتن، پشكنین و چاودێری لە لایەن دەوڵەتەوە
**ساهر:** بێدار، ئاگا، بە ئاگا

**ساهره:** ١- بێدار، بە ئاگا ٢- مانگ ٣- زەوی، سەر زەوی ٤- چاوە، سەرچاوە
**ساهور:** ١- بێداری، بە ئاگایی، ئاگایی ٢- مانگ، مانگەشەو
**ساهی:** هەڵەكەر، نائاگا، لەبیركەر، فەرامۆشكار، ئەو كەسەی دڵی لەشوێنێكیتر بێت
**ساو اهن:** وردە ئاسن، وردەی ئاسن كە لەكاتی هەسان كردن لێی دەبێتەوە
**ساو:** باج، ماڵیات، خەراج، ئەوەی لە كۆندا پاشا بە هێزەكان لە پاشا تێكشكاوەكانیان دەگرت
**ساو:** سان، بەردەسان، هەسان، تیكە ئاسن یا بقەردە كە كێرد و شمشێری پێ تیژ دەكەنەوە
**ساویت:** سۆڤیەت، یەكیەتی سۆڤیەت، شۆرای نوێنەرانی كرێكاران و جوتیاران لە یەكیەتی سۆڤیەت
**ساویدن:** بڕوانە سایدن
**ساویز:** ڕووخۆش، دەم بە بزە
**سایبان:** سایەوان، سەیوان، چەتر، هەر شتێك كەبۆ ڕێگرتن لە تیشكی هەتاو هەڵی دەدەن و هەر شتێك كەسێبەر بخات
**سایه افكندن:** نسێ كردن، سێبەر كردن، سێبەر خستن
**سایه ترس:** ترسەنۆك، بێ زات، ئەوەی لە سێبەری خۆیشی دەترسێت
**سایه پرست:** سێبەر پەرەست، ئەوەی حەزی لە سێبەرە
**سایه پسند:** سێبەر پەرەست، سایە پەرەست، سێبەر خۆشەویست
**سایه خفت:** لەسێبەردا خەوتوون نوستوو لەسێبەردا
**سایه خوش:** خۆش سێبەر، سایە خۆش، شوێنێكە كەسێبەرەكەی خۆش بێت
**سایه رست:** ڕوواو لەسێبەردا، گیایەك كەلەسێبەردا بڕوێت
**سایه روشن:** تاریك و ڕوون، بومەلێل، حاڵەتێك لە نێوان تاریكی و ڕووناكی
**سایه شكن:** سێبەر شكێن، تیشك بەخش، لەناوبەری سێبەر، نور

**سایه گاه:** سایەوان، سێبەر، نسێ، نسرم

**سایه گستردن:** سێبەر خستن، سێبەر کردن، سایه خستن

**سایه فکن:** بڕوانه سایه افکن

**سایه نشین:** سێبەر نشین، ئەوەی لە سێبەردا دانیشێت. و مەبەست لە کەسی بێکار و بێبار

**سایه:** سێبەر، نسێ، سا، سایه

**سایه‌بان:** بڕوانه سایبان

**سایه پرور:** سایه پەروەر، کەسێك یا شتێك کەلە سێبەردا پەروەردە کرابێت

**سایه پوش:** سەیوان، سایەوان، کەپر، چەتر

**سایه‌دار:** سایەدار، سێبەردار، هەر شتێك کەسێبەری هەبێت

**سایه‌رو:** شەو ئاگا، شەو زیندوو، ئەوەی بە شەودا دەگەڕێت

**سایه‌وار:** سێبەرئاسا، سایه ئاسا، وەك سێبەر

**سایه‌ور:** سایەدار، سێبەردار، ئەوەی سێبەری هەبێت

**سایگاه:** سێبەر، نسێ، نسرم

**سایوان:** بڕوانه سایبان

**ساییدن:** ساووین، سوون، کتان و ئەمکردن، ئەرمزاندن، لە یەك سوونی دو شت، هەسان کردن،

**سباب:** جنێو فرۆش، جوێندەر، دەم پیس، دژوێن دەر

**سبابه:** ١- جنێودەر، جوێن فرۆش ٢- پەنجەی شایەتومان

**سبات:** ١- وەنەوز، سووکە خەو، خەو ٢- رۆژگار، زەمانە ٣- زیرەك، زرنگ، وشیار، وریا

**سباح:** مەلەڤان، مەلەوان، سۆبایی کەر

**سباحت:** مەلە کردنن سۆبایی کردن، مەلە

**سباع:** دڕندەکان، ئاژەڵەدڕندەکان

**سباعي:** حەوتی، حەوت دانەیی، حەوت لایی

**سباق:** ١- پێش کەوتن، پێش کەفتن ٢- ئەسپ غاردان، هەر کێبڕکێیەکە کەلەنێوان دو یا چەند کەسدا بێت

**سباك:** زێڕگر، زێرنگەر، ئەوەی زێر و زیو دەتوێنێتەوە

**سبال:** سمێڵ، سمبێڵ، موی پشت لێوی پیاو

**سبب ساز:** بەدیهێنەر، دروست کەر، داهێنەر

**سبب:** هۆ، هۆکار، بایس، دەستاوێز، بیانو، پەڵپ. پەیوەند، خزمایەتی، نزیکی

**سبت:** ١- راحەت کردن، وچان دان، ئۆقرە گرتن ٢- حەوانەوە، ئارامی، ئارام گرتن ٣- شەممە، رۆژی شەممە

**سبه:** ١- ساردی یا مرمی کە بۆ ماوەی چەن رۆژێك بەردەوام بێت ٢- رۆژگار، ماوەیەك لە رۆژگار ٣- سمت، پشت ڕان

**سبه:** عار، عەیب، و کەسێك کە خەڵك زۆر جنێوی پێ بدەن

**سبحان:** پاك کردن، بە پاکی بیرکردنەوەی خوا

**سبحه:** دۆعا، زیکر، وێرد، پاڕانەوە

**سبد باف:** سەوەتە چن، زەمێڵە ساز، ئەو کەسەی سەوەتە و زەمێڵە دروست دەکات

**سبد:** سەوەتە، زەمێڵە، سەلك، زەمبێل

**سبز آخور:** ئاخوڕ، ئاڵفدان، ئەو شوێنەی ئاڵفی زۆری لێ بێت بۆ چوارپێکان. و مەبەست لە ئاسمان

**سبز ایوان:** ئاسمان، عسمان

**سبز تشت:** ئاسمان، عاسمان

**سبز پری:** بەهار، وەرزی بەهار

**سبز پوش:** سەوز پۆش، کەس پۆش، ئەوەی جل و بەرگی سەوزی لەبەر کردبێت

**سبز دانه:** دانەوێلەی سەوز، گەنم یا هەر شتێکیتر کە هێشتا سەوز بێت و پێنەگەشتبێت

**سبز رنگ:** کەسك رەنگ، سەوز رەنگ، بە رەنگی سەوز

**سبز زاغ:** ئاسمان، دونیا

**سبز شدن:** سەوز بون، شین بون، رەنگی سەوز بە خۆ گرتن، رووانی گیاسەردەرهێنانی گیا و شین بونی

**سبز چهر:** ئەسمەر، گەنم رەنگ

**سبز گنبد:** ئاسمان، عاسمان

**سبز قدم:** پێ رەشە، ئاپیرۆز، شووم

**سبز کردن:** سەوز کردن، رەنگی سەوز لە شتێك سوون

**سبز کوشك:** ئاسمان، عاسمان

**سبز:** سەز، سەبز، کەسك، هەر شتێك کە بەڕەنگی گیا و گەڵای داربێت، جۆرە ڕەنگێکە لە تێکەڵ کردنی ڕەنگی شین و زەرد دروست دەبێت

**سبزارنگ:** سەوز رەنگ، کەس رەنگ، بە رەنگی سەوز

**سبزه:** سەوزە، ئەسمەر، گەنم رەنگ

**سبزه:** سەوزە، گیایی تازە رواوو، شیمەن

**سبزەزا:** سەوزەزار، سەوزەلان، چیمەن، مێرگ، زەوی تەڕ و سەرسەوز

**سبزەناك:** بڕوانە سبزەزار

**سبزپا:** شووم، ناپیرۆز، پێ رەش

**سبزجا:** سەوزە زار، سەوزەلان، چیمەن

**سبزخوان:** ئاسمان، عاسمان

**سبزده:** ئاسمان، عاسمان

**سبزگار:** ١- سەوزکەر، بەرەنگی سەوز دەرهێنەر ٢- سەوز رەنگ، کەسك رەنگ

**سبزگون:** سەز رەنگ، سەبز رەنگ، کەسك رەنگ، بە رەنگی سەوز

**سبزفام:** سەوز رەنگ، کەسك رەنگ، بە رەنگی سەوز

**سبزفرش:** ئاسمان، عاسمان

**سبزك:** سەوز، گیای سەوز

**سبزکالك:** سەوز، میوەی نەگەیشتوو، کاڵکی نەگەییو

**سبزی پاك كن:** سەوزە پاك کەر، سەوزی چاککەر، و مەبەست لە کەسی کاسەلێس و ریاکار

**سبزی پلو:** سەوزی خۆرشت، سەوزی پلاو، ئەو پلاوەی سەوزی تێدەکەن

**سبزی فروش:** سەوزی فرۆش، سەوزە فرۆش

**سبزی:** سەزی، سەوزە، ئەو گیایانەی بێ کوڵان دەخورێن وەك کەوەر، تەرە پیاز، جەعفەری، مەعدەنوس، تەرتیزە...

**سبزینه:** سەوزرەنگ، کەس رەنگ، بە رەنگی سەوز

**سبط:** کورەزا، کچە زا، منالی منال، نەوە

**سبع:** حەوت یەك، یەك حەوتی شتێك

**سبع:** حەوت، حەفت

**سبع:** درندە، ئاژەڵی وەحشی

**سبعون:** حەفتا، حەفتاد

**سبعین:** حەفتا، حەفتاد

**سبغانه:** بێعانە،بەیعانە، پێشەکی، ئەو برە پارەی پێش کار کردن بە کرێکاری دەدەن

**سبغه:** راحەتی، ئارامی، خۆش رابوێری

**سبق:** پێش کەوتن، گرێو کردن، مەرج بەستن، ئەوەی لەسەری گرێو ببەستن

**سبق:** پێشکەوتن، پێشی گرتن، پێشفەچون

**سبقت:** گرێو، مەرج بەستن، پێش کەوتن، پێشی گرتن

**سبك پوی:** تێژپێ، چالاك

**سبك خرد:** بێ ئاوز، کەم عەقڵ، نەزان، ور، گێژ

**سبك خیز:** رۆح سووك، لەش سووك، چالاك

**سبك داشت:** سووك ئەژمار کردن، بە سووك زانین

**سبك دست:** دەست ووك، چالاك، ئەوەی کارێك بە خێرایی ئەنجام دەبات، رۆح سووك

**سبك دل:** شاد، شادمان، خۆشحاڵ، دەم بە بزە

**سبك رای:** کەم عەقڵ، بێ ئاوز، بێ مێشك

**سبك رکاب:** تیژپێ، توندرەو

**سبك رو:** بێ شەرم، بێ حەیا، بێ ئابڕوو

**سبك رو:** چالاك، تیژپێ، پێ سووك

**سبك روح:** رۆح سووك، چالاك، ئەوەی کارەکان بە خێرایی ئەنجام دەدات، لەش سووك، شادمان، خۆشحاڵ

**سبك سایه:** تێپەڕ، خۆڕانەگر، کەم دەوام، ناسەقامگیر

**سبك سنگ:** کەم کێش. نەقورس، بێ کێش، سووك

**سبك سنگین کردن:** هەڵسەنگاندن، شتێك لە دەستدا تەکان دان و سووك و قورسیەکەی هەڵسەنگاندن

**سبك سیر:** توندڕەو، تیژپێ، بلەز

**سبك عقل:** بێ ئاوز، بێ مێشك، کەم عەقڵ، نەزان

**سبك عنان:** چالاك، تیژڕەو، توندڕەو، بلەز

**سبك مایه:** کەم بایی، بێ نرخ، کەم بەها

**سبك مغز:** بێ مێشك، نەزان، گێژ، کەم عەقڵ

**سبك یاب:** بیرتێژ، زیرەك، ئەوەی لە زووترین کات لەبابەتەکان تێدەگات

**سبك:** سووك، بێ کێش، نە قورس، کەم کێش

**سبك:** شێوە، ڕێچکە، جۆر، شێواز
**سبکبار:** بارسووك، ئەوەی باری سووکی لەسەر شان بێت، ئاسوودە، بێ خەیاڵ
**سبکبال:** باڵ سووك، باڵندەی بچوك، ئەو باڵندەی بتوانێت بەخێرایی هەڵبفڕێت
**سبکپا:** چالاك، تیژپێ، بلەز، پێ سووك
**سبکسار:** کەم عەقڵ، بێ ئاوز، بێ مێشك، نەزان، سووك، پەست، ڕیسوا
**سبکسر:** بڕوانە سبکسار
**سبکی:** سووك بوون، بێ کێشی، کەم کێشی، قورس نەبون، سووکی
**سبل:** ڕێگا، ڕێگاکان
**سبلت:** سمێڵ، سمبێڵ، موی پشت لێوی پیاو
**سبو:** گۆزە، دەفری سواڵەت، دەفرری گڵێن، گۆزەی دەسکدا کە ئاو یا شەرابی تێبکەن
**سبوره:** حیز، گاندەر، قووندەر، کوونی
**سبوکش:** گۆزەکێش، شەرابخۆر، ئەوەی گۆزەیەك شەراب بخواتەوە
**سبی:** دیل کردن، یەخسیر کردن، ئەسیر کردن، دوور خستنەوە
**سبیل:** سمێڵ، سمبێڵ، موی پشت لێوی پیاو
**سبیل:** شێواز، ڕێگە، ڕێ، ڕێچکە، ڕێگەی دایر و ڕون
**سبیلو:** سمێڵ پان، سمێڵدار، ئەوەی سمێڵی پان گەورەی هەیە
**سه بعد:** سێ لا، پانی و درێژی و قووڵی
**سه تار:** سێ تار، ئامرازێکی مۆسیقی هاوشێوەی تار
**سه پایه:** سێ پارە، سێ شاخە، سێ لق، ئەوەی وەك سێ پا لەسەر زەوی دایبنێن و شتێکی لەسەر دابنێن
**سه دوری:** سێ دوورین سێ لا، درێژی و پانی و قووڵی
**سه شنبه:** سێ شەممە، ڕۆژی چوارەمی حەفتە
**سه چرخه:** سێ چەرخە، هەریەك لەهۆکارەکانی گواستنەوە کەسێ چەرخی هەبێت
**سه طلاق:** سێ تەڵاقە، جۆرێکە لەتەڵاق کە پیاو بۆ سێجار ژنەکەی خۆی تەڵاق دەدات و ئەگەر دووبارە بیەوێت بیهێنێتەوە دەبێتە ئەو ژنە سەرەتا شوو بە پیاوێکیتر بکات و دواتر ئەو تەڵاقی بدات تا ئەم بتوانێت مارەی بکاتەوە
**سه یك:** سێ یەك، یەك لەسەر سێی شتێك
**سه:** سێ، ژومارە سێ
**ست:** شەش، بۆ مێینە بە کار دەبرێت
**ستا:** ئافیستا، ئاویستا
**ستا:** سێ لا، سێ دانە، سیان. و جۆرێك خێوەت
**ستا:** وەسف کردن، پیا هەڵگوتن، پیا هەڵنان
**ستائر:** پەردە، پۆشش
**ستاخ:** لق، پەل، لقی دار
**ستاد:** وەستان، لەجووڵەکەوتن
**ستادن:** وەرگرتن، سەندن، لێ سەندن، ستاندن
**ستادن:** وەستان، لە جووڵە کەوتن، ڕاوەستان، بەسەرپێ وە بون، هەستان
**ستار:** بڕوانە ستارە
**ستار:** پەردە، پۆشش، ئەوەی شتی پێ دادەپۆشن
**ستار:** داپۆشەر، پۆششی عەیب و ئیراد. و یەکێك لەناوەکانی خوا
**ستار:** سێ تار، جۆرێك سازەی مۆسیقیە
**ستاره پیشانی:** ناوچاو سپی، ناوچاو ڕوون، درەوشاوە، درەخشان
**ستاره سوخته:** بەخت ڕەش، بەدبەختن خاکەسار، چارەڕەش
**ستاره چشم:** چاو ئەستێرە، ئەوەی چاوی ڕوون و درەوشاوەیە وەك ئەستێرە
**ستاره:** ئەستێرە، هەسێرە، ستێرە، هەر یەك لەخاڵە درەوشاوەکان کە لەشەودا دەبینرێن
**ستاره:** پەردە، پۆشش، ئەوەی شتێکی پێ دادەپۆشن
**ستارەبار:** چاو بە فرمێسك، گریاناوی، فرمێسك باران
**ستارەپرست:** ئەستێرە پەرەست، ئەوەی ئەستێرە دەپەرستێت
**ستارەدان:** ئەستێرەناس، ئەوەی شارەزایی لە زانستی ئەستێرەناسیدا هەیە

**ستارەشمر:** ئەستێرەناس، شارەزا لەزانستی ئەستێرەناسی

**ستازن:** سێ تارژەن، ئەو کەسەی سێ تار دەژەنێت

**ستاگوی:** وەسفکەر، پیاهەڵنەر، ئەو کەسەی بەکەسێك یا شتێکدا هەڵدەدات

**ستاغ:** جاشوو، بێچوە ئەسپ کە هێشتا زینیان لەسەر پشت دانەنابێت

**ستام:** هەوسار، ئەوسار، جڵەو

**ستان:** بە پشتدا خەوتوو، ئەوەی بە پشتا خەوتبێت

**ستان:** بەردەگا، بەردەرگە، ئاستانە

**ستان:** ستان، پشاگری وشە کە لە کۆتای هەندێ وشەدا دێت وەك کوردستان، دارستان....

**ستانە:** بەردەرگا، بەردەگا، بەرهەیوان، دەرازینك

**ستاندن:** ستاندن، وەگرتن، ئەستاندن، سەندن، لێ سەندن

**ستاوە:** مەکر، کەڵەك، تەڵەکە، فریو، فێڵ

**ستاوند:** هەیوان، ئەیوان

**ستاویز:** بڕوانە ستاوند

**ستایش کردن:** وەسف کردن، پیا هەڵگوتن، پیاهەڵنان، پیا هەڵدان

**ستایش:** پیاهەڵگوتن، پیا هەڵنان، وەسف کردن، بە چاکی یاد کردن، پەسندان

**ستایشگا:** شوێنی وەسف کردن

**ستایشگر:** وەسفکەر، ئەوەی بەکەسێك یا شتێك هەڵدەدات

**ستاییدن:** وەسف کردن،پیا هەڵنان، پیا هەڵگوتن، پەسەندان

**ستبر:** ئەستوور، گەورە، زل، کلۆفت، کولۆفت، ستویر، قەڵەو

**ستبرا:** ئەستووری، کولۆفتی، زلی، گەورەیی

**ستە:** ترێ، بەمانای میوە یا خواردنێك کە شەوی بەسەر هاتبێت

**ستە:** پێداگری، لەج کردن، سوور بون، پێداگرتن لەسەر بابەتێك

**ستە:** شەش، بۆ نێرینە بەکار دەبرێت

**ستخر:** ئیستەخر، گۆل، حەز، ئەستێر

**ستخوان:** ئێسك، ئێسقان

**ستخیز:** پەسلان، رۆژی هەستانەوە، رۆژی کۆتایی

**ستدن:** وەرگرتن، سەندن، لێ سەندن، وەرگرتنی شتێك لە کەسێك

**ستر:** پۆشین، داپۆشین، نهێن کردن، داشاردن، فەشارتن، شاردنەوەی شتێك

**ستر:** پەردە، پۆشش

**سترە:** تیخ، تیغ، گوێزانی سەرتاشین، مووس، ئەو تیغەی موی سەر و رووخساری پێ دەتاشن

**سترە:** پۆشش، ئەوەی خۆی پێ دادەپۆشن

**ستردن:** تاشین، پاك کردنەوە، پاقژ کردن، سەلخاندن

**سترگ:** گەورە، زل، ئەستوور، مەزن، چوارشانە، زەبەلاح، بەهێز، زۆرمەند، توورە، شەڕخواز، شەڕانی

**سترون کردن:** نەزۆك کردن، نازا کردن

**سترون:** نەزۆك، نازا، ئەوەی منالی نابێت

**سەگان:** سیانە، سیان، سێ دانە، سێ لا، سێ جۆر

**سەگوش:** سێگۆشە، سێ سوچ، ئەوەی سێ گۆشەی هەبێت

**سەکنج:** سێ سوچ، سێ گۆشە

**ستل:** کوتەك، ئازار، لێدان، ئەشکەنجە

**ستل:** هەڵۆ، داڵ، لاشخۆر

**سەلایی:** سێلا، ئەوەی سێ لای هەبێت

**ستم آباد:** دنیا، ئەو شوێنەی زوڵم و ستەمی زۆری لێ بێت

**ستم امیز:** ستەماوی، تێکەڵ بە ستەم، زاڵم، ستەمکار

**ستم اندیش:** شەڕخواز، خراپەخواز، بەدفەڕ، ستەمکار، ئەوەی خەڵك ئازار دەدات

**ستم پرور:** ستەم پەروەر، ئەوەی پشتیوانی لە ستەمکار دەکات، زاڵم

**ستم دیدە:** زوڵم لێکراو، مافخوراو، ستەم لێکراو، ئەوەی ستەمی لێ کرابێت

**ستم گستر:** بڕوانە ستم کار

**ستم کردن:** ستەم کردن، زوڵم کردن، ناحەقی کردن، ماف خواردن

**ستم کشیدن:** ستەم بینین، زوڵم لێکران، ماف خوران، ئەوەی ستەمی لێ دەکرێت

**ستم کیش:** بڕوانە ستم کار

**ستم:** زوڵم، ستەم، جەف، ئازار

**ستمگر:** بڕوانە ستم کار

**ستمکار:** ستەمکار، زاڵم، خراپە خواز، ئەوەی ستەم لە کەسانیتر دەکات

**ستمکاره:** بڕوانە ستمکار

**ستنبه:** زل، بە هێز، بخوەفە، زەبەلاح، مەزن، ئەستوور، چوارشانە، بەهێز، ناحەز، دزێو، قێزەون، ناشیرین، دێو

**ستنج:** پاشەکەوت، پاشەکەفت، پەسەنداز، ئەوەی بۆ ڕۆژی تەنگانە هەڵی دەگرن

**ستهاء** سمت پان، ران ئەستوور، ئەو ژنەی ڕان و سمتی پانی هەبێت

**ستهم:** توند، سەخت، دژوار، ڕەق

**ستوان:** بەهێز، خۆڕاگر، قایم، لەسەرپێ، پایەدار، دەرەجەیەکی نیزامی لەناو سوپادا

**ستوه:** بێزار، ماندوو، هیلاك، تیاماو، گیرۆدە، گرفتار، مەلوول، خەمۆك، خەمبار

**ستودان:** گۆڕ، گۆڕستان، قەبرستان، کون، تاریکی، مەقبەرەی زەردەشتیەکان

**ستودن:** پیا هەڵدان، وەسف کردن، پیا هەڵگوتن، مەدح کردن، پەسندان، بە باشی و چاکی ناوی کەسێك بردن

**ستور:** پەردەکان، پۆششەکان

**ستور:** چوارپێ، چارپێ، چارەوێ، ئاژەڵی چوارپێ کە هەم سواری بدات و هەم بار ببات

**ستوربان:** چارەوێ دار، چوارپێ دار، ئەیوەی ئاگاداری لە چوارپێ کان دەکات، ئاخوڕدار

**ستوردان:** ئاخوڕ، ششول، تەویلە، گەوڕ

**ستوروان:** بڕوانە ستوربان

**ستوسر:** پژمە، پژمین

**ستون فقرات:** بڕبڕەی پشت، ستونی فەقەرات، بڕبڕیەك پێکهاتوو لە سی و سێ ئێسقان کەبەشێوەی ستوونی لەپشتی مرۆڤ لە ژێر ملەوە تا لای کەمەر جێگیرن

**ستون:** ستوون، نێرگە، شاتیر، کۆڵەکە، دارێکی درێژ و ئەستوور کە لە ژێر سەقف رایەڵی دەکەن، پایەیی بەدرین یا خشت یا چیمەنتۆ کە لەناو بیناسازیدا بە کاری دەبەن بۆ پایم کردنی بیناکە

**ستونه:** ستوون، ستون ئاسا، وەك ستوون

**ستوهانیدن:** بێزار کردن، خەمبار کردن، تەنگ پێ هەڵچنین، دڵتەنگ کردن

**ستوهیدن:** بێزاربون، تەنگ پێ هەڵچنران، وەڕەز بون، تیامان، گیرۆدە بون

**ستی:** پۆلا، ئاسن، سەری ڕم، پیلا

**ستی:** خاتوو، خاتوون، ژنی هیندو کەخۆی لەگەڵ مەیتی مێردەکەی دەخاتە ناو ئاگرەوە

**ستیخ:** بڕوانە ستیغ

**ستیر:** داپۆشراو، قاییم، خۆپارێز، داوێن پاك

**ستیره:** داوێن پاك، ژنی خۆپارێز و داپۆشراو

**ستیز:** شەڕ، هەرا، فیتنە، ئاژاوە، سەرکێشی، ناسازگاری، نەیاری

**ستیزه:** بڕوانە ستیز

**ستیزه‌خو:** شەڕفرۆش، شەڕانی، سەرکێش، یاخی، ناسازگار

**ستیزه‌کار:** بڕوانە ستیزکار

**ستیزگر:** سەرکێش، یاخی، پێداگر، شەڕئەنگێز

**ستیزکار:** شەڕکگەر، شەڕخواز، شەڕانی، ناسازگار، نەیار، سەرکێش

**ستیزیدن:** شەڕ کردن، نەیاری کردنم، سەرکێشی کردن، یاخی بون

**ستیغ:** ڕاست بڵەند، لەسەرپێ، ڕاست و وەستاو وەك ستوون

**ستیم:** چڵك، قرێژ، عەداف، پیسی، ناپاکی، چڵك و خوێناو کە لە برین دروست دەبێت

**ستین:** شەست، ژومارە شەست

**ستیهش:** بڕوانە ستیهیدن

**ستیهیدن:** شەڕ کردن، سەرکێشی، یاخیگەری، پێداگرتن، نافەرمانی، گەردنکێشی

**سپا:** سوپا، سپا، لەشکر، قۆشەن، ئەمڕۆکە بەبەشێك لە ئەرتەش دەڵێن

**سپاردن:** بڕوانە سپردن

**سپارش:** بڕوانە سفارش

**سپاروك:** کۆتر

**سپاری:** ساق، لاسك، لاسکی گەنم و جۆ

**سپاس پذیرفتن:** سوپاس کردن، شوکر کردن، شوکرانەبژێری

**سپاس گزاردن:** سوپاس کردن، دەسخۆشی کردن، شوکرانەبژێری، مەمنون بون

**سپاس:** سوپاس، سپاس، دەسخۆشی کردن، سوپاس کردن

**سپاسە:** سوپاس، شوکر، دەسخۆشی

**سپاسیگی:** گەڕانە، فەگڕیان، گەڕانەوە بۆ دواوە

**سپاناخ:** سپیناخ، ئەسپیناخ

**سپاهان:** ئیسفەهان، ئیصفەهان، شاری ئیسفەهان کە یەکێکە لە شارەکانی ئێران

**سپاهبد:** سوپاسالار، سەرکردە، سالار، سەردار، فەرماندەی سوپا

**سپاهدار:** سوپاسالار، فەرماندەی سوپا، سوپادار

**سپاهسالار:** سوپاسالار، فەرماندەی سوپا، سەردار

**سپاهی:** سوپایی، سەرباز، تایبەت بە سوپا، سەربازێك لە سوپا

**سپه پهلوان:** بڕوانە سپهبد

**سپه شکن:** سوپا شکێن، ئەوەی لە کاتی هێرش کردن سوپا تێك بشکێنێت

**سپه:** بڕوانە سپاه

**سپتامبر:** سپتامبەر، نۆیەم مانگ لەساڵنامەی زاییني

**سپر انداختن:** تێکشکان، کەوتن، شکەست خواردن، دەست لەشەڕ هەڵگرتن

**سپر:** سپەر، قەڵخان، قەڵغان، ئامرازێکە لە کۆندا لەشەڕدا بەکاریان دەبرد و لەکاتی شەڕ و پێکدادان لەبەردەم سینە یا سەری خۆیانیان دەگرت بۆخۆپاراستن لەشمشێر و گورز و هەرچی

**سپردن:** بڕین، ڕۆشتن بەرێگایەکدا، پێوان، بڕینی ڕێگا، پێ شێل کردن

**سپردن:** سپاردن، ئەسپاردن، پێدان، لادانان، شتێك بەکەسێك دان بۆ ڕاگرتن و پاراستنی، دانە دەست

**سپرساز:** سپەرساز، قەڵغان چی، ئەوەی قەڵغان دروست دەکات، ڕێ قەبڕین

**سپرغم:** گوڵ و گیا، ڕێحانە، گوڵ و گیای بۆندار

**سپرلوس:** کاخ، کۆشك، تەلار، باڵەخانە، کۆشکی پاشایەتی، سەرا

**سپری شدن:** بەسەر چون، تەواو بون، کۆتایی هاتن، دوماهی هاتن

**سپری کردن:** بەسەر بردن، بەکۆتا گەیاندن، تەواو کردن، بە ئەنجام گەیاندن

**سپری:** تێپەڕیوو، کۆتایی پێهاتوو، بە ئاکام گەستو، بە ئەنجام گەستوو، تەواو بو

**سپریدن:** بەئەنجام گەیاندن، کۆتایی پێ هێنان، بە کۆتا گەیاندن، تەواو کردن، بن پێ کردن

**سپریغ:** بۆڵ، بۆڵە ترێ

**سپزك:** دوزمان، شۆفار، شۆفار، فیتنەگێڕ، ئاژاوەچی

**سپس رو:** شوێنکەوتوو،لایەنگیر، ئەوەی بە دوای یەکترەوە دەڕوات

**سپس:** لەمەدوا، پاشی، لەدویڤرا، لەدوای ئەمە

**سپست:** بۆگەن، بۆندار، بۆن گرتوو

**سپل:** سم، سمی وشتر، سمی فیل یا نینۆکی فیل

**سپلشت:** کارەسات، ڕووداوی ناخۆش، پێشهاتی دڵتەزێن و خراپ

**سپنج:** کەپر، کوخ، ئەو ماڵەی دەشتەوانان بۆ حەسانەوە لە دەشت لە گز و گیا و دار دروستی دەکەن

**سپندآسا:** چالاك، تیژ، چوست، بلەز، خێرا، گورج، گورج و گۆڵ

**سپهبد:** سالار، سوپاسالار، فەرماندەی سوپا

**سپهدار:** سەردار، سالار، سوپاردار

**سپهر:** ئاسمان، عاسمان، فەلەك، گەردون

**سپهرشناس:** ئەستێرناس، ئەوەی شارەزایی لە زانستی ئەستێرەناسیدا هەیە

**سپهسالار:** سوپاسالار، سەردار، فەرماندەی سوپا

**سپوختن:** ١- تیّ کردن، تێژەنین، تێخنین، تیّ ئاخنین، شتێك بە زۆر و زەخت کردنە ناو شتێکیتر ٢- دوورکردن، ڕاونان

**سپور:** کەناس، فەراش، کرێکاری شارەوانی کە شەقام و کۆڵانەکان پاك دەکاتەوە

**سپوزکار:** سست، ئەوەی کارەکان پشت گوێ دەخات، دەست وپێ سپی

**سپوزیدن:** بڕوانە سپوختن

**سپی:** سپی

**سپیتمە:** سپی، سپی ئاسا، بە ڕەنگی سپی، لە نەژادی سپی. ناوی بچوکی زەردەشت

**سپید جامە:** سپی پۆش، ئەوەی جل و بەرگی سپی لەبەر دەکات

**سپید رخ:** بڕوانە سپیدڕوو

**سپید چشم:** چاو سپی، بێ شەرم، ڕوودار، پێداگر

**سپید کاسە:** جوامێر، بەخشەر، دڵ فراوان

**سپید:** سپی، سفی

**سپیدە:** سپێدە، ڕووناکی، بەرەبەیان، سپیەتی و ڕووناکی بەرەبەیان

**سپیدە:** سپێنە، سپیایی، سپێنە کەلەناو هێلکە و لەدەورووبەری زەردێنەدایە

**سپیدەدم:** بەرەبەیان، بومەلێڵ، تاریك و ڕوون، بەیانی زوو، ئەلەند، کازێوە

**سپیدەدمان:** لەبەرەبەیاندا، لە کازێوەدا

**سپید پا:** پێ سپی، پیرۆز، مووبارەك، دژی پێ ڕەش

**سپیدجردە:** سپی پێست، ئەوەی ڕەنگی ڕوخساری سپیە

**سپیددست:** دەست سپی، جوامێر، بەخشەر

**سپیدرو:** سپی پێست، ڕووگەش، ئەوەی ڕوخساری سپی و نورانیە

**سپیدسار:** سەرسپی، سپی مو، ئەوەی مووی سەری سپی بێت، ئەوەی لەپیریدا مووی سەری سپی بێت

**سپیدفام:** سپی ڕەنگ، بەڕەنگی سپی

**سپیدمو:** موو سپی، سەرسپی، ئەوەی مووی سەری سپی بێت

**سپیدنامە:** پارێزکار، لەخواترس، مەبەست لە کەسی چاکەکار و لەخوا ترسە

**سپیرك:** سیسرك، سوور ڕەنگ و پەڕدار کە لە حەمام و شوێنە تەڕەکاندا دەست دەکەوێت

**سج:** ڕوو، ڕوخسار، ڕوی، قیافە

**سجاحت:** ١- نەرم بون، نەرمی نواندن، شل بون، درێژ و لاواز و نەرم بون ٢- ئاسانی، سانایی، هاسانی، نەرمی

**سجاد:** سوجدە بەر، کوڕنوش بەر، ئەوەی زۆر کوڕنوش ببات

**سجادە:** بەرماڵ، گوگرد، پارچە یا فەرشێك کە نوێژی لەسەر بخوێنن

**سجال:** شانازی کردن، فەخر فرۆشتن، شانازی کردن بەسەر یەك

**سجام:** سەرما، وشکە سەرما، سەرمای توند و سەخت

**سجان:** زیندانوان، پاسەوانی زیندان

**سجدە:** سوجدە، کوڕنۆش بردن، ناوچاو لەزەوی دان بۆ دەربڕینی لەخۆ بوردویی

**سجدەگاە:** مزگەوت، مزگەفت، شوێنی سوجدە بردن، شوێنی پەرستین و پاڕانەوە

**سجل:** ١- دەلوو، سەتڵی گەورە، سەتڵێك کەئاوی تیا بێت ٢- مەمك، مەمە ٣- بەخشین، پێدان، بەخشەر، دڵ فراوان، جوامێر ٤- بەش، پشك، بەهرە، پار

**سجن:** زیندن، بەندیخانە، یەخسیرگا، شوێنی زیندانیەکان

**سجود:** سوجدە کردن، ناوچاو لە زەوی دان بۆ کوڕنۆش بردن

**سجیە:** عادەت، خوو، خولق، خو و خەدە، سرشت، سروشت

**سجیل:** بەش، پشك، بەهرە، پشك، پار

**سجین:** دایم، هەمیشەیی، خۆڕاگر، سەقامگیر، توند، رەق و توند لەهەر شتێك

**سجین:** یزنادنی، بەندی، دیل، یەخسیر، بەند کراو

**سحائب:** هەور، هەورەکان

**سحاب:** هەور، ئەور، عەور، مژی زۆر بەرزەوە بوگ کە بارانی لێ دەرژێتە خوار

**سحابە:** هەور، پەڵە هەور، پەڵەیەك هەور

**سحار:** سیحر کەر، جادوباز، جادوگەر

**سحر:** بەرەبەیان، سپێدە، تاریك و روون، بەیانی زوو

**سحر:** سیحر، جادو گردن، ئەفسون کردن، ئەفسون، فریودانی کەسێك بەکارێکی سەرسوورهێنەر

**سحرامیز:** سیحراوی، تێکەڵ بە سیحر و جادوو

**سحرە:** ساحیران، جادوگەران

**سحرخیز:** خەو سووك، ئەوەی بەیانیان زو لە خەو هەستێت

**سحرگاه:** بەیانی زوو، بەرەبەیان، سپێدە

**سحق:** کوتان، قوتان، نەمرژاندن، نەرم کردن، سایین، سون، وردورد کردن، هەنجن هەنجن کردن

**سحور:** پارشێو، ئەو خواردنی بەیانی زو دەیخۆن بۆ رۆژو گرتن

**سحیق:** سووا، کوتراو، نەرم کراو. بەمانای دووریش دێت

**سخ:** باج، چاك، پەسەند، بەدڵ، پیرۆز، خۆش

**سخ:** چڵك، پیسی، قرێژ، عەداف، چڵکی برین یا جل و بەرگ

**سخاء** دڵ فراوانی، دڵ گەورەیی، بەخشەر بون[٢]- بەخشین، پێدان، جوامێری

**سخافت:** کەم عەقڵی، بێ ئاوزی، بێ مێشکی، گێژی، وڕی

**سخاوت:** دڵ فراوانی، بەخشین، کەرەم، جوامێری

**سخت بازو:** بەهێز، زۆردار، ئەوەی بازووی بەهێز و پۆڵایینی هەیە، بەتوانا

**سخت پا:** خۆڕاگر، بەهێز، پایەدار، بەردەوام

**سخت پیشانی:** دلێر، بوێر، ئازا، چاونەترس، سەرسەخت

**سخت جان:** گیان سەخت، ئەوەی بە سەختی گیان بدات

**سخت دل:** دڵ رەق، بێ بەزەیی، بێ رەحم

**سخت رو:** بێ شەرم، روودار، روو ترش، گرژ، مۆن

**سخت سر:** سەرسەخت، گیان سەخت، پێداگر، سوور لەسەر شتێك

**سخت گرفتن:** قورس گرتن، توندگرتن، دژوار کردن، تەنگ پێ هەڵچنین، زەخت کردنی لە کەسێك

**سخت کمان:** تیرهاوێژی شارەزا، ئەوەی بە سەختی کەمان بکێشێت

**سخت کوش:** تێکۆشەر، کۆشا، هەوڵدەر، خەباتکەر، ئەوەی هەوڵی زۆر دەدات

**سخت:** [١]- دژوار، سەخت، گران، دژی سانا و هاسان [٢]- سفت، رەق، سەخت،، دژی نەرم و سست [٣]- بەهێز، خۆڕاگر، پایەدار [٤]- چاوچنۆك، بەخیل، رژد

**سختانە:** قسەی رەق، قسەی رەق کە بەرامبەر بەکەسێك دەیکەن

**سختن:** هەڵسەنگاندن، سەنگاندن، کێش کردن، پیڤان

**سختی کشیدن:** رەنج کێشان، سەختی کێشان، ئازار بینین، زەحمەت کێشان، بەهەژاری و نەداری رازی بون

**سخرە:** ژێردەست، زەلیل، ئەو کەسەی خەڵك گاڵتەی پێدەکەن، داماو، بەکرێ گیراو

**سخریە:** گاڵتە، رابواردن، پێ رابواردن، گاڵتە پێ کردن

**سخط:** رق، هەڵگرتن، تووڕە بون لە کەسێك، رق لێ بون

**سخط:** نارەزامەندی، تووڕەیی، رق، غەزەب، کین، قین

**سخن آرا:** قسە زان، وتە پاراو، ئەوەی بە باشی بتوانێت بنوسێت و قسە بکات

**سخن پرداز:** قسەزان، وتەزان، ئەوەی بە پاراوی و رەوانی بتوانێت قسە بکات

**سخن پرور:** بڕوانە سخن پرداز

**سخن راندن:** قسە کردن، وتارخوێندنەوە، ئاخافتن، پەیڤین، دوان

**سخن سنج:** وتەناس، ئەوەی بتوانێت قسەی باش و خراپ لەیەك جیا بکاتەوە، ئەدیب، شاعیر

**سخن شناس:** قسه زان، وته زان، ئەوەی بتوانێت پاك و خراپی قسه هەڵسەنگێنێت

**سخن شنو:** گوێ رایەڵ، قسه بیس، ئەوەی قسەی یەکیتر ببیستێت و جێبەجێی بکات

**سخن چین:** دووزمان، شوٚفار، شوٚفار، ئەوەی قسه دەهێنێت و قسه دەبات

**سخن گزار:** وتەبێژ، قسه بێژ، وتاردەر، پەیڤدەر

**سخن گستر:** قسه شیکرەوە، لێکدەرەوە، ئەوەی بابەتێك یا قسەیەك شی بکاتەوە

**سخن گفتن:** پەیڤین، دوان، ئاخفتن، ئاخاوتن، ئاخافتن، گفتوگۆ کردن، قسه کردن

**سخن کوتاه:** له کورتیدا، به کورتی

**سخن ناشنو:** گوێ نەبیست، ئەوەی گوێ له قسەی کەسانیتر نەگرێت

**سخن نیوش:** بڕوانه سخن شنو

**سخن:** وته، قسه، پەیڤ، وتار، گێڕانەوە، گوتار، ئاخفتن

**سخندان :** قسه زان، وتەزان، دانا و ئاگا له قسه کردن

**سخنور:** قسه زان، وته زان، شاعیر، ئەدیب، بێژەر، وته بێژ

**سخوان:** ئێسك، ئێسقان

**سخون:** بڕوانه سخن

**سخونت:** گەرم بون، گەرمی، تین

**سخی:** کەریم، بەخشەر، دڵ فراوان، دڵ گەورە، جوامێر

**سخیه :** بەخشەر، ژنی دڵ فراوان، دڵ گەورە

**سخیف:** سست، سووك، لاواز، کەم عەقڵ، بێ ئاوز

**سخین:** گەرم، گەرما، تین

**سد :** بەستن، بەند کردن، بەستنی درگا، گرتنی درز

**سد:** سەد، صەد، ژمارەی ١٠٠

**سد:** لەمپەر، لەمپەر لەنێوان دوشت، و دیوارێکی ئەستوور لەبەرد و چیمەنتۆ یا خشت و ئاهەك یا دار و ئاسن کە بەری ئاوی پێ دەگرن

**سداد:** ١- ڕاست و ڕێکی، ڕاست و ڕێك بون، لەڕێگەی ڕاستدا بون ٢- ڕاستی، خۆڕاگری، پایەداری،، ڕاستی له کردار و وتار

**سداسی:** شەشی، شەش دانەیی،ئەوەی له شه بەش پێکهاتبێت، وشەی شەش پیتی

**سدانت:** پەردەداری، خزمەت کردنن پەردەداری و خزمەت کردن له ماڵی خوا

**سده:** دەرگا، پێشگا، بەرهەیوان، بەردەرگا

**سده:** سەدە، دەورەیەکی سەد ساڵە، سەد ساڵ، چەرخ

**سدپا:** هەزارپێ، هەزارپا

**سدد:** ڕاست بوون، دروست بوون، ڕاستی، دروستی، ڕاستی له وتار و کردار، خۆڕاگری

**سدس:** شەش یەك، شەش لەسەر یەك

**سدکیس:** ڕەنگین کەمان، کۆلکه زێڕینه، پەلکه زێڕینه

**سدل:** پەردە، پۆشش

**سدل:** گەردن بەند، ملوانکە، ئەو زێڕ و جەواهیرەی ژنان له ملی خۆیانی دەبەستن

**سدن:** پەردە، پۆشش

**سدوم:** سدوم، وشتری تیژ و شەهوەتاوی. هەروەها سدون ناوی شارەکەی نەتەوەی لووت کە نزیکەی ٣٠٠٠ ساڵ پ. ز بینا کرابو

**سدید:** قایم، بەهێز، خۆڕاگر، ڕاست، دروست

**سدیس:** شەش یەك، شەش لەسەر یەك

**سر:** سەر، ئەندامی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ لەمل بەرەو سەر کە مێشك و چاو و لوت و گوێ تیایدا جێگیرە

**سر:** کلاش، گیوە، جۆرە پێڵاوێکە کەسەرەکەی لە بەن دەچنن

**سر:** نهێنی، ڕاز، ڕەمز، بابەتی داپۆشراو و شاراوە

**سرا:** سەرا، ماڵ، خانو، جێگە، جێ، شوێن، ماڵی گەورە

**سراء:** شادمانی، سروور، خۆشحاڵی، شادی، خۆشی

**سراب:** سەراب، تراویلکە، ڕەمڵ و زیخێ کەلەبەرتاو بریقەدەدا و له ئاو دەکا، لەیلان

**سرابالا:** بڕوانه سربالا

**سرابستان:** بێستان، باخ، باخچە، خانووی گەورە کەدار و گوڵی زۆری تیا بێت

**سرا پا:** سەراپا، سەرتاپێ، هەمو لەش، ئازای ئەندام، هەمو، گشت

**سرا پرده:** خێوەتی گەورە، بارەگا

**سراج:** زین ساز، زین فرۆش

**سراج:** چرا، چراخ، مەبەست لە مانگە شەو

**سراجت:** زین دروست کردن، زین سازی

**سرادار:** فەڕاش، دەرگاوان، پاسەوانی دەرگا

**سرادق:** خێوەت، خەیمە

**سرار:** خەتی لەپی دەست یا ناوچاو

**سرازیر:** سەرەوخوار، نشێو، سەرەوژێر، سەربەرەو ژێر، بەرامبەری سەرەوژوور، سەرنوخین، سەرنشیڤی

**سرازیرشدن:** سەرەوخوار بون، گلۆربونەوە، تل بونەوە، بەرەو خوار ڕۆشتن

**سراسر:** سەراسەر، سەرانسەر، هەمو، گشت، سەرپاك، هەمووی

**سراسیمه:** شپرزە، شڵەژاو، شێواو، پەرێشان، سەرگەردان

**سراشیب:** سەرەوخوار، بەرەو خوار، بەرەو ژێر، ڕێگایەك کەبەرەو نشێو دەڕوات

**سراگوش:** روسەری، لەچك، سەرپۆش، ئەو پارچەی کە ژنان سەر و روخساری خۆیانیانی پێ دادەپۆشن، دەرسۆك، کەفینك

**سراگوفت:** تانە، لۆمە، سەرزەنشت، سەرکۆنە

**سراگون:** بڕوانە سرنگون

**سراغ:** نیشان، هێما، پرسیار لە شوێن و جێگەی کەسێك، بە دوای کەسێك یا شتێك ڕۆشتن، دەوس

**سراغاز:** دەسپێك، پێشەکی، دیباچە، هەرشتێك کە شتێك بەو دەسپێبکات، پێشگوتن، سەروتار، سەرگووتار

**سراغچ:** بڕوانە سراگوش

**سراغوش:** بڕوانە سراگوش

**سرافراز:** سەرفەراز، سەربڵند، شاناز، سەرفیراز

**سرافسار:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار، دەس هەوسار

**سرافشان:** مەس، لەخۆبایی، لەخۆرازی، بزۆك، سەرهەژینك، دفنبلند

**سرافکن:** سەرپڕێن، شمشێر، تیغ، تێخ

**سرافکنده:** شەرمەزار، شەرمێون، سەرشۆڕ، ریسوا

**سراق:** دزەکان، چەتەکان

**سرال:** شەرواڵ، دەرپێ، ژێر شەرواڵ

**سرامد:** دیاریکراو، هەڵبژێردراو، لەپێش، بەرزتر و لەپێشتر لەهەموان، بژارتی، بژاردە

**سرامدن:** بەسەرهاتن، بە کۆتا هاتن، بە ئەنجام گەشتن، دوماهی هاتن، تەواو بون

**سرامیك:** سرامیك، تایبەت بە سواڵەت دروست کردن، پێشەسازی سواڵەت دروست کردن

**سرانه:** یەك یەك، یەك یەك و لەڕووی سەرژمێریەوە، سەرانە، باج و خەراج کەبەشێوەی سەرژمێری لە خەڵکی بگرن

**سرا نجام:** کۆتایی، سەرئەنجام، دوماهی، ئەنجامی کار، بەکۆتا گەیاندن، بەئەنجام گەیاندن

**سرانداز:** لەچك، روسەری، سەرپۆش، ئەوپارچەی ژنان سەری خۆیانی پێ دادەپۆشن، دەرسۆك، کەفینك

**سرانداز:** نەترس، بوێر، چاو کراوە، دلێر، ئەوەی لەڕێگای خۆشەویستەکەی گیان بدات

**سراندن:** خزاندن، خشاندن، شتێك لەسەر زەوی خزاندنە و بۆ پێشەوە پاڵ پێوەنانی

**سرانگشت:** سەرپەنجە، نوکی پەنجە، سەری قامکە

**سراهنگ:** پێشڕەو، پێشڕەوی کاروان یا لەشکر

**سراوازه:** پێشەکی، دەسپێك، پێشەکی ئاواز

**سراوردن:** بەسەرهێنان، کۆتایی هێنان، بەئەنجام گەیاندن، تەواو کردن

**سرای بان:** درگاوان، پاسەانی دەرگا، فەڕاش

**سرایان:** بڕوانە سراییدن

**سرایت:** ۱- شەو ڕۆشتن، گەڕان لەشەودا ۲- کاریگەری کردن، کارتێکردن، کاریگەری دانانە و دروست بونی شتێك لەناو بەشە پێکهاتەکانی شتێکیتردا

**سرایدار:** بڕوانە سرادار

**سرایش:** خوێندن، سترانبێژی، گۆرانی خوێندن، ئاواز گوتن

**سرایین:** هەڵبەستن، خوێندن، ستران بێژی، گۆرانی گوتن، شێعر خوێندن، شێعر گوتن

**سرب:** ١- گایەلی ئاسك، باڵندەكان، كۆما، كۆمەڵ ٢- رێگا، رێ ٣- دڵ، قەلب

**سرب:** سورب، سرب، كانزایەكە نەرم و چەكووش خۆر كەلەبەر هەوادا لێڵ دەبێت، رساس

**سربار:** سەربار، تای بار یا بەستەیەك كەلەسەر باری چوارپێی بارهەلگر دایدەنێن. سەربار، مەبەست لە كەسێكە بژێوی ژیانی خۆی بە زۆر و زەحمەت لە كەسانیتر وەردەگرێت

**سربازدن:** نافەرمانی كردن، سەرپێچی، خۆ دوورخستنەوە، خۆدزینەوە

**سرباز گمنام:** سەربازی ون، سەربازێك كە جەستەكەی لەناو جەستەی سەربازە كوژراوەكان لەناو گۆڕەپانی شەڕ هەڵبژێرن و وەك نوێنەری ئەو سەربازانەی لە رێگەی وڵاتدا گیانیان بەخت كردوە بە خاكی بسپێرن و رێز لە ئارامگاكەی بگرن

**سرباز:** سەرباز، سوپایی، ئەوەی لە سەر و گیانی خۆی بوگزەرێت و ئامادەی گیانبازی بێت

**سرباز:** سەركراوە، سەر ئاوەڵا، ئەوەی سەرەكەی كراوە بێت. ئەو شوێنەی سەقف و بانی نەبێت

**سربازخانە:** سەربازخانە، شوێنێكی تایبەت بە ئەرتەش كە سەربازان لەوێ بەسەر دەبەن

**سربازگیری:** سەربازگیری، ڕەش بگیری، گرتنی سەرباز، كۆكردنەوەی ئەو گەنجانەی بە تەمەنی سەربازی گەشتون بەپێی یاسا نیزامیەكانی وڵات

**سربال:** كراس، پۆشاك، جلّ، جل و بەرگ

**سربالا:** سەرەو ژوور، هەوراز، بەرەو سەر، روو لەسەر، ئەوەی روی لەبەرزایی بێت

**سربەنیست:** لەناوچوو، فەوتاو، نەماو، خاپوور، بەفیڕۆچوو

**سربتو:** سەربەژێر، لەبیردا نوقم بوو، تێفكریو، تێ راماو، تیاماو، بەمانای هێلبازیش دێت

**سربخش:** بەش، پار، بەهرە، پشك

**سربدار:** سەر بەدار، ئەوەی ئامادەیە ملی بەپەتەوە بكرێت، رووداوخواز، شۆڕشگێر كە دڵ بە كوژران بدات و دژی حكومەت راپەڕێت

**سربراه:** گوێڕایەڵ، ملكەچ، رام، دەستەمۆ

**سربراوردن:** سەرهەڵهێنان، سەربەرز كردنەوە، هەستان، شۆڕش كردن، هەستانە سەرپێ، راپەڕین

**سربرتافتن:** خۆدزینەوە، گوێ نەگرتن، نافەرمانی، سەرپێچی، خۆدوورخستنەوە

**سربرخط:** گوێڕایەڵ، رام، ملكەچ، گوێ بیست

**سربرداشتن:** سەر بەرز كردن، سەربڵند كردن، سەرهەڵهێنان، سەردەرهێنان، شۆڕش كردن، راپەڕین دژی كەسێك یا وڵاتێك

**سربرزدن:** سەردەرهێنان، رووان، سەردەرهێنان و روانی گیا و گوڵ لەزەوی

**سربركردن:** سەربەرز كردنەوە، سەربڵند كردن

**سربزیر:** حەیابەخۆ، لەخۆبووردو، شەرمێون، بەحەیا

**سربستە:** سەربەستە، سەرداخراو، ئەوەی سەرەكەی داخرابێت وەك شووشە و پاكەت و هەرچی

**سربسر:** سەراسەر، سەرانسەر، هەمو، گشتی، سەرپاك، بەرابەر، بەرامبەر، سەربەسەر

**سربلند شدن:** سەربەرزبون، سەر بڵندبون

**سربلند كردن:** سەربەرز كردن، سەر هەڵبڕین، سەر بڵند كردنی خۆ

**سربلند كردن:** سەربەرز كردنەوە، سەر بڵند كردن، سەربەرز كردن

**سربلند:** سەربڵند، سەرفەراز، سەرفیراز، شاناز، سەربەرز

**سربمهر:** سەربەمۆر، ئەو پاكەت یا زەرفەی كەسەرەكەی بەسترابێت و مۆر كرابێت

**سربند:** ١- سەربەست، ئەوەی سەری پێ دەبەستن، لەچك، رووسەری، سەرپۆش ٢- جامانە، دەستار، ئەوەی پیاوان سەری پێ دەبەستن

**سربها:** خوێن بەها، فدیە، ئەو برە پارەی بۆ كڕینەوەی گیانی خۆ بە كەسێكی دەدەن

**سربهوا:** عەجوول، هاروهاج، ئەوەی بە دوای هەوا و هەوەسی خۆیەوە بێت

**سربینه:** سارد، ساردی حەمام، ئەو شوێنە لەحەمام کەجلی لێ دادەکەنن و دواتر دەڕۆنە ناو حەمام

**سره:** بژارد، بژارتی، دیاری کراو، هەڵبژێردراو، پەسەند، بە دڵ، پاك، خاوێن، پاقژ

**سره:** ناوك، نافك، چاڵیەکی بچوکە کەلەسەر سکی مرۆڤە

**سرتابیدن:** خۆدوورخستنەوە، سەرپێچی کردن، نافەرمانی کردن، خۆدزینەوە

**سرتا پا:** سەرتاپێ، سەرتاپا، هەموی، گشت ئازای ئەندام، لەسەر تاپێ، سەراسەر

**سرتاسر:** سەرانسەر، سەراسەر، هەمو، سەرتاپێ، سەرپاك

**سرتافتن:** خۆدزینەوە، خۆشاردنەوە، نافەرمانی کردن، سەرپێچی کردن

**سرتراش:** سەرتاش، حەلاق، ئارایشگەر، ئەوەی موی سەر و روخسار دەتاشێت

**سرمرد:** جوامێر، بێ ریا، بێ گەرد، پیاوی هەڵبژێردراو

**سرتیپ:** فەرماندەی گەورە، دەرەجەیەکی نیزامی گەورەیە لەناو نیزام و ئەرتەشدا

**سرپا:** راوەستاو، لەسەر پێ، ئەوەی بەسەر پێ وە وەستابێت

**سرپاس:** خوود، خودی ئاسنی، قەڵغان

**سرپاس:** فەرماندەی پاسەوانەکان، سەر پاسەوان

**سرپاسبان:** سەرپاسەوان

**سرپاش:** سەرپژێن، گورز، گورزی ئاسنین کەلەسەری کەسێکی بدەن و سەری بپژێنن

**سرپایان:** جامانە، دەستار، کڵاوی نەرم کەلەژێر کڵاوی ئاسنی لەسەریان دەبەست لە کۆندا

**سرپایی:** سەر پێیی، دەمپێیی، نەعل، ئەو پێڵاوە راحەتیەی لەماڵەوە لە پێی دەکەن

**سرپایی:** سەرپێیی، ئەوەی کارەی بەسەر پێ وە ئەنجامی بدەن ٢- گانی سەرپێیی، زینا

**سرپایی:** سەرپێیی، ئەوەی لە کاتی کار کردن نەتوانێت دانیشێت، لەسەر پێ

**سرپایین:** سەرەوخوار، بەرەو خوار، سەرەوژێر، نشێو، نشێف

**سرپرست:** سەرپەرەست، گەورە، پاسەوان، بەخێوکەر، پەروەدەکەر، بەرێوبەر، ئەوەی لە شوێنێکدا لە جیاتی سەرۆك کاربکات

**سرپنجه:** سەرپەنجە، سەقامك، نووکی پەنجە

**سرپهن:** سەرپان، هەرچی کەسەرەکەی پان بێت

**سرپوش:** ١- سەرپۆش، لەچك، رووسەری، ئەوەی ژنان سەری خۆیانی پێ دادەپۆشن ٢- سەرپۆش، ئەوەی سەری شتێکی پێ دادەپۆشن

**سرپوش:** رازدار، دەم سلامەت، ئەوەی راز و نهێنی کەسانیتر بپارێزێت و بلاویان نەکاتەوە

**سرپوشه:** بڕوانە سرپوشنه

**سرپوشنه:** سەرپۆش، ئەوەی سەری شتێکی پێ دادەپۆشن، لەچك روسەری، ئەوەی ژنان سەری خۆیانی پێ دادەپۆشن

**سرپوشیده:** ١سەرداپۆشراو، ئەو ژنەی سەری داپۆشیبێت، لەچك بەسەر ٢- سەرداپۆشراو، بۆ ماڵ و داڵان و هەرچی کەسەریان داپۆشرابێت

**سرپیچ:** جامانە، دەستار، مێزەرە، ئاغابانو

**سرپیچی:** سەرپێچی، نافەرمانی، خۆدزینەوە

**سرپیچیدن:** خۆدزینەوە، سەرپێچی کردن، نافەرمانی کردن، خۆدوورخستنەوە

**سرج:** زین، زین کەلەپشتی ئەسپی دادەنێن

**سرج:** چرا، چراکان، چراغ

**سرجنبان:** سەردەستە، گەورە، ناودار، ناسراو، بەناو بانگ

**سرجین:** شیاکە، ریخ، پیسی ئاژەڵ و چوارپێکان وەك ئەسپ و ئێستر و کەر...

**سرحال:** سەرحاڵ، خۆشحاڵ، شادمان، شادان، شاد، تەندروست، ساغ، سلامەت، زیندوو

**سرحال:** گورگ

**سرحان:** گورگ ٢- شێر

**سرحد:** سنوور، ئاست، ڕادە، مەرز، قەراغ، لێوار، نیشان و هێمایەک کە ملکێک یا زەمینێک لە یەکیتر جیا بکاتەوە

**سرحددار:** سنوردار، سنوربان، پاسەوانی سنور، مەرزدار

**سرحلقە:** سەردەستە، سەرپەرەست و گەورەی دەستەیەک لە خەڵک

**سرخ باد:** باسوور، سووربا، جۆرە نەخۆشیەکە بە هۆی ڤایرۆسی تایبەتی ئەستریتۆکۆک دروست دەبێت و پێستی جەستە بەتایبەتی کوڵم و ژێرچاو سوور یا وەنەوشەیی و دەئاوسێت

**سرخ بید:** سوورە بی، بی مەجنون، جۆرێک داری بی

**سرخ پوست:** سوور پێست، ئەوەی پێستی جەستەی سوور ڕەنگە، خەڵکێک لە نەژادی سوور، دانیشتوە کۆنەکانی ئامریکا کە ئێستا نەژادەکەیان روو لە فەوتانە

**سرخ رگ:** خوێنبەر، ئەو دەمارانەی کاریان بردنی خوێنە لەدڵەوە بۆ ئەندامەکانی لەش

**سرخ رو:** رووسوور، ئەو کەسەی روخساری سوورە، سوور، و مەبەست لە شادان، شادمان و خۆشحاڵە

**سرخ فام:** سوورڕەنگ، بە رەنگی سوور، سوورباو

**سرخ:** سوور، خوێنی، بەڕەنگی خوێن

**سرخاب:** سووراو، مادەیەکە ژنان لە روخساری خۆیانی دەسون

**سرخارە:** شانە، دەرزی، تەوقە، دەرزی یا شانە کە ژنان لەموی سەری خۆیانی دەدەن تا دەق بە مووەکان بدات

**سرخارنگ:** سووڕڕەنگ، بەڕەنگی سوور، سوورباو

**سرخە:** ١- سوور، سۆر، سوور ڕەنگ ٢- لەناو داستانەکانی شانامە سۆرخە ناوی کوڕی ئەفراسیاب پاشای توورانە کە بەدەستی فەرامەرز دیل کرا و بە فەرمانی رۆستەم سەریان بڕی

**سرخجە:** سوورێژە، سۆرك، سوورێجە، سووریجە، جۆرە نەخۆشیەکە بە زۆری لە منالان دەردەکەوێت

**سرخدار:** سوورەدار، جۆرە دارێکە

**سرخگون:** سووڕڕەنگ، بە ڕەنگی سوور، سوور باو

**سرخك:** سۆرك، سورێجە، سوورێژە، نەخۆشیەکە کە لەناو منالاندا دەردەکەوێت

**سرخود:** لەخۆوە، ئازاد، رەهان سەربەخۆ، بە حەز و ویستی خۆ کارێك کردن

**سرخوردن:** بێ هیوا بون، زاهمێ بون، نائومێد بون، بێ هیوابون ەل کارێك و چاوپۆشین لێی

**سرخوردن:** خلیسکان، هەڵخلیسکان، خلیسکین، خزین، لەسەر بەفر یا شوێنێکی سەرەوخوار خزین و هاتنە خوار

**سرخوش:** سەرخۆش، سەرمەست، خۆشحاڵ، شاد

**سرخیل:** سەرخێڵ، سەردەستە، سەرکردە

**سرد:** سارد، سەرد، ئاو و هەوا یا شتێك کە پلەی گەرمیەکەی کەم بێت، فێنك

**سرداب:** ١- سەرداب، سەرداوە، ماڵی ژێر زەمینی کە هاوین ژیانی تیا بەسەر ببەن، ساردخانە ٢- شوێنێك کەلەژێر زەمین دروستی بکەن بۆ ناشتنی مەیت و لاشەی مردووەکان، ساردخانە، گۆڕ

**سردادن:** خزاندن، خشاندن، هەڵخزاندن، شتێك لە شوێنێکی تەخت دا خزاندن و پاڵ پێوەنانی

**سردادن:** ڕەها کردن، وازهێنان، ئازاد کردن، بەجێ هێشتن

**سردادن:** سەردان، سەردۆڕاندن، سەردانان، گیانبازی کردن و دانی سەر لە ڕێگایەك

**سردار:** سەردار، سالار، سەرۆك و گەورەی تایەفە یا دەستەیەك، فەرماندەی سوپا

**سرداور:** داوەر، نێوەنجیگەر، ئەو کەسەی لەنێوان دو یاچەند کەس بۆ داوەری کردن هەڵدەبژێردرێت

**سردبیان:** سارد و سڕ، وتە سارد، ئەوەی قسەکانی گەرم و گوڕ نەبێت و نەتوانێت سەرنجی بەرامبەرەکەی رابکێشێت و بە پێچەوانەوە بێزاری بکات

**سردبیر:** سەرنووسەر، ئەو کەسەی بابەت و وتار و هەواڵەکان لەژێر چاودێری ئەو ئامادە و بڵاو دەکرێنەوە

**سرده:** ساقی، مەیگێڕ

**سـردخانە:** ساردخانە، شوێنێکی سەرداپۆشراو کە هەواکەی بە کەرەستە میکانیکیەکان سارد و فێنك دەکەن

**سـردر:** سەردر، سەردەرگا، سەرەوەی چوارچێوەی درەگای ماڵ

**سـردرآوردن:** تەسلیم بون، خۆبەدەستەوە دان، سەر دانەواندن، سەر شۆڕ کردن

**سـردرآوردن:** سەردەرهێنان، دەرکەوتن، لەشوێنێك دەرکەوتن

**سردرپیش:** شەرمەزار، شەرشۆڕ، شەرمێون، سەربەژێر

**سردرختی:** سەرداری، هەر میوەیەك کەلەدار بەدەست بێت وەك هەرمێ و سێو و قەیسی و...

**سـردرد:** سەرئێشە، ژانەسەر، ئەو ژانەی لەسەردا دەردەکەوێت

**سردرگم:** حەیران، سەرلێ شێواو، سەرگەردان، پەرێشان، ئەوەی رێگای ون کردبێت و سەرگەردان بێت

**سردرهوا:** هەوسباز، لەخۆبایی، لەخۆڕازی، خەیاڵ باف

**سردست:** سەرپەنجە، نوکی پەنجە، سەرقامك

**سردستە:** سەردستە، سەرکردن، سەرپەرەست، سەرۆك، سەرومر، گەورەی نەتەوەی یا دەستەیەك

**سردسیر:** یەیلاق، سەردسێر، وێستان، شوێنێك کەئاو و هەواکەی سارد بێت

**سـردم:** ١- قاوەخانە، چایی خانە ٢- خانەقا، تەکیە، شوێنێك کەدەروێشەکان لێی کۆدەبنەوە

**سردماغ:** سەرحاڵ، شاد، خۆشحاڵ، شادمان

**سردمزاج:** سارد و سڕ، خەمۆك، سست، لاواز، بێ حاڵ، کەم بونەوەی حەزی جنسی لە ژن یا پیاو

**سردواندن:** سەرگەردان کردن، پەرێشان کردن، ئەمڕۆ سبەی پێ کردن بە کەسێك، سەرلێ شێواندن

**سرراست:** سەر ڕاست، راستەوخۆ، رێك، رێگەی راست، بێ پێچ و پەنا

**سـرراهی:** سەرەڕێگا، منالی سەر رێگا، دۆزراوە، منال کەلەسەر رێگا دادیدەنێن تا یەکێتر بیبات

**سررسیدن:** گەشتن، لەناکاو هاتن، گەشتنی وادەی کارێك

**سررشـتە:** شارەزایی، پسپۆری، توانایی لە ئەنجامی کارێك

**سـررفتن:** بەسەرچوون، تەواو بون، بە کۆتا گەشتن، تەواو بونی کات

**سـرریز:** سەررێژ، پڕ، ئەوەی لەشلەمەنی کەبەهۆی پڕبونی دەڤرەوە بڕژێت

**سرز:** ماڵە، کەمچە، ماڵەی بەننایی

**سرزدای:** تیغ، خەنجەری سەربڕین

**سـرزدە:** لەناکاو، بێ ئاگا، کتاوپڕ، کتوپڕ، و کەسێك کەلەناکاو و بێ ئاگا بڕواتە شوێنێك

**سرزدن:** سەردان، سەر لەکەسێك دان، بێ ئاگا رۆشتنە لای کەسێك و سەردان کردنی

**سرزدن:** سەردەرهێنان، سەرهەڵێنان، روانی گوڵ و گیا

**سـرزمین:** سەرزەمین، سەرزەوی، ولآت، دیار، زەویەکی بەربلآو کە نەتەوەیەك ژیانی تیا بەسەر دەبەن، سنوور

**سرزن:** سەرکێش، یاخی، نافەرمان

**سرزندە:** ١-سەرزیندوو، سەرحاڵ، شاد، شادان، شادمان، خۆشحاڵ ٢- سەردستە، سەرۆك، گەورە

**سرزنش:** سەرکۆنە، لۆمە، تانە، لۆمە کردن، گازندە

**سرزیر:** بڕوانە سرازیر

**سرسـام آور:** سەرسووڕهێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی واق ورمان

**سرسـام:** ١- سەرسام، واق ورماو، حەپەساو، سەرسووڕهێنەر ٢- ئاوسانی سەر یا مێشك کە گرژی و پەرێشانی هەستەکانی بەدواوەیە

**سرسـبز:** ١- سەرسەوز، تەڕ و تازە ٢- گەنج، شادان، کامیار

**سرسـبك:** پەرێشان، سەرسووك، شێواو، شپرزە، لەخۆبایی، لە خۆڕازی

**سرسـپردن:** تەسلیم بون، خۆبەدەستەوە دان، ملکەچ بون، فەرمان بردن

**سرسخت:** سەرسەخت، پێداگر، بەتاقەت، گیان سەخت، بەوزە

**سرسره:** خلیسکێنه، شوێنی خلیسکێن، شێوێنی لێژ و سەرەو خواری، تەحیسانك، حولیسانك

**سرسری:** سەرسەری، هەڵیت و پڵیت، قسەی بێ مانا، کارێك کە بیرکردنەوە و بە سستی ئەنجام بدرێت

**سرسلسله:** دامەزرێنەر، دامەزرێنەری نەتەوە یا تایەفەیەك، یەکەم کەس لە تایەفەیەك کە پاشایەتی بکات و دوای ئەو بنەماڵەکەی یەك لەدوای یەك پاشایەتی بکەن ٢- گەورە، پێشەوا، سەرۆك، سەروەر

**سرشاخ:** سەر لق، سەرپۆپ، سەرچڵ

**سرشاخ:** شاخ بەشاخ، حاڵەتی دو ئاژەڵی شاخ دار کە شاخ لە شاخی یەك گیر دەکەن

**سرشار:** لێوانلێو، لیپاولیپ، پڕ، سەررێژ، لیڤولێڤ، تەژی

**سرشت:** سرشت، سروشت، خوو و خەدە، عادەت، ناخ

**سرشتن:** هەویر کردن، تێکەڵ کردن، تێ سوون، دروست کردن، گرتنەوە، شێلان، دناڤ هەلاندن، ئافراندن

**سرشك:** رۆند، ئەسر، ئەسرین، فرمێسك، ئەشك، دڵۆپەی ئاو کە لەکاتی گریان لە چاو دێتەخوار، هێستر

**سرشکسته:** ١- سەرشکاو، ئەوەی سەری شکا بێت ٢- سەرشۆڕ، شەرمەزار، سەربەرەوخوار، شەرمێون

**سرشکن:** سەرشکێن، ئەوەی سەری کەسێك بشکێنێت، هەر شتێك کە سەر بشکێنێت

**سرشماری:** سەرژمێری، ژماردن و دیاری کردنی ژمارەی دانیشتوانی ولاتێك یا شارێك

**سرشناس:** ناودار، بەناوبانگ، ناسراو، کەسێك زۆربەی خەڵك بیناسن، بەرنیاس، سەرنیاس

**سرشوی:** سەرشۆڕ، ئەوەی سەری پەکیتر بشوات، ئەسپۆن، جۆرە گیایەکە بۆ شۆردنی سەر و جەستە بەکاری دەبەن

**سرشیب:** بڕوانە سراشیب

**سرشیر:** سەرشیر، قەیماغ، توێژی شیر، قەیماخ، سەرتیك

**سرچشمه:** سەرچاوە، چاووگ، چاوە، ئەو شوێنەی ئاو لێی هەڵدەقوڵێت

**سرچکاد:** ناوچاو، تەوێڵ، پێشەسەر، ناوچاوان

**سرچنگ:** ١- سەرپەنجە، نووکی پەنجە. ٢- شەقازللە، شەپازللە، ئەو لێدانەی بەنوکی پەنجە لە روخساری کەسێکی دەدەن

**سرچین:** دەسچین، دەسچن، گوڵبژێر، میوە یا شتێکیتر کە بەدەست چنیبێتیانەوە، بژاردە، بژارتی، هەڵبژێردراو، گوڵ چن

**سرطان:** سەرەتان، نەخۆشیەکەی مەترسیدارە کە ئاوسان و برین لەناو جەستە یا لە دەرەوەی جەستە دروست دەکات هاوشێوەی پێی قرژاڵ کە بەزۆری لە گەڵ خوێن بەربون و ئازاری زۆر هاوڕێیە

**سرطان:** قرژاڵ، قرژانگ، و یەکێك لە بورجە فەلەکیەکانە

**سرگذر:** کۆڵان، گەرەك

**سرگذشت:** سەرگوزەشت، سەربوردە، بەسەرهات، ڕووداوێك کە بۆ کەسێك ڕوویدابێت، سەرگوزەشتە

**سرگر:** کلاش فرۆش، کلاش چن

**سرگران:** سەرقورس، نارازی، ناڕەزامەند، ناشاد، مەست، لەخۆبایی، قەهری

**سرگرای:** ١- سەرپێچیکەر، سەرکێش، نافەرمان ٢- بێ قەرار، بێ ئۆقرە، ئائارام

**سرگردا:** سەرگێژە، سەرسووڕ خواردن، سووڕان و خول خواردنی سەر

**سرگردان:** سەرگەردان، حەیران، ئاوارە، دەربەدەر، سەرگەشتە، بێ ماڵ و حاڵ

**سرگرفتن:** دەسپێکران، دەسپێکردنەوە، دەرگیر بون، گیرۆدەبون

**سرگرم:** سەرگەرم، سەرقاڵ، ئەوەی هەست و سەرنجی لای کارێك یا شتێکە، مژویل. بە مانای سەرخۆش و سەرمەستیش دێت

**سرگروه:** سەرکردە، سەردەتە، سەرۆك، گەورە

**سرگزیت:** باج، خەراج، سەرانە، پارەیەك کە لەکۆندا موسوڵمانەکان لە لایەنگرانی ئاینەکانیتریان دەگرت

**سرگشاده:** سەرکراوە، سەرئاوەلا، ئەوەی سەرەکەی کراوە بێت

**سرگشته:** سەرگەردان، حەیران، سەرلێ شێواو، ئەوەی ڕێگای ون کردبێت

**سرگم:** سەرلێ شێواو، ڕێ ون کردوە، سەرگەردان

**سرگوشی:** شپە، شرپە، سرکە، ئەو قسەی بە گوێی کەسێکدا دەیچرپێنن

**سرطویله:** ئاخوڕ، شوول، تەویلە، گەوڕ

**سرگیجه:** سەرگێژە، ئەو حاڵەتەی بە مرۆڤ دەست دەدات و گومان دەکات هەمو شتێك بەدەوری سەری دەسووڕێتەوە

**سرگیش:** کۆلکە زێڕینە، پەلکە زێڕینە، ڕەنگین کەمان

**سرگین:** ڕیخ، شیاکە، پیسایی چوارپێ کان وەك ئەسپ و ئێستر... تەرسەقوول، کوشپل

**سرعت:** ۱- خێرایی، توند ڕۆشتن، بلەزی، پەلەیی، پەلە کردن، خێرا ڕۆشتن

**سرغزل:** سەر غەزەڵ، باشترین غەزەڵ کەلەناو غەزەلەکانی دیوانی شاعیرێکدا ببێت

**سرغلیان:** سەرقلیان، سەری نێرگەلە، ئامرازێکی بەردی یا کانزایی کە تووتنی تێ دەکەن و لەسەر نێرگەلە دایدەنێن

**سرغوغا:** فیتنەگێڕ، ئاژاوە چی، ئەوەی ببێتەی هۆی دروست بونی ئاژاوە و فیتنە

**سرف:** ۱- کەمتەرخەمی، بێ ئاگایی، لەبیر کردن، هەڵە کردن ۲- زێدەڕۆیین سنوور بەزاندن، لە ڕادە تێپەڕین

**سرف:** بڕوانە سرفە

**سرفه خروسك:** خەند خەندوك، کۆکەڕەشە، خروزەك، نەخۆشیەکە زیاتر لە منااڵان دەردەکەوێت و نەخۆش بە سەختی دەکۆکێت و دەنگێك وەك دەنگی کەڵەشێر لە قورگی دێتەدەر

**سرفه:** کۆکە، کۆخە، دەنگێك کە بەهۆی خووراندی قورگ و هاتنە دەرەوەی هەوا لەناو سیەکان دروست دەبێت، قف، کوخك

**سرفراز:** سەرفێرازو، شاناز، سەرئەفراز، سەربڵند، سەربەرز

**سرفرود اوردن:** سەردانەواندن، چەمانەوە، چەمینەوە، کوورنوش بردن ۲- تەسلیم بون، ملکەچ بون، خۆبەدەستەوە دان

**سرفیدن:** کۆکین، کۆخە کردن، کۆخین

**سرقافله:** پێشڕەو، سەرپەرەستی کاروان، کاروانچی

**سرقت:** دزین، دزی کردن، پەتەیی کردن، دزی

**سرقفلی:** سەرقوفلانە، پووڵێك کە کەسێك بە کەسێکیتری دەدات تا دوکان یاماڵێك کە لەکرێی ئەودایە بەو بسپێرێت

**سرك:** ۱- سەر، سەری بچوك ۲- بەرزبون، سەربون، زیادی و سەربونی کێش یا بەهای شتێکبەرامبەر بە شتێکیتر

**سرکا:** بڕوانە سرکە

**سرکار:** پێشکار، چاودێر، کارفەرمان. و وشەی ڕێز لێنان لەکاتی بانگ کردنی کەسێك

**سرکه فروختن:** ۱- سرکە فرۆشتن، فرۆشتنی سرکە بە خەڵك ۲- ڕو ترش کردن، مۆن کردن، رووتاڵ کردن

**سرکه:** سرکە، هێسك، سرتە، شلەمەنیەکی ترش کە لەترێ یا کشمیش یا هەنجیر یا خورما دروست دەکرێت

**سرکج:** سەرخوار، چەماوە، نوشتاوە، ئەوەی سەرەکەی وەك کۆچان نوشتابێتەوە

**سرکرده:** سەرکردە، فەرماندە، سەرۆك، سەرۆکی تایەفە یا دەستەیەك لە خەڵك

**سرکردن:** بەسەر بردن، سازان، هەڵکردن، گونجان، لە گەڵ کەسێك ژیان کردن و گونجان لە گەڵیدا

**سرکردن:** دەسپێکردن، دەسپێکردنی قسە و چیرۆك یا گریان و گلەیی

**سرکش:** یاخی، سەرکێش، نافەرمان. بەمانای توان و بەهێز و زۆرداریش دێت

**سرکشی:** سەردان کردن،، پیاچونەوە، گەڕان و چاودێری، بەسەر کردنەوە

**سرکشی:** نافەرمانی، سەرکێشی، یاخیگەری، ملپێچی

**سرکشیدن:** سەردان، سەردان کردن، بەسەر کردنەوە

**سرکشیدن:** سەردان، هەڵدان، خواردنەوەی ئاو یا شەراب بە پیاڵە یا پەیمانە

**سرکن:** سەردار، سەرکردە، سالار، دیار لەناو کۆڕێك

**سرکوب:** سەرکوت، شوێنێکی بەرز وەك بورج و قەلاّ یا تەپۆلکە و کێو کەلەکاتی شەڕدا بتوانرێت لەوێوە دوژمن سەرکوت بکرێت٢- تانە، توناج، لۆمە، سەرکۆنە

**سرکوبە:** ١- سەرکوت، گوزر، گورزی گران ٢- تانە، توانج، لۆمە، سەرکۆنە

**سرکوفت:** تانە، لۆمە، سەرکوت، سەرکۆنە،

**سرکوفتە:** سەرکوتراو، سەرکوت کراوە، ئاژەڵێك کە سەریان پان و پلیش کردبێتەوە

**سرلشکر:** سەرلەشکر، فەرماندەی سوپا و لەشکر

**سرما درمانی:** سەرما دەرمانی، چارەسەر کردنی هەندێ نەخۆشی بە سەرما

**سرما:** سەرما، سەردی، ساردی هەوا، دژی گەرما، سڕ و سەقەم

**سرماخوردگی:** سەرما خواردن، هەڵامەت، نەخۆشیەك کەبەهۆی سەرما یا گەرم و سارد بونی جەستە دروست دەبێت

**سرمازدە:** سەرما بردوو، سەرما بردەڵە، گیا یا دارێك کە میوەکەیان بە هۆی سەرماوە زیانی بەر کەوتبێت

**سرمایە:** سەرمایە، سامان، پارە یا کالاّیەك کە لەبازرگانیدا بەکاری ببەن

**سرمایەدار:** سەرمایەدار، پارەدار، ساماندار، دەوڵەمەند

**سرمە:** سوورمە، تۆزێکی ڕەش ڕەنگ کە بۆ ڕەش کردنی پێلو و مژۆڵەکان بەکار دەبرێت، کل، کلی چاو

**سرمەدان:** سوورمەدان، کلدانك، کیسەیەکی بچوك کە سورمەی تێ دەرێژن

**سرمەکش:** سورمەکێش، ئەوەی کل لەچاوی دەکێشێت. و مێلەیەکی باریك کە سورمی چاوی پێ دەکێشن، کل چیقك

**سرمد:** دایم، هەمیشە، بەردەوام، جاویادن

**سرمست:** سەرمەست، سەرخۆش، شادمان، شاد

**سرمشق:** نمونە، دەستووری کار، چۆنیەتی

**سرمقالە:** سەروتار، سەرگووتار، بابەتی یەکەمی ڕۆژنامە یا گۆڤار

**سرمنزل:** مەنزڵ، شوێنی دابەزینی کاروان، مەبەست

**سرنا:** زڕنا، زوڕنا، جۆرێك ئامرازی مۆسیقایە

**سرناچی:** زڕنا ژەن، زوڕنا ژەن، ئەوە کەسەی زڕنا دەژەنێت

**سرند:** سەرەند، سەڕنگ، جۆری بێژنگێکە بۆ بێژانەوەی زیخ و چەو

**سرنشین:** نەفەر، ئەو کەسانەی لەناو ترۆمبێل یا فرۆکەدا دانیشتون

**سرنگ:** فیچقە، سرنیچقە، سرنگ، تورومپایەکی بچوکی شوشەیی یا کانزایی کە بەهۆیەوە دەرمانی شلەمەنی دەکەنە ژێر پێست، شرینقە

**سرنگهدار:** رازدار، ئەوەی راز و نهێنی بپارێزێت و بەکەسی نەڵێت

**سرنگون:** سەرەوخوار، سەربەرەو خوار، ئاوەژوو، ڕوو لەخوار، پێچەوانە، سەرەوژێر

**سرنگونسار:** بڕوانە سرنگون

**سرنفر:** سەردەستە، سەرکردە

**سرنوشت:** چارەنوس، سەربوردە، شانس، شەنس، قەدەر، ئەوەی لەڕۆژی ئەزەڵەوە بۆ مرۆڤ دیاری کرابێت، بەخت، ناوچاوان

**سرهال:** سەرگەردان، پەرێشان، ئاوارە، حەیران

**سرهم بندی:** سەرپەك کردن، کارێك بە سستی ئەنجام دان

**سرو:** سەرو، سەرڤ، جۆرە دارێکە لقی کورت و داپۆشراو بە گەڵای ورد کە زیاتر لە ناوچە باکووریەکانی ئێران دەڕوێت

**سرو:** شاخ، شاخی مەڕ و گا و هاوشێوەکانی

**سروا:** قسە، باس، خواس، ئەفسانە، شێعر، چیرۆك، چیڤانۆك

**سرواد:** هەڵبەست، شێعر، سرود، هۆزان

**سروادە:** شێعر، قافیەی شێعر

**سروازدن:** خۆدزینەوە، شان خاڵی کردن، نافەرمانی کردن، خۆ دوورخستنەوە، سەرپێچی کردن

**سروان:** پێشەوا، سەرۆك، سەرومر، پلەیەکی نیزامیە لەناو ئەرتەشدا

**سروبر:** قیافە، رووالەت، روخسار، شێوە

**سروبند:** کات، سات، زەمان، چاخ

**سروتە:** بن و بنچینە، بنج و بناوان، سەرەتا و کۆتایی شتێك یا شوێنێك

**سروج:** زین، زینەکان

**سرود:** سروود، ئاواز، گۆرانی، ستران

**سرودسرا:** گۆرانیبێژ، سترانبێژ، ئاواز خوێن

**سرودگوی:** چاووش، لۆتی، گۆرانیبێژ، سترانبێژ

**سرودن:** وتن، پەرین، شێعر گوتن، ستران بێژی، ئاواز خوێندن، ئاواز دانان

**سرور:** سەرومر، سەرۆك، پیشەوا، گەورە، سەرپەرشت

**سرور:** شادی، خۆشی، شادمانین سروور، شادمان بون

**سروسامان:** سەروسامان، کەل و پەلی ناو ماڵ، قاچ و قاچاخ. سامان، نەزم و رێکی لەکاروبارەکاندا، رێك کردن

**سروسر:** راز، نهێنی، پەیوەندی نهێنی لەگەڵ کەسێك

**سروش:** سروش، فریشتە، جبرەئیل، لە ئاپینی زەردەشتی یەکێك لەخواکان کە هێما و نیشانەی لایەنگیری و فەرمان بردنی ئەو لە ئەهورامەزدایە

**سروصدا:** هات و هاوار، قاوەقیژ، دەنگە دەنگ، ئاژاوە

**سروصورت:** سەر و روخسار، قیافە، شێوە، رواڵەت

**سروقت:** لە کاتدا، لەکاتی خۆیدا، سەری کات، لە کاتی دیاریکراودا

**سروقد:** بەژن و بالا، قەد و قیافە، قەو و قیافە

**سروکار:** سەرو کار، پەیوەندی، مامڵە، ئاڵو گۆر

**سروکلە زدن:** گفتوگۆ کردن، باس کردن، گفتوگۆ کردن بۆ فێر کردن یا سەلماندنی بابەتێك بە کەسێك

**سروم:** خوێناو، ئاوی خوێن، شلەمەنیەکەی زەرد رەنگ کە لەکاتی مەینی خوێن لێی جیا دەبێتەوە

**سرون:** شاخ، شاخی مەڕ و گا و هەرچی

**سرویس:** ١- نۆکەری، بەردەستی، کارەکەری، خزمەت کردن ٢- نوسینگە، دەزگا ٣- قاپ و قاچاخ، دەفری نان خواردن یا چایی خواردن

**سرویسە:** پەلکە زێڕینە، کۆلکە زێڕینە

**سروین:** سەروئاسا، وەك سەرەو

**سری:** ١- سەری، تایبەت بەسەر ٢- گەورەیی، سەروەری، مەزنی

**سری:** سیلسیلە، ریز، رشتە، دەستە، چین، کۆمەڵ، کۆ

**سریال:** زنجیرە، ئاڵقە، بەش بەش، یەك لەدوای یەك، داستانێك کەبەش بەش بلاو بکرێتەوە

**سریان:** ١- شەو رۆشتن، لە شەودارۆشتن، شەو گەڕی٢- کارتێکردن، کاریگەری دانان لەناو شتێکیتر

**سریە:** دەستە، دەستەیەك لەلەشکر، ژومارەیەك پاسەوان

**سریە:** کەنیز، ئەو کەنیزەی لە ماڵەوە رادەگیرێت و خاوەنەکەی لەگەڵی جووت ببێت

**سریدن:** خلیسکان، هەڵخلیسکانن خزان

**سریر:** تەخت، تەختی پاشایەتی

**سریرە:** راز، نهێنی، ناخ، نیەت، ئەوەی بشاردرێتەوە

**سریشم:** سرێش، چرێش، ئەسرێلك، سترك، مادەیەکی لکێنەرە کەلەکولاندنی ئێسك و پروسك و پێستی هەندێ گیانلەبەر وەك مانگا و ماسی بەدەست دێت و دوای وشك بونەوە رەنگە کەی زەرد یا لێڵ دەبێت

**سریچە:** کلك لەقێن، باڵندەیەکی بچوکە کەبەردەوام کلکی رادەوەشێنێت

**سریع الانتقال:** بیرتیژ، وشیار، ئەوەی بەخێرایی لەبابەتێك بگات

**سریع الحرکە:** بلەز، تێژپێ، چالاك

**سریع السیر:** تونڕەو، ئەوەی بەخێرایی بڕوات

**سریع العمل:** تونـد کار، چالاك، ئەوەی بەخێرایی کار بکات

**سریع:** خێرا، بەپەلە، بلەز، توند، چالاك، چوست

**سرین:** ران، ڕەهن

**سرین:** سەرمو، لای سەرەو، ژوورو، شوێنی سەر لەسەر جێگا، سەرین، پشتی
**سرینگاه:** شوێنی دانیشتن، نشینگە، تەخت. بە مانای ڕانیش دێت
**سزا:** سزا، پاداش، پاداشت، جەزا، پاداشتی چاکە یا خراپە
**سزار:** سزار، سیزار، قەیسەر، پاشا، نازناوی پاشاکانی رۆم
**سزاوار:** شیاو، ژێهاتی، شایان، لایق، هەڵگر، ژێ هەژی
**سزیدن:** شیاو بونن ژێهاتن، پێکەوتن، لایق بون
**سس:** ساس، سۆس، دۆشاو، رۆحی خواردن کەلەگەڵ هەندێ خواردن دەیخۆن
**سست اندام:** لاواز، کز، لاغر، بێ هێز، ناتەوان
**سست بنیاد:** بناغە سست، ئەو بینایەیی بنچینە و بناغەکەی سست و خۆڕانەگر بێت
**سست پیمان:** بەڵێن سست، پەیمان سست، ئەوەی ئەمەکی بۆ پەیمانەکەی نەبێت
**سست رأی:** باوەڕ سست، نزیك بین، ئەوەی توانای چارسەر کردنی سست و لاواز بێت
**سست رگ:** تەمەڵ، تەوەزەل، ناتەوان، بێ کەڵك
**سست ریش:** ریشو، ریش درێژ، نەزان، ئەحمەق، کاس، وڕ
**سست:** سست، لاواز، ناتەوان، خۆڕانەگر، ناسەقامگیر
**سفته:** دیاری، خەلاتی، پێشکەشی،٢- سفتە، شتێك کە کەسێك لە یەکیتر بە قەرز وەری دەگرێت کە لەشارێکیتر یا لەماوەیەکیتر بیگەڕێنێتەوە. و لە دەستەواژە بازرگانیەکاندا وەرەقەیەکی چاپ کراو کە قەرزار بڕی قەرزەکە و کاتی دانەوەی بۆ وەرگر دەنوسێت و وەرگر دەتوانێت بە یەکیتر یا بەبانکی بفرۆشێت
**سچك:** نزگەرە، نیزگەرە
**سگ تولە:** توولە سوگ، بێچوە سەگ
**سگ جگر:** دڵ رەق، دڵ بەرد، بێ رەحم، بێ بەزەیی
**سگ گیان:** گیان سەخت، سەگ گیان، ئەوەی لەبەرابەر نەخۆشی و سەختیەکان گیان سەخت و خۆڕاگر بێت
**سگ منش:** روودار، بێ شەرم، بێ حەیا، بەدفەڕ، خراپەخواز
**سگ:** سەگ، ئاژەڵێکە لەدەستەی گۆشتخۆرەکان کەبۆ پاسەوانی کردنی ماڵ و گایەل و هاوکاری کردنی راوچیان کەڵکی لێوەردەگیرێت و هەستی بۆنکردنی زۆر بەهێز و تیژە، سە
**سطارە:** راستە، خەت کێش، ئامرازێکی دارین یا کانزایی کە هێڵی راستی پێ دەکێشن
**سگال:** ئەندێشە، هزر، بیر
**سگالە:** گووی سەگ، پیسایی سەگ
**سگالشگر:** راوێژکەر، ئەوەی راوێژ دەکات و داوای راوێژ دەکات
**سگالیدن:** تێفکرین، تێرامان، بیرکردنەوە، ئەندێشە کردن، گومان کردن
**سگبان:** سەگبان، پاسەوانی سەگ، ئەوەی سەگ رادەگرێت پاسەوانیان دەکات
**سطح:** روو، بان، سەری شتێك، سەری هەر شتێك کە تەخت و پان بێت
**سگدان:** شوێنی سەگ، سەگدان، ئەو شوێنەی بۆ سەگ دروستی دکەن. و مەبەست لە شوێنی پیس و ناپاکە
**سگدل:** دڵرەقن دڵ سەگ، بێ بەزەیی، بێ رەحم
**سطر:** دێر، دێرێك لەنوسراوێك، ریز
**سگرمە:** سێ گرێی برۆن هێڵەکانی ناوچاو، ئەنی گرێ
**سگرو:** سەگ خوو، خەڵك ئازار، ئەوەی ئازاری خەڵکم و بەتایبەت غەریبەکان دەدات
**سگسار:** سەگسار، وەك سەگ، ئەوەی سەری وەك سەری سەگ بێت. و مەبەست لە چاوچنۆك و تەماحکار
**سگسارانە:** سەگسارانە، وەك سەگ
**سطل:** سەتڵ، دەلوو، دەفری دەسکدار بۆ ئاو
**سگلاس:** دەڵە سەگ، سەگی مێینە. و مەبەسە لەکەسێك کە خۆی هاوشێوەی دەڵە سەگ بنوێنێت، دێهل

**سطوت:** پەلاماردان، زاڵبون بەسەر کەسێك، هێرش بردن

**سعادت:** خۆشبەختی، بەختەوەری، کامەرانی

**سعادتمند:** بەختەوەرن کامەانن خۆشبەخت، بەختیار

**سعار:** گەرما، گەرمی ئاگر، تینویەتی

**سعال:** کۆکە، کوخك، کۆخە

**سعایت:** دووزمانی، ئاژاوە گێری، پشت سەری کەسێك قسە کردن بە خراپە، خراپەبێژی

**سعە:** ئاوەڵایی، کراوەیی، توانایی

**سعت:** پان بون، بەرین بون، فراوان بون، ئاوەڵایی، پانی، توانایی

**سعتری:** کەریم، بوێر، دلێر، نەترس، چاوقایم، بەزات، بەجەرگ

**سعد:** پیرۆز، مەیمون، موبارەك

**سعی:** ١- هەوڵدان، خەبات، هەوڵ، کۆشش، تێکۆشین، ڕەنجدان، مەبەست کردن ٢- ڕێگە ڕۆشتن، غار کردن، غاردان

**سعید:** بەختەوەر، بەختیار، خۆشبەخت، کامەران

**سعیر:** ئاگر، بڵێسەی ئاگر، ئاگری دایساو

**سغ:** سەقف، بان، بانی ماڵ، گومەز

**سغ:** شاخ شاخی مانگا

**سغانە:** ماڵی ژێرزەمینی، ساردخانە

**سغب:** برسی بون، برسیەتی

**سغبە:** فرێودراو، هەڵخەڵەتاو، فێڵ لێکراو

**سغد:** وردە باران، نمە باران، بارانی کەم

**سغراق:** گۆزە، گۆزەی دەسەکداری گەورە بۆ شەراب

**سفاە:** نەزانی، نەزانی کردن، ئەحمەقی

**سفاح:** ١- خوێن ڕێژ، ئەوەی خوێنی کەسانیتر بڕێژێت ٢- بەخشەر، میهرەبان ٣- قسە زان، زمان پاراو

**سفاح:** ١- زینا کردن، گان کردنی نارەوا ٢- خوێن ڕشتن، کوشتن

**سفاد:** پەڕین، جووت بونی ئاژەڵەکان

**سفار:** سەفەر کردن، گەشت کردن

**سفارت:** ١- نێومنجی گەری کردن، ڕێکخستنی کاروباری خەڵك ٢- پێش و کاری باڵوێزێك کە لەلایەن دەوڵەتەوە لە وڵاتێکیتر دادەنرێت، نێردراو

**سفارتخانە:** باڵوێزخانە، شوێنی باڵوێز، ماڵ یا تەلارێك کە باڵوێز و کەسانیتر کاری لێدەکەن

**سفارش:** پێشنیار، پێشنیاز، دەستوور، فەرمان، دەستوور بۆ ئەنجامدانی کارێك یا داوا کردنی شتێك

**سفاك:** خوێنخۆر، خوێنڕێژ

**سفال پارە:** لەتەسواڵەت، کاسە و گۆزەی سواڵەت کە شکابێت

**سفال:** سفاڵ، سواڵەت، دەفری گڵین کە لەکوورەدا سوور کرابێتەوە

**سفال:** سووك بون، بێ بەها بوون، سووکی، کەمبەهایی، پەستی، ڕیسوایی

**سفالت:** پەست بون، سووك بون، پەستی، سووکی

**سفالە:** ژێر، خوار، بن، بنج، بناوان، بن و بناغەی شتێك

**سفالگر:** سواڵەت ساز، گۆزەکەر، گۆزەچی، ئەوەی کاری دروست کردنی سواڵەت و قاپ و قاچاخی گڵینە، جێڕك چێکەر

**سفان:** خاوەندی کەشتی، کەشتی ئاژۆ، کەشتیەوان، پاپۆڕوان

**سفاهت:** بێ ئاوزی، بێ مێشکی، نەزانی، گێژی

**سفاهن:** شانە، شانەی قژ داهێنان، شە

**سفە:** بێ عەقڵ بون، بێ مێشکی، نەزانی، کەم ئاوزی

**سفت:** سفت، ئەستوور، سەخت، ڕەق، چڕ، قایم، بەهێز، ستویر

**سفت:** شان، سەرشان، شانە، شانی مرۆڤ یا ئاژەڵ

**سفت:** کوون، کەلێن، دەرز، ڕەخنە، کوونی بچوك وەك کونی دەرزی

**سفتە گوش:** گوێ سماو، گوێ کون کراو، ئەو کەسەی گوێیان کون کردبێت. و مەبەست لە کۆیلە وکەنیز و بەردەیە

**سفتن:** کوون کردن، سمین، سوون، سمتن

**سفر**: سەفەر، گەشت، لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر رۆشتن

**سفر**: کتێب، کتێبی پیرۆز. بەشێك لە بەشەکانی تەورات

**سفره**: سفرە، زاد و توێشو و توێشودانی گەشیار. و پارچەیەك کەلەسەر زەوی رایدەخۆن و قاپ و قاچاخی نان خواردنی لەسەر دادەنێن و بەدەوریدا دادنیشن و نان دەخۆن

**سفره‌خانه**: ژووری نان خواردن، ئەو ژوورەی سفرەی لێ رادەخەن

**سفرجل**: بەهێ، بە، داری بەهێ

**سفسار**: دەلاڵ، چەرچی

**سفساف**: پەست، پەست لەهەر شتێك، هەڵیت و پڵیت، قۆرپات، قسەی بێ ناومرۆك و مانا

**سفسطه**: سەفسەتە، بەڵگە هێنانەوە و لێکدانەوەی هەڵە بۆ پێچەوانەی نیشان دانی راستیەکان، حاشا کردنە لە بابەتە هەستیەکان و ئاشکراکان

**سفسطي**: سوفستایی، ئەوەی سەفسەتە بکات

**سفسیر**: دەلاڵ، چەرچی، وردە فرۆش، کۆنە فرۆش، نێومنجیگەر لەنێوان فرۆشیار و کڕیار

**سفج**: کاڵکی نەگەیو، کندۆرەی پێنەگەشتوو

**سفط**: سەوەتە، زەمێلە، هەرچیس کە لەبەرگ یا گەڵای دار چنرابێت

**سفك**: ڕشتن، ڕشتنی خوێن یا ئاو، زیاتر بۆ خوێ، ڕشتن بەکار دەبرێت

**سفل**: سووك بون، کەم بەها بوون، ریسوا بون

**سفله**: پەست، ریسوا، سوك، ناکەس

**سفلی**: خوار، ژێر، نزم، نەوی

**سفلی**: خوارو، خوارتر، نزمتر، نەویتر

**سفلیه**: خوار، ژێر، پەست، نزم

**سفول**: پەست بون، ریسوا بون، سووك بون، پەستی، ریسوایی، سووکی

**سفیه**: نەزان، نادان، گێژ، خراپەخواز، خوو شڕ، بێ ئاوز

**سفید بخت**: خۆشبەخت، کامەران بەختەوەر، بەشانس، بەخت سپی

**سفید پلت**: بڕوانە سفیدار

**سفید پوست**: سپی پێست، ئەوەی پێستی جەستەی سپیە، ئەوەی لە نەژادی سپیە

**سفید کار**: سپی کار، ئەوەی شتەکان سپی دەکات، و مەبەست لەکەسی چاکەکار و راست کردار

**سفید کاسه**: جوامێر، میوان دۆست، ڕێزگر، بەڕێز

**سفید مو**: موو سپین سەرسپی، ئەو کەسەی مووی سەری سپی بێت

**سفید**: سپی، هەر شتێکی سپی، رەنگی سپی، هەر شتێك کەبەرنگی شیر یا بەفر بێت

**سفیداب**: سپیاو، تۆزێکی سپی کەلەهەندێ مادەیتر دروست دەکرێت و لەنەقاشیدا بەکار دەبردرێت. ئەو تۆزەی ژنان بۆ جوانکاری لە دەم و چاوی خۆیانی دەسوون

**سفیدار**: سپیدار، چنار، جۆرە دارێکە راست و بەرز بەرزیەکەی تا بیست مەتر دەگات و بێ بەرە و لە دارتاشی و بۆ سەقف و بانی ماڵان بەکار دەبرێت

**سفیده**: سپێدە، بەرەبەیانین روناکی دەمەوە بەیانی، کازێوە، ئەلەند

**سفیده**: سپێنە، شلەمەنیەکەی سپی رەنگە لەناو هێلکەدا کەدەوری زەردێنەی گرتوە

**سفیده‌دم**: سپێدەن بوومەلێل، کازێوە، بەربەیان، رووناکی بەیانی

**سفیده‌دمان**: بڕوانە سفیدەدم

**سفیدگر**: سپیگەر، سپیکەر، ئەوەی دەفرە مسیەکان سپی دەکاتەوە

**سفیر**: باڵوێز، نێردراو، نێومنجیگەر، ئەوەی بەنوێنەرایەتی لە لایەن دەوڵەتێکەوە لەپایەتەختی دەوڵەتێکیتر نیشتەجێ بێت

**سفیل**: پەست، سسوك، ریسوا، نزم، بەدبەخت

**سفینه**: کەشتی، پاپۆڕ، کەشتی گەورە

**سفیهه**: ژنی نەزان، ژنی بێ عەقڵ

**سقاء** ئاوگێر، ئاوکێش، ئەوەی ئاو بۆ ماڵان دەبات

**سقاء** مەشکە، مەشکی ئاو، دەفرێکی چەرمی بۆ ئاو یاشیر

**سقام:** نەخۆش کەوتن، نەخۆشی، دەردەداری

**سقامت:** بڕوانە سقام

**سقایت:** شوێنی ئاو خواردنەوە، دەفری ئاو خواردنەوە. و پیشەی ئەو کەسەی ئاو دەگێرێت

**سقر:** جەهەننەم، دۆزەخ

**سقز:** سەقز، بنێشت، مادەیەکی لکێنەرە کەلەپەدی داری بنێشت دەگیرێت و ناوی شارێکە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات

**سقط فروش:** وردە فرۆش، چەرچی، ئەوەی شتی وردە و پەردە دەکڕێت و دەفرۆشێت

**سقط کاري:** خشت کاری، بەکار بردنی خشت و بەرد لەبیناسازیدا

**سقط:** ١- هەر شتێکی پوچ و بێهۆ، سەقەت، ٢- ڕیسوایی، ئابروو چون ٣- هەڵە، هەڵە لەنوسین

**سقط:** لەبارچوو، منداڵ کەپێش لە دایک بون بمرێت و لەسکی دایک بکەوێتە خوار

**سقطي:** وردە فرۆش، فرۆشیاری کاڵا ورد و کەم بایەکان

**سقف:** سەقف، بان، پۆشش مال، ئەوەی بە دار یا بە خشت و ئاسن لەسەر چواردیواری بینای دەکەن

**سقلاب:** سەقلاب، ناوی نەتەوەیەك نیشتەجێ لە کەنارەکانی دانووب کە دواتر لە ئەورووپادا بلاو بونەوە و ئێستاکە پێیان دەڵێن ئۆسلاو

**سقلب:** بڕوانە سقلاب

**سقلمه:** سیخورمە، ئەو زەربەی بە مشت لە کەلەکەی کەسێکی بدەن

**سقم:** نەخۆش کەوتن، نەخۆشی

**سقوط:** کەوتن، داکەوتن، کەوتنەخوار بۆ سەر زەوی،گیران، دەست بەسەرا گیران، رووخان

**سقی:** ئاودان، ئاو بەکەسێك دان بۆ خواردنەوە

**سقیط:** ١- تەرزە، بەفر یا تەرزە کەبباریێت ٢- ئەحمەق، نەزان، گێژ و وڕ

**سقیف:** سەقف، بان، پۆششی ماڵ

**سقیفه:** ١- سایەوان، سەیوان ٢- تەختە یا بەردی پان کەبتوانرێت سەقفی ماڵی لێ دروست بکرێت ٣- پەراسوی وشتر، ئێسقانی کەلەکەی وشتر ٤- تەختە، ئەو تەختی ئێسك شکاوی پێ دەبەستن

**سقیم:** نەخۆش، دەردەدار

**سك:** ١- کوونی دوپشك، هێلانەی جارجالۆکە ٢- چاڵ، چاڵی تەنگ و تەسك ٣- زرێ، زرێی تەسك تەنگ ٤- پەستی، ڕیسوایی، ناکەسی

**سك:** ١- تەکان، جووڵە، لەرە ٢- لفلفین، سیخێکی سەرتیژە کە چوارپێکانی پێ دەئاژون

**سکار:** خەڵووز، پشکۆ، ئاگر، رەژی، پەل

**سکارآهنج:** کۆلۆژ، مقاش، مێلەی ئاسنی کە نان یاگۆشتی لەتەنوور پێ دەردێنن

**سکارو:** برژاون نان یا گۆشتێك کەلەسەر ئاگر دەیبرژێنن

**سکاري:** مەستەکان، سەرخۆشەکان

**سکاف:** پینەچی، پێلادوور، پێلاوچی، ئەوەی کاری دروست کردنی پێلاوە

**سکاك:** ڕیز، سەف، ڕاستە

**سکاك:** سکەلێدەر، ئەو کەسەی سکە دروست دەکات، ئاسنگەر، ئەوەی کێرد و چەقۆ دروست بکات و بفرۆشێت

**سکان:** سوکانی فەرمان، ئامرازێکە لەناو کەشتی بۆ گۆڕینی ڕێگەی کەشتی

**سکان:** چەقۆساز، کێردساز

**سکان:** نیشتەجێ، دانیشتوو، ئارام، سرەوتوو

**سکاها:** سەکاکان، تایەفەیەکی ئاریایی نەژاد کەلەسەرزەوی باکووری رووباری سەیحون نیشتەجێ بوون و لەسەردەمی فەرهادی دووەم پاشای ئەشکانی بەشەکانی باکووری ئێرانیان تالان کرد و ئەو پاشایە لەشەر لەگەڵ ئەوان کوژرا. دەوروبەری ساڵەکانی

١٥٢- لە سیستانی ئەمرۆیی ولاتێکیان دامەزراند و ئەو سەرزەمینە بەهۆی ئەوانەوە ناوی سکستانی پێ برا

**سکب:** ١- چالاکن رۆح سووك ٢- ئەجیب، بلەز، تیژڕەو، ئەسپی ئەجیب و تیژڕەو

**سکب:** رشتن، رژتن، رشاندنی ئاو یا هەر شلەمەنیەکیتر

**سکب:** مس، سورب

**سکە:** ١- سکە، ئامرازێك کەپارەی ئاسنی پێ لێدەدەن. بەمانای رێگای راست، کۆلانی راستیش دێت. ٢- گاسن، ئەوەی زەوی پێ دەکێڵن

**سکتە:** سەکتە، دڵەکوتە، جەڵدە، حاڵەتێك کەناکاو لەمرۆڤدا دەردەکەوێت دەبێتە هۆی بێهۆشی و هەندێ کات دەبێتەهۆی مردن

**سکەزن:** سکەزەن، ئەوەی سکە لێدەدات

**سکج:** کشمش، کشمیش، ترێی ڕەشی وشك کراو

**سکر:** دروست کردن،چێ کردن، دروست کردنی سەدلەبەردەم رووبار، پێومدان، بەستنی دەرگا

**سکر:** سەد، لەمپەر، سەد و لەمپەر کەلەبەردەم ئاودا دروست دەکرێت، ئاوبەست

**سکر:** مەست بون، سەرخۆش بون، ئەو حاڵەتەی بەهۆی خواردنی شەراب و عەرەق لە مرۆڤدا دروست دەبێت

**سکران:** مەست، سەرخۆش

**سکرت:** ١- مەستی، سەرخۆشی، گوومڕایی، ٢ سەختی مردن، بێهۆشی دەمی مردن

**سکرە:** کاسە، قاپ، پیاڵە، کاسە یا پیاڵەی سواڵەت

**سکرت:** نهێنی، داپۆشراو، شاراوە، فەشارياو، نەزانراوە

**سکرتر:** سکرتێرە، نوسەر

**سکرجە:** دەوری، پیاڵە، پەیاڵە، ئەوەی خواردنی تێدەکەن و لەسەر سفرە دایدەنێن

**سکز:** بڕوانە سقز

**سکس:** جنس، جۆر، کۆمەڵە کەسێك کەلەیەك جۆر بن، سێکس، جنس، بەمانای هێزی راکێشانی جنسی دەوترێت

**سکستن:** ١- پچڕاندن، فەقەتیان، زێکفەبون، هەڵوەشاندن، لەت کردن، شەق کردن، دڕاندن ٢- هەڵکەندن، هەڵکەنن ٣- هەڵکەنران، جیابونەوە

**سکسکە:** نزگەرە، نزگرە، حاڵەتێکە بەسەر گیانداردا دێت هەناسەی بەپری سەردەکەوێت و دەنگی هك لەگەرووی دێت

**سکسیون:** بڕین، بڕاوی، پچڕاوی، بەش، هێڵی جیاکردنەوە

**سکن:** سرەوتن، ئارام گرتن، حەوانەوە، پشودان، وچان گرتن، نیشتەجێ بون

**سکنە:** دۆخ، باروودۆخ، ئەو دۆخەی کەسێك تیایدا جێگیرە

**سکنج:** دەم بۆگەن، زار گەنیو، ئەوەی دەمی بۆگەن بێت

**سکنج:** کۆکە، رووشان، کوخك

**سکنجیدن:** تاشین، رووشاندن، تراش دان، رووشانن، بەمانای کۆکە کردن و کۆکینیش دێت

**سکندری:** ئەسکەندەرین تایبەت بە ئەسکەندەری مەزن

**سکندری:** رەتەڵ بردن، حاڵەتی بەسەرەو رۆشتن و کەوتن لەکاتی رێگە رۆشتن بە هۆی گیربون لە شتێك، هلنگفتن

**سکنی:** نیشتەجێ بون، سرەوتن، ئارام گرتن، نشینەگە، شوێنی نیشتەجێ بون

**سکو:** سەکۆ، تەختگا، بەرزی سەرزەوی کەلەبەرد یا خشت دروست دەکەن لەشوێنێکی سێبەردا

**سکوت:** بێدەنگی، بێدەنگ بون، خامۆش بون، ئارام بون، خامۆشی

**سکون:** ئارام گرتن، وەستان و لەجووڵە کەوتن، ئارامی،

**سکونت:** ١- هەزار بون، نەدار بون٢- نیشتەجێ بون، بەمانای مەنزڵ گرتن و نیشتەجێ بون لەشوێنێك

**سکیر:** زۆرمەست، سەرخۆش، هەمیشەمەست، ئەوەی بەردەوام مەست بێت

**سکیزە:** جووتە، جفتەك، جووتە لەقە، هەڵبەز و دابەزی چوارپێ، پێهن

**سکیزیدن:** جووتـه وهشـاندن، جووتـه خـستن، جفتـك خستن، پێهن دانان

**سکیله:** بڕوانه سكسكه

**سکین:** کێرد، کارد، چەقۆ

**سکینه:** سەنگینی، ئارامی، دڵنیایی

**سل:** پردی دارین، تەختەیەك کەلەسەر ئاو دایدەنێن و لەسەری دەپەڕنەوە

**سل:** سیل، سـل، نەخۆشیەکە کە میکرۆبەکـەی لەساڵی ١٨٨٢ لەلایــەن پرۆفیــسۆر کــۆخی ئاڵمانیــەوە دۆزرایـەوە. ئـەم نەخۆشـیـە کاریگـەری لەسـەر هـەمو بەشـەکانی جەسـتە وەك سیەکان و ئێـسك و گورچـیلە دادەنێت بەڵام سیلی ریخۆڵە زیاتر باوە

**سل:** هەڵكێـشان، كێـشانەدەر، دەرهێنـان، دەرهـاوردن، دەرهێنانی شتێك لەناو شتێکیتردا

**سلاب:** جلی رەش، جل و بەرگی پرسە

**سلاب:** فڕێنەر، ڕفێنەر، رووتکەر

**سلاح:** سیلاح، چەك، سـلاح، هـەر ئامرازێـك کەلەشـەڕدا بەکار بڕوات

**سلاحدار:** چەکدار، سیلاحدار، هـەڵگری سیلاح، ئـەوەی سیلاح لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت

**سلاحشور:** شەڕ، مر، ئازا، بوێر، دڵـێرن پیـاوی شـەڕکەری ئازا

**سلاخ خانــه:** کووشتارگا، ئـەو شـوێنەی مـەڕ و مـاڵات و مانگای تیا سەردەبڕن

**سلاخ:** پێست کەن، ئەوەی لەکوشتارگا پێستی ئاژەڵەکان دادەماڵێت

**سلاست:** نەرم بون، رام بون، دەستەمۆ بوون، نەرم خوو، نـەرمی، ئاسـانی، سـانایی، پـاراوی، هاسـانی وشـەکان کـە دەنگی قوورس و کێشەداری تیا نەبێت

**سلاسل:** ئاوی شیرین و بتتام، شەرابی بەتام و دڵگیر

**سلاطین:** سوڵتانەکان، پاشاکان

**سلافه:** گوشراو، گوشراو لەهـەر شـتێك، گوشـراوی ئـاوی ترێ پێش گووشین

**سلال:** سەلەچن، سەلە فرۆش، سەلە ساز

**سلال:** لەڕی، لاوازی، لاغری، نەخۆشی سیل

**سلاله:** منداڵ، نەوە، نەبیرە، ئەوەی لە شتێك بێتەدەر

**سلام:** ١- بێ زیان بون، رزگار بون لـە عـەیب و ئـیراد ٢- مـل دان، مـل بـەرنان، فـەرمان بـردن ٣- سەرسـپاردن، ملکەچی ٤- سڵاو، درووود

**سلامت:** سلامـەت، ساغ، ساخ، تەندروست، بێ عـەیب، بـێ ئیراد

**ســلانه ســلانه:** ئـارام ئـارام، هێـدی هێـدی، سـەلارانە، بەڕێزەوە، سەنگین و سەلارانە

**سلب:** جلی رەش، جل و بەرگی پرسە

**سلب:** رەش پۆشین، جل و بەرگی ماتەم لەبەر کردن

**ســلب:** رفانـدن، فرانـدن، هەڵکەنـدن و جیاکردنـەوەی شـتێك لـە شـتێکیتر، پێـست لـێ کردن،پێـست دامـاڵین، رووت کردنەوە، لێ سەندن

**ســلب:** رفێنــراو، فرێنــراو، بــڕاو، هەڵکـەنراو، ئـەوەی رفێنرابێت یابەزۆر سەندرابێت

**سلب:** لفکە، لفکە یـا پێستی دار کەبەشێوەی بـەن بـای دەدەن

**ســله:** سـەلە، سـەوەتە، زەمێڵـە، دەفرێـك کەلەلقـە ناسکەکانی دارێك بۆ میوە یا شتیتر دەیچنن

**سلحشور:** بڕوانە سلاحشور

**سلحفات:** کیسەڵ، کیسەڵەکان

**سلخ:** پێست لێکردنەوە، پێست داماڵین، داماڵینی پێستی مەڕ یاهەر ئاژەڵێکیتر

**ســلس:** ١- نـەرم بـوون، رام بـوون، دەسـتەمۆبوون ٢- نــەرمی، ئاســانی ٣- میــزە چــرکە، گمیزچــرکە، نەخۆشیەك کەمرۆڤ ناتوانێت میزی خۆی رابگرێت و گمیز بێ ئیرادە دڵۆپ دڵۆپ دێتەدەر

**سلس:** نەرم، هاسان، سانا، رەوان، رام، شەرابی بەتام

**ســلــسالبول:** میزکـەر، ئـەوەی نـەتوانێت رێـچگە لـە میزەچرکەی خۆی بگرێت

**سلـسبیل:** نـەرم، رەوان، ئـاوی بـەتام و شـیرین. و ئـاوی کانیەك لەبەهەشت

**سلسله:** زنجير، ئالقه ئاسنيه بەيەك پەيوەستەكان. چەندين پاشا لەيەك بنەماڵە كەيەك لەدواى يەك پاشايەتى بكەن

**سلطان:** ١- بەلگـه، بورهـان، دەسـەلات، هێـز، فەرمانڕەوايى ٢- سووڵتان، فەرمانڕەوا، پاشا

**سلطنت:** ١- سـووڵتان بـون، پاشـايەتى كـردن ٢- سەڵتەنەت، پاشايەتى، فەرمانڕەوايى، دەسەلات، هێز، توانايى

**سلطه:** دەسەلات، هێز، توانايى، زاڵبون، فەرمانڕەوايى

**سلعه:** جـۆش، زيپكـه، دوومـەڵ، غـوده، غودەيـەك كەلەژێر پێستەوە دروست بێت

**سلعه:** شكاوى، شكاوى سەر، برينێك كەپێستى جەستە بقلیشێنێت

**سلعه:** كاڵا، شتومەك، چتمەك، كالاى بازرگانى

**سلف:** ئاوەلزاوا، دوپياو كەدوخوشكيان كردبێتە ژنى خۆيان

**سلف:** رابـردوو، پێـشين، بەسەرچـوو، و هەركـەس كەپێشتر دەژيا لەباوكان و كەس و كارى كەسێك

**سلف:** سلف، ئامرازێكە لەناو ترۆمبێلدا كەبەهۆيەوە مەكينەى ترۆمبێل هەڵدەكرێت

**سلق:** سلق، چۆندەر، چەوەندەر

**سلك:** ئاوەرێ، ئاوەڕۆ

**سلك:** رشتە، سيم، بەن

**سلم:** ئاشتى، سوڵح، تـەبايى. و كەسێك كە لەئاشتيدا بێت

**سلم:** تەختـە رەش، ئـەو تـەخت رەشـەى خوێنـدكاران لەناو پۆل شتى لەسەر دەنوسن

**سلم:** پەيژە، پێپليكە، پليكانە، نەردیوان

**سلم:** سەلەم، لەداستانەكانى شانامە ناوى كوڕى گەورەى فەرەيدون كە كاتێك فەرەيدون ولاتەكەى لەنێوان كوڕەكانى دابەش كرد رۆم و رۆژهەلاتى بەو سپارد

**سلمانى:** سەرتاش، ئارايشگەرى پياو، ئەوى موى سەر و روخسارى پياوان چاك دەكات

**سلمى:** ساغتر، تەندروستر، سلامەت تر. ناوێكە بۆژنان و هەروەها ناوى هۆزێكى عەرەبە

**سلهب:** درێژ، دراز، بەرز، بلند، كێشراو، پياو يا ئەسپى بەژن بەرز

**سلوان:** فەرامۆش كردن لەبير كردن، لەبير كردنى كار ياپابەتێك و سەرقاڵ بون و رەزامەند و بێ غەم بوون

**سلوت:** رەزامەندى، شادى، شادمانى، خۆشى، ئارامى ناخ

**سلوك:** رۆشتنە شوێنێك، رێگايەك گرتنە بەر و رۆشتن پيايدا، هـەڵس و كـەوت، كـردار، ئاكـار، شـێوە، سـازان، هەڵكردن

**سلول:** خانە، بونـەوەرێكى زينـدوو و هەسـتيار و بزۆك كە توخمى سەرەكى جەستەى بوونەوەرە زيندوەكانە

**سلوى:** ئارام بەخش، هێمن كەرەوە، ئەوەى ئارامى بە مـرۆڤ دەبەخـشێت. و هـەنگوين لەبـەر ئـەوەى شيرينيەكەى ئارام بەخشە

**سليج:** خواردنى بەتام، چێشتى بەتام و چێژ كە خێرا لەقووڕگ بڕواتە خوار

**سليح:** سيلاح، كەرەستەى شەر، چەك

**سليخه:** منـاڵ. و پێستى دارێكى بۆنخۆش هاوشێوەى دارچين

**سليط:** زمان پاراو، زمـان درێـژ، زمـان تيـژ((وەسفە بـۆ پياو و زەمـە بـۆژن)). رۆنـى زەيتـون و هـەر رۆنێك لـە دانەوێڵەكان بگرن

**سليطه:** سەلیتە، ژنى زمان درێژ، زمـان پيس، ژنـى دەم پيس

**سليقه:** زەوق، سرشت، سروشت، رەسم، شێوە، حەز

**سـليل:** ١- هەڵكێـشراو، دەركێـشراو، شمـشێرى دەركێشراو ٢- مناڵ ٣- شەراب

**سليله:** كچ، كەنيشك، مناڵى مێينە، كيژ

**سليم القلب:** دڵ پاك، دڵ روون، ئـەوەى نـاخى گـەش و روون بێت

**سليم:** سلامەت، تەندروست، بێ عەيب، ساغ

**سليمانى:** سڵێمانی، تایبەت بە سڵێمان پاشای بەهێزی بەنی ئیسرائیل (٩٧٠ تا ٩٣٥پ.ز) کە پلە و پایەی پێغەمبەری بو

**سم الفار:** مەرگەموش

**سم:** سەم، ژەهر، زەهر، هەر مادەیەك کەگیانداران بکوژێت

**سم:** سم، نینۆکی دەست وپ ێی چوارپێکان وەك ئەسپ و وشتر و هێستر

**سم:** کون، کون وەك کونی دەرزی

**سم:** کوون، شوول، ئاخوڕ، تەویلە، گەوڕ، شوێنێك کەلەکێو یا لەژێر زەوی دروستی دەکەن بۆ جێ دانی مەڕومالاّت

**سما:** ئاسمان، عاسمان، سەقفی ماڵ، بان

**سمات:** هێما، نیشانەکان

**سماجت:** سوور بون، پێداگرتن، ڤێزەونی، ناحەزبونن ناشیرینی

**سماحت:** جوامێری، جوامێربون، بەخشەر، بەخشین

**سماخ:** کونی گوێ، ناو گوێچکە

**سماروغ:** کارگ، ڤارچ، کارگی خواردن کەلەشوێنە تەڕەکاندا دەڕوێت

**سماروك:** کۆتر

**سماط:** سفرە، خوان، ئەوەی لەسەر زەوی رایدەخەن و خواردنی لەسەر دادەنێن. بەمانای، ڕێکی، نەزم، ریز و دەستەیش دێت

**سماع:** ١- بیستن، شنەفتن، ژنەوتن٢- هەستی بیستن٣- ئاواز، گۆرانی، سروود

**سماع:** ١- گوێگر، بیسەر، ئەوەی گوێ لە قسەی کەسانیتر دەگرێت ٢- جاسووس، سیخوڕ، هەواڵدز٣- گوێڕایەڵ، ملکەچ

**سماعە:** گوێی بیسەر، ئامرازێکە بۆ بەهێز کردنی هەستی بیستن بەتایبەت بۆ ئەوانەی گوێیان گران بوبێت

**سماق:** سماق، توتم، دارێکە کەلەشوێنە ساردەکاندا دەڕوێت کەبەرەکەی بەئەندازەی نیسك و سوور رەنگ و ترشە

**سماك:** بڕوانە سماق

**سماك:** ماسی، ماسیەکان

**سماکار:** سەماکەر، خزمەتکاری مەیخانە

**سمال:** چاودەرهێنەر، چاوهەڵکۆڵ، ئەوەی چاو هەڵکەنێت و چاو کوێر بکات

**سمان:** ئاسمان، عاسمان، و ناوی ڕۆژی بیست و حەوتەم لەهەر مانگێکی هەتاوی

**سمان:** ڕۆن فرۆش، ڕۆن چی، ڕۆنکار

**سمانە:** سەقف، سقەفی ماڵ و هەرچی، بان

**سماوات:** ئاسمانەکان، عاسمانەکان

**سماور:** سەماوەر، دەفرێکی کانزایی کەناوەکەی ئاگرخانەی تیایە بۆ کوڵ هێنانی ئاو و دروست کردنی چایی

**سماوی:** ئاسمانی، عاسمانی، تایەبت بە ئاسمان

**سمبول:** نیشانە، هێما، ئیشارە، رەمز، نمونە، نوێنەر، دروشم، ئیشارە و هێمایەك کە ناسێنەری شتێك بێت

**سمبولیست:** سومبولیست، لایەنگری ڕێبازی سمبولیسم

**سمبولیسم:** سومبولیسم، کردار یاهونەری بەکار بردنی هێما و نیشانەکان بۆ دەربڕینی باوەر یابیرهێنانەوەی ڕووداوێك

**سمت:** ڕێگا، شێوە، شێواز، لا، ڕێچکە

**سمت:** نیشانە، هێما، نیشان، شوێنەوار

**سمپاتی:** حەز، حەزی سروشتی، ئارەزوی سروشتی، پەیوەست بون، دڵسۆزی، پەیوەندی ڕۆحی، هاوخەمی، هاودەردی

**سمپاش:** سەم پاش، ژەهر پاش، پژێنەری ژەهر، ئەوەی سەم دەپرژێنێت لەناو باخ و مەزراکان

**سمج:** تونێل، ڕێگەی ژێر زەمینی، زیندانی ژێرزەمین، شوولی مەڕ و مالاّت لەکێو یالەژێر زەوی

**سمج:** ناحەز، ڤێزەون، بێ شەرم، سوور، پێداگر

**سمح:** جوامێربون، جوامێری، جوامێر، بەخشەر، لێبوردە

**سمدار:** سەمدار، ژەهردار، هەر ئاژەڵێك كەژەهری هەبێت وەك مار و دوپشك

**سمدار:** سمدار، هەر ئاژەڵێك كەسمی هەبێت

**سمر:** شەو، تاریكی شەو، ئەفسانەی شەو، ئەو چیرۆك و داستانەی لەشەودا دەیگێڕنەوە. بەمانای رۆژگار و زەمانەیش دێت

**سمراء** گەنم رەنگ، ئەسمەر، ژنی گەنم رەنگ

**سمرت:** گەم رەنگی، ئەسمەری

**سمروت:** درێژ، كێشراو

**سمسار:** دەلاڵ، كڕیار، ئەو دوكاندارەی كەل و پەلی ناو ماڵ دەفرۆشێت، چەرچی

**سمسانی:** ١- چالاك، چوست، بلەز، رۆح سووك ٢- ناسك، هەر شتێكی ناسك

**سمسم:** ١- رێوی ٢- گورگ

**سمسم:** ١- مەلامێروو، مێروولە سوورە٢- چالاك، چوست، رۆح سووك

**سمط:** جل وبەرگی پەشمین، جلی پەشمی

**سمع:** گوێ، گوێچكە، هەستی بیستن، ئەوەی ببیسترێت

**سمعە:** خۆش، ناوباشی، ناوداری، ناوبانگی چاكە، و ئەوەی كەسێك بیڵێت و بە گوێ كەسانیتری بگەیەنێت، یەكجار بیستن

**سمعك:** سەماعە، ئامرازێكە بۆ بەهێز كردنی هەستی بیستن بەتایبەت بۆ ئەوانەی گوێیان گران بێت

**سمك:** ماسی، ماهی

**سمل:** ١- هەڵكۆڵین، دەرهێنان، كوێر كردن، هەڵكۆڵین و دەرهێنانی چاوی كەسێك٢- چاكسازی، چاكسازی لەنێوان خەڵك

**سمل:** شڕە، شیتاڵ، جل و بەرگی كۆن و شڕ

**سمن بر:** پێست سپی، ناسك، ئەوەی جەستەی سپی و ناسك و بۆنخۆشی هەیە

**سمن:** قەڵەو بون، زڵ بون، قەڵەوی. و جۆرە گوڵێكە

**سمنت:** بڕوانە سیمان

**سمنجونی:** شین رەنگ، ئاسمانی رەنگ، بەرەنگی ئاسمان

**سمند:** ئەسپی زەرد رەنگ، ئەسپی زەرد

**سمندر:** مارمێلكە، مارمێلك، ئاژەڵێكە لەناو و وشكیدا دەژیت و چوارپێی هەیە، پیستی زەرد و پەڵەی زەردی لەسەرە. دەڵێن لەناو ئاگردا ناسوتێت

**سمندور:** بڕوانە سمندر

**سمو:** بەرزبوونەوە، بڵند بون، سەركەوتن، بەرزایی، بڵندی

**سمور:** سمۆرە، ئاژەڵێكە لەرێوی دەكات و گۆشتخۆرە بەڵام لە رێوی بچوكترە

**سموم:** بای گەرم، بای سوتێنەر، بای ژەهراوی، بای گەرم و سوتێنەر كەلەبەهار و هاوین لە سارا و بیابانەكانی ئافریقا و عەرەبستان هەڵدەكات

**سموم:** ژەهر، ژەهرەكان

**سمی:** بەرز، بڵند، لەپێش

**سمی:** هاوناو، هەمنێڤ، هاوتا

**سمیر:** ئەفسانە بێژ، چیرۆك بێژ لەشەودا. بەمانای رۆژگار و زەمانەیش دێت

**سمیراء** ئەسمەر، گەنم رەنگ، ژنی ئەسمەر

**سمیع:** بیسەر، گوێگر، ئەوەی دەبیستێت

**سمیل:** كۆنە، شڕە، شیتاڵ، جل و بەرگی كۆن و شڕ

**سمین:** قەڵەو، پڕگۆشت، گۆشتن، خڕپن، چەوریدار، پڕ چەوری

**سمینار:** كۆبونەوە، ژووماریەك خوێندكاری خوێندی باڵا كەلەژێر سەرپەرشتی مامۆستایەك باس و لێكۆڵینەوە لەسەر بابەتێك دەكەن. خوێندنگا یا دامەزراوەیەك كەژومارەیەكی هاوكار كۆدەبنەوە و لەسەر بابەتێك باس و لێكۆڵینەوە دەكەن

**سن بارتلمی:** كوشتار، كوشت و بڕ، كوشتاری پرۆتستانەكان لە سەڵتەنەتی شارلی نۆیەم پاشای فەرەنسا كەلەرۆژی ٢٤ ئووتی ساڵی ١٥٧٢ ئەنجام درا. لەم رۆژەدا بەهۆی هاندانی دایكی شا (كاترین دومدیسی) سەربازان و زۆربەی خەڵك لە پاریس دەستیان بە كوشتاری پرۆتستانەكان كرد كە بۆماوەی

سێ رۆژ بەردەوام بو و تیایدا ژمارەکی زۆر لە پرۆتستانەکان لە ژن وپیر و منالّ کوژران

**سن:** ١- دیانە، دندانە، دیانەی مشار یا شانە ٢- سن، تەمەن، ماوەی تەمەن، ئەو ماوەی کە لەتەمەنی مرۆڤ یا ئاژەڵێکیتر تێپەربێت

**سن:** دیمەن، شوێنی نمایشت، شانۆ، بەشێك لە هۆڵ کەنمایشت لەوێدا ئەنجام دەدرێت

**سن:** سن، دەعبایەکی بچوکە کەباڵی بچوکی هەیە و لەمەزاری گەنم دەدات و بەیەکێك لەبلاّ گەورەکانی مەزاری گەنم هەژمار دەکرێت

**سنا:** سنا، ئەنجومەنی شێخ و گەورکان (پیران). ئەنجومەنێك کە ئەندامەکانی لە پیاوە ناودار و گەورەکانی ولاّتێك پێکهاتبێت

**سناء:** ١- روونـاکی، رۆشـتنی، نـوورانی ٢- بەرزایی، بلّندی

**سناتور:** سیناتۆر، ئەندامی ئەنجومەنی سنا

**سناد:** وشتری مێ، وشتری مێی زەبەلاح، و هەر ئاژەڵێکی گەورە وەك فیل و کەرگەدەن

**سنار:** بەندەر، لەنگەرگە، ئەو شوێنە لە دەریا کە زۆر قووڵ نەبێت و کەشتی لە گلّدا بچەقێت و نەتوانێت بجووڵێت

**سناریست:** سناریست، نوسەری سناریۆ بۆ فیلم و شانۆ

**سناریو:** شانۆنامە، فیلم نامە، نوسینی تایبەت بە فیلم و سینەما

**سنام:** شەریف،گەورە، سەرۆکی هۆز یا نەتەوە

**سنان:** سەرنێزە، سەری رم، پارچە ئاسنێکی نووك تیژ کەبەداردەست پارمیەوە دەکەن

**سنبادە:** سماتە، سمارتە، بەردێکی رەش، زەبر و زۆر سەختە

**سنباذج:** بروانە سنبادە

**سنباندن:** سماتە کردن، کون کردن، سمتن

**سنبك:** ١- سەرەتا، دەسپێك، سەرەتای شتێك ٢- قەراغ سمی چوارپێ ٣- زەوی رەق و بێ کەڵك

**سنبك:** کەشتی بچوك، بەلەم

**سنبل:** کاری سەرسەری، سەردەستی، کارێك بەسەرسەری ئەنجامدان

**سنبوت:** وێنە، هەیکەل، قیافە

**سنبوسە:** سێ گۆشە، سێ سوچ، هەر شتێکی سێ گۆشە. لەچك، سەرپۆش، لەچکی ژنانە

**سنبوق:** بەلەمی بچوك، پاپۆری بچوك

**سنبیدن:** سمین، کون کردن، سمتن، هەڵکۆڵین

**سنە:** باوێشك، باووشك، سەرەتای خەو، وەنەوز، دەم داچەقاندن لەبەر خەو هاتن

**سنە:** دۆعا، نفرین، دزوێن، دۆعای خراپ

**سنە:** ساڵ، دوانزە مانگ

**سنت:** سەنت، یەك لەسەر سەدی دۆلار

**سنت:** سونەت، شێوە، رێگە، شێواز، سرشت، سروشت

**سنتور:** سەنتور، یەکێك لە ئامێرەکانی مۆسیقا

**سنتورزن:** سەنتوور زەن، ئەو کەسەی سەنتوور دەژەنێت

**سنجابی:** سەنجابی، تایەفەیەك لە کوردەکانی ئێران کەلە کرماشان و ناوچەکانی دەوروبەری بەسەر دەبەن و چەند تیرە و هۆزێکیان لێ دەبێتەوە

**سنجاق:** ئالاّ، بەیداخ، پەرچەم، ئالاّی گەورە کە لەشوێنێکدا هەڵیواسن

**سنجاق:** دەرزی، سنجاخ، سنجاق، سیخێکی بچوکی دەرزی ئاسا کە لەلەجیاتی کون قۆپچەیەکی بچوکی پێوەیە

**سنجە:** کێشاە، بەردی کێشانەن ئەو بەردەی شتێکی پێ کێشانە دەکەن

**سنجد:** سنجو، سونجو، سنج، دارێکە بچوك و چقڵدار گەلاکانی هاوشێوەی گەلاّی بییە، میوەکەی بچوك و پێستێکی سوور رەنگی هەیە

**سنجش:** هەڵسەنگاندن، خەملاّندن، بەراوەرد کردن

**سنجیدن:** هەڵسەنگاندنن کێش کردن، بەراوەرد کردن، خەملاّندن، پێوانە کردن، پیفان و کێشان

**سنحاب:** سمۆرە، سمۆر، سفۆر، ئاژەڵێکە گواندار بچوکتر لە پشیلە، پێستەکەی موی نەرم و پری بە

ڕەنگی خۆڵەمێشی هەیە و زیاتر لە دارستانەکان و لەسەر دارەکان بەرسەردەبات. خواردنەکەی میوە و گوێز و فندق و...

**سنخ:** بن، بنج، بناوان، بنچینە، مادە، بونیاد

**سند:** حەرامزا، زۆڵ، منالێك کەلەسەر ڕێگا هەڵیبگرنەوە، ئەوەی باوك و دایکی دیار نەبێت

**سند:** سەنەد، قەباڵە، قەواڵە، شتێ: کە پشتی پێ ببەستن، بەڵگە، نوسراوێك کەقەرز یا وامێك دیاری بکات یا بابەتێك بسەلمێنێت

**سندان:** زۆردار، بەهێز، پیاوی زل و بەهێز، گورگی بەهێز و درندە

**سندان:** سندان، دەزگا شت لەسەر کوتانی پینەچی و ئاسنگەر

**سندانە:** مێچکەکەر، ماچەکەر، کەری مێ

**سندری:** ١- سەخت، درێژ، کێشراو ٢- شێر، شێری دارستان ٣- پەیمانە، پەیمانەی گەورە

**سندل:** سەندەڵ، پێلاوی دارین. و جۆرێك پێلاو کەلەجیاتی سەرەکەی چەند بەندێکی هەیە کە بە پێ وە دبەسترێتەوە. جۆرە دارێکیشە گەڵاکانی نوك تیژە و بەرگەکانی سپیە

**سندلی:** سەندەڵی، ورسی، چوارپایەی پشتی دار بۆ دانیشتن

**سندیان:** بەڕوو، داری بەڕوو

**سندیکا:** سەندیکا، نوێنەرایەتی چینێك، نوێنەرایەتیەك کەبەمەبەستی لایەنگری کردن لەبەرژەوەندیەکانی چینێکی تایبەت دروست دەبێت وەك سەندیکای کرێکاران

**سنر:** مۆنی، ڕووگرژی، ناوچاو تاڵی

**سنسکریت:** سەنسکریت، سانسکریت، زمانی قەدیمی هیندیەکان. زمانی زانستی و پیرۆزی هیندیەکان کە لەزمانەی هیند و ئەوروپیەکانە و لەگەڵ زمانی ئاڤێستا و فارسی کۆن زۆر نزیك و هاوشێوەیە

**سنگ آتش:** ئاگرگرە، چەخماخە، چەخماقە، جۆرە بەردێکی ڕەق، بەڕەنگی ڕەش یا قاوەیی کەلەبەرکەوتنی لەگەڵ ئاسن جەرەقەی لێدەبێتەوە و پێش دۆزینەوەی شخارتە ئاگریان بەوە دروست دەکرد

**سنگ آسمانی:** بەردی ئاسمان، ئەو بەردانەی لە ئاسمان دادەبارن

**سنگ آسیا:** بەرداش، بەردی ئاش، هەرکام لەو دو تەختە بەردە گەورەی کەلە ئاشدا بەکاریان دەبەن بۆ ئارد کردن و هاڕینی گەنم و جۆ

**سنگ پا:** بەردی پی، جۆرە بەردێکی ڕەقی کون کونە کە سمتن و بریقە پێدانەوەی بەردی مەرمەڕ بەکار دەبرێت و لەحەمامدا بۆ پاك کردنەوەی چڵکی ژێر پێ کەڵکی لێوەردەگرن

**سنگ پشت:** کیسەڵ

**سنگ خاز:** بڕوانە سنگ پا

**سنگ سا:** هەسان، بەردەسان، بەردێك کەشتێکی پێ بسون

**سنگ فسان:** بەردەسان، بەردی هەسان، بەردەساو، بەردێك دچەقۆ و کێردی پێ تیژ دەکەنەوە

**سنگ کلیە:** بەردی گورچیلە، ئەو بەردەی لە گورچیلە دا دروست دەبێت

**سنگ لوح:** تەختە بەرد، تاشەبەرد

**سنگ مرمر:** بەردی مەڕمەڕ، جۆرە بەردێکە

**سنگ مغناطیس:** موغناتیس، ئاسن ڕفێن، بەردی ئاسن ڕفێن

**سنگ نوشتە:** نوسراوی سەرەبرد، بەردی نوسراو، ئەو وشانەی لەسەر بەردێك هەڵکەنرابێتن

**سنگ:** بەرد، بەردی شایەن، سەنگی کێشانە، پارچە بەرد یا کانزایەك بەکێشێکی دیاریکراو کە شتیتری پێ کێشانە دەکەن

**سنگ:** سەنگ، بەر، کەفر، بەرد، کوچك، مادەیەکی ڕەق و سەختە کەلە سەر زەوی و کێوەکان و کانەکان بەشێوە جۆراوجۆرەکان دەست دەکەوێت

**سنگ:** کێش، وەزن، سەنگینی

**سنگتراش:** بەردتاش، بەردتراش، ئەو کەسەی بەرد بۆ بینا دەتاشێت

**سنگدل:** دلڕەق، دڵبەرد، بێ ڕەحم، بێ بەزەیی

**سنگدوله:** تەپو وتۆز، گێژەڵوکە، گەردەلوول

**سنگر:** سەنگەر، پەناگا، گیان پەنا، دیوارێك یا چاڵێك کەلەخۆڵ و بەرد یا چڵ و لقی دارلەکاتی شەڕدا دروست دەکرێت، چەپەر

**سنگرو:** بێ شەرم، ڕوودار، بێ حەیا، ڕووڕەش

**سنگسار:** سەنگسار، بەردباران، ڕەجم کردن، سزایەك کەلەکۆندا باو بوە و تاوانباریان تا کەمەر لەزەویدا ڕۆدەکرد و دواتر بەردبارانیان دەکرد تابمرێت

**سنگستان:** بەردەلاَن، زەوی پڕ بەرد، ئەو شوێنەی بەردی زۆری لێ بێت

**سنگچه:** تەرزە، تەرزە کەلەئاسمان دەبارێت

**سنگچین:** بەردچن، شویرهە، وشکەکەڵەك، دیوارێك کەبەچنینی بەردەکان لەسەر یەك دروست دەکرێت

**سنگك:** ۱- بەردی بچوك، بەرد ۲- تەرزە

**سنگك:** سەنەکی، جۆرێك نان کەلەناو تەنوور لەسەر وردە بەرد دەبرژێت

**سنگلاخ:** بەردەلاَن، زەوی پڕ بەرد، زەویەك کەوردە بەردی زۆری تیا بێت

**سنگهای اذرین:** بەردی بورکان، بەردەکانی بورکان

**سنگور:** سەلە، زەمیلە، سەوەتە

**سنگی:** بەردی، بەردین، تایبەت بە بەرد، دروست کراو لەبەرد. بەمانای گران و سەنگین و قورسیش دێت

**سنگین اسلحه:** سەنگین سیلاح، لەناو نیزامدا بەو کەسانە دەوترێت کە سیلاحی قورسیان پێیە

**سنگین دل:** دڵ ڕەق، دڵ بەرد، بێ بەزەیی، بێ ڕەحم

**سنگین:** سەنگین، قورس، گران، بەکێش. و ئەوەی لەبەرد دروست کرابێت

**سنف:** توێکڵ، توێکڵی دانەوێڵە کە دانە تیایدا جێگیرە

**سنکپ:** بێهۆشی، وەستانی لەناکاوی دڵ

**سنمار:** مانگ، مانگە شەو ۲- دز، گیرفان بڕ ۳- شەو زیندو، ئەوەی بەشەودا ناخەوێت

**سنن:** سونەتەکان، ڕێگاکان، شێوازەکان، شێوەکان

**سنوات:** ساڵ، ساڵەکان

**سنوح:** دەرکەوتن، پەیا بون، ڕوودان، ڕوودانی بابەتێك یا کارێك

**سنور:** پشیلە، کتك ۲- سەرومر، گەورە، سەرۆك ۳- بن کلك

**سنوط:** بێ ڕیش، کۆسە، کۆستە، ئەو پیاوەی ڕیشی نەبێت

**سنون:** ساڵ، ساڵەکان

**سنوی:** ساڵ، تایبەت بە ساڵ

**سنی:** ناسن، ژەنگی ناسن

**سنی:** بەرز، لەپێش، پایە بڵند، پایەبەرز

**سنی:** سونیی، ئەوەی شوێنکەوتووی مەزهەبی سونی بێت

**سنیه:** بەرز، لەپێش، پایەبەرز

**سنیه:** سونی، دەستەیەکی گەورە لەموسوڵمانەکان کەباوەڕیان بە خەلافەتی ئەبوبەکر هەیە دوای پێغەمبەر بەپێچەوانەی شیعەکان

**سنید:** زڕ کوڕ، ئەوەی لەژن یا مێردی پیاو یا ژن نەبێت

**سنین:** ساڵ، ساڵەکان

**سنیور:** سنیۆر، لەنازناوە ئەوروپیەکانە کەلەکۆندا بە خاوەن مڵکەکانیان دەوت

**سهاد:** بێداری، بێ خەوی، کەم خەوی

**سهار:** شەو زیندوو، ئەوەی لەنەخەوتندا زێدەڕۆیی بکات

**سهاله:** وردە، وردە ئاسن

**سهام:** پشك، بەش، پشکەکان، پشکێك لە سەرمایەیی کارخانە یا دامەزراوەیەك

**سهر:** بێدارمانەوە، بەئاگا مانەوە، بێداری

**سهر:** سوور، گای سوور، گا

**سهراب:** سووراو، ئەوەی ئاو و ڕەنگی سووری هەبێت، لەداستانەکانی شانامەدا ناوی کوڕەکەی ڕۆستەم کەلەدەسالیدا کەس هاوتای شەڕی ئەو نەبو کەدواتر لەشەڕێکدا لەگەڵ ڕۆستەمی باوکی کوژرا

**سهره:** سیرە، باڵندەیەکی خۆشدەنگە

**سهستن:** ١- دەرکەوتن، هاتنە بەرچاو ٢- ترسان، ڕەم کردن، ڕەم کردن و هەلاتن

**سهل انگار:** کەمتەرخەم، ئەوەی هەرکارێك یا پێشهاتێك بە ئاسانی بگرێت

**سهل:** سانا، هاسان، ئاسان، نەرم، زەوی نەرم و تەخت

**سهم:** ترس، زات نەمان، تۆقان، ترسان

**سهم:** تیر، تیرێك کەبە کەمان بیهاوێژن. تیروپشك، ئەو تیرەی لە تیر و پشکدا دەیکێشن ٢- بەش، پشك، بەهرە، پار

**سهمگین:** ترسێنەر، مەترسیدار، تۆقێنەر، زاتبەر

**سهمناك:** ترسدار، ترسێنەر، زات بەر، ئەوەی ترسی بەدواوە بێت

**سهمیدن:** ترسان، زات نەمان، ورە لەدەست دان، تۆقان، تۆقین

**سهو:** لەبیکردن، فەرامۆش کردن، بێ ئاگایی، کەمتەرخەمی، فەرامۆشی، لەبیرچوونەوە، بێ ئاگایی

**سهولت:** ئاسان بون، سانا بون، ئاسانی، نەرمی

**سهی:** ڕاست، وەستاو، کێشراو، قیت، قنج

**سهیل:** سوهەیل، ئەستێرەیەکە لەئاسماندا کە یەکێکە لەدرەوشاوەترین ئەستێرەکان

**سهیم:** هاوپشك، بەشدار، هاوبەهرە، ئەوەی لەگەڵ کەسێکیتر لەشتێکدا پشك ببات

**سو:** ئاو، ئاوی ڕووبار

**سوء** خراپە، شەڕ، بەلا، زیان

**سو:** ڕوناکی، ڕۆشنایی، ڕوناهی، بەپێچەوانەی تاریکی

**سو:** سوود، بەرژەوەندی، قازانج، دەسکەوت، بەهرە

**سو:** لا، لایەن، کەنار، قەراغ، تەنیشت، ئەم لاولا

**سواء** ١- ناوەڕاست، نێوان، نێڤەڕاست، یەکسان، بەرابەر، ویژدان ٢- جیا، جیاواز لە، بێجگە، جگە

**سوائب:** گایەڵ، ڕان، گایەڵی مەڕ و مانگا و وشتر لەکاتی لەوەڕین

**سواد:** ١- ڕەشایی، بەپێچەوانەی سپیەتی، ڕەشایی شارێك کەلەدورەوە بەرچاو بکەوێت ٢- خوێندن، خوێندەواری، ئاستی خوێندن

**سوارشدن:** سوار بون، لەسەر ئەسپ یا چوارپێیەکی تر دانیشتن

**سوار کردن:** سوار کردن، کەسێك لەسەر ئەسپ یا هەر چوارپێیەکیتر دانیشاندن

**سوار:** دەسبەند، دەزبەند، قوڵوانە، ئەو ئاڵقەی ژنان لە مەچەکی خۆیان دەبەستن

**سوار:** سوار، کەسێك لەسەر ئەسپ سوار بێت

**سواران آب:** بڵق، بڵقی سەر ئاو

**سواره:** سەرەتای شەو، سەری شەو، بەشی یەکەمی شەو تاکاتی خەوتن

**سواره:** سوار، سوار لەسەر ئەسپ

**سوارکار:** سوارکار، ئەسپ سوار، ئەو کەسەی لە ئەسپ سواریدا شارەزابێت

**سوارنظام:** سوارە نیزام، لەناو نیزامدا بەو دەستە لەسەربازان دەوترێت کەسوار لەسەر ئەسپن

**سواری:** سواری، سواربون، سوار لەسەر ئەسپ یا هەر چوارپێیەکی تر

**سواع:** بەشێك لەشەو، کاتێکی کەم و دیاریکراو لەشەو

**سواك:** سیواك، میسواك، فڵچەی دەم و دان شۆڕین، ئەو دارەی لەدانەکانی دەسوون بۆ پاك بونەوە

**سوام:** گایەل، گاگەڵ، ڕان، گایەلی مەڕ مانگا و وشتر لەکاتی لەوەڕین

**سوبژکتیو:** ناوەکی، ناوی، ناخی، سروشتی، سرشی، کەسیەتی

**سوت وکور:** بێدەنگ، بێ نوور، تاریك، خامۆش، کوژاوە

**سوت:** فیکە، فیقە، ئەو دەنگەی کەسێك لەدەمی خۆی دەیهێنێتەدەر، فیتە، فیك

**سوتام:** کەم، بڕێك، تۆزێك، مسقاڵێك، کەمێك، هەندێ، بچوك، کەم و کوڕ، کێم، بچك

**سوتك:** فیکە، فیقەلە، فیتە، ئامرازێکی کانزایی یا ئێسقانی کەلەدەمی دەخەن و فیکەی پێ لێ دەدەن، فیتفیتۆك، فیرك

**سوپ:** سوپ، ئاوگۆشت، خۆراکی شلەمەنی، شلە

**سوپاپ:** سوپاس، دەلاقە،، دەلاقەی مەکینە هەڵمەکان

**سوپر:** سوپێر، لەپێش، بەرز، بڵند

**سوپرمارکت:** سوپێرمارکێت، بەقاڵی، فرۆشگری گەورە کە هەمو جۆرە خواردەمەنیك و کەل و پەلی ناو ماڵی تیا بفرۆشرێت

**سوپریور:** بەرز، لەپێشین، بڵندین، بەرزین، سەرووبی، ژوورو

**سوخ:** پیاز، پیواز

**سوخت دل:** دڵ سوتاو، دڵ برژاو، خەمبار، خەمۆك، زیان بەرکەوتوو، ستەم لێکراو

**سوخت:** سوخت، سوتەمەنی، مادەی سوتەنی، ئەوەی بسوتێت

**سوخته خرمن:** خرمان سوتاو، ئەوەی خرمانەکەی ئاگری گرتبێت

**سوخته:** سووتاو، شتێکی رەش رەنگ کەلەدووکەڵی تریاك کۆدەبێتەوە و دواتر دەیەنەوە بە شیرە

**سوختەجان:** دڵ سوتاو، مەبەست لە عاشقی دڵشکاو و دڵ سوتاوە

**سوختگی:** سووتاوی، حاڵەتی سوتێنران یا سووتان، ئەو زیانەی بەهۆی ئاگرەوە بەرکەسێك یا شتێك دەکەوێت

**سوختن:** سووتان، سوتن، سوتیان، ئاگر گرتن، ئاگرتێ بەربون، زیاتن بەرکەوتن بەهۆی ئاگرەوە

**سود:** رەش، رەشەکان، رەش پێستەکان

**سود:** سوود، بەهرە، دەسکەوت، داهات، قازانج، بەرژەوەندی، دژی زیان و زەرەر

**سودا:** رەش، پێست رەش

**سودا:** مامڵە، ئاڵە گۆڕ، کڕین و فرۆش، سەودا

**سودابە:** سودابە، لەیداستانەکانی شانامەناوی کچی پاشای هامارون کەکەیکاووس عاشقی بو و لەگەڵ ئەو کەوتە زیندان

**سودا پرست:** خەیاڵاوی، ئەوەی شوێنکەوتووی هەوا و هەوەسی خۆی بێت

**سودازدە:** مالیخولیایی، شەیدا، شپرزە، سەرلێشێواو، پەرێشان، عاشق

**سوداگر:** بازرگان، مامڵەچی، سەوداگەر

**سوداکدە:** مامڵەخانە، شوێنی کڕین و فرۆش، بازار

**سودان:** رەش، رەشەکان

**سوداناك:** هەوەسدار، ئەوەی هەوا و هەوەسی بێت

**سوداور:** سودهێنەر، هەر شتێك کەسوود و بەهرەی لێ بەدەست بێت

**سود پرست:** سود پەرست، قازانج پەرست

**سودجو:** سوود خواز، ئەوەی بەدوای قازانج و سوودەوە بێت، قازانج پەرست

**سودمند:** سوودمەند، بەهرەدار، بەقازانج، بەکەڵك، ئەوەی سوود و بەهرەی بۆ کەسێك یا کارێك هەبێت

**سودن:** ١- سمتن، سوون، کوتان، نەمکردن، کون کردن ٢- بەرکەوتن، دەست لێدان لەشتێك

**سوژه:** بابەت، سووژە، باس، ئەوەی لێکۆڵینەوە یا تاقی کردنەوەی لەسەر دەکەن

**سور:** توند، رەق، دەمارگیر، سەخت، سەنگین

**سور:** دیوار، بورج، دیواری شار

**سور:** سور، میوانی، بەزم، جەژن، زەماوەند، بۆنە و خۆشی

**سوراخ:** کون، دەلاقە، رۆژن، رۆژنە، درز

**سورت:** توندی، سەختی، تیژی

**سوره:** سورە، بەشێکی جیا و سەربەخۆ لە کتێب، بەك بەش لە قورئان

**سورتمه:** سورتمە، کەرەستەیەکی گواستنەوەی بچوك کەلەناوچە بەفریەکان بەهۆی ئەسپ یا سەگ لەسەر بەفر دەکێشرێت

**سوررالیسم:** سورریالیسم، شۆرشێکی ئەدەبی کەلەساڵی ١٩٢٤ ز لەفەرەنسا دەستی پێکرد و مەبەستی دەربڕینی هەست و گومان و خەیاڵ و ئەندێشەی ئازادی نووسەران و شاعیران بو و لایەنگرانی باوەڕیان وابو کەنوسەر و شاعیر دەبێت بێ هیچ کوت و بەندێك یا پەیوەست بونێکی زەینی یا دەمارگیری هونەری و ئەدەبی ئەوەی بە زەین و مێشکیان دەگات بێنە سەرکاغەز

**سورچی:** عارەبانە ئاژۆ، عارەبانەلێخوڕ

**سورن:** هێرش، پەلامار، هەڵمەت، ئاژاوە و دەنگە دەنگی لەشکر لەکاتی هەڵمەت بردن

**سورنا:** زڕنا، سرنا، زوڕنا

**سـوری:** ١- سـور ڕەنـگ، بـەڕەنگی سـوور ٢- سـوری، تایبەت بە سوریە، لە خەڵکی سوریە

**سـوز:** سـوتان، سـوتانەوە، کزانـەوە، ئـازاری ئەنـدامێك لەجەستەی مرۆڤ بەهۆی سووتانەوە

**سـوزا:** ١- سـوتێنەر، ئـاگر، ئـەوەی دەسوتێنێـت ٢- سوتەنی، سوتەمەنی، ئەوەی لە حاڵی سوتاندا بێت

**سوزاندن:** سووتاندن، ئاگرتێ بەردان، سوتیاندن، گڕ تێ بەردان، سوژاندن

**سوزاور:** سووتێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی سووتانی شتێك

**سوزمانی:** قەرەچی، ژنی قەرەچی

**سوزن زدن:** دەرزی لێدان، دروومـان، دوورین، دوورینـی جل و بەرگ بە دەرزی و دەست

**سوزن:** دەرزی، دەرزیلك، سیخێکی کانزایی نـوك تیـژی بچوکە کە قنەکەی کونی هەیە و لەدروومان کەڵکی لـێ وەردەگرن، سووژن، شووژن، شویژن

**سـوزناك:** خـەم هێنـەر، سوتێنەر، ئـاخ و هەناسـەیەك کەلەدڵ کاریگەری دابنێت و دڵ بسوتێنێت

**سوزندان:** دەرزیدان، قوتوی دەرزی، دەفرێکی بچوك کە دەرزی تیا هەڵدەگرن

**سوزنگر:** دەرزی ساز، دەرزی فرۆش

**سوزیان:** سوود و زیان، قازانج و زەرەر

**سوزیدن:** بڕوانە سوختن

**سوس:** سرشت، سروشت، خوو، عادەت

**سوسە:** فێڵ، تەڵەکە، فریو، کەڵەك، درۆ، ریا

**سوسـك:** کێـز، کێـزك، قالۆنـچە، قۆلانـچە، جـۆرە دەعبایەکە باڵدار بەڕەنگی ڕەش یا سوور کە چـەندین جۆری هەیە و نزیکەی سێ هەزار جۆری لێ ناسراوە

**سوسمار:** سووسمار، مارمێلك، خزۆکێکە هاوشێوەی مـار کەدەست وپێی کورت و کلکێکی درێـژ و دەمێکـی زۆر گـەورەی هەیـە. مارمێلکـە چـەندین جـۆری هەیـە لەگەورە و بچوك کەهەندێکیان لەناو ماڵەکانـدا دەژیـن و دەعباکان دەخۆن. ((مارگیسك، زەردەقۆری، بزنەمژە، تیمساح لەجۆرەکانی مارمێلکن))

**سوسـو:** سوسـو، پرتـە پرتـی چـرا، ڕۆشـنایی کـەم کەلەدوورەوە بەرچاو دکەوێت

**سوسیالیـست:** سۆشیالیـست، سۆسیالیـست، لایـەنگری سۆسیالیسم

**سوسیالیـسم:** سۆشیالیـسم، سۆسیالیـسم، هابەشـی، ڕێبازێکـە کەمەبەسـتەکەی چاکسازی کـردن لەسامان دارایـی و گـۆڕینی کەرەسـتەکانی بەرهـەمهێنان لەخاوەنداریەتی تاکەوە بۆ خاوەنداری گشتی و زاڵبونی دەوڵـەت بەسـەر دامـەزراوە گـەورەکانی ئـابووری و سەرچاوە سروشتیەکان لەبەرژەوەندی گشتی خەڵك

**سوسیتە:** کۆما، کۆمەڵ، دەستە، کۆڕ، گروپ

**سوسیس:** سوسیس، باسترمە

**سوسـیلوژی:** سۆسـیۆلۆژی، کۆمەڵناسـی، زانـستی کۆمەڵایـەتی، خوێندنـەوەی زانستی پەیوەنـدی نێـوان تاکەکان

**سوش:** بن، بنج، بناون، بنەما، بنچینە، ڕەگ

**سوشـیانت:** سۆشـیانت، لـەئایینی زەردەشـتی ناونیـشانی هـەرکام لەسێ مۆژدەدەرەکـە کەلـەدوا زەمانـدا هـەرکام بـەماوەی سـێ سـاڵ لەیـەکتر دەردەکـەون و دوای دەرکەوتنی دواهەمین سۆشیانت ڕۆژی کۆتایی دەبێت

**سوچی:** مەیگێر، مەیفرۆش، ئاودار

**سوط:** قامچی، شەلاق، شەلاخ

**سوگ:** ماتەم، پرسە، سەرەخۆشی، خەم، خەفەت، تازیە، تەعزیە

**سـوگدار:** خـاوەن پرسـە، پرسـەدار، ئـەوەی کەسـێکی نزیکی مردبێت و خاوەن پرسە بێت

**سوگلی:** خۆشەویـست، دەزگیران، نـازدار، هەڵبـژێردراو، ئەوەی سەرەنجی زۆری پێ بدرێت، ژنی ئازیز

**سـوگنامە:** پرسـەنامە، نامـەی نوسـراو بـۆ سەرەخۆشـی کردن

**سوگند نامه:** سوێند نامە، ئەو نوسراوەی سوێندی لەسەر دەخۆن. شیعرێك كەشاعیر چەندین جۆر سوێندی تیا بەكار بەرێت

**سوگند:** سوێند، قەسەم، سوێند

**سوگوار:** پرسەگێڕ، خاوەن پرسە، بەڵابەسەر هاتوو، خەمبار

**سوگیانه:** ڕەشپۆشین، جل و بەرگی ڕەش

**سوغات:** دیاری، پێشكەشی، دیاری، دیاریەك كەكەسێك لەسەفەر بۆ هاوڕێكەی خۆی بێنێت

**سوغان:** ۱- جایز بوون، ڕەوا بوون ۲- غاردان، غاردانی ئەسپی بۆ بەشداری كردن لە كێبڕكێدا

**سوفار:** سفاڵ، سواڵەت، دەفری گڵین كەلەناو كوورەدا سوور كرابێتەوە

**سوفار:** كون، دونی دەرزی

**سوفچه:** وردە، پرتكە، ورتكە، ورتكە و پرتكەی شتێك

**سوفیكس:** پاشگر، پیت یا وشەیەك كەبەدوای وشەیەكیتر زیاد دەكرێت

**سوق:** بازار، بازێر، شوێنی كڕین و فرۆشی كاڵا

**سوق:** غاردان، لێخوڕین، غاردانی ئاژەڵ

**سوقه:** مسكێن، ڕەعیەت، ڕەشۆكی

**سوك ریش:** كۆستە، كۆسە، ئەو كەسەی چەند تاڵ مووی بەچەناكەوە بێت

**سولاخ:** بڕوانە سوراخ

**سولان:** بان، سەربان، پەیژە

**سوله:** كون، بۆ هەر كونێك دەوترێت

**سوم:** ۱- مامڵە، بازرگانی، بازار دۆزینەوە بۆ كاڵایەك ۲- بایی، نرخ، بەها

**سوم:** سێیەم، تایبەت بەسێ، ئەوەی دوجار یا سێ جار دووبارە كرابێتەوە

**سومه:** هێما، نیشانە

**سومری:** سۆمەری، سۆمەریەكان، تایەفەیەكی كۆن كەنزیكەی سێ هەزار پ. ز لە كەنارەكانی دیجلە و فورات ژیانیان بەسەر دەبرد و خاوەنی شارتانیەت و پیشەسازی بون

**سون:** لا، كەنار، ڕەخ

**سوهان:** سۆهان، جۆرە شیرینیەكە كەبەگەنم و ئارد و شەكر و ڕۆن دروستی دەكەن

**سوهان:** سۆهان، هەسان، بەردەهەسان، بەردەسان

**سوی:** بەرابەر، بەرامبەر، یەكسان

**سوی:** لا، كەنار، تەنیشت، قەراغ

**سویت:** بەردەوام، یەك لەدوای یەك، سیلسیلە، درێژە

**سویسه:** ڕەنگین كەمان، پەلكە زێرینە، كۆڵكە زێرینە

**سویق:** ئاردی گەنم، ئاردی جۆ، ئاردی نەرم. بەمانای شەرابیش دێت

**سوین:** سوێنە، دەفر، كاسە، گۆزە، دیگ. و دەفری تایبەتی ئاو خواردنەوەی سەگ

**سی ام:** سی یەم، تایبەت بەسی، ئەوەی لە پلەی یا دەرجەی سیدا جێگیر بێت

**سی پاره:** سی بەش، سی جوزءسی بەشی قورئان، سی جزمە

**سی یك:** سی یەك، یەك بەش لە سی بەشی شتێك

**سی:** سی، ژومارەی سی، ۳۰

**سیئه:** ناحەز، قێزەون، خراپ، پیس

**سیا:** سیا كورتكراوی وشەی Central Agency intelligence دەزگای سیخوڕی و دژە سیخوڕی ئامریكا كەدوای شەڕی دووەمی جیهانی دروست بو

**سیاه پستان:** مەمك ڕەش، ئەو ژنەی مەمكی ڕەش بێت

**سیاه دل:** دڵ ڕەش، دڵ تاریك، دڵ پیس، بەگومان

**سیاه روز:** بەدبەخت، چارە ڕەش، خاكەسار

**سیاه چرده:** سەوزە، ئەسمەر، گەنم ڕەنگ، ئەوەی روخساری گەم ڕەنگ بێت

**سیاه چشم:** چاو ڕەش، ئەوەی ڕەنگی چاوی ڕەش بێت

**سیاه گلیم:** بەخت ڕەش، بەدبەخت، خاكەسار

**سیاه گوش:** گوێ ڕەش، ئاژەڵێكی درندەیە كە پێستی قاوەیی ڕەنگ و گوێچەكەی ڕەشی هەیە

**سیاه:** سیا، ڕەش، لێڵ، تاریك، هەر شتێك كەبەڕەنگی خەڵووز بێت

**سیاه بخت:** بەدبەخت، بەخت ڕەش، بێ شانس

**سیاه پوست:** ڕەش پێست، ئەو کەسەی پێستی جەستەی ڕەش بێت، ئەوەی لەنەزادی ڕەش بێت

**سیاه پوش:** ڕەش پۆش، سیا پۆش، ئەوەی جل و بەرگی ڕەشی لەبەردابێت، پرسەگێر

**سیاەدرون:** دڵ ڕەش، دڵ چەپەڵ، دڵ بۆگەن، ناخ پیس، دڵ پیس، ئەوەی دڵ و ناخی پیس بێت

**سیاەدست:** دەست ڕەش، ئەوەی دەستی ڕەش بێت، مەبەست لە بەخیل، چاوچنۆك، ڕژد

**سیاەرو:** ڕووڕەش، ئەوەی ڕوخساری ڕەش بوبێت، گناحکار، تاوانبار، شەمەزار،

**سیاەسر:** سەر ڕەش، ئەوەی موی سەری ڕەش بێت. ژن، ژنی داماو و هەژار

**سیاەسرفە:** کۆکە ڕشە، جۆرە نەخۆشیەکە کەلەکەسێکەوە بۆ یەکیتر دەگوازرێتەوە

**سیاەچال:** سیاچاڵ، چاڵی ڕەش و تاریك، زیندان، بەندیخانە، شوێنی تاریك لەژێر زەوی

**سیاەگون:** ڕەش، بەرەنگی ڕەش، ڕەشباو

**سیاەفام:** ڕەش، ڕەشباو، ڕەنگی ڕەش، تاریك ڕەنگ

**سیاەکاسە:** دەست وشك، بەخیل، چاوچنۆك، ڕژد

**سیاەنامە:** گوناحکار، تاوانبار، خراپەکار، نامەڕەش

**سیاح:** گەشتیار، گەڕۆك، جیهانگەڕ، ئەوەی زۆر دنیا دەگەڕێت

**سیاحت:** گەڕان، گەشت و گوزار، گەشتیاری، گەڕان لەشار و وڵاتەکان

**سیادت:** گەورەیی، سەروەری، مەزنی

**سیار:** گەڕۆك، ئەوەی زۆر دەگەڕێت

**سیار:** کەشك، دۆکلێو، ئەو خواردنەی لەکەشك دروستی دەکەن

**سیارە:** ١- کاروان، قافڵە ٢ - هەسارە، هەسێرە، هەر ئەستێرەیەك کەبەدەوری زەویدا بسووڕێتەوە

**سیاس:** سیاسەتمەدار، رامیار، ئەوەی سیاسەت بکات

**سیاست کردن:** سزا دان، تەمێ کردن، جەزرەبەدان، فەلاقە کردن

**سیاست:** ڕامیاری، سیاسەت، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، چاودێری کردنی کاروباری نێوخۆیی و دەرەکی

**سیاستمدار:** ڕامیار، سیاسەتمەدار، سیاسەتڤان، ئەوکەسەی شارەزای کاروباری سیاسیە، دیپلۆمات

**سیاسر:** بڕوانە سیاەسر

**سیاسی:** سیاسی، ڕامیاری، تایبەت بەکاروباری سیاسەت

**سیاط:** شەلاق، قامچیەکان، شەلاقەکان

**سیاف:** شمشێر وەشێن، پیاوی شمشێر وەشێن، ئەوە بەشمشێر بەباشی بتوانێت شەڕ بکات

**سیاق:** ١- لێخوڕین، لێخوڕینی ئاژەڵەکان ٢- شێوە، شێواز، ڕێ و ڕەسم

**سیاقت:** لێخوڕین، لێخوڕینی ئاژەڵەکان

**سیانور:** سیانۆر، ژەهرێکە کوشەندە

**سیاهاب:** ڕەشاو، ئاوی ڕەش، ئاوی ڕەش و لێڵ

**سیاهکار:** خراپەکار، تاوانبار، سووچدار، ستەمکار

**سیاهی:** تاریکی، ڕەشی، لێڵی، ڕەشاتی

**سیاوخش:** بڕوانە سیاوش

**سیاوش:** سیاوەش، لەداستانە کۆنەکانی ئێران ناوی کوڕی کەیکاووس پاشای گیانی کەلای ڕۆستەم پەروەردە کرابو

**سیب زمینی:** هێڵەرماسی، پەتاتە، سێڤی زەمینی

**سیب:** سێو، سێڤ، میوە و بەری داریکە

**سیبل:** ئاماج، نیشانە، سیبل، پارچە کاغەز یا تەختەیەك کە لە تیرهاویشتندا دەیکەنە نیشانە

**سیە پستان:** بڕوانە سیاه پستان

**سیە چردە:** بڕوانە سیاه چردە

**سیە گلیم:** بڕوانە سیاەگلیم

**سیە:** بڕوانە سیاه

**سیترون:** لیمۆ، لیمۆ ترش

**سیەسار:** بڕوانە سیاەسر

**سیەفام:** بڕوانە سیاەفام

**سیەکار:** بڕوانە سیاەکار

**سیەکاسە:** بڕوانە سیاەکاسە

**سیەنامە:** سیاەنامە

**سیتواسیون:** دۆخ، بارودۆخ، پێگە، جێگە، شوێن

**سیج:** ڕەنج، ئازار، مەینەتی، دەرد

**سیج:** مێوژ، کشمیش، ترێی ڕەشی وشك کراو

**سیجمند:** دەردەدار، ڕەنج کێشاو، ڕەنجاو

**سیخ:** سیخ، شیش، ئەو شیشیە بۆ گۆشت برژاندن بەکار دەبرێت. هەر شتێکی کانزایی یا دارین وەك دەرزی و شیش

**سیخول:** زیزك، زیژوون ژیژك

**سید:** سەروەر، بەڕێز، مەزن. لای مەسیحیەکان نازناوی مەسیح. لەزمانی عەرەبی لەجیاتی کاك بەکار دەبرێت. و لای موسوڵمانەکان هەرکام لەمناڵەکانی پێغەمبەر

**سیدە:** بانوو، خاتوو، خاتوون، ژنی بەڕێز

**سیر:** تێر، سکپڕ، ئەوەی برسی نەبێت. ئەوەی لەبەر خواردنی زۆر سکی پڕبێت

**سیر:** سیر، گیایەکە بەرگی باریك و گەڵاکانی درێژە. لە ژێر زەویدا وەك پیاز دەڕوێت و بەکاڵی و بەکوڵاوی لەگەڵ چێشت و خواردندا دەخورێت. بۆنێکی ناخۆشی هەیە و دوژمنی سەرەکی مارە

**سیر:** گەڕان، پیاسە کردن، ڕۆشتن بەرێگادا

**سیراب:** تێراو، تێرئاو

**سیران:** دیوار، قەڵا، حەسار، دیواری دەوری شار

**سیرت:** شێوە، ڕێچکە، سونەت، مەزهەب، ڕێگە

**سیرسیرك:** سیرسیرە، زیرزیرە، دەعبایەکە کە چوار باڵی ناسکی هەیە و لەهاویندا لەسەر دارەکان ژیان بەسەردەبات و نێرەکەی دەنگێکی تایبەتی هەیە، چرچرك: فـ

**سیرك:** سیرك، شوێنێکی تایبەت کە کاری وەرزشی و بەند بازی تیا ئەنجام دەدرێت بۆ سەرقاڵ کردنی خەڵك

**سیرمان:** ١- یاقووت، یاقووتی سوور ٢- حەریر، حەریری نەخشێنراو

**سیرنگ:** سیمورغ، باڵندەیەکی ئەفسانەیی و نامۆ، قەقنەس

**سیز:** چالاك، توند، بلەز، چوست، تیژ

**سیزەبدر:** سیانزەبەدەر، جەژنێکی کۆنە تایبەت بەئێرانیەکان کەدەڕۆنە دەرەوەی شارەکان و لەو ڕۆژەدا بەسەیران سەرقاڵ دەبن و وەك باوە نەحسی سیانزە لەخۆیان دەردەکەن

**سیزدە:** سیانزە، سیازدە، ژمارەی دوای دوانزە و پێش چواردە

**سیس:** ئەسپ، ئەسپی چالاك و چوست

**سیستم:** سیستەم، نەزم، یاسا، شێواز، جۆر، شێوە

**سیستن:** پەڕین، باودان، هەڵبەز و دابەز کردن

**سیسموگراف:** سیموگراف، زەلزەلەپێو، ئەو دەزگایەی ماوە و توندی زەلزەلە تۆمار دەکات

**سیصد:** سێسەد، ژومارەی سێسەد، ٣٠٠

**سیغ:** کۆکردنەوە، ڕێك کردن، ڕێکخستن، نەزمدان، ساماندان

**سیچیدن:** کۆکردنەوە، تەیار کردن، ڕێکخستن، سازمان دان، ئامادە کردن

**سیگار:** جگەرە، سیگار، گەڵای پێچراوەی توتن بۆ کێشان

**سیطرە:** زاڵبون، چیربون، دەست بەسەردا گرتن

**سیغ:** باش، پەسەند، بەدڵ، جوان

**سیف:** شمشێر

**سیف:** قەراغ، کەناردەریا، بەستێن

**سیفە:** ماوە، مەودا، دووری

**سیفون:** سیفۆن، گەلی، لوولەیەکی چەماوەی لەشێوەی ئەژنۆ

**سیکل:** دەور، دەورە، گەڕان، سووڕان

**سیکی:** سێ یەك، شەراب

**سیل خیز:** لافاوی، سێلاوی، شوێنێك کەلافاوی لێ هەستێت

**سیل گیر:** بڕوانە سیلابگیر

**سیل:** لافاو، لاپاو، سێلاو، لاخێز

**سیلاب:** سێلاو، لافاو، لاخێز

**سیلابگیر:** لافاوگیر، ئاوگیر، زەوی قووڵ کەلافاو تیایدا دەوەستێت

**سیلان:** ڕەوان بون، ڕەوان بونی ئاو یا هەر شلەمەنیەکەیتر

**سیله:** گایەل، گاگەڵ، ڕان، گایەلی مەڕ و ماڵات

**سیلك:** حەریر، هەوریشم

**سیلکس:** چەخماخن بەردی ئاگر گره

**سیلو:** سیلۆ، هەنباری تایبەت بەدانەوێڵه

**سیلی:** شەقەزلله، شەقازلله، شەپازلله، لێدانێك ەبەبەری دەست لەروخساری کەسێك بدرێت

**سیم آگین:** زیو ڕەنگ، سپی، بەرەنگی زیو

**سیم اندام:** ئەندام سپی، ئەوەی جەستەی سپی بێت

**سیم:** خوێناو، چڵك، ئەو چڵك و خوێناوەی لەناو برینذا کۆدەبێتەوه

**سیم:** سیم، وایەر، گەیەنری کانزایی وەك سیمی کارەبا و تەلەفۆن

**سیم:** نوقره، زیو، یەکێکه لەکانزا گرانباییەکان

**سیما:** روخساتر، قیافه، شکڵ، تەرح، ڕواڵەت، دەم و چاو

**سیماب آتشین:** خۆر، ڕۆژ، هەتاو

**سیماب گون:** زیو ڕەنگ، بەرەنگی زیو

**سیماب:** جیوه، کانزایەکی بزۆکه

**سیمان:** سیمان، چیمەنتۆ، تۆزێکه کەلەکەرەستە گرنگەکانی بیناسازیه

**سیمانکار:** سیمانکار، ئەوەی کار بەچیمەنتۆ دەکات

**سیمبر:** ئەندام سپی، ئەندام ناسك، ئەوەی پێستی جەستەی وەك زیو سپی بێت

**سیمەسار:** پەرێشان، شپرزەن سێواو، شڵەژاو

**سیمتن:** بڕوانه سیمبر

**سیمرغ:** سیمرخ، سیمۆرخ، قەقنەس، باڵندەیەکی ئەفسانەییه کەدەڵێن زۆر گەورە بوه و کێوەی قاف هێلانەی بوه

**سیمگر:** زیو ساز، ئەوەی موت و مووری زیوین دروست دەکات

**سیمکش:** سیمکەش، وایەرمەن، ئەوەی سیمی کارەبا و تەلەفۆن بۆ ماڵان ڕادەکێشێت، کارەباچی

**سیمیا:** نیشان، هێما، جوانی، شادانی، تەڕ و تازەیی

**سیمین بدن:** بڕوانه سیمبر

**سیمین عذار:** جوان، روخسار جوان، دەلال، بەدڵ، ئەوەی روخساری جوانی هەبێت

**سیمین:** سپی ڕەنگ، ئەوەی بەرەنگی زیو بێت

**سینه ریش:** دڵ ئازار، دڵ شکاو، ئەوەی دڵی لەخەم و خەفەتا شکابێت

**سینه:** سینه، ئێسکی سەرەوەی سك لەملّ بەرەوخوار

**سینەبند:** مەمکبەند، شاماکی، ستیان، مەمکەلۆس

**سینەچاك:** ئازاردیتو، ڕەنج کێشاو، بەلا بەسەر هاتو، عاشقی دڵ سووتاو

**سینجر:** بلێسه، شەراره، بلێسەی ئاگر

**سینما:** سینەما، هونەری نیشاندانی زنجیره وێنەکان و کاری هونەرمەندان و سینەماکاران کەلەسەر فیلم تۆمار دەکرێت و دواتر لەسەر پەردەیەکی تایبەت نیشان دەدرێت. لەساڵی ١٨٩٠ ئەدیسۆن ئامێرێکی بۆ نیشاندانی وێنەی جوولاو داهێنا. لەساڵی ١٨٩٤ برایانی لۆمیەر دەزگای سینەما تۆگرافیان داهێنا که دەیانتوانی لەهەر شوێنێك کەبیانەوێت فیلم هەڵگرن و لەسەر پەرده نیشانی بدەن. لەساڵی ١٨٩٥ بۆ یەکەم جار سینەمای بێدەنگ لە فەرەنسا نیشاندرا و ٢٨ دسامبره ڕۆژی جیهانی سینەمایه. لەساڵی ١٩٢٧ سینەمای دەنگ و لەساڵی ١٩٣٢ سینەمای ڕەنگی هاته ئاراوه

**سینوس:** ناوبەتاڵ، هەر شوێن یا شتێك کەناوەکەی بەتاڵ و خاڵی بێت

**سینی:** سینی، دەفرێکی کەلەزیو یا مس یا کانزاکانیتر دروست دەکرێت

**سیه:** قەحبه، داوێن پیس، ژنی ناپاك، لەش فرۆش

**سیهك:** تەپ و تۆز، تەپ و تۆز کەبا لەهەودا بڵاوی دەکاتەوه. بای توند

**سیو:** بڕوانه سیب

**سیوف:** شمشێر، شمشێرەکان

**سیویل:** شاری، وڵاتی، نارەسمی، نافەرمی

**سیی:** قێزەون، ناحەز، ناشیرین، ناپەسەند

# ش

**ش:** ش، پیتی شانزەیەم لەئالفابێتی فارسی کەبەشین دەخوێندرێتەوە

**ش:** راناوی لکاوی نادیار بەمانای ئەو، لەکوردیدا دەبێتە (ی) وەك چۆن دەڵێن پێنووسەکەی، کتێبەکەی...

**شائبە:** عەیب، ئیراد، کەم و کووڕی، گومان، شك، تێکەڵاوی، دوردونگی

**شائق:** تامەزرۆکەر، بە ئارەزو، بەتاسە، کەسێك کە تامەزۆریی بینینی بین

**شائك:** چقڵدار، دڕکاوی، دڕکدار

**شاب:** گەنج، لاو، تازە پێگەشتوو، پیاوی گەنج، جەحێڵ

**شاباش:** شاباش، پارەیەك کەلە ناو بۆنە و جەژنەکاندا بە گۆرانیبێژی دەدەن یا بەسەر بووك و زاوادا بڵاوی دەکەنەوە

**شابرگان:** بڕوانە شاپورگان

**شابرن:** بڕوانە شاپورگان

**شابهار:** شابەهار، ناوی دەشتێکە لای کابوول پایەتەختی ئەفغانستان کەلەسەردەمی سوڵتان مەحمودی غەزنەوی شوێنی خێوەت هەڵدانی لەشکر بوە

**شاپکا:** شاپکا، شەپقە، جۆرە کڵاوێکە

**شاپور:** بڕوانە شاهپور

**شاپورگان:** شاپورگان، تایبەت بە شاپور یەکەم پاشای ساسانی. ناوی یەکێك لەکتێبەکانی مانی کەبەزمانی پاڵەوی ساسانی لەسەردەمی شاپووردا نوسیویەتی چونکە شاپوور گرنگی زۆری بەمانی داوە و پشتیوانی لێکردوە مانی ئەو کتێبەی بەناوی شاپوورەوە ناوناوە

**شاپ و شوپ:** شڵپە شڵپ، دەنگی ئاو کاتێك کەسێك دەست یا قاچی تێدەخات

**شات:** مەڕ، پەز، مەڕ چ مێ چ نێر

**شاخ:** ١- شاخ، شاخە، لق، لقێك کەلە قەدی دار دەڕوێت ٢- شاخ، شتێکی هاوشێوەی ئێسقان کەلەسەری هەندێ ئاژەڵ دەڕوێت٣- بەمانای پارە و بەش و بەهرەیش بەکاری دەبەن

**شاخ:** پیاڵە، پەیمانە، پیاڵەی شەراب خواردنەوە

**شاخابە:** جۆگە، چەم، رووباری بچوك، چەم کەلە رووبار جیا دەبێتەوە

**شاخ اهو:** کەمان، کەوان، کەوانی تیرهاویشتن

**شاخ برديوار:** گەردنکێش، یاخی، سەرکێش، لەخۆبایی، لەخۆڕازی

**شاخ بشاخ:** ١- شاخ بەشاخ، حاڵەتی دوئاژەڵی شاخدار لەکاتی رووبەڕوو بوونەوە شاخ لەشاخی یەك گیر کردن، شاخ لەشاخ گیر کردن ٢- جۆراوجۆر، رەنگاوڕەنگ

**شاخ بن:** لقی دار، شاخەی دار، دار

**شاخچە:** ١- شاخی بچوك٢- تۆمەت، بوختان، درۆ

**شاخدار:** شاخدار، خاوەن شاخ، ئەو ئاژەڵەی کەشاخی هەبێت

**شاخ دراوردن:** شاخ دەرهێنان، شاخ دەرکردن، و مەبەست لەسەر سوورمانی زۆر، واق وڕمان

**شاخ زدن:** ١- لق دەرکردن ٢- شاخ وەشاندن، شاخ وەشاندنی ئاژەڵی شاخدار لەکەسێك یا ئاژەڵێکیتر

**شاخ شانە:** شاخ و شانە، ئێسکی شان و شاخی مەڕ یا مانگا کەلەکۆندا هەندێ لە سواڵکەرەکان بەدەستیان دەگرت و لەیەکیان دەدات و سواڵیان دەکرد

**شـاخص:** ١- بلنـد، بـەرز، ديـار، ٢- چاوكراوە، بينـا، هەڵبـژێردراو، بـژاردە، ئـەوەی لـەناو خەڵكدا ديـار و هەڵبژاردە بێت٣- نوێنەر، و نيشانەيەك كەلەهەتاو بۆ دياری كردنی نيوەڕۆ دەستنيشانی دەكەن

**شاخك:** ١- شاخی بچوك ٢- لقی بچوك، لق

**شاخ وبال:** شاخ و باڵ، شاخەو لقەكانی دار

**شاخ و برگ:** شاخە و گەڵا، لق و گەڵا، شاخ و بـەرگ، قسەيەك كەبە راستی قسە يا داستانێك زياد بكرێت

**شـاخور:** ١- شـاخدار، خـاوەن شاخ٢- شـاخدار، پـڕ لـق، دارێك كە لقی زۆری هەبێت

**شـاخە:** شـاخە، لـق، ئـەوەی لـە قـەدی دار دەروێت. و ئەوەی لە شتێكيتر جيا ببێتەوە، لق، دەستە

**شاخين:** شاخدار، خاوەن شاخ

**شاد:** شاد، شادان، شادمان، خۆشحاڵ، سـەرزيندوو، رازی، رەزامەند، بێخەم، خۆش

**شاداب:** شادان، تێراو، تەڕش و تازە

**شادان:** شادان، شادمان، شاد، خۆشحاڵ، بێخەم

**شادباش:** شاباش، بۆ پيرۆزبايی بەكار دەبرێت

**شـادبخت:** بەختـەوەر، بەشـانس، بـەخت سـپی، خۆشبەخت

**شـادبهر:** شـادی بەشـن ئـەوەی بەشـی شادی و خۆشـی بێت، خۆشحاڵ، بەكەيف

**شادخ:** مناڵ، گەنج، جەحێڵ، لاو

**شادخو:** خۆشحاڵ، شاد، شادان، شادمان

**شادخواب:** خەوخۆش، خەو شيرين، خەوی خۆش

**شادخوار:** خۆشحاڵ، شاد، شادان، خۆش

**شـاددل:** دڵـشاد، خۆشـحاڵ، خـۆش، شـادان، دڵخـۆش، بەكەيف

**شادربان:** بڕوانە شادروان

**شـادروان:** شـادەربان، پـەردە، پەردەيـەكی گـەورە كەلەكۆنـدا لەبـەردەم بارەگـای سـوڵتانەكان دەيانكێـشا. بەمانای فەرش و راخەری گرانبايیش دێت

**شـادروان:** خوالێخۆشـبو، وشـەی رێـز لێنـان بۆكەسـی مردوو، رۆح شاد

**شادروز:** بەختەوەر، خۆشحاڵ، شاد، شادان

**شادزيستن:** بەخۆشی ژيان، بەختەوەر ژيان، لە كـەيف و خۆشيدا ژيان بەسەر بردن

**شادكار:** شاد، شادان، شـادمان، خۆشـحاڵ، خـۆش، كـەيف خۆش

**شادكام:** شادان، كامەران، بەختەوەر، خۆشبەخت

**شادگونە:** پاڵپشت، پـشتی، دۆشـەك، تۆشـەك، بـاڵاپۆش. بەمانای ژنی قەشمەر و قسە خۆشيش دێت

**شـادمان:** شـادمان، شـادان، شـاد، خۆشـحاڵ، دەم بـەبزە، خۆش

**شادمانە:** بڕوانە شادمان

**شادمند:** بڕوانە شادمان

**شادناك:** بڕوانە شادمان

**شادوان:** بڕوانە شادروان

**شـادورد:** ١- خرمانـەی مـانگ٢- فـەڕش و تـەختی پاشايەتی

**شـاديانە:** شـاديانە، شـادمانانە، تايبـەت بـە شـادی، لەشاديدا، لەشادمانيدا، لە شادانيدا

**شادی آور:** شادی هێنەر، خۆشـی هێنـەر، ئـەوەی دەبێتـە هۆی خۆشی و شادی

**شـادی بخـش:** شـادی بـەخش، خۆشـی بـەخش، ئـەوەی شادی و خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێت

**شاديـچە:** قەرەوێڵە، تـەختی خـەو، بـاڵاپۆش، بـەتانی، پەتوو

**شادی فزا:** شادی زيادكەر، شادی هێنەر، خۆشـی هێنـەر، ئەوەی شادمانی زياد دەكات

**شـادی كنـان:** بـەدەم شـادی كردنـەوە، بـەدەم خۆشـی كردنەوە، لەكاتی شادی و خۆشيدا، لەشاديدا

**شادی گستر:** شـادی بـەخش، خۆشـی بـەخش، ئـەوەی يـا ئەو شتەی دەبێتە هۆی شادی و خۆشی

**شاذ:** شاز،كەم وێنە، بێ وێنە، تاك، بێ هاوتا

**شاذان:** شادان، ناوێكە

**شار:** شار، شارێ، بينای بەرز، تەلار، باڵەخانە

**شار:** شار، نازناوێکە لەکۆندا بەپاشاکانی غورجستانیان دەدا

**شـــارب:** خـۆر، ئـەوەی دەخواتـەوە، وەك ئـاوخۆر، شەرابخۆر، نۆشکەر

**شارب:** سمێل، سمبێل، موی پشت لێوی پیاو

**شاربن:** رەشـە بـڕین، نەخۆشیەکە زیـاتر لـەناو مـەڕ و مـالآت بـلآو دەبێتـەوە و دەبێتـە هـۆی مرداربـوونی زۆربەیان

**شارت و شورت:** شات و شوت، هات و هاوار، فشە، قاڕەقاڕ، قاوەقیز

**شـارح:** لێکـدەرەوە، شیکەرەوە، لێکۆلـەر، ئـەوەی کتێـب یابابـــەتێك لێکبداتـــەوە و شـــی بکاتـــەوە و کـــەم وکووڕیەکانی دەستنیشان بکات

**شـــارد:** ڕەم کـردوو، نافـەرمان، چـەموش، نافـەرمانن سەرپێچی کەر

**شاردە:** بڕوانە شارد

**شارژ:** ١- شارژ، بڕی کارەبا لـەناو دەزگایـەك یـا پیلێك ٢- بار، قورسایی کار، مالیات

**شارژدافرا:** موختار، بریکاری وەزیر

**شارسان:** شار، شارۆچکە، شارستان

**شارستان:** شار، شارستان

**شارع:** دۆزەرەوەی ڕێگا، ڕێنوێنیکەر، ڕێ نیشاندەر

**شارع:** ڕێگا، ڕێ، شەقام، شارێ، جادە، ڕێگەی ڕاست

**شـــارق:** تـیش بـەخش، تابـان، بریقـەدار، درەخـشان، درەوشاوە

**شارلاتان:** شارلاتان، فێلباز، ریاکار، فریودەر، ئەوەی بـە فریو و و ریاکاری خەلك فریو بدات

**شارمار:** شامار، حەفیا، عەفیا، ماری گەورە

**شاروان:** بڕوانە شادروان

**شارە:** شارە، دەستاری گەورە و ناسك کە پیاوانی هیندی لـەدەوری سـەریانی دەبەسـتن. ئـەو چارشـێوەی ژنـی هێنـــدی لەخۆیـــەوە دەئالێنێـــت یاســـەری خـــۆی پێدادەپۆشێت

**شارە:** جوانی، زینەت، جل و بـەرگ، پەسـەندی، باشـی، چاکی

**شاری:** شار بون، نازناوی پاشاکانی غورجستان

**شاریدن:** سەرەوخواربونەوەی ئاو یاهەر شلەمەنیەکیتر لەسەرەوە بۆ خوارەوە رژان، ئاو هاتنە خوار

**شاس:** ١- لاواز، لەڕ، لاغر، بێ گۆشت، دالگۆشت، وشك، سیس ٢- بەدفەڕ، خراپەخواز، خراپەکار

**شاســت:** نـەزان، ئەحمـەق، گێـژ، وڕ، کـاس. هـەروەها بالندەیەکیشە حەلال گۆشت

**شاسع:** دوور، مالی دوور. ئاوارە، ئـەو کەسـەی لـە شار و ولاتی خۆی دوور بێت

**شاسعە:** بڕوانە شاسع

**شاسـی:** شاسـی، چوارچێـوە، قـاپ، ئاسـن بەنـدی ژێـر ترۆمبێل کەبەشەکانیتر لەسەر ئەو جێگیر دەکرێن

**شاش:** میز، مێز، گمێز، پێشاو، زەهراو

**شاش بند:** میزبەند، میزبەست، نەخۆشیەکە نـەخۆش بەهۆیەوە ناتوانێت میز بکات

**شاشـدان:** میزەلـدان، میـزدان، گمیـزدان. شـوێنێك یـا دەفرێك کەمیزی تیا دەکەن

**شاشدن:** بڕوانە شاشیدن

**شـاش زدن:** پیاهـەلمیزتن، میـز کـردن، میـز کـردن بـە شتێکا

**شاشو:** میزکەر، میزبەخۆداکەر، منالێـك کـەبێ ئـیرادە میز بەخۆیا بکات، دەلەمیز

**شاشیدن:** میز کردن،پێشاو ڕشتن، گمیز کردن، میزاندن

**شاشیە:** کلاو، کلایو ژێر جامانە

**شـاطر:** ١- نـەترس، چـاوکراوە، بـەزات، بـوێر، چـالاك، زیـــرەك، چوســـت ٢- نانـــەوا، ئـــەو کەســـەی نـــان بەتەنوورەوە دەدات

**شاطی:** کەنار، قەراغ دەریا، بەستێن

**شـــاع:** ١- بـلاو، ئاشـکرا، ٢- هاوبـەش، هاوپـشك، جیانەکراوە، دابەش نەکەراو

**شاعر:** شاعیر، هەلبەستوان، هەلبەست ڤان، ئەو کەسەی شێعر دەهۆنێتەوە

**شاعرانە:** شاعیرانە، وەك شاعیرەكان، شاعیرئاسا

**شاعرە:** شاعیر، هەڵبەست وان، ژنی شاعیر

**شاعی:** ١- دوور، پێچەوانەی نزیك ٢- پشك، بەشی هاوبەش، بەهرەی هاوبەش

**شاغل:** سەرقاڵ، ناچاركەر بەكار، كاریا پیشەیەك كەكەسێك سەرقاڵ بكات، سەرقاڵی

**شاغول:** شاغوڵ، شاهۆڵ، گلۆڵەیەكی كانزایی هەڵواسراو بەبەن یا پەت كەلەبیناسازیدا بۆ تاقی كردنەوە راستی و خوارۆی دیوار بەكاری دەبەن

**شافع:** شیفاعەتكەر، خوزیار، دۆعاكەر

**شافعی:** شافیعی، یەكێك لەچوار مەزهەبە سەرەكیەكەی سوونیەكان كە دەگەرێتەوە بۆ ئەبو عەبداللە محەمەد كوڕی ئیدریسی شافعی (١٥٠ تا ٢٠٣) كۆچی. ژمارەی لایەگرانی زیاتر لە ٨٠ ملیۆن كەس و زیاتر لە میسر و عەرەبستانن

**شافی:** شیفادەر، چاككەرەوە، ساغكەرەوە، ئەوەی تەندروستی دووبارە بۆ كەسێك دەگەرێنێتەوە، دەرمانی سوودمەند كەنەخۆشی چارسەر بكات

**شافیدن:** كەوتن، هەڵخلیسكان، خزان، خلیسكان

**شاق:** دژوار، سەخت، تاقەت پرووكێن، كاری دژوار و سەخت

**شاقول:** بڕوانە شاغول

**شاقە:** بڕوانە شاق

**شاك:** شاك، بزنی نێر، بزنی پیر

**شاك السلاح:** چەكدار، داپۆشراو بە سیلاح

**شاكار:** سوخرە، كاری بێ كرێ كەسێكی پێ ناچار بكەن

**شاكر:** شوكرانەبژێر، سوپاسكەر

**شاكری:** بەكرێ گیراو، خزمەتكار، كارەكەر

**شاكلە:** شێوە، قیافە، رواڵەت ٢- شێواز، رێچكە، شێوە، رێباز ٣- نیاز، پێویستی، پێداویستی ٤- لا، تەنیشت، رەخ، كەنار ٥- خاڵیگە، قەبرغە، كەلەكە

**شاكی:** شكاتكەر، گلەییكەر، گازندەكەر

**شاكی السلاح:** بڕوانە شاك السلاح

**شاگرد:** بەردەست، شاگرد، ئەوەی لەبەردەستی یەكێتر فێری كار یا هونەرێك دەبێت. منداڵێك كە لە خوێندنگا دەخوێنێت

**شاگردانگی:** شاگردانە، ئەو بڕە پارەی كەكڕیار بۆ قەرەبو كردنەوەی زەحمەتی شاگرد وەك رەسمێك بە شاگردی دوكان یا شوێنێكی دەدات

**شاگردانە:** شاگردانە، تایبەت بە شاگردەكان، بەردەستانە

**شال:** شاڵ، جۆرە پارچەیەكی سادە یا گوڵدار كەلەپەشم یا كوڵك دروست دەكرێت

**شالدە:** بڕوانە شالودە

**شالم:** گەنمە تاڵە، گەنمە شێتە، شێلم

**شالنگی:** موو باف، پەت بادەر، ئەوەی بەن و پەت بادەدات

**شالودە:** بناغە، بنچینە، بن دیوار، نەخشە

**شالهنگ:** بارمتە، گرەو، بەمانای فێڵ و فریویش دێت

**شالی:** شەڵتووك، چەڵتوك، برنج كەهێشتا لەپێستەكەی دەرنەهاتبێت

**شالی پایە:** چەڵتووك جاڕ، مەزرای برنج

**شام:** ١- سەرشەو، سەرەتای شەو، دەسپێكی شەو، ئەو كاتەی كەهەوا تازە تاریك بووبێت ٢- ئێواری، ئەو خواردنەی لەئێواریدا دەیخۆن

**شاماخ:** بڕوانە شاماك

**شاماك:** شاماكی، مەمكەلۆس، مەمكبەند، ستیان، بەریەخە، پێش بەند، ئەو پارچەی ژنان لەكاتی قاپ شوورین بەبەر خۆیانی دەبەستن

**شامپانی:** شامپان، شەمپانی، جۆر شەرابێكی تایبەت كەلەباشترین جۆری ترێ دروستی دەكەن

**شامپو:** شامپۆ، سەرشۆر، پێكهاتەیەكی كیمیاییە كە بۆ شۆردن و پاك كردنەوەی سەر بەكار دەبرێت

**شامپیون:** پاڵەوان، قارەمان، براوەی كێبڕكێ، بەرگریكەر، شەڕكەر

**شامخ:** بەرز، بەرزایی، بڵندی

**شامخە:** بەرزایی، بڵندی، بەرزی

**شامگاه:** ئێوارێ، دەمەوئێوارێ، سەرەتای شەو
**شـامل:** لەخۆگر، شمول، شتێك كەهەمو یا هەموان بگرێتەوە
**شامە:** بۆنكردن، هەستی بۆنكردن
**شامە:** دەسماڵ، رووسەری، چارشێو
**شامی:** لەخەڵكی شام، تایبەت بە شام. هەروەها جۆرە خواردنێكیشە
**شامیانە:** سیهوانە، كەپر، سایەوان، سەیوان
**شان:** راناوی كۆ، ئەوان
**شان:** شان، شكۆ
**شان:** شان، كەندوو، هێلانەی هەنگ، كەنوو
**شانتاژ:** فێڵ، تەڵەكە، فریو، ریاكاری، هەرەشە كردن لەكەسێك بۆ دركاندنی نهێنیەك
**شاندن:** شانە كردن، داهێنان، شانە كردنی قژە سەر
**شانزە:** شانزە، شانزدە، ژمارەی ١٦
**شانس:** شانس، بەخت، ناوچاو، نێوچاو، هات
**شانك:** جیكەڵدان، جیقەڵدانە، جیكڵدانە
**شـانكر:** ناگرە، جۆرە نەخۆشیەكە لەجووت بونەوە دروست دەبێت
**شانە:** شان، شە، شانە، ئامرازێكە دارین یا پلاستیك بۆ داهێنانی قژ
**شانەبین:** فالبین، فالگر، فالگرێك كەلەرووی ئێسقانی شانی مەڕ فاڵ دەگرێتەوە
**شانەسر:** شانەبەسەر، پەپو سلێمانكە، پەپوسلێمانی، پەپوسلێمانی
**شانەگر:** شانەساز، ئەو كەسەی شانە دروست دەكات
**شانیدن:** بڕوانە شاندن
**شاوغر:** شەیپوور
**شــاە:** شـە، شا، پاشا، سوڵتان، فەرمانڕەوا، تاجدار، كەسێك كەبەسەر وڵاتێك پاشایەتی بكات
**شاه انجم:** هەتاو، خۆر، رۆژ، شای ئەستێرەكان
**شاه انجیر:** شاهەنجیر، باشترین جۆری هەنجیر
**شاهانە:** شایانە، وەك شاكان، پاشایانە
**شـاهباز:** شاباز، جۆرەبازێكی راوكەری سپی رەنگی گەورەیە
**شـاهبال:** شابال، شاپەڕ، گەورەترین پەڕ لە پەڕەكانی باڵی مریشك
**شاه بلوط:** شابەڕو، جۆرە دارێكە گەلای نوك تیژ و دانەداری هەیە
**شـاهبندر:** شابەندەر، سەرۆكی لەنگەرگە، سەرۆكی بازرگانان
**شاهبو:** شابۆن، عەمبەر، عەنبەر
**شاهپر:** بڕوانە شاهبال
**شاه پرك:** پەپولە، پوپەك، پەروانە
**شاه پسند:** شاپەسەند، جۆرە گوڵێكە بەرەنگی سپی و سوور و زەرد و وەنەوشەیی
**شاهپور:** شاپوور، شاهپوور، كوڕی شا، شازادە
**شاهتوت:** شاتوو، دارێكە پڕ شاخ و بەرگ، بەرزاییەكەی تا ١٥ مەتر دەگات. میوەكەی رەش رەنگە و هاوشێوەی تووی سپیە
**شــاهتیر:** شاتیر، كۆڵەكە، نێرگە، دارێكی درێژ و ئەستوور كەلەسەقفی ماڵدا بەكار دەروات
**شـاهد:** شایەت، شاهد، كەسێك كە كار یا رووداوێكی بەچاوی خۆی بینیبێت و شایەتی بدات
**شاهدارو:** شا دەرمان، شادەوا، باشترین جۆری دەرمان
**شاهداماد:** زاوا، تازە زاوا، گەنجێك كەتازە ژنی هێنابێت
**شاهدانج:** بڕوانە شاهدانە
**شاهدانە:** شا دانە، گیایەكە یەكساڵە هاوشێوەی گەزنە كەبەرزییەكەی تا ٢ مەتر دەگات
**شـاهدباز:** گانەر، ئەوەی لەگەڵ كوڕ یا ژنی گەنج و جوان رادەبوێرێت
**شاهد پرست:** دەزگیران پەرەست، خۆشەویست پەرەست، دڵبەر پەرەست
**شاهدخت:** شاكچ، شاكیژ، كچی شا، كچی شازادە
**شاهدوش:** جوان، دەلال، بەدڵ، شۆخ، شەنگ
**شاهراە:** شارێ، شارێگە، جادە یا شەقامی سەرەكەی كە شوێنی هاتوچۆی خەڵك بێت

**شاهزاده:** شازاده، کوڕ یا کیژی شا، ئەوەی لە شا بوبێت
**شاهزنگ:** ئەنگوستە چاو، تاریك، شەوی تاریك
**شاهزیره:** زیرە، زیرەی ڕۆمی
**شاهسوار:** شاسوار، سوارکاری چالاك و شارەزا لە ئەسپ سواری
**شاهسون:** شادۆشت، شاپەرست، لایەنگری شا
**شاهفش:** شایانە، شاهانە، شاناسا، وەك شا
**شاهفنر:** شافەنەر، گەورەترین ئیسپرینگ لەناو کەرەستەکانی گواستنەوە
**شاهق:** بەرز، بڵند، بەرزی لەکێو و بینا و هەرچی
**شاهقه:** بڕوانە شاهق
**شاهکار:** شاکار، کاری گەورە و بەرچاو، کارێك کەهونەری تیا نیشان درابێت
**شاه کاسه:** شاکاسە، کاسەی گەورە
**شاهگان:** شایانە، شاهانە، تایبەت بەشا
**شاهمات:** شامات، دەستەواژەیەکە لەیاری شەترەنج بەکار دەبرێت ئەو کاتەی شا مات دەبێت
**شاهماهی:** شاماسی، جرە ماسیەکەی بچوکی دەریایی
**شاهنامه:** شانامە، شاهنامە، کتێبێکی گەورە کە بەسەرهات و داستانی پاشاکانی ئێرانی تیا نوسراوەتەوە
**شاهنامەخوان:** شانامە خوێن، ئەوەی شانامە بەدەنگ دەخوێنێتەوە
**شاهندن:** خۆپاراستن، پارێزکار بونن پارێزکاری، خۆبەدوور گرتن لەخراپە
**شاهنشاه:** شای شاکان، شەهەنشا، پاشای گەورە
**شاهنشین:** شانشین، شوێنی دانیشتنی شا لەژوورێکدا
**شاهوار:** شایانە، شیاو بۆ شا، هەر شتێکی گرانبایی کەشیاوی شا بێت
**شاهوش:** بڕوانە شاهفش
**شاهول:** شاهۆڵ، شاغۆڵ
**شاهی:** شایی، پاشایەتی، پاشایەتی کردن، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتن، شاهاتی
**شاهی:** شایی، پەنابا، یەك لەسەر بیستی ڕیاڵ

**شاهی:** تەرەتیزە، تەرەتیزك
**شاهیدن:** پاشایەتی کردن، سەڵتەنەت، پاشایەتی
**شاهین:** شاهین، یەکێکە لەباڵندە ڕاوکەرەکان هاوشێوەی هەڵو، شەهێن، شاهێن
**شاهین:** شاهێن، زوانەی شایەن، داری درێژی شایەن کەتای شایەنی پێ قایم دەکرێ
**شایان:** شایان، شیاو، ژێهاتی، هەلگر، ژ هەژی
**شاید:** لەوانەیە، ئەگەری هەیە، دەکرێت، بەئەگەری زۆر
**شایستن:** شیاوبون، ژێ هاتن، پێکەوتن، شان هەلگرتن، شایان بون
**شایع:** بلاو، پرژ، ئاشکرا، هەواڵێك کەلەناو خەڵکدا بلاو ببێتەوە
**شایعه:** شایعە، هەواڵێك کەبلاو بوبێتەوە
**شایگان:** شیاو، شایان، هەلگر، ژێ هاتی، هەر شتێکی باش و پەسەند و گرانبایی
**شایورد:** خرمان، خرمانەی مانگ
**شاییدن:** بڕوانە شایستن
**شأمت:** شووم، ناپیرۆز، ناموبارەك، بەدبەختی، نەگەبەتی
**شأن:** شان، کار، حاڵ، بابەتی گرنگ و گەورە. شان شکۆ، مەزنی، گەورەیی
**شب:** شەو، لەناوبون تا هەلاتنی خۆر کەهەوا تاریکە، شەڤ
**شباب:** گەنج بون، جوان بون، لاوی، جەحێلی، هەرەتی لاوی
**شباب:** لاوەکان، گەنجەکان، تازە پێگەشتوان، جەحێڵەکان
**شبابیر:** شەپوور، شەیپوورەکان
**شباروز:** شەوانە ڕۆژ، شەوانە ڕۆژی
**شباشب:** شەوانە، لەشەودا، لەکاتی شەودا، بەشەوا
**شبالنگ:** نێچیر، ڕاو، ئاژەڵێك کەڕاوی دەکەن
**شبان:** شەوەکان، شەوان
**شبان:** شڤان، شوان،پاسەوانی مەڕ و مالات لەدەرەوە

**شبان:** لاوەکان، جەحێڵەکان، گەنجەکان

**شب انبوی:** بڕوانە شب بو

**شب اندر روز:** شەو ڕۆژ، شەوانە ڕۆژی ٢٤ کاتژمێرە

**شبانروز:** شەوانە ڕۆژ، شەوانە ڕۆژی

**شبانگاه:** شەوانە، لەشەودا، لەکاتی شەودا، بەشەودا

**شبانگاه:** شوول، شەوگا، شوێنی مەڕ لەشەودا

**شبانە:** شەوانە، تایبەت بەشەو

**شبانە:** شەوان، شڤان

**شبانەروز:** شەوانە ڕۆژ، بیست و چوار ساعەتە، شەوانە ڕۆژی

**شباویز:** شەوپەڕە، باڵندەیەکە لەکاتی شەودا بەچنگاڵەکانی خۆی بە لقی دارەکان خۆی هەڵدەواسێت و بانگ لێدەدات

**شباهت:** لێکچون، هاوشێوەیی، وەك یەکی، فەك یەکی

**شباهنگ:** ١- بولبول، ٢- کاروان کوژە، ئەستێرەی بەیانی

**شباهنگام:** شەوانە، لەکاتی شەودا

**شب بارە:** ١- شەو پەرست، شەو خۆشەوست ٢- قەحبە، داوێن پیس، ژنی خراپەکار

**شب بازە:** شەو پەڕەی، کوندەبەبو، کونەبەبوو، شەمشەمەکوێرە

**شب برات:** شەوی بەرات، شەوی پانزەیەمی مانگی شەعبان

**شب بو:** شەوبۆ، گوڵێچکە وەنەوشەیی لەدوای ڕۆژئاوا بون بۆنی خۆش دەدات

**شب پرە:** شەو پەڕە، کونەبەبوو، شەمشەمەکوێرە

**شب پوش:** شەو پۆش، ئەو جل و بەرگەی لەکاتی شەودا لەبەری دەکەن

**شب پوی:** شەوگەڕ، ئەوەی بەشەودا دەڕوات

**شبت:** دالان، سەرسەرا، دالانی بچوك

**شب تاب:** شەوتابان، هەر شتێك لەشەودا بدرەوشێتەوە، شەوچرا

**شب تاز:** شەوخون، پەلاماری شەو

**شبچراغ:** شەوچرا، گەوهەرەی درەخشان، گەوهەرێك کەلەشەودا وەك چرا بدرەوشێتەوە

**شب چرە:** شەوچەرە، ئەو ئاجیل و میوە و شیرینیەی لەشەودا دەیخۆن. بەمانای لەوەڕینی مەڕ و ماڵات لەشەویشدا دێت

**شب چك:** شەوی بەرات، شەوی پانزەیەم لەمانگی شەعبان

**شبح:** مۆتەکە، جەستە، لەش، ڕەشایەك کەلەدوورەوە بەرچاو بکەوێت

**شب خسب:** بڕوانە شب خواب

**شب خواب:** شەوخەو، ئەوەی لەشەودا بخەوێت. بەمانای شوێن خەو و جێگەیش دێت

**شبخوان:** بولبول

**شب خوش:** شەوباش، شەوخۆش، وشەیەکە کەلەشەو بەتایبەت لەکاتی ماڵ ئاوایی کردن دەیڵێن

**شبخون:** بڕوانە شبیخون

**شبخیز:** شەونوێژ، ئەوەی لەشەودا لەخەو هەڵدەستێت بۆ نوێژ کردن و پاڕانەوە، شەو زیندوو

**شبدر:** شەومر، شەبدەر، شەودەر، جۆرە گیایەکی تایبەتە بۆ خواردنی ئاژەڵەکان

**شبدیز:** شەو ڕەنگ، شەو ئاسا، بەڕەنگی شەو، ڕەش، تاریك

**شبر:** وەجەب، قولانج، بست، لەسەری پەنجە گەورە تا سەری پەنجە بچوك

**شبر:** مارەیی، کابین

**شبر:** بەخشش، بەخشین، هەواڵ، باشی، چاکی

**شبراق:** ١- توندی، توندی هەر شتێك ٢- شڕە، جلّ و بەرگی دڕاو و کۆن، دڕاوی

**شبرنگ:** ڕەش، شەوە ڕەنگ، بەڕەنگی شەو، تاریك

**شبرو:** شەوگەڕ، ئەوەی لەشەودا بەڕێگادا دەڕوات، ئەوەی بەشەودا سەفەر بکات

**شب زندەدار:** شەو زیندوو، ئەوەی شەو تابەیانی نەخەوێت بۆ پاڕانەوە و پەرستین

**شبست:** قێزون، ناحەز، دزێو، ناشیرین لەهەرچی، کرێت

**شبستان:** حەرەمسەرا، جێگەی شەو، خەوگە، شوێن خەو

**شبشت:** بڕوانە شبست

**شبع:** تێربون، تێری

**شبعان:** تێر، دژی برسی

**شبغاره:** شەوین، شەڤین، شوێنی مانەوەی ئاژەڵ لەدەشت و دەر

**شبق:** جنس، شاوەت، ئامەزرۆیی بۆ جووت بون

**شب قدر:** شەوی قەدر، شەوێك لەمانگی رەمەزان کەشەوی پاڕانەوە و پەرستینە

**شبك:** تەشی، نەتەرە، ئامرازی ساکاری بەن بادان

**شبكار:** شەو کار، ئەوەی بەشەودا کاردەکات، شەڤکار

**شبكور:** شەوکوێر، ئەوەی بەشەودا هیچ نابینێت

**شبكوك:** هەژار، دەروێش، نەدار، هەژارێك کە شەوان دەڕواتە سەر بەرزایی و داوای یارمەتی لەخەڵك دەکات

**شبكه:** تۆڕ، ڕەشکە، هەر شتێکی کون کون

**شبگاه:** شەوانە، لەشەودا

**شبگاه:** شەوگە، شەڤین، شول، شوێنی مانەوەی مەڕ و ماڵات لەشەودا

**شبگرد:** شەوگەڕ، حەسحەس، پاشەوان، ئەوەی بەشەودا دەگەڕێت

**شبگز:** ساس، کنە، شەوگەز، دەعبایەکە لەشەودا بەمرۆڤەوە دەدات

**شبگون:** رەش، تاریك، شەو رەنگ، بەڕەنگی شەو

**شبگیر:** کازێوە، کازیوە، ئەلەند، بەرەبەیان

**شبل:** بێچوە شێر، بێچوە شێر کەبتوانێت ڕاو بکات

**شب مانده:** شەوماوە، بەرماوە، پاشماوەی شەو، ئەوەی لەشەوی ڕابردوو بۆ بەیانی دەمێنێتەوە

**شب نامه:** شەونامە، هەر نوسراوێك کەشەوانە و بەنهێنی لەناو خەڵکدا بڵاوی بکەنەوە

**شب نشینی:** شەڤ نشینی، شەو نشینی، میوانی چون لەشەودا، دانیشتنی شەوانە و قسە و باس کردن

**شبنم:** شەونم، خوناڤ، تەڕیەك کەشەوان لەسەر گەڵای گیاکان پاشتی تر دروست دەبێ، شەڤنم، ئاونگ

**شبور:** شەیپوور، بۆق، کەڕەنا

**شبه:** وەك، وەك یەکی، لێکچو، هاوشێوە، هاوتا

**شب هنگام:** شەوانە، لەشەودا، لەکاتی شەودا

**شبهه:** گومان، شك، دوردونگی، دودڵی، گمان لەکارێك یا باسێك کەبەدڵنیایی نەتوانرێت بڕیاری لەسەر بدرێت

**شبی:** جل و بەرگی شەو، ئەوەی لەشەودا لەبەری دەکەن

**شب یازه:** شەمەشەمەکوێرە، کوندەبەبو، کونەبەبوو

**شبیخون:** شەووخون، هێرش و پەلاماری شەو، هەڵمەت بردنی لەناکاو لەشەودا بۆ سەر سوپای دوژمن

**شبینه:** شەوانە، شەڤینە، تایبەت بەشەو، و خواردنێك کەلەشەو مابێتەوە

**شبیه:** هاوشێوە، لێکچو، وەك یەك، هاوتا، وەك، وێنەی

**شپاشاپ:** شڵپە شڵپ، دەنگی بەرکەوتنی بەردەوامی شتێك بەشتێکیتر

**شپش:** ئەسپێ، هەسپێ، دەعبایەکی ورد کە پێی کورت و شاخی هەیە و لەناو جل و بەرگ و قژی مرۆڤ دروست دەبێت

**شپشاپ:** بڕوانە شپاشاپ

**شپشپ:** بڕوانە شپاشاپ

**شپشك:** بڕوانە شپشە

**شپشه:** ئەسپێ، هەسپێ، ئەسپێی دەغڵ و دان

**شپل:** فیکە، فیقە، دەنگێك کەبەخستنە ناودەمی دوپەنجە دروست دەبێت

**شپلت:** بڕوانە شپل

**شپلیدن:** فیکە لێدان، فیقە لێدان، فیکەکێشان

**شپیل:** بڕوانە شپل

**شپیلیدن:** گوشین، زەخت لێکردن، پاڵ پێوەنان

**شت:** بڵاو بوونەوە، پرژ و بڵاو بوونەوە، بڵاوی، پرژی

**شتا:** برسی، ئەوەی نانی بەیانی یا نیوەڕۆی نەخواردبێت

**شتاء:** زستان، وەرزی سەرما، زسان

**شتاب:** خێرایی، پەلە کردن، چالاکی و خێرایی، پەلە کردن و خێرایی لەکارێك، لەز

**شتابان:** بەپەلە، خێرا، ئەوەی بەپەلە بەرێگادا بڕوات، بڕوانە لەز

**شتاب زده:** عەجوول، بەپەلە، شپرزە، ئەوەی زۆری پەلەبێت

**شتابكار:** پەلەکەر، ئەوەی بەخێرایی و پەلەپەل کارەکانی ئەنجام بدات

**شتابگر:** بڕوانە شتابكار

**شتاب گرفتن:** پەلە کردن، پەلەپەل کردن، خێرایی لەکاروبار

**شتابيدن:** بڕوانە شتافتن

**شتات:** بلاوبوونەوە، بلاوی، پرژ و بلاوی

**شتافتن:** پەلە کردن، بڕوانە لەزی، خێرایی کردن، بەپەلە کرایك ئەنجام دان، پەلە کردن لەرۆشتندا

**شتاگ:** لق، شاخە، پەل

**شتام:** جنێوفرۆش، دەم پیس، زمان شڕ، زمان شەڕ، دژوێن فرۆش

**شتر:** بڕین، پچڕاندن، قرتاندن، لەت کردن

**شتر:** بڕاوی، پچڕاوی، هەلگەڕانەوەی پێلوی چاو، کەم و کوڕی

**شتر:** وشتر، حوشتر، ئاژەلێکە گەورە و حەلال گۆشت و کاوێژکەر و کە مل و دەست وپێی درێژی هەیە

**شتربار:** وشتربار، باری وشتر، ئەو برە بارەی وشتر بتوانێت بەیەك جار هەلیگرێت

**شتربان:** وشتربان، حوشتربان، وشترڤان، پاسەوانی وشتر

**شتربچه:** بێچوە وشتر، بەچکە حوشتر

**شترچران:** وشترلەوەڕێن، ئەو کەسەی کاری لەوەڕاندنی وشترە

**شترخان:** حوشترخان، شترخانە، شوێنی حەوانەوەی وشتر. ئەو چواردیواریەی وشتری تیا رادەگرن

**شترخو:** وشتر خوو، ئەوەی خووی وەك شوتر بێت، وشتر دڵ، رق لەدڵ وەك وشتر

**شتردار:** وشتردار، ئەوەی شوتری هەبێت، حوشتردار، وشتروان، حوشترڤان

**شتردل:** وشتردڵ، حوشتر دڵ، ئەوەی دڵی وەك وشتر بێت، بوغزاوی، رق لەدڵ، ترسەنۆك

**شترقرباني:** وشتر قوربانی کردن، قوربانی کردنی وشتر لە رۆژی جەژنی قوربان

**شترك:** ١- بێچوە وشتر، بەچکە حوشتر ٢- شەپۆل، هەلبەز و دابەزی وشتر

**شتركين:** کیندار، قین دار، بوغزاوی وەك وشتر، دڵ پڕ قین

**شترگاو:** زەڕافە

**شتر گربه:** وشتر پشیلە، مەبەست لەدوش شتی نارێك و نەگونجاو

**شترمرغ:** وشترمر، وشترمل، حوشتر مل، مەلێکی گەورەیە کەملێکی درێژ و سەرێکی بچوکی هەیە و پێی درێز و کلکی کورت و بالی بچوك بەلام ناتوانێت هەلفرێت کە زیاتر لەساراکانی ئافریقا دەست دەکەوێت

**شترنج:** شەترەنج، یاریەکە فکری کەبە سی و دو مۆرە یانی شانزەی رەش و شانزەی سپی دەکرێت

**شتروار:** وشترئاساحوشتر ئاسا

**شتروان:** وشتردار، حوشتردار

**شتكار:** بڕوانە شدكار

**شتم:** دژوێن دان، جنێودان، جوێن دان

**شتوي:** زستانی، زسانی، تایبەت بەزستان

**شته:** ١- ترێ، هەنگوور ٢- پاشماوە، میوە یا خۆراکێك کەشەوی بەسەرا تێپەڕیبێت

**شتي:** بلاوەکان، پرژ و بلاوەکان

**شتيت:** پرژ و بلاو، بلاو،

**شج:** سەرشکاندن، شکاندنی سەری کەسێك

**شجاج:** سەر شکاندن، سەر شکاندنی یەکتر

**شجاج:** بڕینی سەر، کێم و بڕینی سەر

**شجار:** شەڕ کردن، نەیاری، دوژمنایەتی، هەلنەکردن

**شجاع:** دلێر، بوێر، ئازا، چاونەترس، ڕەشید، زاتدار، بەجەرگ

**شجاعت:** بوێری، دلێری، زاتداری، چاونەترسی، بەجەرگی

**شجام**: سەرما، وشکە سەرما، وشکە سەرما کەدارەکان وشك بکات

**شجانیدن**: سارد کردن، سەرد کردن، فێنك کردن

**شجر**: دار، درەخت

**شجره**: دارێك، درەختێك

**شجعاء** دلێران، بوێران، چاونەترسان، ئازاکان

**شجعان**: بڕوانە شجعاء

**شجعه**: بڕوانە شجعاء

**شجلیز**: سەرمای سارد، وشکە سەرما

**شجم**: هیلاکی، فیرۆیی، لەناوچوون

**شجن**: خەم، خەفەت، کەسەر، پەژارە، مەینەتی، دەرد. بەمانای شاخە و لقی لەیەك ئاڵۆزاویش دێت

**شجون**: خەمبار بون، خەم خواردن، خەمۆکی، خەفەتباری

**شجه**: شکانی سەر، برینی سەر

**شجیج**: سەرشکاو، ئەوەی سەری شکابێت

**شجیدن**: سارد بون، سەرما خواردن، سەرما بردن

**شجیع**: بوێر، دلێر، زاتدار، ئازا، چاونەترس

**شجیعه**: بڕوانە شجیع

**شح**: بەخیل بون، چاوچنۆکی، تەماحکاری، ڕژدی، بەرچاوتەنگی

**شح**: بەرچاو تەنگ، بەخیل، ڕژد، تەماحکار

**شحاح**: بەخیل، چاوچنۆك، ڕژد، تەماحکار

**شحم**: چەوری، بەز، دووك

**شحمه**: پلێك چەوری، پلێك بەز

**شحنه**: پۆلیس، دارۆغا، پاسەوانی ناوشار

**شحیح**: بەخیل، ڕەزیل، بەرچاوتەنگ، ڕژد، تەماحکار

**شحیم**: قەڵەو، گۆشتن، پڕ گۆشت

**شخ**: پەل، لق، شاخە، لقی دار

**شخ**: لووتکەی کێو، بەرزایی سەرکێو، زەوی ناڕێك و بەرز

**شخ**: قرێژ، چڵك، چڵکی جل و بەرگ و جەستە

**شخال**: ڕووشان، برینداز کردن بەسووکی

**شخالیدن**: ڕووشانن، ڕوشاندن، برینداز کردن بەسووکی

**شخاییدن**: بڕوانە شخالیدن

**شخسار**: بەردەڵان، زەوی پڕ بەرد و ناڕێك

**شخش**: کۆنە، دڕاو، شڕ، شڕە، جل و بەرگی کۆن و دڕاو

**شخش**: کەوتن، ڕووخان، هەڵخزان، خلیسکان، خزان، هەڵخلیسکان

**شخشخه**: شەخشەخە، دەنگی بەریەك کەوتنی سیلاح

**شخشیدن**: خزان، خلیسکان، هەڵخلیسکان، هەڵخزان

**شخص**: مرۆڤ، ئینسان، تاکم، کەس، جەستەی مرۆڤ، بەیەن، لەش

**شخصیت**: کەسایەتی، کەسیەتی، سرشتی هەر کەسێك، خوو و خەدەیی تایبەتی کەسێك

**شخکاسه**: تەرزە، ژاڵە

**شخ کمان**: بەهێز، زۆردار، پڕهێز. و هەروەها تیرهاوێژێك کەکەمانێکی سەخت و بەهێزی لەدەستا بێت

**شخلیدن**: بڕوانە شخولیدن

**شخم**: شێف، شێڤ، جووت کردن، کێڵان، زەوی کێڵان و ئامادە کردنی بۆ کشتوکاڵ

**شخودن**: ڕوشانن، برینداز کردن، ڕوشاندن

**شخوص**: ١- بەرزبونەوە، دەرکەوتن، هەڵهاتنی ئەستێرە ٢- چاو کردنەوە، چاو کردنەوە و نەتروکاندنی پێڵوەکان

**شخول**: بانگ، ناڵە، هاوار، قیڕە، فیکە، فیقە

**شخولیدن**: بانگ کردن، ناڵاندن فیکە کێشان، فیقە لێدان

**شخیدن**: خزان، هەڵخلیسکان، خلیسکان و کەوتنە خوار لەشوێنێك

**شخیص**: زل، زەبەلاح، چوارشانە، گەورە، مەزن، بەڕێز، سەرومر

**شخیصه**: بڕوانە شخیص

**شخیلیدن**: بڕوانە شخولیدن

**شد**: ١- بەهێز کردن، شەتەك دان، قایم کردن ٢- هەڵاتن، ڕاکردن، غار کردن، پەلاماردان ٣- هەڵهاتن، دەرکەوتن، هەڵهاتنی ڕۆژ

**شداد:** شەداد، کوڕی عاد، پاشای عەرەبستانی سعودی کە دەڵێن بەهەشتی عاد تایبەتە بەو

**شدت:** توندی، تەنگ و چەڵەمەیی، دژواری، سەختی، نالەباری

**شدکار:** شێفکراو، جووتکراو، کێڵدراو، زەوی کێڵدراو

**شدکیس:** پەلکە زێڕینە، کۆڵکە زێڕینە، رەنگین کەمان

**شدن:** بوون، رۆشتن، سووڕان، ئەنجام دران، کران، تێپەڕین، رەوان بون

**شدو:** کەم، تۆز، کەم و تۆز لە شتێکی زۆر

**شدەبند:** پەیامنێر، هەواڵنێر، رووداونوس، مێژوو نوس، دیرۆك نوس

**شدیار:** بڕوانە شدکار

**شدید:** توند، بەهێز، سەخت، رەق، بڵند، بەرز

**شدیده:** بڕوانە شدید

**شر:** شەڕ، خراپ بون، خراپە کردن، خراپی، پێچەوانەی خێر

**شر:** شەڕ، بەدفەڕ، خراپەکار، خراپەویست، کردار پیس، ناپاك

**شراء** کڕین، کڕین و فرۆش

**شراب:** خواردەمەنی، هەر شلەمەنیەك کە بۆ خواردنەوە ببێت، شەراب، مەی، بادە، عارەق، ئەوەی پیاو سەرخۆش بکات

**شراب:** شەرابخۆر، ئەوەی زۆر شەراب دەخواتەوە

**شرا بخانە:** شەرابخانە، مەیخانە، مەیکەدە

**شرا بخوار:** شەرابخۆر، عارق خۆر، مەیخۆر

**شرابدار:** ساقی، مەیگێر

**شرابزدە:** مەی زەدە، ئەوەی لەبەرخواردنەوەی زۆر شەراب یا عارەقی لەبەرچاو کەوتبێت

**شرابساز:** شەرابساز، ئەوەی شەراب دروست دەکات و هەڵیدەگرێت

**شرابی:** ساقی، شەراب فرۆش، ئەوەی شەراب دەفرۆشێت

**شرار:** پریسکە، بڵێسە، ئەوەی لەئاگر لەهەوادا بەرز دەبێتەوە

**شرارت:** خراپە کردن، خراپ بون، خراپی، شەڕ، ناپاکی، پیسی، بەدفەڕی

**شرارە:** پریسکە، شەرارە، جەرەقە

**شراست:** بەدخوویی، خراپەخوازی، گرژی، توندی دژایەتی و کێشە

**شراشر:** نەفەس، هەناسە، جەستە، هەمو ئەندام، ئازای ئەندام

**شراع:** چارۆکە، چارۆکەی کەشتی

**شراعی:** وشتری مل درێژ

**شرافت:** ١- بەشەرەف بون، شەرافەت ٢- بەرێز بون، گەورە بون، بەرێزی، رێزداری، شەریفی

**شرافتمند:** شەریف، گەورە، بەرێز، خاوەن شەرەف، نەجیب

**شرافتمندانە:** بەرێزانە، شەریفانە، وەك شەریفەکان

**شراك:** ١- قەیتان، پەتی پێلاو ٢- گیایی وشکی باران لێدراو

**شراهت:** چاوبرسی بون، تەماحکاری بۆخواردن

**شراین:** خوێنبەرەکان، ئەو دەمارانەی خوێن لە دڵەوە بۆ ئەندامەکانی جەستە دەبەن

**شرب:** خواردنەوە، خواردەمەنی، ئەوەی بۆ خواردنەوە ببێت

**شربت:** شەربەت، ئەوەندە لە خواردەمەنی کەبەیەك جار بخورێتەوە. بەمانای گوشراوە یا ئاو کە شەکریان تیا تواندبێتەوە

**شربە:** تا، تین، توندی گەرما، تینویەتی

**شرپ:** شڵپ، شرپ، شڵپە، دەنگێك کەلەکەوتنی شتێك بۆناو ئاو بەرگوێ دەکەوێت

**شرتی:** شرشێت، ژنێك کەکارەکانی بێ نەزم و نارێك ئەنجام بدات

**شرج:** کۆکردنەوە، ئامادە کردنی شتێك، تێکەڵ کردنی شەراب و ئاو

**شرج:** ١- جۆر، شێوە ٢- دەستە، گروپ ٣- ئاومڕێ، ئاومڕۆ

**شــــرح:** ١-کردنــەوە، ئــاوەڵا کــردن، بــڵاو کــردن ٢-دەرخستن، ئاشکرا کردن، لێکدانەوە، شی کردنەوە، راڤە کــردن، بــاس کــردن، شــرۆڤە کــردن، شــی کردنــەوە و لێکدانەوەی بابەتێك تا یەکیتر تێی بگات

**شرح دادن:** شی کردنەوە، لێکدانەوە، شرۆڤە کردن، راڤە کردن، باس کردن

**شرحه:** پل، پلە گۆشت، تیکە

**شرخ:** ١- بن، بنج، بناوان ٢- هەرمێتی لاوی، سەرەتای هەر کارێك ٣- هاوشێوە، هاوتا، لێکچو

**شرر:** شەرارە، پریسکە، پزیسك، جەرەقە

**شررباز:** ئاگرباز، ئەوەی پزیسکی ئاگری لێ ببارێت

**شرزه:** تووڕە، رقاوی، قین گرتوو، توند، بەهێز

**شــرس:** خراپــەخوازی، خــراپ ویــستن، شــەڕ فرۆشــتن، بەدفەری

**شرشر:** شۆڕشۆڕ، دەنگی تافگە، دەنگی هاتنە خوارەوەی ئاو لە شوێنێك

**شــرط:** شــەرت، مــەرج، پێویــست کــردن، گرێــو بەســتن، پەیمان بەستن، مەرج دانان

**شرط:** بەڵێن، مەرج، شەرت، پەیمان، قەرار

**شــرط:** ١- نیــشان، هێمــا ٢- دەســپێك، ســەرتای هــەر شــتێك- ئــاوەڕێ، ئــاوەڕۆ ٣- ریــسوا، سووك، ناکــەس ٤- گەورە، سەروەر، بەڕێز

**شرطه:** شەرت، پەیمان، هــەر شــتێك کەبەشــتێکی تــرەوە پەیوەندی بدەن

**شرع:** شەرع، دین و مەزهــەب، شــێوازی ئــایینی کــە خــوا بروانە بەندەکانی دیاری کردوە

**شرعیت:** ١- شەریعەت، سونەت، رێ و رەسم ٢- عــادەت، خوو ٣- وەك، هاوشێوە، هاوتا

**شــرف:** شــەرەف، گــەورەبون، بــەڕێز بــون، رێــزداری، پایەبەرزی

**شــرف:** هــەیوان، بالکۆنــە، ئــەوەی لــە بینایــەك هاتبێتــە پێش و بۆ خوارەوە بڕوانێت

**شرفاء** شەرفیەکان، بەشەرەفەکان، پایەبەرزان

**شرفاك:** دەنگی پێ، خشپەی پێ، هەردەنگێکی هێواش

**شرفانگ:** بڕوانە شرفاك

**شرفه:** هەیوان، بالکۆن، بالکۆنە

**شــرفه:** بــژاردە، بــژارتی، هەڵبــژێردراو، باشــترین و بژاردەترین بەشی دارایی و سامان

**شرفه:** بڕوانە شرفاك

**شــرفیاب:** شــەرەف پێــبڕاو، لەســەر شــەرەف، ســەبارەت بەکەسێك دەڵێن کەگەشتبێتە خزمەت کەسێکی گەورە

**شــرق:** ١- رۆژهــەڵات، خۆرهــەڵات، هــەڵاتنی خــۆر ٢- رۆژهەڵات، شوێنی سەرهەڵدانی خۆر، رۆژهەڵات ٣- بەو وڵاتانــەیش دەوترێــت کەلــە بەشــی رۆژهــەڵاتی گــۆی زەویدا جێگیرن

**شرق شناس:** رۆژهەڵات ناس، خۆرهــەڵات نــاس، کەســێك کــە شــارەزا بێــت لــەبارووداۆخ و زمــان و داب و نەریتەکانی نەتەوەکانی رۆژهەڵات

**شــرك:** ١- کفــر، کــوفر، هاوبەشــی، شــەریك ٢- بــاوەڕ بەفرە خواوەندی، شەریك رەوا بینین بۆ خوا ٣- بەش، پار، بەهرە، پشك

**شــرك:** داو، تەڵە، داوی راوچــی. و هەرچــی کــە بــۆ راو کردنی باڵندەکان بەکاری دەبەن

**شرکاء** شەریکەکان، هاوبەشەکان، هاوپشکەکان

**شرکت:** ١- بەشداری کردن، هاوبەشی کــردن، هاوپــشکی، هاودەســت بــون، پــەیمان دان بەیــەکتر بــۆ ئــەنجام دانــی کارێك ٢- شەراکەت، هاوبەشی، شەریك بون

**شــرم:** شــەرم، فــەدی، فهێــت، حــەیا، ئــابڕوو، حاڵەتێکی نگەتیڤ کەلەکاتی قسە کردن یا ئەنجامدانی کارێك بــە مــرۆڤ دەســت دەدات و تیایــدا ســور دەبێتــەوە. بــەمانای ناموس و بــەمانای ئەنــدامی نێرینــە و مێینــەیش دێــت وەك چۆن دەڵێن شەرمی ژن، شەرمی پیاو

**شرم:** کوتــران، ترەکان، هەڵازرانی نەرمەی لووت

**شــرم آلــود:** شــەرمن، شــەرمین، شــەرمێون، شــەرمەزار، خەجاڵەت بار، فەدی کار، شەرمسار، شەرمۆك

**شرمجا:** بڕوانە شرمگاه

**شەرم آور:** شەرم هێنەر، ئەوە ببێتە هۆی دروست بــونی شەرم

**شرم داشتن:** شەرم کردن، پێ عەیب بون، بەحەیا بون، شەرماهی

**شرم زد:** شەرمسار، رووزەرد، شەرمەزار، شەمۆك، شەرمێون، شەرمن

**شرمسار:** شەرمسار، شەرمەزار، شەرمێون، شەرمن، شەرمین

**شرمگاه:** شەرمگا، شەرمگە، ناوگەڵی ژن

**شرمگن:** بڕوانە شرمسار

**شرمگین:** بڕوانە شرمسار

**شرمناك:** بڕوانە شرمسار

**شرمنده:** بڕوانە شرمسار

**شرمین:** بڕوانە شرمسار

**شرنگ:** ژەهر، سەم، زەهر، هەر شتێکی تاڵ

**شرود:** ڕەم کردن، ترسان و هەڵاتن، غارکردن

**شرود:** ڕەمکردو، هەڵاتوو، راکردوو

**شرور:** شەڕ، بەدفەڕ، شەڕ فرۆش، خراپەکار، خراپەخواز

**شروط:** شەرتەکان، مەرجەکان

**شروع:** دەسپێکردن، دەسپێك، سەرەتا، سەرەتای هەر شتێك

**شروق:** هەڵهاتن، هەڵهاتنی خۆر

**شرو ور:** هەڵیت و پڵیت، قۆڕیات، قسەی پوچ و بێ مانا

**شره:** تەماحکار بون، رژدی بردن، تامەزرۆیی زۆر بۆ شتێك، تەماح، رژدی

**شره:** زۆرخۆر، چاوبرسی، چاوچنۆك، تەماحکار

**شریان:** سوورەدەمار، خوێنبەر، ئەو دەمارانەی خوێن لە دڵەوە بۆ ئەندامەکانی دیکەی لەش دەبن

**شریب:** ١- ناو،هەر شلەمەنیەکە کە شیاوی خواردنەوە بێت، ئاوی خواردنەوە ٢- هاوبەش لەئاو، شەریکی ئاو، هاو پەرداخ، هاوپیاڵە

**شریح:** وەك، شێوە، هاوشێوە، هاوتا، وکی، وێنە

**شریحه:** پارچەی گۆشت، پلی گۆشت

**شریدن:** رژانـدن، رشتن، رژانن، رژانـدنی بەردەوام ئاو لەسەرەوە بۆ خوارەوە

**شریر:** خراپەکار، بەدفەڕ، شەڕ، بەلا، خراپ

**شریر:** شەیتان، ئیبلیس، ئەوەی بەردەوام شەڕی لێ دەبارێت، شەڕانی، شەڕ فرۆش

**شریره:** بڕوانە شریر

**شریطه:** پەیمان، شەرت، مەرج

**شریعت:** شەریعەت، رێسا، یاسا، یاسا ئایینەکان، سونەت، شێواز، مەزهەب، ئایین، دین، ئەو رێ و رەسمەی کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی داناوە

**شریعه:** ئاوخۆری، شوێنی ئاو خواردنەوە

**شریف:** شەریف، خاوەن شەرەف، بەڕێز، رێزدار، پایەبەرز، هێژا

**شریفه:** بڕوانە شریف

**شریك:** هاوبەش، شەریك، هاوپشك، بەشدار، هاودەست، هاوکار، هاوبەهرە

**شریکه:** بڕوانە شریك

**شست:** شەست، ژمارە ٦٠

**شست:** پەنجە گەورەی دەست یا پێ، دۆشاو مژە، پەنجە نێرینە

**شست:** قولاب، قولابی ماسیگرتن، داو، تەڵە، داڤ

**شستگانی:** بنچینە، بنەما، بناغە، بونیاد

**شستگر:** تیرهاوێژ، کەوانگر، کەماندار

**شستن:** شۆرین، شۆردن، شۆستن، شتێ: بە ئاو پاك کردنەوە، پارچە یا دەفر یا هەر شتێك کە پیس بێت بەئاو پاك کردنەوە

**شستن:** دانیشتن، نیشتن

**شسع:** پەیتان، پەتی پێلاو٢- ماڵ، سامان، دارایی کەم٣- لاکەنار، قەراغی شوێنێك یا زەوی

**شش:** شەش، لەدوای پێنج وپێش حەوت، ژمارەی ٦

**شش:** سی، جگەری سپی، یەکێك لە ئەندامە سەرەکیەکان لەجەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ

**شش بانو:** شەش خوشك، مەبەست لە مانگ و پێنج هەسارەکە، شەش خاتوون

**شش پر:** شەش پەر، گورزی ئاسنین کە شەش لای هەبێت

**شش پستان:** مەمك شۆڕ، ژنی پیر، ژنێك کەمەمکی شل و شۆڕ بێت، پیرێژن
**شش پستان:** دەڵە سەگ، مێچکە سەگ، سەگی مێ
**شش جهت:** شەش لا، ((چەپ و ڕاست و سەر و ژێر و پێش و دوا))
**شش خاتون:** بڕوانە شش بانو
**شش خان:** شەش خان، شەش گۆشە، شەش تاق
**شش دانگ:** شەش دانگ، تەواوی شتێك، هەموی شتێك بێ کەم و کوڕی
**ششدر:** شەشدر، دەستەواژەیەکە لەتاوڵە دا بەکار دەبرێت کە تیایدا خانەی شەشدر لەبەرامبەر دەگیرێت، وەك چۆن دەڵێن شەشدەری لێ گرتم
**شش روزن:** دنیا، جیهان، ئەم دنیایە کە کۆتایی دێت
**شش سری:** زێڕ، ئاڵتو، زێڕی تەواو عەیار
**شش سو:** بڕوانە شش جهت
**ششصد:** شەشسەد، ژمارە شەشسەد (٦٠٠)
**شش طاق:** شەش تاق، شەش گۆشە، جۆرە خێوەتێکە
**شش عروس:** بڕوانە شش بانو
**شش گوشه:** شەش گۆشە، شەش لا، شەش سوچ، ئەوەی شەش لا یا شەش گۆشەی هەبێت
**شش لو:** شەش لۆ، یەکێکە لە وەرقەکانی یاری وەرەق
**ششلول:** شەش لول، شەشخۆر، دەمانچەیەکە کە شەش فیشەك دەخوات
**ششلیك:** کەباب، گۆشتی مانگا یا مەڕ کە لە سیخی دەدەن و لەسەر ئاگر دەیبرژێنن
**شش و بش:** شەش و پێنج، لە یاری تاوڵەدا ئەوەیە کە زارێك بە ژمارە شەش و ئەویتریان بە ژومارە پێنجدا بێتەوە کە دەڵێن شەش و پێنجی بۆ هات
**شش و پنج:** بڕوانە شش و بش
**شصت:** شەست، ژومارە شەست
**شط:** ڕووبار، ڕوود، چەم، چەم یا ڕووبار کە بڕژێتە ناو دەریا
**شطاح:** ڕوودار، بێش مرم، بێ حەیا، بێ شەرم
**شطارت:** ١- شۆخی، نەترسی، چاو قایمی، زاتداری ٢- شۆخی، گاڵتە، زیرەکی، نەترسان
**شطر:** بەش، لەت، نیوە، بەشێك لە شتێك، نیوەی شتێك
**شطرنج:** شەترەنج، یاریەکە
**شطط:** تێپەڕین، لە ئاست دەرچونن، زێدەڕۆیی کردن، ستەم، زوڵم
**شطن:** گوریس، جەبل، تەناف، گوریسی درێژ
**شعائر:** نیشان، هێما، و هەرکام لە ڕێ و ڕەسمەکانی حەج و داب و نەریتە مەزهەبیەکان
**شعار:** ١- ژێر کراس، جل و بەرگی ژێرەوە ٢- دروشم، شوعار، بانگی تایبەت و نیشانەی دەستەیەك لەخەڵك کەیەکتری پێ دەناسنەوە
**شعاع:** نوور، ڕووناهی، تیشك، تیرۆژ، ڕووناکی هەتاو، تیشکی خۆر، هێڵێکی کەدەمەو هەڵاتنی خۆر بەرچاو دەکەوێت، بازنە
**شعب:** قەبیلە، عەشیرە، چەند هۆز و عەشیرەیەك کە هۆز یا عەشیرەیەکی گەورەیان پێکهێنابێت
**شعب:** دۆڵ، دەرە، دەربەند، ڕێگە لەکێو، ڕێگای ئاو
**شعباء** ناوشان پان، ژنێك کەنێوان دوشانی پان بێت، زل، پان
**شعبان:** شەعبان، مانگی هەشتەم لەمانگەکانی ساڵی کۆچی مانگی لەنێوان ڕەجەب و ڕەمەزان
**شعبذه:** فێڵ، تەردەستی، کەڵەك
**شعبه:** لق، شاخە، پەل، شاخەی دار، لقی دار، جۆگەی ئاو کەلەڕووبار یا چەمێکی گەورە جیابوبێتەوە
**شعر:** شێعر، هەڵبەست، هۆزان، هۆنراوە، وتەی نەزمدار، ئەوە وتەی کێش و قافیەی هەبێت
**شعر:** موو، قژ، قژسەر، پرچ، موی مرۆڤ یا ئاژەڵ
**شعراء** شاعیەکان، هەڵبەستڤانان
**شعراء** قژ پڕ، ژنێك کە موی سەری پڕ و درێژ بێت، قژ درێژ
**شعراء** ١- مێش، مێشولە، ئەو مێشانەی بەجەستەی چوارپێکانەوە دەنیشنەوە ٢- قەرەباڵغی، زۆری خەڵك

٣- دارستان، زەوی پڕدار ٤- بەلاّن بەلای دژوار و سەخت

**شعرانی:** پرچ درێژ، قژن، سەرقژن، قژ درێژ

**شعرباف:** هەوریشم چن، موو چن، ئەوی پارچە لەمو یا هەوریشم دەچنێت

**شعشع:** درێژ، تابان، ناسک، بلاّو، پرژ، سێبەری بلاّو

**شعشعان:** بڕوانە شعشع

**شعشعە:** ١- درەوشانەوە، درەخشانەوە، تابان ٢- تێکەڵ کردنی شیر یاشەراب لەگەڵ ئاو

**شعف:** شەیدا بون، شادمانی کردن، خۆشحاڵی، عەشق، ئەوین، ئەویندارى، عاشق بون

**شعلە:** بڵێسە، کڵپە، زمانەی ئاگر و ئەوەی ئاگری پێ خۆش دەکەن

**شعلەور:** بڵێسە دار، ئاگری زمانەدار، شتێك كەئاگری تێبەربووبێت، ئاگراوی، ئاگردار، بە بڵێسە

**شعواء** بلاّو، پرژ، لێ جیا، پرژ و بلاّو

**شعوذە:** بڕوانە شعبذە

**شعور:** شعور، هەست، تێگەشتن، هەست کردن، پێ زانین، زانین، زانین و وەرگرتن

**شعیر:** جۆ، دەنکێ جۆ

**شعیرە:** هێما، نیشانە، هەرکام لە ڕێ و ڕەسمەکانی حەج

**شغ:** شاخی دارن پەل، لق، شاخی ئاژەڵ

**شغا:** تیردان، ئەوەی تیری تیا هەڵدەگرن

**شغاد:** شوغاد، ناوی براکەی ڕۆستەم پاڵەوانی ئەفسانەیی ئێران کەلەسەر ڕێگای ڕۆستەم چاڵێکی هەڵکەند و ڕۆستەم لەو چاڵە کەوت و مرد و شوغادیش خۆی بەهۆی تیرەکەی ڕۆستەمەوە گیانی لەدەستدا

**شغار:** دوورخستنەوە، دەرکردنن تاراندن، تۆراندن، دەرکردن و دەربەدەر کردنی کەسێك لە شار و ولاّتەکەی خۆی

**شغار:** ژن بە ژن، جۆرە مارە برینێك بولەسەردەمی نەزانی عەرەبدا کە پیاوێك کچ یا خوشکەکەی خۆی بە پیاوێك دەدا بەو مەرجەی ئەویش خوشك یا کچەکەی خۆی بەم بدات کەلەسەردەمی ئیسلامدا ئەم کارە حەرام کرا

**شغال:** چەقەڵ، تویری، توێری، ئاژەڵێکە گۆشتخۆر هاوشێوەی سەگ کەبانگێکی تایبەتی هەیە، لەناو ڕەزدا کون لەزەوی بۆ خۆی دروست دەکات و لەهاویندا ترێ دەخوات. مریشکیش ڕاو دەکات

**شغال:** سەرقاڵ، کار زۆر، ئەوەی بەردەوام سەری قاڵە

**شغب:** فیتنگێڕی، گێرەشێوێنی، ئاژاوەگێڕی، ئاژاوە، فیتنە، هەرا

**شغبناك:** بەئاژاوە، فیتنەگێڕ، گێرەشێوێن، تەشقەڵەچی

**شغر:** ١- لنگ هەڵبڕین، بەرز کردنەوەی هەردو پێی کەسێك ٢- پێ هەڵبڕینی سەگ بۆ میز کردن ٣- دوورخستنەوە، تاراندن، دەرکردنی کەسێك لەشارێك

**شغربغر:** بلاّو، پرژ و بلاّو

**شغز:** گەردنکێشی، ئاژاوەنانەوە، فیتنەگێڕی، گێرەشێوێنی

**شغف:** شەیدا بون، عاشق بون، ئەویندار بون، دڵدان، بەتەواوی دڵدان و عاشق بون

**شغل:** کار، پیشە، ئیش

**شغم:** تەماحکار، چاوچنۆك، ڕژد

**شف:** ١- جل، جل و بەرگ، جلی ناسك، پەردەی ناسك ٢- زۆری، فراوانی، زیادی ٣- کەم و کوڕی، ئیراد، کەمی

**شفاء** شەفادان، تەندروستی، باش بونەوە، چاك بونەوە، ساغی، سلامەتی. بەمانای دەوا و دەرمانیش دێت

**شفابخش:** شفابەخش، شیفا بەخش، شفادەر، ئەو کەسە یا پزیشکەی نەخۆش لەرزگار دەکات

**شفاخانە:** شیفاخانە، خەستەخانە، بیمارستان، شوێنی شیفادان

**شفادارو:** دژە ژەهرن دەرمان، دەوای شیفادەر

**شفاعت:** شیفاعەت، پاڕانەوە، داوا کردن، داوا کردنی بەخشین یا هاوکاری وەرگرتن لەکەسێك بۆ کەسێکیتر

**شفاعتگر:** داواکەر، شیفاعەتکەر، ئەو کەسەی بۆ یەکیتر دەپاڕێتەوە

**شفاف**: روون، ناسك، هەر شتێك لەپشتیەوە شتەكانیتر دەركەوێت

**شفاه**: لێو، لێوەكان

**شفت**: ئەستوور، زل، نارێك، ناتراش، كلۆفت

**شفتان**: دولێو، دولچ

**شفته**: شفته، دۆغاو لە ئاهەك و خۆل كەلەبناغە ڕێژی بینایەك بەكار دەبرێت

**شفر**: كەنار، قەراغ، كەنارەی چاو كەمژۆڵەكان لەسەری دەڕوێت. كەنار یا لێواری هەر شتێك

**شفره**: شفره، كێردی گەورە و پان

**شفشف**: لق، چڵ، لقی دار كەخوار و چەماوە بێت. ڕەگ، ڕیشەی دار

**شفع**: جووت، دوانە، جووتە

**شفعه**: دراوسێیەتی، هاوسێیەتی، مافی دراوسێ

**شفعه**: ١- شێتین سەرشێتی، ناتەواوی ٢- چاو، چەقە

**شفق**: خۆرەتاو، خۆرئاوا، دوایین تیشكی هەتاو، سووری ئاسۆ لەكاتی ئاوابونی هەتاو

**شفق**: ١- چاكە، باشی، میهرەبانی ٢- ترس، بێ زاتی، تۆقان ٣- پەست، فیرۆ، پەست لەهەر شتێك ٤- ناوچە، بەشێك لە شوێنێك

**شفقت**: دڵسۆزی، دڵ بۆ سووتان، دڵ نەرمی، بەزەیی

**شفك**: بێ هونەر، نەزان، گێژ، وڕ، حۆل، جلف، ئەحمەق

**شفل**: نینۆك، نینۆكی وشتر، نینۆكی فیل

**شفنین**: قومری، یاكەریم، باڵدارێكە لەتیرەی كۆترە باریكە

**شفوده**: حەفتە، حەوتە، ڕۆژەكانی حەفتە لە شەممە تاهەینی

**شفوق**: دڵسۆز، دڵنەرم، چاكەكار، چاكەخواز

**شفوی**: شەفەوی، شەفایی، تایبەت بەدەم، ئەوەی بەدەم بوترێت

**شفه**: لێو، هەردوولێو، دولچ

**شفهی**: بڕوانە شفوی

**شفیر**: قەراغ، كەنار، قەراغی پێڵوی چاو كە مژۆڵەكانی لەسەر دەڕوێت

**شفیع**: شیفاعەتكەر، تكاكار، ناوەنی، بەرەڤان، ناوبژیكەر، نێوەنجیكەر

**شفیف**: ناسك، ڕوون، هەرشتێك ناسك كە ئەو دیوی خۆی لێوە دیاربێت

**شفیف**: كزەبا، بای سارد، سەرمای زۆر، وشكە سەرما

**شفیق**: دڵسۆز، بەرەڤان، چاكەخواز، چاكەكار، میهرەبان

**شق**: قەڵشتن، لەت كردن، دڕاندن، پرژ و بڵاو كردن، شەق و شڕكردن

**شق**: ١-قەڵشت، كەڵشت، دڕاوی، شوێنی دڕاوی، نیوە لەهەر شتێك٢- بەربەیان، كازیوە، ئەلەند

**شق**: نیوەی جەستە، نیوەی لەش، نیوە، نیمە، لەت، نیوەی بەرابەر و یەكسان لەشتێك

**شقاء** بەدبەخت بون، چاكەساری، چارەڕەش بون، سەختی، بەلا، تەنگ و چەڵەمە

**شقاق**: دژایەتی كردن، نەیاری، نەگونجان، هەڵنەكردن، دوژمنایەتی، دوژمنی

**شقاوت**: ١- بەدبەختی، خاكەسارین چارەڕەش بون، هەژاری، داماوی، لێقەومان ٢- دڵڕەقی، دڵ بەردی

**شقایق**: گوڵاڵە، گوڵاڵە سوورە، گۆراڵە، جۆرە گوڵێكە

**شقراء** سوور و سپی، ژنی سوور و سپی

**شقراق**: داركوت، داركونكەرە

**شقرت**: سوور و سپی، ڕەنگی سوور و سپی تێكەڵاو، زەردی سووربا‌و

**شقشقه**: بانگ كردنی وشتر، بانگ كردنی باڵندە

**شقه**: لەت، نیوە، نیوەی شتێك، هەرشتێك كەلەدرێژیدا قەڵشا بێت و لەت كرابێت

**شقه**: دووری، مەوداری دوور، سەفەری دوور، گەشتی دوور

**شقی**: بەدبەخت، چارەڕەش، خاكەسار، قوڕبەسەر

**شقیق**: نیوە، نیوە شتێك، لەت

**شقیقه**: شەقیقە، قەراغ ناوچاو، ئازاری نیوەی سەر، ژانەسەر

**شك**: شك، گومان، دوودڵی، دوردونگی، بەپێچەوانەی دڵنیایی، دروست بونی گمان و دوردونگی لەكارێكدا

**شك**: ١- قەڵشان، ترەکان، ترەنجان، قەڵشتی بردنی بچوك وكەم لەمێسقان ٢- مەرگەموش، جۆرە ژەهرێکی کوشەندەیە

**شکار**: شکار، راو، نێچیر، نەچیر، هەر ئاژەڵێك کەبەتیر لێی بدەن یا راوی بکەن

**شکارافکن**: راوچی، نێچیرڤان، نێچیروان، ئەوەی ئاژەڵ یاهەر شتێك راو دەکات

**شکارچی**: راوچی، راوکەر، نێچیرڤان، نێچیروان، ئەو کەسەی راو دەکات

**شکارستان**: شکارگە، راوگە، شوێنی راو کردن، جێ ڕاو

**شکارگاه**: بڕوانە شکارستان

**شکارگر**: ڕاوچی، نێچیرڤان

**شکاریدان**: راو کردن، نێچیر کردن

**شکاشك**: خشپە، خشپە خشپ، دەنگی پێ لە کاتی ڕۆشتندا

**شکاف**: کەلێن، دەرز، قەڵشت، کەڵشت، ترەك، قلیش، تلیش

**شکافانیدن**: قەڵشتن، کەڵشتن، تلێش تێکردن، قەڵش پێ بردن، درزدان

**شکافتن**: قەڵشاندن، کەڵشاندن، درزپێدان، درزتێکردن، ترەکدان، ترەکاندن، لەت کردن، دڕاندن

**شکافەزن**: شەنەر، شەنیار، ئەوەی سازدەژەنێت، سازژەن

**شکافیدن**: قەڵش بردن، کەڵش بردن، درزدان، درز تێکردن، کەلێن دروست بون، تڵش بردن

**شکاك**: بەگومان، دوودڵ، دوردونگ، ئەوەی لەهەمو شتێك بەگومانە

**شکاك**: شکاك، هۆزێکی گەورەی کوردە

**شکاکین**: گومان کەران، دوودڵان، ئەوانەی گومان دەکەن، بە گومانان

**شکال**: پێبەند، پێ بەست، ئەو گوریسەی دەس و پێی چوارپێی پێ دەبەستنەوە

**شکاندن**: شکاندن، ورد کردن، لەت کردن، ورد و پرژ کردن

**شکانك**: جیکڵدانە، جیقڵدانە، جیقڵدانەی مریشك

**شکاونە**: تونێل زەن، چاڵ هەڵکەن

**شکاویدن**: هەڵکەندن، هەڵکەنین، هەڵکۆڵین، چاڵ کردنی زەوی و لێدانی تونێل

**شکایت**: گلەیی، شکات، گازندە، سکاڵا، داد، هانا بردن

**شکایت گستر**: سکاڵاکەر، ئەوەی لای هەمو گلەیی و گازندەدەکات، بە گلەیی، گازندەکەر

**شکر**: شەکر، قەن، قەند، شەکەر، شیرینیەکە کەلەچەوەندەر یا قامیشی شەکر وەردەگیرێت

**شکر**: شوکر، شوکرانەبژێری، سوپاس کردن، دەسخۆشانە کردن، بژێری، پاپایی، سپاس

**شکراب**: شەکراو، ئاو و شەکەر، ئاو کەشەکریان تیا تواندبێتەوە

**شکرافشان**: زمان شیرین، قسە خۆش، زمان پاراو

**شکران**: شوکرانە، شوکر، سوپاس کردنن شوکرانەبژێری

**شکراندا**: تێکەڵ بەشەکەر، شیرین، هەر شتێك کەشەکری تێبکەن

**شکرانە**: شوکرانە، سوپاس کردن، پاپایی، دەسخۆشی کردن، شوکرانەبژێری

**شکربار**: شیرین، زۆر شیرین

**شکرپارە**: شەکرناسا، شەکرەقەند، ئەوەی وەك شەکەر شیرین بێت

**شکرپا**: شەل، پێ خوار، گێڕ

**شکرچین**: شەکرخۆر، قەن خۆر، ئەوەی شەکر دەخوات

**شکرخا**: بڕوانە شکرچین

**شکرخند**: بزە، بزەی شیرین، بزەی سەرلێو

**شکرخواب**: خەو خۆش، خەوشیرین

**شکرخوار**: شەکرخوڕ، ئەوەی شەکر دەخوات

**شکردن**: ١- ڕاو کردن، شکار کردن، نێچیر کردن، ٢- شکاندن، بەزاندن، زاڵ بون بەسەر دوژمن و شکەست دانی

**شکرریز**: ١- زمان شیرین، قسە خۆش، ٢- لێوی دەزگیران، ٣- قسەی خۆش، وتەی پاراو، وتەی شیرین ٤- و ئەوەی نوقڵ و شیرینی لەشەکر دروست دەکات

**شکرشکن:** ۱- شەکرخۆر، ئەوەی شەکر دەخوات ۲- قسە خۆش، زمان شیرین، وتە پاراو

**شکرفیدن:** خزان، خلیسکان، هەڵخلیسکان، ڕەتەڵ بردن و بەسەرا کەوتنی ئەسپ یا ئێستر

**شکرك:** شەکەرە، شەکەر ئاسا، هەر شتێکی وەك شەکەر. ئەوەی وەکە شەکر شیرین بێت

**شکرگر:** شیرینی پەز، ئەوەی شیرینی دروست دەکات

**شکرگزار:** شوکرانەبژێر، سوپاسکەر

**شکرگفتار:** شیرین قسە، زمان شیرین، قسە خۆش

**شکرلب:** ۱- لێو شیرین، قسە خۆش، زمان شیرین ۲- لێوبڕاو، سەلێو، کەل، سەلچ

**شکره:** راوچی، هەر باڵندەیەکی ڕاوچی وەك هەڵۆ و شاهین

**شکرین:** شیرین، شەکردار، ئەوەی وەك شەکر شیرین بێت

**شکست:** شکان، شکەست، تێکشکان، ورد بون، لەت بون، ورد و پردبوون

**شکست خوردن:** شکان، تێکشکان، بەزان، بەزێنران، شکەست خواردن، کۆڵدان، تی‌شکان

**شکست دادن:** تێ شکاندن، بەزاندن، شکەست دان، کۆڵ پێدان، تێك شکاندن، پێ دۆڕاندن، زاڵ بون بەسەر

**شکستن:** شکاندن، لەت کردن، ورد کردن، ورد و پرد کردن، تێکشکاندن، بەزاندن، کۆڵ پێدان، پێ دۆڕاندن

**شکست و مکست:** شکاو و مکاو، ورد و پرد، لەت لەت، شکیاگ

**شکسته بال:** باڵ شکاو، باڵ شکیاگ، ئەوەی باڵی شکابێت. و مەبەست لەکەسی ناتەوان و داماو و هەژار

**شکسته‌بند:** جەراح، ئەشتەرگەر، شکەستە بەند، ئەوەی شکاوی ئێسك دەبەستێتەوە و چاك دەکاتەوە

**شکسته حال:** پەرێشان حاڵ، شێواو، شڵەژاو، داماو، بەدبەخت، دەست کورت

**شکسته خاطر:** دڵ شکاو، دڵ ئێشاو، پەرێشان، خەمۆك، خەمبار

**شکسته دل:** دڵ شکاو، دڵ ڕەنجاو، خەمبار، خەمۆك

**شکسته زبان:** زمان شکاو، لاڵە پەتە، ئەوەی زمانی لەکاتی قسە کردندا دەگیرێت

**شکسته نفسی:** لەخۆبووردویی، خۆبەکەم زانین، گەورەیی، لە خۆ بوورین

**شکشك:** خشپە، خشپە خشپ، دەنگی پێ لەکاتی رۆشتندا

**شکفتن:** شکۆفیان، شکۆفانەوە، ئاوەڵابوون، چرۆکردن، چرۆدان، فەبوون، بشکفتن، پشکیان، دەم کردنەوە، پشکووتن

**شکفه:** بڕوانە شکوفە

**شکفیدن:** بڕوانە شکفتن

**شکك:** تەمبوور، تەنبوور، بەمانای دەنگێ پێیش دێت لەکاتی رۆشتندا

**شکل:** شکڵ، شێوە، روخسار، قیافە، دەم و چاو، رواڵەت، روو، هاوشێوە، وەك، روخساری کەسێك یا شتێك، تەرز، چەشن

**شکلا:** سوور و سپی، سپی سوورباو، ژنێك کەلەچاویدا سووری هەبێت

**شکلات:** شوکولات، چکلێت، جۆرە شیرینیەکە بە شەکر و شیر و کاکاو دروستی دەکەن

**شکل پذیر:** شێوە وەرگر، ئەوەی بەشێوەیەکیتر دەربێت

**شکلك:** ئەدا، ئەتوار، ئەدا و ئەتوار کەبەلێو و دەم و چاو و برۆ دەردەهێنن

**شکله:** قاش، قاشی شووتی یا گرکە

**شکم:** سك، زك، کۆمەڵی گەدە و ریخۆڵەکان وسی کەلەناو سکدایە، ورك، ورگ، هوورگ، لەمە، ئۆچك

**شکم بند:** کەمەربەند، پشتێن، ئەو پشتێنەی بۆ رێگرتن لە گەورە بونی زك دەیبەستن

**شکمبه:** گەیە، گەهك، گەتگ، ئاشك، خۆرگە، ئاشکێ گیانەوەری گیاخۆر

**شکم پایان:** خزۆکەکان، خشۆکەکان، ئەو ئاژەڵ و دەعبایانەی لەسەر سکی خۆیان بەرێگادا دەڕۆن

**شکم پرست:** چاوبرسی، زسك پەرەست، سك پەرەست، ئەوەی بەردەوام حەزی لەخواردنە

**شکم پرور:** بڕوانه شکم پرست

**شکم چار پهلو کردن:** زۆر خواردن، زۆرخۆری، زۆرخۆری تا ئەو ڕادەی سك گەورە و وەك چوارگۆشەی لێبێت

**شکم خوار:** زورخۆر، تێرنەخۆر، سك برسی، زك برسی

**شکم دار:** بڕوانه شکم خوار

**شکم درد:** ژانە سك، سك ئێشە، ئازاری سك کەبەهەر هۆکارێك لەگەدە یالەناو ڕیخۆڵەکان دروست دەبێت

**شکم ران:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر، چاوبرسی

**شکم روش:** سکچون، ئیسحالی، ئیسهالی، زکە شۆڕە، تەقە فیرە، نەخۆشیەکە کە پیسایەکانی ناوسك یەك لەدوای یەك و بەشێوەی شلەمەنی لەسك دێنەدەر

**شکم روه:** بڕوانه شکم روش

**شکم گنده:** ورك زل، سك زل، ورگن، ئەوەی سکی گەورە و ئاوسا بێت، تێرنەخۆر، زۆرخۆر

**شکمو:** بڕوانه شکم پرست

**شکم وار:** زەم، شەمێك، بڕە خواردنی دیاری کراوی ژەمێك

**شکن:** پێچ، چین، قرژ، ژاکیاو، لۆچ، چرچ، دەق شکاو

**شکنجه:** ئەشکەنجە، ئازار، چێوجەڵە، ئەشکەڵە، ماوش، جەزرەوە، ئازاردانی تاوانبار بە کەسەرتەکانی ئازاردان یابەهەر شێوەیەك بۆ دان پیانان بەتاوانەکەی

**شکنجیدن:** نقوچك گرتن، نقورچك گرتن، چرنوق لێ گرتن

**شکنه:** ناز، عیشوە، نازداری

**شکوب:** دەستار، دەسماڵ، ئەو پارچە پەڕۆیەی پیاوان لەسەری دەبەستن

**شکوخ:** خلیسکان، خزان، هەڵخلیسکان، ڕەتەڵ بردن، بەسەراکەوتن

**شکوخیدن:** سەرسم دان، ساتمە کردن، بەسەرەوە چوون، پاهەڵتەقیان، خزان، ڕەتەڵ بردن، بەسەرا کەوتن

**شکور:** شوکرانەبژێر، ئەوەی زۆر شوکر دەکات، سوپاسکەر

**شکور:** پاداشدەر، یەکێك لەناوەکانی خوایە، بەخشەر بۆ پاداشتی کاری چاکە

**شکفوتن:** بڕوانه شکوفیدن

**شکوفه:** شکۆفە، چرۆ، گۆپیتە، خونچە، گۆراڵە، بشکوژ، هەلاڤیتن

**شکوفیدن:** ١- گەشانەوە، پشکوتن، شکۆفیانەوە، شکۆفانەوە، هەلاڤیتن، دڵ ڕابوون، دەم کردنەوە، پشکیانەوە، ئاوەڵا بون، کرانەوە ٢- شکەست دان، بەزاندن، تێش کاندنی لەشکر و دوژمن

**شکوه:** ١- گلەیی، سکاڵا، گازندە، ٢- نەخۆشی، ناساغی

**شکوه:** جەلال، فەڕ، مەزنی، پایەبەرزی، سەربڵندی، شکۆ

**شکوه:** ترس، تۆقان، زات نەمان

**شکوهمند:** بەرێز، سەنگین، پایەبەرز، بەشکۆ، خاوەن شکۆ

**شکوهه:** شکۆ، جوانی، جەلال

**شکوهیدن:** خۆبەگەورە زانین، خۆبەزل زانین، پایەبەرزی بون

**شکوهیدن:** ترسان، تۆقان، تۆقین، زراوچون، زات نەمان

**شکوی:** گلەیی کردن، گازندە کردن، بۆڵە کردن، گلەیی، گازندە، سکاڵا

**شکهیدن:** نیگەران بون، پەرێشان بون، بێ قەراربون، تۆقرە لێ بران

**شکیب:** خۆراگری، ئارامی، هێمنی، لەسەرخۆیی، تاقەت، بێ گلەیی

**شکیبا:** خۆڕاگر، ئارام، هێدی، هێمن، لەسەرخۆ، بەتاقەت، بەسەبر

**شکیبیدن:** خۆڕاگرتن، ئارام بون، بەرگە گرتن، هێمن بون، لەسەرخۆبون، لەسەرخۆیی

**شکیفت:** سەبر، ئارامی، تاقەت، هێمنی، لەسەرخۆیی

**شکیفتن:** بڕوانه شکیبیدن

**شکیل:** ١- کەڤ خویناوی کەلەدەوری لـۆزی ئەسپ کۆدەبێتەوە ٢- جوان، دەلال، ناسك

**شکیل:** مەکر، کەلك، فریو، ریا، درۆ

**شگا:** تیردان، ئەو شتەی تیری تیا هەڵدەگرن

**شگال:** بڕوانه شغال

**شگال:** خەڵووز، ڕەژی

**شگال:** چاڵ، کەڵشت، چاڵی قووڵ لەزەوی

**شگالیو:** برژاو، برژیاگ، نان یا گۆشتێك لەسەر ئاگر بیبرژێن

**شگرد:** شێوە، چۆنیەتی کارکردن، شێواز، ڕێگە، ڕێباز

**شگرف:** سەیر، سەمەرە، بێ وێنە، بێ هاوتا، سەرسووڕهێنەر

**شگفت:** سەرسووڕمان، واق ورمان، سۆزەت، ئاناشنا، پرپرس

**شگفتن:** بڕوانە شکفتن

**شگفتیدن:** سەرسووڕمان، واق و ورمان، پرسیار لا دروست بون

**شگن:** بڕوانە شگون

**شگون:** فاڵی باش، پیرۆزی، موبارەکی

**شل:** نەرم، سست، شلەمەنی. بەکەسی لاواز و تەمەڵیش دەڵێن

**شل:** ڕم، ڕمی کورت

**شل:** ڕان، ڕانی مرۆڤ یا ئاژەڵ

**شل:** شەل، گۆج، ئەوەی دەستی لەکار کەوتبێت

**شلافه:** بێ حەیا، ژنی بێ شەرم،

**شلاق:** قامچی، شەلاخ، شەلاق

**شلال:** شەلال، تافگە، ئاوهەڵدێر، شوێنی ڕژانەخواری ئاوی ڕوبار لەشوێنێکی بەرز

**شلپ:** شڵپ، شڵپە، دەنگی کەوتنی شتێك بۆناو ئاو

**شلپوی:** خشپە، خشپەی پێ، دەنگی پێ لەکاتی ڕۆشتندا

**شلتاق:** گێچەڵ، شەڵتاخ، هەراوهوریا، ئاژاوەگەڕ، تەشخەڵە، تەشقەڵە

**شلتوك:** چەڵتووك، پویش برنج، ئەو برنجەی هێشتا لە توێکەڵەکەی دەریان نەهێنابێت

**شلتوك کاری:** چەڵتوك کاری، ئاشتنی برنج، چاندنی برنج

**شلته:** سەرسەلوێنك، سەلوێنك، پەین، ئەو شوێنەی پەین و پیسایی مەڕ و ماڵاتی لێ دەڕێژن

**شلخته:** شلەپەتی، ئەو ژنەی کارەکانی ناڕێك و بێ نەزمە، ڕیپاڵ، لێنەهاتوو، شپرزە

**شلغم:** شێلم، شەلەم، شەلەمێ، تێتوو

**شلف:** قەحبە، گاندەر، لەش فرۆش، ژنی خراپەکار

**شلفینه:** بڕوانە شلفیە

**شلفیه:** قوز، کوس، کوز، ناوگەڵی ژن، شەرمی ژن ٢- قەحبەر، گاندەر، ژنی خراپەکار، لەش فرۆش

**شلق:** ١- بەرقامچی دان، قامچی لێدان ٢- بەدرێژی قەڵشتنی شتێك

**شلك:** بڕوانە زالو

**شلل:** شەلەل، لەکارکەوتنی دەست، گۆج بون

**شلمیز:** بڕوانە شنبلیله

**شلنگ:** هەڵبەز و دابەز، جۆرێ ڕێگە ڕۆشتن بە هەنگاوی درێژ و بەرز، لۆق نان، هەنگاو هەڵگرتن

**شلوار:** شەرواڵ، شەڵوار، پانتۆڵ، جل و بەرگێك کە لەپشتەوە تا قولاپەی پێ دادەپۆشێت

**شلوغ:** شلۆق، قەرەباڵغ، کەڵەکە کردن، دەنگ و دوور، هوسە و قەرەباڵغ

**شلوك:** بڕوانە زالو

**شله:** قوز، وز، ناوگەڵی ژن، شەرمی ژن

**شله:** تۆڵە، تۆڵە سەندنەوە، دادخوازی، کوشتنی بکوژ

**شلیدن:** شەل بون، وەك شەڵەکان بەڕێگادا ڕۆشتن، گێڕی، نجمین

**شلیل:** قۆخ، خۆخ، شەلیل، هەشتالو

**شم:** ١- ڕەم کردن، هەڵاتن، ڕاکردن ٢- فریو، کەڵەك، فێڵ

**شم:** نینۆك، ناخون، نینۆکی دەست و پێ

**شم:** بۆن کردن، بۆن، بۆکردن، بۆ، بێن

**شما:** ئێوە، ڕاناوی دووەم کەسی کۆ. بۆ ڕێز دانان لە جیاتی تۆ بەکار دەبرێت

**شماتت:** ١- شادی کردن، دەربڕینی شادی بۆ خەم و ئازاری کەسێك ٢- سەرکۆنە کردن، لۆمە کردن، سەرزەنشت

**شماخ:** شاماکی، مەمکەڵۆس، ستیان، مەمك بەند

**شماخ:** ١- بەرز، زۆر بەرز ٢- سەرفراز، سەرفیراز، سەر بڵند، لەخۆڕازی، ئەوەی لە روی لەخۆبایی بونەوە شانازی بەخۆی بکات

**شمار:** ژومارە، شمارە، نمرە، درەجە، ئاست و رادە

**شماردن:** ژوماردن، شوماردن، بژاردن

**شمارش:** بڕوانە شمردن

**شماس:** وشەیەکی سریانیە بەمانای خزمەتکار، خزمەتکاری پەرەستگا

**شماطه:** دەنگدار، دەندەر، ساعەتی دەنگدار

**شماع:** مۆم ساز، مۆمزی، ئەو کەسەی مۆم دروست دەکات، مۆمی ورد و بچوك

**شمال:** شمال، باکوور، لای چەپ، دژی راست. و دەستی چەپی کەسێك کەڕوو لە رۆژهەڵات وەستاوە

**شماله:** مۆم، شەمع

**شمام:** بۆنکەر، ئەوەی زۆر بۆن دەکات، بێنکەر

**شمامه:** ١- شەمامە، کاڵەك، گندۆرە، جۆرە کالێکە ٢- هەر شتێکی بۆنخۆش کەلەدەستی بگرن و بۆنی پێوە بکەن، بۆنخۆش ٣- مۆمدان، جێ چرا

**شمانیدن:** پەرێشان کردن، شڵەژاندن، شێواندن، ترساندن، تۆقاندن

**شمایل:** خوو، عادەتەکان، سرشتەکان

**شمپانزه:** شەمپانزە، مەیمونی مرۆڤ ئاسا، ئەو مەیمونەی زۆر لەمرۆڤ دەکات. مەیمونێکی بێ کلك کەهاوشێوەی مرۆڤە زیاتر لە دارستانەکانی ئافریقا دەست دەکەوێت

**شمد:** مەلافە، پارچەیەکی ناسك کەلەهاویندا لەکاتی خەو بەخۆیان دەدەن

**شمر:** ئەستێڕ، ئاوگر، گۆل، حەوزن ئیستەخر، هەر شوێنێك کە ئاو وەستا بێت

**شمردن:** ژوماردن، زمارتن، بژاردنن شوماردن، حسێب کردن، هەژمار کردن، هژمار کرن

**شمرش:** بڕوانە شمردن

**شمریدن:** بڕوانە شمردن

**شمس:** هەتاو، خۆر، رۆژ

**شمش:** قاڵبی زێر، زێرخشتی، زێڕی قاڵب

**شمشه:** شمشەن کەرەستەیەکی داریینی چوارلا هاوشێوەی راستە بەدرێژی یەك یا دومەتر کە لەبیناسازیدا بۆ تەراز کردنی خشت بەکار دەڕوات

**شمشیر:** شمشێر، شێر، شووشکە، شوور، شیر، ئامرازێکی شەڕ کە تیغێکی درێژ و دەمەکەی بڕەڕ و کوشەندەیە

**شمشیربازی:** شمشێربازی، شێر بازی، یاریەکی وەرزشیە کە لەنێوان دوکەس لە گۆڕەپانێکی ٢ لە ١٢ یا ٢ لە ٣٤ ئەنجام دەدرێت

**شمشیر زدن:** شیر وەشاندن، شمشێر وەشاندن، شەڕە شمشێر

**شمشیرساز:** شمشێر ساز، شێر ساز، ئەوەی شمشێر دروست دەکات

**شمشیر کشیدن:** شمشێر دەرهێنان، شمشێر دەرکێشان، دەرهێنانی شمشێر لەکالان

**شمشیرگر:** بڕوانە شمشیر ساز

**شمع:** مۆم، شەم، مێو، دەرمێو

**شمعدان:** شەمدانن مۆمدان، ئەو دەفرەی مۆمی تیا دادەنێن، جێ مۆم

**شمغند:** بۆگەن، گەنیو، بۆن ناخۆش، هەر شتێکی بۆگەن و گەنیو بەتایبەت ژنێك کەجەستەی بۆن بدات

**شمقمق:** ١- درێژ، بڵند، کێشراو ٢- شاد، شادان، شادمان

**شمل:** ١- بایی باکوور، ٢- کەم، تۆز، نمە باران، کەمێك لەخەڵك یاباران یا هەرچی

**شملال:** تیژپێ، بلەز، خێرا، وشتری خێرا و تیژپێ

**شملق:** بەدفەڕ، خراپە خواز، ژنی خراپ

**شمله:** شاڵ، دەستاڕ، عابا، چارشێوە، ئەو چارشێوەی ژنان لەخۆیانی دەپێچن

**شملید:** بڕوانە شنبلیله

**شمن:** شەمەن، شمن، راهیبی بودایی، بت پەرەست

**شمند:** بڕوانە شمن

**شمندر:** چۆندەر، چەوەندەر

**شمن دوفر:** شەمەندەفەر، قەتار، رێگەی ئاسن

**شمنده:** بڕوانە شمیدن

**شموس:** چەموش، سەرکێش، یاخی، ئەسپێ سەرکێش

**شمـــول:** دەورە گـرتن، هـەموان گرتنـەوە، شـتێك یـا بابەتێك کەهەموان بگرێتەوە

**شمـــوم:** بۆنکـەر، ئـەوەی زۆر بـۆن دەکـات، بێنـەر، بۆنخۆش، بێن خۆش

**شمە:** ۱- بۆ، بێن، بۆن، بۆنی کەم ۲- بۆنکردن، یەکجار بۆنکردنی شتێك

**شمە:** سەرشیر، قەیماخ، قیەماغ، سەرتوێژ. فرۆ، یەکەم شیر کەلەدوایی زانی مانگا یا مەڕ لێی دەدۆشرێت

**شمیدن:** ترسان، تۆقان، زاتچون، زات نەمان، ڕەم کردن، بێهۆش بون، چڵەکیانەوە، داچڵەکان

**شمیز:** پووشـە، فایل، کاغـەزێکی تایبـەت کـە بەڵگە و سەنەدە تایبەتەکانی بابەتێکی تیا هەڵدەگرن

**شمیلە:** خوو، سرشت، خەدە، عادەت، سروشت

**شمـــیم:** بـۆنی خـۆش، بـێنی خـۆش. بـەمانای بـەرز و بڵندیش دێت

**شمین:** بۆنخۆش، بێن خۆش

**شن:** وردە بەرد، ڕێخ، ریخ، ماسە، خیز، زیخ

**شـنا:** مەلـە، سۆبایی کـردن، جووڵەی مـرۆڤ یـا ئـاژەڵ لەسەر ئاو بەدەست و پێ

**شناخت:** ناسین، ئاشنایی، وەرگـرتن، تێگەشـتن، هەست کردن

**شناختن:** ناسین، ئاشنا بون، شناسین، تێگەیشتن، زانـین، هەست پێکردن، زانایی، هەڤاڵینی، نیاسین

**شنار:** بڕوانە شنا

**شـــنار:** عـار، عەیبـە، عـەیب، شـوورەیی، قێـزەونترین عەیب، شووم، ناپیرۆز، نامۆبارەك

**شناسا:** زانا، ئاشنا، نیاس، دانا، ئاگا

**شناساندن:** ناساندن، نیاساندن، ئاشنا کردن

**شناسنامە:** پێناس، سجیل، ناونیشان، وەرەقەیەکە کـە نـاو و هـەمو شـتێکی کەسـەکانی لەسـر نوسـراوەو بۆناسینەوە، ناسنامە

**شناسندگان:** زانایان، ئاگایان، داناکان

**شناسیدن:** بڕوانە شناختن

**شناو:** بڕوانە شنا

**شناور:** سۆبایی کەر، ئەوەی لەسەر ئـاو مەلـە دەکـات یـا دەجووڵێت

**شناه:** بڕوانە شنا

**شنایع:** قێزەونەکان، ناحەزیەکان، ناشیرینیەکان

**شنب:** گوومەز، گوونبەد، قووبە، ئارامگای غازان خان لە فەرمانڕەواکانی مەغۆل لەئێران لەنزیکی تەبرێز

**شنبد:** شەممە، شەمبی، یەکەم ڕۆژی حەفتە

**شنبلید:** بڕوانە شنبلیلە

**شنبلیلە:** شملێ، شەمەلیلە، شەمبەلیلە، سەوزی چێشت

**شنبە:** شـەممە، شـەمبی، شـەمبە، یەکـەم ڕۆژی حەفتـە، سەرەتای حەفتە

**شندرغاز:** چەند قران، پووڵی کەم و بێ بایی

**شندف:** کووس، تەپڵ، دەهۆڵ

**شنزار:** بەردەڵان، خیزەڵان، زیخەڵان، ئـەو زەویـەی کـە زیخ و وردە بەردی زۆری لێ بێت

**شنع:** بەناحەز زانین، بە قێزەون هەژمار کردن، کار یـا شتێك بە قێزەون یا ناحەز زانین

**شنع:** قێزەون، ناحەز، دزێو، خراپ

**شنعت:** قێزەونی، ناحەزی، ناشیرینی، دزێوی

**شـــنف:** کینـە، دوژمـنی، نـەیاری، بـە دوژمـن زانـینی کەسێك

**شنف:** گووارە، خشڵی کەلەگوێ دەکرێ

**شنفتن:** بیستن، شنەفتن، ژنەوتن، گوێ لێ بون، بیسن

**شنق:** لەداران، پەت کردنە مل

**شنق:** ۱- گووریس، تای بار ۲- برین، جەراحەت

**شن کش:** شەن، شەنکێش، ئامرازێکی کـانزایی دەسـکدارە بۆ کۆکردنەوەی بەرد و خەوش و خۆڵی ناو باغچە

**شنگ:** شەنگ، شۆخ، دەلال، جوان، ناسك

**شنگ:** شنگ، شن، جۆرە گیایەکی خواردنە

**شنگرف:** جیوە، بزۆك، یەکێك لەجۆرەکانی بەردی کانی جیوە

**شنگرف گون:** سوور ڕەنگ، سوور باو

**شنگل:** شۆخ، شەنگ، دەلال، جوان، ناسك، قۆز

**شنگل:** شەنگا، لەداستانەکانی شانامە ناوی پاشای هیندە کە هاوکاری ئەفراسیابی کردوە
**شنگله:** ڕیشاڵ، ڕیشالی پەردە و پارچە و هەرچی
**شنگول:** بڕوانە شنگل
**شنگه:** ١- شەرم، ئەندامی نێرینە، کێر ٢- زبڵدان، خۆڵدان، شوێنی ڕشتنی خەوش و خۆڵ
**شنگینه:** گارام، گاڵۆك، داردەس، چل کوت، چێوی چل شۆڕین
**شنوا:** بیسەر، گوێگر
**شنوانیدن:** بەگوێ گەیاندن، بابەتێك بەگوێی کەسێك گەیاندن، گەهاندن، بهیساندن
**شنوایی:** بیسن، ژنەوتن، بیسن، یەکێك لە پێنج هەستەوەرەکان کە دەنگەکان بەهۆیەوە دەبیسترێت
**شنودن:** بڕوانە شنیدن
**شنویدن:** بڕوانە شنیدن
**شنه:** ئاواز، بانگ، حیلە، کووڕان، حیلەی ئەسپ
**شنه:** لەعنەت، نفرین، لەحنەت
**شنیدن:** بیستن، شنەفتن، ژنەوتن، گوێ لێ بون، بیسن، بهیستن
**شنیدنی:** ئەوەی شیاوی بیستن بێت، بیستەنی، بیسەنی
**شنیع:** قەبێح، دزێو، ناشیرین، ناحەز، قێزەون
**شو:** بڕوانە شب
**شو:** مێرد، هاوسەر، تاکی ژن
**شو:** نمایشت، نمایش، دیمەن، ڕیا
**شوا:** ئاوڵە، پینەی بەرە دەست
**شواء** برژاو، گۆشت یا هەر شتێکی برژاو
**شوارع:** ڕێگا، ڕێگاکان، ڕێ، جادەکان
**شواظ:** ١- بڵێسە، کڵپەی ئاگر، بڵێسەی ئاگر کەبێ دووکەڵ بێت ٢- گەرمی خۆر یا هەتاو، تیشك، تا ٣- فریاد، هاوار، دزوێن، جنێو، جوێن
**شوالیه:** نەجیب زادە، خانەدان، جوامێر، خاون پلە و پایە
**شوان:** شوان، شوانە، شڤان، پاسەوانی ئاژەڵ
**شوب:** دەستاڕ، دەسماڵ، دەسەسڕ
**شوب:** تێکەڵ کردن، ئاوێتە کردن، ڤاتی کردن
**شوبان:** بڕوانە شبان
**شوبست:** چاوبەست، فێڵ، ئەفسون
**شوخ:** چڵك، قرێژ، پیسی، چڵکی جل و بەرگ و جەستە
**شوخ:** شۆخ، شاد، شادمان، دڵ زیندوو، جوان، دەلال
**شوخ چشم:** بێ شەرم، بێ حەیا، بێ ئابروو، روو کراوە، ڕوودار
**شوخ طبع:** قسە خۆش، زمان شیرین، نوکتە خۆش
**شوخگن:** چڵکن، چڵکاوی، قرێژاوی
**شودر:** چارشێوە، بەتانی، جل و بەرگی خەو، جل و بەرگی شەو
**شور:** سوێر، پڕخوێ، هەر شتێك کەتامی خوێی هەبێت
**شور:** فیتنە، ئاژاوە، هەرا، هوریا، گرزی
**شور:** ڕاوێژ کردن، پرس و ڕا، تەوبیر، تەگبیر
**شورابه:** سوێراو، ئاوی پڕخوێ، ئاو کە سوێر بێت
**شوراندن:** هاندان، بزواندن، دەنەدەنەدان، گرژ کردن، ئاژاوە نانەوە، گێرە شێوێنی، فیتنە گێری، هەڵخڕاندن، چوکڵەختێ، بەڵشاندن، گاڵدان
**شورانگیز:** گرزی هێنەر، بزوێنەر، هەڵخڕێنەر، هاندەر، بەڵشاندەر، ئەوەی مرۆڤ گرژ دەکات، فیتنەچی، ئاژاوەگێر، گێرە شێوێن
**شوربا:** شۆربا، شلەمەنیەکەی سادە کەبە برنج و سەوزی ئامادەی دەکەن
**شوربخت:** بەخت ڕەش، چارەڕەش، بەدبەخت، خاکەسار، بێ شانس
**شوربوم:** زەوی بێبەر، زەوی بێ بەر کەبەکەڵکی بەروبومی کشت و کاڵ نەیت لەبەر سوێری خاکەکەی
**شورپشت:** سوێرەپشت، سەرکێش، نافەرمان، یاخی
**شورچشم:** چاوپیس، ئەوەی بەچاوی زیان بەکەسانیتر بگەیەنێت
**شورش:** شۆڕش، ڕاپەڕین، یاخی بون، هەستان
**شورگیاه:** گیایی سوێر، سوێرە گیا
**شورم:** کێو، کەژ، چیا
**شورمور:** مێروله، مروله، مێرووڵەی ورد

**شوروا**: بڕوانە شوربا

**شوروغوغا**: هەراوهوریا، ئاژاوە، فیتنە، دەنگە دنگ، قەربالغی

**شورومور**: بڕوانە شورمور

**شورەزار**: شۆڕەکات، زەوی پڕ شۆڕە، زەوی سوێر

**شورەسر**: شۆڕە، شۆڕەی سەر، کرێش، قرێش

**شوری**: راوێژ، پرس و را، تەگبیر، تەوبیر، پرس کردن بەیەك لەسەر بابەتێك یا کارێك

**شوریدن**: پەرێشان بوون، گرژ بون، بزوێندران، هەڵخڕیان، شۆڕش، راپەڕین، سەرهەڵدان، هەستان، یاخی بون

**شوریده بخت**: بەدبەخت، چارە رەش، خاکەسار، بەخت ڕەش

**شوریده حال**: پەرێشان، شڵەژاو، شپرزە، پەرێشان حاڵ

**شوریده خاطر**: بڕوانە شوریده حال

**شوریده دماغ**: شێت، دێوانە، پەرێشان، شڵەژاو

**شوریده راه**: گومڕا، ڕێ ون کردوە، بێ باوەڕ، بەدفەڕ

**شوریده رنگ**: ڕەنگ پەڕاو، زەرد هەڵگەڕاو، سەرکۆنە کراو، خەمۆك، خەمبار

**شوریده روزگار**: پەرێشان حاڵ، هەژار، نەدار، دەست کورت

**شوریده سر**: بێ ئارام، بێ ئۆقرە، پەرێشان

**شوریده کار**: کارپەرێشان، ئەوەی کارەکانی نارێك و پەرێشانە، پرژ و بڵاو

**شوریده مغز**: دێوانە، شێت، مالیخولیایی

**شوسه**: شۆسە، شۆستە، جادەی ڕێك و چەوریژی کراو

**شوشه**: شمشی زێڕ، قاڵبی زێڕ

**شوغا**: شەوگەڕ، شوول، شوێنی مانەوەی ئاژەڵ و مەڕومالات لە دەشت

**شوغار**: بڕوانە شوغا

**شوفاژ**: ئۆفاژ، سوتەمەنی، مادەی گەرم کردن، گەرمیەك کەلە ئامێرێکەوە دروست دەبێت و هەمو ژوورەکانی بینایەك گەرم دەکاتەوە

**شوفر**: شۆفێر، لێخوڕ، ئاژۆ، ئەوەی ترۆمبێل لێ دەخوڕێت

**شوق**: ویست، خواز، ئارەزوو، مەیل، حەز، تاسە، ئەڵها، ئارەزومەندی، حەزداری، ویستن، خواستن

**شوق انگیز**: بزوێنەر، حەز دروست کەر، ئەوەی حەز و تاسە لەمرۆڤدا دروست دەکات

**شوك**: شۆك، راچڵەکان، تەکان، جووڵەی توند، لە پزیشکیدا حاڵەتێك کەلەناکاو بەمرۆڤ دەست دەدات و هێزەکانی بەرەو لاوازی دەچێت

**شوکار**: شەوکار، ئەوەی بەشەو داکار دەکات، شەوگەڕ، دز، ئەو کەسەی شەوانە دزی دەکات

**شوکت**: شکۆ، مەزنی، مەزنایەتی، بەڕێزی، ڕێزداری، گەورەیی

**شوکران**: شەوکەران، گیایەکەی ژەهراویە

**شوکل**: تەشی، ئامێری ساکاری بەن بەبادان

**شوگاه**: بڕوانە شوغا

**شول**: ١- ئاو، ئاوی کەم، کەمێك ئاوی ناو مەشکە یا گۆزە ٢- چالاك، ڕۆح سووك

**شولك**: ئەسپ، ئەسپی تیژ پێ

**شولم**: بڕوانە شیلم

**شوله**: زبڵدان، خۆڵدان، شوێنی ڕشتنی خەوش و خۆڵ

**شولیدن**: پەرێشان بوون، شڵەژان، شپرزە بوون، تیامانەوە، ئاڵۆزاوی، داماوی

**شوم**: شووم، ناموبارەك، ناپیرۆز، نەحس

**شومیز**: شێف، کێڵدراو، جوت کراو، زەوی جوت کراو و ئامادە بۆ کشت و کاڵ

**شومیزیدن**: کێڵان، جووت کردن، شێف کردن، کێڵانی زەوی

**شوها**: روو گرژ، مۆن، ژنی ناوچاو تاڵ، ڕووناخۆش، ناحەز، ناشیرین

**شوهر**: مێرد، هاوسەر، شوو، جووتی ژن، پیاوی ژندار

**شوهردار**: مێرددار، ژنێك کەشووی کردبێت

**شوی**: بڕوانە شوهر

**شوی**: برژاو، برژیاگ، کەباب

**شوید:** شیوت، شویت، گیایەکی یەك ساڵەیە بەرزاییەکەی تا یەك مەتر دەگات و یەکێکە لەسەوزیە خواردەمەنیەکان

**شوی دیدە:** مێرد دیتو، مێرد کردوو، ژنێك کەشووی کردبێتن بێوەژن

**شوییدن:** بڕوانە شستن

**شە:** بڕوانە شاه

**شە:** ئاخ، ئەح، وشەیەکە لەکاتی بێزاریدا دەری دەبڕن

**شهاب:** تیشك، پرووسکە، پریسکە، تریفە، ئەستێرەی روون

**شهادت:** شایەتی دان، شایەتی، بینینی ئەوەی بە چاو بینراوە لای دادوەر. شایەتومان، شایەتیدان بە تاقانەیی خوا

**شهامت:** بوێری، دلێری، ئازایەتی، چاونەترسی، زاتداری، بەجەرگی

**شهانە:** شایانە، پاشایانە، تایبەت بە شاکان

**شهبا:** ١- رەش و سپی تێکەڵاو ٢- سوپای، لەشکری قورس و پڕ چەك ٣- وشکەساڵی، قات و قری، گرانی، نەهات

**شهبال:** شاباڵ، گەورەترین پەڕ لە پەڕەکانی باڵی مریشك

**شە بالا:** بەژن بەرز، باڵا بەرز

**شهبانو:** شاژن، ژنی شا

**شهپر:** بڕوانە شهبال

**شهد:** هەنگوین، هەنوین

**شهدانج:** شادانە

**شهر:** شار، شارستان، ئاوەدانی گەورە کە شەقام و کوڵان وشارەوانی تیا بێت، باژێر

**شهر:** مانگ، خرمانەی مانگ، مانگی کۆچی

**شهربان:** شارەوان، بەرێوبەری شار

**شهربانو:** شاژنی شار، خاتوونی شار

**شهرباني:** یانەی پۆلیس، پۆلیسی ناوشار

**شهربند:** دیوار، حەسار، ئەو دیوارەی دەوری شاری پێ دەگرن

**شهرت:** ئاشکرابون، دەرکەوتن، بڵاوبونەوەی بابەتێك یا قسەیەك

**شهرتاش:** هاوشاری، دوکەس کەلەخەڵکی یەك شار بن

**شهردار:** شارەدارن شارەوان، شارەڤان، لێپرسراوی کاروباری ناوشار

**شهرداری:** شارەوانی، شارەداری، شوێنی شارەوان

**شهرسازی:** شارسازی، دروست کردنی شار، نۆژەن کردنەوەی کۆڵان و گەڕەکەکانی ناوشار

**شهرستان:** شارستان، شار، شاری گەورە بە ناحیە و قەزاکانی

**شهرك:** شاری بچوك، شار، شارۆچکە

**شهروزە:** سواڵکەر، درۆزەکەر، سواڵکەرێك کەهەر رۆژەوە لەبەشێکی شاردا سواڵ بکات

**شهرە:** ناودار، ناسیاو، بەناو بانگ، ناوی، ناڤدار، نێڤ بانگ

**شهریار:** شاریار، گەورەی شار، پاشا، سوڵتان، فەرمانڕەوایی شار

**شهریدە:** پرژ و بڵاو، لێك هەڵپرژاو، پەخشان، پەخشان و دەخشان

**شهرير:** بڕوانە شهريور

**شهريور:** خەرمانان، مانگی شەشەمی ساڵ

**شهريە:** مانگانە، کرێی مانگانە

**شهزادە:** شازادە، مناڵی شا

**شهسوار:** شاسوار، سوارکاری چالاك

**شهکار:** شاکار، کاری گەورە و دیار، کارێك کەهونەرنوێنی تیا کرابێت

**شهلا:** شەهلا، چاو ڕەش، ژنی چاو ڕەش

**شهلە:** چەوری، سپێتی، بەز، پیو، چەق

**شهلە:** پیرێژن، ژنی بەتەمەن، بەساڵاچوو

**شهلە:** چاڤ شین، چاوشینی، بە رەنگی ئاسمان بوونی رەنگی چاو

**شهلیدن:** لێك پرژان، لێك پاشان، پەخشان بون، بڵاو بونەوە، پرژ و بڵاو بونەوە

**شهم:** بیرتیژ، چالاك، دلێر، گەورە، سەروەر، فەرمانڕەوا

**شه مات:** بڕوانه شاهمات

**شهناز:** شەهناز، شاناز، ناوی یەكێك لەئاهەنگەكانی مۆسیقی ئێرانی

**شهنشاه:** شای شاكان، پاشای پاشاكان، شاهەنشا

**شهنشه:** بڕوانه شهنشاه

**شهنگانه:** تەرزە، ژاڵە

**شهوار:** شایانە، هەر شتێكی گران و شایانە، ئەوەی شیاوی شا بێت

**شهوان:** شەهوەتاوی، پیاوی بەشەهوت، ئەو پیاوەی شاوەتی زۆری بێت

**شهوانی:** شەهەوتاوی، شاوەتاوی، پڕ شەهوەت، هەوەسدار، پیاوی خوازیار و ئارەزومەند

**شهوت:** شاوەت، شەهوەت، هەوەس، حەز، ئارەزومەندی، نەفس

**شهوت آلود:** شەهوەتاوی، شاوەتاوی، هەوەسدار، ئەوەی تێكەڵاو بە شەهوەت و هەوەس بێت

**شهوت انگیز:** شاوەت بزوێن، شەهەوەت بزوێن، ئەوە شەهەوت و هەوەس ببزوێنێت

**شهوت بار:** شاوەت بار، هەوەسدار، ئەوەی شاوەت و هەوەسی لێ بباریێت

**شهوت پرست:** شەهوەت پەرست، شاوەت پەرست، ئەوەی زۆر تاسەمەندی شاوەت و هەوەسە، ئەوەی بەردەوام حەزی لەجووت بونە

**شهوت ران:** بڕوانە شهوت پەرست

**شهود:** شایەت، شایەتەكان

**شهود:** ئامادە بون، بینینی شتێك، شایەتی دان

**شهور:** مانگ، مانگەكان

**شهوق:** بەرز بونەوە، هەستان، هەستانە سەرپێ

**شهه:** حیلە، حیلان، كووڕین، حیلەی ئەسپ

**شهی:** ١- تەماحكار، چاوچنۆك، خوازیار ٢- گونجاو، پەسەند، هەر شتێكی پەسند و بەتام و چێژ

**شهید:** ١- شەهید، كوژراو لەرێگەی خوا یا وڵات ٢- شایەت، شایەتیدەر، و یەكێك لەناوەكانی خوا

**شهیده:** بڕوانە شهید

**شهیر:** ناودار، بەناو بانگ، ناسراو، سەرناس، سەرنیاس

**شهیره:** بڕوانە شهیر

**شهیق:** ١- هەناسە كێشان، هەوا هەڵمژین ٢- بانگ كردنی كەر

**شهین:** شەهێن، شاهین، شایی، تایبەت بەشا. بەمانای جووڵە و لەرەیش دێت

**شیاب:** ئاوێتە كردن، تێكەڵ كردن، قاتی كردن، تێكەڵی، ئاوێتەیی

**شیاد:** فێڵباو، مەكرباز، دووڕوو، ریاكار، دەسبڕ

**شیار:** شێف، شێف، رووشانی و كەڵێنی بچوك لەشتێك، شیو

**شیاریدن:** شێف كردن، هەڵكەندنن شیو كردن، كێڵانی زەوی بەمەبەستی ئامادە كردنی بۆ بەروبومی كشتوكاڵی

**شیاطین:** شەیتانەكان، ئیبلیسەكان، ئەهریمەنەكان

**شیاع:** لایەنگری كردن، شوێن كەوتن، هاورێیەتی كردن

**شیاع:** ١-ئاگرگرە، وردە چیلكە كە ئاگری پێ دەكەنەوە ٢- شمشاڵ، نەی، شمشاڵی شوان ٣- هەواڵێك كەبەهەمو شوێنێك گەشتبێت

**شیاف:** دەرمان، دەرمانی چاو

**شیان:** سزا، جەزا، تاوان، پاداشت، قەرەبو

**شیاه:** مەڕ، مەڕومالاَت

**شیء** شت، چت، شتومەك، چتەمەك

**شیب:** ژێر، خوار، سەرەوخواری، پێچەوانەی بەرزی

**شیب:** شەیدا، شێواو، شڵەژاو، پەرێشان، شپرزە

**شیب:** سەرسپی، سپی سەر، سپی بونی موی سەر، پیری، بەساڵاچون

**شیبا:** شەیدا، پەرێشان، سەرگەردان، شپرزە، شێت، دێوانە

**شیبان:** لەرزان، پەرێشان، شێواو، شپرزە، تێكەڵ و پێكەڵ

**شیبان:** شەیبان، ناوی هۆزێكی عەرەبە

**شیبانیدن:** لەرزانـدن، شـەیدا کـردن، شـێت کـردن، پەرێشان کـردن، تێکەڵ کـردن، هـەویر کـردن، ئاوێتـە کردن

**شیب پـالا:** ترشی پـاڵێو، دەفرێکی مسین کەبنەکەی کونی وردی هەیە و شەربەت یا ترشی یا شتیتری تیا دەپاڵێون

**شیبیدن:** لەرزین، تـەپین، شـەیدا بـون، پەرێشان بـون، شێت بون

**شیپور:** شەیپوور، زڕنا

**شیپورچـی:** زڕنـا ژەن، شـەیپوور ژەن، ئـەوەی شـەیپوور دەژەنێت

**شیخ:** شێخ، زانا، بیرمەند، پیاوی گـەورە، سـەرۆك هـۆز، ڕێنیشاندەر

**شیخوخت:** ١- پیربن، بەساڵاچون، پیری

**شیخون:** پیر، بەساڵاچوو، بەتەمەن

**شیخە:** شێخ ژن، پیرێژن

**شید:** نوور، ڕووناکی، روناهی، هەتاو، رۆژ، تیشك

**شید:** سواغ، سواغدان، سواغدان دیوار بەگەچ یا ئاهـەك یا هەرچی

**شید:** گەچ، ئاهـەك، قـوڕ، هەرچی کـەدیواری پـێ سـواغ دەکەن

**شیدا:** پەرێشان، شەیدا، پەرێشان لە عەشق

**شید اهرمن:** هاندانی شەیتانی، خەیاڵە شەیتانیەکان

**شیدوش:** شـیدوش، نـاوی یـەکێك لەپاڵەوانـە ئەفسانەییەکانی ئێران، کوڕی گودەرز

**شیده:** نـوور، رۆشـنایی، ڕوونـاهی، ڕوونـاکی، تیـشك، هەتاو، رۆژ

**شیر:** شێر، دڕەندەی گەورە، پاشای دارستان

**شیر:** شێر، بەلۆعە، لوولە، ئامێرێکی کانزاییە بۆ بەستن و کردنەوەی ئاو

**شیر:** شیر، شلەمەنیەکەی سپی ڕەنـگ کـە لـەگوانی ئاژەڵەکان و مەمکی ژناندا هەیە

**شیر:** وەزیر، ڕاوێژکار، ڕاوێژ. بەمانای جوان و دەلالیش دێت

**شیراز:** تۆراخ، دۆسوێر

**شیرافکن:** بەهێز، بوێر، ئازا، چاونەترس، زۆردار، پیاوی ئازا و بوێر کە شێر لەزەوی بدات

**شیرانە:** شێرانە، کوڕانە، وەك شێرە، شێرئاسا

**شیراوژن:** بڕوانە شیرافکن

**شیربا:** بڕوانە شیربرنج

**شیربان:** شێربان، شێرفان، پاسەوانی شێر

**شیربچە:** بێچو شێر

**شیربرنج:** شیربرنج، جۆرە خواردەمەنیەکـە بە شیر و برنج دروست دەکرێت

**شیربها:** شیربایی، بەهای شیر، پووڵ یـا شـتێکیتر کـەزاوا بەماڵی بووکی بدات

**شیرپنجه:** بەهێز، ئازا، چاونەترس، زۆردار، بەهێز وەك شێر

**شیرجە:** شیجە، شیرجە، پـەڕین، خۆهەڵدانـە نـاو ئـاو لەبەرزاییەوە

**شیرچنگ:** بڕوانە شیرپنجه

**شیرخام خوردن:** شیری خاو خواردن، هەڵە کـردنن بـۆنی شیری خاو لەدەم هاتن

**شیرخشك:** شیری وشك، شیرێك کـە وشکیان کردبێت و وەك تۆزی لێ هاتبێت

**شیرخوار:** شـیرخۆر، شـیرەخۆرە، منالێـك کەهێـشتا لەمەمکی دایکی شیردەخوات

**شیرخوارگاه:** دایانەگە، شوێنی مناڵانی شیرخۆرە

**شیردان:** شیردان، ئاوسکی هەندێ ئـاژەڵی وەك بەرخۆلـە و بزن

**شیردل:** بەجـەرگ، بـوێر، دڵ ئـازا، نـەترس، ڕەشـید، چاونەترس

**شیردوش:** شـیردۆش، بێـری، بێریڤـان، ئـەوەی شیردەدۆشێت

**شیرده:** شیردەر، شیردار، ژن یا ئاژەڵێك کەشیر بدات

**شیرزاد:** شـێرزا، زادەی شـێر، بـوێر، چـاونەترس، ئـازا، بەجەرگ

**شیرزج:** شیری شەمشەمەکوێرە

**شێرزن:** شێرەژن، ژنی ئازا و بوێر

**شێرزور:** زۆردار، بەهێز، ئەوەی وەك شێر بەهێز بێت

**شێرژیان:** شێری ژیان، تووڕە، شێری دڕەندە

**شێرسگ:** شێرە سەگ، سەگی ئازا و بەهێز

**شێرسوار:** شێرسوار، ئەوەی سوار شێر بێت

**شێر شرزە:** شێری تووڕە، شێری دڕەندە

**شێرشکار:** بوێر، ئەوەی شێر شکار بکات، ئازا، نەترس

**شێر علم:** شێرئالا، وێنەی شێر کەلەسەر ئالا دایان نابێت

**شێرفش:** شێرئاسا، وەك شێر، شێرانە

**شێرفهم کردن:** تێگەیاندن، حاڵی کردن، تێگەیاندنی بابەتێك بەمناڵێکی کەم مێشك و نەزان

**شێرك:** شیرە، گوشراوە، دۆشاو، شیرەی تریاك

**شێرکچی:** شەراب فرۆش، عارەق فرۆش، خاونی مەیخانە

**شێرکخانە:** مەیخانە، نادی، شوێنی خواردنەوە

**شێرگیاه:** شیرەی گیا، ئەو شیرەی لە قەدی گیادایە

**شێرگیر:** شێرگر، ئەوەی بتوانێت شێر راو بکات

**شێرلان:** شێرەلان، هێلانەی شێران، ئەو شوێنەی شێری زۆری لێبێت

**شێرمان:** شێرانە، شێرئاسا، وەك شێر

**شێرماهی:** شێر ماسی، ماسی گەورە

**شێرمرد:** شێرەپیاو، ئازا، بوێر، دلێر

**شێرمگس:** جارجالۆکە، جلجالۆکە چونکە مێش دەخوات

**شێروا:** بڕوانە شیربا

**شێروار:** شێرانە، شێر ئاسا، هاوشێوەی شێر

**شێر و خورشید:** شێر و خورشید، نیشانی کۆنی دەوڵەتی ئێران کە بریتی بو لە شێرێکی وەستاو بە شمشێرێك لەدەستی راست و خۆرێك کەلەپشتیەوە دەدرەوشایەوە

**شێروش:** شێرانە، کوڕانە، شێرئاسا

**شێرە:** ئاومیوە، گوشراوی میوە، شیرەی میوە

**شێر یاخط:** شێر یاخەت، جۆرێکە لەقومار کەبە سکەی دووڕوو دەکرێت کە دیوێکیان شێرە و ئەویتریان خەتە

**شیرین:** شیرین، شریناهی، ئەوەی وەك شیر بێت یا تامی شیر بدات، هەر شتێك کەتامی شەکر بدات. ناوی ژنێکە کەخوسرەو پەرویز عاشقی بو و بە ژنی هێنای

**شیرین دهن:** شیرین زمان، شیرین دەم، ئەوەی دەم و لێوی جوان و خۆشەویستی هەبێت

**شیرین زبان:** زمان شیرین، قسە خۆش، خۆش قسە، ئەوەی قسە و وتەکانی خۆش بێت

**شیرین سخن:** قسە خۆش، وتە خۆش، قسە شیرین، زامن شیرین

**شیرین شمایل:** جوان، شۆخ، شەنج، قۆز، دەلال

**شیرین گوار:** بەتام، بەچێژ، تامدار، ئەوەی تام چێژی خۆشی هەبێت

**شیرینی:** شیرینی، هەر شتێك کەتامی شەکر بدات

**شیرینی پز:** شیرینی پەز، ئەوەی شیرینی دروست دەکات

**شیرینی خوردن:** شیرینی خواردن، شەکراو خواردن، رێ و رەسمی مارە برین و دیاری کردنی کچێك بۆ کوڕێك

**شیزفرنی:** شیزۆفێرنی، شێتی ئازەڵی

**شیشك:** مەڕی شەش مانگە یا یەك ساڵە، شەك، بەران

**شیشلە:** سست، لاواز، بێ هێز، شل، ئەوەی دەست وپێی سست و بێهێز بێت

**شیشە:** شووشە، شیشە

**شیشەباز:** فێڵباز، فریوکار، دەغەلکار، تەڕدەست

**شیشەبر:** شووبڕ، شووشەچی، ئەو کەسەی کاری بڕینی شووشە و جێ خستنیەتی

**شیشەکار:** شووشەچی، شوشەبڕ، ئەوەی شووشە دروست دەکات، شووشە ساز

**شیشەگر:** بڕوانە شیشەساز

**شیشە گردان:** فێڵباز، فریوکار، دەغەلکار، تەشقەڵەچی

**شیشە گردن:** نەحمەق، نەزان، گێژ، وڕ، کاس

**شیطان:** شەیتان، ئەهریمەن، یاخی، ئیبلیس، رۆحی ناپاك، دێو، دێڤ

**شیطنت:** شەیتانی کردن، سەرکێشی کردن، نافەرمانی کردن، یاخی بون، بەدفەڕی

**شیع:** لایەنگران، شوێن کەوتوان، هاوڕێیان، هاوەڵانی کەسێك

**شیعە:** شیعە، دەستە، بەرە، جوێ بووەوە، لایەنگرانی عەلی و دوانزە ئیمامەکەیتر کەباوەڕیان وایە خەلافەت دوای پێغەمبەر دەبێت لە عەلیەوە دەست پێ بکات

**شیفتن:** شەیدابون، پەرێشان بون، سەرگەردانی، شڵەژەان

**شیفر:** ژومار، شمارە، دەرەجە، نمرە، رەمز، هێما، نیشانە

**شیك:** شیك، شەنگ، شۆخ، دەلال، قۆز

**شیکپۆش:** شیك پۆش، خۆش پۆش، ئەوەی جل و بەرگی جوان و رازاوە دەپۆشێت

**شیکران:** بڕوانە شوکران

**شیگار:** بێکار، بێگار، کاری بێ کرێ، کاری زۆرەملێ

**شیلان:** سفرە، سفرەی خواردن کە چەندین جۆری خواردنی لەسەر چنرابێت

**شیلان:** شیلان، شیلانە، جلێق، داری، بەری دارێکی درکدارە

**شیلم:** گەنمە شێتە، دانەی گیایەکە لە جۆ باریکتر و سووورباو، گەنمە تاڵە

**شیلینگ:** شلەنگ، سۆندە، لوولەی پلاستیکی بۆ جێبەجێ کردنی ئاو لەناو ماڵ

**شیلە:** بڕوانە شیلم

**شیلە:** شیلە، فریو، فێڵ، کەڵەك

**شیلینگ:** شیلینگ، پارەی وردی ئینگلستان

**شیم:** خاڵدار

**شیم:** خوو، خەدە، عادەت، سرشت، سروشت

**شیماء:** خاڵدار، ژنی خاڵدار

**شیمە:** خوو، خولق، عادەت، سرشت، سروشت

**شیمی:** کیمیا، زانستێکە کە لە تایبەتمەندی مادەکان و شی بونەوە و پێکاهتەوە و کاریگەری ئەوان لەسەر یەك دەکۆڵێتەوە

**شیمیایی:** شیمیایی، کیمیایی، تایبەت بە کیمیا

**شیمی دان:** کیمیا زان، ئەوەی لە زانستی کیمیادا شارەزایە

**شیمیست:** بڕوانە شیمی دان

**شین:** عەیب کردن، ئیراد گرتن، عەیب لە کەسێك دۆزینەوە، ناحەزی، قێزەونی، دزێوی

**شینتو:** شینتۆ، مەزهەبی رەسمی دەوڵەتی ژاپۆن

**شیو:** شیو، سەرەوخواری، بەرەو خواری

**شیوا:** شیوا، زمان پاراو

**شیوا:** شیوا، ناوی یەکێك لەخواکانی هیندو، خوای وێرانکەر

**شیوخیت:** پیربون، بەساڵاچون

**شیوع:** بڵاو بونەوە، دەرکەوتن، ئاشکرا بون

**شیون:** شین، گریان، گریان و رۆڕۆ، شین و شەپۆر، ناڵە، هاتوهاوار، گریان لەکاتی بەڵا

**شیوە:** شێوە، شێواز، رێ، چۆنیەتی، رێباز، رێچکە، یاسا، نەریت، رێگە

**شیویدن:** ئاوێتە بوون، تێکەڵ بوون، قاتی بوون

**شیهم:** ژیژك، ژیژو، ژیشك

**شیهە:** حیلە، کوران، کوڕین، حیلەی ئەسپ

# ص

**ص:** پیتی حەفدەهەم لە ئالفابێتی زمانی فارسی، ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا نیە و لە جیاتی ئەوە (س) بەکار دەبرێت

**صائب:** ڕاست و دروست، ڕاست، ڕێك، ماف

**صائحه:** شین و شەپۆڕ، گریان بەسەر مردوو، بانگی گریان و خەم

**صائم:** ڕۆژووگر، بەڕۆژوو، ئەوەی هەمو ڕۆژەکانی ساڵ بەڕۆژوو دەبێت

**صائمه:** بەڕۆژوو، ژنی ڕۆژوودار، ئەو ژنەی هەمو ڕۆژەکانی ساڵ بەڕۆژو دەبێت

**صائن:** پارێزەر، پاسەوان، چاودێر

**صابر:** بەسەبر، خۆڕاگر، بەتاقەت، پشوودرێژ، ئارام، ئۆقرەگیر

**صابون:** سابوون، ساون، پاك کەرەوە، مادەیەکە بۆ پاك کردنەوە جەستە و جل و بەرگ کەڵکی لێوەردەگرن

**صابون پز:** سابونساز، سابونژی، سابونکەر، ئەوەی سابون دروست دەکات

**صابونی:** سابونکەرن سابون فرۆش، سابونچی

**صابونیه:** ئەسپۆن، جۆرە گیایەکە کەف دەکات، سەرشۆر

**صابی:** هەڵگەڕاوە، وەرگەڕاو، ئەوەی پشت دەکاتە دینەکەی خۆی و باوەڕ بە دینێکیتر دێنێت

**صاحب:** خاوەن، خێوی، ماخۆ، ماڵخۆ، خودان

**صاحب اختیار:** خاوەن دەسەڵات، خودان، لەسەردەمی قاجاریەکان یەکێك لەنازناوەکان بوە

**صاحب اسرار:** ڕازدار، خاوەن سڕ، ئەوەی ڕاز و سڕ دەپارێزێت

**صاحب افسر:** تاجدار، خاوەن تاج

**صاحب اقتدار:** دەسەڵاتدار، خاوەن دەسەڵات

**صاحب الجیش:** سوپاسالار، فەرماندە

**صاحب امتیاز:** خاوەن ئیمتیاز، کەسێك کەلەلایەن دەوڵەتەوە مۆڵەتی کەڵك وەرگرتن لە کان یا لە شوێنێکی هەیە

**صاحب تجربه:** بەئەزموون، ئەزمووندار، شارەزا، پسپۆڕ

**صاحب تصرف:** خاوەن، خێوی، خودان، ئەوەی توانای خۆهەڵقورتاندنی لەکار و بارێکدا هەیە

**صاحب تمیز:** عاقڵ، بیرمەند، تێگەشتوو، زانا، فرمزان

**صاحب جا:** خاوەن شکۆ، پایەدار، خاوەن پلە و پایە

**صاحب جمال:** جوان، دەلال، ڕازاوە، شۆخ، شەنگ

**صاحب خانه:** خانەخوێ، خاوەن ماڵ، خواوەندی ماڵ، مێهڤاندار

**صاحب خبر:** ئاگادار، زانا، دانا، هەواڵدەر

**صاحب خرد:** بیرمەند، عاقڵ، زانا، دانا

**صاحب خیر:** چاکەکار، خێرخواز، ئەوەی کاری خێر لەبەرژەوەندی خەڵك دەکات

**صاحب درد:** بەئازار، دەردەدار، بەلا بەسەر هاتوو، ئەوەی دەرد و ئازاری هەیە

**صاحب دل:** ١-بەدڵ، بەجەرگ، بوێر، دلێر، بوێر ٢- خاناس، خۆپارێز، خواپەرست، لەخواترس

**صاحب دلق:** کۆنەپۆش، دەروێش کە جل و بەرگی کۆنە لەبەر دەکات

**صاحب دولت:** ١- بەختەوەر، کامەران، بەبەخت، بەشانس ٢- خواناس، پارێزکار، خۆپارێز، لەخوا ترس

**صاحب رأی:** خاوەن دەنگ، خاوەن بڕوا، ئەوەی ڕا و بوچونی هەیە

**صاحب سخن:** خاوەن قسە، بێژەر، وتاردەر، وتارخوێن

**صاحب سر:** رازدار، نهێنی پارێز، ئەوەی راز و نهێنی دەپارێزێت، خاوەن بەڵێن

**صاحب سریر:** خاوەن تەخت، پاشا، دەسەڵاتدار

**صاحب سنگ:** بەرێز، رێزدار، سەنگین

**صاحب شریعت:** خاوەن شەریعەت، خودانی شەرع، پێغەمبەری ئیسلام

**صاحب عزا:** پرسەگێڕ، خاوەن پرسە، ئەوەی یەكێك لەخزم وكەس و كارەكەی لەدەست دابێت

**صاحب عنوان:** پایەدارن خاوەن ناونیشان، خاوەن پلە و پایە

**صاحب عیال:** منداڵدار، خوەان ماڵ، خاوەن ماڵ و منداڵ، ئەو كەسەی ژن ومناڵی هەبێت

**صاحب غار:** هاوڕێی غار، نازناوی ئەبوبەكر كەهاوڕێ لە گەڵ پێغەمبەر لەئەشكەوتەكەدا مایەوە

**صاحب غرض:** خاوەن مەبەست، ئەوەی مەبەستێكی هەیە

**صاحب فراش:** نەخۆش، لەجێدا كەوتوو، ئەو نەخۆشەی لەجێدا كەوتبێت

**صاحبقران:** ساحیبقڕان، بەختەوەر، بەشانس، خۆشبەخت، كامەران

**صاحب قلم:** نوسەر، سكرتێرە، خاوەن قەڵەم

**صاحب قیاس:** بڕوانە صاحب رای

**صاحب كار:** خاوەن كار، بەڕێوبەر

**صاحب كرم:** بەخشەر، دلۆڤان، ئەوەی توانایی بەخشینی هەبێت

**صاحب كلاه:** خاوەن تاج، تاجدار، پاشا، كولاڤدار، تانجدار

**صاحب كمال:** زانا، بیرمەند، ئەدیب، خاوەن زانست

**صاحب كمر:** خاوەن تاج، پاشا، تاجدار

**صاحب مال:** خاوەن ماڵ، ساماندار، بەتوانا، دەوڵەمەند

**صاحب مرده:** هەتیو، باوك مردوو، خاوەن مردوو، بێ سەرپەرست، ئەوەی گەورەكەی مردبێت

**صاحب منصب:** پلەدار، خاوەن پایە و پلە، پایەبەرز

**صاحب نظر:** ۱- خاوەن دەنگ، خاوەن بڕوا، ئەوەی خاوەنی بیر و بۆچوونی تایبەت بەخۆیەتی ۲- لەخواترس، پارێزكار، خۆپارێز ۳-پایەبەرز، پایەدار، جوان پەسەند، ئەوەی جوانی بەلاوە پەسەندە و وەسفی دەكات

**صاحب نیاز:** نیازمەند، نیازدار، دەست كورت، هەژار

**صاحب ولایت:** پێشەوا، گەورە، سەرپەرست، سەرۆك، سەروەر

**صاحب همت:** خاوەن ئیرادە، بەبڕشت

**صاحب هنر:** هونەرمەند، خاوەن هونەر، خاوەن بەهرە

**صادر:** ناردن، هەناردن، ناردنەدەر، دەركرد. نێردراو، بەرامبەری هێنراو

**صادع:** بەجێ هێنەر، ئاشكراكەر، داوەر، دادوەر، ئەوەی لەنێوان خەڵكدا نێوەنجیگەری بكات

**صادق:** راستگۆ، راستبێژ، راست، دروست، دیار، ئاشكرا، باوەڕپێكراو

**صادقانه:** راستگۆیانە، راست، راستبێژانە، وەك راستگۆكان

**صادقه:** بڕوانە صادق

**صارم:** شێر، شیری دڕندە، دلێر، ئازا، بوێر، چاونەترس

**صاروج:** بڕوانە ساروج

**صاع:** پەیمانە، پێوانە، كێشانە، پێوانەیەكە كەحوكمە ئیسلامیەكانی لەسەر دەكرێت و هاوتایە لەگەڵ سێ كیلۆ گرام

**صاعد:** سەركەوت، بەرزەفڕ، ئەوەی لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەڕوات، بەرزەوە بو

**صاعقه:** تریشقە، هەورەبروسكە، هەورەتریشقە، بروسكە، ئاگرێك كەلەهەورە بروسكە دروست دەبێت

**صاعقه آسا:** هەورەبروسكە ئاسا، تریشقە ئاسا، وەك تریشقە لەتوندی و خێرایی و ئاگر

**صاغر:** پەست، سووك، ئەوەی بەهەر پەستی و سووكیەك رازی بێت

**صاف:** ساف، پاك، بێگەرد، بێ خەوش، برچەفان، خاوێن، بێ غەش، بێ ریا، بێ رازاندنەوە، سادە، ساكار، رێك، بێ چرچ و لۆچ،

**صافات:** مەلایکە، فریشتەکان

**صافکاری:** صافکاری، ساف کردنی چرچ و لۆچی جل و بەرگ یا نارێکی شتێك

**صافی:** ١- پاك، بێ ریان روون، بێ غەش، بێگەرد ٢- ساق، برنج پاڵێو، ئەو دەفرەی کونی ورد وردی هەیە و بۆ ساف کردن و پاڵاوتنی هەندێ خواردن کەڵکی لێوەردەگرن

**صافی درون:** ناخ پاك، ویژدان پاك، دڵ پاك، ئەوەی دڵ دەرونی پاکە و بێ گرێیە

**صافی دل:** دڵپاك، دڵ ساف، بێ کینە، ساف و رون

**صافی شدن:** پاك بونەوە، پاقژ بونەوە، خاوێن بونەوە، بێ ریا بون

**صالح:** ساڵح، چاکەیکار، چاکەخواز، چاکە ویست، شیاو

**صالحه:** ژنی چاکەکار، ژنی پاك، چاکەخواز. بەمانای کرداری چاك و ئاکاری باشیش دێت

**صامت:** ١- بێدەنگ، ئارام، کوژاوە، هێمن ٢- زێر، سیم

**صانع:** ئافرێنەر، دروستکەر، داهێنەر، پێشەوەر، پیشەگەر، ئەوەی بەدەستی خۆی شتێك دروست دەکات

**صب:** رشتن، رژاندن، رژانن، رشتنی ئاو

**صبا:** سەبون، سەبا، بای رۆژهەڵات

**صبا:** ١- حەز، ئاسە، ئارەزو، خواست، ویست ٢- مناڵی، منداڵی

**صبا ء** حەزکردن، ئارەزوومەند بون بە ئەنجامدانی کاری مناڵانە، مناڵی، کەم تەمەنی

**صباح:** سەرەتای رۆژ، بەرەبەیان، کازیوە، کازێوە، ئەلەند

**صباح:** صەباح، ناوی باوکی حەسەن پێشەوای ئیسماعیلیە

**صباحت:** جوانی، دەلالی، رازاوەیین شەنگین شۆخی

**صبار:** خۆڕاگر، پشوودرێژ، بەسەبر، بەتاقەت

**صبار:** تەمەرهیند، هەنجیری هیندی

**صباغ:** رەنگ، ئەوەی شتێکی پێ رەنگ دەکەن، بۆیە

**صباغ:** ١- رەنگرەز، رەنگرێژ، بۆیەکەر، بۆیەچی، رەنگ ساز ٢- درۆزن، فشەکەر، درۆکەر

**صباغت:** رەنگ رشتن، پیشەی بۆیەچی

**صبان:** سابون چێکەر، سابون فرۆش، سابونکەر، سابونساز

**صباوت:** مناڵی، دەورانی منداڵی، زارۆکێنی

**صبح:** بەیانی، بەرەبەیان، سەرەتای رۆژ، سپێدە

**صبح آسا:** روون، رووناك، وەك بەیانی رووناك

**صبحانه:** نانی بەیانی، ناشتایی، قاوەڵتی

**صبح بام:** بەیانی زوو، بەرەبەیان، سەرەتای رۆژ

**صبح خوان:** بولبول، ئەو مەلەی لەبەیانیدا دەخوێنێت

**صبح خیز:** خەووسوك، ئەوەی بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستێت

**صبحدم:** بەرەبەیان، سەرەتای رۆژ، کازیوە، ئەلەند، سپێدە

**صبحدمان:** بڕوانە صبحدم

**صبح رو:** سپین ئاسك، رووسپی، روخسار سپی، ئەوەی روخساری وەك بەیانی زو روون بێت

**صبح سعادت:** بەیانی بەختەوەری، سەرەتای بەختەوەری

**صبح فام:** روون، بەڕەنگی بەیانی، سپی، روون، رۆشن

**صبح فش:** بەیانی ئاسا، وەك بەیانی

**صبحگاه:** بەرەبەیان، بەیانی، سەرەتای رۆژ، لەکاتی بەیانیدا

**صبح نشین:** خەوو سوك، ئەوەی بەیانیان زو لەخەو هەڵدەستێت

**صبح وار:** سپی، رۆشن، وەك بەیانی

**صبح وش:** بڕوانە صبح فش

**صبر:** سەبر، تاقەت، خۆڕاگرتن، پوودرێژی، بەتاقەت بون، خۆ گرتن

**صبر:** ١- ناوچە، کەنارەی شتێك، قەراغ ٢- هەوری سپی

**صبغ:** رەنگ کردن، رەنگ کردنی جل و بەرگ یا هەرشتێکیتر

**صبغه:** رەنگ، ئەو شتەی شتێکیتری پێ رەنگ دەکەن، بۆیە

**صبوت:** نەزانی، بێ ئاگایی، منداڵی، زارۆکێنی

**صبوح:** هەر شتێك کەلەبەیانیدا بیخۆن وەك شیر و شەراب، ناشتایی

**صبور:** خۆڕاگر، بەتاقەت، بەبڕشت، خۆگر، پشودرێژ، هێمن

**صبی:** منال، مێرد مندال، منالی بچوك، زارۆك

**صبیان:** منالان، زارۆکەکان

**صبیح:** رووسپی، روخسار سپی، ئەوەی روخساری سپی و رون بێت. جوان، شۆخ، شەنگ، دەلال

**صبیحە:** ژنی جوان، شۆخ و شەنگ، دەلال

**صبیر:** ١- خۆڕاگر، پشودرێژ ٢- گەورە، سەرومر و دەستەبەری هۆز

**صبیە:** کچ، کیژ، کەنیشك، کچی منال

**صح:** تەندروست بوون، ساغی، لەش ساغی، باش بونەوە، چاك بونەوە، راست بوونەوە

**صحابت:** هاودەمین هاوڕێ، هاوڕێیەتی، هاوەڵ بون

**صحابە:** هاوڕێیان، یاران، هاوەلان، هەڤالان. بە هاوڕێیانی پێغەمبەری ئیسلامیش دەڵێن

**صحاح:** باشبونەوەن چاکبونەوە، تەندروست بون، لە نەخۆشی رزگاربون

**صحاح:** تەندروست، ساغ، بێ عەیب، راست، بێ هەڵە

**صحاری:** سارا، ساراکان

**صحاف:** چالاو، ئەو چالانەی ئاوی تیا کۆدەبێتەوە

**صحبت:** هاودەمی، هاوڕێیەتی، گفتوگۆ، وتوێژ، قسە، ئاخاوتن، ئاخفتن، هاوەلایەتی، هاونشینی، دەمەتەقە

**صحت:** تەندروستی، لەش ساغی، باش بونەوە، چاك بونەوە، ساغ بونەوە

**صحراء** سارا، بیابان، زەوی پان و بەرین و بێ ئاو و گیا، دەشت، بیاوان، شەپاڵ، مخمر، ئاران

**صحراگرد:** بیابان گەڕ، ساراگەڕ، سارانشین

**صحرانشین:** سارا نشین، بابان نشین، چادرنشین، خێوت نشین، ئەوەی لەسارا و لەژێرخێوەتدا ژیان بەسەر دەبات

**صحرانورد:** بیابانگەڕ، ساراگەڕ، ساراپێو، ئەوەی لەسارا و بیاباندا دەگەڕێت

**صحراوی:** ساراوی، تایبەت بە سارا

**صحفە:** دیس، لیس، دەوری گەورە کە برنجی تێدەکەن

**صحن:** ١- حەوشە، ناوحەوشێ، ناوەڕاستی ماڵ و حەوشە ٢- دەوری، دیس، لیس

**صحنە:** ١- زەوی رێك، پانتایی بەربلاو ٢- دیمەن، شوێنی نمایشت

**صحو:** نەمانی مەستی، دەرهاتن لەسەرخۆشی، بەردان، بەئاگا هاتنەوە، ٢- وشیاری، ئاگایی ٣- ساف، بێ هەوربونی ئاسمان٤- ساماڵ، رۆژی بێ هەور، ئاسمانی بێ هەور

**صحیح:** راست، بێعەیب، تەندروست، ساغ، سلامەت، دروست

**صحیفە:** نامە، ومرەقە، لاپەڕە، کتێب، پەرتووك، رۆژنامە

**صخرە:** تاشەبەرد، بەردی گەورە

**صد:** سەد، ژومارە سەد، ١٠٠

**صد:** رێگرتن، نەهێشتن، بونە لەمپەر، گەڕاندنەوە

**صدا:** دەنگ، ئاواز، بانگ، دەنگێك کەلەکەژ و کێودا بزرنگێتەوە و دوبارە بەر گوێ بکەوێتەوە

**صدارت:** لەپێشی، لەسەرەوە دانیشتن، راوێژکار، سەرۆك وەزیر

**صداسنج:** دەنگ پێو، ئامێرێکە بۆ پێوانە کردنی بەرز و نزمی و لەرینەوەکانی دەنگ

**صداع:** ژانەسەر، ئازاری سەر، سەرئێشە

**صداق:** مارەیی، مارەیی ژن

**صداق:** هاوڕێ بون، هاوەلایەتی، هاوەڵی، هاوڕێیەتی پاك و بێ ریا

**صداقت:** راستی، پاکی، هاوڕێیەتی پاك و بێ ریا

**صدام:** ژانەسەر، سەرئێشەی چوارپێکان. ئازاری نیوەی سەر

**صداندرصد:** سەد لەسەد، لەسەدا سەد، بەتەواوی، گشتی

**صد برگ:** سەد بەرگ، سەد گەلا، گوڵی سوور، گوڵی زەرد، گوڵێك کە بەرگەکانی زۆر بێت

**صدپا:** سەد پێ، هەزار پێ

**صدپاره:** لەت لەت، شەق و شڕ، پینە پەڕۆ، ئەوەی دڕاوی و پینەی زۆری پێوە بێت لە جل و بەرگ

**صد تو:** سەد توێن سەد لا، ئەوەی توێ یا لاکانی زۆر بێت

**صدد:** ۱- رووبەڕوو، بەرامبەر، روودەڕو ۲- نێردراو، نامەبەر

**صدر:** ۱- سینە، سکی مرۆڤ ۲- سەرەتا، سەرەتای شتێك، لەپێش، سەرەوە، پێشەوا

**صدرنشین:** ئەوەی لای سەرەو دادەنیشێت، پێشەوا، لەپێش، سەرومر، سەرۆك

**صدره:** ۱- سینە، سینگی مرۆڤ، سك ۲- پێلەك، سوخمە، بەربوودی، قووتك، سینەبەند، سینەپۆش، جلێکی بێ قۆل کەسینەی دادەپۆشێت

**صد شاخ:** بڕوانە صدپارە

**صدصد:** سەد سەد، سەسە، سەد دانە سەد دانە

**صدع:** ۱- قەڵشتن، کەڵشتن، دووبارە دروست کردنەوە، ئاشکرا کردن، دەرخستن، دیار خستن ۲- کەڵشت، قڵیش، تڵیش، دڕاوی ۳- دەستە، گروپ، تاقم، جەماعەت

**صدف:** سەدەف، سپ، گوێچکە ماسی

**صدف وار:** سەدەف ئاسا، وەك سەدەف

**صدف وش:** سەدەف ئاسا، وەك سەدەف

**صدق:** ۱- راستگۆیی، راست وتن، راست بێژی، درۆنەکردن ۲- راستی، دروستی، پاکی

**صدقه:** خێر، خێرات، ئەوەی لەرێگای خوادا بە فەقیر و هەژاری بدەن، سەگۆر، گاوگەردون

**صدقه:** مارەیی، مارەیی ژن

**صدم:** ۱- کوتان، لەیەك دان، لەیەك کوتان، بەتوندی لێدانی دو شت لەیەك ۲- گەشتن، هاتن، دروست بون، دەرکەوتنی کارێکی گەورە و گران

**صدمه:** ۱- دوورخستنەوە، تاراندن، دەرکردن ۲- کوتان، لەیەك دانی دوشت بۆ یەك جار ۳- زیان، بەڵا، ئازار، قۆرت، جۆرتم، چەپۆکی رۆژگار

**صدور:** ۱- روودان، روودانی کار یابابەتێك، ئاشکرا بون، دەرکەوتن ۲- گەڕانەوە، فەگەریان

**صدوق:** راستگۆ، راست بێژ، ئەوەی هیچ کات درۆ ناکات

**صدید:** ۱- چڵك، کێم، کێماو، هەو، زووخ، زەرداو، خوێناو، جەراحەتی برین ۲- ناڵە، فریاد، هاوار

**صدیع:** ۱- بەرەبەیان، کازیوە، ئەلەند ۲- نیوە، نیمە، نیوە لە هەر شتێکی دو نیو کراو

**صدیغ:** لاواز، سست، بێهێز، پیاوی بێهێز و سست. منالی حەوت رۆژە

**صدیق:** یار، هاوڕێ، هاوەڵ، هەڤاڵ، هاودەم، دەستەبرا، دۆست

**صدیق:** راستگۆ، راست بێژ، درۆنەکەر

**صدیقه:** ژنی چاکەکار و هاوڕێ

**صراح:** پاك، بێگەرد، بێ غەش، ساف و پاك

**صراح:** دەرکەوتن، ئاشکرا بوون، رووبەڕوو قسە کردن، دۆزرانەوە

**صراحت:** بێ گرێ، بێ گرێ و گۆل، بێ ریا، ئاشکرا، بە ئاشکرا قسە کردن، بێ پێچ و پەنا ئاخاوتن

**صراحی:** سوراحی، تۆنگ، تۆنگی شەراب یا ئاو

**صراحیه:** شەراب، شەرابی پاك و بێ غەش، قسەی راست، بێ گرێ، قسەی بێ پێچ و پەنا

**صراحیه:** بڕوانە صراحی

**صراخ:** فەریاد، هاوار، بانگ، قیژە، سەخت، خرۆش

**صرار:** فەریاد کەر، هاوارکەر

**صراط:** رێگەی راست. و ناوی پردێکی زۆر باریك کە دەڵێن باریکترە لەمو لەو دنیا کەخەڵکان بەسەریدا تێدەپەڕن و هەر کەس گوناحکار بێت لێی دەکەوێتە خوار

**صراع:** زۆران گرتن، زۆرانبازی، باوەش بەیەکا کردن

**صراف:** زێرناس، ئاڵتونچی، دراوگۆڕەوە، ئەوەی پارەی باش و خراپ لەیەك جیادەکاتەوە

**صرام:** ۱- یەکێك لەناوەکانی شەڕ، بەڵا، گرفتاری، گیرۆدەیی ۲- بەبڕشت، بوێر، چاوقایم، نەترس

**صرام:** چەرم فرۆش، پێستە فرۆش، ئەوەی چەرم و پێستە دەفرۆشێت

**صرامت:** تیژبون، نەترسان، بوێری، ئازایەتی، چاو قایمی، بەجەرگی، زاتداری
**صرح:** کۆشك، تەلار، باڵەخانە، بینای گەورە
**صرد:** ۱- سارد، سەرد، سەرما، شوێنی بەرز لەکوێستان ۲- سادە، پاك، بێ گەرد وگرێ لەهەر شتێك
**صرصر:** سەرسەر، بای توند، بای سەخت، بای زۆر سارد، بای زەمەن
**صرصرتك:** تیژرەو، بلەز، توندرەو
**صرع:** فێ، فێ لێهاتن، گەشکە، پەرکەم، سەرسام، کەوتن، لەسەر زەوی کەوتنی کەسێك، نەخۆشیەکە بەهۆی گرژی و هەستی ئازار و سست بون لەناو دەمار و ئەندامەکانی جەستە دروست دەبێت و نەخۆش کتاوپڕ دەکەوێتە سەر زەوی و روخساری ڕەش و شین دەبێتەوە و بۆ ماوەی چەند خولەکێك وەك دار رەق دەبێت
**صرع:** وەك، وەکو، هاوشێوە، هاوتا، بەرابەر، یەکسان
**صرعدار:** پەرکەمدار، فێ دار، فێ یاوی، ئەوەی نەخۆشی پەرکەمی لەگەڵدا بێت
**صرع زده:** بڕوانە صرعدار
**صرعی:** بڕوانە صرعدار
**صرف:** گەڕاندنەوە، فەگەڕاندنن هێنانەوە، ناردنەوە، گەڕاندنەوەی ماڵێك بۆ کەسێك۲- چواندن، خەرج کردن، سەرف کردنی ماڵ و سامان۳- گۆڕینەوە، گۆڕینەوەی دراوێك بۆ دراوێکیتر
**صرف:** گەڕان، سووڕان، سووڕانی رۆژگار و زەمانە
**صرف:** صەرف، سەرف، زانستێکە لەوشە عەرەبیەکان دەکۆڵێتەوە
**صرف:** پاك، بێ غەش، پاك و بێ گەرد لەهەر شتێك، بێ گرێ
**صرف شدن:** خەرج کران، بەکار بران، کەڵك لێوەرگیران
**صرف کردن:** خەرج کردن، بەکاربردن، کەڵك لێوەرگرتن
**صرفه بردن:** سوود بردن، قازانج کردن، بەهرە گرتن
**صرفەجو:** دەسپێوەگر، ماڵدار، ئەوەی لە خەرج کردنی سامان و ماڵەکەی دەست پێوەدەگرێت
**صرفەجویی:** دەست پێوەگرتن، ماڵداری، کەم خەرج کردن، بیری دوا رۆژ بون، نیاتە
**صرم:** بڕین، پچڕاندن، قرتاندن، لەت کردن، بڕینی شتێك یا قسەی کەسێك
**صرم:** جەماعەت، دەستە، تاقم، گەرك، ماڵەکانی یەك شوێن
**صرنایە:** زڕنا، زوڕنا
**صرود:** سەردسێر، قشلاق، قشلاخ، زستانەوار، ئەو شارانەی هەواکەیان زۆر ساردە
**صروف:** رووداو، گەڕان و رووداوەکانی رۆژگار
**صره:** هەمیان، کیسەی پارە، جزدان، کیفی پووڵ
**صریح:** پاك، بێ غەش، خاوێن، پاقژ، پاك لەهەر شتێك، ئاشکرا، بێ پێچ و پەنا
**صریحه:** بڕوانە صریح
**صریر:** ۱- هاوار کردن، ناڵاندن، قیژە کردن ۲- دەنگی پێنوس، ئەو دەنگەی لە کاتی نوسین بە قەڵەم لێی بەرز دەبێتەوە
**صریع:** کەوتوو، خراو، کەوتووە سەر زەوی
**صعب:** دژوار، دشوار، سەخت، گران، قورس، کاری سەخت و دژوار
**صعبوب:** دژوار، سەخت، کاری گران و قورس
**صعبه:** دژوار، قورس، گران، دشوار، سەخت، گیانبڕ
**صعتری:** کەریم، بەخشەر، بوێر، پیاوچاك، چاکەخواز، خێرخواز، چالاك، نەترس
**صعداء** دژواری، سەختی، بەڵا، زیان، دشواری
**صعداء** هەناسەی سارد، هەناسەی درێژ، هەناسەیەك کەلەخەم یا بێزاری و هیلاکی لەسینە دێتەدەر، ئاخ، ئۆف
**صعرور:** جیوە، جیوەی دار کە وشك ببێتەوە
**صعق:** بێهۆش بوون، لە هۆش چوون، لەخۆچوون، لەخۆچون بەهۆی دەنگێکی گەورە و ترس بزوێن
**صعقه:** ۱- بێهۆش بون، لەخۆچون، بێهۆشی بەهۆی ترس یا نیگەرانی۲- هەورەتریشقە، هەورە بروسکە، تریشقە

**صعلوك:** دەورێش، هەژار، نەدار، دەستكورت، نیازمەند

**صعوبت:** دژوار بون، دژواری، سەختی، گرانی، قورسی، دشواری

**صعود:** سەركەوتن، چوونەسەر، بەرزەوە بون، رۆشتنە سەر، رۆشتنە سەر لە كێو یا پیلكانە یا شتێتر

**صعوە:** چۆلەكە، هەر باڵندەیەك كە بەئەندازەی چۆلەكە بێت

**صعید:** ١- خاك، هەرد، خۆڵ، خۆڵی سەر زەوی ٢- گۆڕ، قەبر، مەزار٣- رێ، رێگا ٤- زەوی رێك و خاڵی لەدار

**صغار:** سووك بون، سووكی، ریسوایی، پەستی

**صغار:** ورد، بچوك، چكۆڵە، بچكۆڵە

**صغارت:** بچوك بون، ورد بون، سووك بون، ریسوا بون، پەست بون

**صغر:** ١- بچوك بون، بچوكی، كەم تەمەنی، منالی ٢- سووكی، ریسوایی، پەستی، ورد بون، شكان

**صغران:** ١- ورد بون، سووك بون، ریسا بون٢- خۆرئاوا بون، ئەو دەمانەی خۆر لە ئاوابوندایە

**صغران:** ورد، بچوك، چكۆڵە، بچكۆڵە

**صغری:** بچوكتر، چكۆلەتر، ژنی بچوكتر

**صغو:** حەز، تاسە، تاسە كردن، ئارەزومەندی، ئامەزرۆیی، خوازیاری

**صغیر:** ورد، بچوك، كەم تەمەن، بچكۆڵە، چكۆلانە، منالێك كەهێشتا نەگەشتبێتە تەمەنی بلۆق

**صغیرە:** ورد، بچوك، چكۆلانە، كەم تەمەن.

**صف:** ریز، رەدە، سەف، راستە، هێڵی راست

**صفا:** ساف بون، پاكی، خاوێنی، بێ ریایی، بێ گەردی، پاك و خاوێنی، پاقژی، بێگەردی

**صفات:** تایبەتمەندی، تایبەتمەندیەكان

**صفاح:** بەخشەر، ئەوەی لە گوناح وتاوانەكان خۆش دەبێت

**صفادادن:** بریقەدانەوە، پا كردنەوە، خاوێن كردنەوە، ئاودان بۆ بریسكانەوە

**صفاكردن:** سازان، هەڵكردن، گونجان، ئاشتی كردن، شادی كردن

**صفاهان:** ئیسفەهان، ناوی یەكێك لەشارەكانی ئێرانە

**صف بستن:** ریز بەستن، سەف بەستن، لە ریزدا وەستان، پشت سەری یەك وەستان

**صفت:** ١- وەسف كردن، پیاهەڵگوتن، پیاهەڵدان، رێز بۆ دانان، بە چاكە باس كردن ٢- تایبەتمەندی، چۆنیەتی، چەندایەتی، حاڵەت، وشەیەك كەچۆنیەتی و چەندایەتی كەسێك یا شتێك بگەیەنێت

**صفح:** پشت تێكردن، روو سوڕاندن، ئاوڕنەدانەوە، خۆشبون، لەگوناح خۆشبون، لێخۆشبون

**صفح:** ١- لا، كەنار، رەخ، تەنیشت، كەنار، تەنیشت كەسێك ٢- روخسار، رواڵەت، دەم و چاو٣- پانایی شمشێر

**صفحە:** رو، روی شتێك، لاپەڕە، كاغەز، وەرەقەی كتێب، هەر كام لە لاپەڕەكانی كتێبێك

**صفدر:** دوژمن شكێن، ئەوەی ریز و سەفی دوژمن دەشكێنێت، ریز شكێن، شەڕكەر، بوێر، دلێر

**صفر:** سفر، ناوبەتاڵ، بۆش، خاڵی، پوچ، هیچ، بێ ناوەرۆك. هێمایەك لەشێوەی نوكتە(.) كەلەخۆیدا ژومارە نیە بەلام ئەگەر لە لای راستی هەر ژومارەیەك دابنرێت ئەو ژومارە دەبەرابەر دەكات

**صفر:** سەفەر، مانگی دوەم لە ساڵی كۆچی

**صفر:** زێڕ، ئاڵتون، تەلا

**صفر:** ١- زەردوویی، نەخۆشی زەردوویی ٢- برسیەتی، برسی بون

**صفرا:** زەرد رەنگ، هەر شتێكی زەرد رەنگ، زەردباو. زەرداو، ئەو شلەمەنیە زەرد رەنگەی لە جەستەی مرۆڤ دێتە دەر، زەرداوە

**صفرازدە:** زەرد بو، وشك بو، رەنگ پەڕیو، ئەوەی لەنەخۆشیدا رەنگی زەرد بوبێت

**صفراكردن:** توورە بون، توند گرتن، توند و تیژی

**صفراوی:** توند و تیژ، توورە، رق ئەستوور

**صفرت:** زەردی، رەنگی زەرد

**صفر و سرگردان:** سەرگەردان، ماڵ بەكۆڵ، ئاوارە، دەربەدەر، سەرسووڕماو، واق وڕماو

**صف زدن:** ریز بەستن، لەریزدا وەستان، سەف بەستن

**صف شكن:** ریز شكێن، دوژمن شكێن، ئەوەی ریزی سوپای دوژمن دەشكێنێت، دلێر، شەڕكەر، ئازا، نەترس

**صفصاف:** بی، دارەبی، هەر جۆرە دارە بی یەك

**صفصف:** زەوی تەخت و بێ گیا، هامون

**صفصف:** باڵندە، چۆلەكە

**صفع:** زللە لێدان، شەقەزللە لێدان، شەپازلە لێدان، بەبەری دەست كێشان بە دەم و چاوی كەسێكدا

**صفعه:** شەپازللە، شەقەزللە، زللە، بەبەری دەست كێشان بە پشتەمل یا دەم و چاوی كەسێك

**صفق:** ١- تا، تای درگا ٢- كەنار، رەخ، تەنیشت، قەراغ

**صفقه:** دەست دانەوە، دەست دانەوە لەكاتی پەیمان بەست و مۆر كردنی گرێ بەست

**صف كشیدن:** ریز بەستن، لەریزدا وەستان، پشت سەری یەك وەستان

**صفن:** پێستی هێلكە گون، ئەو پێستەی جووتە هێلكە گونی نێرینەی تیایە

**صفن:** سفرە

**صفو:** ١- ساف و روون بوون، رۆشن بوون، رۆشنی، روونـاكی ٢- هەڵبـژێردراو، بـژارتی، بـژاردە، پـاك و بژاردە لەهەرچی

**صفوان:** بەردی لووس، بەردی رێك و ساف

**صفوت:** پـاك، بـێ گـەرد، خـاوێن، پاقـژ، بـژاردە، هەڵبژێردراو

**صفه:** هەیوان، ئەیوان، شانشین، ژوور ئاسایەك لەناو ژوور یا پشتی مزگەوت كە شوێنی دانیشتنی چەند مس دەبێت، ماڵی هاوینە

**صفی:** دۆست، هاورێ، هاوەڵ، هەڤاڵ، هاورێی ئەمەكدار، پاك، هەڵبژاردە

**صفیحه:** شمشێری پان، بەردی پان، روی هەر شتێكی پان

**صفیر:** سووت، فیكە، فیقە

**صفیرزدن:** فیقە لێدان، فیكە كێشان

**صفین:** سەفین، شەڕی سەفین، ئەو شەڕەی لەنێوان سوپای عەلی كوڕی ئەبی تالیب و سوپای مەعاویە كوڕی ئەبو سوفیان روویدا كە نزیكەی ٧٠ هەزار كەس لە هەردوولا كوژرا

**صقع:** ناحیە، ناوچە، گۆشە، سووچ، گۆشەی زەوی

**صقل:** پاك كردنەوە، بریقە پێدانەوە، درەخشان كردن، خاوێن كردن بۆ بریسكەدانەوە

**صقیل:** ئاودراو، بەبریقە، ئەوەی ئاودرابێت و بریسكێتەوە

**صك:** قەباڵە، قەواڵە

**صك:** لێدان، كوتان، سەخت لێدان و كوتانی شتێك

**صكاك:** قەباڵە نوس، قەواڵە نوس، ئەوەی قەباڵە لەنێوان دوكەسدا دەنوسێت

**صل:** ١- شمشێر، شمشێری تیژ ٢- بەلا، دژواری، تەنگ و چەڵەمە، شواری٣- و جۆرە مارێكی زەرد رەنگ

**صلا:** ئاگر، ئاتەش، ئاگری گەورە، ئەو ئاگرەی خۆی پێ گەرم بكەنەوە

**صلابت:** سەخت بون، سەختی، بەهێزی، خۆڕاگری، بەبڕشتی

**صلات:** نوێژ، دۆعا، پاڕانەوە، تەسبێح، نوێژ و دۆعای بەندەكان بۆ خوا

**صلاح:** ئاشتی كردن، سازان، ئاشتی، هەڵكردن، گونجان

**صلاح:** چاكەكاری، چاكەخوازی، خێرخوازی، خێر، دژی خراپە و شەڕ

**صلاح اندیش:** خێرخواز، چاكەخواز، خێرئەندێش، خێرۆمەند

**صلاح دید:** بە باش زانین، لە بەرژەوەندیدا بینین، بەڕەوا زانین

**صلاحیت:** شیاوی، شایانی، شیاوبون، ژێهاتن، لێهاتن، پێكەوتن

**صلاحیتدار:** شیاو، شایان، شیاو و دەسەڵاتدار بۆ ئەنجامدانی كارێك

**صلب:** ٢- لەداردان، هەڵواسین، لەداردانی كەسێك٢- برژانن، برژاندنی گۆشت

**صلب:** ١- توند، سەخت، درشت، بەهێز ٢- ئێسقانی پشت، بڕبڕەی پشت، کەمەر

**صلبوت:** سەلبوت، رۆژی لە خاچدانی عیسا

**صلبیه:** سپێنە، سپێنەی چاو

**صلح:** ئاشتی، کۆکی، تەبایی، گونجان، هەلکردن، سوڵح. لەناو دەستەواژە سیاسیەکاندا بەمانای دەست هەلگرتن لەشەڕ و بەستنی ڕێکەوتن نامەی ئاگر بەست دێت

**صلحاء:** چاکەکار، چاکەخواز، خێرخواز

**صلح جو:** ئاشتی خواز، ئەوەی بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێت، ئاشتی ویست

**صلح کردن:** تەبابون، ئاشتی کردن، هەلکردن، گونجان، سازان، کۆك بون

**صلح گونه:** ئاشتی ئاسا، ئاشتی کاتی لەبەر بەرژەوەندیی تایبەت

**صلحنامه:** ئاشتی نامە، پەیمان نامەی ئاشتی، ڕێکەوتنێك کەلەنێوان دوکەس یا دو وڵات دا مۆر دەکرێت کە تیایدا هەردوکیان پابەند بونی خۆیان بۆ ئاشتی دەردەبڕن

**صلصال:** ژاکاو، سیس بو، وشك هەلاتوو، گوڵی ژاکاو و سیس بو

**صلصل:** ١- ناوچاوی ئەسپ، تەوێل، موی سپی پشتی ئەسپ ٢- پیاڵە، پەیمانەی بچوك ٣- شوان، شوانی شارەزا و لێهاتوو

**صلصله:** بانگ کردن، دەنگ لێوەهاتنی زەنگ یا خشڵ یا هەوسار

**صلع:** رووتانەوە، رویتانەوە، هەلوەرینی مووی پێشە سەر، تاسی، کەچەڵی پێشەسەر

**صلعا ء** ١- کەچەڵ، تاس، بێ موو، ژنێك کەمووی ناوچاوی رووتابێتەوە ٢- سارای وشك و بێ ئاو و گیا

**صلعه:** پێشە سەر، پێشەسەر کە مووی پێوە نەمابێت

**صلف:** فشە کردن، خۆهەلکێشان، سنووور بەزاندن، تێپەڕین لە ئەندازە

**صلم:** لەبن دەرهێنان، لەڕەگ دەرکێشان، بڕینی گوێ یا لووت

**صلماء** گوێ بڕاو، گوێ دەرهێنراو، ژنێك کەگوێچکەیان لەبنا دەرهێنابێت

**صلوات:** سلاوات، دروود، رەحمەت، بەزەیی

**صله:** ١- پەیوەست بون، پەیوەند دران، پەیوەست بونی شتێك بە شتێکیتر ٢- بەخشین، پێدان و بەخشینی ماڵ بەکەسێك

**صلی:** ئاگر، ئاگری گەورە وزۆر، ئاگر گرە، ئەوەی ئاگری پێدەکەنەوە لە پوش و پەلاش و چیلکە

**صلیب:** سەلیب، خاچ، داری عیسا، داری مەسیح، داری پیرۆز، ئەو دارەی عیسایان پێ لەخاچ دا

**صلیب:** ١- لەخاچ دراو، لەدار دراو ٢- توند، بەهێز، خۆڕاگر، توند و تیژ

**صلیب سرخ:** خاچی سوور، خاچی سووری نێو دەوڵەتی کە دامەزراوەیەکە بۆ هاوکاری کردن و بەهاناوەچونی لێقەوماوانی کارەسات لەناکاوەکانی ولاتەکان

**صلیب شکسته:** خاچی شکاو، هێمای نازیەکان لەئاڵمان کەهێمای رەسمی بونەم هێمایە لەکۆنەوە لەناو نەتەوە ئاریاییەکاندا باو بوە

**صلیبی:** خاچی، خاچ ئاسا، بەشێوەی خاچ، عیسەوی، مەسیحی، خاچ پەرستانە

**صلیح:** چاکەکار، چاکەخواز، خێرخواز، خێرۆمەند

**صلیل:** بانگ کردن، دەنگ لێوە هاتنی شتێکی کانزایی لەکاتی راکێشان یابەرکەوتنی بە شتێك

**صم:** کەڕ، نەبیس، گوێ گران

**صماء** کەڕ، نەبیس، ژنی کەڕ

**صمات:** ١- بێدەنگ بون، کوژانەوە، ئارام بون، بێدەنگی، خامۆشی

**صماخ:** ناوگوێ، ناوگوێچکە، کونی گوێچکە، پەردەی گوێ

**صمان:** بەردەلان، زەوی رەق و پڕ بەرد

**صمت:** خامۆش بون، بێدەنگی، خامۆشی، بێدەنگ بون، ئارم بون، قسە نەکردن، جووڵە نەکردن، جووڵە لەخۆبڕین

**صمد:** سەروەر، گەورە، بێ نیاز، تاقانە، تەنیا، ئەوەی هەموان نیازمەندی ئەون. و یەکێك لەناوەکانی خوا

**صمصام:** شمشێر، شمشێری بڕەر

**صمغ:** جیوە، جیوەی دار

**صمم:** کەڕی، نەبیستن، گوێ گرانی

**صموت:** بێدەنگ بون، خامۆش بون، جوولە لەخۆ بڕین

**صمیم:** ١- پاك، صاف، پاك و ساف لەهەر شتێك، بێگەرد ٢- توندی گەرما یا توندی سەرما

**صمیمانە:** هاوڕێیانە، دۆستانە، بێ ریایانە، لەرووی پاکی و راستیەوە

**صناعت:** پیشە، سەنعات، کار یا پیشەیەك کە پێویستی بەشارەزایی و بیرکردنەوە بێت، هونەر، کردە

**صناعی:** دروستکراو، دەسکرد، بەرامبەر بەسورشتی، دروستکراوی دەست، خۆکرد، دەسکار

**صنایع:** پیشەسازی، پیشەکان

**صندلی:** سەندەڵی، کورسی، چوارپایەیی پشت دار بۆدانیشتن

**صندوق:** سنووق، سندوق، سنۆق، مجری

**صندید:** ١- گەورە، بوێر، ئازا، چاونەترس، سەروەر ٢- بای سارد، سەرمای وشك

**صنع:** دروستکردن، خولقاندن، بەرهەم هێنان، ئافراندن ٢- کار، کردەوە، پیشە، کردە ٣- چاکەکردن، هاریکاری کردن، بەخشین، یارمەتی دانی خەڵك

**صنعت:** پیشە، هونەر، کار، کردە

**صنعتکار:** پیشەگەر، سەنعاتکار، پیشەوەر

**صنف:** جۆر، شێوە، چەشن

**صنم:** بت، بوت، ئەوەی لەبەرد یا دار یا کانزا دەیتاشن و دواتر دەیپەرستن

**صنم کدە:** بتخانە، بوتخانە، شوێنی بوتەکان و پەرستین

**صنم گر:** بوت تاش، بت ساز، ئەوەی بت بۆ پەرستین و جوانکاری دروست دەکات و دایدەتاشێت

**صنو:** ١- برادەر، برا، دو کوڕ کە لەیەك باوك بن ٢- کوڕ ٣- دو یا چەند دار کە لەیەك بن روابێتن

**صنوبر:** سنەوبەر، دارێکی گەلا دەرزیە بەرێکی لەبیچمی دڵی مرۆ دەگرێ

**صنوبر خرام:** دڵبەر، دەزگیران، خۆشەویست، دولبەر، دڵدارێك کە قەد و باڵای وەك سنەوبەر بێت

**صنوبری:** سنەوبەری، ئەوەی لەشێوەی سنەوبەردا بێت، سنەوبەر ئاسا

**صنیع:** ٢- دەسکرد، دەسکار، دروستکراو، پەروەردەکراو، شمشێری ئاودراو، جلّ و بەرگی پاك و خاوێن ٢- خێر، خێرات، ئەو خێر و خواردنەی لەرێگای خوادا دەیدەن ٣- شارەزا، لێهاتوو، لێزان، ئەوەی لەکار و پیشەی خۆیدا شارەزابێت

**صنیعە:** ١هونەر، کاری باشە، چاکە، خێرات، پەروەردە کراوی دستی کەسێك

**صواب:** راست، دروست، بێ هەڵە، حەق، شیاو، شایان

**صوابدید:** مۆڵەت، رێگە، ئیزن، بڕوانامە

**صوابرای:** راست ئەندێشە، بیرمەند، عاقڵ، ئەوەی بیر و بۆچونەکانی راست بێت

**صواب شمردن:** بەراست زانین، بەچاکە زانین، رەوا دیتن، لەبەرژەوەندیدا بینین

**صواع:** جام، قاپ، پەرداخ، ئاوخۆری، دەفری گەورە کەئاوی پێبخۆنەوە

**صواغ:** درۆزن، درۆکەر، فشەکەر، ئەوەی بەدرۆ شان و باڵ بە قسەکانی خۆی بدات

**صواغ:** زێرگەر، زێرنگەر، ئاڵتونچی

**صواف:** پەشم فرۆش

**صوام:** زەوی وشك و بێ ئاو، وشکەلان

**صوام:** بەرۆژوو، رۆژودار، رۆژوگر، ئەوەی زۆر بەرۆژوو دەبێت

**صوان:** جێ جلّ، کومێد، سنوقی جل یا کتێب

**صوب:** ١- راست، دروست، بێ هەڵە ٢- لا، رەخ، کەنار، ناوچە، تەنیشت، قەراغ

**صوبە:** کۆ، کۆگا، کۆگای شتێك، کۆگای گەنم

**صوت:** بانگ، ئاواز، سەوت، دەنگ، ئاهەنگ، هەردەنگێك یائاوازێك کەبەگوێچکە بگات

**صور:** سوور، بۆق، شاخێك كەفووى تێبكەن و دەنگى لێبێتەدەر. نفخە صور، نەفخى سور، ئەو بايەيى ئیسرافیل لەرۆژى كۆتايى لە شەيپوورەكەى خۆى دەكات و مردوەكان زيندو دەبنەوە

**صورت:** ١- شێوە، جۆر، تەرز، شێواز ٢- روخسارن روو، دەم و چاو، روالەت، بیچم، دیمەن، قیافە، پەیكەر، نەخش

**صورت برداشتن:** پێرست هەلگرتن، پێرستى كەل و پەل مال يا شوێنێكیتر لەناو كاغەزێكدا نوسين

**صورت بستن:** بەخەيالدا هاتن، دروست بون، لە گوماندا دروست بون، شێوە گرتن، كران

**صورت بند:** وێنەكێش، نەقاش

**صورت بين:** روخسار بين، رووبين، ئەوەى تەنيا روالەت دەبينێت

**صورت پذير:** لەكران هاتوو، شێوە وەرگر، شياوى ئەنجام دران

**صورت پرست:** روخسار پەرەست، ئەوەى زۆر گرنگى بە جوانى روخسار دەدات و جوانى روخسارى خۆش دەوێت

**صورت حال:** چۆنیەتى، بارودۆخ، حال و هەوال

**صورتخانە:** بتخانە، بوتخانە

**صورت دادن:** ١- شێوەدان، روخسار پێدان ٢- ئەنجام دان، بەكۆتايى گەياندنى كارێك

**صورت ساز:** نەقاش، وێنەكێش، نیگاركێش

**صورتكار:** بروانە صورت ساز

**صورتكده:** ١- نیگارستان، دامەزراوەى نەقاشى و پەیكەر سازى ٢- بوتكەدە، بتكەدە

**صورت كردن:** وێنەكێشان، نەقاشى كردن، نیگار كێشان

**صورتكش:** نەقاش، پەیكەر ساز، نیگاركێش، وێنەكێش

**صورتگر:** نەقاش، پەیكەرساز، نیگاركێش

**صورت گرفتن:** ئەنجام دران، ئەنجام درانى كار يا مامڵەيەك

**صورت نا پذير:** نەكران، لەكران نەهاتوو، ئەوەى شياوى كران نەبێت، ئەنجام نەدراو

**صورت نگار:** نەقاش، وێنەكێش، نیگار كێش

**صورتى:** پەمەيى، بەرنگى روخسار، سوورى رۆشن

**صور فلكى:** بورج، بورجەكان

**صورنگار:** نەقاش، وێنەكێش، نیگاركێش

**صورى:** روكەش، روالەت، تايبەت بەروو

**صوغ:** ١- ئافراندن، خولقاندن، دروستكردن ٢- رۆچوون، رۆشتنە خوارەوەى ئاو لەسەر زەوى ٣- وەك، وەكو، هاوشێوە، لێكچو، هاوتا

**صوف:** پەشم، تووك، پەشمى مەڕ

**صوفى:** سۆفى، ئەوەى شوێن كەوتووى رێبازى سۆفيەكان بێت

**صوفيانە:** سۆفيانە، هاوشێوەى سۆفيەكان، وەك سۆفى

**صوفيگرى:** صۆفى بون، سۆفيگەرى

**صول:** پەڕين، بازدان، هەڵمەت بردن، پەلاماردان

**صولت:** ١- پەڕين، پەڕين و پەلاماردان ٢- دەسەلات، زالبون، هێز، هەڵمەت بردن لەشەڕ

**صولج:** زيو، زوى بێ غەش، نوقرە

**صولجان:** گۆچان، داردەستى پاشايەتى

**صوم:** رۆژوو گرتن، بەرۆژوو بون، خۆ پاراستن لە خواردن وخواردنەوە لە بانگى بەيانيەو تا بانگى ئێوارێ

**صومع:** بروانە صومعە

**صومعگى:** دێرنشين، ئەوەى لەناو دێر و سەومەعەدا دادەنیشێت

**صومعە:** سەومەعە، دێر، كێو يا شوێنێكى بەرز كە راهيب يا خۆپارێز بۆ پارانەوە پەرستين لەوێ بەسەردەبات، خانەقا

**صومعەدار:** خۆپارێز، راهيب، لەخواترس، ئەو راهيبەى سەومەعەى هەبێت

**صومعە نشين:** راهيب، لەخواترس، ئەوەى لەناو سەومەعەدا دادەنیشێت بۆ پەرستين و پارانەوە

**صون:** ١- پاراستن، راگرتن، چاودێرى كردن ٢- راگرتنى شتێك، هەلگرتن

**صە:** بێدەنگ بە، قسە مەكە

**صهباء:** سوور و سپی، سوور وس پی تێکەڵاو ٢- شەراب، شەرابی ترێ کەسوور باو بێت

**صهر:** ١- نزیکی، خزمایەتی، ئاشنایەتی٢- زاوا، مێردی کچ یا مێردی خوشك

**صهروج:** بڕوانە ساروج

**صهریج:** ١- حەوز، گۆلاو، ئەو چاڵەی ئاو تیا کۆببێتەوە ٢- بڕوانە ساروج

**صهیب:** سوهەیب، یەکێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر کەلەپارێزکاریدا بەناو بانگە

**صهیل:** کووڕان، کووڕین، حیلە، حیلەی ئەسپ

**صهیون:** سەهیون، ناوی کێوێکە لە باشوری رۆژئاوای ئورشەلیم کە مزگەوتی ئەقصی لەوێیە و هەندێ کاتیش بە ئورشەلیم دەڵێن سەهیون

**صیاح:** بانگ کردن، هاوار کردن، قیژاندن، بانگ، ئاواز، هاوار

**صیاد:** راوکەر، نێچیرڤان، راوچی، ئەوەی راو دەکات

**صیاغ:** ١- درۆزن، درۆکەر، ئەوەی زۆر درۆ دەکات، ئەوەی بەدرۆ بە شان و باڵی قسەی خۆیدا هەڵدات ٢- زێڕینگەر، زێرگەر

**صیاغت:** زێڕینگەری، کاری زێڕینگەر

**صیام:** رۆژو گرتن، بەرۆژوو بون، خۆپاراستن لە خواردن و خواردنەوە

**صیام:** رۆژوڤان، رۆژودار

**صیانت:** راگرتن، پاراستن، هەلگرتن، چاودێری کردن

**صیت:** ناوبانگ، نێوبانگ، ناوی چاکە، ناوبردنی کەسێك بەچاکە لەلایەن خەڵکەوە

**صیحه:** ١- بانگ کردن، هاوار کردن، نەڕە، قیژە ٢- ئازار، جەزرەبە

**صید:** ١- ڕاو کردن، نێچیر کردن، شکار کردن، ئەوەی راوی دەکەن

**صید آزما:** ڕاوچی، نێژیەڤان، شکارچی

**صید افکن:** بڕوانە صیاد

**صید بند:** بڕوانە صیاد

**صیدکار:** بڕوانە صیاد

**صیدگاه:** راوگە، نێچیرگە، جێ ڕاو، شکارگە

**صیدگر:** بڕوانە صیاد

**صیدلانی:** دەرمان فرۆش، دەوا فرۆش، ئەوەی دەوا و دەرمان دەفرشێت، بۆتفرۆش

**صیدله:** دەرمانخانە، دەرمان فرۆشی، دەواخانە، شوێنی دەرمان فرۆشتن، کۆگای دەرمان

**صیرفی:** زێڕناس، زێڕنیاس، دراو گۆڕەوە

**صیرورت:** گەڕانەوە، فەگەریان، هاتنەوە، گۆڕان، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەرهاتن

**صیغه:** جۆر، چەشن، قیافە، بیچم، رواڵەت، هەر شتێك کە لەقاڵب درابێت. ٢- سیغە، ژنی کاتی، ژنێك کە بۆماویەکەی کاتی لە پیاوێك مارە دەکرێت

**صیف:** هاوین، وەرزی گەرما، تاوسان

**صیفی:** هاوینی، تایبەت بەهاوین، ئەو کشت و کاڵەی لەسەرتاکانی هاوین کارەکانی ئەنجام بدرێت و بەرهەمەکەی لە سەرتاکانی پاییز بەر بێت

**صیقل:** زاخاو دان، ئاودان، ڕەوارتن، تیژ کردن

**صیقل گر:** زاخاوکەر، تیژکەر، ئەوەی چڵك و ژەنگی ئاسن و شمشێر بگرێت

**صینی:** چینی، تایبەت بەچین، لە خەڵکی چین، دروست کراوی چی

# ض

**ض:** پیتی هەژدەیەم لە ئاڵفابێتی فارسی. ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا نیە و لەجیاتی ئەم پیتە (ز) بە کار دەبرێت

**ضائر:** زیان گەیەنەر، زەرەردەر

**ضائره:** بڕوانە ضائر

**ضابط:** پارێزەر، بەڕێوبەر، ڕاگر، بەهێز، دەسەڵاتدار، وشیار

**ضابطه:** ١- ڕاگر، پارێزەر ٢- یاسا، ڕێسا، دەستوور

**ضابي:** خۆڵەمێش، خۆڵەمێشی گەرم

**ضاجع:** خانە نشین، سست، تەمەڵ، پاڵ کەوتوو، ئەوەی لەسەر لا کەوتبێت یا خەوتبێت

**ضاحك:** ١- پێکەنەر، ئەوەی زۆر پێدەکەنێت، دەم بەبزە ٢- هەورە تریشقە، ئەو هەورە کە بروسکەی لەگەڵدا بێت

**ضاحكه:** ١- دەم بەپێکەنین. دەم بە بزە ٢- ئەو ددانانەی لەکاتی پێکەنین دەردەکەون

**ضاحي:** دیار، ئاشکرا، دەرکەوتو، ئەوەی هەتاو پێی بگات

**ضار:** زیان گەیەنەر، زەرەردەر، لەنێوبەر، خەساردەر

**ضارب:** ١- فێرزەون، ناحەز، دزێو ٢- ئەوی تاریك، ئەنگوستە چاو

**ضاربه:** بڕوانە ضارب

**ضارع:** ڕام، دەستەمۆ، لاواز، لەڕ، دالگۆشت

**ضارور:** نیاز، پێویستی، پێداویستی

**ضاروره:** ١- نیاز، پێویستی ٢- زەرەر، زیان، خەسار

**ضاغط:** ١- گوشەر، زەخت کەر ٢- پارێزەر، پاسەوان، ئەمین لەسەر شتێك

**ضاغوط:** مۆتەکە، خەوی ناخۆش، خەوی پریشان

**ضال:** گومڕا، لاڕێ، ئاوارە، لەڕێ دەرچوو

**ضاله:** ون بوو، نوقم بوو، لەڕێ دەرچوو

**ضامر:** کەم گۆتش، دالگۆشت، لەڕ، لاواز، لاغر

**ضامره:** بڕوانە ضامر

**ضامن:** دەسبەر، تاوندەر، تاوان بژێر، وەرگر، لەخۆگر

**ضايع:** بێهۆ، بێ کەڵك، بێ بەهرە، فیڕۆ، گوم، خراپ، بزر

**ضايعه:** بەفیڕۆ چو، بەخەسارچوو، لەناوچو، بەکەڵك نەماو، ئەو شتەی ئیتر کەڵکی کەڵگ وەرگرتنی نەبێت

**ضايق:** تەنگ، تەسك، ئەوەی زۆر پان نەبێت، تەنگەربەر

**ضب:** مارمێلك، مارمێلکە

**ضباب:** زباب، ناوی هۆزێکی عەرەبە

**ضباب:** تەم، تەم ومژ، هەورێکی تەنك کە زەوی دابپۆشێت

**ضباط:** تۆمارکەر، ئەوەی وەرەقە و بەڵگەنامەکانی ناو دامەزراوە یا ڕێکخراوێك بنوسێت و هەڵبگرێت

**ضبان:** مارمێلك، مارمێلکە

**ضبط:** پاراستن، گرتن و هەڵگرتن، تۆمار کردن، ڕاگرتن

**ضبط صوت:** تەسجیل، ئەو ئامێرەی بە کارەبا یا بە پیل کاردەکات و بەهۆیەوە دەنگ دەکەوێتە سەر شریت و بڵاو دەبێتەوە، دەنگگر

**ضبع:** کەمتیار

**ضبع:** وشکەساڵی، ساڵی نەهات، قات و قری

**ضبعان:** کەمتیار، کەمتیاری نێر

**ضبعانه:** کەمتیار، کەمتیاری مێ

**ضبه:** مێچکە مارمێلك

**ضج:** بانگ کردن، ناڵاندن، هاوار کردن، شین و ڕۆڕۆ

**ضجاج:** نالأندن، هاواركردن لەترس، بانگ كردن

**ضجاج:** جيوە، جيوەى دارێك كەشياوى خواردن بێت

**ضجاج:** عاج، ديانى فيل

**ضجر:** نالأندن، بێقەرارى كردن، بێ ئۆقرەيى، دڵتەنگ بون، دڵتەنگى

**ضجر:** مەلول، خەمبار، خەمۆك، دڵتەنگ

**ضجرت:** خەم، خەفەت، پەژارە، دڵتەنگى

**ضجور:** دڵتەنگ، خەمبار، خەمۆك، خەفەتبار

**ضجه:** بانگ و هاوار، شين و ڕۆڕۆ، گريان

**ضجيج:** نالأندن، هاواركردن و گريان لەترس

**ضجيع:** هاوخەو، هاوجێ، هاوجێگە

**ضجيعه:** بروانە ضجيع

**ضحاك:** دەم بەبزە، دەم بەپێكەنين، ئەوەى زۆر و بەردەوام پێدەكەنێت

**ضحاك:** زوحاكى تازى دهاك، دوايين پاشاى ئيمپراتۆرى ماد

**ضحك:** كەنين، پێكەنين، خەنين

**ضحكه:** خەندە، پێكەنين، يەك جار پێكەنين

**ضحكه:** قەشمەر، ئەوەى خەڵك پێى پێبكەنن، گاڵتەجاڕ

**ضحوك:** دەم بەبزە، دەم بە پێكەنين، ئەوەى زۆر پێدەكەنێت

**ضحي:** ناشتايى، كاتى هەڵاتنى خۆر، بەماناى هەتاو و خۆريش دێت

**ضحيه:** ۱- بەرزايى ڕۆژ، نيوەڕۆ، نيمەڕۆ ۲- قوربانى، مەڕى قوربانى

**ضخام:** ئەستوور، ستوير، كوڵفت، كڵفەت، قەوى

**ضخامت:** ئەستوورى، كوڵوفتى، ستويرى، قەڵەو بون، قەڵەوى

**ضخيم:** ئەستوور، گەورە، قەوى، ستوير، كوڵوفت، مەزن، گەورە

**ضد:** نەيار، دژ، دوژمن، ناسازگار، ناهاوتا، قاندر، خەنيم

**ضديد:** ۱- دژ، ناهاوتا، ناسازگار، دوژمن، نەيار ۲-وەك، هاوشێوە، هاوتا، وەكو، وەكى

**ضدين:** دودژ، دو دوژمن، دو شت كەنەيار و دژى يەك بن

**ضر:** ۱- زيان گەياندن، زەرە لێدان، زيان گەهاندن ۲- زەرەر، زيان، خەسارەت، ۳- تەنگى، سەختى، دژوارى، خراپى

**ضراء:** زيان، زەرەر، خەسارەت، بەلا، وشكەساڵى، سەختى، دەست كورتى، دەست تەنگى

**ضراب:** شەڕەشمشێر، شەڕ كردن لەگەڵ كەسێك، شەڕ و پێكدادان

**ضراح:** لەقە وەشاندن، جووتە خستن، جفتەك خستن

**ضرار:** زيان لێدان، زيان گەهاندن، زەرەر لێدان، خەسارەتدان

**ضرارت:** كوێرى، نابينايى، لەناوچوونى سۆمايى چاو

**ضراط:** تر لێدان، تر بەردان، بەرەلا كردنى بايى دەنگدار لە قن

**ضراط:** تركن، تر بەردەر، ترلێدەر

**ضراعت:** گريان، شين كردن، لە خۆبوورين، ناتەوان بوون، سست بوون، سستى، شين و ڕۆڕۆ، گريان

**ضراغم:** شێر، شێرەكان

**ضرام:** ئاگر گرە، دەسەچيلەى ئاگر، چيلكە و چەوێڵ كەئاگرى پێدەكەنەوە

**ضراوت:** تەماحار بون، چاوچنۆكى، رژدى، هۆگربون، خوو گرتن

**ضرب:** لێدان، كوتان، لێدانى سكە. لەناو دەستە واژە بيركاريەكاندا بەماناى كەرەت دێت كە يەكێكە لەچوار كردەوەى سەرەكى بيركارى و ئەويش دووبارە كردنەوەى ژمارەيەكە لە ژمارەيەكيتر بۆ بەدەست هێنانى ژمارەيەك كە چەندين بەرابەرى ئەو ژمارەيە

**ضرب:** ۱- وەك، هاوشێوە، شێوە، چەشن۲- وردە باران، نمە باران۳- بيرتيژ، چالاك، ڕۆح سووك

**ضرب الاجل:** كات ديارى كردن، دوايين كات، ماوە بۆدانان، ديارى كردنى كاتێكى سنوردار

**ضرب المثل:** پەند، وتە پێشينان، نمونە هێنانەوە، چيرۆك هێنانەوە

**ضربان:** لێدان، لێدانی دڵ، تەپە تەپی دڵ، تەپین

**ضرب خوردن:** زیان بەرکەوتن، زەرە لێدران، بەلا بەسەردا هاتن، بریندار بون

**ضرب دیدن:** بروانە ضرب خوردن

**ضرب زدن:** زیان لێدان، خەسارەتبار کردن، بەلا بەسەر هێنان، بریندار کردن، زەرەر پێگەیاندن

**ضرب طرقتن:** تەپڵ لێدان، تەپڵ کوتین

**ضربە:** ١-لێدان، زەربە، یەکجار لەلێدان٢- برین، زام، ناسوور

**ضرر:** زەرەر، کەم وکوڕی، ئیراد، زیان، خەسارەت، بەلا، سەختی

**ضرر زدن:** زیان گەهاندن، زیان لێدان، زەرە لێدان

**ضرر کشیدن:** زەرە کردن، زیان بینین، خەسارەت دیتن

**ضرس:** ١- دان، دیان، دندان ٢- نمە باران، وردە باران

**ضرس:** توند و تیژ، توورە، رقاوی، ئەوەی لەبرسیەتیدا توورە ببێت

**ضرطە:** تڕ، بایی دەنگ دار کە لە دواوەی مرۆڤ دەردەچێت

**ضرع:** گوان، گۆهان، گوانی مانگا مەڕ

**ضرع:** هاوتا، هاوشێوە، هاوجۆر، وەك

**ضرع:** ١- رام کردن، دەستەمۆکردنی ئەسپ ٢-رام بون، دەستەمۆ بون ٣- لەخۆبووردویی، گریان، سووکی، ریسوایی

**ضرغام:** شێر، شێری دڕندە، بەهێز، ئازا، دلێر، بوێر، چاونەترس

**ضرغامە:** بروانە ضرغام

**ضرغم:** شێر، شێری دڕندە

**ضرم:** ئایسان، داگیرسان، پێ بوون، هەڵگیرسانی ئاگر، گەرم بونی شتێك، بڵێسەداربون

**ضرم:** بێچوە هەڵۆ، بەچکە هەڵۆ

**ضرور:** پێویست، نیاز

**ضرورات:** بروانە ضرورت

**ضرورت:** نیاز، پێویستی، پێداویستی، ناچاری، گەرەك

**ضروري:** ناچاری، بە پێویستی، بەناچاری، نیاز، ئەوەی پێویست و نیاز بێت

**ضروریە:** بروانە ضروري

**ضرە:** ١- نیاز، پێویستی، نچاری، پێداویستی ٢- سەختین بەدبەختی، تەنگ دەستی ٣- ئازار، زیان، زەرەر٤- گوان، گۆهان، بن گوان

**ضریب:** شێوە، جۆر، جەن، شێواز، وەك، هاوتا

**ضریبە:** ١- سرشت، سروشت، خوو، خەدەن عادەت ٢- خەراج، جەزیە، زەریبە،

**ضریح:** قەبر، گۆڕ، ئارامگا، مەزار، چوارچێوەیەکی دارین یا کانزایی کون کون کەلەسەر گۆڕ هەڵیدەبەستن

**ضریر:** ١- کوێر، نابینا٢- نەخۆش، لەڕ، داڵگۆشت، کەم گۆشت

**ضریرە:** بروانە ضریر

**ضریع:** مەم زل، مەم شۆڕ، ئەوەی مەمکی زل و شۆڕی هەیە

**ضریم:** ١- ئاگرکەوتنەوە، ئاگر، ئاتش٢- سووتاو، سوتیاگ، سووتیاو

**ضعف:** سست بون، ناتەوان بوون، سستی، ناتەوانی

**ضعف:** دووبەرابەر، دو ئەوەندە، دو ئەونە، دووبەرابەری شتێك یا زیاتر

**ضعیف:** سست، بێهێز، ناتەوان، کەم توانا، لاواز، ئەوەی جەستەی لاوازە، لەڕ، لاغر، بچوك، رەقەڵ، تەشك، کەم تین، زراف

**ضعیف شمردن:** بە کەم زانین، بەلاواز هەژمار کردن، بەناتەوان زانین

**ضعیفە:** زەعیفە، ژنی بێهێز و ناتەوان

**ضغط:** گووشین، پاڵ پێوەنان، زەخت لێکردن، کوتان، تەنگ پێ هەڵچنین

**ضغطە:** سەختی، تەنگی، گووشار، زەخت، رەنج

**ضغن:** رق هەڵگرتن، رق گرتن، کینە، رق لەدڵ گرتن، خۆخواردنەوە

**ضغینە:** رق، کینە، بوغز

**ضفدع:** بۆق، قرپۆك

**ضفیر:** ۱- بەستێن، کەنار دەریا ۲- بەنی بادراو

**ضل:** گوومڕایی، لەناوچوون، فیڕۆیی

**ضلال:** گووم بون، گومڕابوون، ڕێ ون کردن، لەڕێ دەرچوون، گوومڕایی

**ضلالت:** گوومڕایی، گوومڕا بون، ڕێ ون کردن

**ضلت:** سەرگەردانی، سەرلێشێوان، سەرسووڕمان، واق وڕمان

**ضلع:** کەلەکە، ئێسقانی کەلەکە

**ضلل:** گوومڕایی، لەڕێ دەرچوون

**ضلول:** گومڕا، لەڕێدەرچوو، ڕێ ون کردوو

**ضلیع:** بەهێز، پڕ زۆر، زۆردار، پیاوی بەهێز و پڕ زۆر

**ضلیعه:** بڕوانە ضلیع

**ضلیل:** گوومڕا، ڕێ ون کردوو، لەڕێ دەرچوو

**ضم:** کۆکردنەوە، خڕ کردنەوە، کەڵەکە کردن، کۆکردنەوەی چەند شتێك لەشوێنێك

**ضماد:** مەڵهەم، مەرهەم، مەڵحەم، مەڵهەمی برین. ئەو پەڕۆیەیی برینی پێ دەبەستن

**ضمار:** شاراوە، فەشاریاو، نهێنی، داشاریاو، ماڵی شاراوە کەهیوای دەست پێگەشتنی نەبێت. ناوی بوتێك بوە لەسەردەمی نەزانی عەرەب

**ضمان:** ڕازی بون، قبوڵ کردن، لەئەستۆ گرتن، لە ئۆدە گرتن

**ضمانت:** ۱- تووش بوون، گیرۆدە بوون بەنەخۆشی کە کات کات توند کەکات کات پەرە دەسێنێت و دەبێتە هۆی زەوی گیربون ۲- دەستەبەری، لەئەستۆ گرتن، لەئۆدە گرتن

**ضمر:** ئەندام ڕێك، بەژن ڕێك

**ضمره:** ژنی ئەندام ڕێك، شۆخ و شەنگ، بەژن ڕێك

**ضمن:** ناو، ناڤ، ناوی شتێك، نێوان، لەناو

**ضمن:** لەجێدا مانەوە، ناتەوان بوون، زەوی گیر بوون، پەك کەوتن، پەككەوتەیی، زەوی گیری

**ضمن:** پەك کەوتە، زەوی گیر، لەجێدا کەوتوو

**ضمور:** کەم گۆشت، داڵگۆشت، لەڕ، کز، لاواز، لاغر، تەشك، ڕەقەڵ، باریك،

**ضمیر:** ناخ، ناخی مرۆڤ، ویژدان، ئەندێشەی و نهێنیەکانی ناودڵ، پڕونێو

**ضمیم:** خاوەن، هاوڕێ، هاوەڵ

**ضمیمه:** ۱- خاوەن، هاوڕێ، هاوەڵ، پەیوەستن پاشکۆ، شتێك کەبەشتێکیترەوە پەیوەستی بکەن

**ضمین:** ۱- لەئەستۆ گرتوو، ئۆدەدار، دەستەبەر، دەسەبەر ۲- پەك کەوتە، لەجێدا کەوتوو، زەوی گیر

**ضنت:** بەخیلی، دڕێغی، دڕێخی

**ضنین:** بەخیل، ڕەزیل، ڕژد، ناکەس، ناپیاو

**ضوء:** نوور، تیشك، تیرۆژك، ڕووناهی، ڕووناکی، ڕۆشنایی

**ضوضاء:** دەنگەدەنگ، هاتوهاوار، قەرەباڵغی، دەنگە دەنگی خەڵك لەکاتی شەڕدا

**ضومر:** پۆپنە کەڵەشێر، گوڵی پۆپنە کەڵەشێر

**ضیاء:** نوور، ڕۆشنایی، ڕووناکی، تیشك، ڕووناهی

**ضیاع:** زەوی کشت و کاڵی

**ضیافت:** میوانی، مێهڤانی، میوانداری، میوان بوون

**ضیاگستر:** نووربەخش، ڕوناکی بەخش، تیشك بەخش

**ضیزن:** زیزن، ناوی بوتێك بوە لەسەردەمی نەزانی عەرەب

**ضیغم:** گازگر، پێوەدەر، شێر، شێری دڕەندە

**ضیغمي:** شێر، شێری دڕەندە

**ضیف:** میوان، مێهڤان، مێمان، مەهوان

**ضیق:** تەنگی، سەختی، دژواری

**ضیق:** تەنگ، تەنگەبەر، تەسك، پێچەوانەی پان و بەرین

**ضیق النفس:** تەنگی هەناسە، ناسم، هەناسە تەنگی کە مرۆڤ بە دژواری هەناسە دەکێشێت

**ضیقت:** خراپحاڵی، هەژاری، دەسکورتی، نەداری، دەست تەنگی، نیازمەندی

**ضیم:** زوڵم، ستەم، ناحەقی، ئەستەم

**ضیوف:** میوانەکان، مێمانەکان، مەهوانەکان

# ط

**ط**: ت، پیتی نۆزدەیەم لە ئاڵفابێتی فارسی. ئەم پیتە لە زمانی کوردیدا نیە و لەجیاتی ئەم پیتە پیتی (ت) بەکار دەبرێت

**طائر**: باڵندە، هەڵفڕ، هەر ئاژەڵێك پەر وباڵی هەبێت، مەل، پەلەوەر، باڵدار

**طائره**: تەیارە، فڕۆکە، فڕۆك

**طائش**: کەم عەقڵ، بێ مێشك، نەزان، زلحۆل، گێژ، کاس، وڕ

**طائع**: فەرمانبەردار، گوێ ڕایەڵ، ملکەچ

**طائف**: ١- تەواف کەر، ئەوە بەدەوری شوێنێکدا دەسوورێتەوە. ٢- حەسحەس، شەوگەڕ

**طائفه**: تایەفە، تیرە، هۆبە، زۆم، ڕەچەڵەك، هۆز، بەرەباب، بەرە، خێڵ

**طائل**: دەسەلأت، هێز، زۆری، توانایی، سوود، قازانج

**طائله**: ١- دەسەلأت، توانایی، هێز، بەرزەوەندی ٢- کینە، ڕق، دوژمنی

**طاب**: حەلأڵ، پاك، خاوێن، خۆش، پاقژ

**طاباق**: خشت، کەرپووچ، خشتی گەورە

**طابخ**: ١- چێشت لێنەر، تەباخ، ئاشپەز ٢- تا، گەرمی لەش

**طابع**: ١- چاپکەر، مۆرکەر، واژۆکەر ٢- سرشت، سروشت، خوو، خەدە

**طابع**: ئەنکوستیلە، کلکەوانە، مستیلە، مۆر، هەر شتێك کەنیشان و هێمای لەسەر شتێك پێ دیاری بکەن

**طابق**: ١- تاوە، دەفرێك کەشتی تیا سووردەکەنەوە ٢- خشتی گەورە، کەرپوچ

**طاجن**: تاوە، ئەوە دەفرەی خواردنی تیا سووردەکەنەوە

**طاحون**: ئاش، ئاساو، ئاسیاو، شوێنی گەنم ئارد کردن

**طاحوني**: ئاشی، ئاسیاوی، تایبەت بە ئاش

**طارف**: ماڵی نوێ، ماڵی تازە بەدەست هاتوو

**طارقه**: ١- بەلأ، ڕووداو، کارەسات ٢- هۆز، نەتەوە، خێڵ، بەرەباب

**طارم**: هەیوان، بەرهەیوان، داربەستی هەیوان، ماڵی دارین، گومەز

**طاريء**: کتاوپڕ، لەناکاو، کتوپڕ

**طاريه**: بەلأ، کارەسات، پێشهاتی لەناکاو

**طاس**: تاس، کاسەی مسین، دەفری مسین

**طاس**: تاس، بێ مو، کەچەڵ، کەل، ئەوەی تووکی سەری رووتابێتەوە

**طاس**: زار، تاس، مۆریەك شەش لا کەهەر شەش لاکەی خاڵی یەك تا شەشی لەسەرە و لەیاری تاوڵە و هەندێ یاریتردا بەکار دەبرێت

**طاسباز**: تاسباز، زارباز، ئەوەی یاری بەزار دەکات

**طاع**: فەرمانبردار، گوێ رایەڵ

**طاعت**: فەرمان بردن، گوێ رایەڵی کردن، فەرمانبرداری، سەردانەواندن

**طاعت پيشه**: فەرمانبردار، گوێ رایەڵ، ملکەچ

**طاعت ور**: بڕوانە **طاعت** پیشە

**طاعن**: لۆمەکەر، سەرزەنشتکەر، تانەلێدەر

**طاعون**: تاعون، ئازار، ئاهۆ، چاوقووڵکە، قڕان، درم، نەخۆشینێکی مرۆڤ کوژە کە میکرۆبەکەی لەساڵی ١٨٩٤ لەلایەن یرسن دۆزرایەوە

**طاغوت**: سەرکێش، ملهوڕ، زۆردار، بت، بوت، شەیتان کە مرۆڤ لەرێگای راست دووردەکاتەوە. هەر پەرستراوێك جگە لەخوا

**طاغي**: سەرکێش، زۆردار، ملهوڕ، زاڵم، ستەمکار

**طاغیه:** ستەمکار، لەخۆڕازی، لەخۆبایی، ئەحمەق، نەزان

**طافح:** سەرخۆش، مەست، مەست لەشەراب

**طافحه:** ۱- مەست، سەرخۆش، ۲- وشك، وشك لەهەر شتێك

**طاق:** تاق، سەقفی چەماوە، سەقفێکی چەماوە کەبەخشت لەسەر درگا یا پرد دروستی دەکەن

**طاق:** ۱- تاق، تەنیا، تەك، یەك پێچەوانەی جووت ۲- تەنیان تاقانە، بێ هاوتا، بێ وێنە

**طاق ازرق:** ئاسمان، تاقی ئاسمان

**طاقباز:** بەپشتا خەوتو، ڕاکشاو

**طاقت:** تاقەت، توانایی، یارا، تاو، ڕاوەستاویی، خۆڕاگری، بەرگەگرتن، توانا، سەبر

**طاقت آوردن:** تاقەت هێنان، بەرگە گرتن، خۆڕاگری کردن

**طاقت داشتن:** تاقەت بون، خۆڕاگری، بەسەبر بون، بەرگە گرتن

**طاقت رسیدن:** تاقەت نەمان، سەبر نەمان، بەرگە نەگرتن، خۆڕانەگەرتن

**طاقت شکن:** وزەبڕ، هێزبڕ، ئەوەی هێز و تاقەت لەمرۆڤ بستێنێت

**طاقت فرسا:** بڕوانە **طاقت** شکن

**طاقت یافتن:** خۆڕاگرتن، بەرگە گرتن، تاقەت هێنان

**طاقچه:** تاقچە، تاق، تاقی بچوك، قوونەبان، ڕەفە، دۆڵاب، ڕفە

**طاقه:** تاڵ، تار، تاڵێك موو، دەستەیەك موو، چەپك، چەپکێ

**طاقي:** تەقیلە، تەقلە، تاقیلە، عارەقچن، کڵاو، کڵاوی درێژ هاوشێوە کڵاوی دەروێشان

**طالار:** تالار، هۆڵ، هۆڵی گەورە

**طالب:** خوازیار، ئامەزرۆ، داواکار، خواستەر، خوازۆك، قوتابی، خوێندکار

**طالبي:** گرکە، گندۆرە، کاڵەك، میوەیەك لەجۆری شووتی کە یەك دومانگ زووتر لە شوتی پێدەگات

**طالح:** خراپەکار، بەدفڕ، شەڕن شەڕانی، شەرخواز، خراپەویست

**طالع:** ۱- هەڵاتوو، ئەوەی هەڵدێت وەك هەتاو ۲- مانگ، مانگی تازە ۳- شانس، بەخت، سەربوردە، چارەنوس

**طالع بین:** فالگر، فالچی، فالبین، ئەوەی بەهۆی کتێب و قاوە و شتیتر فاڵ بۆ کەسانیتر دەگرێتەوە

**طالع مند:** بەختەوەر، بەبەخت، خۆشحاڵ، کامەران، خۆشبەخت

**طالع میمون:** شانسی پیرۆز، بەختی باش

**طالق:** تەڵاقدراو، ژنی تەڵاقدراو و ڕزگاربوو لەمارەیی

**طالوت:** تالووت، ناوی پیاوێك لەبەنی ئیسرائیل کەبەپێی گێڕانەوەی موسوڵمانەکان باوکی ژنەکەی داوود و لەمناڵەکانی یەعقوبە و شەڕی جالوتی کرد

**طامات:** کارەسات، ڕووداوی گەورە و دڵتەزێن، بەڵا، سەختی، دژواری

**طامح:** ۱- نافەرمان، ژنێك کە بێ مۆڵەتی مێردەکەی بڕواتە لای پیاوانیتر ۲- بڵند، بەرز، بەرز و بڵند لەهەر شتێك

**طامع:** تەماحکار، تەماحدار، چاوچنۆك، ڕژد، چاوچنۆك

**طامعه:** بڕوانە **طامع**

**طامه:** بەڵا، بەڵای سەخت، کارەسات، بەڵایەك کەلەهەمو بەڵاکانیتر قورس تر و دژواتر بێت

**طاووس:** تاوس، داوس، مەلێکی جوان و پەڕ ڕەنگینە

**طاووس فش:** وەك تاوس، تاوس ئاسا، هاوشێوەی تاوس

**طاووس وار:** بڕوانە **طاووس فش**

**طاووسي:** تاوسی، سەوز ڕەنگ، بەرەنگی سەوز، بەرەنگی تاووس

**طاهر:** پاك، خاوێن، پاقژ، بێگەرد

**طاهره:** پاك، ژنی پاك، پاك لە پیسی و عەیب

**طایر:** بڕوانە **طایر**

**طایفه:** بڕوانە **طایفه**

**طب:** چارسەر کردن، پزیشکی، دەرمان کردن، هۆلّمان، چارسەر کردنی نەخۆشیەکانی جەستە

**طبابت:** پزیشکی، کاری پزیشك، چارسەر کردن

**طباخ:** چێشت لێنەر، ئاشپەز، ئەو کەسەی خواردن دروست دەکات، خواردن چێکەر

**طباخت:** ئاشپەزی، چێشت لێنان، خواردن دروست کردن

**طباع:** خوو، عادەتەکان، سرشتەکان

**طباع:** ١- مۆرکەر، چاپکەر، واژۆکەر، ئەوەی مۆر لەشتێك دەدات ٢- شمشێر ساز، شمشێر چی، ئەوەی شمشێر دروست دەکات

**طباق:** هەلّسەنگاندن، بەراورد کردن، خەملاّندن، هەلّسەنگاندنی دوشت بەیەکتر

**طبال:** تەپلّ ژەن، تەپلّ لێدەر، دەهۆلّ ژەن

**طبایع:** خوەکان، سرشتەکان، عادەتەکان

**طبخ:** لێنان، دروست کردن، کولاّندن، برژاندن

**طبطبه:** بانگ کردنی ئاوازدان، دەنگ لێوەهاتنی ئاو یا لافاو لەکاتی رۆشتن، دەنگی شەپۆل

**طبع:** مۆر کردن، نەخشاندن، چاپ کردن

**طبع:** سرشت، خوو، خەدە، عادەت، سروشت

**طبعا:** بەدلّنیایی، بەتەواوی

**طبق:** بەرابەر، یەکسان، هاوتا

**طبقات:** دەرەجەکان، پلەکان

**طبقه:** نهۆم، قات، تا، چین، پلە

**طبقه بندي:** ریزبەندی، ریز کردن، رێك خستن

**طبل:** تەپلّ، دەولّ، دەهۆلّ

**طبل خوار:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر، چاوبرسی، ئەوەی قەت تێر ناخوات، ورگن

**طبل زن:** تەپلّ ژەن، ئەوەی تەپلّ لێدەدات

**طبل نواز:** تەپلّ ژەن، ئەوەی تەپلّ لێدەدات

**طبن:** زیرکی، وشیاری، زیرەك بون، زرنگی

**طبي:** سەرگوان، سەرگهۆان، نوکی گوانی چوارپێکانی وەك ئەسپ و وشتر

**طبيب:** پزیشك، دوکتۆر، چارسەرکەر، ئەوەی نەخۆشیەکان چارسەر دەکات

**طبيبانه:** پزشیکانە، دوکتورانە، هاوشێوەی پزیشکەکان

**طبيخ:** کولاّو، گەرم کراو، کولّ هاتوو، هر شتێکی کولاّو و سوروەکراو وەك برنج وخشت و هەرچی

**طبيعت:** سروشت، سرشت، خوو، ئەو سرشتەی خەلّکەی لەسەری ئافرێنراون

**طبيعت شناس:** سروشت ناس، سرشت ناس، ئەوەی سروشت بناسێت. دوکتۆر، پزیشك

**طبيعي:** تایبەت بە سروشت، سورشتی، سرشتی، پێچەوانەی دەسکرد

**طحان:** ئاشەوان، ئارد فرۆش

**طحانت:** ئاشەوانی، ئاردفرۆشی

**طحن:** ئارد کردن، ئاش کردن، ئارد کردنی گەنم یاهەر دانەوێلّەیەکی تر

**طحين:** ئارد

**طر:** ١- لا، تەنیشت، کەنار، قەراغ، رەخ ٢- هەمو، هەموان، سەرپاك، گشتی، تێکرا

**طرائق:** رێگاکان، شێوازەکان، رێچکەکان

**طراح:** پلاندانەر، نەخشە کێش، نەقاش، وێنەکێش

**طراد:** رم، رمی بچوك

**طراد:** ١- دوورخەرەوە، تارێنەر ٢- کەشتی شەرکەری توندرەو ٣- شوێنی بەربلاّو، پان و بەرین ٤- رۆژ درێژ، رۆژی بلّند

**طراد:** پەلاماردان، هێرش کردن، هەلّمەت بردنە سەر یەك

**طرار:** تەردەست، زۆرنگ، کیسەبڕ

**طراز:** ١- زینەت، نەخش و نیگار، نەخش و نیگاری جل و بەرگ ٢- شێوە، رێچکە، جۆر، چەشن

**طرازيدن:** رازاندنەوە، خەملاّندن، جوان کردن، رێکخستن، رازاننەوە

**طراف:** شەرەف، گەورەیی، مەزنی

**طرافت:** تازە بون، نوێ بونەوە

**طراق:** تەق، تـرەق، دەنـگ یـا ئاوازێك كـە لـە شـكان یـا ترەكانی شتێك بەرز دەبێتەوە

**طراوت:** تەر و تازە بون، نوێ بونەوە، تەڕی، تازەیی

**طربال:** منارە، بینـای بـەرز، بـەردی بـەرز كەلەلوتكـەی كێو هاتبێتە پێش

**طرب انگیز:** شادی بزوێن، خۆشی بزوێن، ئەوەی ببێتـە هۆی زیاد بوونی شادی

**طرب شكار:** بڕوانە **طرب** انگیز

**طربناك:** شادمان، خۆشحاڵ، دەم بەبزە، شادان، شاد

**طـرح:** ١- فرێـدان، دوورکـردن، دورخـستنەوە، خـستنە لا ٢- لەبار بردن، لەبار بردنی كۆرپەلە لەناو سكی دایك ٣- پێشنیار كردن، پێشنیاز كردن

**طرح افكندن:** بناغە دارشتن، پلان دانان، بەرنامە ڕێژی

**طرح بندي:** نەخشە كێشان، پلان دانان

**طرح ریختن:** پلان دانان، نەخشە كێشان، بەرنامە ڕێژی

**طرح كردن:** ١- دوور خستن، خـستنە دوور، فرێـدان ٢- نەخشە كێشان، پلاندانان، بناغە دارشتن

**طرح كش:** پلان دانەر، نەخشەكێش، بەرنامە ڕێژ

**طرخان:** سەروەر، سەرۆك، گەورە، مەزن

**طرد:** دووكردنەوە، تاراندن، دوورخستنەوە، دەركردن

**طرز:** شێوە، ڕواڵەت، قیافەی شـتێك ٢- شـێوە، شێواز، ڕێباز، ڕێگا، جۆر، چەشن، ڕێچكە

**طرف:** لا، تەنیشت، كەنار، قەراغ، ڕەخ

**طرف:** چاو، سوچی چاو

**طـرف:** كۆتـایی، دومـاهی، كۆتـایی و سـەرئەنجامی هـەر شتێك، سووچ و قەراغ، كەنار

**طرفاء:** گەز، داری گەز، گەزۆ

**طرفـدار:** لایـەنگر، لایـەنگیر، شـوێنكەوتوو، پـشتیوان، پشت، پشت و پەنا

**طرفگاه:** جیهان، دنیا

**طـرفگـیر:** ١- لایـەنگر، پـشتیوان، شـوێنكەوتوو ٢- گۆشەگیرن گۆشە نشین

**طرفه:** بەرچاوی، چاوتروكاندنێك، بەرچاوی، چاولێك نان، یەك جار لێك نانی پێڵوەكانی چاو

**طرفه:** تـازە، قـسەی خـۆش، وتـەی بـەنرخ، هەرشـتێكی تازە و نوێ

**طرفین:** دولا، ئەم لاولا

**طرق:** ڕێگا، ڕێگاكان، شێوازەكان

**طرق:** ١- لێدان، كوتان، لەیەك دان، بـە یـێك كوتـان ٢- میز كردن، گمیز كردنی چوارپێ لەناوی وەستاوە

**طرماح:** ناودار، ناسراو، پایەبەرز، سەرنیاس

**طرنب:** قرووفڕ، خۆنواندن، خۆدەرخستن، ناز كردن

**طـروب:** شـادمان، شـادان، پیـاوی كـەیف خـۆش، ئـەوەی بەردەوام سەرقاڵی خۆشی و ڕابواردنە

**طروق:** ڕێڕەو، شوێنكەوتوو، لایەنگر

**طره:** ١- كاكۆڵ، فلكە، ئەگریجە، تووكی ناوچاو، پەلكە، فڕ ٢- ڕیشو، ڕیشاڵ، پەراوێز، قەراغی جل و بەرگ

**طري:** تازە، نوێ، نفار، تەڕ و تازە

**طریح:** دوورخراوە، فڕێدراوە، تارێنراو

**طریـد:** ١- دوورخـراوە، هـەلاتوو، فرێـدراو، پـشت گـوێ خـراو ٢- ئـەوەی دوای یـەكیتر لـەدایك بێـت ٣- ڕۆژی درێژ، ڕۆژی بلند

**طریدان:** شەو و ڕۆژ

**طریر:** جوان، شۆخ و شەنگ، قۆز، پیاوی جوان و قۆز

**طریـف:** كـەم وێنـە، بـێ هاوتـا، سـەیر، سەرسـورهێنەر، غەریب

**طریفـه:** كـەم وێنـە، غـەریب، بـێ هاوتـا، سـەیر، سەرسوورهێنەر، تازە، نوێ، تازە داهاتوو، نفار

**طریق:** ڕێگا، ڕێ، ڕێی

**طریقت:** شێوە، ڕەوشت، مەزهەب، چۆنیەتی

**طریقه:** شێوە، جۆر، ڕێگا، ڕێ و ڕەسم

**طزر:** ماڵی زستانە، كۆشكی زستانە

**طس:** تەشت، تشت

**طساس:** تەشت چێكەر، تەشت فرۆش، تەشت ساز

**طشت:** تەشت، تشت

**طعام:** خواردەمەنی، خواردن، ئەوەی بخورێت، چێـشت، هەردنی، پێداویستی ژیان، خۆراك

**طعان:** ڕم لێدان، ڕم وەشاندن لەیەكتر

**طعـان:** ڕم زەن، ڕم وەشـێن، سـەرکۆنەکەر، تانەلێـدەر، سەرزەنشت کەر

**طعم:** تام، چێژ، ئەوەی لەخواردن یاخواردنەوەی شتێك هەستی پێدەکرێت لەتاڵی و سوێری و شیرینی و مزری

**طعمه:** خۆرشتن شلە، ڕۆژی، خواردەمەنی

**طعـن:** تانـە، لۆمـە کـردن، سـەرکۆنە کـردن، عـەیبی کەسێك وتن، سەرزەنشت کردن، تەوس

**طعن آمیز:** تەوسـاوی، وتەیـەك کـە تانـەو تەوسـی پێـوە بێت

**طعـن کـردن:** لۆمـە کـردن، تانـە لێـدان، تـانون کـردن، پلارپێدادان، سەرکۆنە

**طعنه زدن:** تانە لێدان، سەرکۆنە کردن

**طعنه زن:** لۆمەکەر، تانەلێدەر، سەرزەنشتکەر

**طعنـه زنـان:** بـەدەم تانـە لێدانـەوە، لـەکاتی سـەرکۆنە کردن

**طغام:** ناپیاو، ناکەس، پەست، سوك، هیچ و پوچ، لات

**طغامه:** نەحمەق، پەست، گێژ، وڕ و کاس، نەزان

**طغیان:** ١- سنوور بەزاندن، لەڕادە دەرچون، سەرکێشی کـردن، پـێ درێـژ کـردن، پـێ لـێ ڕاکێشان ٢- هەڵچون، هاتنـە سـەرەوەی نـاوی دەریـا، شـێت بـوونی دەریـا ٣- سەرکێشی، بێ شەرمی، ڕووداری، چاوو سوری

**طغال:** قوڕ و لیتە، قوڕ و لیتەی وشك

**طغـاوه:** ١- پـوچ و پـەڵاش، وشـکە گیـا، کفەرێـز، کـەف سـەرئاو، کـەف سـەرمەنجەڵ. بەشـێك لـە شـتێك ٢- خەرمانە، خەرمانەی دەوری مانگ یا خۆر

**طفره:** ١- بازادن، خۆفرێدان، یەکجار پەڕین لەبەرزایی ٢- مـەودا، ئـەو مەودایـەی دەکەوێتـە نێـوان کارێکـەوە، ماوە

**طفل:** بچوك لەهەر شتێك، بچکۆلانە، بـچکۆلە، چـکۆلە، منال،، کۆرپە، کەم تەمەن، منالی ساوا

**طفل:** ناسك، نازپەروەردە، بـەناز گـەورە کـراو، نـەرم و نیان

**طفـل:** ١- تـاریکی، خۆرئـاوا بـون، دەمـەو نێـوارێ ٢- باران، ئەو ئاوەی لەهەور دەڕژێتە خوار

**طفولت:** ١- نەرم بون، ناسك بون، بەناز پەروەردە کران ٢- منـاڵی، کـەم تەمـەنی، زارۆکـی، زارۆکـێنی، وردی، بچکۆڵەیی

**طق:** تەق، تەقە،، دەنگی بەریەك کەوتنی دوشت

**طقطقه:** تەقتەقە، دەنگی سمی چوارپێ، تەق تەق

**طل:** وردە باران، نمە باران، بـارانی کـەم کـە دڵۆپـەکانی بچوەك بێت

**طـل:** ١- جـوان، دەلال، پەسـەند، بـەدڵ، شـتی جـوان و سەرسووڕهێنەر ٢- بەتەمەن، بەساڵاچوو، پیر

**طـلا:** تـەلا، زێـڕ، ئـاڵتون، یـەکێك لـەکانزا کـەم و گرانبایییەکان

**طلاء:** ١- مەلهەم، مەڵحەم، هەر شتێك لەشـتێکی بـسون ٢- گوشراوی ترێ، شەراب

**طلاق:** تەلاق، جیابوونەوەی ژن لەمێرد، ڕزگار بونی ژن یا پیاو لەکوت و بەندی ژن و مێردایەتی

**طلاقت:** ١- دەم بە بزە بوون، شـادمان بـون، خۆشـحاڵی ٢- زمان تیژی، زمان پاراوی

**طلاقنامه:** تەلاقنامە، بەڵگەیەك کەتـەلاق دانی ژنێکی تای بنوسن

**طلاکـار:** زێڕنگـەر، ئاڵتونـچی، ئـەو کەسـەی کاروبـاری لەگەڵ زێڕ و ئاڵتوندایە

**طلاکـردن:** مـاڵین، سـوون، مـاڵیینی و سـوونی شـتێك لەجەستە

**طلال:** نمە باران، وردە باران، شەونم، خوناو

**طلاوت:** جوانی، چاکی، شادمانی، شادی، خۆشحاڵی

**طلایه:** ئەوەی لەجەستەی بسون، مەلهەم، مەرهەم

**طلایـه:** پێـشەنگ، پێـشڕەوی لەشـکر، دەسـتەیەك لـە سەربازەکان کەلەپێشەوە بڕۆن

**طلایه دار:** دیدەوان، زێرەڤان

**طلب:** داواکاری، خواسـتن، ویـستن، داوا کـردن، خوازیـار بون، خوازۆکی

**طلب:** خواسـتن، ویـستن و بـەمانای پیـاوی ژن بـاز، ئـەو پیاوەی ژنی دەوێت

**طلب:** گروپ، دەستە، تاقم، جەماعەت، کۆمەڵێك لەخەڵك

**طلسم:** نووشتە، جادوو، تیکە وەرەقەیەك کەدۆعا یا شتێکی لەوچەشنەی لەسەر دەنوسن و باوەڕیان وایە بۆ پارێزگاری کردنی کەسێك لە بەلاّ و سەختیەکان کاریگەرە

**طلع:** ١- چرۆ، شکۆفە، شکۆفەی خورما ٢- شوێنی بەرز و بڵند ٣- ئەندازە، رادە، بڕ

**طلعت:** رو، دیدار، روخسار، بینین

**طلق:** حەلاڵ، رەوا، شیاو، رێگە پێدراو، شتێك کەکەسی تیایدا هاوبەشك نەبێت و تایبەت بەخودی کەس بێت

**طلق:** ژان، ژانی منالّبون، ئازاری منالّبون

**طلق:** ١- ئازاد، رەها، بەرەڵا، ٢- خۆشحاڵ، دەم بەبزە، دەم بە پێکەنین

**طلل:** شوێنی بەرز، شوێنەواری ماڵ و بینای رووخاو

**طلوب:** خوازیار، خوازۆك، داواکەر

**طلوع:** هەڵهاتن، هەلاّتنی مانگ وخۆر و ئەستێرە، دەرکەوتن، هاتنەدەر

**طلي:** تەلا، زێر، ئاڵتون

**طلي:** مەڵهەم لێدان، مەڵهەم ساوین

**طلي:** چڵکی دیان، زەردی دیان، رزانی دیان

**طليب:** خوازیار، داواکەر، خوازۆك

**طليعه:** پێشرەو، پێشەنگ، پێشرەوی سوپا و لەشکر

**طليق:** ١- ئازاد، وێڵ، رەها، بەرەڵا ٢- دەم بەبزە، دەم بەپێکەنین، شادمان

**طم:** ١-، ئاو، ئاڤ، دەریا، دەلیا، زەریا ٢- ژومارە، هەژمارە، ژومارەی زۆر ٣- سەیر، سەرسووڕهێنەر، واق وڕکەر ٤- ئەسپ، ئەسپی باش و رەسەن

**طماطم:** تەماتە، باینجانی سوور

**طماع:** تەماحکار، چاوچنۆك، رژد، تەماحدار

**طماعت:** تەماحکاری، چاوچنۆکی، رژدی، تەماحداری

**طمانينه:** ئارامش، ئارامی، بێدەنگی، ئۆقرە گرتن، ئۆخژن گرتن، ئارام بوون، هێمنایەتی

**طمث:** ١- بەرکەوتن، دەست لێدان، ٢- نەخۆش کەوتنی ژن، نەخۆشی مانگانەی ژن، حەیز ٣- چڵك، خوێن

**طمس:** ون کردن، سڕینەوە، لەناو بردن، لەبەرچاو نەهێشتن

**طمطام:** ناوەڕساتی، ناوەڕاستی دەلیا

**طمطراق:** خۆ دەرخستن، خونواندن، خۆڕازاندنەوە، بەخۆنازین، ناز کردن، عیشوە، ناز و عیشوە

**طمع:** تەماح، هیوا، ئارەزوو، خواست، ویست

**طمع:** تەماحکار، رژد، چاوچنۆك

**طمع برداشتن:** نەهێشتنی تەماح، تەماح بڕین، بێ هیوابوون، چاوەڕێ نەبون

**طمع بردن:** تەماح کردن، چاو لەدونان، تەما کردن، بەهیوا بون

**طمع بريدن:** بڕوانە **طمع** برداشتن

**طمع بستن:** بڕوانە **طمع** بردن

**طمع داشتن:** تەماحدار بون، تەماحکار بون، بەهیوا بون، رژد بون، رەچاوی

**طمعكار:** چاولەدوو، تەماحکار، تەماکار، رژد

**طمع گستن:** بڕوانە **طمع** بردن

**طميس:** کوێر، نابینا

**طميم:** نەرم نەرم رۆشتن، هێدی هێدی رۆشتن، لەسەرخۆ رۆشتن

**طناب:** تەناف، بەند، پەت، گوریس، گورێس

**طناب باز:** تەناف باز، بەند باز، ەو کەسەی لەسەر تەناف دەڕوات

**طناب خور:** چاڵ، قووڵ، قووڵایی

**طناز:** نازکەر، گاڵتەپێکەر، چۆن و نازدار

**طنان:** ١- ناودار، سەرنیاس، ناسراو ٢- ویزەویز کەر، ئاوازدەر ٣ - ئاهەنگدار، بەئاهەنگ

**طنب:** ١- تەناف، گوریس، بەند، پەت ٢- دەمار، دەمارەکانی لەش، رەگ ٣- دەمارەکانی دار

**طنبار:** تەنبور، جۆرە سازێکی مۆسیقایە

**طنبور:** تەنبوور، یەکێکە لە ئامێرەکانی موسیقی

**طنبي:** تەناڤ، تالار، هۆڵی گەورە

**طنجير:** مەنجەڵ، دیگی مسینی دەم گەورە، پاتیل

**طنــز:** گاڵتــە، نــاز کــردن، گاڵتــە پێکــردن ٢- تانــە، سەرکۆنە، سەرزەنشت، تەشەر، تەوس، پلار، لۆمە

**طنــز کـردن:** گاڵتــە پێکـردن، نـاز کـردن، لۆمـە کـردن، تەشەر لێدان

**طنفسه:** راخەر، جاجم، فەرش، قاڵی، گلیم، هەر شتێك کە شیاوی راخستن بێت

**طنين:** بانگ کردنی مێشولە یا مێش، وزە، گزە، وزە وز، دەنگی ناقووس، دەنگدانەوە

**طو:** میوانین بۆنە، جەژن، زەماوەند، حەفلە

**طواشي:** گـوون دەرهـاتوو، خەسـێنراو، ئـەوەی گونیـان دەرهێنابێت

**طواغي:** بوتخانە، بتخانە

**طواف:** سوورانەوە، خولانـەوە، بـەدەوری شتێکدا سوور خواردن، تەواف

**طـواف:** وردەواڵـە فـرۆش، چەرچـی، ئـەوەی بـەردەوام دەگەڕێت

**طوال:** درێژ، کێشراو، زۆر درێژ

**طوبي:** پاکتر، خاوێنتر، پاقژتر، زۆر پاك

**طوبي:** بەختەوەری، کامەرانی، خۆشی، شادی، شادمانی، خێر و خۆشی

**طود:** کێو، کەژ، چیا، کێوی بەرز و بڵند

**طور:** حاڵ، ئاست، بڕ، ئەندازە، شێوە، جۆر، چەشن

**طور:** ١- حەوشێ، پانتایی ناو ماڵ ٢- کێو، کەژ، چیا٣- وناوی کێوێکە لەدوورگەی سینا کە موسای پێغەمبەر لەوێ دوعا و پەرستینی خوای دەکرد

**طوسي:** توسی، خۆڵەمێشی، کەوەیی، سەوزی سپی باو

**طـوطي:** تـووتی، باڵندەیـەك هەرچـی بڵێـی دووبـارەی دەکاتەوە

**طوطي وار:** تووتی ئاسا، هاوشێوەی تووتی

**طــوع:** فــەرمان بــردن، گــوێ رایــەڵی، ملکەچــی، فەرمانبرداری

**طوع:** ملکەچ، فەرمانبردار، گوێ رایەڵ

**طـوف:** سـووڕانەوە، خولانـەوە، دەور لێـدان، بـەدەوری شتێك سووڕان وخولانەوە

**طوفان:** تۆفان، گێژەڵۆکە، فەرتەنە، لافاو، پۆك، لـەهی، لیمشت، شڵێوە

**طوفان زا:** تۆفان زا، ئەوەی ببێتە هۆی تۆفان

**طـوق:** تـەوق، گـەردن بەنـد، هـەر شـتێك دەوری مـل بگرێـت، کەڵـەن، کەڵـەوە، کـەڵێن، کەڵەمـە، مـادانگ، سەنجۆڵ، سەنجۆڕ

**طـول:** درێـژ بـون، درێـژی، کێـشراوی، درێـژا، دوور و درێژی

**طول:** دەسەڵات، هێز، توانایی، وزە

**طولاني:** درێژ، بەردەوام، کێشراو

**طـول دادن:** درێـژە پێـدان، دوا خـستن، پـێ خایانـدن، لەکارێکدا درەنگ کردن

**طـول کـشيدن:** خایانــدن، پـێ چـون، درێـژە کێـشان، بەردەوام بوون

**طولي:** درێژی، درێژایی، بەدرێژی، لەدرێژیی

**طومار:** تۆمـار، نامـە، تیـانوس، دەفتـەر، نامـەی دوور و درێژ

**طـوي:** ١- مەشـکە، مەشـکەی ئـاو ٢- برسـیەتی، برسـی بوون

**طوي:** جەژن، زەماوەند، شایی

**طويت:** نیەت، مبەست، ئەندێشە، هزر، بیر، ناخ

**طويس:** بڕوانە **طاووس**

**طويل:** درێژ، کێشراو

**طويله:** درێژ، کێشراو

**طويله:** گەوڕ، ئاخوور، شووڵ، شوێنی چوارپێکان

**طه:** طه، نـاوی سـوورەی بیستەم لـە قورئـان کـە ١٣٥ ئایەیە و لە مەکە هاتۆتەخوار. و مەبەست لەبنەماڵەی پێغەمبەرە

**طهارت:** پاکی، خاوێنی، پاقژی، دەستنوێژ

**طهر:** پاك بونەوە، پاقژ بونەوە، خاوێنی، پاك بونەوەی ژن لەنەخۆشی مانگانە

**طهره:** پاکی، خاوێنی، پاقژی

**طهور:** پاك كردن، خاوێن كردن، پاقژ كردن

**طهیر:** پاك، خاوێن، پاقژ

**طـي:** بـڕین، پێـوان، پێـوانی ڕێگـا، پێـچان، تێپێـچانی شتێك

**طي:** تـەی، نـاوی هـۆزێکی عەرەبـە کـە هـۆزی حاتـەمی تاییە

**طیار:** هەڵفڕ، فڕۆك، چالاك، تیژڕەو

**طیارات:** فڕۆکەکان، هەڵفڕەکان

**طیارە:** فڕۆکە، هەڵفڕ، کەشتی توندڕەو

**طیاش:** عەقڵ سووك، بێ عەقڵ، حۆل، گێژ، وڕ، کاس

**طیـاف:** تـاریکی، ڕەشـایی شـەو. بـەمانای مۆتەکـە و شەوەیش دێت

**طیان:** بەنا، وەستای دار و دیوار، خشتکار، ئەوەی کاری بیناسازی دەکات

**طیب:** بۆنخۆشی، خۆش بـۆن بـوون، بـێن خـۆش بـوون. بەتام بوون، بەچێژ بوون، حەلاڵ بون، ڕەوا بوون

**طیب:** ۱- باشترین، چاکترین، باشترین لەهـەر شـتێك ۲- حەلاڵ، ڕەوا، شیاو، حەز، ئارەزوو، خواست، ئیرادە

**طیب:** پاك، خاوێن، پەسەند، بەدڵ

**طیبت:** خۆش بون، بۆنخۆش بـوون، خـۆش بـێن بـوون، بەتام بوون، چێژداربون، خۆشی، شادی، شادمانی

**طیبە:** پاك، خاوێن، پاقژ، پەسەند، بەدڵ

**طیت:** نیەت، مەبەست، نیاز، پێویستی

**طیر:** فڕین، باڵ گرتن، هەڵفڕین

**طـیر:** باڵنـدە، مـەڵ، فـڕۆك، ئـەوەی هەڵـدەفڕێت لـە ئاژەڵەکان

**طیران:** هەڵفڕین، فڕین، پەڕی، فڕان

**طیرە:** سووکی، کەم عەقڵی، تووڕەیی، ڕق، کین، قین

**طیش:** سووك، بوون، ڕیسوا بوون، بێ عەقڵ بوون، کەم عەقڵی

**طیـف:** ڕق، تـووڕەیی، خـەیاڵ، گومـان، ئـەو خەیاڵـەی لەخەودا دروست دەبێت

**طي کردن:** بڕین، پێوان، بڕینی ڕێگا

**طین:** گڵ، قوڕ، هەڕە، گڵی تـەڕ، بشکۆڵ، تـەفن، هـەڕگ، زەل

**طینت:** سرشت، خوو، عادەت، سروشت

**طیور:** باڵندەکان، مەڵەکان، فڕۆکەکان

# ظ

**ظ:** پیتی بیستەم لە ئاڵفابێتی فارسی. ئەم پیتە لەزمانی کوردیدا نیە و لەجیاتی ئەوە پیتی (ز) بەکار دەبرێت

**ظئر:** دایە، دایان، ژنێك کەشیر بەمناڵێکیتر بدات

**ظافر:** سەرکەوتوو، زاڵبوو، پیرۆز، دەسەلآت پەیا کردوو

**ظالم:** ستەمکار، زاڵم، خوێنمژ،

**ظالمانە:** زاڵمانە، بەشێوە زاڵمەکان، ستەمکارانە

**ظالمین:** ستەمکاران، زاڵمەکان، زاڵمان

**ظاهر گشتن:** دەرکەوتن، روون بون، ئاشکرا بون، خۆیا بوون

**ظاهر کردن:** دەرخستن، ئاشکرا کردن، روون کردنەوە، هێنانە روو

**ظاهر:** دیار، ئاشکرا، روون، خۆیا، بەرچاو

**ظاهربین:** رووبین، رواڵەت بین، ئەوەی تەنیا روی دەرەوە دەبینێت و ناخ نابینێت

**ظاهرسازریاکار**، ئەوەی خەڵك فریو بدات

**ظاهرە:** بڕوانە **ظاهر**

**ظباء:** ئاسك، ئاسکەکان، کارمامزەکان

**ظبي:** ئاسك، کارمامز، غەزاڵ

**ظراف:** زیرەك، وشیار، زرنگ، دانا، زانا، زانەر

**ظرافت:** زیرەك بوون، زرنگی، وشیاری، زانایی، جوانی دەلالی، شۆخی، شۆخ و شەنگی

**ظرف شوئي:** قاپشۆری، دەفرشۆری، قاپ شۆرین، شوێنی قاپ شۆرین

**ظرف:** دەفر، قاپ، هەر شتێك کەشتێکیتری تیا جێ بکەنەوە، دەفر

**ظرفیت:** توانایی، جێگە، پانتایی، شوێن، بەربلاوی

**ظریف:** زیرەك، زرنگ، وشیار، شیرین قسە، قسە خۆش، جوان، دەلال، شۆخ، بەدڵ، دلگیر، چەلەنگ

**ظریفە:** بڕوانە **ظریف**

**ظعن:** ڕۆشتن، کۆچ کردن، کۆچین، بار کردن

**ظفر:** سەرکەوتن، چیرەبوون، زاڵبون، دەسەلآت پەیا کردن، بەموراد گەشتن

**ظفر:** نینۆك، هەینوك، ناخوێن، ناخوون

**ظفرمند:** سەرکەوتوو، زاڵ، دەسەلآت پەیا کردوو

**ظفیر:** سەرکەوتوو، زاڵ، پیاوێك کەئیرادەی هەر شتێك بکات بەسەریدا زاڵ ببێت

**ظکاء:** تینو بوون، تینوەتی، تینویەتی، دەم شوك بوون

**ظل:** سێبەر، نسێ، پەنا

**ظلام:** تاریکی، ڕەشایی شەو، سەرەتای شەو

**ظلام:** زوڵم، ستەم، ناحەقی

**ظلام:** ستەمکار، زاڵم

**ظلف:** سم، سمی قەڵشاو وەك سمی ئەسپ و مەڕ و ئاسك

**ظلف:** نیاز، پێویستی، پێداویستی

**ظلم پیشە:** زاڵم، ستەمکار، زۆردار

**ظلم:** ستەم کردن، زوڵم، ستەم، ناحەقی، خورتی، زۆرداری، کەلەزەری

**ظلماء:** تاریکی، زۆر تاریك

**ظلمات:** تاریکی، ڕەشایی، ڕەشاتی

**ظلماني:** تاریك، لێڵ، زۆر تاریك، ئەنگوستەچاو

**ظلمت سرا:** دنیا، جیهان

**ظلمت:** تاریکی، ڕەشایی، لێڵی

**ظلمتکدە:** دنیا، دونیا، جیهان

**ظلمە:** ستەمکاران، زۆرداران

**ظلوم:** ستەمكار، زۆردار، ئەوەی زۆر ستەم دەكات

**ظله:** سایەوان، سەیوان، ئەوەی سێبەر بخات

**ظلیف:** ١ - خراپ حاڵ، پەرێشان، زەلیل، داماو ٢- دژوار، سەختی، كار یا بابەتێكی دژوار و گران

**ظلیل:** سایەدار، سێبەردار، ئەوەی بەردەوام سێبەری هەبێت

**ظلیم:** ستەم لێكراو، زوڵم لێكراو، ستەم دیتوو

**ظلیمه:** ١ - ئەوەی بە زۆر لەكەسێك وەربگیرێت ٢- دادخوایی، دادخوازی

**ظن:** گومان بردن، گومان، دودڵی، دوردونگی، وازانین، سۆ، لاوا بوون، شك

**ظنان:** بەدگومان، دودڵ، رەشبین، ئەوەی لەهەمو شتێك گومان دەكات

**ظنون:** بەدگومان، ڕەشبین، پیاوی لاواز كە نەكرێت باوەڕی پێبكرێت

**ظنه:** تۆمەت، بوختان، قسەی ناڕاست

**ظنین:** ١ - تاوانبار، تۆمەت لێدراو، تاواندار، ئەوەی تۆمەتی خرابێتە پاڵ ٢- خراپەخواز، بەدخواز كە گومانیان لێی هەبێت

**ظهار**هاوپشتی، هاریكاری، هاوكاری، دەستگیرۆیی، یارمەتی دانی یەكتر

**ظهر:** پشت، دوا، بەرامبەری روو

**ظهر:** نیمەڕۆ، نیوەڕۆ، ناوەڕاستی رۆژ، نیوە رۆژە، نیڤرۆ، ئافرۆژ

**ظهور:** دەركەوتن، ئاشكرابون، هاتنەدی، روون بونەوە

**ظهیر:** یار، هاوڕێ، هاوكار، پشت، هاریكار، یارمەتیدەر

**ظهیره:** بڕوانە **ظهیر**

**ظهیره:** نیمەرۆژە، كاتی نیوەڕۆ، ناوەڕاستی رۆژ

**ظیان:** هەنگوین، هەنوین

# ع

**ع:** ع، پیتی بیست و یەکەم لە ئاڵفابێتی فارسی کە بەعەین دەخوێندرێتەوە

**عائب:** عەیب کەر، عەیبدار، ئەوەی عەیب و کەم و کوڕی هەبێت

**عائث:** شێر، شێری دڕندە

**عائد:** ١- سەردانکەر، ئەوەی سەردانی نەخۆش دەکات ٢- گەڕاوە، فەگەڕیاو، ئەوەی بۆ کەسێك بگەڕێتەوە لە پارە و سامان و هەرچی، گەڕاوە

**عائده:** ١- سەردانکەر، ئەوەی سەردانی شوێنێك یان نەخۆش دەکات ٢- باشی، چاکە، بەخشین، بەخشش، بەرژەوەندی، قازانج

**عائذ:** پەناهێنەر، هۆمەن بەر، ئەوەی ڕوودەکاتە کەسێك بۆ هاوکاری و دەست گیرۆیی

**عائق:** ڕێگر، لەمپەر، بەربەست، بەرگر، ئەوەی لەسەر ڕێگای کەسێك یان شتێك سەوز دەبێت

**عائقه:** بڕوانە عائق

**عائل:** دەورێش، هەژار، دەست کورت، نیازمەند

**عائله:** بنەماڵە، ژن و منداڵ، خێزان، پەرگاڵ، بندار

**عابث:** گەمەکەر، یاریکەر، ئەوەی کاری بێهۆ و فیرۆ دەکات

**عابد:** خۆپارێز، خواپەرەست، لەخواترس، پارێزکار، ئەوەی دەپەرستێت و دەپارێتەوە

**عابدانه:** خواپەرەستانە، خۆپارێزانە، پارێزکارانە، لەخوا ترسانە، هاوشێوەی خواپەرستەکان

**عابده:** خواپەرسەت، لەخواترس، ژنی خۆپارێز و خواپەرەست

**عابر:** تێپەڕ، ڕێڕەو، ڕێگا، ڕێبوار، ڕێبار، ڕابوار

**عابره:** بڕوانە عابر

**عابس:** مۆن، گرژ، ڕووترش، ناوچاوتاڵ، گرژ و مۆن

**عاتك:** ١- کەریم، جوامێر، پیاوچاك، خێرخواز ٢- پاك، بێ گەرد، پاك و بێگەرد لەهەر شتێك ٣- شەراب

**عاج:** عاج، ددانی فیل، کەڵبەی فیل

**عاجز:** ناتەوان، سست، تیاماو، پەك کەوتە، دۆش داماو، هیلاك، بێزار

**عاجزامدن:** هیلاك بوون، بێزار بوون، تیامان، پەك کەوتن، ماندو بوون، ناتوانی

**عاجزانه:** ناتەوانانە، بێ هێزانە، ماندوانە، بێزارانە

**عاجز شدن:** ماندوو بوون، بێ هێز بون، ناتەوان بوون، تیامان

**عاجز کردن:** ناتەوان کردن، سست کردن، لاواز کردن، بێ هێز کردن

**عاجزوار:** ناتەوان ئاسا، بێزار ئاسا، ماندو ئاسا

**عاجل:** ١- پەلەکەر، بلەز، ٢- مۆڵەت، خێرا، پەلەپەل، پەلە

**عاد:** عاد، نەتەوەی عاد، هۆزێك لە عەرەب لەنەتەوەی عاد و لە بنەماڵەی نوح

**عادت:** عادەت، هۆ، هۆگری، خو، خەدە، ڕەوشت، پیشە، شێوە، سرشت، سروشت، کارێك کە مرۆڤ خووی پێبگرێت و لەکاتی دیاریکراودا ئەنجامی بدات

**عادت پذیر:** خوو وەرگر، هۆگری، هۆگربون، عادەت گر، عادەت وەرگر

**عادت دادن:** عادەت دان، هۆگر کردن، خوو پێوە گرتن

**عادت داشتن:** خو گرتن، عادەت بوون، هۆگر بون، خو پێوە گرتن

**عادت شدن :** ١- عادەت بوون، خوو، باو بون، بونە شێوە ٢- نەخۆش کەوتنی ژن، حەیز، نەخۆشی مانگانەی ژن کە عادەتیەتی

**عادت کردن :** خوو گرتن، عادەت کردن، هۆگر بون، خوو پێوە گرتن

**عادت گرفتن :** بڕوانە عادت کردن

**عادل :** دادوەر، دادیار، دادگەر، داوەر، بەویژدان، عادڵ

**عادلانــــه :** دادوەرانــــە، دادیارانــــە، بەویژدانانــــە، دادپەروەرانە

**عادی :** دوژمن، دژمن، نەیار، دشمن، دژ، ستەمکار، زاڵم، زۆردار، دەست درێژ

**عادی :** ئاسایی، کارێك کەخووی پێوە گیرابێت، عـادی، عادەتی، ئەوەی خوویان پێوە گرتبێت

**عادیه :** ١- مەودا، ماوە، دوری، پیشەیەك کە کەسێك لە کارێك بگێڕێتەوە٢- تونـدی، تـووڕەیی، تونـد و تیـژی، ڕق

**عــاذر :** تکاکـار، لێبوردەخـواز، ئـەوەی داوای لێبـوردن و لێخۆشبون دەکات

**عاذر :** ١- نیشان، شوێنەوار، شوێنی بـڕین لـە جەسـتەی مرۆڤ ٢- پیسایی، گوو، گە، پیسایی مرۆڤ

**عاذل :** سەرکۆنەکەر، لۆمەکەر، تانە لێدەر، سەرزەنـشت کەر

**عاذله :** بڕوانە عاذل

**عار :** عەیب، ئیراد، شوورەیی، شەرم، حەیا

**عاربه :** عاربە، عەرەبی ڕەسەن

**عــارض :** دەرکـەوتوو، دەرخـراو، پێـشاندەر، نیـشاندەر، ئـەوەی بێتــە پــێش، پێـشهات، ئـەوەی ڕووبــدات و سەقامگیر و هەمیشەیی نەبێت

**عارض شدن :** ١- ڕوودان، هاتنـە پـێش، ٢- سـکاڵا کـردن، شکایەت کردن، دادخوازی

**عارضه :** پێشهات، ڕووداو، ئەوەی بۆ مرۆڤ پێش بێت

**عارضین :** دوو ڕووی ڕوخسار، ئەم لاولای ڕوخسار

**عــــارف :** خوانـاس، خوانیـاس، ناسـێنەری خـوا، خـوا پەرەست، دانـا، زانـا، خـۆڕاگر، بەسـەبر، عـارف، شارەزا، ئاشنا، سۆفی

**عارفانه :** خواناسانە، خواپەرستانە، هاوشێوەی زاناکان، شارەزایانە، سۆفی

**عــاری :** ڕووت، قـووت، ڕوت و قـوت، بـێ جـل و بـەرگ، زەلووت، کووت

**عاریه :** بڕوانە عاری

**عــــازف :** ١- چـەنەر، چـەنیار، سـاز ژەن ٢- گـۆرانی، سروود، ئاواز

**عــــازم :** نیەتکـەر، مەبەسـت کـەر، ئـەوەی مەبەسـت و ئیرادەی کارێك دەکات، هەرکەسێك کە ئاهەنگی کارێك دەکات

**عاس :** شەوگەڕ، پاسەوان، حەس حەس، پاسەوانی شەو

**عاسم :** زۆردار، ئازاردەر، ئەو پیـاوەی ڕەنـج و سـەختی بەسەر ماڵ و منالەکەیدا دەسەپێنێت

**عاشر :** ١- دە یەك وەرگـر، ئـەوەی لـەدە بـەش بەشـێك وەردەگرێت ٢- دەیەم، دەیەمین، دەهەمین

**عاشره :** بڕوانە عاشر

**عاشق :** عاشق، دڵدادە، ئەویـندار، ئەڤینـدار، ئەوکەسـەی یەکێتر تا ڕادەی پەرەستین خۆش دەوێت، شەیدا

**عاشقانه :** عاشقانە، ئەویندارانە، هاوشێوەی عاشقەکان

**عاشق باره :** عاشق دۆست، عاشق خۆشەویست

**عاشق پیشه :** بڕوانە عاشق

**عاشق کش :** عاشـق کـوژ، ئـەوین کـوژ، ئـەو دەزگیرانـەی ناحەقی و ستەم لە عاشقەکەی بکات

**عاشق وش :** عاشق ئاسا، هاوشێوەی عاشقەکان، عاشـقانە، دڵدارانە، ئەویندارانە، دڵبەرانە

**عاشقه :** بڕوانە عاشق

**عاشورا :** عاشوورا، ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەرەم، ئەو ڕۆژەی حسین بن عەلی لە کەربەلا کوژرا

**عاصر :** گوشـەر، زەخـت لێکـەر، کەسـێك کـە میـوە یـان ترێ دەگوشێت بۆ ئەوەی ئاوەکەی بگرێت

**عاصره :** بڕوانە عاصر

**عاصف:** ١- چەماوە، لار، خوار، نارێك ٢- توند و تیژ، بایی توند و سەخت

**عاصم:** پارێزەر، ڕاگر، ڕێگەگر، بەرگر لە گوناح و تاوان

**عاصمه:** شار، پایتەخت، ناوەند، بنکەی دەسەلات

**عاصی:** یاخی، سەرکێش، نافەرمان، ملهوڕ، گوناحکار، تاوانبار

**عاصیه:** بڕوانە عاصی

**عاضد:** هاریکار، هاوکار، یارمەتیدەر، پشتیوان

**عاطر:** بۆنخۆش، بێن خۆش، ئەوەی بۆنی خۆشی خۆش دەوێت

**عاطف:** چاکەکار، خێرخواز، میهرەبان، چاکەخواز

**عاطفه:** خۆشەویستی، دڵسۆزی، بەزەیی، چاکە، بەزەیی، سۆز

**عاطل:** بێکار، بێ شت، بێهۆ، فیڕۆ، ولوول، پاڵوتە، گردەنشین

**عافی:** بەخشەر، لێخۆشبو، لێبوور، لێ بوور لەگوناح وتاوان

**عافیت:** تەندروستی، سلامەتی، لەش ساغی

**عاق:** سەرەخۆرە، ئازاردەری دایك و باوك، ڕەنج بەخەسار، هاروهاج

**عاقب:** جێگر، جێگرەوە، قایم مقام، ئەوەی ببێتە جێگری یەکێکیتر

**عاقبت:** ئەنجام، سەرئەنجام، دوماهی، کۆتایی، دواهات، کۆتایی هەرشتێك

**عاقبة الامر:** سەرئەنجامی کار، کۆتایی کار، ئەنجامی کار

**عاقبت اندیش:** دووربین، دورئەندێش، ئەوەی بیر لەدواهات و ئەنجامی کارەکان دەکاتەوە

**عاقبت بخیر:** ئەنجام خێر، ئەوەی سەرئەنجامی کار یا ژیانی خێر و خۆشی بێت

**عاقبت نگر:** دور ئەندێش، دوربین، ئەوەی بیرلە ئەنجام و دوماهی کارەکانی خۆی دەکاتەوە

**عاقد:** گرێ لێدەر، مارەبڕ، مارەکەر، بەهێزکەری پەیمان، ئەوەی دوکەس لەیەك مارە دەکات

**عاقر:** نازا، نەزۆك، ئەو ژنەی کە منالی نەبێت

**عاقل:** عاقڵ، دانا، زانا، وشیار، ئاگا، زیرەك، بیرمەند، هزرمەند، زرنگ، ژیر، ژیرلوو، ماموێتك، هیردار

**عاقلانه:** عاقڵانە، بیرمەندانە، هاوشێوەی عاقڵەکان، زانایانە، زیرەکانە، ژیرانە

**عاقل فریب:** عاقڵ فریو، ئەوەی عاقڵ و بیرمەند فریو دەدات

**عاقله:** عاقڵ، بیرمەند، ژنی عاقڵ و وشیار

**عاکف:** خۆپارێز، گۆشەگیر، سووچ نشین، ئەوەی خۆی لەگوناح و تاوان دوور دەخاتەوە

**عالم:** زانا، دانا، زانەر، فرەزان، بیرمەند، تێگەیشتوو، بەئەزمون

**عالم:** دنیا، جیهان، دونیا، ڕۆژگار، زەمانە

**عالم آخرت:** ئەو دنیا، ڕۆژی پەسلان، ڕۆژی کۆتایی

**عالم بالا:** ئاسمان، عاسمان، دنیایی سەرەوە

**عالمتاب:** خۆر، تایبەتمەندی هەتاو

**عالم جان:** دنیایی ڕۆح، دنیا، جیهان

**عالم گشا:** جیهاندار، ئەوەی وڵاتان دەگرێت

**عالم گیر:** جیهان گیر، ئەوەی هەمو جیهان بگرێتەوە

**عالی:** بەرز، لەپێش، زۆرباش، گەورە، بڵند، پایەبەرز، ڕێزدار، بەڕێز

**عالی آوازه:** خۆشخوێن، دەنگ خۆش، ناودار، ناسراو، سەرنیاس

**عالی تبار:** پایەبەرز، خاوەن بنەماڵە، ئەوەی لەبنەماڵەیەکی ناودار و پایەبەرز بێت

**عالیجاه:** پایەبەرز، ڕێزدار، خاوەن پلە و پایە

**عالی جناب:** بەڕێز، ڕێزدار، وشەیەك بۆ ڕێز دانان لە کەسێك بەکاری دەبەن

**عالی رتبه:** پلە بەرز، خاوەن پلە و پایە، پایەبەرز

**عالی شان:** بڕوانە عالی رتبە

**عالی قدر:** بەڕێز، ڕێزدار، خاوەن شکۆ

**عالی مرتبه:** بڕوانە عالی رتبە

**عالی مقام:** بڕوانە عالی رتبە

**عالی مقدار:** بەڕێز، ڕێزدار، پایەبەرز، خاوەن شکۆ

**عالی منزلت:** بڕوانە عالی رتبە

**عالیە:** بڵند، بەرز، ڕێزدار، گەورە، مەزن

**عالی همت:** جوامێر، دڵ فراوان، بەخشەر

**عام:** گشتی، هەمو، هەموان، تێکڕا، سەرپاك

**عام:** ساڵ

**عام الفیل:** ساڵی فیل، ساڵی ٥٧٠ زایینی کە ئەبرەهە سەرداری حەبەشی هاوڕێ لەگەڵ ٥٠ هەزار سوپای حەبەشی بەمەبەستی وێران کردنی کەعبە ڕوی لە مەککە کرد و کاتێك گەشتنە مەککە باڵندە بچوکەکان بەناوی ئەبابیل بەوردە بەرد ئەوانیان لەناو برد

**عام المنفعە:** بەرژەوەنـدی گشتی، ئـەوەی سـوود و بەرژەوەندی هەموانی تیا بێت

**عامد:** نیەت کەرن بەئەنقەست، لە ڕووی زیانیەوە، مەبەست کەر، دەسەنقەست

**عامر:** ئاڤەدانکەر، ئاوەدانکەر، نیشتەجێ لەناو ماڵ. بەمانای ئاوەدان و ئاڤایش دێت

**عامرە:** بڕوانە عامر

**عامل:** کارکەر، کرێکار، ئەوەی بەدەست کار دەکات

**عاملە:** بڕوانە عامل

**عامە:** هەمو، هەموان، گشتی، تێکڕای خەڵك، سەرپاك

**عامە پسند:** خـەڵك پەسـەند، ئـەوەی لای هـەموان پەسەند بێت

**عامی:** کوێر، نابینا، ئەوەی ڕێگای خۆی نەزانێت

**عامیان:** عەشایەر، نەزان، خەڵکی نەخوێندەوار

**عامیانە:** نەخوێندەوارانە، وەك خـەڵکی نەخوێنـدەوار و نەزان

**عاند:** شەڕکەر، شەڕخواز، لاڕێ، ئەوەی لە ڕێگای ڕاست دەربچێت

**عانە:** ١- مێچکە کەر، ماکەر، کەری مێ ٢- بەرەتووك، شوێنی ڕوانی موو لەخوار ناوکی ژن و پیاو، تووکەبەر

**عانی:** دیل، بەندی، یەخسیر، ئەسیر، گیراو

**عانیە:** بڕوانە عانی

**عاهت:** بەلا، زیان، زەرەر، ئەوەی ببێتە هۆی فەوتان و لەناوچونی شتێك

**عاهر:** زیناکەر، ئەوەی گانی ناڕەوا دەکات، داوێن پیس، گوناحکار

**عاهل:** ١- پاشای گەورە، خەلیفەی گەورە ٢- بێوە ژن، ئەو ژنەی کە مێردی نیە

**عایب:** بڕوانە عائب

**عایث:** بڕوانە عائث

**عاید:** بڕوانە عائد

**عایدە:** بڕوانە عائدە

**عایذ:** بڕوانە عائذ

**عباء عابا:** جلێکی گەورەی شۆڕە لەسەر جلی تـرەوە لەبەری دەکەن

**عباب:** خواردنەوە، خواردنەوەی ئاو

**عبادت:** پاڕانـەوە، پەرستین، دۆعا کـردن، بەنـدەیی، یەز، بەندایەتی، بچووکی، پەرستنی خوا

**عبادتخانە:** پەرسگا، پەرستگا، پەرستگە، شـوێنی پەرستن و پاڕانەوە لەخوا

**عبادتکار:** خۆپارێز، لـە خـواترس، پارێزکار، ئـەوەی خـۆی لـە گونـاح بـەدوور دەگرێـت و بەندایـەتی خـوا دەکات

**عبادتگاە:** بڕوانە عبادتخانە

**عبادت نما:** ڕیاکار، دووڕوو، ئەوەی لەبەرچاوی خـەڵك خـۆی بەکەسـێکی خواپەرسـت لـە قەڵـەم دەدات و لەناخەوە درۆ دەکات

**عبادید:** ١- دەستە، کۆمەڵ، کۆمەڵی خـەڵك ٢- ڕێگا، ڕێگا دوورەکان

**عبار:** لێکدەرەوە، شیکەرەوە، لێکدەرەوەی خەو

**عبارت:** ١- شی کردنەوە، لێکدانەوە، لێکدانـەوەی خـەو یان وتە ٢- چۆنیەتی وتن، واتا، بریتی، وتە، کۆش

**عباس:** ڕووگرژ، مۆن، ناوچاوتاڵ، ڕووترش، گرژ و مۆن

**عبث:** ١- بێهوٚ، فیڕۆ، بێ ئەنجام، بێ کـەڵك، کارێك کەهیچ بەهرە و ئەنجامێکی نەبێت، گەمە کـردن، یاری کردن

**عبد:** بەندە، بەردە، کۆیلە، غولام، غوڵام، بەندەی خوا، پیاوی خوا

**عبدالبطن:** سك پەرست، زۆرخۆر، زك پەرست

**عبدالجنه:** مۆتەکە، شەوە، خەوی پەرێشان

**عبدالله:** بەندەی خوا، پیاوی خوا

**عبدل:** بەندە، بەردە، کۆیلە، ملك

**عبدون:** بەندەکان، کۆیلەکان

**عبرانی:** عیبرانی، یەهوودی، جوولەکە، زمانی جوولەکە

**عبرانیه:** عیبرانیە، زمان و نوسینی جوولەکە و یەهودیەکان

**عبرت:** ١- سەیر، سەمەرە، سەرسورهێنەر، واق ورکەر ٢- پەند، وانە، وانە یان پەندێك کە لە ڕوانین لە ژیانی کەسانیتر بەدەست بێت، سەرکردنەوە، کلکەنما، چاوبرکێ

**عبرت گرفتن:** پەن گرتن، وانە وەرگرتن، فێر بون، ئەزمون وەرگرتن

**عبرت نما:** کلکە نما، ئەوەی ببێتە هۆی سەرسوڕمان و وانە بۆ کەسانیتر

**عبره:** فرمێسك، خوناڤ، شەونمی چاو، ئەشك، ئەسر، خەمی بێ گریان، قەتیس مانی فرمێسك

**عبره:** تێپەڕین، ڕۆشتن، ڕەت بوون، تێپەڕین لەشوێنێك

**عبره:** باج، خەراج، سەرانە

**عبری:** عیبرانی، جوولەکە، یەهوودی، موسایی

**عبس:** مۆن کردن، ڕوو گرژ کردن، ناوچاو تاڵ کردن، ڕوگرژی، ڕووترشی

**عبقر:** عەبقەر، شوێنێك کە عەرەبەکان گومانیان دەکرد جن و پەری زۆری هەیە. و ناوی شوێنێك کە هەر شتێکی باشیان بۆ ئەوێ دەگەڕاندەوە

**عبقره:** درەوشانەوە، درەخشانەوە، درەوشین، درەوشانەوەی شتێك وەك تراوێلکە

**عبقری:** ١- سەرومر، سەرۆك، گەورەی هۆز و نەتەوە ٢- چاك، باش، گرانبایی، کەم وێنە، بێ هاوتا، هەر شتێکی باش و کەم وێنە ٣- سەرسورهێنەر، واق ورکەر، هەر کەسێك کە جوانیەکەی یا هێز و یا گەورەیەکەی ببێتە هۆی سەرسوڕمان

**عبقریه:** بڕوانە عبقری

**عبودت:** بەندەیی کردن، بەندایەتی کردن، بەندایەتی، کۆیلایەتی، پەرستینی خوا، خواپەرستن

**عبودیت:** پەرستینی خوا، خوا پەرستن، بەندایەتی، کۆیلایەتی، پەرستن

**عبور:** تێپەڕین، ڕۆشتن، لێ ڕەد بوون، ڕێگە برشین، ڕێ پێوان، لە شوێنێکەوە تێپەڕین، بووردن

**عبوس:** مۆن کردن، مۆنی، ڕووگرژی، ناوچاو تاڵی، گرژی، تووڕەیی

**عبوس:** تووڕە، مۆن، ناوچاوتاڵ، ڕوو گرژ، ڕووترش، تووش

**عبهر:** قەڵەو، گۆشتن، پڕ گۆشت، چوارشانە، ناوشان پان

**عبید:** بەندەکان، پیاوانی خوا، کۆیلەکان

**عبیر:** عەبیر، دەرمانی بۆنخۆش

**عبیرآگین:** بۆنخۆش، بێنخۆش، تێکەڵ بەبۆنی خۆش

**عبیر آمیز:** بڕوانە عبیرآگین

**عتاب:** تووڕە بون، سەرکۆنە کردن، تانە لێدان، لۆمە کردن، سەرزەنشت کردن

**عتاد:** ئامادە کردن، تەیار کردن، کۆکردنەوە، ئامادەیی، تەیاری

**عتاق:** ئازاد بونی بەندە، ڕزگار بوون

**عتاق:** شەراب، شەرابی کۆنەساڵ

**عتاهیه:** کەم عەقڵ، بێ ئاوز، نەزان، کاس، گێژ، وڕ، بێ مێشك

**عتبه:** ئاستانە، بەردەرگە، دەرماڵ، دەریزان

**عترت:** ماڵ و مناڵ، بنەماڵە، خێزان، تایەفە، عەشیرەی پیاو

**عتق:** ١- ئازاد بون، ڕزگاربونی بەندەی بەزێڕ کڕاو ٢- کۆن بوون، بەڕێز بون، ڕێزدار بون، مەزن بوون، گەورە بوون

**عتل:** زۆرخۆر، ورگن، سك پەرست، تێرنەخۆر، توند وتیژ، ئازاردەر، زیان گەیەنەر، ستەمکار، زاڵم

**عتم:** زەیتوون، داری زەیتوون

**عتو:** بەخۆنازین، لەناست دەرچون، سنوور بەزانـدن، لەخۆبایی بـوون، خۆبە زل زانـین، سـتەم کـردن، زوڵـم کردن

**عته:** ١- کەم عەقڵ بون، کەم ئاوزی، بـێ مێشکی، گێـژ بون، وڕ بوون، کاس بون ٢- تەماحکاری، تەماحکاربون، ڕژدی، چاوچنۆکی

**عتيـد:** ١- ئامـادە، تـەیار، حـازر ٢- ئەسـتوور، قەبارەگەورە، بەقەبارە

**عتيـق:** ١- کۆنـە، ئەنتیکـە، چـوپڵەك، بـایی دار، کـۆن، عەنتیکـە، مێژینـە، دێـرین، لەپێـشینە ٢- بـزاردە، بـژارتی، هەڵبـژێردراو لەهـەر شـتێك ٣- ئـازاد کـردن، ڕزگار کردنی بەندەی بە زێڕ کراو

**عتيقـه:** کۆنـە، دێـرین، لەپێشینە، تایبـەت بـە کـۆن وپێش، شتی گرانبایی، عەنتیقە، ئەنتیکە

**عثار:** هەڵخزان، هەڵخلیسکان، بەسـەرا کـەوتن، خـزان و کەوتن، خزان، هەڵخلیسکان، ڕەتەڵ بردن

**عثر:** بڕوانە عثار

**عثرت:** هەڵە، تاوان، گوناح، سووچ، شەڕ

**عثمان:** ١- مار، توولە مار. و ناوێکە بۆ پیاوان

**عثمـاني:** عوسمـانی، بنەماڵەیـەك لەتوورکـەکان کـە لەساڵی ٦٩٩ تا ١٣٤٢ کۆچی لـە وڵاتـە عوسمانیـەکان پاشایەتیەکان کرد. و ناوی کۆنی وڵاتی تورکیا

**عثـور:** ١- ئاگـادار بـون، پێـزانین، زانـین بـە بابـەتێك یارازێـك، خەبـەرداربون ٢- بەدەسـت هێنـان، بەدەسـت هاوردن، دەست کەوتن

**عثور:** هەڵەکەر، تاوانکار، سووچکار، ئـەوەی زۆر هەڵـە دەکات

**عجائب:** سەمەرەکان، سـەیرەکان، سەرسـور هێنـەرەکان، شتە سەیر و سەمەرکان

**عجائز:** پیرێژن، پیرێژنەکان، ژنە بەتەمەنەکان

**عجاب:** سەرسورهێنەر، واق وڕکەر، ئەوەی زیاد لـە ڕادە ببێتە هۆی سەرسوڕمان

**عجاج:** تۆز، تەپ و تۆز، دوکەڵ

**عجـاج:** ئەحـمـەق، نـەزان، گێـژ، کـەم عـەقڵ، بـێ ئـاوز، پەست، ڕیسوا

**عجاج:** بە دەنگە دەنگ، گرمەگەورە، هاوار، قیژە، قیڕە

**عجاله:** پەلەپەل، کاری پەلـە، کارێـك کـە بـە پەلەپـەل بکرێت

**عجان:** ١- سمت، قن، قوون، لە کەمـەر بـەرەو خـوار لـە پشتەوە ٢- گەردن، مل، ژێر چەنە، ژێر چەناکە

**عجـــب:** خــۆبینی، خۆبــەزل زانــین، خۆپەســـەندی، لەخۆڕازی بون

**عجـب:** سـەیر، سـەمەرە، سـەیر بـون، سەرسـوڕماو، واق وڕماو، سەرسوڕماو لە شتێك

**عجز:** ناتەوانی، سستی، بێهێزی، تیا مان، ناتەوان بوون، سست بون، بێزاری، ماندوو بون، هیلاکی

**عجز:** درێژە، درێژەی شتێك

**عجل:** گوێرەکە، گۆلك، بێچوە مانگا

**عجل:** پەلەپەل، پەلە، خێرا، بلەز

**عجـلان:** تیـژڕەو، تونـد ڕەو، خێـرا، بلـەز، خێـرا لـە ڕۆشتندا

**عجلـه:** ١- پەلـەکردن، پەلەپـەل، خێـرا کـردن، بلـەزی، هەڵپە، هەڵپەداوان، خێرایی، پەلەیی، بلەزی

**عجله:** ١- گوێرەکە، گۆلك، بێچوە مانگا ٢- مەشکە ڕۆن ٣- توێشوودان

**عجم:** عەجەم، ناعەرەب، ئەوەی عەرەب نەبێت

**عجم:** لاڵەپەتە، ئەوەی زمانی دەگیرێت، منگن

**عجماء** ١- ژنی لاڵەپەتە، ئەو ژنەی زمـانی دەگیرێت ٢- بێ زمان، بەسە زمان، چوارپێ، ئاژەڵی بێ زمان

**عجماوات:** چوارپێکان، ئاژەڵە بێ زمانەکان

**عجمت:** زمان گیران، لاڵەپەتەیی

**عجمی:** عەجەمی، ئەوەی عەرەب نەبێت

**عجن:** هەویر کردن، هەویر شێلان، شێلان

**عجـوز:** ١- پـیر بـون، بەساڵاچون، بەتەمـەن بـوون ٢- ناتەوان بون، تیا مان، دەستەوەسان، سـست بـون، بێهێـز بوون

**عجوز:** پیرێژن، ژنی بەساڵاچو، عەجوزە، عەجوز، پیری گەورە

**عجول:** هار، هاروهاج، دەست نەسرەوتوو، ئەوەی بەخێرایی و پەلەپەل کارەکانی ئەنجام دەدات، پەلەکەر، بزۆر، تۆلاز، جرپن، تۆسن، هەڵەشە، حالوور، بەتاڵووکە

**عجول:** گوێرەکە، گۆلك، بێچوە مانگا

**عجولانە:** هاروهاجانە، بلەز و بەز، بەخێرایی، هەڵپە هەڵپ، جرپنانە، هەڵەشانە، وەك جرپنەکان

**عجیب:** سەیر، سەیر و سەمەر، سەرسوڕهێنەر، واق وڕکەر، ئەوەی ببێتە هۆی سەرسوڕمان

**عجیبە:** سەرسوڕهێنەر، سەیر، سەیر و سەمەر، واق وڕکەر، پرپرس

**عجیج:** بانگ، ئاواز، بانگ کردن، دەنگ هەڵبڕین

**عجین:** شێلدراو، تێکەڵ کراو، شێلای، شێلیاو

**عد:** ژماردن، شوماردن، هەژمار کردن

**عدات:** دوژمنەکان، نەیارەکان، ناسازگارەکان، دوژمنەکان

**عداد:** ١- هاوتا، هاوشان، ڕکەبەر، هاوپێ ٢- ژمارە، هەژمارە، شومارە

**عدالت:** داد، دادپەروەری، ویژدان، پرسین، فریاڕەسی، دادوەری

**عدالت پیشە:** دادپەروەر، دادوەر، دادیار، دادگەر، بەویژدان، دادڤان

**عدالتخانە:** دادگا، دادخانە، خانەی داد

**عدالت گستر:** دادپەروەر، دادگەر، دادیار، دادوەر، بەویژدان

**عداوت:** دوژمنی، نەیاری، هەڵنەکردن، نەسازان، ناسازگاری، دژمنایەتی

**عدت:** ١- توانایی، لێهاتوویی، شارەزایی، ئامادەیی ٢- کەل و پەلی ناومان، قاپ و قاچاخ، کەل و پەلی شەڕ، ساز و بەرگی شەڕ، تفاقی شەڕ

**عدد:** ژمارە، هەژمارە، شومارە

**عددی:** ژمارەیی، دانەیی، تایبەت بە ژمارە، ئەوەی بە ژمارە بفرۆشرێت

**عدس:** نیسك، نژی، نوپژی

**عدل:** دادگەری، دادوەری، دادڤانی، دادپەروەری، ویژدان، داد، لێ پرسین

**عدل:** ڕاست، دروست، هاوتا، هاوشێوە، بەرابەر، وەك. و کەسێك کە بۆ شایەتی ببێت

**عدل:** ڕاست، ڕێك، هاوتا، هاوکێش، تا، نیوەبار، لابار، بەستە، هاوشێوە و هاوتای شتێك لەکێشدا

**عدل گستر:** دادڤان، دادپەروەر، دادگەر، بەویژدان

**عدلیە:** دادسەرا، داد خانە، خانەی داد، دادگا، شوێنی دادژ

**عدم:** ون کردن، گوم کردن، لەناوچون، نەمان، نیستی، نەبوون، پێچەوانەی بوون

**عدن:** نیشتەجێ بوون، هەمیشە بوون لە شوێنێك. بۆیە دەڵێن بەهەشتی عەدەن چونکە مرۆڤ هەمیشە لەوێ دەبێت

**عدو:** دوژمن، دژمن، نەیار، نەگونجاو، ناسازگار، ناتەبا، خەنیم، نەتەوی، ناحەز

**عدوان:** دوژمنی کردن، نەیاری، ناسازگاری، نەگونجان، هەڵنەکردن، ستەم کردن، زوڵم کردنی ئاشکرا لە کەسێك

**عدول:** گەڕانەوە، ڤەگەڕیان، گەڕانەوە لە ڕێگا، دووبارە هاتنەوە

**عدومال:** دوژمن شکێن، دژمن شکێن، ئەوەی دوژمن و نەیار تێك دەشکێنێت

**عدوی:** فێرۆیی، بێ هۆیی، بێ کەڵکی، گوێزرانەوەی نەخۆشی لە کەسێکەوە بۆ یەکێکیتر

**عدە:** ژمارە، دەستە، تاقم، کۆمەڵی خەڵکان، گروپ

**عدید:** ١- ژمارە، شمارە، هەژمارە، ژمێردراو، ژمێریاو ٢- بەش، پشك، پار، بەهرە

**عدیدە:** بڕوانە عدید

**عدیل:** وەك، وەکی، هاوشێوە، هاوتا، بەرابەر، یەکسان

**عدیم:** لەناوچوو، نەماو، خاپوور

**عديم النظير:** بێ هاوتا، کەم وێنە، ئەوەی هاوشێوە و هاوتای نەبێت

**عذاب:** شکەنجە، ئازار، ئەشکەنجە، جەزرەوە، جەزرەبە، ڕەنج، دەرد، چەرمەسەری، تاڵاو، دەردەساری، ئۆزۆر

**عذار:** ١- خەتی ڕیش، مووی ڕیش کە تازە سەری دەرهێنابێت ٢- ڕوومەت، زوڵف، کوڵم، گۆنا

**عذب:** پاك، خاوێن، پاقژ، بەتام، خۆش

**عذر:** بیانو، بەڵگە و بورهانێك کە بۆ نەهێشتنی گلەیی کردنی کەسێك دەیهێننەوە، بەهانە، تەگەرە، بیانگە، دەسەك، مهانە

**عذرا:** تازە، دەست لێنەدراو، کچ، کون نەکراو، کچ کە هێشتا کچێنی نەپڕابێت، گەوهەری نەسمدراو یا کون نەکراو

**عذر آوردن:** بیانو هێنانەوە، مهانە ئێنان، بیانو گرتن، بەهانە هێنان، داوای لێبوردن کردن

**عذر خواستن:** بیانو هێنانەوە، بیانگە گرتن، داوای لێبوردن کردن

**عذر داشتن:** بەهانە بوون، بیانو بەدەستەوە بوون، بیانو هێنانەوە

**عذره:** دەستە موو، کاکوڵ، مووی ناوچاو، پەرچەم

**عذره:** کچێنی، کون نەکران، کچێنی کچ کە هێشتا نەپڕابێت

**عذره:** ١- پیسایی، گوو، پیسایی مرۆڤ ٢- دەوروبەری ماڵ، بەردەرگە، دەرماڵ، دەریزان

**عذق:** ١- بەڕێزی، گەورەیی، مەزنی، مەزنایەتی، ڕێزداری ٢- بۆڵ، بۆڵی خورما یا ترێ، هێشوو

**عذوبت:** بەتامی، بەتام بون و خۆش بونی ئاو یان شەراب، چێژداری

**عرابي:** سارا نشین، عەرەبی پێ پەتی، عەرەبی بیابان نشین

**عرار:** نێرگس، نێرگسی سارایی، نێرگسی وەحشی

**عرارت:** ١- توندی، سەختی، توند و تیژی ٢- گەورەیی، سەرومەری، مەزنی، سەرۆکی

**عراضه:** دیاری، خەڵاتی، پێشکەشی، ئەوەی لە سەرفەر دەیهێنن

**عراف:** ئەستێرەناس، غەیب زان، فاڵچی، جادووگەر

**عرافت:** ئەستێرەناسی، فاڵچیەتی، فاڵبینی، جادووگەری، پزیشکی

**فـــروکش:** دامرکـان، دامرکیانـەوە، کوژانـەوە، لـەتاو کەوتن، کوژیانەوە، نیشتنەوە،

**فروکشتن:** کوژاندنەوە، دامرکانـدن، کوژاندنـەوە یـان ئاگر یان چرا

**فروکـــشیدن:** هێنانـە خـوار، دانیـشاندن، جڵـەوی سواری ڕاکێشان و لە شوێنێکدا وەستان

**فروکوفتن:** داچەقاندن، داکوتان، داکوتاندن،، لەزەوی دان، کەسێك لەزەوی دان، بزمار یا شتێك لە زەوی یان شتێتر چەقاندن

**فروگــذار:** بـیٚ ئاگایی، کەمتەرخـەمی، سـستی، کـەم کاری

**فـرو گــذاشـتن:** ١- داکشاندن، هێنانە خوار، نـزم کردنـەوە ٢- سـستی کـردن، کەمتەرخـەمی، لەکارێکدا سستی کردن

**فروگـــرفتن:** دەورەدان، گـەمارۆ دان، دەورە گـرتن، دەوری کەسێك یان شتێك گرتن

**فروماليدن:** گوشين، زەخت لێكردن، لەيەك سوون، لێك پێچان، شێلان

**فرومانـدن:** تيا مان، هيلاك بون، ناتەوان بون، داماوی، سەركزی، بێ هێزی، بێ دەسەڵاتی

**فرومايه:** ناپياو، ناكەس، بەخيل، ڕەزيل، نەزان،، ريسوا، چاوچۆنك، بەرچاوتەنگ، ساتۆڵ، پويچ

**فرومـردن:** كوژانەوە، كوژيانەوە، دامركان، دامركانەوەی ئاگر يا چرا

**فروموليدن:** مۆڵ كردن، درەنگ كردن، دوا كەوتن، پاشەكشە كردن

**فرونت:** ڕوخسار، ناوچاو، تەوێڵ، بەرەی شەڕ، بەشی پێشەوەی سوپا لەشەڕدا لە لايەك تا لاكەيتر

**فروند:** ديوار، قەڵا، قەڵات، گۆڕەپان

**فرونـد:** فەروەند، ناوی شەرە نێوخۆييەكانی فەرەنسا كە لەسەردەمی لوئەی چواردەيەم لەنێوان لايەنگرانی دەربار و لايەنگرانی پارلەمان ڕوويدا

**فرونشاندن:** داكشاندن، دامركاندن، هێنانە خوار، نرم كردن، داگرتن، كوژاندنەوەی ئاگر، تەمراندن، ڤەمراندن

**فـرو نشـستن:** لەخوارەوە دانيشتن، كەوتنەژێر، كوژانەوە، لەتا كەوتن، لە تين كەوتن، دامركان، كەم بونەوەی گەرمی و تينی شتێك

**فرونگريستن:** لەخوارەوە ڕوانين، سەيری ژێرەوە كردن،

**فروهشتن:** دەس لێكێشان، لێ گەڕان، بەرەڵا كردن، وازهێنان، پشت گوێ خستن

**فروهليدن:** بڕوانە فروهشتن

**فروهنـده:** جوان، شۆخ، شەنگ، بەدڵ، پەسەند، دەلال. بەمانای فريشتەيش دێت

**فروهيختن:** بڕوانە فروكشيدن

**فروهيده:** زانا، بيرمەند، دانا، تێگەشتوو، پەسەند، خاوەن ڕێز و شكۆ

**فرويديسم:** فرۆيديسم، بير و باوەڕەكانی زيگمۆند فرۆيد دەروون شيكاری نەمسايی

**فـرويش:** نائاگايی، سستی، كەمتەرخەمی، كەم كاری، درەنگ، سستی كردن لەكارێك

**فره:** ١- فرە، فراوان، مشە، زۆر، زياد ٢- پەسەند، بەدڵ، گونجاو

**فره:** شكۆ، شان، ڕێز، فەڕ، زاخ

**فره:** ناز كردن، لار و لەنجە كردن، لەخۆبايی بون

**فره:** نازكەر، لەنجەكەر، لەخۆبايی

**فرهـاد:** فەرهاد، ناوێكە بۆ پياوان و ناوی بەرد تاشی سەردەمی خوسرەو پەرويز كە ئەويندار ی شيرين بوو

**فرهختن:** پەروەردە كردن، ئەدەب كردن، گەورە كردن

**فرهد:** خنجيلە، منداڵی قەڵەو و جوان

**فرهست:** ١- زۆر، زياد، فرە ٢-سيحر، جادوو

**فرهمنـد:** ١- بەشكۆ، خاوەن شكۆ، ڕێزدار، هێژا، بەڕێز، گەورە ٢- زانا، زانەر، زانيار، تێگەشتوو، دانا، بيرمەند، هۆشمەند

**فرهنج:** بڕوانە فرهنگ

**فرهنجه:** بەئەدەب، بەڕێز، جوان، بەدڵ

**فرهنجيدن:** پەروەردە كردن، گەورە كردن

**فرهنگ:** زانست، ئەدەب، پەروەردە كردن، بەرهەمە ئەدەبی و زانستيەكانی نەتەوەيەك ٢-وشەنامە، فەرهەنگ، قاموس، كتێبێكە كە لەخۆگری وشەكانی زمانێك و باس كردن و شی كردنەوەی ئەوانە ٣- ڕاهێنەر، مامۆستا

**فرهنگـستان:** ١- فەرهەنگستان، خوێندنگە، قوتابخانە، خوێندنگا، شوێنی پەروەردە كردن و ڕاهێنان ٢- فەرهەنگستان، شوێنی كۆڕ و كۆبونەوە زانا و نوسەرە گەورەكان

**فرهنگ نويس:** فەرهەنگ نوس، دانەری فەرهەنگ، ئەوەی فەرهەنگ دەنوسێت

**فرهود:** بەرخ، بەرخۆلە، كاژيلە، كار، كاژۆلە

**فرهومند:** بڕوانە فرهمند

**فرهی:** شان، شكۆ، خاوەن شكۆ، هێژا، فەڕ، ڕێزدار

**فرهيختن:** بڕوانە فرهختن

**فری:** دەسخۆش، ئافەرين

**فری:** سەیر، سەمەرە، سەرسوڕهێنەر، واق وڕکەر

**فریـــاد:** فـەریاد، بـانگ، دەنگـی بـەرز، هـاوار، داد و بێداد

**فریاد بر آوردن:** دەنگ بەرز کردنەوە، بانگ هەڵدان، فەریاد کردن، هاوار کردن، قیژاندن

**فریـــاد خواســـتن:** هاوکاری ویستن، فریـاد خـوازی، هاریکاری ویستن، داوای یارمەتی کردن

**فریاد رسیدن:** بەهانا گەشتن، بە فریـا گەشـتن، فریا کـەوتن، یارمـەتی دان، هاوکـاری کـردن، هاریکـاری کردن

**فریب:** فریو، فێڵ، کەڵەك، تەشەقەڵە، دەهۆ، پلان، تەروەند، گەڕ، گزە

**فریب آمیز:** پڕفریو، تێکەڵ بە فریو

**فریبانـــدن:** فریـودان، فێـڵ لێکـردن، کـڵاو سـەرنان، هەڵخەڵەتاندن

**فریبا:** ١- فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر ٢- هەڵخەڵەتاو، فریودراو، فێڵ لێکراو

**فریب خوردن:** فێڵ لێکران، فریو دران، هەڵخەڵەتان

**فریـــب دادن:** فریـودان، فێـڵ لێکـردن، گـزی لێکـردن، کڵاو سەرنان، هەڵخەڵەتاندن

**فریبرز:** بەژن بەرز، بالا بەرز، بەژن ڕێك. و ناوێکە بۆ پیاوان

**فریب ساز:** فێڵباز، فریودەر، فریوکار، گزیکەر

**فریبش:** فریودان، هەڵخەڵەتاندن، گزی لێکردن

**فریبکـــار:** فریوکـار، فێڵبـاز، کەڵەکـچی، گزیکـەر، هەڵخەڵەتێنەر

**فریب ناك:** هەڵخەڵەتێنەر، فریودەر

**فریبیدن:** بڕوانە فریفتن

**فرید:** تـاك، تاقانـە، تـاق، تـەنیا، تـەك، بـێ وێنـە، بـێ هاوتا

**فریدون:** فەرەیدون، ناوی شەشەم پاشای پێشدادی و ناوێکە بۆ پیاوان

**فریـــدە:** فەریــدە، تاقانــە، بــێ وێنــە، گرانبــایی، گەوهەری گرانبایی و کەم وێنە. ناوێکە بۆ ژنان

**فریس:** کوژراو، ئەوکەسەی کوژرابێت

**فریسە:** بڕوانە فریس

**فریش:** دەسخۆش، دەست نەڕزێ، ئافەرین

**فـــریش:** ١- پـرژ، بـڵاو، پـرژ و بـڵاو، پەرێـشان ٢- هەڵمـەت بـردن، کردنەسـەر، شـاڵاو بـردن، هێـرش کردنەسەر، پەلاماردان

**فـــریش:** ڕاخـەر، فـەرش، جێگـە، پێخـەف، ئـەوەی ڕابخرێت

**فریشتە:** بڕوانە فرشتە

**فریـــضە:** پێویـست، فـەرز، ئـەوەی لەسـەر مـرۆڤ پێویست کرابێت

**فریفتار:** فێڵباز، فریـودەر، فریوکار، هەڵخەڵەتێنـەر، گزیکەر، کڵاوسەرکەر

**فریفتگار:** بڕوانە فریفتار

**فریفتن:** فێڵ لێکردن، فریو دان، گزی لێکردن، کڵاو سـەرنان، گـەڕ کـردن، هەڵخەڵەتانـدن، لـەڕێ بـردن، خەڵەتاندن

**فریق:** دەستە، تاقم، تایەفە، جەماعەتێك لەخەڵك

**فریقین:** دوودەستە، دوگروپ، شیعە و سونی

**فریواندن:** بڕوانە فریباندن

**فریە:** درۆ، بوختان، قسەی ناڕاست

**فریە:** نفرین، نفرەت، لەحنەت، لەعنەت

**فزار:** بڕوانە ابزار

**فزایش:** بڕوانە افزایش

**فزاییدن:** بڕوانە افزودن

**فزع:** ١- ترسـان، زات نـەمان، زراوچـون ٢- تـرس، شین و ڕۆڕۆ، هات و هاوار، زات نەمان

**فزودن:** بڕوانە افزودن

**فزون:** زۆر، زیاد، مشە، گەلەك، فرە، فراوان، ئەوەی زیاد بێت، زیادە

**فژ:** چڵك، پیسی

**فژ:** کاکوڵ، یاڵ، موو، یاڵی ئەسپ

**فژاك:** چڵکن، پیس، پۆخڵ، ناپاك، گلاو

**فژاگن:** چڵکن، پیس وپۆخڵ، گلاو، ناپاك، پیس

**فژغند:** گەنیو، ڕزیو، بۆگەن، بۆن ناخۆش

**فژگن:** بڕوانە فژاگن

**فژولیدن:** بڕوانه افژولیدن

**فژولیدن:** بڕوانه پژولیدن

**فژه:** چڵکن، پیس، گلاو، ناپاك، پیس و پۆخڵ، چڵکاوی

**فساحت:** ئاوەلایی، بەرینی، بەربلاوی، فراوانی، پانتایی

**فساد:** ١- لەناوچون، بەفیڕۆچون، ڕزان، خراپ بون، ٢- ئاژاوە، زوڵم، ستەم، هەراوهوریا، فیتنە

**فسار:** هەوسار، دەسەوسار، جڵەو

**فساط:** خێوەت، چادر

**فسان:** هەسان، بەردەسان، هەساو، بەردێك کەکێرد و شمشێری پێ تیژ دەکەنەوە

**فسانه:** ئەفسانە، چیرۆك، بەسەرهات، حەقایەت، داستان

**فسانیدن:** هەسان کردن، هەساو کردن

**فساییدن:** جادوو کردن، ئەفسون کردن، دەستەمۆ کردن، ڕام کردن

**فستق:** پستە، بستە

**فستیوال:** فستیوال، فسێستیڤاڵ، جەژنی گەورە، بۆنە یان جەژنی گەورە بۆ نیشاندانی بەرهەمە هونەرەیەکان

**فسحت:** بەربلاوی، بەرینی، کراوەیی، ئاوەلایی، شوێنی بەربلاوە، گۆڕەپان

**فسخ:** هەڵوەشاندنەوە، تێکدان، بەتاڵ کردنەوە، تێکدانی مامڵە، هەڵوەشاندنەوەی گرێ بەست یان ڕێکەوتن نامە

**فسرانیدن:** سارد کردن، مەییاندن، کردنە سەهۆڵ

**فسردن:** سەهۆڵ بەستن، مەیین، ژاکان، سیس بون، گرژ بون، کۆبونەوە، سارد بون

**فسطاط:** خێوەت، ڕەشماڵ، چادر

**فسق:** دەرچون، گوێ نەدان، دەرچون لە فەرمانی خوا، خراپەکاری کردن، پێ لێ ڕاکێشان

**فسوس:** ١- داخ، دریغ، خەم، پەژارە، کوڵار، داخ دەربرین ٢- گاڵتە کردن، گاڵتە، قەشمەر، ڕەشقەن

**فسوق:** بڕوانه فسق

**فسون:** سیحر، جادوو، فێڵ، ئەفسون، فریو

**فسونگر:** ئەفسونگەر، فێڵباز، فریودەر، جادووگەر

**فسیح:** بەرین، پان و پۆڕ، بەربلاو

**فسیله:** گایەل، گاگەڵ، ڕان، ڕەوگ، ڕەو، کۆمای ئاژەڵەکان

**فسیله:** نەمام، نەمامی خورما

**فش:** بش، یاڵ، مووی یاڵی شێر، کاکوڵ

**فش:** فشەکەر، خۆبەزل زان، پیاوی نەزان کە شانازی بەخۆی دەکات

**فشار:** زەخت، زۆر، پاڵەپەستۆ، گوشار، فشار

**فشارخون:** فشاری خوێن

**فشاردن:** بڕوانه افشردن

**فشارسنج:** فشارپێو، زەخت پێو، ئامێری پێوانی زەخت و فشار

**فشافش:** فشفش، دەنگی بەردەوامی دەرچونی تیر لەکەوان

**فشاندن:** بڕوانه افشاندن

**فشردن:** بڕوانه افشردن

**فشست:** فشکە، فیسە، فشکەفشك، دەنگی فیشەی مار لەکاتی پەلاماردان

**فش فش:** فش فش، فس فس، فشکە فشك، دەنگی مار لە کاتی خزان و ڕۆشتن

**فشل:** سست بون، لاوازی، فش دادان، ترسەنۆکی، زات نەمان، بێ ورەیی، کەم زاتی

**فشل:** ترسەنۆك، کەم زات، نائازا، سست، کز، بێ ورە

**فشنگ:** فیشەك، گوولە، تیر

**فصاحت:** زمان کراوەیی، زمان پاراویی، بە زمانی، زمان تیژی، جوان ئاخاوتن

**فصاص:** نگین ساز، نگین فرۆش

**فصال:** لەشیر گرتنەوە، لە شیر بڕینەوەی منداڵ

**فصد:** دەمار لێدان، دەمار بڕین، خوێن گرتن لە دەمار

**فصل:** بەش، جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە، جیا کردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی

**فصل:** ١- لەمپەر، بەربەست، ڕێگر، دیوار ٢- بەش، بەشێك لە كتێبێك ٣- وەرز، هەركام لەچوار وەرزەكەی ساڵ، هەرەت

**فصیح:** زمان تیژ، زمان پاراو، ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی و پاراوی قسە بكات، زمان تەڕ، خۆش قسە

**فصیحه:** بڕوانە فصیح

**فضاء:** پانتایی، فەزا، زەوی بەربەڵاو، گۆڕەپان، شوێنی پان و بەرین. لەناو دەستەواژە جوگرافیەكاندا مەبەست لەو شوێنەیە كە گۆی زەوی و هەوای جەو لە بەشێكیدا جێگیرە و لە هیچ لایەكەوە سنوردار نیە، هەوا، ئاسمان، بەرفەكری

**فضائح:** ڕیسوایی، ئەتك، ناتۆر، ئابڕوچون، ناونیتكە

**فضائل:** باشیەكان، چاكیەكان، لەپێشیەكان

**فضاح:** ڕیسوایی، ئابڕوچون، شەرم تكان، ئەتك بون، ناو زڕان

**فضاح:** ڕیسواكەر، ئەتك كەر، ئابڕوبەر

**فضاحت:** ڕیسوایی، ئابڕو چون، ئەتك، ناتۆر، حەیا نەمان

**فضاض:** وردە، وردە و پردە كە لە شكانی شتێك دروست دەبێت

**فضاله:** ماوە، بەرماوە، پاشماوە، پاشماوەی شتێك، پاش ئاخوڕ

**فضانورد:** ئاسمان پێو، ئاسمان گەڕ، فەزا پێو، ئەوەی گەشتی ئاسمان بكات

**فضل:** بەخشین، پێدان، چاكە، خەیرات، لەپێشی، زیادی، باشی

**فضلومند:** بیرمەند، زانا، دانا، زانەر، تێگەشتوو

**فضله:** بەرماوە، پاشماوە، ماوە، ئەوەی لە شتێك مابێتەوە. بەمانایی پیسایی مرۆڤ و ئاژەڵیش دێت

**فضوح:** ڕیسوایی، ئابڕوچون، ئەتك، ناتۆر، ناو زڕان

**فضول:** ١- پاشەكەوت، زیادە، ماوە، زیادەی ماڵ و سامان ٢- ئەوەی بە شێوەیەكی سروشتی لە كونەكانی جەستەدەردەچێت

**فضولي:** خۆ تێ كوتاندن، خۆ تێ هەڵقورتاندن، بێ هۆ خۆ هەڵقورتاندنە ناو كاروباری كەسانیتر، قسەی زیادە كردن

**فضه:** زیو، نوقرە

**فضیح:** ڕیسوا، سووك، بێ ئابڕو

**فضیحت:** ڕسوایی، سوكی، بێ ئابڕویی، حەیاچوون، ئەتك

**فضیلت:** لەپێشی، زانایی، دانایی، پایەبەرزی لە زانین

**فطام:** بڕینەوە، لە شیرگرتنەوە، ئەو كاتەی منداڵ لە شیر دەبڕن

**فطانت:** هەست كردن، پێ زانین، تێگەشتن، زیرەك بون، دانایی، وشیاری، زانایی، دانا بون لە كار یان بابەتێك

**فطر:** شكاندن، ڕۆژوو شكاندن، بەربانگ كردن

**فطر:** كارگ، قارچ، قارچك

**فطرت:** سرشت، خووخدە، عادەت، هەست، سروشت، شێوەی مرۆڤایەتی. بە مانای دین و سونەتیش دێت

**فطن:** زیرەك، وشیار، دانا، زانا، تێگەشتوو، زانەر

**فطنت:** هەست كردن، زیرەك بون، تێگەشتن، وشیاری، زانایی، دانایی

**فطور:** شكاندن، بەربانگ كردن، ڕۆژوو شكاندن. بەمانای خواردنی بەربانگیش دێت

**فظاظت:** زمان پیسی، زمان شڕی، توند و تیژی، توندی، تووڕەیی

**فظاعت:** زێدەڕۆیی، زیادە ڕەویی، لە ئاست دەرچون، سنور بەزاندن

**فظیع:** كاری زۆر خراپ، كاری قێزەون، كارێك كە لە قێزەونی و خراپیدا لە ئاست دەرچوبێت

**فعال:** كارەكان، كردەكان، كردارەكان، كردەوەكان

**فعال:** چاكە، باشە، جوامێری، كاری باشە

**فعال:** چالاك، پڕكار، بەكار، تێكۆشەر، هەوڵدەر، ماندوو نەناس

**فعل:** كار، كردە، كردەوە، كردار

**فعله**: کرێکار، بەکرێ گیراو، کاریگەر، ئەوەی ڕۆژانە بۆ کاری کرێکاری بەکرێ بگیرێت

**فغ**: بت، بوت، بەمانای دڵدار و دڵبەریش دێت

**فغاك**: نەزان، وڕ، گێژ، حۆل، ئەحمەق، بەمانای حەرامزادەیش دێت

**فغان**: هاوار، شین و ڕۆڕۆ، گریان، داد و بێداد، ئاه و ناڵە

**فغستان**: بتخانە، بوتکەدە

**ففغور**: فەغفور، بەمانای کوڕی خوا، نازناوێکە لە کۆندا بە پاشاکانی چینیان دەدا

**ففند**: هەڵبەز و دابەز، سەما، هەڵپەرکێ

**ففواره**: بت ئاسا، وەك بت، بوت ئاسا

**ففیاز**: بەخشین، دان، پێدان، شاگردانە، پارەیەك کە جیاواز لە حەقی وەستاکار بە شاگردی بدەن

**فقاح**: شکۆفە، چڕۆ، شکۆفەی هەر دارێك

**فقار**: بڕبڕە، بڕبڕەی پشت

**فقاره**: بڕوانە فقار

**فقاع**: قێزەون، پیس، ناپاك، گلاو، زۆر پیس، دزێو

**فقاع**: ئابجۆ، ئاوی جۆ، بیرە، شەرابێك کە لە کشمیش یان جۆ یان برنج دروستی بکەن

**فقاعی**: بیرەفرۆش، ئابجۆ فرۆش، شەراب فرۆش

**فقاهت**: زانا بون، دانا بون، شارەزا بون لە زانستی شەریعەت

**فقد**: لەدەست دان، ون کردن، بزر کردن، گوم کردن، فەوتاندن

**فقدان**: ١ – ون کردن، لەدەست دان، بزر کردن، فەوتاندن، گوم کردن ٢ – ون بون، بزر بون

**فقر**: هەژاری، نەداری، دەست کورتی، دەست تەنگی، دەروێشی

**فقراء**: هەژاران، دەست کورتەکان، نەداران، نیازمەندان

**فقره**: مۆرە، بڕبڕەی پشت

**فقط**: جگە، تەنیا، تایبەت

**فقود**: ١ – ون کردن، بزر کردن ٢ – ون بون، گوم بون، بزر بون

**فقه**: تێگەشتن، زانین، حاڵی بون، شارەزا بون لە شتێك، زانایی لە یاسا و ڕێساکانی ئایین

**فقید**: ون بوو، گووم بو، بزر بوو، لەدەست دراو، فەوتاو، لە کیس چوو

**فقیر**: هەژار، نەدار، دەست کورت، نیازمەند، نەبو، بێدەر، کەساس، کزۆك، ڕەبەن، بەلەنگاز، بارچەوت، بڕەش، بەستەزمان، بێکەس، داماو

**فقیره**: بڕوانە فقیر

**فك**: کردنەوە، ئاوەڵا کردن، جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە، لەیەك کردنەوەی دو شت، ڕزگار کردن، ئازاد کردن، بەردان، ڕزگار کردنی دیل

**فك**: چەنە، چەناکە، چەناگە، کەپ، هاروو

**فکاهت**: دەم بە بزە بون، شادمان بون، ڕووخۆش بوون، قسەی پێکەنین کردن و پێکەنین

**فکر**: ئەندێشە، هزر، بیر، هۆش، هوییر، ویر

**فکرت**: بڕوانە فکر

**فکز**: دووکەڵ کێش، دوود کێش

**فکندن**: بڕوانە افکندن

**فکور**: بیرمەند، بەبیر، تێفکر، ئەوەی زۆر بیر دەکاتەوە

**فکار**: ڕەنجاو، ئازاردراوە، هیلاك، ماندوو، بێزار، بێزراو، بریندار

**فل**: لەیلوپەر، لەیلوفەر

**فلات**: تار، تار بەرامبەر بە پۆ

**فلات**: بیابان، سارا، دەشت، چۆڵەوانی، دەشتی بێ ئاو و گیا

**فلاح**: ڕزگاری، دەرباز بون، ئازادی، پیرۆزی

**فلاح**: وەرزێر، جووتیار، فەلا، ئەوەی لەسەر زەوی کشت و کاڵی کار دەکات، جووت بەندە، جووتێر

**فلاحت**: جووتیاری، وەرزێری، کاری جووتیار

**فلاخن**: قەڵماسك، قۆچەقانی

**فلاده**: بێهۆ، بێ ئەنجام، فیڕۆ، قسەی بێ مانا

**فلاسفه**: فەیلەسوف، فەیلەسوفەکان

**فلاسك**: تەرمۆز، قومقومە، تۆنگ، سوراحی، دەفری ئاو هەڵگرتن، فلاسك

**فلاكت:** بەدبەختی، داماوی، كزی، كەساسی، نەداری

**فلان:** فلان، فلان كەس، كەسی نادیار و نامۆ، كابرا، فیسارە، فیسكە، هەرامە، فیسارەكەس

**فلانە:** فلانە، فلانە ژن، بۆ ژنی نادیار و نامۆ بەكار دەبرێت

**فلج:** قوفڵ، كێلون، زنجیری پشت دەرگا

**فلج:** ئیفلیجی، فەلەج، سڕ بون، لە كاركەتووی ئەندامێك لە ئەندامەكانی لەش، شەلی، كووڕ بون

**فلخ:** دەسپێك، سەرەتا، پێشەكی، سەرەتای كارێك

**فلخ:** قەڵشتن، دەرخستن، ئاشكرا كردن

**فلخم:** بڕوانە فلاخن

**فلخود:** دانی پەمو، پەمو دانە، دانی لۆكە

**فلخودن:** هەلاجی كردن، حەلاجی كردن، پەمۆ لەدانە جیا كردنەوە

**فلد مارشال:** سپاسالار، سوپاسالار، فەرماندەی سوپا

**فلذ:** بڕین، جیا كردنەوە، جوێ كردنەوە

**فلذ:** جەرگ، جیگەر، جگەر، جەرگی وشتر

**فلز:** كانزا، شتومەكی كان وەك ئاسن ومس و هتد

**فلس:** فلس، پشیز، پوولی ڕەش،

**فلسفة:** فەلسەفە، ڕۆچون، تێفكرین، بیركردنەوە، حكمەت، ئەندێشە كردن، تێ ڕامان، بیركردنەوە لە زانست و هۆكارەكانی دروست بونی دنیا و مرۆڤ

**فلش:** فلش، سەهم، تیر، ئەوەی هاوشێوەی تیری كەوان بێت

**فلفند:** پەرژین، پەرچین، پڤێژان، دیوار لە چیلكە و چەوێڵ بە دەوری باخ و مەزرا

**فلفل:** بیبەر، بیبار، دانەیەكە ورد و ڕەش ڕەنگ بە تامی توند و تیژ. دەرمان گەرم، ئاڵەت، ئیسوت، ئیسیوەت

**فلق:** قەڵشتن، قەڵشاندن، كەڵشتن، درز تێكردن

**فلق:** قەڵشت، تلیش، كەڵشت، درز، كەڵێن، درز لەناو شتێك

**فلق:** ١– بەرەبەیان، سپێدە، كازیوە، ئەلەند ٢– كەلێن، قەڵشت، درنال

**فلقه:** نیوە، نیمە، نیو، نیوەی شتێك

**فلك:** كەشتی، پاپۆر

**فلك:** ئاسمان، گەردون، عاسمان، چەرخ

**فلك زده:** بەدبەخت، بەخت ڕەش، خاكەسار، هەژار، نەدار، نیازمەند

**فلكه:** فولكە، گۆڕەپان، مەیان، چوارڕیانی شەقام

**فلكی:** ئەستێرە ناس، زانا و شارەزا لە زانستی ئەستێرە ناسی

**فلماخن:** بڕوانە فلاخن

**فله:** فرۆ، سەرشیر، ژەك، شیری یەك ڕۆژی تازە زاو، فری

**فلیو:** بێهۆ، بێكەڵك، بێ كار، فیڕۆ

**فم:** دەم، زار

**فیمینیسم:** فیمینیسم، لایەنگری كردن لە ماف و داواكاریەكانی ژنان

**فن:** فەن، حاڵ، شێوە، جۆر، هونەر، قسن، پیشە

**فنا:** لەناوچون، فەوتان، نەمان، پێچەوانەی مان، فەوتیان

**فنا:** بەرخانە، بەردەرگا

**فناپذیر:** خۆڕانەگر، ناسەقامگیر، ئەوەی شیاوە بۆ لەناوچون

**فناتیسم:** فناتیسم، دەمارگیری، باوەڕ تێكەڵ بە دەمارگیری سەبارەت بە بابەتە مەزهەبیەكان

**فناتیك:** پابەند، دڵدادە، پێ بەند، گرفتار، گیرۆدە، دەمارگیر، ئەوەی كوێرانە لەسەر بابەتێك پێداگری دەكات

**فنار:** مەشخەڵ، فانۆس، چرا

**فنان:** فەنان، هونەرمەند، خاوەن فەن

**فنج:** گون ئاوساو، قۆڕ، ئەوەی فیتقی بێت. بە مانای گەورە و مەزنیش دێت

**فنجا:** تا، تاولەرز

**فنجان:** پیاڵە، قەدەح، دەفری بچوكی قول، ئیستیكان

**فند:** فریو، مەكر، فێڵ، درۆ، دەلەسە

فنـد: ناتەوانی، داماوی، تیامان، کزی، نەداری، هەژاری، ناسوپاسی،
فندق: فنق، فندق، فستق
فندق: کاروانسەرا، میوانخانە، هوتێل
فندق زدن: چەقەنە لێدان، پلە لێدان
فندق شکن: ماچ کردن، ڕاموسان، ماچ دان
فنـدك: فەنەك، فەندەك، چەرخ، ئامێرێکی کانزایی کە ئاگری پێ هەڵدەکەن
فنر: فەنەر، ئیسپرینگ
فـن فـروش: فریوکـار، فریوبـاز، فێڵبـاز، مەکراوی، زۆرزان
فنن: لق، شاخە، شاخەی دار
فنودن: شەیدان بون، لە خۆبایی بون، لەخۆدەرچون
فن وفن: فن و فن، فن فن، دەنگێك کە لەکاتی لوت دالوشین بەرز دەبێتەوە
فنـــومن: دیـاردە، شـوێنەواری هەسـت پێکـراو، دەرکـەوتوو، ڕوداو، ئـەوەی حاڵـەتێکی نـامۆ و نائاسایی بێت
فـوات: لەناوچون، نەمان، بە فیڕۆ چون، تێپەڕین، بەسەرچونی کاتی کارێك
فوارس: سوارکار، ئەسپ سوار
فواق: نزگەرە، نزگەر
فواقع: سەختی، بەڵا، دژواریەکان، نەهامەتیەکان
فواکه: میوە، بەر، میوەکان، بەری دارەکان
فوب: بڕوانە فوت
فـوت(فـوب): فـوو، فـوت، ئەو بایەیی لەدەمەوە بۆ فـوکردن لـە شـتێك یـان کوژاندنـەوەی ئـاگر دەیهێننەدەر
فوت: مردن، نەمان، لەناوچون، فەوتان
فوتبال: فوتباڵ، دوگۆلی، یاری تۆپی پێ
فوتـك: شمشاڵ، بلوێر، پلوور، زەلی کورت بۆ فو کردن
فوتوگراف: وێنەگر، ڕەسم گر، عەکاس
فوتوگرافی: وێنە گرتن، ڕەسم گرتن
فوته: فۆتە، خاولی، پەڕۆی حەمام

فوج: دەستە، تاقم، گروپ، جەماعەت، کۆمەڵ
فوح: کولان، سەرڕێژ کردن، کولان و سەرڕێژ کردنی مەنجەڵ
فود: پۆ، پۆ بەرامبەری تار وەك چۆن دەڵێن تار و پۆ
فور: بۆر، ڕەنگی سووری کەم ڕەنگ
فور: خێرا، بلەز، پەلە، گورج، حاڵەتێك کە درەنگ کردنی تیا نەبێت
فـــوران: کـولان، هـەڵقولان، هـەڵقولیان، کـولان یـان هـەڵقولانی ئـاو لـە سەرچـاوە ٢- فیـچقە کـردن، هەڵخستنەوەی فوارە
فورت: توندی، ئاستی زۆری گەرمی یا تووڕەیی
فوردین: بڕوانە فروردین
فوریه: فەوریە، مانگی دوەم لە ساڵی زایینی
فوز: قەپۆز، لمۆز، پۆزە، دەوروبەری دەم
فوز: سەرکەوتن، چیربون، زاڵبون، پیرۆزی، ڕزگـاری، ڕەهایی، ئازادی
فوژان: نەرە، هاوار، گرمە، قیژە، قیرە، هاواری بەرز
فوطه: فۆتە، پەڕۆ کۆن، خاولی
فـــوق: ١ بـەرز بونـەوە، پێشکەوتن، لەپێشی ٢- زیادە، بەرزتر، سەرتر، لە پێش، زۆر
فوق: سەر، سەرەوە، لا سەرو، بان، هەوراز
فوقـانی: سەرویی، ئەوەی لەسەرەوە و لەبەرزاییدا بێت
فـول: فاوڵ، لەناو یاری دۆگۆڵیدا بەکار دەبرێت و بەمانای خەتا کەلەسەر یاریزانی بەرامبەر بکرێت
فولاد: پۆڵا، دەبان، پەرەندار، ئاسنی زۆر ڕەق، پیلا
فولکلور: فولکلۆر، زانستی ناسینی داب و نەریت و ڕێ و ڕەسم و ئەفسانە کۆنەکانی نەتەوەیەك، بیر و باوەڕە کۆنەکان، کەلەپوور
فوندمانت: پایە، بناغە، بنچینە، ئەساس
فهامت: تێگەشتن، زانین، هەست پێکردن، حاڵی بون
فهر: فەهر، یەکێك لە جەژنەکانی نەتەوەی یەهود
فهرس: بڕوانە فهرست

**فهرست:** پێڕست، خشتەیەك كە لە سەرەتایی كتێب یان دەفتەری حسێب و كتێب دروستی دەكەن، پێڕەس، پێرس

**فهل:** ئاوەلا، كراوە

**فهم:** تێگەشتن، حاڵی بون، هەست پێكردن، زانین، ژیری، وریایی

**فهم:** زرنگ، وشیار، ئەوەی بەخێرایی لە بابەتەكان دەگات

**فهمانـــدن:** تێگەیاندن، حاڵی كردن، بابەتێك بە ئیشارە لە كەسێك گەیاندن

**فهمیـــدن:** تێگەشتن، حاڵی بون، زانین، هەست پێكردن، ئاگایی پەیا كردن

**فهیم:** ژیر، وریا، زیرەك، زرنگ، وشیار، تێگەشتوو، بزیو، زرك و زینگ

**فیـار:** كار، پیشە، ئیش، شوول. بە مانای بێزو و هەوەسیش دێت

**فیال:** سەرەتا، دەسپێك، پێشەكی، دەست پێك

**فیال:** فیلدار، خاوەن فیل، فیل وان

**فی الحال:** دەست بەجێ، بێدرەنگ، هەر ئێستا

**فی الحقیقه:** لە ڕاستیدا، بەڕاستی

**فی الفور:** دەست بەجێ، بێ درەنگ، هەر ئێستاكە

**فی المثل:** بۆ نمونە، وەك، نمونە

**فی الواقع:** لە ڕاستیدا، بە ڕاستی

**فیاوار:** كار، پیشە، ئەرك، ئیش

**فیج:** نامەبەر، خزمەتكار

**فیحاء:** فراوان، بەربلاو، ئاوەلا، پان و پۆڕ

**فیدل:** بەوەفا، ئەمەكدار، بە ئەمەك، وەفادار

**فـــیر:** ١-درێخ، داخ، حەسرەت، پەشیمانی ٢-گاڵتە، بزەی تاڵ

**فیروزه:** فیروزە، پیرۆزە

**فیریـــدن:** ناز كردن، بە خەرامان بەڕێگادا ڕۆشتن، لەنجە و لار كردن

**فیزیسین:** فیزیك زان، شارەزا لە زانستی فیزیا

**فیزیـــك:** فیزیك، جەسمی، جەستەیی، مادی، زانستی سروشتی

**فیزیكـــدان:** فیزیك زان، فیزیازان، زانا لە زانستی فیزیك

**فیزیونومی:** ڕوخسار، قیافە، ڕواڵەت، بیچم، شێوە

**فـیس:** فیس، فیز، بادیی هەوا، غروور، لەخۆبایی بون. بە مانای تاوسیش بەكار دەبرێت

**فیصل:** حاكم، داوەر، هەڵسەنگێنەر

**فـیض:** زۆر بـون، زۆری، زادی، فراوانـی، زۆر بـونی ئاو، پڕبون، سارێژ بون، لێوانلێو بون

**فیضان:** بڕوانە فیچ

**فیفاء** زەوی بێ ئاو، سارای وشك، بیابانی بێ ئاو

**فیكس:** فیكس، سەقامگیر، جێگیر، نەگۆڕ، بەهێز

**فیل:** فیل، پیل، یەكێكە لە گەورەترین ئاژەڵەكان

**فـــیلانتروپ:** مـرۆڤ خـواز، مـرۆڤ خۆشەویـست، چاكەخواز

**فیلبان:** فیلدار، خاوەن فیل، ئەوەی چاودێری فیل دەكات

**فیلتر:** فیلتەر، پارچە یان پەرۆیەك بۆ پالاوتنی ئاو یان هەر شلەمەنیەكیتر، ساف، پاڵێوەر

**فیلسوف:** فەیلەسوف، زانا لە زانستی فەلسەفە

**فیلگوش:** گوێ فیل، ئەوەی گوێچكەی پان و گەورە وەك گوێچكەی فیل بێت

**فـیلم:** فیلم، شریتی تایبەت بە وێنە هەڵگرتن بە كامێرا

**فیلون:** ڕەگ، دەمارەكانی ناو زەوی و كان

**فیل:** مێچكە فیل، فیلی مێ

**فی مابین:** لەنێوان، لە بەین، لەناو، لەناڤ

**فینـــال:** كۆتـایی، ئەنجام، دوایین، دوماهی، یاری كۆتایی

**فی نفسه:** بە خودی خۆی، خۆی

# ق

**ق:** ق، پیتی بیست و چوارەم لە ئاڵفابێتی فارسی

**قاآن:** پاشا، پاشای گەورە، نازناوی پاشاکانی مەغۆل

**قائد:** پێشەوا، سەردار، سەرۆك، سەردار، فەرماندەی سوپا

**قائف:** رواڵەت ناس، روخسار ناس، ئەوەی توانایی ناسینەوەی کەسەکانی هەبێت

**قائل:** بێژەر، وتاردەر، وتارخوێن، قسەکەر

**قائم:** ١- راوەستاو، لەسەرپێ، سەقامگیر، خۆراگر، بەهێز، پایەدار، سفت و سۆڵ ٢- داشارین، شاردنەوە، فەشارتن، قایم کردن

**قائم مقام:** قایم مقام، جێگر، جێنشین، کەسێك کەجێگەی یەکێتر بگرێتەوە و کارەکانی ئەو ئەنجام بدات

**قاب:** ئەندازە، ئاست، رادە

**قاب:** ١- دەوری، دەفر، قاپ ٢- چوارچێوە، قاب

**قابس:** ئاگرخۆرە، ئاگرخۆر

**قاب شور:** قابشۆر، پێتاو، تیکە پەرۆیەك کە قاپی چەور و پیسی پێ دەشۆن

**قابل:** رازی، شیاو، شایان، زێ هاتی، هەڵگر، ئامادە بۆ هەر کارێك، شیاو بۆ هەر کارێك

**قابلمه:** قابلەمە، قازان، مەنجەڵ، قاولەمە

**قابله:** ١- شیاو، شایان، زیج هاتی، زنی شیاو ٢- ماما، دایە، مامان، پەزاج، ژنێك کە لەکاتی منداڵبونی ژنی سکپڕ منداڵەکەی دەگرێت

**قابلیت:** شیاوی، ژێهاتن، شایانی، ئامادەیی بۆ رازی بون و وەرگرتنی کار یان حاڵەتێك

**قابوس:** جوان، شۆخ و شەنگ، بەدڵ، پیاوی جوان و خۆش ئەخلاق

**قابیل:** قابیل، ناوی کوڕەکەی ئادەمە کە رژدی بەبرا بچوکەکەی خۆی برد و کوشتی

**قاپان:** قەپان، ترازووی گەورە، قاپان

**قاپو:** قاپی، دەرگا، دەروازە، دەرگای گەورە

**قاپوچی:** دەرگاوان، پاسەوانی دەرگا، قەرەوڵ، کوێخا دەرگا

**قاپوق:** دار، داری سێدارە، داری ئیعدام

**قاپیدن:** دزین، رفاندن، فڕاندن، بردن، رفاندن بە زیرەکی و چالاکی

**قاتل:** قاتڵ، بکوژ، کوژەر، ئەوەی یەکێکیتر دەکوژێت، مرۆڤ کوژ، پیاوکوژ، خوێنەخوێ

**قاجار:** تیژپێ، توندڕەو، تایەفەیەك لە تورکمانەکان کە ژمارەیەکیان لە سەردەمی شا عەباسی یەکەم لە ئستراباد نیشتەجێ بون

**قاچ:** قاش، بەشێك لێکراوە لە شووتی، کوز، بڕ، بڕێك. بە مانای درز و کەلێنیش دێت

**قاچاق:** قاچاخ، قاچاق، یاساغ، رێگە پێنەدراو، کارێك یان مامڵەیەك کە بەنهێنی و زیرەکی ئەنجام بدرێت

**قاچاقچی:** قاچاخچی، قاچاقچی، ئەو کەسەی مامڵەی قاچاخ دەکات

**قادح:** لۆمەکەر، سەرزەنشت کەر، تانە لێدەر، رەخنەگر

**قادحه:** ١- بڕوانە قادح ٢- کرمی دیان، کرمی دارخۆر

**قادر:** زاڵ، بەتوانا، توانا، دەسەڵاتدار،خاوەن دەسەڵات، لێهاتوو، بەهێز

**قادم:** هاتوو، کەسێك کە لەسەفەر بگەڕێتەوە، پێشڕەو

**قادمه:** بڕوانە قادم

**قادمه الجیش:** پێشڕەوی لەشکر، پێشەنگی سوپا

**قـاذوره:** زینـا، کـاری دزێـو و ناشـیرین، خراپـەکاری، گوناحی گەوره

**قـــار:** قـیر، مادەیـــەکی ڕەش ڕەنـــگ کـــە لەنـــەوت وەردەگیرێت

**قار:** سەقامگیر، جێگیر، ڕاوەستاو، خۆڕاگر

**قاراسیا:** بلالۆك، ھالەبلالۆك

**قارب:** بەلەم، کەشتی بچوك

**قارچ:** کارگ، قارچ، ئێڤاز، کوارك، کوولافك، چیلۆکا، ھەلّچ، ھەلّچێ، خارچك، گڤارك

**قارع:** ١- کوتەر، لەدەرگادەر، فالّ گرتنـەوه بـە شانس، شانس تاقی کردنەوه

**قارعە:** ١- بڕوانـە قـارع ٢- بەشـی سەرەوەی ڕێگا ٣- قیامەت، پەسلان، ڕۆژی کۆتـایی ٤- بـەلا، بەدبـەختی، کارەسات

**قارقار:** قارقار، قیڕ وقار، دەنگی قەلەڕەشە

**قاروره:** شووشە، شووشـەی شـەراب، دەفـری شووشـەیی، شیشیە، قالۆره

**قارون:** نـاوی پیـاوێکی دەولّەمەنـد لـە بـەنی ئیسرائیل لەسەردەمی موسای پێغەمبەر

**قـــاره:** قـاڕە، کیـشوەر، ھـەرکام لـە پێـنج بەشـە وشـکانیەکەی دنیـا کـە بـریتین لـە ئاسـیا، ئـەوروپا، ئامریکا، ئافریقا، ئۆستراليا، مەلّبەند، ناوچە، ھێل

**قـاری:** قورئـان خـوێن، خوێنـەر، ئـەوەی قورئـان یـان کتێب یان ڕۆژنامە دەخوێنێتەوه

**قازغـــان:** دیـگ، مەنجـەلّ، قـازان، دەفـری گـەوره کـە خواردنی تیا دروست دەکەن، تیانە

**قاس:** ڕاده، ئاست، ئەندازه، بڕ، پێوانە

**قاس:** برۆ، ئەبرۆ، برو

**قاسط:** ستەمکار، زالّم، ئەستەمکار، مافخۆر

**قاسم:** بەشکەر، دابەشکەر، بلاوکەر

**قاسی:** دلّ ڕەق، بێ بـەزەیی، بێ ڕەحـم، ستەمکار، دلّ ڕەش، سەرسەخت

**قاش:** ١- کەلّوەی زین، کەلّبەی زین، قەلّپوس٢- کووز، قاش

**قاشـق:** کەوچـك، چمـچە، چەمـچە، کەوچـە، کەڤـچك، کاچك

**قـاص:** چیرۆك بێـژ، داسـتان خـوێن، ئـەوەی داسـتان و حەقایەت دەگێڕێتەوه

**قاصد:** مەبەست کـەر، ئاھـەنگ کـەر، نامەبـەر، تەتـەر، شاتر، ڕوتێکەر، دەلیل

**قاصر:** ١- کەمتەرخـەم، سست، ئـەوەی لـە کارەکانیـدا کـەم و کـوڕی و سـستی دەکـات ٢- کـورت، نەگەیەنـەر، کۆتا، کولّ

**قاصـف:** شـکێنەر، بـای تونـد و سـەخت کـە دارەکـان بشکێنێتەوه

**قاصی:** دوور، دوورترین جێگا، دوورکەوتوو

**قاصیە:** ١- بڕوانە قاصی ٢- ناوچە، کـەنار، مەلّبەنـد، قەراغ

**قاضب:** تیغ بڕان، شمشێری تیژ و بڕەر

**قاضي:** حوکمدەر، قازی، داوەر، دادپرس،

**قاطبـە:** ھـەموون ھـەموان، گـشت، تێکـڕا، سـەرپاکت، گشتی

**قاطر:** ولاخ، ھێـستر، ئێـستر، ھەسـەر، ئاژەلّێکـە بـەھۆی جووت بونی کەری نێـر لەگـەلّ مـایین دروسـت دەبێـت، ھێسر

**قـاطرچـی:** ولاخـار، ولاخـدار، ھێـستردار، ھێـستروان، ئەوەی ھێستری ھەیە و شت و مەکی پێ دەگوازێتەوه

**قاطع:** برەر، تیژ، بڕان، تێفە، ببڕ، بڕندە

**قاطعە:** بڕوانە **قاطع**

**قاع:** ھامون، دەشت، زەوی چالّ، دەشتی دوور لەکێو

**قاعدگی:** نەحۆشـی مانگانـەی ژن، خـوێن بـەربون، بـێ نوێژی، حەیز، خوێن بەربونی مانگانەی ژن کـە مـانگی یەکجاره و بۆماوەی چەند ڕۆژ دەخایەنێت و لە سیانزه سالّیەوه دەست پێدەکات و لـە دەوروبـەری ٤٥ سـالّیدا کۆتایی پێدێت

**قـاعده:** بناغە، بونیان، ئەسـاس، پایـە، یاسـا، دەسـتوور، شۆن و شێوه، بنیچە، بنچینە، بنەڕەت

**قاعـه:** حەوشـە، پانتـایی نـاو مـاڵ، گۆڕەپـان، حـەوش، خانووبەرە

**قاف:** قاف، ناوی کێوێکی ئەفسانەییە

**قافل:** گەڕاوە، هاتوو، گەڕاوە لەسەفەر، ئەوەی لەسەفەر دەگەڕێتەوە

**قافله:** کاروان، قافڵە، دەستەیەك لە خەڵك کە پێکەوە بۆ شوێنێك دەڕۆن، کاروانی، مەکارە

**قافلـــه ســـالار:** قافڵەچـی، کاروانـچی، کـاروان دار، سەرپەرەستی کاروان

**قافیـــه:** پـشتەمل، قاشـە مـل، پاشـبەند، دووابەنـد، بەشافەند، ڕێکی کۆتایی هۆنراوە، قافیە

**قاق:** بەلەباریکە، بـاریکی درێـژ، ماسیگر، ڕەقـە مێـرد، ئەحمەقی ڕۆح سووك

**قال:** وتـار، ئاخـاوتن، گوتـار، پـەیفین، گفتوگـۆ، پـەیف، ئاخفتن، قسە کردن، وتن، گوهتن

**قـالـب:** قاڵب، دەفرێـك کـە کـانزای تـواوە یـان شـتیتری تێدەکەن بۆ ئەوەی شێوە بگرێت، قاڵۆ، چوارچێوە. بـە مانای جەستە، لاشە و بەینیش دێت

**قالب زدن:** لە قاڵب دان، لـە قاڵـب دانـی شـتێك بـۆ دەق گرتن و شێوە گرتنی

**قالت:** وتە، قسە، پەیف، وتار، گوتار، قسەی بـاو و بـڵاو لەناو خەڵك

**قـــالی:** قـالی، فـەرش، ژێرەخـەر، ڕاخـەری گـەورەی دروسـت کـراو لـە بـەن و پەشـم بـەڕەنگ و شـێوەی جۆراوجۆر، مەحفوێر

**قالی باف:** قاڵی بـاف، قـاڵی چن، ئـەوەی کـاری چنینی قاڵیە

**قـالیچه:** قاڵیچە، قاڵی بچوك، دووگمزی

**قـــالی شــو:** قـاڵی شـۆر، ئـەوەی کـاری شـۆردن و پـاك کردنەوەی قاڵیە

**قامت:** پەد، ئەندام، بەژن، بالا، ئادگار

**قامع:** بڕەر، شکێنەر، کوتەر، سووك کەر

**قاموس:** دەریـا، دەلیسا، زەریـا، زەلیـا، دەریـایی گـەورە. ناوی کتێبی وشەی عەرەبی لە دانانی فیروز ئابادیـە کـە ئەمڕۆ بە هەر فەرهەنگێکیش دەڵێن قاموس

**قـانت:** فەرمان بردار، گوێڕایەڵ، ملکەچ

**قـانته:** بڕوانە قانت

**قـانص:** ڕاوچی، نێچیرڤان، شکارچی، ڕاوکەر

**قـانط:** بێ هیوا، ئائومێد، هیوابڕاو

**قـانع:** قەناعەت کەر، ڕازی، شادمان، ڕازی و شـادمان لـە بەش و پشکی خۆ، قانع، چاوتێر، چاڤ تێر، ڕەزامەند

**قـانون:** قانون، یاسـا، دەسـتوور، ڕێـسا، داڵنـگ، بنـەڕەت. ئەو یاسا و ڕێسایانەی لـە لایـەن دەوڵـەت و ئەنجومـەنی نیشتمانی هەر وڵاتێك بـۆ بـەڕێوبردن و ڕاگـرتنی بـاری ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەردەکرێن

**قـانون دان:** یاسـا نـاس، یاسـا زان، قـانون زان، شـارەزا و ئاگادار لە قانون و ڕێساکان

**قـــانون گـــذار:** یاسـا دانـەر، یاسانوس، ئـەوەی یاسـا و ڕێساکان دادەنێت و دەیاننوسێت

**قـانی:** سوور، سووری پڕڕەنگ

**قـاووت:** قاووت، خواردەمەنیەکە بە ئاردی نۆك و شەکر و قاوە دروستی دەکەن

**قـاهر:** زاڵ، چیرە، سەرکەوتوو، زۆرەمل، پایەبەرز

**قـاهره:** بڕوانە قاهر

**قـاەقـاە:** قاقا، پێکەنین بە دەنگی بەرز، تریقە، حیلکە، تریقە تریق، حیلکەحیلك

**قـایق:** بەلەم، کەشتی بچوك، لۆتکە

**قـــایقران:** بەلـەم ئـاژۆ، لێخـوڕی بەلـەم، سـەوڵ لێـدەر، سەوڵچی

**قـایم باشك:** چاوشـارکێ، قەراقـەرا، یاریـەکی منالانـەیە کە چاوی یەکیان دەبەستن و ئەوانیتر خۆیان دادەشارن

**قـب:** نێر، نێرینە، کەڵ، پێشەوا، سەرۆك، سەروەر

**قـباء:** عابا، کەوا، سیچاك، کوڵەجە، قەویی، جل و بەرگی درێژی پیاوانە

**قـبائل:** بڕوانە قبایل

**قبا پوش:** کەوا پۆش، ئەوەی سیچاك لەبەردەکات، عابا لەبەر
**قباح:** قەبێح، دزێو، ناحەز، قێزەوون
**قباحت:** دزێوی، ناشیرینی، قێزەونی، ناحەزی، دزێوی لە وتار، کردار و ڕوخسار
**قباق:** بڕوانە قاپوق
**قبال:** بەرابەر، بەرامبەر، هاوتا، یەکسان
**قباله:** قەواڵە، کۆدە، بنچاخ، قاقانی، قۆچان، نوسراوێك یان بەڵگەیەك کە بەهۆی کەسێك دەبێتە خاوەنی شتێك یان خاوەنداریەتی شتێك لەدەست دەدات
**قبان:** قەپان، قاپان، تەرازووی گەورە
**قبح:** ناحەزی، دزێوی، ناشیرینی، قێزەونی، خراپی لە وتە و کار
**قبر:** قەبر، گۆڕ، ئارامگا، گڵکۆ، مەزار، قەور، شوێنێك کە مردوی تیا دەشارنەوە
**قبراق:** چالاك، بلەز، ئازا، سەرحاڵ
**قبرستان:** قەبرستان، گۆڕستان، شوێنێك کە مردووەکانی لێ دەشارنەوە
**قبرقه:** قبرغە، قەبرغە، کەلەکە، ئێسقانی کەلەکە
**قبرکن:** گۆڕهەڵکەن، قەبر هەڵکەن، ئەوەی کاری هەڵکەندنی گۆڕ و قەبرە
**قبرگاه:** بڕوانە قبرستان
**قبس:** ١- ئاگر گرتن لەشتێك ٢- قازانج کردن، سوود وەرگرتن، کەڵك وەرگرتن
**قبس:** بڵێسە، کڵپە، بڵێسەی ئاگر
**قبض:** وەرگرتن، گرتن، تەنگی، تەنگ کردن، لەدەست گرتن
**قبضه:** مشتێك، بەرە دەستێك، مشت، مشتێك لە شتێك
**قبط:** قبت، قبتیەکان، قبتی، تایەفەیەکی لە خەڵکە سەرەتاییەکانی میسر، دانیشتوانی ڕەسەنی میسری کۆن
**قبق:** بڕوانە قاپوق
**قبقاب:** زۆربڵە، چەنەدرێژ، فرەوێژ، درۆزن، فشەکەر
**قبقاب:** قاپقاپ، پێڵاوی دارین، قەپقاپ

**قبل:** پێش، پێشتر، پێشوو، بەر، لەبەر، بەرلەوە، پێش ئەوەی
**قبل:** پێش، ڕووبەڕوو، لەپێش، بەردەم، لەبەرابەر، لەپێناو
**قبله:** ماچ، ڕاموسان، مووچ، چك، مۆچ
**قبله:** قیبلە، خانەی موسوڵمانان، ئەو شوێنەی لەکاتی نوێژ کردن ڕووی تێدەکەن، باشوور
**قبله‌گاه:** قیبلە، ئەو شوێنەی موسوڵمانان لەکاتی نوێژ کردن ڕووی تێدەکەن
**قبله نما:** قیبلەنما، ئامێرێکی کە میلەی کانزایی تیایە و چوار لایەنەکەی پێ جیادەکەنەوە و قیبلە یان کەعبەیش پێ دەدۆزنەوە
**قبور:** قەبرەکان، گۆڕەکان
**قبول:** وەرگرتن، ڕازی بون، هەری کرن، وەخۆ گرتن، پەسەند کردن، بەدڵ بون
**قبولاندن:** ڕازی کردن، ناچار کردن بە ڕازی بون، کەسێك بە وەرگرتنی شتێك یان کارێك ڕازی کردن، پێ قەبولاندن
**قبه:** گومەز، بینایەك کە سەقفەکەی خڕ و دەرکەوتوو بێت، گومبەز، گومبەت، ئاقد
**قبیح:** ناشیرین، دزێو، ناپەسەند، قێزەون، ڕەزاتاڵ، ڕەزا گران، خوێن تاڵ، ئێسك قورس، گۆشت تاڵ، مرقن
**قبیح المنظر:** ناشیرین، ناحەز، ناجوان، ناپەسەند، نابەدڵ، دزێو
**قبیحه:** بڕوانە قبیح
**قبیل:** ١- دەستە، جەماعەت، تاقم، گروپ ٢- دەسەبەر، دەستەبەر، لەخۆگر
**قبیله:** هۆز، تایەفە، کنگەزە، عەشرەت، عەشیرە، خێڵ، ژمارەیەك لە منالان لە یەك باوك
**قپان:** قەپان، تەرازووی گەورە بۆ کێشانە کردنی باری قورس
**قپاندار:** قەپاندار، ئەوەی کاری کێشانە کردنە بە قەپان

**قتـــال:** شـەڕ کـردن، بەرزانـدن، شـەڕوبنار، جـەنگ و کوشتن، شەڕ، جەنگ، هەرا

**قتّال:** کوژەر، بکوژ، ئەوەی بەردەوام دەکوژێت

**قتل:** کوشتن، خوێن ڕشتن، مراندن، گیان سەندن

**قتلگاه:** کوشتنگاه، شوێنی کوشتن

**قتول:** کوژەر، بکوژ

**قتیل:** کوژراو، خوێن ڕژاو، ئەوەی کوژرابێت، کوژاو

**قجر:** بڕوانە قاجار

**قچاق:** قەڵەو، گۆشتن، بەهێز، زل، زەبەلاح

**قحاب:** قەحبەکان، داوێن پیسەکان

**قحاب:** ١- کۆکین، کۆخین، قۆخین ٢- قەحبـە، داوێـن پیس، ژنی خراپەکار

**قحبه:** قەحبە، گاندەر، حیز، داوێـن پـیس، ژنـی داوێـن پیس، جندە، سۆزانی، فەڵتونی، سەڵیتە، فەڵهیتە

**قحبەخانـــــه:** قەحبەخانە،جندەخانــــە، خانـــەی سۆزانیەکان و ژنانی خراپەکار

**قحط:** ١- وەستان، وشك بونی باران، نەبارینی باران ٢- وشکەساڵی، قاتی، گرانی، قاتوقڕی، هشکەساڵی، خەلا

**قحط سـال:** وشکەسـاڵ، سـاڵی بـێ بـاران، سـاڵی گرانـی و قاتوقڕی

**قد:** قەڵـشتن، کەڵـشتن، دو لـەت کـردن، لـەت کـردن، دو لەت کردنی شتێك لەدرێژیدا

**قد:** ئەندازە، درێژی، بەژن، باڵا، قەد

**قداح:** پیاڵە ساز، گۆزەچی، ئەوەی کاری دروست کردنی پیاڵە و کاسە و گۆزەیە

**قداست:** پاکی، خاوێنی، پاقژی، بێ گـەردی، پاگژی، بـێ خەوشی

**قدام:** ١- پێش، بـەردەم، لەبـەردەم ٢- لـەپێش، ئـەوەی لەکەسانی تر باشتر و لەپێشتر بێت، لەپێشتر، سەرتر

**قدح:** جام، کاسە، دەفر، پەرداخ، پیاڵـە، سـتکان، ئـەوەی شتی تیابخۆنەوە

**قـــدح:** عـەیب گـرتن، تانـە لێـدان، سـەرکۆنە کـردن، سەرزەنشت کردن، خراپە وتن، لۆمە کردن، سەرزەنش، سەرزەنشت

**قدح آشام:** شەرابخۆ، مەی خۆر، عەرەق خۆر،

**قدح پیما:** مەیگێر، ساقی

**قدر:** ١- ئەندازە گرتن، رادە گـرتن ٢- ئەنـدازە، ئاسـت، ڕێز، نرخ، بایی، بەها ٣- توانایی، هێز، تاقەت، وزە، ڕێـز و سـەنگینی ٤- چـارەنوس، ناوچـاو، فـەرمانی خـوایی، چـارەنوس و ئـەوەی خـوا بـۆ بەنـدەکانی خـۆی دیـاری کردبێت

**قدرت:** توانین، توانایی، هێز، دەسـەڵات، وزە، توانـایی و هیچز بۆ ئەنجام دانی کارێك

**قدرت طلب:** دەسەڵات خواز، هیچز پەرست، هێز خواز، ئەوەی بەدوای هێز و توانایيەوەیە

**قدرت کردن:** هێـز نیشاندان، دەسلاچـت و هێـزی خـۆی نیشاندان

**قـــدرت نمـــایی:** خۆنیـشاندان، خۆدەرخـستن، هێـز نیشاندان، دەرخستنی هێز و توانایی خۆ

**قـدردان:** ڕێزگـر، بـەڕێز، ئـەوەیڕێز و بـەهای شتەکان بزانێت و بگرێت، پێزان

**قدرناشـنـاس:** سـپڵە، پێنـەزان، ئـەوەی ڕێـز و بـەهای شتەکان نەزانێت و نەگرێت

**قدس:** پاك بون، پاکی، خاوێنی، پاقژی، بێ خەوشی، بێ گەردی

**قـــدس:** ١- بەهەشـت ٢- پـاکی، خـاوێنی، پاقـژی ٣- قودس، ئورشەلیم

**قدسی:** بەهەشتی، قودسی، تایبەت بە قودس

**قدك:** جاو، جاوگ، جل و بەرگی جاوین

**قد کشیدن:** باڵا بەرز بون، گەشە کردن، بەرز بون

**قـــدم:** پـێ، هـەنگاو، شـەقاو، لاق، قـاچ، چـیق، پاچك، ئەندازەی پێ

**قدم افشردن:** پێداگرتن، پێداگری، سوور بون، پایەداری

**قدم برگرفتن:** هەنگاو هەڵگرتن، بەرێدا ڕۆشتن، شـەقاو هەڵگرتن، پێ هەڵگرتن

**قدم بریدن:** هـات و چـۆ نـەکردن، پـێ لێـبڕین، سەردان نەکردن، هاموشۆ نەکردن

**قـدمت:** ١- بوێری، ئازایەتی، چاونەترسی ٢- پێشی، کۆنی، پێشینە، پێشینە لەکارێکدا

**قـدم زدن:** پیاسە کردن، هەنگاو لێدان، بەهێواشی ڕۆشتن و پیاسە کردن

**قدمگاه:** شوێن پێ، جێگایەك کە شوێن پێ یەك لەسەر بەردێك مابێتەوە کەدەڵێن هی پێغەمبەر یان ئیمامێکە

**قدم گشادن:** بەڕێدا ڕۆشتن، هەنگاو هەڵگرتن، پیاسە کردن

**قـدم نهـادن:** پێ خستنە ناو، ڕۆشتن و پێ خستنە شوێنێك

**قدنما:** بالا نوێن، ئەوەی بەژن و بالای مرۆڤ دەربخات

**قدور:** توانین، بونی هێز و دەسەلات بۆ ئەنجام دانی کارێك

**قدوس:** پاك، بێگەرد، بێ خەوش، پاقژ، پاك و خاوێن لەهەر عەیب و کەم و کوڕیەك

**قدوم:** هاتنەوە، دوبارە هاتنەوە، گەڕانەوە، گەڕانەوە لەسەفەر، ڤەگەڕیان

**قدوه:** پێشەوا، سەرومر، سەرۆك، ڕێبەر، ئەوەی پشتی پێ ببەستن و لایەنگری بکەن

**قـدیر:** خاوەن هێز، دەسەلاتدار، بەتوانا، و یەکێك لەناوەکانی خوا

**قدیس:** پاك، پاقژ، خۆپارێز، لەخواترس

**قدیسه:** بڕوانە قدیس

**قدیم:** پێشین، کۆن، مێژینە، کەون، کەونینە، ڕابردوو، ئەوەی تایبەت بە ڕابردوو بێت

**قدیمه:** بڕوانە قدیم

**قذال:** پشت سەر، دوا سەر، نێوان دو گوێ

**قذر:** پیسی، گلاوی، چلکنی، چڵکن، پۆخڵ، ناپاك

**قذف:** ١- خستن، هاویشتن، فڕێدان، دوورخستنەوە ٢- بوختان هەڵبەستن، قسە پشت سەر دروست کردن، زەم کردن، تۆمەتبار کردن بە ناڕاستی

**قراء** خوێندنەوە، خۆش خوێندنەوە، ئەوەی قورئان بە خۆشی و جوانی بخوێنێت

**قرائـت:** خوێندنـەوە، خوێندنـەوەی قورئـان یـان هـەر کتێبێکیتر

**قراب:** نزیك، لا، کن، پێچەوانەی دوور

**قراب:** بەرگ، کالان، کالانی شمشێر و خەنجەر

**قرابت:** خزمایەتی، نزیکی، ئاشنایەتی، کەس و کاری، تێکەلاوی

**قراچور:** شمشێر، شمشێری درێژ

**قراح:** ١- ئاو، ئاوی پاك و بێگەرد ٢- زەویەك کە ئاو و داری تیا نەبێت

**قراد:** سەر مەمك، گۆ، گۆی مەمك، نوکی مەمە

**قـرار:** ١- ئارام گرتن، جێگیر بون، هەدادان، ستار، جێگیر بون لە شوێنێك ٢- ئارامی، هێمنی، ئاسایشی، ئۆقرەیی، ئۆقرە گرتن، هێدی بون، ئۆخـژنی، هەدا دان ٣- بەڵێن، پەیمان، عەهد، بڕیار

**قـرارداد:** ڕێکەوتن نامە، بەڵێن نامە، پەیمان، گرێ بەست، پەیمانێك کە لەنێوان دو یان چەند کەسێك دەبەسترێت، هەڤبەست

**قراردادن:** جێگیر کردن، بەهێز کردن، سەقامگیر کردن، جێ کردنەوە

**قرارداشتن:** ئارامی، ئارام بون، هێمن بون، جێگیر بون

**قرارگـاه:** شوێنی حەوانەوە، ماڵ، خانو، خانوبەرە، شوێن ئارام گرتن و جێگیر بون، خانی

**قرارگذاشتن:** گرێو کردن، مەرج بەستن، بەڵێن دان، پەیمان دان

**قرار گرفتن:** جێگیر بون، جێ گرتن، ئارام بون، هێمن بون، ئۆخژن گرتن، ئۆقرە گرتن، هێمنی

**قرارمدار:** عەهد و پەیمان، مەرج و شەرت

**قرارنامه:** بەڵێن نامە، پەیمان نامە

**قراسوران:** کێشکچی، ئێشکچی، قەرەسۆران، قەرەوڵ

**قراضه:** وردە ئاسن، وردەی ئاسن کە لەکاتی بڕین یان داتاشینی ئاسن لێی دەکەوێتەوە. کۆنە، قۆڕازە، شکاو و لەت و پەت، دەفری کۆن، پتورکاو

**قراگوزلـو:** چاوڕەشەکان، ناوی تایەفەیەکە لە دەوروبەری هەمەدان

**قرآن:** قورئان، کتێبی موسوڵمانان کە لەخۆگری ٦٦٠٠ ئایە و سەد و چواردە سورەیە. هەشتا و دو سورەیان لە مەککە کە بەو سورە مەککیەکان ناسراون و ئەوانیتر لە مەدینە هاتونە خوار

**قرآن:** پەیوەست بون، لێك نزیك بونەوە، نزیك کەوتنەوەی دو شت لەیەکتر

**قراول:** پاسەوان، زێرەڤان، دیدەوان، کێشکچی، ئێشکچی، سەربازێك کە لەپێشەوە بۆ پاسەوانی کردن دیاری بکرێت، دەرکەوان

**قرء** کات، دەم، سات. بەمانای قافیەیش دێت

**قرب:** نزیك بون، نزیکی، پێچەوانەی دور

**قرب:** مەشکە، مەشکەی ئاو

**قربان:** ١- نزیك بونەوە، نزیك کەوتنەوە ٢- قوربانی، هەر شتێك کە بەهۆیەوە هەست بکەن لە بارەگای خوا نزیك بکەونەوە. ئەوەی لەرێگای خودا قوربانی دەکەن وەك وشتر و مانگا و هەرچی

**قربان کردن:** قوربان کردن، قوربانی کردن، سەربڕینی ئاژەڵەکانی وەك وشتر و مانگا لەرێگەی خوا

**قربت:** نزیکی، نزیکی لە جێگە و پێگە. و ئەوەی ببێتە هۆی نزیك بونەوە لەخوا

**قربوس:** گەڵوەی زین، کەڵبەی زین، قەڵپۆس، قەرپۆس

**قربە:** مەشکە، مەشکەی ئاو یان شیر

**قربی:** نزیکی، خزمایەتی، دۆستایەتی، ئاشنایەتی

**قرە:** فێنك بونەوە، ڕۆشن بونەوە، چاو ڕونی، وشك بونەوەی فرمێسکی چاو و دەرکەوتنی نیشانەکانی شادمانی

**قرح:** زام، کوان، برین، دومەڵ، دەمەڵ، جەراحەت

**قرحە:** برین،ناسور، ئاوڵە، کوان

**قرد:** مەیمون، ئەنتەر، مەیمونی نێر، کەڵە مەیمون

**قردە:** مەیمونی مێ، مێچکە مەیمون

**قرشی:** قوڕەیشی، تایبەت بە قوڕەیش، لەنەتەوەی قوڕەیش

**قرص:** کولێرە، خڕ، گلێر، خرت، کولیچە. هەر شتێکی خڕ وەك خڕی کە لەهەتاو و مانگ بەرچاو دەکەوێت. قورس، دەرمان، حەب

**قرصە:** کولێرە، کولیچە

**قرض:** ١- بڕین، پچڕاندن، دابڕاندن ٢- پاداشت دان، سزای چاکە دان ٣- هۆنراوە وتن، شیعر گوتن

**قرض:** وام، دەین، قەرز، قەرد، دەس قەرز

**قرض دادن:** قەرزدان، وام دان، شتێك یان پارە بە کەسێك بە قەرز دان، قەرد دان

**قرضدار:** وامدار، دەیندار، ئەوەی قەرزای یەکێترە لەپارە یان هەر شتێکیتر

**قرض کردن:** بەقەرز گرتن، قەرز کردن، شتێك یان پارەیەك بە قەرز لە یەکێك وەرگرتن

**قرط:** بڵێسە، بڵێسەی ئاگر

**قرط:** ١- گوارە، ئەوەی ژنان لەگوێی دەکەن ٢- مەمك، مەمە، مەمکی ژنان

**قرطاس:** کاغز، لاپەرە، وەرەقەی کاغزی

**قرطبان:** بان گلێر، بان گردێن، باگردێن

**قرطە:** کراس، کراسی قۆڵ کورت

**قرع:** کوتان، کوتین، لەدەرگا دان، لێدان، کوتاندن

**قرع:** کەدوو، کولەکە

**قرع:** هەڵوەرین، وەرین، وەرینی مووی سەر، کەچەڵ بون، کەچەڵی، تاسی

**قرعە:** یەکجار کوتان، یەك جار لێدان، یەکجار لەدەرگا دان

**قرعە:** بەش، پشك، شانس، پار، بەهرە، کاڵە مشتێ، تیکەیەك کاغز یان هەر شتێکیتر کە بەهۆیەوە بەش و پشکی هەر کەسێك دیاری دەکەن

**قرفە:** پێست، توێکڵ، پێستی دار، پێستی هەنار

**قرق:** ڕێگرتن، نەهێشتن، بوونە لەمپەر، ڕێگرتن لە چونە ناوەوەی کەسێك بۆ شوێنێك

**قرقرە:** ١- بانگ کردن، بانگ کردنی وشتر یان کۆتر، قۆڕ، قۆڕەی سك لەتاو برسیەتی یان سەرما ٢- قاقا، پێکەنینی بەرز، بەقاقا پێکەنین

**قرقف:** شەراب، مەی، ئارەق، ئاوی سارد، بادە

**قرقی:** باشە، واشە، ترونتە، سەماکەرە، هەلەکەسەما

**قرمز:** سوور، ئاڵ، سۆر، ڕەنگی سوور، لە بنەڕەتدا ناوی دعبایەکەی بچوکە سوور ڕەنگ کە هەرچی زیاتر بمێنێتەوە زیاتر سوور دەبێت

**قرمزی:** سوو ڕەنگ، ئاڵ ڕەنگ، بەڕەنگی سوور

**قرمساق:** گەواد، ئەوەی ئابڕوی ژنەکەی خۆی بەلاوە گرنگ نەبێت و بیخاتە بەردەست کەسانیتر، قوڕومساخ، قوڕمساق، قوڕومپف

**قرمطه:** خۆش نوسین، نوسین بە خەتی جوان

**قرموت:** ئالف، ئالیك، خواردنی ئەسپ لە کا و جۆ و هەرچی

**قرمه:** قاورمە، گۆشتی سوورەوەکراو، تیکەی گۆشت کە بیبرژێنن و هەڵیگرن و خواردنی لێ دروست بکەن

**قرن:** کات، سات، زەمان، بەشێك لە کات، سەدە، چەرخ، دەوریەکی سەد ساڵە، سەد ساڵ، قەڕن

**قرن:** شاخ، شاخی مانگا و مەڕ

**قرن:** هاوتا، هاوشێوە، وەك، وەکو، وەکی

**قرناق:** خزمەتکار، بەردەست، نۆکەر، غولام، مەحرەم

**قرنبی:** قالۆنچە، قالۆنچە ڕەشە

**قرنیه:** پەردەی چاو، هۆی بینین، پەردەی چاو کە لەپێشەوەی چاودایە و بەتەواوی ڕوونە و بە ئاسانی نوور لێوەی تێپەڕ دەبێت

**قروی:** دێهاتی، لادێیی

**قره:** ڕەش، ڕەنگی ڕەش

**قرەنی:** سورنا، زورنا، یەکێك لەئامێرەکانی موسیقا

**قری:** لادێ، دێ، گوندەکان، لادێکان

**قریب:** نزیك، تەنیشت، لا، کن، پێچەوانەی دوور. بەمانای خزم و کەس و کاریش دێت

**قریح:** بریندار، زەخمی، زامار، زامدار

**قریح:** پاك، ئاوی پاك، ئاوی ڕون

**قریحه:** [1]- سەرەتا، دەسپێك، دەسپێکی هەرشتێك [2]- زەوق، هەست، هەست و تێگەشتنی سروشتی لە نوسین و خوێندنەوەی شیعر و هونەرکانیتر

**قریر:** بانگ کردنی مار

**قریش:** قوڕەیش، هۆزێك لە عەرەبی ئیسماعیلیە کەسەرەتا لەناوچەی تەهامە نیشتەجێ بون و بۆ چەند تایەفەیەك دابەش دەکران. بەشێك لەوان لەدەوروبەری مەککە نێشتەجێ بون و پێغەمبەر لەناو ئەواندا دەرکەوت

**قریض:** [1]- قەرزار، قەردادر، دەیندار [2]- شیعر، هەڵبەست، هۆنراوە

**قریع:** ڕکەبەر، هاوشەڕ، پاڵەوان، سەرومر، سەرۆك، گەورە. بەمانای وشتری نێریش دێت

**قرین:** نزیك، یار. هاودەم، هاوڕێ، هاوسەر، هاونشین

**قرینه:** [1]- هاوسەر، هاونشین، هاودەم [2]- هێما، نیشان و هێمایەك کەبۆ مرۆڤ وەك بەڵگە و دەلیل بێت بۆ هەست کردن بە بابەتێك یان گەشتن بە مەبەستێك

**قریه:** دێ، لادێ، ئاوەدانی، لەشار بچوکتر، گوند، ئاوایی

**قز:** هەوریشم، هەوریشمی خاو و نەڕێسراو

**قزاز:** هەوریشم فرۆش، ئەوەی هەوریشمی خاو دەفرۆشێت

**قزاق:** توند، توند و تیژ، تووڕە. ناوی نەتەوەیەك لەتاتار کە لەسەدەی حەوتی کۆچی گوێڕایەڵی چەنگیز بون. و ناوی کۆنی سەربازە ڕوسیەکان کە کڵاوی پێستی گەورە و جل و بەرگی درێژیان لەبەر دەکرد

**قزح:** ڕەنگین، ڕەنگاوڕەنگ، تێکەڵ بەڕەنگی زەرد و سور و سەوز

**قزح:** میزی سەگ، گمیزی سەگ

**قزل:** سوور، ئاڵ، بە مانای زێڕ و ڕەنگی زێڕیش دێت

**قزل آلا:** قزل ئالا، جۆرە ماسیەکە بچوك جەستەی خاڵی سووری پێوەیە و گۆشتەکەی زۆر بەتامە و لەئاوی شیریندا ژیان بەسەردەبات

**قزلباش:** قێزڵباش، سەرسور، بەشێك لە سوپای شا ئیسماعیلی یەکەم کە لە لایەنگرانی مەزهەبی شیعە و پشتیوانانی سەڵتەنەتی صەفەوی پێکهاتبون و لەبەر ئەو کڵاوە سوورەی لەسەریان دەکرد بە قێزڵباش ناودەبران

**قس:** قەشە، کاهین، پیاوی ئایین ئایینی مەسیح

**قساس:** شۆفار، دوزامن، ئاژاوەچی، هەوالدز

**قسام:** بەشکەر، دابەشکەر، ئەوەی بەش و پشکی کەسانیتر بە ڕێکی دەدات

**قسامە:** سوێند خواردوان، ئەوانەی بۆ ئەنجامدانی کارێك سوێند دەخۆن. بەمانای ئاشتی و کۆتایی هێنان بە شەڕیش دێت

**قساوت:** دڵ ڕەقی، سەرسەختی، بێ بەزەیی بون، بێ ڕەحمی، دڵ ڕەق بون

**قسب:** ١- سەخت، دژوار، قورس، گران ٢- خورمای وشك، خورمای شوك کەلەدەمدا لەت لەت ببێت

**قسر:** بەزاندن، ناچار کردن، کەسێك بە زۆر بۆ کارێك ناچار کردن

**قسط:** ١- وێژدان، داد، ڕاستی ٢- بەش، پشك، پار، بەهرە ٣- ڕادە، ئاست، ئەندازە، بڕ ٤- قست، بەشێك لە وام یان قەرزێك کە بۆ چەند بەش دابەش کرا بێت و هەر بەش لەکاتێکی دیاریکراودا بدرێت

**قسطاس:** شایەن، تەرازوو، ترازوو، کێشانە

**قسطال:** تۆز، تەپ و تۆز، تەپ تۆزی گۆڕەپانی شەڕ

**قسطان:** کۆلکە زێڕینە، پەلکە زێڕینە

**قسطلاني:** بڕوانە **قسطلان**

**قسطنطيني:** قوستەنتینی، لەخەڵکی قوستەنتینە، یەکێك لە شارەکانی تورکیا کە ئەمڕۆ بە ئیستانبۆڵ ناو دەبرێت

**قسطوره:** گون، هێلکە گونی سەگی دەریایی

**قسم:** بەش، پشك، پار، بەهرە، بەشێك لە شتێکی بەشکراو

**قسم:** قەسەم، سوێند، سۆن

**قسمت:** بەش، پشك، پار، بەهرە، بەرکەوت، دالبەش، بارەقسن

**قسمت خور:** ڕۆژی خۆر، ئەوەی لەبەش و ڕۆژی خۆی دەخوات

**قسم نامە:** سوێندنامە، قەسەم نامە، نامەیەك کەسوێندی تیا خورابێت

**قسوت:** دڵ ڕەقی، بێ ڕەحمی، دڵ ڕەق بون

**قسوره:** شێر، شێری دڕەندە، بوێر، ئازا، چاونەترس، بەجەرگ

**قسي:** توند، توند و تیژ، دڵ ڕەق، بێ بەزەیی، گادڵ

**قسيس:** قەشە، پیاوی ئایینی مەسیحی، کاهین

**قسيم:** ١- بەش، پشك، پار، بەرکەوت، بەهرە، بەشێك لە شتێك ٢- بەشکەر، دابەشکەر، ئەوەی شتێك لەنێوان چەند کەسێك دابەش دەکات ٣- جوان، قۆز، دەلال، بەدڵ

**قشده:** سەرشیر، توێی شیر، قەیماغ

**قشر:** توێکڵ، پێستە، پێست و ڕوپۆشی شتێك، پۆس، پێس، تۆکڵ، توێژ، توێك، تێکوڵ، توێ، تۆزگ، سەرتۆ

**قشطه:** سەرشیر، سەرتوێژ، قەیماغ

**قشعريره:** لەرە، لەرزین، لەرز، سیخ بون، ڕاست بونەوەی مووی جەستە لەسەرما یان هەر هۆکارێکیتر

**قشقايي:** قشقایی، یەکێك لەخێڵە گەورەکانی ئێران کە لەفارس نیشتەجێن

**قشلاق:** گەرمەسێر، قشلاق، گەرمیان، ناوچەی گەرم کە بیابان نشینەکان زستانان کۆچی بۆ دەکەن، گەرمێن

**قشلاميشي:** گەرمێن کردن، کۆچ کردن بۆ گەرمیان لە زستاندا

**قشم:** ئاوڕێ، ئاوڕۆ، جۆگە، چەم، ڕێگەی ئاو لەسەر زەوی

**قشم:** سرشت، سروشت، جەستە، شێوە، قەلافەت، بیچم، ڕوخسار، ڕواڵەت

**قشم:** گۆشتی کوڵاوی سورەوە کراو،

**قشنگ:** جوان، ڕازاوە، بەدڵ، شۆخ، شەنگ، دەلال، دڵرفێن، خانووماں

**قش ودش:** قاوەقیژ، قاڵ و قیڕ، قیڕ و قاڕ، دەنگە دەنگ، هات و هاوار

**قشون:** سوپا، لەشکر، قۆشەن، کۆمەڵی سەربازانی وڵاتێك

**قص:** بڕین، پچڕاندن، کردن، بڕینی مو یا نینۆك

**قص:** سینە، سنگ، ئێسقانی سینە

**قصاب:** قەصاب، ئەوەی مەڕ و مانگا سەر دەبڕێت، قەساو

**قصار:** لایەن، ئەوپەڕی هەوڵ، ئەنجام، هەوڵدان، ئەنجامی کار

**قصار:** کەمتەرخەمی، سستی، تەمبەڵی

**قصار:** جل شۆر، ئەوەی جل و بەرگ دەشوات

**قصارت:** جل شۆرین، کاری جل شۆر، شۆردن، شۆشتن

**قصاری:** لایەن، ئەنجام، هەوڵدان، ئەوپەڕی هەوڵ

**قصاص:** تۆڵە، قەرەبو، تۆڵە کردنەوە، حەق سەندنەوە، ماف وەرگرتنەوە، قەساسە

**قصاص:** چیرۆك بێژ، حەقایەت خوێن، ئەوەی لە کۆڕ و کۆبونەوەکان چیرۆك و حەقایەت دەگێڕێتەوە

**قصب:** بڕین، قرتاندن، پچڕاندن

**قصب:** قامیش، و هەر گیایەك ناوەکەی وەك قامیش بەتاڵ بێت، نەی

**قصباء** قامیشەلان، ئەو شوێنەی قامیشی زۆری لێبێت، نەیزار

**قصبه:** دێی گەورە، قەزا، ئاوەدانی گەورە، ئاوەدانی گەورە کە لەیەك یان چەند دێ پێکهاتبێت

**قصد:** ١- نێوان ڕێ، ڕۆشتن، ئاهەنگ کردن، ئاهەنگ، ویست، دڵخواز، مەبەست، ئارەزوو

**قصر:** کورت کردنەوە، ڕێگرتن، نەهێشتن، نوێژی چوار ڕەکەعەتی بە دو ڕەکەعەت خوێندن لە سەفەردا

**قصر:** کورت بون، کەم و کورتی، کورتی، کوڵی، کەمی، کۆتا، کوڵ

**قصر:** کاخ، کۆشك، سەراپەردە، تەلار، خانوبەرەی خۆش، ماڵی پاشا

**قصص:** داستانەکان، چیرۆکەکان، بەسەرهاتەکان

**قصعه:** دەوری گەورە، کاسە

**قصم:** شکاندن، جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە، لەت کردن، لەت و کورت کردن ٢- شکاو، لەت کراو، دوکەرت کراو

**قصور:** کەمتەرخەمی، کۆتایی کردن، سستی کردن لە کارێکدا، بەجێ هێشتن، وازهێنان

**قصوی:** دوورتر، دوورترین

**قصه:** داستان، چیرۆك، حەقایەت، بەسەرهات، ووتە

**قصه پرداختن:** داستان وت، چیرۆك گێڕانەوە، حەقایەت گێڕانەوە

**قصه پرداز:** چیرۆك بێژ، داستان بێژ، ئەوەی چیرۆك و داستان دەگێڕێتەوە

**قصه‌خوان:** چیرۆك خوێن، داستان خوێن، ئەوەی لەڕووی کتێبەوە داستان و چیرۆك بۆ کەسانیتر دەخوێنێتەوە

**قصه‌گو:** چیرۆك بێژ، داستان گۆ

**قصی:** دوور، دوورتر

**قصیده:** قەصیدە، بەند، هۆنراوەی درێژ، هەڵبەستی زۆر بۆ مەبەستێك

**قصیده‌سرا:** هەڵبەست ڤان، شاعیر، شاعیر کە هۆنراوەی درێژ بهۆنێتەوە

**قصیر:** کورت، کوڵ، کەم، پێچەوانەی درێژ

**قصیره:** بڕوانە قصیر

**قضاء:** ١- حوکم کردن، بەجێهێنان، ڕەوا کردن، ٢- مردن، نەمان، لەناوچون ٣- قەزا، چارەنوسی خوایی، ناوچاو

**قضات:** قازیەکان، دادوەرەکان

**قضاجریان:** فەرمان، دەستور، فەرمانێك کەوەك قەزای خوایی ناچاری بێت

**قضارا:** بەرێکەوت، ئەزقەزا، لەخۆوە

**قضاعه:** قوزاعە، ناوی هۆزێکی گەورەی عەرەبە

**قضاوت:** داوەری، دادپرسی، نێوەنجیگەری، داوەری کردن لەنێوان چەند کەسێك

**قضب:** ١- بڕین، قرتاندن، پچڕاندن، لەت کردن ٢- قامچی لێدان، شەلاق لێدان، بە قامچی لەکەسێك دان

**قضیب:** ١- شاخە، شاخەی دار، لق ٢- کێر، بەمانای شەرمی پیاویش دێت

**قضیه:** هەواڵ، حوکم، فەرمان، دەستور، وتە یان ڕستەیەك کە ماناکەی تەواو بێت و بتوانرێت حوکمی لەبارەوە بدرێت

**قط**: پشیله، کتك

**قطاب**: ۱- گیرفان ۲- تێکەڵاوی، نزیکی

**قطابە**: گۆشت، لەتە گۆشت، پلە گۆشت

**قطار**: ڕیز، زنجیرە، رز، لەشوێن یەك، شەمەنەفەر، شەمەندەفەر، قەتار

**قطارە**: چکاو، چکاوە، ئەوەی بتکێت لە شتێك، تکاو، ئاوی کەم، دڵۆپە

**قطاع**: برەرش، زۆر تیژ

**قطان**: نیشتەجێ، ئەوەی لە شوێنێکدا نیشتەجێ بوبێت

**قطاف**: وەرزی میوە چنین، هەرەتی میوە چنین

**قطان**: پەمو فرۆش، پەمە فرۆش

**قطب**: مەگەنی زەمین، جەمسەر، هیتم، تەومرە، گەورە سەری زنجیرە، شێخ و سەروەری هۆز یان نەتەوە

**قطبین**: جەمسەرەکان، جەمسەری باکور و جەمسەری باشوور

**قطر**: ناوچە، ناحیە، کەنار، قەراغ، قەبارە، ئەستوورایی، ئەستووری شتێك

**قطر**: باران، ئەوەی ببارێت یان دڵۆپە بکات

**قطران**: تکان، چکان، دڵۆپ دڵۆپ هاتنەخوارەوەی ئاو

**قطرب**: ۱- ئەزان، ترسەنۆك، بێ زات ۲- دز، گیرفان بڕ ۳- گورگ ۴- غول، دێو

**قطرە**: دڵۆپە، قەترە، تنۆك، تکە، پژاك، زەنگۆڵ

**قطع**: بڕین، قرتاندن، پچڕاندن، جوێ کردنەوە، جیا کردنەوە، پەل کردن، قەتاندن، پساندن، ژیکرن

**قطعات**: پاچرەکان، لەتەکان، بەشەکان

**قطعە**: پارچە، بەش، کوت، لەت، جزار، کارتك، زوولاك، کەرتك، دۆن، تیکە

**قطف**: ڕوشاندن، هەڵکەند و ڕفاندنی شتێك، میوە چنین، ڕووکاندن، ڕفاندن، کەندن

**قطور**: هەور، هەوری پڕ باران

**قطوغ**: زۆرتیژ، برەر

**قطە**: پشیلە، پشیلەیەك

**قطیع**: گاگەل، گایەل، ڕان، دەستەیەك مەڕ و مانگا

**قطیعە**: جیایی، براوی، جوێ بونەوە

**قعب**: پەیمانە، پیاڵە، کاسەی گەورە، دەفر

**قعبري**: بەخیل، ڕەزیل، هیچ و پوچ، ناپیاو، ڕژد، بەرچاو تەنگ

**قعر**: قوڵایی، بن، بناوان، بنج، بێخ، تەرك

**قعود**: نیشتن، دانیشتن، دانیشتنی کەسی ڕاوەستاو

**قعیر**: قووڵ، زۆر چاڵ، بێ بن

**قف**: سەوزە، سەوزی وشك

**قفا**: پشتە مل، پشتەسەر، پشتمل، پژملە، ستۆ، پاتك، پاتن، پژمل

**قفال**: قوفڵ، ساز، قوفڵچی، ئەوەی کاری دروست کردنی قوفڵە

**قفر**: زەوی وشك و بێ ئاو، بیابان، چۆڵەوانی

**قفس**: قەفەس، قەفەز، لەقەفە، قەفەسەی دروست کراو لە دار یان کانزا بۆ ڕاگرتنی باڵندەکان

**قفل**: قوفڵ، کۆد، کۆدك، قفڵ

**قفل گر**: قوفڵ چی، قفڵ ساز

**قفول**: گەڕانەوە، هاتەوە، فەگەڕیان، هاتنەوە لەسەفەر

**قفیز**: قەفیز، کەیل، کاسە مەن، کەویز، پەیمانە، پێوانەیەکە بۆ ۱۴۴ گەز لە زەمین

**ققنس**: قەقنەس، باڵندەیەکی ئەفسانەییە کە دەنوکەکەی کونی زۆری تیا و دەنگی سەیری لێ دێتەدەر

**قل**: بڵێ، بێژە، بیڵێ، بەمانای وتار و وتەیش بەکار دەبرێت

**قل**: کەم، تۆز، برێك، تۆزقاڵێك، کەمێك

**قلاب**: قولاب، قولاو، چەنگەك، ئامێرێکی کانزایی سەرخوار بۆ ماسی گرتن

**قلاب**: ئاوەزۆکەر، هەڵگەڕێنەرەوە، تەشەقەڵەچی، فێڵباز

**قلابی**: تەزویر، درۆینە، ساختە، ئەوەی لە شێوەی شتێکی ڕاست دا دروست کرابێت وەك پارەی تەزویر

**قلادە**: کەلەن، کەڵێن، ملوانك، ملوێنك، گرتەمەر، گەردانە، خرتەمور، ئەوەی بە ملدا هەڵیواسن

**قـلاش:** بـەرەڵا، هـیچ و پـوچ، نـەدار، بێکـارە، بێکـارە، شەراشۆ، فێڵباز، فریوکار، تەشقەڵەچی

**قلاش:** ورد، پەست، ترەنجاو، ترەنجیاو، ورد کراو

**قلاط:** کورت، کوڵ، کۆتا، کورتە بالاّ لە مرۆڤ یان ئاژەڵ

**قلاط:** قەلاّت، قـەلاّ، دێ، گونـد، قـەلاّت کـە لەسـەر کێـو یان بەرزایی دروست کرابێت

**قلان:** مالیّات، خەراج، باج، سەرانە

**قـلاووز:** رابـەر، رێبـەر، پێـشەوا، سـەرۆک، پێـشرەو، پێشرەوی سوپا

**قلب:** هەڵگەڕانـدنـەوە، ئـاوەژۆ کـردن، پێـچەوانە کـردن، گۆڕین

**قـلـب:** دڵ، ئەنـدامی سـەرەکی لەشـی مـرۆڤ کـە ئـەرکی گەیاندنی خوێنی لە ئەستۆدایە

**قـلـب زدن:** سـاختە کـردن، درۆ کـردن، تـەزویر کـردن، کالاّی ساختە و خەوشدار

**قلبکار:** دەغەڵ باز، فێڵباز، ساختەچی، ساختە کار

**قلبگاه:** نێوەڕاست، ناوەڕاست، ناوەڕاستی گۆڕەپانی شەڕ

**قلت:** کەم بونەوە، کەمی، کەم کردن

**قلتاق:** قەڵتاق، قاڵتاخ، قەڵپاخ

**قلتبان:** باگردێن، بانگلێر، شەو لەبان، بان گردێن

**قـلـچماق:** زۆربێـژ، بـەهێز، زۆردار، ملهوڕ، مـل قـەوی، قەرەزاخ

**قلدر:** لەخۆڕازی، مل قەوی، زۆردار، زۆربێژ

**قلع:** هەڵکەندن، لە ڕیشە دەرکێشان، هەڵکەنن، لـە ڕەگ دەرهێنان

**قلعه:** قەلاّ، قەلاّت، کەلاّت، بورج، دژ، پەناگا کـە لەسـەر کێو یان بەرزایی دروست بکرێت

**قلق:** بـێ ئـارامی، نیگـەرانی، ئـۆقرە لـێ بـڕان، نائـارمی، دڵەڕاوکێ، ترس و لەرز، شپرزەیی، شڵەژاوی، پەشۆکاوی

**قلق:** ڕەشوە، بەرتیل، پارەیەک کـە لێپرسـراوی دەوڵـەت بۆ ئەنجامدانی کارێک لە کەسێکی وەردەگرێت

**قـلـم:** قەڵـەم، پێنـوس، قـامیش، قامیـشی داتاشـراو بـۆ نوسین، هەر شتێک کەپێی بنوسن

**قلمـــاش:** هـەرزە، زۆربڵـە، چـەنە درێـژ، زۆر وێـژ، قەرەچەناخ

**قلمتراش:** قەڵەم دایەر، چەقۆی بچوک کـە قەڵەمی پێ دانەدەن

**قلمداد:** حسێب کراو، هەژمار کراو، ناوبراو

**قلمدست:** قەڵەم بەدەست، نوسەر، نەقاش، وێنە کێش

**قلمدوش:** قەلاّدۆشکان، قلیقدانك، سوار لەسەر کۆڵ

**قلمدیده:** بەقەڵەم نوسراو، ئەوەی بە قەڵەم نوسرابێت

**قلم راندن:** نوسین، هەژمار کردن، ڕەقەم لێدان

**قلمرو:** سنوور، ناوچەی ژێر دەسەلاّت

**قلم زدن:** نوسین، نەخشە کێشان، نەقاشی کـردن، وێنـە کێشان، قەڵەم لێدان

**قلم شدن:** بڕان، پچڕان، قرتان، قەڵەمە کران

**قلم کردن:** بڕین، قرتاندن، قەڵەمەکردن

**قلم کشیدن:** خەت کێشان، هێڵ کێشان

**قلندر:** قەلەندەر، دەروێش، پیاوی تەنیا و دور لەدنیا

**قلندرانــــه:** قەلەندەرانــە، دەروێـشانە، هاوشـێوەی دەروێشەکان

**قلندروار:** قەلەندەر ئاسا، دەروێش ئاسا

**قلوه:** گورچیلە

**قلـوه سـنگ:** خـڕە بـەرد، بـەردی بـچوکی دانەتاشـراو گەورتر لە گوێز و بچوکتر لە سێو

**قله:** لوتکە، تەپۆڵکەی سەرکێو، کلاّوە، بەرزتـرین جێگا، سەر کێو

**قله:** گۆزە، گۆزی گەورە یان بچوك

**قلیب:** چاڵ، چاڵی کۆن

**قلیچ:** شمشێر

**قلیـــل:** کـەم، تـۆز، بـڕ، تۆزقـاڵ، تۆسـقاڵ، چـك، کـێم، هێندێ، تۆزێك

**قمار:** قومار، کایە، یاری، گەمە، هەر یاریـەك کـە گرێـو یان لەسەر پارە بیکەن

**قمارباز:** قومار باز، ئەو کەسەی قومار ئەکات

**قمارخانه:** قومارخانە، شوێنی قومار کردن

**قماش:** قوماش، کوتاڵ، پارچە، کالاّ، چۆخ

**قماط**: قۆنداخ، قۆنداخە، ئەو پەڕۆیەی دەست و پێی منالی شیروخۆرەی پێ ئەبەستنەوە

**قمچی**: قامچی، شەلاق، قەمچین، شەلاخ

**قمح**: گەنم، یەك دانە گەنم

**قمحه**: زەعفەران، زافەران

**قمر**: مانگ، کاوت، مۆنگ، هەیف، هەیو

**قمـــراء** سپی، ڕوون، ڕونـاك، مانگەشـەو، بـە مانـای ڕوناکایی مانگیش دێت

**قمره**: دەستێك قومار، یەك جار قومار

**قمری**: قومری، کۆرك، کۆتری چکۆلە

**قمطریر**: دژوار، قورس، گران، سەخت

**قمع**: سەرکوت کردن، سووك کردن، لەناو بـردن، ڕیسوا کردن

**قمقـام**: کـاری گـەورە، ژومـارەی زۆر، دەریـا، دەلیـا ٢- سەرۆك، سەرومر، گەورە، پێشەوا

**قمقمه**: مەتارە، قومقومە، تۆنگی مل تەنگ

**قمل**: ئەسپێ، سپێ

**قمه**: سەر، لای سەرەو، بەرزترین شوێن، سەرەوەی هەر شتێك

**قمه**: کێرد، قەمە، شیر

**قمه**: دەستە، جەماعەت، خەلك

**قمیص**: کراس، کرواس، مۆری، گجی

**قناء**: چاڵ هەلکەن، بیرهەلکەن، ئەوەی چاڵ و بیر هەڵ ئەکەنێت

**قنات**: قەنات، کارێز، چاوگەی هەلکەنراو

**قناد**: شیرینی فرۆش، شەکرساز، شیرینی پەز

**قناره**: قەنارە، قولاب، قولاپ، چەنگەك، دارقەباخ

**قناري**: کەناری، مەلێکی بچوکی خۆش ئاوازە

**قناص**: ڕاوچی، شکارچی، ڕاوکەر، نێچیرڤان

**قناطر**: پرد، جسر، پردەکان

**قنـــاع**: ڕوسـەری، ئـەوەی ژنـان سـەری خۆیـانی پـێ دائەپۆشن، لەچك، سەرپۆش، سەرەناز، سەرتل

**قناعت**: قەناعەت، چاوتێری، ڕەزا بەبەش، چاڤتێری، ڕازی بون

**قنبل**: بەهێز، چوارشانە، زل، پیاوی بەهێزی چوارشانە

**قنبله**: بۆمب، قومبەلە

**قنبیط**: کەلەم، قەرنابیت

**قند**: قەند، قەن، شەکر

**قنداق**: ١- قۆنداخ، قۆناخ، بەشی کۆتایی تفەنگ کە لە دار دروست ئـەکرێت ٢- قۆنـداخ، ئـەو پەڕۆیـەی منـالی شیرەخۆرەی پێ ئەبەستنەوە

**قنـداغ**: قەنـداغ، ئـاوی گـەرم کـە بیکەنـە نـاو پیالـە و شەکری تیا بتوێننەوە

**قنددان**: شەکردان، قەندان

**قندیل**: قەندیل، چرا، لامپا، مەشخەڵ یـان چـرا کـە لـە سەقفەوە شۆڕی بکەنەوە

**قنطـره**: پـرد، جسر، پـردی گـەورە کـە لەسـەر ڕووبـار دروستی ئەکەن، بازگە، پێڵ، پردەباز

**قنفذ**: ژیژك، ژیشك

**قنق**: میوان، مێڤان، گەشتیار، ڕێبوار

**قنـوت**: گـوێ ڕایـەڵی کـردن، فەرمانبـەرداری کـردن، لـە خۆبورین

**قنـوط**: بـێ هیـوایی، نائومێـد بـون، بـێ هیـوا بـون، نائومێدی

**قنـوع**: ١- پرسـیار کـردن، داواکـردن ٢- ڕازی بـون بـە بەشی خۆ

**قنوع**: ڕازی، قانع، کەسێك کە بە بەش و بەهرەی خۆی ڕازی بێت

**قنیع**: ڕازی، ڕەزامەند، قانع

**قنینـه**: دۆلکـە، سـوراحی، شوشـە، تۆنگـەی، شوشـەی بچوك کە شەرابی تێ ئەکەن

**قو**: قوو، مراوی، غوو

**قواره**: ڕێك، ئەندازە، ڕادەی جل و بەرگ، بەژن

**قواس**: کەمان ساز، کەمانگر، کەمان گیر

**قـوال**: زمـان شـیرین، خـۆش قسە، سـترانبێژ، گـۆرانی خـوێن، ئـەوەی لـە بۆنـە و ئاهەنگەکانـدا گـۆرانی ئەخوێنێت

**قوام**: ڕاستی، ڕێکی، ویژدان، خۆڕاگری، بەهێزی، بژێوی

**قوام:** پایە، ستون، کۆڵەکە، ئەوەی کە کارێك یان شتێك پشتی بەو بەهێز بێت و پشت ئەستور بێت

**قوام:** فەرماندە، ئەمیر

**قوانین:** یاساکان، دەستورەکان

**قوت:** خۆرشت، خواردەمەنی، رزق، رۆزی، ئەوەی مـرۆڤ ئەیخوات

**قوت:** زەخت، هێز، تین، زەبر، گوژم، گوڕ، پـێـز، تـەوژم، گوژمە، گۆ، وزە، تەووش، زۆر، هاز، گڤ

**قوت کردن:** زەخت کردن، هێز بە کار بردن، زۆر کردن

**قوت گرفتن:** بەهێز بون، هێز گرتن، وزە گرتن

**قود:** کێشان و بـەدوای خـۆدا بـردن، هەوساری ئەسپ گرتن و بەدوای خۆدا ڕاکێشانی

**قـــود:** مـل درێـژی، پـشت درێـژی. بـە مانـای تۆڵـە و کوشتنی بکوژیش دێت

**قور:** تەقەمەنی، سیلاح، جبە

**قورباغە:** بۆق، قرپۆك

**قوریلتای:** شۆرا، ئەنجومەنی نوێنەران

**قوس:** کەمان، کەوان، و ناوی بورجی نۆیـەم لـە دوانـزە بورجی فەلەکی

**قـــوس قـــزح:** پەلکە زێڕینـە، کۆلکـە زێڕینـە، کەسـکە سورە، هەسارە زێڕینە، شەوبەندە ڕۆژ

**قوش:** قوش، باشە، واشە، باڵندەیەکی ڕاوکەرە

**قوطي:** جەعبە، قوتو، قتو، سنوق

**قوقل:** کەو، کەوی نێر

**قوقلە:** سەرکەوتن، بـەرز بونـەوە، سـەرکەوتن بەسـەر کێودا

**قوقو:** دوگمە، توکمە، قۆپچە

**قوقو:** قوقو، قوقولی قوقولی، دەنگی کەڵەشێر

**قوقە:** قوقو، قوقە، دەنگی کەڵەشێر

**قول:** وتن، وتاردان، ئاخاوتن، پەیڤین، وتار، وتە، پەیڤ، قسە

**قول دادن:** بەڵێن دان، پەیمان دان

**قول گرفتن:** بەڵێن وەرگرتن، پەیمان وەرگرتن

**قولنامە:** قەولنامە، بەڵێن نامە، نوسراوێك کە کڕیار و فرۆشیار سەبارەت بە مامەڵە ئەینوسن

**قول و قرار:** قەول و قەرار، عەهد و پەیمان

**قوم:** کەس و کار، خزم، ئاشناکان، ناسراوەکان

**قومش:** چاڵ هەڵکەن، بیرهەڵکەن

**قومە:** هەسـتان، یـەك جار هەسـتان، بـالا، بـەژن، بـالای مرۆڤ

**قوە:** هێزە، وزە، توانایی، گوڕ، تین،، زۆر

**قوی:** توانا، هێزدار، زۆردار، بەهێز، بە تین، وزەدار

**قوی پنجە:** بەهێز، زۆردار، ئەوەی هێزی بازوی هەیە

**قوی حال:** بەختەوەر، کامەران، سەرحاڵ،

**قوی دست:** قەوی دەست، بەهێز، زۆردار

**قوی دل:** بەزات، بەجەرگ، بوێر، دلێر

**قویم:** ڕاست و ڕێك، ناوەند، خۆڕاگر، بەژن ڕێك

**قهار:** زاڵ، چیر، سەرکەوتوو، یەکێك لەناوەکانی خوا

**قهـــر:** زاڵ بـون، سـەرکەوتن، دەسـت بەسـەردا گـرتن، سەرکەوتوویی، زاڵی

**قهر کردن:** ١- بەزاندن، لـەپێ خـستن، بـەزانن ٢- تـەپ بون، قـسە نـەکردن لەگـەڵ کەسـێك، پچڕاندنی هات و چۆ لەگەڵ کەسێك

**قهرمان:** قارەمان، پاڵەوان، نەترس، دەسەڵاتدار

**قهقـــرا:** گەڕانـــەوە، فەگـــەڕیان، گەڕانـــەوە بـــۆ دواوە، پاشەکشێ کردن

**قهقهە:** قاقا، بە دەنگی بەرز پێکەنین

**قهوە:** قاوە

**قهوەچی:** قاوەچی، ئـەو کەسـەی لـە قاوەخانـە چایی و قاوە بۆ فرۆشتن ئامادە ئەکات

**قهوەخانە:** قاوەخانە، چاییخانە، شـوێنی قـاوە و چـایی فرۆشتن

**قهوەخوری:** قاوەخۆری، دەفری قاوە خواردنەوە

**قـی:** ڕشانەوە، هەڵێنانـەوە، هڵاوردنـەوە، زێـڵ شـێوان، هەڵهێنانەوەی خواردن

**قیاد:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**قیـادت:** ڕابـەری کـردن، سـەرۆکایەتی کـردن، ڕابـەری، ڕێنوێنی

**قیـاس:** ئەنـدازە گـرتن، هەڵسەنگاندن، پێوانـە کـردن، ئەنـدازە گـرتنی دوو شـت لـە ڕوی قـەبارە و درێـژی و کورتی

**قیافە:** بیچم، شکڵ، شێوە، قیافە، ڕواڵەت، ڕوخسار

**قیام:** هەستان، لەسەر پێ وەستان، هەڵسان، ڕاپەڕین

**قیامـــت:** قیامـــەت، پەســـڵان، ڕۆژی کۆتـــایی، ڕۆژی هەستانەوە، دواڕۆژ

**قیتال:** کوشتن، شەڕ کردن

**قیچاچی:** خەیات، بەرگدروو، بەرگ دوور، دەرزی

**قیـــچی:** مقەســـت، تۆرتـــان، دوارد، مقـــراز، دوێـــردك، مەقەست

**قیح:** زەرداو، چڵك، زەرداوی ناو برین

**قیـد:** پێوەنـد، پاوەنـد، زنجیر، تۆمـار، ئـەو پـەت یـان بەندەی پێی ئاژەڵەکانی پێ ئەبەستنەوە

**قیر:** قیر، قەیر

**قیرگون:** ڕەش، بە ڕەنگی قیر

**قیروان:** کاروان، قافڵە

**قیش:** چەرم، تەسمە

**قیرینە:** ڕەش ڕەنگ، قیری، بەڕەنگی قیر

**قیصر:** قەیصەر، پاشای ڕۆم، نازنـاوی پاشاکانی ڕۆم لـە کۆندا

**قیصریە:** ڕاستە بازاڕ، بازێڕی گەورە

**قیطان:** قەیتان، دەزوو، بادراوە، بەنی بادروا

**قیف:** ڕەحەتی، سەرتلیلك، قۆچەکە

**قیقاج:** خوار، گێر، لار

**قیـل:** وتـن، پـەیڤین، قـسە کـردن، ئاخـاوتن، گفتوگۆ، وتووێژ

**قیلولە:** خەوی نیومرۆ، لە نیومرۆدا خەوتن

**قیماز:** کەنیز، خزمەتکار، قەرەواش

**قیماق:** قەیماخ، سەرشێر، توێ، سەرتۆ، تۆژك

**قیمت:** نرخ، بایی، بەها، قیمەت

**قیمت گر:** هەڵسەنگێنەر، بەهادانەر

**قیمت مند:** بەهادار، بەنرخ، گرانبایی، بایی دار

**قیمە:** قیمە، گۆشتی لەچەرخ دراو

**قین:** عەبد، بەندە، غولام، نۆکەر

# ك

**ك:** ك، پیتی بیست و پێنجەم لە ئاڵفابێتی فارسی

**کائن:** بوو، بون، ڕوداو، ئەوەی بونی هەیە، بونەوەر

**کائنات:** بونەوەرەکان، بەدی هاتوەکان، ئافرێنراوەکان

**کائنە:** بڕوانە کائن

**کابارە:** کابارە، مەیخانە، عەرەقخانە، نادی، شوێنی فرۆشتنی عەرەق و خواردنەوەکان

**کابل:** کێبڵ، تەناف، تەنافی کەشتی

**کابلج:** تووتە، پەنجە بچوکەی دەست یان پێ

**کابلشاە:** کابلشا، نازناوی پاشاکانی کۆنی کابل

**کابلی:** کابلی، لەخەڵکی کابل، ئەوەی لە کابل دەست کەوێت یان دروست بکرێت

**کابنە:** چاو، چاڤ، دیدە، ڕوانین، چەم

**کابوس:** مۆتەکە، شەوە، دێوەزمە، مێردەزمە، تەنتەڵ، حاڵەتێکی ناخۆش کە هەندێ کات لە خەوی مرۆڤدا دروست دەبێت و کەسەکە هەست دەکات شتێکی قورس زەخت لە سینەی دەکات و ناتوانێت تەکان بخوات

**کابوک:** کولانە، کولانەی مریشك، کۆڵکێ مریشکێ

**کابوی:** کابۆی، گالەوڕێن، ئەو کەسەی کاری ئاگاداری و لەوەڕاندنی مانگا و گایە

**کابیدن:** بڕوانە کاویدن

**کابیلە:** هاوەن، هاوەنی کانزایی یان بەردین

**کابین:** مارەیی، شیروایی، شیربایی، مەهر، ئەو برە پارەی کە ژنی لەسەر مارە ئەکەن

**کابین:** کابین، ژووری بچوك لە ناو کەشتیدا

**کابینە:** ١- دەفتەر، نوسینگە، ژووری کار ٢- ئەنجومەنی وەزیران، کابینەی حکومەت

**کاپ:** کاپ، کاس، پیاڵە یان کاسەیەکی زێڕین کە لە یاریە وەرزشیەکاندا بە براوەی دەدەن

**کاپشن:** قەمسەڵە، باڵتاو، کاپشین، پاڵتاو

**کاپوت:** ١- پۆشش، ڕۆپۆش ٢- کابوت، کاپوت، ڕوپۆشی کانزایی مەکینەی سەیارە ٣- کاندۆم

**کاپیتال:** سەرمایە، دارایی، سامان، بنەما، دەسمایە

**کاپیتالیست:** سەرمایەدار، دەوڵەمەند، ساماندار، لایەنگری سەرمایەداری

**کاپیتالیسم:** سەرمایەداری، سەرۆکایەتی سەرمایەداران لە کارە بازرگانی و پیشەییەکان. سیستەمی سەرمایەداری کە هۆکارە سەرەکیەکانی بەرهەمهێنان لە ژێر دەستی سەرمایەدارانە و کارگە و دامەزراوە پیشەسازیەکان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بەڕێوە دەبەن

**کاپیتان:** سەرکردە، سەرۆك، سەردەستە، فەرماندەی کەشتی

**کاتاراکت:** ئاوی سپی، ئاو هێنانی چاو

**کاتالوگ:** کەتەلۆگ، پێڕست، پێڕستی ناو یان نرخی شتومەك

**کاتب:** نوسەر، نویسەر، نڤیسەر، ئەوەی کاری نوسینە، نوسیار

**کاتم:** ١- حەشارەدەر، داپۆشەر، ئەوەی شت یان قسەیەك بە نهێنی دەهێڵێتەوە ٢- ڕازدار، دەم قورس

**کاتورە:** سەرگەشتە، سەرگەردان، پەرێشان، حەیران، ئاوارە، وڕ، پەشۆکاو، پەشێو، سەر لێشێواو، گێژ

**کاتوزی:** خۆپارێز، خواپەرست، لە خوا ترس،

**کاشر:** زۆر، مشە، فراوان، زیاد

**کاج:** کاج، کاژ، جۆرە دارێکە

**کاج:** شەقەزللە، زللە، شەپازللە

**کاج:** خێل، چاوخوار، چاو وێر، خوەزی، چاوتیل

**کاج:** خۆزگە، بریا

**کاجستان:** کاژستان، ئەو شوێنەی کاژی زۆری لێ بروێت

**کاچار:** کەل و پەل، شتومەك، چتمەك، کەل و پەلی ناو ماڵ، ئالاڤ، ئامێر

**کاچك:** تەوقە سەر، سەرسەر

**کاچە:** چەنە، چەناکە، چەنەکە، چناکە، ئەرزنك، ئەرزینگ. بەمانای خۆشی وشادمانیش دێت

**کاخ:** کاخ، کۆشك، قەسر، سەرا، خانوبەرەی گەورە، تەلار

**کاخر:** کە ئاخر، کە لە ئەنجامدا

**کاخ سفید:** کۆشکی سپی، کۆشکێکی بەناوبانگە لە ئامریکا کە سەرۆك کۆمار لەوێدا ژیان بەسەر ئەبات

**کاخ نشین:** کاخ نشین، کۆشك نشین، ئەوەی لەناو کۆشك و کاخدا ژیان بەسەر دەبات

**کاخە:** زەردویی، نەخۆشی زەردویی، زەردی گەنم. بەمانای بارانیش دێت

**کادر:** چارچێوە، چوارچێوە، قاپ، قاپی وێنە

**کادو:** پێشکەشی، خەلاتی، دیاری، ئەوەی بەدیاری یان پێشکەشی بە کەسێکی ئەدەن

**کاذب:** درۆزن، فشەکەر، دەرەوێر، ناراست، فرکەر

**کار:** ١– کار، پیشە، ئیش، ٢– شەڕ، جەنگ، هەرا ٣– کشتوکاڵ

**کاراب:** شەرابخۆری، عەرەقخۆری، زێدەڕۆیی کردن لە شەراب خواردنەوە

**کارآزمای:** ئەزمون کەر، تاقی کەرەوە، ئەوەی کارێك تاقی یان ئەزمون دەکات

**کارآزمودە:** بەئەزمون، خاوەن ئەزمون، شارەزا

**کارآشوبی:** شێواندن، کارتێکدان، کارشکێنی

**کارآفرین:** ئافرێنەر، خوا، ئەوەی دەخولقێنێت و دەئافرێنێت

**کارآگاە:** پشکنەر، لێکۆڵەر، ئەوەی لە ڕاستی ڕوداوێك ئاگادارە. بە مانای سیخوڕ و دوزمان و ئەستێرەناسیش بەکار ئەبرێت

**کارآمد:** کارزان، شارەزا، زانای کار، شیاو، شایان، ژێهاتی، ئەوەی بە جوانی بتوانێت کارێك ئەنجام بدات

**کارآموز:** قوتابی، شاگرد، بەردەستی وەستا، ئەوەی لە شوێنێك یان نوسینگەیەك سەرقاڵی فێربونی کارێك بێت

**کارآور:** کارزان، خاوەن کار

**کاراتە:** کاراتە، هونەی زەربە لێدان، جۆرێك وەرزشە

**کارافتادن:** ڕوودان، ڕوودانی کارەسات یان کارێك، پێشهاتن، ئەنجام دران

**کارامل:** شەکری سوتاو، سۆهان، شەکر و هەنگوین

**کاربافك:** جارجاڵۆکە

**کار بشول:** کارساز، کاردان، شارەزا، زانای کار، ئەوەی کارێك بە باشی ئەنجام ئەدات

**کاربان:** بڕوانە کاروان

**کاربستن:** بەجێ هێنان، کار بەئەنجام گەیاندن، بە کار بردن، بە کار بەستن

**کاربهر:** بەهرەی کار، داهاتی کار، سودی کار

**کاربین:** کارزان، کارناس، کارنیاس، کارشوناس

**کارپذیر:** کاروەرگر، ئەوەی بە کار یان پیشەیەك ڕازی دەبێت

**کارپرداز:** بەڕێوبەر، بەڕێوبەری کار

**کارپژوە:** پشکنەر، لێکۆڵەر، پرس وجۆکەر

**کارپیچ:** لەفاف، ئەوەی لە دەوری شتێکیەوە بئاڵێنن

**کارت:** کارت، کارد، وەرقە، کارتۆنی ناسك، خەریتەی جوگرافیا

**کارتن:** جارجاڵۆکە، کاکڵە موشان

**کارتن:** کارتۆن، مقەبا، مقەوا

**کارتنك:** جارجاڵۆکە، پەسپەسەکۆڵە، داپیرك

**کارجو:** کارخوزا، ئەوەی بە دوای کاردا دەگەڕێت

**کار چاق کن:** دەلاڵ، نێوەنجیگەر، ئەوەی کاروباری نێوان دوو کەس ڕێك دەخات

**كارخانــە:** كارخانـە، كارگـە، شـوێنی كـار، جێگـای دروس كردنی شتومەك

**كارخانەچـــی:** كارخانەچـی، كارخانـەدار، ئـەوەی كاروباری كارخانەیەك بەڕێوە دەبات

**كارخانەدار:** كارخانـەدار، خـاوەن كارخانـە، بەڕێوبـەر یان سەرۆكی كارخانەیەك

**كارد:** كارد، كێرد، چەقۆی گەورەی دەسكدار

**كاردان:** كـارزان، كارنـاس، كارنیـاس، شـارەزا لـەكار، هونەرمەند، زیرەك، لێهاتوو، لـیٚ وەشـاوە، بـە توانـا، دەست ڕەنگین، عاقڵ، زانا، دانا

**كاردگر:** چەقۆ ساز، كێردچی، ئـەوەی كێـرد و چـەقۆ دروست دەكات

**كاردیدە:** كاردیتو، بە ئەزمون، بە توانا، لیٚ وەشـاوە، شەڕ دیتو، چاونەترس، چاو قایم

**كاردینال:** كاریدناڵ، خەلیفە، مەتران، قەشەی گەورە كە لە دوای پاپ یەكەم پێگەی هەیە

**كاران:** پێشكار، پارێزەر، كارگوزار

**كارراه انـداز:** كارڕێكخەر، ئـەوەی كاروبارەكـان ڕێك دەخات

**كارزار:** شەڕ، هەرا، بەزم، جەنگ، گۆڕەپانی شەڕ

**كارساز:** كارساز، كار ڕێكخەر، چارەساز، چارەكەر

**كارستان:** كارگە، شوێنی كار

**كارســنج:** كـارزان، كـار دیتـو، بـە ئـەزمون، ئـەوەی توانای هەڵسەنگاندنی كاروبارەكانی هەیە

**كارشكن:** كارشكێن، كار تێكدەر، كارشێوێن، ئـەوەی ببێتە لەمپەر لە پێشكەوتنی كارێك

**كارشناس:** كارناس، كارنیـاس، كـارزان، كارشـوناس، شارەزا و پسپۆڕ لە كارێك

**كار طراز:** كارڕێكخـەر، كارسـاز، ئـەوەی كاروبارەكـان ڕێك دەخات

**كار طلب:** كارخواز، ئەوەی بە دوای كـاردا دەگـەڕێت، شەڕكەر، شەڕخواز، خوازیاری شەڕ یان كار

**كارفرما:** خاوەن كار، خودانی كار

**كــاركرد:** كـردەوە، كـار، كـاركرد، كـاركرد، كارێـك كـە ئەنجام دراوە، ئەندازە و پێوانەی كاری ئەنجام دراو

**كار كـردن:** كـار كـردن، سـەرقاڵی كارێـك بـون، كارێـك ئەنجام دان، بە ئەنجام گەیاندن، بە جیٚ هێنان

**كاركـشتە:** بـە ئـەزمون، بـە توانـا، شـارەزا، لێهـاتوو، پسپۆڕ، كارزان

**كــــاركن:** كاركـەر، كرێكـار، كاریگـەر، ئـەوەی كـار ئەكات، كاری

**كاركیــا:** خـاوەن كـار، خـوادن كـار، كـارزان، وەزیـر، حاكم

**كارگاە:** كارگە، كارخانـە، شـوێنی كـار و شـت و مـەك دروست كردن

**كارگر:** كرێكار، كاركەر، كاریگەر، ئەوەی لە كارخانـە یان شوێنێك كار دەكات و پارە وەردەگرێت، پالە

**كــارگردان:** كـار بەڕێوبـەر، هەڵسـوڕێنەری كاروبـار، ئـەوەی بەڕێوبردنی كاروبـاری شـوێنێك لـە ئەسـتۆی ئەودایە

**كارگـشا:** فریـاڕەس، چارەسـەركەر، ئـەوەی یارمـەتی كەسێكیتر دەدات و كاروبارەكانی بۆ ڕێك بخـات. بـە مانای دەلاڵ و نێوەنجیگەریش دێت

**كارگـــل:** قوڕەكـاری، كـاری قوڕەكـاری لـە دروسـت كردنی بینا و خانوبەرە

**كارمزد:** كریٚ، حەقی كار، ئەو پـارەی كـە لەبەرابـەری كاری ئەنجام دراودا وەری دەگرن

**كارمنــــد:** كاربـەدەس، كرێكـار لـەناو دام و دەزگـا حكومیەكان

**كــارنــاآزمودە:** لێنـەهاتوو، دەسـت وپـیٚ سـپی، نـا شارەزا، كەم توانا، بیٚ ئەزمون لە كار

**كارنادیدە:** بڕوانە كار نائزمودە

**كارنـــاكردە:** كـار نـەكردو، نـەكركار، بـیٚ ئـەزمون، تەمەڵ، ئەوەی كە كارێكی ئەنجام نەداوە

**كارنامە:** كارنامە، بەروار و مێژووی بەسـەرهاتەكانی كەسـێك، كتێبێـك كـە لـەخۆگری بەسـەرهات و ڕوداوەكانی ژیـانی كەسێك بێـت. كـارت، كارنامـەی نمرەكانی خوێندكار لە قوتابی كە لە كۆتایی هـەر ساڵێك دەدرێت

**کارناوال:** کەرنەوال، کانەوال، ڕۆژەکانی خۆشی و ڕابواردن لە جەژنی دەرکەوتنی مەسیح
**کارنگ:** زمان چەور، زمان لوس، زمان شیرین، زمان پاراو
**کارنە:** دەفتەر، تیانوس، دەفتەری بچوک، نامیلکە
**کاروان:** کاروان،، مەکارە، کارەبان، قافلە، ژمارەیەك گەشتیار کە پێکەوە سەفەر بکەن
**کاروانخانە:** کاروان سەرا، کاروان خانە
**کاروان رو:** کاروان ڕێ، ئەو ڕێگایەی کاروان لێوەی دەڕوات
**کاروان سالار:** کاروان سالار، سەرۆك و گەورەی کاروان
**کاروانسرا:** کاروانسەرا، شوێنێکی گەورە لەناو شار یان لەسەر ڕێگەی کاروان کە کاروانیەکان لەوێدا وچان دەگرن
**کاروانسرادار:** خاوەنی کاروانسەرا
**کاروانکش:** کاروان سالار، ئەو کەسەی کاروان ڕێبەری دەکات
**کاروانگاه:** کاروان جێ، کاروانگە، شوێنی کاروان، شوێنی وەستان و وچان گرتنی کاروان، کاروانسەرا
**کاروبار:** کاروبار، کار، پیشە، ئیش
**کارورز:** شاگرد، قوتابی، ئەوەی سەرقاڵی فێر بون یان ڕاهێنان لە کارێکدایە
**کاروژول:** سەرکرێکار، ئەوەی سەرپەرەشتی کرێکاران دەکات
**کاروکرد:** کار و هێز، مەبەست، موردا، ئەنجام، نیەت
**کاروکشت:** کشت و کاڵ، وەرزێری
**کاروکیا:** فەرمانڕەوایی، دەسەڵات، هێز
**کارە:** لێهاتوو، تایبەت بەکار، شارەزا، ئەوەی توانایی ئەنجامی کارێکی هەیە
**کاری:** کاری، کرێکار، کاریگەر، ئەوەی زۆر کاربکات یان کارەکەی بە جوانی ئەنجام بدات. و بەمانای شەڕکەر و شەڕخواز و ئازایش دێت
**کاریدن:** چاندن، تۆ وەشاند، وەرزێری کردن، کشت و کاڵ کردن
**کاریز:** کارێز، چاوە، چاوگە، سەراو، قەنات
**کاریکاتور:** کاریکاتۆر، ئەو وێنە یان دیمەنەی بێتە هۆی پێکەنین
**کاریکاتوریست:** کاریکاتۆریست، ئەو کەسەی وێنەی کاریکاتۆری دەکێشێت
**کاریگر:** کاریگەر، پیشەگەر، سەنعەتکار، کرێکار
**کاز:** زاخە، شوول، لادڕ، مەغار، غار، شوێنێ لە بیابان یان کێو کە دروستیان کردبێت بۆ مانەوەی مەڕ و ماڵات تیایدا
**کازە:** بڕوانە کاز
**کازینو:** گازینۆ، کازینۆ، قومارخانە، شوێنی ڕابواردن و قومار کردن
**کاژ:** خێل، چاوخوار، چاو گێڕ، چاوخوێر
**کاس:** کوس، تەپڵ، تەپڵی گەورە
**کاس:** چاڵ، قووڵ، بە قولاَ چو
**کاس:** شین، کەوەیی، چاوشین
**کاس:** کاسە، دەفر، جام، دەفرێك کە شەراب یان ئاوی تیا دەخۆنەوە
**کاسب:** کاسب، بازرگان، مامڵەچی، سەوداگەر، ئەوەی سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنە، دوکاندار
**کاست:** کەمی، کەمو کوڕی، بە مانای خواری و درۆیش دێت
**کاستر:** سەگی ئاوی
**کاست کار:** لار، خوار، درۆزن، فێڵباز
**کاستن:** کەم کردن، کەم بون، کەمبونەوە، کورت بونەوە
**کاسد:** بێ برەو، نارەوا، کۆن، بێ بەها، کەم نرخ
**کاسر:** شکێنەر
**کاسك:** خود، کڵاوخود
**کاسە:** کاسە، کاس، جام، قاپ، دەفری نان سواڵەت یان چینی کە نانی تیا دەخۆن
**کاسە پرداز:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر، زگ برسی
**کاسە پشت:** کیسەڵ
**کاسە سر:** کاسەی سەر، جومگە
**کاسە زانو:** سەر ئەژنۆ، کاسەی ئەژنۆ

**کاسه سیاه:** بەخیل، ڕەزیل، ڕژد، بە تەماح

**کاسە گـردان:** سوالکەر، درۆزەکەر، سوالکەرێك کە دەفری بە دەستەوەیە و کۆڵان و کۆڵان دەگەڕێت بۆ سوال کردن

**کاسەلیس:** کاسە لـێس، زۆر خـۆر، ئـەوەی دوای خـواردن قاپەکـەی دەلێسێتەوە، سوالکەر، برسـی، زۆر خۆر، تێرنەخۆر، بەخیل

**کــاش:** خۆزگـە، بریـا، ئـاخ، وشـەیەکە لـە کـاتی دەربڕینی ئارەزو و حەز بە کاری دەبەن

**کاش:** شووشە، شیشە

**کاشان:** بڕوانە کاشانە

**کاشانە:** هێلانە، خانوو، ماڵی چکۆلە، ماڵ، خانوی زستانی

**کاشت:** کشت و کاڵ، چاندن

**کاشتن:** چاندن، کشت وکاڵ کـردن، کێلان، شـانای، کێلاندن، توو چاندن، توو وەشاندن

**کاشح:** قینـاوی، بـوغزاوی، قریـوك لـە سـك، ئەوەی دوژمنی خۆی دەشارێتەوە، ڕق ئەستور

**کاشف:** دەرخەر، دیارخەر، ئاشکراکەر، بە دیهێنەر

**کاشفە:** ١- بڕوانە کاشف ٢- ڕیسوایی، ئابڕوچون، حەیا تکان

**کاشك:** خۆزگە، بریا

**کاشە:** یـەخ، سـەهۆڵ، سـەهۆڵی تـەنك کە لەسـەر ئاو ببیەستێت

**کاشــی:** کاشـی، خـشتی ڕەنـگین و نەقاشـی کـراو، دەفری گڵێنی ئاودراو

**کاشی ساز:** کاشی ساز، ئەو کەسـەی کاشـی دروسـت دەکات

**کاشی کار:** کاشی کار، ئەوەی کـار بـە کاشـی دەکات، وەستای کاشی

**کــاظم:** بێـدەنگ، خـۆڕاگر، بـە تاقـەت، و نازنـاوی ئیمامی حەوتەمی شیعەکان

**کاغ:** ١- کاوێژ، کاوێژ کردن، ئەو ئاژەڵانـەی کاوێـژ دەکەن ٢- ناڵە، ئاواز، دەنگ، دەنگی قەلە ڕەشە

**کاغذ:** کاغەز، وەرەقە، قاقەز، قاغەز

**کاغذ باد:** کۆلارە

**کاغذ بر:** قاقەز بڕ، هەر ئامێرێك کە کاغەز ببڕێت

**کاغـذ سـاز:** قاقز سـاز، کاغز ساز، ئەوەی کـە کـاغز دروست دەکات

**کاغذ گر:** بڕوانە کاغذ ساز

**کاغذین:** قاقـەزی، دروسـت کـراو لـە قاقـەز، کاغـەزی، ئەوەی وەك کاغەز ئاسك بێت

**کاغــە:** گێـژ، نـەزان، ئەحمـەق، وڕ، کـاس، حـۆڵ، ساویلکە، دڵ سادە

**کاف:** درز، قەڵشت، دڕاوی

**کافر:** داپۆشەر، مل نەدەر، بێ دین، بێ باوەڕ، کافر، ناموسوڵمان، ناسوپاس

**کافرانە:** کافران، بێ دینانە، وەك کافرەکان

**کــافرخو:** ستەمکار، زۆردار، ئـەوەی خـو و کـرداری وەك کافرەکان بێت

**کافر دل:** بێ ڕەحم، بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵ ڕەق

**کافرستان:** کافرسان، کافرسـتان، شـوێن یـان شـارێك کە زۆربەی خەڵکەکەی کافر و بێ باوەڕ بن

**کافر سیرت:** بڕوانە کافر خو

**کافر کیش:** بێ دین، بێ باوەڕ، کافر

**کافر نعمت:** ناسوپاس، ناڕازی، ئەوەی بە بەشـەکەی خۆی ڕازی نەبێت

**کافرنهاد:** بڕوانە کافر خو

**کافرە:** کافر، ژنی کافر، ژنی بێ باوەڕ

**کافل:** دەسەبەر، دەستەبەر، لە خۆگر، ئەوەی کارێك لە خۆ دەگرێت یان دەبێتە دەستەبەری کەسێك

**کافور:** کافور، دەرمانێکە سپی ڕەنگ و بۆنخۆش کە لەهەنـدێ گیـا بـە تایبـەت لـە دارێکـی نـاودار بـەم ناوەوە بە دەست دێت

**کافورپوش:** سپی پۆش، ئەوەی جل و بەرگی سپی لەبەر بکات

**کافورپیکر:** سپی پێست، لەش سپی، ئەوەی ڕەنگی جەستەی سپی بێت وەك کافور

**کــافورخوار:** کـافور خـۆر، ئـەوەی کـافور بخـوات، سارد، سارد و سڕ

**كافورسار:** سەر سپی، ئەوەی سەری سپی بوبێت

**كافور گون:** كافور ڕەنگ، بە ڕەنگی كافور

**كافورمو:** مو سپی، سەر سپی، ئەوەی موی سپیە

**كافوری:** كافوری، تایبەت بە كافور، ئەوەی ڕەنگ یان بۆنی كافوری بێت

**كافە:** كافە، قاوەخانە، چایخانە، جێی ڕابواردن

**كافـە:** ١- ڕێگر، بەربەست، تەواوكەر ٢- هەمو، هەموان، گشت

**كافی:** بەس، تەسەلی، بەس بون، بەسندە، ئەوەی كەسێك یان شتێك لە كەسێك یان شتێكیتر بێ نیاز بكات

**كاك:** ١- كاك، كاكە، پیاو ٢- خەڵك، گلێنەی چاو ٣- بەمانای هەر شتێك وشك و باریك و ناو بەتاڵ

**كاكا:** كاكە، برای گەورە، بە مانای غولامیش دێت

**كاكائو:** كاكاو، كاكائۆ، دارێكە لەشوێنە گەرمەكاندا دەڕوێت و بەرزیەكەی تا شەش مەتر دەگات

**كاكا سیا:** قول، قوڵە ڕەش

**كاكاوەنـد:** كاكاوەنـد، یـەكێك لـە تایەفـەكانی نیشتەجێی قەزوێن لە ئێران

**كاكل:** كاكۆڵ، ئەگریجە، زوڵف، قژ، فڕ، پرچ

**كاكو:** خاڵ، خاڵۆ، برای دایك

**كاگـا:** قـامیش، جۆرێـك قـامیش كـە لـەناو ئـاودا دەڕوێت

**كـال:** ئـاودڕ، چـاڵی گـەورە، زەوی كـە ئـاو هەڵیكەندبێت و چاڵی كردبێت

**كال:** خوار، خێچ، لار، خوێر

**كـال:** كـاڵ، نەگـەییو، پێنەگەشـتو، میوەیـەك كـە هێشتا نەگەییبێت و بۆ خواردن نەشێت

**كالا:** كاڵا، چتومەك، شتمەك، مەتا، كوتاڵ

**كالار:** تاشەبەرد، تاشە بەردی پان و ناسك

**كالب:** جەستە، لەش، تەن

**كالبـاس:** كاڵبـاس، گۆشتی گا یان بەراز كە لـەناو ڕیخۆڵەی دەكەن و لە ناو پۆندا سووری دەكەنەوە

**كالبـد:** جەسـتە، تـەن، قاڵـب، لـەش، قەڵافـەت، هەیكەل، لاشە

**كالبد گر:** نەقاش، وێنەكێش، پەیكەر تەراش

**كالج:** كۆلێژ، دواناوەندی، خوێندنی باڵا

**كالسكە:** گالیسكە، كالیسكە، وەرگیراو لە ڕوسی كە یـەكێك بـوو لـە هۆكارەكـانی گواسـتنەوە كـە چـوار چەرخی بوو و بە دو ئەسپ یان زیاتر ڕادەكێشرا، عارەبانە

**كالسكەچی:** گالیسكە چی، ئەو كەسەی كە گالیسكە لێدەخوڕێت، عارەبانەچی

**كالفتن:** پەرێشان بون، شڵەژان، ژاكان، پەرێشانحاڵی

**كالك:** كاڵ، نەگەییو، پێنەگەشتوو

**كالنجار:** شەڕ، جەنگ، هەراوهوریا

**كالوج:** تووتە، پەنجە بچوك

**كالوج:** كەو، كۆتر

**كالوس:** نەزان، حۆل، گێژ، ئەحمەق

**كـالوش:** دیـگ، مەنجـەڵ، قـازان، دەفـری گـەورە بـۆ خواردن دروست كردن

**كالە:** كاڵا، چتمەك، شتومەك، كوتاڵ

**كالە:** كاڵ، پێنەگەییو

**كالی:** بێعانە، قەرز

**كالیجار:** بڕوانە كالنجار

**كالیدن:** ١- شڵەژان، پەرێشان بون، شێوان، ژاكان ٢- هەڵاتن، ڕاكردن، دووركەوتنەوە

**كالیس:** پیاڵە، جام

**كالیو:** سەرگەردان، حیران، شڵەژاو، ئەحمەق، نەزان، گێژ، حۆڵ

**كالیورنگ:** سەرگەشتە، حەیران، گێژ

**كـام:** دەم، ئـاودەم، زار. بـە مانـای مەبەسـت و ئارەزوویش دێت

**كـام بخش:** ئارەزوبەخش، بەدیهێنـەری مەبەسـت و هیوا، هیوا بەخش

**كامپیوتر:** كۆمپیتەر، كامپیوتەر

**كام راندن:** ڕابواردن، خۆش گوزەراندن

**كامروا:** خۆشبەخت، كامەران، بەختەوەر، كامەران

**كامفر:** بڕوانە كافور

**كامكار:** كامەران، بەختەوەر، خۆشبەخت

**کامل:** تەواو، بێ عەیب، بێ کەم و کوڕی

**کامله:** بڕوانە کامل

**کامن:** شاراوە، نادیار، ون، ئەوەی لەبەر چاو نەبێت

**کام ناکام:** ناچار، خوازراو و نەخوازراو

**کامور:** بڕوانە کامیاب

**کامه:** مەبەست، خۆزگە، ویست، ئارەزو

**کامیاب:** کامەران، بەختەوەر، بە مووراد گەشتو، خۆشبەخت، سەرکەوتوو

**کامیار:** کامیار، کامەران، بەختەوەر، بە مەبەست گەشتوو

**کان:** کان، بنکە و شوێن کانزا و شتە بەردینەکان لەناو سروشت

**کان:** وەك، وەکو، هاوشێوە، هاوتا، وێنە، وەك بڵێی

**کانا:** نەزان، گێژ، ئەحمەق، حۆل، بێ ئاوز

**کانال:** کانالْ، کارێز، قەنات، ڕێگە، ڕێڕەوێکی گەورە کە لەنێوان دوو دەریادا دروست بکرێت، ئاودرگە، کەندالْ، قەنالْ

**کاندیدا:** کاندید، ناوبراو، دیاریکراو، نوێنگە، نوێنەری هەڵبژێردراو بۆ کارێك یان بۆ پۆستێکی حکومی

**کانگورو:** کانگۆرۆ، کەنغەر، جۆرە ئاژەڵێکی گیاخۆرە کە لە ئۆستۆرالیا دەست دەکەوێت

**کانوا:** کاموا، بەن، خوری ڕێسراو بۆ جل و بەرگی زستانی

**کانون:** ئاگردان، تون، ئاتەشخانە،، بنکە، ناوەنج، چەق، نێوەند

**کاواك:** پوچ، ناوبەتالْ، ناو خالْی. بە مانای کون و درزی داریش بە کار دەبرێت، پوچەلْ، قرۆلْ، هلۆلْ

**کاوالیه:** سوار، سوارە، سوارکار، سەربازێك کە ئەسپی هەیە

**کاوان:** بڕوانە کاویدن

**کاوك:** بڕوانە کاواك

**کاووك:** بڕوانە کابوك

**کاوه:** کاوە، لە داستانەکانی کۆنی ئێران ناوی ئاسنگەرێك بووە لە سەردەمی زوحاك کە دەڵێن توانیویەتی ئەو پاشایە لەناو ببات

**کاویدن:** پشکین، گەڕان، لێکۆڵینەوە، کەندن، هەلْ کلۆشان، پەی جۆری، هەلْ کۆڵاندن، هەلْ کەندنی زەوی بۆ گەڕان و دەرهێنانی شتێك

**کاویش:** کادۆش، ئەو دەفەری شیری مانگای تیا دەدۆشن

**کاه:** کا، ئالف، تفاق، وشکە گیا و ساقەتی گەنم و جۆ کە خواردنی ئاژەڵەکانە، کۆڵەش

**کاهانیدن:** کەم کردن، کورت کردنەوە، لێ کەم کردن، لێ داشکاندن

**کاهدان:** کایەن، شوێنی کا و ئالفی ئاژەڵەکان، مەرەك، ئالفدان، کادان

**کاهربا:** بڕوانە کهربا

**کاهکشان:** بڕوانە کهکشان

**کاهگل:** کاگلْ، هەناو، سواخ

**کاهل:** سست، ناتەوان، لاواز، پیر، لەکارکەوتوو، پەك کەوتە، تەمەلْ

**کاهل:** پشتەمل، بۆقەتەی مل، ناوشان، سەرشان تا ژێر مل

**کاهن:** غەیبگۆ، کاهین، پیاوی ڕۆحانی لای مسریە کۆنەکان

**کاهنگان:** بڕوانە کهکشان

**کاهو:** کاهو، گیایەکە کە بە سەوزەوات هەژمار دەکرێت

**کاهیدن:** کەم بونەوە، کەم کردن، کەم هاتن، لەڕ بون، دابەزین، لاواز بون

**کئیب:** خەمبار، خەمگین، نارەحەت، دلْ پڕ ئێش

**کب:** دەم، زار، ناودەم، لێو، لچ

**کبائر:** گوناحی گەورە

**کباب:** کەباب، گۆشتی برژاو لەسەر ئاگر

**کبار:** گەورە، زلْ، زۆر گەورە

**کبارت:** گەورە بون، گەورەیی، زلْ بون

**کبت:** هەنگ، مێش هەنگوین، زەردەواڵە

**کبت:** لە زەوی دان، پشت شکاندن، ریسوا کردن، ئابڕو بردن، سوك کردن، دەرپەڕاندنی دوژمن بە تورەییەوە

**کبتر:** بڕوانە کبوتر

**کبج:** تف، ئاوی دەم، لیك

**کبج:** کەری کلك بڕاو، بیّ کلك

**کبد:** جگەر، جەرگ، جیگەر، یەهر، پشارەش

**کبد:** ١- سك گەورەیی، ورگ زلی ٢- دژواری، سەختی، ڕەنج، مەینەتی

**کبداء** ١- ئاش، ئاشی دەستی ٢- ناوەڕاستی ئاسمان

**کبر:** خۆ بە زل زانین، فیز، هەوا، خۆ بە زل زانین، لە خۆڕازی بون، خۆدەرخستن، لە خۆبایی بون

**کبر:** گەورە بون، پیر بون، بە سالاّچون، گەورەیی، بە تەمەنی

**کبرا:** کوبرا، جۆرە مارێکی ژەهرداری گەورەیە

**کبره:** پەترۆ، پەرتۆ، کەپەرە

**کبریاء** مەزنی، شکۆ، گەورەیی

**کبریت:** شقاتە، شخارتە، شەمچە، ئەوەی ئاگری پیّ دەکەنەوە، گۆگرد

**کبس:** گوشین، زەخت لێکردن، شتێك خستنە ناو شتێك و زەخت لێکردنی، ئاخنین، پڕ کردن، کەڵەکە کردن

**کبست:** تاڵ، هەر شتێکی تاڵ

**کبش:** قووچ، قۆچ، مەڕی شاخدار

**کبك:** کەو، ژەرەژ، کەۆ

**کبکبە:** کەبکەبە، داروبەست، شکۆ، کش و فش، هەنگ و دەنگ

**کبوتر:** کۆتر، کاواتری، کەمووتەر، کاوەتر، کەڤۆك، بەهیڤ، باڵندەیەکە حەلاڵ گۆشت لە شێوە و ڕەنگی جۆراوجۆر

**کبوترباز:** کۆترباز، ئەو کەسەی کۆتر لە ماڵەوە ڕادەگرێت و پەروەردەیان دەکات

**کبوتر نامەبەر:** کۆتری نامەبەر، جۆرە کۆترێکە گەورتر لە کۆتری ماڵی کە بۆ گەیاندنی پەیام و نامە بە کاری دەبەن

**کبود:** شین، کەوەیی، شینی تێر یان وەنەوشەیی پڕ ڕەنگ

**کبودتشت:** ئاسمان، عاسمان

**کبود جامە:** شین پۆش، ئەو کەسەی جل و بەرگی شین لەبەر دەکات

**کبود پشم:** چاوشین، ئەو کەسەی ڕەنگی چاوی شینە

**کبودی:** ١- شینی، کەوەیی بون، شین بون ٢- خاڵ، ئەو خاڵەی بە دەرزی لە سەر پێست دروستی دەکەن

**کبوس:** خوار، خوێر، لار، ناڕاست، چەماوە

**کبە:** کۆگا، کۆپەڵە، هەڵهاتویی، کفتە، تەپۆڵکەی خاك، سەریوان، سەریکوان

**کبی- کپی:** مەیمون، عەنتەر

**کبیتك:** سماتە، ئامێرێکە بەردی ئاشی پیّ تیژ دەکەن

**کبیث:** بۆگەن، ڕزیو، بۆن ناخۆش، گۆشت کە گەنیو و بۆگەن بوبێت

**کبیر:** گەورە، مەزن، زل، گەرا، سان، بۆز، زەلام

**کبیره:** گوناحی گەورە، گوناحی وەك قەتڵ و زینا

**کبیسه:** کەبیسە، ساڵێك کە بە پێی یاساکانی ئەستێرە ناسی یەك ڕۆژ بە مانگی ئاخری زیاد دەکەن و ئەمە هەر چوار ساڵ جارێکە

**کپ:** دەم، زار، ناودەم

**کپان:** بڕوانە قپان

**کپی:** کۆپی، ڕونوس، وێنە کە لەڕوی وێنەیەکیتر یان ڕونوس کە لەسەر ڕونوسێکی تر دەیگرنەوە

**کپیدن:** خەوتن، نوستن، خەفتن. بە مانای دزین و ڕفاندنیش دێت

**کپیه:** کۆپی، ڕونوسی، لاسایی کردنەوە، دەمەلاسکیّ

**کت**: شان، شانه، سەرقۆڵ، و بەمانای تەختی پاشایەتیش بەکار دەبرێت

**کت**: کۆت، نیو قۆڵ، قۆڵ کورت

**کت**: تەنیشت، دەندە، لا، داوێن

**کتاب**: کتێب، نوسراوە، پەرتووك، نوسراوی چاپ کراوی بەرگ تێگیراو

**کتاب**: فوتابخانە، خوێندنگە، خوێندنگەی سەرەتایی

**کتابت**: نوسین، نوسەری، کتێب نوسین

**کتابچە**: نامیلکە، کتێبی بچوك

**کتابخانە**: کتێبخانە، کتێوخانە، شوێنێکی گشتی بۆ هەڵگرتنی کتێب

**کتابخوان**: خوێنەر، کتێب خوێن، ئەو کەسەی کتێب دەخوێنێتەوە

**کتابفروش**: کتێب فرۆش، ئەو کەسەی کاری فرۆشتنی کتێبە

**کتاب مقدس**: ئەنجیل

**کتابی**: کتێبی، تایبەت بە کتێب، وەك کتێب

**کتان**: کەتان، گیایەکە کە لاسکی باریك و بەرز و بەرزیەکەی تا یەك مەتر دەگات

**کتب**: کتێبەکان، چوار کتێبی ئاسمانی کە بریتین لە صەحیفەکانی ئیبراهیم و تەورات و ئەنجیل و قورئان

**کتب خانە**: بڕوانە کتابخانە

**کتخدا**: بڕوانە کدخدا

**کترە**: ١– دڕاو، هەڵدراو، هەڵدڕیاگ ٢– قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت

**کتری**: کتری، دەفری مسینی لوولەدار بۆ چایی دروست کردن

**کتف**: شان، شانە، کۆڵ، تەختەی شان، سەرقۆل

**کتك**: داردەست، گۆچان، داردەستی قەلەندەران

**کتك**: مەڕ، مەری بچوك، بەرخۆلە، ئەو مەڕەی دەست وپێی کورت بێت

**کتکار**: نەجاڕ، دارتاش

**کتکن**: چاڵ هەڵکەن، بیر هەڵکەن، ئەو کەسەی کاری هەڵکەندنی چاڵ و کارێزە

**کتگر**: بڕوانە کتکار

**کتل**: تەپۆڵکە، تەپە، گرۆدڵکە، ملە، کوتەڵ

**کتم**: داپۆشین، شاردنەوە، قایم کردن، بە ژێر لێو کردن، حەشار کردن

**کتم**: وسمە، بەرگی شین

**کتمان**: شاردنەوە، نهێن کردن، حەشاردان، بەژێر لچەوە کردن

**کتنبر**: زۆرخۆر، تێرنەخۆر، تەممەڵ، تەوەزەل

**کتوم**: ڕازدار، ڕاز هەڵگر، ئەوەی ڕازی کەسانیتری لایەوە نایدرکێنێت

**کت ومت**: کت و مت، وەك خۆی، بەتەواوی، بە هەمان شێوە

**کتە**: کەتە، برنجی کوڵاوی بێ ڕۆن

**کتیبە**: فەوج، دەستەیەك لە لەشکر. و بە مانای نوسراوە کە لەسەر دەرگا یان دیواری بینایەك دەنوسرێت

**کتیرا**: کەتیرا، شیلەیەکە کە لە گیایەکی دڕکاوی بەناوی گەوەن وەردەگیرێت

**کتیم**: شاراوە، داپۆشراو، لەبەرچاو نەبو

**کثافت**: پڕبون، کەڵەکە بون، کۆگا بون، تێکەڵ وپێکەڵ. لە فارسیدا بەمانای پیس و پۆخڵی بە کار دەبرێت

**کثرت**: زۆر بون، فرە بون، فرەیی، زیادی، زۆری

**کثیب**: تەپۆڵکە، تەپە، گردۆلکە

**کثیر**: زۆر، فراوان، فرە، زیاد، مشە

**کثیف**: ئەستور، تێکەڵ، چڕ و پڕ. لە فارسیدا بە مانای پیس، پۆخڵ و بۆگەن و چڵکن بەکار دەبرێت

**کج**: خوار، لار، گێڕ، ناڕاست، چەماوە، خوێر، دژی ڕاست

**کج**: کەژ، هەوریشمی نەڕێسراو

**کجا**: کوێ، بۆ کوێ، لە کوێ، وشەی پرسیار کردن بۆ جێگە

**کجاوە**: کەژاوە، هۆدە،

**کج بین:** خێل، خوێل، چاو خوار، چاوخێل

**کج خلق:** ڕوو ناخۆش، ئەخلاق ناشیرین، تووڕە، مۆن، گرژ

**کج رو:** لار ڕەو، ئەوەی بە ڕێگەی ناڕاست و لاردا دەڕوات

**کج سرشت:** خراپەکار، بەد نیهاد، پیس

**کج کلاه:** کڵاو خوار، کڵاو لار، تەپلە لار، ئەو کەسەی کڵاو بە خواری لەسەر دەکات و و مەبەست لە کەسی لە خۆڕازی و خۆبینە

**کج معامله:** لار، درۆزن، ئەو کەسەی لە مامڵە کردنە ڕاستی بە کار نابات

**کجـواج:** لار، چەماوە، چەمیاگ، خوار، خوێر، ناڕاست

**کچل:** کەچەڵ، بێ مو، تاس، ئەو کەسەی سەری مووی پێوە نەبێت یان قژە سەری بەهۆی نەخۆشیەوە وەریبێت

**کچه:** ئەنگوستیلە، کلکەوانە، کلکەوانەی بێ نقێم

**کچیر:** وەزیر، پێشەوا، سەرکردە، سەرۆك

**کحـال:** پزیشکی چاو، سورمەکەر، شارەزا لەنەخۆشیەکانی چاو

**کحل:** سورمە، دەرمانی چاو، کل، کلە، ڕەژی

**کحل:** سورمە کێشان

**کحلی:** ١– سورمەساز، ئەو کەسەی کل یان سورمە دروست دەکات ٢– سورمەیی، بە ڕەنگی سورمە

**کخ:** کرم، دەعبا، داعبا، هەر دەعبایەکی ورد

**کـد:** ماڵ، خانو، خانوبەرە، گەڕەك، ناوچە، شوێن. ٢٠٠٢٣٦

**کـد:** ١– ڕەنج، دژواری، سەختی کێشان ٢– هەوڵدان، تێکۆشین، خەبات کردن بۆ گەشتن بە شتێك یان بەدەست هێنانی

**کدام:** کامە، کێ، چ کەسێك

**کدامین:** کامە، کێ، چ کەسێ

**کدبانو:** کەیبانو، ژنی ماڵ،کەیوانوو

**کدخدا:** کوێخا، کەیخوا، گەورەی دێ، قەیخا، قێخا

**کدر:** لێڵ بون، ڕەشی، تاریکی، ڕەشایی

**کدرت:** لێڵ بون، ڕەش بون، ڕەشایی، تاریکی

**کدفت:** سەر، کاسەی سەر

**کدو:** کەدو، کولەکە، گیایەکی یەك ساڵەیە بە لاسکی بەرز و گەڵای پان و ڕەنگی زەرد، کوڵند، قۆندك، کۆندك، کوندر

**کدواده:** دیوار، بناغەی دیوار، حەسار

**کدوخ:** حەمام، گەرماو، گەرمخانە

**کدودانه:** کرمی کولەکە، کرمی کەدو

**کـدورت:** ١– لێڵ بون، ڕەش بون، ٢– دڵتەنگی، مەلوول، بون، خەمبار بون، ناکۆکی

**کـده:** زمانە چکۆڵە، زمانە چکۆلە کە لە کۆتایی قورگدایە

**کدین:** جل کوت، جل شۆر

**کدیور:** جوتیار، جوت بەندە، وەرزێر، فەلا، کەیخوا، کەدخودا، خاوەن ماڵ، خودانی ماڵ

**کدیـه:** ١– سەختی، بەڵا، دژواری ڕۆژگار ٢– سواڵکەر، درۆزەکەری، کاری سواڵکەر، سواڵ کردن

**کذا:** بەم شێوە، ئاوا، ئاوەها، ئاوایە، بەم شێوەیە

**کذاب:** درۆزت، درۆکەر، زۆر درۆزن

**کذب:** درۆ، درۆ کردن، قسەی ناڕاست کردن

**کذلك:** بەم شێوەیە، بەم شێوە، ئاوەها، ئاوا

**کذي:** بەم شێوەیە، وایە، ئاوەهایە

**کـر:** کەڕ، گوێ نەبیست، نەبیس، ئەو کەسەی گوێچکەی هیچ نابیستێت

**کر:** زۆر، وزە، هێز، توانایی، تا، تین، تاقەت

**کر:** هێرش بردن، پەلاماردان، شاڵاو بردن، هەڵمەت بردن بۆ سەر دوژمن.

**کر:** کۆڕ، ئاوازی پێکەوە، چەند کەس کە پێکەوە یەك ئاواز یان گۆرانی دەڵێنەوە

**کـراء** کرێ، مز، ئەو پارەییەی کرێچی وەك کرێ خانو دەیدات

**کـراب:** ١– نزیك بونەوە، نزیکی ٢– زەوی کێڵان، جوت کردن، زەوی بۆ کشت و کاڵ ئامادە کردن

**کرابه:** بەڵا، بەڵای کتوپڕ، سەختی

**کراتن:** کاکڵەموشان، داپیرۆشك، جارجاڵۆکە

**کراد:** جڵ و بەرگی دڕاو و شەق وشڕ

**کرار:** پەلاماردەر، هەڵمەت بەر، ئەوە لە شەڕدا زۆر پەلامار دەدات

**کراز:** تونگ، سوراحی، دەفری ئاو

**کراسە:** دەفتەر، مەلزەمە، تیانوس

**کراش:** ڕوشان، پەرێشانی، شڵەژاوی، تێك چون

**کراشیدن:** پەرێشان بون، خراپ بون، لە کار کەوتن، بە فیڕۆچون

**کراکر:** قەلەڕەشە، ڕیشۆلی، ڕیشۆڵە

**کرام:** گەورەکان، ڕێزداران، هێژاکان

**کرام:** جوامێر، دڵ گەورە، بەخشەر

**کرامــت:** جوامێربـون، گـەورەیی کـردن، بەخـشین، ڕێزداری، هێژایی، ڕێز گرتن

**کرامند:** بەڕێز، بایبدار، گرنگ، نرخدارکران

**کـران:** کەنار، بەستێن، قـەراغ دەریـا، کـەنار دەریـا، لێوار، ڕۆخ

**کراوات:** کراوات، بۆینباخ

**کراه:** کۆتایی، ئەنجام، کەنار، قەراغ، کەنارە

**کراهت:** بێزار بون، نارازی بون، بە دڵ نەبون، قێز لێکردن، بێز لێکردن، بە خراپ زانین، پێ ناخۆش بون

**کراهیــت:** ناپەسەندی، قێزەونی، دزێوی، نابەدڵی، دزێو بون و ناپەسەند بونی کارێك

**کرایــە:** کـرێ، کـرێ خـانو، کـرێ دوکـان، ئـەو بـڕە پارەی کە کەسێك لە باتی کرێ دەیدات

**کرایــە نـشین:** کرێچی، کرێ نشین، ئـەو کەسـەی لـە خانوی کرێدا دادەنیشێت

**کـرب:** خـەم، پـەژارە، خەفـەت، مەینـەتی، سـەختی، دژواری

**کرباسە:** مارمێلك، مارمێلکە

**کرباس محلە:** گۆڕستان، قەبرستان

**کربـــال:** بێـژنگ، سـەرند، بێـژن، ئـەوەی شـتێ پـێ دەبێژنەوە

**کربت:** خەم، خەفەت، پەژارە

**کربز:** خەیار، ترۆزی

**کـــربن:** کـاربۆن، کـەربۆن، مادەیـەکی کیمـایی کـە بەشێوەی جۆراوجۆر لە سورشتدا دەست دەکەوێت

**کرپ:** کرێپ، ئەتڵەس، جۆرە پارچەیەکی ناسکە

**کرپوك:** مارمێلك، مارمێڵکە

**کـرت:** پـەلامار، هێرش، هەڵمـەت، هەڵمـەت بـردن لـە شـەڕدا. بـە مانـای نـۆرە، جـار، کـەڕەتیش بـە کـار دەبرێت

**کرتاســـە:** کەرتاسـە، دەورەی سـێیەم لـە دەورانـی دووەم زەوی ناسی

**کرتە:** کەرت، تۆمەشـان، تالآنە، زەویـەکی بچوك کە شتێکی تیا بچێنن

**کرتە:** نیو قۆڵ، قۆڵ کورت

**کرج:** دوگمە، قۆپچە

**کرجی:** بەلەم، قایەق، کەشتی بچوك، لۆتکە، قفە

**کرچ:** قاش، قاشێك لە شوتی یان کاڵەك

**کرچ:** کڕ، کڕکەتوو، مریشکی کڕکەوتوو

**کرخ:** بێ هەست، بێ شعور، سڕ، بێ تین، بێ گیان، بێ هێز

**کـرد:** کـورد، نـاوی نەتەوەیەکە ئاریـایی کـە بەسـەر چـوار وڵاتــی ئێـران و عێـراق و تورکیـا و سـوریا دابەش بون و چەندین عەشیرەی گەوریان تێدایە. بە زمـانی کـوردی دەدەوێـن و زۆربـەیان لەسـەر ئـایینی ئیـــــسلامن بــــەڵام لایــــەنگرانی ئــــایین و مەزهەبـەکانیتریش لـە نـاو کوردەکانـدا هەیـە وەك زەردەشـــتیەکان و کاکەییــەکان و ئیزەدیــەکان و مەسیحی و یەهودی....

**کـردار:** کـار، کـردەوە، کـردە، کـردار، چۆنیەتی کـار، شێوە، جۆر، یاسا، شێواز، ڕێسا

**کردك:** بەش، بەند، بەشێك لە کتێب

**کردگــــــار:** زۆرکــەر، زیادکــەر، چــالاك و یــەکێك لەناوەکانی خوا.

**کردگر:** بڕوانە کردگار

**کردمند:** چالاك، چوست، توند و تیژ، بزێو

**کـــردن:** کـردن، دروسـت کـردن، ئـەنجام دان، بـە جێهێنان، بە جێ هاوردن

**کـــردنگ:** نـەزان، حـۆل، دەبـەنگ، ئەحمـەق، گێـژ، ناشیرین، ناحەز

**کردەکار:** کردە، لێهـاتوو، لێوەشـاوە، بە ئـەزموون، بە توانا، شارەزا

**کردیت:** پێگە، ئابڕوو، دڵنیایی، باوەڕ

**کرز:** بلاڵوك، هاڵبلاڵوك

**کرز:** توێشودان، توێشودانی شوان

**کرس:** چڵك، قرێژی، پیسی، چڵکی جل و بەرگ

**کرسب:** مەمك بەندن ستیان، شاماکی، مەمکەلۆس، سینەبەند، کەمەرەندی پانی ژنان

**کرستون:** قەپان، شایەن، ترازویی گەورە

**کرســی:** کورسـی، تـەخت، چوارپایە، چوارپایە کـە لەسەری دادەنیشن

**کرش:** فریو، درۆ، فێڵ، تەڵەکە، زمان لوسی، کاسە لێسی، ریاکاری

**کرش:** ورگ، ورگی مانگا و مەڕ و هاوشێوەکانیان

**کرشمــە:** نـاز، عیشوە، لەنجە و لار، ئیشارە، چاو داگرتن، ئیشارە کردن بە چاو و برۆ

**کرشیدن:** کاسەلێسی کردن، مەرایی کردن، ریاکاری، فریودان، هەڵخەڵەتاندن

**کرفت:** پیس، چڵکن، چڵکاوی، ناپاك

**کــرفس:** کـەرەوس، کـەرەوز، گیایەکـە کـە لـە ریـزی سـەوزەوات هـەژمار دەکرێـت و لاسـکی سـپی و هاوشێوەی رێواسە و گەڵاکانی لـە خواردنـدا بە کـار دەبرێت

**کرفە:** چاکە، کاری باشە، خێر، پێچەوانەی گوناح

**کرفــەکار:** چـاکەکارتر، چـاکە خـواز، خێرۆمەنـد، خێرخواز

**کرفەگر:** بڕوانە کرفەکار

**کرك:** کورك، کوورك، بنی مووی بزن

**کرك:** کەرەواڵە، چیرۆك، چرك

**کرکرانك:** کرکراگە، خرمۆتە،

**کرکری:** بڕوانە کرکرانك

**کـــــرکس:** داڵ، لاشــەخۆر، داڵاش، خەرتــەڵ، داڵەکەرخۆر

**کرکفیز:** بڕوانە کفگیر

**کرکم:** ڕەنگین کەمان، کۆلکە زێڕینە، پەلکە زێڕینە

**کرکم:** زەعفەران، زافەران

**کرگ:** بڕوانە کرگدن

**کرگدن:** کەرگەدەن، کەرگـەدەنگ، ئاژەڵێکە گـەورە و بـە هێـز، گـەورەتر لـە گـامێش کـە درێژیەکـەی بـە چـوارمەتر و بەرزیەکـەی بـە دوومـەتر دەگـات و پێستی جەستەی ڕەش و ئەستورە

**کرگندن:** بڕوانە کرگدن

**کرم:** بەخشین، جوامێری، بەخشەری، گـەورەیی، دڵ فراوانی

**کرم:** مێو، تاك، داری تری

**کرم:** کرێمی، سپی زەرد باو

**کـرم:** کرم، دەعبایـەکی بێ دەسـت وپێی خـزۆك کە ئێسقانی نیە

**کرم:** کرێم، سەرشیر، قەیماغ، خواردنێك کە لـە شیر و شەکر و هێلکە دروستی دەکەن

**کرم ابریشم:** کرمـی هاوریشم، جۆرە کرمێکە کە بە لیکی یان ئاوی دەمی خۆیان هەوریشم دەتەنن

**کرمانــشاهی:** کرمانـشـیی، تایبەتبـە کرمانـشا، لـە خـەڵکی کرمانـشا. و یـەکێك لـە زاراوەکـانی زمـانی کوردی کە خەڵکی کرمانشا پێی دەدەوێن

**کرمایر:** قولاب، ئامێری کانزایی دیانەدار

**کرم پیشە:** بەخشەر، جوامێر، دڵ فراوان، بەخشندە

**کرملین:** کرێملین، کۆشکی سەرۆکایەتی لە روسیا کە ئەمرۆکەیش یەکێکە لە بینا ناودارەکانی ئەو وڵاتە و شوێنی دانیشتنی سەرۆکی ئەو وڵاتەیە

**کرمنــد:** پەلـەکار، تونـد و تیـژ، بـە هەڵپـە، چوسـت، چالاك، بلەز

**کرنا:** کەرەنا، بۆق

**کرنج:** گشنیز

**کرنج:** بڕوانە برنج

**کرنج:** چین دراو، چرچ، لۆچ، چرچ و لۆچ

**کرنجو:** مۆتەکە، شەوە، خەوی پەرێشان

**کرند:** ئەسپی زەرد، ئاڵ، هاڵ، خورمایی

**کرند:** کەرەند، یەکێکە لە هۆزەکانی کورد لە ئێران

**کرنر:** کۆرنێر، سوچ، سوچی یاری، وشەیەکە زیاتر لە یاری دو گۆڵیدا بە کار دەبرێت

**کرنش:** کورنوش، سەر دانەواندن، لە خۆبورین، خوڵتە، خۆ بە کەم زانین

**کرو:** کلۆر، رزیو، ددانی بە کەڵك نەماو، لە کار کەوتوو

**کرو:** بەلەمی بچوك، گەمیە، قایەق

**کروت:** قەڵەو، زل، بە گۆشت، تێرگۆشت، گۆشتن

**کروتنە:** داپیرۆشك، کاکڵە موشان، جاڵجاڵۆکە

**کرور:** پێنسەد هەزار

**کروز:** شادی، شادمانی، خۆشحاڵی، بە کەیفی

**کروشە:** کەوانە، کەوانە بەم شێوەیە [ ]

**کروکودیل:** کۆرۆکۆدیل، تیمساح، مارمیلکی گەورە

**کروە:** ماوەیەکە بە ئەندازەی سێ فەرسەخ، دو کیلۆمەتر. بە مانای هێلانە و ئارامگایش بە کار دەبرێت

**کروە:** ددانی لەکار کەوتوو، کلۆر، رزیو

**کرە:** بەچکە، بێچو، بەچکەی ئەسپ یان کەر

**کرە:** ناپەسەند، نابەدڵ، ئەوەی مرۆڤ بە ناپەسەند و ناشیرینی هەژمار بکات

**کریاس:** دەربار، پێش خانە، بەرهەیوان، بەردەرگە

**کریچ:** کەپر، ماڵێکی بچوك کە دەشتەوانان بۆ دروست کردنی سێبەر بۆ خۆیان لە دار و چیلکە دروستی دەکەن

**کریزی:** پیر، پەك کەوتە، چەماوە، بە ساڵاچوو

**کریستاڵ:** بلور، ئاوێنە، نەینوك، شتومەکی بلورین

**کریسمس:** کریسمەس، جەژنی لە دایك بونی مەسیح کە مەسیحیەکان لە شەوی ٢٥ دیسامبەر دەیگێڕن و بە جەژنی مەزهەبی ئەوان هەژمار دەکرێت

**کریشك:** ١- جوجکە، جوجەڵە، جوچکەی مریشك
٢- شەڕکەر، شەڕخواز

**کریشك:** چاڵ، قولایی

**کریشنا:** کریشنا، خوای هیندیەکان

**کریم:** کەریم، بەخشەر، بەخشندە، دڵ فراوان، دەست و دڵ باز

**کریە:** ناشیرین، ناحەز، دزێو، ناپەسەند، نابەدڵ، قێزەون، نەخوازراو

**کز:** کەژ، هەوریشمی نەڕێسراوی خاو

**کزاد:** جل و بەرگی دڕاو و شەق و شڕ

**کزاز:** گەزاز، کوزاز، وشکی و دەرد و سوتانەوە بەهۆی سەرما، و و جۆرە نەخۆشیەکە کە میکرۆبەکەی لە ڕێگەی برینەوە دەچێتە ناو جەستەی مرۆڤ و دەبێتە هۆی گرژ بونەوەی توندی ماسولکەکان کە لە ماوەی ٤ تا ١١ رۆژ دەردەکەوێت

**کزبرە:** گشنیز

**کزبود:** کەیخوا، کوێخا، سەرۆکی عەشیرە یان تایەفەیەك

**کز کردن:** کز کردن، کزۆڵە کردن، خۆ کۆ کردنەوە لە سەرما یان خەم

**کزم:** سەوزە، قەوزە، قەوزە کە لە قەراغ ئاو دەروێت

**کزوغ:** مۆرە، گەردن، مۆرەی گەردن، بربرەی مل

**کژ:** کەژ، هەوریشمی خاوی نەڕێسراو

**کژ:** خوار، خوێر، ناراست، لار، چەماوە، چەمیاگ

**کژار:** جیقڵدان، جیقڵدانە

**کژاوە:** کەژاوە، کەجاوە

**کژبین:** بروانە کج بین

**کژپایك:** قرژاڵ، قرژانگ

**کژ دل:** دڵ پیس، دڵ چەپەڵ

**کژدم:** کوڵاژدەم، دوپشك، چزە پێڵ، دومارە کوڵ، دوفیشك

**کژراه:** لاری، ڕێ خوار، ئەوەی لە ڕێگای ڕاست هەڵگەڕێتەوە، گومرا

**کژخمە:** خراپە کار، ئاکار ناشیرین، کردەوەخراپ

**کژمژ:** گێر و خوار، لار و لەوێر

**کس:** کەس، تاك، زات، مرۆڤ،

**کساء** جل و بەرگ، لیباس، پۆشاك

**کساد:** بێ بازاڕی، بێ برەوی، بێ مشتەری، لە برشەو کەوتن و دەست نەکەوتنی مشتەری بۆی

**کسالت:** سستی، بێ هیزی، بێ حالی، کزی، نەخۆشی، بێ تینی، هیلاکی

**کسالت آور:** خەم هێنەر، بێزار کەر، ماندو کەر، وزەبڕ، گیانبڕ

**کسب:** بە دەست هێنان، ئامادە کردنی شتێك، کۆکردنەوە، قازانج کردن، دەسکەوتن

**کسبە:** کاسب کاران، مامڵەچیەکان، سەوداگەران

**کسپرج:** مرواری

**کستە:** کوتراو، هاڕاو، دانەوێڵەی کوتراو کە هێشتا لە کا جیا نەکرابێتەوە

**کستی:** زۆران، زۆرانبازی، پشتوێن، کەمەربەند، پشتێنی پیرۆز کە زەردەشتیان لە پشتی دەبەستن و سێ گرێ لێ دەدەن

**کستی کردن:** زۆران گرتن، زۆرانبازی کردن

**کستیمە:** درکی وشتر، جۆرە چقڵێکە کە وشتر زۆر حەز بە خواردنەکەی دەکات

**کسر:** شکاندن، لەت کردن، ورد و پرد کردن، کەرت کردن، نووخاندن

**کسرە:** لەت، وردە، پردە، تیکە، تیکەیەك لە شتێکی ورد کراو و لەت کراو

**کسف:** ١- بڕین، پچڕاندن، بڕینی جل و بەرگ یان هەر شتێکیتر ٢- گیران، مانگ گیران

**کسل:** سست، بێهێز، بێ تین، بێ وزە، بێ حاڵ، لاواز، نەخۆش

**کسل:** سستی کردن، سستی، تەمەڵی کردن، تەمەڵی، بێ حاڵی

**کسلان:** سست، بێ هێز، ناتەوان، لاواز، نەخۆش

**کسمە:** بژ، ئاڵۆزکاو، قژی بژ لای ڕوخسار

**کسندر:** ناکەس، ناپیاو

**کسنی:** بڕوانە کاسنی

**کسوت:** جل و بەرگ، لیباس، سیپاڵ

**کسوف:** گیران، گیرانی ڕۆژ، تاریك بونی خۆر ئەو کاتەی کە مانگ دەکەوێتە نێوان زەوی و خۆر

**کسیر:** شکاو، شکێنراو، ورد کراو، ورد و پرد کراو

**کسیمە:** بڕوانە کستیمە

**کش:** باخەڵ، سینە، قەبرغگە، لا، کەلەکە

**کش:** جوان، باش، چاك، دەلال، دڵگیر

**کش:** کش، کشە، وشەیەکە لە کاتی دەرکردن و دورکردنەوەی مریشك بە کار دەبرێت

**کش:** کەژ، کەش، کەژ جۆرە بەنێکە کە لەکاتی کێشاندا درێژ و درێژتر دەبێت یانی تا زیاتر بکێشرێت زیاتر درێژ دەبێت

**کشاف:** دەرخەر، ئاشکراکەر، نیشاندەر، بەدیهێنەر، ڕونکەرەوە

**کشاکش:** کێشمەکێش، کێشان کێشان، بەم لاولادا کێشان، و مەبەست لە خەم و خەفەت و پەژارە و دژواری و ڕوداو و کارەساتی ناخۆش

**کشالە:** درێژە، درێژیی، بەردەوامی شتێك

**کشاندن:** کێش کردن، ڕاکێشان، کێشان، شتێك یان کەسێك بەرەو لایەك کێشان و بردنی

**کشاورز:** جوتیار، جوتێر، جوت بەندە، وەرزێر، فەلا، کشت وکاڵ کەر، کشتیار

**کشت:** کشت، کشتوکاڵ کردن، زەوی کێڵان و چاندنی

**کشت:** کوشتن، قەتڵ

**کشتار:** کوشتار، زۆر کوشتن، کوشتاری مەڕ و ماڵات لە کوشتارگا

**کشتارگاە:** کوشتارگا، کوشتارگە، ئەو شوێنەی کە مەڕو ماڵات و مانگای تیا سەردەبڕن

**کشتبان:** جوتێر، جوتیار، کشتیار، وەرزێر

**کشتزار:** کاڵگە، کێڵگە، زەوی و زار، کشتکە، زەوی کێڵدراو و چێنراو

**کشتك:** دەشت، دەشتی بچوکی

**کشتکار:** بڕوانە کشاورز

**کشتگر:** بڕوانە کشاورز

**کشتمان:** کێڵگە، کاڵگە، کشتکە، ئەو زەویەی شتێکی تیا چێنرابێت

**کشتن:** چاندن، زەوی کێڵان و چاندنی، کشت و کاڵ کردن، جوتیاری کردن

**کـشتن:** کوشتن، مراندن، گیان سەندن، گیان لە کەسێك گرتن. بەمانای کوژاندنەوەی چرا و روناکیش دێت

**کشتنگاه:** شوێنی کوشتن، کوشتنگە

**کـشته:** وشکە، میوەی وشك کراو وەك قەیسی و هەڵوژە

**کشتی:** زۆران، زۆران گرتن، زۆرانبازی، شاخ بە شاخ بونی دوو کەس بۆ لە زەوی دانی یەکێکیتر

**کشتی:** کەشتی، یەکێك لە هۆکارەکانی گواستنەوە کە لەسەر ئاو دەڕوات لە قەبارەی جیاواز و جۆری جیاواز وەك نەفەرهەڵگر و کەشتی شەڕکەر

**کشتی نوح:** کەشتی نوح، مەبەست لە کەشتی نوحی پێغەمبەرە

**کشیتبان:** کەشتیەوان، کەشتیوان، کەشتی ئاژۆ

**کشتی ران:** بڕوانە کشتیبان

**کشتی گیر:** زۆرانباز، ئەو کەسەی زۆران دەگرێت

**کشخان:** گەواد، پیاوی حیز، بێ غیرەت

**کشش:** هەوڵدان، تەقەلا کردن، تێکۆشان، تێکۆشین

**کشش:** ڕاکێشان، کێشان

**کشش:** کوشتن، گیان سەندن، مراندن

**کـشف:** دەرخستن، ئاشکرا کردن، دۆزینەوە، ڕوت کردن

**کـشف:** کیسەڵ. و ناوی بورجی چوارم لە دوانزە بورجی قرژاڵە

**کشفتن:** قەڵشتن، بڵاو کردنەوە، پرژاندن، ژاکاندن، سیس کردن

**کشك:** کەشك، دۆینە، قروت

**کشکاب:** دۆینە، کەشکی سوار بە ئاو کە نانی تیا ترێت دەکەن و دەیخۆن

**کشکك:** خرتکە زرانی، خرتکەڵەی ئەژنۆ، وژنگ

**کشکنجیر:** قلاً کوت، جۆرێك قۆچەقانی گەورەی بەرد هاوێژ

**کشکول:** کەشکۆڵ، دەفری دەروێشان

**کشمش:** کشمیش، کشمش، ترێی وشك کراو

**کشمکش:** کێشمەکێش، کێشە کێش، بگرە و بێنە

**کشن:** پڕ، پرش، زر، مشە، فراوان، مشە

**کشنیز:** گشنیز

**کـشواد:** قسە خۆش، زمان پاراو، بە توانا لە قسە کردن. و ناوی یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئێران لە سەردەمی کەیکاوس

**کش واکش:** بگرە و بێنە، کێشمە کێش، کێشان کێش

**کـشور:** وڵات، مەڵبەند، سەرزەمینێکی پان و بەرین کە لە خۆگری چەندین پارێزگا بێت و دانیشتوانەکەی لایەنگری یەك دەوڵەت بن، هەرێم، مەملەکەت

**کشورخدا:** پاشا، سەرۆك، خاوەن وڵات

**کشوردار:** وڵات پارێز، پاسەوانی وڵات

**کشورز:** بڕوانە کشاورز

**کش و فش:** کش و فش، قڕ و فڕ، شان و شکۆ

**کشی:** باشی، چاکی، دەلالی، دڵگیری

**کـشیدن:** ١- درێژ کردن، ڕاکێشان، کێشان، کێش پێدان ٢- ڕاکێشان، سەرنج ڕاکێشان بۆ لای خۆ ٣- بار بردن، کێشان، ڕاکێشانی بار یان هەر شتێکیتر ٤- کێشان، جگەرە کێشان، بردنە ناوەوەی دووکەڵ بۆ ناو سینە ٥- بەرگە گرتن، ڕەنج کێشان، سەختی بینین، ئازار کێشان

**کـشیده:** شەقەزللە، شەپازللە، شەقەزللە کە لە بن گوێ یان ڕوخساری کەسێکی بدەن

**کشیده بالا:** بالاً بەرز، بەژن بەرز

**کشیش:** کەشیش، قەشە، پیاوی ڕۆحانی مەسیحی

**کشیك:** کێشك، ئێشك، زێرەڤانی، پاسەوانی دان

**کعبه:** کەعبە، قیبلەی موسوڵمانان. ئەوەی شێوەی چوار گۆشەی هەبێت، ماڵی چوار گۆشە

**کف:** کەف، مادەیەکی سپی ڕەنگە کە لە شۆردنی پارچە یان جەستە بە ئاو و سابون دروست دەبێت. ئەوەی لە کاتی کوڵانی ئاو لەسەر ئاو دەردەکەوێت

**کف:** بەر، بەرە دەست، بەرە پێ.

**کـف:** وەستان، پەشیمان بونـەوە، پاشگەز بونـەوە، نەهێشتن، ڕێگرتن، ڕێ لێ گرتن

**کفـــا:** سـەختی، مەینـەتی، دژواری، بەدبـەختی، دڵتەنگی

**کفا:** جەزا دان، پاداشت دان، وەك یـەکی. بە مانای وەك، هاوشێوە، وێنە، هاوتایش دێت

**کفار:** کافرەکان، بێ باوەڕان

**کفارە:** کـەفارە، ئـەوەی بەهۆیـەوە گوناح دادەپۆشـن یـان قـەرەبوی گونـاح دەکەنـەوە وەك ڕۆژو گـرتن و خێر کردن

**کفانیدن:** درز پێدان، قەڵشتن، قڵشاندن، ترەکاندن

**کفایت:** بەس، بەس بون، تەواو بون، بەسندە

**کفت:** شان، سەرشان، سەر قۆڵ

**کفتار:** کەمتیار، کەمتار، گۆڕکەنکە، کەفتارۆ

**کفتر:** بڕوانە کبوتر

**کفتن:** ١– ترەکاندن، قەڵشتن، شکاندن، درز تێکردن ٢– ترەکان، شکیان، قەڵش بردن، درز بردن

**کفج:** کەف، کەفی ئاو یان سابون

**کفچلیز:** کەوگیر، کەوگیری بچوك

**کفـچە:** کـەوگیر، کـەفگیر، ئـەوەی کـەفی سـەر چێشتی پێدەگرن

**کفر:** کوفر، کفر، ناسوپاسی کردن، مل نـەدان، ڕازی نەبون، بێ دینی، بێ باوەڕی

**کفر آمیز:** کفراوی، تێکەڵ بە کوفر و ناسوپاسی

**کفـران:** کوفران، ناسوپاسـی کـردن، مل نـەدان، بێ دینی، بێ باوەڕی، ناموسوڵمانی

**کف رفتن:** ڕفاندن، دزین، فڕاندن، بە زیرەکی شتێك دزین و فڕاندنی

**کفرە:** کافرەکان، ناموسوڵمانان، بێ باوەڕان

**کفری:** کفری، تایبەتبە کوفر، کافر، بێ باوەڕ

**کف زدن:** دەست لێدان، چەپڵە لێدان، بەرە دەست لەیەك دان

**کفش:** کەوش، پێڵاو، پاپۆش، پاپوچ، پێڵا

**کفشدوز:** پێڵاوچی، کەوش دور، ئـەو کەسـەی پێڵاو دروست دەکات

**کفـشدوز:** گوێرەکـە سـوورە، مـاڵ ماڵـە سـوورە، خـاڵ خاڵۆکە

**کفش کن:** کەوش کەن، شوێنی پێلاو داکەندن

**کفشگر:** کەوش دروست کەر، پێڵاوچی، ئەو کەسەی کە پێڵاو دروست دەکات

**کفك:** کەف، کەفی ئاو یان دەریا

**کفگیر:** کـەوگیر، ئـامێرێکی کـون کـونی دەسـکدار کـە کەفی پێ دەگرن

**کفل:** سمت، ڕان، پشت قون

**کفـــل:** ١– بـەش، بـەهرە، پـار، پـشك ٢– وەك، هاوشێوە

**کفلگاە:** سمت، ڕان، پشت قون

**کفلیز:** بڕوانە کفچلیز

**کفن:** پۆشاندن، کفن کردن، داپۆشینی مردو بە کفن

**کفن:** کفن، جل و بـەرگی مـردو، ئـەو پارچـەیەی کـە مردوی پێ دادەپۆشن و دفنی دەکەن

**کفن دزد:** کفن دز، ئـەوەی قـەبر هـەڵدەداتـەوە و کفنـی مردو دەدزێت

**کفو:** وەك، هاوشێوە، وەکو، هاوتا، وێنە، وەکی

**کفـــور:** ١– مـل نـەدان، ناسوپاسـی کـردن، بـاوەڕ نەهێنان ٢– بێ باوەڕی، بێ دینی

**کفور:** کافر، بێ باوەڕ، ناسوپاس، بێ دین

**کفە:** تا، تای تەرازو، تای شایەن

**کفی:** بەس، بەسندە، تەواو

**کفیـــدن:** دەم کرنـەوە، قەڵـشان، درز بـردن، لـە یـەك بونەوە، ترەکیان

**کفیل:** دەستەبەر، زامن، لە خۆگر

**کفین:** بەردەستەکان، دوبەرە دەست

**ککە:** پیسی، شیاکە، ڕیخ، گوو

**کل:** کەچەڵ، بێ مو

**کـل:** کـەڵ، بزنـی نێـر، ئـاژەڵی نێـر وەك گـا و مـەڕ و ئاسك و بزن

**کل:** خوار، خوێر، لار، چەماوە، چەمیاگ

**کل:** هەمو، هەموان، گشت، تێکڕا، سەرپاك

**کل:** ۱ – کول بون، کول بونی شمشێر و کێرد ۲ – سست بون، سستی، تەمەڵی، لاوازی، ۳ – گرانی، قورسی، سەنگینی ۴ – دژواری، سەختی، بەڵا، مەینەتی

**کلا:** وانیە، بەم شێوە نیە، هەرگیز

**کلانــت:** ڕاگرتن، پاراستن، پاسەوانی دان، کێشك گرتن، ئێشك گرتن

**کلاب:** سەگ، سەگەکان

**کــلات:** قەلات، دێ، دێ یان قەلا کە لەسەر کێو دروست بکرێت

**کلاجـو:** پیالە، پیالەیەك کە شەراب یان قاوەی تیا بخۆنەوە

**کلاچ:** کلاچ، ئامێرێکە لەناو ترۆمبێل کە ترۆمبێل ئاژۆ دەتوانێت بە هۆیەوە گێڕی ترۆمبێل بگۆڕێت و توانایی ترۆمبێل لە خێرا ڕۆشتندا بباتە سەر

**کلارینت:** کلارنێت، جۆرە سازێکی مۆسیقیایە

**کلاژ:** چاو خوار، چاوخێل، تیل، یەك بە دو بین

**کلاژە:** بڕوانە کلاژ

**کلاس:** ڕز، ڕەدە، پۆل، کەلاس، ژووری وانە وتنەوە

**کلاسمان:** نەزم، ڕێکی، ڕیزبەندی

**کلاسە:** ڕێك خستن، ڕیز کردن

**کلاسیك:** کلاسیك، بەپێی یاسا و ڕێسای قەدیمیەکان

**کلاش:** بەرەڵا، بێکار، مفتەخۆر، پەتیارە، شەڕاشۆ

**کــــلاغ:** قــژاك، قــالاو، قەلەبەلــەك، قەلــە ڕەشــە، باڵندەیەکی حەرام گۆشتە

**کلاف:** کلاف، کلافە، دەس پێچك، ماسوڵە، بەن یان هەوریشم کە بەدەوری شتێکەوە پێچابێتیان

**کلافە شدن:** سەرگەردان بون، سەر لێشێوان، حەیران بون، سەرگەردان بون، گێژ بون

**کلافە کردن:** گێژ کردن، سەر لێ شێواندن، پەرێشان کردن

**کــلاك:** تەوقەسەر، سەر سەر، بە مانای دەشت و سارایش دێت

**کلاك:** ناو بەتاڵ، خاڵی، پوچ، ناو بۆش

**کلاك:** شەپۆل، شەپۆلی گەورەی دەریا

**کلال:** تەوقەسەر، ناوچاو، تەوێڵ

**کلال:** گۆزەچی، گۆزە ساز، ئەوەی دەفری سواڵەت دروست دەکات

**کــلال:** ماندو بون، بێزار بون، هیلاك بون، بێزاری، شەکەتی

**کلالت:** ۱ – خاو بون، کوەل بون ۲ – هەتیو بون، بێ باوك بون، بێ منداڵ بون، جەرگ بڕان

**کلالە:** کاکۆڵ، قژی بڕ، پەرچەم، زوڵف

**کلالی:** گۆزەچی، گۆزە ساز، ئەوەی گۆزە دروست دەکات

**کــــلام:** وتــە، قــسە، پــەیڤ، وتەیــەك کــە هــەڵگری مانایەکی بە کەڵك بێت، وتار، ئاخاوتن

**کلان:** گەورە، زل، زەبەلاح، قەڵەو، زەبەندە، ئەستور

**کلانــتر:** گەورەتر، ئەستورتر، گەورەی کوێخاکان، سەرۆکی شارەوانی

**کلانسال:** بە تەمەن، بەساڵاچو، پیر، بەتەمەن

**کــلاوە:** سەرگەشتە، گێـژ، سەرگەردان، وڕ، کاس، پەرێشان

**کلاوە:** بڕوانە کلاف

**کلاە:** کڵاو، تەقیلە، تەقلە، قۆچکە، عارەق چن

**کلاهبردار:** دز، کڵاوسەرکەر، هەڵخەڵەتێنەر، ئەوەی کە کڵاو سەر کەسانیتر دەکات و فریویان دەدات، ئەوەی بە فریو و کەڵەك ماڵ و سامانی کەسانیتر بە تاڵان دەبات

**کلاهخود:** خودە، کڵاو، کڵاوی ئاسن، کڵاوی شەڕ

**کلاهـدار:** کڵاودار، کڵاو لەسەر کەر، ئەوەی کڵاوی لەسەردایە. و مەبەست لە پاشایە

**کــلاه گــیس:** کڵاو گیس، باڕۆکە، قژی دەسکرد کە ژنان و پیاوان لەسەری دەکەن

**کلب:** کلب، دەم، لمۆز، پۆزە، دەوراندەوری لێو

**کلب:** سەگ

**کلب:** ۱ – تینویەتی، تینیەتی زۆر، تەماحی زۆر، ۲ – هاری، نەخۆشی هاری کە لەسەگەوە دەگوازرێتەوە

**کلب:** هار، ئەوەی توشی نەخۆشی هاری بوبێت

**کلبتان:** گاز، ئەو گازەی ددانی پێ دەکێشن

**کلبە**: دوکان، ماڵ، خانو، ماڵی بچوک

**کلپترە**: قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت، قسەی بێ مانا

**کلــت**: کۆڵـت، چـەکی کەمـەری کـە جێگـەی چـەند فیـشەکی هەیـە کـە سـاموئل کـۆڵتی ئامریکـایی دروستکەرەکەیەتی

**کلتە**: کەڵتە، کەڵتە کۆن، ئاژەڵی پیری لە کارکەوتوو. بەمانای ئاژەڵی کلك بڕاویش دێت

**کلــج**: سـەوەتە، سـەوەتەیەکی گـەورە کـە پـەین و شیاکەی ئاژەڵەکانی پێ دەڕێژن، سەبەتە

**کلجان**: خوڵـدان، زبڵدان، شـوێنی ڕشتنی خـەوش و خۆڵ

**کلچ**: چڵك، قرێژی

**کلچنگ**: قرژاڵ، قرژانگ

**کلخج**: چڵك، پیسی، قرێژی، چڵکی لەش

**کلدانی**: کەلدانی، تایبەت بە کەلدە، کەلدانیەکان کە نەتەوەیەك لە کوڕەکانی سام بون و مێژوەکەیان بۆ ٧٠٠٠ ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە

**کلـف**: ڕەنگی ڕەشی سورباو، ئەو پەڵانەی لەسـەر مانگ و هەتاو دەبینرێن، چاڵە ڕەشەکان

**کلفت**: ئەستور، قەوی، کوڵفت، پێچەوانەی ناسك

**کلفت**: کوڵفەت، ژنی خزمەتکار، ژنی کارەکەر

**کلفت**: دژوار، سەختی، ڕەنج، سەختی، بەڵا

**کلفشهنگ**: سیخچە، چلورە، سەهۆڵێك کە لە زستاندا بە بن گوێسوانەکانەوە شۆڕ دەبێتەوە

**کلك**: نەی، قامیش، ئەو قەڵەمی پێی دەنوسن

**کلــــك**: کەچـەڵ، بـێ مـوو، تـاس، ئـەوەی مـووی بەسەرەوە نەبێت

**کلـك**: کوندەبـەبو، کونەبـەبو، بـە مانـای شـومیش و ناحەزیش دێت

**کلك**: گامێش، گامێشی نێری جوان

**کلك**: فێڵ، تەڵەکە، کەڵەك، فریو، فێڵ کردن

**کلکسیون**: دەستە، تاقم

**کـل کـل**: زۆربڵـەیی، فرەبێـژی، چـەنە بازی، چـەنە درێژی، زۆربڵەیی کردن و سەری یەکتر ئێشاندن

**کلـم**: کەلـەم، کەلـەرم، یـەکێك لـە سـەوزیەکانە کـە بـە کوڵاوی دەخورێت

**کلمات**: وشەکان، کەلیمەکان

**کلمرغ**: بڕوانە کرکس

**کلمە**: وشە، کەلیمە، وشەیەك کە مانای هەبێت

**کلن**: گلۆڵە، کلافە، بەنی بادراو کە گلۆڵەیان کردبێت

**کلنبە**: گونك، گونکە، گونتك، گونکەی هـەر شتێك، قولیچە، کولیچە

**کلنج**: چڵك پیسی، قرێژی. بە مانای لە خۆڕازی بون و خۆبینیش دێت

**کلنجار**: قرژاڵ، قرژانگ

**کلنجار**: شەڕ، هەرا، جەنگ، هەرا و هوریا

**کلنجك**: قرژاڵ، قرژانگ

**کلنــدر**: زەبـەلاح، بـەهێز، چوارشانە، قەلەنـدەر، زل، زەلام

**کلنــدگر**: ئـەوەی بـە پـاچ زەوی هەڵدەکـەنێت، پـاچ وەشێن، پاچ لێدەر

**کلندیدن**: هەڵکەندن، قەڵشتن، هەڵکەندنی زەوی

**کلنگ**: پاچ، قوڵنە، قوڵنکە، قوڵنگ، زەنگن، زەنگەنە

**کلــنی**: داگیرکـراو، کۆچـەر نـشین، سـەرزەمینێك کـە جەماعـەتێك لـە شـوێنێکەوە بـۆ ئـەوێ کۆچـیان کردبێت

**کلوب**: یانە، نادی، کلوپ، بنکە، ناوەند

**کلـوخ**: کوڵـۆ، سندەگڵ، کلۆسـن، کلۆبـەرد، گلـمەت، گۆمتڵ، کەرەسەك، سمتەگڵ

**کلوخ انـداز**: بەرد هاوێژ، ئەوەی بەرد لە کەسانێتر دەگرێت

**کلوخـە**: بـەرد ئاسـا، ئـەوەی وەك بـەرد یـان کڵەبـەرد بێت

**کلوك**: سواڵەت، خشت، کەڕپووچ

**کلوك**: مناڵ، زارۆك، کوڕی بچوك

**کلوك**: بێ شەرم، بێ ئەدەب

**کلول**: بێزار بون، هیلاك بون، شەکەت بون

**کلون**: کوڵۆم، کلۆم، کلۆن، دەرگا داخەر

**کلە**: بڕوانە کلاە

**کله:** کەلە، سەر، سەری مرۆڤ یان ئاژەڵ

**کله:** پەردە، پۆشش، ڕووپۆش، سەرەخەرە

**کله پاچه:** سەرەوپێ، کەلەپاچە، سەر و پێی مەڕ کە دەیکەن بە خواردن

**کله پاشدن:** ڕووخان، لەناوچون، سەرنگوم بون، لەپێ کەوتن

**کلەدار:** بڕوانە کلاهدار

**کلـهر:** کەلهوڕ، یەکێك لە تایەفەکانی نیشتەجێی ئێران

**کلەشخ:** سەرسەخت، پێداگر، لەخۆبایی، لە خۆڕازی، خۆبین، ئەوەی تەنیا باوەڕی بە قسەی خۆی هەیە

**کلـەطـاس:** بێ مو، سەر تـاس، ئەوەی سـەری مـوی پێوە نەبێت

**کلـه گنـده:** کەلـەزل، کەلـە قـەوی، سـەر زل، ئـەوەی سەری زلە

**کلی:** دێهاتی، گوند نشین، لادێی

**کلی:** دایرە، دەف

**کلی:** گولی، گول

**کلی:** بەستە، لا، تا، تابار

**کلیات:** گشتەیکان، بابەتە گشتیەکان

**کلیـــــاوه:** ١- کـەر، ئـەوەی نابیـستێت ٢- گێـژ، سەرگەردان، سەرگەشتە، حەیران

**کلیچه:** نان، کولیچە، قولیچە

**کلیـد:** کلیـل، هاچـەر، حاچـەر، کلیـل، ئامێرێك کـە قوفڵی پێ دەکەنەوە

**کلیلدان:** کلیلدان، قوفڵ

**کلیـــددار:** کلیـل بەدەسـت، خـاوەن کلیـل، کلیلـدار، ئەوەی کلیلی بە دەستەوەیە

**کلیز:** زەردەواڵە، هەنگ

**کلیزدان:** هێلانە زەردەواڵە، کونە زەردەواڵە

**کلیسا:** کەنیسە، کلیسا، پەرەسگای مەسیحیەکان

**کلیـشه:** کلێشە، پەراوێز، نوسراو یـان وێنەیـەك کـە لەسەر دار یان کانزا دروستی دەکەن بۆ چاپ کردن

**کلیك:** خێل، چاوخوار، چاوخێل، یەك بە دوو بین

**کلیك:** تووتە، پەنجە بچوکەی پێ یان دەست

**کلیك:** کوندەبەبو، بوو، کونە بەبو

**کلیل:** ناتـەوان، پـەك کـەوتـە، بـێ هێـز، سست، لاواز. ئەوەی چاوەکانی بە جوانی نەبینێت

**کلیلـه:** کەلیلـە، نـاوی ڕێوییەکـە کـە ئەفسانەکەی لـە کتێبی کەلیلە و دەمنەدا نوسراوە

**کلــــیم:** هــاودەم، هاوقــسە، هــاودەنگ، نازنــاوی حەزرەتی موسای پێغەمبەرە

**کلینیـــــك:** خەسـتـەخانە، ئـەو خەسـتـەخانەی کـە قوتابیان وانەی پزیشکی تیا فێردەبن

**کلیه:** گورچیلە، کولیە، گروچەوێلە، وڵك، گورچیلك

**کلیه:** هەمو، هەموان، گشت، تێکڕا، سەرپاك

**کلیـه:** تـەوق، گـەردن بەنـد، تـەوق کـە دەیکـەنە ملـی سەگ و...

**کم:** کەم، تۆز، تۆزقاڵ، بڕێکی کەم، هەندێك، کەمێك، پێچەوانەی زۆر

**کم:** ڕادە، ئەندازە، بڕ

**کمـــا:** بەهــەمان شـێوە، وەکـو، وەکـی، وەك ئـەوە، هاوتای، هاوشێوەی

**کما:** لاوازی، لە هۆش چون، سست بون، بێ هێزی، بێهۆشی بە هۆی ژاراوی بونەوە، کۆما

**کما بیش:** کەم تا زۆر، کەم وزیا، کەم و کورت

**کماس:** کەم، تۆز، تۆزقاڵ، هەندێك

**کمــال:** تـەواو بـون، ژیـری، فـام، تـەواوی، ڕازاوەیـی تایبەتمەندیەکان

**کماله:** گێڕ، خوار، لار، ناڕاست، ناڕێك

**کمال یافتن:** پێشکەوتن، گەشە سەندن، بەرزبونەوە، گەشتنە ترۆپك

**کمان:** کەمان، کەوان، کەڤان، ئامێرێکە کە لە کۆندا بۆ تیرهاویشتن بە کاریان دەبرد

**کمان ابرو:** بڕۆکەوان، ئەوەی بڕۆی وەك کەوان بێت

**کمانــچه:** کـەمان، کەمانـچە، یـەکێك لـە ئامێرەکـانی مۆسیقایە

**کمانچه زن:** کەمانچە ژەن، ئەو کەسەی کە کەمانچە دەژەنێت

**کماند:** پێشنیار، فەرمان، دەستور

**کمانــدار:** کەوانـدار، کەمانـدار، ئـەو کەسـەی لـە تـیر هاویشتن بە کەمان شارەزایە

**کماندان:** فەرماندە، سەرکردە

**کمانــــدو:** کۆمانـدۆ، ئـەو سـەربازانەی ڕاهێنـانی تایبەتی شەڕ کردن دەبین و لە هێرشە لەناکاوەکاندا کەڵکیان لێوەردەگیرێت

**کمان رستم:** پەلکە زێڕینە، ڕەنگین کەمان

**کمان سام:** بڕوانە کمان رستم

**کمانکش:** کەماندار، تیرهاوێژ

**کمانگر:** کەمانساز، کەوان ساز، ئەو کەسەی کەمان دروست دەکات

**کمانگیر:** کەواندار، کەمانگیر

**کمــانور:** خـاوەن کـەمان، کەوانـدار، ئـەو کەسـەی کـە کەمانی هەیە و بە کاری دەهێنێت

**کماهە:** بازوو بەند، چاوەزار، ئەو دۆعا یان نوشتەی نۆ نەهێشتنی کاریگەری چاوی پیس هەڵیدەگرن

**کمبود:** کەمی، کورتی، کەم وکوڕی، ئـەوەی لـە کاتی کێشان یـان پێوانـە کـردن لـە کێشدا کـەم بێنێت، کەمایەتی، کەم هاتوو، ناتەواوی

**کم بها:** کەم بایی، کەم نرخ، بێ بایی، ناگرنگ

**کم بیش:** کەم تازۆر، کەم و زۆر

**کمپ:** کەمپ، ئوردو، ئوردوگا

**کمپــــانی:** کۆمپـانی، دەسـتە، شـەریکە، کۆمـەڵێك شـەریك کە پێکەوە لەشوێنێکدا کـار دەکـەن و هـەر کام خاوەن بەشی خۆیەتی

**کمپایە:** ناگرنگ، بێ پایە، ئەو کەسەی پلە و پایـەی بەرزی نەبێت

**کمپرســــور:** کۆمپرۆسـۆر، زەخـت، ئـامێری زەخـت کردن، چەکوش یان درێل کە بە کارەبا کـار دەکات، ئامێری چڕ کردنەوەی هەڵم

**کمپلــت:** هـەمو، گـشتی، تێکـڕا، سـەرپاك، گـشت، کۆمپلێت

**کمــپلکس:** هاوبـەش، جۆراوجـۆر، تێکـەڵ، شـتێکی هاوبەش لەنێوان چەند کەس

**کمپیر:** بەساڵاچو، بەتەمەن، پیر، پیرێژن، ژنـی پـیری لە کارکەوتوو

**کمپیوتر:** بڕوانە کامپیوتر

**کمتر:** کەمتر، وردتر

**کمتریـن:** کـەمترین، کەمایـەتیترین، ورد تـرین، بچوك ترین

**کمثري:** هەرمێ

**کم حوصلە:** بێ تاقـەت، کـەم تاقـەت، خۆڕانـەگر، بێ سەبر

**کم خرد:** بێ عەقڵ، بێ ئاوز، نازیرەك، نەزان

**کم خوار:** کەمخۆر، ئەوەی خواردن کەم بخوات

**کم خون:** کەم خوێن، ئەو کەسەی خوێنی کەم بێت

**کم خـونی:** کـەم خـوێنی، زەردی، لـەڕی، لاوازی، بێ تینی

**کم دل:** بێ زات، ترسەنۆك، بێ ورە، خوێڕی

**کمدی:** کۆمێدی، شانۆی پێکەنیناوی

**کمر:** کەمەر، پـشت، دەوری سـك و پـشت. بـە مانـای کەمەربەند و پشتوێنیش بە کار دەبرێت

**کمرا:** تەویلە، گەوڕ، شوول، چواردیواری کە شوێنی خەوی چوارپێکان بێت

**کمر بستن:** قۆڵ هەڵماڵین، خۆ ئامادە کردن بۆ کارێك، پشتوێن، پشتێن، لە پشت بەستن، کەمەربەند

**کمربند:** کەمەربەند، پشتێن، پشتوێن، شاڵ

**کمر شکن:** پـشت شـکێن، جـەرگ بڕ، وزەبڕ، دژوار، سـەخت، قـورس، هـەر کارێـك کـە دژوار و سـەخت و بێت و ئەنجامدانی وزە لە مرۆڤ ببڕێت

**کمر کـش:** ١ – لوتکـە، سـەرکێو، سـەرەوەی کێـو ٢– ئازا، بوێر، نەترس، چاو کراوە

**کم رو:** شەرمن، شەرمێون

**کم زدە:** سوك، ڕیسوا، نزم، پەست

**کمــزن:** کەمتەرخـەم، بـێ شـانس، ئـەوەی لـە قومـار کردندا هەمیشە دەیدۆڕێنێت

**کمسال:** ورد، کەم تەمەن، لاو، گەنج، ئەوەی هێشتا لە ساڵەکانی تەمەنی زۆر تێپەڕی نەکردبێت

**کم سو:** کەم سۆ، کەم نور، بێ نور، ئەوەی ڕوناکی کەم بێت
**کـم طاقـت:** کـەم تاقـەت، بـێ تاقـەت، بـێ سـەبر، خۆڕانەگر
**کم ظرف:** بڕوانە کم گاقت
**کم عقل:** بێ ئاوز، کەم عەقڵ، نەزان، ئەحمەق
**کم عمر:** کەم تەمەن، تەمەن کورت، ئەوەی تەمەنی کورت بێت
**کم عمق:** تەنك، ئەوەی زۆر قوڵ نەبێت، کەم قووڵایی
**کم قدر:** بێ بەها، ناگرنگ، بێ نرخ، کەم بایی
**کمك:** یارمەتی، هاریکاری، هاوکاری، یاریدان، ژێر باڵ گرتن
**کمك:** کەم، کەمێك، هەندێك
**کم کار:** کەم کار، ئەوەی کەم کار بکات
**کم کاسه:** بە خیل، ڕەزیل، بەرچاو تەنگ، ڕژد، ئەو کەسەی کەم میوانی بدات
**کم کم:** کەم کەم، بەرە بەرە، نمە نمە، وردە وردە
**کمل:** تەواو، بێ عەیب
**کملکان:** جۆگە، جۆگەلە، چەمی بچوك
**کـم مایـه:** دەست کورت، هـەژار، کەم مایە، ئەوەی دەسمایەی کەمی هەیە
**کمنـد:** کەمەند، داو، کەمەن کە بۆ گرفتار کردنی مرۆڤ یان ئاژەڵ بە کار دەبرێت
**کم نظیر:** کەم وێنە، کەم هاوتا، ئەوەی هاوشێوەی کەم بێت
**کم و بیش:** کەم و زۆر، کەم تازۆر
**کم و کاست:** کەم و کوڕی، عەیب، ئیراد
**کمـون:** شاراوە بون، داپۆشران، خۆ داشارین، خۆ قایم کردن، خۆ حەشاردان
**کمون:** کمۆن، هاوبەش، گشتی
**کمونیـست:** کۆمۆنیـست، شـوێن کـەوتووی ڕێبـازی کۆمۆنیستی یان هاوبەشی
**کومونیـسم:** کۆمۆنیسم، ڕێبـازی هاوبەشـی یـان کۆمۆنیسم
**کمه:** کوێر بون، نەبینین، کوێری، شەو کوێری

**کم همت:** سست، ڕیسوا، ئەوەی کەم هەوڵ دەدات، پەست
**کمیاب:** کەم وێنە، بێ هاوتا، ئەوەی هاوتا و وێنەی کەم بێت، دەگمەن، ناوێرە
**کمیت:** ئەسپ، ئەسپی کە ڕەنگەکەی لەنێوان ڕەش و سوردابێت
**کمیـت:** ئەنـدازە، ڕادە، ئاسـت، ئەنـدازەی شـتێك کـە هەڵسەنگێنرێت یان بژمێردرێت
**کمیتـــه:** کۆمیتـە، کومیتـە، کـۆڕێکی تایبـەت، ژمارەیەکی هەڵبـژێردراو لـە حیـزب یـان کۆمەڵێك لـە خەڵکان
**کمیك:** پێکەنیناوی، پێکەنین هێنەر، قەشمەر
**کمیـل:** کۆمـەیل، نازنـاوی یـەکێك لـە هـاوەڵانی عـەلی کوڕی ئەبی تالیبە
**کمین:** کەمین، خۆداگرتن، بۆسە، خەفکە، خۆمەڵاس بردن، خۆحەشاردان بۆ هێرش کردنە سەر کەسێك یان شتێك
**کمین کردن:** بۆسەدانان، خۆحەشاردان، کەمین دانان، خـۆ حەشـاردان بـۆ هێـرش کـردن سـەر شـتێك یـان کەسێك
**کمینه:** کەم بایی، پەست، کەم نرخ، سووك
**کن:** تەقەڵ، تەقەڵی درومان
**کنا:** مەرز، زەوی، سنور، کەنار، قەراغ
**کنا:** بکەر، ئەوەی کارێك ئەنجام دەدات
**کنار:** تەنیشت، قەراغ، کەنار
**کنـارآمدن:** سـازان، هـەڵکردن، گونجـان، ڕازی بـون، سـازان لەسـەر بابـەتێك بـۆ نەهێـشتنی کێـشە و دووبەرەکی
**کنارنگ:** حاکم، سنوروان، فەرمانڕەوا
**کناره:** کەنار، کەناری شتێك، بەستێن، قەراغ، لێوار
**کنارەجستن:** خۆ بە دور گرتن، دووری کردن، خۆ لـە شتێك دوورخستنەوە، خۆ کێشانەوە
**کنارەجو:** سوچگیر، ئەوەی بە تەنیا دادەنیشێت
**کنار گرفتن:** خـۆ کێشانەوە، لـە خـەڵك دووری کـردن، لا گرتن، جوێ بونەوە، بە تەنیا دانیشتن

**کناس:** کەناس، سپور، کرێکاری شارەوانی کە سەر جادە و شەقامەکان پاك دەکاتەوە

**کناغ:** لا، کەنار، تەنیشت

**کناغ:** تار، داو، تاری هەوریشم، داوی داپیرۆشك

**کناك:** ژانە سك، ئازاری سك، پیا هاتنی سك

**کنام:** هێلانە، شەولانی درەندە، کونی ئاژەڵەکان. بە مانای لەوەڕگایش دێت

**کنانە:** کۆن، پێچەوانەی تازە

**کنانە:** تیردان، شوێنی تیر هەڵگرتن

**کنایە:** تانە، تەشەر، توانج، تانووت، پلار

**کنایــە زدن:** تەشەر لێدان، تانە لێدان، تەشەر لە کەسێك دان

**کنبورە:** مەکر، ناز، فریو، فێڵ، تەڵەکە

**کنتاك:** نزیکی، بەرکەوتن، ڕوداو

**کنتر:** کونتۆر، ئەژمارکەر، ئامێری ژماردن

**کنترات:** قۆنتەرات، ڕێکەوتان، گرێبەست، ڕێکەوتن بۆ کاری بیناسازی یان کاریتر

**کنتراست:** دژایەتی، نەیاری، هەڵنەکردن، دژ

**کنترل:** تەفتیش، پشکنین، کۆنترۆڵ

**کنترلر:** کۆنترۆڵکەر، پشکنەر، ئەوەی لە سەر ڕێی ئاسن یان سینەما سەیری بلیتەکان دەکات

**کنتینو:** بەردەوام، پەیوەست، پشت سەری یەك، یەك لە دوای یەك

**کنج:** کونج، گۆشە، سوچ، زاویە، قوژبن

**کــــنج:** زمانــە چـکۆلە، زمانـە چـکۆلەکە کۆتـایی قوڕگدایە

**کنج:** گەورە، زەبەلاح، زل، چوارشانە، زەلام

**کنجد:** کونجی، گیایەکە یەك ساڵە بەرزیەکەی تا یەك مەتر دەگات، شەیدانك، کونجیت

**کنجك:** تازە، نۆبار، نوێ، تازە دەرکەوتوو

**کنجکاو:** پەیجۆر، تێ بین، ورد کەرەوە، لەشوێن گەڕ، ورد بین

**کنجە:** پل، قنجك، جکچك، چنجك

**کنجە:** مۆڵەتی، پشوو، مۆڵەتی پشوو

**کنــد:** خـاو، کـول، ئـارام، هـێمن، لەسـەرخۆ، نـەرم، نـەوڕ، تەمـەڵ، ئـەو کەسـەی یـان ئـەو شـتەی کـە هێواش یان ئارم دەڕوات یان دەجوڵێتەوە

**کنــد:** بـوێر، ئـازا، پاڵـەوان، چـاونەترس، بـوێری، دلێری

**کند:** بڕوانە قند

**کنــدا:** زانـا، دانـا، پـسپۆڕ، شـارەزا، فەیلەسـوف، ئەســتێرەناس، جادوگــەر. بــە مانــای بــوێری و ئازایەتیش دێت

**کنداگر:** بڕوانە کندا

**کنددســت:** دەست خاو، ئەوەی لە کاتی کارکردندا دەستی خاوە، خاو

**کند ذهن:** نەزان، کەم هۆش، ناوشیار

**کندر:** شار، بازێڕ، ناوچە

**کندرو:** هێواش ڕەو، خاو، ئەوەی هێواشە و خاو بە ڕێدا دەڕوات

**کندز:** قەڵای کۆن، دژی کۆن، قەڵاتی کۆن

**کندزبان:** زمان خاو، ئەوەی زمانی دەیگرێت، فسك، پسك

**کند فهم:** کەم هۆش، ئەوەی زۆر درەنگ لە شتەکان تێ ئەگات، نەزان، گێژ و حۆل

**کندك:** ورتکە نان، وردە نان، نانی ورد کراو

**کنــدن:** هەڵکەندن، هەڵکەنین، جیا کردنەوە، جوێ کردنەوە، لە ڕەگ دەرهێنان، جوێ کردنەوەی شتێك کە بە شتێکیترەوە لکا بێت، هەڵدرین، هەڵکۆڵان

**کندمنــد:** ویـران، خـاپوور، پەرێـشان، بینایـەك کـە دارماببێت و ویران بوبێت

**کندوالە:** چوارشان، زەبەلاح، زل، زەلام، گەورە

**کندورە:** سفرە، سفرەی چەرمی گەورە

**کندوك:** بڕوانە کندو

**کنــدوکاو:** هەڵکـەنین، پـشکنین، هەڵکـەنین و گـەڕان بەدوای شتێك، ڤەگەڕیان

**کندوکوب:** هـەلاّوزەنا، هـەراوهوریا، ئـاژاوە، پـشێوی، دڵەڕاوکێ

**کندولە:** بڕوانە کندو

**کندە:** دار، قەدی دار کە برابێتەوە

**کندە:** خەنەق، خەندەك، خەندەق، چاڵێکی قووڵ کە بە دەوری شاردا هەڵیدەکەنن بۆ ڕێگرتن لە هاتنە ناوەوەی دوژمن بۆ ناو شار

**کندە زانو:** سەرئەژنۆ، خرتکە زرانی

**کنـــدەکاری:** کەنـەکاری، نەخـشاندن، هەڵکەنـدنی نەخش لە سەر دار و تەختە

**کندەورش:** چاڵ و بەرز، هەوراز و نشێوی زەوی

**کندی:** خاو بون، کول بون، سست بون

**کندی:** دلێری، بوێری، ئازایەتی، نەترسی

**کندیدن:** هەڵکەندن، هەڵدڕین، کەندن، هەڵکەنن

**کنسرت:** کۆنسێرت، هاوئاهەنگی، یەکیەتی، تەبایی، ساز و ئاوازی هاوئاهەنگ

**کنسك:** بەخیل، ڕەزیل، دەست وشك، ڕژد، بەرچاو تەنگ

**کنسول:** قونسوڵ، نوێنەر، باڵوێز، نوێنەری دەوڵەتێك لە وڵاتێکیتر

**کنـــسیانس:** مەعریفـە، ناسـینەوە، ویـژدان، ڕاسـت کرداری، دین، باوەڕداری

**کنش:** کار و کردار، کردە، کرداری چاك و خراپ

**کنشت:** بڕوانە کنش

**کنشت:** ئاتەشکەدە، دەیر، پەرسگای یەهودیەکان

**کنشتو:** جل شۆر، جل کوت، ئەو دارەی کە شۆرینی جل و بەرگ کەڵکی لێوەردەگرن

**کنشن:** بڕوانە کنش

**کنعانی:** کەنعانی، تایبەت بە کەنعانیەکان، کەنعان سـەرزەمینێك لـە نزیـك ئـوردن بـوە کـە هـەمان سەرزەمینی بەڵێندار یانی فەلەستینە. کەنعان لە منداڵەکانی سام کوڕی نوح بو

**کنفالە:** هەتیو باز، نێر باز، منداڵباز، ئەو پیاوەی کە حەزی بە جوت بون لەگەڵ منداڵە

**کنف:** لا، قەراغ، سێبەر، تەنیشت، کەنار

**کنفـت:** چڵکن، پۆخڵ، پیس، چڵکاوی، قرێژاوی، فیڕۆ، شەرمەزار، شەرمێون

**کنفـــرانس:** کـۆنفرانس، وتـاردان، وتارخوێندنـەوە، کۆبونەوە بۆ دوان لەسەر بابەتێك

**کنفوسیوســـــــی:** کۆنفۆسیۆســـی، تایبـــەت بـــە کۆنفۆسـیۆس، شـوێن کـەوتوویی کۆنفۆسـیۆس، مەزهـەبێکی ئەخلاقیـە کـە دانەرەکـەی کۆنفۆسـیۆس فەیلەسوفی ناوداری چینیە کە لەساڵەکانی ٥٥١-٤٧٩ پ. ز هێناویـەتی. کۆنفۆسـیۆس ڕێبـازێکی دروست کرد تا لاوەکان بۆ ژیانێکی باشتر و شیاوتر ئامادە بکات، کەسانێکی زۆر شوێنی کەوتن بەڵام بانگەشەی پێغەمبەرایەتی نەکرد

**کنـــك:** ١- گـوێز، گـوێزی ڕەق ٢- بـەخیل، دەسـت وشك، ڕژد

**کنکاش:** ڕاوێژ، بیروراگۆڕینەوە، پرس و ڕا

**کنکـــــور:** هاوئاهـــەنگی، هاوکـــاری، کێبڕکـــێ، ڕکەبەرایـەتی، کۆبونـەوە و قـەرەباڵغی ژمارەیـەك بـۆ مەبەستێك لە شوێنێك

**کنکورد:** تاقانەیی، یەکیەتی، یەك گرتویی، و جۆرێك فڕۆکەیە کە لەساڵی ١٩٦٩ز بە بەشداری بریتانیا و فەرەنسا دروست کرا کە خێراییەکەی دوو بەرابەری خێرایی دەنگە

**کنگ:** حیز، کوڕی چوارشانە، بێ شەرم، ڕوودار

**کنگ:** ١- باڵ، پەڕ، پەرشی مریشك، باڵی مریشك ٢- لق، لقی دار، چڵ

**کنگـــر:** سـوڵکەر، سـواڵکەری پێـداگر، درۆزەکـەر، درۆزەکەرێك کە بەروداری سواڵ بکات

**کنگر:** کنگر، قنر، قنگڕ، جۆرە گیایەکە کە گەڵاکانی دڕکدارن و بە کاڵی و نەکوڵاوی دەخورێت

**کنگرە:** کۆنگرە، کۆڕ، کۆڕێك کە لەنوێنەرانی چەند دەوڵـەت یـان چـەند حـزب یـان نوێنـەرانی هـەر کـام لەوانە بۆ بیر و ڕاگۆڕینەوە و باس کردن و چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکان دەبەسترێت

**کنوانسیون:** ڕێکەوتن نامە، عەهد، بەڵێن نامە

**کنود:** ناسوپاسی کردن، کوفران، ناڕازی بون

**کنود:** نافەرمان، ناسوپاس، بەخیل، ڕژد

**کنــور:** کەنوو، کەندوو، شوێنی دەغڵ و دان لەناو ماڵ

**کنور:** هەورە تریشقە، هەورە گرمە، بروسکە

**کنون:** هەنوکە، هەمێستاکە، ئێستاکە، ئەمێستاکە

**کنە:** گەنە، غەریب گەز، گەنە کەوڵە

**کنە:** سایەوان، سێبەر، نسێ، سەیوان، سەر دەرگا، سەقف یان پۆششی سەر دەرگای ماڵ

**کنیــز:** کەنیز، کارەکەر، خزمەتکاری ژن بە تایبەت ئەگەر کڕیبێتیان

**کنیزك:** کەنیزی بچوك، کچ، کچی بچوك

**کنیس:** کەنیسە، پەرەسگای جوولەکە

**کنیسە:** کلێسا، کەنیسە

**کنیــف:** ١- داپۆشەر، پۆشەر ٢- پۆشش، ٣- قەڵغان ٤- ئاودەست، مەستەراو

**کو:** کوا، لەکوێ، بۆ کوێ چو

**کو:** زیرەك، بیرمەند، تێگەشتوو، عاقڵ

**کوار:** سەوەتە، سەوەتەی میوە

**کــوارش:** خەم هێنەر، خەفەت هێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی خەم و خەفەت

**کوارە:** بڕوانە کوار

**کواز:** گۆزە، دەفری سواڵەت

**کــواژ:** تانە، لۆمە، سەرزەنشت، توانج، پلار، سەرکۆنە

**کواسر:** شکێنەر، بە باڵندە ڕاوچیەکانیش دەڵێن

**کواش:** تایبەتمەندی، جۆر، شێوە، شێواز، یاسا

**کوب:** جام، گۆزە

**کــوب:** زەرەر، زیان، بڕین، بڕین یان زیانێك کە لە بەرد یان دار یان شتێکیتر کە بەر جەستە دەکەوێت دروست دەبێت

**کــوب خــوردن:** زیان بەرکەوتن، زەرەر لێدران، زیان بینین

**کوبل:** شکۆفە، چرۆ، گوڵی تازە پشکەوتوو

**کوبن:** چەکوش، تەشوێ

**کوبە:** ئامێری کوتان، چەکوش، تەشوێ، چەکوچ

**کوبیدن:** کوتان، شتێك بە بەرد یان چەکوش لێدان و نەرم کردنی، داکوتان، نەرم کردن

**کوبیسم:** کوبیسم، ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی نەقاشی

**کوپ:** بڕ، بڕین، لەت، پارچە

**کوپك:** کوپێك، پارەی باو لەناو ڕوسیا

**کــوپن:** کۆپین، بەش، پشك، هەرکام لەو وەرەقە باییدارنەی کە لە کای دابەش کردنی خواردەمەنی بە سەرماڵەکاندا لە وەرەقەی سەرەکی جیا دەکەنەوە

**کوتار:** دالان، کۆڵانی سەرداپۆشراو، ڕێڕەو

**کوتـــاه:** کورت، کوڵ، کەسێك یان شتێك کە بەرزیەکەی لە هاوشێوەکەی خۆی کەمتر بێت، گول، کورتەبالا

**کوتـــاه آمـدن:** کۆتا هاتن، واز هێنان، خۆ بە دوور گرتن لە درێژەدان بە شەڕ و ئاژاوە

**کوتاه بین:** بڕوانە کوتە بین

**کوتـــاه دســت:** دەست کورت، ئەوەی بە مەبەست و ئارەزوی خۆی نەگات

**کوتاەقد:** کورتەبالا، کورت، کوڵ، گول، ئەوەی بەژن و بالای کورتە

**کوتـــاه کــردن:** کورت کردنەوە، لە درێژی و بەرزیی شتێك کەم کردنەوە، کۆتا کردن

**کوتوال:** پاسەوانی قەلا، زێرەڤانی قەلا

**کوتولە:** گول، کورتە بالا، بەژن کورت

**کوتە:** کورت، کوڵ، کۆتا

**کوتە اندیش:** کورت بین، بیر تەسك، ئەوەی نەتوانێت بە باشی ئەندێشە بکات

**کوتەبین:** کورت بین، بەرچاوتەنگ

**کوتەخرد:** کەم ئاوز، کەم عەقڵ، نەزان، دەبەنگ

**کوتە نظر:** بیرتەسك، بەخیل، ڕژد، بەرچاو تەنگ

**کـــوثر:** ١- فــراوان، چــڕوپڕ ٢- بەخــشەر، بەخشندە ٣- و ناوی ڕوبارێك لەبەهەشت

**کوچ:** بوم، کونەبەبو، کوندەبەبو

**کوچ:** کۆچ، بار کردن، ڕۆشتن، ڕۆشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر. بە مانای تایەفە و بنەماڵەیش دێت

**کوچاندن:** کۆچ کردن، ڕۆشتن، بار کردن، گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکیتر
**کوچك:** ورد، بوچك، بچوك، چکۆلە، پرتکە
**کوچکتر:** بچوکتر، وردتر،چکۆلەتر
**کوچکترین:** بچوکترین، وردترین
**کوچکین:** بڕوانە کوچکترین
**کوچ نشین:** کۆچ نشین، ئەوەی لە شار و ولاتی خۆی کۆچی کردبێت و لە شوێنێکیتر دانیشتبێت
**کوچولو:** بچوك، وردیلە، منالی چکۆلە، زارۆك
**کوچە:** کۆلان، ڕێگای هاتووچۆ لەناو گەڕەکەکان
**کوچە پس کوچە:** کۆلانی باریك، کۆلانی تەنگ یەك لە دوای یەك
**کوچەدادن:** ڕێگە دان، ڕێگە کردنەوەی خەلك بۆ تێپەڕینی کەسێك
**کوچە گرد:** بەرەلا، کۆلان گەڕ، ئەوەی لە کۆلانەکاندا بەرەلا و هەرەلا بسوڕێتەوە
**کوچیدن:** کۆچ کردن، بەڕێکەوتنی دەستەیەك لە خەلك لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر
**کوخ:** کوخ، کەپر، زنج، کەوێل، خانوی بچوك
**کود:** ١- خرمان، کۆگا ٢- کود، پەین، شیاکەی یان پیسایی وشکەوە بوی چوارپێکان کە بۆ قوەت دان بەزەوی لە زەویدا بلاوی دەکەنەوە
**کودتا:** ڕاپەڕین، پلانی لەناکاوی ژمارەیەك لە سوپاییانی ولاتێك بۆ ڕوخاندنی حکومەت و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی نوێ، پیلان، گۆڕانی ڕژێم
**کودك:** منال، زارۆ، زارۆك، زارۆلە، کچ یان کوڕی کەم تەمەن
**کودکانە:** منالانە، هاوشێوەی هەلس وکەوتی منالان
**کودك وش:** منال ئاسا، منالانە، هاوشێوەی منالان
**کودن:** ئەحمەق، نەزان، وڕ، حۆل، گێژ، کاس، هیچ نەزان، تێنگەشتوو
**کور:** کوێر، نابینا، ئەوەی چاوی نابینێت
**کوراب:** تراوێلکە، سەراب
**کورانە:** کوێرانە، کوێرکوێرانە
**کورباطن:** دل ڕەش، کەم هۆش، دل پیس، ئەوەی هەمو شتەکان بە ڕەشی ببینێت، ڕەش بین
**کوربخت:** بەدبەخت، بێ شانس، چارەڕەش، خاکەسار
**کورذهن:** زەین کوێر، کەم هۆش
**کورس:** ١- زولف، قژی بژ، موی ئالۆزکاو ٢- چلك، قرێژ، پیسی، چلکی جەستە
**کورك:** دومەل، دمەل، زوە، جۆش، پیزۆکە
**کورکورانە:** کوێرکوێرانە، کوێرانە
**کورە:** کورە، زۆپا، ئاگردان، شوێنی هەلایسانی ئاگر، شوێنی تواندنەوەی شوشە یان ئاسن
**کورە:** بەشك، پشك، بەشێك لە ولات، ناوچە، مەلبەند، پارێزگا، شار، باژێر
**کورەراە:** کوێرەڕێ، تولە ڕێ، ڕێگەی باریك و ناخۆش
**کوریدور:** ڕاڕەو، ڕێڕەو، دالان
**کوری رنگ:** ڕەنگ کوێری، نەخۆشیەکی چاوە کە کەسەکە توانای جیا کردنەوەی ڕەنگەکانی نیە
**کوریزا:** هەلامەت، سەرماخواردن
**کوز:** قالۆنچە، قالۆنچە ڕەشە
**کوزگك:** گۆزە، گۆزەی بچوك
**کوزە:** گۆزە، دەفری سوالەت، نیمە سەولە
**کوزەگر:** گۆزەچی، ئەو کەسەی کاری دروست کردنی گۆزە و دەفری سوالەتە
**کوژ:** چەماوە، خوار، لار، نارێك، چەمیاگ
**کوژپشت:** پشت کۆم، پشت چەماوە، پشت کورتان، ئەوەی بە هۆی پیری یان نەخۆشی پشتی چەمابێتەوە
**کوژە:** کەر، کەری سپی ڕەنگ
**کوس:** تەپل، تەپلی گەورە
**کوس:** زیان، زەرەر، بەلا، سەختی
**کوسان:** سترانبێژ، گۆرانیبێژ، لۆتی
**کوست:** تەپل، تەپلی گەورە
**کوست:** کۆست، زیان، زەرەر، بەلا، سەختی

**کوسن:** سەنیر، سەرین، پشتی، ئەوەی لە کاتی خەودا دەیخەنە ژێرسەر

**کوسە:** کۆسە، کۆستە، ئەو پیاوەی تەنیا چەناکەی مووی پێوە بێت و سەرکوڵمەکانی بێمو بێت

**کوشا:** هەوڵدەر، کۆشا، تێکۆشەر

**کوشش:** هەوڵدان، تێکۆشین، خەبات کردن، تێکۆشان

**کوشك:** کۆشك، باڵەخانە، بینای بەرز، تەلار، بینای بەرز و خۆش لە دەرەوی شار کە دەورووبەری بە باغ و بێستان گیرابێت، خانە باخی

**کوشیدن:** هەوڵدان، تەقەلا کردن، خەبات کردن، تێکۆشین، تێکۆشین، زۆر کار کردن

**کوفت:** زەرەر، زیان، بەلاّ، زیان و برین کە لە مشت و لەقە یان دار وبەرد بەرجەستە دەکەوێت

**کوفتن:** کوتان، زەرەر لێدان، زیان پێگەیاندن، شتێك بە بەرد یان دار یان هەر شتێکیتر کوتان و ورد کردنی

**کوفتە:** کفتە، قلقلی، خواردنێکە کە بە برنج و نۆك و سەوزی و گۆشتی کوتراو دروستی دەکەن

**کوفجان:** قەفەس، شوێنی تەنگ

**کوفشانە:** جۆلاّ

**کوك:** بەقەڵ، کۆك، تەقەڵ کە لە جل و بەرگی دەدەن

**کوك:** بڕوانە کاهو

**کوکب:** ئەستێرە، هەسێرە

**کوکبە:** ١- ئەتێرە، ستارە، هەسێرە ٢- گوڵ ٣- دەستە، جەماعەت، تاقم ٤- بەمانای فەڕ و شکۆیش بە کاردەبرێت

**کوکلە:** شانەبەسەر، جۆرە باڵندەیەکە

**کوکن:** بوم، کونەبەبو، کوندە بەبو

**کوکو:** کوکی، خواردنێکە کە بە سەوزی و پەتاتەیکوتراو دروستی دەکەن

**کول:** کۆڵ، شان، سەرشان

**کول:** گۆلاو، حەوز، ئەستێر، ئەستێلك، شوێنێك کە ئاوێکی کەمی تیا وەستابێت

**کول:** ١- خێل، چاوخوار ٢- ئەسپێك کە هێواش بە ڕێدا بڕوات

**کولاب:** ئاوگر، گۆلاو، حەوز، هەسێل، گۆم، ئەستێر

**کولاك:** تۆفان، گێژەن، شەپۆلی دەریا

**کولخ:** ئاگردان، ئاشتەدان، مەنقەڵ

**کولر:** فێنك کەرەوە، ئارام کەرەوە، ئامێرێکە کە بۆ فێنك کردنەوەی هەوای ناو ژوورەکان بە کار دەبرێت

**کولنگ:** حیز، گاندەر، پیاوی گاندەر، قندەر، قوندەر

**کولە:** کۆڵ، کۆڵەبار، ئەو بارەی دەیخەنە سەرشان، ئەوەی بە کۆڵ هەڵیدەگرن، کۆڵەپشتی

**کولە:** خوار، لار، چەماوە، چەمیاگ

**کولی:** قەرەچ، سارانشین، بیابان گەڕ، قەرەجەکان کە لەهەمو شوێنەکانی دنیا بەربلاّون

**کولیت:** قۆڵۆن، جۆرە نەخۆشیەکە

**کوم:** سەوزە، سەوزەی کەنار دەریا، قەوزە

**کومش:** چاڵ هەڵکەن، بیرهەڵکەن

**کومە:** کەپر، خانو،ماڵێکی بچوك کە دەشتەوانان بە لق و گەلاّی دارەکان دروستی دەکەن

**کون:** ١- بون، هەستی، ژیان، هاتنەدنیا، دروست بون ٢- دنیا، جیهان، کەون

**کوندە:** تۆڕ، تۆڕی ئالف کێشان، ڕەشکە

**کوە:** کێو، چیا، کێف، کەژ، شاخ، هەردەبان

**کوە:** کون. کونی دیوار، دەلاقە، ڕۆچنە

**کوهان:** کۆپارە، دووگەی وشتر، کۆپانە، کۆپان

**کوهپایە:** داوێنی کێو، کوێستان، خوار کێو

**کوهسر:** سەرکێو، کێوسار، کۆسار

**کوهکان:** بڕوانە کوهکن

**کوهکن:** کۆکەن، کێوکەن، ئەو کەسەی کێو هەڵدەکەنێت

**کوە نورد:** کێوپێو، سەختەوان، زەردەوان، کەژبڕ

**کوهە:** تەپە، هەڵاوساوی شتێك، تەپۆڵکە ٢- شەپۆل، شەپۆلی ئاو ٣- هێرش، پەلامار، هەڵمەت

**کوی:** گەڕەك، ناوچە، کۆڵان، شارێك، شارێ

**کویر:** شۆڕەکات، چۆڵ، زەوی سوێر، کرك، بیابان، تراوێلکە. بە مانای شێری ژیانیش دێت

**کویز:** سوچ، قوژبن، گۆشە

**کویستن:** کوتان، کوتانی دانەوێڵە یان هەر شتێکیتر

**کـە:** کە، وشـەیەکە کە بـەمانای ئامرازی پەیوەندی دێت

**کە:** کێ، چ کەسێك

**کە:** کێو، کەژ، چیا

**کە:** کاە، ئاڵف، تفاقی چوارپێ ماڵیەکان

**کە:** بچوك، وردیلە، چکۆلە

**کها:** شەرمەزار، شەرمێون، خەجاڵەت

**کهانت:** ئەستێرەناسی، هەسارە ناسی، غەیب گۆیی

**کهبد:** کێو نشین، چیا نشین، پاسـەوانی کێو، کەژ نشین

**کهبل:** نەزان، گێژ، دەبەنگ، ئەحمەق

**کهتر:** بچوکتر، چکۆلەتر

**کهدان:** کایەن، کایێن، ئاڵفدان

**کهر:** قاوەیی ڕەنگ، ئەسپێك سووری ڕەشباو

**کهرمان:** قارەمان، پاڵەوان، ئازا

**کهرە:** بەرخۆلە، بەرخۆلەی شیرخۆر، بەرخ، کاژیلە

**کهریز:** بڕوانە کاریز

**کهسار:** بڕوانە کوهسار

**کهست:** بچوکترین، وردترین، چکۆلەترین

**کهستان:** بڕوانە کوهستان

**کهسلە:** بڕوانە کهبل

**کهف:** ئەشکەوت، غار، غاری گەورە لەکێو، پەناگە، مەغار

**کهکان:** بڕوانە کوهکن

**کهکـــشان:** کاکەشـان، کاکێـشان، هێڵێکـی سـپی هەورئاسـا کـە لـە ملیۆنـان ئەسـتێرە پێـك هـاتوە و شەوانە لە ئاسمان دا دەبینرێت

**کهن:** کۆن، مێژین، پێشین، دێرین، قەدیمی، کەڤن

**کهن جامـە:** کۆنەپۆش، ئـەوەی جل و بـەرگی کـۆن و دڕاوی لەبەردابێت

**کهن دژ:** قەڵای کۆن، قەڵاتی کۆن

**کهـن زاد:** کۆنساڵ، بە تەمەن، ئـەوەی لـە ساڵەکانی تەمەنی زۆر تێپەڕیبێت

**کهنسال:** پیر، بە ساڵاچو، بەتەمەن، تەمەن درێژ

**کهنـــە:** کـۆن، کۆنـە، دڕاو، شـەق و شـڕ، سـواو، لـە کارکەوتوو، پێچەوانەی تازە

**کهنە پرست:** کۆنە پەرەست، مێشك بەرد، ئـەوەی بە شێوازی کۆن بیردەکاتەوە و توانـایی گـۆڕانی تیا بە دی ناکرێت

**کهنەسوار:** کۆنە سوار، خاوەن ئەزمون لە سوارکاریدا

**کهنەکار:** کۆنە کار، بە ئـەزمون، شارەزا، لێوەشاوە، بە توانا و ئەزمون لە کاروبارەکاندا

**کهولت:** پیربون، پیری، تەمەن درێژی، بە ساڵا چون

**کهین:** بچوکتر، چکۆلەتر، کەم تەمەنتر

**کی:** کەی، چ کات

**کی:** کێ، چ کەسێك

**کی:** پاك، بێ گەرد، خاوێن

**کـــی:** داغ کـردن، داخ کردنـی پێـستی جەسـتە بـە ئاسنی سورەوە کراو

**کیا:** گەورە، خاوەن، خودان، خوا، پاشا، فەرمانڕەوا

**کیابیا:** جێگە و ڕێگە، شان و شکۆ

**کیاخن:** نەرمی، ئارامی، هێمنی، لەسەرخۆیی

**کیادە:** ڕیسوا، بێ ئابڕو، بێ شەرم، ناو زڕاو

**کیار:** تەمەڵی، سستی، لاوازی

**کیارا:** خەم، پەژارە، خەفەت، مەینەتی، کەسەر

**کیارنگ:** سپی، خاوێن، پاك، بێ گەرد

**کیاست:** زیرەکی، وشیاری، بە ئاگایی، هۆشیاری

**کیاگن:** ناڕێك، ناخۆش، گەورە، نەگونجاو، دژ، نەیار

**کیان:** کیان، ناوی سیلسیلەیەك لـە پاشاکانی ئێران کە بە کیانیان ناسراون

**کیـــان:** خێمـە، خێـوەت، چـادر، خێـوەتی خـەڵکی سارانشین

**کیـــان:** ١- ڕودان، دەرکـەوتن، بـەدیهاتن، بـون ٢- سروشت

**کیانـا:** سروشـت، سرشـتی هـەر شتێك، هەرکام لـە توخمە چوارینەکان

**کیـــانوش:** کیـانوش، لـە داسـتانە ئێرانیـەکان نـاوی فەرەیدون پاشای پێشدادی

**کیبیدن:** له ڕێ دەرچون، به لاڕێدا ڕۆشتن، به ڕێگای ناڕاست ڕۆشتن
**کیپ:** پڕ، لێوانلێو، لیپاولیپ، سەرڕێژ
**کیچ:** پەرێشان، پرژ، پرژ و بلاو، تێکەڵ و پێکەڵ، کەم، هێواش، ورد ورد، هێدی هێدی
**کید:** مەکر، فێڵ، فریو
**کیس:** چرچ، چرچ ولۆچ، چرچ و لۆچ و ناڕێکی له جل و بەرگ و فەرش و قاڵی
**کیس:** تۆبەرە، توێشودان، کیسه
**کیس:** زیرەك، زرنگ، لێوەشاوە، وریا
**کیسان:** بێ وەفایی، جەفا، غەدر، ناوی کەسێکیش بوە
**کیسه:** کیسه، توورە، توورەکە، گیرفان، هەمانە
**کیسەبر:** دز، گیرفان بڕ، دزێك که پارەی خەڵك لەناو گیرفانی ئەوان بدزێت
**کیسەکش:** کیسه کێش، لفکەکێش، ئەوەی له حەمامدا کیسه و لفکه له کەسانیتر دەکێشێت
**کیش:** ئایین، دین، مەزهەب، باوەڕ
**کیف:** کیف، جزدان، کیسه یان جانتایەکی بچوك بۆ پاره هەڵگرتن
**کیفر:** سزا، جەزرەبە، تاوان، قەرەبو
**کیفور:** سەرخۆش، مەست
**کیفیت:** چۆنیەتی، چۆنایەتی، چۆنی، تایبەتمەندی و چۆنیەتی شتێك
**کیك:** کەیك، کێك، جۆرە شیرینیەکه
**کیکاوس:** کەیکاوس، به پێی داستانەکانی شانامه دوەم پاشا له سیلسیلەی کیانیان
**کیکیز:** تەڕە، تەڕەتیزە
**کیل:** ١– خوار، خوێر، لار، چەماوە، چەمیاگ ٢– ئارەزومەند، تاسەدار، تاسەخوان، پڕتاسەژ
**کیل:** پەیمانە، پێوانە
**کیلو:** کیلۆ، پێشگرێکه به مانای هەزار
**کیلوس:** شلەمەنی، تراو، ئاوەکی
**کیلوگرم:** کیلۆگرام، کیلۆغرام
**کیلومتر:** کیلۆمەتر، هەزار مەتر
**کیله:** پەیمانە، پێوانە
**کیماك:** قەیماغ، سەرشیر، قەیماخ، توێژ
**کیمخت:** پێست، پێستی ئەسپ یان وشتر که خۆشیان کردبێت
**کیمختگر:** پێسەخۆشکەر، پێست خۆشکەر، ئەو کەسەی کاری پێستە خۆش کردنه
**کیمیا:** کیمیا، تێکەڵ بون. و به پێی دەستەواژەی کۆنەکان مادەیەك که بتوانرێت به هۆیەوە مس بۆ زێڕ بگۆڕدرێت
**کیمیایی:** کیمایی، تایبەت به کیمیا
**کین:** دوژمنی، نەیاری، دوژمنایەتی، نەگونجان، نەسازان، هەڵنەکردن
**کینونت:** بون، بەدیهاتن، هاتنه ئارا، دروست بون
**کینه:** ڕق، دوژمنی، نەیاری، نەسازان، دژایەتی
**کینه آوردن:** ڕق هەڵگرتن، دوژمنایەتی کردن، تۆڵه سەندنەوە
**کینەکشیدن:** تۆڵه سەندنەوە، ڕق هەڵگرتن، دوژمنایەتی کردن
**کینەور:** ڕقاوی، خاوەن ڕق، خراپەخواز، ڕەشبین، شەڕانی
**کیهان:** جیهان، ڕۆژگار، دنیا
**کیهان خدیو:** پاشای دنیا، پاشای گەورە
**کیی:** پاشایەتی، فەرمانڕەوایی، شایەتی

# گ

**گ:** گ، پیتی بیست و شەشەم لە ئاڵفابێتی فارسی کە بە گاف دەخوێنرێتەوە

**گابارە:** گایەل، مێگەل، گایەلی مانگا. بە مانای ئەشکەوت و غاریش دێت

**گاە:** جێگە، تەخت، تەختی پاشایەتی

**گات:** گات، کۆنترین و پیرۆزترین بەشی ئاڤێستا

**گاە:** کات، سات، دەم، وەخت، خول

**گاەگدار:** هەندێ کات، سات ناسات، هەندێ جار

**گار:** وێستگە، ئێسگە، وێستگەی شەمەندەفەر

**گاراژ:** گاراژ، گاراج، شوێنی ڕاگرتنی ترۆمبێل

**گاراژدار:** خاوەن گاراژ، ئەو کەسەی گاراژی هەیە و کەسەکان و کەل و پەل دەگوازێتەوە

**گارد:** پاسەوانی، کێشك، ئێشك، ئاگا لێبون، قەڕاول، نیگابان، کەسە ئیزامیەکان کە لێپرساون بۆ پاسەوانی کردنی کەسێك یان شوێنێك

**گارسن:** کوڕ، لاو، پێشخزمەتی میوانخانەکان، شاگرد

**گاری چی:** گاری چی، عەرەبانە لێخور، ئەو کەسەی گاری یان عەرەبانە لێ دەخوڕێت

**گاری:** گاری، عارەبانە، عەرەبانە، یەکێك لە کەرەستەکانی گواستنەوە کە بە دوچەرخ یان چوارچەرخ بە ئەسپ یان کەریەوە دەبەستن و زیاتر بۆ گواستنەوەی کەل و پەل و بۆ شوێنە نزیکەکان کەڵکی لێوەردەگرن

**گاز زدن:** گاز گرتن، قەپ گرتن، قەپ لێگرتن، قەپاڵ گرتن، دیان کردنە ناو شتێك

**گاز:** پواز، پوازە، تیکە دار یان ئاسنێك کە لەکاتی لەتکردنی دار یان تەختە لە بەینەکەی دایدەنێن بۆ ئەوەی کاری شکاندن و لەت کردن ئاسانتر بێت

**گاز:** دان، دیان، هەرکام لە دیانەکانی مرۆڤ

**گاز:** گاز، پلایز، ئامێرێکی دوسەر کە بزمار و شتی هاوشێوەی لە دارو دیوار پێدەکێشنەدەر

**گاز:** گاز، هەڵم، مادەیەك کە لە مادەیەکیتر بەشێوەی هەڵم جیا ببێتەوە

**گازدار:** گازدار، هەر شلەمەنیەك کە گازی هەبێت

**گازر:** جلشۆر، ئەو کەسەی کە کاری جل شۆرینە

**گازرشوی:** پاك، خاوێن، جل و بەرگی شۆراو و پاك کراو

**گازرکاری:** جل شۆرین، کاری جل شۆر

**گازوئیل:** گازاییل، گاز، ڕۆنی شیاوی سوتان کە لە نەوت هەڵدەهێنجرێت

**گازور:** بەهێز، گازۆر، ئەوەی وەك گا بەهێز بێت

**گاس:** کات، دەم، سات

**گاچهرە:** جوان، دەلال، ناسك، وشەیەك زیاتر بۆ ژنان و منالأن بەکاری دەبەن بۆ وەسف کردنی جوانی ئەوان

**گال:** پشکڵ، پشقل، پشکلی مەڕ کە کەمۆڵەی کردبێت، گەرۆڵی،

**گال:** فریو، مەکر، فێڵ، کەڵەك

**گالە:** جەواڵ، تاینچە، خەرمانکێش، هۆڕ

**گالری:** سەرسەرا، دالأن، ڕێڕەو، ڕاڕەو

**گالیدن:** هەلاتن، ڕاکردن، دوور کەوتنەوە

**گام برداشتن:** هەنگاو هەلگرتن، شەوقاو لێدان، بەرششێگادا ڕۆشتن

**گام بیرون نهادن:** لە سنوور دەرچون، سنور بەزاندن، زێدەڕۆیی کردن

**گام زدن:** پیاسەکردن، بەرێدا ڕۆشتن، هەنگاو لێدان، قەدەم لێدان

**گام سپردن:** ڕێ پێوان، بەرێدا ڕۆشتن، ڕێگە پێوان

**گام شمردن:** هەنگاو لێدان، بەرێدا ڕۆشتن

**گام:** هەنگاو، شەقاو، لۆق، گاو، پێنگاف، دووری نێوان دوپێ لە کاتی ڕۆشتندا

**گام:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**گاهگیر:** ناکاوگیر، ئەسپێك کە کات ناکات ڕەم بکات

**گاهنامە:** ڕۆژژمێر، کات ژمێر، ڕۆژپێو، وەرەقە یان دەفتەرێك کەحسابی ساڵ و مانگەکانی تیا چاپ دەکەن

**گاهوارە:** لانکە، بێشکە، هەڵورك، لانك، جۆلانە، ئەوەی منالی تیا دەخەوێنن و ڕایدەوەشێنن

**گاو:** گا، مانگا، یەکێك لە ئاژەڵە ماڵیەکان کە گیاخۆرە و گۆشتی دەخورێت، بۆغ، چێل، چێلەك

**گاوآهن:** گاسن، گێسن، گاوسن

**گاوبان:** مانگادار، گاوان، ئەو کەسەی ئاگاداری مانگاکان دەکات، شوانی مانگاکان

**گاوتاز:** شوان، شڤان، شوانی مانگا

**گاوپیکر:** گائاسا، مانگا ئاسا، ئەوەی لە شێوە و گەورەییدا وەك گا بێت. و لە داستانەکانی شانامەدا بەناوی گورزەکەی فەرەیدونە کە لەشێوەی گادا بوە

**گاودار:** جۆیار، گادار، ئەو کەسەی کە گا و مانگای زۆری هەیە

**گاودان:** تەویلە، شوول، شوێنی گایەل لە ماڵەوە

**گاودل:** ترسەنۆك، بێ زات، بێ ورە

**گاودوش:** گادۆش، ئەو دەفرەی کە شیری مانگای تیا دەدۆشن

**گاورنگ:** گا ڕەنگ، لەشێوەی سەری گا، گورزێك کە لەشێوەی سەری گا دروست کرابێت

**گاوزبان:** گاوزران، گیایەکە بیابانی کە زیاتر لە کوێستانەکان دەڕوێت گەڵاکانی گەورە و درێژە هاوشێوەی زمانی گا

**گاوزهرە:** ترسەنۆك، بێورە، بێ زات

**گاوشنگ:** گاڕام، گۆچان، گاڵۆك، ئەو دارەی گا و مانگای پێ لێدەخوڕن

**گاوصنوق:** گاوصنوق، صنوقی گەورەی ئاسن

**گاوچران:** گا لەوەڕێن، شوانی مانگا، ئەو کەسەی شوانی مانگا دەکات

**گاوچشم:** چاو مانگا، ئەو کەسەی چاوی گەورەی وەك گا هەیە

**گاومیش:** گامێش، ئاژەڵێکە لەشێوەی گا بەلام گەورەتر و شاخی هەیە و مێچکەکەی شیری زۆر دەدات، مانگا مێش، کەڵ

**گبر:** زەردەشتی، شوێنکەوتوانی زەردەشت. ئەم ناوە دوای دەرکەوتنی ئیسلام بە زەردەشتیەکان بڕا

**گبرك:** بڕوانە گبر

**گبز:** گەورە، ئەستوور، زل، قەوی، بەهێز

**گت:** گەورە، زەلام، زل، زەبەلاح، مەزن

**گە:** هەندێ کات، سات

**گەگاە:** هەندێ کات، سات ناسات، کات کات

**گپ:** قسە، وتە، دوان، پەیڤ، وشە

**گجستە:** مەلعون، ناپاك، پیس، گلاو، پێچەوانەی پیرۆز

**گدا طبع:** بڕوانە گدا صفت

**گدا همت:** کەم ورە، بێ غیرەت، ئەوەی هەمو هەوڵەکانی لە ئاستی هەوڵ و تەقەلای سوالکەران بێت

**گدا:** سوالکەر، درۆزەکەر، گەدا، هەژار، نەدار، ئەوەی بژێوی خۆی بە خۆڕایی لە خەڵك داوا دەکات

**گدا پیشە:** خەسیس، ڕەزیل، ئەوەی هەڵس و کەوتی هاوشێوەی سوالکەران بێت

**گداخانە:** سوالکەرخانە، ئەو شوێنەی سوالکەرەکانی تیا ڕادەگرن

**گداختن:** تواندنەوە، تاواندنەوە، قرژانن، کانزا یان هەر شتێکیتر بە هێزی گەرما تواندنەوە و ئاو کردنی

**گدار:** بوار، بگار، قولایی دۆڵ. بەمانای ڕێڕەو و شوێنی تێپەڕینیش دێت

**گداز:** تواندنەوە، تاواندنەوە، ئاوکردن، قرچانن

**گدازشگر:** تاوێنەرەوە، ئەوەی کاری تواندنەوەیە

**گدازیدن:** بڕوانە گداختن

**گداصفت:** پەست، سوك، ئەوەی کردەوەی هاوشێوەی سوالکەران بێت، ڕسوا

**گداچشم:** تەماحکار، ئەوەی بەردەوام چاوی بە دوای سامانی کەسانیترەوەیە

**گدامنش:** بڕوانە گدا صفت

**گدوك:** گەردەنە، گەردەنەی کێو، شوێنێك لە کوێستان کە لە زستان بەفری لێ کۆببێتەوە و ببێتە ڕێگر لەبەردەم هاتوچۆ

**گژار:** جیقڵدان، جیکڵدان

**گذار:** هاتوچۆ، تێپەڕین، تێپەڕین لە شوێنێك. ڕێڕەو

**گذاردن:** دانان، شتێك لە شوێنێکدا دانان

**گذارە:** تێپەڕین، تێپەڕین لە شوێنێك

**گذاشتن:** دانا، شتێك لە شوێنێکدا دانان

**گذر:** تێپەڕین، تێپەڕین، بە مانای شوێنی هاتوچۆیش دێت

**گذران کردن:** ژیان، ژیان بەسەر بردن، ژیان گوزەراندن

**گذراندن:** ١- تێپەڕاندن، کەسێك یان شتێك لە شوێنێکەوە تێپەڕاندن ٢- بە ئەنجام گەیاندن، بە جێ هێنان

**گذرگە:** ڕێڕەو، شوێنی تێپەڕین

**گذشت:** تێپەڕین، ڕۆشتن، ڕەد بون

**گذشتن:** ١- تێپەڕبون، ڕۆیشتن، تێپەڕ کردن ٢- کۆتا هاتن، بە ئەنجام گەشتن، کۆتا هاتنی کات و سات

**گر:** بڵێسە، کڵپە، بڵێسەی ئاگر

**گر:** گەر، ئەگەر

**گرا:** بەندە، غولام، بە مانای سەرتاش و حەلاقیش دێت

**گراز:** خوو، خێو، خووك، بەراز

**گراز:** ناز، لەنجە و لار، خەرامان بەڕێگادا ڕۆشتن

**گرازان:** بڕوانە گرازیدن

**گرازە:** بڕوانە گراز

**گرازش:** بڕوانە گرازیدن

**گرازیدن:** ناز کردن، لەنجەولار، خەرامان بەڕێدا ڕۆشتن

**گراس:** پاروو، تیکە، تیکەی گەورە

**گرامر:** دەستور زمان، ڕێزمان، یاساکانی زمان

**گرامی داشتن:** بەڕێز بون، خۆشەویست بون، ڕێزداری

**گرامی شمردن:** ڕێز لێگرتن، بەڕێز زانین، پایەبەرز کردن

**گرامی:** بەڕێز، ڕێزدار، هێژا، پایەبەرز، خۆشەویست

**گران پیکر:** قەڵەو، بەکێش، ئەو کەسەی زۆر قەڵەو بێت و قورس بێت

**گران جنبش:** تەمەڵ، تەوەزەل، لەش قورس، ئەوەی زۆر تەمەڵ بێت و درەنگ لە جێگای خۆی بجوڵێت

**گران خاطر:** دڵتەنگ، مەلول، بێزار، دڵ شکاو

**گران خسب:** خەو قورس، ئەوەی درەنگ بخەوێت و درەنگ لە خەو هەستێت

**گران خو:** ناسازگار، نەگونجاو، ئەوەی لە گەڵ کەسدا هەڵنەکات

**گران خور:** زۆرخۆر، تێر نەخۆر، ئەوەی زۆر بخوات و تێر نەخوات

**گران دست:** دەست قورس، تەمەڵ، لەش قورس، ئەوەی کارەکانی بە تەمەڵی و سستی ئەنجام بدات

**گران سرشت:** ڕێزدار، لەخۆڕازی، لەخۆبایی، خۆپەسەند

**گران سلیح:** چەك قورس، ئەوەی چەکی قورسی بەدەستەوە بێت. و مەبەست لە کەسی ئازا و دلێر و بوێر

**گران سنج:** قورس، سەنگین، کێشدار، بایبدار، بەهادار

**گران سنگ:** ١- سەنگین، قورس ٢- بەڕێز، ڕازی، ڕێزدار، هێژا

**گران چشم:** چاو گەورە، چاو زل، ئەوەی چاوی گەورەبێت

**گران گوش:** گوێ گران، کەڕ، ئەوەی زۆر بە زەحمەت ببیستێت

**گران فروش:** گران فرۆش، ئەوەی شت بە گران دەفرۆشێت

**گران قدر:** بەڕێز، هێژا، ڕێزدار، پایەبەرز

**گران قیمت:** بایبدار، گران، بەهادار، ئەوەی بەهاکەی زۆر و گران بێت

**گران:** ١- سەنگین، قورس، پڕکێش ٢- بایبدار، پڕبەها، بەهادار

**گرانبار:** ۱- گرابنار، مرۆڤ یان ئاژەڵێك كە باری قورسی لەسەر پشت بێت ۲- داری پڕمیوە، ئەو دارەی كەبەری زۆری گرتبێت ۳- خۆڕاگر، بەمانای ژنی دوگیانیش دێت

**گرانبها:** گرانبایی، بەهادار، ئەوەی زۆر ناوازە و دەگمەن بێت، بایبدار

**گرانپایە:** پایەبەرز، بەڕێز، هێژا، ڕێزدار

**گرانجان:** ۱- گیان قورس، گیان سەخت، بە تەمەن، بەساڵاچو، زۆر پیر ۲- بێزار، هەژار، ئەوەی زۆر نەدار بێت و لە گیانی خۆی تێر بوبێت ۳- بەخیل، ڕەزیل، ڕژد، بەرچاوتەنگ

**گراند:** گەورە، ئەستور، زل، زەلام

**گرانسر:** سەرقورس، لە خۆڕازی، خۆبین، لەخۆبایی، خۆبەزل زان

**گرانمایە:** بەڕێز، ڕێزدار، ئازیز، هێژا، بایبدار

**گرانی:** گرانی، گران بون، پێچەوانەی هەرزان بون، سەنگین بون، قورس بون

**گرایستگی:** حەز لێ بون، ئارەزودار بون، حەز لێ كردن

**گرایستن:** بڕوانە گراییدن

**گرایش:** حەز، ویست، ئارەزو، مگێز، خواستن، ویستن

**گرایندن:** ئارەزومەند كردن، حەزدار كردن

**گراییدن:** ئاهەنگ كردن، ئارەزو كردن، پەلاماردان، هێرش كردن، خواستن، ویستن، حەز لێ كردن

**گربال:** بڕوانە غربال

**گربە شان:** فێڵباز، درۆزن، فریوكار، فریودەر

**گربە شور كردن:** پشیلە شۆر كردن، پشیلە شۆر، شتێك بە خێرایی و ناتەواوی شۆردن

**گربە گون:** پشیلە ئاسا، فێڵباز، ڕیاكار، مەرایی كەر،

**گربە كور:** پشیلە كوێر، فێڵباز، فریودەر، فریوكار

**گربە وحشی:** پشیلە وەحشی، جۆرە پشیلەیەكی وەحشی و بیابانیە و جەستەی لە پشیلە ماڵی زۆر گەورترە و دڕندەیە

**گربە:** پشیلە، پشی، پشیلك، گورپە، كتك، ئاژەڵێكی بچوكی گۆشتخۆرە

**گربەسان:** پشیلە ئاسا، هاوشێوەی پشیلەكان، وەك پشیلە

**گربز:** زیرەك، لێوەشاوە، لێهاتوو، فێڵباز، زیرەك، زرنگ

**گربك:** بڕوانە گربە

**گره بر:** گیرفان بڕ، دز

**گره بستن:** گرێ لێدان، پێچانەوە، بەستن، گرێ لە شتێك خستن

**گره بند:** دوكمە، قۆپچە

**گره پیشانی:** مۆن، گرژ، ناوچاو تاڵ، عەبوس، ڕو گرژ

**گره خوردن:** تێك چون، لە یەك ئاڵان، ئاڵۆزان، گرێ خواردن

**گره زدن:** گرێ لێدان، گرێ دان

**گره گشا:** چارەسەركەر، ئەوەی كێشە و گرفتی كەسانیتر چارەسەر دەكات

**گره:** بڕوانە گروه

**گره:** گرێ، پێوانەیەك بۆ درێژی

**گره:** گرێ، خەربوك، سوو، قەرقەف، قۆپك، ئاڵۆزی و تێك هەڵچونی بەن و پەت یان لقی دار

**گرتن:** گرتن، سەندن، بە چنگ هێنان، چنگ خستن، وەرگرتن، وەدەس خستن

**گرختن:** بڕوانە گریختن

**گرد آمدن:** كۆبونەوە، خڕبونەوە، كۆما بون

**گرد اوژن:** دلێر، پاڵەوان، قارەمان، ئازا

**گرد آوردن:** كۆكردنەوە، خڕكردنەوە، كەڵەكەكردن، هەڵچنین

**گرد سوز:** لامپا، گڕسۆز، چرا

**گرد گرفتن:** دەورەدان، دەورە گرتن، گەمارۆ دان

**گرد كردن:** ۱- خڕ كردن، كۆكردنەوە، كەڵەكە كردن ۲- تۆپەڵە كردن، خڕ كردن، بەشێوەی بازنەیی دەرهێنان

**گرد و خاك كردن:** تەپ و تۆز كردن، تەپ و تۆز بەرز كردنەوە

**گرد:** تۆز، تەپ و تۆز، تەپ و تۆز كە بۆ هەوا بەرز دەبێتەوە

**گرد:** خڕ، بازنەیی، هەر شتێك وەك بازنە خڕبێت

**گرد:** قارەمان، دلێر، پاڵەوان، ئازا، چاونەترس

**گـرداب:** گێـژاو، ئـەو شـوێنەی ئـاو بـە دەوری خۆیـدا دەسوڕێتەوە

**گرداس:** زاڵم، ستەمکەر، ستەمکار

**گرداگرد:** دەوراندەور، دەوروبەر، دەوروبەری شتێك

**گـردافکن:** پاڵـەوان، قارەمـان، ئـازا، دلێـر، بـوێر، ئـازا، چاونەترس

**گردآلود:** تۆزاوی، تەپ و تۆزاوی، خۆڵاوی، ئەوەی خۆڵ یان تەپ و تۆزی پێوە بێت

**گردان:** پاڵەوان، قارەمان، ئازا

**گردانـدن:** سوڕاندن، چەرخاندن، گۆڕانـدن، شـتێك بـە دەوری خۆیـدا سـووڕاندن، شـتێك بـە دەوری شـتێکدا گەڕاندن

**گردانگیختن:** تۆز کردن، تەپ وتۆز بەرز کردنەوە

**گردباد:** گێژەڵوکە، گێجەلوول، گەردەلول، بایی توند کە بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە

**گردبرگرد:** بڕوانە گرداگرد

**گردبند:** قارەمان، ئازا، دلێر، بوێر، چاونەترس، ئـەوەی بتوانێت پاڵەوانەکان لە زەوی بدات

**گردە:** خڕ، بازنەیی، خڕ ئاسا

**گردە:** گورچیلە

**گردە:** کولێرە، هەر شتێکی خڕ، مادە، ئەستۆك، خەپلە، برساق

**گردەپز:** نانەوا، ئەوکەسەی نان و کولێرە دەکات

**گردران:** ڕان پڕ گۆشت، بن ڕان

**گردزاد:** پاڵەوان زا، قارەمان زا، مناڵی قارەمانان

**گردش دادن:** سوڕاندن، خول پێدان، سووڕاندنی کەسێك یان شتێك لە شوێنێك

**گردش کردن:** گەڕان، پیاسە کردن، هەنگاو لێدان

**گردش:** سووڕان، گەڕان، سوڕیان، خولاندن

**گردشـگاه:** جێـی ڕابـواردن، ئـەو شـوێنەی خـەڵك لێـی ڕادەبوێرن

**گردگاه:** قەبرغە، خاڵیگە، کەلەکە

**گردگیر:** پاڵەوان، ئازا، بوێر، چاونەترس، قارەمان

**گردکان:** بڕوانە گردو

**گردماه:** مانگی تەواو، بەدر، مانگی شەوی چواردە

**گردن افـراختن:** خۆنوانـدن، گەردنکێشی کـردن، یـاخی بون، لەخۆبایی بون

**گـردن آور:** بـەهێز، زۆردار، ئـەو کەسـەیە بەخۆوەیـە و بەهێزە

**گـردن بنـد:** گـەردن بەنـد، ملوانـك، ملوانکە، ملوێنـك، گەرووبەن

**گردن تافتن:** بڕوانە گردن پیچیدن

**گردن پیچیدن:** یاخی بون، سەرکێشی کردن، نافەرمانی کردن

**گردن خاراندن:** بیانو هێنانەوە، پەڵپ گرتن

**گـردن خـم کـردن:** سـەردانەواندن، کڕنـوش بـردن، لە خۆبووردن، لە خۆبوردن

**گـردن دادن:** تەسـلیم بـون، ڕازی بـون، گـوێ گـرتن، گوێڕایەڵی

**گردن دراز:** مـل درێـژ، گـەردن درێـژ، ئـەو کەسـەی ملی درێژی هەیە

**گردن زدن:** لـە ملدان، ئـەوەی ملی کەسێك بـە شمشێر بپەڕێنێت

**گردن شخ:** لە خۆبایی، لەخۆڕازین خۆبین، خۆپەسەند

**گـردن شکـستە:** مـل شـکاو، ئـەوەی ئێسقانەکانی ملی شکابێت، و جۆرە جنێوێکە

**گردن فراز:** سەربڵندن، خۆپەسەند، لەخۆڕازی، خۆبین، خۆپەرست

**گردن کج کـردن:** لـە خۆبـورین، سـەردانەواندن، ملکەچ کردن، دەربڕینی ناتەوانی و لاوازی

**گردن کشیدن:** سەرکێشی کردن، نافەرمانی کردن، یاخی بون، لە خۆڕازی بون، خۆ نواندن

**گردن کلفت:** مل قەوی. ئەو کەسەی ملی ئەستور بێت. بەهێز، زۆردار

**گردن نهادن:** ڕازی بون، تەسلیم بون، ملکەچ کردن

**گردن:** مل، گەردن، ناق،

**گردناك:** تۆزاوی، خۆڵاوی

**گردنه :** گەردنە، لوتکەی کێو، شوێنێکە لە کێو کە وەك ملی کێو هەژمار دەکرێت

**گردنگاه:** بڕوانە گردنە

**گردو :** گوێز، گۆز، وەزی، گۆزك، گردەکان

**گردوار:** پاڵەوان ئاسا، هاوشێوەی قارەمانان

**گردون شکو:** بەرز، بەشکۆ، شکۆمەند، بەرز و بەشکۆ وەك ئاسمان

**گردون شناس:** گەردون ناس، ئەستێرەناس، شارەزا لە زانستی گەردون و ئەستێرە ناسی

**گردون گذار:** ئاسمان پێو، گەردون پێو، ئەوەی لە ئاسماندا تێپەڕێت

**گردون نورد :** گەردون پێو، ئاسمان پێو

**گردون:** گەردون، چەرخ، هەرچی بە دەوری خۆی یان شتێکدا بسوڕێتەوە

**گردونه :** عارەبانە، گاری، عەرەبانە

**گردیده حال:** پەرێشان، شێواو، شپرزە، ئەوەی حاڵی پەرێشان بێت

**گردیدن:** گەڕان، دەورلێدان، دەوردان، سووڕان، سووڕیان، گۆڕان، خول خواردن، خولانەوە، خولیانەوە

**گرز:** گورز، یەکێك لە کەرستەکانی شەڕ کەلە کۆندا بەکار دەبرا

**گرزه:** بڕوانە گرز

**گرزه:** ماری گەورە، جۆرێك مار کە سەری گەورەی هەیە

**گرزدار:** گورزدار، گورز بەدەست، ئەوەی گورزی لە دەستا بێت

**گرزدن:** کڕ گرتن، بڵێس کێشان، کڵپە کردنی ئاگر

**گرزش:** شکایەت، گلەیی، گازندە، شکات، تۆبە، گریان

**گرزمان:** ئاسمان، عاسمان

**گرزن:** تاج، تاجی شایی کە لە کۆندا بە سەر سەری پاشاوە هەڵیان دەواسی

**گرزیدن:** ناڵاندن، گازندە کردن، گلەیی کردن، تۆبە کردن، هاوار کردن

**گرس:** برسی، برسیەتی

**گرست:** مەست، خەیاڵ، سەرخۆش

**گرستن:** بڕوانە گریستن

**گرسنه چشم:** چاوبرسی، تەماحکار، تەمادار، بە تەماح

**گرسنه :** برسی، ڕەودین، ئاورا، مرۆڤ یان ئاژەڵ کە سکی خاڵی و پێویستی بە خواردن بێت

**گرسینا:** برسی بون، برسیەتی

**گرشاسب:** گەرشاسب، لە پاشاکانی پێشدادی کە کوڕی زابە و بە مردنی ئەو سیلسیلەی پێشدادی کۆتایی پێهات

**گرچه :** ئەگەرچی، هەرچەند

**گرگ آسا :** گورگ ئاسا، وەك گورگ، هاوشێوەی گورگ

**گرگ بند:** گرفتار، ئەسیر، دەست وپێ بەستراو

**گرگ پو:** گورگ پێ، ئەوەی وەك گورگ ڕابکات و هەڵێت

**گرگ:** گورگ، ئاژەڵێکە وەحشی و گۆشتخۆر هاوشێوەی سەگ

**گرگاو:** پاپوچ، جۆرە پێڵاوێکی چەرمی سووك

**گرگر:** تەخت، تەختی پاشایەتی

**گرگسار:** گورگسار، وەك گورگ

**گرگین:** گورگ ئاسا، ئازا و بوێر وەك گورگ. و ناوی یەکێك لە پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی ئێران کە کوڕی میلادە

**گرفت و گیر:** گرتن و بەند کردن، گرتن

**گرفت:** ۱- گرتن، لێپێچینەوە ۲- تاوان، قەرەبو ۳- تانە، سەرکۆنە، لۆمە، سەرزەنشت

**گرفتار آمدن:** گرفتار بون، گیرۆدە بون، توشبون، دیل بون

**گرفتار شدن:** بڕوانە گرفتار آمدن

**گرفتار کردن:** گرفتار کردن، دەربەند کردن، گیرۆدە کردن، ئەسیر کردن، دیل کردن، توش کردن

**گرفتار:** گرفتار، گیرۆدە، دیل، ئەسیر، دەربەند، توشبو

**گرفته چهر:** خەمبار، خەمگین، ڕووخاو، مەلوول، دڵتەنگ

**گرفته لب:** بێدەنگ، خامۆش، بێ چرپە

**گرم جوش:** کراوە، ئەخلاق شیرین، گەرم و گوڕ، ئەوەی بە جوانی و خۆشی لە کەسانیتر هەڵس کەوت بکات

**گرم خیز:** چالاك، چوست، تیژپێ

**گرم دار:** خەفەتبار، خەمبار، دڵتەنگ، مەلول

**گرم دل:** دلگەرم، دڵنیا، ئەوەی دڵی بەهێز بێت، خۆڕاگر

**گرم راندن:** ڕاکردن، بە خێرایی ڕۆشتن، پەلە کردن لە ڕێگا ڕۆشتندا

**گرم رو:** تیژپێ، تونـدڕەو، ئـەوەی لـە ڕۆشتندا گـەرم و گوڕە

**گرم گرفتن:** گەرم وگوڕ بون، دەربڕینی هاوڕێیەتی

**گرم کین:** ڕق ئەستور، ئەوەی ڕق لە دڵ بگرێت

**گرم نفس:** هەناسەگەرم، خوێن گەرم

**گرم:** ١- خەم، پەژارە، کەسەر، مەینـەتی، داخ، خەفـەت ٢- برین، کیم

**گرم:** گەرم، ئەوەی گەرمای هەبێت

**گرم:** گرەم، غرام، پێوانەیەکی کێشە لە فەرەنسا. پێنج گرەم نزیکەی یەك مسقاڵە

**گرما درمانی:** گـەرما دەرمـانی، شێوازێکە بـۆ چارسەر کردن بە گەرما

**گرما:** گەرما، تین، پێچەوانەی سەرما

**گرمابـە:** گـەرماو، حـەمام، شوێنێك کـە بـۆ خۆشـۆرین دروست کرابێت

**گرمـازده:** گـەرما لێـدراو، ئـەوەی گـەرما لێـی دابێـت و نەخۆش کەوتبێت

**گرماسنج:** گەرمی پێـو، گـەرماپێو، ئامێرێکە بـۆ دیـاری کردنی پلەی گەرمی

**گرمـاگرم:** گەرماوگـەرم، زۆر گـەرم، لـە حاڵـەتی زۆر گەرمیدا

**گرماوە:** بڕوانە گرمابە

**گرمخانە:** ماڵی گەرم، شوێنی گەرم

**گرمسیر:** گەرمەسێر، گەرمێن، قشلاخ، گەرمیان، شـوێنی گـەرم کـە خێـوەت نـشینەکان لـە زستاندا کۆچـی بـۆ دەکەن

**گرمگاه:** گەرمای نیوەڕۆ، کاتی نیوەڕۆ

**گرمگاهان:** گەرمای نیوەڕۆ، کاتی نێوەڕۆ

**گرناد:** نارنجۆك، قومبەلەی دەستی

**گرنج شیر:** شیر برنـج

**گرنج:** ١- چین، چرچ، لۆچ ٢- سوچ، قوژبن، بن، گۆشە

**گرنجار:** برنـج جارش، مەزرای برنـج، چەڵتوك جاڕ

**گرو بردن:** بردنەوە، گرێو بردنەوە، بردنەوە لە کێبڕکێ یان قومار

**گرو بستن:** گرێو کردن، مەرج بەستن، شەرت بەستن لـە سەر شتێك

**گرو کردن:** گرێو کـردن، بـە بارمتـە گـرتن، شـتێك وەك بارمتە لای خۆی دانانەوە

**گـرو:** گرێـو، بارمتـە، گرەونـان، ئـەوەی لای کەسـێك دایدەنێن و بەئەندازەی ئەوە پارە قەرز دکەن

**گرو:** مـانگرتن، دەسـت لـە کارکێشانەوەی کرێکاران بـۆ کەم کردنەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن یان زیاد کردنی مانگانە

**گروباختن:** دۆڕاندن، گرەو دانان

**گروە خون:** گروپی خوێن

**گروە:** گروپ، دەستە، تـاقم، جەماعـەت، دەسـتەیەك لـە خەڵك

**گروپ:** گروپ، دەستە، تاقم

**گرودادن:** گرەونـان، بـە بارمتـەدانان، شـتێك وەك گـرەو لای کەسێك دانان

**گروگـــان دادن:** بارمتـە دان، شـتێك یـان کەسـێك وەك بارمتە دانان

**گروگان گرفتن:** بارمتە گـرتن، شـتێك یـان کەسـێك وەك بارمتە گرتن

**گروگان:** بارمتە، ئەوەی وەك بارمتە ڕاگیرابێت

**گروگر:** دادگەر، دادپەروەر، دادیار

**گروهاگروە:** دەستە دەستە، تاقم تاقم، ڕیز ڕیز

**گروهان:** دەستەکان، گروپەکان، تاقمەکان

**گروهبان:** سەربازی دەرەجەدار

**گروهە:** دەستە، تاقم، جەماعەت، ژمارەیەك لە خەڵك

**گرویدن:** باوەڕهێنان، شوێن کەوتن، باوەڕ بە کەسێك یان شتێك هێنان، وەدوو کەوتن

**گریان:** گریان، ئەو کەسەی لە گریاندایە

**گریاندن:** گریاندن، فرمێسك لە چاو هێنانە خوار، ناچار کردن بە گریان

**گریبان:** یەخە، یەقە، ملیوان

**گریبانگە:** ملیوان، قورگ، مل

**گریە آلود:** گریاناوی، تێکەڵ بە گریان، فرمێسکاوی

**گریە آور:** گریاناوی، فرمێسك هێنەر، ئەوەی ببێتە هۆی گریان

**گریە گر:** گرینۆك، چاو بە گریان، ئەو کەسەی دەگرێت

**گریە:** گریە، گریان، ڕژاندنی ئەسر لە چاو، شین کردن

**گریەمند:** چاو بە گریان، فرمێسك ڕێژ، گرینۆك

**گریەناك:** بڕوانە گریە مند

**گریپ:** زکام، هەلامەت، پەتا، درم، نەخۆشیەکە

**گریختن:** هەڵاتن، ڕاکردن، دەرچون، خۆدەرباز کردن،

**گریختنگاه:** شوێنی هەڵاتن، شوێنی ڕاکردن

**گریز:** هەڵاتن، فیرار، فەرار، هەڵاتن لەبەرابەر کەسێك یان شتێك

**گریزپا:** تیژپێ، ئەوەی خێرا لەبەرابەر کەسێك یان شتێك هەڵێت

**گریزجا:** بڕوانە گریختنگاە

**گریزش:** ڕاکردن، هەڵاتن، دەرباز بون، هەڕا کردن

**گریزگاه:** بڕوانە گریختنگاە

**گریزیدن:** بڕوانە گریختن

**گریس:** گریس، چەوری، ڕۆن

**گریستن:** گریان، شین کردن، فرمێسك لە چاو هێنانە خوار، فرمێسك ڕژاندن، گرین

**گریسنگ:** چاڵ، قوڵایی

**گریغ:** هەڵاتن، ڕاکردن

**گرینویچ:** گرینیچ، یەکێك لە شارەکانی بریتانیا

**گریواره:** گەردن بەند، کەڵێن، ملوانك، ملوێنك

**گریوان:** بڕوانە گریبان

**گریوه:** تەپە، تەپۆڵکە، ملە، گەردەنە

**گریون:** گولی، نەخۆشی گولی

**گرییدن:** بڕوانە گریستن

**گز کردن:** گەز کردن، ئەندازە گرتنی زەوی بە گەز

**گز:** ئەستور، کوڵوفت

**گز:** گەز، پێوانەیەکە بۆ درێژی

**گز:** گەز، دارێکە، گزیچار، جۆرە شیرینیەکە

**گزار:** پلان، نەخشە، نەخشە کە لەسەر کاغەز بیکێشن

**گزارا:** پلان دارێژ، نەخشە کێش

**گزاردن:** بەجێهێنان، ئەنجام دان، کردن

**گزارش دادن:** هەواڵ دان، مەبەست دان، ئاگادار کردنەوە

**گزارش کردن:** شی کردنەوە، شرۆڤە کردن، ڕاڤە کردن، لێکدانەوە

**گزارش:** هەواڵ دان، مەبەست نوسین، ڕاپۆرت

**گزارشگر:** مێژوونوس، دیرۆك نوس، ئەو کەسەی کەسانیتر لە ڕوداوەکان ئاگادار دەکاتەوە

**گزاریدن:** بڕوانە گزاردن

**گزاف:** زۆر، زیاد، بێ ئەندازە، بێ سنور

**گزافه:** بڕوانە گزاف

**گزافه‌گو:** زۆربڵە، فرەبێژ، چەنە درێژ، ئەوەی بێهۆ قسە دەکات

**گزافه‌کار:** زێدەڕۆ، سنوربەزێن، ئەوەی لە کارەکان زێدەڕۆیی دەکات

**گزاك:** گەزۆك، گازکر، ئەو ئاژەڵانەی گاز دەگرن

**گزایان:** بڕوانە گزاییدن

**گزاییدن:** زیان پێ گەیاندن، گاز گرتن، ئازاردان، زەرەر لێدان

**گزر:** چارە، دەرمان، چارسەر

**گزر:** گێزەر، گەزەر، کارووت

**گزك:** ١- تام، ئەوەی تامی دەمی پێ بگۆڕن ٢- دەرفەت، هەلی گونجاو بۆ ئەنجام دانی کارێك

**گزك:** سەرما بردەڵە، سەرما لێدراو، سەرما، گرژبون

**گزمار:** ماری گازگر، ئەو مارەی گاز دەگرێت و پێوە دەدات

**گزمــه:** حەســحەس، شــەوگەڕ، پاســەوان، ئێشكــچی، كێشكچی
**گزنــه:** گەزنــە، ئاڵۆشــە، ئەنجــەرە، گیایەكــە لــە تــیرەی نەعنا
**گزند خوردن:** زەرەربینین، زیان بەركەوتن، زەرە دیتن
**گزند دیدن:** زیان بەركەوتن، زەرەر لێدران
**گزند رساندن:** زیان لێدان، زەرەر لێدان
**گزند:** زیان، ئازار، زەرەر، بەڵا، ڕەنج
**گزنده:** گازگر، ئەوەی گاز دەگرێت و پێوە دەدات
**گزیت:** باج، باج و خەراج، ئەو بڕە پارەی كە لە كۆنـدا موسوڵمانان لە ناموسوڵمانانیان دەسەند
**گزیده كـردن:** هەڵبـژاردن، بـژارە كـردن، دیـاری كـردن، دەست نیشان كردن
**گزیدن:** گاز گرتن، پێوەدان، چز لێدان، گەستن
**گزیدن:** هەڵبـژاردن، دیـاری كـردن، جیاكردنـەوە، جـوێ كردنەوە، هەڵژماردن، بژارە كردن
**گزیر:** پێشكار، حەسحەس، شەوگەڕ، پاسەوان، كێشكچی
**گزیر:** چارە، چارسەر، دەرمان
**گزیره:** چارە، چارسەر، دەرمان
**گزیردن:** چارە كردن، چارسـەر كـردن، دەرمـان كـردن، چارە بۆ دۆزینەوە
**گزین كـردن:** هەڵبـژاردن، دەسـت نیـشان كـردن، دیـاری كردن
**گزینه:** دیاری كراو، دەست نیشان كراو، بژاردە، بژارتی، هەڵبژێردراو
**گزینش:** هەڵبژێردراو، دیاری كراو
**گس:** مێخۆش، تامێك كە دەم بكاتەوە
**گساردن:** خواردن، خواردنەوە، مەی خواردن
**گست:** ناحەز، قێزەون، ناشیرین، دزێو
**گستاخ رو:** بێ پەروا، بێ شەرم، نەترس، ئازا
**گستاخ وار:** نەترسانە، بوێرانە، دلێرانە
**گستاخ:** نەترس، دلێر، ئـازا، بـوێر، چـاو كـراوە، ڕوودار، بێ شەرم
**گستاخانه:** دلێرانە، بێ شەرمانە، ڕوودارانە، ئازایانە
**گستاخی كردن:** ڕوداری كردن، بوێری كردن، نەترسان
**گـسته:** ١- ناشـیرین، قێـزەون، ناحـەز ٢- شـیاكە، ڕیـخ، پیسایی
**گسترانیدن:** ڕاخستن، پان كردن، داخستن
**گستردەگوش:** گوێ پـان، گـوێ گـەورە، ئـەوەی گوێچكەی گەورە و پانی هەیە
**گستردن:** پان كردنەوە، ڕاخستن، داخستن
**گسختن:** بڕوانە گسیختن
**گسسته پـشت:** بـێ پـشتیوان، بـێ پـشت و پـەنا، تـەنیا، پشت شكاو
**گسسته خرد:** بێ عەقڵ، بێ ئاوز، كەم ئاوز، نەزان
**گسسته دل:** دڵ شكاو، دڵتەنگ، خەمبار
**گسستەدم:** هەناسـە بـڕاو، ئـەوەی لـە هیلاكیـدا هەناسـە بڕكێی پێكەوتبێت
**گسستەعنان:** هەوسار پچڕاو، پەت پچڕێن
**گسستن:** بڕین، پچڕاندن، جیا كردنەوە، دابڕاندن، جوێ كردنەوە
**گسلاندن:** بڕین، دڕین، هەڵدڕین، دادڕین، لەت كردن
**گسلیدن:** بڕین، دڕاندن، پچڕاندن، لەت كردن
**گسنه:** بڕوانە گرسنە
**گسی:** بڕوانە گسیل
**گسیختن:** بڕوانە گسستن
**گسیل:** ناردن، هەناردن، نێرتن، بەڕێ كردن
**گشاد نامه:** نامەی سەركراوە، فەرمان، دەسـتور، نامـەی پاشاكان
**گـشاد:** بـڵاو، گـەڵ و گوشـا، بـەربڵاو، پـان و پـۆڕ، دەڵ، دەڵپ
**گشاده خاطر:** دڵ ڕوناك، كراوە، دڵخۆش
**گشاده زبان:** زمان پاراو، قسە خۆش، ئەوەی بـە ئاسـانی بتوانێت قسە بكات
**گشاده:** كراوە، ئاوەڵا، بەربڵاو
**گشادەباز:** دەست بڵاو، زێدەڕۆ، ئەوەی پارەی خـۆی بـێ هۆ خەرج بكات
**گشادەخد:** ڕوكراوە، ڕوخۆش

**گشادەدست:** دەست کراوە، دڵ گەورە، جوامێر، بەخشەر،
**گشادەرو:** دەم بەبزە، لێو بە پێکەنین، دەم بە پێکەنین، ڕو کراوە
**گشادن:** کردنەوە، ئاوەڵا کردن، ڕەها کردن، بەرەڵا کردن، بەردان
**گشایش یافتن:** بڵاو بون، بەربڵاو بون، ئاوەڵا بون
**گشایش:** کردنەوە، ئاوەڵا کردن، ڕزگاری، ڕەهایی
**گشت:** گشت، هەمو، هەموان، تێکڕا
**گشتا:** بەهەشت، شوێنی چاکەکاران لەو دنیا
**گشتاپو:** گشتاپۆ، ناوی دەزگای نهێنی پۆلیسی ئاڵمان لەسەردەمی هیتلەر
**گشتەسر:** سەرگەردان، پەرێشان، شپرزە
**گشتن:** گەڕان، پیاسە کردن، سەیر کردن، ڕوانین، دەوردان
**گشسب:** ئەسپ نێر
**گشن دادن:** سك پڕ کردن، دوگیان کردن، بەبەرهەم کردنی داری خورما بە پرژاندنی تۆز
**گشن گرفتن:** سك پڕ بون، دوگیان بون، ئاوس بون
**گشن:** جوان، قۆز، نێر، پیاوانە
**گشن:** زۆر، پڕ، چڕ و پڕ، چڕ وپڕی لەشکر یان دارستان
**گشنە:** برسی
**گشنی:** جوت بون، جوت گرتنی نێر و مێ
**گشنیز:** گشنیز، گیایەکی یەك ساڵەیە
**گشودن:** کردنەوە، ئاوەڵا کردن، بەرەڵا کردن
**گچ اندود:** سواخدراو بە گەچ، ئەوەی بە گەچ سپی کرابێت
**گچ بر:** گەچکار، گەچ بڕ، ئەوەی کاری گەچ کاری دەکات
**گچ کار:** گەچ کار، وەستای گەچ کار، ئەو وەستاییەی کاری گەچ کاری دەکات
**گچ:** گەچ، مادەییەکی سپی ڕەنگە هاوشێوەی خۆڵەمێش کە زیاتر بۆ سپی کردنی ژوورەکان بەکاری دەبەن
**گچك:** کەمان، کەمانچە
**گفت و شنید:** وتن و بیستن، گفتوگۆ، وتووێژ
**گفت:** وتن، وتار، پەیف، کەلام
**گفتار:** قسە کردن، وتار دان، وتار، قسە، پەیف، ئاخاوتن، ئاخفتن، دوان، گفتوگۆ
**گفتگو:** گفتوگۆ، وتوێژ، دوان، پەیفین، قسە کردن لەگەڵ کەسێکیتر
**گفتن:** وتن، قسە کردن، دوان، ئاخاوتن، پەیفین
**گل آتشی:** گوڵی سوور
**گل اندام:** گوڵ ئەندام، گوڵەنام، ئەوەی جەستەی نەرم و ناسك بێت وەك گوڵ کە بۆ ژنان بە کار دەبرێت. ناوێکە بۆ ژنان
**گل اندود:** سواغ دراو، قوڕ لێدراو، ئەوەی بە قوڕ سواغ درابێت
**گل پرور:** گوڵ پەروەر، باخەوان، ئەوەی گوڵ پەروەردە دەکات
**گل پیرا:** گوڵ پەروەر، گوڵکار، باخەوان
**گل سرخ:** گوڵی سور، یەکێك لە ناوادارترین جۆری گوڵەکان کەشێوازی جۆراوجۆری هەیە
**گل کردن:** ١- گوڵ کردن، گوڵ دەردان ٢- دەرکەوتن، ئاشکرابون، هاتنەڕوو
**گل کیپر:** گۆڵچی، گۆڵچی لەناو یاری دوگۆڵێدا
**گل مژە:** زیتکەسڵام، سیتکە سڵاو، قنچکە سڵاوە، قرینچکە سڵاو
**گل میخ:** گوڵ مێخ، جۆرێك بزمار کە قنەکەی پانە و ئەستور
**گل:** گۆڵ، لە یاری دوگۆڵێدا کاتێك تۆپ دەچێتە ناو گۆڵەوە بە کاری دەبەن
**گل:** گڵ، قوڕ، هەڕی، بشکۆڵ، هەرگ، هەڕە، گڵ کە تێکەڵ بە ئاو کرابێت
**گل:** گوڵ، شکۆفەی دەم کراوە، چرۆی دەم کراوە، غونچە کە شکۆفابێتەوە
**گلاب دان:** بڕوانە گلابپاش
**گلاب:** گوڵاو، عەتر، عارەقی گوڵ کە لە بەشێکی تایبەت بە ناوی گوڵی موحەمەدی دەیگرن
**گلابە:** قوڕ، لیتاو، قوروچڵپاو

**گلاپپاش:** گولاوپاش، گولاو پژێن

**گلابی:** هەرمێ، هەمرو، هەمرۆ، میوەیەك سەوز ڕەنگ و ئاودار بە ئەندازەی سێو

**گلادیاتور:** گلادیاتۆر، لە ڕۆمی کۆندا بە کەسانێکیان دەوت کە لە شوێنە گشتیەکان لەگەڵ ئاژەڵە دڕندەکان شەڕیان دەکرد

**گلاندن:** تەکاندن، لەراندن، وەراندن، ڕاشەکان، شەکاندنەوە، تەکاندانی دار بۆ وەراندنی میوەکانی

**گلاویز شدن:** دەرگیربون، چنگاوش بون، بە یەکا هەڵپژان، مشت ومڕ کردن،، یەخەی یەکتر گرتن و شەڕ کردن

**گلاویز:** دەرگیر، هەڵواسراو

**گلایە:** گلەیی، گازندە، شکایەت

**گلباران:** گوڵباران، ڕژاندنی گڵ بەسەر کەسێك یان شتێك

**گلبام:** بڕوانە گلبانگ

**گلبانگ:** بانگی بڵند، دەنگی بەرز

**گلبرگ:** بەرگی گوڵ، هەرکام لە بەرگە ناسکەکانی گوڵ

**گلبن:** داری گوڵ، گوڵ

**گلبند:** باخەوان، باغەوان، ئەوەی کاری پەروەردە کردنی گوڵ و دارە

**گلبیز:** گوڵ ڕژێن، گوڵ پژێن

**گلە گلە:** ئێرەو ئەوێ، شوێن شوێن، جێ جێ

**گلە:** شکایەت، گلەیی، گازندە، دەربڕینی دڵتەنگی

**گلە:** گایەل، ڕان، دەستە، مێگەل، ڕێن

**گلەبان:** شوان، شڤان

**گلەدار:** جۆیار، ئەو کەسەی مەڕ و ماڵاتی هەیە

**گلەچران:** شوان، شڤان، مێگەل ڕان

**گلەگلە:** مێگەل مێگەل، دەستە دەستە

**گلەمند:** گلەییکەر، گازندەکەر، ئەو کەسەی گلەیی و گازندەی هەیە

**گلپر:** گوڵپەڕ، سەوڵ، سەوەڵان، گیاییەکە کە ترشی لێ دروست دەکەن

**گلخان:** بڕوانە گلخن

**گلخانە:** گوڵخانە، شوێنێکی تایبەت کە تیایدا گوڵ پەروەردە دەکەن و بەخێوی دەکەن

**گلخن:** تون، ئاگردان، ئاتەشدان، ئاگردانی حەمام

**گلخوار:** گڵخۆر، ئەوەی عادەتی بە خواردنی گڵ هەیە

**گلدار:** گوڵدار، ئەوەی نەخشی گوڵی پێوە بێت

**گلدان:** ئینجانە، گوڵدان، دەفری سواڵەت کە گوڵی تێ دەکەن

**گلدستە:** ١- چەپکە گوڵ، دەستەی گوڵ ٢- مینارە، منارە، منارەی بەرزی مزگەوت و پەرستگاکان

**گلر:** گوڵچی، لە یاری دوگۆڵیدا بریتیە لەو کەسەی ئەرکی پاراستنی گۆڵەکەی لە ئەستۆدایە

**گلرخ:** بڕوانە گلچهرە

**گلرنگ:** گوڵڕەنگ، بە ڕەنگی گوڵ، هاوڕەنگی گوڵی سور

**گلرو:** بڕوانە گلچهرە

**گلریز:** گوڵڕێژ، گوڵ پژێن

**گلزار:** گوڵزار، گوڵستان، باخ، باخی گوڵ

**گلستان:** گوڵستان، گوڵزار، شوێنێك کەگوڵی زۆری لێبێت

**گلشن آرا:** باخەوان، گوڵ پەروەر، ئەو کەسەی کارەکەی پەروەردە کردنی گوڵە

**گلشن طراز:** باخەوان، گوڵ پەروەر

**گلشن:** بڕوانە گلزار

**گلچین:** گوڵچن، گوڵچین، ئەو کەسەی گوڵ دەچنێتەوە

**گلچین:** هەڵبژاردە، بژاردە، هەڵبژێردراو، باشترین شت کە لەنێوان چەند شت هەڵیبژێرن

**گلگشت:** سەیران، گەڕانەو پیاسە کردن لەناو باخ

**گلگون:** سوورڕەنگ، بەرەنگی سور، سوور

**گلگونە:** بڕوانە گلگون

**گلگیر:** گلگیر،

**گلعذار:** بڕوانە گلچهر

**گلف:** گوڵف، جۆرە یاریکە کە لە گۆڕەپانێکی گەورەدا کە کونی بچوکی تیا هەڵکەنراوە دەیکەن

**گلفام:** بڕوانە گلرنگ

**گلـــك:** تانــه، ســەرکۆنه، سەرزەنــشت، لۆمــه، تەشــەر، وتەیەك كە بەشێوازی تانە و تەشەر بوترێت

**گلكار:** گوڵکار، باخەوان، ئەوکەسەی سەرقاڵی پەروەردە کردنی گوڵە

**گلكـــار:** کرێکـار، قوڕەکـار، کرێکارێـك کـە کـاری لـە بیناسازیدا دەکات، بەنا، وەستا، وەستای دیوار

**گلكـوبی:** پێشێل کـردن، شێلانی گوڵ و گیـا، گـەڕان و پیاسە کردن لە سەرەتای بـەهار لـە نـاو گـوڵ و گیـا کـە دەبێتە هۆی شێلانی گوڵەکان

**گلـن گــدن:** گەلەنگەدەن، ئامێرێکـە لـەناو تفـەنگ کـە فیـشەك دەخاتــە نــاو مــەخزەن و دەریدەهێنێتــەوە. فیشەك کێش، کۆلاس

**گلنار:** گوڵنار، گوڵی هەنار، بەڕەنگی گوڵی هەنار

**گلنارگون:** سور ڕەنگ، بەڕەنگی گوڵی هەنار

**گلناك:** قوڕاوی، هەڕگاوی، تێکەڵ بە قوڕ

**گلو:** قورگ، گەڵوو، قۆڕوو، بەشی کۆتایی دەم

**گلوبر:** قورگ بڕ، ئەوەی قورگی گیاندارێك ببڕێت

**گلوبند:** ملوانکە، ملوێنکە، گەردن بەنـد، زێـڕ و خـشڵ کە ژنان بۆ جوانی لە ملی خۆیانی دەکەن

**گلوبنده:** سك پەرەست، زۆرخۆر، تێرنەخۆر،

**گلوگیر:** قورگ گر، تیکەی گەورەکەلە قورگ گیر بکات

**گلولـه بـاران:** گولـه بـاران، فیشەك بـاران، گولـه بـاران کردنی شوێنەکانی دوژمن

**گلوله:** گلۆڵە، خرتەڵە، ئارماز، کۆتە، کۆتلك، گولە

**گليز:** ئاوی دەم، تف، لیك، لیـك کـە لـەدەمی مـرۆڤ یـان ئاژەڵ دێتەدەر

**گليز:** گۆزە، سواڵەت

**گليگر:** گلکار، بەنا، وەستای دیوار

**گليم پوش:** هەژار، نەدار، دەست کورت

**گليم:** گلیم، بەڕ، پلاس،

**گلين:** بوك، وەیوی، وەوی

**گلين:** گلی، گلین، تایبەت بە گڵ و خاك؟، ئەوەی لـە گـڵ دروست کرابێت

**گلينه:** گلین، تایبەت بە گڵ

**گم شدن:** گوم بون، ون بون، بزر بون، لەبەرچاو نەمان

**گم گشتن:** بڕوانە گم شدن

**گم كردن:** ون کردن، گوم کردن، بزر کردن

**گـم نـشان:** بـێ نـاو و نیشان، نەناسـراو، ئـەوەی نـاو و نیشانی دیار نەبێت

**گم:** ون، نادیار، گوم، بزر، لەناوچو، لەدەس چو

**گماردن:** بڕوانە گماشتن

**گماريدن:** بڕوانە گماشتن

**گماشتن:** دیاری کردن، کەسـێك لەسـەر کاردانـان، کارێـك بە کەسێك سپاردن

**گمان انگيز:** گوماناوی، ئەوەی ببێتە هۆی دروست بونی گومان

**گمان بردن:** گومان بردن، شك کردن، وا زانین، واهەست کردن

**گمان كردن:** گومان کردن، شك کردن، خەیاڵ کردن

**گمـــان:** گومـان، دودڵی، شـك، دڵاودڵی، خـەیاڵ، وەهـم، ئەندێشە، گریمانە

**گمانه بردن:** گومان بردن، شك کردن، وا زانین

**گمانه كردن:** گومان کردن، وا زانین، هەست کردن

**گمانه:** گومان، خەیاڵ، شك

**گمانيدن:** ئەندێشە کردن، خەیاڵ کردن، بیرکردنەوە

**گمرا كردن:** گومـڕا کـردن، لـە ڕێ دەرکـردن، بەهەڵەدا بردن

**گمراه شدن:** گومڕا بون، لە ڕێ دەرچون

**گمراه:** گومڕا، لەڕێ دەرچو، بەهەڵەداچوو

**گمـرك:** گـومرك، ماڵیاتێـك کـە لەسـەر سـنور لـە کـاڵا نێردراو و هێنراوەکانی وەردەگرن

**گمنـــام:** نەناسـراو، نادیـاری، نەناسـراو، بـێ نـاو نیـشان، ئەوەی نەناسراو و ناودار نیە

**گميختن:** ١- تێکەڵ کردن، ئاوێتە کردن، تێکـەڵاو کـردن

٢- میز کردن، پێشاو ڕشتن، گمیز کردن

**گميز كردن:** میز کردن، پێشاو ڕشتن، گمیز کردن

**گميز:** گمیز، میز، پێشاو، مێزڵ

**گميزدان:** میزەڵان، گمێزدان،

**گمیزیدن:** میز کردن، گمێز کردن، پێشاو ڕشتن

**گناه آلـود:** گوناحـاوی، تێکەڵ بـە گونـاح، گوناحکار، تاوانبار

**گناه ورزیدن:** گوناح کردن، توشی گوناح بون

**گناه:** گوناح، تاوان، سوچ، هەڵە، نافەرمانی، کاری خراپ

**گناه پوش:** گوناح پۆش، لێخۆشبوو، لێ بوور، ئـەوەی لـە هەڵە و گوناحی کەسانیتر چاو دەپۆشێت

**گناهکار:** گوناحکار، تاوانـدار، شووچـدار، ئـەوەی هەڵـە یان تاوانی کردبێت

**گنبد:** گومبەد، گومـەز، گونبـەد، سـەقف یـان بینایـەکی هێلکەیی کە بـە زۆری لـە خـشت لەسـەر مزگـەوت یـان پەرسگاکان دیاری دەکرێت

**گنبدی:** گومەزی، گونبەدی، لە شێوەی گومەزدا

**گنج خانه:** گەنج خانە، شوێنی گەنج

**گنج دار:** گەنج دار، خاوەن گەنج، پاسەوانی گەنج

**گنج دان:** گەنج دان، خەزێنە، گەنجینە

**گنج نامه:** گەنج نامە، ئەو کاغەزەی کە شوێنی گـەنجی تیا دەست نیشان کراوە

**گنج:** توانایی، لێوەشاوەیی، لێهاتویی، قەبارە

**گنج:** گەنج، خەزێنەی زێڕ و زیو، پارەی زێڕ و زیـو کـە لە شوێنێکدا حەشاریان دابێت

**گنجار:** سوراو،

**گنجانـدن:** جێـدان، جێکـردن، گونجـانن، لـەناو دانـان، شتێك لە شوێنێك یان لەناو شتێکیتردا جێکردنەوە

**گنجایش:** دێریان، توانایی، جێ کردنەوە

**گنجبار:** گەنجخانە،، گەنجدان، شوێنی گەنج

**گنجبان:** خەزێنـەدار، ئـەوەی کەسـەی ڕاسپێردراوە بـۆ پاسەوانی کردن لە گەنج و خەزێنە

**گنجه:** دۆڵاوچە، دۆڵاوە، قەفەزە، گەنجینە

**گنجـشك:** چـۆلەکە، پاسـاری، مەلووچـك، مـەلینجك، مەلیچك

**گنجور:** خاوەن گەنج، گەنجدار، خەزێنەدار

**گنجیـدن:** گنجان، جـێ بونـەوە، جـێ گـرتنی شـتێك لـە شوێنێك یان لەناو شتێك

**گنجینه:** گەنجینە، شوێنی گەنج، شوێنی هەڵگرتنی شتە گرانباییەکان

**گنجینه‌دار:** گەنجدار، خەزێنەدار

**گند زده:** بۆگەن، گەنیو، ڕزیو، پیس، بۆن ناخۆش

**گند:** بۆگەن، بۆنی ناخۆش، گەن، کفکۆ

**گند:** سوپا، لەشکر، فۆشەن،

**گند:** هێلکە، گون، هێلکە

**گندا:** بڕوانە گندە

**گنداب رو:** ئاوەڕۆ، ئەو شوێنەی ئاوی گەنیو و پیس پیا دەڕوات

**گنـدآب:** بۆگـەناو، ئـاوی ڕاوەسـتاوی بۆگـەن کـردو، گەندەژە، گەناوو

**گنداموبه:** وردە مـو، گەنـەمو، زەردە مـوو، مـوی ورد و نەرم کە لەسەر جەستەی منداڵ بێت

**گنداندن:** گەناندن، بۆگەن کردن، بۆن ناخۆش کردن

**گنده دماغ:** لووت زل، کەپۆ زل، ئەوەی لووتی زل بێت

**گنـده دهـان:** دەم گـەورە، دەم حەوشـە، ئـەوەی دەمـی گەورە بێت، دەم زل

**گنده زبان:** زمان شڕ، زمان پیس، جوێن فـرۆش، جنیو فرۆش

**گنده لاش:** لاشەی گەنیو، لاشە کە بۆگەنی کردبێت

**گنده مغز:** لەخۆڕازی، لەخۆبایی، خـۆبین، خۆپەرەسـت، خۆ بە زل زان

**گنـده نفـس:** دەم بۆگـەن، هەناسـە بۆگـەن، ئـەوەی هەناسەی دەمی بۆگەن بێت

**گنده:** بۆگەن، ڕزیو، بۆن ناخۆش، کفکۆ

**گنده:** زڵ، زەلام، زەبەلاح، گەورە، ئەستوور، قەڵەو

**گنده پیر:** پیر، بە ساڵاچوو، بەتەمەن

**گنـده‌خور:** پـیس خـۆر، ئـەوەی شـتی پـیس و بۆگـەن دەخوات

**گندەکار:** کار پیس، ئەوەی کاری پیس و ناشیرین دەکات

**گندزدا:** بۆن بڕ، بۆگەن گڕ، بۆنگر، هەر دەرمانێك کە ببێتە هۆی نەهێشتنی بۆنی ناخۆش

**گندك:** بارووت، گۆگرد

**گندله:** خڕ، بازنەیی، هەر شتێکی خڕ و بازنەیی

**گندم درو:** وەرزی دروێنەی گەنم

**گندم:** گەنم، دان، خەڵە، دەغڵ، یەکێك لە دانەوێڵەکان کە لە ئاردەکەی نان دروست دەکەن

**گندمه:** تاوڵ، زیپکە، جۆش

**گندمزار:** گەنمجاڕ، گەنمەجاڕ، مەزرای گەنم

**گندمگون:** گەنم ڕەنگ، ئەسمەر، کەسێك کە ڕوخساری سپی نەبێت و کەمێك ئەسمەر بێت

**گندیدن:** بۆگەن گردن، گەنین، بۆن کردن، خراپ بون، گەنیان

**گنگ:** بێ زمان، بەسەزمان، بەستەزمان، ئەوەی نەتوانێت قسە بکات

**گنگ:** چوارشانە، زل، پیاوی چوارشانەی زەبەلاح

**گنگ:** گۆنگ، ناوی بوتخانەیەك لە چین

**گنگل:** گاڵتە، شۆخی، گاڵتە و گەپ، هەنەك، کایە، تیتاڵی، قەرف

**گنگلاج:** لاڵەپەتە، ئەوەی لە کاتی قسە کردن زمانی دەیگرێت، پسك، فسك

**گنهکار:** بڕوانە گناهکار

**گهبد:** خەزێنەدار، دەلاڵ، دراو گۆڕەوە

**گهواره:** بێشکە، لانکە

**گو:** خرش، هەر شتێکی خڕ، تۆپی لاستیکی

**گو:** دلێر، بوێر، ئازا، قارەمان، پاڵەوان، گەورە

**گو:** چاڵ، قووڵ

**گو:** گا، مانگا

**گوا:** بڕوانە گواه

**گواه آوردن:** شایەت هێنان، بەڵگە هێنانەوە

**گواه:** ئاگا، شایەت، ئاگادار، بینەر

**گواتر:** گواتر، گەشە کردنی تایبەتی غودەی تیرۆئید کە دەبێتە هۆی زیادبونی قەبارەکەی

**گواژ:** تانە، لۆمە، سەرکۆنە، سەرزەنشت

**گوارا:** بەتام، بە چێژ، خۆش، هەر شتێکی خواردن یان خواردنەوە کە بەتام و چێژ بێت

**گواره:** گایەڵ، گایەلی مانگا

**گواردن:** هەرس کردن، باش هەرس کردن

**گوارش:** هەرس کردن، کارێکە لەناو ڕیخۆڵە و گەدەدا ئەنجام دەدرێت و خواردەمەنیە ورد کراوەکان شێوەکەیان بە جۆرێك دەگۆڕێت کە لە لایەن جەستەوە وەربگیرێن

**گوارشت:** بڕوانە گوارش

**گواز:** گاڕام، گاڵۆك، گۆچان، داردەست، ئەو داردەستی گایەلی پێ لێدەخوڕن

**گواچو:** جۆلانێ، جۆلانە، ئەو پەتەی بە دارێکەوە هەڵێدەواسن و تیا دادەنیشن و جۆلانێی پێ دەکەن

**گوالیدن:** ١- گەشە کردن، گەورە بون ٢- کەڵەکە کردن، کۆکردنەوە

**گوانجی:** دلێر، بوێر، پاڵەوان، ئازا، گەورە، سەروەر، سەرۆك

**گوانگله:** قۆپچە، دوکمە

**گواهی خواستن:** شایەت ویستن، بەڵگە ویستن، داوای بەڵگە و شایەت کردن لەکەسێك

**گواهی نامه:** شایەتی نامە، شەهادە، باوەڕنامەی خوێندن

**گوبان:** گادار، شوانی گا و مانگا

**گوترو:** گۆترە، لە خۆوە، شتێك کە بێ کێش کردن و لە خۆوە بکڕدرێت یان بفرۆشرێت

**گوپاره:** گایەل، مێگەل، گایەلی گا و مانگا

**گوجه فرنگی:** تەماتە، تۆماتێز، باینجانە سوورە

**گوجه:** هەڵوژە، هەڵووچە، گۆگجە

**گود برداشتن:** چاڵ هەڵکەندن، خاك لە سەر زەوی هەلگرتن و چاڵ کردنی زەوی

**گود:** چاڵ، قووڵ، هەر شتێك یان شوێنێك کە دیوارەکانی بەرز و بنەکەی قووڵ بێت

**گوداب:** دۆشاو، گوشراوی ترێ

**گودال:** چاڵ، چاڵی قووڵ

**گوده:** گورچیلە

**گودرن:** قیر، ئیسفالت

**گوژ انگبین:** هەنگوین، هەنوین

**گۆڕ پشت:** پشت کۆم، چەماوە، پشت کورتان، ئەوەی پشتی بە هۆی نەخۆشی یان پیری چەمابێتەوە

**گور:** گۆڕ، قەبر، شوێنیکە مردوی تیا دەشارنەوە

**گور:** کەر کێوی، ئاژەڵێکە زیاتر لە کەر دەچێت ڕەنگی زەردە و پەڵەی ڕەشی پێوەیە و زیاتر لە ئافریقا دەست دەکەوێت

**گوراب:** ئارامگا، مەزارگە، ئەوەی لەسەر قەبر هەڵی دەبەستن

**گوراب:** تراوێلکە، سەراب

**گوراب:** گۆرەوی، ئەوەی لە پێی دەکەن

**گوران:** گۆران، یەکێلە لە هۆزە کوردیەکان کە لە کرماشان نیشتەجێن

**گوربگور:** گۆڕبەگۆڕ، مردوێك کە لە گۆڕدا دەریبێنن و لە شوێنێکیتردا بینێژن

**گورخانه:** گۆڕخانە، قەبر، گۆڕ، مەزارگە، ئارامگا

**گوردان:** گۆڕستان، قەبرستان

**گورزا:** قەزەم، کورتە بالا، ئەوەی گەشە کردنی جەستەی لە ئاستی پێویست دا نەبوبێت و بالای کورت مابێتەوە، گول، گۆڕزا

**گورسان:** بڕوانە گورستان

**گورستان:** گۆڕستان، قەبرستان

**گورگا:** تەپڵ، دەهۆڵ

**گورگاه:** مەقبەرە، ئارامگە، مەزارگە

**گورکان:** گۆڕکەن، گۆڕکان، ئازناوی ئەمیر تەیمور

**گورکن:** گۆڕکەن، قەبر هەڵکەن، ئەو کەسەی کاری هەڵکەندنی گۆڕە

**گوریل:** گوریل، غوریل، غورێلا، مەیمونێکە هاوشێوەی مرۆڤ بەرزیەکەی بە دومەتر دەکات و کێشەکەی بە ٢٥٠ کیلۆ

**گوز:** گوێز، گۆز

**گوزاده:** پاڵەوان زا، منالی پاڵەوان

**گوساله پرست:** گوێرەکە پەرست، ئەوەی گوێرەکە بپەرستێت

**گوساله:** گوێرەکە، گۆلك، بەچکەی گا

**گوسفند چران:** مەڕ لەوەڕێن، ئەوەی مەڕ ومالات دەلەوەڕێنێت

**گوسفند:** مەڕ، پەز، لە ئاژەڵەمالیەکانە کە گۆشتەکەی دەخورێت

**گوش بدر:** چاوەڕوان، چاولەڕێ، چاوەنواڕ

**گوش تیز:** گوێ قولاخ، گوێ تیژ، ئەوەی هەستی بیستنی بەهێزە

**گوش پیچ:** گوێ بادەر، ئەوەی گوێی کەسانیتر دەگرێت و بای دەدات

**گوش خراش:** گوێ ئازاردەر، ئەوی ببێتە هۆی ئازاردانی گوێ

**گوش خواباندن:** چاوەڕێ بون، چاوەنواڕی، بە دوای دەرفەتا گەڕان

**گوش دادن:** گوێ گرتن، گوێ هەڵخستن

**گوش گرفتن:** گوێ گرتن، گوێ هەڵخستن،

**گوش ماهی:** گوێچکە ماسی

**گوش نهادن:** گوێ گرتن، گوێ قولاخ کردن، گوێ هەڵخستن

**گوش:** بڕوانە گوشه

**گوش:** گوش، لەئاینی زەردەشتی خوای پارێزەری چوارپێکان

**گوش:** گوێ، گوێچکە، یەکێك لەئەندامەکانی جەستە کە ئەندامی بیستنە لە مرۆڤ وئاژەڵ، گۆچك، گۆ، گۆش

**گوشاسب:** خەو، خەون، خەوی خۆش

**گوشت تلخ:** گۆشت تاڵ، ڕەزا گران، ئێسك قورس، خوێن سارد

**گوشت پاره:** تیکە گۆشت لەتە گۆشت

**گوشه گرفتن:** گۆشەگرتن، سوچ گرتن، قۆژبن گرتن

**گوشه گزیدن:** بڕوانە گوشه گرفتن

**گوشت فروش:** گۆشت فرۆش، ئەوەی گۆشت دەفرۆشێت

**گوشه نشستن:** گۆشە گیری کردن، لە گۆشەیەکدا دانیشتن، سوچ گرتن

**گوشه و کنایه:** تانە و تەشەر، توانج، قسە یان وتەیەك کە تەشەری پێوە بێت

**گوشه و کنار:** سوچ و کەنار، بن و قوژبن، ئەم لاو لا

**گوشه:** سوچ، قوژبن، گۆشە، کوڵەسوچ

**گوشت:** گۆشت

**گوشتابه:** گۆشتاو، ئاوگۆشت

**گوشتالو:** گۆشتن، خرپن، قەڵەو، ئەوەی گۆشتی زۆری پێوە بێت

**گوشتاوه:** گۆشتاو، ئاوی گۆشت

**گوشتخوار:** گۆشتخۆر، ئەوەی گۆشت بخوات

**گوشتدار:** گۆشتن، قەڵەو، ئەوەی گۆشتی زۆری پێوە بێت

**گوشتمند:** بڕوانە گوشتدار

**گوشتناك:** بڕوانە گوشتدار

**گوشتین:** گۆشتی، تایبەت بە گۆشت

**گوشزد:** بیرخستنەوە، بیرهێنانەوە، ئاگادار کردنەوە

**گوشمالی:** لێدان، تەمێ کردن

**گوشن:** وتن، وتار، ئاخاوتن، کەلام، پەیف

**گوشوار:** گوارە، ئەو زێڕ و زیوەی ژنان لە گوێی دەکەن

**گوشور:** خاوەن گوێ، گوێگر، بیسەر

**گوشیدن:** گوێ گرتن، گوێ هەڵ خستن

**گوگرد:** گۆگرد، یەکێکە لە مادە کانیەکان کە زیاتر لە نزیك کێوە بورکانیەکان دەست دەکەوێت

**گول:** نەزان، گێژ، ئەحمەق، حۆل. بە مانای فریو و فێڵیش دێت

**گون:** جۆر، شێوە، ڕەنگ، شێواز

**گون:** گەوەن، گەون، گیایەکی دڕکاویە

**گوناگون:** جۆراوجۆر، ڕەنگاوڕەنگ، شێوەی جیا جیا

**گونه:** ڕوخسار، ڕو، ڕوومەت، یەك لای ڕوخسار، بەمانای ڕەنگ و شێوە و جۆریش دێت

**گونەگون:** بڕوانە گوناگون

**گونك:** پێنج پەنجە،پێنج قامکە

گونك، گونتك

**گونی:** گوێنی، تەلیس

**گوهر:** گەوهەر، نەژاد

**گویا:** وتەبێژ، قسەکەر، وتاردەر. و بە مانای وەك بڵێی، تومەز، بە گومانم، دێت

**گویش:** وتار، قسە، پەیف، دوان، ئاخاوتن

**گویشمند:** قسەکەر، وتاردەر، وتەبێژ

**گویی:** وەك بڵێی، بە گومانم

**گیا:** بڕوانە گیاه

**گیاه شناس:** ڕووەك ناس، زانایەك کە جۆرەکانی ڕووەك و گیا بناسێت

**گیاه فش:** ڕووەك ئاسا، گیا ئاسا، ئەوەی وەك گیا بێت

**گیاه:** گیا، ڕووەك، شینایی، سەوزە، سەوزەڵان

**گیاەخوار:** گیاخۆر، ئەوەی گیا دەخوات

**گیاخوار:** بڕوانە گیاەخوار

**گیادار:** گیاجاڕ، مێرگ، ئەو شوێنەی گیایی زۆری لێ بێت، مێرگەجاڕ

**گیازار:** مێرگ، مێرگەڵان، سەوزەڵان

**گیاهکار:** جوتیار، جوتێر، وەرزێر، ئەوەی گژ و گیا دەچێنێت

**گیاهناك:** مێرگ، مێرگەڵان

**گیتار:** گیتار، یەکێکەلە ئامێرەکانی موسیقی

**گیتی آفرین:** جیهان ئافرێن، ئافرێنەری دنیا

**گیتی پرور:** هەتاو، ڕۆژ،خۆر

**گیتی پسند:** جیهان پەسەند، دونیا پەسەند

**گیتی خدیو:** پاشای جیهان، ئافرێنەر

**گیتی شناس:** جیهان ناس، دنیا ناس

**گیتی گشا:** جیهانگیر، ئەوەی دەست بەسەر هەمو جیهاندا دەگرێت

**گیتی نورد:** دنیاگەڕ، دونیا پێو، ئەوەی بە دنیادا دەگەڕێت

**گیتی:** جیهان، دنیا، دونیا

**گیپا:** گیپە، جۆرە خواردنێکە کە زیاتر لەگەڵ سەروپێدا دروستی دەکەن

**گیج و گنگ:** گێژ و حۆل، سەرگەشتە، حەیران

**گیج:** گێژ، سەرگەشتە، کەم هۆش، حەیران

**گیرا:** سەرەنج ڕاکێش، دڵڕفێن، دڵفرێن

**گیراگیر**: گیرودار، ئاژاوه، هەراوهوریا

**گیرودار**: گیرودار

**گیس**: کەزیە، زولف، پرچ، پەلکە، موی سەر، نەگریجە

**گیسو**: بڕوانە گیس

**گیسوپوش**: ڕوسەری، لەچک، ئەوەی ژنان سەری خۆیانی پێ دادەپۆشن

**گیلاس**: گلاس، پیاڵە، پەیمانەی عارەق خواردنەوە

**گیلاس**: گێلاس، گێلاس، میوەیەکە هاوشێوەی بلاڵوک

**گیهان**: جیهان، دنیا، دونیا

**گیوە دوز**: کلاش دور، ئەوەی کلاش دەچنێت، کلاش چن

**گیوە**: گیوە، کلاش، چم چم

**گیوتین**: گیۆتین، ئامێری سەر بڕین

# ل

**ل:** پیتی بیست و حەوتەم لە ئالفابێتی فارسی کە بە لام دەخوێندرێتەوە

**لا:** لا، ناو، ناو شتێك

**لا:** نا، نە

**لااقل:** لانی کەم، دەستی کەم، کەمتر

**لائح:** دیار، ئاشکرا، بەرچاو، ڕوون

**لائحه:** نوسراو، نامەی درێژ، پێرست حسێب

**لائم:** سەرزەنشت کەر، لۆمەکەر، تانە لێدەر

**لائمه:** سەرزەنشت، لۆمە، توانج، تانە

**لابث:** درەنگکەر، نیشتەجێ لە شوێنێك

**لابد:** ناچار، بە ناچاری، مەجبور

**لابراتـور:** تاقیگـە، شـوێنی تایبـەت بـە تاقیکردنـەوە زانستیەکان

**لابرلا:** لەناو یەك، توێ توێ، لالا

**لابـه:** گریـان، شـین، ڕۆڕۆ، پاڕانـەوە، داوا، مـەرایی، ڕیاکاری، لە خۆبوردویی

**لابه‌گر:** ڕیاکار، مەرایی کەر، کاسەلێس، دوزمان

**لابیدن:** گریان، شین کـردن، کاسەلێسی کـردن، مـەرایی کردن

**لات:** لات، ناوی بتێك بووە کە عەرەبـەکان لەسـەردەمی نەزانیدا دەیانپەرەست

**لاتاری:** شانس گرتنەوە، بەخت تاقی کردنەوە

**لاتو:** پەیژە، نەردیوان

**لات و لوت:** لات و لوت، هەژار و نەدار، دەست کورت

**لاج:** ڕووت، پەتی، بێ پۆشاك، ڕووت و قوت. بـە مانـای دەڵە سەگیش دێت

**لاجرم:** ناچار، بە ناچاری، مەجبور

**لاحد:** گۆڕهەڵکەن، گۆڕکەن

**لاد:** ١- دیـوار، دیـواری گڵـین. ٢- بـن، بناغـە، بنـچینە، بنەڕەت

**لاد:** حەریر، پارچە یان قوماشی ناسك

**لادگر:** بەنا، وەستای دیوار

**لاده:** نەحمەق، بێ عەقڵ، نەزان، گێژ، وڕ، حۆل، کاس

**لارو:** کرم، دەعبا

**لازق:** لکێنەر، ئەوەی بە شتێکەوە بلکێت

**لازم:** پێویست، دەبێ، ئەشێ، گەرەکە، ناچار، بـەردەوام، سەقامگیر و خۆڕاگر

**لازم آمدن:** پێویست بون، ناچار بون

**لازم داشتن:** پێویست بون، گەرەك بون، نیاز بون

**لازم شمردن:** بە پێویست زانین

**لاس:** هەوریشمی خاو، کەژ

**لاس:** مـێ، مێـچکە، مێـی هـەر ئاژەڵێـك، دەڵـە سـەگ، مێچکە سەگ

**لاستیك:** لاستیك، شیاوی کێشران، تایە، تایەی ترۆمبێل

**لاسع:** گازگر، گەزۆك، ئەوەی پێوە دەدات، پێوەدەر

**لاسیدن:** خۆ تێهەڵسون، مـاچ و مـوچ کـردن، خـۆ لـە ژن یان کچێك هەڵسون

**لاسیما:** بە تایبەت، تایبەتی

**لاش:** لاشە، مـردار، ئـاژەڵی مردارەوەبـو، قـولاخ، تۆپیـو، تۆپیك

**لاش:** تالان کردن، تاراج، بە تالان بردن

**لاشـبرگ:** گـەلای ڕزیـو، گـەلای سـیس بـو کـە لـە دار وەریبێت

**لاشــخور:** لاشـخۆر، داڵ، داڵەکـەرخۆر، مـردوو خـۆر، ڕەشەداڵ

**لاشە:** مردار، تۆپیو، تۆپیك، قولاخ، مردارەوە بو

**لاشیء:** کەم، ناگرنگ، کەم بەها، نەزۆر

**لاطائل:** بێهۆ، خۆڕایی، فیڕۆ

**لاعب:** یاریکەر، یاریزان، گەمەکەر، ئەوەی یاری دەکات

**لاعج:** سوتێنەر، ئەوینی سوتێنەر

**لاعلاج:** لاعیلاج، ناچار، بێ دەرمان، چارسەر نەکراو

**لاعن:** جوێن دەر، جنێودەر، دژوێندەر، دوورکەرەوە

**لاعن شعور:** بێ ئیرادە، نەخوازراو، بێ هەست کـردن بـە بابەتەکە

**لاغ:** گەمە، یاری، گاڵتە، گەپ، شۆخی

**لاغر:** لاغـر، داڵ گۆشـت، لـەڕ، لاواز، مـرۆڤ یـان ئاژەڵی کەم گۆشت، ڕەق و فیق، زەردەڵ

**لاغر میان:** کەمەر باریك، ناوقەد باریك

**لاغیە:** بێهۆ، فیڕۆ، خۆڕایی

**لاف:** فشە، هاشە و هـوش، خۆهەڵکێشان، زێدەڕۆیی لـە خۆوەسف کردن

**لافح:** سوتێنەر، گەرم

**لاف زدن:** خـۆ هەڵکێـشان، بـە خـۆ نـازین، خـۆ وەسـف کردن، فشە کردن، هاشە و هوش کردن

**لافیدن:** بڕوانە لاف زدن

**لاقید:** نەترس، بوێر، ئازا، کەمتەرخەم، خۆگێل کەر

**لاك پشت:** کیسەڵ، ڕەقە

**لال:** لاڵ، بێزوان، بەسـتەزمان، ئـەوەی نـەتوانێت قـسە بکات

**لال:** ئاڵ، سوور ڕەنگ، سور

**لالا:** بڕوانە للە

**لالاء** ١- شـــادمانی، خۆشـــحاڵی، شـــادی ٢- ڕونـــاکی، ڕۆشنایی چرا

**لالایـی:** لالایی، لای لایـە، ئاوازێـك کـە دایـك لـە کـاتی خەواندنی منالەکەی دەیخوێنێت

**لالـك:** ١- پـێڵاو، کـەوش، سـەوڵ، پـاپوچ ٢- پۆپنـە، پۆپنەی کەڵەشێر

**لالکـا:** پـێلاو، کـەوش، سـەوڵ، پـاپوچ، ئـەو پـێلاوەی خەڵکی دێهات لە پێی دەکەن

**لالە:** لەعلا، گوڵاڵە، گوڵاڵە سوورە

**لاجین:** جوان، دەلال، قۆز، شۆخ و شەنگ

**لالە فام:** سوورەنگ، بە ڕەنگی گوڵاڵە، گوڵاڵە ڕەنگ

**لالەگون:** بڕوانە لالە فام

**لاما:** لاما، وشـتری بـێ کۆپـان کـە لـە ئامریکای باشـوور دەست دەکەوێت

**لامـــا:** لامـا، پیـاوی ڕۆحـانی لـە ئـایینی بـودایی لـە مەزهەبی لامایسم

**لامـــان:** ١- درۆ، فێـڵ، فریـو، کەڵـەك، تەڵەکـە، گاڵتـە پێکردن ٢- چالاك، چوست، وشیار

**لامـــانی:** مـەرایی کـردن، کاسـە لێـسی کـردن، ڕیاکـاری کردن، درۆ، فشە، فشە فش کردن، بێ باوەڕی

**لامپ:** لامپ، چرا، گڵۆپ

**لامپا:** لامپا، چرا، چرایەك کە بە نەوت بسوتێت

**لامح:** درەوشاوە، درەخشان

**لامحالە:** ناچار، بە ناچاری، مەجبور

**لامذهب:** بێ دین، بێ باوەڕ، ئەوەی بـاوەڕی بـە ئـایین و مەزهەب و خوا نەبێت

**لامسە:** بەرکەوتن، یەکێك لە پێنج هەستەوەرەکانە کە بە هۆیەوە گەرمی و ساردی و نـەرمی و زبـری شـتەکان لای مرۆڤ ڕون دەبێتەوە

**لامع:** درەوشاوە، درەخشان، بریقەدار، تروسکەدار

**لامعە:** بڕوانە لامع. بە مانای ناوچاوانی منـاڵیش دێـت کە نەرمە

**لامکان:** بێ جێگە، بێ جێ و ڕێ، بێ شوێن

**لان:** ١- چاڵ، قووڵایی، ٢- پانتایی، فراوانی، بەربڵاوی

**لان:** بێ وەفایی، ناڕاستی، پەیمان شکێنی

**لاندن:** گلاندن، جووڵاندن، تەکان دان

**لانە:** هێلانە، لانە، کولێن، هێلێن، هێلێنك، کولانە

**لانە:** بێکارە، تەمەڵ، تەوەزەل، بێ بەند و بار

**لانیدن:** بڕوانە لاندن

**لاو:** ڕیا، کاسەلێسی، مەرایی

**لاو:** لە دەست چو، لە دەست ڕۆشتو، لەناو چو، بە فیڕۆچو

**لاوە:** بڕوانە لابە

**لاهوت:** خواوەندی، خوایەتی

**لاهورە:** ڤاش، ڤاشی شوتی، ڤاشێك لە شوتی یان کالەك کە بڕابێت

**لاهی:** گەمەکەر، یاریکەر

**لایتغیر:** نەگۆڕ، ئەوەی نەگۆڕبێت

**لایتناهی:** بێ کۆتایی، بێ ئەنجام، ئەوەی کۆتایی بۆ نەبێت

**لایجوز:** ناڕەوا، نەشیاو، ڕێگە پێنەدراو

**لایزال:** هەمیشەیی، ئەبەدی،، نەگۆڕ

**لایشعر:** نەزان، کەم عەقڵ، حۆل

**لایق:** شیاو، ژێهاتی، شایان، هەلگر

**لایموت:** نەمر، ئەوەی هەرگیز نامرێت

**لاییدن:** نالاندن، لالاندن، زوزە کێشان، هەلێت و پلێت وتن

**لئامت:** پەستی، بەخیلی، ڕژدی، پەست بون

**لأمان:** خەسیس، ناپیاو، ڕژد، پەست، سوك

**لؤلؤ:** لۆلۆ، دوڕ، مرواری

**لؤم:** پەست، ڕژد، بەخیل، ڕژدی، ناکەسی، بەغێلی

**لئیم:** پەست، ناکەس، دەست وشك، ڕژد، بەرچاوتەنگ

**لب:** لێوار، ڤەراغ، کەنارە. لێو، لچ، لەو، لەوش

**لب:** ناوك، هەڵبژێردراو، ناوکی شتێك

**لبأ:** فرۆ، شیرێکی خەست کە لە دوای زانی مانگا یان مەڕ تا دو سێ ڕۆژ لێی دەدۆشرێت

**لباب:** ١- هەڵبژێردراو، بژاردە، دیاری کراو ٢-ناوك، ناوکی بایەم یان گوێز

**لباچە:** بالاپۆش، عابا، کەوای شۆڕ، بەرگی مەلا

**لبادە:** بڕوانە لباچە

**لباس:** جل، جل و بەرگ، پۆشاك، بەرگ، سیپاڵ، پۆشەنین پۆشتەمەنی

**لباسات:** مەکر، فریو، فێڵ، تەڵەکە

**لباس شویی:** جل شۆرین، بەرگ شۆرین، شۆردنی جل و بەرگ

**لباقت:** ١- زیرەك بون، زرنگ بون، لێوەشاوەیی، شارەزایی، زیرەکی، زرنگی، زمان چەوری، نەرمی

**لبالب:** لێوانلێو، لیپاولیپ، سەرڕێژ، پڕ، لێوڕێژ، لیپە

**لبان:** شیردان

**لبان:** سنەوبەر

**لب برچیدن:** لچ کردن، لچ کردنی منالَ پێش گریان

**لب بستن:** بێ دەنگ بون، دەم داخستن، ڤسە نەکردن،

**لب بلب:** لێوانلێو، پڕش، سەرڕێژ، لیپە، لێوڕێژ، لیپاولیپ

**لب تخت:** دەوری،دەوری کە ناوەکەی ڤوول نەبێت

**لب ترکردن:** لێو تەڕکردن، تەڕکردنی لێو بە ڤومێك ئاو یان شەراب

**لب تشنە:** لێو تینو، تینو لێو، تینو، تونی

**لبث:** درەنگ کردن، دواکەوتن، وەستان،

**لب خاییدن:** لێو جوون، لێو گەستن، بە ددان گرتنی لێو لە شەرم یان لەداخا

**لبخند:** بزە، زەردە، زردەخەنە، نەرمە پێکەنین

**لبخند زدن:** پێکەنین، کەنین، زەردە گرتن، بزە گرتن

**لب دوختن:** لێو بەستن، دەم داخستن، ڤسە نەکردن، نەدوان، نەدوان

**لبدیس:** لێو ئاسا، وەك لێو

**لبریز:** پڕ، لێوانلێو، سەرڕێژ، لیپاولیپ

**لبس:** جل و بەرگ، سیپاڵ، پۆشەنی، پۆشتەمەنی، پۆشاك

**لبس:** داشارین، شاردنەوە، داپۆشین، شتێك لە کەسێك شاردنەوە

**لب شتری:** لێو ئەستور، لچ ئەستور، ئەوە لێوی شۆڕ و ئەستوری وەك وشتری هەیە

**لبق:** زیرەك بون، زرەنگ بون، شارەزا بون، زیرەکی، نەرمی، شارەزایی

**لبق:** نەرم، زمان چەور، زیرەك، شارەزا، لێوەشاوە

**لب گزه:** لێوگەستن، پەشیمان بونەوە، لێو بە ددان گرتن لە پەشیمان بونەوەدا

**لب گزیدن:** لێو گەستن، لێو بە ديان گرتن، لێو قورچانن

**لبلاب:** لاولاو، گیایەکە لە دارەوە دەئاڵێت

**لبلبو:** لەبلەبی

**لبلبو:** هەرزەیی، بێهۆیی، فیرۆیی

**لبن:** شیر، شیری ژن، شیری ئاژەڵی مێ

**لبنگ:** مۆرانە، مۆریانە

**لبو:** چەوەندەر، چۆنەر، چەوەندەری پیشاو

**لبون:** شیردار، شیردەر، ژن یان مێچکە ئاژەڵێك کە شیری هەبێت

**لبوه:** مێچکە شێر، شێری مێ

**لبه:** لێوار، لێو، قەراغ

**لبەدار:** لێودار، ئەوەی لێواری هەبێت

**لبیب:** زیرەك، عاقڵ، بیرمەند

**لبیدن:** هەڵیت و پڵیت وتن، فشە کردن، بێ هۆ قسە کردن

**لبیس:** ١- هاوتا، هاوشێوە، وەك، ٢- کۆن، شڕە، جلێك کە لەبەر زۆر لەبەر کردن کۆن بوبێت

**لپ:** کولم، ناودەم، گوپ، کولمە

**لپه:** لەتکە، لەتەنۆك، لەتکەنۆك، نخوشەر

**لت:** ١- زللەی، شەقازللە، ٢- لەت، تیکە، بەشێك لە شتێك، کوت، کوتە، کوتێك، نیوە

**لت انبار:** زۆرخۆر، تێرنەخۆر، ورگ پەرست، سك پەرست

**لت انبان:** بڕوانە لت انبار

**لت خوردن:** زیان بەرکەوتن، زللە بەرکەوتن، شەقازللە خواردن، زەرەر بینین

**لتره:** کۆنە، شڕ، دڕاو، لەت، شەق و شڕ

**لتنبر:** بڕوانە لت انبار

**لت و پار:** لەت و پەت، تیکە تیکە، شەق و شڕ

**لته:** کۆنە، پارچەی کۆن و دڕاو

**لته پاره:** بڕوانە لته

**لثام:** دەمبێن، زاربێن، پەڕۆیەك کە ڕوخسار تا ژێر چاو دادەپۆشێت

**لثغه:** فسك، فسکە، پسك، ئەوەی نەتوانێت هەندێ لە وشەکان وەك خۆی بێنێتە سەرزمان

**لثم:** ماچ کردن، راموسان

**لثه:** پووك، گۆشتی بن ددان

**لج:** شەڕ کردن، پێداگری، پێداگرتن لە دژایەتی، ڕق، ڕك، لەنج، بنار، هەتەر

**لجاج:** سەرسەختی نواندن، ڕق هەڵگرتن، پێداگری کردن، سەرسەختی

**لجاجت:** پێداگری، سور بون، سەرسەختی نواندن، لەنج کردن، ڕق گرتن

**لجام:** هەوسار، ئەوسار، جڵەو

**لجباز:** پێداگر، ڕق ئەستور، ڕقن، ڕقاوی، قیناوی

**لجلاج:** فسك، پسك، لاڵەپەتە، ئەوەی نەتوانێت بە ئاسانی وپاراوی قسە بکات

**لجم:** بڕوانە لجن

**لجن:** لیتە، قوڕ و لیتە کە لە حەوزدا کۆدەبێتەوە، لم، لت

**لجن مال:** بێ ئابڕو، بێ شەرمەف، ڕیسوا، ناو زڕاو

**لجوج:** ڕق گیر، ڕکن، قیناوی، لەنج کەر، هەتەرە، بنارگیر، پێداگر لە دژایەتی

**لجوجانه:** پێداگرانە،، سەرسەختانە،

**لجه:** ١- دەریا، ناوەڕاستی دەریا دەلیا، زەریا ٢- جەماعەت، کۆمەڵ، کۆمەڵێ خەڵکی زۆر

**لجین:** سیم، زیو، نوقرە

**لچ:** ڕو، ڕوومەت، ڕوخسار، ڕواڵەت، دەم و چاور

**لچ:** ڕووت، ڕوت و قوت، بێ بەرگ، بێ پۆشاك

**لچر:** ناکەس، پەست، سوك، چڵکن، لەچەر، گەجەر، ڕژد،

**لچك:** لەچك، لەچکە، ڕوسەری، سەرپۆش، ئەوەی ژنان قژی خۆیانی پێ دادەپۆشن

**لحاظ:** گۆشەی چاو

**لحاظ:** ئاگاداربون، ڕوانین، تێبینی، بابەت

**لحاف:** بالآپۆش، لێف، لێفه، پێخەف، مێرەف، ئەوەی لە کاتی خەوتندا بە خۆیا دەدەن

**لحاف دوز:** لێفە دور، ئەوە لێفە و پێخەف دەدورێت

**لحام:** گۆشت فرۆش، ئەوەی گۆشت دەفرۆشێت، قەساب

**لحد:** گۆڕ، قەبر، درز لە گۆڕ کە شوێن سەری مردو بێت

**لحظـه:** سات، دەمێ، تاوێ، یەك جار سەیر کردن بەچاو، یەك چاو تروکان، چاو تروکانێ

**لحم:** گۆشت

**لحمه:** پل، پلە گۆشت، تیکە گۆشت

**لحمه:** نزیکی، خزمایەتی، ئاشنایەتی

**لحن:** ئاواز، ئاهەنگ، ئاوازی خۆش

**لحیان:** ناوی کەم، چاڵێك کە لافاو هەڵیکەندبێت

**لحیـان:** ڕیشن، ڕیشو، ڕیش درێژ، پیاوێك کە ڕیشی درێژی هەبێت

**لحیم:** ١- پرگۆشت، قەڵەو، گۆشتن ٢- کوژراو، سەربڕاو ٣- لەحیم، پەیوەست کردنی دو شت بە یەکەوە

**لحیه:** ڕیش، ڕدێن، ڕوە، ڕندێن

**لخت:** ڕوت، ڕوت و قوت، پەتی، بێ بەرگ، بێ پۆشاك، قووتەڵ، زەلووت، ڕووس

**لخت:** شل، بێ هێز، بێ تین، بێ حاڵ

**لخت:** بەش، تیکە، پار، لەت، لەتێك لە شتێك

**لخت شدن:** ڕووت بونەوە، جل و بەرگ داکەندن

**لخت کردن:** ڕووت کردنەوە، ڕوت کردن، جل و بەرگ لەبەر داکەندن

**لخته:** تیکە، لەت، پار، بەشێك

**لخچه:** بڵێسە، بڵێسەی ئاگر

**لخشاندن:** خشاندن، خزاندن، هەڵخزاندن

**لخشش:** بڕوانە لخشیدن

**لخشه:** بڕوانە لخچه

**لخشیدن:** خزان، خشان، هەڵخزان، لەخشیان، خشیان، خلیسکان، سوڕیان

**لخلخ:** لاواز، لەڕ، لاغر، بێ گۆشت

**لخم:** گۆشت، گۆشتی بێ چەوری

**لد:** دوژمن، دژمن، دوژمنی سەرسەخت

**لدغ:** گەشت، پێوەدان، گاز گرتن

**لدغه:** یەك جار گەشتن، یەك جار گاز گرتن

**لدن:** دەفری کات و شوێن بە مانای لا، تەنیشت، کن، نزیك

**لدود:** دوژمن، نەیار، دوژمنی سەرسەخت

**لدی:** بڕوانە لدن

**لدیغ:** گەستراو، پێوەدراو، گاز لێگیراو

**لذا:** کەواتە، لەبەرئەمە، لەبەر ئەوەی، کەوابو

**لذاذت:** بەتام بون، چێژ، بەتامی

**لذت:** تام، چێژ، خۆشی، حەز بردن، تام خۆشی، چێژ بردن

**لذیذ:** بەتام، بەچێژ، خۆش، تام خۆش

**لر:** ١- خواست، ویست، مەبەست، ئارەزوو ٢- بەرخ، بەرخۆڵە

**لـر:** لوڕ، یەکێك لە تایەفە گەورەکانی کورد کە لە ئێران نیشتە جێن و لایەنگری مەزهەبی شیعەن

**لر:** ١- جۆگە، جۆگەلە، ئاوەڕێ ٢- باڵ، ژێر باڵ ٣- لاواز، لەڕ، لاغر

**لرد:** بیابان، سارا، دەشت، چۆڵەوانی

**لرد:** لۆرد، نازناوێکە لە ئینگلستان بە کەسانی خاوەن پلەو پایە دەدرێت

**لرز:** لەرزە، لەرە، تەکان، جووڵە

**لرزانـدن:** لەرزانـدن، لەرانـدن، تەکانـدان، جووڵانـدن، جمان، جماندن، ڕاشەکان

**لرزش:** لەرزین، لەڕین، شەکانەوە

**لرزندەدل:** ترسەنۆك، بێ وره، بێ زات، بێ جەرگ

**لرزه:** لەرزە، لەرە

**لرزەدار:** لەرزەدار، لەرەدار، ئەوەی لەرزەی پێوە بێت

**لرزیـدن:** لـەرزین، لـەرین، جمـانن تـەکان خـواردن، جووڵان، شەکانەوە، شەکیانەوە

**لزب:** کەم، تۆز، تۆزقاڵ، تۆزێکی کەم

**لزج:** لینج، لیخن، چەسپێن، خزۆك، خز

**لزوق:** لکان، چەسپان، نوسان، بە شتێکەوە نوسان

**لزوم:** پێویست بون، پێویستی

**لزیر:** زیرەك، هۆشمەند، وشیار، دانا

**لژن:** بڕوانە لجن

**لژن:** بڕوانە لجن

**لس:** بێ هەست، سست، بێ حاڵ، بێ تین، بێ هێز

**لسان:** زمان، زوان، ئەزمان

**لست:** ئەستور، قەوی، خۆڕاگر

**لسن:** زمان پاراوی، پاراوی، ئاسانی لە قسە کردندا

**لسن:** زمان پاراو، ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی و پاراوی قسە بکات

**لسیع:** پێوەدراو، گازلێگیراو، گەستراو

**لش:** ١ بڕوانە لاشە ٢- بێکارە، تەمەڵ، تەوەزەل

**لش:** بڕوانە لجن

**لشك:** لەت لەت، کوت کوت، تیکە تیکە

**لشكر:** لەشکر، سوپا، قۆشەن

**لشكر شكن:** لەشکر شکێن، سوپا شکێن

**لشكر كشیدن:** لەشکر کێشان، بە گەڕخستنی لەشکر بەرەو سوپای دوژمن

**لشكرگاه:** لەشکرگە، شوێنی لەشکر

**لشكر گرا:** لەشکرکێش، ئەوەی لەشکر بە ڕێدەخات

**لشكر گشا:** بڕوانە لشکر شکن

**لشكری:** سوپایی، لەشکری

**لشن:** ١- نەرم، خلیسك، خز ٢- تەخت، ساف ٣- سادە، ساکار، بێ نەخش و نیگار

**لص:** دز، چەتە، ڕێگر

**لصوص:** دز، دزەکان، چەتەکان

**لطافت:** نەرمی ناسکی، بەژن ڕێکی، جوانی

**لطف:** نەرمی، میهرەبانی، باشی، چاکی، دڵ ڕەحمی

**لطم:** زللە لێدان، شەقە زللە لێدان، شەپازللە لێدان

**لطمه:** زیلە، زللە، شەپازللە، یەك جار لێدان، یەك جار شەقە زلە لێدان

**لطیف:** نەرم، ناسك، جوان، شیرین، نەرم و نیان

**لطیفه:** قسەی خوش، نوکتە، وتەیەك کە ببێتە هۆی شادمانی کەسانیتر

**لظی:** جەهەننەم، دۆزەخ، ئاگری دۆزەخ

**لعاب:** لیك، تف، ئاوی دەم

**لعاب:** یاریکەر، یاریزان، گەمەکەر، ئەوەی زۆر یاری دەکات

**لعان:** جنێودان بەیەکتر، دژوێن دان، نەحلەت کردنی یەکتر

**لعب:** یاری، گەمە، بەزم، گاڵتە، شۆخی

**لعبت:** بوکەڵە، هەر شتێك کەیاری پێ بکەن

**لعبت پرست:** بوت پەرست، بت پەرست

**لعبت خانه:** بت خانە، بوتگەدە

**لعبت ساز:** بوکەڵە ساز، بت ساز، ئەوە بت یان بووکەڵە دروست دەکات

**لعبتگر:** بڕوانە لعبت ساز

**لعبگر:** یاریکەر، گەمەکەر، فێڵباز، فریوباز

**لعبه:** بڕوانە لعبت

**لعل:** خۆزگە، بریا، ئاخ

**لعن:** نفرین، جوێن دان، دژوێن دان، نەحلەت کردن، نفرین کردن

**لعنت:** نەحلەت، لەعنەت، یەك جار نفرین کردن

**لعنتی:** لەعنەتی، نەحلەتی، شیاوی نەحلەت، ئەوەی شیاو بێت بۆ بەنەحلەت کردن

**لعین:** مەلعون، بەنەحلەت کراو، لەعنەت کراو

**لغ:** ١- سەری بێ مو، تاس ٢- سارا، چۆڵەوانی، ساری بێ ئاو و گیا

**لغام:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**لغت:** لوغە، وشە، کەلیمە، زمان و و کەلامی هەر نەتەوەیەك کە پێی دەدوێن

**لغت شناس:** وشە ناس، ئەوەی وشەکانی زمانێك و ماناکانیان بزانێت

**لغت نامه:** وشە نامە، فەرهەنگ، کتێبە کە لەخۆگری وشەکانی زمانێك بێت

**لغت نویس:** فەرهەنگ نوس، وشە نوس، دانەری فەرهەنگ

**لغز:** مەتەڵ، مەتەڵۆك، قەوسەڵە، تشتانۆك، وتەی نامە و نەزانراو کە تێگەشتنەکەی پێویستی بە بیر کردنەوە هەبێت

**لغزاندن:** خزاندن، خلیسکاندن، هەڵخزاندن، خشاندن، پاڵ پێوەنان

**لغزش:** خزان، خشان، خلیسکان، هەڵخلیسکان

**لغزیدن:** هەڵخلیسکان، خزان، خشان، خزیان، لەخشیان

**لغسر:** کەچەڵ، بێ مو، ئەوەی سەری موی پێوە نەبێت

**لغو:** قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت، قسەی بێمانا، هەر شتێکی بێکەڵك، سوچ، تاوان، هەڵە، خەتا

**لغوب:** هیلاك بون، ماندو بون، هیلاکی، شەکەتی

**لغونه:** زێڕ و زیو، خشڵ، ئارایشت، خەملاندن

**لغوی:** وشە زان، شارەزا لە زانستی وشە

**لغیدن:** جوڵان، تەکان خواردن، جمان، تەکان خواردنی شتێك لە شوێنی خۆی

**لف:** پێچان، پێکەوە پێچان، هەڵ پێچان

**لفافه:** بەلەك پێچ، پووزەوانە، ئەوەی بەسەر شتێکیترەوە بیپێچن، لەفاف

**لفت:** ١- شێلم، شەلەم ٢- نیو، نیوەی شتێك ٣- مانگا، گای مێ

**لفتره:** سوك، ڕیسوا، پەست، بەرچاوتەنگ

**لفت و لیس:** دەڵەدزی، ڕشەدزی، بەرماوە خۆری، کاسە لێسی

**لفج:** لچی شۆڕ، لچی ئەستور وەك لچی وشتر

**لفجن:** لێو شۆڕ، لچ ئەستور، لچ شۆڕ

**لفظ:** وتە، قسە، پەیڤ، وتەیەك کە لەدەم بێتەدەر

**لفیف:** تێکەڵ و پێکەڵ، ئاڵۆز

**لقاء** سەردان کردن، بینین، چاو پێکەوتن. بە مانای ڕوخساریش دێت

**لقاح:** بەبەر بون، بەبەرهەم بون، سك پڕبون، بەرهێنان، جوت بون

**لقب:** نازناو، ناتۆرە، ناوی دووەم، ناوێك کە کەسەکە ناوبانگی پێ بەدەست بێنێت

**لقلاق:** لەق لەق، حاجی لەق لەق

**لقلق:** لەق لەق، حاجی لەق لەق

**لقمان:** لوقمان، ناوی پیاوێکە کە بە پێی گێڕانەوە ئیسلامیەکان لە خەڵکی حەبەشە یان نەوبە بوە و لەسەردەمی داوود ژیاوە لە زانایی و خۆڕاگری بە ناو بانگ بوە و لە قورئانیشدا ناوی هاتوە

**لقمه:** تیکە، پارو، ئەو برە خواردنەی کە بە یەك جار دەخرێتە ناو دەم

**لقمه شمار:** تیکە بژێر، پارو ژمێرن بەخیل، بەرچاوتەنگ، ئەوەی پاروەکانی میوانەکانی ئەبژێرێت، ڕژد

**لقیه:** بینین، سەردان کردن، پێشوازی کردن

**لك:** هەڵیت و پڵیت، قسەی قۆڕ، قسەی بێ مانا، قسەی بێ ناوەرۆك

**لك:** بەرچاوتەنگ، ڕەزیل، خەسیس، بەخیل، ڕژد، پەست، سووك، ڕیسوا

**لك:** سەد هەزار، سەد هەزار دانە لە شتێك

**لك:** پەڵە، شوێنەوارێك کە لە پیسی و چەوری لەسەر جل و بەرگ یان شتێك دەردەکەوێت

**لك:** ئەستور، گەورە، زل، هەر شتێکی گەورە و خڕ

**لکا:** پێلاو، کەوش، پاپوچ،

**لکات:** ١- سوك، پەست، ڕیسوا، کەم بەها ٢- ژنی خراپەکار، قەحبە، گاندەر

**لکام:** ١- بێ شەرم، بێ ئەدەب، بێ حەیا ٢- چوارشانە، بەهێز، بەخۆ

**لك دار:** پەڵەدار، ئەوەی پەڵەی پێوە بێت

**لك درا:** زۆر بلە، چەنە درێژ، زۆر وێژ، ئەوەی قسەی هەڵیت و پڵیتی زۆر دەکات

**لکل:** هەرمێ، هەمرو

**لکلك:** هەڵیت و پڵیت، قسەی قۆڕ

**لك لك:** لەق لەق، حاجی لەق لەق، لەك لەك، باڵندەیەکە بە قاچ و ملی درێژ

**لك لك کردن:** خاوەخاوە کردن، هێواش ڕۆشتن و بە خاوی کارێك ئەنجام دان

**لکن:** بەڵام

**لکنت:** زمان گیران، گرتنی زمان له کاتی قسه کردن، فسکی

**لك و پك:** ١- کەل و پەل، شتومەك، چتمەکی ناو ماڵ ٢- هاتوچۆ

**لك وپك:** زل، ئەستور، نارێك، کولفت

**لك و پیس:** پەڵە، خاڵ، ئەو پەڵە و خاڵانەی لەسەر پێستی مرۆڤ دەردەکەون

**لکه:** پەڵە، خاڵ

**لـگ:** ١- ڕەنج، سەختی، مەینەتی، ئازار، دژواری ٢- زیندان، بەند، بەندیخانە

**لگام:** هەوسار، جڵەو، ئەوسار

**لگام گسیخته:** یەت پچڕاو، هەوسار پچڕاو، ئەسپێك کە هەوسارەکەی پچڕاندبێت

**لگـد:** لەقە، شەق، لێدانێك کە بە پێی لە کەسێك بدرێت

**لگد انداختن:** لەقە هاویشتن، شەق وەشاندن، جوتە خستن، جووتە وشاندنی چوارپێکان

**لگد پراندن:** بڕوانە لگد انداختن

**لگد زدن:** لەقە خستن، جووتە خستن، شەق وەشاندن، جووتە وەشاندن

**لگد سپر:** پێ شێل، پاشێل، بە پێ شێلدراو، پێ شێل کردن

**لگد کردن:** پێشێل کردن، پاشێل کردن

**لگن:** تەشت، تەشتیی گەورە کە دەست و ڕوخساری و جلی تیا دەشۆن

**لله:** لەلە، ڕاهێنەر، پیاوێك کە پەرستار و ڕاهێنەری منداڵە

**لله:** بۆ خوا، بۆ ڕەزای خوا، لەبەرخوا

**لم:** ڕاکشان، پاڵدانەوە، پشت دان بە پشتی بۆ حەوانەوە

**لم:** فێڵ، تەڵەکە، فریو، فێڵ و مەکر لە کارێك

**لم:** نا، لا

**لماز:** دوزمان، شۆفار، ئەوەی پشت سەری خەڵك قسە دەکات

**لماع:** درەوشاوە، درەخشان، بریقەدار

**لمالم:** پڕ، سەرڕێژ، سەرڕێژ، لێوان لێو، لیپاولیپ

**لمـتر:** قەڵەو، گۆشتن، گەورە، نارێك، زل، زەبەلاح، تەمەڵ، تەوەزەل

**لمحه:** سەیر کردن، ڕوانین، یەك جار ڕوانین و سەیر کردنی شتێك

**لمـز:** ١- عەیب گرتن، ئیراد گرتن، عەیب گرتن لە کەسێك، دیاری کردنی کەم و کوڕیەکانی کەسێك ٢- چاو تروکاندن، بە سوچی چاو ئیشارە کردن و شتێك وتن

**لمس:** نەرم، سست، بێ حاڵ، بێ هێز

**لمس:** دەست لێدان، دەست پیا کێشان

**لمس شدن:** سست بون، بێ حاڵ بون، بێ هەست بون

**لمس کردن:** دەست پیا هێنان، دەست لێدان، دەست لە شتێك دان

**لمع:** درەوشانەوە، درەخشانەوە، بریقەدانەوە، تروسکە دانەوە

**لمعان:** درەخشان، درەوشان، درەوشاوەیی، درەخشانی

**لمعه:** درەوشاوەیی، ڕوناکی، نور، ڕوناکی

**لمیدن:** پاڵدانەوە، ڕاکشان، پشت دانەوە

**لم یزل:** هەمیشەیی، نەمر، جاویدان، بەردەوام

**لن:** نا، هەرگیز، هیچ کات

**لنبان:** ژنی خراپەکار، ژنی دەلاڵ کە ژنانیتر بە کرێ دەدات

**لنبـر:** ١- قەڵەو، زل، زەبەلاح، زەلام، چوارشانە ٢- سمت، پشت ڕان، قن

**لنبوس:** ناودەم، ناوزار

**لنبه:** قەڵەو، زل، گۆشتن، پڕ گۆشت

**لنتر:** لەنتەر، چرا لەنتەر، فانۆس، چرای نەوتی

**لنج:** لێو، لچ،

**لنج:** ناز، مەکر، خەرامان، لەنجە

**لنجه:** لەنجە، لەنجە و لار، هەڵس کەوت بە لەنجە و لار

**لنجه:** لێو، لچ

**لنجه کردن:** چەنە لێدان لەسەر بەهای شتێك، ماملە کردن

**لنجیدن:** ١- دەرهێنان، دەرکێشان، هێنانەدەر، لە ڕەگ دەرهێنان لە بن دەرهێنان ٢- لەنجە و لار کردن

**لند:** ١- کوڕ، منالّی نێرینە ٢- کێر، شەرمی پیاو

**لند:** ورتە، پرتە، قسەی ژێر لێو، بۆلّە، وتەیەك کە لە ژێر لچەوە لە تووڕەییدا بوترێت

**لندهور:** لەندهۆڕ، چوارشانە، زەبەلاح، و ناوی پاشایەك بوە لە هیندستان

**لندیدن:** بۆلّە بۆلّ کردن، بۆلاندن، قسە لەگەلّ خۆ کردن لە تووڕەیی یان لە بێزاریدا

**لنف:** لنف، لیمف، شلەیەکی بێڕەنگە کە لەناو لیمفە دەمارییەکاندا هەیە

**لنگ:** شەلّ، مرۆڤ یان ئاژەلّ کە قاچی ئازاری گەشتبێت و نەتوانێت بە باشی بە ڕێگادا بڕوات

**لنگ:** تا، لابار، نیوەی بار، تای پێلاو، تاکێك پێلاو

**لنگاك:** قسەی ناشیرین، قسەی ناخۆش، جوێن، جنێو

**لنگر:** لەنگەر، ئاسن و زنجیرێکی زۆر قورس کە بە هۆیەوە کەشتی لە جوولە دەخەن

**لنگر انداختن:** لەنگەر خستن، لەنگەر خستن بۆ لە جوولە خستنی کەشتی

**لنگر گاه:** لەنگەرگا، لەنگەرگە، شوێنی لەنگەر گرتن

**لنگ کردن:** ١- شەل کردن، ئازاردانی قاچی کەسێك بۆ ئەوەی بشەلێت ٢- داخستن، وەچان گرتن، پشودان، دواخستنی کارێك

**لنگه:** تاك، تا، پێچەوانەی جووت، لابار، تایەك

**لنگیدن:** شەلەشەل کردن، بە شەلەشەل بەڕێگاد ڕۆشتن، شەلین، شەلیان

**لو:** لێو، لچ

**لو:** تەپە، تەپۆلکە، گردۆلکە

**لو:** زەرداو

**لو:** ئەگەر، گەر

**لواء** ١- ئالا، بەیداخ، پەرچەم ٢- پارێزگا، ویلایەت

**لواش:** لێواشە، لێواش، جۆرە نانێکی زۆر ناسکە

**لواط:** نێربازی، جوت بونی پیاو لەگەلّ کوڕ

**لواف:** گلیم چن، قالّی چن، ئەوەی گلیم دەچنێت

**لوالو:** سوك، ڕیسوا، پەست، بێ ڕێز

**لوام:** لۆمەکەر، سەرزەنشت کەر، تانە لێدەر

**لوم:** پەستی، ڕیسوایی، هەرزەیی، بەخیلی

**لوبیا:** لۆبیا، فاسۆلیا، لە دانەوێلەکان کە کولاوەکەی دەخورێت

**لوت:** خواردن، چێشت، خۆرشت، تیکەی گەورە

**لوت:** ١- ڕووت، زەلووت، قوتەلّ، ڕوت و قوت، بێ پۆشاك ٢- حیز، گاندەر، کوڕ یان پیاوێك کەگان دەدات

**لوت:** چنگ، عود

**لوث:** پیس کردن، گلاو کردن، پیسی، ناپاکی، گلاوی

**لوچ:** چاوخوار، خێل، چاوخوێر، خوێل

**لوچه:** لێو، لچ، لێوی خوارەوە

**لو دادن:** لە دەست دان، بە فیڕۆدان، شتێك بە ئاسانی لە دەست دان، ئاشکرا کردن، دەرخستن، نهێنی کەسێك یان خۆ درکاندن

**لوده:** شۆخ، قسە خۆش، نوکتەزان، زمان شیرین

**لودی:** جوامێر، ئازا، نەترس، بوێر

**لوذع:** زیرەك، زرەنگ، بیرتیژ، وشیار

**لور:** لافاو

**لورانك:** دەبە، دەبەی ڕۆن

**لوره:** ئاودڕ، لافاودڕ، زەوییەك کە ئاوی لافاو هەلّیدڕیبێت

**لوری:** گولی، نەخۆشی گولی

**لوز:** بایەم

**لوزی:** بایەمی، بەشێوەی بایەم، مەعین کە یەکێکە لە شێوە هەندسیەکان

**لوس:** لوس، ڕیاکار، زمان چەور، زمان شیرین، ئەوەی بێ هۆی خۆی لای کەسانیتر شیرین بکات. بە مانای ڕیاکاری و کاسەلێسیش دێت

**لوسانه:** ڕیاکارانە، کاسەلێسانە

**لوستر:** لۆستێر، چلچرا، سورەیا، گلۆپی کارەبا کەلە سەقفەوە هەلّیدەواسن

**لوسی:** شێرپەنجەی خوێن

**لوسیدن:** کاسەلێسی کردن، ڕیاکاری کردن، لە خۆبورین

**لوش:** ليته، لم، قوڕ و ليتەی بن حەوز

**لوشانه:** چەور و شيرين، پاروی چەور و شيرين

**لـوط:** ١- چارشێو، عابـا ٢- چـالاك، زرەنـگ ٣- نـاوی پێغەمبەرێکـه کـه بـرازای حـەزرەتی ئيبراهيمـه کـه خەڵکەکـەی بـەهۆی گوناحەکانيانـەوە گيرۆدەی بـەڵای خوايی بون و لەناو چون

**لوعـسـت:** بـێ ئـارامی، بـێ ئۆقـەرپی، خۆڕانـەگری٢- سوتانەوە، سوتانی دڵ لە عەشق يان خەم و ڕەنج

**لوغ:** خواردن، نۆش کردن

**لوغيدن:** نۆش کردن، دۆشين

**لوقا:** لۆقا، يـەکێك لـه هاوڕێيانی حـەزرەتی عيسا کـه ئنجيلی لۆقا تايبەته بەو

**لـوك:** سوك، سست، ناتـەوان، ئـەوەی دەسـتی گێـڕ يـان خـوار بێـت. ئـەوەی لـه سـەر دەسـت و ئـەژنۆ بـه ڕێـدا بڕوات

**لـوکس:** شکۆ، جوانی، ڕازاوەيی، هـەر شتێکی جـوان و ڕازاوە

**لوك و لنگ:** شـەل و گێـڕ، گـۆج وگێـڕ، ئـەوەی دەسـت و پێی ناتەواو بێت

**لوکه:** ئارد، ئاردی گەنم يان جۆ

**لوکيدن:** چواردەست و پێ ڕۆشتن، لەسەر چواردەست و پێ ڕۆشتن

**لـول:** ١- سەرمەسـت، شـادمان، شـاد ٢- بـێ شـەرم، بـێ حەيا

**لـول:** تـەکان، جووڵـه، لـەرە، لـەرزە، تـەکان و لـەرە لـه شوێنی خۆ

**لولا:** لـەولا، لاولاو، ئامێرێکـه بـه چوارچێوەی دەرگاوە دەيبەسـتن و بەهۆيەوە دەرگا دادەخرێت و دەکرێتەوە

**لولو:** لۆلۆ، دێوەزمە، قيافەيـەکی مەترسيدار کـه منـاڵ لێی دەترسێت، خێو

**لوله:** لوله، بۆری، هەرشتێکی درێـژی لـه شـێوەی بـۆری کە ناوەکەی بەتاڵ بێت وەك بۆری ئاو

**لولەکش:** لولەکێش، وەستای بۆری

**لوليدن:** تـەکان خـواردن، جـووڵان، تـەکان خـواردن لـه شوێنی خۆ

**لـوم:** سەرزەنـشت کـردن، لۆمـه کـردن، تانـه لێـدان، سەرکۆنه کردن، تانه، لۆمه، سەرزەنشت

**لومير:** ڕوناکی، ڕۆشنايی، ڕوناهی، نور، تيشك

**لون:** ڕەنگ، شێوە، جۆر

**لوند:** نازکه، مەکرباز، ژنی مەکرباز

**لويد:** ديگ، قازان، مەنجەڵی مسينی گەورە

**لوير:** تەپە، تەپۆڵکە، گرد، گردۆڵکە

**له:** کوتراو، شێلدراو، پێشێل کراو، فليقاو، پان و پليش

**لهات:** مەلاشو، زمانه چکۆله

**لهاشم:** پەست، ڕيسوا، سوك، قێزەون، ناحەز، دزێو

**لهـب:** ١- کڵپـه، بڵێـسەی ئـاگر ٢- تـەپ و تـۆز، تـۆزی بەرزەوەبو

**لهبله:** نەزان، گێژ، حۆل، دەبەنگ، نەحەمەق

**لهجـه:** زمـان، زوان، زاراوە، زمـان يـان زاراوەيـەك کـه خەڵك پێی دەدوێن

**لهر:** مەيخانه، شەرابخانه، نادی

**لهف:** خەمبار بون، خەفەت خواردن، داخ خواردن

**لهـف:** داخ، ئـاخ، درێـخ، وشـەيەکه لـه کـاتی پەشـيمان بونەوە دەيهێننه سەر زمان

**لهنه:** نەزان، نەحەمەق، بێ ئاوز

**لهنـه:** ديـاری، پێشەکەشی، ئـەو ديارپـەی گەشـتيار لـه سەفەر دەيهێنێت

**لهو:** گەمه کردن، ياری کردن، گاڵتەکردن، ئەوەی ببێته هۆی سەرقاڵی و مرۆڤ خۆی پێوە سەرقاڵ بکات

**لهی:** مۆڵەت، ئيجازە، ئيزن

**لهيب:** بڵێسه، کڵپه، بڵێسەی ئاگر، گەرمی ئاگر

**لهيـدن:** فليقانـەوە، پـان بونـەوە، پـان و پلـيش بـون، کوتران

**لهيف:** خەمبار، دڵ سوتاو، داغ له دڵ

**لياقت:** شياوی، شايانی، هەڵگری، شياو بون، ژيهاتی

**ليالی:** شەو، شەوەکان

**ليان:** درەخشان، تابان، درەوشاوە، نورانی

**لیان:** نەرم بون، نەرمی، خۆشی

**لیبرال:** ئازادی خواز، پیاوی ئازاد، ئەوەی بە دوای ئازادیەوەیە

**لیبرالیسم:** لیبرالیسم، ڕێبازی ئازادیخوازی

**لیتر:** لیتر

**لیتك:** نەدار، بێ سەروپێ، لات، لات و پوت

**لیتە:** لیتە، ترشی باینجان

**لیث:** شێر، شێری نێر

**لیچ:** ئاوکێشراو، تەڕش، خوساو، تلیس

**لیچار:** مرەبا، مرەبا یان خواردنێك کەلە چەند شت دروستی بکەن

**لیدر:** پێشەوا، سەردستە، سەرۆك، گەورە

**لیر:** لیرە، پارەی بریتانیا

**لیز:** خز، زەوی تەڕ و خز

**لیزابە:** لینج، خز، هەر شلەمەنیەکی لینج

**لیزاندن:** خلیسکاندن، خزاندن، خشاندن

**لیزیدن:** خزان، خشان، هەڵخلیسکان، هەڵخزان

**لیسانس:** لیسانس، بڕوانامە، پلەی زانستی پێش دوکتورا

**لیست:** پێرست، پێرس

**لیسیدن:** لێسیانەوە، لێسانەوە، زمان هێنان بە شتێکدا، شتێك بە زمان پاك کردنەوە

**لیشتن:** بڕوانە لیسیدن

**لیغ و لاغ:** گاڵتە و گەپ، یاری، گەمە

**لیف:** لفکە، ئەوەی لە حەمامدا خۆی پێ دەشۆن

**لیك:** پێوانە، پەیمانە

**لیك:** بڕوانە لیکن

**لیکن:** بەڵام

**لیل:** شەو، پێچەوانەی ڕۆژ

**لیلی:** لەیلی، مەعشوقەی مەجنون کە کچی پیاوێك لە عەرەب بەناوی عم قیسی عامری بو

**لیمو:** لیمۆ، جۆرە میوەیەکە کە پێستی ناسکترە لە پرتەقاڵ و دوو جۆری هەیە ترش و شیرین

**لین:** نەرمی، نەرم بون، لەسەر خۆبون، پێچەوانەی توورەیی

**لینوفر:** لەیلوپەر، نیلوفەر

**لیوان:** لێوان، پەرداخ، ئاوخۆری، ئەوەی ئاوی پێ دەخۆنەوە

**لیوتنان:** یاریدەدەر، بەردەست، جێگر

**لیوه:** فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر، فێڵباز. بەمانای ئەحمەق و نەزانیش دێت

# م

م: م، پیتی بیست و هەشتەم لە ئالفابێتی فارسی کە بە میم دەخوێندرێتەوە

**ما:** ئێمە

**ما:** ئاو، شلەمەنیەکەی ڕوون بێ ڕەنگ و بۆنە

**مائده:** سفرە، خوان، سفرەی ڕازاوە بە خواردن

**مائه:** سەد، ١٠٠

**مابعد:** ئەوەی دواتر، ئەوەی دوای شتێکە، دوای ئەوە، دواتر

**مابقی:** پاشماوە، ماوە، ئەوەی ماوەتەوە

**مابون:** حیز، گاندەر، قوندەر، بۆ کوڕ بە کاردەبرێت

**مابین:** لەنێوان، لە نێو، لەناوەڕاست، ئەوەی لە ناوەڕاستدایە

**مات:** سەرگەردان، سەرگەشتە، حەیران، واق وڕماو، تاساو، کاس. لە شەترەنجیشدا بە شا دەڵێن کاتێك گیرۆدە بێت و هیچ ڕێگەیەکی دەربازبونی نەبێت

**مات:** لێڵ، تاریك، بێ نور، نادیار

**ماتحت:** ژێر، خوار، خوارو

**ماتریالیست:** ماتریالیست، مادی، لایەنگری ماتریالیست

**ماتریالیسم:** ماتریالیسم، فەلسەفەی مادی، فەلسەفەیەك کە حاشا لە ڕۆحیات و شتە نامادیەکان دەکات

**ماتقدم:** ڕابردو، پێشین، کۆن، بەسەرچو

**ماتم:** پرسە، شین، سەرەخۆشی

**ماتم پرسی:** سەرەخۆشی، سەرەخۆشی کردن لەکەس و کاری مردو، سەرسەلامەتی

**ماتم دیده:** پرسەگێڕ، شین گێڕ، خاوەن پرسە

**ماتم زده:** شین گێڕ، پرسە گێڕ، خەمبار، خەمگین، خەفەتبار، بەلا دیتو

**ماتمکده:** پرسەخانە، شوێنی پرسە گێڕان

**ماتم گرفتن:** پرسەگرتن، شین کردن

**ماتیك:** ماتیك، سوراوێکە کە ژنان لە لێوی خۆیانی دەدەن

**ماجد:** گەورە، مەزن، پایەبەرز، بەڕێز، هێژا، جوامێر

**ماجده:** بڕوانە ماجد

**ماجرا:** ڕووداو، پێشهات، قەوماوە، بەسەرهات، ئەوەی ڕویدابێت

**ماجراجو:** ڕووداوخواز، ئەوەی بە دوای ڕووداودا دەگەڕێت، شەڕخواز

**ماچ:** ماچ، ڕاموسان، ماچ کردن

**ماچه:** ماچە، مێچکە، مێ، زیاتر بۆ سەگ یان کەر بە کار دەبرێت وەك ماچەکەر

**ماچین:** ماچین، چینی گەورە

**ماحصل:** بەدەست هاتوو، ئەوەی بە دەست بێت

**ماحی:** لەناوبەر، بەفیڕۆدەر، فەوتێنەر

**ماخ:** پەست، ڕیسوا، سوك، بەخیل، بەرچاوتەنگ

**ماخور:** قومارخانە، مەیخانە

**ماخولیا:** ماخۆلان، ملیخۆلیا، ماخۆلیا

**مادام:** تا ئەو کاتەی، مادەم، تاوەکو، تا کاتێ، هەتا

**مادام:** ژن، خانم، خاتون

**مادح:** وەسفکەر، سوپاسکەر، پیاهەڵدەر، چاك بێژ

**مادر:** دایك، دایە، ئەو ژنەی منالی هەیە، دا، دیە، داك

**مادراندر:** زڕدایك، زڕداك، باوەژن

**مادربزرگ:** نەنێ، نەنە، دایەگەورێ، دایەگەورە

مادرزا: سکوزا، زگماك، خێرۆك
مادرژن: خەسو، دایکی ژن
مادرغر: دایك حیز، حەرامزا، ئەوەی دایکی خراپەکار بوە
مادرگان: دایکانە، ئەوەی لە دایك بە منالەکەی دەگات
مادرمردە: دایك مردو، ئەوەی دایکی مردبێت
مادگان: مێ، مێچکە، مێچکەکان
مادگانە: مێ یانە، مێچکانە، بەشێوەی مێ کان
مادگی: مێ بون، مێچکەیی
مادندر: بڕوانە مادراندر
مادون: ژێردەست، خوارتر، نزمتر، کەمتر، ئەوەی لە خوار شتێکیترەوەیە
مادە: مێ، مێچکە، مێنگنە، ماك، مرۆڤ یان ئاژەڵێك کە منالی ببێت
مادە: مادە، بنەما، بنەڕەت و بناغەی هەر شتێك
مادی: مادی، تایبەت بە دەوڵەتی ماد
مادی: مادی، تایبەت بە مادە
مادیان: مایین، ماهین، ئەسپی مێ
مادینە: مێینە، تایبەت بە مێ
مار: بڕوانە مادر
مار: مار، ئەژی، ئاژەڵێکە لە دەستی خزۆکەکان
مارافسا: مارگر، مارگیر، ئەوەی مار دەگرێت
مارپیچ: مارپێچ، پێچاوپێچ
مارچوبە: مارچێوە، جۆرە گیایەکە
مارخوردن: مارخواردن، مەبەست لە ڕەنج بینین و بەڵا بەسەرداهاتنە
مارد: سەرکێش، ملهوڕ، یاخی، بەرز، بڵند
ماردی: سور، ئاڵ
مارس: مارس، مارچ، مانگی سێیەم لە ساڵنامەی زایینی
مارس: مارس، لە یاری تاوڵەدا کاتێك یەکێك لە بەرامبەرەکان یاریەکە بباتەوە پێش ئەوەی بەرامبەرەکەی دەست بە خواردن بکات دەڵێن مارس بوە

مارسار: سەرمار، ئەوەی لەسەری مار ئەچێت
مارسان: مارئاسا، لە شێوەی مار
مارستان: خەستەخانە، نەخۆشخانە
مارش: شێوە، ڕەفتار، ڕێگا، هەنگاو، شوێن پێ، ڕێ پێوان، ڕێگە ڕۆشتنی ڕێکی سەربازان، ئاهەنگێك کە لەکاتی ڕۆشتنی سەربازان لێدەدرێت
مارشال: مارشاڵ، سوپاسالار، سەرکردە
مارفسا: بڕوانە مارافسا
مارفش: مارئاسا، هاوشێوەی مار
مارك: مارك، پارەی ئاڵمان
مارك: نیشانە، هێما، شوێن، شوێنەوار، داغ، نیشانەیەکی تایبەت کە کارخانەکان لەسەر بەرهەمەکانی خۆیانی دەدەن، مارك
مارکاژ: زۆنکاو، زۆلکاو
مارکت: بازاڕ، بازێڕ، مامڵچە، سەودا، بازرگانی
مارکسیست: مارکسیست، لایەنگری مارکسیسم
مارکسیسم: مارکسیسم، ڕێبازی کارڵ مارکسی ئاڵمانی فەیلەسوف کە ڕێبازێکە لە سیاسەت و ئابوریدا و یاساکانی و شێوازەکانی سۆسیالیسم شی دەکاتەوە
مارگزیدە: مار گەستو، ئەوەی مار پێوەی دابێت
مارگیاە: بڕوانە مارچوبە
مارگیر: مارگر، مارگیر، ئەوەی ماری زیندو دەگرێت
ماراماهی: مارماسی، جۆرە ماسیەکە هاوشێوەی مار، ماسی مارە
مارمولك: مارمێلك، مارمزك، مارمێلکە، مارمێلوك
مارە: ئامار، سەرژمێری، دەفتەری حسێب
ماری: کوژراو، گیان گیراو
مازاد: زیادە، زیادە لە پێویستی
مازار: عەتر فرۆش، بۆن فرۆش، گیافرۆش
مازح: گاڵتەکەر، قەشمەر، قسە خۆش
مازو: مازوو، مازی، مازگ
مازە: پشتمازە، بڕبڕەی پشت، گارگارە
ماژ: ڕابواردن، خۆشی، کەیف
ماژیك: جادوویی، سیحراوی، سەیر و سەمەرە

**ماساژ:** شێلان، دەست پیاهێنان

**ماسبق:** لێرەوبەر، پێشین، پێشو، رابردوو

**ماست:** ماس، ماست، مێست

**ماسـك:** رووبەنـد، دەمامـك، ئـەوەی ڕوخساری پـێ دادەپۆشن

**ماسوا:** جگە لەوە، جیاواز لەوە، بێجگە ئەوە

**ماسـوره:** ١- قامیش، قامیشی باریك ٢- ماسورە، ماسولە، شتێکی خڕە کە دەزوی تێوە دەپێچن

**ماسه:** ڕیخ، ڕێخ، زیخ، ماسە، لمت

**ماسیدن:** بەستن، مەیین، کۆبونەوە، ڕچان، ڕچیان

**ماش:** ماش، دانەوێڵەیەکە هاوشێوەی نیسك

**ماشـطه:** ئارایـشگەر، ژنـی ئارایـشگەر، ئـەو ژنـەی ژنانی تر جوان دەکات

**ماشو:** بێژنگ، بێژن، ئەوەی شتی پێ دەبێژنەوە

**ماشور:** تێکەڵ، تێکەڵ و پێکەڵ، هەر شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ کە جیا کردنەوەیان دژوار بێت

**ماشه:** ماشە، پەلەپیتك، پلیتکە، پلیتکەی تفەنگ، ماشە

**ماشین:** دەسگا، چەرخ، ئامێر، مەکینە، هەر شتێك کە چەرخی هەبێت و بەهۆیەوە کارێك ئەنجام بدرێت

**ماضي:** رابردوو، کۆن، ئـەوەی تێپەڕیبێت، بووردو، لەمەوبەر، لەمەوپێش

**ماعدا:** جگە، بێجگە، جیاواز لە

**ماغ:** مژ، تەم و مژ

**ماغگون:** ڕەش، لێڵ، تاریك

**ماعون:** چاکی، باشە، خێر، پیاوەتی. باران، و هـەر شتێك کە سودی لێ ببەن

**مافوق:** بەرزتر، لەسەرتر، بان، سەرتر، بانتر

**ماقبل:** پێش، رابردو، بوردو، لەپێش، پێ ئەوە

**ماکارونی:** ماعکەرۆنی، ماکارۆنی، خواردنێکە کە لە ئاردی پەتاتە یان گەنم بە شێوەی لوولی باریك یان شێوەی تر دروستی دەکەن

**مـاکر:** مەکرکەر، نازکەر، فریودەر، هەڵخەڵەتێنەر، فێڵباز

**ماکول:** زۆر خۆر، تێرنەخۆر، زگ برسی

**ماکول:** پەڵە، پەڵەی سوور ڕەنگ لەسەر پێست

**ماکیـان:** مریشك، مامر، مر، مریشکی ماڵی کە بۆ کەڵك وەرگرتن لە هێلکە یان گۆشتەکەی بەخێوی دەکەن

**ماگـازین:** هـەمار، همبار، ئـەنبار، هـەماری کـاڵا، دوکان، مەخزەن، فیشەك دان

**مال:** ماڵ، سامان، دارایی

**مـالاکلام:** بـێ قسە، بێ چەند و چۆن، بێ گفتوگۆ، ئەوەی قسەی لەسەر نەکرێت

**مال الاجاره:** کرێ ماڵ، کرێ خانو، ئەو برە پارەی لە باتی کرێ خانو دەیدەن

**مال التجاره:** کاڵا، چتمەك، کەلو پەلی بازرگانی

**مالامال:** پڕ، لێوانلێو، سەرڕێژ، لیپاولیپ

**مالح:** سوێر، پڕخوێ

**مالدار:** ماڵدار، دەوڵەمەند، سامانـدار، خـاوەن مـاڵ، کۆك

**مال رو:** تولە ڕێ، ڕێگەی باریك کە تـەنیا ئاژەڵ یان خەڵکی پیادە بتوانن لێوەی تێپەڕن

**مالش:** شێلان، دەست پیا هێنان

**مالش دادن:** شێلان، دەست پیا هێنان

**مالـك:** خـاوەن، خـودان، مـاخۆ، مـاڵخۆ، خێـوی، خواوەند، ئەوەی خاوەنی شتێك بێت

**مـالکی:** مـالکی، یـەکێك لـە چـوار مەزهەبەکـەی سـونیەکان کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەبو عبداللـە مالـك کوری ئۆنس

**مالکیت:** خاوەنداریەتی، خاوەندار بون، خودان بون

**مالنخ:** بڕوانە مالیخولیا

**مالور:** خاوەن ماڵ، دەوڵەمەند، ساماندار

**ماله:** ماڵە، کەمچە، سواخدەر، ماڵەی سواخ کێشان

**مالی:** ١- سەرڕێژکەر، پڕش، لێوان لێو ٢- گەورە، بەڕێز، هێژا

**مالیات:** ماڵیات، باج، خـەراج، سـەرانە، میری، ئـەو پارانـەی بـە پێـی یاسـا لـە خـەڵك وەردەگیرێـن و دەخرێنە خەزێنەی دەوڵەتەوە

**مالیات بده:** باجدەر، ماڵیات دەر، ئەوەی ماڵیات دەدات

**مالیات بگیر:** باج وەرگر، ماڵیات گر، ئەوەی باج یان ماڵیات وەردەگرێت

**مالیخولیا:** مالیخۆلیا، ماخۆلیا، سەرسام، شێتی، خۆلە شێتی دان، جۆرە نەخۆشیەکەی دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی بێهۆ و خۆڕایی

**مالیدن:** سوون، تێ ساوین، دەست لێدان، دەست پیا هێنان، شێلان، شێلاندن، شتێکی وەك ڕۆن یان ڕەنگ لە شتێکیتر سوون

**مام:** دایە، دایك، داك

**ماما:** ماما، مامان، پەژاچ، یاریدەدەری زێسان، ئەو ژنەی لە کاتی منالّ هێنانی ژنێکیتر یارمەتی دەدات

**ماماچە:** بڕوانە ماما

**مامان:** دایە، دایك، داك

**مامك:** دایە، دایك

**مام ناف:** بڕوانە ماما

**مان:** خانو، ماڵ، کەل و پەلی ماڵ، خان و مان

**مان:** وەك، هاوشێوە، وەکو، هاوتا، وێنەی

**مانا:** وەك، هاوشێوەی وەکو، هاوتای، وەکی، وێنەی

**مانتو:** مانتۆ، بالاپۆش، جل و بەرگی گەورە و شۆڕ

**ماندگار:** هەمیشەیی، نەمر، جاویدان، خۆڕاگر، نەگۆڕ

**ماندن:** مانەوە، هەمیشەیی بون، نەگۆڕان، خۆڕاگرتن، وەستان، بە مانای هیلاك بون و شەکەت بونیش دێت

**ماندن:** هاوشێوە بون، لێکچون، وەك بون

**ماندە:** ماوە، پاشماوە، ڕاوەستاو، هیلاك، شەکەت

**ماندە شدن:** هیلاك بون، شکەت بون، ماندو بون، لە کار کەوتن

**ماندە کردن:** هیلاك کردن، ماندو کردن، شەکەت کردن

**مانستن:** لێك چون، لەیەك چون، هاوشێوە بون، هاوتای شتێك بون

**مانع:** لەمپەر، ڕێگر، نەهێڵ، بەربەست

**مانع آمدن:** ڕێگر بون، ڕێ گرتن، نەهێشتن، بونە بەربەست

**مانعە:** بڕوانە مانع

**مانگ:** مانگ، مانگی ئاسمان

**مانند:** وەك، هاوشێوە، وەك، وەکو، وەکی، هاوتا، وێنە، لێکچوو

**مانند شدن:** هاوشێوە بون، لێکچون، لە یەك چون، هاوتا بون

**مانند کردن:** لێکچواندن، هاوشێوە کردن، وەك یەك کردن

**مانور:** مانۆڕ، کردار، جوولە، چالاکی شەڕ وەك ڕاهێنان

**مانومتر:** زەخت پێو، ئامێرێکە بۆ ئەندازە گرتنی زەخت و فشاری هەڵم و گازەکان، مانومێتر

**مانوی:** مانەوی، لایەنگری ئایینی مانی پێغەمبەر

**مانی:** ماخۆلیا، شێتی، مالیخۆلیا

**مانیدن:** مانەوە، بە جێ هێشتن، واز لێ هێنان

**مانیدن:** لەیەك چون، وەك شتێك بون، هاوشێوەی شتێك بون، هاوتا بون

**مانیفیست:** مەنەفێست، مانیفێست، کتێبی ناوداری کارڵ مارکس و غرێدریك ئەنگڵس کە لە ساڵی ١٨٤٨ ز لە لەندەن لە لایەن یەکەم کۆنگرەی کۆمۆنیستەکان بڵاو کرایەوە

**مانیەتیسم:** موغناتیس، کوگناتیس، هێزی ڕاکێشانی جەستەی مرۆڤ

**ماوراء:** پشتەسەر، پشتی شێ، ئەوەی لە پشت شتێکەوەیە

**ماوقع:** ڕووداو، ئەوەی ڕویداوە

**ماه:** مانگ، مۆنگ، کاوت، هەوی، یەکێکە لە هەسارەکان کە بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە

**ماه:** مانگ، سی ڕۆژ

**ماه:** ماە، لە ئایینی زەردەشتی خواوەندی ڕۆژی دوانزەیەم لە هەر مانگێك

**ماهانــــه:** مانگانــه، موچـه، مـانگ بـه مـانگ، ئـهو مووچهی که مانگانه دهست کهسێك دهکهوێت

**ماهبماه:** مانگ به مانگ، مانگانه

**ماهپاره:** مانگ، جوان، دهلال، شۆخ، جوان و ڕازاوه وهك مانگ

**ماهتاب:** مانگهشهو، ڕووناکی مانگ، تیشکی مانگ

**مــاه چـهر:** مـانگ ڕوخسار، ئهوهیه ڕوخساری وهك مـانگ نـورانی و جـوان بێـت، دهلال، شـۆخ، جـوان، دڵپهسهند، دڵرفێن

**ماه دیدار:** بڕوانه ماه چهر

**مــــاهر:** شـارهزا، زیـرهك، زرنـگ، پـسپۆڕ، لێهـاتوو، کارزان، به ئهزموون

**ماهرانـــــه:** شـارهزایانه، وهسـتایانه، لێهاتوانـه، پسپۆڕانه

**ماهرخ:** بڕوانه ماه چهر

**مـــــاه روزه:** مـانگی ڕۆژو، ڕهمـهزان، ئـهو مانگـهی موسوڵمانان تیایدا بهڕۆژو دهبن

**مــاه روزه:** مێـژوو، دیـرۆك، بـهروار، حسێبی سـاڵ و مانگ و ڕۆژ

**ماه سیما:** بڕوانه ماهچهر

**ماه طلعت:** بڕوانه ماه چهر

**ماه عذار:** بڕوانه ماه چهر

**ماهگانه:** مانگانه، مانگ به مانگ

**ماه منظر:** بڕوانه ماه چهر

**ماهنامـــه:** مانگانـه، گۆڤارێـك کـه مـانگی یـهك جـار دهرچێت

**ماهنو:** مـانگی نـوێ، مـانگی شـهوی یهکـهمی مـانگی کۆچی

**ماهو:** داردهست، گۆچان، گاڕام، داردهستی شـوان و کاروانی

**ماهو:** زیب، زیوهر، خهلأندن، زینهت

**ماهوار:** مانگ ئاسا، جوان وهك مانگ

**ماهواره:** ماهواره، سهتهلایت، مانگی دهسکرد

**ماهور:** ناودۆڵ، شهتاوی دهشت، دهشتی پڕ چاڵ و چۆڵ

**ماهوش:** مانگ ئاسا، جوان وهك مانگ، دڵگیر، ئهوهی وهك مانگ جوان بێت

**ماهی:** ماسی، بونهوهرێکی خوێنسارده که ههمیشه لــه نــاو ئــاودا دهژێــت و شـێوه و جـۆری زۆر و جیاوازی ههیه

**ماهیانه:** مانگانه، مانگ به مانگ

**ماهیت:** چۆنیهت، ڕهچهڵهك، ناوهڕۆك، پرۆزه، ڕاستی و سرشتی شتێك

**ماهی تابه:** تاوه، دهفری خواردن سوور کردنهوه

**ماهیچه:** ماهیچه، مایچه، مازهیی، ههندێ له گۆشتی جهستهی مرۆڤ یان ئاژهڵ که هاوشێوهی دوسـهری باریك و له ماسی دهچێت

**مـاهیخوار:** ماسیخۆر، باڵندهیهك دهنوکێکی درێـژ و کلکێکــی کــورتی ههیــه و زیــاتر لای ڕووبارهکــان دادهنیشێت و ماسی ڕاو دهکات

**مایچه:** بڕوانه ماهیچه

**مایحتــاج:** پێویـستی، پێداویـستی، هـهر شـتێك کـه پێویست بێت

**مـایع:** شـله، شـلهمهنی، ئـاوهکی، هـهر شـتێکی وهك ئاو، پێچهوانهی بهستوو

**مایـل:** ١- خـوازهر، ئامـهزرۆ، ئارهزومهنـد بـۆ شـتێك ٢- چهماوه، ههڵگهڕاوه، وهرگهڕاو

**مایلزم:** پێویست، ئهوهی پێویست بێت، نیاز

**مایملك:** ماڵ، دارایی، ئهوهی ماڵی کهسێك بێت

**مایندر:** بڕوانه مادراندر

**مایو:** مایۆ، جلی مهله، شۆرت

**مایــه:** ئهنـدازه، ڕاده، بـڕ، ئاسـت، بناغـه، بونیـانی شتێك

**مایهدار:** ساماندار، دهوڵهمهند، خاوهن ماڵ، ماڵدار، سهرمایهدار

**مایهرو:** بڕوانه مایهدار

**مایی:** خۆبینی، خۆپهرهستی، خۆ به زل زانی

**مــآب:** گهڕانـهوه، ڤهگـهڕیان، سهرچـاوه، چـاووگ، شوێنی گهڕانهوه

**مآت:** سهد، سهدهکان

**مآثم:** تاوانەکان، هەڵەکان، خەتاکان، سوچەکان

**مؤاجره:** بەکرێ گرتن، بە کرێ گرتنی کەسێك یان بە کرێ گرتنی خانو

**مؤاخذه:** لێ پرسینەوە، پرسینەوە، عەیب گرتن

**مآرب:** نیازەکان، پێویستیەکان

**مآکل:** خواردن، خواردنەکان

**مـآل:** گەڕانەوە، ڤەگەڕیان، سەرچاوە، چاوگ، شوێنی گەڕانەوە

**مـآل اندیش:** دوور ئەندێش، ئەوەی بیر لە کۆتایی کارەکان دەکاتەوە

**مؤالف:** هاوئاهەنگ، خوپێ گرتو، عادەت گرتو

**مؤالفت:** خو پێوە گرتن، عادەت گرتن، هاوڕێیەتی، تێکەڵی، هاودەمی

**مؤامره:** بیروڕاگۆڕینەوە، ڕاوێژ کردن

**مؤبد:** هەمیشەیی، دایمی، جاویدانی

**مـآبون:** تاونبار، تاوندار، تاوان پاڵ خراو، ئەوەی تاوانی پاڵ خرابێت

**مآتم:** پرسە، سەرەخۆشی، دانیشتنی سەرەخۆشی، شوێنی پرسە گێران

**مـؤتمر:** کـۆڕ، کۆبونـەوە، شـوێنی کۆبونـەوە، کۆنفرانس

**مؤثر:** کاریگەر، کارتێکەر

**مآثم:** تاوان، هەڵە، خەتا، سوچ، گوناحی گەورە

**مآثوم:** گونحاکار، گوناحبار

**مـآجوج:** مـاجوج، یـاجوج و مـاجوج، بونـەوەرێکی ئەفسانەیی کورتە باڵایە هاوشێوەی مرۆڤ

**مآخذ:** ڕێگە، شێواز، ڕێباز، شوێن گرتنی شتێك

**مـؤخر:** دوایـی، کۆتـایی، بەشـی کۆتـایی شـتێك، پاشینە

**مؤدي:** گەیێنەر، ئەوەی شتێك دەگەیەنێت

**مؤذن:** بانگ دەر، بانگ بێژ

**مؤسس:** دامەزرێنەر، بونیانگوزار، بناغە دانەر،

**مؤسسه:** دامەزراوە، نوسینگە

**مأکل:** خواردن، خواردەمەنی

**مأکول:** خوراو، خواردەنی، شیاوی خواردن

**مؤلف:** دانەر، کۆکەرەوە، نوسەر، ئەوەی بابەتەکانی کتێبێك کۆدەکاتەوە

**مؤلف:** دانراو، کۆکراوە، نوسراو

**مؤلم:** دەردهێنەر، بە ئازار، خەمهێنەر، پڕ ڕەنج

**مألوف:** خوو گرتو، عادەت گرتوو، ڕاهاتوو

**مأمن:** پەناگا، شوێنی ئەمن

**مؤمن:** ئیماندار، باوەڕدار

**مؤمنه:** ئیماندار، باوەڕدار، بۆ ژن بەکار دەبەن

**مأمور:** ڕاسپێردراو، بەڕێ خراو، فەرمانبەر، دانراو، کەسێك کە فەرمانێکی پێدرابێت

**مـأمول:** ئـارەزوو، خواسـت، ویـست، مەبەسـت، داواکاری

**مأمون:** بێ ترس، پارێزراو

**مؤنث:** مێ، مێینە، مێچکە

**مأنوس:** خو گرتو، عادەت پێگرتوو، ڕاهاتوو

**مـأوف:** بـەلا لێـدراو، زەرەر بەرکـەوتوو، زیـان بەرکەوتوو

**مؤول:** شی کەرەوە، لێکدەرەوە، ڕاڤەکەر، شرۆڤەکەر

**مأوي:** شوێن، پەناگە، جێی دانیشتن

**مؤیـد:** پـشت ڕاسـتکەرەوە، بەهێزکـەر، یارمـەتی، یارمەتیدەر

**مأیوس:** بێ هیوا، هیوا بڕاو، بێ ئومێد، نائومێد

**مباح:** حەڵاڵ، ڕەوا، ڕێگە پێدراو، حەڵاڵ کراو

**مباحثـه:** وتوێـژ کـردن، بـاس کـردن لەگـەڵ یـەك، شرۆڤە کردنی بابەتێك لە لایەن چەند کەسێکەوە

**مباد:** نەبێت، خوا نەکات، وانەبێت

**مبادرت:** هەستان، پێشی گرتن، پێش کەوتن، پەلە کردن لە ئەنجامدانی کارێك

**مبادلـه:** ئـاڵوگۆڕ، گۆڕینـەوە، گۆڕینـەوەی شـتێك لەگەڵ شتێکیتر، ئاڵشت دان

**مبادي:** ئاشکراکەر، دەرخەر، دیارخەر

**مبارات:** بێزار بون، زویر بون، لە یەکتر زویر بون

**مبـارز:** شـەڕکەر، شـەڕخواز، ئـەوەی بـۆ شـەڕ کـردن لەگەڵ کەسێك دێتە ناو گۆڕەپانی شەڕ

**مبارزه:** شەڕ کردن، جەنگ کردن لەگەڵ یەك

**مبارك:** موبارەك، پیرۆز، مەیمون، موارەك

**مبارك باد:** پیرۆز بێت، موارەك بێت، موبارەك بێت

**مبارك پی:** پیّ پیرۆز، ئەوەی هاتنەکەی پیرۆز و شانسی پێوە بێت

**مباسطه:** ڕووخۆشی، ناوچاو کراوەیی

**مباسله:** شەڕ کردن، دلێری، هێرش بردن، هەڵمەت بردن بۆ سەر دوژمن

**مباشر:** بەڕێوبەر، کوێخاکار، سەرکار

**مباشرت:** ١- کار کردن، هەستان بە، بە ئەنجامدانی کارێك هەستان ٢- گان کردن، جووت بون

**مباضعه:** جوت بون، گان کردن

**مباعدت:** دوور کردن، دوور خستنەوە

**مباغضه:** دوژمنی کردن، دوژمنایەتی، نەیاری، هەڵنەکردن، نەگونجان، نەسازان

**مباکات:** گریان، گریان پێکەوە

**مبال:** ئاودەست، مەستەراو، پێشاوخانە، شوێنی میز کردن

**مبالات:** وردبونەوە، تێبینی، ئەندێشە کردن لە ئەنجامدانی کارێك، بیر کردنەوە

**مبالغه:** ١- هەوڵدان، تێکۆشان، تێکۆشین، هەوڵدان لە کارێك ٢- زێدەڕۆیی، فسە کردن، سنور بەزاندن

**مبانی:** بیناکان، تەلارەکان، خانوەکان

**مباهات:** ناز کردن، شانازی کردن، شانازی کردن بە شتێك یان کەسێك، فەخر کردن

**مباهله:** نفرین کردن، جوێن دان، جنێو دان، نفرین کردنی یەکتر

**مباهی:** فەخر کەر، نازکەر، شانازی کەر

**مبایعه:** کڕین و فرۆش، ئاڵ و گۆڕ، کڕین و فرۆش لەگەڵ یەك

**مباین:** نەیار، دژ، نەگونجاو

**مباینت:** جویّ بونەوە، جیابونەوە، هەڵنەکردن، نەسازان، نەگونجان

**مبتدا:** دەسپێکراو، سەرەتا، دەسپێك، پێشەکی

**مبتدی:** ١- دەسپێکەر ٢- تازەکار، نەزان، تازە فێربو، ناشارەزا

**مبتذل:** بیّ بەها، کەم بایی، بیّ نرخ، ناگرنگ، شتێك کە هەمو کەسێك بینیبێتی

**مبتر:** کلك بڕاو، بیّ کلك

**مبتکر:** داهێنەر، بەدیهێنەر، ئەو کەسەی شتێکی تازە دروست بکات

**مبتلا:** گیرۆدە، توش بو، گرفتار

**مبتهج:** شاد، شادان، شادمان، خۆش، بە کەیف، خۆشحاڵ

**مبثوث:** بلاو، پرژ، بەربلاو، بلاو کراوە، پرژ و بلاو

**مبحث:** باس، شیاوی باس کردن

**مبدأ:** سەرەتا، بنەڕەت، هۆ، چاوگ، بناغە

**مبدد:** پەرێشان، بلاو، پرژ

**مبدع:** داهێنەر، ئافرێنەر، بەدیهێنەر، ئەوەی شتێکی تازە بەدی دێنێت

**مبدل:** گۆڕاو

**مبذر:** ماڵ بە فیڕۆدەر، ئەوەی ماڵ و سامانی خۆی بێهۆ بە فیڕۆ دەدات

**مبذول:** بەخشراو، پێدراو

**مبرا:** بیّ بەری، بیّ تاوان، پاك لە گوناح

**مبرات:** خێرەکان، باشیەکان، چاکیەکان

**مبرت:** ١- فەرمان بردن، گوێرایەڵی کردن، بەقسەی دایك و باوك کردن ٢- چاکە کردن، خێر کردن

**مبرح:** ئازاردەر، زیاندەر، ئەوەی کەسانێتر ئازاردەدات

**مبرد:** ساردکەرەوە، فێنك کەرەوە

**مبرز:** دیار، بەرچاو، ئاشکرا

**مبرقش:** ڕەنگاو ڕەنگ، ڕەنگین، جۆراوجۆر

**مبرقع:** دەمامکدار، ئەوەی دەمامك یان ڕووبەندی بەستبێت

**مبرم:** بەهێز، خۆڕاگر، سەقامگیر

**مبرهن:** ئاشکرا، بە بەڵگە، ڕوون، بەرچاو، هەر شتێك کە بەڵگە و بورهانی هەیە

**مبسم:** ددان، دان، دیان

**مبسوط:** کراوە، ڕاخراو، پانکراو، شرۆڤە کراوە، شی کراوە

**مبشر:** مژدەدەر، مزگێنی دەر

**مبصر:** پارێزەر، پاسەوان، زێرەڤان، دیدەوان، بینەر

**مبطخة:** بێسان، بێستان، شوێنی چاندنی کاڵەك و شوتی

**مبعوث:** نێردراو، ڕەوانەکراو، بەرێ کراو

**مبغض:** دوشمن، نەیار

**مبـــل:** ١- ڕژێنـــەر، تەرکـــەر، فرمێـسکاوی ٢- یاریدەدەر، یارمەتیدەر

**مبلغ:** شوێنی گەشتن، سنور و کۆتایی شتێك

**مبلـغ:** گەیێنەر، کەسێك کە فـەرمان یـان کارێك بـە یەکیتر ڕادەگەیەنێت

**مبلود:** گێژ، وڕ، کەم عەقڵ، سەرگەردان

**مبلول:** تەڕ، نمدار

**مبنی:** بناغە، بنەڕەت، بنچینە

**مبهج:** شاد کەر، شادی هێنەر، خۆشحاڵ کەر

**مبهم:** نامۆ، نادیار، ئاڵۆز، نائاشکرا

**مبهـــوت:** سـەرگەردان، حـەیران، واق ورمـاو، سـەر لێشێواو

**مبیت:** شەو مانەوە، شەو مانەوە لە شوێنێك

**مبیت:** ماڵ، شوێن خەو، ژووری خەوتن

**مبیع:** فرۆشراو

**مبین:** دەرخەر، ئاشکراکەر، دیارخەر

**متاب:** گەڕانەوە، تۆبە، پەشیمان بونەوە

**متابع:** شوێنکەوتوو، لایەنگیر، شوێن کەوتن

**متابعت:** شوێن کەوتن، لایەنگری کردن

**متارکە:** واز هێنان، بەجێ هێشتن، کۆتایی پێهێنان، واز هێنان لە یەکتر

**متـاع:** کالاّ، شتومەك، چتمەك، کەل و پەل، ئەوەی سوود و قازانجی لێ ببەن

**متانت:** بـەهێز بون، خۆڕاگری، سـەنگینی، قورسی، ڕێز

**متأثر:** خەمبار، دڵ شکاو، دڵ پڕخەم، خەفەتبار

**متاخر:** درەنگ گەر، دواکەوتوو، بەجێ ماو

**متاسف:** بەداخ، خەمبار، خەفەتبار

**متاسی:** لایەنگر، شوێن کەوتوو، ئەوەی لایەنگری لـە کەسێك یان ڕێبازێك دەکات

**متاکد:** بەهێزکەر، بەهێز، بە بڕشت، سەقامگیر

**متالم:** دەردەدار، بە ئازار، ئەوەی لـە ڕوادوێك یـان کارەساتێك خەمبار بێت

**متاله:** خواناس، خۆپارێز

**متاهـــل:** خێزانـدار، منـاڵدار، ئـەوەی خـاوو خێزانـی هەیە

**متباین:** جیا، جیاواز، جیا لەیەك، دژی یەك، ئەوەیە لەگەڵ شتێکیتر جیاوازە

**متبحـــر:** زانـا، دانـا، شـارەزا، پـسپۆڕ، ئـەوەی لـە زانستێك زانیاری فراوانی هەیە

**متبدد:** پەرێشان، بڵاو، پرژ

**متبرك:** پیرۆز، موبارەك

**متبرم:** مەلول، بێزار، شەکەت، دڵتەنگ

**متبـــسم:** پێکـەنیناوی، کـەنین، ئـەوەی ببێتـە هـۆی پێکەنین

**متبع:** شوێن کەتوو، لایەنگر

**متبلد:** نەزان، گێژ، حۆل، حەیران، سەرگەردان

**متبوع:** لایەنگری کراو، شوێن کەوتوو

**متتـــابع:** بـەدوای یـەك، یـەك لـە دوای یـەك، لە شـوێن یەك

**متتبـــع:** خوێنـەر، لێکۆڵـەر، ئـەوەی شـوێن شـتێك دەکەوێت و خوێندنەوەی لەسەر دەکات

**متجانس:** هاوجنس، وەکو یەك، هاوچەشن

**متجاوز:** داگیرکەر، دەست درێژکەر

**متجاهـــل:** خۆگێلکـەر، خۆنـەزان کـەر، ئـەوەی بـە ئەنقەست خۆی لە گێلی ئەدات

**متجبر:** ستەمکار، زۆردار، ملهۆر

**متجر:** سەودا، بازرگانی، ئاڵوگۆر، مامڵە

**متجرد:** ڕووت، زەلووت، زووت و قوت

**متجسد:** گەورە، زل، ئەستور

**متجـــسس:** پـشکنەر، لێکۆڵـەر، ئـەوەی بـە دوای شتێکەوەیە و لێکۆڵینەوەی بۆ دەکات

**متجسم:** دیار، گەورە، سەرۆك، سەردار، هەڵبژێردراو، ئەوەی بە دوای کارێکی گەورەدا دەڕوات

**متجشع:** بەرچاوتەنگ، رژد، تەماحکار

**متجلد:** خۆسەر، دلێر، بوێر، نەترس، ئازا

**متجلی:** درەوشاوە، درەخشان، ڕوون، بەرچاو، ئاشکرا

**متجنب:** خۆپارێز، خۆدوورخەر، دووری کەر

**متجند:** لەشکری، سوپایی

**متحارب:** شەڕخواز، شەڕ هەڵگیرسێنەر، ئەوەی ئاگری شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، شەڕانی

**متحتم:** پێویست، نیاز

**متحجر:** بەرد، بەردین، ئەوەی وەك بەرد وابێت

**متحد:** یەککرتوو، هاودەنگ، لەپشت یەك، کەسێك یان شتێك کە پەیوەستی یەکیتر بوبێت و بوبێتنە یەك

**متحد الشکل:** هاوشێوە، هاوشکڵ، هاوچەشن، وەك یەك

**متحذر:** خۆپارێز، ئەوەی خۆی بە دوور دەگرێت

**متحرك:** بزۆك، هەژان، بزوێنەر، ئەوەی جووڵەی هەبێت

**متحری:** مەبەست کەر، لێکۆڵەر، بە دواداگەڕ، پشکنەر

**متحسر:** خەخ خۆر، داخ خۆر

**متحصن:** پەنابردوو، خۆحەشاردراو، ئەوەی پەنای بۆ شوێنێك بردبێت

**متحف:** بەخشراو، خەلات کراو، بە دیاری دراو

**متحفظ:** پارێزر، ڕاگر، ئاگادار، وشیار

**متحقق:** ١- ڕاست، بە دی هاتوو، دروست ٢- پشکنەر، لێکۆڵەر

**متحکم:** فەرماندەر، حوکم کەر

**متحلی:** ڕازاوە، زینەت دراو

**متحمل:** ١- بارهەڵگر ٢- خۆڕاگر، بەتاقەت، پشو درێژ، بەسەبر

**متحیر:** سەرگەردان، گێژ، حەیران، واق وڕماو

**متحیز:** جێگر، جێ نشین

**متخاصم:** دوژمنایەتی، ئەوەی لەگەڵ یەکیتر دوژمنایەتی و شەڕ بکات

**متخالف:** نەیار، دژ، دژ یەك

**متخصص:** شارەزا، پسپۆڕ، لێزان، ئەوەی لە کارێکی تایبەت دا شارەزایە

**متخلص:** نازناو، ناوی دووەم، نازناوی شاعیران کە زیاتر بۆ خۆیانی دادەنێن

**متخلف:** خیلافکار، هەڵەکار، خەتاکار

**متخیل:** خەیاڵاوی، ئەوەی بەردەوام خەیاڵ دەکاتەوە

**متد:** دەستور، شێواز، شێوە، ڕێچکە، ڕێباز

**متدافع:** بەرگریکەر، بەرگری کردن لە خۆ لە کاتی شەڕ

**متدانی:** نزیك، کن، تەنیشت، لا

**متداول:** باو، یاسا، ڕەسم و یاسای باو لەناو خەڵك

**متداوم:** بەردەوام، خۆڕاگر، ئەوەی بمێنێتەوە و نەفەوتێت

**متدرع:** زرێ پۆش، ئەوەی زرێ بپۆشێت

**متدین:** باوەڕدار، بە ئیمان، ئیماندار، دیندار

**متذکر:** بیرخەرەوە، ئاگادارکەرەوە، ئەوەی شتێك بیری کەسێك دەخاتەوە

**متر:** مەتر، میتر، پێوانەی درێژی

**مترادف:** هاومانا، چەند وشەی هاومانا کە پێکەوە بوترێن و بنوسرێن

**متراژ:** میتراژ، ئەندازە گرتن بە میتر، مەتر کردن

**متراکب:** لەسەر یەك چنراو، کەڵەکەکراو، لەسەر یەك دانراو

**متراکم:** کۆکراوە، کۆگا بو، بەسەر یەکا کەوتوو، کەڵەکە کراو لەسەر یەك

**مترب:** خۆڵاوی، تۆزاوی، تەپ و تۆزاوی

**متبرد:** ڕوترش، گرژ، مۆن، ناوچاو تاڵ، ئاسمانی هەوری

**متربص:** چاوەڕوان، چاوەنواڕ، ئەو کەسەی چاو لەڕێیە، چاو لەڕێ

**مترجم:** وەرگێڕ، دیلمانج، ئەوەی وتە یان نوسراوێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر وەردەگێڕێت

**متردد:** دوودڵ، دوردۆنگ، ئەوەی لە ئەنجامدانی کارێك گومانی هەبێت

**مترس:** داهۆڵ، شتێك کە بەبەرد و دار و پەڕۆ لە شێوەی مرۆڤ لە ناو بێستانەکان دروستی دەکەن تا ئاژەڵ و باڵندەکان لێی بترسن

**مترسك:** بڕوانە مترس

**مترسل:** نوسەر، نامەنوس، سکرتێر

**مترصد:** چاوەنواڕ، چاوەڕوان، چاولەڕێ

**مترعرع:** شادمان، چالاك، نازکەر

**مترغب:** چاوەنواڕ، هیوادار، چاوەڕوان

**مترقب:** چاو لەڕێ، چاوەنواڕ، چاوەڕوان

**مترقی:** پێشکەوتوخواز، پێشکەوتن خواز، ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوات

**مترنم:** گۆرانیبێژ، سترانبێژ، ئاواز خوێن

**متروك:** وێرانە، بە جێهێڵدراو، لەبەرچاو کەوتو، واز لێهێنراو

**مترهب:** ١- خواپەرەست، ئەوەی کرداری پەرەستین ئەنجام دەدات ٢- ترسێنەر، ئەوەی بترسێنێت

**متزایل:** خۆڕانەگر، ناسەقامگیر، لەناوچو

**متزلزل:** لەرزان، لەق و لۆق

**متزوج:** ژن هێناو، شوو کردوو، ئەوەی ژنی هێنابێت یان شوی کردبێت

**متزهد:** پاراس، خۆپارێز، خواناس

**متزین:** ڕازاوزە، زینەت دراو

**متساوی:** بەرابەر، یەکسان، وەك یەك

**متسع:** ئاوەلا، بەربلاو، ئەوەی پانتایی فراوان بێت

**متسق:** ڕێك، نەزمدار

**متسلح:** چەکدار، ئەوەی چەکی هەڵگرتبێت و ئامادە بێت بۆ شەڕ

**متسلط:** زاڵ، چیر، چیەر، دەست بەسەردا گرتوو

**متسلی:** ئارام، ئارام گرتوو، ئۆقرە گرتوو، هێمن، هێدی

**متسوق:** بازاڕی، مامڵەچی، بازرگان

**متشابك:** تێکەڵ، تێکەڵ و پێکەڵ

**متشابه:** هاوشێوە، وەك یەك، لێکچوو، هاوتا، شتێك کە لە شتێکیتر بچێت

**متشاغل:** سەرقاڵ، سەرگەرم، ئەوەی خۆی بە کارێکەوە سەرقاڵ بکات

**متشاکس:** سەختگیر، ڕوگرژ، مۆن، ناوچاوتاڵ، نەگونجاو

**متشبه:** هاوتا، هاوشێوە، لێکچوو، وەك، وێنە

**متشتت:** پرژ، بلاو، پرژ و بلاو

**متشخص:** دیار، بەرچاو، کەسی گەورە و کەم وێنە

**متشرد:** پرژ، بلاو، ڕەم کردوو

**متشرع:** شوێن کەوتووی شەرع، لایەنگری شەرع، ئەوەی باوەڕدار بێت و باوەڕی بە شەرعی ئیسلام بێت

**متشرف:** گەورە، مەزن، خاوەن شکۆ، پایەبەرز، ڕێزدار، هێژا

**متشعب:** لق لق، بلاو، پرژ و بلاو

**متشعث:** بلاو، پەرێشان، پرژ و بلاو

**متشکر:** سوپاسکەر، پێزان

**متشکك:** بە گومان، دوودڵ

**متشکی:** شکایەت کەر، گازندەکەر، گلەیی کەر

**متشمر:** ئامادە، حازر، تەیار، ئامادە بۆ کارێك

**متشنج:** لەرزان، ئەوەی لەسەرما یان هەر شتێکیتر بلەرزێت

**متشوق:** ئارەزومەند، خوازیار، تامەزرۆ

**متشهی:** ئارەزومەند، خوازیار، تامەزرۆ

**متشیع:** شیعە، شیعی، لایەنگری مەزهەبی شیعە

**متصدع:** قەڵشاو، درز بردوو، قلیشاو، تلیشاو

**متصل:** پەیوەست، بەدوای یەك، لە دوای یەك

**متصلف:** ڕیاکار، کاسەلێس، مەرایی کەر

**متصید:** شکارگە، شوێنی ڕاو

**متضاد:** دژ، نەیار، شتێك کە لەگەڵ شتێکیتردا نەیار بێت

**مضاغف:** دوبەرابەر، دو ئەوەندە

**متضرر:** زيان بەرکەوتوو، زيان لێکەوتوو، زەرە ديتو، ئەوەی زيان يان زەرەی بەرکەوتبێت

**متضرع:** گريان، گرينۆك، لە خۆبوردو

**متضمن:** هەڵگر، لەخۆگر

**متطابق:** بەرابەر، يەكسان، رێك، وەك يەك

**متطاوع:** گوێڕايەڵ، فەرمانبردار، ملكەچ

**متطرف:** گۆشەگير، ئەوەی خۆی لە كەسانيتر بە دور بگرێت و بە تەنيا ژيان بەسەر ببات

**متطرق:** پێشڕەو، ڕێبەر، ڕێ نيشاندەر، ڕێنوێن

**متطوع:** فەرمانبردار، گوێ ڕايەڵ، ملكەچ

**متظاهر:** خۆدەرخەر، خۆنوێن، درۆزن

**متظلم:** دادخواز، ستەم لێكراو، زوڵم لێكراو

**متعادل:** بەرابەر، يەكسان، هاوكێش

**متعارض:** دژ، نەيار، نەگونجاو، نارێك

**متعارف:** ١- ئاشنايەتی، ناسينی يەكتر، ئەوەی خۆی بە يەكيتر بناسێنێت ٢- ئاسايی، باو

**متعاقب:** شوێ، كەوتوو، ئەوەی بە دوای شتێكەوە بێت

**متعال:** بەرز، گەورە، مەزن، زۆر بەرز، يەكێك لە تايبەتمەنديەكانی خوا

**متعالي:** پايەبەرز، بەرز، پايەدار

**متعاون:** يار، ياريكار، هاوكار، پشتيوان، يارمەتيدانی يەكتر

**متعاهد:** هاوبەڵێن، هاوپەيمان، ئەوەی پەيمانی لەسگەڵ يەكيتردا بەستبێت

**متعب:** ڕەنج، سەختی، مەينەتی، دژواری، ئەوەی مرۆڤ دەخاتە ڕەنجەوە

**متعثر:** خزاو، خليكساو، هەڵخزاو، ئەوەی بخليسكێت، ئەوەی لە قسە كردندا زمانی بيگرێت

**متعدی:** داگيركەر، دەست درێژكەر، زۆردار، زاڵم

**متعذر:** ١- بيانوگير، ئەوەی پەڵپ و بيانو دەهێنێتەوە ٢- دژوار، ڕەنج، سەختی

**متعسف:** ستەمكار، زاڵم، زۆردار

**متعصب:** دەمارگير، ئەوەی لەسەر بابەت يان شتێك دەمارگير بێت، ڕكن

**متعفن:** بۆگەن، گەنيو، بۆن ناخۆش

**متعقب:** بە دواداچو، شوێ، كەوتوو، ئەوەی بەدوای شتێكدا دەڕوات

**متعقل:** زيرەك، وشيار، زرنگ، وريا، عاقڵ، بيرمەند، بيرتيژ

**متعلق:** هەڵواسراو، شۆڕ، پەيوەست، ئاوێتە

**متعلم:** فێرخواز، ئەوەی زانست يان هونەرێك لە كەسێكيترەوە فێر ببێت

**متعمق:** دور ئەندێش، ئەوەی بيرلە داهاتوو ئەنجامی كارەكان بكاتەوە

**متعند:** پێداگر، سوور، ئەوەی لەسەر كارێك پێداگری بكات

**متعود:** عادەت گرتوو، خوو گرتوو

**متعهد:** پەيمان دار، لە خۆگر، بەڵێندار، خاوەن بەڵێن، ئەوەی عەهدا و پەيمان ببەستێت

**متعين:** ١- ئاشكرا، ديار، بەرچاو، ڕون ٢- گەورە، دەوڵەمەند، ڕێزدار

**متغابن:** زەرەمەند، زيان بەركەوتوو، زيان لێكەوتوو

**متغافل:** بێ ئاگا، نائاگا، ئەوەی خۆی لە بێ ئاگايی ئەدات، گێژ، گێج

**متغاير:** دژ، نەيار، ناجۆر، نەگونجاو

**متغلب:** زاڵ، دەست ڕۆشتو، چير

**متغني:** گۆرانی خوێن، گۆرانی بێژ، سترانبێژ

**متغير:** گۆڕاو، كەسێك يان شتێك كە گۆڕانی بەسەر بێت و بگۆڕێت، پەرێشان، شڵەژاو

**متفاحش:** جوێن دەر، جنێو فرۆش، دەم شڕ، زمان پيس

**متفاوت:** جياواز، جيا لەيەك، تەوفيردار

**متفتت:** ورد ورد، لەت لەت، لەت و پەت

**متفجع:** دەردەدار، بەڵا ديتو، بەڵا بەسەرهاتوو، زيان لێكەوتوو

**متفحص:** پشكنەر، لێكۆڵەر، بەدواداگەڕ

**متفرعن:** خۆبين، خۆپەرەست، لە خۆڕازی، خۆويست

**متفرق:** بڵاو، پرژ، پرژ و بڵاو، دوور لەيەك

**متفطن:** زیرەك، وشیار، ئەوەی بە وشیاری لە شتێك بگات

**متفق:** هاوئاهەنگ، یەك، یەك دەنگ، هاوپەیمان

**متفکر:** بیرمەند، وشیار، ئەوەی لە بابەتێك ئەندێشە دەکات

**متفکرانە:** بیرمەندانە، وشیارانە

**متقابل:** ڕوبەڕوو، پێچەوانەی، لەبەرامبەری، بەرامبەر بەیەك

**متقادم:** پێشین، کۆن، ڕابردوو، مێژینە، دێرین

**متقارن:** پەیوەست، یەك گرتوو

**متقاصر:** کەمتەرخەم، ئەوەی لە کارەکانـدا کەمتەرخەمی دەکات

**متقاضی:** خوازیار، داواکەر، خوازەر

**متقاعد:** ڕازی، دامرکاو، ئەوەی بە بەشی خۆی ڕازی بێت، خانە نشین

**متقاطع:** یەکتربڕ، یەك بڕ، ئەوەی لەناو شتێکی ترەوە تێپەڕێت و بیپچڕێنێت

**متقدم:** پێشکەوتوو، پێشکەفتی، پێشو، پێش

**متقلب:** درۆزن، دەغەڵ، دەغەڵکار

**متقن:** بەهێز، خۆڕاگر، سەقامگیر

**متقوم:** بایەدار، گران بەها، نرخدار

**متقی:** خۆپارێز، خواپەرست، باوەڕدار

**متکا:** پشتی، پاڵپشت، ئەوەی پتشی پێوە دەدەن، سەرین، سەنیر

**متکافی:** یەکسان، بەرامبەر، وەك یەك

**متکبر:** لە خۆڕازی، خۆپەرست، خۆبین، گەردنکێش، ئەوەی خۆی بە گەورە بزانێت

**متکبرانە:** خۆپەرستانە، خۆویستانە، لە خۆڕازیانە

**متکدر:** لێڵ، تاریك، خەمبار، مەلوول، دڵتەنگ

**متکدی:** سواڵکەر، درۆزەکەر، ئەوەی سواڵ دەکات

**متکسر:** شکاو، لەت کراو، شکیاو

**متکفل:** ئۆدەدار، لە ئەستۆ گر، ئەوەی کار یان شتێك لە ئەستۆ دەگرێت

**متکلم:** قسەکەر، بێژەر، وتاردەر، کەسێك کە قسە دەکات

**متکون:** بە دیهاتوو، ئافرێنراو، ئەوەی ژیانی پێ بڕابێت

**متکی:** پشت، پاڵپشت، ئەوەی پشت بە کەسانیتر ببەستێت، پشت بەستوو، پشت سوور

**متل:** مەتەڵ، ئەفسانە، داستانی کورت، کورتە چیرۆك

**متلازم:** هاوەڵ، هاوڕێ، پەیوەست

**متلاشی:** لەت لەت، لەت لەت، شتێك کە بەشەکانی لە یەك هەڵوەشابێتەوە

**متلالی:** درەوشاوە، درەخشان، تابان

**متلف:** بە فیڕۆدەر، لەناوبەر، ئەوەی شتێك بە فیڕۆدەدات

**متلفظ:** قسەکەر، وتارخوێن، بێژەر، ئەوەی قسە دەکات

**متلك:** گاڵتە، شۆخی، قسەیەك کە بە گاڵتە و بە تانە بە کەسێکی بڵێن

**متلهف:** خەمبار، مەلوول، دڵتەنگ، خەفەتبار

**متم:** تەواوکەر

**متماثل:** هاوتا، وەك یەك، هاوشێوە، ئەوەی هاوشێوەی شتێکیتر بێت

**متمادی:** بەردەوام، هەمیشەیی، دایمی، درێژ

**متمازج:** تێکەڵ، ئاوێتە، تێکەڵ وپێکەڵ، ئەوەی تێکەڵاو بە شتێکیتر بوبێت

**متمایز:** جیاواز، ئەو کەسەی یان ئەو شتەی لەگەڵ کەسەکان و شتەکانیتر جیاواز بێت

**متمایل:** ئارەزومەند، خوازیار، تامەزرۆ، داچەماوە، لایەنگیر، چەماوە

**متمتع:** بەهەرەدار، قازانج بەر، کەڵك بەر، ئەوەی لە شتێك بەهرە ببات

**متمدن:** شارنشین، شارستانی، پێشکەوتوو، شاری

**متمرد:** سەرکێش، یاخی، نافەرمان

**متمزق:** لەت لەت، بەش بەش، شەق و شڕ

**متمکن:** جێگیر، جێنشین، جێ گوزین

**متملق:** مەراییکەر، ماستاوچی، ڕیاکار، کاسەلێس

**متملقانە:** ڕیاکارانە، کاسەلێسانە

**متملك:** خاوەن، خودان، خێو، خاوەنی شتێك

**متمم:** تەواوکەر، ئەوەی دەبێتە هۆی تەواو کردنی شتێك

**متمنی:** ئارەزووکەر، خوازیار، تامەزرۆ، ئەوەی ئارەزووی شتێك دەکات

**متموج:** شەپۆلدار، شەپۆلاوی

**متمول:** ماڵدار، دەوڵەمەند، ساماندار

**متمهد:** بەتوانا، توانا، بەهێز

**متمهل:** هێواش، خاو، سست

**متمیز:** جیا، جیاوان، جیا لەیەك، جوێ

**متن:** ١- پشت، ناو شتێك ٢- تەپە، تەپۆڵکە، زەوی بەرز ٣- دەق، مەتن، ناوەرۆك، نوسراوی ناو کتێب

**متنادم:** هاونشین، هاودەم، هاوقسە

**متناسب:** گونجاو، هاوئاهەنگ، ئەوەی لە گەڵ شتێکیتر یان کەسێکیتر یەك بگرێتەوە، هاوتەراز، سازاو

**متناسق:** ڕێك، ڕازاوە، نەزمدار

**متناقض:** دژ، نەیار، نەدونجاو، نەساز، دوشت کە دژی یەکتر بن

**متناوب:** یەك لە دوای یەك، بە دوای یەك

**متناهی:** کۆتایی هاتوو، تەواو بو، ئەنجامدراو، بەئاخر گەشتوو

**متنبه:** بێدار، بە ئاگا، هەستاو لەخەو، وشیار، وریا

**متنجس:** ناپاك، پیس، گڵاو

**متندم:** پەشمان، پەژیوان، پاشگەز

**متنزه:** داوێن پاك، پاك

**متنزه:** سەیرانگە، شوێنی سەیران و گەشت

**متنسك:** خواپەرست، دیندار، باوەڕدار، لە خوا ترس

**متنفذ:** دەست ڕۆشتوو، ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر کەسانیتر هەیە، دەسەڵاتدار

**متنفر:** بێزار، لووتەلا، دورکەوتوو، ئەوەی لە کەسانیتر بێزارە

**متنفس:** زیندەوەر، زیندەبەڕۆح، گیان لەبەر، بونەوەر، ئەوەی هەناسە دەکێشێت

**متنکر:** ناشناس، نەناسراو

**متنمر:** تووڕە، قێزەون، ناحەز، ناشیرین

**متنور:** نورانی، ڕۆشن کراو

**متنوع:** جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، هەمو چەشن

**متواتر:** یەك لە دوای یەك، بەردەوام، بە دوای یەك داهاتن

**متوارد:** بەردەوام، یەك لە دوای یەك

**متواری:** هەڵاتوو، دەربەدەرن خۆحەشارداو، شاراوە، ئاوارە، سەرگەردان، وەیلان

**متواضع:** لەخۆبوردوو، خۆ بەکەم زان، بێ فیز

**متوافر:** فراوان، زۆر، زیاد، مشە

**متوالی:** یەك لە دوای یەك، بەردەوام، پشت سەری یەك

**متوج:** تاجدار، خاوەن تاج

**متوجع:** دەردەدار، بە ئازار

**متوجه:** سەرنج دەر، چاودێر، ڕوو کردن لە شتێك، سەرنج دان بە شتێك

**متوحد:** تاك، تاق، تەنیا، بێ هاوتا، بێ وێنە

**متوحش:** ١- ترساو، ترسیاگ، شڵەژاو ٢- کەلاوە، وێرانە، خاپوور

**متورع:** خۆپارێز، لە خواترس، دیندار

**متورم:** ئاوساو، ماساو، ئاوسیاگ، پەنەماو، پەنمیاو، با کردوو

**متوسط:** نێوەند، نێوان، بەین، نە زۆر نەکەم، نەباش نە خراپ، نەدرێژ نە کورت

**متوسع:** فراوان، پان، بەرین، بەربڵاو

**متوسل:** پشت بەستوو، ئەوەی دەست بە دامێنی کەسێکیتر دەبێت

**متوفر:** فراوان، زۆر، زیاد. ئەوەی هەمو کاتەکانی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارێك تەرخان بکات

**متوفی:** مردو، گیان سپاردوو، ڕۆیشتوو

**متوقع:** چاوەڕوان، داواکەر، ئەوەی لە کەسانیتر چاوەڕێیە

**متوقف:** وەستاو، ڕاوەستاو، بێ جم و جوڵ، وێسیاگ

**متوقی:** خۆپارێز، ئاگا، وشیار، وریا

**متولد:** له دایك بو

**متولی:** سەرپەرشت، دەرهێنەر، ئەوەی کارێکی پێ ڕاسپێردرابێت

**متوهم:** گومانکەر، ئەوەی گیرۆدەی وەهم و خەیاڵ بێت

**متە:** مەتە، ترمە، مت، ئامێرێکی دارتاشیە کە دار و تەختی پێ کون دەکەن

**متهاجم:** هەڵمەت بەر، هێرشبەر، پەلاماردەر

**متهم:** تاوانبار، تۆمەت لێدراو، تۆمەت پاڵ خراو

**متهمە:** بڕوانە متهم

**متهمین:** تاوانبارن

**متهور:** نەترس، ئازا، دلێر، بوێر، چاونەترس

**متهورانە:** نەترسانە، بوێرانە، ئازایانە

**متیسر:** ئاسان، سانا، هاسان، ئامادە، تەیار

**متیقظ:** بێدار، وشیار، وریا

**متیقن:** بێ گومان، بێ چەند و چون

**متیمن:** پیرۆز، موبارەك

**متین:** بەهێز، لەسەرپێ، خۆڕاگر، سەقامگیر

**متینگ:** کۆڕ، کۆبونەوە، شوێنی کۆبونەوە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێك

**مثابە:** ئەندازە، ڕادە، پلە، ئاست

**مپـــال:** ١- ئەنـدازە، ڕادە، ئاسـت، وەك، هاوشـێوە، نمونە ٢- فەرمان، تۆڵە، حوکم

**مثال دادن:** فەرمان دان، حوکم دان

**مثالە:** لەپێشی، باشی، لەش ساغی

**مثانە:** ئاودان، میزەڵان، میزەڵدان

**مثقال:** مسقاڵ، تۆز، ئامێری کێش چ زۆر چ کەم

**مثقب:** کون کەر، ئەوەی شتێك کون دەکات

**مثقب:** کونکراو، کوندار،

**مثقل:** سەنگین، قورس، گران

**مثل:** وەك، هاوشێوە، هاوتا، وێنە

**مثلبە:** کەم وکوڕی، زیان، عەیب، ئیراد

**مثلث:** شێ گۆشە، سێ سوچ، سێ قوژبن

**مثلة:** ئەشکەنجە، ئازار، بڕینی لوت یان گوێ یان لێوی کەسێك لە کاتی ئەشکەنجەدان

**مثمر:** بەبەرهەم، میوەدەر، داری بەبەر

**مـثمن:** هەشـت گۆشـەیی، هەشـت سوچـی، هەشـت لایەنی

**مثمن:** هەڵسەنگێنراو، خەمڵێنراو

**مثني:** دوبەرابەر، دودو، دوان دوان

**مثوبە:** پاداش، جەزا، پاداشت

**مثوي:** ماڵ، خانو، شوێن

**مثیل:** هاوشێوە، وەك، هاوتا، وێنە

**مجاب:** وەڵام دراو، ئەوەی وەڵامی دەست کەوتبێت

**مجاج:** ئاوی دەم، لیك، تف

**مجاجە:** ئاوی دەم، تف، ئەوەی لەدەمەوە فڕێبدرێت

**مجادل:** شەڕکەر، شەڕانی، شەڕخواز

**مجادلـــە:** شـەڕ کـردن، بەربـەرەکانێ، پێکـەوە شـەڕ کردن، دەم قرە

**مجارات:** هاو هـەنگاو بون، پێکـەوە ڕۆشـتن، گفتوگۆ کردن، پەیڤین

**مجاز:** ڕێگەپێدراو، حەڵاڵ، ڕەوا، یاسایی

**مجازات:** پاداشت دان، سزادان، جەزرەبە دان

**مجازی:** سزادەر، پاداشتدەر

**مجاعە:** برسیەتی

**مجال:** دەرفەت، هەل، کات

**مجال دادن:** دەرفەت دان، کات پێدان، مۆڵەت پێدان

**مجالـــسە:** هاونـشینی، هـاودەمی، لەگـەڵ کەسـێکدا دانیشتن

**مجامعـــت:** کۆبونـەوە، جـوت بـون، جـوت بـون لەگـەڵ ژندا

**مجاملە:** زمان چەوری، ڕووخۆشی، بەخێر هێنان

**مجاملەکار:** زمان چەور، زمان شیرین، زمان خۆش

**مجان:** خۆڕایی، مفت، بێ بەرامبەر

**مجانبە:** دوورکەوتنەوە، کەنار گرتن، خۆکێشانەوە

**مجانس:** هاوجنس، هاوڕەگەز

**مجانین:** شێتەکان، دێوانەکان

**مجـــاور:** دراوسـێ، جـیران، هاوسـێ، ئـەو کەسـەی شوێنی ژیانی لە نزیك شوێنی ژیانی یەکیتردایە

**مجاورت:** هاوسێیەتی، دراوسێیەتی، نزیکی

مجاهد: تێکۆشەر، خەباتکار، هەوڵدەر، شەڕکەر، ئەوەی لەگەڵ دوژمندا شەڕ دەکات

مجاهده: هوڵدان، تێکۆشین، خەبات کردن، تێکۆشان

مجاهره: ئاشکرا کردن، دەرخستن، ڕوون کردنەوە

مجبور: ناچار، مەجبور، مل پێدراو، ئەوەی دەسەڵاتی لەژێر دەستی خۆیدا نیە

مجتاز: ڕێبوار، تێپەڕ، ڕێبار، ئەوەی لە شوێنێکەوە تێپەڕێت

مجتبی: هەڵبژێردراو، بژاردە، پەسەند کراو

مجتث: هەڵکەنراو، لە ڕەگ دەرهێنراو، دەرکێشراو

مجتری: بوێر، ئازا، چاونەترس، دلێر

مجتنب: خۆپارێز، گۆشەگیر، ئەوەی لە شتێك یان کەسێك خۆی بە دوور بگرێت

مجد: گەورەیی، مەزنی، ڕێزداری، هێژایی، جوامێری

مجد: تێکۆشەر، خەباتکەر، هەوڵدەر

مجداف: سەوڵ، سەوڵی بەلەم لێخوڕین

مجدب: وشك و بێ گیا

مجدد: نوێ، تازە، تازەبو، نڤار، سەر لەنوێ دەرکەوتوو

مجدر: ئاوڵەدار، ئەوەی ئاوڵەی دەردابێت

مجدود: بەختیار، بەختەوەر، کامەران

مجدور: ١- شیاو، ژیهاتی، هەڵگر، شایان ٢- ئاوڵەدار

مجذوم: گول، ئەوەی نەخۆشی گولی هەیە

مجرب: ئەزمون کەر، تاقیکەرەوە

مجرب: بە ئەزمون، لێهاتوو، شارەزا

مجرح: بریندار، زامار، زەخمی

مجرد: ١- ڕوت، ڕوت و قوت، زەلووت ٢- تاك، تاق و تەنیا، سەڵت، بێ ژن

مجرگ: بێگار، کاری بێکرێ

مجرم: تاوانکار، گوناحبار، سوچدار، خەتاکار

مجروح: بریندار، زامار، زەخمی

مجرور: کێشراو، درێژ کراو

مجره: کاکەشان، کاکێشان

مجزا: جیا کراوە، جوێ کراوە، بەش بەش کراو

مجزوم: بڕاو، قرتاو، پچڕاو

مجسمه: پێکەر، پەیکەر، هەیکەڵ، ئابیدە، شتێك کە لە گەچ یان کانزا بە شێوەی مرۆڤ یان ئاژەڵ دروستی بکەن

مجصص: گەچ کاری کراو، گەچ لێدراو، گەچ کار

مجعد: بژ، قژی بژ، مووی ئاڵۆز، لوول

مجعول: دەسکرد، دروستکراو، درۆینە

مجفف: وشککەر، ئەوەی وشك دەکاتەوە

مجلد: بەرگ تێگیراو، بەرگ لێدراو

مجلس: کۆڕ، نیشتگە، کۆڕ، کۆبونەوە، شوێنی کۆبونەوەی خەڵك بۆ راوێژ کردن و باس کردنی بابەتێك

مجلس گاه: نیشتگە، شوێنی دانیشتن

مجلل: بەڕێز، خاوەن شکۆ، گەورە، ڕێزدار، هێژا

مجله: گۆڤار، پەرتوکێك کە مانگانە یان حەفتانە دەردەچێت

مجلی: پێش سەر، ناوچاو، شوێنی دەرکەوتن

مجلی: ئاشکرابو، دەرکەوتوو

مجمد: بەستو، مەییو، بەستراو

مجمع: کۆبونەوە، شوێنی کۆبونەوە

مجمع: کۆکەرەوە

مجمل: ڕازێنەرەوە، زینەت دەر، خەملێنەر

مجموع: کۆ، کۆکراوە، کۆما، دەفتەرێك کە بابەتە بەربڵاوەکانی تیا کۆکرابێتەوە

مجنب: دوورکەرەوە، دوورخەرەوە،

مجند: سوپا، قۆشەن، سوپای کۆکراوە

مجنون: شێت، دێوانە. ناوی پیاوێك لە عەرەب بەناوی قەیس عامری کە عاشقی لەیلی بو بەڵام بە هۆی دژایەتی باوکی لەیلی بە لەیلی نەگەشت و عەشقەکەی بە شێتی کۆتایی هات و لەوەدوا بە مەجنون ناوی دەرکرد

مجوز: ڕێگەپێدەر، بەڵگە

مجوس: هەتاو پەرەست، ڕۆژ پەرەست

**مجوف:** ناو بەتاڵ، ناو خاڵی، پوچ، ئەوەی ناوەکەی بەتاڵ بێت

**مجون:** نەترسی، ئازایەتی، بێ شەرمی، قەشمەری

**مجهز:** ١- ئامادەکەر، ڕێکخەر ٢- ئامادەکراو، ڕێکخراو

**مجهود:** هەوڵ، تێکۆشان، تێکۆشین، تاقەت، خۆڕاگری

**مجهول:** نادیار، نائاشکرا، ون، کەس نەزان، ئافریمکی

**مجیب:** وەڵامدەر، ئەوەی وەڵام دەداتەوە

**مجید:** گەورە، مەزن، بەڕێز، خاوەن شکۆ، پایەبەرز، پایەدار

**مجیدن:** گرتن، هەڵکەندن، فڕاندن، دەرهێنان، نقوچك گرتن، بەرکەوتن، بردن

**مجیر:** فریارەس، پەنادەر

**مجیز:** مۆڵەت دەر، ڕێگە دەر، سەرپەرەشتی هەتیو

**مجیز:** ڕیاکاری، کاسەلێسی، مەرایی کردن

**مچ:** مەچەك، جمگەی دەست، مووچ

**مچاله:** گوشراو، تووچراو، مچوڵە، گلۆڵە، ملوچە، گرۆمۆڵە

**مچاله شدن:** تووچران، گوشران، گلۆڵە کران، مچووڵە کران، گرۆمۆڵە کران

**مچاله کردن:** گرمۆڵە کردن، مچووڵە کردن

**مچك:** ماش، نیسك

**مچول:** جوان، ناسك، دەلال، شۆخ، ڕازاوە، چکۆڵە

**محابات:** لایەنگری کردن، پشتیوانی کردن، پشت گرتن، یارمەتیدان، هاریکاری کردنی کەسێك بە پێچەوانەی ڕاستی و ویژدان

**محاجه:** دوژمنی کردن، دوژمنایەتی کردن، نەسازان

**محادثه:** گفتوگۆ، پەیڤین، قسە کردن، ئاخاوتن

**محاذي:** ڕووبەڕوو، بەرامبەر، ڕوو دەرو

**محارب:** شەڕکەر، شەڕخواز، شەڕانی، شەڕئەنگێز

**محاربه:** شەڕ کردن، جەنگ کردن، شەڕ کردن لەگەڵ یەك

**محاسب:** حسێبکەر، حسێبدار

**محاسبه:** حسێب کردن، ژماردن

**محاصر:** گەمارۆدەر، دەورەدەر

**محاصره:** گەمارۆدان، دەورەدان، دەورە گرتن، تەنگ پێ هەڵچنین

**محاضر:** ئامادە، بەردەست، ئەوەی حازر بێت و لەبەردەمدا وەستابێت

**محاط:** دەورەدراو، گەمارۆدراو، تەنگ پێ هەڵچنراو

**محافظ:** پارێزەر، پاسەوان، زێرەڤان

**محافظت:** پاراستن، پاسەوانی کردن، ڕاگرتن، ئاگا لێبون

**محافظه کار:** پارێزکار، ئەوەی کارەکانی بە تێبینیەوە ئەنجام دەدات

**محافظین:** پارێزەران، پاسەوانان

**محاکات:** هاوشێوە بون، بەشێوەی کەسێك یان شتێك دەرهاتن

**محاکمه:** دادگایی، دادپرسی، لێ پرسینەوە، داوا پرسینەوە

**محال:** نەکران، نائەگەر، نەبو، نامومکێن، قسەی بێ سەر و بن

**محال:** ١- مەکر، فێڵ ٢- شەڕ، هەرا ٣- سزا، پاداشت، جەزرەبە ٤- توانایی، هێز

**محالف:** هاوپەیمان، هاوسوێند، هاوبەڵێن، هاوقسە

**محالفه:** پەیمان بەستن، بەڵێن دان، عەهد بەستن

**محاله:** هێز، توانایی، شارەزایی، لێهاتوویی

**محامات:** پشتیوانی کردن، پشت گرتن، لایەنگری کردن

**محامی:** پارێزەر، بەرگریکار

**محاوره:** ئاخاوتن، قسە کردن، پەیڤین، گفتوگۆ کردن

**محاوله:** هەوڵدان، تێکۆشان، مەبەست کردن، فێڵ کردن بۆ گەشتن بە مەبەست یان کارێك

**محبت:** خۆشی، خۆشەویستی، ئارەزومەندی بەرەو لای شتێکی خۆشەویست

**محبر:** خەت خۆش، ئەوەی شتێك بە جوانی برازێنێتەوە

**محبس:** زيندان، بەند، بەنديخانە، خانەی گرتوان، گرتوخانە

**محبل:** منالأن، منداڵدانی ژن

**محبوب:** دۆست، خۆشەویست، دەزگیران

**محبوس:** زیندانی، بەندی، گیراو، گرفتار، گیرۆدە، بەند کراو

**محتاج:** نیازمەند، نیازدار، ئاتاج، دەست کورت، هەژار، کەماسا

**محتال:** فێڵباز، مەکرکەر، فریوکار، هەڵخەڵەتێنەر

**محتبس:** بەند کراو، زیندانی، گرفتار

**محتد:** ئەسڵ، نەژاد، ڕەگەز

**محترث:** جوتیار، جوت بەندە، فەلا، وەرزێر

**محترز:** خۆپارێز، پارێزکار

**محترس:** پاسەوان، پارێزەر

**محترف:** ناودار، خاوەن پیشە

**محترم:** بەڕێز، ڕێزدار، هێژا

**محترمانە:** بەڕێزانە، ڕێزدارانە، بەڕێزەوە

**محتسب:** کەیخوا، کوێخا، خاوەنی دێ، لێپرسراوی فەرمانڕەوا

**محتشد:** ئامادە، تەیار، حازر

**محتشم:** تووڕە، گرژ، بەحەیا، حەیا بەخۆ، بەڕێز

**محتضر:** شارنشین، شاری، شارستانی

**محتقر:** سووک کراو، بە کەم زانراو، بێ نرخ کراو

**محتلم:** بینەر، شەیتانی، ئەوەی لە خەودا ببینێت کە سەرقاڵی گان کردنە

**محتمل:** ئەگەر، لەوانەیە، ئەگەری هەیە، ڕەنگە

**محتوی:** ناوەرۆک، ناو، نێوان، شتێک کە شتێکیتر لەخۆ بگرێت

**محجر:** باخ، بێستان، باغ

**محجر:** بەردین، بەرد ئاسا، وەك بەرد

**محجن:** گۆچان، داردەستی سەر خوار

**محجوب:** شاراوە، داپۆشراو، بەشەرم، بەحەیا

**محجوبانە:** شەرمنانە، بە شەرمەوە

**محجوج:** ١- مەبەست، خواست، ویست ٢- ئەوەی بە بەڵگەوە سەلمێنرابێت، بەڵگەدار

**محجە:** ناوڕێ، نیوە ڕێ، نێوان ڕێ

**محدب:** کۆم، پشت خوار، پشت چەماوە

**محدث:** نڤار، تازە، تازە دەرکەوتوو

**محدود:** سنوردار، دەورگیراو، ئەوەی سنور و ئاستی هەبێت

**محراث:** گاشن، گێسن، ئەوەی زەوی پێ دەکێڵن

**محرر:** ١- نوسەر، دانەر ٢- ئازادکەر، ڕزگارکەر

**محرز:** بەدەست هاتوو، پارێزراو

**محرض:** بزوێنەر، هاندەر

**محرق:** سوتێنەر، گەرم

**محرق:** ١- سوتاو ٢- ئەوەی ببێتە هۆی تینویەتی

**محرك:** بزوێنەر، هەڵخرێنەر، پاڵ پێوەنەر، هاندەر

**مەحرم:** مەحرەم، خزمی، ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو حەرام بێت. موحەرەم، مانگی یەکەم لە ساڵی هەتاوی کۆچی

**محرمانە:** نهێنی، شاراوە، بەشێوەی نهێنی و سەرداپۆشراو

**محروس:** پارێزراو، هەڵگیراو، ڕاگیراو

**محروق:** گرگرتو، سووتاو، سوتیاو، ئاگر گرتوو

**محروم:** بێ بەش، بێ هیوا، نائومێد

**محرومیت:** بێ بەشی، بێ هیوایی، بێ بەش بون

**محزون:** خەمبار، دڵتەنگ، مەلول

**محسن:** چاکی کردن، چاکەکار، خێرخواز

**محسوب:** هەژمار کراو، لەبەرچاو گیراو

**محسوس:** هەست پێکراو، پێزانراو، دیار، شوێن دەرکەوتوو

**محشر:** مەحشەر، پەسڵان، ڕۆژی کۆتایی، ڕۆژی هەستانەوە

**محشو:** پڕ، لێوان لێو، سەرڕێژ، کەڵەکە کراو

**محشور:** هاودەم، هاوڕێ، هاوقسە

**محصد:** داس، ئامرازی دروێنە کردن

**محصل:** بەدەست هاتوو، کۆکراوە، ئەنجام، بەرهەم

**محصل:** ١- بەدەست هێنەر، ئەوەی شتێك بەرهەم بێنێت و بەدەست بێنێت ٢- خوێندکار، فێرخواز، قوتابی

**محصن:** خێزاندار، پیاوێك كه ژنی هێنابێت

**محصور:** دیوارکێشراو، زەویەك كە بەدەورەکەی دیواریان کێشابێت

**محصول:** بەرهەم، بەر، دەسکەوت، دەسهات، دەغڵ و دان

**محصون:** پارێزراو، بەهێز

**محض:** خاوێن، ڕووت، بێ خەوش، بێ دەغەڵ

**محظوظ:** بەختەوەر، کامەران، خۆشبەخت

**محفل:** کۆڕ، کۆبونەوە، شوێنی کۆبونەوە،

**محفور:** هەڵکەنراو، کەنراو، دەرهێنراو و کەسێك كە ددانەکانی کلۆر یان ڕزابێت

**محفوظ:** پارێزراو، هەڵگیراو

**محفوف:** ئاڵۆز، شتێك كە دەوریان گرتبێت، گەمارۆدراو

**محق:** سڕینەوە، لەناو بردن، بە فیڕۆدان، کەم کردنەوە

**محق:** خاوەن حەق، حەقدار، مافدار، ئەوەی ماف بەوە

**محقر:** ورد، پەست، ڕیسوا، سووك

**محقق:** ڕاست، بەهێز، ڕێك، بەنەزم، سەقامگیر

**محقق:** پشکنەر، لێکۆڵەر، ئەوەی بە دوای شتەکاندا دەگەڕێت

**محقوق:** ١- دڵنیا، بەدی هاتوو، ڕاست ٢- شیاو، شایان، ژێهاتی

**محکم:** بەهێز، خۆڕاگر، سەقامگیر، سەخت، پتەو

**محکمه:** دادگا، دادگە، خانەی داد

**محکوك:** هەڵکەنراو، تراش دراو

**محکوم:** حوکمدراو، گوناحکار، سووچدار، ئەوەی تاوانەی کە بەسەرا سەپابێت و حوکم درابێت

**محل:** شوێن، جێگە، جێ، جێگا، دەڤەر

**محلق:** تیغ، تێخ، گوێزان، گوێزانی سەرتاشین

**محلق:** حەلاق، ئارایشتگەر، سەرتاش

**محلق:** سەرتاشراو، سەرچاك کراو، ئەوەی قژە سەری چاك کردبێت

**محلول:** توێنراوە، تواوە، تاوێنراوە، هەڵوەشاوە، تاویاوە، فەرکاندراو، شتێك كە لەناو شلەمەنیەکدا توابێتەوە

**محله:** گەڕەك، تاخ، کۆڵان، بەشێك لە شار

**محلی:** ڕازاوە، ڕازێنراو، خەملێنراو

**محمره:** سوورپۆشان، ئەوانەی جل و بەرگی سوور لەبەردەکەن کە مەبەست لە لایەنگرانی بابەکی خورەم الدینە کەلەسەردەمی مەئمون لە ئازەربایەجان شۆڕشیان کرد کە دەیانویست دەسەلاتی عەباسی لە ئێراندا کەم بکەنەوە

**محمل:** کەژاوە، ئەوەی کەسێکی پێ دەگوێزنەوە

**محمود:** وەسف کراو

**محموم:** تا، تا کردو، ئەوەی تای لێهاتبێت

**محمی:** پشتیوان، پشت، پەنا

**محنت:** بەلا، ئازار، دەرد، سەختی، ڕەنج، مەینەتی

**محنت بار:** دەردەدار، پڕڕەنج، پڕ مەینەتی

**محنت دیدن:** سەختی بینین، ڕەنج کێشان، بەلا بینین، ئازار کێشان

**محنت زده:** خەمبار، دڵتەنگ، دەردەدار، بە ئازار

**محنت کشیدن:** ڕەنج کێشان، ئازار کێشان، سەختی بینین

**محو:** پاك کردنەوە، سڕینەوە، لەناو بردن، نەهێشتن

**محوط:** دەورە دراو، گەمارۆدراو، شوێنێك کەدەورەکەیان دیوار کێشابێت

**محول:** سپێردراو، تەسلیم کراو، گۆڕاو، حەوالە کراو، دانراو بۆ کەسێکیتر

**محیا:** ژیان، ژین، شوێنی ژیان

**محیر:** سەرسوڕهێنەر، واق وڕکەر، ئەوەی دەبێتە هۆی سەرسوڕمان

**محیط:** دەورەگر، گردای گرد، گردوپەر، هێڵێك کە دەوری بازنە دەگرێت، هەر شتێك کە دەوری شتێکیتر بگرێت

**محیل:** فێڵباز، فریوکار، فریودەر

**محیی:** زیندوکەرەوە، ژین دەر، ئەوەی دوبارە زیندو دەکاتەوە

**مخ:** دەماخ، مۆخ، مێشك، مێشكی سەر، مێشكی ئێسقان، مەژگ، مێژی

**مخابره:** هەواڵ دان، خەبەردان، گفتوگۆ بە هۆی بێتەل یان تەلەفۆن

**مخاتله:** هەڵخەڵەتاندن، فریودان، فێڵ كردن لە یەكتر

**مخادع:** فێڵباز، فریوكار، فریودەر

**مخادعه:** هەڵخەڵەتاندن، فریو دان، فێڵ لێكردن

**مخارج:** خەرج، خەرج و مەرج، ئەوەی كەسەكان لە دارایی خۆیان خەرجی دەكەن

**مخاصم:** دوژمن، نەیار، شەڕانی، شەڕ فرۆش، ئەو كەسەی شەڕ دەفرۆشێت

**مخاض:** ئازاری ژان، ژان گرتن، ئەو ئازارەی كە لە كاتی منداڵ لە دایك بون ژن دەیگرێت

**مخاط:** چڵم، ئاوی لوت، ئەو ئاوەی لە لوت دێتەدەر

**مخاطب:** بەرامبەر، بیستیار، گوێ دێر، لایەنی بەرامبەر لە كاتی قسە كردن

**مخاطبه:** گفتوگۆكردن، ئاخاوتن، پەیڤین، قسە كردن، وتووێژ كردن

**مخاطر:** ترس، ترسەكان، مەترسیەكان

**مخافت:** ترسان، ترسیان، زراوچون

**مخالت:** شك كردن، گومان بردن

**مخالت:** هاوڕێیەتی، دۆستایەتی

**مخالف:** نەیار، دژ، نەسان، نەگونجاو، بەرهەڵست، ناحەز، پێچەوانە

**مخبر:** هەواڵدەر، خەبەردەر، ئاگاداركەر، ئەو كەسەی خەبەر دەگەیەنێت یان كەسانێتر لە ڕوداوێك یان قسەیەك ئاگادار دەكاتەوە

**مخبل:** شێت، كەم عەقڵ، پەست، ڕیسوا

**مخت:** هیوا، ئومێد، هیواداری،

**مختار:** ١- خاوەن دەسەلات، دەسەلاتدار ٢- هەڵبژێردراو، بژاردە، دیاری كراو

**مختال:** لە خۆڕازی، خۆبین، خۆپەرەست

**مختبر:** تاقیكەرەوە، ئەزمون كەر

**مختبر:** تاقیگە، تاقیگا، شوێنی تاقی كردنەوە و ئەزمون كردن

**مختتم:** كۆتایی پێهێنەر، ئەنجامدەر، ئەوەی كارێك بە ئەنجام دەگەیەنێت

**مخترع:** بەدیهێنەر، داهێنەر، ئەوەی شتێكی تازە دروست دەكات، خولقێنەر

**مخترع:** بەدیهاتوو، خولقێنراو، نۆبار، تازە دروست بو

**مخترق:** ڕێگە، ڕێڕەو، ڕێ، شوێنی گەڕان و ڕۆشتن

**مختزن:** پاشەكەوت كراو، هەڵگیراو

**مختص:** تایبەت كراو، تایبەت

**مختصر:** كورت، كەم، كورت كراو

**مختفی:** ١- شاراوە، نایدار، حەشار دراو، ٢- خۆ حەشاردەر، ئەوەی خۆی دەشارێتەوە

**مختل:** ئاڵۆز، شێواو، پەرێشان، تێكچوو

**مختلس:** فرێنەر، ڕفێنەر، ئەوەی شتێك برفێنێت

**مختلط:** تێكەڵ پێكەڵ، تێكچڕژاو، هەڕەمە

**مختلع:** فرێنەر، ڕفێنەر، تالانكەر

**مختلف:** جیاواز، جۆراوجۆر، جۆربەجۆر، ڕەنگاوڕەنگ، شێوە شێوە، جوێ

**مختوم:** مۆر كراو، ئەنجامدراو، بە ئەنجام گەیەنراو، ئەوەی كۆتایی پێهاتبێت

**مختون:** خەتێنەكراو، ئەوەی خەتێنە كرابێت

**مخدر:** سست كەر، بێهۆش كەر، ئەوەی دەمارەكانی جەستە سڕ دەكات

**مخدوش:** بریندار، ڕوشاو، ڕوشیاگ

**مخدوم:** سەروەر، گەورە، ئەو كەسەی كە نۆكەری هەیە

**مخده:** پشتی، پاڵپشت، ئەوەی پشتی پێوە بدەن

**مخذول:** بێ بەهرە، بێ بەش، سەرشۆڕ، ئەوەی لە هاوكاری كردنی خۆ بپارێزێن

**مخراق:** بەخشەر، جوامێر

**مخرب:** وێرانكەر، لەناوبەر، خاپووركەر

**مخرق:** دەشت، بیابان، سارا، دەشت و بیابانی بێ ئاو

**مخـــرق:** ١- لەتكـەر، درێنـەر، هەڵـدڕ ٢- درۆزن، فشەکەر

**مخرقە:** درۆ، قسە دروست کردن، بوختان، قسەی ناڕاست

**مخرم:** لوتکە، تەپۆڵکە، تەپە، گردۆڵکە

**مخروب:** خاپوور، وێران، وێران کراو، کاولکراو

**مخـزن:** گەنجینـە، هـەمبار، هـەمار، ئـەمبار، ئـەنبار، شوێنی هەڵگرتنی کەل و پەل، کێلێر، کۆنگە

**مخزول:** پشت شکاو، ئەوەی پشتی شکا بێت

**مخزول:** کون کراو، لوت کون کراو، ئەوەی لوتی کون بوبێت

**مخـــصص:** تایبـەت کـەر، دانـەر، ئـەوەی شـتێك بـۆ کەسـێك یـان کارێـك تایبـەت دەکـات، دەسـت نیشانکەر، دیاریکەر

**مخصص:** تایبەت کراو، دیاری کراو، دەست نیشان کراو، دانراو

**مخـصوص:** تایبـەت، دەست نیشان، دیاری، دیاری کراو

**مخطط:** هێڵدار، خەت دار، ڕیٚ ڕیٚ

**مخطوب:** مارە کراو، دیاری کراو، خوازبێنی کراو

**مخطوط:** شێف کراو

**مخطي:** خەتاکەر، تاوانکەر، هەڵە کار، ئەوەی لەسەر ڕێگەی ناڕاست و باوەڕی ناڕاست بێت

**مخف:** ١- سوك کەر، ڕیسواکەر ٢- سوك، ڕیسوا، پەست، بیٚ بەها، بیٚ نرخ

**مخفـوض:** ١- سوك کـراو، ڕیـسوا کـراو٢- ئاسـان کراو، سانا کراو

**مخفي:** شاراوە، داشاریاو، پۆشراو، نهێنی، نادیار، قایم کراو

**مخل:** زیاندەر، زەرەرمەند، لەناوبەر، بەفیڕۆدەر

**مخـلاف:** بـیٚ بـەڵێن، پـەیمان شـکێن، ئـەوەی بـەڵێن و پەیمانەکانی خۆی ناباتە سەر

**مخلاف:** دیٚ، گوند، لادی، دێهات، ناوچە، مەڵبەند

**مخلـب:** چنگ، چنگاڵ، نینۆکی باڵندە ڕاوچییەکان، چنگۆڵ، ڕتۆك

**مخلد:** نەمر، جاویدان، هەمیشەیی، پایەدار

**مخلص:** بیٚ ڕیا، یەك ڕوو، دڵپاك، هاوڕێی ڕاست و بیٚ ڕیا

**مخلص:** تایبەت کراو، پاك کراو، خاوێن کراو، دیاری کراو، دەست نیشان کراو، دانراو

**مخلص:** ڕزگارکەر، نەجات بەخش، ئازادی بەخش

**مخلـــع:** سـست، لاواز، بـیٚ هێـز، بـیٚ تـین، ئـەوەی هەندێك لە ئەندامەکانی کار نەکات

**مخلف:** پەیمان شکێن، بیٚ بەڵێن

**مخلف:** بەجیٚ ماو، دانراو

**مخلفـات:** کـەل و پـەلی نـاو مـاڵ، شـتومەك، چـتمەك، ئەو کەل و پەلانەی لە کەسێك دەمێنێتەوە

**مخلـوط:** تێکـەڵاو، تێکـەڵ، ئاوێتـە، ئامێـتە، قـاتی، پاڵۆش

**مخلوع:** هەڵکەنراو، لەسەر کار لابراو، ئەو کەسەی لەسەر کارەکەی خۆی لابرابێت

**مخلـوق:** ئـافرێنراو، مـرۆڤ، مەریتـە، لەنـەبو هـاتوو، خوڵقاو، خوڵقێنراو، دروست کراو

**مخلوقات:** ئافرێنراوەکان، دروست کراوەکان، بەدی هاتوان، بونەوەران

**مخلي:** خاڵی کراو، چۆڵ کراو

**مخمس:** پێنجی، پێنج دانەیی، پێنج لایی

**مخمش:** ڕووشاو، بریندار، ڕووشیاگ

**مخمصە:** ١- برسیەتی، خاڵی بونی گەدە لە خواردن ٢- بەلاٚ، سەختی، مەینەتی، گرفتاریی، دژواریی

**مخمل:** مەخمەڵ، جۆرە پارچەیەکی ناسك و نەرمە

**مخملك:** مەخمەڵەك، سورێژە، جۆرە نەخۆشیەکە کە زیاتر لە ناو منالاٚندا دەردەکەوێت

**مخمور:** مەست، سەرخۆش

**مخنـث:** حیـز، گانـدەر، قونـدەر، ئـەو پیـاوەی زیـاتر لاسایی ژنان بکاتەوە. پیاوی خراپەکار

**مخنـق:** ١- خەفەکـەر، خنکێنـەر٢- خنکـاو، خەفـە کراو

**مخنوق:** خەفە کراو، خنکێنراو، گیان لیٚ سەندراو

**مخوف:** ترسناك، ترسێنەر، تۆقێنەر، زراوبەر، زات بەر

**مخوف:** ترساو، تۆقاو، زراوچو

**مخيدن:** خزان، خشان، تەكان خواردن، جولآن، چەسپان، لكان، پێوە نوسان

**مخير:** دەسەلآتدەر، ئەوەی دەسەلآت بە كەسێك دەدات

**مخير:** خاوەن دەسەلآت، دەسەلآت پێدراو، هەڵبژێردراو، بژاردە

**مخيز:** بړوانە مهميز

**مخيط:** دەرزی. بە مانای ړێرەو و شوێنی تێپەړینیش دێت

**مخيط:** دووراو، دوراو، جل و بەرگی دروراو

**مخيل:** گومان كراو، خەیاڵ كراو، هەست كراو

**مخيم:** خێوەت گە، خێوەت گا، شوێنێك كە چادر یان خێوەتی لێ هەڵبدەن

**مد:** ١- درێژ كردن، كێشان، فراوان كردن، ڕاكێشان ٢- لافاو، هەڵكشان، هەڵشكانی ئاوی دەریا

**مد:** سەلیقە، شێوە، شێواز، مۆد، ڕەسم، داب و نەریت، مۆدی ڕۆژ

**مدابیر:** كلۆڵەكان، بەدبەختەكان، چارەڕەشان

**مداح:** وەسف كەر، پیاهەڵدەر، ئەوەی وەسفی كەسێكی دیكە دەكات

**مداخله:** خۆهەڵقورتاندن، بەشداری كردن، بەشداری كردن لە بابەتێك

**مداد:** میداد، پێنوس، ئەوەی پێی بنوسن

**مداعبه:** گاڵتە كردن، شۆخی كردن

**مدافع:** بەرگریكار، پارێزەر، ئەوەی بەرگری لە شتێك دەكات، بەرهەڵستكار

**مدافعه:** بەرگری كردن، بەرهەڵستی كردن، پارێزگاری كردن، پشتیوانی كردن لەكەسێك یان شتێك

**مداقه:** ورد بینی، سەرنجدان، وردبونەوە لە كارێك یان لە بابەتێك

**مدال:** میداڵ، نیشانە، نیشانەیەكی زێڕین یان زیو كە بۆ ڕێزگرتن لە كارەكانی كەسێك بەو دەدرێت

**مدالسه:** فریودان، هەڵخەڵەتاندن، فێڵ لێكردن، ستەم لێكردن

**مدام:** ١- مەی، شەراب، عەرەق ٢- باران، باران كە هەمیشە ببارێت ٣- هەمیشە، بەردەوام، هەمو دەمێ، هەمو كاتێك

**مداوات:** چارەسەركردن، تیمار كردن، چاك كردنەوە، دەرمان كردن

**مداوم:** ١- درێژەدەر، بەردەوام كەر، ئەوەی درێژە بە كارێك دەدات ٢- چاودێری، سەقامگیر، ئەوەی هەمیشە كارێك ئەنجام دەدات

**مداومت:** بەردەوام بون، هەمیشەیی بون، بە دوای یەك داهاتن، سەقامگیری لەسەر كارێك

**مداوی:** چارەسەركەر، دەرمان كەر، تیماركەر

**مداهنه:** فریدان، هەڵخەڵەتاندن، فێڵ لێكردن، خوڵتە

**مداین:** شارەكان، ناوی شاری تیسفون لە كۆندا

**مدبر:** بەدبەخت، بەخت ڕەش، بەخت هەڵگەڕاو، كلۆڵ

**مهر:** هەتاو، خۆر، ڕۆژ
**مهر:** ڕەزبەر، مانگی حەوتەم لە ساڵی هەتاوی
**مهر:** مۆر، دیاردە، واژۆ
**مهر:** مارەیی، شیربایی، پارەی مارە بڕینی ژن
**مهرا:** گۆشتی کوڵاو، گۆشتی نەرمە
**مهراس:** هاوەن، ئەو دارەی دانەوێڵەی پێ دەکوتن
**مهربان:** دڵ نەرم، بە ڕەحم، بەبەزەیی، مێهرەبان
**مەرخ:** مانگ ڕوخسار، ئەوەی ڕوخساری وەك مانگ بێت
**مهرگان:** مانگی ڕەزبەر
**مهرو:** مانگ ڕوخسار، جوان، دەلال، شۆخ و شەنگ، ئەوەی ڕوخساری وەك مانگ جوان بێت
**مهزول:** لاغر، لەڕ، لاواز، کەم گۆشت، داڵگۆشت
**مهزوم:** شکەست خواردو، تێك شکاو، بەزاو، بەزیو
**مهست:** گەورەترین، مەزنترین
**مهستی:** خاتوون، خاتوو، خانم، خاتونی گەورە
**مەسیما:** مانگ ڕوخسار، جوان، شۆخ
**مهشید:** مانگەشەو، ڕوناکی مانگ
**مهفهف:** ناوقەد باریك، بەژن باریك
**مهفهفە:** ناوقەد باریك، بەژن باریك، ژنی ناوقەد باریك
**مهل:** هێواشی، هێمنی، هێدی بون، لەسەرخۆیی
**مهلت:** ١– مۆڵەت، کات دان، ماوە، ماوڵ، ٢– هێمنی، هێدی بون، لەسەر خۆیی ٣– سازان، گونجان
**مهلت خواستن:** کات ویستن، مۆڵەت ویستن، داوای کات کردن
**مهلت دادن:** مۆڵەت دان، کات دان، دەرفەت دان، ماوە دان

**مەلقا:** مانگ ڕوخسار، ئەوەی ڕوخساری وەك مانگ جوان بێت

**مهلك:** لەناوبەر، کوژەر، کوشەندە

**مهلل:** چەماوە، چەمیو، خوار، لار، خوێر

**مهم:** گرنگ، دژوار، کاری دژوار، گرنگ، شتێك کەگرنگ وسەرنجی پێ بدەن

**مهماز:** بڕوانە مهمیز

**مهمان:** میوان، میڤان، مێمان، مێوان

**مهمانخانە:** میوانخانە، شوێنێك کە تایبەت بە میوانداری کردن لە میوان. هوتێل

**مهماندار:** میواندار، مێماندار، خانەخوێ، خوادن ماڵ، ئەوەی میوانداری میوانەکان دەکات

**مهمانسرا:** بڕوانە مهمانخانە

**مهمانکدە:** بڕوانە مهمانخانە

**مهمز:** بڕوانە مهمیز

**مهمل:** بێهوو، بێکار، بێکار، قسەی قۆڕ، هەڵیت و پڵیت

**مهموم:** دڵتەنگ، خەمبار، خەمگین، خەمۆك، مەلول

**مهمە:** بیابان، دەشت، سارا، چۆڵەوانی، دەشتی بێ ئاو و گیا

**مهمیز:** نەقیزە، نەقیز، مامێز، نەقیزی ولاخ

**مهنا:** بەتام، چێژدار، بەتام و چێژ، خۆش

**مهندس:** ئەندازیار، ئەندازەگەر، زانا لە کاروباری بینا دروست کردن و ڕێگا وبان

**مهوار:** مانگ ئاسا، وەك مانگ

**مهوس:** هەوەسدار، شێت، کەم عەقڵ، دێوانە

**مهوش:** مانگ ئاسا، وەك مانگ، جوان، دەلال

**مهول:** ترسێنەر، تۆقێنەر، زراوبەر

**مهیا:** ئامادە، تەیار، حازر، پەرداخ، کۆك، ساز

**مهیب:** ترسناك، ترسێنەر، کەسێك یان شتێك کە لێی بترسن

**مهیج:** هەڵخرێنەر، بزوێنەر، گرژکەر، بەڵشاندەر، هاندەر، جووڵێنەر

**مهیر:** مانگ

**مهیرە:** کەیبانو، ژنێك کە مارەییەکەی زۆر و گران بێت

**مهیل:** ترسێنەر، تۆقێنەر، زراوبەر، ئەوەی ببێتە هۆی ترسان و تۆقاندن

**مهین:** گەورە، گەورەترین، گەورەتر

**مهین:** سست، ڕیسوا، باوەڕ سست

**می:** شەراب، بادە، عارەق

**میان:** کەمەر، ناو، لا، ناو شتێك

**میان باریك:** قەد باریك، ناوقەد باریك، بەژن باریك

**میانبر:** کورت بڕ، قەوبڕ، ڕێگایەك کە بەرامبەر بە جادەی سەرەکی کورت تر بێت

**میان بستن:** قۆڵ هەڵکردن، قۆڵ هەڵماڵین، ئامادە بون، حازر بون بۆ ئەنجامدانی کارێك

**میان تهی:** ناوبەتاڵ، خاڵی، پوچ، ئەوەی ناوەکەی هیچی تیا نەبێت

**میانجی:** نێوەنجیگەر، ناوجی کەر، ناوبژیوان، ناوبژی

**میانگین:** ناوەڕاست، نێوەنجی، ناوەندی، نێوەندی، ئاستی نێوەنج

**میانە:** نێوان، ناوقەد، ئەوەی لەناو شتێکدا جێگەی هەبێت

**میانین:** نێوەنجی، ناوەنجی، نێوەندی

**می پرست:** مەی خۆر، شەراب خۆر، عارەق خۆر

**میت:** مردوو، بێ گیان

**میترا:** میترا، ناوی فریشتەی خۆشەویستی

**میتە:** مردوو، مردار، مرداربوو

**میتین:** پاچ، تەشوێ، تەشوێ کە بەردی پێ دادەتاشن

**میثاق:** پەیمان، عەهد، بەڵێن، ژوان

**میخ:** مێخ، بزمار، بسمار، مێخ

**میخانە:** مەیخانە، عارەق خانە، شوێنی عەرەق خواردنەوە

**میخ طویلە:** کوڵ مێخ، بزماری گەورە

**میخك:** مێخەك، جۆرە گیایەکە

**میخکوب:** چەکوش، چەکوچ، هەر شتێك کە بزماری پیْ داکوتن

**میخوار:** مەی خۆر، شەراب خۆر، عارەق خۆر

**میخوارە:** بڕوانە میخوار

**میخوش:** مێخۆش، ترش و شیرین، مزر، میوەیەك کە تامەکەی ترش و شیرین بێت

**میدان:** مەیان، گۆڕەپان، زەوی بەربلاو

**میدان دادن:** دەرفەت دان، ماوە پێدان، مۆڵەت دان

**میدانگاه:** گۆڕەپان، زەوی بەربلاو، مەیدان

**میده سالار:** نانەوا، نانکەر، نان پەز

**میر:** میر، ئەمیر، فەرمانڕەوا

**میراب:** میراو، پاسەوانی ئاو، ئەوەی ئاو لەناو ماڵ و باخەکان دابەش دەکات

**میراث:** میرات، میراتی، شت و مەکی بەجیْ ماو لە مردوو

**میراکل:** مۆعجیزە، سەرسوڕهێنەر، واق وڕکەر

**میراندن:** مراندن، گیان سەندن، گیان گرتن

**میرشب:** شەوگەڕ، حەسحەس

**میرغضب:** جەلاد، مرۆڤ کوژ، کەسێك کە لێپرسراوی جێبەجیْ کردنی حوکمی ئیعدامە

**میروك:** مێروو، مێرولە، مێلورە

**میره:** مێدر، هاوسەر، پیاو، کەیخوا، کوێخا

**میــز:** مێــز، تــەختی چوارگۆشـە کـە چـوار پایـەیی بڵندی هەیە

**میزان:** میزان، ئەندازە، شایەن، کێشانە

**میزبان:** میواندار، خانەخویْ، مێماندار

**می زده:** سەرخۆش، مەست

**میــزر:** مێزەر، جامانـە، شاشك، مێزەرە، پووشـین، کلاّوەسماڵ

**میزك:** میز، گمیز، مێز

**میزیدن:** میز کردن، پێشاو ڕشتن، گمیز کردن

**میستان:** مەیخانە، عارەق خانە، نادی

**میسر:** قومار

**میسر:** ئاسان، سانا، ئامادە، ساز، کۆك

**میسره:** لای چەپ، چەپ، دەستی چەپ

**میسور:** ئاسان، سانا، هاسان

**میسیون:** وەفد، وەفدی نوێنەرایەتی

**میش:** میْ، مەڕ، پەز، پەزەما

**میشوم:** شووم، ناپیرۆز، نامبارەك

**میعاد:** ژوان، جیْ دیتن، شوێنی یەکتر بینین

**میغ:** هەور، ئەور، هەوری چڕ و تاریك

**مــی فــروش:** مـەی فـرۆش، شـەراب فـرۆش، عـارەق فرۆش

**میقات:** کات، دەم، چاخ، کاتی کار، سات، شوێنێکە کە بۆ کۆبونەوە کاتیان بۆ دیاری کرابێت

**میکائیل:** میکائیل، ناوی فریشتەیەکە

**میکادو:** میکادۆ، نازناوی ئیمپراتۆری ژاپۆن

**میکده:** مەیخانە، نادی، شوێنی خواردنەوە

**می گسار:** مەی خۆر، شەراب خۆر، عارەق خۆر

**میگون:** شەراب ڕەنگ، بە ڕەنگی شەراب

**میـــل:** حـەز، ویـست، خواسـت، مەبەسـت، ئـارەزو کـردن، حـەز کـردن، بادانـەوە، گەڕانـەوە، یـەك لایـی بون

**میلاد:** ڕۆژی لە دایك بون، کاتی لـە دایـك بـون، ڕۆژی لـە دایـك بـونی حـەزرەتی عیـسا کـە یەکـەم ڕۆژی دەسپێکردنی ساڵی زایینیە

**میلاو:** شاگرد، بەردەست، شاگردی دوکان

**میمون:** موبارەك، پیرۆز

**میمون:** مەیمون، عەنتەر، ئەنتەر

**مین:** مین، ئەلْغام، جۆرێکە لە تەقەمەنیەکان کە لەناو زەویدا دەچێندرێت

**مینا:** جامی نەخشێنراو، ئاوێنەی زێڕین، مینا

**میناء** لەنگەرگا، لەنگەرگە، دوورگە

**مینو:** بەهەشت، جێگەی باوەڕداران لەو دنیا

**مینوفش:** بەهەشت ئاسا، وەك بەهەشت

**مینیوم:** کەم، لانی کەم، دەستی کەم

**میوپ:** نزیك بین، ئەوەی بەهۆی نەخۆشیەکانی چاو نەتوانێت کە لە دوورەوە بە جوانی ببینێت

**میوه:** میوە، بەرهەم، بەر، بەری دار

**میوەدار:** میوەدار، بەردار، بەبەرهەم

**میهمان:** بڕوانە مهمان

**میهن:** وڵات، نیشتمان، دیار، زادگا

**میهن پرست:** وڵات پەرەست، وەتەن پەرەست، ئەوەی وڵاتەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ

# ن

**ن:** ن، پیتی بیست و نۆیەم لە ئالفابێتی فارسی کە بە نون دەخوێندرێتەوە

**نئاندرتاڵ:** نیاندەرتاڵ، ناوی دۆڵێکە لە ئاڵمانیای ڕۆژهەلات کە لە ساڵی ١٨٥٦ کاسەی سەری مرۆڤێکی لێ دۆزرایەوە کە زاناکان بۆ ٤٠ هەزار ساڵ پێشیان گەڕاندەوە و بە مرۆڤی نیاندەرتاڵ ناویان برد

**نا:** نا، پێشگری نا کە لەسەرەتای وشەدا دێت و مانای وشە دەگۆڕێت وەك ڕاست کە دەبێتە ناڕاست

**نا:** ١- نم، تەڕی ٢- بۆنی ناخۆش کە لە هەندێ خواردەمەنی کۆن پەیدا دەبێت

**نا:** وزە، هێز، توانایی، تاقەت

**نائب:** جێنشین، جێگر، جێگرەوە، نوێنەر

**نائبە:** ١- بڕوانە نائب ٢- بەلا، سەختی، دژواری

**نائح:** گرینۆك، شین گێڕ، گریان

**نائل:** بەهرەمەند، سوودمەند، بەهرەدار

**نائم:** خەوتو، خەفتو، نوستو، ئەوەی خەوتبێت

**نائمە:** ١- ژنی خەوتوو، ژنی نوستوو ٢- مەرگ، مردن

**ناآرام:** نائارم، بێ ئۆقرە، بێ ئارام

**ناارز:** بێ بەها، کەم بایی، بێ نرخ، کەم بەها

**ناآزمودە:** بێ ئەزمون، ناشارەزا

**نااستوار:** خۆڕانەگر، ناسەقامگیر، سست

**ناآشنا:** نەناس، نەناسراو، ناناشنا، بێگانە، غەریبە

**نااصل:** نانەجیب، بێ خاوەن، ئەوەی نەژادی نەبێت

**ناآگاه:** بێ ئاگا، نەزان، نا ئاگا، بێ خەبەر

**ناآگاهان:** نەزانراو، بێ ئاگایانە، نائاگایانە، لەناکاو، کەمتەرخەمی

**ناآمدە:** نەهاتوو، ڕوونەداو، ئەوە هێشتا نەهاتبێت یان ڕوی نەدابێت

**ناآمرزیدە:** نەبەخشراو، لێ خۆش نەبو

**ناامن:** نائەمن، شوێنێك کە ئەمنیەتی تیا نەبێت

**ناامید:** بێ هیوا، هیوابڕاو، نائومێد، ناهومێد، ناهمێ

**ناآهار:** نیوەڕۆ، نیمەڕۆ، خواردنی نیمەڕۆ

**نااهل:** نەشیاو، هەڵنەگر، نەگونجاو، ئەوەی شیاو نەبێت بۆ شتێك یان کارێك

**نااوستا:** ناشارەزا، بێ ئەزمون

**ناایمن:** نائەمەن، بێ ئەمان، نا دڵنیا، ئەو شوێنەی دڵنیایی و ئەمنیەتی لێ نەبێت

**ناب:** پاك، ساف، بێ غەش، بێ ڕیا

**ناباب:** ناجۆر، نەگونجاو، ناسازگار، ناپەسەند

**ناباك:** بێ ترس، بوێر، ئازا، چاو کراوە، دڵ قایم، دلێر

**نابالغ:** نابالغ، نابالق، کوڕ یان کچێك کە هێشتا بە تەمەنی بالق نەگەشتبێت

**ناباور:** باوەڕپێنەکراو، نەشیاو بۆ باوەڕ کردن، ناباوەڕ

**نابایا:** ناپێویست، نائەگەر، ئەوەی پێویست نەبێت

**نابایست:** نەگونجاو، ناپێویست

**نابجا:** نابەجێ، بێ کات، ناکات، کارێك یان شتێك کە لەکات و شوێنی گونجاوی خۆیدا نەبێت

**نابختیار:** ناکامەران، بەدبەخت، بەخت ڕەش

**نابخرد:** بێ عەقڵ، بێ ئاوز، نەزان

**نابخردانە:** بێ عەقڵانە، نەزانانە، گێژانە

**نابرادری:** زڕ برا، برایەك کە لەگەڵ خوشك یان برایەکیتر لە یەك دایك و باوك نەبێت

**نابردار:** خۆڕانەگر، بێ تاقەت، بێ سەبر، ناسەقامگیر

**نابردبار:** بڕوانە نابردار

**نابرید:** نەبڕاو، نەقرتاو، پارچەکە کە هێشتا نەیانبڕیبێت

**نابسامان:** شپرز، شێواو، شپرزە، شڵەژاو، ئاژاوڵە، تێکچو، بێ نەزم، ناڕێك

**نابسود:** دەست لێنەدراو، تازە

**نابگاه:** ناکاو، ناکات، بێ کات

**نابغە:** زیرەك، کەم وێنە، بێ هاوتا، بلیمەت، هەڵکەوتوو، هۆکەڵ

**نابکار:** خراپەکار، بەدفەڕ، بێ کەڵك، ناپیاو

**نابلد:** نابەڵەد، ناشارەزا، بێ ئاگا، بێ خەبەر

**نابنوا:** ١- لەناوچو، فیڕۆ ٢- هەژار، داماو، لێ قەوماو

**نابهرە:** خەسیس، ڕەزیل، پەست، ڕژد، بەرچاوتەنگ

**نابهنجار:** بێ نەزم، ناڕێك، بێ یاسا، ناهاوسەنگ

**نابهنگام:** ناکاو، لەناکاو، بێ کات

**نابود:** لەناوچو، بە فیڕۆچوو، نادیار، لەدەست دراو

**نابودمند:** موفلیس، فەقیر، هەژار، نەدار، داماو، لێ قەوماو

**نابینا:** نابینا، کوێر، ئەوەی چاوی نەبینێت

**نابیوسان:** ناکاو، لەناکاو، بێ کات، بێ وادە

**ناتراشیدە:** نەتاشراو، چاك نەکراو، قسەی ڕەق

**ناتمام:** ناتەواو، کۆتا نەهاتوو، ئەوەی بە تەواوی ئەنجام نەدرابێت، تەواو نەکراو

**ناتندرست:** نەخۆش، ناساغ، زەلیل، پەك کەوتە، دەردەدار

**ناتنی:** زڕ، برا یان خوشك کە لەیەك دایك و باوك نەبێت

**ناتو:** ناتۆ، ڕێکخراوی ئاتلانتیکی باکوور، پەیمانێکی نیزامی سیاسیە بۆ بەرگری کردن لەبەرابەر مەترسیەکانی کۆمۆنیسم کە لە ساڵی ١٩٤٩ لە نێوان وڵاتەکانی ئامریکا و کانادا، ئینگلیس، فەرەنسا، ئایسلەند، نەرویج، دانیمارك، ئیتالیا، لۆجیك، هۆڵەند، لۆکزامبۆرگ، پورتوغال، مۆر کرا

**ناتو:** ناسازگار، نەگونجاو، نەساز

**ناتوان:** ناتوان، پەك کەوتە، داماو، لێ قەوماو، بێ هێز، بێ تین، لاواز

**ناتوانا:** بڕوانە ناتوان

**ناتور:** خوو، خەدە، عادەت، ڕەوشت، سرشت، سروشت، گەوهەر، ناخ

**ناپارسا:** بێ دین، ناباوەڕ، بێ ئیمان

**ناپاك دین:** کافر، بێ باوەڕ، بێ ئیمان

**ناپاك رای:** بیر ڕەش، ڕەشبین، ئەندێشە خراپ، ئەوەی بۆچون و چارەسەرەکانی ڕاست نەبێت

**ناپاك:** ناپاك، پیس، پۆخڵ، زیرگن، چڵکن، گڵاو

**ناپاکرو:** خراپەکار، بەدفەڕ

**ناپاکزاد:** زۆڵ، حەرامزا، حەرامزادە، نانەجیب

**ناپای:** ١- خۆڕانەگر، ناسەقامگیر ٢- بێ سەبر، کەم تاقەت

**ناپایدار:** تێپەڕ، خۆڕانەگر، ناپایەدار، لەرزۆك

**ناپختە:** نەکوڵاو، خام، بێ ئەزمون، ناشارەزا

**ناپدرام:** ناخۆش، ناپەسەند، نابەدڵ

**ناپدری:** زڕباوك

**ناپدید:** نادیار، شاراوە، ون، گوم

**ناپدیدار:** بڕوانە ناپدید

**ناپرهیزگار:** بێ باوەڕ، فاسق، بێ ئیمان

**ناپرهیزی:** پارێز نەکردن، کەمتەرخەمی

**ناپروا:** شڵەژاو، شپرزە، نەترس، چاو کراوە، پەرێشان

**ناپز:** نەکوڵاو، ئەوەی درەنگ بکوڵێت

**ناپسری:** زڕ کوڕ

**ناپسند:** ناپەسەند، نابەدڵ، ناحەز

**ناپیدا:** نادیار، ون، گوم، دوور لەچاو، شاراوە، شاریاوە

**ناجح:** ١- سەرکەوتوو، زاڵ، پیرۆز ٢- ئاسان، سانان، هاسان، کاری سانا و بێ کێشە

**ناجز:** ئامادە، نەقد، دەست بەدەست، تەیار، ساز، کۆك

**ناجع:** ١- بەتام، چێژدار، خۆش ٢- سوومەند، بەهرەمەند

**ناجم:** ئاوابوو، نپار، تازە دەرکەوتوو، سەرکێش، یاخی

**ناجنس:** بەدفەڕ، خراپەکار، پیس، بەد کردار

**ناجوانمرد:** ناجوامێر، پەست، بەخیل، رژد، بەرچاوتەنگ، پەست، ناپیاو

**ناجور:** ناجۆر، نەگونجاو، نەسازگار، نەساز، نارێك، ناحەز، نارەوا، ناپەسەند

**ناجی:** رزگار، ئازاد، نەجات دراو

**ناحق:** ناحەق، درۆ، ناراست، پێچەوانەی راست

**ناحل:** لاغر، لەر، لاواز، ئەوەی بەهۆی نەخۆشی یان عەشق یان سەفەر لاغر بوبێت

**ناحیە:** ناوچە، مەڵبەند، لا، لایەن، کەنارە، قەراغ، بەشێك لە شارێك یان وڵاتێك

**ناخدا:** خاوەن کەشتی، کەشتیەوان، گەمیەوان

**ناخرسند:** نارازی، ناشادمان، ئەوەی رازی نەبێت، ناقانیع

**ناخستو:** حاشاکەر، کەللەرەق، ئەوەی دان بە هیچ شتێکدا نەنێت

**ناخشنود:** نارازی، ناشاد، ناشادمان

**ناخن بر:** نینۆك گیر، نینۆك کەرتەوەی نینۆکی پێ دەکەن

**ناخن زدن:** نینۆك لێدان، نینۆك خشاندن، نینۆك گیر کردن لە شتێك

**ناخن گیر:** نینۆك گیر، نینۆك کەر

**ناخن:** نینۆك، ناخوون، هەینووك، نووخان، نێنك

**ناخواه:** ١- نەخوازراو، نەویستراو ٢- بێ ئیرادە، لە خۆوە

**ناخواست:** نەویستراو، نەخوازراو، داوانەکراو

**ناخوانده:** نەخوێنراوە، بانگ نەکراو، بانگێشت نەکراو، ئەو کەسەی بێ بانگێشت کردن دەرواتە میوانیەکان، بێ سەواد، نەخوێنەوار

**ناخود آگاه:** بێ ئاگا، نائاگا، بێ ئاگا لەخۆ، ئەوەی لە حاڵی خۆی ئاگادار نیە

**ناخوش:** ناخۆش، نەخۆش، دەردەدار، لەش ناساغ، ناساغ، پەککەوتە، عەلیل، زەلیل، دڵتەنگ، ناحەز، ناپەسەند، نابەدڵ

**ناخوشایند:** ناپەسەند، نابەدڵ، ناحەز، نەویستراو، نەخوازراو

**ناخویشکار:** ئەرك نەناس، ئەوەی کار و پیشەی خۆی نازانێت، ئەوەی کارەکانی خۆی جێبەجێ نەکات، کەمتەرخەم

**نادار:** نەدار، هەژار، فەقیر، لێقەوماو، دەست کورت

**ناداشت:** بروانە نادار

**نادان:** نەزان، نەخوێنەوار، کەم عەقڵ، بێ ئاوز

**نادانسته:** نەزانراو، نادیار، نامۆ، کارێك کە لە نەزانیەوە ئەنجام بدرێت

**نادختری:** زڕ کچ

**نادر:** کەم وێنە، بێ هاوتا، ناوێزە، دەگمەن، هەڵکەوتوو

**نادره:** کەم وێنە، بێ هاوتا، ناوێزە، دەگمەن

**نادرست:** ١- ناراست، درۆ، شکاو، شکیاو، لەت و پەت ٢- درۆزن، ناراست، خراپەکار، بەدفەڕ

**نادم:** پەشیمان، پەژیوان، پاشگەز

**نادی:** نادی، یانە، کۆڕ

**نادیده:** بەغیل، نەدیوبدی، رژد، بەرچاوتەنگ

**نادیده:** نەبینراو، نەدیتراو، ئەوەی بەچاو نەبینرابێت

**نارَو:** کاج، سنەوبەر، کاژ

**نار:** ئەنار، هەنار

**ناراست:** ١- ناراست، خوار، لار، چەماوە، گێر ٢- ناراست، درۆ

**ناربن:** دارهەنار

**نارپستان:** مەمك هەنار، کچ یان ژنێك کەمەمکی وەك هەنار بێت

**نارجیل:** بروانە نارگیل

**نارخو:** گوڵ هەنار، گوڵ ئەنار

**ناردان:** دەنکە هەنار، دەنکی هەنار

**ناردانگ:** بروانە ناردان

**نارس:** کاڵ، پێنەگەشتوو، نەگەییو، میوەی کاڵ

**نارسا:** کورت، کوڵ، کۆتا

**نارسان:** کاڵ، نەگەییو، ناتەواو، پێنەگەشتوو

**نارستان:** هەنارستان، شوێنێك کە هەناری زۆری لێبێت

**نارسید:** نەگەییو، پێنگەشتوو، نابالق

**نارگیل:** نارگیل، نارجیل، میوەیەکی گەرمەسێریە

**نارکند:** هەنارستان، شوێنێك کە دار هەناری زۆری لێبێت

**نارکوتیك:** بێهۆش کەر، سڕکەر، خەوێنەر

**نارکوك:** تریاك، تلیاك، تریاق

**نارنج:** نارنج، نارنگ، میوەیەکی گەرمەسێریە

**نارنجك:** نارنجۆك، نارنجەك، تەقەمەنی

**نارنگ:** بڕوانە نارنج

**نارنگی:** لالەنگی، نارنگی، میوەیەکی گەرمەسێریە

**نارو:** فێڵ، تەڵەکە، فریو، مەکر

**ناروا:** نارەوا، ناپەسەند، ناحەز، حەرام، رێگە پێنەدراو

**ناز:** ناز، عیشوە، مەکر، ناز و عیشوە

**نازا:** نەزۆك، نازا، ژن یان ئاژەڵێکی مێ کە سکی نەبێت

**ناژاد:** نەزۆك، نازا

**نازان:** نازکەر، عیشوەگەر

**نازبو:** رێحان، رێحانە

**نازپرورد:** نازپەروەردە، ئەوەی لەو پەڕی ئاسایشدا گەورە بوبێت

**نازك:** لاغر، بەژن رێك، ناوقەد باریك، ئەندام باریك

**نازك اندیش:** ورد بین، بەسەرنج، ئەوەی وردبینی لە کار و کردەوەکانی دەکات

**نازك دل:** دڵ ناسك، ئەوەی زوو بڕەنجێت، ئەوەی دڵی ناسك بێت

**نازك طبع:** هەستیار، دڵ ناسك

**نازك:** ناسك، نازك، ئەوەی جەستەی ناسك بێت

**نازكش:** نازکێش، نازهەڵگر، ئەوەی بە ناز و عیشوەی کەسانیتر رازی دەبێت

**نازل:** هاتنەخوار، دابەزیو، دابەزاو

**نازله:** بەلا، سەختی، مەینەتی، دژواری

**نازنین:** نازەنین، ناسك، دڵڕفێن، دڵبەر

**نازومند:** بێ هێز، ناتەوان، کەم زۆر

**نازی:** نازی، ناوی حزبەکەی هیتلەرە کە لە ساڵی ١٩١٣ دامەزرا

**نازیبا:** ناجوان، ناشیرین، نابەدڵ، ناپەسەند

**نازیدن:** ناز کردن، عیشوە کردن، بەخۆنازین

**ناس:** خەڵك، خەڵکان، مرۆڤەکان، بنیادەمەکان

**ناساز:** نەساز، ناساز، ناسازگار، نەگونجاو، هەڵنەکەر، دژ، نەیار

**ناسازگار:** ناسازگار، نەیار، دژ، نەساز، نەگونجاو

**ناسازوار:** بڕوانە ناسازگار

**ناستوده:** ناپەسەند، نابەدڵ، پەست، سەرکۆنە کراو، لۆمە کراو

**ناسپاس:** ناسوپاس، ناشوکور، نارازی، سپڵە، پێ نەزان

**ناسخته:** نەکێشراو، وەزن نەکراو، هەڵنەسەنگێنراو، بەراوەرد نەکراو

**ناسره:** قەڵب، خەوش دار، ناپاك، بێ برەو

**ناسزا:** جوێن، جنێو، قسەی ناشیرین، دژوێن، ئەوەی شیاو نەبێت، نەشیاو

**ناسزاوار:** نەشیاو، پێچەوانەی شیاو

**ناسگالیده:** بێ بیرکردنەوە، بێ تێرامان، ئەندێشە نەکراو، بیر لێنەکراوە

**ناسفته:** کون نەکراو، دەست لێ نەدراو

**ناسك:** خۆپارێز، خواپەرست، پارێزکار

**ناسنجیده:** هەڵنەسەنگێنراو، بەراوەرد نەکراو، بیر لێنەکراوە

**ناسوت:** سرشت، سروشت، زاتی مرۆڤ، ناخ

**ناسودمند:** بێ کەڵك، بێهۆ، بێ سوود

**ناسوز:** بڕوانە نسوز

**ناسی:** لەبیرکەر، فەرامۆشکار، ئەوەی شتەکانی بیر دەچێتەوە

**ناسیونال:** نەتەوەیی، نەتەوایەتی

**ناسیونالیست:** نەتەوە پەرست، نەتەوایەتی، لایەنگری نەتەوە

**ناشاد:** ناشاد، خەمبار، خەمگین، دڵتەنگ

**ناشادان:** بڕوانە ناشاد

**ناشادکام:** بڕوانە ناشاد

**ناشادمان:** بڕوانە ناشاد

**ناشایست:** نەشیاو، نارەوا، ناپەسەند، قێزەون، دزێو، خراپ، ئەوەی شیاو و رەوا نەبێت

**ناشتا شکستن:** نان خواردن، نانی بەیانی خواردن، قاوڵتی کردن، ناشتایی کردن

**ناشتا:** برسی، نان نەخواردو، ئەوەی نانی بەیانی نەخواردبێت

**ناشتاب:** بڕوانە ناشتا

**ناشتاب:** بێ پەلە، لەسەرخۆ، خۆڕاگر، بەتاقەت

**ناشدنی:** نەکران، لە کران نەهاتوو، ئەنجام نەدراو، نەشیاو بۆ کران، نائەگەر

**ناشر:** بلاوکەرەوە، بلاوکەر، پەخشەر

**ناشکر:** ناسوپاس، سپڵە، پێنەزان، نارازی

**ناشکفتە:** چرۆ نەکردوو، نەکراوە، نەشکۆفیاو

**ناشکیب:** بێ تاقەت، خۆڕانەگر، توورە، تەنگەتیکلە

**ناشکیبا:** خۆڕانەگر، کەم تاقەت، توورە، بێ سەبر، تەنگەتیکلە

**ناشمار:** بێ ژومار، بێ ئەژمار، نەژمێردراو، لە ژمار نەهاتوو

**ناشمر:** بڕوانە ناشمار

**ناشناخت:** نەناسراو، نەناس، ناناشنا

**ناشناس:** ناشناس، بێگانە، نەناس، نەناسراو

**ناشناسا:** نەناسراو، بێ ناو نیشان، نەناس، بێگانە، نامۆ

**ناشنوا:** کەڕ، ئەوەی نەبیستێت، گوێ نەبیس، ئەوەی گوێ لە ئامۆژگاریەکان ناگرێت، بێ گوێ

**ناشنود:** نەبیسراو، نەبیستراو

**ناشو:** نەکران، نائەگەر، لە کران نەهاتوو

**ناشی:** تازەکار، بێ ئەزمون، ناشارەزا

**ناشیانە:** نەزانانە، ناشارەزایانە، بێ ئەزمونانە

**ناشیگری:** بێ ئەزمونی، تازەکاری، ناشارەزایی

**ناصاف:** ١- نارێك، خوار، لار ٢- چڵكن، ناپاك، چڵكاوی

**ناصح:** ئامۆژگار، مۆچیار، ئەوەی کەسانیتر ئامۆژگاری دەکات

**ناصر:** یاریدەدەر، یارمەتیدەر، هاوکار، هاریکار، یار

**ناصواب:** ناڕاسن، نارەوا، ناپەسەند، ناحەق

**ناصیە:** تەوێڵ، ناوچاو، تەختی ناوچاو

**ناچار:** ناچار، بێ دەرەتان، مەجبور

**ناضج:** کوڵاو، گۆشتی کوڵاو، پێگەشتوو، گەییو، میوەی گەییو

**ناضر:** تەڕ، تەڕ و تازە، سەوز، شین، جوان، دەلال، شۆخ

**ناچیز:** کەم، تۆزقاڵ، کەم بایی، کەم بەها، بێ نرخ

**ناگاە:** لەناکاو، کتوپڕ، کتاوپڕ، بێ ئاگا، بێ کات، بێ خەبەر، ناکاو، لەپڕ، ناوەخت

**ناگاەگیر:** ناکاوگیر، ئەوەی لە ناکاو هێرش بکات یان کەسێك یان شتێك بگرێت

**ناگاج:** بڕوانە ناگاە

**ناگاهان:** بڕوانە ناگاە

**ناگە:** بڕوانە ناگاە

**ناگرفت:** ناکاو، لەپڕ، لەناکاو، کتوپڕ

**ناگرویدن:** مل نەدان، باوەڕنەهێنان، باوەڕنەکردن

**ناگزاردە:** نەنجام نەدراو، نەکراو

**ناگزایندە:** بێ ئازار، ئەوەی ئازاری بەکەس نەگات

**ناگزر:** بڕوانە ناگزیر

**ناگزران:** بڕوانە ناگزیر

**ناگزرد:** بڕوانە ناگزیر

**ناگزیر:** ناچار، مەجبور، بێ دەرەتان، پێویست

**ناگسستنی:** نەپچڕاو، نەهەڕتاو، نەشیاو بۆ دڕاندن، ئەوەی لە دڕاندن نەیێت

**ناگفتنی:** نەوتراو، ئەوەی شیاوی وتن نەبێت

**ناطق:** قسەکەر، وتاردەر، وتەبێژ، وتارخوێن

**ناگمان:** بێ گومان، بێ شك، بێ دودڵی، بە دڵنیاییەوە

**ناگهان:** لەناکاو، کتوپڕ، کتاوپڕ، ناوەخت، ناکاو

**ناگوار:** ناخۆش، تاڵ،تامی ناخۆش، ئەوەی تامەکەی لە دەمدا ناخۆش و ناپەسەند بێت، نابەدڵ، ناپەسەند

**ناگور:** باخەوان، پاسەوانی کێڵگە و مەزرا، دەشتەوان

**ناظر:** سەیرکەر، بینەر، چاودێر، دیدەڤان، زێرەڤان، ئەوەی بۆ چاودێری کردنی کارێك یان کەسێك دیاری دەکرێت

**ناظم:** ڕێکخەر، نەزمدەر، ئەو کەسەی کاروبارەکان ڕێك دەخات

**ناعش:** ژین بەخش، ژیان بەخش، ئەوەی ژیان دەبەخشێت

**ناعم:** نەرم، ناسك، نازك

**ناغوش:** نوقم، خنکاو، نوقم لەناو ئاو، سەر کردنە ناو ئاو

**ناغول:** پەیژە، قادرمە، پلیکانە، پێپلیکانە، نەردیوان

**ناف:** ناوك، ناف، ئەو کونە بچوکەی لەسەر سکی مرۆڤەکانە، نێوك، نەهە، نێڤك

**نافە:** ناوك ئاسا، وەك ناوك

**نافث:** جادووگەر، سێحرباز

**نافذ:** ڕەوان، شوێن کەر، کاریگەری دانەر، کارتێکەر، تێپەڕێن

**نافرجام:** ئاخرشەڕ، ڕۆژ ڕەش، بێوڵەت، ئەوەی ئەنجام و کۆتاییەکەی خراپ و ڕەش بێت

**نافرخ:** ناموبارەك، ناپیرۆز، شووم

**نافرزام:** نەشیاو، سەرکۆنەکراو، لۆمەکراو، ناڕەوا، ناپەسەند

**نافرزانە:** بێ عەقڵ، بێ ئاوز، کەم عەقڵ، نەزان، گێژ، حۆل، کاس، وڕ

**نافرمان:** نافەرمان، مل نەدەر، سەرکێش، یاخی، سەرپێچیکەر، خۆسەر

**نافرهختە:** بێ ئەدەب، بەدفەڕ

**نافع:** بەهەرەدار، بەهرەوەر، سوودمەند، قازانج بەر

**نافلە:** دان، بەخشش، بەخشین

**نافهم:** تێنەگەشتوو، نەزان، گێژ، کەم عەقڵ، ئەوەی بە تەواوی لە شتەکان ناگات

**نافی:** دوورکەر، دەرکەر، دوورخەرەوە، حاشاکەر

**ناقابل:** ١- نەشیاو ٢- کەم، تۆز، بڕێکی کەم

**ناقە:** وشتر، حوشتر، وشتری مێ

**ناقد:** هەڵسەنگێنەر، ڕەخنەگر

**ناقص:** کەم، کەم و کوڕ، ناتەواو، شتێك نەگەشتبێتە ئاستی تەواوی

**ناقصە:** بڕوانە ناقص

**ناقض:** پەیمان شکێن، بێ بەڵێن، ئەوەی لەسەر پەیمان و بەڵێنی خۆی نەبێت

**ناقع:** سەم، ژەهر، زەهەر، ژەهری کوشەندە

**ناقل:** گوێزەرەوە، گێڕەوە، ئەوەی شتێك دەگێڕێتەوە

**ناقلا:** زیرەك، زرنگ، زیتەڵ

**ناقلە:** گوێزراوە، گواستراوە، خەڵکانێك کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر کۆچیان پێ کرابێت، کۆچ پێکراو

**ناقور:** شەیپور، بۆق، کەڕەنا

**ناقوس:** ناقوس، زەنگی گەورە، زەنگی کەنیسە

**ناك:** تێکەڵ، ئاوێتە، پەرێشان، خەوشدار

**ناکار:** ناکار، لە کارکەوتو، پەك کەوتە، بێ کاریگەر، بێکار

**ناکارە:** بێکار، بێکارە، لەکارکەوتوو، پەك کەوتو، بێ نرخ

**ناکاردان:** ناشارەزا، ناکار، بێهونەر، پێچەوانەی شارەزا

**ناکاردیدە:** بێ ئەزمون، خام، کەم ئەزمون، ناشارەزا

**ناکام:** ناکامەران، ناموراد، بە ئاوات نەگەشتوو، ئەوەی بە مەبەست و ئاواتەکانی نەگەشتبێت

**ناکامکار:** ناکامەران، بێ بەش، بەش خوراو، ناموراد، ئەوەی بە مەبەست و ئارەزووەکانی خۆی نەگەشتبێت

**ناکب:** دوورەپەرێز، سوچ گیر، گۆشەگیر

**ناکث:** پەیمان شکێن، بێ بەڵێن، ئەوەی لەسەر پەیمان و بەڵێنی خۆی نەبێت

**ناکح:** ژن هێنەر، ژندار، پیاوێك کە ژنی هەبێت

**ناکدخدا:** بێ کەیبانو، سەڵت، زوگوردی، تەنیا، دەم ڕووت

**ناکردەکار:** بێ ئەزمون، کەم ئەزمون، ناشارەزا

**ناکردنی:** نەکراو، لە کران نەهاتوو، ئەنجام نەدراو، نانەگەر

**ناکس:** سەرشۆڕ، سەربەژێر، سەرەوخوار، ئاوەژۆ، چەماوە، چەمیوە

**ناکس:** ناپیاو، هیچ و پوچ، پەست، سووك، ڕیسوا

**نال:** قامیش، قامیشی باریك و ناوبەتاڵ

**نالان:** گریان، گرینۆك، چاو بەگریان

**نالایق:** نەشیاو، بە کەڵك نەهاتوو، بێ بەها، کەم نرخ

**نالستان:** قامیشەڵان، ئەو شوێنەی قامیشی زۆری لێ بێت

**ناڵش:** گریان، گریین، شین، ڕۆڕۆ، شین و شەپۆڕ

**نالیدن:** گریان، شین کردن، شین و شەپۆڕ کردن،، نکانن، گریان بە هەر هۆیەك

**نام آور:** ناودار، سەرناس، بەناوبانگ، ناودار

**نام:** ناو، نێو، نێڤ، هۆی ناسین و بانگ کردن

**نامادری:** باجی، زڕدایك

**نامبردار:** سەرنیاس، سەرناس، بەناوبانگ، ناودار، ناسراو

**نامبرده:** ناوبراو، نێوبراو، نامازەپێدراو، ئەوەی لە نوسراوەیەك یان لەشوێنێکدا ناوی برابێت

**نامەبر:** نامەبەر، تەتەر، ئەوەی نامە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەبات، پۆستەچی، چەپەر

**نامەرسان:** بڕوانە نامەبر

**نامەسیاه:** گوناحکار، تاواندار، سووچدار

**نامتناسب:** ناجۆر، نارێك، ناسازگار، ناتەبا

**نامتناهی:** بێ کۆتایی، بێ ئەنجام، بێ کۆتا

**نامەنگار:** نامەنوس، ئەوەی نامە دەنوسێت

**نامەور:** بڕوانە نامور

**نامجو:** ناوخواز، ئەوەی بە دوای ناو و ناوبانگدا دەگەڕێت. بە مانای بوێر و دلێریش دێ

**نامحدود:** بێ سنوور، بێ ڕادە، بێ ئەندازە

**نامحرم:** نامەحرەم، پیاو یان ژنێك کە مەحرەمی یەك نین

**نامحمود:** ناپەسەند، نابەدڵ، ناجۆر، قێزەون، دزێو

**نامخواه:** ناوخواز، ئەوەی بە دوای ناو و ناوبانگەوەیە

**نامدار:** ناودار، ناسراو، سەرناس، بەناوبانگ

**نامرئی:** نەبینراو، نەشیاو بۆ بینین، نەدیتراو

**نامراد:** ناموراد، ناکامەران، بەدبەخت، بێ بەخت، ئەوەی بە موراد و مەبەستەکانی خۆی نەگەشتبێت

**نامربوط:** بێ پەیوەندی، ناجۆر، نارێك، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە نەبێت، ناسازگار، نەگونجاو

**نامرد:** نامەرد، ناپیاو، پەست، ڕیسوا، ترسەنۆك، بێ زات، بێ ورە

**نامردانه:** ناپیاوانە، نامەردانە، ترسەنۆکانە

**نامردم:** نامەرد، ناپیاو، پەست، سووك

**نامرغوب:** بێ برەو، ناپەسەند، نابەدڵ، شتی ناپەسەند و کەم بایی

**نامزد:** دەزگیران، دیاریکراو، ناوبراو، دەسگیران، دەست نیشان کراو، نیشان کراو، کچ و کوڕێك کە بۆ ژن و مێردایەتی بەڵێنیان بە یەك دابێت

**نامساعد:** ناسازگار، نەگونجاو، نالەبار، نارێك

**نامشروع:** یاساخ، ڕێگەپێنەدراو، ناڕەوا، حەرام، یاساغ، قەدەغەکراو

**نامطبوع:** ناپەسەند، نابەدڵ، ناخۆش

**نامطلوب:** نەخوازراو، داوانەکراو، نەویستراو، نەشیاو

**نامعقول:** نامەعقول، ناماقوڵ، هەڵیت و پڵیت، قسەی قۆڕ، بێهۆ، بێ کەڵك

**نامعلوم:** نامۆ، نەزانراو، نادیار، نەناسراو

**نامعین:** نادیار، نەزانراو، ئەوەی دیار و ئاشکرا نەبێت

**ناملایم:** ناسازگار، تووڕە، توند و تیژ، نەگونجاو، ناپەسەند

**ناممکن:** نەکران، لە کران نەهاتوو، ئەنجام نەدراو، نەشیاو بۆ ئەنجامدران

**نامناسب:** نەگونجاو، نەشیاو بۆ گونجان، ناسازگار، نارێك، ناجۆر، نالەبار

**نامنظم:** نارێك، بێ نەزم

**نامه:** نامە، نوسراو، کتێب، پەرتووك، نامیلکە

**ناموافق:** ناسازگار،دژ، نەیار

**ناموجه:** ناماقووڵ، ناپەسەند، نەشیاو بۆ ڕازی بون و باوەڕ پێکردن

**نامور:** ناودرا، نێودار، بەناوبانگ، سەرناس، سەرنیاس، ناسراو

**نـاموزون:** ناهاوسـەنگ، نارێـك، نالـەبار، ناسـازگار، هەڵنەسەنگێنراو

**ناموس:** ناموس، غیرەت، دەمار، شەرەف، ئابڕوو

**نامی:** ناودار، بەناوبانگ، ناسراو

**نامیدن:** ناونان، نێونان، ناولێنان، بانگ کردنی کەسێك یان شتێك بەناو

**نامیسر:** نەکران، نائەگەر، لە کران نەهاتوو، نەشیاو بۆ ئەنجامدران

**نامیمون:** ناپیرۆز، نامۆبارەك، شووم، پیّ ڕەش

**نان آور:** نـان هێنـەر، بەخێوکـەر، ئـەو کەسـەی نـان بـۆ ماڵەوە دەبـات، ئـەو کەسـەی مـاڵ و منداڵەکـەی بـەخێو دەکات

**نان پاره:** لەتە نان، تیکە نان، پاروە نان

**نان پز:** نانەوا، نانکەر، نان پەز

**نان ده:** نـان دەر، دڵ گـەورە، ئـەوەی نـان بـە کەسانیتر بدات، بەخشەر، بەخشەندە، ڕۆژی دەر

**نان:** نان، هەویری برژاو

**نانبا:** بڕوانە نانوا

**نا نجیب:** نانەجیب، بیّ شەرەف، بیّ ئابڕوو، پەست

**نا نخواه:** نانخواز، ئەوەی نانی دەوێت

**نـا نخور:** نـان خـور، نـان خـۆرە، ئـەوەی نـان دەخـوات، ئەوەی یەکێتر بەخێوی دەکات

**نانداں:** جێنان، سوێنە

**نانکور:** سپلە، پـیّ نـەزان، دەس وشـك، نـان کـوێر، ڕژد، بەرچاوتەنگ

**نانو:** بێشکە، لانکە، لانك، هەلۆرك، جۆلانە

**نانوا:** نانەوا، نان فرۆش، نانکەر، ئـەوەی نـان دەکات و دەیفرۆشێت، نان پێژ

**نانواخانه:** نانەوایی، نانەواخانە، شوێنی نان کردن

**نانویس:** نەنوسراو، بەجیّ ماو، لەبیرکراو

**نـانیوش:** مـل نـەدەر، گـویّ نـەگر، ئـەوەی گـویّ لـە ئامۆژگاری ناگرێت، نافەرمان

**نانیوشان:** نەبیستراو، لـەناکاو، لـەپڕ، کاتوپڕ، بیّ ئاگا، بیّ خەبەر

**ناهار:** برسی، ئەوەی لە بەیانیەوە هیچی نەخواردبێت

**ناهرگزی:** خۆڕانەگر، ناسەقامگیر، لەناوچو

**ناهشیوار:** ناوشیار، بیّ ئاگا، بیّ خەبەر، ناهۆشیار

**ناهمال:** ناوێزە، کەم وێنە، بیّ هاوتا، دەگمەن

**ناهمتا:** بیّ وێنە، کەم، دەگمەن، بیّ هاوتا

**ناهمساز:** ناسازگار، نەگونجاو، نارێك، نالەبار

**نـاهموار:** نارێـك، نالـەبار، نـاجۆر، ناپـاك، خەوشـدار، قۆرتدار، چاڵ و چۆڵ، ناکلۆکار

**ناهنجـار:** نارێـك، نالـەبار، نـاجۆر، قێـزەون، ناحـەز، ناپەسەند، بیّ جیّ و ڕیّ، نەگونجاو

**ناهوشمند:** ناوشیار، کـەم عـەقڵ، بـیّ ئـاوز، نـەزان، بـیّ ئاگا

**ناهوشوار:** بڕوانە ناهشیوار

**نـاهی:** ڕێگـر، بـەرگر، بەرهەڵست، ئـەوەی ڕێگـەی بـە کەسێك یان شتێك نادات

**ناهیه:** بڕوانە ناهی

**ناو:** کەشتی، گەمیەی شەڕ

**ناو:** ناز، عیشوە، ناز کردن

**ناو:** نـاو، ناوسـار، داری ناوبـەتاڵ، هـەر شـتێکی درێـژی ناوبەتاڵ

**ناوانیدن:** خوار کردن، چەماندنەوە، لارکردن

**ناوبر:** کەشیەوان، گەمیەوان

**ناوه:** ناوە، دەسەبەرە، دەفرێکی دارین کە قوڕ یان گڵی تێدەکـەن و لەسـەر شـان لـە شـوێنی گرتنـەوە یـان هەڵگرتنی بۆ شوێنی بە کاربردنی دەبەن

**ناوخدا:** بڕوانە ناخدا

**ناورد بردن:** هێرش بردن، هەڵمەت بردن، پەلاماردان

**ناورد:** شەڕ، جەنگ

**ناوردجو:** شەڕ کەر، شەڕخواز

**ناوردگاه:** شەڕگە، گۆڕەپانی شەڕ

**نـاوك انـداز:** تیرهاوێـژ، ئـەو کەسـەی بـە کـەوان تـیر دەهاوێژێت

**ناوك:** تیر، تیر کە بەکەوان دەهاوێژرێت

**ناووس:** گۆڕ، قەبر

**ناویدن:** ١- چەمانەوە، چەمینەوە، لاربون، خوار بون ٢- ناز کردن، عیشوە کردن

**ناویژه:** ناپاك، خەوشدار، تێکەلاو، تێکەلْ

**نای:** قورگ، گەروو، قرقرتووك، قورقوراچکە

**نای:** نەی، یەکێك لە ئامێرەکانی مۆسیقایە

**نایاب:** نادیار، دانسقە، دەگمەن، دەست نەکەوتوو، ئەوەی بە ئاسانی دەست نەکەوێت

**نایلون:** نایلۆن، لایلۆن،

**نبا:** خەبەر، خواس، هەواڵ، باس

**نبات:** گیا، رووەك، شینایی، ئەوەی لە زەوی دەروێت، گژ و گیا

**نبات:** نەبات، جۆرە شیرینیکە لە شێوەی شووشە کە لە شیری شەکر دروستی دەکەن

**نباذ:** مەی فرۆش، عەرەق فرۆش

**نباش:** کفن دز، ئەو کەسەی قەبر هەڵدەداتەوە و کفنەکانی دەدزێت

**نباشت:** کفن دزین

**نباض:** نەبزگر، پزیشك، دکتۆر

**نبال:** تیرساز، تیرهاوێژ

**نبالت:** بەرێزی، رێزداری، هێژایی، گەورەیی، مەزنی

**نباهت:** ١- بەناوبانگ بون، ناوداربون، ناسران ٢- شەرەف، گەورەیی، زرنگی، زیرەکی

**نبت:** گیا، رووەك

**نبذ:** کەم، تۆز، شتی کەم، برێکی کەم، تۆزقاڵ

**نبرد:** شەر، جەنگ

**نبردآزما:** شەرکەر، دلێر، بوێر، ئازا، چاونەترس، بە ئەزموون لە شەر

**نبرده:** شەرکەر، دلێر، بوێر، ئازا، چاونەترس، بە ئەزموون لەشەر

**نبردگاه:** شەرگە، گۆرەپانی شەر

**نبس:** بروانە نبسه

**نبسه:** نەوە، نەتیجە، منالی منالْ

**نبش:** هەڵدانەوە، هەڵدرین، هەڵ تەکاندن، هەڵدانەوەی گۆر، هەڵکەندنی زەوی و دەرهێنانی شتێك لە ژێرزەوی

**نبش:** قەراغ، کەنار، قەراغ دەریا یان شەقام

**نبشتن:** بروانە نوشتن

**نبض:** نەبز، جووڵانی رەگ، لێدانی دڵ

**نبع:** هەڵقوڵین، هەڵقوڵان، هاتنە دەرەوەی ئاو لە زەوی یان لە کانی

**نبعان:** هەڵقوڵان، هاتنەدەرەوەی ئاو لەزەوی

**نبل:** تیر، تیر کە بەکەوان دەیهاون

**نبل:** شەریف، نەجیب. گەورە، مەزن، هێژ، بەرێز

**نبل:** گەورەیی، هێژایی، مەزنی، رێزداری

**نبهره:** بێ بەهرە، قەڵب، ساختە، دروسکراو

**نبوت:** پێغەمبەری، پێخەمبەری، هەواڵ دان لە داهاتوو بە ئیلهامی خواوەند

**نبوغ:** هەڵکەوتن، دەرکەوتن، وشیاری، زرنگی، زیرەکی، لێهاتویی

**نبی:** پێغەمبەر، نێردراوی خوا

**نبیه:** شەریف، زیرەك، زرنگ، وشیار، دانا، وریا، ئاگا، بە ئاگا

**نبیذ:** شەراب، شەرابی ترێ، شەرابی خورما

**نبیره:** نەبیرە، بەرە، کورەزا، منالی منالْ، وەچە

**نبیسه:** بروانە نبیره

**نبیل:** وشیار، زرنگ، زیرەك، زانا، دانا، وریا

**نبیله:** بروانە نبیل

**نه:** شار، بازێر، ئاوەدانی

**نه:** نۆ، ژمارە نۆ، ٩

**نه:** نە، وشەی حاشا کردن، پێچەوانەی بەڵێ

**نتانت:** بۆگەن، بۆن ناخۆشی، بۆگەنی، بۆن کردن، رزین

**نتایج:** ئەنجامەکان

**نتراشیده:** نەتاشراو، نەتراشراو

**نترس:** نەترس، ئازا، بوێر، چاوقایم

**نتن:** بۆگەن، بۆگەن کردن، بۆن ناخۆش، گەنین، رزین، رزان

**نتن:** گەنیو، رزیو، بۆگەن، بۆن کردوو

**نتیجه:** ئەنجام، بەهرە، ئاکام، پەرتاڵ، دەسهات، دەسکەوت

**نثار:** ١- پاشاندن، پژاندن، پرژانـدن، بلاو کردنـەوە ٢- شاباش، ئەوەی لە حەفلە و شاییدا بەسەر بوك و زاوایا دەرێژن لە گوڵ و پارە و هەرچی بێت

**نپخته:** نەکولاو، نەکوڵیاو، نەگەییو، پێنەگەشتوو

**نثر:** ١- بلاو کردن، پرژانـدن ٢- بلاو، پـرژ و بلاو ٣- پەخشان، پێچەوانەی شیعر

**نثم:** قسەی ناشیرین، قسە کـردن بـە ناشیرینی، جوێن دان، دەم پیسی

**نثیر:** بلاو، پرژ، پرژ و بلاو

**نج:** لێو، لچ، ناودەم

**نجابـت:** نـەجیب بـون، گـەورەیی، بـەرێزی، هێـزایی، نەجیبی، ماقووڵی، ڕێزداری

**نجات بخش:** ڕزگارکەر، ڕزگاری بەخش، ئازادکەر

**نجات:** ڕزگاری، ئازادی، ڕەهایی، ڕزگاربون

**نجاح:** سەرکەوتن، چیربون، دەسەلات بەدەست هێنان،

**نجار:** دارتاش، دارتراش، خێزارچی

**نجار:** ڕەنگ، شێوە

**نجارت:** دارتاشی، دارتراشین، پیشەی دارتاش

**نجاست:** ناپاکی، پیسی، گلاوی، قرێزی، ناپاك بون

**نجاشـی:** نەجاشـی، نازنـاوی پاشـای حەبەشـە لـە سەردەمی پێغەمبەر

**نجد:** زەوی پان و بلند، زەوی بلند

**نجدت:** ئازایەتی، بوێری، پیاوەتی، دلێری

**نجـس:** ناپـاك، پـیس، پـیس و پۆخـڵ، گـلاو، ڕشـقن، چەپەڵ، لیتووکە

**نجف:** تەپە، تەپۆلکە، گـرد، گردۆلکە، زەوی بـەرز کە ئاوی پێنەگات

**نجل:** وەچە، نەوە، نەژاد، منال، بەر، بەرە

**نجم:** هەستێرە، ئەستێرە، هەرین

**نجمه:** هەستێرە، ئەستێرە

**نجوغ:** چرچ، چرچ و لۆچی دەم و چاو

**نجـوی:** پـچە، پـچەپچ، چـپە، ڕاز، نهـێنی، ورکـەورك، بەهێواشی لە بن گوێی کەسێکدا قسە کردن

**نجی:** هاوڕاز، ئەوەی ڕازی پێدەلێین یان بە چپە قسەی لەگەل دەکەن

**نجیـب:** نـەجیب، کـابۆش، خانـەدان، هـێیر، مـاقووڵ، گەورە، هێژا، بەڕێز

**نجیبانه:** نەجیبانە، ماقوولانە

**نجیبه:** بڕوانە نجیب

**نجیح:** ١- بۆچونی ڕاست، باوەڕی ڕاست ٢- سەرکەتوو، کامەران

**نحاس:** ١- مس ٢- ئاگر، دووکەڵ ٣- سرشت، سروشت

**نحاس:** مس گەر، مس فرۆش

**نحافت:** لاغری، لەڕی، لاوازی، دالگۆشتی، کەم گۆشتی

**نحر:** زانا، زانەر، بەئەزمون، وریا، دانا

**نحر:** قوڕگ برین، قوربانی کردن، قوڕگ بڕینی وشتر

**نحریر:** شارەزا، پسپۆڕ، بەتوانا، لێهاتوو، لێوەشاوە

**نحس:** شووم، نـاپیرۆز، ناموبـارەك، پێ ڕەش، بێوڵەت، بێ فەڕ، ناوچاوڕەش

**نحل:** ئایین، دین، مەزهەب

**نحل:** هەنگ، مێشەنگوین

**نحلـه:** ١- بەخـشین، پێـدان ٢- مـارەیی، شـیربایی ٣- مەزهەب، دین، ئایین

**نحـو:** وەك، هاوشـێوە، لا، مەبەسـت، ڕێگـە، ڕێ. و زانستێکە تایبەت بە جوان خوێنـدن و نوسـینەوە وشـە عەرەبییەکان

**نحوذلـك:** وەك ئەمـە، وێنـەی ئەمـە، لەمـە، هاوشـێوەی ئەمە

**نحوسـت:** شـومی، پـێ ڕەشـی، بێوڵـەتی، ناوچاوڕەشـی، ناموبارەکی

**نحـول:** لاغـر بـون، لـەڕبون، لاغـری، لـەڕی، دالگۆشـتی، لاوازی

**نحیف:** لاغر، لەڕ، لاواز، دالگۆشت، کەم گۆشت، زەردەڵ، سیس

**نحیل:** بڕوانە نحیف

**نغ:** نەخ، بەن، دەزوو، فرێت، کشتەك

**نخاس:** کۆیلەفرۆش، بەردە فرۆش، چۆیار، دەلاڵ یان فرۆشیاری چوارپێکان

**نخاع:** مۆخ، مرۆخە

**نخالە:** زروە، سۆ، پنس، کۆزمر، سۆس

**نخبە:** بژاردە، هەڵبژێردراو، هەڵبژێردراو لەهەر شتێك

**نخـج:** گسکەشاری، جۆرە گیایەکە گسکی لێ دروست دەکەن

**نخجل:** قورنچك، نقوچك، نقورچك

**نخجیر:** نێچیر، نـچیر، ڕاو، نەچیر، شکار، ئاژەڵێك کە ڕاوی دەکەن

**نخجیربان:** نێچیرڤان، نێچیرەوان، ڕاوچی، شکارچی

**نخجیرگاە:** شکارگە، ڕاوگە، شوێنی ڕاو کردن

**نخجیرگر:** بڕوانە نخجیربان

**نخجیروان:** بڕوانە نخجیربان

**نخراشیدە:** نەڕووشاو، نارێك

**نخروب:** کون، کەلێن، درز، قلش، قلش، قلش یان کون لەبەرد

**نخری:** نۆبەرە، یەکەم منداڵ، منداڵی گەورە

**نخست وزیر:** سەرەك وەزیر، سەرۆك وەزیر، سەرەکی وەزیرەکان

**نخست:** سەرەتا، یەکەم، یەکەم جار، لەبەرا

**نخش:** ١- جووڵاندن، تەکاندان، لەراندن، بزواندن ٢- ڕەنجاندن، ئازاردانی کەسێك

**نخکلـە:** گـوێز، گـۆز، گوێزێـك کـە تـوێکڵێکی ڕەقـی هەبێت، گوێزی کوێر

**نخل:** خورما، داری خورما، لە دارە گەرمەسێرییەکانە و لە شوێنە گەرمەکاندا بەرهەم دەدات

**نخوار:** ترسەنۆك، بێ زات، بێ وره، بێ جەرگ

**نخوار:** دەزوو ئاسا، وەك دەزوو،

**نخوت:** فیس، فیز، بایی هەوا، خۆپەسەندی، خۆبینی، خۆپەرستی

**نخود آب:** نۆکاو، نۆکی کوڵیو

**نخـود:** نـۆك، نۆخەنخە، یەکێکە لە دانەوێڵەکان کە کولاوەکەی دەخورێت

**نخیز:** ١- حەشار، حەشارگە، شوێنی خۆ حەشاردان بۆ ڕاو کردن ٢- تۆودان، نەمامستان، ئەو شوێنەی نەمامی لێ دەنێن

**نخیز:** ناپیاو، پەست، ڕیسوا، سووك، بێ هەمو شتێك

**نخیل:** دارخورما، دارخورمێ

**ند:** وەك، وەکو، هاوشێوە، وێنەی، هاوتا

**نداء** بانگ کردن، بانگ، ئاواز، دەنگ

**نداف:** هەلاج، حەلاج

**ندامت:** پەشیمانی، پەژیوانی، خەم، پاشگەزبونەوە، داخ، ئاخ، درێغ، ژۆڤانی، گەڕانەوە

**ندانم کار:** بێ ئاگا، بێ خەبەر، کەسێك کە بێ ئاگایە لەو کارانەی دەیکات

**نداوت:** ١- تـەڕ بـون، تلیسان، خوسـان ٢- تـەڕی، نمی، تلیساوی، خوساوی

**ندب:** گریان، گریین، شین کردن، شین و شەپۆڕ کردن لەسەر مردوو

**ندبە کردن:** گریان، گریین، شین کردن، شین و شەپۆڕ

**ندبە:** گریان، شین، شین کردن لەسەر مردوو

**ندرت:** کەمی، کەم وێنەیی، دەگمەنی، ئەوەی بە ئاسانی دەست نەکەوێت

**ندم:** پەشیمانی، پەشیمان بونەوە، پاشگەزبونەوە

**ندوە:** دەستە، کۆڕ، تاقم، ئەنجومەن

**نـدی:** ١- نم، شەونم، شەفنم، خوناو، خوناڤ ٢- گیا، شینە گیا ٣- خاکی تەڕ ٤- بەخشین، بەخشش

**ندی:** بانگ، ئاواز، هاوار، دەنگ

**ندید:** نەدید، نەدیو، نەبینراو، نەدیتراو

**ندید:** هاوشێوە، هاوتا، وێنە، وەك، چەشن

**ندیدبدید:** نەدیوبدی، هەتیومچە، سەرسوالکەر

**ندیم:** هاودەم، هاوقسە، هاونشین، هاوڕێ

**ندیمە:** بڕوانە ندیم

**نژاد:** نەژاد، ڕەچەڵەك، ڕەگەز، ڕەتەوە، تروم، ڕەسەن

**نژادە:** نەجیب، ڕەسەن، خانەدان، بنەماڵەدار

**نـذالت:** پەسـتی، ناپیـاوی، هـیچ و پوچـی، ناکەسـی، نامەردی

**نژه:** لق، پەل، شاخە، لقی دار

**نذر:** ترس، ترساندن، تۆقاندن، زراوبردن

**نـذر:** نـەزر، پێویـست کردنـی کارێـك لەسـەرخۆ کـە پێویست نیە، پەیمان، بەڵێن، مەرج

**نژغار:** بانگ، هاوار، قیرە، قیژە، قاوقیڕ

**نژم:** تەم، تەم و مژ، هەور

**نژنـد:** خـەمبار، خـەمناك، خـەمۆك، خەفـەتبار، کەسەردار، دڵ نارەحەت، مەلوول

**نژنگ:** تەڵە، داو، قەفەز، قەفەس

**نژیدن:** بڕوانە نزیدن

**نذیر:** ترسێنەر، تۆقێنەر

**نذیل:** پەسی، ناپیاو، هیچ و پوچ، سووك، ڕیسوا، نامەرد

**نر:** نێر، نێرینە، پێچەوانەی مێینە، مرۆڤ یان ئاژەڵیی نێرینە

**نراك:** هەمیشە، هەموکات، بەردەوام، نەمر، خۆڕاگر

**نره:** ١- کێر، گون، شەرمی پیاو ٢- شەپۆل

**نره:** نێر، نێرینە، کەڵ، مرۆڤ یان ئاژەڵی نێر کە گەورە و بەهێز بێت

**نرخ بندی:** نرخ دانان، نرخ دیاری کردن، بایی دانان

**نرخ:** بایی، بەها، نرخ، مەزنە، قیمەت

**نرد:** تاوڵە، تەختە، نەرد، نەردان، نەردێن، یاری تاوڵە کە بەزار ئەنجام دەدرێت

**نرد:** قەد، قەدی دار، ناوقەدی دار

**نردبان:** پەیژە، نەردیوان، پلیکانەی دارین یان ئاسن

**نرس:** پەرستارێ ئەوەی ئاگاداری لە مناڵ دەکات

**نرسك:** نیسك

**نرگ:** ڕیز، ئاڵقە، ئـاپۆرە، ژومارەیـەك بـە خـەڵکان یـان باڵندە و ئاژەڵەکان

**نرگان:** سواڵکەران، درۆزەکەران

**نرم بیز:** بێژەنگ، بێژنگچ، بێژن، سەرەند، ئەوەی شتی پێ دەبێژنەوە

**نرم خو:** نەرم، نیان، نـەرم و نیـان، لەسەر خۆ، هێمن، هێدی

**نرم دل:** دڵ نەرم، بەبەزەیی، بە ڕەحم، میهرەبان

**نرم شانه:** سەرکز، ملکەچ، گوێ ڕایەڵ، فەرمانبردار

**نرم گردن:** سەرکز، ملکەچ، فەرمانبردار

**نـرم:** نـەرم، شلك، شل، بۆقڵ، هـەر شتێکی کوتراو و بێژراو وەك ئارد، هەر شتێکی نـەرم پێچەوانەی ڕەق و سەخت

**نرمال:** نۆرماڵ، سازگار، گونجاو، بـەپێی یاسا و ڕێسایی دیاری کراو

**نرمه:** نەرمە، نەرم، هەر شتێکی نەرم و شل

**نرمـك:** هێـواش، هێـواش هێـواش، هێـدی هێـدی، لەسەرخۆ، بەهێواشی، بە ئەسپایی

**نروك:** نێرینە، نێرئاسا، پیاوانە

**نرولاس:** نێرومێ

**نروو:** توڕە، بەهێز، زۆردار

**نریمان:** نەریمان، دلێر، بوێر، ئازا، چاوکراوە، پاڵەوان

**نرینه:** نێرینە، لە ڕەگەزی نێر

**نزار:** لاغر، لەڕ، لاواز، کز، داڵگۆشت

**نزاع:** شـەڕ، شـەڕکردن، جـەنگ، بگرە و بێنـە، مـشت و مڕ، ئاژاوە

**نزاكـت:** ئـەدەب، ڕووخۆشـی، پـاکی، خـاوێنی، ڕەوشـتی باش، زیری

**نزاهـت:** پـاکی، داوێـن پـاکی، خـاوێنی، بـێ گـەردی، بـێ عەیبی، پاقژی

**نزه:** پاك، خاوێن، پاقژ، داوێن پاك، بێ گەرد

**نزد:** لا، کن، تەنیشت، تەنیشت کەسێك

**نزدیك بین:** نزیك بین، ئەوەی بـەهۆی لاوازی چاویەوە شتەکان لە نزیکەوە ببینێت

**نزدیك:** نزیك، نێزیك، لەبەردەست، دووریەکی کەم. بە مانای خزم وکەس و کاریش دێت

**نـزع:** هەڵکەنـدن، دەرهێنـان، لـە ڕەگ دەرهێنـان، گیـان کێشان، گیان سەندن

**نزل:** بەخشین، بەخشش، بەرەکەت، ئـەوەی بـۆ میـوانی ئامادەدەکەن

**نزله:** هەڵامەت، پەتا، سەرماخواردن

**نزم:** تەم، مژ، تەم و مژ، نمە باران، بارانی کەم

**نزهت:** پاکی، خاوێنی، داوێن پاکی، پاقژی، خۆشحاڵی، بەکەیفی، گەڕان، گەشت و گەڕان، سەیران

**نزهتگاه:** سەیرانگە، شوێنی گەڕان و سەیران کردن

**نزول خور:** سووخۆر، ئەوەی پارەی سوو دەخوات

**نزول:** ١- دابەزین، هاتنەخوار، گێزین ٢- سوو، قازانجی پووڵ

**نزیه:** پاك، پاقژ، داوێن پاك، بێ گەرد

**نزیدن:** کێشان، هێنانەدەر، دەرکێشان

**نزیل:** مێمان، مێوان، میوان، دابەزیو، هاتوو، پەیابو

**نس:** قەپۆز، لۆز، دەوری لچ و دەم

**نساء:** ژنان، ئافرەتان

**نسا:** مردوو، بێ گیان، لاشە، مردار

**نساج:** جۆلاً، ڕاچەن، ئەوەی دەچنێت

**نساجت:** جۆلایی، چنین

**نسب:** نەسەب، ڕەچەڵەك، ڕەتەوە، نزیکی، خزمایەتی

**نسبت:** پەیوەندی، نزیکی، خزمایەتی، ئاشنایەتی

**نستاك:** زانەسك، پێچ هاتن بە سکدا، سك ئێشە

**نستوی:** ماندوونەناس، شەکەت نەبو، نەبەز، پیاوی شەڕکەر کە لەشەڕ کردن هیلاك و بێزار نابێت

**نسج:** ١ - چنین، ڕستن ٢- چنراو، ڕستراو

**نسخ:** هەڵوەشاندنەوە، بەرپەرچدانەوە، بەتاڵ کردنەوە، تێکدان، هەڵگێڕانەوە. و شێوازێکە لە شێوازەکانی خەت نوسین

**نسخه:** نوسخە، نوسراو، بابەتێك کە لە ڕوی کتێبێکیترەوە نوسیبێتیان، ڕوونوس

**نسر:** نسار، نزار، پشت لەخۆر، سێبەر، نسێ، هەتاونەگیر، نسرم، سەیوان، سایەوان

**نسف:** ١ - کاول کردن، وێران کردن، خاپوور کردن ٢- بێژتن، بێژانەوە، لە بێژنگ دان

**نسق چی:** ڕێکخەر، ڕێك کەر

**نسق:** ڕێکخستن، نەزم پێدان، چاك کردن، ڕێك وپێك، هۆنینەوە، وتە ڕازاندنەوە

**نسك:** پاڕانەوە، پەرستن، خواپەرستن، لالانەوە، ئەوەی شیاوی خوا بێت وەك قوربانی کردن

**نسك:** کتێب، پەرتووك، بەش، بەشێك لە کتێب، هەر بەش لە بیست و یەك بەشەکەی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا

**نسل:** وەچە، بەرە، بنەچە، بەرەباب، ڕەتەوە، ڕیشە، منال، بنەماڵە

**نسمه:** هەناسە، ڕۆح

**نسو:** ڕێك، تەخت، ساف، ئاسك

**نسوان:** ژنان، ئافرەتان

**نسوز:** نەسوز، ئەوەی لە ئاگردا نەسوتێت

**نسی:** لەبیرکردن، فەرامۆش کردن، فەرامۆشی

**نسیئه:** درەنگ، پشت گوێ خستن، قەرز، قەرد، کڕی و فرۆشتنی شتێك بەو بەڵێنەی کە دواتر پارەکەی بدرێت

**نسیان:** بڕوانە نسی

**نسیب:** خزم، کەس و کار، ئاشناکان، نزیکەکان

**نسیه:** بڕوانە نسیئه

**نسیج:** چنراو، ڕستراو

**نسیجه:** بڕوانە نسیج

**نسیله:** گایەل، گایەلی ئەسپ، ڕان

**نسیم:** نەسیم، بایی فێنك، سروە، شنەبا، سریوە

**نشء:** نفار، دەرکەوتن، تازەپەیا بون، هەڵدان، گەشەکردن، ڕووان، شین بون

**نشاء:** نفار، تازە دەرکەوتن، هەڵدان، گەشەکردن، ڕووان

**نشاب:** تیرساز، تیرهاوێژ

**نشاختن:** دانیشاندن، جێ کردنەوە، جێگیر کردن

**نشاسته:** نشاستە، نشاسە، تۆزە ئارد کە لەناو گەنم و پەتاتە و برنجدا هەیە

**نشاستن:** بڕوانە نشاختن

**نشاط انگیز:** شادی هێنەر، خۆشحاڵ کەر، ئەوەی شادی بەدواوە بێت

**نشاط:** چالاکی، شادی، سەرحاڵی، شادمانی، خۆشحاڵی

**نشاف:** بەردە پێ

**نشافه:** پەڕۆ، دەسماڵ، دەسەسڕ، خاولی، پەڕۆیەك کە بۆ وشك کردنەوەی ئاو بەکاری دەبەن

**نــشان:** نــشان، نيـشان، هێمـا، شـوێنەوار، مەبەسـت، ئامانجی تیر

**نشانه:** نیشانە، ئاماج، ئامانج، مەبەست، ئامانجی تیر

**نشاندار:** نیشاندار، هێمادار، ئـەوەی نیشان یـان هێمـای پێوەبێت

**نشاندن:** دانیـشاندن، داکوتانـدن، جێ کردنـەوە، ناچـار کردن بە دانیشاندن، دانان، ٢ -کوژاندنەوە، دامرکاندن

**نشانی:** نیشانە، ناونیشان، ناونیشانێك کە لـەنێوان دوو کەسدا دیاری کرابێت

**نشبیل:** قولاب، قولاو، قولابی ماسی گرتن

**نشت:** شکاوی، خراپی، نم، تەڕشوح، ژاکاو، سیس

**نشتر:** بڕوانە نیشتر

**نــشتن:** دانیـشتن، دانیـشین، ئـارام گـرتن، ئـۆقرەگرتن، جـێگیر بـون، لـە شـوێنێکدا دانیـشتن، سـەقام گـرتن، نیشتنەوە

**نشخوار:** کاوێژ، کاوێن، پۆرسان

**نشر:** بلاّو کردنـەوە، پـرژ و بـلاّو کـردن، ڕاخـستن، پـان کردن، زیندو کردنەوە

**نشره:** نوشتە، چاوەزار، ئەو دۆعایەیی بۆ نـەخۆش یـان دوور بون لە چاوی پیس دەینوسن

**نشستگاه:** نشیمەن، شوێنی دانیشتن، نشینگە

**نشگرده:** شـفرە، گەزنـە، ئـامێرێکی ئاسنی دەم تیـژ کـە چەرمی پێ دەبڕن

**نشگنج:** نقورچك، نقوچك، چرنوق، قرنوچك

**نشگون:** بڕوانە نشگنج

**نشفه:** بەردەبێ

**نشك:** کاج، کاژ، سنەوبەر

**نشل:** ئاوێتەیی، هەڵواسراوی، پەیوەست بونی شتێك بە شتێکیترەوە. بە مانای قولابی ماسیگرتنیش دێت

**نشل:** ڕفاندن، فڕاندن، دزی، گیرفان بڕین

**نــــشو:** ڕوان، ڕویـــن، گەشــە کـــردن، گــەورەبون، چەکەرەکێشان، بارهاتن

**نــشوء** گەشـە کـردن، دەرکـەوتن، هەڵـدان، پـەیا بـون، بارهاتن

**نشوار:** بڕوانە نشخوار

**نشوان:** مەست، سەرخۆش

**نشوه:** ١ - بۆن کردن، بۆن پێوە کـردن، بـێن کـردن ٢- مەست کردن، سەرخۆش کردن، مەستی، سەرخۆشی

**نشور:** زیندو کردنەوە، گیان بەبەراکردن

**نشوز:** نافەرمانی، مـل نـەدان، ناسـازگاری، نەسـازانی ژن لەگەڵ پیاو

**نــشیب:** نــشێو، سـەرەوخواری، لێـژی، سـەرەوژێری، لاولێژگە

**نشید:** نەشید، سروود، ئاواز، شیعرێك کە لـە کۆڕدا بـۆ یەکی دەخوێننەوە، بەستە

**نشیط:** سەرحاڵ، شادمان، بەدەماغ، ساز، کۆك

**نشیم:** ١ - نشینگە، نشیمەن ٢- هێلانە، کولانە

**نشیمن:** نشیمەن، نشینگە، شوێنی دانیشتن، ماڵ، خانوو

**نشیمنگاه:** بڕوانە نشیمن

**نشینه:** بڕوانە نشیمن

**نص:** دەق، وتەی باوەڕپێکراو، وتەیەکی ئاشکرا کە جگە لەیەك مانای نەبێت

**نصاری:** مەسیحی، ئەوەی لەسەر ئایینی مەسیحی بێت

**نصایح:** مۆجیاریەکان، ئامۆژگاریەکان

**نــصب:** دانـان، جـێگیر کـردن، سـەقامگیرکردن، دانـان، دامەزراندن، چەقاندن

**نــصح:** مۆچـیاری، ئامۆژگـاری کـردن، پەنـد، مۆچـیاری کردن

**نصر:** ١ - یارمەتی دان، هاریکاری کردن، هاوکاری کردن ٢- یارمەتیدەر، هاوکار، یاریدەدەر

**نــصرانی:** مەسـیحی، نەسـرانی، ئـەوەی لەسـەر ئـایینی مەسیحی بێت، گاور، فەلە

**نــصرت:** یارمەتیـدان، هاوکـاری کـردن، دەسـت گیرۆیـی، هاوکاری، یارمەتی

**نــصف النهــار:** نیمـەڕۆ، نیـوەڕۆ، کـاتی نیمـەڕۆ. و لـە زانـستی جوگرافیـا بـە نیـوە بازنـەیـەك دەوترێـت کـە لەجەمسەرێکەوە دەست پێدەکات و لـە جەمـسەرەکەی دیکە کۆتایی پێدێت

**نصف**: نیو، نیوه، نیمه، لەت

**نصفت**: دادپەروەری، داد، ویژدان

**نصوح**: ئامۆژگار، مۆچیار، ئامۆژیار، ئەوەی ئامۆژگاری دەکات

**نصیب**: بەش، پشك، پار، بەهرە، شانس، بەخت

**نصیح**: بڕوانە نصوح

**نصیحت گر**: بڕوانە نصوح

**نصیحت**: مۆچیاری، ئامۆژگاری، ئامۆژیاری، پەند

**نصیر**: هاریکار، یارمەتیدەر، یاریدەدەر، هاوکار

**نضارت**: تەڕی، تازەیی، تەڕ و تازەیی دار و گیا، شینی، سەوزەیی، ئاوداربون

**نضاضت**: ١ - پاشەبەرە، دوایین منالی ژن و پیاو ٢- ماوە، بەرماوە، پاشماوەی، پاشماوەی ئاو و هەر شتێك

**نضج**: کولان، کولیان، گەیشتن، پێگەشتن بۆ میوە

**نضیج**: کولاو، کولیو، پێگەشتوو، پێگەییو، گەییو

**نضیر**: تەڕوتازە، سەوز، شین

**نگاه**: دید، سەرنج، نەزەر

**نگاتیو**: نگەتیو، نگەتیف، ڕێگر، نەهێل، بەربەست

**نگار**: نیگار، نەخش، بوت، مەعشوق، دەزگیران، نەقش، وێنە، دیمەن

**نگاره**: نەخش، وێنەکێشراو

**نگارخانه**: بوتخانە، نگارخانە، شوێنێك کە هەیکەل و وێنەکانیان هەڵواسیبێت

**نگارش**: نوسین، نفیسین

**نگارگر**: نیگارکێش، نەقاش، دیمەن کێش، وێنەکێش

**نگاریدن**: نوسین، نفیسین، نەخشاندن

**نگارین**: ڕەنگین، ڕەنگاوڕەنگ، ڕەنگدار، نەخشدار، هەر شتێکی ڕازێنراوە و ڕەنگ کراو

**نگاشتن**: نوسین، نفیسین، نەخساندن، نەخش کردن، وێنە کێشان

**نطاق**: قسەزان، وتاردەر، وتاربێژ، وتەبێژ، قسەکەر، ئەوەی وتار دەدات، ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی وتار بدات

**نگاهبان**: پاسەوان، نیگابان، نیگاوان، چاودێر، پارێزەر

**نگاهدار**: پارێزەر، چاودێر، نیگاوان، پاسەوان

**نگاهداری**: پارازتن، پاراستن، پاودێری کردن، ئاگا لێبون، پاسەوانی کردن

**نگاهداشتن**: ڕاگرتن، لەجووڵە خستن، وەستاندن، ڕاوەستاندن

**نگه**: بڕوانە نگاه

**نگژده**: گۆزە، گۆزەڵە، سواڵەت، دەفری ئاو خواردنەوەی سواڵەت یان گڵێن

**نگران**: بینەر، چاولەڕێ، ترساو، نیگەران، پەرێشان، چاوەڕوان

**نگرستن**: بڕوانە نگریستن

**نگرش**: ڕوانین، تێبینی، چاو لێ کردن، سەیر کردن

**نگریدن**: بڕوانە نگریستن

**نگریستن**: سەیر کردن، بینین، دیتن، ڕوانین، چاو تێبڕین، سەرنج دان، تەواشا کردن

**نطع**: سفرە، ڕاخەر

**نطفه**: ١ - ئاو، ئاوی ساف و پاك ٢- ئاوی ژن یان پیاو، ئەو ئاوەی لە کاتی ڕەحەت بوندا دەڕژێت

**نطق**: قسە کردن، دوان، پەیفین، ئاخاوتن، ئاخفتن، وتادران، وتارخوێندنەوە

**نگهبان**: بڕوانە نگاهبان

**نگهدار**: بڕوانە نگاهدار

**نگوسار**: بڕوانە نگونسار

**نطوق**: قسە کردن، دوان، پەیفین، ئاخاوتن، وتاردان، گوتاردان

**نگون بخت**: بەدبەخت، بەخت ڕەش، چارەڕەش، بەخت هەڵگەڕاوە

**نگون تشت**: ئاسمان، عاسمان

**نگون**: چەماوە، چەمیو، خوار، لار، سەرەوخوار، سەرەوژێر، ئاوەژۆ

**نگونسار**: هەڵگەڕاوە، سەرەوخوار، سەرەوژێر، دەمەونخوون، ژێروبان، سەرشۆڕ

**نگین دان**: کلکەوانە، ئەنگوستیلە، مستیلە، ئەنگوشتەری

**نگین**: نگین، نقیم، نقێم، مینای سەر کلکەوانە

**نظار:** زیرەکی، وشیاری، لێهاتویی، زرنگی

**نظـارت:** ١ - زیرەکـی، وشـیاری، لێهـاتویی، زرنگـی ٢- چاودێری، ئاگاداری، چاولێ بون

**نظاره:** بینەران، سەیرکەران

**نظاره:** سەیرکردن، ڕوانین، بینین، تەماشاکردن، تەواشا کردن

**نظافت:** پاك و خاوێنی، پاکی، پاقژی، خاوێنی، پاك بون لەپیسی و چڵك

**نظام:** ڕێکخستن، خەملآندن، ڕێك کردن، ڕێك و پێك کردن

**نظـر:** ١ - سـەیرکردن، ڕوانـین، تەواشـا کـردن، چـاو تێـبڕین، چـاولێکردن ٢- بیـنین، ئەندێـشە، بـیر، هـزر، نەزەر

**نظرباز:** چاوگێڕ، چاوحیز، ئـەوەی زۆر ئـارەزو مەنـدی سەیرکردنی ڕوخساری جوانە

**نظـرتـنگ:** کـورت بـین، ڕەشـبین، چاوچـنۆك، بەرچاوتەنگ

**نظره:** سەیکردن، یەکجار ڕوانین

**نظریه:** بیرۆکە، بیروڕا، بۆچون

**نظیر:** هاوشێوە، هاوتا، وێنە، وەك

**نظیره:** بڕوانە **نظیر**

**نظیف:** پاك، پاك و خاوێن، بێ گەرد

**نظیفه:** بڕوانە **نظیف**

**نعاس:** باوێشك، خەونوچکە، دەم داچەقاندن، سووکە خەوو، وەنەوز

**نعامـه:** ١ - وشـترمل، وشـترمر ٢- تـاریکی٣- سـەروەر، گەورە، سەرۆك ٤- بەخـشین، بەخـشش، دان ٥- ڕێگـەی دیـار و ئاشکرا ٦- خـەڵك، کۆمـەڵی خـەڵك، تاقمێـك لـە خـەڵك ٧- هێمـا، نیـشانە، ئـەو هێمایانـەی لەسـەر ڕێگاوبانەکان دایدەنێن

**نعت:** وەسف کردن، پیاهەڵدان، پیاهەڵگوتن

**نعجه:** قوچ، مەڕ، مێچکە مەڕ

**نعره:** قیڕاندن، نەڕە، هاوار کردن، دەنگی بەرز، نەڕەتە، گرمە، نیڕاندن، قیژە

**نعرەزدن:** نیڕانـدن، قیژانـدن، نەڕە لێدان، قیڕانـدن، قسە کردن بەدەنگی بەرز، هاوار، گرمە گرم کردن

**نعرەکشیدن:** بڕوانە نعرەزدن

**نعش:** جەنازە، تابوت، لاشە

**نعل:** ١ - سەرپێیی، نەعل، پێلاو، سەوڵ، کەوش ٢- ناڵ، ئەوەی لە پاژنەی پێلآو یان لە سمی چوارپێکانی دەدەن

**نعلبکی:** ژێرپیاڵە، ناڵبەکی

**نعلبند:** ناڵبەند، ئەوەی چوارپێکان ناڵ دەکات

**نعلك:** بڕوانە نعلبکی

**نعم:** بەڵێ، باشە، بە دڵمە، چاکە، پەسەندە

**نعم:** وشتر، مەڕ، مانگا

**نعما ء** نیعمەت، باشی، خەیر، چاکی، دیاردەی باشە

**نعمت:** نیعمەت، باشە، چاکی، خەیر، هەر کارێکی باشە، ماڵ، بەهەرە، کەل و پەل، شتومەك

**نعناع:** نەعنا، جۆرە گیایەکە

**نعـوظ:** هەسـتان، ڕەق بـون، یـەرەق، بـون، ئێـرەق، هەستانی کێری پیاو بـە هـۆی هەسـتانی شاوەت لـەودا، ڕاست بونەوە

**نعومـت:** نـەرمی، ناسـکی، لەسـەرخۆیی، هێمنی، هێـدی بون

**نعـی:** هـەواڵی مـەرگ، خەبـەری مـەرگی کەسـێك دان، هەواڵی ناخۆش

**نعیم:** ماڵ، نیعمەت، بەهرە، کەیف خۆشی، ڕابواردن

**نـغ زدن:** نـق لێـدان، وڕك گـرتن، پـەڵپ گـرتن، بیـانو هێنانەوە، بیانو گرتن، ڕك گرتن، قین گرتن

**نغز:** چاك، باشە، بەدڵ، پەسەند، سەیر، سەرنج ڕاکێش

**نغزگفتار:** قسەخۆش، زمان شیرین، وتە خۆش

**نغـــل:** ١ -لەناوچـون، بەفیڕۆچـون، ڕزان، ڕزیـن ٢- ئاژاوەنانـەوە، فیتنـەگێڕی، ئاژاوەچیـەتی ٣- ڕەشـبینی، مەبەستی خراپ، خراپەخوازی

